Amyuni PDF Creator 5.5.1.8 rev 5815M ActiveX - Copyright (c) 2001-2017, AMYUNI Technol
http://www.amyuni.com

پوختە
ی
صە حیحی موسلیم

PDF4Kurd

بە رگی یە کە م

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

پوختەی

صەحیحی موسلیم

نووسینی

پێشەوا زكي الدين عبدالعظيم بن عبد القوي المنذري

وەرگێڕانی

لیژنەیەك

بەرگی یەكەم

چاپی دووەم

١٤٢٨كۆچی ٢٧٠٦ كوردی ٢٠٠٧ زاینی

کتێب: پوختەی صەحیحی موسلیم
نووسینی: پێشەوا زكي الدين عبدالعظيم بن عبد القوي المنذري
ساڵی چاپ: ١٤٢٨کۆچی ٢٧٠٦ کوردی ـ ٢٠٠٧زاینی
ژمارەی سپاردن: (٥٠٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.
تیراژ: (٣٠٠٠) هەزار.
مافی چاپ پارێزراوە بۆ کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامیی کوردستان
لیژنەی وەرگێڕ:
١ ــ حەمە کەریم عبدالله
٢ ــ محمد محمد حمه میرزا
٣ ــ برهان محمد أمين
٤ ــ عمر أحمد نظامی
٥ ــ برهان رۆوف شیخ سمیع

چاپی دووەم

دیاری بێ بە

باوكو دایكمو منداڵەكانم (سارەو مەروەو عومەرو ئەحمەد)و هاوسەرم (ئومە یمە)و براكانم (عبدالقادرو سەرهەنگو سەرتیپو سرودو محمدو سوارە)و تارای خوشكمو خێزانەكانیانو، هەموو ئەوانەی لەرا پەڕاندنی ئەم پرۆژەیەدا بەشداربوون.

سەرنج محمد قادر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ
وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا﴾

(الحشر: من الآية٧) ١،ها

((ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆی هێنان وەرییگرن و جێبەجێی بکەن و ، ئەوەیش کەرێگریی لێکردوون مەیکەن))

پێشەکی لیژنەی وەرگێڕ

تەواوی سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان. درودو سڵاو لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەر و یارانی و شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.

جێیگومان نییە کە سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی شەریعەتی ئیسلام قورئانی پیرۆزە. دووەم سەرچاوەش سوننەتی پێغەمبەرە (ﷺ) بە گوفتار و ڕەفتاریەوە. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أطيعوا الله وأطيعوا الرسول و أولى الأمر منكم﴾ [النساء: ٥٩]. واتە ﴿گوێڕایەڵی خوا بکەن و، گوێڕایەڵی پێغەمبەر و خاوەن فرمانەکانیشتان بکەن﴾. هەروەها دەفەرمووێ: ﴿وما آتاكم الرسول فخذوه وما نهاكم عنه فانتهوا﴾ [الحشر]. واتە: ﴿ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆی هێناون و فەرمانی پێکردوون وەری گرن و بیکەن، ئەوەش لێتانی قەدەغە کردووە، مەیکەن و دەستی لێبکێشنەوە﴾.

کەواتە گوێڕایەڵی و پەیڕەوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەواوکاریی گوێڕایەڵی خوایە، چونکە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) ڕوونکەرەوەو ڕاڤە و بەرجەستەکردنی قورئانی پیرۆزە. هەر بۆیە عائشەی دایکی بڕواداران کاتێ لەبارەی ڕەوشتی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پرسیاریان لێکرد، وتی: (كان خلقه القرآن) واتە: ڕەوشت و ڕەفتارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) قورئان بوو. کەواتە ئێمەی بڕوادار چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵگە، چ وەك دەسەڵات و ئیدارە، چ وەك ژیار و شارستانێتی، پێویستمان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر و ژیاننامەکەی هەیە، تا لەهەموو ڕەهەندە کردارییەکانی ئیسلام باشتر تێبگەین.

لەو ڕوانگەیەوە و وەك بەشێك لە خزمەت بە ژیاننامە و، سوننەتە بەرزەکانی پێغەمبەری ئیسلام بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کەڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەیە تا ئێستا گرنگی و بایەخێکی تایبەت بە سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەو ڕادە پێویستە نەدراوە. هەر بۆیە ئەم پرۆژەی وەرگێڕانەی (صحيح مسلم) هاتە ئاراوە.

بۆچی (صحیح مسلم)مان هەڵبژارد؟

پاش ئەوەی بۆمان دەركەوت كە چەند مامۆستایەكی بەڕێز، پرۆژەی وەرگێڕانی (صحیح البخاری)یان بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەی تواناكان لەیەك بواردا دووبارە نەكرێنەوە، بڕیارمان دا كە (صحیح مسلم) لەڕێی كورتكراوەكەی پێشەوا (منذری)یەوە وەرگێڕین بۆ سەر زمانی شیرینی كوردی. دیارە – ئەوەندەی ئێمە ئاگادارببین– تا ئێستە كاری لەم جۆرە نەكراوە" واتە ڕاڤەكردنێكی كورت وپوختی فەرموودەكانی (صحیح مسلم). ئامانج لەم پرۆژەیە ئەوەیە كە خوێنەر كورتە و پوختەیەك لەواتاكانی فەرموودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بزانێ، چونكە گەڕان بەدوای واتاكاندا لە كتێب و، سەرچاوە گەورەكانی شەرحی (صحاح)دا، هەم لە ڕووی زمانی و هەم لەڕووی عەمەلی یەوە، بۆ ئەم سەردەمە و بۆ خوێنەرانی غەیری توێژەر، بۆتە كارێكی نیمچە ئەستەم، بەڵام بەم كارە دەتوانرێ –بەلای كەمەوە– زۆرترینی خوێنەرانی شەیدای فەرمودەكانی پێغەمبەر (ﷺ) كار ئاسانی بۆ بكرێ، ئەم كتێبە كورت كراوەیە لە بەردەستیاندا بێت و، ڕۆژانە سوودی لێببینن، بە تایبەتی كە تا ئێستا سەرچاوەیەكی كورتی كوردیی لەم بوارەدا لەبەردەستی خوێنەراندا نییە.

لیژنەی وەرگێڕان و پێداچوونەوە:

كاتێ بیرۆكەی وەرگێڕانی فەرموودەكان باس كراو، چەند موسڵمانێكی كوردی دڵسۆز و بەئەمەك بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كە نیشتەجێی بەریتانیان، بڕیاری لە ئەستۆ گرتنی چاپیان دا، لە لقی سلێمانی (كۆمەڵەی نوسەرانی ئیسلامی كوردستان) باسكراو، بڕیاری بەدەمەوە چوونی داخوازییەكە درا.. پاشان لیژنەیەك لە مامۆستایانی شارەزا لە بواری نووسین و وەرگێڕاندا دیاری كران، بۆ جێبەجێكردنی كاری وەرگێڕانەكە. لیژنەكە بریتی بوو لە بەڕێزان:

١-حمەکریم عبداللە: بەرپرسی لقی سلێمانی کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان (سەرپەرشتیاری لیژنە).

٢-محمد محمد حمە میرزا.

٣-برهان محمد أمین.

٤. عمر أحمد نظامی.

٥-برهان رؤوف شیخ سمیع.

لیژنەی ناوبراو کتێبەکەی (مختصر المنذري لصحیح مسلم) یان دابەش کرد بە پێنج بەشەوە و، هەرکامیان بەشێکی وەرگێڕایە سەر کوردی. پاش تەواو بوونی پرۆسەی سەرەتایی وەرگێڕانەکە، هەر پێنج ئەندامی لیژنە، پێکەوە هەستان بە پیاچوونەوەی فەرمووده وەرگێڕاوەکان، پاش ئەوە بۆ پیاچونەوەی کۆتایی، تێکڕای کتێبە وەرگێڕاوەکە، خرایە بەدەستی مامۆستایان: (حەسەن شەمێرانی و عمر عبدالعزین)، ئەوانیش سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر نووسی و، سەرەنجام بە پشتیوانی خوا پرۆژەکە کۆتایی هات.

ئەو کارانەی لەم پرۆژەی وەرگێڕانەدا کراون:

١-فەرموودەکان دەقاودەق وەرگێڕراون و هیچ ڕستەو وشەیەك پشتگوێ نەخراوە. لەهەر جێیەك ئاڵۆزییەك بووبێ، ڕوونکردنەوەیەکی کورت لە دووکەوانەی [ ] دا دراوە.

٢-هەندێ فەرموودە دوو تا سێ‌جار بەڕیوایەتی جیا جیا هاتووە، دووبارەکانمان بە پێویست نەزانیووە و لامان بردوون.

٣-لەهەندێ شوێندا، هەندێ فەرموودە -کەپێویستیان بە ڕاڤەکردنی زۆرە و، قسە و ئەحکامی فیقهی زۆر هەڵدەگرێ- لامان بردوون، تا خوێنەران توشی ئاڵۆزی فکری و گرفتی تێنەگەیشتن لە فەرموودەکان نەبن.

٤-لەپاش دەقە عەرەبی‌یەکەوە ئەگەر فەرمودەکە لە (صحیحی بخاری)یشدا هاتبێ، لە کۆتایی دەقە عەرەبیەکەدا ئاماژەمان بۆ کردووە کەلە کوێی بوخاریدا هاتووە" تا خوێنەر بتوانێ فەرمودە (متفق علیە) کان جیا بکاتەوە.

٥-هەندێ لە ناونیشانەكانمان لە بەرپێویستیی دەسكاری كردووە، یا كورتمان كردونەتەوە.

٦-وشەی (فەرموو)مان تەنها بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بەكارهێناوە.

٧-ناوی باوباپیری هەندێ لە ڕاوییەكانمان لە كوردی یەكەدا لابردووە، لەبەر ئەوەی كە لە عەرەبییەكەدا هەیە و لەبەرچاودایە.

باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە فەرمودەی پێغەمبەر (ﷺ):

لەكۆتایی ئەم پێشەكییەدا، داواكارین لە خوێنەری بەڕێز، بە بایەخەوە سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدەن، كە ئەو ڕێگایانە دەخاتە پێش چاوی خوێنەران، كەبەئاسانی لە فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) بگەن و، توشی هەڵە و پێ ترازان نەبن:

١-تێگەیشتن لە فەرموودە لە ڕوانگەی قورئانی پیرۆزەوە:

لەبەر ئەوەی سوننەت ڕاڤە و ڕوونكەرەوەی قورئانی پیرۆزە، نابێ بە هیچ جۆرێ پێچەوانەی قورئان بێت یا نەگونجێت لە گەڵیدا.

٢-كۆكردنەوەی هەموو ئەو فەرموودانەی كەلەسەر یەك بابەت هاتوون و، یەكخستنیان واتە: نابێ تاك تاك فەرموودە وەربگرین و فەتوای پێبدەین، بەڵكو دەبێ چەند فەرموودە لەسەر ئەو بابەتە هاتووە كۆیان بكەینەوە و پێكەوە لێیان تێبگەین و ماناو مەبەستەكەیان بزانین.

٣-یەكخستن یا (تەرجیح) دان لە نێوان فەرموودە جیاوازەكاندا:

ئەگەر لە نێوان دوو فەرموودەدا لە ڕواڵەتدا جاوازی و پێكەوە نەگونجان هەبوو، سەرەتا دەبێ هەوڵ بدرێت یەكبخرێن، چونكە هەرگیز ڕاستیی دژی ڕاستی نابێت. بەڵام ئەگەر چارەنەما و ڕێكنەخران ئەو كاتە هەوڵ دەدەین یەكێكیان تەرجیح بدەن بەسەر ئەوی تریاندا.

٤-تێگەیشتن لە فەرموودە لە ڕوانگەی ئامانجەكانی و هەلومەرجەكانیەوە:

واتە: پێویستە بزانین بۆچ ڕووداو هەڵوێستێك هاتووە؟ گشتییە یا تایبەتە؟ هەمیشەییە یان كاتییە و بۆ كاتێكی دیاریكراو وتراوە؟ ئایا گشتگیرە یا جوزئیە؟ [ئایا پێغەمبەر (ﷺ) وەكو پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی، یاوەكو فەرمانڕوا بۆ چارەسەری كێشەیەكی ئەو سەردەمە؟].

٥-جیاكردنەوەی وەسیلەی گۆڕاو لە ئامانجی نەگۆڕ.

هەندێك ئامانجە نەگۆڕەكانی سوننە تێكەڵ دەكەن لەگەڵ وەسیلەكان كە كاتیە و تایبەتە بەسەردەمێك و ژینگەیەكی دیارییەوە، وا دەزانن ئەو وەسیلانەش خۆیان مەبەستن، بەڵام ئەوەی قوڵ ببێتەوە لەسوننە و نهێنیەكانی و [سیاسەتی گشتی ئیسلام]" بۆی دەردەكەوێت كە ئامانجەكان مەبەستن نەك وەسیلەكان، چونكە وەسیلە بەپێی كات و شوێن دەگۆڕێن.

٦-جیاكردنەوەی مانای ڕاستەقینە لەمانای (مەجاز)ی ئەو فەرموودەیە:

لەزمانی عەرەبیدا ئەوەندەی وشەو زاراوەكان لەمانای (مەجاز)یدا بەكاردەهێنرێن، لەمانا ڕاستەقینەكاندا بەكارنایەن، لەبەر ئەوە زۆر پێویستە خوێنەر دەركی ئەوە بكات كە ئایا ئەو فەرموودەیە لەكام مانایاندا بەكارهاتووە.

٧-جیاكردنەوەی شتی نادیار (غەیب) لەشتی دیار و بەرچاو:

واتە: نابێ وەكو شتە بەرچاوەكانی دنیا بڕوانیە شتە غەیبیەكانی قیامەت، وەكو فریشتە و جنۆكە و پردی سیرات و ئەو شتانەی كە پەیوەندییان بە ژیانی بەهەشت و دۆزەخەوە هەیە، هەروەكو (ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: (لیس في الجنة من الدنیا الا الاسماء) واتە: ئەوەی لە بەهەشتا هەیە، تەنها ناوەكانیان لە دنیادا هەیە، ئەگینا لە شتەكانی دنیا ناچن.

٨-دڵنیابووە لەئاماژەی وشەكانی فەرموودەكان، چونكە دەستەواژەكان بەگوێرەی سەردەم واتاكانیان دەگۆڕێت، ئەمەش لەلای توێژەرانی زمان بەگەشەكردنی زمان ناودەبرێت. بۆ نمونە: وشەی (تصویر) بۆ شتێك بەكارهاتووە كە سێبەری هەبێت، بەڵام ئەمڕۆ بۆ وێنەی فۆتۆگراف بەكاردێت، كە (عەكس) كردنەوەی وێنەیە وەكو لە وێنەدا (عەكس) دەبێتەوە، هەتا لە زۆر وڵاتی عەرەبیدا [لە ئێرانیش] بە (تصویر)ی [لای ئێمە] دەڵێن (عكس) نەك (تصویر)[١]

[١] سەیری كتێبی (چۆن مامەڵە لەگەڵ سوننەدا دەكەین؟) لە نووسینی دكتۆر یوسف قەرزاوی، وەرگێڕانی حمە كریم عبدالله، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیر لە سلێمانی.

هیوادارین خوای گەورە ئەم کارە لەهەموو لایەك وەرگرێ و، هەموو بەشدارانی ئەم پرۆژەیە لە پاداشتی نەبڕاوەی خۆی بەشدار بکات. خوای گەورە پاداشتی برای بەرێز حاجی سەرنج لەبەریتانیا بداتەوە کە ئەرکی لەچاپدانی ئەم پرۆژەی گرتە ئەستۆو بیکاتە توێشوی قیامەتی، هەروەها زۆر سوپاسی بەرێز (محمد حسن محمود) دەکین کە کۆمپیوتەری بابەتەکەی گرتە ئەستۆ، هەستا بە گواستنەوەی دەقە عەرەبیەکە لە (CD)یەوە کە کارێکی زۆر گران و درێژ خایەن بوو، هەروەها سوپاسی مامۆستا رزگار دەکەین کە (تصمیمی) کتێبەکەی گرتە ئەستۆو بەجوانی بۆی ئەنجامداین ، خوا پاداشتیان بداتەوە..

لەخوێنەرانیش داوای دۆعای وەرگێران بۆ هەموولا دەکەین.

<u>لیژنەی وەرگێران</u>

ڕەمەزانی موبارەکی ١٤٢٤ك

تشرینی دووەمی ٢٠٠٣ز

پێشەکی ئامادەکار

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان" درودو سەلام لەسەر گەورەمان محەمەد، لەسەر خزمانی و هاوەڵانیو شوێنکەوتووانی بەچاکە هەتا ڕۆژی قیامەت.

پاش ئەوە: من سوپاسی خوای باڵادەست دەکەم کە ڕێزی لێنام بەوەی کردمی بە خزمەتکاری سوننەتی پێغەمبەری هەڵبژاردە (ﷺ) و، کتێبی (صحیح البخاری)م بەپشتیوانی خوا بەچاپ گەیاند، خوازیارم خوای گەورە لێی وەرگرتبم، هەروەها پوختەی (صحیح البخاری)م ئامادە کرد کە پێی دەڵێن (التجرید الصریح للزبیدی) بەشێوەیەك کە خوێنەران و توێژەران دڵخۆش بن پێی. کاتێ چاپکراوەکە کەوتە بازاڕ، زانستخوازان زۆریان پێ‌خۆش بوو، هەروەها ئەوانەی کە حەزیان دەکرد لەشارەزابوون لەسوننەتەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، زۆر هانیان دام بۆ ئامادەکردنی پوختەی (صحیح مسلم) لەسەر هەمان شێوەی ئەوانی پێشو منیش دەستم دایە بەپشتیوانی خوای گەورە و، خوای بەخشندەیش سەرکەوتووی کردم لەم کارەدا، کە لە چاپێکی جواندایە و لێکۆڵینەوەشی لەسەر کراوە هاوڕێ لەگەڵ ڕاڤەی پێویست لەو جێگایانەدا کە پێویستی پێیەتی لەرستە و دەستەواژەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێ (حوکمی) پێویست لە جێگای پێویستدا..

بۆ سوودی زیاتریش: ئەو فەرموودانەی کە لێرەدا هاتوون و لە بوخاریشدا هاتوون ئاماژەمان بۆ کردوون، لەپاڵ ئەو زنجیرەی کە بۆ فەرموودەکان دانراوە لەم پوختەیەدا ناوی بەش و زنجیرەکەی لە بوخاریدا دیاریکراوە، بەپێی زنجیرەی ئەو چاپەی خۆم کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردووە، کەلە پەراوێزدا لە پێشا ئاماژەم بەوە کردووە پێش ڕاڤەکردنی ڕستە و زاراوەکان.. بۆ نموونە:

- العلم/ تحریض النبي وفد عبدالقیس علی ان یحفظوا الایمان والعلم/٨٧.

پلانەکەم لەم کارەدا بەم شێوەیە :

لەم کتێبەدا پشتم بەستووە بە دوو کتێب:

یەکەم: دەسنووسێکە وێنەیەکیم لە کتێبخانەی فاتیکان دەست کەوتووە، وێنەیەکی جوان و ڕوونە و بەدەستخەتێکی جوان نوسراوەتەوە، لە کۆتایشدا نووسراوە.. بە حوکمێکی شەرعی گواسترایەوە بۆ موڵکی شێخ محەمەد کوڕی پێشەوای حەرەمین خوا لە خۆی و باوکی و هەموو موسڵمانانا خۆش بێت، پاشان نووسراوە: بە حوکمێکی شەرعی گواسترایەوە بۆ موڵکی مەحمودی کوڕی حسین کوڕی محەمەد خوا لە خۆی و باوکی و موسڵمانان خۆش بێت، لە بەرواری مانگی شەعبان ساڵی حەوت سەدو نەوەد و نۆ لە دیمەشق، ئیتر نەمزانی چۆن گەیشتۆتە کتێبخانەی فاتیکان.

ئەم کتێبە لە ڕەمەزانی ساڵی شەش سەد و چل ونۆدا نووسراوە، واتە لە ژیانی مونذری نووسەردا، وتراویشە کە بەدەستخەتی مونذری خۆی نوسراوەتەوە خوا ڕەحمی پێ بکات، ئەوەی بۆ منیش دەرکەوتووە، بە دەسخەتی خۆی نییە، وەکو لە بەراوردی خەتەکەو ئەو دەستخەتەی مونذری کە لە دوای کتێبەکەدا نووسیویەتی دەردەکەوێت، کە ڕاستکردنەوەی تێدایە لە کاتێکا گوێی گرتووە بۆ ئەو کەسەی بۆی خوێندۆتەوە و مۆڵەتی داوە بەگێڕانەوە بە مەرجەکانی ئەو، بەڵام ئەوەی کە دیارە لە ژێر چاودێری خۆیدا نووسراوەتەوە، بەپێی وێنەکەی ئەویش ڕێکخراوە...

لەلایەنەچاکەکانی ئەم کتێبە، بەراوردکراوە لەگەڵ چەند کتێبێکی ڕەسەندا. لەلایەن چەندین پیاوەوە، وەکو لە پیاچوونەوە و ئاماژەکردن بۆ کتێبی تریش دەردەکەوێت لە پەراوێزەکانیدا. لەبەر ئەوە زۆریان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئەم کتێبە دادەنرێت بە کتێبێکی ڕەسەن و بناغەیی.

دووەم: ئەو کتێبەی کە شێخ محەمەد ناسرەدین ئەلبانی لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە، کتێبخانەی ئیسلامی بڵاوی کردۆتەوە.

ئەو کتێبەش وەرگیراوە لە کتێبی [السراج الوهاج من كشف مطالب صحيح مسلم بن الحجاج] کەلەهیندستان لەساڵی ١٣٠٢ ك چاپکراوە لەلایەن زانای توێژەر (ابوالطيب صديق حسن خان القنوجي رحمه الله) ئەویش ڕاڤەی پوختەی (صحيح مسلم للحافظ المنذري)یە، هەروەها بەراوردیش کراوە لەگەڵ

کتێبێکی پارێزراودا لە (دار الکتب المصریە) لەژێر زنجیرەی (٥٢٣- حدیث) لە کتێبخانەی تەیموریە، ئەویش لەوێنەیەك وەرگیراوە کەلە (رباط)ی مەغریبە، لە ساڵی (٩١٨) نوسراوە.

هەروەها پشتمان بەستووە بە -بێجگە لە پوختەکان هەردوکیان- بە ئەسڵەکەش کە (صحیح مسلم)ە، لەوەشدا پشتمان بەستووە بە:

١-وێنەی چاپکراو لە (دار الطباعة العامرة بالاستانة عام ١٣٢٩هـ) کەوێنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بەراوردیش لەگەڵ زۆر وێنەی تردا کراوەو ساغیش کراوەتەوە

٢-وێنەیەکی چاپکراو لە (دار الاحیاء الکتب العربیة في القاهرة) کە خاوەنەکەی عیسا بابی حەڵەبی و هاوبەشەکانیەتی، لەساڵی ١٣٧٤کۆچی چاپکراوە.. بە لێکۆڵینەوەی شێخ محەمەد فوئاد عەبدول باقی رحمەتی خوای لێبێت.

٣-وێنەیەك کە ڕاڤەی پێشەوا نەوەوی لەسەرە، کە لەچاپخانەی میسری ئەزهەر لەساڵی ١٣٤٧ك چاپکراوە.

لەکۆتاییدا لەخوای گەورە خوازیارم ئەم کارەمان لێوەربگرێت و لەنامەی کارەکانماندا تۆماری بکات، بیکات بە پاداشتیش بۆ دایك و باوکم و هەرکەسیش هەقی لەلامە، هەر ئەو توانایە بەسەر هەموو شتێکدا و شایانی بەدەمەوهاتنیشمانە، سوپاس و ستایشیش تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانە.

ابو الحسن

مصطفی دیب البغا

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان
پەروەردگارم ئاسانکاریم بۆ بکەیت

مامۆستای فەقیە و پێشەوا شێخ (زکی الدین ابو محمد عبدالعظیم بن عبدالقوي بن عبدالله المنذري)خوا پاداشتی بە بەهەشت بداتەوە. دەڵێ:

سوپاس بۆ خوای میهرەبان و لێبوردە، بەخشندەی بەدەسەلات، ئەی ئەوەی دڵان و بینایییەکان دەگۆڕێت، زانای ئاشکراو نهێنییەکان، سوپاسی دەکەم سوپاسی هەمیشەیی لە ئێوارە و بەیانیدا، شایەتیش دەدەم کە تەنها یەك خوا هەیە و هاوبەشی نییە، شایەتیەك بێژەرەکەی لە سزای ئاگر ڕزگار دەکات. شایەتیش دەدەم کە موحەمەد(ﷺ) پێغەمبەری هەڵبژاردەیەتی، درودوسلاو لەسەر خۆیی و خزمانی و هاوسەرەکانی و هاوەڵەکانی کە شیاوی ڕێز و گەورەیین، سلاواتی هەمیشەیی کە تا شەو و ڕۆژ مابێ ئەویش بمێنێ.

ئەم کتێبە کورتکراوەی [صحیح الامام ابي الحسين مسلم بن الحجاج القشيري النيسابوري] ڕەزای خوای لێبێت، کورتکردنەوەیەك ئاسان بێت بۆ ئەوانەی لەبەری دەکەن، کورتی بکاتەوە بۆ خوێنەرانی، بە شێوەیەکیش ڕێکم خستووە، کە بە خێرایی ئەوەی دەیەوێت بگات بەوەی بۆی دەگەڕێت، لەگەڵ کورتیدا تەواوی مەبەستەکانی تێدایە بۆیە داواکارم خوای گەورە بەم کتێبە سوود بگەیەنێ بە من و خوێنەرانی و نووسەرەکەیی، هەر ئەویش نزیکە و وەلاممان دەداتەوە.

بەشی ئیمانو باوەڕ [(١)]

(١) سەرەتای ئیمان ـ باوەڕ ـ وتنی: (لا اله الا الله)یە.

١ـ عَنْ أَبِي جَمْرَةَ قَالَ: كُنْتُ أُتَرْجِمُ بَيْنَ يَدَيِ ابْنِ عَبَّاسٍ وَبَيْنَ النَّاسِ، فَأَتَتْهُ امْرَأَةٌ تَسْأَلُهُ عَنْ نَبِيذِ الْجَرِّ، فَقَالَ: إِنَّ وَفْدَ عَبْدِ الْقَيْسِ أَتَوْا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنِ الْوَفْدُ؟ أَوْ مَنِ الْقَوْمُ)). قَالُوا: رَبِيعَةُ. قَالَ: ((مَرْحَبًا بِالْقَوْمِ– أَوْ: بِالْوَفْدِ– غَيْرَ خَزَايَا وَلَا النَّدَامَى)). قَالَ: فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا نَأْتِيكَ مِنْ شُقَّةٍ بَعِيدَةٍ، وَإِنَّ بَيْنَنَا وَبَيْنَكَ هَذَا الْحَيَّ مِنْ كُفَّارِ مُضَرَ، وَإِنَّا لَا نَسْتَطِيعُ أَنْ نَأْتِيَكَ إِلَّا فِي شَهْرِ الْحَرَامِ، فَمُرْنَا بِأَمْرٍ فَصْلٍ نُخْبِرْ بِهِ مَنْ وَرَاءَنَا، نَدْخُلُ بِهِ الْجَنَّةَ. قَالَ: فَأَمَرَهُمْ بِأَرْبَعٍ، وَنَهَاهُمْ عَنْ أَرْبَعٍ، قَالَ: أَمَرَهُمْ بِالْإِيمَانِ بِاللَّهِ وَحْدَهُ، وَقَالَ: ((هَلْ تَدْرُونَ مَا الْإِيمَانُ بِاللَّهِ وحده، وقال: ((هل تدرون ما الايمانُ بالله وحدَه)). قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامُ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءُ الزَّكَاةِ، وَصَوْمُ رَمَضَانَ، وَأَنْ تُؤَدُّوا خُمُسًا مِنَ الْمَغْنَمِ)). وَنَهَاهُمْ عَنِ الدُّبَّاءِ وَالْحَنْتَمِ وَالْمُزَفَّتِ. –قَالَ شُعْبَةُ: وَرُبَّمَا قَالَ: النَّقِيرِ قَالَ: وَرُبَّمَا قَالَ الْمُقَيَّرِ– وَقَالَ: ((احْفَظُوهُ وَأَخْبِرُوا بِهِ مَنْ وَرَائَكُمْ. و قَالَ أَبُو بَكْرٍ فِي رِوَايَتِهِ: مَنْ وَرَاءَكُمْ)). وَزَادَ ابْنُ مُعَاذٍ فِي حَدِيثِهِ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِلْأَشَجِّ –أَشَجِّ عَبْدِ الْقَيْسِ–: ((إِنَّ فِيكَ خَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ: الْحِلْمُ وَالْأَنَاةُ)).

(ابوجمرة) دەڵێ: لەبەردەستی(عبدالله) کوڕی(عباس)دا بووم، قسەکانیم دەگەیاند بەخەڵکەکە، ئافرەتێك هات بۆ لای لەبارەی سرکەی گۆزەوە پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی: نوێنەرانی هۆزی عبد القیس هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەو نوێنەرانە کێن؟ یا ئەو کۆمەڵە کێن؟ وتیان لەهۆزی رەبیعەن . فەرمووی:((خزمان بەخێربێن لەهاتنتان شەرمەزارو پەشیمان نەبن)). دەڵێ: وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە لەڕێگایەکی دوورەوە هاتووین، لەنێوان ئێمەو بەڕێزتانا ئاواییەك لە کافرانی(مُضَرْ)هەن، ئێمە ناتوانین سەردانت بکەین مەگەر لەمانگی حەرامدا،

[(١)] حەرامکردنی سرکە لەوکاسانەدا لەسەرەتای ئیسلامدا وابووە، دوایی بەروونکردنەوەی(کل مسکر حرام) نەسخ کراوەتەوە.

لەبەرئەوە فەرمانێکی روون و ئاشکرامان پێ‌رابگەیەنە، کەئێمەش بیگەیەنین بەخەڵکی لای خۆمان و پێیشی بچینە بەهەشتەوە. دەڵێ: فەرمانی پێکردن بەچوار شت و، قەدەغەشی کردن لەچوار. فەرمانی پێکردن بە باوەڕهێنان بەخوای تاک و تەنهاو ، فەرمووی: ((ئایا دەزانن باوەڕ بەخوای تاک و تەنها چیە)) وتیان: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن، فەرمووی:((شایەتیی بدەن کەهیچ خوایەك نییە جگە لە(الله)، موحەمەدیش رەوانەکراوی خوایە، نوێژبکەن، زەکات بدەن، رۆژووی رەمەزان بگرن، پێنج یەکی دەستکەوتی جەنگ بدەن)) هەروەها قەدەغەشی کردن لەچوارشت: سرکە کردن لەناو کولەکەدا، لەناو گۆزەی سەوزدا(ئەوەی ئارەقیان تێدا هەڵگرتووە)، لەناو(المزفت)دا ﴿کاسەیەکە ناوەکەی قیردراوە﴾، لەناو(نقیر)دا ﴿کاسەیەکە لەقەدی درەختەو ناوەکەی هەڵکۆڵراوە﴾.

ئنجا فەرمووی:((ئەم فەرمانە بپارێزن و کاری پێ بکەن و بیگەیێنن بەخەڵکی لای خۆتان، ئەبوبەکر ﴿مامۆستایەکی موسلیمە﴾ لە ریوایەتەکەیدا دەڵێ:((بەو خەڵکەی لەدواتانەوەن)) (ابن‌معاذ) لەفەرموودەکەیدا لەباوکیەوە بۆی زیاد کردووە دەڵێ: (پێغەمبەر(ﷺ) بە(اشج عبدالقیس)شی فەرموو:((لەراستیدا تۆ دوو سیفەتت تێدایە خوا خۆشی دەوێن: ژیریی‌و پەلەنەکردن و لەسەرخۆیی لەکاروباردا).

٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) يَوْمًا بَارِزًا لِلنَّاسِ، فَأَتَاهُ رَجُلٌ فَقَالَ، يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْإِيمَانُ؟ قَالَ: ((أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكِتَابِهِ، وَلِقَائِهِ، وَرُسُلِهِ، وَتُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ الْآخِرِ)) قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْإِسْلَامُ؟ قَالَ: ((الْإِسْلَامُ أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ وَلَا تُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا، وَتُقِيمَ الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ، وَتُؤَدِّيَ الزَّكَاةَ الْمَفْرُوضَةَ، وَتَصُومَ رَمَضَانَ)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْإِحْسَانُ؟ قَالَ: ((أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنَّكَ إِنْ لَا تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَتَى السَّاعَةُ؟ قَالَ: ((مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ، وَلَكِنْ سَأُحَدِّثُكَ عَنْ أَشْرَاطِهَا: إِذَا وَلَدَتِ الْأَمَةُ رَبَّهَا فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، وَإِذَا كَانَتِ الْعُرَاةُ الْحُفَاةُ رُءُوسَ النَّاسِ فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، وَإِذَا تَطَاوَلَ رِعَاءُ الْبَهْمِ فِي الْبُنْيَانِ فَذَاكَ مِنْ أَشْرَاطِهَا، فِي خَمْسٍ لَا يَعْلَمُهُنَّ إِلَّا اللَّهُ)). ثُمَّ تَلَا (ﷺ): ﴿إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ

بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ }لقمان: ٣٤{قَالَ ثُمَّ أَدْبَرَ الرَّجُلُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((رُدُّوا عَلَيَّ الرَّجُلَ، فَأَخَذُوا لِيَرُدُّوهُ فَلَمْ يَرَوْا شَيْئًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَذَا جِبْرِيلُ جَاءَ لِيُعَلِّمَ النَّاسَ دِينَهُمْ)) [(٢) بخاري/ الايمان (سؤال جبريل النبي عن الايمان والاسلام وعلم الساعة ٥٧]

(ابوهريرة) (ﷺ) دەڵێ: رۆژێك پێغەمبەر(ﷺ) لەناو خەڵكیدا دەركەوت، پیاوێك هاتە خزمەتی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا باوەڕ چیە؟ فەرمووی: ((باوەڕت هەبێت بەخوا، بەفریشتەكانی، بەكتێبەكانی، بەدیدارو بەخزمەت گەیشتنی، بەپێغەمبەرانیی. هەروەها باوەڕت هەبێت بەزیندووبوونەوەی رۆژی قیامەت)). ئینجا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئیسلام چیە؟ فەرمووی: ((ئیسلام ئەوەیەكە: خوابپەرستیو هیچ شتێك نەكەیت بەهاوبەشی، نوێژە فەرزەكانت بكەیت، زەكاتی دیاریكراو بدەیت، رۆژووی رەمەزان بگریت)). وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئیحسان چیە؟ فەرمووی: ((وا خوا بپەرستیت وەكو چاوت لێی بێت، چونكە ئەگەر تۆ چاوت لەو نەبێت ئەو چاوی لە تۆیە) ئینجا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، كەی رۆژی قیامەتە؟ فەرمووی:((پرسیار لێكراو لەوبارەیەوە ﴿كەهاتنی قیامەتە ﴾زاناتر نییە لەپرسیاركار، بەڵام باسی نیشانەكانیت بۆ دەكەم: هەركاتێ كەنیزەك گەورەكەی خۆی بوو(١) ئەوە لەنیشانەكانیەتی. هەروەها ئەگەر رووتو پێخاوسەكان ببنە كاربەدەستانی خەڵك، ئەوەش لەنیشانەكانیەتی. هەروەها هەركاتێ شوانەكانی مەڕوماڵات شانازییان كرد بەبەرزیی كۆشكەكانیانەوە﴿دوای ئەوەی دەست دەگرن بەسەر كاروبارییاندا﴾ئەوەش لەنیشانەكانیەتی.

پێنج شتیش هەن كەس نایانزانێت جگە لەخوا، ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە﴿ان الله عنده علم الساعة وینزل الغیث ویعلم ما في الارحام وما تدري نفس ماذا تكسب غداً وما تدري نفس بأي ارض تموت ان الله علیم خبیر﴾ لقمان:٣٤.واتە: لەراستیدا هەر خوا كاتی هاتنی رۆژی قیامەت دەزانێت، هەرئەویش باران دەبارێنێت، هەرئەویش دەزانێت چی لەمنداڵداندا هەیە، هیچ

(١) مەبەست لەمەش ئەوەیە: رۆژێك دێت منداڵ رێز لەباوكو دایكی ناگرێت، وەكو كۆیلە سەیریان دەكات

کەس نازانێت سبەینێ چی دەکات، هیچ کەسێك نازانێت لەچ خاکێکدا دەمرێت، لەراستیدا خوا زاناو شارەزایە. ئینجا پیاوەکە پشتی هەڵکردوو رۆیشت، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی:((ئەو پیاوەم بۆ بگێڕنەوە، کاتێ ویستیان بیگێڕنەوە، کەسیان نەبینی. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:((ئەوە جوبرەئیل بوو هات بۆ ئەوەی خەڵك فێری ئایینەکەیان بکات)) ﴿بخاري/ الايمان (سؤال جبريل النبي عن الايمان والاسلام وعلم الساعة﴾..

٣ ـ عن سَعيدُ بْنُ الْمُسَيَّبِ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا حَضَرَتْ أَبَا طَالِبٍ الْوَفَاةُ، جَاءَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَوَجَدَ عِنْدَهُ أَبَا جَهْلٍ وَعَبْدَ اللَّهِ بْنَ أَبِي أُمَيَّةَ بْنِ الْمُغِيرَةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): يَا عَمِّ، قُلْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، كَلِمَةً أَشْهَدُ لَكَ بِهَا عِنْدَ اللَّهِ)). فَقَالَ أَبُو جَهْلٍ وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي أُمَيَّةَ: يَا أَبَا طَالِبٍ أَتَرْغَبُ عَنْ مِلَّةِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ؟ فَلَمْ يَزَلْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَعْرِضُهَا عَلَيْهِ وَيُعِيدُ لَهُ تِلْكَ الْمَقَالَةَ، حَتَّى قَالَ أَبُو طَالِبٍ آخِرَ مَا كَلَّمَهُمْ، هُوَ عَلَى مِلَّةِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، وَأَبَى أَنْ يَقُولَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَمَا وَاللَّهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ مَا لَمْ أُنْهَ عَنْكَ)). فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ ﴿التوبة:١١٣﴾ وَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى فِي أَبِي طَالِبٍ فَقَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ ﴿القصص: ٥٦﴾.

(سعید) کوڕی(مسیب) لەباوکیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: (ابوطالب) لەسەرەمەرگدا بوو، پێغەمبەر(ﷺ)هات بۆ لای، بینی(ابوجهل)و (عبدالله) کوری (امیە) کوری (مغیرة) لەوێن، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەی مامە، بڵێ ((لا الە الا الله))، ئەوە وشەیەکە کەلەلای خوا بەوە شایەتیت بۆ دەدەم. (ابوجهل)و (عبدالله) کوری (ابو امیە) وتیان: ئەی (ابوطالب) ئایا لە ئایینی (عبدالمطلب) لادەدەیت؟ پێغەمبەریش(ﷺ) هەمان قسەی بۆ دووبارەکردەوە، هەتا(ابو طالب)لەدوا وتەی خۆیدا وتی: ئەو لەسەر ئایینی (عبدالمطلب)ە، رازی نەبوو بڵێ: (لا الە الا الله).پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بەڵام سوێند بەخوا ئەگەر رێگریم لێنەکرێت داوای لێخۆشبوونت بۆ دەکەم. هەر بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە. ﴿مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُوا أُولِي قُرْبَى مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ﴾ (التوبە:١١٣)

(پێغەمبەرو ئیمانداران بۆیان نییە داوای لێخۆشبوون بۆ موشریکەکان بکەن، باخزمیشیان بن، دوای ئەوەی لێیان روونبوو ئەو موشریکانە نیشتەجێی

دۆزەخن) . خوا لەبارەی (ابوطالب)ەوە ئەم ئایەتەی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دابەزاند: ﴿إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ (القصص:٥٦)

((بێگومان تۆ ڕێنمایی * کەسێك ناکەیت کەخۆشت دەوێت، بەڵام خوا بیەوێ ڕێنمایی هەرکەس بکات دەیکات، هەر ئەویش زاناترە بەڕێنمایی کراوەکان)) .

(٢) فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکیدا هەتا دەڵێن (لا اله الا الله)

٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَاسْتُخْلِفَ أَبُو بَكْرٍ بَعْدَهُ، وَكَفَرَ مَنْ كَفَرَ مِنَ الْعَرَبِ، قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) لِأَبِي بَكْرٍ (ﷺ): كَيْفَ تُقَاتِلُ النَّاسَ وَقَدْ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَقُولُوا لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فَمَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَقَدْ عَصَمَ مِنِّي مَالَهُ وَنَفْسَهُ إِلَّا بِحَقِّهِ، وَحِسَابُهُ عَلَى اللَّهِ)). فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) وَاللَّهِ لَأُقَاتِلَنَّ مَنْ فَرَّقَ بَيْنَ الصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ، فَإِنَّ الزَّكَاةَ حَقُّ الْمَالِ وَاللَّهِ لَوْ مَنَعُونِي عِقَالًا كَانُوا يُؤَدُّونَهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَقَاتَلْتُهُمْ عَلَى مَنْعِهِ. فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ): فَوَاللَّهِ مَا هُوَ إِلَّا أَنْ رَأَيْتُ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَدْ شَرَحَ صَدْرَ أَبِي بَكْرٍ لِلْقِتَالِ فَعَرَفْتُ أَنَّهُ الْحَقُّ. ﴿بخاري/ الزكاة/ وجوب الزكاة/١٢٢٥﴾

(ابوهريرة)(ﷺ)دەڵێ: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کردو، ئەبوبەکر کرا بە خەلیفە، کۆمەڵێك لەعەرەبەکان پاشگەز بوونەوە، (عمر کوری(خطاب)(ﷺ)بە(ابوبکری(ﷺ)وت: چۆن دەجەنگیت لەگەڵ ئەو خەڵکەدا لەکاتێکا پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:((فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکیدا هەتا دەڵێن: (لا اله الا الله)هەرکەس وتی: (لا اله الا الله) خۆیو سامانیشی پارێزراوە ** ، تەنها بەهەقی خۆی نەبێت، لێپرسینەوەشی لەلای خوایە، ئەبوبەکر وتی: سوێند بەخوا دەجەنگم لەگەڵ ئەوانەی جیاوازی دەکەن لەنێوان

---

* ڕێنمایی(هیدایەت): دوو جۆرە: یەکەم: بەمانای دروستکردنی هیدایەت لەدڵی مرۆڤدا تەنها لەدەستی خوادایە. دووەم: بەمانای ئامۆژگاریو ڕێنمایی ئەوە کاری پێغەمبەرانو چاکەخوازانە مەبەست لەوشەی(هدایت) لەفەرموودەکەدا مانای یەکەمە.

** لەو سەردەمەدا خەڵکی بتیان پەرستووە ، بۆیە فشاریان خستۆتە سەریان کەواز لەو بتپەرستیە بهێننو خوای تاكو تەنیا بپەرستن ، ئەگینا فشار نەخراوەتە سەر مەسیحیو جوولەکەکان کەئایینی ئاسمانیان هەبووە.

نوێـژو زەکاتـدا[1]، چـونکە زەکـات مافێکـە لەسـاماندا، سـوێند بـەخوا ئەگـەر پەتەگوریسێکم نەدەنێ کەداویانە بەپێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەر ئەوە دەجەنگم لەگەڵیاندا. عومـەر وتـی: سـوێند بەخوا هـەر خێرا بۆم دەرکەوت کـە خـوا دڵـی ئەبوبەکری کردۆتەوە بۆ جەنگ ئینجا بۆیشم دەرکەوت کە ئەو لەسەر هەقە.

٥ ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلَّا بِحَقِّهَا، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ)).﴿بخاري/ الايمان/ (فأن تابوا واقاموا الصلاة واقاموا الصلاة ...)٢٥﴾

(عبـدالله) کـوڕی(عمـر)(رضي الله عنه) دەڵـێ: پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: ((فـەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ خەڵکیدا هەتا شایەتی دەدەن کە هیچ خوایەك نییە جگە لـە(الله)، موحەمـەدیش ڕەوانـەکراوی خوایـە، نوێـژیش بکـەن، زەکـاتیش بـدەن، ئەگەر ئەوەیان کرد ئەوا خوێن و سامانیان لـەلای مـن پـارێزراوە، مەگـەر بەهـەقی خۆی، لێپرسینەوەشیان لەلای خوایە)).

(٣) کەسێك پیاوێك لەکافرەکانی کوشت دوای ئەوەی وتبوی (لا اله الا الله)

٦ـ عَنِ الْمِقْدَادِ بْنِ الْأَسْوَدِ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ لَقِيتُ رَجُلًا مِنَ الْكُفَّارِ فَقَاتَلَنِي، فَضَرَبَ إِحْدَى يَدَيَّ بِالسَّيْفِ فَقَطَعَهَا، ثُمَّ لَاذَ مِنِّي بِشَجَرَةٍ فَقَالَ: أَسْلَمْتُ لِلَّهِ، أَفَأَقْتُلُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بَعْدَ أَنْ قَالَهَا؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَقْتُلْهُ)). قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ قَدْ قَطَعَ يَدِي، ثُمَّ قَالَ ذَلِكَ بَعْدَ أَنْ قَطَعَهَا، أَفَأَقْتُلُهُ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَقْتُلْهُ، فَإِنْ قَتَلْتَهُ فَإِنَّهُ بِمَنْزِلَتِكَ قَبْلَ أَنْ تَقْتُلَهُ، وَإِنَّكَ بِمَنْزِلَتِهِ قَبْلَ أَنْ يَقُولَ كَلِمَتَهُ الَّتِي قَالَ أَمَّا الْأَوْزَاعِيُّ وَابْنُ جُرَيْجٍ فَفِي حَدِيثِهِمَا: قَالَ: أَسْلَمْتُ لِلَّهِ. وَأَمَّا مَعْمَرٌ فَفِي حَدِيثِهِ. فَلَمَّا أَهْوَيْتُ لِأَقْتُلَهُ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ.

(مقـداد)کـوڕی(اسـود)(رضي الله عنه)دەڵـێ: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) گەیـشتم بـەپیاوێك لـەکافرەکان جـەنگا لـەدژم و بەشمـشێر دای لەدەسـتێکم و قرتانـدی ئینجا ڕای کردە پشتی درەختێکەوە وتی: باوەڕم هێنا بەخوا، ئەی پێغەمبـەری

[1] واتە ئەو جەنگە بەرگری بووە لەمافی هەژاران کە زەکاتە.

خـوا(ﷺ) ئایـا بیکـوژم دوای وتنـی ئـەو قـسەیە؟ پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((مـەیکوژە)) دەڵـێ: منـیش وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەو دەسـتێکی قرنانـدووم، دوای قرتانـدنی دەسـتم ئـەوەی وت، ئایـا بیکـوژم؟ پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((مـەیکوژە، ئەگـەر بیکوژیـت ئـەو لەشـوێنی تۆدایـە پـێش ئـەوەی بیکوژیت، تۆیش لەشوێنی ئەودای پێش وتنی ئەو وتەیەی کەوتی)). ﴿واتـە: ئــەو بــە موســڵمانی مــردووە، تــۆیش ئیمــان لــە دەســت دەدەیــت چــونکە موسڵمانێکت کوشتووە﴾.

٧ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زيد (ﷺ) قَالَ: بَعَثَنَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) فِي سَرِيَّةٍ، فَصَبَّحْنَا الْحُرَقَاتِ مِنْ جُهَيْنَةَ، فَأَدْرَكْتُ رَجُلًا، فَقَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَطَعَنْتُهُ، فَوَقَعَ فِي نَفْسِي مِنْ ذَلِكَ، فَذَكَرْتُهُ لِلنَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَقَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَقَتَلْتَهُ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه إِنَّمَا قَالَهَا خَوْفًا مِنَ السِّلَاحِ. قَالَ: ((أَفَلَا شَقَقْتَ عَنْ قَلْبِهِ حَتَّى تَعْلَمَ أَقَالَهَا أَمْ لَا)). فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا عَلَيَّ حَتَّى تَمَنَّيْتُ أَنِّي أَسْلَمْتُ يَوْمَئِذٍ. قَالَ: فَقَالَ سَعْدٌ: وَأَنَا وَاللَّه لَا أَقْتُلُ مُسْلِمًا حَتَّى يَقْتُلَهُ ذُو الْبُطَيْنِ. يَعْنِي أُسَامَةَ. قَالَ: قَالَ رَجُلٌ: أَلَمْ يَقُلِ اللَّهُ تعالى: ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّهِ﴾ }الانفال: ٣٩{ فَقَالَ سَعْدٌ: قَدْ قَاتَلْنَا حَتَّى لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ، وَأَنْتَ وَأَصْحَابُكَ تُرِيدُونَ أَنْ تُقَاتِلُوا حَتَّى تَكُونَ فِتْنَةٌ. ﴿بخاري / المغازي/ بعث النبي(ﷺ) اسامة بن زيد الى الحروقات .../ ٤٠٢١﴾

(اسامە) کوری (زیـد)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر(ﷺ) بەمەفرەزەیـەك نـادرینی بۆ ســـەرتیرەی (حروقـــات)لـــەهۆزی(جوهەینـــە) دەمەوبـــەیان گەیـــشتینە ئەوێ﴿کەوتبوونە جەنگەوەو شکاندبوونیان﴾ گەیشتم بەپیاوێك، وتـی: (لا الـه الا الله)منیش شمشێرێکم لێدا کوشتم، بەڵام بوو بەگرێ لەدڵما، گێرامەوە بۆ پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)، پێغەمبـەریش(ﷺ) فـەرمووی: ((ئایـا وتـی(لا الـه الا الله)و کوشتیـشت)) دەڵـێ: وتم ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەراسـتیدا ئـەو لەترسـی چەکەکە وای وت. فەرمووی: ((ئایا دڵت لەت کرد تابزانیـت لەبەرئەوە وتویـەتی یـان نـا))، بـەردەوام پێغەمبـەر(ﷺ) ئـەوەی دەوتـەوە بەسـەرما هـەتا خۆزگـەم خواست کە ئەو رۆژە موسڵمان ببومایە. دەڵێ: سەعدیش وتـی: بەخوا مـن هـیچ موسڵمانێك نـاکوژم هـەتا ورگـزل نـەیکوژێت . واتـە ـ ئوسامەـ دەڵـێ: ئینجـا پیاوێك وتی: ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە:﴿ بجەنگن لەگەڵیان بانەبنە مایەی

فیتنەو ئاینیش هەمووی ببێ بەئایینی خوا﴾. سەعدیش وتی: ئێمە جەنگاوین بۆ ئەوەی فیتنە روونەدات، بەڵام تۆو هاوەڵەکانت دەتانەوێت: بجەنگن بۆ ئەوەی فیتنە بەرپابکەن.

٨ . عَنْ صَفْوَانَ بْنِ مُحْرِزٍ: أَنَّهُ حَدَّثَ أَنَّ جُنْدَبَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ الْبَجَلِيَّ (ﷺ) بَعَثَ إِلَى عَسْعَسِ بْنِ سَلَامَةَ زَمَنَ فِتْنَةِ ابْنِ الزُّبَيْرِ، فَقَالَ: اجْمَعْ لِي نَفَرًا مِنْ إِخْوَانِكَ حَتَّى أُحَدِّثَهُمْ. فَبَعَثَ رَسُولًا إِلَيْهِمْ فَلَمَّا اجْتَمَعُوا جَاءَ جُنْدَبٌ وَعَلَيْهِ بُرْنُسٌ أَصْفَرُ، فَقَالَ: تَحَدَّثُوا بِمَا كُنْتُمْ تَحَدَّثُونَ بِهِ. حَتَّى دَارَ الْحَدِيثُ، فَلَمَّا دَارَ الْحَدِيثُ إِلَيْهِ حَسَرَ الْبُرْنُسَ عَنْ رَأْسِهِ فَقَالَ: إِنِّي أَتَيْتُكُمْ وَلَا أُرِيدُ أَنْ أُخْبِرَكُمْ عَنْ نَبِيِّكُمْ (ﷺ)، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ بَعْثًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ إِلَى قَوْمٍ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، وَإِنَّهُمُ الْتَقَوْا، فَكَانَ رَجُلٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ إِذَا شَاءَ أَنْ يَقْصِدَ إِلَى رَجُلٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ قَصَدَ لَهُ فَقَتَلَهُ. وَإِنَّ رَجُلًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ قَصَدَ غَفْلَتَهُ، قَالَ: وَكُنَّا نُحَدَّثُ أَنَّهُ أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ، فَلَمَّا رَفَعَ عَلَيْهِ السَّيْفَ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَقَتَلَهُ، فَجَاءَ الْبَشِيرُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَسَأَلَهُ فَأَخْبَرَهُ، حَتَّى أَخْبَرَهُ خَبَرَ الرَّجُلِ كَيْفَ صَنَعَ، فَدَعَاهُ فَسَأَلَهُ فَقَالَ: ((لِمَ قَتَلْتَهُ)). فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَوْجَعَ فِي الْمُسْلِمِينَ، وَقَتَلَ فُلَانًا وَفُلَانًا، وَسَمَّى لَهُ نَفَرًا، وَإِنِّي حَمَلْتُ عَلَيْهِ، فَلَمَّا رَأَى السَّيْفَ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَقَتَلْتَهُ)). قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: ((فَكَيْفَ تَصْنَعُ بِلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ إِذَا جَاءَتْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). }قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اسْتَغْفِرْ لِي{. قَالَ: ((فَكَيْفَ تَصْنَعُ بِلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ إِذَا جَاءَتْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). قَالَ: فَجَعَلَ لَا يَزِيدُهُ عَلَى أَنْ يَقُولَ: ((فَكَيْفَ تَصْنَعُ بِلَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ إِذَا جَاءَتْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(صفوان) کوری(محرز) دەڵێ: (جندب) کوری(عبدالله البجلی)(ﷺ) لەسەردەمی فیتنەی(عبدالله)ی کوری(زوبیر)دا ناردی بۆلای(عسعس) کوڕی (سلامە)و وتی: کۆمەڵێك لەبراکانتم بۆ کۆبکەرەوە باقسەیان بۆ بکەم، ئەویش کەسێکی نادر بەدوایاندا، کاتێ کۆبوونەوە،(جندب) هات و جبەیەکی زەردی کڵاوداری لەبەردابوو وتی: لەسەرقسەکانی خۆتان قسەبکەن، هەرقسەکراو لەکەسێکەوە دەگۆڕا بۆ کەسێکیتر، کاتێ نۆرە گەیشتە سەر ئەم کڵاوەکەی لەسەری لاداو وتی: من هاتووم بۆ لاتان باسی هیچتان بۆناکەم باسی پێغەمبەرەکەتان(ﷺ)نەبێ. پێغەمبەری خوا(ﷺ)سوپایەکی لەموسڵمانان نارد بۆ سەر قەومێك لەموشریکەکان، لەوێ بەرامبەر بەیەك راوەستان، پیاوێك

لەموشریکەکان هەرکە نیازی کوشتنی موسڵمانێکی بکردایا پەلاماری‌دەداو دەیکوشت یەکێکیش لەموسڵمانەکان بێئاگایی ئەوپیاوەی قۆستەوە و پەلاماری‌دا، واش قسەیان بۆ کردووین کەئەو پیاوە ئوسامەی کوری زەید بوو، کاتێ شمشێری لێ‌راکێشا موشریکەکە وتی: (لا الـه الا الله)بەلاَم هەرکوشتی، ئینجا هەواڵدەر خۆی گەیاندە پێغەمبەر (ﷺ)ئەویش پرسیاری لێکردو وەلاَمی دایەوە هەتا هەواڵی ئەو پیاوەشی دایە(واتە هەواڵی ئوسامە کەچی کردووە، پێغەمبەریش (ﷺ) بانگی کردوو فەرمووی:((بۆچی کوشتت؟!)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئازاری گەیاند بەموسڵمانەکان، فلاَن و فیساری لێ کوشتن ناوی چەند کەسێکی برد، هەر بۆیە منیش پەلامارم دایە، کاتێ چاوی بەشمشێرەکە کەوت وتی: ((لا الـه الا الله))، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا کوشتت)) وتی: بەڵێ. فەرمووی: ((ئەی چی دەکەیت لە (لا الـه الا الله)لەرۆژی قیامەتدا)). ئوسامە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە. فەرمووی: ((ئەی چی دەکەیت لە(لا الـه الا الله)لەرۆژی قیامەتدا)). ئیتر بەو شێوەیە هەر دەیفەرموو: ((ئەی چی دەکەیت لە (لا الـه الا الله)لە رۆژی قیامەتدا)).

(٤) هەرکەس بەئیمانەوە گەڕایەوە بۆ لای خواو هیچ گومانی نەبوو دەچێتە بەهەشتەوە

٩ـ عَنْ عُثْمَانَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ)).

(عثمان) (ﷺ)دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوەی مردوو دەیزانی و باوەڕی وابوو کە هیچ خوایەك نییە جگە لە (الله) دەچێتە بەهەشتەوە).[1]

١٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، أَوْ: عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (ﷺ) -شَكَّ الْأَعْمَشُ- قَالَ: لَمَّا كَانَ غَزْوَةُ تَبُوكَ أَصَابَ النَّاسَ مَجَاعَةٌ، فَقَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ أَذِنْتَ لَنَا فَنَحَرْنَا نَوَاضِحَنَا، فَأَكَلْنَا وَادَّهَنَّا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((افْعَلُوا)). قَالَ: فَجَاءَ عُمَرُ

[1] ئەم جۆرە فەرمودانە بەتەنها حوكمیان لێوەرناگیرێت بەڵكو پێویستیان بەتەواوكەر هەیە لە ئایەت و فەرموودەی تر.

فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ فَعَلْتَ قَلَّ الظَّهْرُ. وَلَكِنِ ادْعُهُمْ بِفَضْلِ أَزْوَادِهِمْ، ثُمَّ ادْعُ اللَّهَ لَهُمْ بِالْبَرَكَةِ، لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَ فِي ذَلِكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((نَعَمْ)). فَدَعَا بِنِطَعٍ فَبَسَطَهُ، ثُمَّ دَعَا بِفَضْلِ أَزْوَادِهِمْ، قَالَ: فَجَعَلَ الرَّجُلُ يَجِيءُ بِكَفِّ ذُرَةٍ، قَالَ: وَيَجِيءُ الْآخَرُ بِكَفِّ تَمْرٍ، قَالَ: وَيَجِيءُ الْآخَرُ بِكَسْرَةٍ، حَتَّى اجْتَمَعَ عَلَى النِّطَعِ مِنْ ذَلِكَ شَيْءٌ يَسِيرٌ، قَالَ: فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِالْبَرَكَةِ، ثُمَّ قَالَ: ((خُذُوا فِي أَوْعِيَتِكُمْ)). قَالَ: فَأَخَذُوا فِي أَوْعِيَتِهِمْ، حَتَّى مَا تَرَكُوا فِي الْعَسْكَرِ وِعَاءً إِلَّا مَلَئُوهُ، قَالَ: فَأَكَلُوا حَتَّى شَبِعُوا وَفَضَلَتْ فَضْلَةٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ، لَا يَلْقَى اللَّهَ بِهِمَا عَبْدٌ غَيْرَ شَاكٍّ فَيُحْجَبَ عَنِ الْجَنَّةِ)).

(ابوهريرة)(ﷺ)، يا(ابوسعيد)(ﷺ) (اعمش)گومانی هەبوو کامیان دەڵێ: لەرۆژی غەزای تەبوکدابوو، خەڵکەکە تووشی برسێتی بوون، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر رێگامان بدەیت، وشترەکانمان سەربیڕین، تێریش دەبین و رۆنیشی لێدەگرین. پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((وابکەن)) دەڵێ: عمر هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئەگەر وابکەیت، ولاغی سواربوونمان کەم دەبێتەوە، بەڵکو داوایان لێبکەیت پاشماوەی خۆراکەکانیان بهێنن و، ئینجا دۆعای بەرەکەتی بۆ بکەیت، بەڵکو خوای گەورە بەرەکەتی تێ بخات، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ)) بانگی کرد پێستەیەکیان بۆ هێناو ،ئینجا داوای کرد پاشماوەی خۆراکەکانیان بهێنن، وتی: پیاوێك لێوەچێك گەنمەشامی هێنا، یەکێکی تریش خورماو، یەکێکی تریش پارچە نانێك و...هەتا لەسەر پێستەکە کەمێك شت کۆبوویەوە دەڵێ: ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) دۆعای بەرەکەتی کرد، ئینجا فەرمووی: ((لە دەفرەکانتانا خۆراك هەڵبگرن)) دەڵێ: هەموویان بەو دەفرانەی پێیان بوو خۆراکیان برد، هەتا یەك دەفر نەما لەناو سوپاکەو هەموویان پڕکرد دەڵێ: ئینجا دەستیان کرد بە خواردن هەتا تێربوون و لێشیان مایەوە ئینجا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە جگە لە(الله) منیش رەوانەکراوی خوام، هەرکەس بەم دوو وتەیەوە بگەڕێتەوە بۆ لای خواو گومانی نەبێ. رێگای بەهەشتی لێناگیرێت)).

١١- عَنِ الصُّنَابِحِيِّ -عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ)- قَالَ: دَخَلْتُ عَلَيْهِ وَهُوَ فِي الْمَوْتِ، فَبَكَيْتُ، فَقَالَ: مَهْلًا، لِمَ تَبْكِي؟ فَوَاللَّهِ لَئِنِ اسْتُشْهِدْتُ لَأَشْهَدَنَّ لَكَ، وَلَئِنْ شُفِّعْتُ لَأَشْفَعَنَّ لَكَ، وَلَئِنِ اسْتَطَعْتُ لَأَنْفَعَنَّكَ. ثُمَّ قَالَ: وَاللَّهِ مَا مِنْ حَدِيثٍ سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَكُمْ فِيهِ خَيْرٌ إِلَّا حَدَّثْتُكُمُوهُ، إِلَّا حَدِيثًا وَاحِدًا، وَسَوْفَ أُحَدِّثُكُمُوهُ الْيَوْمَ، وَقَدْ أُحِيطَ بِنَفْسِي، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ شَهِدَ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، حَرَّمَ اللَّهُ عَلَيْهِ النَّارَ)).

لە(الصنابحی)یەوە ـ لە(عبادە)کوڕی(الصامت)ەوە(ﷺ) ـ دەڵێ: چووم بۆ لای لەسەرەمەرگدابوو، دەستم کرد بەگریان، وتی: ئارام بە، بۆچی دەگریت؟ سوێند بەخوا ئەگەر شەهیدبووم شایەتیت بۆ دەدەم، ئەگەر شەفاعەتم بۆکرا بۆت دەکەم، ئەگەر توانیم سوودت پێدەگەیێنم، ئینجا وتی: سوێند بەخوا فەرموودەیەك نییە کەلە پێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستبێ خێری ئێوەی تێدابێت بۆم نەگێڕابنەوە جگە لەیەك فەرموودە، ئەویش ئیمڕۆ بۆتان دەگێڕمەوە، منیش ئێستا مردن دەورەی داوم لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە فەرموویەتی: ((هەرکەس شایەتیدا کە هیچ خوایەك نییە جگە لە(الله)و موحەمەدیش رەوانەکراوی خوایە، خوائاگری لەسەر حەرام دەکات)).

١٢- عن أَبُو هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا قُعُودًا حَوْلَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، مَعَنَا أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ (ﷺ) فِي نَفَرٍ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ بَيْنِ أَظْهُرِنَا، فَأَبْطَأَ عَلَيْنَا، وَخَشِينَا أَنْ يُقْتَطَعَ دُونَنَا، وَفَزِعْنَا، فَقُمْنَا، فَكُنْتُ أَوَّلَ مَنْ فَزِعَ، فَخَرَجْتُ أَبْتَغِي رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى أَتَيْتُ حَائِطًا لِلْأَنْصَارِ لِبَنِي النَّجَّارِ، فَدُرْتُ بِهِ هَلْ أَجِدُ لَهُ بَابًا فَلَمْ أَجِدْ، فَإِذَا رَبِيعٌ يَدْخُلُ فِي جَوْفِ حَائِطٍ مِنْ بِئْرٍ خَارِجَةٍ -وَالرَّبِيعُ: الْجَدْوَلُ- فَاحْتَفَزْتُ فَدَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((أَبُو هُرَيْرَةَ)). فَقُلْتُ: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((مَا شَأْنُكَ)). قُلْتُ: كُنْتَ بَيْنَ أَظْهُرِنَا فَقُمْتَ فَأَبْطَأْتَ عَلَيْنَا، فَخَشِينَا أَنْ تُقْتَطَعَ دُونَنَا، فَفَزِعْنَا، فَكُنْتُ أَوَّلَ مَنْ فَزِعَ، فَأَتَيْتُ هَذَا الْحَائِطَ فَاحْتَفَزْتُ كَمَا يَحْتَفِزُ الثَّعْلَبُ، وَهَؤُلَاءِ النَّاسُ وَرَائِي. فَقَالَ: ((يَا أَبَا هُرَيْرَةَ)). وَأَعْطَانِي نَعْلَيْهِ وَقَالَ: ((اذْهَبْ بِنَعْلَيَّ هَاتَيْنِ، فَمَنْ لَقِيتَ مِنْ وَرَاءِ هَذَا الْحَائِطِ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ، فَبَشِّرْهُ بِالْجَنَّةِ)). فَكَانَ أَوَّلَ مَنْ لَقِيتُ عُمَرُ فَقَالَ: مَا هَاتَانِ النَّعْلَانِ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ؟ فَقُلْتُ: هَاتَانِ نَعْلَا رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَنِي بِهِمَا: مَنْ لَقِيتُ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ بَشَّرْتُهُ بِالْجَنَّةِ، قَال: فَضَرَبَ عُمَرُ

بِيَدِهِ بَيْنَ ثَدْيَيَّ فَخَرَرْتُ لِاسْتِي، فَقَالَ: ارْجِعْ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، فَرَجَعْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَجْهَشْتُ بُكَاءً، وَرَكِبَنِي عُمَرُ فَإِذَا هُوَ عَلَى أَثَرِي، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا لَكَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ)). فَقُلْتُ: لَقِيتُ عُمَرَ، فَأَخْبَرْتُهُ بِالَّذِي بَعَثْتَنِي بِهِ، فَضَرَبَ بَيْنَ ثَدْيَيَّ ضَرْبَةً خَرَرْتُ لِاسْتِي، فَقَالَ: ارْجِعْ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا عُمَرُ، مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا فَعَلْتَ)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي، أَبَعَثْتَ أَبَا هُرَيْرَةَ بِنَعْلَيْكَ، مَنْ لَقِيَ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ مُسْتَيْقِنًا بِهَا قَلْبُهُ بَشَّرَهُ بِالْجَنَّةِ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: فَلَا تَفْعَلْ، فَإِنِّي أَخْشَى أَنْ يَتَّكِلَ النَّاسُ عَلَيْهَا، فَخَلِّهِمْ يَعْمَلُونَ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَخَلِّهِمْ)).

(ابـوهريرة)(ﷺ) دەڵـێ: ئێمـە چـەند كەسـێك بـووین بـەدەوری پێغەمبـەری خـودا(ﷺ) دانیـشتبووین، ئەبوبـەكرو عومەریـشمان لەگەڵدابوو، پێغەمبـەر(ﷺ) لەناوماندا هەسـتاو ڕۆیـشت، زۆری پێـچوو، ترسـاین تووشـی شـتێك بووبێـت، خێـرا ڕاپـەڕین، هـەموو هەسـتاین، مـن یەكـەم كـەس بـووم كەڕاپـەڕیم، دەرچـووم بەدوای پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دەگـەڕام، هـەتا گەیـشتم بەدیواری باخێـك كـەهی ئەنصارەكانی بەنی نەجار بوو، بەدەوریا گەڕام بۆ ئەوەی دەرگاكەی بدۆزمـەوە، بەڵام جۆگەلەیەكم بینی لەبیرێكەوە دەردەچوو، لەكونی دیوارێكەوە دەچووە ناو باخەكە . منیش خـۆم باریـك كـردەوە وەكوڕێوی بەكونەكـەدا چـوومە ژوورەوە بـۆلای پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئـەو خەڵكـەش لەدوامـەوە بـوون فـەرمووی: ((ابـوهريرة)) وتم: بـەڵێ ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ، فـەرمووی: ((ئەوەچیتە)) وتم: تـۆ لـەناو ئێمـەدا بویـت، هەسـتایت و ڕۆیـشتی، زۆردواكـەوتی، ئێمـەش ترساین تووشـی شـتێك هـاتبی، هـەموومان ڕاپـەڕین، منـیش یەكـەم كـەس بـووم كەڕاپەڕیم، هاتم بۆ لای ئەم دیوارەو وەكو ڕێوی خۆم كۆكردەوە بۆناودیوارەكە، خەڵكەكەش وان لە دوامەوە. نەعلەكانی دامێ و فەرمووی ئەی(ابوهريرة): ((ئەم نەعلانـەم ببـە، هەركەسـت بینـی لەپـشت ئـەم دیـوارەوە شـایەتی بـدات كـەهیچ خوایەك نییە جگە لـە (الله) بەدڵ باوەڕی بـەوە هـەبێت ئـەوە مـژدەی بەهەشـتی بدەرێ)) منیش یەكەم كەس كەپێی گەیشتم عومـەر بـوو وتـی: ئـەو نەعلانـە چین ئـەی(ابـوهريرة)؟وتم: ئەمانـە نەعلـەكانی پێغەمبـەری خوایـە(ﷺ) بەوانـەوە ناردومی، گەیشتم بەهەركەس كەشایەتی بدات هیچ خوایەك نییـە جگـە لـە(الله) بەدڵ بـاوەڕی پێـی هـەبێت، مـژدەی بەهەشـتی دەدەمـێ وتـی: عومـەر دەسـتێكی

کێشا بەنێوان هەردو مەمکمدا، کەوتم بەدوادا ،ئینجا وتی: ئەی(ابوهريرة)بگەڕێرەوە، منیش گەرامەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ) دڵم زۆر پڕبووبوو، خەریك بوو دەگریام، عومەریش دوام کەوت. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە چیتە(ابوهريرة))وتم گەیشتم بەعومەر ئەم هەواڵەم دایە کەبەمندا ناردت، ئەویش کێشای بەنێوان هەردوو مەمکمداو کەوتم بەدوادا ،ئینجا وتی: بگەڕێرەوە، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەی عومەر چی وایلێکردی کەوابکەیت)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) باوك و دایکم بەقوربانت بێت ئایا(ابوهريرة)ت بەنەعلەکانتەوە ناردبوو، کاتێ گەیشت بەهەرکەسێك کەشایەتی بدات هیچ خوایەك نییە جگە لە(الله)و بەدڵ باوەڕی پێی هەبێت، مژدەی بەهەشتی بداتێ؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) عمر وتی: دەوامەکە، چونکە من دەترسم خەڵکی پشت بەوە ببەستن، وازیان لێبێنە باکاربکەن . پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((وازیان لێبێنە)).

١٣ـ عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رضي الله عنه) قَالَ: كُنْتُ رِدْفَ النَّبِيِّ (ﷺ) لَيْسَ بَيْنِي وَبَيْنَهُ إِلَّا مُؤْخِرَةُ الرَّحْلِ، فَقَالَ: ((يَا مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ)). قُلْتُ: لَبَّيْكَ يا رَسُولَ اللَّهِ وَسَعْدَيْكَ، ثُمَّ سَارَ سَاعَةً ثُمَّ قَالَ: ((يَا مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ)). قُلْتُ: لَبَّيْكَ يا رَسُولَ اللَّهِ وَسَعْدَيْكَ، ثُمَّ سَارَ سَاعَةً، ثُمَّ قَالَ: ((يَا مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ)). قُلْتُ لَبَّيْكَ يا رَسُولَ اللَّهِ وَسَعْدَيْكَ، قَالَ: ((هَلْ تَدْرِي مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ)). قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((فَإِنَّ حَقَّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلَا يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا)). ثُمَّ سَارَ سَاعَةً، ثم قَالَ: ((يَا مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ)). قُلْتُ: لَبَّيْكَ يا رَسُولَ اللَّهِ وَسَعْدَيْكَ، قَالَ: ((هَلْ تَدْرِي مَا حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللَّهِ إِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ)). قُلْتُ: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((أَنْ لَا يُعَذِّبَهُمْ)). ﴿* بخاري / الجهاد/ اسم الفرس والحمار/٢٧٠١﴾

(معاذ)کوڕی(جبل)(رضي الله عنه)دەڵێ: من لەپشت پێغەمبەری خواوە(ﷺ) سوار بووبووم، لەنێوان من و ئەودا هیچ نەبوو جگە لەپاڵپشتێ زینەکە، فەرمووی: ((ئەی (معاذ)کوڕی(جبل)) وتم: ئەمر بکە لەخزمەتتام ئەی پێغەمبەریخوا(ﷺ)، ماوەیەکیتر ڕۆیشت دووبارە فەرمووی: ((ئەی(معاذ)کوڕی (جبل)) وتم: ئەمرکە لەخزمەتتام ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ). ماوەیەکی تریش ڕۆیشتوو فەرمووی: ((ئەی(معاذ)کوڕی(جبل) وتم: ئەمرکە لەخزمەتتام ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئایا دەزانی مافی خوا لەسەر بەندەکانی چییە))، دەڵێ: وتم :

خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) زاناترن، فەرمووی: ((لەراستیدا مافی خوا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە بیپەرستن و هیچ شتێك نەکەن بەشەریکی)) ماوەیەکی تریش رۆیشت، دووبارە فەرمووی: ((ئەی(معاذ)کوڕی- جبل)) وتم: ئەمریکە لەخزمەتتام ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) . فەرمووی: ((ئایا دەزانی مافی بەندەکان چییە لەسەر خوا ئەگەر وایان کرد)) وتم: خواو پێغەمبەرەکەی زاناترن. فەرمووی: (ئەوەیە کە سزایان نەدات)).

١٤ـ عن مَحْمُودُ ابْنُ الرَّبِيعِ (ﷺ) عَنْ عِتْبَانَ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَدِمْتُ الْمَدِينَةَ فَلَقِيتُ عِتْبَانَ، فَقُلْتُ حَدِيثٌ بَلَغَنِي عَنْكَ، قَالَ: أَصَابَنِي فِي بَصَرِي بَعْضُ الشَّيْءِ، فَبَعَثْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَنِّي أُحِبُّ أَنْ تَأْتِيَنِي فَتُصَلِّيَ فِي مَنْزِلِي فَأَتَّخِذَهُ مُصَلًّى. قَالَ: فَأَتَى النَّبِيُّ (ﷺ) وَمَنْ شَاءَ اللَّهُ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَدَخَلَ، وَهُوَ يُصَلِّي فِي مَنْزِلِي، وَأَصْحَابُهُ يَتَحَدَّثُونَ بَيْنَهُمْ، ثُمَّ أَسْنَدُوا عُظْمَ ذَلِكَ وَكُبْرَهُ إِلَى مَالِكِ بْنِ دُخْشُمٍ، قَالُوا: وَدُّوا أَنَّهُ دَعَا عَلَيْهِ فَهَلَكَ، وَوَدُّوا أَنَّهُ أَصَابَهُ شَرٌّ. فَقَضَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الصَّلَاةَ، وَقَالَ: ((أَلَيْسَ يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ)). قَالُوا: إِنَّهُ يَقُولُ ذَلِكَ، وَمَا هُوَ فِي قَلْبِهِ. قَالَ: ((لَا يَشْهَدُ أَحَدٌ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ فَيَدْخُلَ النَّارَ أَوْ تَطْعَمَهُ)) قَالَ أَنَسٌ: فَأَعْجَبَنِي هَذَا الْحَدِيثُ، فَقُلْتُ لِابْنِي: اكْتُبْهُ، فَكَتَبَهُ.

لە(محمود)کوڕی(ربیع)ەوە(ﷺ)لە(عتبان)کوڕی(مالك)ەوە(ﷺ)بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: هاتم بۆ مەدینە، گەیشتم بە(عتبان) وتم: فەرموودەیەکم لەتۆوە پێگەیشتووە. وتی: چاوم تووشی شتێك بوو بوو، منیش ناردم بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ): کە من پێم خۆشە سەردانم بکەیت و، لەماڵی ئێمە نوێژ بکەیت، بۆئەوەی بیکەم بەجێنوێژ. دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ)لەگەڵ چەند کەسێك لەهاوەڵان هات و چووە ژوورەوەو، دەستی کرد بەنوێژکردن، هاوەڵانی لەناوخۆیاندا قسەیان دەکرد، زۆربەی باسەکەیان لەسەر(مالك) کوڕی (دخشم) بوو، وتیان: خۆزگە دەخوازین کە پێغەمبەر(ﷺ) دۆعای لێبکات و تیابچێت، خۆزگەشیان دەخواست تووشی شتێك ببێت. پێغەمبەر(ﷺ) لەنوێژەکەی بوویەوە، فەرمووی: ((ئایا شایەتی نەدەدا کە هیچ خوایەك نییە جگە لە(الله)و منیش رەوانەکراوی ئەوم)) وتیان: ئەو وادەڵێت، بەڵام لەدڵیەوە نایەت

فەرمووی: ((کەس نییە شایەتی بدات کە جگە لە(الله) هیچ خوایەك نییەو، منیش پێغەمبەری خوام، بچێتە ئاگرەوە یان بیچەژێت)).

ئەنەس وتی: زۆر دڵخۆش بووم بەو فەرموودەیەو بەکوڕەکەمم وت: بینووسە، ئەویش نووسی.

(٥) ئیمان چیە؟ ڕوونکردنەوەی نیشانەکانی

١٥- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ أُنَاسًا مِنْ عَبْدِ الْقَيْسِ قَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالُوا: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، إِنَّا حَيٌّ مِنْ رَبِيعَةَ، وَبَيْنَنَا وَبَيْنَكَ كُفَّارُ مُضَرَ، وَلَا نَقْدِرُ عَلَيْكَ إِلَّا فِي أَشْهُرِ الْحُرُمِ، فَمُرْنَا بِأَمْرٍ نَأْمُرُ بِهِ مَنْ وَرَاءَنَا، وَنَدْخُلُ بِهِ الْجَنَّةَ إِذَا نَحْنُ أَخَذْنَا بِهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((آمُرُكُمْ بِأَرْبَعٍ، وَأَنْهَاكُمْ عَنْ أَرْبَعٍ: اعْبُدُوا اللَّهَ وَلَا تُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ، وَآتُوا الزَّكَاةَ، وَصُومُوا رَمَضَانَ، وَأَعْطُوا الْخُمُسَ مِنَ الْغَنَائِمِ. وَأَنْهَاكُمْ عَنْ أَرْبَعٍ: عَنِ الدُّبَّاءِ وَالْحَنْتَمِ وَالْمُزَفَّتِ وَالنَّقِيرِ)). قَالُوا: يَا نَبِيَّ اللَّهِ مَا عِلْمُكَ بِالنَّقِيرِ؟ قَالَ: ((بَلَى، جِذْعٌ تَنْقُرُونَهُ فَتَقْذِفُونَ فِيهِ مِنَ الْقُطَيْعَاءِ -قَالَ سَعِيدٌ: أَوْ قَالَ: مِنَ التَّمْرِ- ثُمَّ تَصُبُّونَ فِيهِ مِنَ الْمَاءِ حَتَّى إِذَا سَكَنَ غَلَيَانُهُ شَرِبْتُمُوهُ، حَتَّى إِنَّ أَحَدَكُمْ -أَوْ: إِنَّ أَحَدَهُمْ- لَيَضْرِبُ ابْنَ عَمِّهِ بِالسَّيْفِ)). قَالَ: وَفِي الْقَوْمِ رَجُلٌ أَصَابَتْهُ جِرَاحَةٌ كَذَلِكَ، قَالَ: وَكُنْتُ أَخْبَؤُهَا حَيَاءً مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقُلْتُ: فَفِيمَ نَشْرَبُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((فِي أَسْقِيَةِ الْأَدَمِ الَّتِي يُلَاثُ عَلَى أَفْوَاهِهَا)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أَرْضَنَا كَثِيرَةُ الْجِرْذَانِ، وَلَا تَبْقَى بِهَا أَسْقِيَةُ الْأَدَمِ. فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((وَإِنْ أَكَلَتْهَا الْجِرْذَانُ، وَإِنْ أَكَلَتْهَا الْجِرْذَانُ، وَإِنْ أَكَلَتْهَا الْجِرْذَانُ)). قَالَ: وَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) لِأَشَجِّ عَبْدِ الْقَيْسِ: ((إِنَّ فِيكَ لَخَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ: الْحِلْمُ وَالْأَنَاةُ)).

(ابو سعیدی الخدری)(ﷺ) دەڵێ: کەسانێك لە(عبدالقیس) هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە ئاوایییەکین لەرەبیعە، لەنێوان ئێمەو تۆدا کافرەکانی(مُضَر)هەن، ناتوانین سەردانت بکەین لەمانگە ڕێزگیراوەکاندا[٢] نەبێ، فەرمانمان پێبکە بەفەرمانێك ،ئێمەش فەرمان بکەین بەوانەی لای خۆمان پێیشی بچینە بەهەشت ئەگەر ئێمە بەوکارە

[٢] عەرەب ڕێزیان لە چەند مانگێك گرتووە جەنگیان تێدا ئەنجام نەداوە پێیان دەوترێ (الاشهر الحرم).

هەستاین. پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((فەرمانتان پێدەکەم بەچوارشت، چوارشتیشتان لێقەدەغە دەکەم: خواپەرستن و هاوەڵی بۆدامەنێن، نوێژ بکەن، زەکات بدەن، ڕۆژووی ڕەمەزان بگرن، پێنجیەکی دەستکەوتیش بدەن. چوارشتیشتان لێ قەدەغە دەکەم: خواردنەوەی سرکەی ناو کولەکە، هی ناو گۆزەی سەوز (ئەوەی ئارەقیان تێدا هەڵگرتووە)، هی ناو(قیردراو)﴿کاسەیەکە ناوەکەی قیردراوە﴾هی ناو داری هەڵکۆڵراو ﴿کاسەیەکە کەقەدی درەختەو ناوەکەی هەڵکۆڵراوە﴾، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) تۆچوزانی داری هەڵکۆڵراو چیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ ئەزانم ،قەدی درەختێکە هەڵی دەکۆڵن پارچە خورمای وردی تێدەکەن . سعید وتی: یان فەرمووی: خورما . ئینجا ئاوی تێدەکەن، کاتێ هەڵچوونی نامێنێ دەیخۆنەوە: هەتا یەکێکتان . یا یەکێکیان . لەئامۆزای خۆی دەدات بەشمشێر﴿واتە سەرخۆش دەبن ﴾دەڵێ: لەوکۆمەڵەدا پیاوێك هەبوو بەوشێوەیە بریندارکرابوو، دەڵێ: من دەمشاردەوە شەرمم دەکرد لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) وتم: ئەی لەچیدا بخۆینەوە ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: ((لەکونەی چەرمدا کە دەمەکەی بەپەت دەبەستری)) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) : زەوی ئێمە جرجی زۆر تێدایە، کونە نامێنێتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بامشکیش بیخوات، بامشکیش بیخوات، بامشکیش بیخوات)) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕووی کردە) (اشج عبدالقیس)و فەرمووی: ((تۆ دوو سیفەتت تێدایە خوا خۆشیانی دەوێ، ژیریی و پەلەنەکردن و لەسەرخۆیی)).

١٦ـ عَنْ أَبِي ذَرّ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّـهِ: أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: ((الْإِيمَانُ بِاللَّـهِ وَالْجِهَادُ فِي سَبِيلِهِ)). قَالَ: قُلْتُ: أَيُّ الرِّقَابِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: ((أَنْفَسُهَا عِنْدَ أَهْلِهَا وَأَكْثَرُهَا ثَمَنًا)). قَالَ: قُلْتُ: فَإِنْ لَمْ أَفْعَلْ؟ قَالَ: ((تُعِينُ صَانِعًا أَوْ تَصْنَعُ لِأَخْرَقَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ إِنْ ضَعُفْتُ عَنْ بَعْضِ الْعَمَلِ؟ قَالَ: ((تَكُفُّ شَرَّكَ عَنِ النَّاسِ، فَإِنَّهَا صَدَقَةٌ مِنْكَ عَلَى نَفْسِكَ)). [بخاري/ العتق/ اي الرقاب افضل / ٢٣٨٢]

(ابي ذر)(ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) : چاکترین کار کامەیە ؟ فەرمووی: ((باوەڕ بەخواو جیهاد لەپێناویدا)) دەڵێ: وتم: چاکترین ئازادکردن کامەیە[ئازادکردنی کۆیلە] فەرمووی: (گرانترینیان و بەبەهاترینیان لای

خاوەنەکەیان) دەڵێ: وتم: ئەگەر نەمکرد؟ فەرمووی: ((یارمەتی پیشەکارێك بدەیت یایارمەتی کەسێك بدەیت پیشە باش نازانێ یا هیچ پیشەیەکی نییە)).

دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا پێت چۆنە ئەگەر بێتوانابووم لەهەندێ کار؟ فەرمووی: ((شەڕو خراپەت لەخەڵکی لابدە، ئەوەش خێرێکە لەتۆوە بۆ خۆت))

(٦) فەرمانکردن بەئیمان ، پەناگرتن بەخوا لەوەسوەسەی شەیتان

١٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَزَالُ النَّاسُ يَسْأَلُونَكُمْ عَنِ الْعِلْمِ حَتَّى يَقُولُوا: هَذَا اللَّهُ خَلَقَنَا، فَمَنْ خَلَقَ اللَّهَ)). قَالَ: وَهُوَ آخِذٌ بِيَدِ رَجُلٍ، فَقَالَ: صَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ، قَدْ سَأَلَنِي اثْنَانِ وَهَذَا الثَّالِثُ. أَوْ قَالَ: سَأَلَنِي وَاحِدٌ، وَهَذَا الثَّانِي. [بخاري/ اقتران النيرين ج٥ ص٢٨٣]

(ابوهريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((بەردەوام خەڵك پرسیارتان لێدەکەن لەبارەی زانستەوە تەنانەت دەڵێن: ئەوە خوا ئێمەی دروست کردووە، ئەی کێ خوای دروست کردووە، (ابوهريرة)دەستی پیاوێکی گرتبوو، ئینجا وتی: خواو پێغەمبەرەکەی راستیان فەرمووە، دووکەس ئەم پرسیارەیان لێکردووم ئەمەش سێیەمە ، یان وتی: یەکێك لێی پرسیم ئەمەش دووەمە..

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَزَالُونَ يَسْأَلُونَكَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ حَتَّى يَقُولُوا: هَذَا اللَّهُ، فَمَنْ خَلَقَ اللَّهَ)). قَالَ: فَبَيْنَا أَنَا فِي الْمَسْجِدِ إِذْ جَاءَنِي نَاسٌ مِنَ الْأَعْرَابِ، فَقَالُوا: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، هَذَا اللَّهُ خَلَقَنَا، فَمَنْ خَلَقَ اللَّهَ؟ قَالَ: فَأَخَذَ حَصًى بِكَفِّهِ فَرَمَاهُمْ بِهِ، ثُمَّ قَالَ: قُومُوا قُومُوا، صَدَقَ خَلِيلِي (ﷺ).

ـ (ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((بەردەوام پرسیارت لێ دەکەن ئەی(ابوهريرة)هەتا دەڵێن: (ئەوە خوایە، باشە کێ خوای دروست کردووە)). وتی: لەکاتێکا من لەمزگەوت بووم چەند ئەعرابیەك هاتن بۆلام وتیان : ئەی (اباهريره)، ئەوە خوا ئێمەی دروست کردووە، ئەی کێ خوای دروست کردووە؟ وتی: چنگی پڕکرد لەچەوو تێی گرتن، ئینجا وتی: هەستن، هەستن [بڕۆن] خۆشەویستەکەم(ﷺ) راستی فەرمووە.

(٧) لەبارەی ئیمان بەخواو بەردەوامی

١٨ـ عَنْ سُفْيَانَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الثَّقَفِيِّ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قُلْ لِي فِي الْإِسْلَامِ قَوْلًا لَا أَسْأَلُ عَنْهُ أَحَدًا بَعْدَكَ. وَفِي حَدِيثِ أَبِي أُسَامَةَ: غَيْرَكَ. قَالَ: ((قُلْ: آمَنْتُ بِاللَّهِ، فَاسْتَقِمْ)).

(سفيان)كوڕی(عبدالله الثقفي)(ﷺ)دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) شتێکم پێ بڵێ لەبارەی ئیسلامەوە کە دوای تۆ لەکەس نەپرسم . فەرمووی: ((بڵێ باوەڕم هێناوە بەخوا ئینجا ڕێگای ڕاست بگرەو بەردەوام بە لەسەری)).

(٨) بەڵگەکانی پێغەمبەرو(ﷺ) باوەڕهێنان پێی

١٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَا مِنَ الْأَنْبِيَاءِ مِنْ نَبِيٍّ إِلَّا قَدْ أُعْطِيَ مِنَ الْآيَاتِ مَا مِثْلُهُ آمَنَ عَلَيْهِ الْبَشَرُ، وَإِنَّمَا كَانَ الَّذِي أُوتِيتُ وَحْيًا أَوْحَى اللَّهُ إِلَيَّ، فَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَكْثَرَهُمْ تَابِعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [بخاري / فضائل القران/ كيف نزل الوحي /٤٦٩٦]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((لەپێغەمبەراندا هیچ پێغەمبەرێکیان نەبووە کە بەڵگەو سەراسیمەی وای پێنەبەخشرابێت کەوێنەی ئەوە خەڵك ئیمانی پێهێناوە ئەوەی منیش هێناومە(وحی)یە خوا ناردویەتە سەرم، خوازیارم لەهەموویان شوێن کەوتەم زیاتر بێت)).

٢٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَا يَسْمَعُ بِي أَحَدٌ مِنْ هَذِهِ الْأُمَّةِ، يَهُودِيٌّ، وَلَا نَصْرَانِيٌّ، ثُمَّ يَمُوتُ وَلَمْ يُؤْمِنْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ، إِلَّا كَانَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ)).

(ابوهريره)(ﷺ)دەڵێ: پێغەمبەر(فەرموویەتی: ((سوێند بەوەی گیانی موحەمەدی بەدەستە، کەسێك نییە لەم خەڵکەدا باجولەکەو گاوریش بن کەناوی منی بیستبێ‌و بمرێ‌و باوەڕی بەوەنەبێت کەبەمندا نێردراوە ئەوە دەبێ ببێ بەنیشتەجێی دۆزەخ)).

٢١ـ عَنْ صَالِحِ بْنِ صَالِحٍ الْهَمْدَانِيِّ، عَنِ الشَّعْبِيِّ قَالَ: رَأَيْتُ رَجُلًا مِنْ أَهْلِ خُرَاسَانَ، سَأَلَ الشَّعْبِيَّ فَقَالَ: يَا أَبَا عَمْرٍو، إِنَّ مَنْ قِبَلَنَا مِنْ أَهْلِ خُرَاسَانَ يَقُولُونَ فِي الرَّجُلِ إِذَا أَعْتَقَ أَمَتَهُ ثُمَّ تَزَوَّجَهَا: فَهُوَ كَالرَّاكِبِ بَدَنَتَهُ. فَقَالَ الشَّعْبِيُّ: حَدَّثَنِي أَبُو بُرْدَةَ بْنُ أَبِي مُوسَى عَنْ أَبِيهِ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((ثَلَاثَةٌ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُمْ مَرَّتَيْنِ: رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ آمَنَ بِنَبِيِّهِ وَأَدْرَكَ النَّبِيَّ (ﷺ)، فَآمَنَ بِهِ وَاتَّبَعَهُ

وَصَدَّقَهُ، فَلَهُ أَجْرَانِ. وَعَبْدٌ مَمْلُوكٌ أَدَّى حَقَّ اللَّهِ تَعَالَى، وَحَقَّ سَيِّدِهِ، فَلَهُ أَجْرَانِ. وَرَجُلٌ كَانَتْ لَهُ أَمَةٌ فَغَذَّاهَا فَأَحْسَنَ غِذَاءَهَا، ثُمَّ أَدَّبَهَا فَأَحْسَنَ أَدَبَهَا، ثُمَّ أَعْتَقَهَا وَتَزَوَّجَهَا، فَلَهُ أَجْرَانِ)). ثُمَّ قَالَ الشَّعْبِيُّ لِلْخُرَاسَانِيِّ: خُذْ هَذَا الْحَدِيثَ بِغَيْرِ شَيْءٍ، فَقَدْ كَانَ الرَّجُلُ يَرْحَلُ فِيمَا دُونَ هَذَا إِلَى الْمَدِينَةِ. ﴿بخاري / تعليم الرجل امته وأهله/٩٧﴾

(صالح بن صالح الهمدانی) دەڵێ: (شعبی) دەڵێ: پیاوێکی خەڵکی خۆراسانم دی، پرسیاری لە(شعبی) کردوو وتی: ئەی(ابوعمرو) خەڵکی خۆراسانی لای ئێمە هەندێکیان دەڵێن: ئەو پیاوەی کەنیزەکەکەی خۆی ئازاد بکات و پاشان خۆی مارەی بکات، وەکو ئەوە وایە کەوشترێك بکات بەخێرو بەڵام خۆی سواری ببێت ئینجا(شعبی)وتی: (ابوبردە)کوری (ابوموسی) لەزاری باوکیەوە بۆی گێرامەوە کە پێغەمبەریخوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((سێکەس دووجار پاداشت دەدرێنەوە: پیاوێکی(ئەهلی کیتاب) باوەڕی بەپێغەمبەرەکەی هێنابێ و گەیشتبێت بەپێغەمبەری ئیسلامیش(ﷺ) باوەڕی بەویش هێنابێت و شوێنی کەوتبێ و بەراستی زانیبێت دووپاداشتی هەیە. دووەمیش کۆیلەیەك مافی خوای گەورەی ئەنجام دابێت لەگەڵ مافی خاوەنەکەی، ئەمیش دووپاداشتی هەیە، سێیەمیش پیاوێك کەنیزەکێکی هەبووبێت و بەباشی ژیاندبێتی ئینجا بەباشی پەروەردەی کردبێت، دوای ئەوە ئازادی کردبێت و مارەی کردبێت[1]، ئەمیش دووپاداشتی هەیە. ئینجا (شعبی) بەکابرای خۆراسانی وت: پیاوی وا هەبووە بۆ کەمتر لەم فەرموودەیەش لێرەوە چووە بۆ مەدینە.

(٩) سێشت هەن لە هەرکەسدا هەبن شیرینی ئیمان دەچەژێت

٢٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((ثَلَاثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ بِهِنَّ حَلَاوَةَ الْإِيمَانِ: مَنْ كَانَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لَا يُحِبُّهُ إِلَّا

[1] لەو سەردەمەدا کەنیزەك باوبووە، بۆیە ئیسلام بەهەموو شێوەیەك هەوڵی نەهێشتنی داوەو ، بێگومان کەئازادکراو کەسی نەبوو بەخێوی بکات ئەگەر خۆی مارەیبکات ئەوا کارێکی زۆر باشی کردووە لەبەرژەوەندی ئەو.

لِلَّهِ، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ فِي الْكُفْرِ -بَعْدَ أَنْ أَنْقَذَهُ اللَّهُ مِنْهُ- كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ)). [بخاري / الايمان / حلاوة الايمان/ ١٦، ٢١]

(انس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەریخوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((سێ‌شت هەن هەر کەس تێیدابێت بەوسیانە شیرینی ئیمان بەدەست دەهێنێ، هەرکەس خواو پێغەمبەر(ﷺ)ی لەهەمووشت خۆشتر بووێت، هەروەها کەسێکی خۆشویست تەنها لەبەرخوا خۆشی بووێت، ئینجا پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ کوفر ــ دوای ئەوەی خوا رزگاری کرد لێی ــ وەکو چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ئاگرەوە).

٢٣-عَنْ أَنَسِ ابْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَلَدِهِ وَوَالِدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)).

(انس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (کەستان باوەڕی دامەزراوی نییە هەتا منی لەمنداڵەکانیو لەباوكو دایکیو لەهەموو خەڵکیش خۆشتر نەوێت).

٢٤-عَنْ أَنَسٍ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَا يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُحِبَّ لِجَارِهِ -أَوْ قَالَ: لِأَخِيهِ- مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)).

(انس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، هیچ بەندەیەك ئیمانی نابێت هەتا ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ دراوسێکەی . یافەرمووی بۆ براکەی پێی خۆش نەبێت)).واتە: (ئیمانی تەواو نیە).

(١٠) ئەوکەسەی قایل بێت بە پەروەردگاریتی خوا تامی باوەڕی چەشتووە

٢٥ـ عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((ذَاقَ طَعْمَ الْإِيمَانِ مَنْ رَضِيَ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا)).

(عباس) کوری(عبدالمطلب)(ﷺ)دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((تامی باوەڕی چەشتووە" ئەو کەسەی ڕازی بێت بەوەی کە خوا پەروەردگاری بێت، ئیسلام ئاینی بێت، محەمەد پێغەمبەری بێت)).

(١١) چوارشت هەن لەهەرکەسدا هەبن ئەوە مونافیقی تەواوە

٢٦ـعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَلَّةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَلَّةٌ مِنْ نِفَاقٍ حَتَّى يَدعَهَا: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا وعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ)). غَيْرَ أَنَّ فِي حَدِيثِ سُفْيَانَ: ((وَإِنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ)). [بخاري/ الايمان/ علامة المنافق/٣٤]

(عبدالله) کوری(عمرو)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((چوارشت هەرکەس تیایدابێت ئەوە مونافیقی تەواوە، هەرکەسیش یەکێکیانی تێدابێت ئەوە سیفەتێکی مونافیقی تێدایە، هەتا دەستی لێهەڵدەگرێت، هەرکات قسەی کرد درۆ بکات، هەرکات پەیمانیدا بیشکێنێت ئەگەر بەڵێنیدا سەرپێچی لێبکات، ئەگەر دژایەتی کەسێکی کرد لەهەق لابدات و ستەمی لێبکات)).

٢٧ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ)). [بخاري/ الايمان/ علامة المنافق/٣٣]

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((نیشانەی مونافیق سیانە: ئەگەر قسەی کرد درۆ بکات، ئەگەر بەڵێنیدا نەیباتە سەر، ئەگەر سپاردەی لادانرا خیانەتی لێبکات)).

(١٢) نموونەی ئیماندار وەکو کشتوکاڵ و نمونەی مونافیق و کافریش وەکو سنەوبەر وایە

٢٨ـعن كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِ كَمَثَلِ الْخَامَةِ مِنَ الزَّرْعِ تُفَيِّئُهَا الرِّيحُ، تَصْرَعُهَا مَرَّةً وَتَعْدِلُهَا أُخْرَى حَتَّى تَهِيجَ. وَمَثَلُ الْكَافِرِ كَمَثَلِ الْأَرْزَةِ الْمُجْذِيَةِ عَلَى أَصْلِهَا، لَا يُفِيئُهَا شَيْءٌ حَتَّى يَكُونَ انْجِعَافُهَا مَرَّةً وَاحِدَةً)). وفي الرواية: ((وتعدلُها مرةً، حتى يأتيَهُ أجلُهُ، و مَثَلُ المنافقِ الأرزَةِ المجذيةِ التي لا يصيبُها شيءٌ)). [بخاري/ المرضى/ ماجاء في كفارة المرض/٥٣١٩]

(کعب)کوری(مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((نموونەی ئیماندار وەکو رووەکێکی تەڕی تازە رووا وایە، بادەیلەرزێنێ، بەملاو بەولادا

لاری دەکاتەوە، جارێك زۆر لاری دەکاتەوە، جارێکیش بەرزی دەکاتەوە، هەتا وشك دەبێت. نمونەی کافریش وەکو سنەوبەرێك وایە لەسەر قەدەکەی راوەستاوە، هیچ شتێك نایجولێنی هەتا هەڵکەندنی بەیەکجاری)) لەریوایەتەتێکیشدا ((جارێکیش راستی دەکاتەوە، هەتا کۆتایی ژیانی دێت، نمونەی مونافقیش وەکو سنەوبەرێکی پتەو وایە هیچ شتێکی تووش نابێت)) [واتە: مونافیق تووشی دەردو بەلای دونیایی نابێت تابێتە کەفارەتی گوناهی].

(١٣) نموونەی موسلمان نمونەی دارخورمایە

٢٩ـعَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَخْبِرُونِي بِشَجَرَةٍ شِبْهِ -أَوْ: كَالرَّجُلِ- الْمُسْلِمِ، لَا يَتَحَاتُّ وَرَقُهَا، تُؤْتِي أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍ)). قَالَ ابْنُ عُمَرَ: فَوَقَعَ فِي نَفْسِي أَنَّهَا النَّخْلَةُ، وَرَأَيْتُ أَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ لَا يَتَكَلَّمَانِ، فَكَرِهْتُ أَنْ أَتَكَلَّمَ أَوْ أَقُولَ شَيْئًا، فَقَالَ عُمَرُ: لَأَنْ تَكُونَ قُلْتَهَا أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ كَذَا وَكَذَا. ﴿بخاري/ العلم / قول المحدث حدثنا /٦١﴾

(عبدالله) کوڕی(عمر)(ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بووین فەرمووی: ((ئاگادارم بکەن لەدرەختێك وێنەی موسڵمان بێت یا : وەکوپیاوێکی موسڵمان، کە گەڵاکانی ناوەرێت و هەموو کاتێك بەری خۆی دەدات)).

(ابن عمر) وتی: هات بەدڵما ئەوە دارخورمایە، (عمر)و(ابوبکر)م بینی قسەیان نەدەکرد، منیش پێم ناخۆش بوو قسەبکەم یاشتێك بڵێم عومەر وتی: ئەگەر بتوتایا ئەوەندەو ئەوەندەم لەلاخۆشتربوو.

(١٤) شەرم کردن بەشێکە لەئیمان

٣٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ -أَوْ: بِضْعٌ وَسِتُّونَ- شُعْبَةً، فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ، وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الْإِيمَانِ)). [بخاري/ الايمان/ امور الايمان/٩]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئیمان حەفتاو ئەوەندە ـ یا شەست و ئەوەندە ـ بەشە ، گەورەترینیان وتنی شایەتومانە، بچووکترینیان لابردنی کۆسپێکە لەسەر ڕێگایەك، شەرم و حەیا بەشێکە لەئیمان)).

٣١- عن أَبي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا عِنْدَ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ فِي رَهْطٍ، مِنَّا وَفِينَا بُشَيْرُ بْنُ كَعْبٍ، فَحَدَّثَنَا عِمْرَانُ يَوْمَئِذٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْحَيَاءُ خَيْرٌ كُلُّهُ. أَوْ قَالَ: الْحَيَاءُ كُلُّهُ خَيْرٌ)). فَقَالَ بُشَيْرُ بْنُ كَعْبٍ: إِنَّا لَنَجِدُ فِي بَعْضِ الْكُتُبِ -أَوِ الْحِكْمَةِ- أَنَّ مِنْهُ سَكِينَةً وَوَقَارًا لِلَّهِ تعالى، وَمِنْهُ ضَعْفٌ. قَالَ: فَغَضِبَ عِمْرَانُ حَتَّى احْمَرَّتَا عَيْنَاهُ، وَقَالَ: أَلَا أَرَانِي أُحَدِّثُكَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَتُعَارِضُ فِيهِ؟ قَالَ: فَأَعَادَ عِمْرَانُ الْحَدِيثَ، قَالَ: فَأَعَادَ بُشَيْرٌ، فَغَضِبَ عِمْرَانُ، فَمَا زِلْنَا نَقُولُ: إِنَّهُ مِنَّا يَا أَبَا نُجَيْدٍ، إِنَّهُ لَا بَأْسَ بِهِ. ﴿بخاري/ الادب/ المياه/٥٧٦٦﴾

(ابو قتادة)(ﷺ) دەڵێ: ئێمە کۆمەڵێك لای(عمران)کوڕی(حصین)بووین، (بشیر)کوڕی(کعب) یشمان لەناودابوو، •عمران)قسەی بۆکردین و وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((شەرم و حەیا خێرە هەمووی)) یا فەرمووی: (شەرم و حەیا هەمووی خێرە) ئینجا (بشیر)کوڕی (کەعب)وتی: ئێمە لەهەندێ کتێبدا یاحیکمەتدا . دەبینین، شەرم بەشێکی ئارامیی و لەسەرخۆییەو ڕێزگرتنە لەخوای گەورە، هەندێکیشی لاوازییە، دەڵێ: عمران تووڕەبوو هەتا چاوەکانی سووڕهەڵگەڕان وتی: ئایا نابینی‌من لە پێغەمبەری خواوە بۆت دەگێڕمەوە کەچی تۆ نارەزایی تیادەردەبڕێت؟ دەڵێ: (عمران) فەرموودەکەی دووبارەکردەوە، وتی: (بشیر)یش قسەکەی خۆی دووبارەکردەوە، ئینجا (عمران) تووڕە بوو، ئێمەش بەبەردەوامی دەمانوت: ئەی(ابو نجید) ئەویش لەئێمەیەو پیاوێکی خراپ نییە.

(١٥) دراوسێتی چاك و ڕێزی میوان بەشێکە لەباوەڕ

٣٢- عَنْ أَبِي شُرَيْحٍ الْخُزَاعِيِّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُحْسِنْ إِلَى جَارِهِ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَسْكُتْ)). ﴿بخاري/ الادب/ من كان يؤمن بالله واليوم الاخر / ٥٦٧٣﴾

(ابو شریح الخزاعی) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە، با چاك بێت لەگەڵ دراوسێکەی، هەرکەس باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانەکەی بگرێت، هەرکەس باوەڕی بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە با چاك بڵێت یان بێدەنگ بێت)).

(١٦) هەرکەس دراوسێکەی لەشەڕو خراپەی ئەمین نەبێت ناچێتە بەهەشت

٣٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ لَا يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ)). [بخاري/ الادب/ اثم من لامن جاره /٥٦٧٠]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ناچێتە بەهەشت ئەوەی دراوسێکەی لەشەڕو خراپەی ئەمین نەبێت)).

(١٧) گۆڕینی خراپە بەدەست و بەزمان و بەدڵ بەشێکە لەئیمان

٣٤- عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ قَالَ: أَوَّلُ مَنْ بَدَأَ بِالْخُطْبَةِ يَوْمَ الْعِيدِ قَبْلَ الصَّلَاةِ مَرْوَانُ، فَقَامَ إِلَيْهِ رَجُلٌ فَقَالَ: الصَّلَاةُ قَبْلَ الْخُطْبَةِ. فَقَالَ: قَدْ تُرِكَ مَا هُنَالِكَ، فَقَالَ أَبُو سَعِيدٍ: أَمَّا هَذَا فَقَدْ قَضَى مَا عَلَيْهِ، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ)).

(طارق)کوری(شهاب) دەڵێ: یەکەم کەس لەرۆژی جەژنا لەپێش نوێژدا دەستی کرد بە وتار خوێندنەوە مەروان بوو، پیاوێك هەستاو وتی: نوێژ لەپێش وتارەوەیە، وتی: ئەو سوننەتە وازی لێهێنراوە (ابو سعيد) وتی: بەڵام ئەم پیاوە ئەوەی لەسەری بوو گەیاندی بیستوومە لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس لەئێوە خراپەیەکی دی بابەدەست بیگۆڕێت ئەگەر نەیتوانی بەزمانی، ئەگەر نەیتوانی بەدڵی، ئەوەش لاوازترین ئیمانە)).

٣٥- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَا مِنْ نَبِيٍّ بَعَثَهُ اللَّهُ فِي أُمَّةٍ قَبْلِي إِلَّا كَانَ لَهُ مِنْ أُمَّتِهِ حَوَارِيُّونَ وَأَصْحَابٌ، يَأْخُذُونَ بِسُنَّتِهِ وَيَقْتَدُونَ بِأَمْرِهِ، ثُمَّ إِنَّهَا تَخْلُفُ مِنْ بَعْدِهِمْ خُلُوفٌ يَقُولُونَ مَا لَا يَفْعَلُونَ، وَيَفْعَلُونَ مَا لَا يُؤْمَرُونَ، فَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِيَدِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِلِسَانِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَمَنْ جَاهَدَهُمْ بِقَلْبِهِ فَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَيْسَ وَرَاءَ ذَلِكَ مِنَ الْإِيمَانِ حَبَّةُ خَرْدَلٍ)). قَالَ أَبُو رَافِعٍ: فَحَدَّثْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ فَأَنْكَرَهُ عَلَيَّ، فَقَدِمَ ابْنُ مَسْعُودٍ فَنَزَلَ بِقَنَاةَ، فَاسْتَتْبَعَنِي إِلَيْهِ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ (ﷺ) يَعُودُهُ، فَانْطَلَقْتُ مَعَهُ، فَلَمَّا جَلَسْنَا سَأَلْتُ ابْنَ مَسْعُودٍ عَنْ هَذَا الْحَدِيثِ، فَحَدَّثَنِيهِ كَمَا حَدَّثْتُهُ ابْنَ عُمَرَ.

(عبدالله) کوری (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((پێغەمبەر نییە کەخوای گەورە ناردبێتی بۆناو گەلێکی لەپێش مندا کەلەناو

ئەوگەلەدا حەواریو هاوەڵی نەبێت، سوننەتەکانیان جێبەجێکردووەو شوێن فەرمانەکانی کەوتوون، ئینجا دوای ئەمان خەڵکانێك شوێنیان کەوتوون، ئەوەی دەیڵێن نایکەن بەکردەوە، کردەوەگەلێکیش دەکەن کەفەرمانیان پێنەکراوە، هەرکەس بەرگرییان بکات بەدەست ئەوە ئیماندارە، هەرکەس بەرگرییان بکات بەزمان ئەوە ئیماندارە، هەرکەسیش بەرگرییان بکات بەدڵ ئەویش ئیماندارە، ئیتر لەدوای ئەوە بەقەد دەنکە خەرتەلەیەك ئیمان نابێت (ابو رافع)وتی: ئەمەم بۆ (عبدالله) کوڕی(عمر) گێڕایەوە ئینکاری کرد، ئینجا (ابن مسعود)هات لەقەنات دابەزی(عبدالله)کوڕی(عمر) (ﷺ) شوێن خۆی خستمو بردمی بۆ سەردانی منیش لەگەڵیا ڕۆیشتم ،کاتێ دانیشتین لەبارەی ئەم فەرموودەیەوە لە(ابن مسعود)م پرسی ئەویش بۆی گێڕاینەوە وەکو من بۆ (عمر)م گێڕایەوە.

(١٨) عەلی خۆشناوێ ئیماندار نەبی ، ڕقیشی لێی نییە مونافیق نەبێ

٣٦ـعَنْ زِرّ بن حُبَيش (ﷺ) قَالَ: قَالَ عَلِيٌّ بن أبي طالب (ﷺ): وَالَّذِي فَلَقَ الْحَبَّةَ وَبَرَأَ النَّسَمَةَ، إِنَّهُ لَعَهْدُ النَّبِيِّ الْأُمِّيِّ (ﷺ) إِلَيَّ: أَنْ لَا يُحِبَّنِي إِلَّا مُؤْمِنٌ وَلَا يُبْغِضَنِي إِلَّا مُنَافِقٌ.

(زر)کوڕی(حبیش)(ﷺ) دەڵێ: علی کوڕی ابیطالب (ﷺ) وتی: سوێند بەوەی تۆوی تەقاندووەو، گیانی کردە بەر هەموو گیانلەبەرێك، ئەوە پەیمانی پێغەمبەری(ﷺ) نەخوێندەوارە بۆ من: کەس منی خۆشناوێت ئیماندار نەبێت ڕقیشی لێم نییە مونافیق نەبێ.

(١٩) خۆشەویستی (انصار) نیشانەی ئیمانە، ڕق لێبوونیشیان دووروویییە

٣٧ـ عن الْبَرَاءَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ فِي الْأَنْصَارِ: ((لَا يُحِبُّهُمْ إِلَّا مُؤْمِنٌ. وَلَا يُبْغِضُهُمْ إِلَّا مُنَافِقٌ. مَنْ أَحَبَّهُمْ أَحَبَّهُ اللَّهُ، وَمَنْ أَبْغَضَهُمْ أَبْغَضَهُ اللَّهُ)).

(البراء)(ﷺ)دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبارەی (انصار)ەوە فەرموویەتی: (خۆشی ناوێن جگە لەئیماندار ، ڕقیشی لێیان نییە جگە لەدووڕوو، هەرکەس خۆشی بووێن خوا خۆشی دەوێت، هەرکەسیش ڕقی لێیان بێت خوا ڕقی لێیەتی).

(٢٠) ئیمان پەنا دەباتەوە بۆ مەدینە

٣٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْإِيمَانَ لَيَأْرِزُ إِلَى الْمَدِينَةِ كَمَا تَأْرِزُ الْحَيَّةُ إِلَى جُحْرِهَا)).

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: بیستم لەپێغەمبەری، خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لەراستیدا ئیمان پەنا دەباتەوە بۆ مەدینە هەروەکو مار پەنا بۆ کونەکەی خۆی دەباتەوە).

(٢١) ئیمان و حیکمەت یەمەنین

٣٩ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((جَاءَ أَهْلُ الْيَمَنِ، هُمْ أَرَقُّ أَفْئِدَةً، وَأَضْعَفُ قُلُوبًا، الْإِيمَانُ يَمَانٍ، وَالْحِكْمَةُ يَمَانِيَةٌ. السَّكِينَةُ فِي أَهْلِ الْغَنَمِ، الْفَخْرُ وَالْخُيَلَاءُ فِي الْفَدَّادِينَ أَهْلِ الْوَبَرِ، قِبَلَ مَطْلِعِ الشَّمْسِ)).

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: بیستم لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (خەڵکی یەمەن هاتن کەخەڵکێکی دڵناسک و دڵنەرمن، ئیمان لەناو خەڵکی یەمەندا دامەزراوە حیکمەتیش یەمەنیە، ئارامی و بێفیزی لای مەڕدارەکانە، شانازیو خۆبەزلزانین لای دەنگ زلە خاوەن وشترەکانە ئەوانەی لەلای خۆر هەڵاتەوەن).

٤٠ـ عن جابِرِ بن عبدالله (ﷺ) قال: قال رسول الله (ﷺ): ((غِلَظُ القلوبِ و الجفاءُ في المشرقِ، و الإيمانُ في أهلِ الحجازِ)).

(جابر کوری(عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (دڵرەقی ووشکی لەخۆرهەڵاتەو، باوەڕیش لای خەڵکی حیجازە).

(٢٢) ئەوەی ئیمان نەهێنێ کرداری باش سوودی پێناگەیێنێ

٤١ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ابْنُ جُدْعَانَ كَانَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ يَصِلُ الرَّحِمَ، وَيُطْعِمُ الْمِسْكِينَ، فَهَلْ ذَاكَ نَافِعُهُ؟ قَالَ: ((لَا يَنْفَعُهُ، إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا: رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ)).

(عائشە)(ﷺ) دەڵێ: وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ابن جدعان) لەسەردەمی نەفامیدا سەردانی کەسوکاری خۆی دەکرد، خواردنی دەدا بەهەژاران، ئایا ئەوە سوودی هەبووە بۆی؟ فەرمووی: (نەخێر ،سوودی پێ ناگەیێنێ، چونکە ئەو رۆژێك لەرۆژان نەیوتووە: خوایە لەگوناهەکانم خۆش ببە لەرۆژی قیامەتدا).

(٢٣) ناچنە بەهەشت تا ئیمان نەهێنن

٤٢ ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ)).

(ابوهريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ناچنە بەهەشت هەتا ئیمان نەهێنن، ئیمانیش ناهێنن، هەتا یەکترتان خۆش نەوێت، ئایا شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر بیکەن یەکترتان خۆشدەوێت؟ سەلام لەیەکتری زۆربکەن)).

(٢٤) زیناکەر لەکاتی زینادا ئیمانی نییە

٤٣ ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَزْنِي الزَّانِي حِينَ يَزْنِي وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَسْرِقُ السَّارِقُ حِينَ يَسْرِقُ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، وَلَا يَشْرَبُ الْخَمْرَ حِينَ يَشْرَبُهَا وَهُوَ مؤمنٌ)). وكَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ يُلْحِقُ مَعَهُنَّ: ((وَلَا يَنْتَهِبُ نُهْبَةً ذَاتَ شَرَفٍ يَرْفَعُ النَّاسُ إِلَيْهِ فِيهَا أَبْصَارَهُمْ حِينَ يَنْتَهِبُهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ)). وَفِي حَدِيثِ هَمَّامٍ: ((يَرْفَعُ إِلَيْهِ الْمُؤْمِنُونَ أَعْيُنَهُمْ فِيهَا وَهُوَ حِينَ يَنْتَهِبُهَا مُؤْمِنٌ)) وَزَادَ: ((وَلَا يَغُلُّ أَحَدُكُمْ حِينَ يَغُلُّ وَهُوَ مُؤْمِنٌ، فَإِيَّاكُمْ إِيَّاكُمْ)).

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((زیناکەر لەکاتێکدا کەزینادەکات ئیمانی نییە، دزیش لەکاتی دزیکردنەکەیدا ئیمانی نییە، ئارەق خۆریش لەکاتی ئارەق خواردنەوەکەیدا ئیمانی نییە ، جەردەش لەکاتێکا شتێکی گرانبەها کە خەڵك چاوی تێ بڕیبێ، تالآن بکات ئیمانی نییە) (ابوهريره) لەریوایەتی(همام)یشدا ئەمەی زیادکردووە: خیانەتکاریشتان لەکاتی خیانەت کردنەکەیدا ئیمانی نییە، کەواتە:وریای خۆتان بن، وریای خۆتان بن)).

(٢٥) ئیماندار دووجار لەیەك کونەوە ناگەزرێت

٤٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: (ئیماندار لەیەك کونەوە دووجار ناگەزرێت).

(٢٦) وەسوەسە لەئیماندا

٤٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) الى النبي (ﷺ) فَسَأَلُوهُ: إِنَّا نَجِدُ فِي أَنْفُسِنَا مَا يَتَعَاظَمُ أَحَدُنَا أَنْ يَتَكَلَّمَ بِهِ. قَالَ: ((وَقَدْ وَجَدْتُمُوهُ)). قَالُوا: نَعَمْ، قَالَ: ذَاكَ صَرِيحُ الْإِيمَانِ)).

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: کەسانێك لەهاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) هاتن بۆخزمەتی و پرسیاریان لێکرد: ئێمە شتانێك دێت بەدڵماندا دەربڕینی زۆر قورسە لەلامان، فەرمووی: بەراستی ئەمەتان تووش هاتووە؟ وتیان: بەڵێ: فەرمووی : دە ئەوە ئیمانی پاکە.

(٢٧) گەورەترین گوناە هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە

٤٦- عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي بَكْرَةَ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللّٰه (ﷺ) فَقَالَ: ((أَلَا أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ -ثَلَاثًا-: الْإِشْرَاكُ بِاللّٰه، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ، وَشَهَادَةُ الزُّورِ. أَوْ: قَوْلُ الزُّورِ)). وَكَانَ رَسُولُ اللّٰه (ﷺ) مُتَّكِئًا فَجَلَسَ، فَمَا زَالَ يُكَرِّرُهَا حَتَّى قُلْنَا: لَيْتَهُ سَكَتَ. [بخاري/ الشهادات/ ماقيل في شهادة الزور/ ٢٥١١]

(عبدالرحمن)کوڕی(ابی بکره) دەڵێ: باوکم وتی: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بووین، فەرمووی: ئایا ئاگادارتان نەکەم لەگەورەترین گوناهە گەورەکان، سێجار ئەمەی فەرموو ئینجا فەرمووی: ((هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان، ئازاردانی دڵی دایك و باوك، شایەتیدانی دۆرو ناهەق یان وتەی درۆو ناهەق)). لەوکاتەدا پێغەمبەر(ﷺ) پاڵی دابووەوە ئینجا دانیشت بەردەوام ئەمەی دوایی دووپات دەکردەوە، هەتا وتمان: خۆزگە بێدەنگ دەبوو.

٤٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: ((اجْتَنِبُوا السَّبْعَ الْمُوبِقَاتِ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللّٰه وَمَا هُنَّ؟ قَالَ: ((الشِّرْكُ بِاللّٰه، وَالسِّحْرُ، وَقَتْلُ النَّفْسِ الَّتِي حَرَّمَ اللّٰهُ إِلَّا بِالْحَقِّ، وَأَكْلُ الرِّبَا، وَأَكْلُ مَالِ الْيَتِيمِ، وَالتَّوَلِّي يَوْمَ الزَّحْفِ، وَقَذْفُ الْمُحْصَنَاتِ الْغَافِلَاتِ الْمُؤْمِنَاتِ)). [بخاري / الوصايا / ان الذين ياكلون اموال اليتامى /٢٦١٥]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(فەرموویەتی: ((دووربکەونەوە لەوحەوت گوناهەی کەئادەمیزاد تیادەبەن)) وتیان: ئەوانە چین ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان، جادوو، کوشتنی ئادەمیزاد کەخوا حەرامی کردووە، مەگەر بەهەقی خۆی، سوو خواردن، خواردنی ماڵی هەتیوو، پشت هەڵکردن لەرۆژی جەنگی کافراندا، بوختان کردن بۆ ئافرەتانی باوەڕداری بێئاگای پاکداوێن)).

(٢٨) لەدوای من مەبنەوە بەکافرو هەندێکتان لەگەردنی هەندێکتان بدەن

٤٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ: ((وَيْحَكُمْ -أَوْ قَالَ: وَيْلَكُمْ- لَا تَرْجِعُوا بَعْدِي كُفَّارًا، يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ)).

(عبدالله) کوری(عمر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەحەجیماڵئاواییدا فەرمووی: کۆستان کەوێت،، لەدوای من مەبنەوە بەکافرو هەندێکتان بدەن لەگەردنی هەندێکتان).

(٢٩) لادان لەرشتەی باوك كوفرە

٤٩ـ عَنْ أَبِي عُثْمَانَ قَالَ: لَمَّا ادُّعِيَ زِيَادٌ لَقِيتُ أَبَا بَكْرَةَ (ﷺ)، فَقُلْتُ لَهُ: مَا هَذَا الَّذِي صَنَعْتُمْ؟ إِنِّي سَمِعْتُ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ يَقُولُ: سَمِعَ أُذُنَايَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يَقُولُ: ((مَنِ ادَّعَى أَبًا فِي الْإِسْلَامِ غَيْرَ أَبِيهِ، يَعْلَمُ أَنَّهُ غَيْرُ أَبِيهِ، فَالْجَنَّةُ عَلَيْهِ حَرَامٌ)). فَقَالَ أَبُو بَكْرَةَ: وَأَنَا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).[بخاري/ الفرائق /من ادعى الى غير ابيه/٦٣٨٥]

(ابو عثمان)دەڵێ: کاتێ(زیاد) یان کرد بەکوڕی پیاوێك کەباوکی خۆی نەبوو، بە(ابوبکرە)گەیشتم(ﷺ) پێموت: ئەو کارە چییە کردووتانە؟ من لە(سعد)کوری(ابی وقاص)م بیستووە دەیوت: بەم دوو گوێیەم لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((هەرکەس لەئیسلامدا جگە لەباوکی خۆی باوکێکیتر بۆ خۆی دابنێ، بیشزانێ کەباوکی نییە، ئەوە بەهەشت حەرامە لێی).ابوبکرە وتی: منیش [ئەوەم] لەپێغەمبەر(ﷺ) بیستووە.

(٣٠) ئەوەی بەبراکەی بڵێ کافر

٥٠ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَيْسَ مِنْ رَجُلٍ ادَّعَى لِغَيْرِ أَبِيهِ وَهُوَ يَعْلَمُهُ إِلَّا كَفَرَ، وَمَنِ ادَّعَى مَا لَيْسَ لَهُ فَلَيْسَ مِنَّا، وَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ. وَمَنْ دَعَا رَجُلًا بِالْكُفْرِ أَوْ قَالَ: عَدُوَّ اللَّهِ، وَلَيْسَ كَذَلِكَ، إِلَّا حَارَ عَلَيْهِ)). [بخاري/ المناقب/ نسبة اليمين الى اسماعيل/٣٣١٧]

(ابوذر)(ﷺ)دەڵێ: لەپێغەمبەری خوای(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((هەرکەسێك بەناوی جگە لەباوکیەوە ناوی خۆی بنێت بیشزانێت، ئەوە کافر دەبێت، هەرکەسیش خۆی بەخاوەنی شتێك بزانێت کەهی خۆی نەبێت، ئەوە

لەئێمە نییە، باجێی خۆی لەناو ئاگردا خۆش بکات، هەرکەسیش پیاوێك بەکافر بانگ بکات، پێی بڵێ : دوشمنی خوا، وایش نەبێت، ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە).

٥١ـ عن عَبْدُ اللَّه بن مسعود (ﷺ) قَالَ: رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّه، أَيُّ الذَّنْبِ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّه؟ قَالَ: ((أَنْ تَدْعُوَ لِلَّه نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ)). قَالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ((أَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ مَخَافَةَ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ)). قَالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ((أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ)). فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ تَصْدِيقَهَا: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّه إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا﴾. ﴿الفرقان:﴾

[اقتران/ النيرين/ بخاري/ ١٤٨/٢٨٠ ب ١ ل٤٠٤]

(عبدالله)کوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کام گوناهە لای خوا گەورەترین گوناهە؟ فەرمووی: ((ئەوەیە هاوەڵ بۆ خوا دابنێی کە ئەو دروستی کردووی)) وتی: ئینجا چیتر؟ فەرمووی: ((ئەوەیەکە منداڵەکەت بکوژیت لەترسی ئەوەی لەگەڵتا دەخوات [واتە لەترسی بەخێوکردنی]، وتی:ئینجا چیتر؟ فەرمووی: (ئەوەیە دەست درێژی بەدڕەوشتی بکەیتە سەر خێزانی دراوسێت)) خوای گەورەش بۆ بەڕاستگێڕانی قسەکانی پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە: ﴿والذين لايدعون مع الله الهاً اخر ولايقتلون النفس التي حرم الله الا بالحق ولايزنون ومن يفعل ذلك يلق اثاماً﴾ ﴿الفرقان:٦٨﴾.

واتە: ئەوانەی جۆرە خوایەکیتر لەگەڵ خوادا ناپەرستن، کەسێکیش ناکوژن کەخوا کوشتنی حەرام کردووە مەگەر بەهەق و ڕەوا، زیناش ناکەن، ئەوەی ئەو جۆرەکارە خراپانە ئەنجام بدات ئەواتووشی سزادەبێت.

(٣١) کەسێك بمرێ و شەریکی بۆ خوا دانەنابێ دەچێتە بەهەشت

٥٢ـ عَنْ جَابِرِ بن عبدالله (ﷺ) قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّه، مَا الْمُوجِبَتَانِ؟ قَالَ: ((مَنْ مَاتَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّه شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ، وَمَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللَّه شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ)).

(جابر)کوڕی(عبدالله)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو دوو سیفەتەی مرۆڤ شایانی بەهەشت و دۆزەخ دەکەن چین؟ فەرمووی: هەرکەس مردو هیچ شتێکی نەکردبێ بەهاوەڵ بۆ خوا

دەچێتە بەهەشت، هەرکەسیش مرد شتێکی کردبێ بەهاوەڵ بۆ خوا دەچێتە ئاگرەوە).

٥٣- عن أَبِي الْأَسْوَدِ الدِّيلِيِّ: أَنَّ أَبَا ذَرٍّ (ﷺ) حدَّثه انه قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) وَهُوَ نَائِمٌ، عَلَيْهِ ثَوْبٌ أَبْيَضُ، ثُمَّ أَتَيْتُهُ فَإِذَا هُوَ نَائِمٌ، ثُمَّ أَتَيْتُهُ وَقَدِ اسْتَيْقَظَ، فَجَلَسْتُ إِلَيْهِ، فَقَالَ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، ثُمَّ مَاتَ عَلَى ذَلِكَ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ)). قُلْتُ: وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟ قَالَ: ((وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ)) قُلْتُ: وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟ قَالَ: ((وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ)). ثَلَاثًا، ثُمَّ قَالَ فِي الرَّابِعَةِ: ((عَلَى رَغْمِ أَنْفِ أَبِي ذَرٍّ)). قَالَ: فَخَرَجَ أَبُو ذَرٍ وَهُوَ يَقُولُ: وَإِنْ رَغِمَ أَنْفُ أَبِي ذَرٍّ. [بخاري/ الجنائز/ في الجنائز/١١٨٠]

(ابو اسود الديلى)دەڵێ: (ابو ذر)بۆی گێڕاوەتەوە وتوویەتی: چوومە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) نوستبوو، سەرچەفێکی سپی بەسەرەوە بوو، جارێکیتر هاتمەوە هەرنوستبوو، پاشان جارێکیتر هاتمەوە خزمەتی هەستابوو،لەخزمەتیا دانیشتم، فەرمووی: ((هەر بەندەیەك (لا الە الا الله)ی وتبێ و لەسەر ئەوە مردبێت، دەچێتە بەهەشتەوە)). وتم: ئەگەر داوێن پیسی و دزیشی کردبێت؟) فەرمووی: ((ئەگەر داوێن پیسی و دزیشی کردبێت)). وتم: ئەگەر داوێن پیسی و دزیشی کردبێت؟ سێجار فەرمووی: ((با داوێن پیسی و دزیشی کردبێت) ئینجا لەچوارەم جاردا فەرمووی: (بالووتی ئەبوذریش بدات لەخۆڵ)، دەڵێ (ابو ذر)هاتە دەرەوەو لەبەرخۆیەوە هەر دەیوت: بالوتی ئەبوذریش بدات لەخۆڵ.

(٣٢) ناچێتە بەهەشت ئەوەی بەقەد گەردێك خۆبەزلزانینی تێدابێت

٥٤- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ)). قَالَ رَجُلٌ: إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا، وَنَعْلُهُ حَسَنَةً؟ قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ، الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ وَغَمْطُ النَّاسِ)).

(عبدالله)کوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ناچێتە بەهەشت ئەوەی بەقەد گەردێك خۆبەزلزانینی تێدابێت))، پیاوێك وتی: پیاوێ حەزدەکات جلوبەرگەکەی جوان بێت، نەعلەکانی جوان بێت؟ فەرمووی: ((خوا

جوانەو جوانی خۆش دەوێت، خۆبەزلزانین بریتییە لەڕەتکردنەوەی هەق و ڕاستی و بەسووك سەیركردنی خەڵكی)).

(٣٣) تەشەردان لەڕەچەڵەك و شین و شەپۆڕ لەكوفرە

٥٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اثْنَتَانِ فِي النَّاسِ هُمَا بِهِمْ كُفْرٌ: الطَّعْنُ فِي النَّسَبِ، وَالنِّيَاحَةُ عَلَى الْمَيِّتِ)).

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (دوو جۆر لەخەڵكی كوفریان تێدایە، تانەو تەشەردان لەڕەچەڵەك و شین و شەپۆڕ لەسەر مردوو).

(٣٤) ئەوەی دەڵێ بەهۆی كەشوهەواوە بارا نمان بۆ باری كافرە

٥٦- عَنْ زَيْدِ ابْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ فِي إِثْرِ السَّمَاءِ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: ((هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ رَبُّكُمْ)). قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((قَالَ: أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ: فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي كَافِرٌ بِالْكَوْكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ مُطِرْنَا بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا، فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي مُؤْمِنٌ بِالْكَوْكَبِ)). [بخاري/ صفة الصلاة/ يستقبل الامام الناس/٨١٠]

(زيد) كوڕی(خالد الجهنی)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی بەیانیی بۆ كردین لەحودەیبیە لەدوای باران بارین، كاتێ سەلامیدایەوە ڕوویكردە خەڵكەكەو فەرمووی: ((ئایا دەزانن پەروەردگارتان چی فەرمووە)) وتیان: خواو پێغەمبەرەكەی(ﷺ) زاناترن، فەرمووی: ((فەرمویەتی: بەندەكانم هەیانە بڕوای پێمە، هەشیانە كافرە، ئەوانەی كە دەڵێن: خوای گەورە بەبەزەیی خۆی بارانی بۆ بارانین، ئەوە باوەڕی بەمن هەیەو كافرە بەئەستێرە، بەڵام ئەوانەی كەدەڵێن: بەهۆی جووڵەی ئەستێرەكانەوە بارانمان بۆ باری ئەوە باوەڕی بەخوا نییەو باوەڕی بەئەستێرە هەیە)

(٣٥) پشتیوانم خواو باوەڕدارە چاكەكانن

٥٧- عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) جِهَارًا غَيْرَ سِرٍّ يَقُولُ: ((أَلَا إِنَّ آلَ أَبِي -يَعْنِي فُلَانًا- لَيْسُوا لِي بِأَوْلِيَاءَ، إِنَّمَا وَلِيِّيَ اللَّهُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ)).

(عمرو) کوڕی(عاص) (ﷺ) دەڵێ: لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە، بەئاشکرا نەك بەنهێنی، دەیفەرموو: ((بابزانن کەسوکاری باوکم پشتیوان و هاوکاری من نین، بەڵکو پشتیوانم خواو باوەڕدارە چاکەکانن)).

(٣٦) پاداشتی چاکەی ئیماندار لەدنیاو لەقیامەتیشدایە بەلام کافر هەر لەدنیادایە

٥٨ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ لَا يَظْلِمُ مُؤْمِنًا حَسَنَةً يُعْطَى بِهَا فِي الدُّنْيَا، وَيُجْزَى بِهَا فِي الْآخِرَةِ. وَأَمَّا الْكَافِرُ: فَيُطْعَمُ بِحَسَنَاتِ مَا عَمِلَ بِهَا لِلَّهِ فِي الدُّنْيَا، حَتَّى إِذَا أَفْضَى إِلَى الْآخِرَةِ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَةٌ يُجْزَى بِهَا)).

(انس) کوڕی(مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا ستەم لەئیمانداران ناکات و لەپاداشتی چاکەدا لەدنیاشداو لەقیامەتیشدا پاداشتیان دەداتەوە، بەلام کافر پاداشتی ئەو کارانەی ﴿بەخەیاڵی خۆی﴾بۆ خوا کردوویەتی هەر لەدنیادا دەدرێتەوە، بۆ ئەوەی کەگەیشتە قیامەت هیچ چاکەیەکی نەمێنێ کەلەوێ پاداشتی بدرێتەوە.

(٣٧) ئیسلام چییە؟ روونکردنەوەی نیشانەکانی

٥٩ـ عن طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ (ﷺ) قال: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ، ثَائِرُ الرَّأْسِ، نَسْمَعُ دَوِيَّ صَوْتِهِ وَلَا نَفْقَهُ مَا يَقُولُ، حَتَّى دَنَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنِ الْإِسْلَامِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ)). فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُنَّ؟ قَالَ: ((لَا، إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ، وَصِيَامُ شَهْرِ رَمَضَانَ)). قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ فَقَالَ: ((لَا، إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ)). وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الزَّكَاةَ، فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا؟ قَالَ: ((لَا، إِلَّا أَنْ تَطَّوَّعَ)). قَالَ: فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ: وَاللَّهِ لَا أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلَا أَنْقُصُ مِنْهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ : ((أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ)). وفي روايةٍ قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ : ((أَفْلَحَ -وَأَبِيهِ- إِنْ صَدَقَ. أَوْ: دَخَلَ الْجَنَّةَ -وَأَبِيهِ- إِنْ صَدَقَ)). ﴿بخاري/ الايمان/ الزكاة في الاسلام/٤٦﴾

(طلحة)کوڕی(عبدالله)(ﷺ)دەڵێ: پیاوێکی خەڵکی نەجد هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) قژی ئاڵۆزکابوو، گوێمان لەبۆڵەبۆڵی بوو بەلام نەماندەزانی چی دەڵێت، هەتا نزیك بوویەوە لەپێغەمبەر(ﷺ) تومەس دەیەوێ پرسیاری لێبکات لەبارەی ئیسلامەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((پێنج نوێژ لەشەوورۆژێکدا))

وتی: ئەی بێجگە لەوپێنجە هیچی ترم لەسەرە؟ فەرمووی: ((نەخێر، مەگەر خۆت خۆبەخشانە بیکەیت، هەروەها ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان)) وتی: ئایا جگەلەو [مانگەم]لەسەرە؟ فەرمووی: ((نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە بیکەیت)) ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) ناوی زەکاتیشی هێنا، پیاوەکە وتی: ئایا لەوەزیاترم لەسەرە؟ فەرمووی: ((نەخێر، مەگەر خۆبەخشانە بیدەیت)) ئینجا پیاوەکە گەڕایەوەو لەبەرخۆیەوە دەیووت: سوێند بەخوا نەلەوە زیاد دەکەمو نەلێشی کەمدەکەمەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر ڕاست بکات ڕزگاری ئەبێت)).

(٣٨) ئیسلام لەسەر پێنج شت بنیات نراوە

٦٠ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ: عَلَى أَنْ يُوَحَّدَ اللَّهُ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَصِيَامِ رَمَضَانَ، وَالْحَجِّ)). فَقَالَ رَجُلٌ: الْحَجُّ وَصِيَامُ رَمَضَانَ؟ فقَالَ: لَا، صِيَامُ رَمَضَانَ وَالْحَجُّ، هَكَذَا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ))). ﴿بخاري/ الايمان/ وقول النبي (ﷺ) بني/ .../٨﴾

(ابن عمر)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئیسلام لەسەر پێنج شت بنیات نراوە: خوا بەیەك بناسیت، نوێژ بکەیت، زەکات بدەیت، ڕۆژووی ڕەمەزان بگریت، حەج بکەیت)) پیاوێك وتی: حەج و ڕۆژووی ڕەمەزان؟ لەوەڵامدا وتی: نەخێر، ڕۆژووی ڕەمەزان و حەج، بەم شێوەیە لەپێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە.

(٣٩) لەئیسلامدا چی خێرە؟

٦١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): أَيُّ الْإِسْلَامِ خَيْرٌ؟ قَالَ: ((تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ)). [بخاري/ الايمان/ اطعام الطعام/١٢]

(عبدالله) کوڕی(عمرو)(رضي الله عنه) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری لەپێغەمبەر(ﷺ) کرد، وتی: لەئیسلامدا چی خێرە؟ فەرمووی: ((خۆراك ببەخشیت و سەلام بکەیت لەوەی دەیناسیت و لەوەش کەنایناسیت)).

(٤٠) ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە، حەج و کۆچیش هەروەها

٦٢ـ عَنِ ابْنِ شِمَاسَةَ الْمَهْرِيِّ قَالَ: حَضَرْنَا عَمْرَو بْنَ الْعَاصِ (رضي الله عنه) وَهُوَ فِي سِيَاقَةِ الْمَوْتِ، فَبَكَى طَوِيلًا، وَحَوَّلَ وَجْهَهُ إِلَى الْجِدَارِ، فَجَعَلَ ابْنُهُ يَقُولُ: يَا أَبَتَاهُ،

أَمَا بَشَّرَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِكَذَا؟ أَمَا بَشَّرَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِكَذَا؟ قَالَ: فَأَقْبَلَ بِوَجْهِهِ فَقَالَ: إِنَّ أَفْضَلَ مَا نُعِدُّ شَهَادَةُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، إِنِّي قد كُنْتُ عَلَى أَطْبَاقٍ ثَلَاثٍ: لَقَدْ رَأَيْتُنِي وَمَا أَحَدٌ أَشَدَّ بُغْضًا لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنِّي، وَلَا أَحَبَّ إِلَيَّ أَنْ أَكُونَ قَدِ اسْتَمْكَنْتُ مِنْهُ فَقَتَلْتُهُ، فَلَوْ مُتُّ عَلَى تِلْكَ الْحَالِ لَكُنْتُ مِنْ أَهْلِ النَّارِ. فَلَمَّا جَعَلَ اللَّهُ الْإِسْلَامَ فِي قَلْبِي أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقُلْتُ: ابْسُطْ يَمِينَكَ فَلْأُبَايِعْكَ، فَبَسَطَ يَمِينَهُ، قَالَ فَقَبَضْتُ يَدِي، قَالَ: ((مَا لَكَ يَا عَمْرُو)). قَالَ: قُلْتُ: أَرَدْتُ أَنْ أَشْتَرِطَ. قَالَ: ((تَشْتَرِطُ بِمَاذَا)). قُلْتُ: أَنْ يُغْفَرَ لِي. قَالَ: ((أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الْإِسْلَامَ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ، وَأَنَّ الْهِجْرَةَ تَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهَا، وَأَنَّ الْحَجَّ يَهْدِمُ مَا كَانَ قَبْلَهُ)). وَمَا كَانَ أَحَدٌ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَلَا أَجَلَّ فِي عَيْنِي مِنْهُ، وَمَا كُنْتُ أُطِيقُ أَنْ أَمْلَأَ عَيْنَيَّ مِنْهُ إِجْلَالًا لَهُ، وَلَوْ سُئِلْتُ أَنْ أَصِفَهُ مَا أَطَقْتُ، لِأَنِّي لَمْ أَكُنْ أَمْلَأُ عَيْنَيَّ مِنْهُ، وَلَوْ مُتُّ عَلَى تِلْكَ الْحَالِ لَرَجَوْتُ أَنْ أَكُونَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ. ثُمَّ وَلِينَا أَشْيَاءَ مَا أَدْرِي مَا حَالِي فِيهَا، فَإِذَا أَنَا مُتُّ فَلَا تَصْحَبْنِي نَائِحَةٌ وَلَا نَارٌ، فَإِذَا دَفَنْتُمُونِي فَشُنُّوا عَلَيَّ التُّرَابَ شَنًّا، ثُمَّ أَقِيمُوا حَوْلَ قَبْرِي قَدْرَ مَا تُنْحَرُ جَزُورٌ وَيُقْسَمُ لَحْمُهَا، حَتَّى أَسْتَأْنِسَ بِكُمْ، وَأَنْظُرَ مَاذَا أُرَاجِعُ بِهِ رُسُلَ رَبِّي)).

(ابن شماسه المهری) دەڵێ: هاتین بۆ لای(عمرو) کوڕی (عاص) (ﷺ) لەسەرەمەرگابوو، زۆر گریا، ڕووی کردە دیوارەکە، وایکرد لە کوڕەکەی کە بڵێ: ئەی بابە، ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) مژدەی فلان شتی نەدایتی؟ ئایا مژدەی فلان شتی نەدایتی؟ دەڵێ: ئینجا ڕووی تێکردین و وتی: باشترین شت کە ئامادەی بکەین: شایەتیدانە کە هیچ خوایەك نییە جگە لە (الله)و محمدیش ڕەوانەکراوی خوایە، من لەسەر سێ حاڵ بووم، کاتێ هەبوو کەس بەقەدەر من رقی لەپێغەمبەری‌خوا(ﷺ) نەبوو، هیچ شتێکیشم ئەوەندە پێ‌خۆش نەبوو کە دەستم بەسەرکوشتنیا بڕۆیشتایە ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەیان بمردمایا ئەوەدەچوومە ئاگرەوە. کاتێ‌خوای گەورە ئیسلامی خستە دڵمەوە، هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتم: دەستت درێژ بکە باپەیمانت بدەمێ، دەستی درێژکرد بەڵام من دەستم گێڕایەوە، فەرمووی: ((ئەوە چیتە ئەی عەمر)) وتم: ویستم مەرج بگرم، فەرمووی: ((بەچی مەرج دەگریت؟)) ، وتم: لەگوناهەکانم ببوردرێت، فەرمووی: ((ئایا نازانی ئیسلام هەرچی لەپێش خۆیدا بووە هەڵی

دەوەشێنێتەوە کۆچیش هەرچی لەپێش خۆیدا هەبووە هەڵی دەوەشێنێتەوە، حەجیش هەرچی لەپێش خۆیدا هەبووە هەڵی دەوەشێنێتەوە)) ئینجا کەس نەبوو لەپێغەمبەر(ﷺ) لام خۆشەویستر بێت، کەسیش ئەوەندە شکۆدار نەبوو لەبەرچاوما، من نەمدەتوانی چاوم تێر بکەم لەسەیرکردنی لەبەرشکۆداریی سەیرکردنی. خۆ ئەگەر پرسیارم لێ بکرایا کە وەسفی بکەم نەمدەتوانی، چونکە نەمدەتوانی تێر سەیری بکەم، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵە بمردمایا تکام وابوو ببم بەخەڵکی بەهەشت ئینجا شتانێکمان درایە دەست نازانم حاڵم چۆنە تێیدا، جا ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە مردم با شین و شەپۆڕو (مەشخەڵی) ئاگر یاوەرم نەبێت، ئەگەر شاردمتانەوە خۆڵ بپژێنن بەسەرما ئینجا بە دەروی گۆڕەکەما بووەستن بەقەدەرە ئەوەندەی وشترێك سەرببڕێت و گۆشتەکەی دابەش بکرێت. بادڵتان پێخۆش بکەم و بزانم چۆن وەڵامی فریشتەکانی پەروەردگارم بدەمەوە.

(٤١) جنێودان بەموسڵمان دەرچوونە لەهەق . جەنگان دژی کوفرە

٦٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ، وَقِتَالُهُ كُفْرٌ)). [بخاري/ الايمان/ خوف المؤمن من ان يحبط عمله/٤٨]

(عبدالله) کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((جنێودان بەموسڵمان دەرچوونە لەهەق و راستی، جەنگکردنیش دژی کوفرە)).

(٤٢) هەرکەس لەئیسلامدا چاکە بکات، خراپەکانی سەردەمی نەفامی لێناگیرێت

٦٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ): قَالَ: قَالَ أُنَاسٌ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنُؤَاخَذُ بِمَا عَمِلْنَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ؟ قَالَ: ((أَمَّا مَنْ أَحْسَنَ مِنْكُمْ فِي الْإِسْلَامِ فَلَا يُؤَاخَذُ بِهَا، وَمَنْ أَسَاءَ أُخِذَ بِعَمَلِهِ فِي الْجَاهِلِيَّةِ وَالْإِسْلَامِ)). ﴿بخاري/ استتابة المرتدين/٦٥٢٦﴾

(عبدالله) کوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ: خەڵکانێك وتیان بەپێغەمبەر(ﷺ) ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا لێپرسینەوەمان هەیە لەسەر ئەوکارانەی لەنەفامیدا ئەنجاممان داون؟ فەرمووی: ((ئەوکەسەتان کەلەئیسلامدا چاکەکار دەبێت، لێی ناپرسرێتەوە، بەڵام ئەوەی کەخراپەکاربوو [لەئیسلام هەڵگەڕایەوە]لەکارەکانی سەردەمی نەفامیی و ئیسلامیشی دەپرسرێتەوە)).

(٤٣) ئەگەر کەسێکتان موسڵمانێکی باش بێ هەرچاکەیەك کەدەیکات بەدەقات بۆی تۆمار دەکرێت

٦٥ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: إِذَا تَحَدَّثَ عَبْدِي بِأَنْ يَعْمَلَ حَسَنَةً فَأَنَا أَكْتُبُهَا لَهُ حَسَنَةً مَا لَمْ يَعْمَلْ، فَإِذَا عَمِلَهَا فَأَنَا أَكْتُبُهَا بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا. وَإِذَا تَحَدَّثَ بِأَنْ يَعْمَلَ سَيِّئَةً فَأَنَا أَغْفِرُهَا لَهُ مَا لَمْ يَعْمَلْهَا، فَإِذَا عَمِلَهَا فَأَنَا أَكْتُبُهَا لَهُ بِمِثْلِهَا)). وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَالَتِ الْمَلَائِكَةُ: رَبِّ ذَاكَ عَبْدُكَ يُرِيدُ أَنْ يَعْمَلَ سَيِّئَةً –وَهُوَ أَبْصَرُ بِهِ– فَقَالَ: ارْقُبُوهُ، فَإِنْ عَمِلَهَا فَاكْتُبُوهَا لَهُ بِمِثْلِهَا، وَإِنْ تَرَكَهَا فَاكْتُبُوهَا لَهُ حَسَنَةً، إِنَّمَا تَرَكَهَا مِنْ جَرَّائِي)). وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا أَحْسَنَ أَحَدُكُمْ إِسْلَامَهُ فَكُلُّ حَسَنَةٍ يَعْمَلُهَا تُكْتَبُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا إِلَى سَبْعِ مِائَةِ ضِعْفٍ، وَكُلُّ سَيِّئَةٍ يَعْمَلُهَا تُكْتَبُ بِمِثْلِهَا حَتَّى يَلْقَى اللَّهَ (ﷻ))). [بخاري/ حسن اسلام المرء/٤٢]

(ابوهريرە)(دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای گەورە فەرموویەتی: ئەگەر بەندەکەم نیازی وابوو چاکەیەك بکات، چاکەکەی بۆ دەنووسم کەهێشتا نەیکردووە، ئەگەر کردی ئەوا بەدەقات بۆی دەنووسم، بەڵام ئەگەر نیازی وابوو کەخراپەیەك بکات ئەگەر نەیکرد من لێی خۆشدەبم، ئەگەر کردیشی یەك خراپەی بۆ دەنووسم)).

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((فریشتەکان وتیان: پەروەردگار ئەوە بەندەکەتە نیازی وایە خراپەیەك بکات ـ هەرچەندە خواباشتر چاوی لێیەتی ـ فەرمووی: ((چاودێری بکەن، ئەگەر کردی وەکو خۆی بۆی بنووسن، ئەگەر وازیشی لێهێنا چاکەیەکی بۆ بنووسن. چونکە لەبەر من وازی لێهێناوە)).

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێکتان ئیسلامەتیەکەی بەباش ئەنجامدا، هەرچاکەیەك کەدەیکات دەقات بۆی دەنووسرێت هەتا، حەوسەد قات. هەر خراپەیەکیش کەدەیکات بەقەد خراپەکە بۆی دەنووسرێت هەتا دەگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە)).

٦٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ تبارك و تعالى تَجَاوَزَ لِأُمَّتِي مَا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَهَا، مَا لَمْ يَتَكَلَّمُوا أَوْ يَعْمَلُوا بِهِ)). [بخاري/ العتق/ الخطا والنسيان/٢٣٩١]

(ابوهریره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (خوای گەورەو بالآدەست لەوشتانەی ئوممەتم دەبورێت کەبەخەیاڵیاندا دێت، مادام نەیڵێن یان نەیکەن).

(٤٤) موسڵمان ئەوەیە موسڵمانان پارێزراوبن لەزیانی

٦٧- عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): إِنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): أَيُّ الْمُسْلِمِينَ خَيْرٌ؟ قَالَ: ((مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ)).

(عبدالله)کوڕی(عمرو) کوڕی(عاص)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لەپێغەمبەری خوای(ﷺ) پرسی: کام موسڵمانە چاکە؟ فەرمووی: ((ئەوەی کە موسڵمانان لەدەست و زمانی پارێزراو بن)).

(٤٥) هەرکەس لەنەفامیدا چاکە بکات و دوایی موسڵمان ببێ

٦٨- عن عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ: أَنَّ حَكِيمَ بْنَ حِزَامٍ أَخْبَرَهُ: أَنَّهُ قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَيْ رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ أُمُورًا كُنْتُ أَتَحَنَّثُ بِهَا فِي الْجَاهِلِيَّةِ، مِنْ صَدَقَةٍ أَوْ عَتَاقَةٍ أَوْ صِلَةِ رَحِمٍ، أَفِيهَا أَجْرٌ؟ فَقَالَ ﴿لَهُ﴾ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَسْلَمْتَ عَلَى مَا أَسْلَفْتَ مِنْ خَيْرٍ)). [بخاري/ الزكاة/ من تصدق في الشرك ثم اسلم/ ١٣٦٩]

(عروه) کوڕی (زبیر) دەڵێ: (حکیم) کوڕی (حزام) بۆی گێڕاوەتەوە کە بەپێغەمبەری خوای(ﷺ) وتووە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئایا ئەو کاروبارانەی کەلە نەفامیدا پەرستشمان پێدەکردن لەخێرو ئازادکردنی بەندەو سەردان لە کەسوکار، ئایا پاداشتیان هەیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) لەوەڵامدا فەرمووی: ((تۆ لەسەر ئەوچاکانە موسڵمان بوویت کەپێشتر ئەنجامت داون)).

(٤٦) وریاکردنەوە لەتاقیکردنەوە

٦٩- عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَحْصُوا لِي كَمْ يَلْفِظُ الْإِسْلَامَ)). قَالَ: فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَتَخَافُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ مَا بَيْنَ السِّتِّ مِائَةٍ إِلَى السَّبْعِ مِائَةٍ؟ قَالَ: ((إِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ لَعَلَّكُمْ أَنْ تُبْتَلَوْا)). قَالَ: فَابْتُلِينَا، حَتَّى جَعَلَ الرَّجُلُ مِنَّا لَا يُصَلِّي إِلَّا سِرًّا)). [بخاري/ الجهاد/ كتابة الامام الناس/٢٨٩٥]

(حذیفة)(ﷺ)دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بووین، فەرمووی: ((بۆم بژمێرن چەند کەس دانی بەئیسلامدا ناوە)) دەڵێ: وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا غەمی ئێمەتە لەکاتێکا ئێمە لەنێوان شەشسەد تا

حەوسەد کەسین؟ فەرمووی: ((ئێوە نازانن لەوانەیە تووشی تاقیکردنەوە ببن)) دەڵێ: تووشی هاتین هەتا وامان لێهات پیاوێك لەئێمە مەگەر بەدزی نوێژی بکردایا.

(٤٧) ئیسلام بەغەریبی سەری هەڵداو غەریبیش دەکەوێتەوە

٧٠- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْإِسْلَامَ بَدَأَ غَرِيبًا، وَسَيَعُودُ غَرِيبًا كَمَا بَدَأَ، وَهُوَ يَأْرِزُ بَيْنَ الْمَسْجِدَيْنِ كَمَا تَأْرِزُ الْحَيَّةُ فِي جُحْرِهَا)).

(ابن عمر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئیسلام بەغەریبی سەری هەڵداو غەریبیش دەکەوێتەوە وەکو سەرەتا لەنێوان دوو مزگەوتەکەدا کۆدەبێتەوە، هەروەکو مار لەکونەکەی خۆیدا خۆی کۆدەکاتەوە)).

(٤٨) وەحی بۆ پێغەمبەری خوا چۆن دەستی پێکرد

٧١- عن عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ: أَنَّ عَائِشَةَ (ﷺ) -زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ)- أَخْبَرَتْهُ أَنَّهَا قَالَتْ: كَانَ أَوَّلُ مَا بُدِئَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنَ الْوَحْيِ الرُّؤْيَا الصَّادِقَةَ فِي النَّوْمِ، فَكَانَ لَا يَرَى رُؤْيَا إِلَّا جَاءَتْ مِثْلَ فَلَقِ الصُّبْحِ، ثُمَّ حُبِّبَ إِلَيْهِ الْخَلَاءُ، فَكَانَ يَخْلُو بِغَارِ حِرَاءٍ يَتَحَنَّثُ فِيهِ -وَهُوَ التَّعَبُّدُ- اللَّيَالِيَ أُولَاتِ الْعَدَدِ قَبْلَ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى أَهْلِهِ، وَيَتَزَوَّدُ لِذَلِكَ، ثُمَّ يَرْجِعُ إِلَى خَدِيجَةَ فَيَتَزَوَّدُ لِمِثْلِهَا، حَتَّى فَجِئَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِي غَارِ حِرَاءٍ، فَجَاءَهُ الْمَلَكُ فَقَالَ: اقْرَأْ، قَالَ: ((مَا أَنَا بِقَارِئٍ)). قَالَ: ((فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي حَتَّى، بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي، فَقَالَ: اقْرَأْ، قَالَ قُلْتُ: ((مَا أَنَا بِقَارِئٍ)). قَالَ: فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّانِيَةَ، حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي، فَقَالَ: اقْرَأْ، فَقُلْتُ: ((مَا أَنَا بِقَارِئٍ)). قَالَ: ((فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّالِثَةَ، حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي، فَقَالَ: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ. خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ. اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ. الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ. عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾﴿العلق: ١-٥﴾. فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) تَرْجُفُ بَوَادِرُهُ، حَتَّى دَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ فَقَالَ: ((زَمِّلُونِي زَمِّلُونِي)). فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ، ثُمَّ قَالَ لِخَدِيجَةَ: ((أَيْ خَدِيجَةُ مَا لِي)). وَأَخْبَرَهَا الْخَبَرَ، قَالَ: ((لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِي)). فَقَالَتْ لَهُ خَدِيجَةُ: كَلَّا، أَبْشِرْ، فَوَاللَّهِ لَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا، وَاللَّهِ إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ، وَتَصْدُقُ الْحَدِيثَ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ، وَتَقْرِي الضَّيْفَ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ. فَانْطَلَقَتْ بِهِ خَدِيجَةُ حَتَّى أَتَتْ بِهِ وَرَقَةَ بْنَ نَوْفَلِ بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الْعُزَّى، وَهُوَ ابْنُ عَمِّ خَدِيجَةَ أَخِي أَبِيهَا، وَكَانَ امْرَأً تَنَصَّرَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، وَكَانَ يَكْتُبُ

الْكِتَابَ الْعَرَبِيَّ وَيَكْتُبُ مِنَ الْإِنْجِيلِ بِالْعَرَبِيَّةِ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَكْتُبَ، وَكَانَ شَيْخًا كَبِيرًا قَدْ عَمِيَ، فَقَالَتْ لَهُ خَدِيجَةُ، أَيْ عَمِّ، اسْمَعْ مِنِ ابْنِ أَخِيكَ، قَالَ وَرَقَةُ بْنُ نَوْفَلٍ: يَا ابْنَ أَخِي مَاذَا تَرَى؟ فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَبَرَ مَا رَأَى، فَقَالَ لَهُ وَرَقَةُ: هَذَا النَّامُوسُ الَّذِي أُنْزِلَ عَلَى مُوسَى (ﷺ)، يَا لَيْتَنِي فِيهَا جَذَعًا، يَا لَيْتَنِي أَكُونُ حَيًّا حِينَ يُخْرِجُكَ قَوْمُكَ. قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَوَ مُخْرِجِيَّ هُمْ)). قَالَ وَرَقَةُ: نَعَمْ لَمْ يَأْتِ رَجُلٌ قَطُّ بِمَا جِئْتَ بِهِ إِلَّا عُودِيَ، وَإِنْ يُدْرِكْنِي يَوْمُكَ أَنْصُرْكَ نَصْرًا مُؤَزَّرًا.

(عروه) كوڕی(زبیر) دەڵێ: (عائشه)(ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداری كردم وتی: سەرەتا كەوەحی دەستی پێكرد بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) خەونی ڕاست بووە، هیچ خەونێكی نەدەدی كە وەكو ڕوناكی بەرەبەیان نەیەتەدی ، پاشان گۆشەگیری لەلا خۆشەویست كرا، هەربۆیە دەچووە ئەشكەوتی(حیراو) پەرستشی تێدا ئەنجام دەدا، چەندەها شەو دەمایەوە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو خۆی ئامادەبكاتەوە بۆی، ئینجا دەگەڕایەوە بۆلای خەدیجەو خۆی ئامادە دەكردەوە بۆ هەمان شت ، هەتا لەپڕ لەكاتێكا لەئەشكەوتی حیرادا بوو (هەق) ڕایچڵەكاندو، فریشتەكە هاتە لای و فەرمووی: بخوێنە، وتم: ((من خوێندەوار نیم)) فەرمووی: گرتمیەو گوشیمی بەخۆیدا هەتا ماندوی كردم ئینجا بەریدامو فەرمووی: بخوێنە، وتم: ((من خوێندوارنیم))، جارێكیتر گرتمیەو گوشیمی بەخۆیدا هەتا ماندوی كردمو ،ئینجا بەریدامو فەرمووی: بخوێنە، منیش وتم: ((من خوێندەوارنیم))، فەرمووی: بۆ سێیەم جار گرتمیەو گوشیمی بەخۆیدا هەتا ماندووی كردم، ئینجا بەریدامو وتی:﴿اقرأ باسم ربك الذي خلق خلق الانسان من علق اقرأ وربك الاكرم الذي علم بالقلم، علم الانسان مالم يعلم﴾العلق: ١ ـ ٥ .

بەوشێوەیە پێغەمبەر(ﷺ) گەڕایەوە بۆماڵەوە، دەمارەكانی ملی دەلەرزی هەتا چووە ژوورەوە بۆ لای خەدیجەو فەرمووی: ((داپۆشن، داپۆشن)) دایانپۆشی هەتا هێمن بوویەوە ،ئینجا بەخەدیجەی فەرموو: ((ئەی خەدیجە ئەوە من چیمە؟)) ئینجا هەواڵەكەی بۆ گێڕایەوەو فەرمووی: ((زۆر لەخۆم ترسام)) خەدیجەپێی وت: نەخێر، مژدەت لێبێت، هەرگیز خوا تۆسەر شۆڕناكات، سوێند بەخوا، تۆسەردانی كەسوكارت دەكەیت، ڕاستگۆیت،

کارئاسانی بۆ خەڵکی دەکەیت، پێویستیی نەدار دابین دەکەیت، رێز لەمیوان دەگریت، کۆمەکی لێقەوماوان دەکەیت.

پاشان خەدیجە هەستاو پێغەمبەری(ﷺ) لەگەڵ خۆیدا برد بۆ لای وەرەقەی کوری نەوفەل کوری(اسد)کوری(عبدالعزی)، کە ئامۆزای باوك برای خەدیجە بوو پیاوێك بوو لەنەفامیدا بووبوو بەگاور، نوسراوی بەعەرەبی دەنووسیەوە ئینجیلیشی بەعەرەبی دەنووسیەوە ئەوەندەی ویستی خوای لەسەر بووبێت، پیاوێکی بەتەمەن و نابینابوو خەدیجە پێی وت: ئەی مامە، گوێ بگرە لەبرازاکەت وەرەقە وتی: ئەی برازا چیت دیووە؟ پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداری کرد لەوەی کە دیویەتی، وەرەقە وتی: ئەوە ئەو فریشتەیە کەدابەزیە سەر موسای کوری عیمران(علیه السلام) خۆزگە لەوکاتەدا من لاوێکی بەهێز بومایا، خۆزگە من زیندوو بومایا لەکاتێکا خزمەکانت دەربەدەرت دەکەن. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئایا ئەوان دەرم دەکەن)) وەرەقە وتی: بەڵێ هەرگیز کەسێك نەهاتووە ئەوەی تۆی هێنابێ‌و ، دوژمنایەتی نەکرابێت، ئەگەر مام تا ئەو رۆژە پشتگیرییەکی بەهێزت دەکەم.

٧٢- عن يَحْيَى قال: سَأَلْتُ أَبَا سَلَمَةَ: أَيُّ الْقُرْآنِ أُنْزِلَ قَبْلُ؟ قَالَ: ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ﴾. فَقُلْتُ: أَوِ: ﴿اقْرَأْ﴾. فَقَالَ: سَأَلْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَيُّ الْقُرْآنِ أُنْزِلَ قَبْلُ؟ فقَالَ: ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ﴾. فَقُلْتُ: أَوِ ﴿اقْرَأْ﴾. قَالَ جَابِرٌ: أُحَدِّثُكُمْ مَا حَدَّثَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: ((جَاوَرْتُ بِحِرَاءٍ شَهْرًا، فَلَمَّا قَضَيْتُ جِوَارِي نَزَلْتُ، فَاسْتَبْطَنْتُ بَطْنَ الْوَادِي، فَنُودِيتُ، فَنَظَرْتُ أَمَامِي وَخَلْفِي وَعَنْ يَمِينِي وَعَنْ شِمَالِي فَلَمْ أَرَ أَحَدًا، ثُمَّ نُودِيتُ، فَنَظَرْتُ فَلَمْ أَرَ أَحَدًا، ثُمَّ نُودِيتُ، فَرَفَعْتُ رَأْسِي فَإِذَا هُوَ، عَلَى الْعَرْشِ فِي الْهَوَاءِ يَعْنِي جِبْرِيلَ (ﷺ)، فَأَخَذَتْنِي رَجْفَةٌ شَدِيدَةٌ، فَأَتَيْتُ خَدِيجَةَ فَقُلْتُ: دَثِّرُونِي، فَدَثَّرُونِي، فَصَبُّوا عَلَيَّ مَاءً، فَأَنْزَلَ اللَّهُ (ﷻ): ﴿يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ. قُمْ فَأَنْذِرْ. وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ. وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ...﴾)). ﴿بخاري/ التفسير/ المدثر/٤٦٤﴾

(يحيى) دەڵێ: پرسیارم لە(ابو سلمه)کرد کامەی قورئان لەپێشدا دابەزی؟ وتی: ﴿يا ايها المدثر﴾وتم: یا(اقرا) ،ئەویش وتی: پرسیارم کرد لە(جابر) کوری(عبدالله) (ﷺ): کامەی قورئان لەپێشدا دابەزیووە؟ ئەویش وتی: ﴿يا ايها المدثر﴾منیش وتم: یا (اقرا) جابر وتی: پێغەمبەر(ﷺ) چی بە ئێمە وت: بۆتان

دەگێڕمەوە، فەرمووی: ((مانگێك لەئەشكەوتی حیرا لەخەڵوەتدا بووم، مانگەكەم تەواو كرد، دابەزیم چوومە ناو دۆڵەكەوە، بانگم لێكرا، سەیری پێشەوەو دواوەو راست و چەپی خۆمم كرد كەسم نەبینی جارێكیتر بانگ كرام، سەیرم كرد كەسم نەدی، ئینجا سەرم بەرزكردەوە كەدەبینم لەسەر عەرشە لەئاسماندا، واتە جوبرائیل(علیە السلام) كوتوپڕ لەرزێكی توند دایگرتم ،هاتمەوە بۆ لای خەدیجە، وتم: دامپۆشن، دامپۆشن، ئەوانیش ئاویان لێپرژاندم، ئینجا خوای گەورە ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە﴿ یا ایها المدثر ، قم فانذر وربك فكبر وثیابك فطهر﴾)).

(٤٩) زۆری وەحیو یەكلەدوای یەكبوونی

٧٣ـ عن انس بن مالك (ﷺ) قال: إن الله (ﷻ) تابَعَ الوحي على رسولِ الله (ﷺ) قَبلَ وفاته حتى تُوفيَ، و اكثرُ ما كان الوحيُ يومَ تَوفّيَ رسولُ الله (ﷺ).

(انس) كوری(مالك) (ﷺ) دەڵێ: خوای گەورە یەكلەدوای یەك وەحی دەناردە خوارەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هەتا كۆچی دواییكرد، زۆرترینی وەحیش لەو رۆژەدابوو كە پێغەمبەر(ﷺ) كۆچی دوایی تێداكرد.

(٥٠) شەورەوی بە پێغەمبەر(ﷺ) بۆئاسمانەكان و فەرزكردنی نوێژەكان

٧٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أُتِيتُ بِالْبُرَاقِ –وَهُوَ دَابَّةٌ أَبْيَضُ طَوِيلٌ، فَوْقَ الْحِمَارِ وَدُونَ الْبَغْلِ، يَضَعُ حَافِرَهُ عِنْدَ مُنْتَهَى طَرْفِهِ– قَالَ: فَرَكِبْتُهُ حَتَّى أَتَيْتُ بَيْتَ الْمَقْدِسِ، قَالَ فَرَبَطْتُهُ بِالْحَلْقَةِ الَّتِي يَرْبِطُ بِهِ الْأَنْبِيَاءُ، قَالَ: ثُمَّ دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ، فَصَلَّيْتُ فِيهِ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ خَرَجْتُ، فَجَاءَنِي جِبْرِيلُ (ﷺ) بِإِنَاءٍ مِنْ خَمْرٍ وَإِنَاءٍ مِنْ لَبَنٍ، فَاخْتَرْتُ اللَّبَنَ، فَقَالَ جِبْرِيلُ (ﷺ): اخْتَرْتَ الْفِطْرَةَ، قَالَ: ثُمَّ عَرَجَ بِنَا إِلَى السَّمَاءِ فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ، فَقِيلَ ﴿لهُ﴾ مَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ، قِيلَ: وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ، فَفُتِحَ لَنَا، فَإِذَا أَنَا بِآدَمَ، فَرَحَّبَ بِي وَدَعَا لِي بِخَيْرٍ، ثُمَّ عَرَجَ بِنَا إِلَى السَّمَاءِ الثَّانِيَةِ، فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، فَقِيلَ: مَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ، قِيلَ: وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ، قَالَ: فَفُتِحَ لَنَا. فَإِذَا أَنَا بِابْنَيِ الْخَالَةِ: عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَيَحْيَى بْنِ زَكَرِيَّاءَ صَلَوَاتُ اللَّهِ عَلَيْهِمَا، فَرَحَّبَا وَدَعَوَا لِي بِخَيْرٍ، ثُمَّ عَرَجَ بِي إِلَى السَّمَاءِ الثَّالِثَةِ، فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ، فَقِيلَ: مَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ (ﷺ) قِيلَ:

وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ، فَفُتِحَ لَنَا فَإِذَا أَنَا بِيُوسُفَ ، إِذَا هُوَ قَدْ أُعْطِيَ شَطْرَ الْحُسْنِ، قَالَ: فَرَحَّبَ بِي، وَدَعَا لِي بِخَيْرٍ، ثُمَّ عَرَجَ بِنَا إِلَى السَّمَاءِ الرَّابِعَةِ، فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، قِيلَ: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ ، قِيلَ: وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ، فَفُتِحَ لَنَا فَإِذَا أَنَا بِإِدْرِيسَ، فَرَحَّبَ وَدَعَا لِي بِخَيْرٍ، قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا﴾. ثُمَّ عَرَجَ بِنَا إِلَى السَّمَاءِ الْخَامِسَةِ فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ، قِيلَ: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ ، قِيلَ: وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ، فَفُتِحَ لَنَا، فَإِذَا أَنَا بِهَارُونَ (ﷺ)، فَرَحَّبَ وَدَعَا لِي بِخَيْرٍ. ثُمَّ عَرَجَ بِنَا إِلَى السَّمَاءِ السَّادِسَةِ، فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ عَلَيْهِ السَّلَام، قِيلَ: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ(ﷺ)، قِيلَ: وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ فَفُتِحَ لَنَا فَإِذَا أَنَا بِمُوسَى (ﷺ)، فَرَحَّبَ ﴿بِي﴾، وَدَعَا لِي بِخَيْرٍ، ثُمَّ عَرَجَ إِلَى السَّمَاءِ السَّابِعَةِ، فَاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ، قِيلَ: مَنْ هَذَا؟ قَالَ: جِبْرِيلُ، قِيلَ: وَمَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: مُحَمَّدٌ (ﷺ)، قِيلَ: وَقَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ؟ قَالَ: قَدْ بُعِثَ إِلَيْهِ، فَفُتِحَ لَنَا، فَإِذَا أَنَا بِإِبْرَاهِيمَ (ﷺ) مُسْنِدًا ظَهْرَهُ إِلَى الْبَيْتِ الْمَعْمُورِ، وَإِذَا هُوَ يَدْخُلُهُ كُلَّ يَوْمٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ، لَا يَعُودُونَ إِلَيْهِ. ثُمَّ ذَهَبَ بِي إِلَى السِّدْرَةِ الْمُنْتَهَى، وَإِذَا وَرَقُهَا كَآذَانِ الْفِيلَةِ، وَإِذَا ثَمَرُهَا كَالْقِلَالِ، قَالَ: فَلَمَّا غَشِيَهَا مِنْ أَمْرِ اللَّهِ مَا غَشِيَ تَغَيَّرَتْ، فَمَا أَحَدٌ مِنْ خَلْقِ اللَّهِ يَسْتَطِيعُ أَنْ يَنْعَتَهَا مِنْ حُسْنِهَا، فَأَوْحَى، اللَّهُ إِلَيَّ مَا أَوْحَى فَفَرَضَ عَلَيَّ خَمْسِينَ صَلَاةً فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَنَزَلْتُ إِلَى مُوسَى (ﷺ)، فَقَالَ: مَا فَرَضَ رَبُّكَ عَلَى أُمَّتِكَ؟ قُلْتُ: خَمْسِينَ صَلَاةً، قَالَ: ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ التَّخْفِيفَ، فَإِنَّ أُمَّتَكَ لَا يُطِيقُونَ ذَلِكَ، فَإِنِّي قَدْ بَلَوْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَخَبَرْتُهُمْ. قَالَ: فَرَجَعْتُ إِلَى رَبِّي فَقُلْتُ: يَا رَبِّ خَفِّفْ عَلَى أُمَّتِي، فَحَطَّ عَنِّي خَمْسًا، فَرَجَعْتُ إِلَى مُوسَى فَقُلْتُ: حَطَّ عَنِّي خَمْسًا، قَالَ: إِنَّ أُمَّتَكَ لَا يُطِيقُونَ ذَلِكَ، فَارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ التَّخْفِيفَ. قَالَ: فَلَمْ أَزَلْ أَرْجِعُ بَيْنَ رَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى وَبَيْنَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَام حَتَّى قَالَ: يَا مُحَمَّدُ، إِنَّهُنَّ خَمْسُ صَلَوَاتٍ. كُلَّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، لِكُلِّ صَلَاةٍ عَشْرٌ، فَذَلِكَ خَمْسُونَ صَلَاةً، وَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ، فَلَمْ يَعْمَلْهَا كُتِبَتْ لَهُ حَسَنَةً فَإِنْ عَمِلَهَا كُتِبَتْ لَهُ عَشْرًا، وَمَنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَمْ يَعْمَلْهَا لَمْ تُكْتَبْ شَيْئًا، فَإِنْ عَمِلَهَا كُتِبَتْ سَيِّئَةً وَاحِدَةً. قَالَ: فَنَزَلْتُ حَتَّى انْتَهَيْتُ إِلَى مُوسَى (ﷺ) فَأَخْبَرْتُهُ، فَقَالَ: ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ التَّخْفِيفَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): فَقُلْتُ: قَدْ رَجَعْتُ إِلَى رَبِّي حَتَّى اسْتَحْيَيْتُ مِنْهُ)).

(انس) کوڕی(مالك(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((بۆراقیان بۆ هێنام ـ ولاغێکە سپیو درێژ، لەگوێدرێژ بەرزترو لەهێستر نزمتربوو، چەند چاو بڕی بکردایا سمی لەوێ دادەنا ـ فەرمووی: (سواری بووم هەتا گەیشتمە (بەیت ول مەقدیس)، بەستمەوە بەو ئەڵقەیەی کە پێغەمبەران پێوەیان دەبەستەوە، فەرمووی: (ئینجا چوومە ناو مزگەوتەکەوە دوورکات نوێژم تێداکرد، ئینجا هاتمەوە دەرەوە جوبرەئیل هات بۆ لام جامێك مەیو جامێك شیری پێبوو، منیش شیرەکەم هەڵبژارد، جوبرەئیل(علیه السلام) وتی: فیترەو سروشتی پاکت هەڵبژارد، فەرمووی: ئینجا بەرز کراینەوە بەرەو ئاسمان جوبرەئیل داوای دەرگاکردنەوەیکرد، پێی وترا تۆکێیت؟ فەرمووی: جوبرەئیل ،وترا: کێت لەگەڵدایە؟ فەرمووی: موحەمەد. وترا: ئایا پەیامی بۆ ڕەوانەکراوە؟ فەرمووی: بێگومان بۆی رەوانەکراوە، ئینجا دەرگامان بۆکرایەوە کەدەبینم ئادەم لەوێیە، پێشوازی لێکردمو دۆعای خێری بۆکردم. ئینجا بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی دووەم. جوبرەئیل(علیه السلام) داوای دەرگاکردنەوەیکرد، وترا: تۆکێیت؟ فەمووی: جوبرەئیل وترا: ئەی کێت لەگەڵدایە؟ فەرمووی: موحەمەد . وترا: ئایا پەیامی بۆ رەوانەکراوە؟ فەرمووی: بۆی رەوانەکراوە فەرمووی: دەرگامان بۆکرایەوە کەدەبینم هەردوو پوورزاکە عیسای کوڕی مریەم(علیه السلام) و یەحیای کوری زەکەرییا(علیه السلام) پێشوازیان لێکردمو دۆعای خێریان بۆ کردم. ئینجا بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی سێیەم. جوبرەئیل فەرمووی: دەرگامان لێبکەنەوە، وترا: تۆ کێیت؟ وتی: جوبرەئیل، وترا: ئەی کێیت لەگەڵدایە؟ وتی: موحەمەد . وترا: ئایا پەیامی بۆ رەوانەکراوە؟ وتی: بەڵێ بۆی رەوانەکراوە، دەرگامان بۆکرایەوە، کەدەبینم یوسف علیه السلام لەوێیە، نیوەی جوانیی دراوەتێ، فەرمووی : پێشوازی لێکردومو دۆعای خێری بۆ کردوم. ئینجا بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی چوارەم جوبرەیل داوای دەرگاکردنەویکرد، وترا: ئەوە کێیە؟ فەرمووی: جوبرەئیل: وترا: ئەی کێت لەگەڵدایە؟ فەرمووی: موحەمەد(ﷺ) وترا" ئایا پەیامی بۆ ڕەوانەکراوە؟ فەرمووی: بەڵێ بۆی رەوانەکراوە. دەرگامان بۆکرایەوە کەدەبینم ئیدریس لەوێیە، پێشوازی لێکردمو دۆعای خێری بۆ کردوم، خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی: ﴿ورفعناه مكانا عليا ﴾ئینجا بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی پێنجەم. جوبرەئیل

داوای دەرگاکردنەوەی کرد، وترا: ئەوە کێیە؟ فەرمووی: جوبرەئیل، وترا: ئەی کێت لەگەڵدایە؟ فەرمووی: موحەمەد، وترا: ئایا پەیامی بۆڕەوانەکراوە؟ فەرمووی: بۆی ڕەوانەکراوە، دەرگامان بۆکرایەوە کەدەبینم هارون(علیه السلام) لەوێیە، پێشوازی لێکردم و دوعای خێری بۆکردم، ئینجا بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی شەشەم، جوبرەئیل داوای دەرگاکردنەوەی کرد، وترا: ئەوە کێیە؟ وتی: جوبرەئیل، وترا: ئەی کێت لەگەڵدایە؟ فەرمووی: موحەمەد. وترا: ئایا پەیامی بۆ ڕەوانەکراوە؟ فەرمووی: بۆی ڕەوانەکراوە. فەرمووی: دەرگامان لێکرایەوە کەدەبینم موسا(ﷺ) لەوێیە پێشوازی لێکردم دوعای خێری بۆ کردم، وترا: بەرزکراینەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم. جوبرەئیل داوای دەرگاکردنەوەی کرد، وترا: ئەوە کێیە؟ فەرمووی: جوبرەئیل،وترا: ئەی کێت لەگەڵدایە؟ فەرمووی: موحەمەد، وترا: ئایا پەیامی بۆەڕوانەکراوە؟ فەرمووی: بۆی ڕەوانەکراوە، دەرگامان لێکرایەوە کەدەبینم ئیبراهیم(ﷺ) لەوێیە پاڵی داوە بە(بیت المعمور)ەوە، ئەوماڵە ڕۆژانە حەفتا هەزار فریشتە دەچنە ناوی جارێکی‌تر بۆی ناگەڕینەوە، ئینجا بردمی بۆ لای درەختی(سدرة المنتهى)دەبینم گەڵاکانی دەڵێی گوێی فیلە بەرەکەی دەڵێی مەرکانەیە، فەرمووی: کاتێ درەختەکە فرمانی خوا دابەزیە سەری گۆڕانی بەسەرداهات بەشێوەیەك کەهیچ کەس لەدروستکراوەکانی خوا نەتوانێ وەسفی جوانیەکەی بکات، ئەوسا خوای گەورە ئەو(وەحی)یەی کەویستی پێی دام، لەشەووڕۆژێکدا پەنجا نوێژی لەسەر فەرزکردم ،ئینجا دابەزیم بۆ لای موسا(علیه السلام) فەرمووی: پەروەردگارت چی لەسەر ئوممەتت فەرزکرد؟ وتم: پەنجا نوێژ، فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت و داوای سوکباریی لێبکە، بەراستی ئوممەتت ئەوەیان پێناکرێت، چونکە من نەوەی ئیسرائیلم تاقیکردۆتەوەو هەڵم سەنگاندون، فەرمووی: گەرامەوە بۆ لای پەروەردگارم و وتم: ئەی پەروەردگارم ئاسانکاری بکە لەسەر ئوممەتم، پێنج نوێژی لەسەر لابردم، گەرامەوە بۆ لای موسا(علیه السلام) وتم: پێنجی لەسەر لابردووم، فەرمووی: ئوممەتت ئەوەیان پێناکرێت؟ بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت، داوای سوکباریی لێبکە، فەرمووی‌بەردەوام دەهاتم و دەچووم لەنێوان پەروەدگاری بالادەست و موسادا_علیه‌السلام) هەتا فەرمووی: ئەی موحەمەد: ئەوا کردمن

بەپێنج نوێژ لەهەموو شەووڕۆژێكدا، هەرنوێژێك بەدەنوێژ ئەوە پەنجا نوێژ، هەركەسێك نیازی چاكەیەكی هەبێت و نەیكات ئەوە چاكەیەكی بۆ دەنووسرێت، ئەگەر كردی دەچاكەی بۆ دەنووسرێت، هەركەسیش نیازی خراپەیەكی هەبێو نەیكا هیچ نانووسرێت، خۆئەگەر كردی بەیەك گوناه بۆی دەنووسرێت.

فەرمووی: پاشان دابەزیم تاگەیشتمەوە لای موسا(علیه السلام) هەواڵم دایە، ئەویش فەرمووی: بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت و داوای سوكباریی لێبكە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەوەندە گەڕاومەتەوە بۆ خزمەتی ئیتر شەرمی لێدەكەم)).

(٥١) پێغەمبەر(ﷺ) یادی پێغەمبەران(ﷺ) دەكات

٧٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: سِرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ مَكَّةَ وَالْمَدِينَةِ، فَمَرَرْنَا بِوَادٍ، فَقَالَ: ((أَيُّ وَادٍ هَذَا)). فَقَالُوا: وَادِي الْأَزْرَقِ، فَقَالَ: ((كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى مُوسَى (ﷺ) -فَذَكَرَ مِنْ لَوْنِهِ وَشَعَرِهِ شَيْئًا لَمْ يَحْفَظْهُ دَاوُدُ- وَاضِعًا إِصْبَعَيْهِ فِي أُذُنَيْهِ، لَهُ جُؤَارٌ إِلَى اللَّهِ بِالتَّلْبِيَةِ، مَارًّا بِهَذَا الْوَادِي)). قَالَ: ثُمَّ سِرْنَا حَتَّى أَتَيْنَا عَلَى ثَنِيَّةٍ، فَقَالَ: ((أَيُّ ثَنِيَّةٍ هَذِهِ)). قَالُوا: هَرْشَى أَوْ لِفْتٌ، فَقَالَ: ((كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى يُونُسَ عَلَى نَاقَةٍ حَمْرَاءَ، عَلَيْهِ جُبَّةُ صُوفٍ، خِطَامُ نَاقَتِهِ لِيفٌ خُلْبَةٌ، مَارًّا بِهَذَا الْوَادِي مُلَبِّيًا)).

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێەمبەری خوادا(ﷺ) لەنێوان مەككەو مەدینەدا دەڕۆیشتین، بەشیوێكدا تێپەڕین، فەرمووی: ((ئەمە كام شیوە)) وتیان: شیوە شینە، فەرمووی: ((هەر دەڵێی چاوم لەموسایە(علیه السلام) - ئینجا باسی ڕەنگی و قژی بەشێوەیەك كرد كەداود بۆی لەبەرنەكرابوو — پەنجەی خستبووە هەردوو گوێیەوە، بەدەنگی بەرز لەخوا دەپاڕایەوە كەدوعای لێقبوڵ بكات، بەم شیوەكەدا دەڕۆیشت))، دەڵێ: ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە گردێك، فەرمووی: ((ئەمە كام گردە؟)) وتیان: (هەرشی) یان(لەفت)ە. فەرمووی: ((هەردەڵێی چاوم لە(یونس)ە بەسەر وشترێكی سوورەوە، جبەیەكی خوری لەبەردایە، ڕەشوەی وشترەكەی یەك تاڵە، بەم شیوەدا دەڕواو لەخوا دەپارێتەوە)).

٧٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((حِينَ أُسْرِيَ بِي لَقِيتُ مُوسَى (ﷺ) -فَنَعَتَهُ النَّبِيُّ (ﷺ)- فَإِذَا هُوَ رَجُلٌ -حَسِبْتُهُ قَالَ- مُضْطَرِبٌ،

رَجِلُ الرَّأْسِ، كَأَنَّهُ مِنْ رِجَالِ شَنُوءَةَ. قَالَ: وَلَقِيتُ عِيسَى -فَنَعَتَهُ النَّبِيُّ (ﷺ)- فَإِذَا رَبْعَةٌ أَحْمَرُ، كَأَنَّمَا خَرَجَ مِنْ دِيمَاسٍ. يَعْنِي حَمَّامًا. قَالَ: وَرَأَيْتُ إِبْرَاهِيمَ (عليه السلام)، وَأَنَا أَشْبَهُ وَلَدِهِ بِهِ، قَالَ: فَأُتِيتُ بِإِنَاءَيْنِ فِي أَحَدِهِمَا لَبَنٌ وَفِي الْآخَرِ خَمْرٌ، فَقِيلَ لِي: خُذْ أَيَّهُمَا شِئْتَ، فَأَخَذْتُ اللَّبَنَ فَشَرِبْتُهُ، فَقَالَ: هُدِيتَ الْفِطْرَةَ -أَوْ: أَصَبْتَ الْفِطْرَةَ- أَمَّا إِنَّكَ لَوْ أَخَذْتَ الْخَمْرَ غَوَتْ أُمَّتُكَ)). [بخاري / الانبياء/ واذكر في كتاب مريم /٣٢٥٦]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((کاتێ شەورەویم پێکرا گەیشتم بەموسا(علیه السلام) پێغەمبەر(ﷺ) وەسفی کرد هەر دەڵێی پیاوێکی ـ وابزانم فەرمووی: لاوازە قژی کەمێك لولە دەڵێی لەپیاوانی [خێڵی] شەنوئەیە. فەرمووی: گەیشتم بەعیسا(علیه السلام) پێغەمبەر(ﷺ) وەسفیکرد . ئەویش بالأمناوەندی، هەر دەڵێی لە(حەمام) هاتۆتە دەرەوە. فەرمووی: چاویشم کەوت بە ابراهیم(علیه السلام) من نزیکترین نەوەیەکم کەلەو دەچێ فەرمووی: دوو دەفریان بۆ هێنام یەکێکیان شیری تێدابوو ئەویتریان مەی، پێموترا: کامیانت دەوێ هەڵیگرە منیش شیرەکەم هەڵگرت و خواردمەوە، وتی: فیترەو سروشتی پاکت هەڵبژارد یان پێکات بەلاَم ئەگەر مەیەکەت هەڵبژاردایا ئوممەتەکەت سەرلێشێواو دەبوو)).

(٥٢) پێغەمبەر (ﷺ) باسی مەسیح (علیه السلام) و جەجاڵ دا دەکات

٧٧ـ عن عَبْدُ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: ذَكَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا بَيْنَ ظَهْرَانَيِ النَّاسِ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ فَقَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لَيْسَ بِأَعْوَرَ، أَلَا، إِنَّ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ أَعْوَرُ عَيْنِ الْيُمْنَى، كَأَنَّ عَيْنَهُ عِنَبَةٌ طَافِيَةٌ)). قَالَ: وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرَانِي اللَّيْلَةَ فِي الْمَنَامِ عِنْدَ الْكَعْبَةِ، فَإِذَا رَجُلٌ آدَمُ كَأَحْسَنِ مَا تَرَى مِنْ أُدْمِ الرِّجَالِ، تَضْرِبُ لِمَّتُهُ بَيْنَ مَنْكِبَيْهِ، رَجِلُ الشَّعْرِ، يَقْطُرُ رَأْسُهُ مَاءً، وَاضِعًا يَدَيْهِ عَلَى مَنْكِبَيْ رَجُلَيْنِ، وَهُوَ بَيْنَهُمَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ فَقَالُوا: الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ. وَرَأَيْتُ وَرَاءَهُ رَجُلًا جَعْدًا قَطَطًا، أَعْوَرَ عَيْنِ الْيُمْنَى، كَأَشْبَهِ مَنْ رَأَيْتُ مِنَ النَّاسِ بِابْنِ قَطَنٍ، وَاضِعًا يَدَيْهِ عَلَى مَنْكِبَيْ رَجُلَيْنِ، يَطُوفُ بِالْبَيْتِ، فَقُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: هَذَا الْمَسِيحُ الدَّجَّالُ)).

(عبدالله) کوری (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەریخوا (ﷺ) رۆژێك لەناوخەڵکیدا باسی جەجاڵی فێڵبازی دەکرد دەیفەرموو: ((خوای گەورە یەکچاو نییە، بەلاَم

جەجاڵی فیڵباز چاوی ڕاستی کوێرە، چاوی دەڵێی دەنکە ترێی دەرپەڕیووە))
دەڵێ: هەروەها پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەمشەو لەخەوما لەلای کەعبەدا پیاوێکی گەنم ڕەنگیان پیشاندام ، جوانترین شێوەی گەنم ڕەنگ کە دیبێتت لەپیاواندا ، زلفی لەسەر هەردووشانی بوو، قژی شێوە لول بوو سەری ئاوی لێدەتکا، دەستی خستبووە سەرشانی دووپیاو، لەنێوان هەردووکیاندا تەوافی کەعبەی دەکرد وتم: ئەوەکێیە؟ وتیان: مەسیحی کوری مەریەمە، پیاوێکیشم دی لەدوایەوە قژی زۆر لول بوو، چاوی ڕاستی کوێر بوو، کەسم نەدیوەبەقەد ئەو لە کوری (قطن)بچێت، دەستی خستبووە سەرشانی دووپیاو تەوافی کەعبەی دەکرد وتم: ئەوە کێیە؟ وتیان: ئەوە جەجاڵە .

(٥٣) پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بۆ پێغەمبەران کرد

٧٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَقَدْ رَأَيْتُنِي فِي الْحِجْرِ، وَقُرَيْشٌ تَسْأَلُنِي عَنْ مَسْرَايَ، فَسَأَلَتْنِي عَنْ أَشْيَاءَ مِنْ بَيْتِ الْمَقْدِسِ لَمْ أُثْبِتْهَا، فَكُرِبْتُ كُرْبَةً مَا كُرِبْتُ مِثْلَهُ قَطُّ، قَالَ: فَرَفَعَهُ اللَّهُ لِي أَنْظُرُ إِلَيْهِ، مَا يَسْأَلُونِي عَنْ شَيْءٍ إِلَّا أَنْبَأْتُهُمْ بِهِ. وَقَدْ رَأَيْتُنِي فِي جَمَاعَةٍ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ، فَإِذَا مُوسَى (ﷺ) قَائِمٌ يُصَلِّي، فَإِذَا رَجُلٌ ضَرْبٌ جَعْدٌ، كَأَنَّهُ مِنْ رِجَالِ شَنُوءَةَ، وَإِذَا عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ (ﷺ) قَائِمٌ يُصَلِّي، أَقْرَبُ النَّاسِ بِهِ شَبَهًا عُرْوَةُ بْنُ مَسْعُودٍ الثَّقَفِيُّ، وَإِذَا إِبْرَاهِيمُ (ﷺ) قَائِمٌ يُصَلِّي، أَشْبَهُ النَّاسِ بِهِ صَاحِبُكُمْ -يَعْنِي نَفْسَهُ- فَحَانَتِ الصَّلَاةُ، فَأَمَمْتُهُمْ، فَلَمَّا فَرَغْتُ مِنَ الصَّلَاةِ قَالَ قَائِلٌ: يَا مُحَمَّدُ هَذَا مَالِكٌ صَاحِبُ النَّارِ، فَسَلِّمْ عَلَيْهِ، فَالْتَفَتُّ إِلَيْهِ فَبَدَأَنِي بِالسَّلَامِ)).

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((خۆم بینی لەحجری ئیسماعیلدا، قورەیش پرسیاری شەورەویەکەیان لێدەکردم، پرسیاری شتانێکیان لێدەکردم لە(بیت المقدس) کەسەرنجم لێنەدابوو لەوێ، غەمێکی زۆردایگرتم کەلەوەوپێش هەرگیز تووشی غەمی وا نەبووبووم، فەرمووی: خوای گەورە بەرزی کردەوە بۆم، منیش سەرنجم دەدا، هەر پرسیارێکیان لێدەکردم خێرا وەڵامم دەدایەوە، خۆیشم بینی لەناو کۆمەڵێك پێغەمبەردا، کەدەبینم موسا(علیه السلام) نوێژ دەکات، دەبینم پیاوێکی لاوازی قژ لوولە، هەردەڵێی لەپیاوانی (شەنوئەیە). ئینجا دەبینم عیسای کوری مەریەم بەپێوەیەو نوێژ دەکات، ئەوەی کە زۆر لەو دەچێت عوروەی کوری مەسعودی ثەقەفیە.

ئینجا دەبینم ئیبراهیم(علیه السلام) بەپێوەیەو نوێژدەكات، كەسێك كە زۆر لەوبچێت هاوەڵەكەتانە ـ مەبەستی خۆیەتی ـ كاتێ ، كاتی نوێژهات بووم بەئیمامیان، كەلەنوێژ بوومەوە، قسەكەرێك پێی وتم: ئەی موحەمەد ئەوە مالیكە خاوەنی ئاگرەكە، سەلامی لێبكە، كەلامكردەوە بۆی، ئەو سەلامی لەمن كرد)).

٧٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) قَالَ: لَمَّا أُسْرِيَ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) انْتُهِيَ بِهِ إِلَى سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى، وَهِيَ فِي السَّمَاءِ السَّادِسَةِ، إِلَيْهَا يَنْتَهِي مَا يُعْرَجُ بِهِ مِنَ الأَرْضِ فَيُقْبَضُ مِنْهَا، وَإِلَيْهَا يَنْتَهِي مَا يُهْبَطُ بِهِ مِنْ فَوْقِهَا فَيُقْبَضُ مِنْهَا، قَالَ: ﴿إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى﴾ ﴿النجم:٩﴾. قَالَ: فَرَاشٌ مِنْ ذَهَبٍ، قَالَ فَأُعْطِيَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) ثَلَاثًا: أُعْطِيَ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسَ، وَأُعْطِيَ خَوَاتِيمَ سُورَةِ الْبَقَرَةِ، وَغُفِرَ لِمَنْ لَمْ يُشْرِكْ بِاللَّهِ مِنْ أُمَّتِهِ شَيْئًا الْمُقْحِمَاتُ.

(عبدالله) كوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ: كاتی شەوڕەوی كرا بەپێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە دوا شوێن كەیەنرایە (سدرة المنهى) كەلەئاسمانی شەشەمدایە، هەرچی لەسەر زەوی بەرزدەكرێتەوە، دەگاتە ئەوێ، لەوێ وەردەگیرێتەوەو، هەرچی لەسەرو خۆیەوە دادەبەزێت هەرلەوێ وەردەگیرێت، دەڵێ:﴿اذ یغشی السدرة ما یغشی﴾ النجم/ ١٦ ئەوەش پەپوولەیەكی ئاڵتونیە، لەوكاتەدا پێغەمبەر(ﷺ) سێ بەهرەی پێدرا، پێنج نوێژەكەی پێدرا، كۆتاییەكانی سوورەتی البقرە، هەروەها لێبوردنی گوناهە گەورەكانی ئوممەتی پێدرا بۆ كەسێك كەهیچ شتێكی نەكردبێت بەهاوەڵی خوا.

(٥٤) لەبارەی ئەم ئایەتەوە ﴿فكان قاب قوسین أو ادنی﴾

٨٠ـ عن الشَّيْبَانِيُّ قَالَ: سَأَلْتُ زِرَّ بْنَ حُبَيْشٍ (ﷺ) عَنْ قَوْلِ اللَّهِ (ﷻ): ﴿فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى﴾ ﴿النجم: ٩﴾ فقَالَ: أَخْبَرَنِي ابْنُ مَسْعُودٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) رَأَى جِبْرِيلَ (ﷺ) لَهُ سِتُّ مِائَةِ جَنَاحٍ.

(شەیبانی)وتی: پرسیارم كرد لە(زر) كوڕی (حبیش)(ﷺ) لەبارەی ئەم فەرموودەیەی خوای گەورە﴿فكان قاب قوسین أو ادنی﴾ النجم/٩ ، دەڵێ: (ابن مسعود) هەواڵی دامێكە: پێغەمبەر(ﷺ) جوبرەئیلی دی شەسەدباڵی هەبووە.

٨١ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: ﴿مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى... وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى﴾ ﴿النجم: ١١-١٣﴾. قَالَ: رَآهُ بِفُؤَادِهِ مَرَّتَيْنِ.

(ابن عباس)(رضي الله عنه) وتی: ﴿ما كذب الفؤاد ما راى ... ولقد راه نزلة اخرى ﴾ النجم/ ١١ ـ ٥٩ ـ ١٣ دەڵێ: بەدڵ دووجار دیویەتی *.

(٥٥) لەبارەی بینینی خوای گەورەوە

٨٢ـ عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: كُنْتُ مُتَّكِئًا عِنْدَ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) فَقَالَتْ: يَا أَبَا عَائِشَةَ، ثَلَاثٌ مَنْ تَكَلَّمَ بِوَاحِدَةٍ مِنْهُنَّ فَقَدْ أَعْظَمَ عَلَى اللَّهِ الْفِرْيَةَ. قُلْتُ: مَا هُنَّ؟ قَالَتْ: مَنْ زَعَمَ أَنَّ مُحَمَّدًا (ﷺ) رَأَى رَبَّهُ فَقَدْ أَعْظَمَ عَلَى اللَّهِ الْفِرْيَةَ، قَالَ: وَكُنْتُ مُتَّكِئًا فَجَلَسْتُ، فَقُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَنْظِرِينِي وَلَا تَعْجَلِينِي، أَلَمْ يَقُلِ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿وَلَقَدْ رَآهُ بِالْأُفُقِ الْمُبِينِ﴾ ﴿التكوير: ٢٣﴾. ﴿وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى﴾ ﴿النجم: ١٣﴾. فَقَالَتْ (رضي الله عنها): أَنَا أَوَّلُ هَذِهِ الْأُمَّةِ سَأَلَ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((إِنَّمَا هُوَ جِبْرِيلُ –(عليه السلام)– لَمْ أَرَهُ عَلَى صُورَتِهِ الَّتِي خُلِقَ عَلَيْهَا غَيْرَ هَاتَيْنِ الْمَرَّتَيْنِ، رَأَيْتُهُ مُنْهَبِطًا مِنَ السَّمَاءِ، سَادًّا عِظَمُ خَلْقِهِ مَا بَيْنَ السَّمَاءِ إِلَى الْأَرْضِ)). فَقَالَتْ: أَوَ لَمْ تَسْمَعْ أَنَّ اللَّهَ (عز وجل) يَقُولُ: ﴿لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ ﴿الانعام: ١٠٣﴾. أَوَ لَمْ تَسْمَعْ أَنَّ اللَّهَ (عز وجل) يَقُولُ: ﴿وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَنْ يُكَلِّمَهُ اللَّهُ إِلَّا وَحْيًا أَوْ مِنْ وَرَاءِ حِجَابٍ أَوْ يُرْسِلَ رَسُولًا﴾ الى قوله: ﴿عَلِيٌّ حَكِيمٌ﴾ ﴿الشوري: ٥١﴾؟ قَالَتْ: وَمَنْ زَعَمَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَتَمَ شَيْئًا مِنْ كِتَابِ اللَّهِ فَقَدْ أَعْظَمَ عَلَى اللَّهِ الْفِرْيَةَ، وَاللَّهُ يَقُولُ: ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ﴾ ﴿المائدة: ٦٧﴾. قَالَتْ: وَمَنْ زَعَمَ أَنَّهُ يُخْبِرُ بِمَا يَكُونُ فِي غَدٍ فَقَدْ أَعْظَمَ عَلَى اللَّهِ الْفِرْيَةَ، وَاللَّهُ يَقُولُ: ﴿قُلْ لَا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ﴾ ﴿النمل: ٦٥﴾. وَزَادَ داود: قَالَتْ وَلَوْ كَانَ مُحَمَّدٌ (ﷺ) كَاتِمًا شَيْئًا مِمَّا أُنْزِلَ عَلَيْهِ لَكَتَمَ هَذِهِ الْآيَةَ: ﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ﴾. ﴿الأحزاب: ٣٧﴾

(مسروق) دەڵێ: لەلای عائیشە(رضي الله عنها) پاڵم دابوویەوە، وتی: ئەی باوکی(عائیشە) سێشت هەن هەرکەس لەبارەی یەکێکیانەوە قسە بکات، ئەوە درۆیەکی گەورەی بەدەم خواوە کردووە، وتم: ئەو سێشتە چین؟ وتی: هەرکەس بڵێ گوایا محمد(ﷺ) پەروەردگاری خۆی دیووە، ئەوە درۆیەکی

---

* بۆ زانینی مانای ئایەتەکە سەیری تەفسیری ئاسان بکە.

گەورەی بەدەم خواوە کردووە. دەڵێ: من شانم دادابوو ئینجا دانیشتمو وتم: ئەی دایکی ئیمانداران مۆڵەتم بدە پەلەم لێمەکە، ئەی خوای گەورە نەیفەرمووە:﴿ولقد راه بالافق المبين﴾ التكوير:٢٣ ﴿ولقد راه نزلة اخرى﴾ النجم: ١٣ (عائیشە) وتی: من یەکەم کەسم لەم ئوممەتە کەئەوەم لەپێغەمبەر(ﷺ) پرسیووە فەرموویەتی: (ئەوە جوبرەئیلە (علیه السلام) هەرگیز لەسەر وێنەی خۆی نەمدیوە کەلەسەری دروستکراوە جگە لەم دووجارە، دیومە لە ئاسمان دابەزیووە.

(عائشە) وتی: ئەی نەتبیستووە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تُدْرِكُهُ الْأَبْصَارُ وَهُوَ يُدْرِكُ الْأَبْصَارَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ (الأنعام:١٠٣)

((چاوەکان نابینن ، ئەو چاوەکان دەبینێت ، هەر ئەو نەرمونیانو شارەزایە))[انعام :١٠٣)] ئەی ئایا نەتبیستووە کەخوای گەورە دەفەرموێت: (هیچ مرۆڤێك بۆی نییە خوا قسەی لەگەڵدا بکات ، مەگەر وەحی بۆ بنێرێت ، یان لەپشتیپەروەردەوە یان رەوانەکراو بنێرێت)) هەتا دەفەرموێت: (بەرزو دانایە) [الشوری:٥١] (عائشە) وتی: هەرکەسیش بڵێ کەپێغەمبەر (ﷺ) شتێکی لەکتێبی خوا شاردۆتەوە ئەو درۆیەکی گەورەی بەدەم خواوە کردووە، خوا فەرموویەتی: (ئەی پێغەمبەر بێگەیەنە ئەوەی بۆت دابەزیووە لەلای پەروەردگارتەوە ، ئەگەر نەیگەیەنی ئەو پەیامەکەیت نەگەیاندووە [المائدة: ٦٧] دەڵێ: هەرکەس بڵێ من دەزانم سبەینێ چی ڕوودەدات ئەوە درۆیەکی گەورەی بەدەم خواوە کردووە ، خوا فەرموویەتی: ((تۆ ئەی محەمەد کاتێ بەو کەسەی کەزەیدەو خوا نیعمەتی ئیمانی پێبەخشیووە، تۆش نیعمەتی ئازادیو پەروەردەت لەنزیکی خۆتەوە پێداوە، دەڵێیت هاوسەری خۆت بهێڵەرەوە لای خۆت کە(زەینەب)ە ، لەخوا بترسەو (تەلاقی مەدە) شتێك لەدڵو دەروونی خۆتا دەشاریتەوە کەخوا دەیەوێت ئاشکرای بکات ، لەخەڵکی دەترسیت، بەلاّم خوا لەپێشترە کەحسابی بۆ بکەیت و لێی بترسیت)).

٨٣ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَامَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِخَمْسِ كَلِمَاتٍ، فَقَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ (ﷻ) لَا يَنَامُ، وَلَا يَنْبَغِي لَهُ أَنْ يَنَامَ، يَخْفِضُ الْقِسْطَ وَيَرْفَعُهُ، يُرْفَعُ إِلَيْهِ عَمَلُ اللَّيْلِ قَبْلَ عَمَلِ النَّهَارِ، وَعَمَلُ النَّهَارِ قَبْلَ عَمَلِ اللَّيْلِ، حِجَابُهُ النُّورُ –وَفِي رِوَايَةِ: النَّارُ– لَوْ كَشَفَهُ لَأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ)).

(ابو موسى)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناوماندا هەستایە سەرپێ و پێنج وتەی فەرموو: ((خوای گەورە ناخەوێ، ناگونجێ کەبخەوێ، تەرازو بەرزدەکاتەوەو نزمی دەکاتەوە. ﴿بەکردەوەی بەندەکان خۆیان﴾، کرداری شەو پێش کرداری رۆژ بەرز دەبێتەوە بۆ لای، کرداری رۆژیش پێش پێش کرداری شەو، پەردەکەی نووره ـ لەریوایەتێکیشا ـ ئاگرە، ئەگەر ئەو پەردە لاببات نووری رووخساری هەموو ئەو دروستکراوانە دەسوتێنێ کەبینایی پێی دەگات ﴿واتە هەموو بوونەوەر﴾.

٨٤ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّ أُنَاسًا قَالُوا لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ نَرَى رَبَّنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَلْ تُضَارُّونَ فِي رُؤْيَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ)). قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((هَلْ تُضَارُّونَ فِي الشَّمْسِ لَيْسَ دُونَهَا سَحَابٌ)). قَالُوا: لَا، قَالَ: ((فَإِنَّكُمْ تَرَوْنَهُ كَذَلِكَ. يَجْمَعُ اللَّهُ النَّاسَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَيَقُولُ: مَنْ كَانَ يَعْبُدُ شَيْئًا فَلْيَتَّبِعْهُ، فَيَتَّبِعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الشَّمْسَ الشَّمْسَ، وَيَتَّبِعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الْقَمَرَ الْقَمَرَ، وَيَتَّبِعُ مَنْ كَانَ يَعْبُدُ الطَّوَاغِيتَ الطَّوَاغِيتَ، وَتَبْقَى هَذِهِ الْأُمَّةُ فِيهَا مُنَافِقُوهَا، فَيَأْتِيهِمُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى فِي صُورَةٍ غَيْرِ صُورَتِهِ الَّتِي يَعْرِفُونَ. فَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكُمْ، فَيَقُولُونَ: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ، هَذَا مَكَانُنَا حَتَّى يَأْتِيَنَا رَبُّنَا فَإِذَا جَاءَ رَبُّنَا عَرَفْنَاهُ. فَيَأْتِيهِمُ اللَّهُ تَعَالَى فِي صُورَتِهِ الَّتِي يَعْرِفُونَ فَيَقُولُ أَنَا رَبُّكُمْ فَيَقُولُونَ أَنْتَ رَبُّنَا فَيَتَّبِعُونَهُ وَيُضْرَبُ الصِّرَاطُ بَيْنَ ظَهْرَيْ جَهَنَّمَ، فَأَكُونُ أَنَا وَأُمَّتِي أَوَّلَ مَنْ يُجِيزُ، وَلَا يَتَكَلَّمُ يَوْمَئِذٍ إِلَّا الرُّسُلُ، وَدَعْوَى الرُّسُلِ يَوْمَئِذٍ: اللَّهُمَّ سَلِّمْ سَلِّمْ، وَفِي جَهَنَّمَ كَلَالِيبُ مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، هَلْ رَأَيْتُمُ السَّعْدَانَ)). قَالُوا: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَإِنَّهَا مِثْلُ شَوْكِ السَّعْدَانِ، غَيْرَ أَنَّهُ لَا يَعْلَمُ مَا قَدْرُ عِظَمِهَا إِلَّا اللَّهُ، تَخْطَفُ النَّاسَ بِأَعْمَالِهِمْ، فَمِنْهُمُ الْمُوبَقُ ﴿يعني﴾ بِعَمَلِهِ، وَمِنْهُمُ الْمُجَازَى حَتَّى يُنَجَّى، حَتَّى إِذَا فَرَغَ اللَّهُ مِنَ الْقَضَاءِ بَيْنَ الْعِبَادِ، وَأَرَادَ أَنْ يُخْرِجَ بِرَحْمَتِهِ مَنْ أَرَادَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ، أَمَرَ الْمَلَائِكَةَ أَنْ يُخْرِجُوا مِنَ النَّارِ مَنْ كَانَ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا مِمَّنْ أَرَادَ أَنْ يَرْحَمَهُ، مِمَّنْ يَقُولُ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، فَيَعْرِفُونَهُمْ فِي النَّارِ، يَعْرِفُونَهُمْ بِأَثَرِ السُّجُودِ، تَأْكُلُ النَّارُ مِنِ ابْنِ آدَمَ إِلَّا أَثَرَ السُّجُودِ، حَرَّمَ اللَّهُ عَلَى النَّارِ أَنْ تَأْكُلَ أَثَرَ السُّجُودِ، فَيُخْرَجُونَ مِنَ النَّارِ وَقَدِ امْتَحَشُوا، فَيُصَبُّ عَلَيْهِمْ مَاءُ الْحَيَاةِ، فَيَنْبُتُونَ مِنْهُ كَمَا تَنْبُتُ الْحِبَّةُ فِي حَمِيلِ السَّيْلِ، ثُمَّ يَفْرُغُ اللَّهُ تَعَالَى مِنَ الْقَضَاءِ بَيْنَ الْعِبَادِ وَيَبْقَى رَجُلٌ مُقْبِلٌ بِوَجْهِهِ عَلَى النَّارِ، وَهُوَ آخِرُ أَهْلِ الْجَنَّةِ

دُخُولًا الْجَنَّةَ، فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ اصْرِفْ وَجْهِي عَنِ النَّارِ، فَإِنَّهُ قَدْ قَشَبَنِي رِيحُهَا، وَأَحْرَقَنِي ذَكَاؤُهَا. فَيَدْعُو اللَّهَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَدْعُوَهُ، ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: هَلْ عَسَيْتَ إِنْ فَعَلْتُ ذَلِكَ بِكَ أَنْ تَسْأَلَ غَيْرَهُ؟ فَيَقُولُ: لَا أَسْأَلُكَ غَيْرَهُ، وَيُعْطِي رَبَّهُ مِنْ عُهُودٍ وَمَوَاثِيقَ مَا شَاءَ اللَّهُ، فَيَصْرِفُ اللَّهُ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ، فَإِذَا أَقْبَلَ عَلَى الْجَنَّةِ وَرَآهَا، سَكَتَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَسْكُتَ، ثُمَّ يَقُولُ: أَيْ رَبِّ قَدِّمْنِي إِلَى بَابِ الْجَنَّةِ، فَيَقُولُ اللَّهُ لَهُ، أَلَيْسَ قَدْ أَعْطَيْتَ عُهُودَكَ وَمَوَاثِيقَكَ لَا تَسْأَلُنِي غَيْرَ الَّذِي أَعْطَيْتُكَ؟ وَيْلَكَ يَا ابْنَ آدَمَ مَا أَغْدَرَكَ! فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ! وَيَدْعُو اللَّهَ، حَتَّى يَقُولَ لَهُ: فَهَلْ عَسَيْتَ إِنْ أَعْطَيْتُكَ ذَلِكَ أَنْ تَسْأَلَ غَيْرَهُ؟ فَيَقُولُ: لَا وَعِزَّتِكَ، فَيُعْطِي رَبَّهُ مَا شَاءَ اللَّهُ مِنْ عُهُودٍ وَمَوَاثِيقَ، فَيُقَدِّمُهُ إِلَى بَابِ الْجَنَّةِ، فَإِذَا قَامَ عَلَى بَابِ الْجَنَّةِ انْفَهَقَتْ لَهُ الْجَنَّةُ، فَرَأَى مَا فِيهَا مِنَ الْخَيْرِ وَالسُّرُورِ، فَيَسْكُتُ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَسْكُتَ، ثُمَّ يَقُولُ: أَيْ رَبِّ أَدْخِلْنِي الْجَنَّةَ، فَيَقُولُ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى لَهُ: أَلَيْسَ قَدْ أَعْطَيْتَ عُهُودَكَ وَمَوَاثِيقَكَ أَنْ لَا تَسْأَلَ غَيْرَ مَا أُعْطِيتَ؟ وَيْلَكَ يَا ابْنَ آدَمَ مَا أَغْدَرَكَ! فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ لَا أَكُونُ أَشْقَى خَلْقِكَ، فَلَا يَزَالُ يَدْعُو اللَّهَ حَتَّى يَضْحَكَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى مِنْهُ، فَإِذَا ضَحِكَ اللَّهُ مِنْهُ قَالَ: ادْخُلِ الْجَنَّةَ، فَإِذَا دَخَلَهَا قَالَ اللَّهُ لَهُ: تَمَنَّهْ، فَيَسْأَلُ رَبَّهُ وَيَتَمَنَّى، حَتَّى إِنَّ اللَّهَ لَيُذَكِّرُهُ مِنْ كَذَا وَكَذَا، حَتَّى إِذَا انْقَطَعَتْ بِهِ الْأَمَانِيُّ قَالَ اللَّهُ تَعَالَى: ذَلِكَ لَكَ وَمِثْلُهُ مَعَهُ)). قَالَ عَطَاءُ بْنُ يَزِيدَ: وَأَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ لَا يَرُدُّ عَلَيْهِ مِنْ حَدِيثِهِ شَيْئًا، حَتَّى إِذَا حَدَّثَ أَبُو هُرَيْرَةَ أَنَّ اللَّهَ ﴿(ﷻ)﴾ قَالَ لِذَلِكَ الرَّجُلِ: ((وَمِثْلُهُ مَعَهُ)). قَالَ أَبُو سَعِيدٍ: ((وَعَشَرَةُ أَمْثَالِهِ مَعَهُ)) يَا أَبَا هُرَيْرَةَ. قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: مَا حَفِظْتُ إِلَّا قَوْلَهُ: ((ذَلِكَ لَكَ وَمِثْلُهُ مَعَهُ)). قَالَ أَبُو سَعِيدٍ: أَشْهَدُ أَنِّي حَفِظْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَوْلَهُ: ((ذَلِكَ لَكَ وَعَشَرَةُ أَمْثَالِهِ)). قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَذَلِكَ الرَّجُلُ آخِرُ أَهْلِ الْجَنَّةِ دُخُولًا الْجَنَّةَ)).

(ابوهريرە)(ﷺ) دەڵێ: کەسانێك وتیان بەپێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا لەرۆژی قیامەتدا پەروەردگارمان دەبینین؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئایا لەبینینی مانگی چواردەدا یەکتر سەغڵەت دەکەن؟) وتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئایا بۆ بینینی خۆر لەرۆژێکدا هەور بەری نەگرتبێت یەکتری سەغڵەت دەکەن؟)) وتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((دەئێوە ئاوا دەیبینن، خوا لەرۆژی قیامەتدا خەڵکی کۆدەکاتەوە،

دەفەرمویت: هەرکەس شتێکی پەرستووە، باشوێنی بکەوێت، ئەوەی خۆری پەرستووە شوێن خۆر دەکەوێت، ئەوەی مانگی پەرستووە شوێن مانگ دەکەوێت، ئەوەی ملهوڕانی پەرستووە شوێن ملهوڕان دەکەوێت. ئەم ئوممەتە دەمێنێتەوەو مونافیقەکانیشی تێدایە، خوای گەورە لەشێوەیەکدا کەنایناسنەوە خۆیان نیشان دەدات دەفەرموێت: من پەروەردگاری ئێوەم، دەڵێن: پەنا دەگرین بەخوا لەتۆ، ئەمە شوێنمانە هەتا پەروەردگارمان دێت، ئەگەر پەروەردگارمان هات دەیناسینەوە، ئینجا خوای گەورە لەوشێوەدا کەدەیناسن دێت و دەفەرموێت: من پەروەردگارتانم دەڵێن: تۆ پەروەردگاری ئێمەیت، شوێنی دەکەون، ئینجا پردی صیراط دەخرێتە سەرپشتی دۆزەخ، ئەوکاتە من و ئوممەتەکەم یەکەم کەسین کەدەپەڕینەوە، لەورۆژەدا کەس قسە ناکات جگە لەپێغەمبەران، دۆعاو نزای پێغەمبەرانیش لەورۆژەدا: خوایە بەسەلامەتیی، بەسەلامەتیی، لەدۆزەخیشدا قولاپ هەیە هەر دەڵێی دڕکی سەعدانە، ئایا سەعدانتان دیووە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((لەراستیدا وەکو دڕکی سەعدان وایە، بەلام کەس رادەی زلیەکەی نازانێ خوا نەبێ، خەڵکی بەپێی کردەوەکانیان دەڕفێنێ ﴿بۆناو دۆزەخ ﴾، هەیانە تیادەچێت بەکردەوەکانی، هەشیانە سزادەدرێت تا رزگار دەکرێت، هەتا کاتێ خوا لەدادوەریی نێوان بەندەکانی دەبێتەوە، دەیەوێ بەبەزەیی خۆی کێی بوویت لەئاگر دەری بهێنێ، فەرمان دەکات بەفریشتەکان، ئەوکەسە دەربێنن لەئاگر کەهیچ هاوەڵی بۆ خوا بریارنەداوە، کەسێك خوا بیەوێت ڕەحمی پێبکات کە وتویەتی: ((لا الە الا اللە))، لەئاگرەکەدا بەشوێنەواری سوجدەدا دەیناسنەوە، ﴿ئاگر هەموو شوێنێکی ئادەمیزاد دەسوتێنێ جە لە شوێنی سەجدە﴾، خوا حەرامی کردوە لەسەر ئاگر کەشوێنی سەجدە بسوتێنێ، پاشان دەردەهێنرێن لەئاگر دوای ئەوەی سوتاون و بوون بەخەڵوز، ئینجا ئاوی ژیان دەکرێت بەسەریانداو سەوز دەبنەوە هەروەکو تۆوێك لەلیتەی لافاودا سەوز دەبێت، ئینجا خوای گەورە لەدادوەریی نێوان بەندەکانی دەبێتەوە، پیاوێك دەمێنێتەوە کەرووی لەئاگری دۆزەخە، ئەوەش دواهەمین کەسە، کەدەچێتە بەهەشت، ئینجا دەڵێت: ئەی پەروەردگارم رووم وەرگێرە لەئاگر، چونکە تێنەکەی ئازاری داوم و ژەهراوی کردووم، بڵێسەکانی سووتاندومی، ئینجا

دەست دەکات بەپاڕانەوە لەخوا، چەند خوا ویستی لەسەر بێت کەلێی بپاڕێتەوە. ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت:ئایا ئەگەر ئەوەت بدەمێ خۆزگە دەخوازی بۆشتیتر؟ دەڵێ: داوای شتی ترت لێناکەم ئەوەندەی خوا ویستی لەسەر بێت بەڵێن دەدا بەخوا﴿کەداوای هیچیتر نەکات﴾خوای گەورەش دەیگەیەنێتە دەرگای بەهەشت. کاتێ دەگاتە دەرگای بەهەشت، دەرگای بەهەشتی بۆ والا دەبێت، هەرچی جوانیو خۆشی تێدایە دەیبینێ، ئەوەندەی خواویستی لەسەر بێت بێدەنگ دەبێت، ئینجا دەڵێ ئەی پەروەردگارم بمخەرە ناو بەهەشتەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: مەگەر پەیمانو بەڵێنت نەدا کەداوای هیچیتر نەکەیت جگە لەوەی پێم داویت؟ سەرگەردان خۆیت ئەی ئادەمیزاد چەند ستەمکاریت؟ دەڵێ: ئەی پەروەردگارم با نەبمە بەدبەختترین دروستکراوت، بەردەوام لەخوا دەپاڕێتەوە هەتا خوا دەست دەکات بەپێکەنین، کاتێ پێدەکەنێ دەفەرموێت: بچۆرە بەهەشتەوە، ئینجا کەچووە ناو بەهەشتەوە، خواپێی دەفەرموێت: داوابکە، ئینجا داوا لەخوا دەکاتو خۆزگە دەخوازێت، هەتا خوا خۆی شتی بیردەخاتەوە، هەتا هیچ ئاواتێکی نامێنێ، ئینجا خوا دەفەرموێت: ئەوە بۆ تۆو ئەوەندەی تریشی لەگەڵدابێت، (عطاء)ی کوڕی (یزید) دەڵێ: (ابو سعید الخدری) لەگەڵ (ابوهریرە)دا هیچی لەو فەرموودەی ئەو ڕەت نەکردەوە، هەتا کاتێ (ابوهریرە) وتی: خوای گەورە بەو پیاوەی فەرموو: ئەوەندەی تریشی لەگەڵدا بێت) (ابوسعید) وتی:﴿نەخێر﴾ دەئەوەندەی تریشی لەگەڵدابێت) ئەی (ابوهریرە) (ابوهریرە) وتی: من هەر ئەوەم لەبەرکردووە: ئەمە بۆ تۆ ئەوەندەی تریشی لەگەڵدابێت. (ابو سعید) وتی: شایەتی دەدەم من لە پێغەمبەری خوام(ﷺ) وەرگرتووە فەرموویەتی: ئەوە بۆ تۆ دە ئەوەندەشی لەگەڵدا بێت) (ابوهریرە) وتی: ئەوپیاوە دواین بەهەشتیە کەدەچێتە بەهەشت.

(٥٦) دەرچوونی یەکتاپەرستان لەئاگر

٨٥ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخدري (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَمَّا أَهْلُ النَّارِ الَّذِينَ هُمْ أَهْلُهَا، فَإِنَّهُمْ لَا يَمُوتُونَ فِيهَا وَلَا يَحْيَوْنَ، وَلَكِنْ نَاسٌ أَصَابَتْهُمُ النَّارُ بِذُنُوبِهِمْ -أَوْ قَالَ: بِخَطَايَاهُمْ- فَأَمَاتَهُمْ إِمَاتَةً، حَتَّى إِذَا كَانُوا فَحْمًا أُذِنَ بِالشَّفَاعَةِ، فَجِيءَ بِهِمْ ضَبَائِرَ ضَبَائِرَ، فَبُثُّوا عَلَى أَنْهَارِ الْجَنَّةِ. ثُمَّ قِيلَ: يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ أَفِيضُوا

عَلَيْهِمْ، فَيَنْبُتُونَ نَبَاتَ الْحِبَّةِ تَكُونُ فِي حَمِيلِ السَّيْلِ)). فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: كَأَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ كَانَ بِالْبَادِيَةِ.

(ابو سعيد الخدری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((نیشتەجێکانی دۆزەخ ئەوانەی خەڵکی ئەوێن، بەراستی ئەوانە نەدەمرن تیایداو نەدەژین، بەڵام کەسانێك لەئێوە بەهۆی تاوانەکانیانەوە کەوتوونەتە دۆزەخەوە خوای گەورە بەجۆرە مردنێك مراندونی، کاتێ بوون بەخەڵوز مۆڵەتی شەفاعەت دەدرێت، ئەوکاتە کۆمەڵ کۆمەڵ جیاجیا دەیانهێنن بڵاودەکرێنەوە بەسەر رووبارەکانی بەهەشتا، ئینجا دەوترێت: ئەی خەڵکی بەهەشت ئاو بکەن بەسەریاندا، ئینجا دەڕوێنەوە وەکو (تۆو) لەناو لیتاوی لافاودا بەخێرایی دەڕوێن)) یەکێك لەخەڵکەکەو وتی: دەڵێی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەلادێدا ژیاوە.

٨٦ـ عَنْ أَنَس، عَنِ ابْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) : أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((آخِرُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ رَجُلٌ، فَهْوَ يَمْشِي مَرَّةً وَيَكْبُو مَرَّةً، وَتَسْفَعُهُ النَّارُ مَرَّةً، فَإِذَا مَا جَاوَزَهَا الْتَفَتَ إِلَيْهَا فَقَالَ: تَبَارَكَ الَّذِي نَجَّانِي مِنْكِ، لَقَدْ أَعْطَانِي اللَّهُ شَيْئًا مَا أَعْطَاهُ أَحَدًا مِنَ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ، فَتُرْفَعُ لَهُ شَجَرَةٌ، فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ أَدْنِنِي مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ فَلِأَسْتَظِلَّ بِظِلِّهَا، وَأَشْرَبَ مِنْ مَائِهَا، فَيَقُولُ اللَّهُ (ﷻ): يَا ابْنَ آدَمَ لَعَلِّي إِنْ أَعْطَيْتُكَهَا سَأَلْتَنِي غَيْرَهَا؟ فَيَقُولُ: لَا يَا رَبِّ، وَيُعَاهِدُهُ أَنْ لَا يَسْأَلَهُ غَيْرَهَا، وَرَبُّهُ يَعْذِرُهُ لِأَنَّهُ يَرَى مَا لَا صَبْرَ لَهُ عَلَيْهِ، فَيُدْنِيهِ مِنْهَا فَيَسْتَظِلُّ بِظِلِّهَا وَيَشْرَبُ مِنْ مَائِهَا، لَا أَسْأَلُكَ غَيْرَهَا؟ فَيَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ أَلَمْ تُعَاهِدْنِي أَنْ لَا تَسْأَلَنِي غَيْرَهَا؟ فَيَقُولُ: لَعَلِّي إِنْ أَدْنَيْتُكَ مِنْهَا تَسْأَلُنِي غَيْرَهَا؟ فَيُعَاهِدُهُ أَنْ لَا يَسْأَلَهُ غَيْرَهَا، وَرَبُّهُ يَعْذِرُهُ لِأَنَّهُ يَرَى مَا لَا صَبْرَ لَهُ عَلَيْهِ، فَيُدْنِيهِ مِنْهَا فَيَسْتَظِلُّ بِظِلِّهَا وَيَشْرَبُ مِنْ مَائِهَا، ثُمَّ تُرْفَعُ لَهُ شَجَرَةٌ عِنْدَ بَابِ الْجَنَّةِ، هِيَ أَحْسَنُ مِنَ الْأُولَيَيْنِ، فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ أَدْنِنِي مِنْ هَذِهِ لِأَسْتَظِلَّ بِظِلِّهَا وَأَشْرَبَ مِنْ مَائِهَا، لَا أَسْأَلُكَ غَيْرَهَا. فَيَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ أَلَمْ تُعَاهِدْنِي أَنْ لَا تَسْأَلَنِي غَيْرَهَا؟ قَالَ: بَلَى يَا رَبِّ، هَذِهِ لَا أَسْأَلُكَ غَيْرَهَا، وَرَبُّهُ يَعْذِرُهُ لِأَنَّهُ يَرَى مَا لَا صَبْرَ لَهُ عَلَيْهَا، فَيُدْنِيهِ مِنْهَا، فَإِذَا أَدْنَاهُ مِنْهَا، فَيَسْمَعُ أَصْوَاتَ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ أَدْخِلْنِيهَا، فَيَقُولُ: يَا ابْنَ آدَمَ مَا يَصْرِينِي مِنْكَ؟ أَيُرْضِيكَ أَنْ أُعْطِيَكَ الدُّنْيَا وَمِثْلَهَا مَعَهَا؟ قَالَ: يَا رَبِّ، أَتَسْتَهْزِئُ مِنِّي وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ)). فَضَحِكَ ابْنُ مَسْعُودٍ، فَقَالَ: أَلَا تَسْأَلُونِي مِمَّ أَضْحَكُ؟ فَقَالُوا: مِمَّ تَضْحَكُ؟ قَالَ: هَكَذَا ضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالُوا: مِمَّ تَضْحَكُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟

قَالَ: ((مِنْ ضِحْكِ رَبِّ الْعَالَمِينَ حِينَ قَالَ: أَتَسْتَهْزِئُ مِنِّي وَأَنْتَ رَبُّ الْعَالَمِينَ؟ فَيَقُولُ: إِنِّي لَا أَسْتَهْزِئُ مِنْكَ، وَلَكِنِّي عَلَى مَا أَشَاءُ قَادِرٌ)).

(انس) لە(ابن مسعود)ەوە دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((دواین کەس کەدەچێتە بەهەشتەوە پیاوێکە تاوێك دەڕوات و تاوێك دەکەوێت، تاوێکیش ئاگر دەیگەزێت، کاتێ لێی تێپەڕ دەبێت لادەکاتەوە بەلایداو دەڵێ: گەورەیی بۆ ئەو زاتەی ڕزگاری کردم لەتۆ، خوای گەورە شتێکی داوە بەمن نەبە پێشینان و نەبە پاشینانی نەداوە، ئینجا درەختێکی بۆ دەردەخرێت، ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگارم نزیکم بکەرەوە لەو درەختە تابچمە سێبەرەکەی و لەئاوەکەشی بخۆمەوە، خوای گەورەش دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم لەوانەیە ئەگەر ئەوەت بدەمێ داوای شتی تریش بکەیت؟ دەڵێ: نەخێر ئەی پەروەردگار، پەیمانی دەداتێ کەداوای هیچیتر نەکات خوای گەورەش لێی قبوڵ دەکات. چونکە ئەو شتانێك دەبینێ ئارام ناگرێت لەسەری ئینجا نزیکی دەکاتەوە، ئەویش دەچێتە سێبەرەکەیەوەو لەئاوەکەش دەخواتەوە، ئینجا درەختێکی لەپێشووەکە باشتری پیشان دەدەن، ئەویش دەڵێ: ئەی پەروەردگار لەو درەختە نزیکم بکەرەوە بالەئاوەکەی بخۆمەوەو لەسێبەرەکەیدا بحەوێمەوە، ئیتر داوای هیچی ترت لێناکەم، خوا دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم: پەیمانت نەدامێ کەداوای هیچی تر نەکەیت، دەڵێ: بەڵێ ئەی پەروەردگار ئەمەو ئیتر داوای هیچ ناکەم، دەفەرموێت: لەوانەیە ئەگەر نزیکت بکەمەوە داوای شتی تریش بکەیت ئەویش پەیمانی دەداتێ کەداوای هیچی تر نەکات، خوای گەورەش لێی قبوڵ دەکات، چونکە شتانێك دەبینێ کەئارام ناگرێت لەسەری. ئینجا نزیکی دەکاتەوە لێی، دەچێتە سێبەرەکەی و لەئاوەکەش دەخواتەوە، ئینجا درەختێکی لەدەرگای بەهەشتا نیشان دەدەن، چاکتر لەدووانە پێشووەکە. دەڵێ: ئەی پەروەردگار نزیکم بکەرەوەو لەو درەختە تابچمە سێبەرەکەی و لەئاوەکەی بخۆمەوە، ئیتر داوای هیچت لێناکەم دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم: ئەی پەیمانت نەدا کەداوای هیچی تر نەکەیت؟ دەڵێ: بەڵێ هەر ئەمەو ئیتر داوای هیچیتر ناکەم. خوای گەورەش لێی قبوڵ دەکات، چونکە شتانێك دەبینێ کەئارام ناگرێت لەسەری، ئینجا نزیکی دەکاتەوە لێی کاتێ کەنزیك دەبێتەوە، دەنگی خەڵکی بەهەشت دەبیستێ،

دەڵێ: ئەی پەروەردگار بمخەرەوە ناو بەهەشتەوە، دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم چی رازییت دەکات و داواکاریت نامێنێ؟ ئایا رازیت بەوەی کەدنیات بدەمێو بەوێنەی دنیاش لەگەڵیا؟ دەڵێ: ئەی پەروەردگار گاڵتە بەمن دەکەیت و تۆ پەروەردگاری جیهانیانی، ﴿ئالێرەدا﴾((ابن مسعود) پێدەکەنێ، ئینجا وتی: لێم ناپرسن بۆچی پێدەکەنم؟ وتیان: بەچی پێدەکەنی؟ وتی: هەر ئاوا پێغەمبەری خواش(پێکەنیو وتیان: بەچی پێدەکەنی ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((لەپێکەنینی پەروەردگاری جیهانیان کاتێ ﴿کابرا﴾ وتی: ئایا گاڵتە بەمن دەکەیت و تۆ پەروەردگاری جیهانیانی؟ فەرمووی: من بەتۆ پێناکەنم، بەڵام هەرچیم بوێت دەسەڵاتم هەیە بەسەریا)).

٨٧ـ عن أَبِي الزُّبَيْرِ: أَنَّهُ سَمِعَ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) يُسْأَلُ عَنِ الْوُرُودِ؟ فَقَالَ: نَجِيءُ نَحْنُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَنْ كَذَا وَكَذَا –انْظُرْ– أَيْ ذَلِكَ فَوْقَ النَّاسِ. قَالَ: فَتُدْعَى الْأُمَمُ بِأَوْثَانِهَا وَمَا كَانَتْ تَعْبُدُ، الْأَوَّلُ فَالْأَوَّلُ، ثُمَّ يَأْتِينَا رَبُّنَا بَعْدَ ذَلِكَ فَيَقُولُ: مَنْ تَنْظُرُونَ؟ فَيَقُولُونَ: نَنْظُرُ رَبَّنَا، فَيَقُولُ: أَنَا رَبُّكُمْ، فَيَقُولُونَ: حَتَّى نَنْظُرَ إِلَيْكَ، فَيَتَجَلَّى لَهُمْ يَضْحَكُ، قَالَ: فَيَنْطَلِقُ بِهِمْ وَيَتَّبِعُونَهُ، وَيُعْطَى كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْهُمْ – مُنَافِقٍ أَوْ مُؤْمِنٍ– نُورًا، ثُمَّ يَتَّبِعُونَهُ. وَعَلَى جِسْرِ جَهَنَّمَ كَلَالِيبُ وَحَسَكٌ تَأْخُذُ مَنْ شَاءَ اللَّهُ (ﷻ) ،ثُمَّ يُطْفَأُ نُورُ الْمُنَافِقِينَ، ثُمَّ يَنْجُو الْمُؤْمِنُونَ، فَتَنْجُو أَوَّلُ زُمْرَةٍ وُجُوهُهُمْ كَالْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، سَبْعُونَ أَلْفًا لَا يُحَاسَبُونَ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ كَأَضْوَإِ نَجْمٍ فِي السَّمَاءِ، ثُمَّ كَذَلِكَ، ثُمَّ تَحِلُّ الشَّفَاعَةُ، وَيَشْفَعُونَ حَتَّى يَخْرُجَ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَكَانَ فِي قَلْبِهِ مِنَ الْخَيْرِ مَا يَزِنُ شَعِيرَةً، فَيُجْعَلُونَ بِفِنَاءِ الْجَنَّةِ، وَيَجْعَلُ أَهْلُ الْجَنَّةِ يَرُشُّونَ عَلَيْهِمُ الْمَاءَ حَتَّى يَنْبُتُوا نَبَاتَ الشَّيْءِ فِي السَّيْلِ وَيَذْهَبُ حُرَاقُهُ، ثُمَّ يَسْأَلُ حَتَّى تُجْعَلَ لَهُ الدُّنْيَا وَعَشَرَةُ أَمْثَالِهَا مَعَهَا. [بخاري / الرقائق/ صفة الجنة والنار/ ٦١٩٠]

(ابو زبیر) دەڵێ: گوێم لێبووە(جابر) کوڕی (عبدالله) (ﷺ) پرسیاری تێپەڕبوونی سەر پردی دۆزەخی لێکرا؟ وتی: ئێمە رۆژی قیامەت بەم شێوەو بەوشێوە دێین(سەیرکە) واتە: ئەوەش بەسەر خەڵکیدا، وتی: میللەتان بەناوی بتەکانیانەوەو ئەوشتانەی دەیانپەرستن بانگ دەکرێن. یەك لەدوای یەك ئینجا پەروەردگارمان دێت بۆلامان و دەفەرموێت: چاوەڕێی کێن؟ دەڵێن: چاوەڕێی پەروەردگارمانین، دەفەرموێت: من پەروەردگارتانم، دەڵێن: باسەیرت بکەین،

ئینجا بەدەم پێکەنینەوە خۆی دەردەخات بۆیان، دەڵێ: ئینجا دەڕواو ئەمانیش شوێنی دەکەون بەهەر ئادەمیزادێك لەوان ـ مونافیق یا باوەڕدار ـ نورێکی دەداتێ ئینجا شوێنی دەکەون لەسەر پردی دۆزەخ قولاپ و دڕك هەیە هەرچی خوای گەورە بیەوێ دەیگرێت، ئینجا رووناکی مونافیقەکان دەکوژێتەوە، پاشان ئیمانداران رزگاریان دەبێت.

یەکەم کۆمەڵ کەرزگاریان دەبێ دەموچاویان وەکو مانگی چواردە وایە حەفتا هەزاریان لێپرسینەوەیان نییە. ئینجا ئەوانەی دوای ئەوان دێن، وەکو روناکترین ئەستێرەی ئاسمانن هەروەها بەهەمان شێوە ئینجا شەفاعەت دەست پێدەکات، شەفاعەتیان بۆ دەکرێت، هەتا هەرچی وتبێتی (لا الە الا اللە)و بەئەندازەی دەنکە جۆیەکی بچووك خێر لەدڵیدا بووبێت لەئاگر دێتە دەرەوەو دەخرێتە گۆڕەپانی بەهەشت و، خەڵکی بەهەشت ئاویان لێدەپرژێنن هەتا دەڕوێن وەکو روانی رووەکی ناولیتاوی لافاو، ئاسەواری سوتاویەکەیان لەسەر نامێنێ پاشان [هەریەکەیان]دەپاڕێتەوە هەتا بەقەد دنیاو دەئەوەندەی تریشیان دەدرێتێ.

٨٨ـ عن يَزِيدُ الْفَقِيرُ قَالَ: كُنْتُ قَدْ شَغَفَنِي رَأْيٌ مِنْ رَأْيِ الْخَوَارِجِ، فَخَرَجْنَا فِي عِصَابَةٍ ذَوِي عَدَدٍ، نُرِيدُ أَنْ نَحُجَّ ثُمَّ نَخْرُجَ عَلَى النَّاسِ. قَالَ فَمَرَرْنَا عَلَى الْمَدِينَةِ فَإِذَا جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ يُحَدِّثُ الْقَوْمَ، جَالِسٌ إِلَى سَارِيَةٍ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: فَإِذَا هُوَ قَدْ ذَكَرَ الْجَهَنَّمِيِّينَ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: يَا صَاحِبَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، مَا هَذَا الَّذِي تُحَدِّثُونَ؟ وَاللَّهُ يَقُولُ: ﴿إِنَّكَ مَنْ تُدْخِلِ النَّارَ فَقَدْ أَخْزَيْتَهُ﴾ ﴿آل‌عمران: ١٩٢﴾. وَ: ﴿كُلَّمَا أَرَادُوا أَنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا أُعِيدُوا فِيهَا﴾ ﴿السجدة: ٢٠﴾ فَمَا هَذَا الَّذِي تَقُولُونَ؟ قَالَ: فَقَالَ: أَتَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَهَلْ سَمِعْتَ بِمَقَامِ مُحَمَّدٍ عَلَيْهِ السَّلَام -يَعْنِي- الَّذِي يَبْعَثُهُ اللَّهُ فِيهِ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَإِنَّهُ مَقَامُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) الْمَحْمُودُ الَّذِي يُخْرِجُ اللَّهُ بِهِ مَنْ يُخْرِجُ، قَالَ: ثُمَّ نَعَتَ وَضْعَ الصِّرَاطِ وَمَرَّ النَّاسِ عَلَيْهِ، قَالَ: وَأَخَافُ أَنْ لَا أَكُونَ أَحْفَظُ ذَاكَ، قَالَ: غَيْرَ أَنَّهُ قَدْ زَعَمَ أَنَّ قَوْمًا يَخْرُجُونَ مِنَ النَّارِ بَعْدَ أَنْ يَكُونُوا فِيهَا، قَالَ: يَعْنِي فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمْ عِيدَانُ السَّمَاسِمِ، قَالَ: فَيَدْخُلُونَ نَهَرًا مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ، فَيَغْتَسِلُونَ فِيهِ، فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمُ الْقَرَاطِيسُ. فَرَجَعْنَا، قُلْنَا: وَيْحَكُمْ، أَتُرَوْنَ الشَّيْخَ يَكْذِبُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَرَجَعْنَا، فَلَا وَاللَّهِ مَا خَرَجَ مِنَّا غَيْرُ رَجُلٍ وَاحِدٍ. أَوْ كَمَا قَالَ أَبُو نُعَيْمٍ.

(یزید الفقیر) دەڵێ: بۆچوونێك لەبۆچوونەكانی خەواریج سەرنجی راكێشام، لەگەڵ كۆمەڵێكدا ویستمان حەج بكەین و ئینجا بچینە ناو دەستەی خەواریج، دەڵێ: بەمەدینەدا تێپەڕین دەبینین (جابر)ی كوڕی (عبدالله) پاڵی دابوو بەكۆڵەكەیەكەوەو فەرموودەی لەپێغەمبەرەوە بۆ خەڵك دەخوێندەوە باسی دۆزەخیەكانی دەكرد، منیش وتم: ئەی هاوەڵی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم فەرموودانە چییە دەیخوێنیتەوە؟ ﴿لەكاتێكا﴾خوافەرموویەتی:﴿انك من تدخل النار فقد أخزیته ﴾ ال عمران: ١٨٢ ﴿ كلما ارادوا أن یخرجوا منها اعیدوا فیها﴾ السجدة:٢٠.

ئیتر ئێوە باسی چی دەكەن؟ وتی: ئایا قورئان دەزانیت؟ وتم: بەڵێ، وتی: ئایا باسی پلەوپایەی موحەمەدت(ﷺ) بیستووە ـ واتە ئەو پلەوپایەیەی كەخوا زیندووی دەكاتەوە تێیدا؟ وتم : بەڵێ ، وتی: ئەوە پلەوپایەی محەمەدە(ﷺ) ئەوەی كە خوا بەهۆی ئەوەوە كێی بوێ لەدۆزەخ دەری دێنێ. ئینجا باسی پردی سیرات و تێپەڕبوونی خەڵكی بەسەریای دەكرد، وتی: ئەترسم باش لەبەرم نەبێت . دەڵێ ئەو دەیگوت گوایا: كۆمەڵێك لەئاگر دەردەهێنرێن پاش ئەوەی ماوەیەك لەئاگردابوون ، دەڵێ: واتە دەردەهێنرێن، هەروەكو داركونجی وان، دەڵێ: ئینجا دەخرێنە ناو رووبارێكی بەهەشتەوە لەوێدا خۆیان دەشۆرن، پاشان دەهێنرێنە دەرەوە هەروەكو پەڕەی سپی... ئێمەش گەراینەوە وتمان: كۆستان كەوێ ئایا وادەبینن كەئەوپیاوە پیرە درۆ بەدەم پێغەمبەری خواوە(ﷺ) بكات؟ ئینجا گەڕاینەوە، سوێند بەخوا كەسمان لێنەچووە ناو خەواریج جگە لەیەك پیاو وەكو (ابونعیم) وتی.

٨٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ أَرْبَعَةٌ، فَيُعْرَضُونَ عَلَى اللَّهِ تعالى، فَيَلْتَفِتُ أَحَدُهُمْ فَيَقُولُ: أَيْ رَبِّ، إِذْ أَخْرَجْتَنِي مِنْهَا فَلَا تُعِدْنِي فِيهَا، فَيُنْجِيهِ اللَّهُ مِنْهَا)).

(انس) ی كوڕی (مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((چواركەس لەئاگر دەهێنرێنە دەرەوە دەخرێنە بەردەستی خوای گەورە، یەكێكیان لادەكاتەوەو دەڵێ: ئەی پەروەردگارم، وەك دەرت هێنام لەوێ مەمخەرەوە ناوی خواش رزگاری دەكات لێی)).

(٥٧) شەفاعەت

٩٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أُتِيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا بِلَحْمٍ، فَرُفِعَ إِلَيْهِ الذِّرَاعُ، وَكَانَتْ تُعْجِبُهُ، فَنَهَسَ مِنْهَا نَهْسَةً، فَقَالَ: ((أَنَا سَيِّدُ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَهَلْ تَدْرُونَ بِمَ ذَاكَ؟ يَجْمَعُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ، فَيُسْمِعُهُمُ الدَّاعِي، وَيَنْفُذُهُمُ الْبَصَرُ، وَتَدْنُو الشَّمْسُ، فَيَبْلُغُ النَّاسَ مِنَ الْغَمِّ وَالْكَرْبِ مَا لَا يُطِيقُونَ، وَمَا لَا يَحْتَمِلُونَ، فَيَقُولُ بَعْضُ النَّاسِ لِبَعْضٍ: أَلَا تَرَوْنَ مَا أَنْتُمْ فِيهِ؟ أَلَا تَرَوْنَ مَا قَدْ بَلَغَكُمْ؟ أَلَا تَنْظُرُونَ مَنْ يَشْفَعُ لَكُمْ إِلَى رَبِّكُمْ؟ فَيَقُولُ بَعْضُ النَّاسِ لِبَعْضٍ: ائْتُوا آدَمَ، فَيَأْتُونَ آدَمَ، فَيَقُولُونَ: يَا آدَمُ أَنْتَ أَبُو الْبَشَرِ، خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ، وَنَفَخَ فِيكَ مِنْ رُوحِهِ، وَأَمَرَ الْمَلَائِكَةَ فَسَجَدُوا لَكَ، اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى إِلَى مَا قَدْ بَلَغَنَا؟ فَيَقُولُ آدَمُ: إِنَّ رَبِّي غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، وَإِنَّهُ نَهَانِي عَنِ الشَّجَرَةِ فَعَصَيْتُهُ، نَفْسِي نَفْسِي، اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي، اذْهَبُوا إِلَى نُوحٍ. فَيَأْتُونَ نُوحًا فَيَقُولُونَ: يَا نُوحُ أَنْتَ أَوَّلُ الرُّسُلِ إِلَى الْأَرْضِ، وَسَمَّاكَ اللَّهُ عَبْدًا شَكُورًا، اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى مَا نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا؟ فَيَقُولُ لَهُمْ: إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، وَإِنَّهُ قَدْ كَانَتْ لِي دَعْوَةٌ دَعَوْتُ بِهَا عَلَى قَوْمِي، نَفْسِي نَفْسِي، اذْهَبُوا إِلَى إِبْرَاهِيمَ (عليه السلام) فَيَأْتُونَ إِبْرَاهِيمَ فَيَقُولُونَ: أَنْتَ نَبِيُّ اللَّهِ وَخَلِيلُهُ مِنْ أَهْلِ الْأَرْضِ، اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى إِلَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَيَقُولُ لَهُمْ: إِبْرَاهِيمُ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، وَلَا يَغْضَبُ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، وَذَكَرَ كَذَبَاتِهِ، نَفْسِي نَفْسِي، اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي، اذْهَبُوا إِلَى مُوسَى (عليه السلام)، فَيَأْتُونَ مُوسَى (عليه السلام) فَيَقُولُونَ: يَا مُوسَى أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ فَضَّلَكَ اللَّهُ تعالى بِرِسَالَاتِهِ وَبِتَكْلِيمِهِ عَلَى النَّاسِ، اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا؟ فَيَقُولُ لَهُمْ مُوسَى: إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، وَإِنِّي قَتَلْتُ نَفْسًا لَمْ أُومَرْ بِقَتْلِهَا، نَفْسِي نَفْسِي، اذْهَبُوا إِلَى عِيسَى (عليه السلام) فَيَأْتُونَ عِيسَى (عليه السلام)، فَيَقُولُونَ: يَا عِيسَى أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ، وَكَلَّمْتَ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ، وَكَلِمَةٌ مِنْهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ، فَاشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى مَا نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا؟ فَيَقُولُ لَهُمْ عِيسَى: إِنَّ رَبِّي

قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ –وَلَمْ يَذْكُرْ لَهُ ذَنْبًا– نَفْسِي نَفْسِي، اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي، اذْهَبُوا إِلَى مُحَمَّدٍ(ﷺ). فَيَأْتُونِّي، فَيَقُولُونَ: يَا مُحَمَّدُ، أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ وَخَاتَمُ الْأَنْبِيَاءِ، وَغَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ، اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ، أَلَا تَرَى مَا نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا؟ فَأَنْطَلِقُ فَآتِي تَحْتَ الْعَرْشِ، فَأَقَعُ سَاجِدًا لِرَبِّي، ثُمَّ يَفْتَحُ اللَّهُ عَلَيَّ وَيُلْهِمُنِي مِنْ مَحَامِدِهِ وَحُسْنِ الثَّنَاءِ عَلَيْهِ شَيْئًا لَمْ يَفْتَحْهُ لِأَحَدٍ قَبْلِي، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّدُ، ارْفَعْ رَأْسَكَ سَلْ تُعْطَهُ، اشْفَعْ تُشَفَّعْ. فَأَرْفَعُ رَأْسِي فَأَقُولُ: يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي! فَيُقَالُ: يَا مُحَمَّدُ، أَدْخِلِ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِكَ مَنْ لَا حِسَابَ عَلَيْهِ مِنَ الْبَابِ الْأَيْمَنِ مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ، وَهُمْ شُرَكَاءُ النَّاسِ فِيمَا سِوَى ذَلِكَ مِنَ الْأَبْوَابِ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، إِنَّ مَا بَيْنَ الْمِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ لَكَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَهَجَرٍ، أَوْ: كَمَا بَيْنَ مَكَّةَ و بُصرى)).

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ رۆژێکیان گۆشتیان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) باڵێکیان دایە دەستی، ئەویش حەزی لەباڵ دەکرد، قەپێکی لێگرت، ئینجا فەرمووی: ((من گەورەی خەڵکیم لەرۆژی قیامەتا، ئایا دەزانن بەچی دەبمە گەورە؟ خوای گەورە لەرۆژی قیامەتدا خەڵکی پێشینان و پاشینان هەموو لەیەك شوێندا کۆدەکاتەوە، بانگخواز دەنگی دەیانگاتێ چاو دەیانبینێت، خۆریش نزیك دەبێتەوە خەڵکی تووشی غەم و پەژارەیەك دەبن بەرگەی ناگرن و، لەتوانایاندا نییە هەندێکیان بەهەندێکیان دەڵێن: ئایا نابینن ئێوە لەچ حاڵێکدان؟ ئایا نابینن چی یەخەی گرتوون؟ ئایا ناگەڕێن بەدوای کەسێکدا کەلەلای خواشەفاعەتتان بۆ بکات؟ هەندێکیان بەهەندێکی تریان دەڵێن: بچن بۆلای ئادەم، دەچن بۆلای ئادەم، پێی دەڵێن: ئەی ئادەم تۆباوکی مرۆڤیت، خوا بەدەستی ﴿قودرەتی﴾ خۆی تۆی دروستکردووە، لەرۆحی خۆی گیانی بەبەرداکردووی ، فەرمانی کرد بەفریشتەکان کرنووشیان بۆ بردی، دەلای پەروەردگارت تکامان بۆ بکە، ئایا نابینی ئێمە لەچ حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چی یەخەی گرتووین؟ ئادەمیش دەڵێ: ئەمرۆ پەروەردگارم بەشێوەیەك تووڕە بووە کەتا ئێستا ئاوا تووڕە نەبوو، لەمەولاش ئاوا تووڕە نابێت، ئەو درەختەکەی لەمن قەدەغەکردو منیش سەرپێچیم کرد، ﴿ئەمرۆ﴾ هەر خەمی خۆمە، خەمی خۆمە، بچن بۆلای یەکێکیتر، بچن بۆلای نوح، دەچن بۆلای نوح (علیه السلام)

دەڵێن: تۆ یەکەم رەوانەکراوی بۆ سەر زەوی، خوای گەورە ناوی ناوی بەندەی سوپاسگوزار، تکامان بۆ بکە لای پەروەردگارت، ئایا نابینی ئێمە لەچیداین؟ ئایا نابینی چی یەخەی گرتووین؟ ئەویش پێیان دەڵێت: پەروەردگارم ئیمڕۆ تووڕەبوونێك تووڕە بووە لەمەوپێش ئاوا تووڕە نەبووە، لەمەولاش ئاوا تووڕە نابێت، من لەراستیدا یەك دۆعام هەبوو ئەویش لەگەڵەکەمم کرد، ئێستا هەر غەمی خۆمە غەمی خۆمە، بچن بۆ لای ابراهیم(علیه السلام) ئەوانیش دەچن بـۆلای (ابـراهیم) (علیـه الـسلام) پێـی دەڵـێن: تـۆ پێغەمبـەری خوایـت و خۆشەویستی ئەوی لەسەرزەویدا تکامان بۆ بکە لای پەروەردگارت، ئایا نابینی ئێمە لەچ حاڵێکداین، ئایا نابینی چی‌یەخەی گرتووین؟ ئیبراهیم پێیان دەڵێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تووڕەبوونێك تورەبووە کەلەمەوپێش ئاوا تووڕەنەبووەو، لەمەولاش ئاوا تووڕەنابێت، ئینجا باسی درۆکانی کرد، ئەمڕۆ هەرغەمی خۆمە، هەرغـەمی خۆمـە، بچن بۆلای کەسێکی‌تر بچن بۆلای (موسی) (علیه السلام) ئەوانیش دەچن بۆ لای (موسی)(علیه السلام) پێی دەڵێن: ئەی (موسی) تۆ پێغەمبـەری خـوای، خـوای گـەورە رێـزی زیـاتری داوە بـە تـۆ بەپەیامـەکانی‌و بەقسەکردنی لەگەڵتا، تکامان بۆ بکە لای پەروەردگارت، ئایا نابینی ئێمە لەچ حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چی یەخەی گرتووین؟ (موسی) پێیان دەڵێت: ئەمڕۆ پـەروەردگارم تووڕەبوونێـك تووڕەبـووە کەلەمـەوپێش ئـاوا تـووڕە نـەبووەو لەمـەودواش ئـاوا تـووڕە نابێـت، مـن کەسـێکم کوشـتووە فـەرمانم پێنـەکرابوو بیکـوژم، ئێـستا هـەر غـەمی خۆمـە، هـەر غـەمی خۆمـە، بـچن بـۆلای (عیـسی). ئـەوانیش دێـن بـۆلای(عیـسی)(علیـه الـسلام) پێـی دەڵـێن: ئـەی (عیـسی) تـۆ پێغەمبـەری خـوای، لەبێـشکەدا قـسەت لەگـەڵ خەڵکیـدا کـردووە، رۆحـی خـواو وشـەیەکی پـیرۆزی ئـەویت کـە هـەڵی داوە بـۆ مریـەم‌و بەخـشراوی بەمریـەم دە تکامان بۆ بکە لای پەروەردگارت، ئایا نابینی ئێمە لەچ حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چی یەخەی گرتووین؟ (عیسی)ش پێی وتن: ئەمڕۆ پەروەردگارم تووڕەبوونێك تووڕەبـووە کەلەمـەوپێش ئـاوا تـووڕە نـەبووەو لەمـەو دواش ئـاوا تورەنابێـت، هەرغەمی خۆمە بچن بۆلای کەسێکی‌تر بچن بۆلای (محمـد)(ﷺ) ئەوانیش دێـن بۆلام، دەڵـێن: ئـەی (محمـد)، تـۆ پێغەمبـەری خوایـت، دواپێغەمبـەری، خـوای گەورە لەگوناهە پێشووەکانت‌و گوناهە دواییەکانیشت خۆش بووە، تکامان بۆ

بکە لەلای پەروەردگارت ، ئایا نابینی ئێمە لەچ حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چییەخەی گرتووین؟ منیش رادەپەڕم و دێمە ژێر عەرش، دەکەوم بەسوجدەدا بۆ پەروەردگار، ئینجا خوا دڵم دەکاتەوە چەند سوپاسگوزاریەك و ستایشێکی پیرۆز دەخاتە دڵمەوە کەلەوەوپێش نەیداوە بەکەس، ئینجا دەفەرموێت: ئەی (محمد) سەرت بەرزبکەرەوە، داوابکە دەتدرێتێ، تکا بکە لێت وەردەگیرێت، منیش سەرم بەرزدەکەمەوەو دەڵێم: ئەی پەروەردگارم ئوممەتم، ئوممەتم ! پێم دەوترێ: ئەی (محمد) لەئوممەتەکەت ئەوانەی لێپرسینەوەیان لەسەر نییە لەدەرگای لای راستی دەرگاکانی بەهەشتەوە، بیانخە ناو بەهەشتەوە، ئوممەتت لەدەرگاکانی تریشا بەشدارن لەگەڵ خەڵکی، سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، لەنێوان دوولاشیپانی دەرگاکانی بەهەشتا بەقەد نێوان مەککەو هەجەر یانە ، یاوەکو نێوانی مەککەو بوسرا)).

(٥٨) من یەکەم کەسم لەبەهەشتا شەفاعەت دەکەم و، شوێنکەوتوانیشم لەهەموو پێغەمبەران زیاترە

٩١ـ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَنَا أَوَّلُ شَفِيعٍ فِي الْجَنَّةِ، لَمْ يُصَدَّقْ نَبِيٌّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ مَا صُدِّقْتُ، وَإِنَّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ نَبِيًّا مَا يُصَدِّقُهُ مِنْ أُمَّتِهِ إِلَّا رَجُلٌ وَاحِدٌ)).

(انس) کوڕی (مالك(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (من یەکەم شەفاعەتکارم لەبەهەشتا ، هیچ پێغەمبەرێك بەقەد من خەڵك باوەڕی پێنەهێناوە لەناو پێغەمبەراندا، پێغەمبەر هەیە لەناو میللەتەکەیدا کەس باوەڕی پێنەهێناوە جگە لەیەك پیاو)).

(٥٩) پێغەمبەر(ﷺ) داوای کردنەوەی دەرگای بەهەشت دەکات

٩٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((آتِي بَابَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَأَسْتَفْتِحُ، فَيَقُولُ الْخَازِنُ: مَنْ أَنْتَ؟ فَأَقُولُ: مُحَمَّدٌ، فَيَقُولُ: بِكَ أُمِرْتُ لَا أَفْتَحُ لِأَحَدٍ قَبْلَكَ)).

(انس) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: لەرۆژی قیامەتدا دێمە دەرگای بەهەشت، داوای کردنەوەی دەکەم، دەرگاوانەکە دەڵێ: تۆ کێیت؟ دەڵێم: محمد، دەڵێت: فەرمانم بە تۆ پێکراوە لەپێش تۆدا بۆکەسی تری ناکەمەوە)).

(٦٠) هەر پێغەمبەرێك نزایەكی گیرای هەیە

٩٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لِكُلِّ نَبِيٍّ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ، فَتَعَجَّلَ كُلُّ نَبِيٍّ دَعْوَتَهُ، وَإِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَفَاعَةً لِأُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ، فَهِيَ نَائِلَةٌ -إِنْ شَاءَ اللَّهُ- مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِي لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر پێغەمبەرێك نزایەكی گیرای هەیە هەموو پێغەمبەرێك پەلەی كردووە لەنزاكەیدا بەڵام من نزاكەم شاردۆتەوە بۆ ئوممەتەكەم بۆ رۆژی قیامەت كە(ان شاء الله)گیرایە بۆ هەركەس لەئوممەتم كەمردبێ و هاوەڵی بۆ خوا بڕیار نەدابێ.

(٦١) پاڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئوممەتەكەی

٩٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) تَلَا قَوْلَ اللَّهِ (ﷻ) فِي إِبْرَاهِيمَ (ﷺ): ﴿رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي وَمَنْ عَصَانِي﴾ ﴿إبراهيم: ٣٦﴾ الْآيَةَ، وَقَالَ عِيسَى (ﷺ): ﴿إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ ﴿المائدة: ١٨﴾. فَرَفَعَ يَدَيْهِ وَقَالَ: ((اللَّهُمَّ أُمَّتِي اللهم أُمَّتِي)). وَبَكَى، فَقَالَ اللَّهُ (ﷻ): يَا جِبْرِيلُ اذْهَبْ إِلَى مُحَمَّدٍ -وَرَبُّكَ أَعْلَمُ- فَسَلْهُ مَا يُبْكِيكَ؟ فَأَتَاهُ جِبْرِيلُ (ﷺ) فَسَأَلَهُ فَأَخْبَرَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَا قَالَ -وَهُوَ أَعْلَمُ- فَقَالَ اللَّهُ (ﷻ): يَا جِبْرِيلُ اذْهَبْ إِلَى مُحَمَّدٍ فَقُلْ: إِنَّا سَنُرْضِيكَ فِي أُمَّتِكَ وَلَا نَسُوءُكَ.

(عبدالله) كوڕی (عمرو) كوڕی (عاص)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە:﴿رب انهن أضللن كثيراً من الناس فمن تبعني فأنه مني ومن عصاني ﴾ (ابراهيم:٣٦).عیساش(عليه السلام) فەرموویەتی:﴿ان تعذبهم فأنهم عبادك وان تغفر لهم فانك انت العزيز الحكيم ﴾(المائدة: ١١٨)واتە: ئەگەر سزایان بدەیت ئەوان هەر بەندەی تۆن، خۆئەگەر لێشیان خۆش ببیت تەنها تۆ سەر بڵندو دانایت.

ئنجا دەستی بەرزكردەوەو فەرمووی: ئەی خوایە ئوممەتەكەم ئەی خوایە ئوممەتەكەم، ئینجا گریا، خوای گەورە بەجوبرەئیلی فەرموو: بڕۆ بۆلای موحەمەد، خۆ پەروەردگارت زاناترە ـ لێی بپرسە بۆچی دەگریت؟ جوبرەئیل(عليه السلام) هات و پرسیاری لێكرد: پێغەمبەر(ﷺ) ئاگاداری كرد لەوتەكەی ئەویش زاناترە ـ خوای گەورە فەرمووی: ئەی جوبرەئیل بچۆ بۆلای

موحەمـەد پێـی بڵـێ: ئێمـە بەرامبـەر بـە ئوممەتەکـەت ڕازیـت دەکـەین و دڵـت ناشکێنین.

٩٥- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ): أَنَّ الطُّفَيْلَ بْنَ عَمْرٍو الدَّوْسِيَّ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلْ لَكَ فِي حِصْنٍ حَصِينٍ وَمَنْعَةٍ؟ قَالَ: حِصْنٌ كَانَ لِدَوْسٍ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَأَبَى ذَلِكَ النَّبِيُّ (ﷺ) لِلَّذِي ذَخَرَ اللَّهُ لِلْأَنْصَارِ، فَلَمَّا هَاجَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِلَى الْمَدِينَةِ هَاجَرَ إِلَيْهِ الطُّفَيْلُ بْنُ عَمْرٍو، وَهَاجَرَ مَعَهُ رَجُلٌ مِنْ قَوْمِهِ، فَاجْتَوَوُا الْمَدِينَةَ فَمَرِضَ فَجَزِعَ، فَأَخَذَ مَشَاقِصَ لَهُ فَقَطَعَ بِهَا بَرَاجِمَهُ، فَشَخَبَتْ يَدَاهُ حَتَّى مَاتَ، فَرَآهُ الطُّفَيْلُ بْنُ عَمْرٍو فِي مَنَامِهِ، فَرَآهُ وَهَيْئَتُهُ حَسَنَةٌ، وَرَآهُ مُغَطِّيًا يَدَيْهِ، فَقَالَ لَهُ: مَا صَنَعَ بِكَ رَبُّكَ؟ فَقَالَ: غَفَرَ لِي بِهِجْرَتِي إِلَى نَبِيِّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: مَا لِي أَرَاكَ مُغَطِّيًا يَدَيْكَ؟ قَالَ: قِيلَ لِي: لَنْ نُصْلِحَ مِنْكَ مَا أَفْسَدْتَ. فَقَصَّهَا الطُّفَيْلُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ وَلِيَدَيْهِ فَاغْفِرْ)).

جـابر(ﷺ) دەڵـێ: (طفيـل) کـوڕی (عمـرو الدوسـی) هـات بـۆ خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ)وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ)ئایـا قەڵایـەکی قایمـت نـاوێ کەبتپارێزێت؟ ڕاوی دەڵێ: ئەو قەڵایە هی دەوس بوو لەسەردەمی نەفامیدا، پێغەمبـەر(ﷺ) ڕازی نـەبوو، بەوچـوونە چـونکە خـوا ڕێـزی ئـەو کۆچـەی بـۆ پـشتیوانەکانی هـەڵگرتبوو، کـاتێ پێغەمبـەر(ﷺ) کۆچـیکرد بـۆ مەدینە(طفيل)کوڕی (عمرو) کۆچیکرد بۆلای، پیاوێکیش لەهۆزەکەی لەگەڵیا کۆچیکرد، حەزیان لەمەدینە نەبوو لەوێ نەخۆش کەوتبوو و بێزاربوو، تیرێکی پێبوو بەسەری تیرەکە کلاوەی سەرپەنجەکانی خۆی بڕی، خوێنی دەستەکانی بەربوون هەتا مرد. (طفيل)کوڕی (عمر) لەخەویا ئەو پیاوەی بینی بەدیمەنێکی جوانەوە بەڵام دەستەکانی داپۆشراوبووە، پێی وتووە: پەروەردگارت چی لیکردی؟ دەڵێ: بەکۆچکردنم بۆلای پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لێم خۆشبوو دەڵێ وتم: ئەی بۆچی ئاوا دەستت داپۆشراوە؟ وتی : پێم وترا ئەوەی تۆ خراپت کردوە ئێمە چاکی ناکەینەوە (طفيل)بۆ پێغەمبەری گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((خوای گەورە لەدەستەکانیشی خۆش ببە)).

(٦٢) لەبارەی ئەم ئایەتەوە: ﴿وانذر عشيرتك الاقربين﴾

٩٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا أُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ ﴿الشعراء:٢١٤﴾ دَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قُرَيْشًا فَاجْتَمَعُوا، فَعَمَّ وَخَصَّ،

فَقَالَ: ((يَا بَنِي كَعْبِ بْنِ لُؤَيٍّ أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي مُرَّةَ بنِ كَعْبٍ أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي عَبْدِ شَمْسٍ أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي هَاشِمٍ أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، ﴿يَا بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ أَنْقِذُوا أَنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ﴾، يَا فَاطِمَةُ أَنْقِذِي نَفْسَكِ مِنَ النَّارِ، فَإِنِّي لَا أَمْلِكُ لَكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا، غَيْرَ أَنَّ لَكُمْ رَحِمًا سَأَبُلُّهَا بِبَلَالِهَا)). [بخاري / الوصايا/ هل يدخل النساء يولد في الاقارب /٢٦٠٢]

(ابو هريره)(ﷺ) دەڵێ: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی ﴿وانذر عشيرتك الاقربين ﴾ (الشعراء:٢١٤) پێغەمبەر(ﷺ) قورەیشی بانگ کردو کۆبوونەوە بانگی قورەیشی بەگشتیو چەند کەسێك بەتایبەتی کرد ، فەرمووی: ((ئەی نەوەی کەعبی کوڕی لوئەی خۆتان رزگارکەن لەئاگر ئەی نەوەی موڕەی کوری کەعب، خۆتان رزگار کەن لەئاگر، ئەی نەوەی عەبدشەمس خۆتان رزگار کەن لەئاگر، ئەی نەوەی(عەبدول مەناف) خۆتان رزگارکەن لەئاگر ئەی نەوەی هاشم خۆتان رزگارکەن لەئاگر ﴿ئەی نەوەی عەبدول موتەڵیب خۆتان رزگار کەن لەئاگر﴾ئەی فاتمە خۆت رزگارکە لەئاگر، من لەلای خوا هیچ دەسەڵاتێکم نییە، جگە لەوەی رەحمو خزمایەتی هەیە لەنێوانماندا و دەیگەیەنم)).

(٦٣) پێغەمبەر(ﷺ) فریای (ابوطالب)ناکەوێت

٩٧- عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَلْ نَفَعْتَ أَبَا طَالِبٍ بِشَيْءٍ، فَإِنَّهُ كَانَ يَحُوطُكَ وَيَغْضَبُ لَكَ؟ قَالَ (ﷺ): ((نَعَمْ هُوَ فِي ضَحْضَاحٍ مِنْ نَارٍ، وَلَوْلَا أَنَا لَكَانَ فِي الدَّرْكِ الْأَسْفَلِ مِنَ النَّارِ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ قصة ابي طالب / ٣٦٧ ، ٣٦٧٢]

(عباس) کوری(عبدالمطلب)(ﷺ) دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ): ئایا کەڵکێکت گەیاند بە(ابوطالب) ئەو جاران تۆی دەپاراست لەسەر تۆ تووڕە دەبوو؟ فەرمووی: ((بەڵێ ئەو لەناو ئاگرێکی تەنکدایە، ئەگەر من نەبوومایە دەبوو لەقوڵایی خوارەوەی ئاگردا بوایە)).

٩٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَهْوَنُ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا أَبُو طَالِبٍ، وَهُوَ مُنْتَعِلٌ بِنَعْلَيْنِ ﴿من نارٍ﴾ يَغْلِي مِنْهُمَا دِمَاغُهُ)). [بخاري/ الطب/ ٥٣٧٨]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((سوکترین سزای ئاگری دۆزەخ سزای (ابوطالب)ە ،ئەویش جووتێ نەعلی لەئاگر دروستکراوی لەپێدایە، بەهۆی ئەو نەعلانەوە مێشکی دەکوڵێت.

(٦٤) حەفتا هەزار لەئوممەتم بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت

٩٩. عن حُصَيْنُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ فَقَالَ: أَيُّكُمْ رَأَى الْكَوْكَبَ الَّذِي انْقَضَّ الْبَارِحَةَ؟ قُلْتُ: أَنَا. ثُمَّ قُلْتُ: أَمَا إِنِّي لَمْ أَكُنْ فِي صَلَاةٍ، وَلَكِنِّي لُدِغْتُ. قَالَ: فَمَاذَا صَنَعْتَ؟ قُلْتُ: اسْتَرْقَيْتُ. قَالَ: فَمَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ؟ قُلْتُ: حَدِيثٌ حَدَّثَنَاهُ الشَّعْبِيُّ، فَقَالَ: وَمَا حَدَّثَكُمُ الشَّعْبِيُّ؟ قُلْتُ: حَدَّثَنَا عَنْ بُرَيْدَةَ بْنِ حُصَيْبٍ الْأَسْلَمِيِّ أَنَّهُ قَالَ: لَا رُقْيَةَ إِلَّا مِنْ عَيْنٍ أَوْ حُمَةٍ، فَقَالَ: قَدْ أَحْسَنَ مَنِ انْتَهَى إِلَى مَا سَمِعَ، وَلَكِنْ حَدَّثَنَا ابْنُ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((عُرِضَتْ عَلَيَّ الْأُمَمُ، فَرَأَيْتُ النَّبِيَّ وَمَعَهُ الرُّهَيْطُ، وَالنَّبِيَّ وَمَعَهُ الرَّجُلُ وَالرَّجُلَانِ، وَالنَّبِيَّ لَيْسَ مَعَهُ أَحَدٌ، إِذْ رُفِعَ لِي سَوَادٌ عَظِيمٌ فَظَنَنْتُ أَنَّهُمْ أُمَّتِي، فَقِيلَ لِي: هَذَا مُوسَى وَقَوْمُهُ، وَلَكِنِ انْظُرْ إِلَى الْأُفُقِ، فَنَظَرْتُ فَإِذَا سَوَادٌ عَظِيمٌ، فَقِيلَ لِي: انْظُرْ إِلَى الْأُفُقِ الْآخَرِ، ﴿فنظرت﴾ فَإِذَا سَوَادٌ عَظِيمٌ، فَقِيلَ لِي: هَذِهِ أُمَّتُكَ، وَمَعَهُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ وَلَا عَذَابٍ)). ثُمَّ نَهَضَ، فَدَخَلَ مَنْزِلَهُ، فَخَاضَ النَّاسُ فِي أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ بِغَيْرِ حِسَابٍ وَلَا عَذَابٍ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: فَلَعَلَّهُمُ الَّذِينَ صَحِبُوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالَ بَعْضُهُمْ: فَلَعَلَّهُمُ الَّذِينَ وُلِدُوا فِي الْإِسْلَامِ وَلَمْ يُشْرِكُوا بِاللَّهِ ﴿شيئاً﴾ وَذَكَرُوا أَشْيَاءَ، فَخَرَجَ عَلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((مَا الَّذِي تَخُوضُونَ فِيهِ)). فَأَخْبَرُوهُ، فَقَالَ: ((هُمُ الَّذِينَ لَا يَرْقُونَ وَلَا يَسْتَرْقُونَ، وَلَا يَتَطَيَّرُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)). فَقَامَ عُكَّاشَةُ بْنُ مِحْصَنٍ فَقَالَ: ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ، فَقَالَ: ((أَنْتَ مِنْهُمْ)). ثُمَّ قَامَ رَجُلٌ آخَرُ فَقَالَ: ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ، فَقَالَ: ((سَبَقَكَ بِهَا عُكَّاشَةُ)). [بخاري/ الضب / ٥٣٧٨]

(حصين) کوڕی(عبدالرحمن) (ﷺ) دەڵێ: من لەلای (سعیدی) کوڕی(جبیر) بووم وتی: کێتان ئەو ئەستێرەیەی دی کە دوێنێ کەوتە خوارەوە؟ دەڵێ: وتم: من ئینجا وتم: بەڵام من لەنوێژدا نەبووم بەڵکو دوپشك پێوەی دابووم، وتی: ئەی چیت کرد؟ وتم: نوشتەم کرد وتی: چی وای لێکردی؟ وتم: فەرمودەیەك کە(شعبی) بۆی گێڕاینەوە، وتی: چییە ئەوەی شەعبی بۆی گێڕاونەتەوە؟ وتم: لەبورەیدەی کوڕی(حصین الاسلمی)ەوە وتوویەتی: نوشتە نییە ﴿بۆ هیچ

شتیٰ﴾ مەگەر بۆچاوپیسیو گەزین نەبیٰ، وتی: بەراستی چاکی کرد ئەوەی چی بیستووە پەیڕەوی دەکات بەلاّم(ابن عباس) بۆی گێراینەوە لەپێغەمبەری خواوە(ﷺ) فەرموویەتی: ئوممەتەکان خرانە بەرچاوم، دەبینم پێغەمبەر هەیە کەسی لەگەڵدا نیە، ئینجا خەڵکێکی زۆرم پیشاندرا، گومانم کرد کە ئوممەتەکەی من بن، وپێم وترا: بروانە بۆ ئاسۆیەکیتر ﴿سەیرم کرد﴾دەبینم خەڵکێکی زۆر، پێم وترا: ئەوە ئوممەتەکەی تۆیە، حەفتا هەزاریان لەگەڵتا بەبیٰ لێپرینەوە دەچنە بەهەشتەوە، سزایان نییە)). ئینجا هەستا، چووە ماڵەوە، ئینجا خەڵکەکە کەوتنە باسکردنی ئەوانەی کەبەبیٰ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت و سزایان نییە، هەندێکیان وتی: لەوانەیە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بن، هەندێکیتریان وتیان: لەوانەیە ئەوانەبن لەسەردەمی ئیسلامدا لەدایك بوون و شەریکیان بۆ خوا دانەناوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) هاتە دەرەوە بۆناویان و فەرمووی: ((ئەوە باسی چی دەکەن)). ئاگاداریان کرد، فەرمووی: ((ئەوانەن کەنوشتە ناکەن، داوای نوشتەکردن ناکەن، رەشبینی ناکەن، پشت بە پەروەدگاریان دەبەستن)) (عەکاشە) کوڕی (محصن) هەستاو وتی: لەخوا داوا بکە بمخاتە ناو ئەوانە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((تۆ لەوانی)) ئینجا پیاوێکیتر هەستاو وتی: داوا بکە خوا بمخاتە ناو ئەوانەوە، فەرمووی: (عەکاشە پێشت کەوت)).

(٦٥) من خوازیارم کەنیوەی خەڵکی بەهەشت بن

١٠٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي قُبَّةٍ نَحْوًا مِنْ أَرْبَعِينَ رَجُلًا، فَقَالَ رسولُ الله (ﷺ): ((أَتَرْضَوْنَ أَنْ تَكُونُوا رُبُعَ أَهْلِ الْجَنَّةِ)). قَالَ: قُلْنَا: نَعَمْ، قَالَ: ((أَتَرْضَوْنَ أَنْ تَكُونُوا ثُلُثَ أَهْلِ الْجَنَّةِ)). فَقُلْنَا: نَعَمْ، فَقَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسُ محمدٍ بِيَدِهِ إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ تَكُونُوا نِصْفَ أَهْلِ الْجَنَّةِ، وَذَاكَ أَنَّ الْجَنَّةَ لَا يَدْخُلُهَا إِلَّا نَفْسٌ مُسْلِمَةٌ، وَمَا أَنْتُمْ فِي أَهْلِ الشِّرْكِ إِلَّا كَالشَّعْرَةِ الْبَيْضَاءِ فِي جِلْدِ الثَّوْرِ الْأَسْوَدِ، أَوْ: كَالشَّعْرَةِ السَّوْدَاءِ فِي جِلْدِ الثَّوْرِ الْأَحْمَرِ)). [بخاري/ الرقاق/ كيف الحشر / ٦١٦٣]

(عبدالله) کوڕی(مسعود) (ﷺ) دەڵیٰ: ئێمە نزیکەی چل کەس لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بووین لەچادرێکدا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئایا رازین چواریەکی خەڵکی بەهەشت بن)) دەڵیٰ: وتمان: بەڵیٰ ،فەرمووی: ((ئایا

ڕازین سێیەکی خەڵکی بەهەشت بن، وتمان: بەڵێ: فەرمووی: ((سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە من خوازیارم ئێوە نیوەی خەڵکی بەهەشت بن ، ئەوەشی موسڵمان نەبێ ناچێتە بەهەشت، ئێوەش لەناو خەڵکی موشریکدا وەکو موویەکی سپی وان لەپێستی گایەکی ڕەشدا، یاوەکو موویەکی ڕەش لەپێستی گایەکی سووردا)).

(٦٦) – فەرمانی خوا بۆ ئادەم لەهەزار کەس نۆسەدو نەوەدو نۆیان بنێرە بۆ ئاگر

١٠١ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَقُولُ اللَّهُ (ﷻ): يَا آدَمُ، فَيَقُولُ: لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، وَالْخَيْرُ فِي يَدَيْكَ. قَالَ: يَقُولُ: أَخْرِجْ بَعْثَ النَّارِ، قَالَ: وَمَا بَعْثُ النَّارِ؟ قَالَ: مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ، قَالَ: فَذَاكَ حِينَ يَشِيبُ الصَّغِيرُ ﴿وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾ ﴿الحج: ٢﴾)). قَالَ فَاشْتَدَّ ذلك عَلَيْهِمْ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّنَا ذَلكَ الرَّجُلُ؟ فَقَالَ رسولُ الله (ﷺ): ((أَبْشِرُوا، فَإِنَّ مِنْ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ أَلْفًا وَمِنْكُمْ رَجُلٌ. ثُمَّ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْس محمدٍ بِيَدِهِ، إِنِّي لَأَطْمَعُ أَنْ تَكُونُوا ثُلُثَ أَهْلِ الْجَنَّةِ)). فَحَمِدْنَا اللَّهَ وَكَبَّرْنَا، ثُمَّ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنِّي لَأَطْمَعُ أَنْ تَكُونُوا شَطْرَ أَهْلِ الْجَنَّةِ إِنَّ مَثَلَكُمْ فِي الْأُمَمِ كَمَثَلِ الشَّعْرَةِ الْبَيْضَاءِ فِي جِلْدِ الثَّوْرِ الْأَسْوَدِ، أَوْ: كَالرَّقْمَةِ فِي ذِرَاعِ الْحِمَارِ)). [بخاري / الرقاق / قوله عزوجل ﴿ ان زلزلة الساعة شيء عظيم ﴾ ٦١٦٥]

(ابو سعيد) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای عزوجل دەفەرموێت: ئەی ئادەم، دەڵێ: گوێرایەڵم و لەخزمەتتام چاکەیش لەدەستی تۆدایە، دەفەرموێت: وەفدی ئاگر بنێرە، وتی: وەفدی ئاگر چەندە؟ فەرمووی: لەهەموو هەزارێك نۆسەدو نەوەدو نۆ، دەڵێ: ئەوەش لەکاتێکا منداڵ سەری سپی دەبێت:﴿ئافرەتی سك پڕ سکەکەی فڕێدەدا، خەڵك دەڵێی سەرخۆشن و سەرخۆشیش نین، بەڵکو سزای خوا سەختە) دەڵێ: ئەوە زۆر نارەحەتی کردن، ئینجا وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو پیاوە کاممانە؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((مژدەتان لێبێت، لەیاجوج و ماجوج هەزارو لەئێوە یەك پیاو، ئینجا فەرمووی: سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە من بەتەمام کە ئێوە چواریەکی خەڵکی بەهەشتبن)). ئێمەش سوپاسی خوامان کردو تەکبیرمان

کرد، پاشان فەرمووی: ((سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە بەتەمام سێیەکی خەڵکی بەهەشت بن)).

ئێمەش سوپاس بۆ خوامان کردو تەکبیرمان کرد، ئینجا فەرمووی: ((سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە، من بەتەمام ئێوە نیوەی خەڵکی بەهەشت بن، نمونەی ئێوە لەناو ئوممەتەکاندا ، وەکو موویەکی سپی وان لەپێستی گایەکی رەشدا یاوەکو: هێڵێکی سپی لەدەستی گوێدرێژێکدا)).

(٢)بەشی دەستنوێژ

(١) ـ خوا نوێژی بێ دەستنوێژ وەرناگرێت

١٠٢. عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ قَالَ: دَخَلَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ (ﷺ) عَلَى ابْنِ عَامِرٍ يَعُودُهُ وَهُوَ مَرِيضٌ، فَقَالَ: أَلَا تَدْعُو اللَّهَ لِي يَا ابْنَ عُمَرَ؟ قَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا تُقْبَلُ صَلَاةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ، وَلَا صَدَقَةٌ مِنْ غُلُولٍ)). وَكُنْتَ عَلَى الْبَصْرَةِ.

(مصعب) کوڕی(سعد) دەڵێ: (عبدالله) کوڕی (عمر) (ﷺ) سەردانی (ابن عامر)ی کرد نەخۆش بوو، (ابن عامر) وتی: ئەی (ابن عمر) : ئایا لەخوا ناپاڕێیتەوە بۆم؟ (ابن عمر) وتی: لەپێغەمبەری خوام بیستووە(ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا نوێژی بێ دەستنوێژ وەرناگرێت، خێری سامانی بەناهەق بەدەست هاتووش وەرناگرێت)) تۆیش فەمانداری بەسرە بوویت. [واتە لەوانەیە سامانت بەناهەق بۆ خۆت لادابێت. النووی ٢/٢١٠].

(٢) دەست شۆردن لەکاتی لەخەوهەستاندا پێش ئەوەی دەست بخەیتە دەفری ئاوەکەوە

١٠٣ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ نَوْمِهِ فَلَا يَغْمِسْ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلَاثًا، فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ)).

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێکتان لەخەو هەستا بادەستی نەخاتە ناو دەفرەکەوە هەتا سێجار دەیشۆرێت، چونکە نازانێ لەکاتی خەودا دەستی لەکوێدابووە)).

(٣) رێگریی لە پیسی کردن لەسەرە رێگا و سێبەردا

١٠٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((اتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ)). قَالُوا: وَمَا اللَّعَّانَانِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ أَوْ فِي ظِلِّهِمْ)).

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((خۆتان بپارێزن لەو دوو نەفرەت لێکراوە))وتیان: ئەو دوو نەفرەت لێکراوە چین ئەی پێغەمبەر(ﷺ)؟ فەرمووی: ((ئەوەی لەسەرە رێگای خەڵکیدا پیسی دەکات، یان لەسێبەرەکانیاندا)).[(کەجێگای دانیشتنی خەڵکە)].

(٤) پەناگای کاتی سەرئاو

١٠٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ (ﷺ) قَالَ: أَرْدَفَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ خَلْفَهُ، فَأَسَرَّ إِلَيَّ حَدِيثًا لَا أُحَدِّثُ بِهِ أَحَدًا مِنَ النَّاسِ، وَكَانَ أَحَبُّ مَا اسْتَتَرَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِحَاجَتِهِ هَدَفٌ أَوْ حَائِشُ نَخْلٍ. قَالَ ابْنُ أَسْمَاءَ فِي حَدِيثِهِ: يَعْنِي حَائِطَ نَخْلٍ.

(عبدالله) کوڕی (جعفر) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە پاشکۆی خۆیەوە سواری کردم، بەپەنهانی فەرموودەیەکی فەرموو کە بۆ کەسی ناگێڕمەوە، پێغەمبەر(ﷺ) شتێك زۆر پێی خۆش بووبێت کەلەکاتی سەرئاودا خۆی پێ شاردبێتەوە بەرزاییەك، یان دیواری باخە خورمایەك بووە.

(٥) کەچویتە سەرئاو چی دەڵێیت

١٠٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قال: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا دَخَلَ الْخَلَاءَ قال: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبْثِ وَالْخَبَائِثِ)). [بخاري/ الوضوء / مايقول عند الخلاء/١٤٢]

(انس)(ﷺ) دەڵێ: ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بچوایەتە سەر ئاو دەیفەرموو: ((اللهم اعوذ بك من الخبث والخبائث).واتە: خوایە پەنادەگرمبەتۆ لەهموو جۆرە پیسیو هەموو زیانبەخشێك لەشەیتانو جانەوەرو هەرشتێکیتر کەپیسو زیانبەخش بێت)).

(٦) لەکاتی سەرئاودا ڕوومەکەرە قیبلە

١٠٧ـ عَنْ أَبِي أَيُّوبَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا أَتَيْتُمُ الْغَائِطَ فَلَا تَسْتَقْبِلُوا الْقِبْلَةَ وَلَا تَسْتَدْبِرُوهَا، بِبَوْلٍ وَلَا غَائِطٍ، وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا)). قَالَ أَبُو أَيُّوبَ: فَقَدِمْنَا الشَّامَ فَوَجَدْنَا مَرَاحِيضَ قَدْ بُنِيَتْ قِبَلَ الْقِبْلَةِ، فَنَنْحَرِفُ عَنْهَا، وَنَسْتَغْفِرُ اللَّهَ. [بخاري/ الوضوء / الا تستقبل القبلة بغائط /١٤٤]

(ابو ایوب)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر چوونە سەر ئاو بۆ میزوو پیسی ڕوو نەکەنە قیبلەو پشتیشی تێمەکە، بەڵکو ڕوبکەنە خۆرهەڵات یان خۆرئاوا)).

(ابو ایوب) دەڵێ: چووین بۆ شام دەبینین ئاودەستەکان ڕووەو قیبلە دروستکراون ئێمە ڕوومان وەردەگێڕاو داوای لێخۆشبوونمان لەخوادەکرد.

(٧) لەناو خانوودا مۆڵەت دراوە

١٠٨ـ عَنْ وَاسِعِ بْنِ حَبَّانَ قَالَ: كُنْتُ أُصَلِّي فِي الْمَسْجِدِ، وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ مُسْنِدٌ ظَهْرَهُ إِلَى الْقِبْلَةِ، فَلَمَّا قَضَيْتُ صَلَاتِي انْصَرَفْتُ إِلَيْهِ مِنْ شِقِّي، فَقَالَ عَبْدُ

اللَّه: يَقُولُ أُناسٌ: إِذَا قَعَدْتَ لِلْحَاجَةِ فَلَا تَقْعُدْ مُسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةِ وَلَا بَيْتِ الْمَقْدِسِ، قَالَ عَبْدُ اللَّه: وَلَقَدْ رَقِيتُ عَلَى ظَهْرِ بَيْتٍ، فَرَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَاعِدًا عَلَى لَبِنَتَيْنِ، مُسْتَقْبِلًا بَيْتَ الْمَقْدِسِ، لِحَاجَتِهِ. [بخاري/ الوضوء/ من تبرز على لبنتين/١٤٥]

(واسع) كوڕی (حبان) دەڵێ: لەمزگەوت نوێژم كرد ، (عبدالله) كوڕی (عمر) پشتی كردبووە قیبلە، كاتێ لەنوێژەكە بوومەوە چوومە ئەوبەر بۆلای (عبدالله)وتی: خەڵكی دەڵێن: ئەگەر چوویتە سەرئاو روونەكەیتە نەقیبلەو نەقودس. (عبدالله)وتی: جارێكیان چوومە سەربانی ماڵێك پێغەمبەری خوام(ﷺ) دی لەسەر دووخشت دانیشتبوو رووی لەقودس بوو،(واتە پشتی لەقیبلە بوو) دەستی بەئاو دەگەیاند.

(٨) رێگریی لەمیزكردنە ئاوێك كە پاشان خۆتی پێ بشۆریت

١٠٩ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَبُولَنَّ أَحَدُكُمْ فِي الْمَاءِ الدَّائِمِ ثُمَّ يَغْتَسِلُ مِنْهُ)). [بخاري/ الوضوء/ البول في الماء الدائم / ٢٣٦]

(ابوهريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (باكەستان میز نەكاتە ئاوی وەستاوو دوایی خۆیشی تێدا بشوات). لەریوایەتێكیتردا: ((میز مەكەرە ئاوی هەمیشەییەوە (ڕاوەستاوەوە). كەلەبەری ناڕوات، دوایی خۆیشی تێدا بشۆرێت)).

(٩) خۆپاراستن لەمیز

١١٠ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: مَرَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى قَبْرَيْنِ، فَقَالَ: ((أَمَا إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ، وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ، أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ، وَأَمَّا الْآخَرُ فَكَانَ لَا يَسْتَتِرُ مِنْ بَوْلِهِ)). قَالَ: فَدَعَا بِعَسِيبٍ رَطْبٍ، فَشَقَّهُ بِاثْنَيْنِ، ثُمَّ غَرَسَ عَلَى هَذَا وَاحِدًا وَعَلَى هَذَا وَاحِدًا، ثُمَّ قَالَ: ((لَعَلَّهُ أَنْ يُخَفَّفُ عَنْهُمَا مَا لَمْ يَيْبَسَا)). [بخاري/ الوضوء/ من الكبائر ان يستتر من بوله/ ٢١٣]

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەلای دوو گۆڕدا تێپەڕی فەرمووی: ((ئەم دووانە سزادەدرێن ، بەڵام لەسەرشتی گەورە سزانادرێن ﴿چونكە دەیانتوانی خۆیانی لێ بپارێزن ﴾، یەكێكیان قسەی دەهێناو دەبرد، ئەوی تریان خۆی نەدەپاراست لەمیزەكەی)).

دەڵێ: داوای لقێك دارخورمای تەڕی كرد ، كردی بەدووكەرتەوە، لەسەر هەر گۆڕێكیان كەرتێكی چەقاند، ئینجا فەرمووی: ((بەڵكو ﴿سزا﴾لەسەریان سووك بكرێت هەتا وشك دەبن)).

(١٠) ڕێگریی لەخۆپاككردنەوە بەدەستی ڕاست

١١١ـعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَتَادَةَ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يُمْسِكَنَّ أَحَدُكُمْ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ وَهُوَ يَبُولُ، وَلَا يَتَمَسَّحْ مِنَ الْخَلَاءِ بِيَمِينِهِ، وَلَا يَتَنَفَّسْ فِي الْإِنَاءِ)). [بخاري الوضوء/ النهي عن الاستنجاء باليمين/١٠٢]

(عبدالله) كوڕی (ابو قتادە) لەباوكیەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((باكەستان زەكەری بەدەستی ڕاستی نەگرێت لەكاتی میزكردنیدا، لەسەر ئاویش بەدەستی ڕاست خۆی پاك نەكاتەوە، فوو نەكات لەدەفری[خواردن و خواردنەوە])).

(١١) خۆپاككردنەوە بەئاو

١١٢ـعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) دَخَلَ حَائِطًا وَتَبِعَهُ غُلَامٌ مَعَهُ مِيضَأَةٌ، هُوَ أَصْغَرُنَا، فَوَضَعَهَا عِنْدَ سِدْرَةٍ، فَقَضَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَاجَتَهُ فَخَرَجَ عَلَيْنَا وَقَدِ اسْتَنْجَى بِالْمَاءِ. [بخاري / الوضوء/ الاستنجاء بالماء/ ١٤٩]

(انس) كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) چووە پەنا دیوارێكەوە مێرد منداڵێك كە بچووكترینمان بوو شوێنی كەوت مەسینەیەكی بەدەستەوە بوو، لەتەنیشت درەختێكی سدرا داینا، پێغەمبەر(ﷺ) ایێبوویەوەو هاتە دەرەوە هات بۆ ناومان بە ئاوەكە خۆی پاك كردبووەوە.

(١٢) خۆپاككردنەوە بەبەرد بەتاك دەبێ

١١٣ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ)- قَالَ: ((إِذَا اسْتَجْمَرَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَجْمِرْ وِتْرًا، وَإِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ فِي أَنْفِهِ مَاءً ثُمَّ لِيَنْتَثِرْ)). [بخاري/ الوضوء/ الاستنجاء في الوضوء/ ١٥٩]

(ابوهریرە)(ﷺ) دەیگەیەنێ بەپێغەمبەر(ﷺ) دەڵێ: ((ئەگەر كەسێكتان بەبەرد خۆی پاك كردەوە، با تاك بێت، ئەگەر كەسێكیشتان دەستنوێژی گرت با ئاو بكاتە لووتیەوە ئینجا فنی بكاتە دەرەوە)).

(١٣) خۆپاککردنەوە بەبەردو قەدەغەکردنی بەتەرس و ئێسقان

١١٤ـ عَنْ سَلْمَانَ (ﷺ) قَالَ: قِيلَ لَهُ: قَدْ عَلَّمَكُمْ نَبِيُّكُمْ (ﷺ) كُلَّ شَيْءٍ حَتَّى الْخِرَاءَةَ؟ قَالَ: فَقَالَ: أَجَلْ، لَقَدْ نَهَانَا أَنْ نَسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةَ لِغَائِطٍ أَوْ بَوْلٍ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِالْيَمِينِ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِأَقَلَّ مِنْ ثَلَاثَةِ أَحْجَارٍ، أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيعٍ أَوْ بِعَظْمٍ.

(سلمان)(ﷺ) دەڵێ: پێی وترا: پێغەمبەرەکەتان لەبارەی چوونە سەرئاوەوە هەموو شتێکی فێرکردوون تەنانەت چۆنێتی دانیشتنی سەرئاویش؟ دەڵێ: وتی: بەڵێ. لێی قەدەغەکردووین کەرووبکەینە قیبلە لەدانیشتنی سەرئاوودا، یان بەدەستی ڕاست خۆپاککردنەوە، هەروەها بەکەمتر لەسێ بەرد خۆپاککردنەوە، وەیا خۆپاك کردنەوە بە تەرس و ئێسقان.

(١٤) سودوەرگرتن لە پێستی مردارەوەبوو

١١٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: تُصُدِّقَ عَلَى مَوْلَاةٍ لِمَيْمُونَةَ بِشَاةٍ فَمَاتَتْ، فَمَرَّ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((هَلَّا أَخَذْتُمْ إِهَابَهَا فَدَبَغْتُمُوهُ فَانْتَفَعْتُمْ بِهِ)). فَقَالُوا: إِنَّهَا مَيْتَةٌ. فَقَالَ: ((إِنَّمَا حَرُمَ أَكْلُهَا)).

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: گیسکێکیان بەخێر هێنابوو بۆ خزمەتگوزارێکی خاتوو مەیمونە، بەڵام مرداربوویەوە، پێغەمبەر(ﷺ) بەلایدا تێپەڕی فەرمووی: ((با پێستەکەیتان هەڵبگرتایەو خۆشەتان بکردایەو سوودتان لێوەربگرتایە)) وتیان: ئەوە مردار بۆتەوە، فەرمووی: ((ئەوە خواردنەکەی حەرام کراوە)).

(١٥) ئەگەر پێستە خۆشکرا پاك دەبێتەوە

١١٦ـ عَنْ يَزِيدَ بْنِ أَبِي حَبِيبٍ: أَنَّ أَبَا الْخَيْرِ حَدَّثَهُ قَالَ: رَأَيْتُ عَلَى ابْنِ وَعْلَةَ السبئي فَرْوًا، فَمَسِسْتُهُ، فَقَالَ: مَا لَكَ تَمَسُّهُ؟ قَدْ سَأَلْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ قُلْتُ: إِنَّا نَكُونُ بِالْمَغْرِبِ، وَمَعَنَا الْبَرْبَرُ وَالْمَجُوسُ، نُؤْتَى بِالْكَبْشِ قَدْ ذَبَحُوهُ، وَنَحْنُ لَا نَأْكُلُ ذَبَائِحَهُمْ، وَيَأْتُونَا بِالسِّقَاءِ يَجْعَلُونَ فِيهِ الْوَدَكَ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: قَدْ سَأَلْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: ((دِبَاغُهُ طَهُورُهُ)).

(یزید) کوڕی ابوحبیب) دەڵێ: (ابو خیر) بۆی گێڕایەوە وتی: (علی) کوڕی (وعلة السبئی)م دی فەروەیەکی لەبەردابوو، منیش دەستم لێدا، وتی: بۆچی دەستی لێدەدەی؟ لە(عبدالله) کوڕی (عباس)م پرسی وتم: ئێمە لەخۆرئاواین بەربەری و ئاگر پەرستمان لەگەڵدایە، بەرانی سەربڕاومان بۆ دەهێنن، ئێمەش

سەربڕاوی ئەوان ناخۆین، هێزەمان بۆ دەهێنن ، چەوریيان تێکردووە؟ (ابن عباس) وتی: ئێمە ئەمەمان لەپێغەمبەر(ﷺ) پرسیووە: فەرموويەتی: ((خۆشەکردنی پاکبوونەوەيەتی)).

(١٦) ئەگەر سەگێك دەمی خستە دەفری يەکێتانەوە با حەوت جار بيشۆرێت

١١٧- عن عَبْدِ اللَّه بن الْمُغَفَّلِ (ﷺ) قَالَ: أَمَرَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) بِقَتْلِ الْكِلَابِ، ثُمَّ قَالَ: ((مَا بَالُهُمْ وَبَالُ الْكِلَابِ)). ثُمَّ رَخَّصَ فِي كَلْبِ الصَّيْدِ وَكَلْبِ الْغَنَمِ، وَقَالَ: ((إِذَا وَلَغَ الْكَلْبُ فِي الْإِنَاءِ فَاغْسِلُوهُ سَبْعَ مَرَّاتٍ، وَعَفِّرُوهُ الثَّامِنَةَ فِي التُّرَابِ)). وفِي رِوَايَةِ يَحْيَى بْنِ سَعِيدٍ: وَرَخَّصَ فِي كَلْبِ الْغَنَمِ وَالصَّيْدِ وَالزَّرْعِ.

(عبدالله) کوڕی (المغفل) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی کردووە بەکوشتنی سەگ ئینجا فەرموويەتی: ((هەقيان چييە بەسەر سەگەوە))پاشان مۆڵەتی داوە بەسەگی ڕاوو، سەگی شوان، هەروەها فەرموويەتی: ((ئەگەر سەگێك دەمی خستە دەفرێکەوە حەوت جار بيشۆرن، هەشتەم جار بيتلێنن لەخۆڵەوە، لەريوايەتی (يحيى) کوری (سعيدا) مۆڵەتیداوە بەسەگی شوان و ڕاوو سەرکشتوکاڵ.

(١٧) گەورەيی دەستنوێژ

١١٨- عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ، وَالْحَمْدُ لِلَّه تَمْلَأُ الْمِيزَانَ، وَسُبْحَانَ اللَّه وَالْحَمْدُ لِلَّه تَمْلَآنِ -أَوْ: تَمْلَأُ- مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ، وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ. كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو، فَبَايِعٌ نَفْسَهُ: فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا)).

(ابومالك الاشعری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((پاکوخاوێنی بەشێکی ئيمانە، (الحمد لله) تەرازو پڕدەکات، (سبحان الله والحمد لله) نێوانی ئاسمانەکان و زەوی پڕدەکەن، نوێژ نوورە خێرکردن ڕاستی ئيمان و گوێڕايەڵی بۆ خوا سەلماندنە، ئارامگرتن ڕووناکييە قورئانيش بەڵگەيە بۆت يان لەسەرت، خەڵکی هەموويان بەيانيان زوو دەڕۆن خۆيان دەفرۆشن، بەوەش يان خۆی رزگار دەکات، يان خۆی تيادەبات)). [واتە: يان خۆی بەخوا دەفرۆشێ و فەرمانەکانی جێبەجێدەکات و خۆی ڕزگاردەکات، يان خۆی بەشەيتان دەفرۆشێ و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکات و خۆی تيادەبات].

(١٨) ڕۆیشتنی گوناه لەگەڵ ئاوی دەستنوێژدا

١١٩ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ -أَوِ: الْمُؤْمِنُ- فَغَسَلَ وَجْهَهُ، خَرَجَ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ، أَوْ: مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ. فَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ خَرَجَ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ ﴿كَانَ﴾ بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ، أَوْ: مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ. فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلَاهُ مَعَ الْمَاءِ، أَوْ: مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ. حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنَ الذُّنُوبِ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بەندەی موسڵمان ـ یائیماندار ـ دەستنوێژی گرت ، دەموچاوی شۆرد، هەرگوناهێك بەچاوکردوویەتی لەگەڵ ئاوەکەدا، دەڕوات، یا لەگەڵ دواتنۆکی ئاوەکەدا، ئەگەر دەستەکانی شۆرد هەموو ئەو گوناهانەی بەدەستی کردوویەتی لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕوات، یا لەگەڵ دواتنۆکی ئاوەکەدا ئەگەر قاچەکانی شۆرد ئەو گوناهانەی بەوقاچانەی بۆی چووە لەگەڵ ئاوەکەدا دەڕوات یا لەگەڵ دواتنۆکی ئاوەکەدا، هەتا پاك دەبێتەوە لەگوناه)).

(١٩) لەبارەی سیواك لەکاتی دەستنوێژدا

١٢٠ـ عن ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّهُ بَاتَ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) ذَاتَ لَيْلَةٍ، فَقَامَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ، فَخَرَجَ فَنَظَرَ فِي السَّمَاءِ، ثُمَّ تَلَا هَذِهِ الْآيَةَ فِي آلِ عِمْرَانَ: ﴿إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ﴾ حَتَّى بَلَغَ: ﴿فَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾ ثُمَّ رَجَعَ إِلَى الْبَيْتِ، فَتَسَوَّكَ وَتَوَضَّأَ، ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى، ثُمَّ اضْطَجَعَ، ثُمَّ قَامَ فَخَرَجَ، فَنَظَرَ إِلَى السَّمَاءِ فَتَلَا هَذِهِ الْآيَةَ، ثُمَّ رَجَعَ فَتَسَوَّكَ فَتَوَضَّأَ، ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: شەوێکیان لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) مامەوە لەکۆتایی شەوەکەدا پێغەمبەر(ﷺ) هەستا چووە دەرەوە، سەیرێکی ئاسمانی کرد ئینجا ئەم ئایەتەی لەسوورەتی ال عمران خوێندەوە: ﴿ان في خلق السموات والارض واختلاف الليل والنهار﴾هەتا گەیشتە ﴿فقنا عذاب النار﴾ئینجا گەڕایەوە بۆ ژوورەوە سیواکی کرد دەستنوێژی گرت، ئینجا هەستاو دەستیکرد بەنوێژکردن، پاشان ڕاکشایەوە، ئینجا هەستاو چووە دەرەوە، دووبارە سەیری ئاسمانیکرد هەمان ئایەتی خوێندەوە، ئینجا

گەڕایەوە سیواکی کردوو دەستنوێژی گرت و هەستاو دەستی‌کردەوە بەنوێژکردن.

١٢١. عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ بَدَأَ بِالسِّوَاكِ.

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەرکاتێ بهاتایەتە ماڵەوە لەپێشدا سیواکی دەکرد.

(٢٠) دەستپێکردن و دەستنوێژو شتی‌تر بەلای ڕاست

١٢٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيُحِبُّ التَّيَمُّنَ فِي طُهُورِهِ إِذَا تَطَهَّرَ، وَفِي تَرَجُّلِهِ إِذَا تَرَجَّلَ، وَفِي انْتِعَالِهِ إِذَا انْتَعَلَ. [بخاري/ الوضوء/ ١٦٦]

(عائشة)(ﷺ)دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) حەزی بەوەدەکرد بەلای ڕاست دەست پێبکات لەدەستنوێژ گرتنا کاتێ دەستنوێژی دەگرت، لەسەر داهێنان کاتێ سەری دادەهێنا، لەنەعل لەپێکردنا، کاتێ نەعلی لەپێ‌دەکرد.

(٢١) شێوەی دەستنوێژی پێغەمبەر(ﷺ)

١٢٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ زَيْدِ ابْنِ عَاصِمٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) –وَكَانَتْ لَهُ صُحْبَةٌ– قَالَ: قِيلَ لَهُ: تَوَضَّأْ لَنَا وُضُوءَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).فَدَعَا بِإِنَاءٍ فَأَكْفَأَ مِنْهَا عَلَى يَدَيْهِ فَغَسَلَهُمَا ثَلَاثًا، ثُمَّ أَدْخَلَ يَدَهُ فَاسْتَخْرَجَهَا، فَمَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ مِنْ كَفٍّ وَاحِدَةٍ، فَفَعَلَ ذَلِكَ ثَلَاثًا، ثُمَّ أَدْخَلَ يَدَهُ فَاسْتَخْرَجَهَا، فَغَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثًا، ثُمَّ أَدْخَلَ يَدَهُ فَاسْتَخْرَجَهَا، فَغَسَلَ يَدَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ، ثُمَّ أَدْخَلَ يَدَهُ فَاسْتَخْرَجَهَا، فَمَسَحَ بِرَأْسِهِ فَأَقْبَلَ بِيَدَيْهِ وَأَدْبَرَ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ إِلَى الْكَعْبَيْنِ، ثُمَّ قَالَ: هَكَذَا كَانَ وُضُوءُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).[بخاري/ الوضوء/ ١٨٣]

(عبدالله) کوڕی (زید) کوری (عاصم الانصاری) (ﷺ) کەیەکێك بووە لەهاوەڵان دەڵێ: پێی وترا: دەستنوێژێکمان بۆ بگرە وەکو دەستنوێژی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەویش داوای کاسەیەکی ﴿پڕ لەئاوی﴾ کرد، لاری‌کردەوە بەسەردەستیداو سێجار دەستەکانی شۆرد، ئینجا دەستێکی کرد بەئاوەکەداو دەری هێناو سێجار ئاوی لەدەمولوتی وەردا پاشان دەستی کرد بە ئاوەکەداو دەری هێناو سێجار دەموچاوی شۆرد، ئینجا دەستی کرد بەئاوەکەداو دەری هێناو دووجار دەستەکانی تا ئەنیشکی شۆرد پاشان دەستی کرد بەئاوەکەداو دەستی تەڕی هێنا بەسەریا، هەردوو دەستی لەپێشەوە داناو دەیبرد بۆدواوەو

دەیهێنایەوە بۆ پێشەوە،ئینجا هەردوو قاچی شۆرد هەتا قولەپێی ، پاشان وتی: ئابەم شێوەیە بوو دەستنوێژی پێغەمبەری خوا(ﷺ).

(٢٢) لووت پاککردنەوە

١٢٤ـ عن أَبُو هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَنْشِقْ بِمَنْخِرَيْهِ مِنَ الْمَاءِ، ثُمَّ لِيَنْتَثِرْ)). [بخاري/ الوضوء/ الاستنثار/١٥٩]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر یەکێکتان دەستنوێژی گرت با ئاو لەکونەلوتەکانی وەردات ،ئینجا فن بکات)).

- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنْ مَنَامِهِ فَلْيَسْتَنْثِرْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَبِيتُ عَلَى خَيَاشِيمِهِ)). [اقتران/ بخاري ١٦٨٨/٣٠]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر یەکێکتان لەخەوهەستا باسێجار فن بکات ، چونکە شەیتان بەشەودا لەکونە لوتیدا دەخەوێت)).

(٢٣) ناوچاو جوان و دەست و پێ سپی بەهۆی دەستنوێژەوە

١٢٥ـ عَنْ نُعَيْمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْمُجْمِرِ قَالَ: رَأَيْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ يَتَوَضَّأُ، فَغَسَلَ وَجْهَهُ، فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي الْعَضُدِ، ثُمَّ يَدَهُ الْيُسْرَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي الْعَضُدِ، ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَهُ الْيُمْنَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي السَّاقِ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَهُ الْيُسْرَى حَتَّى أَشْرَعَ فِي السَّاقِ، ثُمَّ قَالَ ﴿لي﴾: هَكَذَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَتَوَضَّأُ. وَقَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَنْتُمُ الْغُرُّ الْمُحَجَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، مِنْ إِسْبَاغِ الْوُضُوءِ، فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ فَلْيُطِلْ غُرَّتَهُ وَتَحْجِيلَهُ)). [بخاري/ الوضوء/ ١٣٦].

(نعيم) كوڕی(عبدالله الجمر) دەڵێ: (ابوهريره) م دی دەستنوێژی دەگرت دەموچاوی شۆرد بەباشی شۆردی، ئینجا دەستی راستی شۆرد هەتا گەیشتە قۆڵی، ئینجا دەستی چەپی شۆرد هەتا گەیشتە قۆڵی، ئینجا دەستی تەڕی هێنا بەسەریدا، ئینجا قاچی راستی شۆرد، هەتا لولاقیشی گرتەوە، پاشان قاچی چەپی شۆرد هەتا لولاقیشی گرتەوە وتی [بەمن] ئابەم شێوەیە پێغەمبەری خوام(ﷺ) دیووە دەستنوێژی گرتووە، ئینجا وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێوە لەرۆژی قیامەتدا ناوچاو جوان و دەست و پێ

سپین بەهۆی دەستنوێژ گرتنەوە، هەرکەسێك لەئێوە دەتوانێ بازیاتر ناوچاوی جوان بکاتو دەستوپێی سپی بکات)).

١٢٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَتَى الْمَقْبُرَةَ فَقَالَ: ((السَّلَامُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَاحِقُونَ، وَدِدْتُ أَنَّا قَدْ رَأَيْنَا إِخْوَانَنَا)). قَالُوا: أَوَلَسْنَا إِخْوَانَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((بَلْ أَنْتُمْ أَصْحَابِي، وَإِخْوَانُنَا الَّذِينَ لَمْ يَأْتُوا بَعْدُ)). فَقَالُوا: كَيْفَ تَعْرِفُ مَنْ لَمْ يَأْتِ بَعْدُ مِنْ أُمَّتِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: ((أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ رَجُلًا لَهُ خَيْلٌ غُرٌّ مُحَجَّلَةٌ بَيْنَ ظَهْرَيْ خَيْلٍ دُهْمٍ بُهْمٍ، أَلَا يَعْرِفُ خَيْلَهُ)). قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَإِنَّهُمْ يَأْتُونَ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنَ الْوُضُوءِ، وَأَنَا فَرَطُهُمْ عَلَى الْحَوْضِ، أَلَا لَيُذَادَنَّ رِجَالٌ عَنْ حَوْضِي كَمَا يُذَادُ الْبَعِيرُ الضَّالُّ، أُنَادِيهِمْ: أَلَا هَلُمَّ، فَيُقَالُ: إِنَّهُمْ قَدْ بَدَّلُوا بَعْدَكَ، فَأَقُولُ سُحْقًا سُحْقًا)).

(ابوهریرە)(ﷺ) وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە سەر گۆڕستانو فەرمووی: ((سڵاوتان لێبێت ئەی ماڵی قەومی ئیماندار، ئێمەش ئەگەر خوابیەوێت شوێنتان دەکەوین پێتان دەگەین، حەزم دەکرد براکانمان بدیایە)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەی ئێمە برای تۆنین ؟ فەرمووی: ((بەڵکو ئێوە هاوەڵمن، براکانمان ئەوانەن کەهێشتا نەهاتوون)) وتیان: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) چۆن کەسانێك دەناسیتەوە لەئوممەتت کەهێشتا نەهاتوون؟ فەرمووی: ئەگەر پیاوێك ئەسپێکی کوێتی[ناو چاوو دەستو پێ سپی]هەبێت لەناو کۆمەڵێك ئەسپی رەشی تۆخدا بێت، ئایا ئەسپەکەی خۆی ناناسێتەوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، فەرمووی: ((دە ئەوانیش رۆژی قیامەت بەناوچاوی جوانو دەستوپێی سپییەوە، بەهۆی دەستنوێژەوە، دێنو، منیش پێشیان دەکەوم بۆ سەر حەوزەکە، ئاگاداربن پیاوانێك دووردەخرێنەوە لەحەوزەکەی من وەکو چۆن وشتری تار دوور دەخرێتەوە ، منیش بانگیان دەگەم: ئاگاداربن وەرن ، بەلام دەوترێت: ئەوانە لەدوای تۆ گۆڕاون، منیش دەڵێم: دە هەر دووربن دەهەر دووربن)).

(٢٤) ئەوەی بەباشی دەستنوێژ دەگرێت

١٢٧. عن حُمْرَانَ، مَوْلَى عُثْمَانَ (ﷺ): أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ (ﷺ) دَعَا بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ: فَغَسَلَ كَفَّيْهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْثَرَ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلَاثَ

مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنَى إِلَى الْمِرْفَقِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُسْرَى مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ، ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَهُ الْيُمْنَى إِلَى الْكَعْبَيْنِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ الْيُسْرَى مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هَذَا، ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ، لَا يُحَدِّثُ فِيهِمَا نَفْسَهُ، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)). [بخاري/ الوضوء/ ١٥٨]

قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: وَكَانَ عُلَمَاؤُنَا يَقُولُونَ: هَذَا الْوُضُوءُ أَسْبَغُ مَا يَتَوَضَّأُ بِهِ أَحَدٌ لِلصَّلَاةِ.

(حمـران) كـارگوزاری (عثمـان)كـوڕی (عفـان)(ﷺ) دەڵـێ: (عثمـان)كـوڕی (عفـان)(ﷺ) داوای ئـاوی دەسـتنوێژی كـردو، دەسـتنوێژی گـرت: دەسـتەكانی سـێجار شـۆرد ئـاوی لـەدەمولوتـی وەرداو، سـێجار دەموچـاوی شـۆرد، ئینجـا دەستی ڕاستی هەتا ئەنیشكی سێجار شۆردو، دەستی چەپیشی بەوشێوەیە، پاشان مەسحی سەریكرد، پاشان قاچی ڕاستی تاقوله پێی سێجار شۆردو، قاچی چەپیشی بەهەمان شێوە، ئینجا وتی: پێغەمبەری خوام(ﷺ) دیووە وەكو ئـەم دەسـتنوێژەی مـن دەسـتنوێژی گرتـووەو، پاشـان فەرموویـەتی: ((هەركـەس دەستنوێژ وەكو ئەم دەستنوێژەی مـن بگرێـت، ئینجـا هەسـتێو دووڕكـات نوێـژ بكـات، داڵغەلێنـەدا لەنوێژەكـەدا(خـوا)، لەهـەموو گوناهـە ڕابوردووەكـانی دەبوردرێت)).

(ابن شهاب) دەڵێ: زانایانمان دەڵێن: ئەم دەستنوێژە تەواوترین دەسـتنوێژە كەسێك بیگرێت بۆ نوێژكردن.

١٢٨ـ عن حُمْرَانَ: أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَتَمَّ الْوُضُوءَ كَمَا أَمَرَهُ اللَّهُ ﴿تَعَالَى﴾، فَالصَّلَوَاتُ الْمَكْتُوبَاتُ كَفَّارَاتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ)).

(حمـران) دەڵـێ: (عثمـان)(ﷺ)وتـی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((هەركـەس بەتـەواوی دەسـتنوێژەكەی بگرێـت، وەكـو خـوای گـەورە فـەرمانی پێكردووە، ئەوا نوێژە فەرزەكان دەبنە هۆی سڕینەوەی گوناهەكانی نێوانیان)).

١٢٩ـ عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ تَوَضَّأَ لِلصَّلَاةِ فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ مَشَى إِلَى الصَّلَاةِ الْمَكْتُوبَةِ فَصَلَّاهَا مَعَ النَّاسِ –أَوْ: مَعَ الْجَمَاعَةِ، أَوْ: فِي الْمَسْجِدِ– غَفَرَ اللَّهُ لَهُ ذُنُوبَهُ)).

(عثمــان)(ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) فەرموویــەتی: (هەرکــەس دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژ بەباشی بیگرێت، ئینجا بڕوات بەرەو نوێژی فەرز لەگەڵ خەڵکیدا نوێژەکەی بکات ـ یا لەگەڵ جەماعەت، یا لەمزگەوت ـ خوا لەگوناهەکانی خۆشدەبێت)).

(٢٥) دەستنوێژی تەواو گرتن لەگەڵ نارەحەتیش

١٣٠. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ)). قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ، وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ، وَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ)).

(ابوهريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئایا شتێکتان پیشان نەدەم کە خوا بەوشتە گوناهەکانتان بسڕێتەوەو پلەتان بەرزبکاتەوە)) وتیان: بەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، فەرمووی: ((بەتەواوی دەستنوێژ گرتن بالەکاتی نارەحەتیشا بێت [واتە لەکاتی سەرماو نەخۆشیو شتیتر]، ئینجا هەنگاونانی زۆر بۆ مزگەوت پاشان چاوەڕێکردنی نوێژ لەدوای نوێژ . ئا ئەوەیە لەسەنگەردابوونو پابەند بوون بە فەرمانەکانی خوای گەورەوە)).

(٢٦) جوانی دەگاتە ئەو شوێنەی ئاوی دەستنوێژ دەیگاتێ

١٣١ـعَنْ أَبِي حَازِمٍ قَالَ: كُنْتُ خَلْفَ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) وَهُوَ يَتَوَضَّأُ لِلصَّلَاةِ، فَكَانَ يَمُدُّ يَدَهُ حَتَّى تَبْلُغَ إِبْطَهُ، فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا هُرَيْرَةَ، مَا هَذَا الْوُضُوءُ؟ فَقَالَ: يَا بَنِي فَرُّوخَ، أَنْتُمْ هَاهُنَا؟ لَوْ عَلِمْتُ أَنَّكُمْ هَاهُنَا مَا تَوَضَّأْتُ هَذَا الْوُضُوءَ، سَمِعْتُ خَلِيلِي (ﷺ) يَقُولُ: ((تَبْلُغُ الْحِلْيَةُ مِنَ الْمُؤْمِنِ حَيْثُ يَبْلُغُ الْوُضُوءُ)).

(ابو حازم) دەڵێ: من لەدوای(ابوهريرە)(ﷺ) وە بووەم، دەستنوێژی دەگرت بۆ نوێژکردن، دەستی درێژدەکرد هەتا دەگەیشتە بن باڵی، پێم وت: ئەی ابوهريرە) ئەوە چ دەستنوێژێکە؟ ئەویش وتی: ئەی نەوەی (فروخ)، ئێوە لێرەن؟ ئەگەر بمانزانیایە ئێوە لێرەن بەم شێوەیە دەستنوێژم نەدەگرت، بیستوومە لەخۆشەویستم(ﷺ) فەرموویەتی: ((جوانیو رازاوەیی ئیماندار لەرۆژی قیامەتدا دەگاتە ئەو شوێنەی ئاوی دەستنوێژی پێدەگات)).

(٢٧) ئەوەی لەدەستنوێژدا شوێنێکی شۆردن تەرك دەكات بابگەڕێتەوە سەری‌و نوێژەكەی بكاتەوە

١٣٢ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قال: أَخْبَرَنِي عُمَرُ ابْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا تَوَضَّأَ، فَتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ عَلَى قَدَمِهِ، فَأَبْصَرَهُ النَّبِيُّ (ﷺ)، فَقَالَ: ((ارْجِعْ فَأَحْسِنْ وُضُوءَكَ)). فَرَجَعَ، ثُمَّ صَلَّى. [بخاري/ الصلاة في ثياب، الصلاة في الخفان/ ٣٨٠]

(جابر)(ﷺ) دەڵێ: (عمر كوری(خطاب)(ﷺ) ئاگاداری كردم: پیاوێك دەستنوێژی دەگرت، بەئەندازەی نینۆكێكی لەسەر قاچی نەشۆرد بوو، پێغەمبەر(ﷺ) چاوی پێی كەوت پێی فەرموو: ((بگەڕێرەوە دەستنوێژەكەت بەباشی بگرە)) گەڕایەوەو دوایی نوێژی كرد).

(٢٨) بڕی ئاو بۆ خۆشۆردنو دەستنوێژ

١٣٣ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَتَوَضَّأُ بِالْمُدِّ، وَيَغْتَسِلُ بِالصَّاعِ، إِلَى خَمْسَةِ أَمْدَادٍ. [بخاري / الوضوء بالمد/ ١٩٨]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بە مشتێك(مد) ئاو دەستنوێژی دەگرت بەمەنێك (صاع)ێك، هەتا پێنج مشت خۆی دەشۆرد.*

(٢٩) مەسحی كاڵەو پێتاو (خف)

١٣٤ـ عَنْ هَمَّامٍ قَالَ: بَالَ جَرِيرٌ (ﷺ) ثُمَّ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ، فَقِيلَ: تَفْعَلُ هَذَا؟ فَقَالَ: نَعَمْ، رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَالَ، ثُمَّ تَوَضَّأَ، وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ. ﴿قَالَ الْأَعْمَشُ﴾: قَالَ إِبْرَاهِيمُ: كَانَ يُعْجِبُهُمْ هَذَا الْحَدِيثُ، لِأَنَّ إِسْلَامَ جَرِيرٍ كَانَ بَعْدَ نُزُولِ الْمَائِدَةِ. [بخاري/ الصلاة/٣٨٠]

(همام) دەڵێ: (جریر) (ﷺ) دەستی بەئاو گەیاند، ئینجا دەستنوێژی گرت مەسحی كاڵەو پێتاوەكانی كرد، پێیان وت: ئاوا دەكەیت؟ وتی: بەڵێ: پێغەمبەری خوام(ﷺ) دیووە چۆتە سەرئاو، دوایی دەستنوێژی گرتووەو دەستی هێناوە بەسەر كاڵەو پێتاوەكانیدا ﴿اعمش ﴾دەڵێ: ابراهیم وتی: ئەو فەرموودەیان پێ خۆشبوو ، چونكە موسڵمانبوونی(جریر) دوای دابەزینی سوورەتی(المائدة)بوو.

* مشت ﴿مد ﴾بریتییە لەشەشپالویەك درێژی لایەكی ٩,٢ سم بێت.
مەن ﴿صاع ﴾: بریتییە لەچوار ﴿ مد﴾.

١٣٥ـ ﴿عَنْ أَبِي وَائِلٍ قَالَ: كَانَ أَبُو مُوسَى يُشَدِّدُ فِي الْبَوْلِ، وَيَبُولُ فِي قَارُورَةٍ، وَيَقُولُ: إِنَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ كَانَ إِذَا أَصَابَ جِلْدَ أَحَدِهِمْ بَوْلٌ قَرَضَهُ بِالْمَقَارِيضِ. فَقَالَ حُذَيْفَةُ: لَوَدِدْتُ أَنَّ صَاحِبَكُمْ لَا يُشَدِّدُ هَذَا التَّشْدِيدَ، فَلَقَدْ رَأَيْتُنِي أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) نَتَمَاشَى، فَأَتَى سُبَاطَةً خَلْفَ حَائِطٍ فَقَامَ كَمَا يَقُومُ أَحَدُكُمْ، فَبَالَ، فَانْتَبَذْتُ مِنْهُ، فَأَشَارَ إِلَيَّ، فَجِئْتُ فَقُمْتُ عِنْدَ عَقِبِهِ حَتَّى فَرَغَ. زاد في رواية: فتوضّأ فسمح على خُفّيه﴾. [بخاري/ الوضوء/ ٢٢٤]

﴿(ابو وائل) دەڵێ: (ابو موسى) زۆر خۆپارێز بوو لە میزکردندا، میزی دەکردە شووشەوەو دەیووت: نەوەی ئیسرائیلیەکان ئەگەر یەکێکیان پرژی میز بەرجێگایەکی بکەوتایا بەمقەست دەیبڕی. حوزەیفە وتی: حەزم دەکرد هاوەڵەکەتان ئەوەندە توندوتیژ نەبوایا خۆم بینی لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دەرۆیشتین، گەیشتینە سەرە لوێنکی قەومێك لەدوای دیوارێکەوە، وەکو یەکێك لەئێوە هەستا چوو میزی کرد ، لێی دوورکەوتمەوە ، ئامارەی بۆ من کرد، چووم بۆ لای لەنزیکەوە راوەستام هەتا لێ بووەوە. ﴿لەریوایەتێکدا ئەمەی زیادکردووە: دەستنوێژی گرت و دەستی هێنا بەسەر (کاڵەوپێتاوەکان)یدا ﴾.

١٣٦ـ عَنْ الْمُغِيرَةِ بن شعبة (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) ذَاتَ لَيْلَةٍ فِي مَسِيرٍ، فَقَالَ لِي: ((أَمَعَكَ مَاءٌ)). قُلْتُ: نَعَمْ، فَنَزَلَ عَنْ رَاحِلَتِهِ، فَمَشَى حَتَّى تَوَارَى فِي سَوَادِ اللَّيْلِ، ثُمَّ جَاءَ، فَأَفْرَغْتُ عَلَيْهِ مِنَ الْإِدَاوَةِ، فَغَسَلَ وَجْهَهُ، وَعَلَيْهِ جُبَّةٌ مِنْ صُوفٍ، فَلَمْ يَسْتَطِعْ أَنْ يُخْرِجَ ذِرَاعَيْهِ مِنْهَا حَتَّى أَخْرَجَهُمَا مِنْ أَسْفَلِ الْجُبَّةِ، فَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ، وَمَسَحَ بِرَأْسِهِ، ثُمَّ أَهْوَيْتُ لِأَنْزِعَ خُفَّيْهِ، فَقَالَ: ((دَعْهُمَا، فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ)). وَمَسَحَ عَلَيْهِمَا. [بخاري / اللباس / ٥٤٦٣]

(مغیرە)ی کوڕی(شعبە)(ﷺ) دەڵێ: شەوێکیان لەرێگایەکدا لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووم فەرمووی پێم: ((ئایا ئاوت پێیە)) وتم: بەڵێ. لەوڵاغەکەی دابەزی رۆیشت تا لە تاریکی شەودا لەچاو ون بوو، ئینجا هاتەوە لەدۆڵچەکە ئاوم کرد بە دەستیا، دەموچاوی شۆرد، جبەیەکی خوری لەبەردابوو نەیدەتوانی دەستی دەربێنێ هەتا لەژێر جبەکەوە دەریهێناو هەردوو قوڵی شۆرد، دەستی تەڕی هێنا بەسەریدا، ئینجا ویستم کاڵەو پێتاوەکانی داکەنم،

بەلاَم فەرمووی: ((وازیان لێ بێنە من بەپاکی لەپێم کردوون)) ئینجا دەستی تەڕی هێنا بەسەر هەردووکیاندا.

(٣٠) ماوە دانان بۆ مەسحی کاڵەو پێتاو

١٣٧ـعَنْ شُرَيْحِ بْنِ هَانِئٍ قَالَ: أَتَيْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) أَسْأَلُهَا عَنِ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفَّيْنِ، فَقَالَتْ: عَلَيْكَ بِابْنِ أَبِي طَالِبٍ فَسَلْهُ، فَإِنَّهُ كَانَ يُسَافِرُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلْنَاهُ، فَقَالَ: جَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهُنَّ لِلْمُسَافِرِ وَيَوْمًا وَلَيْلَةً لِلْمُقِيمِ)).

(شریح) کوڕی (هانی) وتی: هاتم بۆ لای عائشە(ﷺ) پرسیاری مەسحی کاڵەوپێتاوی لێبکەم ، وتی: بچۆ بۆ لای(علی) کوڕی(ابوطالب)لەوبپرسە چونکە ئەو لەخزمەت پێغەمبەریخودادا(ﷺ) سەفەری کردووە، ئێمەش لێمان پرسی: وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) داینـاوە: بۆ ڕێبوار سێشەوو سێڕۆژ ، بۆ دانیشتوش شەوو ڕۆژێك.

(٣١) مەسح لەسەر تەوێڵو مێزەر

١٣٨ـ عَنْ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: تَخَلَّفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَتَخَلَّفْتُ مَعَهُ، فَلَمَّا قَضَى حَاجَتَهُ قَالَ: ((أَمَعَكَ مَاءٌ)). فَأَتَيْتُهُ بِمِطْهَرَةٍ، فَغَسَلَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ، ثُمَّ ذَهَبَ يَحْسِرُ عَنْ ذِرَاعَيْهِ، فَضَاقَ كُمُّ الْجُبَّةِ، فَأَخْرَجَ يَدَهُ مِنْ تَحْتِ الْجُبَّةِ، وَأَلْقَى الْجُبَّةَ عَلَى مَنْكِبَيْهِ، وَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ، وَمَسَحَ بِنَاصِيَتِهِ وَعَلَى الْعِمَامَةِ، وَعَلَى خُفَّيْهِ، ثُمَّ رَكِبَ وَرَكِبْتُ، فَانْتَهَيْنَا إِلَى الْقَوْمِ وَقَدْ قَامُوا فِي الصَّلَاةِ، يُصَلِّي بِهِمْ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ، وَقَدْ رَكَعَ بِهِمْ رَكْعَةً، فَلَمَّا أَحَسَّ بِالنَّبِيِّ (ﷺ) ذَهَبَ يَتَأَخَّرُ، فَأَوْمَأَ إِلَيْهِ فَصَلَّى بِهِمْ، فَلَمَّا سَلَّمَ، قَامَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَقُمْتُ، فَرَكَعْنَا الرَّكْعَةَ الَّتِي سَبَقَتْنَا.

(مغیرە) کوڕی (شعبە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دواکەوت منیش لەخزمەتیا دواکەوتم، کاتێ دەستی بەئاوگەیاند فەرمووی: ((ئایا ئاوت پێیە)) منیش دەفرێکم بۆهێنا ئاوی تێدابوو، دەستو دەموچاوی شۆرد، ئینجا ویستی قۆڵی هەڵماڵێ بەلاَم قۆڵی جبەکەی تەسك بوو هەڵنەماڵرا، بۆیە لەژێر جبەکەوە قۆڵی دەرهێناو جبەکەیدا بەسەرشانیا، هەردووباڵی شۆردو، مەسحی تەوێڵو سەرمێزەرەکەی کرد، هەروەها مەسحی کاڵەو پێتاوەکانی کرد، ئینجا سواربوو منیش سواربووم هەتا گەیشتینە خەڵکەکە هەستابوونەوە

بـۆ نوێــژو (عبــدالرحمن) کــوڕی (عــوف) نوێــژی بــۆ دەکــردن، رکــاتێکی پێکردبوون، کاتێ هەستی بەهاتنی پێغەمبەر(ﷺ) کرد، ویستی بێتە دوواوە، پێغەمبـەر(ﷺ) ئاماژەیـەکی بـۆ کـرد، ئـەویش نوێژەکـەی بـۆ تـەواوکردن کـاتێ سـەلامیدایەوە پێغەمبـەر(ﷺ) هەسـتایەوە﴿بۆ ڕکاتـە ڕۆیـشتووەکەی﴾منـیش هەستامەوە، ئەو رکاتەمان کرد کەلەپێش ئێمەوە کردبوویان.

(٣٢) مەسح لەسەر مێزەر

١٣٩ـ عَنْ بِلَالٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ وَالْخِمَارِ.

(بـلال)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) مەسـحی لەسـەر کاڵـەو پێنـاو)و لەسەر مێزەریش دەکرد.

(٣٣) چەند نوێژێك بەیەك دەستنوێژ

١٤٠ـ عـن بُرَيْـدَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِـيَّ (ﷺ) صَـلَّى الـصَّلَوَاتِ يَـوْمَ الْفَـتْحِ بِوُضُـوءٍ وَاحِدٍ، وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ، فَقَالَ لَـهُ عُمَـرُ (ﷺ): لَقَدْ صَـنَعْتَ الْيَـوْمَ شَـيْئًا لَـمْ تَكُـنْ تَصْنَعُهُ؟ قَالَ: ((عَمْدًا صَنَعْتُهُ يَا عُمَرُ)).

(بریــدە)(ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەر(ﷺ) نوێــژەکانی ڕۆژی(فــتح)ی بەیــەك دەسـتنوێژکرد، مەسـحی کاڵەوپێتاوەکانیـشی کـرد، عمـر(ﷺ) پێـی وت: ئیمـڕۆ کارێکـت کـرد لەمـەوپێش نـەتکردووە؟ فـەرمووی: ((بەتایبـەتی خـۆم ویـستم ئەوکارەبکەم ئەی عومەر)) [بۆئەوەی ڕوونیبکەمەوە کەئەمەش دروستە].

(٣٤) وتەی دوای نوێژ

١٤١ـعَنْ عُقْبَـةَ بْـنِ عَـامِرٍ (ﷺ) قَـالَ: كَانَـتْ عَلَيْنَـا رِعَايَـةُ الْإِبِلِ، فَجَـاءَتْ نَـوْبَتِي فَرَوَّحْتُهَا بِعَشِيٍّ، فَأَدْرَكْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَائِمًا يُحَدِّثُ النَّاسَ، فَأَدْرَكْتُ مِنْ قَوْلِهِ: ((مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ وُضُـوءَهُ، ثُـمَّ يَقُومُ فَيُـصَلِّي رَكْعَتَيْنِ مُقْبِلٌ عَلَيْهِمَـا بِقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ، إِلَّا وَجَبَـتْ لَـهُ الْجَنَّـةُ)). قَـالَ: فَقُلْـتُ مَـا أَجْـوَدَ هَـذِهِ، فَإِذَا قَائِلٌ بَيْنَ يَدَيَّ يَقُولُ: الَّتِي قَبْلَهَا أَجْوَدُ، فَنَظَـرْتُ فَإِذَا عُمَـرُ (ﷺ) قَالَ: إِنِّـي قَدْ رَأَيْتُـكَ جِئْـتَ آنِفًا، قَالَ: ((مَا مِـنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّـأُ فَيُبْلِـغُ -أَوْ: فَيُـسْبِغُ- الْوَضُـوءَ، ثُـمَّ يَقُـولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّـهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْـدُ اللَّـهِ وَرَسُولُهُ، إِلَّـا فُتِحَـتْ لَـهُ أَبْـوَابُ الْجَنَّـةِ الثَّمَانِيَةُ، يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ)).

(عقبە) کوڕی(عـامر) (ﷺ) دەڵـێ: ئێمـە وشـترمان بـەخێودەکرد ، نۆرەی مـن هـات و، ئێوارەیـەك گێڕامنـەوە بـۆ مۆڵگاکـەیان، گەیـشتم بەخزمـەت پێغەمبـەری

خـوا(ﷺ) بـەپێوە راوەسـتابوو قسەی بـۆ خـەڵك دەكـرد، گەیـشتم بـەو قـسەیەی كەدەیفەرموو: ((هیچ موسڵمانێك نییه كەدەستنوێژ بگرێتو بەباشـی بیگرێـت، ئینجا هەستێو دووركات نوێژ بكات. بەدڵو بەگیان لەناو نوێژەكەدابێت، ئەوا بەهەشـت مـسۆگەر دەبێـت بـۆی)) دەڵـێ: منـیش وتم: ئـای ئـەم مژدەیـە چـەند خۆش بـوو، كوتـوپڕ لەبەردەستما كەسێك وتـی: مـژدەی پێشتری خۆشتربوو، سـەیرم كـرد دەبیـنم عومـەرە(ﷺ) وتـی: مـن چـاوم لێت بـوو كەئێـستا هـاتی، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((هەریـەكێك لـەئێوە دەسـتنوێژ بگرێـت، بەباشـیو بەتەواوی دەستنوێژەكەی بگرێت، ئینجا بڵێت: (اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمداً عبـده ورسـوله، ئـەوە هـەر هەشـت دەرگاكـەی بەهەشـتی بـۆ دەكرێتـەوە ، لەكامیانەوە بیەوێت دەچێته ژوورەوە)).

(٣٥)شۆردنی لینجاو(مذي)و دەستنوێژ گرتنەوەلێی

١٤٢ــعَنْ عَلِـيٍّ (ﷺ) قَـالَ: كُنْـتُ رَجُلًـا مَـذَّاءً، وَكُنْـتُ أَسْـتَحْيِي أَنْ أَسْأَلَ النَّبِـيَّ (ﷺ) لِمَكَـانِ ابْنَتِـهِ، فَـأَمَرْتُ الْمِقْـدَادَ بْـنَ الْأَسْـوَدِ فَـسَأَلَهُ، فَقَـالَ: ((يَغْـسِلُ ذَكَـرَهُ وَيَتَوَضَّأُ)).

(علـی)(ﷺ) دەڵـێ: مـن پیاوێـك بـووم لینجـاوم زۆربـوو، شـەرمم دەكـرد لەپێغەمبـەر(ﷺ) بپرسـم لەبەرئـەوە فاتمـەی كـچی لای مـن بـوو ، هـەر بۆیـە داوام لـە(مقـدادی) كـوڕی(اسـود) كـرد، ئـەو پرسـیاری لێكـرد، فـەرمووی: ((زەكـەری دەشواو دەستنوێژ دەگرێت)).

(٣٦) خەوی دانیشتوو دەستنوێژ ناشكێنێ

١٤٣ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ): أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ، و رسولُ اللهِ (ﷺ) نَجِيٌّ لرجلٍ –وفي حديثِ عبدِ الوارثِ: ونبيُّ اللهِ (ﷺ) يُنَاجِي رَجُلًا– فما قامَ إلى الصَّلاة حتى نامَ القومُ. وفي حديثِ شُعبةَ: فَلَمْ يَزَلْ يُنَاجِيهِ حَتَّى نَامَ أَصْحَابُهُ، ثُمَّ جَاءَ فَصَلَّى بِهِمْ. [بخاري/ الاذان/ ٦١٦]

(انس)(ﷺ) دەڵێ: قامەت كرا بۆ نوێژ كەچی پێغەمبـەر(ﷺ) لەگەڵ پیاوێكدا چپەی دەكرد هەڵنەستا بۆ نوێژ هـەتا خەڵكەكە خـەویان لێكەوت پاشـان هـاتو نوێژی بۆ كردن..

(٣٧) دەستنوێژ لەدوای خواردنی گۆشتی وشتر

١٤٤ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): أَأَتَوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الْغَنَمِ؟ قَالَ: ((إِنْ شِئْتَ فَتَوَضَّأْ، وَإِنْ شِئْتَ فَلَا تَوَضَّأْ)). قَالَ: أَتَوَضَّأُ مِنْ لُحُومِ الْإِبِلِ؟ قَالَ: ((نَعَمْ، فَتَوَضَّأْ مِنْ لُحُومِ الْإِبِلِ)). قَالَ: أُصَلِّي فِي مَرَابِضِ الْغَنَمِ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: أُصَلِّي فِي مَبَارِكِ الْإِبِلِ؟ قَالَ: ((لَا)). [اقتران النيرين/ بخاري/ ١٧٢١/٦٣]

(جابر) كوڕی (سمره) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری كرد لەپێغەمبەر (ﷺ) ئایا دەستنوێژ بگرمەوە لەخواردنی گۆشتی مەڕ؟ فەرمووی: ((ئەگەر ویستت دەستنوێژ بگرە، ئەگەر ویستیشت مەیگرە)) وتی: ئەی دەستنوێژ بگرم لەگۆشتی وشتر؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) وتی: نوێژبكەم لەمۆڵگای وشتردا؟ فەرمووی: ((نەخێر)).

(٣٨) دەستنوێژ گرتن لەشتێ ئاگری بەركەوتبێ

١٤٥ـ عن عُمَرُ بْنُ عَبْدِ الْعَزِيزِ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ إِبْرَاهِيمَ بْنِ قَارِظٍ أَخْبَرَهُ: أَنَّهُ وَجَدَ أَبَا هُرَيْرَةَ يَتَوَضَّأُ عَلَى الْمَسْجِدِ، فَقَالَ: إِنَّمَا أَتَوَضَّأُ مِنْ أَثْوَارِ أَقِطٍ أَكَلْتُهَا، لِأَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((تَوَضَّئُوا مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ)).

(عمر) كوڕی (عبدالعزیز) دەڵێ: (عبدالله) كوڕی(ابراهیم) كوڕی (قارض)پێی ڕاگەیاندم: (ابوهریره)ی دیووە لەمزگەوت دەستنوێژی گرتووە، وتوویەتی: من دەستنوێژ دەگرم لەوپارچە گۆشتانەی كەخواردومن، چونكە لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە فەرموویەتی: ((دەستنوێژ بگرن لەوشتانەی ئاگریان بەردەكەوێت)).

(٣٩) هەڵوەشاندنەوەی دەستنوێژ گرتن لەوشتەی ئاگری بەركەوتووە

١٤٦ـ عَنْ جَعْفَرِ بْنِ عَمْرِو بْنِ أُمَيَّةَ الضَّمْرِيِّ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَحْتَزُّ مِنْ كَتِفِ شَاةٍ، فَأَكَلَ مِنْهَا، فَدُعِيَ إِلَى الصَّلَاةِ، فَقَامَ وَطَرَحَ السِّكِّينَ، وَصَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ. [بخاري / الوضوء/ من لم يتوضأ من كم الشاة/٢٠٥]

(جعفر) كوڕی (عمرو) كوڕی(امیة الضمیري)(ﷺ)دەڵێ: چاوم لێ بوو پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەچەقۆ گۆشتی لەشانی مەڕێك دەكردەوە لێی دەخوارد، بانگ درا بۆ نوێژ چەقۆكەی داناو هەستا چوو نوێژی كرد دەستنوێژی نەگرت.

١٤٧ـ عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِـيَّ (ﷺ) شَـرِبَ لَبَنًـا، ثُـمَّ دَعَـا بِمَـاءٍ فَتَمَضْمَضَ وَقَالَ: ((إِنَّ لَهُ دَسَمًا)). [بخاري/ الوضوء/ هل يمضمض من اللبن/ ٢٠٨]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) شیری خواردەوە، ئینجا داوای ئاوی کردو لەدەمی وەرداو فەرمووی: ((چەوری پێوەیە)).

١٤٨ـ عنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ فِي بَطْنِهِ شَيْئًا، فَأَشْكَلَ عَلَيْهِ أَخَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ أَمْ لَا؟ فَلَا يَخْرُجَنَّ مِنَ الْمَسْجِدِ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا، أَوْ يَجِدَ رِيحًا)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێکتان هەستی بەشتێکرد لەسکیا، ئینجا لێی تێکچوو ئایا شتێکی لێ هاتبێتە دەرەوە یان نا؟ با لە مزگەوت نەچێتە دەرەوە، هەتا یان گوێی لەدەنگی دەبێ، یان بۆنێك دەکات [واتە: تا دڵنیا نەبێ لەدەرچوونی شتێك بەگومان دەستنوێژی ناشکێت].

(٣) - بەشی خۆشۆردن

(١)ئاو لەئاوەوە پێویست دەبێت بۆ پیاوێك سەرجێیی (جماع) بكاتو ئاوی نەیەتەوە

١٤٩ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ الاثْنَيْنِ إِلَى قُبَاءَ، حَتَّى إِذَا كُنَّا فِي بَنِي سَالِمٍ وَقَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى بَابِ عِتْبَانَ فَصَرَخَ بِهِ، فَخَرَجَ يَجُرُّ إِزَارَهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَعْجَلْنَا الرَّجُلَ)). فَقَالَ عِتْبَانُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يُعْجَلُ عَنِ امْرَأَتِهِ وَلَمْ يُمْنِ، مَاذَا عَلَيْهِ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّمَا الْمَاءُ مِنَ الْمَاءِ)). [بخاري / الوضوء/ ١٧٨].

(عبدالرحمن) كوڕی(ابی سعيد الخدری) لەباوكيەوە بۆمان دەگێڕێتەوە(ﷺ) دەڵێ: ڕۆژی دووشەممە لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ)ڕۆیشتین بۆ قوباء،ڕۆیشتین تاگەیشتینە (بنی سالم)، پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبەردەرگای ماڵی (عتبان)دا ڕاوەستاو بانگی (عتبان)ی كرد، ئەویش هاتە دەرەوە داوێنی كراسەكەی ڕادەكێشا، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((پەلەمان لەپیاوەكە كرد)) عتبان وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) : ئەگەر پیاوێك بچێتە لای هاوسەرەكەیو پەلەی لێبكەنو ئاوی نەیەتەوە ، چی لەسەرە؟ فەرمووی: ((ئاو لەئاوەوە پێویست دەبێت))[لێرەدا واتە هەتا ئاو نەپەڕێت خۆ شۆردنی ناوێت].

(٢) هەڵوەشاندنەوەی فەرموودەی پێشوو / واجب بوونی خۆشۆردن بە بەیەك گەیشتنی هەردوخەتەنەكراو

١٥٠ـ عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: اخْتَلَفَ فِي ذَلِكَ رَهْطٌ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ، فَقَالَ الْأَنْصَارِيُّونَ: لَا يَجِبُ الْغُسْلُ إِلَّا مِنَ الدَّفْقِ أَوْ مِنَ الْمَاءِ. وَقَالَ الْمُهَاجِرُونَ: بَلْ إِذَا خَالَطَ فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ. قَالَ: قَالَ أَبُو مُوسَى: فَأَنَا أَشْفِيكُمْ مِنْ ذَلِكَ، فَقُمْتُ فَاسْتَأْذَنْتُ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ) فَأَذِنَ لِي، فَقُلْتُ ﴿لَهَا﴾: يَا أُمَّاهْ -أَوْ يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ- إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَكِ عَنْ شَيْءٍ وَإِنِّي أَسْتَحْيِيكِ. فَقَالَتْ: لَا تَسْتَحْيِي أَنْ تَسْأَلَنِي عَمَّا كُنْتَ سَائِلًا عَنْهُ أُمَّكَ الَّتِي وَلَدَتْكَ، فَإِنَّمَا أَنَا أُمُّكَ. قُلْتُ: فَمَا يُوجِبُ الْغُسْلَ؟ قَالَتْ: عَلَى الْخَبِيرِ سَقَطْتَ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا جَلَسَ

بَيْنَ شُعَبِهَا الْأَرْبَعِ، وَمَسَّ الْخِتَانُ الْخِتَانَ، فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ)). [اقتران النيرين / بخاري/ ٧/١٧٦٥]

(ابو موسى)(ﷺ) دەڵێ: کۆمەڵێك لە(مهاجر)و (انصار) جیاوازی کەوتە نێوانیان. (انصار)یەکان وتیان: خۆشۆردن پێویست نابێت هەتا ئاو نەیەتەوە (مهاجر)یەکانیش وتیان: بەڵێ ئەگەر تێکەڵبوون، خۆشۆردن پێویست دەبێت. دەڵێ(ابو موسى) وتی: من ئەوەتان بۆچارەدەکەم، هەستام چووم مۆڵەتم لەعائشە(ﷺ)وەرگرت و ئەویش مۆڵەتی دام و پێموت: دایە گیان ـ یا ئەی دایکی ئیمانداران ـ من دەمەوێ پرسیارێك لەبارەی شتێکەوە بکەم و بەلام شەرمت لێدەکەم ، ئەویش وتی: شەرم مەکە، ئەو پرسیارەی پرسیوتە لەو دایکەت کەتۆی لێ بوویت لەمنیشی بپرسە، منیش دایکتم، وتم: چی خۆشۆردن واجب دەکات؟ وتی: گەیشتی بەکەسی شارەزا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر لەنێوان هەردوو قاچی و هەردوو رانیا دانیشت، خەتەنەکراوی ئەم بەر خەتەنەکراوی ئەو کەوت، ئەوا خۆشۆردن واجب دەبێت))[1].

١٥١ـ ﴿عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ أُمِّ كُلْثُومٍ، عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَتْ: إِنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ، هَلْ عَلَيْهِمَا الْغُسْلُ؟ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي لَأَفْعَلُ ذَلِكَ أَنَا وَهَذِهِ ثُمَّ نَغْتَسِلُ))﴾.

﴿ لە(جابر) کوڕی (عبدالله)ەوە لە (ام کلثوم)ەوە لە(عائشة)ەوە (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) وتی: پیاوێك پرسیاری لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد لەبارەی پیاوێکەوە کەسەرجێیی :(تێکەڵی لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات و ئینجا تاقەتی نەمێنێ[واتە: ئاوی نەیەتەوە] ئایا خۆشۆردنیان لەسەرە؟ لەوکاتەدا (عائشة)لەوێ دانیشتبوو ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((من و ئەمە(عائشە) وادەکەین و دوایی خۆمان دەشۆرین)).

(٣) ئافرەت لەخەویا شتێك ببینێ کە پیاو دەیبینێ

١٥٢ـ عن إِسْحَقَ ﴿بْنُ أَبِي طَلْحَةَ﴾ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ –وَهِيَ جَدَّةُ إِسْحَقَ– إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ لَهُ وَعَائِشَةُ عِنْدَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ

[1] ئەم فەرموودەیە پێشووەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە.

الْمَرْأَةُ تَرَى مَا يَرَى الرَّجُلُ فِي الْمَنَامِ، فَتَرَى مِنْ نَفْسِهَا مَا يَرَى الرَّجُلُ مِنْ نَفْسِه؟ فَقَالَتْ عَائِشَةُ: يَا أُمَّ سُلَيْمٍ، فَضَحْتِ النِّسَاءَ تَرِبَتْ يَمِينُكِ. فَقَالَ لِعَائِشَةَ: ((بَلْ أَنْتِ فَتَرِبَتْ يَمِينُكِ، نَعَمْ فَلْتَغْتَسِلْ يَا أُمَّ سُلَيْمٍ إِذَا رَأَتْ ذَاكِ)).

لە(اسحاق) کوڕی (ابي طالب)ەوە لە(انس)ەوە (ﷺ) دەڵێ: (ام سليم)کە نەنکی اسحاق بوو . هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) عائیشەش لەوێ بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ژن ، ئەوەی پیاوێك لەخەودا دەیبینێ ئەمیش دەیبینێ، پیاو چی لەخۆیدا دەبینێ ئەمیش دەیبینێ؟[ئایا خۆشۆردنی لەسەرە؟] (عائشه)(ﷺ) وتی: هەی دەست بکەیت بەکەنوی خاڵیدا ئەی (ام سليم) ئابڕووی ژنانت برد، پێغەمبەر(ﷺ) بە(عائشه)ی فەرموو: تۆدەست بکەیت بەکەنووی خاڵیدا، بەڵێ ئەی (ام سليم) با خۆی بشۆرێت ئەگەر ئەوەی دی [لەخەویا].

(٤) چۆنێتی خۆشۆردن لە لەشگرانیی

١٥٣- عن مَيْمُونَةُ (ﷺ) زوج النبي (ﷺ) قَالَتْ: أَدْنَيْتُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) غُسْلَهُ مِنَ الْجَنَابَةِ، فَغَسَلَ كَفَّيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا، ثُمَّ أَدْخَلَ يَدَهُ فِي الْإِنَاءِ، ثُمَّ أَفْرَغَ بِهِ عَلَى فَرْجِهِ وَغَسَلَهُ بِشِمَالِه، ثُمَّ ضَرَبَ بِشِمَالِهِ الْأَرْضَ فَدَلَكَهَا دَلْكًا شَدِيدًا، ثُمَّ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلَاة، ثُمَّ أَفْرَغَ عَلَى رَأْسِه ثَلَاثَ حَفَنَاتٍ مِلْءَ كَفِّه، ثُمَّ غَسَلَ سَائِرَ جَسَدِه، ثُمَّ تَنَحَّى عَنْ مَقَامِهِ ذَلِكَ فَغَسَلَ رِجْلَيْهِ، ثُمَّ أَتَيْتُهُ بِالْمِنْدِيلِ، فَرَدَّهُ)).
[بخاري/ الغسل/ ٢١٦]

(مەیمونە) ی هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێ: ئاوم هێنا بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ خۆشتن لەلەشگرانیی، دووجار یا سێجار دەستی شۆرد، ئینجا دەستی خستە ناو قاپەکەوە بەدەستی ئاوی کرد بە پێشی خۆیداو بەدەستی چەپی شۆردی، ئینجا بەتوندی دەستی چەپی هێنا بەزەویداو لەزەویەکەی دەخشاند، پاشان دەستنوێژی گرت وەکو بۆ نوێژ بیگرێت، ئینجا سێ مشتی پڕ ئاوی کرد بەسەریا، ئینجا هەموو لەشی شۆرد، پاشان جێگاکەی گۆڕی و هەردوو پێی شۆرد، ئینجا خاولیم بۆهێنا خۆی پێ وشك بکاتەوە نەیویست.

(٥) بڕی ئەو ئاوەی لەشگران خۆی پێ دەشوات

١٥٤- عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَا وَأَخُوهَا مِنَ الرَّضَاعَةِ، فَسَأَلَهَا عَنْ غُسْلِ النَّبِيِّ (ﷺ) مِنَ الْجَنَابَةِ؟ فَدَعَتْ بِإِنَاءٍ قَدْرِ

الصَّاعِ، فَاغْتَسَلَتْ، وَبَيْنَنَا وَبَيْنَهَا سِتْرٌ، وَأَفْرَغَتْ عَلَى رَأْسِهَا ثَلَاثًا، قَالَ: وَكَانَ أَزْوَاجُ النَّبِيِّ (ﷺ) يَأْخُذْنَ مِنْ رُءُوسِهِنَّ حَتَّى تَكُونَ كَالْوَفْرَةِ. [بخاري/ الغسل/ ٢٤٨]

(ابو سلمه) کوڕی (عبدالرحمن) دەڵێ: چوین بۆ لای عائشه(ﷺ) لەگەڵ برا شیریەکەیدا، لەبارەی خۆشۆردنی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) لە لەشگرانی لێی پرسی؟ داوای قاپێکی کرد بەئەندازەی (مەنێك) دەبوو، خۆی پێ شۆرد، لەنێوان ئێمەو عائشەدا پەردەیەك هەبوو، سێجار ئاوی کرد بەسەریا وتی: هاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ) قژیان دەبڕی تادەگاتە ئاستی گوێچکەیان)).

(٦) پەردە گێڕان بۆ خۆشۆردن

١٥٥ـ عن أُمَّ هَانِئٍ بِنْتَ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ): أَنَّهَا لَمَّا كَانَ عَامُ الْفَتْحِ أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ بِأَعْلَى مَكَّةَ، قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى غُسْلِهِ، فَسَتَرَتْ عَلَيْهِ فَاطِمَةُ، ثُمَّ أَخَذَ ثَوْبَهُ فَالْتَحَفَ بِهِ، ثُمَّ صَلَّى ثَمَانَ رَكَعَاتٍ سُبْحَةَ الضُّحَى. [بخاري / الصلاة في ثياب/٢٥٠]

(ام هانی) کچی (ابوطالب)دەڵێ: لەساڵی فەتحی مەککەدا هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەسەرووی مەککەوەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەستا چوو بۆ شوێنی خۆشۆردن فاتمە پەردەیەکی بۆ گێڕا تا خۆی شۆرد، ئینجا جلەکانی خۆی هەڵگرتو پێچای لەخۆیەوەو ، دوای ئەوە هەشت ڕکات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاوی کرد.

(٧) بەتەنها خۆشۆردنی پیاوو خۆ پەناداني

١٥٦ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَذَكَرَ أَحَادِيثَ، مِنْهَا: وَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ يَغْتَسِلُونَ عُرَاةً يَنْظُرُ بَعْضُهُمْ إِلَى سَوْأَةِ بَعْضٍ، وَكَانَ مُوسَى (ﷺ) يَغْتَسِلُ وَحْدَهُ، فَقَالُوا: وَاللَّهِ مَا يَمْنَعُ مُوسَى أَنْ يَغْتَسِلَ مَعَنَا إِلَّا أَنَّهُ آدَرُ، قَالَ: فَذَهَبَ مَرَّةً يَغْتَسِلُ، فَوَضَعَ ثَوْبَهُ عَلَى حَجَرٍ فَفَرَّ الْحَجَرُ بِثَوْبِهِ، قَالَ: فَجَمَحَ مُوسَى (ﷺ) بِإِثْرِهِ يَقُولُ: ثَوْبِي حَجَرُ ثَوْبِي حَجَرُ، حَتَّى نَظَرَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ إِلَى سَوْأَةِ مُوسَى، قَالُوا: وَاللَّهِ مَا بِمُوسَى مِنْ بَأْسٍ، فَقَامَ الْحَجَرُ حَتَّى نُظِرَ إِلَيْهِ، ﴿قَالَ: فَأَخَذَ ثَوْبَهُ﴾ فَطَفِقَ بِالْحَجَرِ ضَرْبًا)). قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَاللَّهِ إِنَّهُ بِالْحَجَرِ نَدَبٌ، سِتَّةٌ أَوْ سَبْعَةٌ، ضَرْبُ مُوسَى بِالْحَجَرِ. [بخاري/ الغسل/ من اغتسل عرياناً ../٢٧٤]

(ابــوهریره)(ﷺ) لەپێغەمبــەری خــواوە(ﷺ) چــەند فەرموودەیــەکی بــۆ گێڕاینەوە لەوانەش وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((نەوەی ئیسرائیل بەرووتی خۆیان دەشۆردو سەیری عەیبی یەکتریان دەکرد، موسا(علیه السلام) بەتەنیا خۆی دەشۆرد، وتیان: بەخوا موسا قۆڕە بۆیە بەتەنیا خۆی دەشۆرێت دەڵێ: جارێکیان موسا چوو خۆی بشوات، جلەکانی لەسەر بەردێك دانا، بەردەکە جلەکانی رفاند، دەڵێ: موسا (علیه السلام) ناچار بەپەلە کەوتەدوای و دەیفەرموو: بەردەکە جلەکانم، بەردەکە جلەکانم ، هەتا خەڵکەکە سەیری موسایان کردو وتیان: بەخوا موسا هیچ عەیبێکی نییە. دەڵێ: ئینجا جلەکانی هەڵگرت و دەستی کرد بەلێدانی بەردەکە)) (ابوهریره) دەڵێ: بەخوا لەبەردەکەدا شوێنی لێدانەکە دیاربوو، شەش یا حەوت شوێنی لێدان بەبەردەکەوەبوو.

(٨) رێگریی کراوە لەسەیرکردنی عەیبی پیاوو ئافرەت

١٥٧- عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَنْظُرُ الرَّجُلُ إِلَى عَوْرَةِ الرَّجُلِ، وَلَا الْمَرْأَةُ إِلَى عَوْرَةِ الْمَرْأَةِ، وَلَا يُفْضِي الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ، وَلَا تُفْضِي الْمَرْأَةُ إِلَى الْمَرْأَةِ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ)).

(ابو سعید الخدری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((پیاو نابێ سەیری عەیبی پیاو بکات، ئافرەتیش نابێ سەیری عەیبی ئافرەت بکات، هەروەها پیاو نابێ لەشی بخشێنێ لەلەشی پیاوێکیتر لەیەك پۆشاکدا ، هەروەها نابێ ئافرەتیش لەشی بخشێنێ لە لەشی ئافرەتێکیتر لەیەك پۆشاکدا.

(٩) خۆپەنادان و نابێ مرۆڤ بەرووتی ببینرێت

١٥٨- عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَنْقُلُ مَعَهُمُ الْحِجَارَةَ لِلْكَعْبَةِ وَعَلَيْهِ إِزَارُهُ، فَقَالَ لَهُ الْعَبَّاسُ عَمُّهُ: يَا ابْنَ أَخِي، لَوْ حَلَلْتَ إِزَارَكَ فَجَعَلْتَهُ عَلَى مَنْكِبِكَ دُونَ الْحِجَارَةِ. قَالَ: فَحَلَّهُ فَجَعَلَهُ عَلَى مَنْكِبِهِ، فَسَقَطَ مَغْشِيًّا عَلَيْهِ، قَالَ: فَمَا رُئِيَ بَعْدَ ذَلِكَ الْيَوْمِ عُرْيَانًا. [بخاري / الصلاة في ثياب/ ٣٥٧]

(جابر) کوڕی(عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بەردی دەگواستەوە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا بۆ کەعبە کراسێکی لەبەردابوو، (عباس)ی مامی پێی وت: ئەی برازا با کراسەکەت بکردایەتەوە بتخستایەتە سەرشتانت لەژێر بەردەکاندا،

وتی: کردیەوە خستیە سەرشانی ، بەلاّم بووراییەوەو کەوت، دەڵێ: لەو ڕۆژە بەدواوە بەرووتی نەبینراوە.

(١٠) خۆشۆردنی ژن و پیاو لەیەك دەفردا

١٥٩ـ عَنْ مُعَاذَةَ، عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ إِنَاءٍ واحد بَيْنِي وَبَيْنَهُ، فَيُبَادِرُنِي، حَتَّى أَقُولَ: دَعْ لِي دَعْ لِي، قَالَتْ: وَهُمَا جُنُبَانِ. [بخاري/ الغسل / هل يدخل الجنب يده في الاناء/ ٢٦٠]

(معاذ)لە (عائشة)ەوە (ﷺ) دەڵێ: من و پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەیەك دەفردا خۆمان دەشۆرد، ئەو دەستپێشخەری دەکرد، منیش دەموت: داینێ بۆ من، داینێ بۆ من دەڵێ: هەردووکمان لەشمان گرانبوو.

(١١) دەستنوێژی لەشگران ئەگەر بیەوێ بخەوێ یان نان بخوات

١٦٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا كَانَ جُنُبًا، فَأَرَادَ أَنْ يَأْكُلَ أَوْ يَنَامَ، تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ ﴿لِلصَّلَاةِ﴾. [بخاري/ الغسل/ الجنب يتوضأ ثم ينام/ ٢٨٤]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەشگران بوایەو بیویستایە نان بخوات یان بخەوێت ، دەستنوێژی دەگرت وەکو (بۆ نوێـژ) دەستنوێژ بگرێت.

(١٢) خەوتنی لەشگران پێش خۆشۆردن

١٦١ـعَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَيْسٍ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنْ وِتْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) -فَذَكَرَ الْحَدِيثَ- قُلْتُ: كَيْفَ كَانَ يَصْنَعُ فِي الْجَنَابَةِ، أَكَانَ يَغْتَسِلُ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ أَمْ يَنَامُ قَبْلَ أَنْ يَغْتَسِلَ؟ قَالَتْ: كُلُّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ، رُبَّمَا اغْتَسَلَ فَنَامَ، وَرُبَّمَا تَوَضَّأَ فَنَامَ. قُلْتُ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَعَلَ فِي الْأَمْرِ سَعَةً.

(عبدالله) کوری (ابی قیس) دەڵێ: پرسیارم کرد لە(عائشە)(ﷺ) لەبارەی وەتری پێغەمبەرەوە، فەرموودەکەی گێڕایەوەو وتم: ئەی لەکاتی لەشگرانیدا چۆنی دەکرد؟ ئایا پێش خەوتن خۆی دەشۆرد، یان دەنوست پێش خۆشۆردن؟ وتی: ئەمانەی هەموو دەکرد، جاربووە خۆی شۆردووەو نووستووە، جاریش بووە دەستنوێژی گرتووەو نووستووە، وتم: سوپاس بۆ ئەو خوایەی فراوانی داوە بەم کارە.

(١٣) هەركەس چووە لای خێزانی‌و ویستی دووبارەی بكاتەوە با دەستنوێژێك بگرێت

١٦٢ـعَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ، ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ، فَلْيَتَوَضَّأْ)).

(ابوسعيد الخدرى)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر كەسێكتان چووە لای خێزانی، ئینجا ویستی دووبارەی بكاتەوە، با دەستنوێژ بگرێت)).

(١٤) تەیەموم

١٦٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالْبَيْدَاءِ أَوْ بِذَاتِ الْجَيْشِ انْقَطَعَ عِقْدٌ لِي، فَأَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى الْتِمَاسِهِ، وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ، فَأَتَى النَّاسُ إِلَى أَبِي بَكْرٍ (ﷺ) فَقَالُوا: أَلَا تَرَى إِلَى مَا صَنَعَتْ عَائِشَةُ؟ أَقَامَتْ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَبِالنَّاسِ مَعَهُ، وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ؟ فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَاضِعٌ رَأْسَهُ عَلَى فَخِذِي قَدْ نَامَ، فَقَالَ: حَبَسْتِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَالنَّاسَ. وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ؟ قَالَتْ: فَعَاتَبَنِي أَبُو بَكْرٍ وَقَالَ مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُولَ، وَجَعَلَ يَطْعُنُ بِيَدِهِ فِي خَاصِرَتِي، فَلَا يَمْنَعُنِي مِنَ التَّحَرُّكِ إِلَّا مَكَانُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى فَخِذِي، فَنَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عز آيَةَ التَّيَمُّمِ، فَتَيَمَّمُوا، فَقَالَ أُسَيْدُ بْنُ الْحُضَيْرِ وَهُوَ أَحَدُ النُّقَبَاءِ: مَا هِيَ بِأَوَّلِ بَرَكَتِكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْرٍ. فَقَالَتْ عَائِشَةُ رض: فَبَعَثْنَا الْبَعِيرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْهِ فَوَجَدْنَا الْعِقْدَ تَحْتَهُ. [بخاري / اول كتاب التيمم / ٣٢٧]

(عائشه)(ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لەسەفەرێكدا دەرچووین رۆیشتین هەتا گەیشتینە بەیدا یا (ذات الجیش)لەوێ گەردانەكەم بچڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) وەستا بۆئەوەی بیدۆزینەوە، خەڵكەكەش وەستان، لەوجێگەیەشدا نە ئاو هەبوو نەخۆیشیان ئاویان پێبوو[هەر بۆیە]خەڵكەكە چوون بۆ لای (ابوبكر) (ﷺ) وتیان: نابینی عائشەی كچت چیكرد؟ پێغەمبەری خواو(ﷺ) ئەم خەڵكەشی لێرەدا وەستاندووە، نەلەسەر ئاوێكیشین‌و نە ئاویشمان پێیە؟ ابوبكر هات‌و لەوكاتەشدا پێغەمبەر(ﷺ) سەری خستبوویە سەر رانم‌و خەوی لێكەوتبوو، وتی: پێغەمبەرو(ﷺ) ئەم خەڵكەت بۆ ئالێرەدا

گیرداوە، نەشوێنەکە ئاوی لێیە نەئاویان پێیە؟ (عائشە)(ﷺ) وتی: (ابوبکر) زۆر سەزەنشتی کردم ـ چەندە خواحەزبکات ـ خێراخێرا سیخورمەی دەدا لەکەلەکەم منیش لەبەرئەوەی سەری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ڕانم بوو نەدەجولاّم ، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوشەوە تابەیانی لەوێ خەوت کاتێ هەستا ئاو نەبوو بۆدەستنوێژ، هەر بۆیە خوای گەورە ئایەتی تەیەمومی نارده خوارەوەو، هەموو تەیەمومیان کرد (اسید) کوری (خضیر)کەیەکێك بوو لەنەقیبەکان وتی: ئەی بنەماڵەی ابوبکر: ئەمە یەکەم بەرەکەت نییە کەخوا بەهۆی ئێوەوە پێی داوین. (عائشە)(ﷺ) وتی: کاتێ وشترەکەمان هەستا گەردانەکەم لەژێریابوو دۆزیمانەوە.

(١٥) تەیەمومی لەشگران

١٦٤. عَنْ شَقِيقٍ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ عَبْدِ اللَّهِ وَأَبِي مُوسَى (ﷺ)، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ رَجُلًا أَجْنَبَ فَلَمْ يَجِدِ الْمَاءَ شَهْرًا، كَيْفَ يَصْنَعُ بِالصَّلَاةِ؟ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَا يَتَيَمَّمُ وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ شَهْرًا، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: فَكَيْفَ بِهَذِهِ الْآيَةِ فِي سُورَةِ الْمَائِدَةِ: ﴿فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا﴾. فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَوْ رُخِّصَ لَهُمْ فِي هَذِهِ الْآيَةِ لَأَوْشَكَ إِذَا بَرَدَ عَلَيْهِمُ الْمَاءُ أَنْ يَتَيَمَّمُوا بِالصَّعِيدِ فَقَالَ أَبُو مُوسَى لِعَبْدِ اللَّهِ: أَلَمْ تَسْمَعْ قَوْلَ عَمَّارٍ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي حَاجَةٍ، فَأَجْنَبْتُ، فَلَمْ أَجِدِ الْمَاءَ، فَتَمَرَّغْتُ فِي الصَّعِيدِ كَمَا تَمَرَّغُ الدَّابَّةُ، ثُمَّ أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: ((إِنَّمَا يَكْفِيكَ أَنْ تَقُولَ بِيَدَيْكَ هَكَذَا)). ثُمَّ ضَرَبَ بِيَدَيْهِ الْأَرْضَ ضَرْبَةً وَاحِدَةً، ثُمَّ مَسَحَ الشِّمَالَ عَلَى الْيَمِينِ، وَظَاهِرَ كَفَّيْهِ وَوَجْهَهُ؟ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: أَوَلَمْ تَرَ عُمَرَ لَمْ يَقْنَعْ بِقَوْلِ عَمَّارٍ (ﷺ)؟ [بخاري/ التيمم ضربة /٣٤٠]

(شقیق) دەڵێ: من لەگەڵ (عبداللە) و ابوموسی)(ﷺ) دانیشتبووین ، (ابوموسی) وتی: ئەی باوکی (عبدالرحمن): ئایا ئەگەر پیاوێك لەشی گرانبوو و تا مانگێ ئاوی دەست نەکەوت، چۆن نوێژ بکات؟ (عبداللە) وتی: تەیەموم ناکات بامانگێ ئاوی دەست نەکەوێ، (ابوموسی) وتی: ئەی چی دەکەیت لەگەڵ ئەم ئایەتەی سوورەتی(المائدة) :[ئەگەر ئاویان دەست نەکەوت با بەخۆڵێکی پاك تەیەموم بکەن] (عبداللە) وتی: ئەگەر ئەو مۆڵەتەیان بدرێتێ کەلەم ئایەتەدا هاتووە، لەوانەیە کاتێ ئاویش ساردبێت بەخۆڵ تەیەموم بکەن،

(ابوموسی) بە(عبدالله)ی وت: ئایا ئەم قسەی عەممارت نەبیستووە کەدەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ کارێك ناردمی، تووشی لەشگرانی بووم، ئاوم دەست نەکەوت، منیش خۆمم لەخۆڵدا گەوزان وەکو وڵاغ، ئینجا هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) بۆم گێڕایەوە، فەرمووی: ((بەڵکو ئەوەندەت بەس بوو کەبەدەستەکانت ئاوابکەیت)) دەستی دا بەزەویدا یەك جار [هێنای بەدەموچاویدا]پاشان دەستی چەپی هێنا بەدەستەو قۆڵی راستیا (عبدالله) ئایا نەتدی عومەر متمانەی بەقسەکەی عەممار نەبوو؟ .

(١٦) تەیەموم بۆ وەڵامی سەلام

١٦٥ـعَنْ عُمَيْرٍ مَوْلَى ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) أَنَّهُ سَمِعَهُ يَقُولُ: أَقْبَلْتُ أَنَا وَعَبْدُ اللهِ بْنُ يَسَارٍ، مَوْلَى مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)، حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى أَبِي الْجَهْمِ بْنِ الْحَارِثِ بْنِ الصِّمَّةِ الْأَنْصَارِيِّ، فَقَالَ أَبُو الْجَهْمِ: أَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ نَحْوِ بِئْرِ جَمَلٍ، فَلَقِيَهُ رَجُلٌ فَسَلَّمَ عَلَيْهِ، فَلَمْ يَرُدَّ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَلَيْهِ حَتَّى أَقْبَلَ عَلَى الْجِدَارِ، فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ، ثُمَّ رَدَّ عَلَيْهِ السَّلَامَ. [بخاري / التيمم/ التيمم في الحضر اذا لم يجد الماء/٣٣٠]

(عمیر) کارگوزاری (ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: گوێی لە(ابن عباس) بووە وتوویەتی: منو (عبدالله) کوڕی (یسار) کارگوزاری مەیمونەی هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) هاتین هەتا چووینە لای (ابولجهم) کوری (الحارث)کوری (الصمد الانصاري)، (ابو الجهم)وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەشریفی لەلای بیری جەمەلەوە هات پیاوێکی پێگەیشت سەلامی لێکرد، پێغەمبەری خوا(ﷺ) وەڵامی سەلامەکەی نەدایەوە، هەتا گەیشتە دیوارەکەو مەسحی دەموچاوی و دەستیکرد، ئینجا وەڵامی سەلامەکەی دایەوە.

(١٧) ئیماندار پیس نابێت

١٦٦ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّهُ لَقِيَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) فِي طَرِيقٍ مِنْ طُرُقِ الْمَدِينَةِ وَهُوَ جُنُبٌ، فَانْسَلَّ فَذَهَبَ فَاغْتَسَلَ، فَتَفَقَّدَهُ النَّبِيُّ (ﷺ)، فَلَمَّا جَاءَهُ قَالَ: ((أَيْنَ كُنْتَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ، لَقِيتَنِي وَأَنَا جُنُبٌ، فَكَرِهْتُ أَنْ أُجَالِسَكَ حَتَّى أَغْتَسِلَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((سُبْحَانَ اللَّهِ، إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَا يَنْجُسُ)). [بخاري / الغسل / ٢٧٩]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: لەیەکێ لە ڕێگاکانی مەدینەدا گەیشتم بەخزمەت پێغەمبەر(ﷺ) لەشگران بووم، بەپەنهانی ڕۆیشتم خۆمم شۆرد، پێغەمبەر(ﷺ) بۆم دەگەڕا، کاتێ کەهاتمەوە فەرمووی: ((لەکوێ بوویت ئەی ابوهريره)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ گەیشتی بەمن لەشم گران بوو، پێم خۆش نەبوو لەخزمەتتا دانیشم هەتا خۆم دەشۆم ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((سبحان الله ، ئیماندار پیس نابێت)).

(١٨) یادی خوا لەهەموو کاتێکدا

١٦٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَذْكُرُ اللَّهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ.

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەهەموو کاتێکدا یادی خوای دەکرد.

(١٩) خواردن بەبێ دەستنوێژ

١٦٨ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) خَرَجَ مِنَ الْخَلَاءِ فَأُتِيَ بِطَعَامٍ، فَذَكَرُوا لَهُ الْوُضُوءَ، فَقَالَ: ((أُرِيدُ أَنْ أُصَلِّيَ فَأَتَوَضَّأَ؟!)).

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ئاو هاتە دەرەوە خواردنێکیان بۆ هێنا دەستنوێژیان بیرخستەوە، ئەویش فەرمووی: ((بۆچی خۆ نوێژ ناکەم تا دەستنوێژی بۆ بگرم؟!)).

(٤) بەشی حەیز

(١) ـ فەرموودەی خوای گەورە : ﴿ پرسیارت لێدەکەن لەبارەی کاتی بێنوێژیی ئافرەتەوە﴾

١٦٩ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ الْيَهُودَ كَانُوا إِذَا حَاضَتِ الْمَرْأَةُ فِيهِمْ لَمْ يُؤَاكِلُوهَا، وَلَمْ يُجَامِعُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ، فَسَأَلَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (ﷺ) النَّبِيَّ (ﷺ)، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى: ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ ،فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلَّا النِّكَاحَ)). فَبَلَغَ ذَلِكَ الْيَهُودَ فَقَالُوا: مَا يُرِيدُ هَذَا الرَّجُلُ أَنْ يَدَعَ مِنْ أَمْرِنَا شَيْئًا إِلَّا خَالَفَنَا فِيهِ. فَجَاءَ أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ وَعَبَّادُ بْنُ بِشْرٍ فَقَالَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْيَهُودَ تَقُولُ كَذَا وَكَذَا، فَلَا نُجَامِعُهُنَّ؟ فَتَغَيَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى ظَنَنَّا أَنْ قَدْ وَجَدَ عَلَيْهِمَا، فَخَرَجَا، فَاسْتَقْبَلَهُمَا هَدِيَّةٌ مِنْ لَبَنٍ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَأَرْسَلَ فِي آثَارِهِمَا فَسَقَاهُمَا، فَعَرَفَا أَنْ لَمْ يَجِدْ عَلَيْهِمَا.

(انـس) (ﷺ) دەڵـێ: جولەکـەکان ئەگـەر ئافرەتیـان بکەوتایەتـە بێنوێـژیی، نانیـــان لەگـــەڵ نـــەدەخوارد، لەماڵـــدا لەگـــەڵیا دانەدەنیـــشتن، هـــاوەڵان لەپێغەمبـەریان(ﷺ) پرسـی لەوبارەیـەوە، ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوارەوە لەسـەری ﴿پرسـیارت لێدەکـەن لـەبارەی بێنوێژیـەوە بڵـێ ئـەوە ئـازارە لەوکاتـەدا لەئافرەتەکان نزیک مەکەون﴾تا کۆتایی ئایەتەکە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((هەموو شتێکی لەگەڵدا بکەن جگە لـە سـەرجێیی، ئەو هەواڵە گەیشت بە جولەکەکان، وتیان: ئەم پیاوە دەیەوێ هەرچی کاری ئێمە هەیە پێچەوانەکەی بکات، (اسید) کوری(حضیر)و (عباد) کوری (بشر) هـاتن وتیـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا جولەکـەکان ئـاواو ئـاوا دەڵـێن: ئایـا سـەر جێییـان لەگەڵـدا نەکـەین؟ ڕەنگـی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەوەنـدە گـۆڕا هـەتا واگومانمـان بـرد کـە پێغەمبـەر(ﷺ) لێیـان تـوورە بوویێـت، ڕۆیـشتنە دەرەوە، گەیشتن بەقاپێ شیر کەبەدیاری بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتبوو، ئەویش ناردی بەدوایانـدا، لەوشیرە بەشـیدان خواردیانـەوە، بـەوەدا زانیـان کـە پێغەمبـەر (ﷺ) توورە نییە لێیان.

(٢) چۆنێتی خۆشۆردنی ئافرەت لەحەیزو لەشگرانیی

١٧٠ـ عَنْ عَائِشَةَ: أَنَّ أَسْمَاءَ -(رضي الله عنها)- سَأَلَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) عَنْ غُسْلِ الْمَحِيضِ؟ فَقَالَ: تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا، ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ، ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا)). فَقَالَتْ أَسْمَاءُ: وَكَيْفَ أَتَطَهَّرُ بِهَا؟ فَقَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ، تَطَهَّرِينَ بِهَا)). فَقَالَتْ عَائِشَةُ -كَأَنَّهَا تُخْفِي ذَلِكَ- تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ. وَسَأَلَتْهُ عَنْ غُسْلِ الْجَنَابَةِ؟ فَقَالَ: ((تَأْخُذُ مَاءً فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ -أَوْ: تُبْلِغُ الطُّهُورَ- ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ حَتَّى تَبْلُغَ شُؤُونَ رَأْسِهَا، ثُمَّ تُفِيضُ عَلَيْهَا الْمَاءَ)). فَقَالَتْ عَائِشَةُ: نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الْأَنْصَارِ، لَمْ يَكُنْ يَمْنَعُهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ. [بخاري/ الحيض/ ٣٠٨].

(عائشه)(دەڵــێ: (اسمــاء)(رضي الله عنها) پرســیاری کــرد لەپێغەمبــەر(ﷺ) لــەبارەی خۆشــۆردنی حــەیزەوە؟ فــەرمووی: یــەکێکتان ئــاو هەڵــدەگرێت لەگــەڵ ســیدرا [گەڵای دارێکە لەباتی صابون بەکاریان هێناوە]بەباشــی خــۆی پاك دەکاتــەوە، ئینجا ئاو دەکات بە سەریا بەتوندی دەستی لێدەخات هەتا ئاو دەگاتە پێستی ســەری ، پاشان ئاوی تر دەکا بەسەریا، ئینجا پارچە لۆکەیەك هەڵدەگرێت و خۆی پێ پاك دەکاتەوە.

(اسماء)وتی: چۆن خۆمی پێ پاك بکەمەوە؟ فەرمووی((سبحان الله) خۆتی پێپاك بکــەرەوە)) عائشه وتــی: وەکــو بیــەوێ بــەنهێنی پێیــی بڵــێ ـ شــوێن و شــوێنەواری خوێنەکــەی پێپــاك بکــەرەوە، ئینجــا پرســیاری لێکــرد لــەبارەی خۆشــۆردنی لەشــگرانییەوە؟ فــەرمووی: ((ئــاو هەڵــدەگریت بەباشــی خــۆت دەشۆریت، ئینجا ئاو دەکەیت بەسەرتاو دەست دەخەیت لەسەرت تا پێستی سەرت تەڕ دەبێت، ئینجا ئاویتر دەکەیت بەسەرتا)) عائشه وتــی: باشترین ئــافرەت ئــافرەتی ئەنــسارەکانن ، شــەرم ڕێگــای لێنــەگرتن کەشــارەزابن لەئایینەکەیان.

(٣) پۆشاك وەرگرتن لەحەیزدار

١٧١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: بَيْنَمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْمَسْجِدِ، فَقَالَ: ((يَا عَائِشَةُ نَاوِلِينِي الثَّوْبَ)). فَقَالَتْ: إِنِّي حَائِضٌ، فَقَالَ: ((إِنَّ حَيْضَتَكِ لَيْسَتْ فِي يَدِكِ)). فَنَاوَلَتْهُ.

(ابـوهریره) (ﷺ) دەڵـێ: لـەکاتێکا پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەمزگـەوتا بـوو، فەرمووی: ((ئەی عائشە ئەو جلانەم بدەرێ) وتـی: من لەحەزیـدام، فەرمووی: ((خۆ حەیزەکەت لەدەستتا نییە)) ئینجا جلەکانی دایەدەستی.

(٤) ئافرەتی حەیزدارو شۆردنی سەری پیاو

١٧٢ـعن عَائشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: إِنْ كُنْتُ لَأَدْخُلُ الْبَيْتَ لِلْحَاجَةِ، وَالْمَرِيضُ فِيهِ، فَمَا أَسْأَلُ عَنْهُ إِلَّا وَأَنَا مَارَّةٌ. وَإِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيُدْخِلُ عَلَيَّ رَأْسَهُ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ، فَأُرَجِّلُهُ. وَكَانَ لَا يَدْخُلُ الْبَيْتَ إِلَّا لِحَاجَةٍ، إِذَا كَانَ مُعْتَكِفًا. [بخاري/ الاعتكاف / الحائض ترجل المعتكف/ ١٩٢٤]

(عائشه)(ﷺ) دەڵێ: هەر کاتێ بۆ پێویستیەك دەچومە ژوورەوە نەخۆشێکی لێبوایە، (هەواڵم نەدەپرسی مەگەر بەدەم ڕێگەوە کەتێدەپەڕیم، جاری واهەبووە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـەری دەهێنـا ژوورەوە بـۆم خـۆی لەمزگەوتەکـەدابوو، منـیش سـەریم شـانە دەکـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) لـەکاتی (اعتکـاف)دا مەگـەر بـۆ پێویستیەك ئەگینا نەدەهاتە ماڵەوە.

(٥) پاڵدانەوە لەکۆشی حەیزدارو خوێندنەوە

١٧٣ـ عَنْ عَائشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَتَّكِئُ فِي حِجْرِي وَأَنَا حَائِضٌ، فَيَقْرَأُ الْقُرْآنَ. [بخاري/ قراءة الرجل في حجر امراته وهي حائض /٢٩٣]

عائـشە (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) سـەری دەکـردە سـەر کۆشـمو منیش لەحەیزدا بووم، قورئانی دەخوێند.

(٦) خەوتن لەیەك لێفەدا لەگەڵ حەیزدار

١٧٤ـ عن أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَتْ: بَيْنَمَا أَنَا مُضْطَجِعَةٌ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْخَمِيلَةِ إِذْ حِضْتُ، فَانْسَلَلْتُ فَأَخَذْتُ ثِيَابَ حِيضَتِي، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَنُفِسْتِ)). قُلْتُ: نَعَمْ، فَدَعَانِي فَاضْطَجَعْتُ مَعَهُ فِي الْخَمِيلَةِ. قَالَتْ: وَكَانَتْ هِيَ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَغْتَسِلَانِ فِي الْإِنَاءِ الْوَاحِدِ مِنَ الْجَنَابَةِ. [بخاري / من سمى النفاس حيضاً/ ٢٩٤]

(ام سـلمە) (ﷺ) دەڵـێ: لـەکاتێکا مـن لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) ڕاکشابووم سەرچەفێکم بەسەروەبوو کەوتمە حەیزەوە، بەدزی ڕۆیشتم جلی حەیزم لەبەرکرد، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((کەوتیتـە حـەیزەوە)) وتم: بـەڵێ:

بانگی کردم لەژێر سەرچەفەکەدا لەگەڵیا راکشام/ (ام سەلەمە) دەڵێ: خۆیو پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەیەك دەفردا پێکەوە خۆیان دەشۆرد لەلەشگرانیی.

(٧) گەمەکردن لەگەڵ ئافرەت لەحەیزا

١٧٥- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: كَانَ إِحْدَانَا إِذَا كَانَتْ حَائِضًا، أَمَرَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ تَأْتَزِرَ فِي فَوْرِ حَيْضَتِهَا، ثُمَّ يُبَاشِرُهَا، قَالَتْ: وَأَيُّكُمْ يَمْلِكُ إِرْبَهُ كَمَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَمْلِكُ إِرْبَهُ. [بخاري/الحيض/ مباشرة الحائض/ ٢٩٦]

(عائشە)(رضي الله عنها) دەڵێ: ئەگەر یەکێکمان [لەهاوسەرەکانی پێغەمبەر(ﷺ)] لەحەیزا بوایا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێدەکرد کە نێوان ناوك و ئەژنۆی بەباش داپۆشێت ، ئینجا گەمەی لەگەڵ دەکرد، دەڵێ: ئایا کامتان دەتوانن خۆتان بگرن، وەکو پێغەمبەر(ﷺ) دەیتوانی خۆی بگرێت.

(٨) خواردنەوە لەگەڵ حەیزدار لەیەك دەفرا

١٧٦- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: كُنْتُ أَشْرَبُ وَأَنَا حَائِضٌ، أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ، فَيَشْرَبُ، وَأَتَعَرَّقُ الْعَرْقَ وَأَنَا حَائِضٌ، ثُمَّ أُنَاوِلُهُ النَّبِيَّ (ﷺ)، فَيَضَعُ فَاهُ عَلَى مَوْضِعِ فِيَّ.

(عائشە) (رضي الله عنها) دەڵێ: من لەحەیزا بووم ئاوم دەخواردەوە، پاشان دەمدایە دەستی پێغەمبەر(ﷺ) دەمی دەخستە سەر شوێن دەمەکەی من و دەیخواردەوە هەروەها قەپم دەگرت لەپلە گۆشت و من لەحەیزدا بووم، ئینجا دەمدایە دەستی پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش دەمی دەخستە شوێن دەمەکەی من [و دەیخوارد].

(٩) خۆشتن و نوێژی کاتی خوێنی نەخۆشی

١٧٧- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: اسْتَفْتَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ بِنْتُ جَحْشٍ (رضي الله عنها) رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنِّي أُسْتَحَاضُ؟ فَقَالَ: ((إِنَّمَا ذَلِكَ عِرْقٌ، فَاغْتَسِلِي ثُمَّ صَلِّي)). فَكَانَتْ تَغْتَسِلُ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ قَالَ اللَّيْثُ بْنُ سَعْدٍ: لَمْ يَذْكُرِ ابْنُ شِهَابٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، أَمَرَ أُمَّ حَبِيبَةَ بِنْتَ جَحْشٍ (رضي الله عنها) أَنْ تَغْتَسِلَ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ، وَلَكِنَّهُ شَيْءٌ فَعَلَتْهُ هِيَ. [بخاري/ الحيض/ عرق المستحاضة/ ٣٢١]

(عائشە)(رضي الله عنها) دەڵێ: (ام حبيبە) کچی (جحش) پرسی لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) وتی: من خوێنی نەخۆشیم پیادێت؟ فەرمووی: ((ئەوە دەمارێکە، خۆت بشۆرە ، ئینجا نوێژ بکە)) ئەویش بۆ هەموو نوێژێك خۆی دەشۆرد.(لیث)کوری (سعد) وتی: (ابن شهاب)ئەوەی نەوت کە پێغەمبەری

خوا(ﷺ) فەرمانی کرد بە((ام حبیبه) (ﷺ) کە بۆ هەموو نوێـژێك خۆی بشوات، بەڵکو شتێك بووە خۆی کردوویەتی.

(١٠) حەیزدار نوێژ ناگێڕێتەوە بەلام ڕۆژوو دەگێڕێتەوە

١٧٨ـ عَنْ مُعَاذَةَ قَالَتْ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ): فَقُلْتُ: مَا بَالُ الْحَائِضِ تَقْضِي الصَّوْمَ وَلَا تَقْضِي الصَّلَاةَ؟ فَقَالَتْ: أَحَرُورِيَّةٌ أَنْتِ؟ قُلْتُ: لَسْتُ بِحَرُورِيَّةٍ، وَلَكِنِّي أَسْأَلُ. قَالَتْ: كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ، فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ وَلَا نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلَاةِ.

(معاذة)دەڵێ: لە(عائشه)م پرسی وتم: چیيە وا حەیزدار ڕۆژو دەگێڕێتەوە بەلام نوێژ ناگێڕێتەوە؟ وتی: ئایا تۆ حەروریت؟ وتم: من (حەروری*) نیم، بەڵکو پرسیار دەکەم. وتی: کەتوشی ئەوە دەبووین فەرمانمان پێدەکرا کە ڕۆژو بگێڕینەوە، بەلام فەرمانمان پێنەکرا کەنوێژ بگێڕینەوە.

(١١) پێنج شت لەسروشتی پاکن

١٧٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((الْفِطْرَةُ خَمْسٌ، أَوْ خَمْسٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: الْخِتَانُ، وَالِاسْتِحْدَادُ، وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَقَصُّ الشَّارِبِ)).
[بخاري / اللباس/ قص الشارب/ ٥٥٥٠]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((سروشتی پاك پێنج شتە، یا پێج شت لەسروشتی پاکە: خەتەنەکردن، بەرتاشین، نینۆك کردن، توکی بن باڵ هەڵکەندن، سمێڵ کورت کردنەوە)).

(١٢) دەشت لەسروشتی پاکن

١٨٠ـعَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الْأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ)). قَالَ زَكَرِيَّاءُ: قَالَ مُصْعَبٌ: وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ، إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ. زَادَ قُتَيْبَةُ: قَالَ وَكِيعٌ: انْتِقَاصُ الْمَاءِ يَعْنِي الِاسْتِنْجَاءَ.

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((دەشت لەفیترەتن: کورت کردنەوەی سمێڵ، هێشتنەوەی ڕیش، سیواك کردن، ئاو

* حروری: کۆمەڵێك بوون لەخەواریجەکان دەیانوت دەبێ نوێژیش بگێڕنەوە.(بخاري/ الحیض/ لاتقضي الحائض الصلاة/ ٣١٥).

لـەلووت وەردان، نینـۆك كـردن، شـۆردنی جومگـەی پەنجـەكان، مـوی بـن بـاڵ هەڵكەندن، بەرتاشین، تارەت گرتن)) (مصعب) دەڵـێ: دەیـەمم بیرچوووە، ئەگەر ئاو لەدەم وەردان نەبێت.

(١٣) سیواك دان بەكەسی گەورە

١٨١ـ عن ﴿عَبْدَ اللَّـهِ﴾ بْنَ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَرَانِي فِي الْمَنَامِ أَتَسَوَّكُ بِسِوَاكٍ، فَجَذَبَنِي رَجُلَانِ أَحَدُهُمَا أَكْبَرُ مِنَ الْآخَرِ، فَنَاوَلْتُ السِّوَاكَ الْأَصْغَرَ مِنْهُمَا، فَقِيلَ لِي: كَبِّرْ، فَدَفَعْتُهُ إِلَى الْأَكْبَرِ)). [بخاري/ الوضوء/ دفع السواك الى الاكبر/ ٢٤٣]

(عبدالله) كوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((خـوم بینـی لەخـەودا سـیواك دەكـەم بەسـواكێك، دووپیـاو كێـشیان كـردم، یـەكێكیان لـەوی تریان گەورەتربوو، من سیواكەكەم دا بەبچووكەكەیان ، پێیان وتم: گەورەی كە، منیش دام بەگەورەكەیان))

(١٤) سمێڵ كورت بكەنەوەو ریش بهێڵنەوە

١٨٢ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ: أَحْفُوا الشَّوَارِبَ، وَأَوْفُوا اللِّحَى)). [بخاري/ اللباس/ تقليم الاظافر / ٥٥٥٣]

(عبــدالله) كــوڕی (عمــر) دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) فەرموویــەتی: ((پێچەوانەی موشریكەكان بكەن، سمێڵ كورت بكەنەوە ، ریش بهێڵنەوە)).

١٨٣ـ عَنْ أَنَسِ ﴿بْنِ مَالِكٍ﴾ (ﷺ) قَالَ: وُقِّتَ لَنَا فِي قَصِّ الشَّارِبِ، وَتَقْلِيمِ الْأَظْفَارِ، وَنَتْفِ الْإِبِطِ، وَحَلْقِ الْعَانَةِ: أَنْ لَا نَتْرُكَ أَكْثَرَ مِنْ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)).

(انس) كوڕی (مالك) دەڵێ: كاتمان بۆ دانراوە بۆ كورت كردنـەوەی سمێڵ و نینۆك كردن و موی بن باڵ هەڵكەندنو بەرتاشین بالە چل شەو تێ نەپەڕێت.

(١٥) شۆردنی میزی ناو مزگەوت

١٨٤ـ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ فِي الْمَسْجِدِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ جَاءَ أَعْرَابِيٌّ فَقَامَ يَبُولُ فِي الْمَسْجِدِ، فَقَالَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَهْ مَهْ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تُزْرِمُوهُ، دَعُوهُ)). فَتَرَكُوهُ حَتَّى بَالَ، ثُمَّ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) دَعَاهُ فَقَالَ لَهُ: ((إِنَّ هَذِهِ الْمَسَاجِدَ لَا تَصْلُحُ لِشَيْءٍ مِنْ هَذَا الْبَوْلِ وَلَا الْقَذَرِ، إِنَّمَا هِيَ لِذِكْرِ اللَّهِ (ﷻ) وَالصَّلَاةِ وَقِرَاءَةِ الْقُرْآنِ)). أَوْ كَمَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ

(ﷺ)، قَالَ: فَأَمَرَ رَجُلًا مِنَ الْقَوْمِ فَجَاءَ بِدَلْوٍ مِنْ مَاءٍ فَشَنَّهُ عَلَيْهِ. [بخاري/ الادب/ ٥٦٧٨]

(انس) کوری (مالك) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکا ئێمە لەمزگەوت لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) دانیشتبووین، عەرەبێکی دەشتەکی هات و لەمزگەوتەکەدا دەستی کرد بەمیزکردن، هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) وتیان: نەکەی ، نەکەی، دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((پێی مەبڕن، وازی لێ بێنن)) وازیان لێهێنا هەتا میزەکەی کرد، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) بانگی کردوو فەرمووی: ((ئەم مزگەوتانە جێگای میزکردن و پیسی کردن نییە، بەڵکو جێگای یادکردنەوەی خوای گەورەو نوێژو خوێندنی قورئانە))، ئینجا فەرمانیکرد بە پیاوێك لەو خەڵکە، ئەویش دۆلکەیە ئاوی هێناو رشتی بەسەریا)

(١٦) ئاو پرژاندن لەمیزی منداڵ بەجلەوە

١٨٥- عن أُمِّ قَيْسٍ بِنْتَ مِحْصَنٍ (ﷺ): أَنَّهَا أَتَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِابْنٍ لَهَا لَمْ يَبْلُغْ أَنْ يَأْكُلَ الطَّعَامَ، قَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ: أَخْبَرَتْنِي أَنَّ ابْنَهَا ذَاكَ بَالَ فِي حَجْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِمَاءٍ فَنَضَحَهُ عَلَى ثَوْبِهِ، وَلَمْ يَغْسِلْهُ غَسْلًا. [بخاري/ الوضوء/ بول الصبيان/ ٢٢١]

(ام قیس) کچی (محصن) (ﷺ) دەڵێ: منداڵێکم هێنا بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) هێشتا خواردنی نەدەخوارد، عبید الله وتی: ئەو ژنە ئاگاداری کردم کە کوڕەکەی میزی کرد بەکۆشی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) پێغەمبەر(ﷺ) داوای ئاوی کردو پرژاندی بەسەر پۆشاکەکەیداو نەیشۆرد.

(١٧) شۆردنی (مەنی) بەجلەوە

١٨٦- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شِهَابٍ الْخَوْلَانِيِّ قَالَ: كُنْتُ نَازِلًا عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ)، فَاحْتَلَمْتُ فِي ثَوْبَيَّ، فَغَمَسْتُهُمَا فِي الْمَاءِ، فَرَأَتْنِي جَارِيَةٌ لِعَائِشَةَ (ﷺ) فَأَخْبَرَتْهَا، فَبَعَثَتْ إِلَيَّ عَائِشَةُ فَقَالَتْ: مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا صَنَعْتَ بِثَوْبَيْكَ؟ قَالَ: قُلْتُ: رَأَيْتُ مَا يَرَى النَّائِمُ فِي مَنَامِه، قَالَتْ: هَلْ رَأَيْتَ فِيهِمَا شَيْئًا؟ قُلْتُ: لَا، قَالَتْ: فَلَوْ رَأَيْتَ شَيْئًا غَسَلْتَهُ، لَقَدْ رَأَيْتُنِي وَإِنِّي لَأَحُكُّهُ مِنْ ثَوْبِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَابِسًا بِظُفُرِي.

(عبدالله) کوڕی (شهاب الخولانی) دەڵێ: من میوان بووم لەلای (عائشە)(ﷺ) شەیتانی بووم، منیش جلەکانم هەڵژەند لەئاو، کەنیزەکێکی عائشە(ﷺ) چاوی پێم کەوت چوو ئاگاداری عائشەی کرد، عائشەش ناردی بۆ

لام وتی: چی وای لێکردی جلەکانت ئاوا لێ بکەیت؟ دەڵێ: خەوتوو لەخەویا چی دەبینێت منیش ئەوەم دیووە، عائشە وتی: هیچت بەجلەکانتەوە بینی؟ وتم : نەخێر، ئەویش وتی: ئەگەر شتێکت بینی بتشتایا من خۆم بەجلەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) بەوشکی پرواندوومەو بەنینۆك کراندومە.

(١٨) شۆردنی خوێنی حەیز بەجلەوە

١٨٧ـعَنْ أَسْمَاءَ بنت أبي بكر (رضي الله عنها) قَالَتْ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: إِحْدَانَا يُصِيبُ ثَوْبَهَا مِنْ دَمِ الْحَيْضَةِ، كَيْفَ تَصْنَعُ بِهِ؟ قَالَ: ((تَحُتُّهُ، ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ، ثُمَّ تَنْضَحُهُ، ثُمَّ تُصَلِّي فِيهِ)).

(اسماء)کچی (ابوبکر) (رضي الله عنها) دەڵێ: ئافرەتێ هات بۆ خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: یەکێکمان[جاری وا هەیە] جلەکانی خوێنی حەیزی بەردەکەوێت چی لێ بکات؟ فەرمووی: بی پروێنە ئینجا ئاوی پیا بکەو دەستی لێ بخە، ئینجا ئاوی پیا بکەرەوەو دوایی نوێژی پێوە بکە). [واتە: بیشۆرە].

(٥) كتاب الصلاة (بەشی نوێژ)

(١) دەستپێكردنی بانگدان

١٨٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: كَانَ الْمُسْلِمُونَ حِينَ قَدِمُوا الْمَدِينَةَ يَجْتَمِعُونَ فَيَتَحَيَّنُونَ الصَّلَوَاتِ، وَلَيْسَ يُنَادِي بِهَا أَحَدٌ، فَتَكَلَّمُوا يَوْمًا فِي ذَلِكَ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: اتَّخِذُوا نَاقُوسًا مِثْلَ نَاقُوسِ النَّصَارَى، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: قَرْنًا مِثْلَ قَرْنِ الْيَهُودِ، فَقَالَ عُمَرُ (ﷺ): أَوَلَا تَبْعَثُونَ رَجُلًا يُنَادِي بِالصَّلَاةِ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا بِلَالُ، قُمْ فَنَادِ بِالصَّلَاةِ)). [بخاري/ الاذان/ ٥٧٩]

(عبدالله) كوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: لەكاتێكا موسڵمانەكان هاتن بۆ مەدینە كۆدەبوونەوەو كاتی نوێژیان دەخەملاند، كەس بانگی نەدەدا، ڕۆژێكیان باسی ئەوەیان كرد، هەندێكیان وتیان: بازەنگێكی وەكو زەنگی گاورەكان دابنێین، هەندێكی تریان وتیان: كەرەنایەك وەكو كەرەنای جولەكە دابنێین، عمر(ﷺ) وتی: ئەی بۆ پیاوێك نانێرن بانگ بدات بۆ نوێژ. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەی بلال هەستە بانگ بدە بۆ نوێژ))

(٢) چۆنێتی بانگدان

١٨٩ـ عَنْ أَبِي مَحْذُورَةَ (ﷺ): أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) عَلَّمَهُ هَذَا الْأَذَانَ: ((اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، ثُمَّ يَعُودُ فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، مرتين، حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ -مَرَّتَيْنِ- حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ -مَرَّتَيْنِ-)) زَادَ إِسْحَقُ -يعني ابن إبراهيم- ((اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)).

(ابو مخدومه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم بانگەی فێركردم : (الله اكبر الله اكبر اشهد ان لا اله الا الله، اشهد ان لا اله الا الله ، اشهد ان محمداً رسول الله، اشهد ان محمداً رسول الله)ئینجا جارێكی تریش دەڵێ: اشهد ان لا اله الا الله اشهد ان لا اله الا الله دووجار ، اشهد ان محمدا رسول الله ، اشهد محمدا رسول الله دووجار، حي على الصلاة ـدووجار ـ حي على الفلاح ـ دووجار . اسحاق ـ واته ابراهیم . ئەمەشی زیادكرد : (الله اكبر الله اكبر ، لا اله الا الله) .

(٣) بانگدان جوتەو قامەتیش تاك

١٩٠- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: أُمِرَ بِلَالٌ أَنْ يَشْفَعَ الْأَذَانَ، وَيُوتِرَ الْإِقَامَةَ، زَادَ يَحْيَى ﴿فِي حَدِيثِهِ عَنِ ابْنِ عُلَيَّةَ: فَحَدَّثْتُ بِهِ أَيُّوبَ، فَقَالَ﴾: إِلَّا الْإِقَامَةَ. [بخاري/ الاذان / ٥٨٢]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: فەرمانكرا بە(بیلال) كەبانگدان بەجووت بڵێت قامەتیش بەتاك یەحیا ﴿لەریوایەتەكەیدا ﴾ لە(ابن علیه)وە ئەمەی بۆ زیادكرد: ئەمەم بۆ (ایوب) گێڕایەوە وتی: بێجگە لەقامەت ﴿ واتە رستەی قد قامت الصلاه ـ دووجار دەیووت ﴾.

(٤) دانانی دووبانگبێژ

١٩١- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مُؤَذِّنَانِ: بِلَالٌ، وَابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ الْأَعْمَى.

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوبانگبێژی هەبوو: (بیلال)و(ابن ام مكتوم)ی نابینا.

(٥) دانانی بانگبێژی نابینا

١٩٢- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ يُؤَذِّنُ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ أعمى.

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: (ابن ام مكتوم) بانگی دەدا بۆ پێغەمبەری خوا كوێریش بوو.

(٦) خێری بانگدان

١٩٣-عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُغِيرُ إِذَا طَلَعَ الْفَجْرُ، وَكَانَ يَسْتَمِعُ الْأَذَانَ، فَإِنْ سَمِعَ أَذَانًا أَمْسَكَ، وَإِلَّا أَغَارَ، فَسَمِعَ رَجُلًا يَقُولُ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَلَى الْفِطْرَةِ)). ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خَرَجْتَ مِنَ النَّارِ)). فَنَظَرُوا فَإِذَا هُوَ رَاعِي مِعْزًى.

(انس) كوری (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەگەڵ بەرەبەیاندا هێرشی دەبردە [سەر دوژمن]، گوێ بیستی بانگ دەبوو، ئەگەر گوێی لەبانگ بوایا رادەوەستا، ئەگەرنا هێرشی دەكرد، گوێی لێبوو، پیاوێك دەیوت: الله اكبر الله اكبر ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((لەسەر سروشتی پاك)) ئینجا وتی:

اشهد ان لا الـه الا اللـه ، اشـهد ان لا الـه الا الله ، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمووی: ((لەئاگر دەربازبوویت)) کە سەیریان کرد دەبینن شوانێکی بزنە.

١٩٤ـ عَنْ أَبِـي هُرَيْـرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِـيَّ (ﷺ) قَـالَ: ((إِذَا نُـودِيَ لِلـصَّلَاةِ أَدْبَـرَ الشَّيْطَانُ لَهُ ضُرَاطٌ، حَتَّى لَا يَسْمَعَ التَّأْذِينَ، فَإِذَا قُضِـيَ التَّأْذِينُ أَقْبَلَ، حَتَّـى إِذَا ثُوِّبَ بِالصَّلَاةِ أَدْبَرَ، حَتَّى إِذَا قُضِيَ التَّثْوِيبُ أَقْبَلَ، حَتَّى يَخْطُرَ بَيْنَ الْمَرْءِ وَنَفْسِهِ يَقُولُ لَهُ: اذْكُرْ كَذَا، وَاذْكُرْ كَذَا، لِمَا لَمْ يَكُنْ يَذْكُرُ مِنْ قَبْلُ، حَتَّـى يَظَلَّ الرَّجُلُ مَـا يَدْرِي كَمْ صَلَّى)). [بخاري/ الاذان / فضل التاذين/ ٥٨٣]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بانگ درا بۆ نوێژ شەیتان هەڵدێت و تڕ لێدەدات بۆ ئەوەی بانگەکە نەبیستێ، کاتێ بانگەکە تەواو دەبێت، دێتەوە هەتا قامەت دەکرێت ئینجا هەڵدێتەوە، کاتێ قامەت تەواو دەبێ دێتەوە بۆ ئەوەی داڵغە بۆ نوێژگەرەکە دروست بکات، پێی دەڵێت: یادی ئەمەو ئەوە بکە [شتیوا کەپێشتر لەیادیانەبوو] تاوا لەکابرا دەکات نازانێ چەند رکاتی کردووە)).

(٧) خێری بانگبێژان

١٩٥ـ عَنْ عيسى بن طَلْحَةَ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ مُعَاوِيَةَ بْنِ أَبِي سُفْيَانَ (ﷺ)، فَجَاءَهُ الْمُـؤَذِّنُ يَـدْعُوهُ إِلَـى الـصَّلَاةِ، فَقَـالَ مُعَاوِيَـةُ: سَـمِعْتُ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) يَقُـولُ: ((الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(عیسی) کوڕی (طلحە)دەڵێ: من لەلای (معاویە) کوری (ابی سفیان) بـوم بانگبێژەکە هات بانگی‌دا بۆ نوێژکردن، معاویە وتی: لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((بانگبێژان لەرۆژی قیامەتدا گەردنیان لەهەموو کەس بەرزترە)).

(٨) وەڵامدانەوەی بانگبێژ

١٩٦ ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِـيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ، ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا. ثُمَّ سَلُوا اللَّهَ لِـي الْوَسِيلَةَ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِـي الْجَنَّةِ، لَا تَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ لِـي الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ عليه الشَّفَاعَةُ)).

(عبدالله) کوری (عمرو) کوری(عاص) (ﷺ) گوێی لەپێغەمبەر (ﷺ) بووە فەرموویەتی: (((ئەگەر گوێتان لەبانگبێژبوو، ئەوچی دەڵێت ئێوەش وابڵێن ئینجا سلاّوات لەسەر من بدەن، چونکە ئەوەی سلاّوات لەسەر من بدات خوای گەورە دەجار سلاّواتی لەسەر دەدات، ئینجا داوای پلەوپایەی بەرزم بۆبکەن لەخوا، ئەوپلەبەرزە پلەیەکە لەبەهەشتا دەست کەس ناکەوێت یەك بەندە لەبەندەکانی خوا نەبێت، داواکارم ئەو کەسەش من بم ، ئەوەی داوای وەسیلەم لەخوا بۆ بکات شیاوی شەفاعەتم دەبێت).

(٩) خێری وەلاّم دانەوەی بانگ

١٩٧ـ عن عُمَرَ بْنِ الْخَطَّاب (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((إِذَا قَالَ الْمُؤَذِّنُ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، فَقَالَ أَحَدُكُمْ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، قَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، ثُمَّ قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، قَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّه، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الصَّلَاة، قَالَ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّه، ثُمَّ قَالَ: حَيَّ عَلَى الْفَلَاحِ، قَالَ: لَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّه، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، قَالَ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ، ثُمَّ قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، قَالَ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، مِنْ قَلْبِهِ، دَخَلَ الْجَنَّةَ)).

(عمر کوری(خطاب)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر بانگبێژ وتی: الله اکبر الله اکبر یەکێکتان وتی: الله اکبر الله اکبر ، ئینجا وتی: اشهد ان لا اله الا الله ئەویش وتی: اشهد ان لا اله الا الله ، ئینجا وتی: اشهد ان محمدا رسول الله ، ئەویش وتی: اشهد ان محمداً رسول الله ئینجا وتی: حی علی الصلاة ، ئەویش وتی: لا حول ولا قوه الا بالله ،ئینجا وتی(حی علی الفلاح) ئەویش وتی(لاحول ولا قوه الا بالله) ئینجا وتی: الله اکبر الله اکبر ئەویش وتی: الله اکبر الله اکبر ، ئینجا وتی: لا اله الا الله ، ئەویش وتی: لا اله الا الله ، لەدڵیەوە وتبێتی دەچێتە بەهەشت)).

١٩٨ـ عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ)).

(سعد) کوری (ابی وقاص) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر فەرموویەتی: ((ئەوەی لەکاتێکا گوێی لەبانگ دەبێت بڵێت: شایەتی دەدەم کەخواتاك و تەنیایەو

شـەریکی نیـەو موحەمـەد بەنـدەو ڕەوانـەکراوی ئـەوە، ڕازیـم خـوا پـەروەردگارم بێـت و موحەمـەدیش ڕەوانـەکراو ئیسلامیش ئـایین، ئـەوە خـوا لەگوناهـەکانی خۆش دەبێت)).

(١٠) فەرزبوونی نوێژ

١٩٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: نُهِينَا أَنْ نَسْأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ شَيْءٍ، فَكَانَ يُعْجِبُنَا أَنْ يَجِيءَ الرَّجُلُ -مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ- الْعَاقِلُ، فَيَسْأَلَهُ وَنَحْنُ نَسْمَعُ، فَجَاءَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْبَادِيَةِ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَتَانَا رَسُولُكَ، فَزَعَمَ لَنَا أَنَّكَ تَزْعُمُ أَنَّ اللَّهَ أَرْسَلَكَ؟ قَالَ: ((صَدَقَ)). قَالَ: فَمَنْ خَلَقَ السَّمَاءَ؟ قَالَ: ((اللَّهُ)) قَالَ: فَمَنْ خَلَقَ الْأَرْضَ؟ قَالَ: ((اللَّهُ)) قَالَ: فَمَنْ نَصَبَ هَذِهِ الْجِبَالَ، وَجَعَلَ فِيهَا مَا جَعَلَ، قَالَ: ((اللَّهُ)). قَالَ: فَبِالَّذِي خَلَقَ السَّمَاءَ وَخَلَقَ الْأَرْضَ وَنَصَبَ هَذِهِ الْجِبَالَ، آللَّهُ أَرْسَلَكَ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: وَزَعَمَ رَسُولُكَ: أَنَّ عَلَيْنَا خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي يَوْمِنَا وَلَيْلَتِنَا؟ قَالَ: ((صَدَقَ)). قَالَ: فَبِالَّذِي أَرْسَلَكَ، آللَّهُ أَمَرَكَ بِهَذَا، قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: وَزَعَمَ رَسُولُكَ: أَنَّ عَلَيْنَا زَكَاةً فِي أَمْوَالِنَا؟ قَالَ: ((صَدَقَ)). قَالَ: فَبِالَّذِي أَرْسَلَكَ، آللَّهُ أَمَرَكَ بِهَذَا؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: وَزَعَمَ رَسُولُكَ: أَنَّ عَلَيْنَا صَوْمَ شَهْرِ رَمَضَانَ فِي سَنَتِنَا؟ قَالَ: ((صَدَقَ)). قَالَ: فَبِالَّذِي أَرْسَلَكَ، آللَّهُ أَمَرَكَ بِهَذَا؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قَالَ: وَزَعَمَ رَسُولُكَ: أَنَّ عَلَيْنَا حَجَّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا؟ قَالَ: ((صَدَقَ)). ثُمَّ وَلَّى، قَالَ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ لَا أَزِيدُ عَلَيْهِنَّ وَلَا أَنْقُصُ مِنْهُنَّ. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَئِنْ صَدَقَ لَيَدْخُلَنَّ الْجَنَّةَ)).

(انـس) کـوڕی (مالـك) (ﷺ) دەڵـێ: ڕێمـان نـەدەدرا پرسـیار لەپێغەمبـەری خوا(ﷺ) بکـەین، هـەر بۆیـە حـەزمان دەکرد، پیاوێکی ـ دەشتەکی ـ ژیر بێت و پرسیاری لێبکات و ئێمەش گوێ بگرین، لەوکاتەدا پیاوێکی دەشتەکی هات ، وتی: ئەی موحەمەد نێراوەکەت هات بۆلامان پێی وتین گوایا تۆ دەڵێی: خوا تـۆی کـردووە بەپێغەمبـەر؟ فـەرمووی: ((ڕاسـتی وتـووە)). وتـی: دەباشـە کـێ ئاسمـانی دروسـت کـردووە؟ فـەرمووی: ((خـوا)) وتـی: ئـەی کێ زەوی دروستکردووە فـەرمووی: ((خـوا)). وتـی: ئـەی کـێ ئـەم شـاخانەی دانـاوەو هەرچیشی ویستووە تیـا دروسـتکردووە؟ فـەرمووی: ((خـوا)) ئینجـا وتـی: هـەروەها نێراوەکـەت دەڵـێ گوایـا ئێمـە لەشـەوو ڕۆژێکمانـدا پێـنج نوێـژمان لەسەرە، فەرمووی: ((ڕاست دەکات)) وتی: دەتوو ئەوەی تۆی ناردووە ئایا خوا

فەرمانی ئەوەی پێکردووی؟ فەرمووی : ((بەڵێ)) وتـی: نێراوەکەت دەڵـێ گوایا زەکاتی سامانەکانمان لەسەرە؟ فەرمووی: ((راستی وتووە)) وتی: دەتوو ئەو کەسەی تۆی ناردووە ئایا خوا فەرمانی ئەوەی پێکردووی؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) وتـی: نێراوەکـەت دەڵـێ گوایـا: لەسـاڵەکەماندا رۆژووی مـانگی رەمـەزانمان لەسـەرە؟ فـەرمووی: ((راسـتی وتـووە)) وتـی: دەتـوو ئەوکەسـەی تـۆی نـاردووە ئایـا خـوا فـەرمانی ئـەوەی پێکـردووی؟ فـەرمووی: ((بـەڵێ)). وتـی: هـەروەها نێراوەکـەت دەڵـێ کـەگوایا: ئێمـە ئەوانـەمان کەلەتوانایانـدا هەیـە حـەجی مـاڵی خوایـان لەسـەرە؟ فـەرمووی: (راسـتی وتـووە) ئینجـا پـشتی هـەڵکردوو وتـی: سوێند بـەوەی بەهـەق تـۆی نـاردووە نـەلێیان زیـاد دەکـەم نـەلێیان کـەم دەکـەم. پێغەمبەر (فەرمووی: ((ئەگەر راست بکات دەچێتە بەهەشت)).

(١١) فەرزبوونی نوێژ دوورکات دوو رکات

٢٠٠ـ عَـنْ عَائِـشَةَ (ﷺ): أَنَّ الـصَّلَاةَ أَوَّلَ مَـا فُرِضَـتْ رَكْعَتَـيْنِ، فَـأُقِرَّتْ صَـلَاةُ السَّفَرِ، وَأُتِمَّتْ صَلَاةُ الْحَضَرِ. قَالَ الزُّهْرِيُّ: فَقُلْتُ لِعُرْوَةَ: مَا بَالُ عَائِشَةَ تُتِمُّ فِي السَّفَرِ؟ قَالَ: إِنَّهَا تَأَوَّلَتْ كَمَا تَأَوَّلَ عُثْمَانُ. [بخاري / تقصير الصلاة / يقصر اذا خرج من موضعه/١٠٤٠]

عائـشە(ر.ض) دەڵـێ : یەکـەمجار کەنوێـژ فـەرزکرا دوورکـات بـوو ، پاشـان نوێـژی سـەفەر مایـەوە بـەدوورکاتو، نوێـژی نیـشتەجێ بەتـەواو دانـرا (زهـری) دەڵێ: بە(عروە)م وت: بۆچی عائشە لەسەفەردا نوێژی تەواو دەکات؟ وتـی: ئەو وەکو عوسمان تەئویلی کردووە.[کە هەردووکیان دروستە].

(١٢) پێنج نوێژەکە کەفارەتن بۆ گوناهی نێوانیان

٢٠١ـ عَـنْ أَبِـي هُرَيْـرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَـالَ: ((الـصَّلَاةُ الْخَمْـسُ، وَالْجُمْعَـةُ إِلَـى الْجُمْعَـةِ، كَفَّـارَةٌ لِمَـا بَيْـنَهُنَّ مَـا لَـمْ تُغْـشَ الْكَبَـائِرُ)). وفي الروايـة: ((وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ مُكَفِّرَاتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ مَا اجْتُنِبَتِ الْكَبَائِرُ)).

(ابـوهريرة)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمووی: ((پێـنج نوێژەکـەو جومعـە بـۆ جومعـە کـەفارەتن بـۆ نێوانـەکانیان، بەوەمەرجـەی گونـاهی گـەورە نـەکرابێ)). لەریوایەتێکیـشا : ((رەمـەزانیش کـەفارەتی نێوانیـانن ئەگـەر دوورە پەرێزی لەگوناهە گەورەکان کرابێت)).

(١٣) نوێژ نەکردن کوفرە

٢٠٢ـ عن جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلَاةِ)).

(جـابر)(ﷺ) دەڵـێ : بیـستوومە لەپێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((لەنێوان مرۆڤو هاوەڵ بۆ خوا بریاردان و کوفردا نوێژنەکردنە)).

(١٤) کۆکەرەوەی کاتەکان

٢٠٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابْنِ عَمْرٍو (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((وَقْتُ الظُّهْرِ إِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ وَكَانَ ظِلُّ الرَّجُلِ كَطُولِهِ، مَا لَمْ يَحْضُرِ الْعَصْرُ. وَوَقْتُ الْعَصْرِ مَا لَمْ تَصْفَرَّ الشَّمْسُ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ مَا لَمْ يَغِبِ الشَّفَقُ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ الْأَوْسَطِ، وَوَقْتُ صَلَاةِ الصُّبْحِ مِنْ طُلُوعِ الْفَجْرِ مَا لَمْ تَطْلُعِ الشَّمْسُ، فَإِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ فَأَمْسِكْ عَنِ الصَّلَاةِ، فَإِنَّهَا تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيِ شَيْطَانٍ)).

(عبدالله) کوڕی (عمرو) کوڕی (عاص)(رضي لله عنهما) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کاتی نیوەڕۆ کاتێکە خۆر بترازێ لەناوەڕاستی ئاسمانو سێبەری هەموو کەسێك بەقەد درێژی خۆی لێبێت، مادام عەسر نەهاتبێت. کاتی عەسریش هەتا بەر لەخۆر زەرد هەڵگەڕان، کاتی نوێژی شێوانیش هەتا ونبونی روناکیی ئاسۆ، کاتی نوێژی خەوتنیش هەتا نیوەی شەو، کاتی نوێژی بەیانیش ، لەبەرەبەیانەوە هەتا پێش خۆرکەوتن، هەرکاتێ خۆر هەڵهات دەست بگرنەوە لەنوێژ، چونکە لەنێوان دووشاخی شەیتاندا هەڵدێت)).

٢٠٤ـ عن أَبِي مُوسَى الاشعري (ﷺ)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ أَتَاهُ سَائِلٌ يَسْأَلُهُ عَنْ مَوَاقِيتِ الصَّلَاةِ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ شَيْئًا، قَالَ: فأمرَ بلالاً فَأَقَامَ الْفَجْرَ حِينَ انْشَقَّ الْفَجْرُ، وَالنَّاسُ لَا يَكَادُ يَعْرِفُ بَعْضُهُمْ بَعْضًا، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ بِالظُّهْرِ حِينَ زَالَتِ الشَّمْسُ، وَالْقَائِلُ يَقُولُ: قَدِ انْتَصَفَ النَّهَارُ، وَهُوَ كَانَ أَعْلَمَ مِنْهُمْ، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ بِالْعَصْرِ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ بِالْمَغْرِبِ حِينَ وَقَعَتِ الشَّمْسُ، ثُمَّ أَمَرَهُ فَأَقَامَ الْعِشَاءَ حِينَ غَابَ الشَّفَقُ، ثُمَّ أَخَّرَ الْفَجْرَ مِنَ الْغَدِ حَتَّى انْصَرَفَ مِنْهَا وَالْقَائِلُ يَقُولُ: قَدْ طَلَعَتِ الشَّمْسُ أَوْ كَادَتْ، ثُمَّ أَخَّرَ الظُّهْرَ حَتَّى كَانَ قَرِيبًا مِنْ وَقْتِ الْعَصْرِ بِالْأَمْسِ، ثُمَّ أَخَّرَ الْعَصْرَ حَتَّى انْصَرَفَ مِنْهَا وَالْقَائِلُ يَقُولُ: قَدِ

احْمَرَّتِ الشَّمْسُ، ثُمَّ أَخَّرَ الْمَغْرِبَ حَتَّى كَانَ عِنْدَ سُقُوطِ الشَّفَقِ، ثُمَّ أَخَّرَ الْعِشَاءَ حَتَّى كَانَ ثُلُثُ اللَّيْلِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ أَصْبَحَ، فَدَعَا السَّائِلَ، فَقَالَ: ((الْوَقْتُ بَيْنَ هَذَيْنِ)).

(ابو موسى الاشعري) لەپێغەمبەری خواوە(ﷺ) بۆمان دەگێڕێتەوە دەڵێ: پرسیارکەرێك هات لەبارەی کاتەکانی نوێژەوە پرسیاری لێکرد، هیچ وەڵامی نەدایەوە دەڵێ: فەرمانیکرد بەبیلال بانگی بەیانیدا، کاتێ بەرەبەیان هەڵهات هێشتا خەڵك یەکتریان نەدەناسیەوە، پاشان فەرمانی پێکرد بانگی نیوەڕۆیدا کاتێ خۆرترازا [لەناوەڕاستی ئاسمان لایدا]هەموو کەس دەیوت بەراستی ڕۆژ نیوە بووە، ئەو خۆیشی زاناتربوو، ئینجا کاتێ خۆرداکەوت فەرمانی پێکرد بانگیدا بۆ شێوان، پاشان کاتێ ئاسۆ ونبوو فەرمانی پێکرد بانگیدا بۆ خەوتنان، ئینجا بەربەیانی ڕۆژی داهاتووی دواخست هەتا کاتەکەی تێپەڕی، تا قسەکەرێك دەیوت خۆرکەوتووە، یا خەریکە بکەوێت، پاشان نیوەڕۆی دواخست تا نزیك بوویەوە لەکاتی عەسری دوێنێ، پاشان عەسری دواخست تاکاتەکەی تێپەڕیو قسەکەر دەیوت: خۆر سوور هەڵگەراوە، ئینجا شێوانی دواخست هەتا گەیشتە کەوتنی ئاسۆ، پاشان خەوتنانی دواخست هەتا سێیەکی یەکەمی شەو ڕۆیشت، ئینجا بەیانیی کردەوە، پاشان پرسیارکەری بانگ کردوو فەرمووی: ((کات لەنێوان ئەو دوانەدایە)).

(١٥) بەتاریکی نوێژی بەیانی کردن

٢٠٥ـ عن مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو قَالَ: لَمَّا قَدِمَ الْحَجَّاجُ الْمَدِينَةَ، فَسَأَلْنَا جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ فَقَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي الظُّهْرَ بِالْهَاجِرَةِ، وَالْعَصْرَ وَالشَّمْسُ نَقِيَّةٌ، وَالْمَغْرِبَ إِذَا وَجَبَتْ، وَالْعِشَاءَ أَحْيَانًا يُؤَخِّرُهَا وَأَحْيَانًا يُعَجِّلُ، كَانَ إِذَا رَآهُمْ قَدِ اجْتَمَعُوا عَجَّلَ، وَإِذَا رَآهُمْ قَدْ أَبْطَئُوا أَخَّرَ، وَالصُّبْحَ -كَانُوا، أَوْ قَالَ- كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) يُصَلِّيهَا بِغَلَسٍ. [بخاري/ حاشية مواقيت الصلاة/ ٥٣٥]

(محمد) کوڕی(عمرو) دەڵێ: کاتێ حاجیەکان گەیشتنە مەدینە، پرسیارمان کرد لە(جابر) کوری(عبدالله) ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی لەگەرمای نیوەڕۆدا دەکرد نوێژی عەسریشی دەکرد کەهێشتا خۆر روون بوو، شێوانیش هەرکاتێ خۆرئاوابوو، خەوتنانیش جارجار دوای دەخستو جارجاریش زوودەیکرد: هەرکاتێ دەیبینی کۆبوونەتەوە پەلەی

دەکرد) ئەگەر ئەوان دوابکەوتنایە ئەمیش دوای دەخست. بەیانیش [بەتاریکی دەیکرد] یا راوی دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بەتاریکی دەیکرد.

(١٦) پارێزگاری لەنوێژی بەیانیو عەسر

٢٠٦. عن أَبِي بَكْرِ بْنِ عُمَارَةَ بْنِ رُؤَيْبَةَ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ: ((لَنْ يَلِجَ النَّارَ أَحَدٌ صَلَّى قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ، وَقَبْلَ غُرُوبِهَا)) يَعْنِي الْفَجْرَ وَالْعَصْرَ، فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْبَصْرَةِ: آنْتَ سَمِعْتَ هَذَا مِنْ رَسُولِ اللَّه (ﷺ)؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ الرَّجُلُ: وَأَنَا أَشْهَدُ أَنِّي سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، سَمِعَتْهُ أُذُنَايَ، وَوَعَاهُ قَلْبِي.

(ابوبکر) کوڕی(عمارە) کوڕی (رویبە) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: بیستومە لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو: ((ئاگر بەر ئەوکەسە ناکەوێت کەنوێژی پێش خۆرکەوتنو پێش خۆر نیشتن بکات)).

واتە: نوێژی بەیانیو عەسر، پیاوێکی خەڵکی بەسرە پێی وت: ئایا تۆ ئەمەت لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) بیستووە؟ وتی: بەڵێ، پیاوەکە وتی: منیش شایەتی دەدەم منیش ئەمەم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیستووە گوێکانم بیستویەتیو، دڵم تێی گەیشتووە.

٢٠٧- عَنْ أَبِي بَكْرِ بن ابي موسى الاشعريِّ عَنْ أَبِيهِ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ صَلَّى الْبَرْدَيْنِ دَخَلَ الْجَنَّةَ)). ﴿بخاري/ مواقيت الصلاة /٥٤٨﴾

(ابوبکر) کوری (ابو موسی الاشعری) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەس دوونوێژی فێنکی ﴿ واتە بەیانیو عەسر بکات﴾دەچێتە بەهەشتەوە)).

(١٧) ڕێگریی لە نوێژکردن لەکاتی هەڵهاتنو ئاوا بوونی خۆردا:

٢٠٨- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: لَمْ يَدَعْ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) الرَّكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعَصْرِ، قَالَ: فَقَالَتْ عَائِشَةُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَتَحَرَّوْا بِصَلَاتِكُم طُلُوعَ الشَّمْسِ وَلَا غُرُوبَهَا فَتُصَلُّوا عِنْدَ ذَلِكَ)).

عائشە(ر.ض)دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەستبەرداری دوورکاتی دوای عەسر نەدەبوو، راوی دەڵێ عائشە وتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((بۆ نوێژکردنتان مەگەرێن بۆ کاتی خۆرهەڵاتنو خۆرئاوابوونو لەوکاتانەدا نوێژ بکەن)). [(واتە: لەو دوو کاتەدا نوێژمەکەن)].

(١٨) نوێژی نیوەڕۆ لەسەرەتای کاتدا

٢٠٩ـ عَـنْ خَبَّـابٍ (ﷺ) قَـالَ: أَتَيْنَـا رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ)، فَـشَكَوْنَا إِلَيْـهِ حَـرَّ الرَّمْضَاءِ، فَلَمْ يُشْكِنَا. قَالَ زُهَيْرٌ: قُلْتُ لِأَبِي إِسْحَقَ: أَفِي الظُّهْرِ؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْتُ: أَفِي تَعْجِيلِهَا؟ قَالَ: نَعَمْ.

(خبـاب) (ﷺ) دەڵـێ: هاتینـە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) سـکالأمان لـەلا کـرد لەگـەرمی لمـی [زەویەکە] بـەلأم سـکالأکەی وەرنـەگرتین، (زهـیر) وتـی: بـە(ابـی اسـحاق)م وت: ئایـا مەبەسـت نیوەڕۆبـوو وتـی: بـەڵێ، وتم: ئایـا مەبەسـت سەرەتای کاتی نیوەڕۆبوو؟ وتی بەڵێ.

(١٩) بەفێنکی نوێژکردن لەکاتی گەرمادا

٢١٠ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: أَذَّنَ مُؤَذِّنُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالظُّهْرِ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ) ((أَبْرِدْ أَبْرِدْ. أَوْ قَالَ: انْتَظِرِ انْتَظِرْ)). وَقَالَ: ((إِنَّ شِدَّةَ الْحَرِّ مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ، فَإِذَا اشْتَدَّ الْحَرُّ فَأَبْرِدُوا عَنِ الصَّلَاةِ)). قَالَ أَبُو ذَرٍّ: حَتَّى رَأَيْنَا فَيْءَ التُّلُولِ. [بخاري/ مواقيت الصلاة / الابراد بالظهر في شدة الحر/ ٥١١]

(ابـوذر)(ﷺ) دەڵـێ: بانگبێـژی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بـانگی نیوەڕۆیـدا ، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: ((فێنکـی کـە فێنکـی کـە ، یـا فـەرمووی: چاوەڕێ بکـە چاوەڕێ بکەو فـەرمووی: بـەهێزیی تینـی گـەرما لـەهاڵاوی دۆزەخـە، جـا ئەگـەر گەرما بەتین بوو نوێژەکان بخەنە کاتی فێنکی)). (ابوذر)دەڵێ : هەتا سێبەری گردۆڵکەکانمان بینی.

(٢٠) سەرەتای کاتی نوێژی عەسر

٢١١ـ عَـنْ أَنَـسِ بْـنِ مَالِـكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) كَـانَ يُـصَلِّي الْعَـصْرَ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ حَيَّةٌ، فَيَذْهَبُ الذَّاهِبُ إِلَى الْعَوَالِي، فَيَأْتِي الْعَوَالِيَ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ. [بخاري/ مواقيت الصلاة / وقت العصر/٥٢٥]

(انـس) کـوڕی (مالـك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی عەسـری دەکردو خۆر بەرزو بەتین بوو ڕێبوارێك دەچوو بۆ گوندەکانی دەوری مەدینە، دەگەیشتە ئەوێو هێشتا خۆر بەرزدەبوو.

٢١٢ـ عَنِ الْعَلَاءِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَنَّهُ دَخَلَ عَلَى أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) فِي دَارِهِ بِالْبَصْرَةِ، حِينَ انْصَرَفَ مِنَ الظُّهْرِ، وَدَارُهُ بِجَنْبِ الْمَسْجِدِ، فَلَمَّا دَخَلْنَا عَلَيْهِ قَالَ: أَصَلَّيْتُمُ الْعَصْرَ؟ فَقُلْنَا لَهُ: إِنَّمَا انْصَرَفْنَا السَّاعَةَ مِنَ الظُّهْرِ، قَالَ: فَصَلُّوا الْعَصْرَ.

فَقُمْنَا فَصَلَّيْنَا، فَلَمَّا انْصَرَفْنَا قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((تِلْكَ صَلَاةُ الْمُنَافِقِ: يَجْلِسُ يَرْقُبُ الشَّمْسَ، حَتَّى إِذَا كَانَتْ بَيْنَ قَرْنَيِ الشَّيْطَانِ قَامَ فَنَقَرَهَا أَرْبَعًا، لَا يَذْكُرُ اللَّهَ فِيهَا إِلَّا قَلِيلًا)).

(علاء)کوڕی(عبدالرحمن) دەڵێ: چوّتە لای (انس) کوڕی (مالك)(ﷺ) لەماڵەکەیدا لەبەسرە لەکاتێکا لەنوێژی نیوەڕۆ هاتۆتە دەرەوە، ماڵیان لەتەنیشتی مزگەوتەکەدابوو، کاتێ چووینە ژوورەوە بۆ لای وتی: ئایا نوێژی عەسرتان کردووە؟ پێمان وت: ئێمە ئێستا لە نوێژی نیوەڕۆهاتوینە دەرەوە، وتی: دە نوێژی عەسر بکەن، ئێمەش هەستاین و نوێژمان کرد، کاتێ لێ بووینەوە وتی: بیستوومە لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوە نوێژی دووڕووە ! دادەنیشێ چاوەڕێی خۆردەکات ، هەتا کاتێ دەگاتە نێوان دووشاخەکەی شەیتان هەڵدەستێو چوار دەنووك دەدات بەزەویدا، کەمێك نەبێت یادی خوای تێدا ناکات)).

(٢١) پارێزگاری لەعەسرو ڕێگری لەنوێژ لەدوایەوە

٢١٣ـ عَنْ أَبِي بَصْرَةَ الْغِفَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْعَصْرَ بِالْمُخَمَّصِ، فَقَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ الصَّلَاةَ عُرِضَتْ عَلَى مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ فَضَيَّعُوهَا، فَمَنْ حَافَظَ عَلَيْهَا كَانَ لَهُ أَجْرُهُ مَرَّتَيْنِ، وَلَا صَلَاةَ بَعْدَهَا حَتَّى يَطْلُعَ الشَّاهِدُ)). وَالشَّاهِدُ النَّجْمُ.

(ابو بصرة الغفاري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە(مخمص) نوێژی عەسری پێکردین و فەرمووی: ((ئەم نوێژە خرایە سەر ئەوانەی لەپێش ئێوەدا بوون بەڵام زایەیان کرد، کەواتە هەرکەس پارێزگاری بکات دووجار پاداشتی هەیە، نوێژیش لەدوایەوە نییە هەتا ئەستێرە هەڵدێت)).

(٢٢) هەڕەشە لەوکەسەی نوێژی عەسری دەچێت

٢١٤ـ عَنِ عبدالله بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الَّذِي تَفُوتُهُ صَلَاةُ الْعَصْرِ كَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ ومالَهُ)). [بخاري / مواقيت الصلاة /٥٢٧]

(عبدالله) کوڕی(عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەوەی نوێژی عەسری دەچێت هەروەکو ئەوەوایە ماڵ و خێزانی تالان کرابێت)).

(٢٣) لەبارەی نوێژی ناوەندەوە (الوسطى)

٢١٥ـ عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بنِ المسعود (ﷺ) قَالَ: حَبَسَ الْمُشْرِكُونَ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ الْعَصْرِ، حَتَّى احْمَرَّتِ الشَّمْسُ أَوِ اصْفَرَّتْ، فَقَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((شَغَلُونَا عَنِ الصَّلَاةِ الْوُسْطَى صَلَاةِ الْعَصْرِ، مَلَأَ اللّٰهُ أَجْوَافَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا. أَوْ ﴿قَالَ﴾: حَشَا اللّٰهُ أَجْوَافَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا)). [اخرجه البخاري في الجهاد بان الدعاء على المشركين ٢٧٧٣]

(عبدالله) کوڕی (مسعود)(ﷺ) دەڵێ: موشریکەکان ڕێگەیان نەدا کە پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی عەسر بکات، هەتا خۆر سوورهەڵگەڕا یازەردبوو، ئنجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((خەریکیان کردین لەنوێژی ناوەراست ، نوێژی عەسر، خوای گەورە ناوسکیان و گۆڕەکانیان پڕبکات لەئاگر. یا [فەرمووی] خوای گەورە ناوسکیان و گۆڕەکانیان بەئاگر بئاخنێ)).

(٢٤) ڕێگریی لەنوێژکردنی دوای عەسرو دوای بەیانی

٢١٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْعَصْرِ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ، وَعَنِ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ.

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگریی کردووە لەنوێژکردن لەدوای نوێژی عەسر هەتا خۆرئاوا دەبێت. هەروەها لەنوێژکردن دوای نوێژی بەیانی هەتا خۆر هەڵدێت.

(٢٥) سێکات هەیە نەنوێژی تیادەکرێت نەمردووی تیا دەنێژرێت

٢١٧. عن عَلِيّ بن رباح قَالَ: سَمِعْتُ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ الْجُهَنِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ثَلَاثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ) يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ أَوْ أَنْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا: حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ، وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ.

(علی)کوڕی (رباح) دەڵێ: لە(عقبە) کوڕی(عامر الجهنی)م بیستووە (ﷺ) دەیووت: سێکات هەن کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگریی لێدەکردین کە نوێژی تێدابکەین یا مردووی تێدا بخەینە گۆڕ: کاتێ خۆر هەڵدێت بەتەواوی هەتا بەرز دەبێتەوە، کاتێ لەنیوەڕۆدا بەپێوە وەستاو سێبەری نامێنێ تا لادەدات، کاتێکیش خۆر لاردەبێتەوە بۆ ئاوابوون هەتا ون دەبێت.

(٢٦) دوورکات دوای عەسر

٢١٨. عن أَبِي سَلَمَةَ: أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنِ السَّجْدَتَيْنِ اللَّتَيْنِ كَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) يُصَلِّيهِمَا بَعْدَ الْعَصْرِ؟ فَقَالَتْ: كَانَ يُصَلِّيهِمَا قَبْلَ الْعَصْرِ، ثُمَّ إِنَّهُ شُغِلَ عَنْهُمَا، أَوْ نَسِيَهُمَا، فَصَلَّاهُمَا بَعْدَ الْعَصْرِ، ثُمَّ أَثْبَتَهُمَا، وَكَانَ إِذَا صَلَّى صَلَاةً أَثْبَتَهَا. قَالَ إِسْمَعِيلُ بنُ جعفرٍ: تَعْنِي دَاوَمَ عَلَيْهَا. [بخاري، مواقيت الصلاة /٥٩٥ . ٥٦٨]

(ابو سلمه) پرسیاری کردووه لە(عائشه) (ر.ض)لەبارەی ئەو دوو رکاتەی کەپێغەمبەر(ﷺ) دەیکردن لەدوای عەسر؟ ئەویش وتوویەتی: لەپێش عەسرا نەیکردن، سەرقاڵی نەیهێشتبوو بیا نکات، یا لەبیری چووبوو ، لەبەر ئەوە دوای عەسر کردوویەتی ، ئینجا بەردەوام بووە لەسەری پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر نوێژێکی بکردایە بەردەوام دەبوو لەسەری.

(٢٧) گێرانەوەی نوێژی عەسر لەدوای شێوان

٢١٩ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) يَوْمَ الْخَنْدَقِ جَعَلَ يَسُبُّ كُفَّارَ قُرَيْشٍ، وَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَاللَّهِ مَا كِدْتُ أَنْ أُصَلِّيَ الْعَصْرَ حَتَّى كَادَتْ أَنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَوَاللَّهِ إِنْ صَلَّيْتُهَا)). فَنَزَلْنَا إِلَى بُطْحَانَ، فَتَوَضَّأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَتَوَضَّأْنَا، فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْعَصْرَ بَعْدَ مَا غَرَبَتِ الشَّمْسُ. ثُمَّ صَلَّى بَعْدَهَا الْمَغْرِبَ. [بخاري / مواقيت الصلاة/ ٥٧١]

(جابر) کوری (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەرۆژی خەندەقا (عمر) کوری (خطاب) جنێوی بەکافرەکانی قورەیش دەدا، ئینجا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەخوا نوێژی عەسرم نەکردهەتا خەریکبوو خۆرئاوادەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((سوێند بەخوا منیش نوێژم نەکردووە)) بۆیە دابەزین بۆ (بطحان) پێغەمبەر(ﷺ) دەستنوێژی گرت، ئێمەش دەستنوێژمان گرت، پێغەمبەر(ﷺ) دوای ئەوەی خۆرئاوابوو نوێژی عەسری کرد، ئینجا دوای ئەوە نوێژی شێوانی کرد.

(٢٨) دوورکات پێش شێوان دوای خۆر ئاوابوون

٢٢٠ـ عَنْ مُخْتَارِ بْنِ فُلْفُلٍ قَالَ: سَأَلْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) عَنِ التَّطَوُّعِ بَعْدَ الْعَصْرِ، فَقَالَ: كَانَ عُمَرُ يَضْرِبُ الْأَيْدِي عَلَى صَلَاةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ، وَكُنَّا نُصَلِّي عَلَى

عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) رَكْعَتَيْنِ بَعْدَ غُرُوبِ الشَّمْسِ قَبْلَ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ. فَقُلْتُ لَهُ: أَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) صَلَّاهُمَا؟ قَالَ: كَانَ يَرَانَا نُصَلِّيهِمَا، فَلَمْ يَأْمُرْنَا وَلَمْ يَنْهَنَا.

(مختار) کوری (فلفل) دەڵێ: پرسیارم کرد لە(انس) کوری(مالك) (ﷺ) لەبارەی سوننەتی دوای عەسرەوە ، وتی: عمر دەیکێشا بەدەستیاندا ﴿نارەزایی دەردەبڕی﴾لەنوێژی دوای عەسرا، ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) دوای خۆرئاوابوون ، پێش نوێژی شێو دورکاتمان دەکرد پێم وت: ئایا پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەو دوو رکاتەی دەکرد؟ وتی: ئێمەی دەبینی دەمانکرد، نەفەرمانی پێدەکرین و نەرێگری لێدەکردین.

(٢٩) کاتی شێو ئەوکاتەیە خۆرئاوا دەبێت

٢٢١- عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يُصَلِّي الْمَغْرِبَ إِذَا غَرَبَتِ الشَّمْسُ وَتَوَارَتْ بِالْحِجَابِ. ﴿بخاري/ مواقيت الصلاة / وقت المغرب /٥٣٦﴾

(سلمه) کوری (اکوع) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ خۆرئاوا دەبوو دیارنەدەما نوێژی شێوی دەکرد.

(٣٠) کاتی نوێژی خەوتنان و دواخستنی

٢٢٢- عن عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: أَعْتَمَ النَّبِيُّ (ﷺ) ذَاتَ لَيْلَةٍ حَتَّى ذَهَبَ عَامَّةُ اللَّيْلِ، وَحَتَّى نَامَ أَهْلُ الْمَسْجِدِ، ثُمَّ خَرَجَ فَصَلَّى فَقَالَ: ((إِنَّهُ لَوَقْتُهَا، لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي)). [بخاري/ مواقيت الصلاة / فضل العشاء/٥٤١]

عائشه(ر.ض) دەڵێ: شەوێکیان پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی خەوتنی دواخست هەتا زۆربەی شەو رۆیشت و خەڵکی ناو مزگەوت خەوتن، ئینجا هات و نوێژی کردو فەرمووی: ((لەراستیدا ئەگەر گران نەبوایە لەسەر ئوممەتم، ئەمە کاتیەتی)).

(٣١) ناوی نوێژی خەوتنان

٢٢٣- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَغْلِبَنَّكُمُ الْأَعْرَابُ عَلَى اسْمِ صَلَاتِكُمُ الْعِشَاءِ، أَلَا إِنَّهَا فِي كِتَابِ اللَّهِ الْعِشَاءُ، وَهُمْ يُعْتِمُونَ بِالْإِبِلِ)).

(عبدالله) کوری (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((عەرەبە دەشتەکیەکان زاڵ نەبن بەسەرتانا لەسەر ناوی نوێژی خەوتنان، بە(عەتەمە) ناوی بەرن چونکە لەقورئانەکەی خوادا بە(عشاء) هاتووە، عەرەبی

دەشتەکی لەتاریکی شەودا وشتر ئەدۆشن ئەیخەنە تاریکیەوە ئەوان بە وشتر دۆشین دەڵێن عەتەمە)).

(٣٢) ڕێگریی لەدواخستنی نوێژ لەکاتی خۆی

٢٢٤ـعَنْ أَبِي ذَرّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَيْفَ أَنْتَ إِذَا كَانَتْ عَلَيْكَ أُمَرَاءُ يُؤَخِّرُونَ الصَّلَاةَ عَنْ وَقْتِهَا؟ أَوْ: يُمِيتُونَ الصَّلَاةَ عَنْ وَقْتِهَا)). قَالَ: قُلْتُ: فَمَا تَأْمُرُنِي؟ قَالَ: ((صَلِّ الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا، فَإِنْ أَدْرَكْتَهَا مَعَهُمْ فَصَلِّ، فَإِنَّهَا لَكَ نَافِلَةٌ)).

(ابو ذر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((حاڵت چۆن دەبێت ئەگەر کاربەدەستانێکت لەسەربێت، نوێژ دوابخەن لەکاتی خۆی ؟ بیفەوتێنن دەڵێ: وتم : چ فەرمانێکم پێدەکەیت؟ فەرمووی: ((نوێژ لەکاتی خۆیدا بکە، ئەگەر بەنوێژەکەی ئەوانیش گەیشتیت نوێژیان لەگەڵدا بکە ، ئەوەش دەبێتە سوننەت بۆت)).

(٣٣) چاکترین کار نوێژە لەکاتی خۆیدا

٢٢٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: ((الصَّلَاةُ لِوَقْتِهَا)). قَالَ: ﴿قُلْتُ﴾: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ((بِرُّ الْوَالِدَيْنِ)). قَالَ: ﴿قُلْتُ﴾: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ((الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)). فَمَا تَرَكْتُ أَسْتَزِيدُهُ إِلَّا إِرْعَاءً عَلَيْهِ.

(عبدالله) کوری (مسعود) دەڵێ: پرسیارم کرد لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) کام کار زۆرچاکە ؟ فەرمووی : ((نوێژ لەکاتی خۆیدا)) دەڵێ: [وتم] پاشان چی ؟ فەرمووی: ((چاکە کردن لەگەڵ دایك و باوکا)). وتم: پاشان چی؟ فەرموی: ((جهاد لەرێی خوادا)) بۆیە پرسیاری ترم نەکرد لەبەرئەوەی ئەزیەتی نەکەم.

(٣٤) ئەوەی گەیشت بەرکاتێك گەیشتووە بەنوێژەکە

٢٢٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الصَّلَاةِ فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلَاةَ)). [بخاري/ مواقيت الصلاة / ٥٥٥]

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوەی گەیشت بەرکاتێك لەنوێژەکە ئەوە گەیشتووە بەنوێژەکە)).

(٣٥) هەرکەس خەوتبوو لەکاتی نوێژدا یان لەبیری چوو هەرکاتێ بیری کەوتەوە بایبکات

٢٢٧ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: خَطَبَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((إِنَّكُمْ تَسِيرُونَ عَشِيَّتَكُمْ وَلَيْلَتَكُمْ، وَتَأْتُونَ الْمَاءَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ غَدًا)). فَانْطَلَقَ النَّاسُ لَا يَلْوِي أَحَدٌ عَلَى أَحَدٍ، قَالَ أَبُو قَتَادَةَ: فَبَيْنَمَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَسِيرُ حَتَّى ابْهَارَّ اللَّيْلُ وَأَنَا إِلَى جَنْبِهِ، قَالَ: فَنَعَسَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَمَالَ عَنْ رَاحِلَتِهِ فَأَتَيْتُهُ فَدَعَمْتُهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ أُوقِظَهُ، حَتَّى اعْتَدَلَ عَلَى رَاحِلَتِهِ، قَالَ: ثُمَّ سَارَ حَتَّى تَهَوَّرَ اللَّيْلُ مَالَ عَنْ رَاحِلَتِهِ، قَالَ: فَدَعَمْتُهُ مِنْ غَيْرِ أَنْ أُوقِظَهُ حَتَّى اعْتَدَلَ عَلَى رَاحِلَتِهِ، قَالَ: ثُمَّ سَارَ حَتَّى إِذَا كَانَ مِنْ آخِرِ السَّحَرِ مَالَ مَيْلَةً هِيَ أَشَدُّ مِنَ الْمَيْلَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ حَتَّى كَادَ يَنْجَفِلُ، فَأَتَيْتُهُ فَدَعَمْتُهُ، فَرَفَعَ رَأْسَهُ فَقَالَ: ((مَنْ هَذَا)). قُلْتُ: أَبُو قَتَادَةَ، قَالَ: ((مَتَى كَانَ هَذَا مَسِيرَكَ مِنِّي)). قُلْتُ: مَا زَالَ هَذَا مَسِيرِي مُنْذُ اللَّيْلَةِ، قَالَ: ((حَفِظَكَ اللَّهُ بِمَا حَفِظْتَ بِهِ نَبِيَّهُ)). ثُمَّ قَالَ: ((هَلْ تَرَانَا نَخْفَى عَلَى النَّاسِ)). ثُمَّ قَالَ: ((هَلْ تَرَى مِنْ أَحَدٍ)). قُلْتُ: هَذَا رَاكِبٌ، ثُمَّ قُلْتُ: هَذَا رَاكِبٌ آخَرُ، حَتَّى اجْتَمَعْنَا فَكُنَّا سَبْعَةَ رَكْبٍ، قَالَ: فَمَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الطَّرِيقِ فَوَضَعَ رَأْسَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((احْفَظُوا عَلَيْنَا صَلَاتَنَا)). فَكَانَ أَوَّلَ مَنِ اسْتَيْقَظَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَالشَّمْسُ فِي ظَهْرِهِ، قَالَ: فَقُمْنَا فَزِعِينَ، ثُمَّ قَالَ: ((ارْكَبُوا)). فَرَكِبْنَا فَسِرْنَا، حَتَّى إِذَا ارْتَفَعَتِ الشَّمْسُ نَزَلَ، ثُمَّ دَعَا بِمِيضَأَةٍ كَانَتْ مَعِي فِيهَا شَيْءٌ مِنْ مَاءٍ، قَالَ: فَتَوَضَّأَ مِنْهَا وُضُوءًا دُونَ وُضُوءٍ، قَالَ: وَبَقِيَ فِيهَا شَيْءٌ مِنْ مَاءٍ، ثُمَّ قَالَ لِأَبِي قَتَادَةَ: ((احْفَظْ عَلَيْنَا مِيضَأَتَكَ، فَسَيَكُونُ لَهَا نَبَأٌ)). ثُمَّ أَذَّنَ بِلَالٌ بِالصَّلَاةِ فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ صَلَّى الْغَدَاةَ، فَصَنَعَ كَمَا كَانَ يَصْنَعُ كُلَّ يَوْمٍ، قَالَ: وَرَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَرَكِبْنَا مَعَهُ، قَالَ: فَجَعَلَ بَعْضُنَا يَهْمِسُ إِلَى بَعْضٍ: مَا كَفَّارَةُ مَا صَنَعْنَا بِتَفْرِيطِنَا فِي صَلَاتِنَا؟ ثُمَّ قَالَ: ((أَمَا لَكُمْ فِيَّ أُسْوَةٌ)). ثُمَّ قَالَ: ﴿أَمَا﴾ إِنَّهُ لَيْسَ فِي النَّوْمِ تَفْرِيطٌ، إِنَّمَا التَّفْرِيطُ عَلَى مَنْ لَمْ يُصَلِّ الصَّلَاةَ حَتَّى يَجِيءَ وَقْتُ الصَّلَاةِ الْأُخْرَى، فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَلْيُصَلِّهَا حِينَ يَنْتَبِهُ لَهَا، فَإِذَا كَانَ الْغَدُ فَلْيُصَلِّهَا عِنْدَ وَقْتِهَا)). ثُمَّ قَالَ: ((مَا تَرَوْنَ النَّاسَ صَنَعُوا)). قَالَ: ثُمَّ قَالَ: ((أَصْبَحَ النَّاسُ، فَقَدُوا نَبِيَّهُمْ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ -(ﷺ)-: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَكُمْ، لَمْ يَكُنْ لِيُخَلِّفَكُمْ. وَقَالَ النَّاسُ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ أَيْدِيكُمْ. فَإِنْ يُطِيعُوا أَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ يَرْشُدُوا)). قَالَ: فَانْتَهَيْنَا إِلَى النَّاسِ حِينَ امْتَدَّ النَّهَارُ وَحَمِيَ كُلُّ شَيْءٍ،

وَهُمْ يَقُولُونَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَلَكْنَا، عَطِشْنَا، فَقَالَ: ((لَا هُلْكَ عَلَيْكُمْ)). ثُمَّ قَالَ: ((أَطْلِقُوا لِي غُمَرِي)). وَدَعَا بِالْمِيضَأَةِ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصُبُّ، وَأَبُو قَتَادَةَ يَسْقِيهِمْ، فَلَمْ يَعْدُ أَنْ رَأَى النَّاسُ مَاءً فِي الْمِيضَأَةِ تَكَابُّوا عَلَيْهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَحْسِنُوا الْمَلَأَ، كُلُّكُمْ سَيَرْوَى)). قَالَ: فَفَعَلُوا، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصُبُّ وَأَسْقِيهِمْ حَتَّى مَا بَقِيَ غَيْرِي وَغَيْرُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: ثُمَّ صَبَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ لِي: ((اشْرَبْ)). فَقُلْتُ: لَا أَشْرَبُ حَتَّى تَشْرَبَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: ((إِنَّ سَاقِيَ الْقَوْمِ آخِرُهُمْ ﴿شُرْبًا﴾)). قَالَ: فَشَرِبْتُ، وَشَرِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: فَأَتَى النَّاسُ الْمَاءَ جَامِّينَ رِوَاءً. قَالَ: فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ رَبَاحٍ: إِنِّي لَأُحَدِّثُ هَذَا الْحَدِيثَ فِي مَسْجِدِ الْجَامِعِ إِذْ قَالَ عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْنٍ: انْظُرْ أَيُّهَا الْفَتَى كَيْفَ تُحَدِّثُ، فَإِنِّي أَحَدُ الرَّكْبِ تِلْكَ اللَّيْلَةَ. قَالَ: قُلْتُ: فَأَنْتَ أَعْلَمُ بِالْحَدِيثِ، فَقَالَ: مِمَّنْ أَنْتَ؟ قُلْتُ: مِنَ الْأَنْصَارِ، قَالَ: حَدِّثْ فَأَنْتُمْ أَعْلَمُ بِحَدِيثِكُمْ. قَالَ: فَحَدَّثْتُ الْقَوْمَ، فَقَالَ عِمْرَانُ: لَقَدْ شَهِدْتُ تِلْكَ اللَّيْلَةَ، وَمَا شَعَرْتُ أَنَّ أَحَدًا حَفِظَهُ كَمَا حَفِظْتُهُ.

(ابو قتادە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) وتاری بۆ دەداین فەرمووی: ((ئێوە ئەمشەو بەرێگاوەن ، خوا حەزکات سبەینێ دەگەن بەئاو)) خەڵکەکە دەرچوون، کەس لای نەدەکردەوە بۆ کەس، (ابو قتادە) دەڵێ: لەکاتێکا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەرێگادا دەڕۆیشت هەتا نیوەی شەو ڕۆیشتو منیش لەتەنیشتیەوە بووم، دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) وەنەوزی دەدا، لاربوویەوە لەسەر وڵاغەکەی ، دەڵێ: منیش خێرا راستم کردەوەو خەبەریشم نەکردەوە، دەڵێ: ئینجا ڕۆیشت هەتا زۆربەی شەوەکە ڕۆیشت [دووبارە] بەسەر وڵاغەکەیەوە لاربوویەوە، دەڵێ: راستم کردەوە لەسەر وڵاغەکەی بەبێ ئەوەی خەبەری بکەمەوە، ئینجا ڕۆیشت هەتا کاتی کۆتایی پارشێو، ئەمجارەیان زۆر لار بوویەوە زیاتر لەدوو جارەکەی پێشوو هەتا خەریك بوو بکەوێتە خوارەوە، خێراهاتم راستم کردەوە سەری بەرزکردەوە فەرمووی: ((ئەوە کێیە؟)) وتم: (ابوقتادە) فەرمووی: ((لەکەیەوە ئاوا لەگەڵ مندای لەرێگادا؟)) وتم: هەموو ئەمشەو لەخزمەتتا بووم، فەرمووی : ((خوا بتپارێزێت چۆن تۆ پارێزگاری پێغەمبەرەکەیت کرد)) ئینجا فەرمووی: ((ئایا وادەبینی ئێمە دیار نەبین لەخەڵکیەوە)) ئینجا فەرمووی: ((ئایا کەس دەبینی)) وتم: ئەوە سوارێکە ، ئینجا وتم : ئەوە سوارێکیترە، هەتا کۆبووینەوە بووین بەحەوت کەس، دەڵێ:

پێغەمبـەر(ﷺ) لەرێگاکـە لایـدا سـەری خـستە سـەرزەوی ، ئینجـا فـەرمووی: ((ئاگاتان لەنوێژەکانتان بێت)) یەکەم کـەس کەهەستا پێغەمبـەری خوابـوو (ﷺ) خۆریش لەپـشتیەوە بـوو، دەڵـیٚ: خێـرا هـەموو هەسـتاین بەشڵەژاویی، ئینجـا فـەرمووی: ((سـوارب‌ن)) ئێمـەش سـوار بـووین‌و کەوتینـەڕیٚ هـەتا خـۆر بەرزبوویـەوە، دابەزی ، ئینجـا داوای مەسینەیەکی کـرد کـەمن پـێم بـوو کـەمێك ئاوی تێـدابوو، دەڵـیٚ: سووکە دەستنوێژێکی گـرت، کـەمێك ئـاوی تێـدامابوو، ئینجـا بـە(ابوقتـادە)ی فەرموو: ((مەسینەکەت بپـارێزە بۆمـان ئـەوە ناوبـانگێکی گەورەی دەبێت)) ئینجا بیلال بانگی‌داو پێغەمبەر(ﷺ) دوورکـات نوێـژی کـرد ، پاشـان نوێـژی بـەیانی کـرد، هـەروەکو ڕۆژانـی ڕابـوردوو، دەڵـیٚ: پێغەمبـەر(ﷺ) سواربوو، ئێمەش لەگەڵیا سواربووین ، دەڵیٚ : هەندێکمان بەچپە بەهەنـدێکمان وت: ((ئایـا کـەفارەتی ئـەوەی کەنوێژەکـەمان دواخـستبوو دەبـیٚ چـی بێـت؟)) ئینجـا فـەرمووی: ((ئایـا مـن سەرمەشـق نـیم بـۆ ئێـوە)) پاشـان فـەرمووی : ((ئاگادارب‌ن خەوتن نابێتە کەمتەرخـەمی، بەڵکو کەمتەرخـەمی ئەوەیـە: کەسێك نوێژێك نەکات هەتا کاتی نوێژێکی‌تر دێت، هەرکەس وایکرد با هـەرکاتیٚ بیری کەوتەوە نوێژەکە بکات ئەگەر کەوتـەوە سبەینیٚ. بالەکاتەکەی خۆیدا بیکـات)) پاشـان فـەرمووی: ((ئـەو خەڵکـە چییان کـرد؟)) ئینجـا وتـی: خـەڵکی ڕۆژیـان ل‌یٚبویـەوە، پێغەمبەرەکـەیان لیٚـون بووبـوو، ابـوبکرو عمـر (ر.ض)وتیـان: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەدواتانەوەیـە، ئـەو زۆر دواناکـەویٚ لێتـان، خەڵکەکـە وتیان: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لێتان پێشکەوتووە، ئەگەر گوێڕایەڵی ابوبکرو عمر بـن بەهەڵـەدا ناچـن)قـەتادە دەڵـیٚ: [زۆری پیٚنەچـوو] گەیـشتین بەخەڵکەکـە ، کـاتیٚ خـۆر بەرزبوویـەوە هەمووشـتیٚ گـەرم بووبـوو خـەڵك دەیـانوت : ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەوتاین، تینومانـە، فـەرمووی: ((نافـەوتێن)) ئینجـا فـەرمووی: ((جامەکـەم بـۆ دەربێـنن)) داوای مەسـینەکەی کـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) ئاوی ڕۆکردە جامەکەو (ابو قتادە) دەیدانیٚ، کـاتیٚ خـەڵکی مەسینەکەیان بینـی کەڵەکـەیان کـرد لەسـەری، پێغەمبـەری (ﷺ) فـەرمووی: ((بـاش پـڕی کـەن، هـەمووتان تێرئـاو دەبن)) قـەتادە دەڵـیٚ: بەقسەیان کـرد، پێغەمبـەر(ﷺ) ئـاوی ڕۆدەکردوو منیش ئاوەکەم دەدانیٚ هـەتا کـەس نـەما من‌و پێغەمبـەر(ﷺ) نـەبیٚ. دەڵـیٚ: ئینجـا ئـاوی تێکـردوو بـەمنی فـەرموو بخـۆرەوە، منـیش وتـم: ناخۆمـەوە

هـەتا تـۆ نەخۆیتـەوە ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمووی: ((ئـاودێری خـەڵکی دەبـێ لـەدوای هـەموویان بخواتـەوە)) منیش خواردمـەوە، ئینجا پێغەمبـەر(ﷺ) خواردیەوە ئینجا خەڵکەکە تێرئاو بوون و پشوویاندا، (عبدالله) کوری(رباح) دەڵـێ: مـن لەمزگـەوتا ئـەم فـەرموودەم بـۆ خەڵکەکـە دەگێڕایـەوە ، (عمـران) کوری(حصین) وتـی: وریابە ئەی گـەنج بزانە چۆن ئەو فەرموودە دەگێڕێتەوە لەراستیدا من یەکێك بووم لەو کاروانەی ئەو شەوە ، عبدالله دەڵـێ وتم: کەواتە تـۆ زانـاتری بـەم فەرموودەیـە ، وتـی: تـۆکێی؟ وتم: لـە(انـصارە)کـانم ، وتـی: کـەوابوو تـۆ بیگێـڕەوە ، ئێـوە زانـاترن بەفەرموودەکەتان. دەڵـێ: گێڕامـەوە بـۆ خەڵکەکـە ، عمـران وتـی: لەوشـەوەدا مـن لـەوێ بـووم.. واهەسـتم نـەکردووە کەکەسێك هەبێت لەمن باشتر ئەو فەرموودەی لەبەرکردبێت.

(٣٦) نوێژ لەیەك پۆشاكدا

٢٢٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ): أَنَّ سَائِلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) عَنِ الـصَّلَاةِ فِـي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ؟ فَقَالَ: ((أَوَلِكُلِّكُمْ ثَوْبَانِ)). [بخاري/ الصلاة في ثياب/ ٣٥١]

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پرسیارکەرێك پرسیاری لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد لەبارەی نوێژەوە لەیەك پۆشـاكدا؟ ئـەویش بەسـەر سـووڕمانەوە فـەرمووی: ((بـۆ هەموو یەکێکتان دوو پۆشاکی هەیە)).

٢٢٩ـ عن عُمَرَ بْنَ أَبِي سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ مُشْتَمِلًا بِهِ فِي بَيْتِ أُمِّ سَلَمَةَ، وَاضِعًا طَرَفَيْهِ عَلَى عَاتِقَيْهِ. [بخاري/ الـصلاة في ثياب/ ٣٤٩]

(عمر) کوڕی (ابو سلمه) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوام(ﷺ) دیـووە نوێـژی دەکـــرد لەیـــەك پۆشـــاكدا کـــە پێـــچابوی لـــەخۆی لـــەماڵی (ام ســـلمه) هەردووچمەکەی خستبووە سەر هەردووشانی.

(٣٧) نوێژ لە پۆشاكی خە تخەتدا

٢٣٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي فِي خَمِيصَةٍ ذَاتِ أَعْلَامٍ، فَنَظَرَ إِلَى عَلَمِهَا، فَلَمَّا قَضَى صَلَاتَهُ قَالَ: ((اذْهَبُوا بِهَذِهِ الْخَمِيصَةِ إِلَى أَبِي جَهْمِ بْنِ حُذَيْفَةَ وَأْتُونِي بِأَنْبِجَانِيِّهِ، فَإِنَّهَا أَلْهَتْنِي آنِفًا عَنْ صَلَاتِي)). [بخاري/ الصلاة في ثياب/ ٢٦٦]

(عائشه) (ر.ض) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هەسـتا دەسـتیکرد بەنوێـژ لەبـەرگێکی چوارگۆشـەدا کـە خەتخـەت بـوو، سـەیری خەتـەکانی دەکـرد، کـاتێ لەنوێژەکـەی بوویـەوە ، فـەرمووی: ((ئـەم بەرگـە ببـەن بـۆ (ابـوجهم) کـوری (حذیفـة)بـەرگێکی ئەسـتووری سـادە بـۆ مـن بهێـنن ، چـونکە خـەیاڵی بـردم لەنوێژەکەمدا)).

(٣٨) نوێژ لەسەر حەسیر

٢٣١. عَنْ إِسْحَقَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ جَدَّتَهُ مُلَيْكَةَ دَعَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لِطَعَامٍ صَنَعَتْهُ، فَأَكَلَ مِنْهُ، ثُمَّ قَالَ: ((قُومُوا فَأُصَلِّيَ لَكُمْ)). قَالَ أَنَسُ ﴿بْنُ مَالِكٍ﴾: فَقُمْتُ إِلَى حَصِيرٍ لَنَا قَدِ اسْوَدَّ مِنْ طُولِ مَا لُبِسَ، فَنَضَحْتُهُ بِمَاءٍ، فَقَامَ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَصَفَفْتُ أَنَا وَالْيَتِيمُ وَرَاءَهُ، وَالْعَجُوزُ مِنْ وَرَائِنَا، فَصَلَّى لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ انْصَرَفَ. [بخاري/ الصلاة في ثياب/ ٣٦٦]

(اسحاق) کوری(عبدالله) کوری(ابوطلحة) لە (انس) کوری (مالك)ەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە مولەیکەی نەنکی بانگێشتنی پێغەمبـەری خـوای (ﷺ) کـرد بـۆ خواردنێك کە سازی کردبوو، ئەویش لێی خوارد، پاشان فەرمووی: ((هەستن با نوێـژتان بـۆ بکـەم)) (انـس) دەڵـێ: هەسـتاین لەسـەر حەسـیرێکی ئێمـە کەلەبـەر کـۆنی ڕەش دا گـەڕابوو، ئاورشێنێکم کـرد بـەئاو پێغەمبـەر (ﷺ) چـووە سـەری مـنو منـداڵێکی بێبـاوك لەدوایـەوە ڕیزبـووین (پیرەژنەکـەش لەدوامانـەوە بـوو) ،پێغەمبەر(ﷺ) دووڕکاتی بۆ کردینو پاشان ڕۆیشت.

(٣٩) نوێژ بەنەعلەوە

٢٣٢ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ: قُلْتُ لِأَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي فِي النَّعْلَيْنِ؟ قَالَ: نَعَمْ. [بخاري/ الصلاة في ثياب/ ٣٧٣]

(سـعید) کـوری(یزیـد) دەڵـێ: بـە(انـس) کـوری(مالـك)م (ﷺ) وت: ئایـا پێغەمبەری خوا بەنەعلەکانیەوە نوێژی دەکرد؟ وتی: بەڵێ.

(٤٠) یەکەم مزگەوت کەلەسەرزەویدا کرایەوە

٢٣٣ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ مَسْجِدٍ وُضِعَ فِي الْأَرْضِ أَوَّلُ؟ قَالَ: ((الْمَسْجِدُ الْحَرَامُ)). قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: ((الْمَسْجِدُ الْأَقْصَى)). قُلْتُ: كَمْ

بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: ((أَرْبَعُونَ سَنَةً، وَأَيْنَمَا أَدْرَكَتْكَ الصَّلَاةُ فَصَلِّ، فَهُوَ مَسْجِدٌ)). [بخاري/ الانبياء/ ٣١٨٦].

(ابوذر)(ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کام مزگەوت یەکەم مزگەوتە لەسەرزەویدا؟ فەرمووی: ((مزگەوتی حەرام)) وتم : پاشان کام؟ فەرمووی: ((مزگەوتی ئەقسا)) وتم: ماوەی نێوانیان چەندە؟ فەرمووی: ((چل ساڵ، لەهەر شوێنێکیش کاتی نوێژ هات نوێژ بکە، ئەوە مزگەوتە)).

(٤١) دروستکردنی مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)

٢٣٤ـ عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدِمَ الْمَدِينَةَ، فَنَزَلَ فِي عُلْوِ الْمَدِينَةِ فِي حَيٍ يُقَالُ لَهُمْ: بَنُو عَمْرِو بْنِ عَوْفٍ، فَأَقَامَ فِيهِمْ أَرْبَعَ عَشْرَةَ لَيْلَةً، ثُمَّ إِنَّهُ أَرْسَلَ إِلَى مَلَإِ بَنِي النَّجَّارِ، فَجَاءُوا مُتَقَلِّدِينَ بِسُيُوفِهِمْ، قَالَ: فَكَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى رَاحِلَتِهِ وَأَبُو بَكْرٍ رِدْفُهُ، وَمَلَأُ بَنِي النَّجَّارِ حَوْلَهُ حَتَّى أَلْقَى بِفِنَاءِ أَبِي أَيُّوبَ، قَالَ: فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي حَيْثُ أَدْرَكَتْهُ الصَّلَاةُ، وَيُصَلِّي فِي مَرَابِضِ الْغَنَمِ، ثُمَّ إِنَّهُ أَمَرَ بِالْمَسْجِدِ، قَالَ فَأَرْسَلَ إِلَى مَلَإِ بَنِي النَّجَّارِ فَجَاءُوا فَقَالَ: ((يَا بَنِي النَّجَّارِ ثَامِنُونِي بِحَائِطِكُمْ هَذَا)). قَالُوا: لَا وَاللَّهِ لَا نَطْلُبُ ثَمَنَهُ إِلَّا إِلَى اللَّهِ (ﷻ). قَالَ أَنَسٌ: فَكَانَ فِيهِ مَا أَقُولُ: كَانَ فِيهِ نَخْلٌ، وَقُبُورُ الْمُشْرِكِينَ وَخَرِبٌ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِالنَّخْلِ فَقُطِعَ، وَبِقُبُورِ الْمُشْرِكِينَ فَنُبِشَتْ، وَبِالْخَرِبِ فَسُوِّيَتْ، قَالَ: فَصَفُّوا النَّخْلَ قِبْلَةً، وَجَعَلُوا عِضَادَتَيْهِ حِجَارَةً، قَالَ: فَكَانُوا يَرْتَجِزُونَ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَعَهُمْ، وَهُمْ يَقُولُونَ:

اللَّهُمَّ لَا خَيْرَ إِلَّا خَيْرُ الْآخِرَهْ

فَانْصُرِ الْأَنْصَارَ والمهاجرة [بخاري/ المساجد/ ٤١٨]

(انس) کوری(مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هات بۆ مەدینە لەسەرووی مەدینە دابەزی لەناوتیرەیەکدا پێیان دەوتن: نەوەی(عمرو کوری عوف) چواردەشەو لەناویاندا مایەوە، پاشان ناردی بەدوای پیاو ماقوڵانی (بنی النجار) دا، ئەوانیش هاتن شمشێرەکانیان لەملیاندا بوو، راوی دەڵێ: هەر دەڵێی ئێستا چاوم لەپێغەمبەری خوایە(ﷺ) بەسەروشترەکەیەوە (ابوبکر)وا لەپاشکۆیەو پیاوماقوڵانی (بنی النجار) دەورەیان داوە هەتا گەیشتە بەردەمماڵی (ابو ایوب) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەهەر شوێنێك کاتی نوێژ بهاتایە نوێژی دەکرد، لەمۆڵگای عەریش نوێژی کرد، پاشان فەرمانی کرد

بەدروسـتکردنی مزگـەوت، دەڵـێ: نـاردی بـەدوای پیاوماقوڵانی (بنـی النجـار) ئـەوانیش هـاتن و پێـی فـەرموون: ئـەی (بنـی النجـار) مامەڵـەی ئـەم باخـە خورمایـەتانم لەگـەڵ بکـەن))، وتیـان : نەبـەخوا نرخمـان نـاوێ تـەنها لـەخوای (عزوجـل) نـەبێ (انـس) دەڵـێ: باخەکـە ئەمانـەی تێـدابوو دارخورمـاو گـۆڕی موشـریکەکان و چـەند کەلاوەیـەکیش ، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمانیکرد بـەبڕینی دارخورماکان و، هەڵتەکاندنی گـۆڕی موشـریکەکانو کـەلاوەکانیش تـەخت کـران، دەڵێ: دارخورماکانیان لەلای قیبلەوە ریزکرد، دوولاکەیشی بەبەرد دانرا، دەڵێ : ئـەوان سـروودیان دەخوێنـدەوە، پێغەمبـەری خـواش (ﷺ) لەگـەڵیانا هـەموو دەیانوت : اللهم لا خير الا خير الاخرة فانصر الانصار والمهاجرة

(٤٢) لەبارەی ئەو مزگەوتەوە کەلەسەر تەقوا دامەزراوە

٢٣٥ـ عن أَبِي سَلَمَةَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: مَرَّ بِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ)، قَالَ: قُلْتُ لَهُ: كَيْفَ سَمِعْتَ أَبَاكَ يَذْكُرُ فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى؟ قَالَ: قَالَ أَبِي: دَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَيْتِ بَعْضِ نِسَائِهِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الْمَسْجِدَيْنِ الَّذِي أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى؟ قَالَ: فَأَخَذَ كَفًّا مِنْ حَصْبَاءَ فَضَرَبَ بِهِ الْأَرْضَ ثُمَّ قَالَ: ((هُوَ مَسْجِدُكُمْ هَذَا)) لِمَسْجِدِ الْمَدِينَةِ. قَالَ: فَقُلْتُ: أَشْهَدُ أَنِّي سَمِعْتُ أَبَاكَ هَكَذَا يَذْكُرُهُ.

(ابـو مـسلم) کـوری (عبـدالرحمن) دەڵـێ: عبـدالرحمن کـوری (ابـو سـعید الخدري) (ﷺ) تێپـەڕی بەلامانـدا ، دەڵـێ: پـێم وت:چۆنت بیـستووە لـە ابوبکر باسی ئەو مزگەوتە بکات کەلەسەر تەقوا دامـەزراوە؟ وتـی: بـاوکم وتـی: چوومە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـەماڵی یـەکێ لەخێزانـەکانی ، وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کـام لـەو دوو مزگەوتـە لەسـەر تـەقوا دامـەزراوە؟ دەڵـێ: چنگێ چەوی هەڵگرت و کێشای بەزەویدا ئینجا فەرمووی: ((ئا ئەم مزگەوتـەی ئێوەیە) مزگەوتی مەدینە دەڵێ: وتم: شایەتی دەدەم من لەباوکم بیستووە ئاوا باسی دەکرد.

(٤٣) خێری نوێژ لەمزگەوتی مەدینەو مەککە

٢٣٦ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): إِنَّ امْرَأَةً اشْتَكَتْ شَكْوَى، فَقَالَتْ: إِنْ شَفَانِي اللَّهُ لَأَخْرُجَنَّ فَلَأُصَلِّيَنَّ فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ، فَبَرَأَتْ، ثُمَّ تَجَهَّزَتْ تُرِيدُ الْخُرُوجَ، فَجَاءَتْ مَيْمُونَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) تُسَلِّمُ عَلَيْهَا، فَأَخْبَرَتْهَا ذَلِكَ، فَقَالَتْ: اجْلِسِي فَكُلِي مَا

صنَعْت، وَصلِّي فِي مَسْجِدِ الرَّسُولِ (ﷺ)، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((صَلَاةٌ فِيهِ أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنَ الْمَسَاجِدِ، إِلَّا مَسْجِدَ الْكَعْبَةِ)).

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێك سكالأیەكی كرد، وتی: ئەگەر خواچاكی كردمەوە دەچم لە(بيت المقدس) نوێژ دەكەم، چاك بوویەوە، ئینجا خۆی ئامادەكرد دەیویست بڕوات، كەچی مەیمونەی هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لای بۆ هەواڵ پرسینی ، ئەویش لەوە ئاگاداری كرد ، [مەیمونە] وتی: دانیشە چیت دروست كردووە بیخۆ، لەمزگەوتی پێغەمبەریش (ﷺ) نوێژ بكە ، من لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: (نوێژ تیایدا چاكترە لەهەزار نوێژ لەمزگەوتەكانی تردا، جگە لەمزگەوتی كەعبە)).

(٤٤) هاتن بۆ مزگەوتی (قباء)و نوێژكردن تێیدا

٢٣٧ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْتِي مَسْجِدَ قُبَاءٍ رَاكِبًا وَمَاشِيًا، فَيُصَلِّي فِيهِ رَكْعَتَيْنِ. [بخاري/ التطوع/ اتيان مسجد قباء / ١١٣٦]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەسواری و یان بەپێ دەهات بۆ مزگەوتی (قوباء)دووركات نوێژی تێدادەكرد.

(٤٥) خێری ئەوەی مزگەوتێك بۆ خوا دروست بكات

٢٣٨ـ عَنْ مَحْمُودِ بْنِ لَبِيدٍ (ﷺ): أَنَّ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ (ﷺ) أَرَادَ بِنَاءَ الْمَسْجِدِ، فَكَرِهَ النَّاسُ ذَلِكَ، فَأَحَبُّوا أَنْ يَدَعَهُ عَلَى هَيْئَتِه، فَقَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ بَنَى مَسْجِدًا لِلَّهِ بَنَى اللَّهُ لَهُ فِي الْجَنَّةِ مِثْلَهُ)). [بخاري/ / المساجد / من بنى مسجداً/ ٤٣٩]

(محمود) كوری (لبید) (ﷺ) دەڵێ: (عثمان)كوڕی(عفان) (ﷺ) ویستی مزگەوت دروست بكاتەوە، خەڵك ئەوەیان پێناخۆش بوو، حەزیان دەكرد، وەكو خۆی بمێنێتەوە بۆیە وتی: لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((هەركەس مزگەوتێك بۆ خوا دروست بكات خوا لە بەهەشتا بەوێنەی ئەوەی بۆ دروست دەكات)).

(٤٦) ڕێزی مزگەوتەكان

٢٣٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَحَبُّ الْبِلَادِ إِلَى اللَّهِ مَسَاجِدُهَا، وَأَبْغَضُ الْبِلَادِ إِلَى اللَّهِ أَسْوَاقُهَا)).

(ابـوهریرە) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمووی: ((خۆشەویـسترین وڵات لـــەلای خـــوا مزگەوتەکانیـــەتی، ناشـــیرین تـــرین وڵاتـــیش لـــەلای خـــوا بازارەکانیەتی)).

(٤٧) خێرو زۆریی هەنگاوەکان بۆ مزگەوتەکان

٢٤٠- عَنْ أُبَيٍّ بْنِ كَعْبٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ بَيْتُهُ أَقْصَى بَيْتٍ فِي الْمَدِينَةِ، فَكَانَ لَا تُخْطِئُهُ الصَّلَاةُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: فَتَوَجَّعْنَا لَهُ، فَقُلْتُ: لَهُ يَا فُلَانُ لَوْ أَنَّكَ اشْتَرَيْتَ حِمَارًا يَقِيكَ مِنَ الرَّمْضَاءِ، وَيَقِيكَ مِنْ هَوَامِّ الْأَرْضِ. قَالَ: أَمَ وَاللَّهِ مَا أُحِبُّ أَنَّ بَيْتِي مُطَنَّبٌ بِبَيْتِ مُحَمَّدٍ (ﷺ)، قَالَ: فَحَمَلْتُ بِهِ حِمْلًا حَتَّى أَتَيْتُ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرْتُهُ، قَالَ: فَدَعَاهُ فَقَالَ لَهُ مِثْلَ ذَلِكَ، وَذَكَرَ لَهُ أَنَّهُ يَرْجُو فِي أَثَرِهِ الْأَجْرَ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِنَّ لَكَ مَا احْتَسَبْتَ)).

(ابی) کوری (کعب) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە(انصار)یەکان ماڵەکەی دوورترین مـاڵی مەدینـەبوو، هـیچ نوێـژێکی نـەدەبوارد لەخزمـەت پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) دەڵێ: دڵـم سـووتا بۆی، وتم: ئـەی فلان ئەگـەر کـەرێکت بکرِیایە بتپارێزێـت لـە گـەرمای هـاوینو بتپارێزێـت لـە مـارو مێـرووی زەوی ، دەڵـێ: سـوێند بـەخوا حەزناکەم ماڵەکەم لەپاڵ ماڵی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بێت، دەڵـێ: ئەوەم لـەدڵما هەڵگرت هەتا هاتمە خزمەت، پێغەمبەری خوا پێم راگەیاند، دەڵێ: بانگی کردو ئـەوەی پـێ فـەرموو ئـەو دەیـەوێ بـەهۆی ئـەوەوە خێـری دەسـت بکـەوێت ، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو: چیت داوا کردووە خوا دەتداتێ.

(٤٨) رۆیشتن بۆ نوێژەکان گوناه دەسرێتەوەو پلە بەرزدەکاتەوە

٢٤١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ مَشَى إِلَى بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ، لِيَقْضِيَ فَرِيضَةً مِنْ فَرَائِضِ اللَّهِ، كَانَتْ خَطْوَتَاهُ إِحْدَاهُمَا تَحُطُّ خَطِيئَةً، وَالْأُخْرَى تَرْفَعُ دَرَجَةً)).

(ابـوهریرە) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((هەرکـەس لەماڵی خۆیان دەستنوێژ بگرێتو پاشان برِوات بۆ ماڵێك لەماڵەکانی خوا، بۆ ئەوەی فەرزێك لەفەرزەکانی خوا ئەنجام بدات، هەنگاوەکانی یەکێکیان گوناهێك لادەبات، ئەوەی‌تریان پلەیەك بەرزی دەکاتەوە)).

(٤٩) بەئارامی هاتن بۆ نوێژو پەلەنەکردن

٢٤٢ـ عن أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ نُصَلِّي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَسَمِعَ جَلَبَةً، فَقَالَ: ((مَا شَأْنُكُمْ)). قَالُوا: اسْتَعْجَلْنَا إِلَى الصَّلَاةِ، قَالَ: ((فَلَا تَفْعَلُوا، إِذَا أَتَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَعَلَيْكُمُ السَّكِينَةُ، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا، وَمَا سَبَقَكُمْ فَأَتِمُّوا)). [بخاري/ الاذان / قول الرجل فاتتنا الصلاة / ٦٠٩]

(ابـو قتـاده) (ﷺ) دەڵـێ: لـەکاتێکا ئێمـە لەخزمـەت پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژمان دەکـرد گـوێی لـە دەنگـی پەلەپەلیـەك بـوو، فـەرمووی: ئـەوە چیتانە . وتیـان: پەلـەمان کـرد بـۆ نوێـژ، فـەرمووی: ((دەوا مەکـەن، ئەگـەر هـاتن بـۆ نوێـژ دەبـێ ئـارامو لەسـەر خـۆبن، بەچـەندیا گەیـشتن بیکـەن، ئـەوەش لەپێـشتانەوە کراوە تەواوی بکەن)).

(٥٠) دەرچوونی ئافرەتان بۆ مزگەوتەکان

٢٤٣ـعَنْ زَيْنَبَ الثَّقَفِيَّةِ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا شَهِدَتْ إِحْدَاكُنَّ الْمَسْجِدَ فَلَا تَمَسَّ طِيبًا)).

(زينب الثقفية) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) پێـی فـەرمووین: ((ئەگـەر ئافرەتێکتان ویستی ئامادەی مزگەوت ببێت با بۆن نەدات لەخۆی)).

(٥١) ڕێگریی لەدەرچوونی ئافرەتان

٢٤٤ـعَنْ عَمْرَةَ ﴿بِنْتِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ﴾: أَنَّهَا سَمِعَتْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ) تَقُولُ: لَوْ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَأَى مَا أَحْدَثَ النِّسَاءُ لَمَنَعَهُنَّ الْمَسْجِدَ كَمَا مُنِعَتْ نِسَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ. قَالَ: فَقُلْتُ لِعَمْرَةَ: أَنِسَاءُ بَنِي إِسْرَائِيلَ مُنِعْنَ الْمَسْجِدَ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. [بخاري/ صفة الصلاة/ انتظار الناس قيام الامام العالم /٨٣١]

(عمـرة بنـت عبـدالرحمن) دەڵـێ: لەعائـشەی هاوسـەری پێغەمبـەری (ﷺ) بیستووە دەیوت: ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بیدیایە ئافرەتان چییان داهێناوە* [کـەدێن بـۆ مزگـەوت] ڕێگـری دەکـران هـەروەکو ڕێگـری لـەئافرەتانی نـەوەی ئیـسرائیل کـرا، راوی دەڵـێ:بەعـەمرەم وت:ئایـا ئافرەتـانی نـەوەی ئیـسرائیل ڕێگری مزگەوتیان لێکرا؟ وتی: بەڵێ.

---

* واتە خۆرازاندنەوەو دەرخستنی جوانیان و بۆن لەخۆدان.

(٥٢) لەکاتی چوونە مزگەوتدا چی دەوترێت

٢٤٥- عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ -أَوْ عَنْ أَبِي أُسَيْدٍ- (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ. وَإِذَا خَرَجَ فَلْيَقُلِ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ)).

لە(ابو حميد) ەوە یا لە (ابی سعید)ەوە (ﷺ) پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر یەکێکتان چووە ناو مزگەوت بابڵێ: (اللهم افتح لي أبواب رحمتك) واتە: خوایە دەرگاکانی رەحمەتی خۆتمان بۆ بکەرەوە، کاتێ چووە دەرەوەش با بڵێ: (اللهم اني اسالك من فضلك) خوایە گیان من داوای خێرو چاکەت لێدەکەم.

(٥٣) هەر کات چووە مزگەوت بادوو رکات نوێژ بکات

٢٤٦- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) جَالِسٌ بَيْنَ ظَهْرَانَيِ النَّاسِ، قَالَ: فَجَلَسْتُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا مَنَعَكَ أَنْ تَرْكَعَ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ تَجْلِسَ)). قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، رَأَيْتُكَ جَالِسًا وَالنَّاسُ جُلُوسٌ. قَالَ: ((فَإِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلَا يَجْلِسْ حَتَّى يَرْكَعَ رَكْعَتَيْنِ)).

[بخاري/ المساجد / اذا اتصل المسجد فليركع ركعتين /٤٣٣]

(ابو قتادە) (ﷺ) دەڵێ: چوومە مزگەوتو پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناو خەڵکەکەدا دانیشتبوو دەڵێ: منیش دانیشتم، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((چی رێی لێگرتی دوو رکات نوێژ بکەیت پێش ئەوەی دابنیشێت))، دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا دیم بەرێزتان دانیشتووەو، خەڵکەکەش دانیشتووە، فەرمووی: ئەگەر یەکێکتان هاتە مزگەوتەوە، بادانەنیشێ هەتا دوو رکات نوێژ دەکات)).

(٥٤) نەهی کراوە لەدەرچوون لەمزگەوت لەدوای بانگدان

٢٤٧- عَنْ أَبِي الشَّعْثَاءِ قَالَ: كُنَّا قُعُودًا فِي الْمَسْجِدِ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، فَأَذَّنَ الْمُؤَذِّنُ فَقَامَ رَجُلٌ مِنَ الْمَسْجِدِ يَمْشِي، فَأَتْبَعَهُ أَبُو هُرَيْرَةَ بَصَرَهُ حَتَّى خَرَجَ مِنَ الْمَسْجِدِ، فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: أَمَّا هَذَا فَقَدْ عَصَى أَبَا الْقَاسِمِ (ﷺ).

(ابو الشعثاء) دەڵێ: ئێمە لەگەڵ (ابوهریرە) (ﷺ) لەمزگەوت دانیشتبووین، بانگبێژ بانگیدا پیاوێك لەمزگەوتەکە هەستا و رۆیشت ، (ابوهریرە) چاوی تێ بڕی هەتا لەمزگەوتەکە چووە دەرەوە، ئینجا (ابوهریرە) وتی: لەراستیا ئەو

پیاوە سەرپێچی کرد لـە(ابـو قاسـم) ﷺ چونکە دەبوو نوێژەکـەی بکـات ئینجـا بروات ﷺ.

(٥٥) کەفارەتی تف رۆکردن لە مزگەوت

٢٤٨ـ عَـنْ أَنَـسِ ابْـنِ مَالِـكٍ (ﷺ) قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللّـهِ (ﷺ): ((الْبُـزَاقُ فِـي الْمَسْجِدِ خَطِيئَةٌ، وَكَفَّارَتُهَا دَفْنُهَا)). [بخاري/ المساجد/ كفارة البزاف/٤٠٥]

(انس) کوری (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((تـف رۆکردن لەمزگەوت تاوانە، کەفارەتیشی شاردنەوەیەتی))

(٥٦) کەراهەتی خواردنی سیرو هاتن بۆ مزگەوت

٢٤٩ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ فِـي غَـزْوَةِ خَيْبَـرَ: ((مَـنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ -يَعْنِي الثُّومَ- فَلَا يَأْتِيَنَّ الْمَسَاجِدَ)). [بخاري/ صفة الصلاة/ ٨١٥]

(ابن عمـر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەغـەزای خەیبـەردا فـەرمووی: ((هەرکەس لەم درەختەی خوارد. واتە سیر. بانەیەتە مزگەوتەکان)).

(٥٧) مەچنە مزگەوت لەکاتی خواردنی سیرو کەومرو پیازدا

٢٥٠ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِالله (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللّـهِ (ﷺ) قَـالَ: ((مَـنْ أَكَـلَ ثُومًـا أَوْ بَـصَلًا فَلْيَعْتَزِلْنَا، أَوْ: لِيَعْتَـزِلْ مَسْجِدَنَا، وَلْيَقْعُدْ فِـي بَيْتِـهِ)). وَإِنَّـهُ أُتِـيَ بِقِدْرٍ فِيـهِ خَضِرَاتٌ مِنْ بُقُولٍ، فَوَجَدَ لَهَا رِيحًا، فَسَأَلَ فَأُخْبِرَ بِمَا فِيهَا مِنَ الْبُقُولِ، فَقَـالَ: ((قَرِّبُوهَا)). إِلَى بَعْضِ أَصْحَابِهِ، فَلَمَّا رَآهُ كَرِهَ أَكْلَهَا قَالَ: ((كُلْ، فَإِنِّي أُنَاجِي مَنْ لَا تُنَاجِي)). [بخاري/ صفة الصلاة/ ٨١٦]

(جـابر) کـوری (عبـدالله) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((هەرکەس سیروپیازی خوارد با دوور بکەوێتەوە لێمان ((لەمزگەوتەکانمان))و لەماڵی خۆیدا دابنیشێت) هەروەها قابلەمەیەکیان هێنا کە پاقلەمەنی تێدابوو کە بینی بۆنی لێدێت ، پرسیاری لەبارەوە کرد، وەڵامیان دایەوە پاقلەمەنی تێدایە فەرمووی: ((نزیکی بکەنەوە)) لەهەندێ لەهاوەڵانیی، کاتێ چاوی پێی کەوت حەزی نەکرد بیخوات ، فەرمووی: ((بخۆ، من موناجات دەکەم لەگەڵ ئەوەی موناجات ناکات)).

(٥٨) دەرکردنی ئەوەی بۆنی پیازو سیری لێ بێت لەمزگەوت

٢٥١ـعَنْ مَعْدَانَ ابْنِ أَبِي طَلْحَةَ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) خَطَبَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَذَكَرَ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ)، وَذَكَرَ أَبَا بَكْرٍ (ﷺ)، قَالَ: إِنِّي رَأَيْتُ كَأَنَّ دِيكًا نَقَرَنِي ثَلَاثَ

نَقَرَاتٍ، وَإِنِّي لَا أُرَاهُ إِلَّا حُضُورَ أَجَلِي، وَإِنَّ أَقْوَامًا يَأْمُرُونَنِي أَنْ أَسْتَخْلِفَ، وَإِنَّ اللَّهَ لَمْ يَكُنْ لِيُضَيِّعَ دِينَهُ وَلَا خِلَافَتَهُ، وَلَا الَّذِي بَعَثَ بِهِ نَبِيَّهُ (ﷺ)، فَإِنْ عَجِلَ بِي أَمْرٌ فَالْخِلَافَةُ شُورَى بَيْنَ هَؤُلَاءِ السِّتَّةِ الَّذِينَ تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ عَنْهُمْ رَاضٍ، وَإِنِّي قَدْ عَلِمْتُ أَنَّ أَقْوَامًا يَطْعَنُونَ فِي هَذَا الْأَمْرِ، أَنَا ضَرَبْتُهُمْ بِيَدِي هَذِهِ عَلَى الْإِسْلَامِ، فَإِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَأُولَئِكَ أَعْدَاءُ اللَّهِ الْكَفَرَةُ الضُّلَّالُ، ثُمَّ إِنِّي لَا أَدَعُ بَعْدِي شَيْئًا أَهَمَّ عِنْدِي مِنَ الْكَلَالَةِ، مَا رَاجَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي شَيْءٍ مَا رَاجَعْتُهُ فِي الْكَلَالَةِ، وَمَا أَغْلَظَ لِي فِي، شَيْءٍ مَا أَغْلَظَ لِي فِيهِ حَتَّى طَعَنَ بِإِصْبَعِهِ فِي صَدْرِي، فَقَالَ: ((يَا عُمَرُ أَلَا تَكْفِيكَ آيَةُ الصَّيْفِ الَّتِي فِي آخِرِ سُورَةِ النِّسَاءِ)). وَإِنِّي إِنْ أَعِشْ أَقْضِ فِيهَا بِقَضِيَّةٍ يَقْضِي بِهَا مَنْ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ، وَمَنْ لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ، ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ إِنِّي أُشْهِدُكَ عَلَى أُمَرَاءِ الْأَمْصَارِ، وَإِنِّي إِنَّمَا بَعَثْتُهُمْ عَلَيْهِمْ لِيَعْدِلُوا عَلَيْهِمْ، وَلِيُعَلِّمُوا النَّاسَ دِينَهُمْ وَسُنَّةَ نَبِيِّهِمْ (ﷺ)، وَيَقْسِمُوا فِيهِمْ فَيْئَهُمْ، وَيَرْفَعُوا إِلَيَّ مَا أَشْكَلَ عَلَيْهِمْ مِنْ أَمْرِهِمْ، ثُمَّ إِنَّكُمْ أَيُّهَا النَّاسُ تَأْكُلُونَ شَجَرَتَيْنِ، لَا أَرَاهُمَا إِلَّا خَبِيثَتَيْنِ، هَذَا الْبَصَلَ وَالثُّومَ، لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا وَجَدَ رِيحَهُمَا مِنَ الرَّجُلِ فِي الْمَسْجِدِ أَمَرَ بِهِ فَأُخْرِجَ إِلَى الْبَقِيعِ، فَمَنْ أَكَلَهُمَا فَلْيُمِتْهُمَا طَبْخًا.

(معدان) کوری(طلحة) دەڵێ: (عمر) کوری(خطاب) ڕۆژێکی جومعە وتاری دەخوێندەوە یادی پێغەمبەری خوای(ﷺ) کردەوەو، یادی (ابوبکر)ی (ﷺ) کردو ئینجا وتی: من لەخەودا بینیم کەڵەشێرێك سێ دەندوکی لێدام ، من خەوەکە وادەبینم کەنزیك بوونەوەی کۆتایی ژیانمە، خەڵکانێکیش فەرمانم پێدەکەن کە جێگەدارێك دابنێم، لەراستیدا خوای گەورەش ئایینەکەی‌و خەلافەتەکەی زایە ناکات، ئینجا ئەگەر مردن پەلەی لێکردم خەلافەت راوێژە لەنێوان ئەو شەش کەسەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کۆچی دوایی کردو لەوان رازی بوو، من ئەوەش دەزانم کە خەڵکانێك تانە دەدەن لەم ئاینە ﴿ئەوانەی﴾بەم دەستەم لەسەر ئیسلام لێمداون، جا ئەگەر ئەو کارەیان کرد ئەوانەدوژمنانی خواو کافرو ڕێ لێ‌ون بوون، پاشان من شتێك لەدوای خۆم بەجێ ناهێڵم کە گرنگتربێت لەلام لەچۆنێتی دابەشکردنی میرات بۆ کەسوکاری وەکو براو مامە، لەهیچ شتێکدا ئەوەندەی ئەم باسە پرس‌و رام نەکردووە بەپێغەمبەری خوا(ﷺ) لەهیچ شتێکیشا ئەوەندەی ئەو باسە گیر نەبووە لەگەڵما، هەتا بەدوو پەنجەی کێشاویەتی بەسنگماو فەرموویەتی: ((ئەی عمر ئایا ئایەتەکەی هاوینی

کۆتایی سوورەتی (نساء)ت بەس نییە)) ئەگەر من ژیام بەشێوەیەك حوکمی تێدادەکەم کە ئەوەی قورئانی خوێندبێ‌و ئەوەش کە نەیخوێندبێ بەوشێوەیە بکات، ئینجا فەرمووی: خوایە گیان من تۆ دەکەم بە شایەت بەسەر فەرمانداران ناوچەکاندا، من ئەوانەم بۆیە ناردووە کە دادگەربن لەگەڵیاندا‌و خەڵکی فێری ئایین‌و سوننەتی پێغەمبەرەکەیان(ﷺ) بکەن، دەستکەوتەکانیان بەسەردا دابەش بکەن. هەرچیش لێیان بوو بەکێشە بەرزی بکەنەوەبۆلام ، هەروەها ئێوە ئەی خەڵکینە دوو درەخت دەخۆن، بەپیس دێنە پێش چاوم، ئەوەش پیازو سیرە پێغەمبەری خوام(ﷺ) دیووە ئەگەر بۆنیان لەپیاوێك بهاتایە فەرمانی دەکرد لەمزگەوتا دەیانکردە دەرەوە بۆیە هەرکەسێکتان دەیخوات با بەکوڵاندن بیانمرێنێت.

(٥٩) ڕێگریی کراوە لە بانگەوازکردن بۆ ونبوو لەمزگەوتا

٢٥٢ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((مَنْ سَمِعَ رَجُلًا يَنْشُدُ ضَالَّةً فِي الْمَسْجِدِ فَلْيَقُلْ: لَا رَدَّهَا اللَّهُ عَلَيْكَ، فَإِنَّ الْمَسَاجِدَ لَمْ تُبْنَ لِهَذَا)).

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوەی گوێی لێ بوو کە پیاوێك لەمزگەوتا بانگەواز بۆ شتی ونبووی دەکات، بابڵێ خوا بۆت نەگێڕێتەوە ، چونکە مزگەوتەکان بۆ ئەوە دروست نەکراون)).

(٦٠) ڕێگریکردن لەکردنی گۆڕ بە مزگەوت

٢٥٣ـ عن عَائِشَةَ وَعَبْدَ اللَّه بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَا: لَمَّا نُزِلَ بِرَسُولِ اللَّه (ﷺ) طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً لَهُ عَلَى وَجْهِهِ، فَإِذَا اغْتَمَّ كَشَفَهَا عَنْ وَجْهِهِ، فَقَالَ وَهُوَ كَذَلِكَ: ((لَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ)). يُحَذِّرُ مِثْلَ مَا صَنَعُوا. [بخاري/ المساجد/ الصلاة في البيعة /٤٢٥]

(عائشە) (ﷺ) و عەبدوڵڵای کوری عباس(ر.ض)دەڵێن کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرەمەرگدابوو، سەرچەفەکەی دەدا بەدەموچاویدا، کاتێ دڵتەنگ دەبوو لایدەبرد لەسەر دەموچاوی، لەوحاڵەدا فەرمووی: ((نەفرینی خوا لەجولەکەو لەگاور کە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردووە بە مزگەوت)).

(٦١) ڕێگریی لەدروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕەکان

٢٥٤ـ عَنْ عَائِشَةَ: أَنَّ أُمَّ حَبِيبَةَ وَأُمَّ سَلَمَةَ -(ﷺ)- ذَكَرَتَا كَنِيسَةً رَأَيْنَهَا بِالْحَبَشَةِ -فِيهَا تَصَاوِيرُ- لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أُولَئِكِ

إِذَا كَانَ فِيهِمُ الرَّجُلُ الصَّالِحُ فَمَاتَ بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا، فِيهِ تِلْكِ الصُّوَرَ أُولَئِكِ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [بخاري/ المساجد/ هل تنبش قبور مشركي الجاهلية /٤١٧]

(عائشه)(ر.ض)دەڵێ: (ام حبيبه)و (ام سلمه) (ر.ض)باسی کڵێسایەکیان دەکرد کە لەحەبەشە دیویانە .وێنەی . پێغەمبەرێکی خوای(ﷺ) تێدابووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((ئەوانە ئەگەر پیاوچاکێکیان تێدا بوایەو بمردایە مزگەوتیان لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکرد، ئەو وێنانەشیان تێدا دروست دەکرد، ئەوانە لەرۆژی قیامەتدا خراپترین کەسن لای خوا)).

(٦٢) هەموو زەویم بۆکراوە بەمزگەوت پاکۆکەریشە

٢٥٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((فُضِّلْتُ عَلَى الْأَنْبِيَاءِ بِسِتٍّ: أُعْطِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ وَنُصِرْتُ بِالرُّعْبِ، وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ، وَجُعِلَتْ لِيَ الْأَرْضُ طَهُورًا وَمَسْجِدًا، وَأُرْسِلْتُ إِلَى الْخَلْقِ كَافَّةً، وَخُتِمَ بِيَ النَّبِيُّونَ)). [بخاري/ نصرت بالرعب مسيرة شهر/ ٢٨١٥]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((بەشەش شت رێزم دراوە بەسەر پێغەمبەرندا: وشەی پرمانام پێدراوە، بەترس خستنە دڵی دوژمنانم پشتگیریم لێکراوە، دەستکەوتی جەنگم بۆ حەلاڵکراوە، کراوە بە پاکۆکەر [واتە: لەجێی ئاو تیەمومی پێ دەکرێت] کراوە بە سوجدەگایش بۆم، بۆ هەموو دروستکراوەکان رەوانەکراوم، کۆتایی پێغەمبەران بەمن هاتووە)).

(٦٣) نزیکی لەبەربەستەوە

٢٥٦ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ (ﷺ) قَالَ: كَانَ بَيْنَ مُصَلَّى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَبَيْنَ الْجِدَارِ مَمَرُّ الشَّاةِ. [بخاري/ سترة المصلي/٤٧٤]

(سهلی) کوری(سعدی الساعدی) (ﷺ) دەڵێ: لەنێوان جێ نوێژەکەی پێغەمبەری خواو(ﷺ) دیوارەکەدا بزنە رێیەك هەبوو.

(٦٤) فەرمان کردن بەرووکردنە قیبلە

٢٥٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا دَخَلَ الْمَسْجِدَ فَصَلَّى، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي نَاحِيَةٍ... وَفِيهِ: ((إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلَاةِ فَأَسْبِغِ الْوُضُوءَ، ثُمَّ اسْتَقْبِلِ الْقِبْلَةَ فَكَبِّرْ)).﴿انظر الحديث: ٢٨٢﴾. [بخاري/ الاستئذان / ٥٨٩٧]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە مزگەوت و نوێژی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) لەسوچێکدا بوو، لەم فەرموودەدا هاتووە ((ئەگەر هەستای بۆ نوێژکردن، بەباشی دەستنوێژ بگرە، ئینجا رووبکەرە قیبلە ، ئینجا (الله اکبر)ی نوێژ دابەستن بکە)).

(٦٥) گۆڕینی قیبلە لەشامەوە بۆ مەککە

٢٥٨- عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) إِلَى بَيْتِ الْمَقْدِسِ سِتَّةَ عَشَرَ شَهْرًا، حَتَّى نَزَلَتِ الْآيَةُ الَّتِي فِي الْبَقَرَةِ ﴿١٤٤﴾﴿وَحَيْثُمَا كُنْتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ﴾ فَنَزَلَتْ بَعْدَمَا صَلَّى النَّبِيُّ (ﷺ)، فَانْطَلَقَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ فَمَرَّ بِنَاسٍ مِنَ الْأَنْصَارِ وَهُمْ يُصَلُّونَ، فَحَدَّثَهُمْ بِالحديث، فَوَلَّوْا وُجُوهَهُمْ قِبَلَ الْبَيْتِ. [بخاري/ التمني/ ٦٨٢٥]

(براء)کوڕی (عازب) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) شانزە مانگ نوێژمان رووەو (بەيتول مەقديس)دەکرد، هەتا ئەم ئايەتەی سوورەتی(البقرة)دابەزی ﴿وحيثما كنتم فولوا وجوهكم شطره﴾کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) لەنوێژ بوویەوە ئايەتەکەی بۆ دابەزی، پیاوێك لەوان رۆیشت تێپەڕی بەلای چەند کەسێکدا لەئەنصارەکان نوێژيان دەکرد، ئەوەی بۆ گێڕانەوە ، ئەوانيش روويان وەرگێڕا بۆ لای کەعبەوە.

(٦٦) ئەگەر قامەت کرا ئیتر هیچ نوێژێك ناکرێت جگە لەفەرز

٢٥٩. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قال: ((أَنَّهُ قَالَ إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَلَا صَلَاةَ إِلَّا الْمَكْتُوبَةُ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی : ((ئەگەر قامەت کرا ئیتر هیچ نوێژێك نابێ بکرێت جگە لەنوێژە فەرزەکە)).

(٦٧) ئەگەر قامەتکرا کەی خەڵکی هەڵدەستن بۆ نوێژ

٢٦٠- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَلَا تَقُومُوا حَتَّى تَرَوْنِي)). [بخاري/ الاذان/ ٦١١]

(ابوقتادە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر قامەت کرا هەڵمەستن هەتا دەمبینن)).

(٦٨) قامەت کردن لەکاتێکدا ئیمام دێتە دەرەوە

٢٦١- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ بِلَالٌ يُؤَذِّنُ إِذَا دَحَضَتْ، فَلَا يُقِيمُ حَتَّى يَخْرُجَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَإِذَا خَرَجَ أَقَامَ الصَّلَاةَ حِينَ يَرَاهُ.

(جابر) کوری (سمره) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان لایدەدا بـیلال بـانگی دەدا، بـەڵام قامـەتی نـەدەکرد هـەتا پێغەمبـەر(ﷺ) [لـەماڵ] دەردەچوو، هەر کە پێغەمبەری (ﷺ) دەبینی قامەتی دەکرد.

(٦٩) ڕۆیشتنی ئیمام بۆ خۆشۆردن لەدوای قامەت

٢٦٢- عن أَبِي سَلَمَةَ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ: سَمِعَ أَبَا هُرَيْرَةَ (ﷺ) يَقُولُ: أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَقُمْنَا، فَعَدَّلْنَا الصُّفُوفَ قَبْلَ أَنْ يَخْرُجَ إِلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَتَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى إِذَا قَامَ فِي مُصَلَّاهُ قَبْلَ أَنْ يُكَبِّرَ، ذَكَرَ، فَانْصَرَفَ، وَقَالَ لَنَا: ((مَكَانَكُمْ)). فَلَمْ نَزَلْ قِيَامًا نَنْتَظِرُهُ حَتَّى خَرَجَ إِلَيْنَا وَقَدِ اغْتَسَلَ، يَنْطُفُ رَأْسُهُ مَاءً، فَكَبَّرَ فَصَلَّى بِنَا. [بخاري/ الغسل/ ٢٥١]

(ابـو مـسلم) کـوری(عبـدالرحمن) کـوری(عـوف) دەڵێ: لـە (ابـوهریرە)(ﷺ) م بیـست دەیـووت: قامـەتکرا، هەسـتاین بـۆ نویـژ ، ڕیزەکانمـان ڕێـك کـرد، پـێش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بێتە لامان، کاتێ تەشریفی هات چووە شوێنی نوێژکردن، بەڵام پێشئەوەی تەکبیر بکات بیری کەوتـەوە گەرایـەوە ، فەرمووی: ((لـەجێگای خۆتـان بـن) ئێمـە وەسـتاین لـەجێگای خۆمـان چاوەڕێمان کـرد هەتا تەشـریفی هاتـەوە خـۆی شـۆردبوو، سـەری ئـاوی لێـدەتکا، ئینجا تـەکبیری کـردو نوێـژی بۆکردین)).

(٧٠) ڕێککردنی ریزەکان

٢٦٣- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَمْسَحُ مَنَاكِبَنَا فِي الصَّلَاةِ وَيَقُولُ: ((اسْتَوُوا وَلَا تَخْتَلِفُوا فَتَخْتَلِفَ قُلُوبُكُمْ، لِيَلِيَنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ)). قَالَ أَبُو مَسْعُودٍ: فَأَنْتُمُ الْيَوْمَ أَشَدُّ اخْتِلَافًا.

(ابـو مـسعود) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەسـتی دەهێنـا بەسـەر شانمانداو دەیفەرموو: ((ڕێك بوەستن جیاجیامەبن بادڵـەکانتان جیاواز نـەبێت، با زاناو خاوەن ژیریـەکان نزیـك بـن لێمـەوە، ئینجا ئەوانیتر لەدوایانەوە ئینجا ئەوانیتر لەدوایانەوە)) (ابومسعود) دەڵێ: بەڵام ئەمڕۆ ئێوە زیاتر جیاوازن.

(٧١) خێری ریزی پێشەوە

٢٦٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ وَالصَّفِّ الْأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلَّا أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لَاسْتَهَمُوا، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي التَّهْجِيرِ لَاسْتَبَقُوا إِلَيْهِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي الْعَتَمَةِ وَالصُّبْحِ لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا)). [بخاري/ الاسهام في الاذان / ٥٩٠]

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر خەڵك بیانزانیایە بانگو ریزی یەكەم چیان تێدایە، ئەگەر دەست نەكەوتایە بە تیروپشك نەبێ، تیروپشكیان بۆدەكرد، خۆ ئەگەر بیانزانیایە لەزوو هاتن بۆ نوێژ چ خێرێكی هەیە پێش بركێیان بۆدەكرد، ئەگەر بیانزانیایە لەنوێژی خەوتنانو نوێژی بەیانیاندا چ خێرێك هەیە، ئەگەر بەگاگۆڵكێش بوایە دەهاتن بۆی)).

٢٦٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خَيْرُ صُفُوفِ الرِّجَالِ أَوَّلُهَا، وَشَرُّهَا آخِرُهَا. وَخَيْرُ صُفُوفِ النِّسَاءِ آخِرُهَا، وَشَرُّهَا أَوَّلُهَا)).

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((باشترین ریزی پیاوان ریزییەكەمە، خراپترینیشیان دواریزە، باشترین ریزی ئافرەتانیش دواریزیانەو ،خراپترینیشیان یەكەم ریزیانە))*.

(٧٢) سیواك كردن لەگەڵ هەموو نوێژێكدا

٢٦٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ -وَفِي حَدِيثِ زُهَيْرٍ: عَلَى أُمَّتِي- لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٤٧]

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر لەسەر ئیمانداران لەریوایەتێكیتردا لەسەر ئومەتم قورس نەبوایە فەرمانم پێدەكردن كەلەگەڵ هەموو نوێژێكدا سیواك بكەن)).

---

* (ئەگەر ئافرەت لە مزگەوت لەگەڵ پیاوان نوێژ بكەن، ئەگەر خۆیان بەتەنیا نوێژ بكەن، ئەوا رزیی یەم باشترە).

(٧٣) خێری (ذكر) لەگەڵ چوونە ناو نوێژ

٢٦٧ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا جَاءَ فَدَخَلَ الصَّفَّ وَقَدْ حَفَزَهُ النَّفَسُ، فَقَالَ: الْحَمْدُ لِلَّهِ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ. فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) صَلَاتَهُ قَالَ: ((أَيُّكُمُ الْمُتَكَلِّمُ بِالْكَلِمَاتِ)). فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، فَقَالَ: ((أَيُّكُمُ الْمُتَكَلِّمُ بِهَا، فَإِنَّهُ لَمْ يَقُلْ بَأْسًا)). فَقَالَ رَجُلٌ: جِئْتُ وَقَدْ حَفَزَنِي النَّفَسُ، فَقُلْتُهَا. فَقَالَ: ((لَقَدْ رَأَيْتُ اثْنَيْ عَشَرَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا أَيُّهُمْ يَرْفَعُهَا)).

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك بەهەناسە بڕکێ هاتوو چووەریزی نوێژەوە، وتی: ((الحمد لله حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه) کاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنوێژەکەی بوویەوە، فەرمووی: ((کێ بوو ئەو وتەیەی وت؟ خەڵکەکە هەموو بێدەنگ بوون، فەرمووی: ((کێتان بوو ئەو قسانەی کرد" خراپی نەوتووە)) پیاوێك وتی: من بووم کاتێ هاتم هەناسە بڕکێم بوو ئەوقسەیەم کرد، فەرمووی: ((چاوم لێ بوو دوانزە فریشتە پێشبڕکێیان بوو لەسەر ئەوەی کەکامیان بەرزی بکاتەوە)).

(٧٤) دەست بەرزکردنەوە لەنوێژا

٢٦٨ـ عن ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا قَامَ لِلصَّلَاةِ رَفَعَ يَدَيْهِ حَتَّى تَكُونَا حَذْوَ مَنْكِبَيْهِ ثُمَّ كَبَّرَ، فَإِذَا أَرَادَ أَنْ يَرْكَعَ فَعَلَ مِثْلَ ذَلِكَ، وَإِذَا رَفَعَ مِنَ الرُّكُوعِ فَعَلَ مِثْلَ ذَلِكَ، وَلَا يَفْعَلُهُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ مِنَ السُّجُودِ. [بخاري / صفة الصلاة/ ٧٠]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ رادەوەستا بۆ نوێژ هەردوو دەستی بەرزدەکردەوە هەتا دەگەیشتە ئاستی شانی ئینجا تەکبیری دەکرد، کاتێ دەیویست رکوع بەرێت بەهەمان شێوە هەردوودەستی بەرزدەکردەوە، کاتێ لەرکوع بەرزدەبوویەوە هەمان شتی دەکرد، بەڵام کاتێ لەسجود بەرزدەبوویەوە وای نەدەکرد.

(٧٥) بەچی نوێژ دەست پێدەکات و بەچی کۆتایی دێت

٢٦٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَسْتَفْتِحُ الصَّلَاةَ بِالتَّكْبِيرِ، وَالْقِرَاءَةَ بِـ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ وَكَانَ إِذَا رَكَعَ لَمْ يُشْخِصْ رَأْسَهُ وَلَمْ يُصَوِّبْهُ وَلَكِنْ بَيْنَ ذَلِكَ، وَكَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ لَمْ يَسْجُدْ حَتَّى يَسْتَوِيَ قَائِمًا، وَكَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السَّجْدَةِ لَمْ يَسْجُدْ حَتَّى يَسْتَوِيَ جَالِسًا، وَكَانَ يَقُولُ فِي

كُلِّ رَكْعَتَيْنِ التَّحِيَّةَ، وَكَانَ يَفْرِشُ رِجْلَهُ الْيُسْرَى وَيَنْصِبُ رِجْلَهُ الْيُمْنَى، وَكَانَ يَنْهَى عَنْ عُقْبَةِ الشَّيْطَانِ، وَيَنْهَى أَنْ يَفْتَرِشَ الرَّجُلُ ذِرَاعَيْهِ افْتِرَاشَ السَّبُعِ، وَكَانَ يَخْتِمُ الصَّلَاةَ بِالتَّسْلِيمِ.

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەتەكبیر نوێژی دەست پێدەكرد، خوێندنیشی بە (الحمد لله رب العالمین) دەست پێدەكرد، هەركاتێ ركوعی دەبرد سەری نەزۆر دائەنەواندو نە زۆریش بەرزی دەكردەوە لەوبەینەدا رایدەگرت ، هەركاتێ سەری لەركوع بەرزدەكردەوە سوجدەی نەدەبرد هەتا بەتەواوی راست دەبوویەوە ، هەروەها هەركاتێ سەری لەسوجدە بەرزدەكردەوە . سوجدەی نەدەبرد هەتا بەرێكی دادەنیشت، هەروەها لەهەموو دوو ركاتێكا تەحیاتێكی دەخوێند، قاچی چەپی لەتەحیاتا رادەخست و قاچی راستی رادەگرت رێگری دەكرد لەشێوە دانیشتنی شەیتان [لەسەرسمتی دادەنیشێ و هەردوو ئەژنۆی بەرزدەكاتەوە دەستیشی لەزەویدا دادەنێ] هەروەها رێگری كردووە لەوەی دەستەكانی لەكاتی سوجدەدا تەخت لەسەر زەوی رادەكێشێ وەكو دڕندە ، ئینجا كۆتایی نوێژی بەسەلام دانەوە دەهێنا.

(٧٦) تەكبیر لەنوێژدا

٢٧٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ يُكَبِّرُ حِينَ يَقُومُ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْكَعُ، ثُمَّ يَقُولُ: ((سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)). حِينَ يَرْفَعُ صُلْبَهُ مِنَ الرُّكُوعِ، ثُمَّ يَقُولُ وَهُوَ قَائِمٌ: ((رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ)). ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَهْوِي سَاجِدًا، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَسْجُدُ، ثُمَّ يُكَبِّرُ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ، ثُمَّ يَفْعَلُ مِثْلَ ذَلِكَ فِي الصَّلَاةِ كُلِّهَا حَتَّى يَقْضِيَهَا، وَيُكَبِّرُ حِينَ يَقُومُ مِنَ الْمَثْنَى بَعْدَ الْجُلُوسِ، ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: إِنِّي لَأَشْبَهُكُمْ صَلَاةً بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ صفة الصلاة/٧٥٦]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: هەركاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) هەڵدەستا بۆ نوێژ ، كاتێ رادەوەستا تەكبیری دەكرد، كاتێ ركوعی دەبرد تەكبیری دەكردو دەیفەرموو ((سمع الله لمن حمده)) كاتێ راست دەبوویەوە پشتی بەرزدەكردەوە لەركوع دەیفەرموو: ((ربنا ولك الحمد))، كاتێ دادەبەزی بۆ سوجدە تەكبیری دەكرد، كاتێ دادەبەزی بۆ سوجدەی [دووەم]تەكبیری دەكرد، كاتێ سەری بەرزدەكردەوە تەكبیری دەكرد ئابەو شێوەیە تا نوێژەكەی تەواو

دەبوو، هـەروەها کـاتێ لەتـەحیاتی دوای رکـاتی دووەم هەڵدەسـتایەوە تـەکبیری دەکـرد. لەدواییـدا(ابـوهریرە) وتـی: نوێـژی مـن لەهـەمووتان زیـاتر لەنوێـژی پێغەمبەری خوا دەچێت.

(٧٧) رێگری کردن لەوەی پێش ئیمام بکەوی لەتەکبیرو شتی‌تردا

٢٧١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) يُعَلِّمُنَا، يَقُولُ: ((لَا تُبَادِرُوا الْإِمَامَ، إِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذَا قَالَ: ﴿وَلَا الضَّالِّينَ﴾ فَقُولُوا: آمِينَ، وَإِذَا رَكَعَ فَارْكَعُوا، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقُولُوا: رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ)).

(ابـــوهریرە) (ﷺ) دەڵـــێ: پێغەمبـــەری خـــوا (ﷺ) فێـــری دەکـــردین و دەیفەرموو:پێش (ئیمـام) مەکـەون، ئەگـەر تـەکبیری کـرد ئێـوەش بیکـەن، ئەگـەر وتـی: ﴿ولا الضالين﴾بڵێن (ئامین) ئەگـەر رکـوعی بـرد ئێـوە رکـوع بەرن،ئەگـەر وتی: ﴿سمع الله لمن حمده﴾ ئێوەش بڵێن ﴿ربنا ولك الحمد﴾.

(٧٨) دەبێ مەئموم شوێن ئیمام بکەوێت

٢٧٢ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قال: سَقَطَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ فَرَسٍ فَجُحِشَ شِقُّهُ الْأَيْمَنُ، فَدَخَلْنَا عَلَيْهِ نَعُودُهُ، فَحَضَرَتِ الصَّلَاةُ، فَصَلَّى بِنَا قَاعِدًا فَصَلَّيْنَا وَرَاءَهُ قُعُودًا، فَلَمَّا قَضَى الصَّلَاةَ قَالَ: ((إِنَّمَا جُعِلَ الْإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ، فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذَا سَجَدَ فَاسْجُدُوا، وَإِذَا رَفَعَ فَارْفَعُوا، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ فَقُولُوا: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ، وَإِذَا صَلَّى قَاعِدًا فَصَلُّوا قُعُودًا أَجْمَعُونَ)). [بخاري/ الصلاة في ثياب/ ٣٧١]

(انـس) کـوڕی(مالـك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) لەئەسـپێك کەوتـە خوارەوە لای راستی رووشابوو، ئێمەچووینە خزمەتی بۆ سـەردانی کـاتی نوێـژ هاتە پێشەوە، بەدانیشتنەوە نوێژی بۆکردین، ئێمەش لەدوایەوە بەدانیشتنەوە نوێـژمان کـرد، کـاتێ نوێژەکـە تـەواو بـوو فـەرمووی: ((بۆیـە ئیمـام دانـراوە تـا شوێنی بکەون، ئەگەر تەکبیری کرد تەکبیر بکەن، ئەگەر سـوجدەی بـرد سـوجدە ببـەن، ئەگـەر بەرزبوویـەوەو بەرزببنـەوە، ئەگـەر وتـی: ﴿ سمع الله لمن حمده﴾ ئێوەش بڵێن: ﴿ ربنا ولك الحمد ﴾ ، هـەروەها ئەگـەر بەدانیشتنەوە نوێـژی کـرد ئێوەش هەمووتان بەدانیشتنەوە نوێژ بکەن)).

(٧٩) لەنوێژا (دەستێك دەخرێتە سەردەستەكەیتر)

٢٧٣ـ عن وَائِلِ بْنِ حُجْرٍ (ﷺ): أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَفَعَ يَدَيْهِ حِينَ دَخَلَ فِي الصَّلَاةِ كَبَّرَ –وَصَفَ هَمَّامٌ حِيَالَ أُذُنَيْهِ– ثُمَّ الْتَحَفَ بِثَوْبِهِ، ثُمَّ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى عَلَى الْيُسْرَى، فَلَمَّا أَرَادَ أَنْ يَرْكَعَ أَخْرَجَ يَدَيْهِ مِنَ الثَّوْبِ ثُمَّ رَفَعَهُمَا، ثُمَّ كَبَّرَ فَرَكَعَ، فَلَمَّا قَالَ: ((سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)) رَفَعَ يَدَيْهِ، فَلَمَّا سَجَدَ سَجَدَ بَيْنَ كَفَّيْهِ.

(وائل) كوری (حجر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوام(ﷺ) دەیووە كاتێ چۆتە ناو نوێژەوەو تەكبیری كردووە هەردوو دەستی بەرزكرۆتەوە، همام كەراویەكەیە دەڵێ: بەرزكردنەوەی تا ئاستی گوێچكەی بووە . ئینجا عەباكەی پێچاوە لەخۆیەوەو دەستی راستی خستۆتە سەر دەستی چەپی، كاتێ ویستیویەتی ركوع بەرێت دەستی لەعەباكەی دەرهێناوە ئینجا بەرزی كردۆتەوەو تەكبیری كردووەو ركوعی بردووە ، كاتێ فەرموویەتی: ﴿ سمع الله لمن حمده ﴾ دەستی بەرزكردۆتەوە ، كاتێ سوجدەشی بردوە لەنێوان هەردوو لەپی دەستیا بردوویەتی.

(٨٠) لەنێوان تەكبیرو فاتیحە خوێندندا چی دەوترێت

٢٧٤ـ عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ قَالَ: ((وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ، إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، لَا شَرِيكَ لَهُ، وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ، وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ. اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ، ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي ذُنُوبِي جَمِيعًا، إِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، وَاهْدِنِي لِأَحْسَنِ الْأَخْلَاقِ لَا يَهْدِي لِأَحْسَنِهَا إِلَّا أَنْتَ، وَاصْرِفْ عَنِّي سَيِّئَهَا لَا يَصْرِفُ عَنِّي سَيِّئَهَا إِلَّا أَنْتَ، لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ، وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ. أَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ، تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ. أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ)). وَإِذَا رَكَعَ قَالَ: ((اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي، وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي)). وَإِذَا رَفَعَ قَالَ: ((اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، مِلْءَ السَّمَاوَاتِ وَمِلْءَ الْأَرْضِ، وَمِلْءَ مَا بَيْنَهُمَا، وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ)). وَإِذَا سَجَدَ قَالَ: ((اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)). ثُمَّ يَكُونُ مِنْ آخِرِ مَا يَقُولُ بَيْنَ التَّشَهُّدِ وَالتَّسْلِيمِ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ،

وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ وَمَا أَسْرَفْتُ، وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّي، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ)). وفي الرواية: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا اسْتَفْتَحَ الصَّلَاةَ كَبَّرَ ثُمَّ قَالَ: ((وَجَّهْتُ وجهي...)) إلى آخره.

(علی) کوری (ابي طالب)(ﷺ) لەپێغەمبەری خواوە بۆمان دەگێڕێتەوە کە کاتێ هەستاوە بۆ نوێژکردن فەرموویەتی : (وجهت وجهي للذي فطر السموات والارض حنيفاً ، وما أنا من المشركين ان صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين لاشريك له وبذلك امرت وانا من المسلمين) اللهم انت الملك لا اله الا انت، انت ربي وانا عبدك ظلمت نفسي واعترفت بذنبي فاغفرلي ذنوبي جميعاً، انه لايغفر الذنوب الا انت واهدني لاحسن الاخلاق لا يهدي لأحسنها الا انت، واصرف عني سيئها لايصرف عني سيئها الا انت لبيك وسعديك، والخير كله في يديك ، والشر ليس اليك، انابك واليك تباركت وتعاليت استغفرك واتوبجه اليك کاتێ رکوعی دەبرد دەیفەرموو: (اللهم لك ركعت ، وبك امنت ولك اسلمت خشع لك سمعي وبصري ومخي وعظمي وعصبي)کاتێ لەرکوع هەڵدەستایەوە دەیفەرموو: (اللهم ربنا لك الحمد ملء السموات وملء الارض وملء مابينهما، وملء ماشئت من شيء بعد کاتێ سوجدەی دەبر دەیفەرموو: (اللهم لك سجدت وبك امنت ولك اسلمت ، سجد وجهي للذي خلقه وصوره وشق سمعه وبصره تبارك الله أحسن الخالقين) ئینجا لەکۆتایی تەحیاتداوە پێش سەلام دانەوە دەیفەرموو: (اللهم اغفر لي ما قدمت وما أخرت وما اسررت وما اعلنت وما اسرفت، وما انت أعلم به مني ، انت المقدم وأنت المؤخر لا اله الا انت)لەریوایەتێکیشدا پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ دەستی دەکرد بە نوێژ تەکبیری دەکردو دەیفەرموو: (وجهت وجهي) تا کۆتایی .

(٨١) بسم الله الرحمن الرحيم ئاشکرا نەکردن لەنوێژدا

٢٧٥ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ وَعُثْمَانَ (ﷺ)، فَلَمْ أَسْمَعْ أَحَدًا مِنْهُمْ يَقْرَأُ ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧١٠]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خواو(ﷺ) ابوبکرو عمرو عثمان (ﷺ) نوێژم کردووە گوێم لەکەسیان نەبووە (بسم الله الرحمن الرحيم) بخوێنن.

(٨٢) لەبارەی (بسم الله الرحمن الرحيم)ەوە

٢٧٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ بَيْنَ أَظْهُرِنَا إِذْ أَغْفَى إِغْفَاءَةً، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ مُتَبَسِّمًا، فَقُلْنَا: مَا أَضْحَكَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((أُنْزِلَتْ عَلَيَّ آنِفًا سُورَةٌ، فَقَرَأَ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ. إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ. فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ. إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ الْأَبْتَرُ﴾. ثُمَّ قَالَ: أَتَدْرُونَ مَا الْكَوْثَرُ)). فَقُلْنَا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((فَإِنَّهُ نَهْرٌ وَعَدَنِيهِ رَبِّي (ﷻ)، عَلَيْهِ خَيْرٌ كَثِيرٌ، هُوَ حَوْضٌ تَرِدُ عَلَيْهِ أُمَّتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ، آنِيَتُهُ عَدَدُ النُّجُومِ، فَيُخْتَلَجُ الْعَبْدُ مِنْهُمْ، فَأَقُولُ: رَبِّ إِنَّهُ مِنْ أُمَّتِي، فَيَقُولُ: مَا تَدْرِي مَا أَحْدَثَتْ بَعْدَكَ.

(انس) (ﷺ) دەڵێ جارێکیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەناوماندا بوو، سووکە خەوێکی کردوو، ئینجا سەری بەدەم زەردەخەنەوە بەرزکردەوە ، ئێمەش وتمان بۆچی پێدەکەنیت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئا ئێستا سوورەتێکم بۆ دابەزیوە ، خوێندیەوەو فەرمووی:﴿بسم الله الرحمن الرحيم انا اعطيناك الكوثر فصل لربك وانحر ان شانئك هو الابتر﴾ ئینجا فەرمووی : ((ئایا دەزانن (کوثر) چ‌ییە؟)) وتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، فەرمووی: ((رووبارێکە پەروەردگارم بەڵێنی پێداوم، خێری زۆری لەسەرە، حەوزێکە لەرۆژی قیامەتدا ئوممەتم دێنە سەری ، جامەکانی بەئەندازەی ژمارەی ئەستێرەکانە، خەڵکێك دادەبڕن لێیان ، منیش دەڵێم: پەروەرگار ئەوە لەئوممەتی منە، ئەویش دەفەرموێت: تۆ نازانی دوای تۆ چییان داهێناوە)).

(٨٣) (ام القران) واتە (فاتحة) لەنوێژدا خوێندنی واجبە

٢٧٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ صَلَّى صَلَاةً لَمْ يَقْرَأْ فِيهَا بِأُمِّ الْقُرْآنِ فَهِيَ خِدَاجٌ -ثَلَاثًا- غَيْرُ تَمَامٍ)). فَقِيلَ لِأَبِي هُرَيْرَةَ: إِنَّا نَكُونُ وَرَاءَ الْإِمَامِ؟ قَالَ: اقْرَأْ بِهَا فِي نَفْسِكَ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((قَالَ اللَّهُ (ﷻ): قَسَمْتُ الصَّلَاةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ الْعَبْدُ: ﴿الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ﴾ قَالَ اللَّهُ ﴿تَعَالَى﴾: حَمِدَنِي عَبْدِي. وَإِذَا قَالَ: ﴿الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ﴾ قَالَ اللَّهُ ﴿تَعَالَى﴾: أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: ﴿مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ﴾ قَالَ الله: مَجَّدَنِي عَبْدِي -وَقَالَ مَرَّةً: فَوَّضَ إِلَيَّ عَبْدِي- فَإِذَا قَالَ: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ قَالَ: هَذَا بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ. فَإِذَا قَالَ:

﴿اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾ قَالَ: هَذَا لِعَبْدِي، وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس نوێژ بکات (ام القـران)ی تیانەخوێنێ ئەوە نوێژەکەی ناتەواوە، ناتەواوە ، ناتەواوە ، کەموکوڕی تێدایە)) جابە (ابوهريره) وترا: ئێمە لەپشت ئیمامەوەین؟ وتی: لەدڵی خۆتدا بیخوێنە من لەپێغەمبەری خوام ﷺ بیستووە فەرموویەتی: ((خوای گەورە فەرموویەتی : نوێژم لەنێوان خۆمو بەندەکەمدا کردووە بەدووبەشەوە، بەندەکەش داوای چی کرد دەیدەمێ، هەرکاتێ وتی: (الحمد لله رب العالمين) خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکەم سوپاسی کردم، هەرکاتێ وتی: (الرحمن الرحيم) خوای گەورە دەفەرموێت: بەندەکەم ستایشی کردم، هەرکاتێ وتی: (مالك يوم الدين) خوا دەفەرموێت: بەندەکەم گەورەو مەزن سەیری کردم جارێکیش فەرمووی: بەندەکەم هەموشتێکی خۆی دایە دەست من کاتێ وتی: (اياك نعبد وياك نستعين) دەفەرموێت: ئەمە لەنێوان منو بەندەکەمدایە، بەندەکەم چی بووێت بۆی دەکەم . کاتێ وتی:﴿اهدنا الصراط المستقيم صراط الذين انعمت عليهم غير المغضوب عليهم ولا الضالين ﴾ دەفەرموێت: ئەمە تایبەتە بەبەندەکەم داوای چیش بکات بۆی دەکەم.

(٨٤) چی دەتوانێ ئەوە بخوێنێ

٢٧٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) دَخَلَ الْمَسْجِدَ فَدَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى، ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَرَدَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) السَّلَامَ، قَالَ: ((ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ)) . فَرَجَعَ الرَّجُلُ فَصَلَّى كَمَا ﴿كَانَ﴾ صَلَّى، ثُمَّ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَسَلَّمَ عَلَيْهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَعَلَيْكَ السَّلَامُ)). ثُمَّ قَالَ: ((ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ)). حَتَّى فَعَلَ ذَلِكَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَقَالَ الرَّجُلُ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا أُحْسِنُ غَيْرَ هَذَا، عَلِّمْنِي. قَالَ: ((إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلَاةِ فَكَبِّرْ، ثُمَّ اقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا، ثُمَّ افْعَلْ ذَلِكَ فِي صَلَاتِكَ كُلِّهَا)). [انظر الحديث: ٢٦١].

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە مزگەوت، لەوکاتەدا پیاوێکیش هاتە مزگەوتو نوێژی کرد، ئینجا هاتە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)

ســـەلامی لێکـــرد، پێغەمبـــەر(ﷺ) وەڵامـــی ســـەلامەکەی دایـــەوەو فـــەرمووی: بگەڕێرەوە نوێژەکەت بکە چونکە تۆ نوێـژت نـەکردووە، پیاوەکە گەڕایـەوەو نوێژەکـەی کـردەوە ئینجـا هاتـەوە خزمـەت پێغەمبـەر(ﷺ) سـەلامی لێکـرد . پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرمووی: سـەلامیش لەسـەر تـۆ))، ئینجا فـەرمووی: بگـەڕێرەوە نوێژەکـەت بکـەرەوە، چـونکە تـۆ نوێـژت نـەکردووە)) هەتاسێجار ئەمـەی کـرد پیاوەکە وتـی: سـوێند بـەوەی بەهـەق تـۆی ناردووە ، لەوە باشتر نازانم، فێـرم بکـە. فـەرمووی: ((ئەگـەر هەسـتای بـۆ نوێـژ تـەکبیر بکـە، چـەندەت بـۆ دەکـرێ قورئان بخوێنە، ئینجا رکوع ببەو بوەستەو لەجووڵە بکەوە، ئینجا بەرزببـەرەوە هەتاڕێك رادەوەستیت، ئینجا سوجدە ببـەو بووەسـتەو لەجووڵـە بکـەوە ، ئینجـا بەرز ببەرەوە تادادەنیشیتو لەجووڵە دەکەویت ئینجا لەهەموو نوێژەکەتدا بـەم شێوە بکە)).

(٨٥) خوێندن لەدوای ئیمامەوە

٢٧٩ـ عَـنْ عِمْـرَانَ بْـنِ حُـصَيْنٍ (ﷺ) قَـالَ: صَـلَّى بِنَـا رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ) صَـلَاةَ الظُّهْرِ أَوِ الْعَصْرِ، فَقَالَ: ((أَيُّكُمْ قَرَأَ خَلْفِي بِـ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾. فَقَالَ رَجُلٌ: أَنَا، وَلَمْ أُرِدْ بِهَا إِلَّا الْخَيْرَ، قَالَ: ((قَدْ عَلِمْتُ أَنَّ بَعْضَكُمْ خَالَجَنِيهَا)).

(عمران کوری(حصین) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نوێـژی نیـوەڕۆ یـا عەسری بۆ کـردین، فـەرمووی: ((کێتـان لەپێـشمەوە (سـبح اسـم ربـك الاعلـى)ی خوێند پیاوێك وتـی: مـن ، هـیچ مەبەسـتم نـەبوو خێـر نـەبێ، فەرمووی: هەسـت دەکەم هەندێکتان خەریکن نوێژەکەم لێتێك دەدەن)).

(٨٦) الحمد لله و ئامین کردن

٢٨٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا أَمَّنَ الْإِمَـامُ فَـأَمِّنُوا، فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلَائِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)). قَـالَ ابْنُ شِـهَابٍ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((آمِينَ)). ﴿بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٤٧﴾

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر ئیمام ئامینی کـرد ئێوەش بیکـەن، هـەرکامتان ئامینەکـەی لەگـەڵ ئـامینی فریـشتەکاندا یـەك بگرێـت خـوا لەگوناهـە رابووردووەکـانی خۆشـدەبێت)) (ابـن شـهاب) دەڵـێ: پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئامینی دەکرد)).

(٨٧) خوێندن لەنوێژی بەیانیدا

٢٨١ـ عَنْ سِمَاكِ بِنِ حَرْبٍ قَالَ: سَأَلْتُ جَابِرَ بْنَ سَمُرَةَ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: كَانَ يُخَفِّفُ الصَّلَاةَ، وَلَا يُصَلِّي صَلَاةَ هَؤُلَاءِ. قَالَ: وَأَنْبَأَنِي أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقْرَأُ فِي الْفَجْرِ بِ﴿ق. وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ وَنَحْوِهَا.

(سماك) كوری (حرب) دەڵێ: لە(جابر) كوری(سمره)م پرسی لەبارەی نوێژی پێغەمبـەرەوە (ﷺ) وتـی: نوێـژەكانی بـەكورتی دەكـرد ، نوێـژی ئائەوانـەی نـەدەكرد [واتـە: ئەوانـەی زۆر درێـژیان دەكـردەوە] دەڵـێ: ئاگـاداری كـردم كـە پێغەمبـەر(ﷺ) لەنوێـژی بەیانیـدا ((ق ، والقـران المجیـد) و وێنـەی ئـەوی دەخوێند.

(٨٨) خوێندنی قورئان لەنوێژی نیوەڕۆو عەسر

٢٨٢ـ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ)يصَلِّي بنا، فيَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ: الرَّكْعَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَسُورَةٍ، وَيُسْمِعُنَا الْآيَةَ أَحْيَانًا، وَيَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الْأُخْرَيَيْنِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ. ﴿بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٤٥﴾

(ابوقتـاده (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی بـۆ دەكـردین لـەنیوەڕۆو عەسـردا لـەدوو ڕكـاتی یەكەمـدا فاتیحـەو سـوورەتێكی دەخوێنـد جارجـار ئایەتەكەی دەدا بەگوێماندا، لەدوو ركاتی دوایشدا فاتیحەی دەخوێند.

٢٨٣ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الظُّهْرِ: فِي الرَّكْعَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ قَدْرَ ثَلَاثِينَ آيَةً، وَفِي الْأُخْرَيَيْنِ قَدْرَ خَمْسَ عَشْرَةَ آيَةً، أَوْ قَالَ: نِصْفَ ذَلِكَ. وَفِي الْعَصْرِ: فِي الرَّكْعَتَيْنِ الْأُولَيَيْنِ: فِي كُلِّ رَكْعَةٍ قَدْرَ قِرَاءَةِ خَمْسَ عَشْرَةَ آيَةً، وَفِي الْأُخْرَيَيْنِ قَدْرَ نِصْفِ ذَلِكَ.

(ابو سعید الخدری) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لەنوێـژی نیـوەڕۆدا، لەدوو ركاتی یەكەمدا، لەهـەر ركاتێكدا ئەندازەی سـی ئایـەتی دەخوێنـد، لەدوانەكـەی تریشدا ئەندازەی پانزە ئایەت یا دەڵێ: نیوەی ئـەو لەعەسریشدا لەدوو ركـاتی یەكەمدا، لەهـەر ركاتێكدا ئەنـدازەی پـانزە ئایـەتی دەخوێنـد، لەدوانەكـەی تـردا نیوەی ئەو.

(٨٩) خوێندن لەنوێژی شێواندا

٢٨٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهما) قَالَ: إِنَّ أُمَّ الْفَضْلِ بِنْتَ الْحَارِثِ سَمِعَتْهُ وَهُوَ يَقْرَأُ ﴿وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا﴾ فَقَالَتْ: يَا بُنَيَّ، لَقَدْ ذَكَّرْتَنِي بِقِرَاءَتِكَ هَذِهِ السُّورَةَ، إِنَّهَا لَآخِرُ مَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقْرَأُ بِهَا فِي الْمَغْرِبِ. [بخاري / صفة الصلاة/ ٧٢٩]

(ابن عباس) (رضي الله عنهما) دەڵێ: (ام الفضل)كچى (الحارث) گوێی لە (ابن عباس) بوو کەسوورەتی ﴿ والمرسلات عرفا ﴾ دەخوێند ، ئەویش وتی: رۆڵە گیان ، بەخوێندنی ئەم سوورەتە ئەوەت بیرخستمەوە کە ئەوە دوایین سوورەت بوو کەلەپێغەمبەرم بیستووە لەنوێژی شێواندا خوێندویەتی.

(٩٠) خوێندن لەنوێژی خەوتناندا

٢٨٥ـ عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: كَانَ مُعَاذٌ يُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ)، ثُمَّ يَأْتِي فَيَؤُمُّ قَوْمَهُ، فَصَلَّى لَيْلَةً مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) الْعِشَاءَ، ثُمَّ أَتَى قَوْمَهُ فَأَمَّهُمْ، فَافْتَتَحَ بِسُورَةِ الْبَقَرَةِ، فَانْحَرَفَ رَجُلٌ فَسَلَّمَ، ثُمَّ صَلَّى وَحْدَهُ وَانْصَرَفَ. فَقَالُوا لَهُ: أَنَافَقْتَ يَا فُلَانُ. قَالَ: لَا وَاللَّهِ، وَلَآتِيَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَلَأُخْبِرَنَّهُ. فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا أَصْحَابُ نَوَاضِحَ، نَعْمَلُ بِالنَّهَارِ، وَإِنَّ مُعَاذًا صَلَّى مَعَكَ الْعِشَاءَ، ثُمَّ أَتَى فَافْتَتَحَ بِسُورَةِ الْبَقَرَةِ. فَأَقْبَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى مُعَاذٍ، فَقَالَ: ((يَا مُعَاذُ أَفَتَّانٌ أَنْتَ؟ اقْرَأْ بِكَذَا ﴿وَ﴾اقْرَأْ بِكَذَا)) قَالَ سُفْيَانُ: فَقُلْتُ لِعَمْرٍو: إِنَّ أَبَا الزُّبَيْرِ حَدَّثَنَا عَنْ جَابِرٍ أَنَّهُ قَالَ: ((اقْرَأْ: ﴿وَالشَّمْسِ وَضُحَاهَا﴾ ﴿وَالضُّحَى﴾ ﴿وَاللَّيْلِ إِذَا يَغْشَى﴾ وَ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾. ﴿فَقَالَ عَمْرٌو: نَحْوَ هَذَا﴾.
[بخاري / الجماعة والامامة / ٦٦٨]

(جابر) (رضي الله عنه) دەڵێ: (معاذ)نوێژی لەخزمەت پێغەمبەردا دەکردو ئینجا دەهات ئیمامەتی بۆ قەومەکەی دەکرد، شەوێکیان نوێژی خەوتنی لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)کرد ئینجا هات بۆ ناو قەومەکەی و ئیمامەتی بۆ کردن، بەسوورەتی (البقرة)دەستی پێکرد، پیاوێك ﴿لەریزەکەیدا﴾سەلامی دایەوە ، ئینجا بەتەنها نوێژی کردوو چووە دەرەوە، پێیان وت: تۆ دوو روویت کرد ئەی فلان ، وتی: نەبەخوا، دەیشچمە خزمەت پێغەمبەری خوا ئاگاداری دەکەم، هات بۆ خزمەت پێغەمبەرو(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئێمە خاوەنی وشتری ئاودێرین بەرۆژدا کاردەکەین، معاذ نوێژی خەوتنی لەخزمەت بەرێزتاندا کردوو، ئینجا هات بۆ لای ئێمەو بەسوورەتی(البقرة) دەستی پێکرد،

پێغەمبـەر(ﷺ) ڕوویکـردە (معـاذ) فـەرمووی: ((ئـەی معـاذ ئایـا تـۆ خـەڵك تاقیدەکەیتەوە؟ ئەوە بخوێنە ، ئەوە بخوێنە)).

سـفیان دەڵـێ: بـە(عمـرو)م وت: (ابـوزبیر) لـە(جـابر)ەوە بـۆی گێڕاینـەوە کەفەرموویەتی: ﴿والشمس وضحاها ﴾ و ﴿والـضحى ﴾ ﴿ والليل اذا يغشى ﴾ و ﴿ سـبح اسمربـك الاعلـى ﴾ بخوێنـە ﴿(عمـرو) وتـی: شـتێك لـەم جـۆرەی فەرموو﴾.

(٩١) ڕێگری کراوە لە پێش کەوتن لەئیمام لە رکوعو سجوددا

٢٨٦ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ، فَلَمَّا قَضَى الصَّلَاةَ أَقْبَلَ عَلَيْنَا ﴿بِوَجْهِهِ﴾ فَقَالَ: ((أَيُّهَا النَّاسُ، إِنِّي إِمَامُكُمْ، فَلَا تَسْبِقُونِي بِالرُّكُوعِ وَ﴿لَا﴾ بِالسُّجُودِ وَلَا بِالْقِيَامِ وَلَا بِالِانْصِرَافِ، فَإِنِّي أَرَاكُمْ ﴿مِن﴾أَمَامِي وَمِنْ خَلْفِي)). ثُمَّ قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَوْ رَأَيْتُمْ مَا رَأَيْتُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا)). قَالُوا: وَمَا رَأَيْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((رَأَيْتُ الْجَنَّةَ وَالنَّارَ)).

(انس) (ﷺ) ئەڵێ: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژی بۆ دەکردین ، کەلە نوێژ بوویەوە ڕووی تێکردین و فەرمووی: ((ئەی خەڵکینـە مـن (ئیمـام)ی ئێـوەم نەلەرکوع و نەلـە سجودو نەلەهەڵسانەوەداو نەلەسـەلامدانەوەدا پێشم مەکەون، من لەپێشەوەو لەدواشمەوە دەتانبینم، ئینجا فەرمووی: سوێند بـەوەی گیـانی موحەمەدی بەدەستە ئەگەر ئەوەی من دیومە ئێوە ببینن کەم پێدەکەنن و زۆر دەگرین)) ، وتیان: چیت دیووە ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: ((بەهەشت و دۆزەخم دیووە)).

(٩٢) ڕێگری لەسەربەرزکردنەوە لە پێش ئیمامەوە

٢٨٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا يَأْمَنُ الَّذِي يَرْفَعُ رَأْسَهُ فِي صَلَاتِهِ قَبْلَ الْإِمَامِ أَنْ يُحَوِّلَ اللَّهُ صُورَتَهُ فِي صُورَةِ حِمَارٍ)). [بخاري/ الجماعة والامامة/ ٦٥٩]

(ابوهریره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەمین و دڵنیا نەبێ ئەو کەسەی لەپێش ئیمامەوە سەری بەرزدەکاتەوە لەنوێژەکەیدا کە خوا شێوەی نەگۆڕێتە سەر شێوەی گوێدرێژ)).

(٩٣) دەست خستنە سەر ئەژنۆو سڕینەوەی فەرموودەی پێشوو

٢٨٨. عَنْ مُصْعَبِ ابْنِ سَعْدٍ قَالَ: صَلَّيْتُ إِلَى جَنْبِ أَبِي، قَالَ: وَجَعَلْتُ يَدَيَّ بَيْنَ رُكْبَتَيَّ، فَقَالَ لِي أَبِي: اضْرِبْ بِكَفَّيْكَ عَلَى رُكْبَتَيْكَ، قَالَ: ثُمَّ فَعَلْتُ ذَلِكَ مَرَّةً أُخْرَى فَضَرَبَ يَدَيَّ، وَقَالَ: إِنَّا نُهِينَا عَنْ هَذَا، وَأُمِرْنَا أَنْ نَضْرِبَ بِالْأَكُفِّ عَلَى الرُّكَبِ. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٠٧]

(مصعب) کوری (سعد ﴿ بن ابی وقاص﴾) دەڵێ: لەتەنیشت باوکمەوە نوێژم دەکرد، وتی: هەردوو دەستم خستە نێوان ئەژنۆکانم باوکم وتی: دەستت بخەرە سەر ئەژنۆکانت، وتی: جارێکی تریش هەروام کرد ، ئینجا کێشای بەدەستماو وتی: ئێمە ڕێگریمان لێکراوە کەئاوا بکەین فەرمانمان پێکراوە کەدەستمان بخەینە سەر ئەژنۆمان.

(٩٤) ئەوەی لەرکوعو سجوددا دەوترێت

٢٨٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (﵅) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُكْثِرُ أَنْ يَقُولَ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: ((سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي)). يَتَأَوَّلُ الْقُرْآنَ. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٨٤]

(عائشە) ر.ض) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەرکوعو سجودەکانیا زۆرجار دەیفەرموو: ((سبحانك اللهم ربنا وبحمدك، اللهم اغفر لی))*.واتە: ((پاکیو بێگەردیو بێهاوەڵی بۆ تۆ ئەی خوایە، پەروەردگاری ئێمەی، شوکرو سوپاست ئەکەم، ئەی خوایە لێم خۆش ببە)).

(٩٥) ڕێگری لەقورئان خوێندن لە رکوعو سجوددا

٢٩٠ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (﵄) قَالَ: كَشَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) السِّتَارَةَ، وَالنَّاسُ صُفُوفٌ خَلْفَ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ)، فَقَالَ: ((أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّهُ لَمْ يَبْقَ مِنْ مُبَشِّرَاتِ النُّبُوَّةِ إِلَّا الرُّؤْيَا الصَّالِحَةُ، يَرَاهَا الْمُسْلِمُ أَوْ تُرَى لَهُ، أَلَا وَإِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا، فَأَمَّا الرُّكُوعُ فَعَظِّمُوا فِيهِ الرَّبَّ عَزَّ وَجَلَّ، وَأَمَّا السُّجُودُ فَاجْتَهِدُوا فِي الدُّعَاءِ، فَقَمِنٌ أَنْ يُسْتَجَابَ لَكُمْ)).

(ابن عباس) (﵄) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) پەردەکەی لادا، لەوکاتەدا خەڵکی لەدوای (ابوبکر)ەوە ڕیز بوون، فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە هیچ

* بخاري/ صفة الصلاة / التسبيح والدعاء في السجود / ٧٨٤.

ئەمڕۆ دەكانی پێغەمبەرایەتی نەماوە جگە لەخەونی چاك، موسڵمان دەیبینێ، یان پێوەی دەبینرێت، ئایا ئازانن من (نەهی)م لێكراوە كەلەركوع و سجوددا قورئان بخوێنم ، لەركوعدا پەروەردگاری تێدا بەگەورەو مەزن رابگرن، لەسوجدەشدا كۆشش بكەن لە دۆعاو پاڕانەوەدا، شایانی ئەوەیە لێتان وەربگرێت)).

(٩٦) كاتی هەستانەوە لەركوع چی دەوترێت

٢٩١- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ) إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ قَالَ: ((رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ مِلْءُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وما بينهما، وَمِلْءُ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ، أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجْدِ، أَحَقُّ مَا قَالَ الْعَبْدُ -وَكُلُّنَا لَكَ عَبْدٌ- لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ)).

(ابو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: كاتێ پێغەمبەری خوا(ﷺ) سەری لەركوع بەرزدەكردەوە دەیفەرموو: ئەی پەروەردگارمان سوپاس بۆ تۆ پڕ بەئاسمانەكان و زەوی و نێوانیان، هەروەها پڕی هەرچی دەتەوێ، تەنها تۆ شایانی سوپاس و شكۆمەندیت و هەموو بەندەی تۆین، ئەوەی تۆ ئەیدەیت كەس ناتوانێ بیگرێتەوە، ئەوەی تۆ نەیدەی كەس ناتوانێ بیدات خاوەن پلە سوودی نیە، پلەو پایە لەتۆوەیە.

(٩٧) خێری سوجدە و هاندان بۆ زۆر سوجدە بردن

٢٩٢- عن مَعْدَانُ بْنُ أَبِي طَلْحَةَ الْيَعْمَرِيُّ قَالَ: لَقِيتُ ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَقُلْتُ: أَخْبِرْنِي بِعَمَلٍ أَعْمَلُهُ يُدْخِلُنِي اللَّهُ بِهِ الْجَنَّةَ، أَوْ قَالَ: قُلْتُ: بِأَحَبِّ الْأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ. فَسَكَتَ، ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَسَكَتَ، ثُمَّ سَأَلْتُهُ الثَّالِثَةَ فَقَالَ: سَأَلْتُ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ لِلَّهِ (ﷻ)، فَإِنَّكَ لَا تَسْجُدُ لِلَّهِ (ﷻ) سَجْدَةً إِلَّا رَفَعَكَ اللَّهُ بِهَا دَرَجَةً، وَحَطَّ عَنْكَ بِهَا خَطِيئَةً)). قَالَ مَعْدَانُ: ثُمَّ لَقِيتُ أَبَا الدَّرْدَاءِ، فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ لِي مِثْلَ مَا قَالَ لِي ثَوْبَانُ.

(معدان) كوری(طلحة اليعمري) دەڵێ: گەیشتم بە ثوبانی كارگوزاری پێغەمبەری خوا(وتم: كارێكم پێ بڵێ كەبیكەم و بەوە خوا بمخاتە بەهەشتەوە، یا وتم: خۆشەویسترین كار لای خوا، (ثوبان)بێدەنگ بوو ، ئینجا لێم پرسیەوە، هەر بێدەنگ بوو، ئینجا بۆ جاری سێیەم لێم پرسیەوە ، وتی: لەوبارەیەوە لەپێغەمبەری خوام(ﷺ) پرسیووە فەرموویەتی : سوجدەی زۆر ببە بۆ خوای

گەورە، تۆ هەر سوجدەیەك كەدەیبەیت بۆ خوا ئەو بەوە پلەیە (بەرزت دەكاتەوە، گوناهێكیشت لێ كەم دەكاتەوە) (معدان) دەڵێ: دوایی گەیشتم بە (ابودرداء) هەمان پرسیارم لێكرد ئەویش هەمان وەڵامی (ثوبان)ی دامەوە .

(٩٨) پارانەوە لەسوجدەدا

٢٩٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ، فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ)). [بخاري/ صفة الصلاة /٧٧٩]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((نزیكترین كاتی بەندە لەپەروەرگاریەوە، كاتی سوجدە بردنیەتی، كەواتە زۆر بپارێنەوە تیایا)).

(٩٩) لەسەر چەند ئەندام سوجدە دەبرێت

٢٩٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ: الْجَبْهَةِ –وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ– وَالْيَدَيْنِ وَالرِّجْلَيْنِ، وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ، وَلَا نَكْفِتَ الثِّيَابَ وَلَا الشَّعْرَ)).

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((فەرمانم پێكراوە كەلەسەر حەوت ئێسقان سوجدە بەرم، تەوێڵ [ناوچاو]بەدەست ئامارەی بۆلوتیشی كرد هەردوو دەستو هەردوو ئەژنۆ، پەنجەكانی هەردووپێ نەجل‌و نەقژیش لوول ناكەم [لەنوێژدا].

(١٠٠) رێكی لەسجودداو بەرزكردنەوەی ئەنیشكەكان

٢٩٥ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اعْتَدِلُوا فِي السُّجُودِ، وَلَا يَبْسُطْ أَحَدُكُمْ ذِرَاعَيْهِ انْبِسَاطَ الْكَلْبِ)). [بخاري / بەرگی ٢ لا ١١٨ اقتران النيرين لا ١٤]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((لەسوجدەدا رێكو راست بن، باكەستان قۆڵەكانی رانەخات وەكو چۆن سەگ رایدەخات)).

(١٠١) دوورخستنەوەی قۆڵ لەلەش

٢٩٦ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَالِكٍ ابْنِ بُحَيْنَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا سَجَدَ فَرَّجَ يَدَيْهِ عَنْ إِبْطَيْهِ حَتَّى إِنِّي لَأَرَى بَيَاضَ إِبْطَيْهِ. [بخاري/ الصلاة في ثياب/ ٣٨٣]

(عبدالله) كوری (مالك) كوری(بجينه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) كاتێ سوجدەی دەبرد هەردوو قۆڵی لەبن باڵی دوور دەسختەوە هەتا من سپیایی بن باڵیم دەبینی.

(١٠٢) دانیشتن لەسەر هەردوو پێ

٢٩٧. عن طَاوُسًا قال: قُلْنَا لِابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) فِي الْإِقْعَاءِ عَلَى الْقَدَمَيْنِ؟ فَقَالَ: هِيَ السُّنَّةُ، فَقُلْنَا ﴿لَهُ﴾: إِنَّا لَنَرَاهُ جَفَاءً بِالرَّجُلِ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: بَلْ هِيَ سُنَّةُ نَبِيِّكَ (ﷺ).

(طاوس) دەڵێ: پرسیمان لە(ابن عباس) (ﷺ) لەبارەی دانیشتن لەسەر هەردوو پاژنەی پێ؟ وتی: سوننەتە ، پێمان وت: ئێمە وایدەبینین کەزەحمەتە؟ بەلآم (ابن عباس) وتی: بەڵکو سوننەتی پێغەمبەرەکەتە(ﷺ) [مەبەست دانیشتنی نێوان هەردوو سوجدەکەیە].

(١٠٣) تەحیات لەنوێژدا

٢٩٨ـ عَنْ حِطَّانَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الرَّقَاشِيِّ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ) صَلَاةً، فَلَمَّا كَانَ عِنْدَ الْقَعْدَةِ قَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ : أُقِرَّتِ الصَّلَاةُ بِالْبِرِّ وَالزَّكَاةِ، قَالَ: فَلَمَّا قَضَى أَبُو مُوسَى الصَّلَاةَ وَسَلَّمَ انْصَرَفَ، فَقَالَ: أَيُّكُمُ الْقَائِلُ كَلِمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ قَالَ: فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّكُمُ الْقَائِلُ كَلِمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ فَأَرَمَّ الْقَوْمُ، فَقَالَ: لَعَلَّكَ يَا حِطَّانُ قُلْتَهَا؟ قَالَ: مَا قُلْتُهَا، وَلَقَدْ رَهِبْتُ أَنْ تَبْكَعَنِي بِهَا، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: أَنَا قُلْتُهَا، وَلَمْ أُرِدْ بِهَا إِلَّا الْخَيْرَ، فَقَالَ أَبُو مُوسَى: أَمَا تَعْلَمُونَ كَيْفَ تَقُولُونَ فِي صَلَاتِكُمْ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ خَطَبَنَا، فَبَيَّنَ لَنَا سُنَّتَنَا، وَعَلَّمَنَا صَلَاتَنَا فَقَالَ: ((إِذَا صَلَّيْتُمْ فَأَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ، ثُمَّ لْيَؤُمَّكُمْ أَحَدُكُمْ، فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذْ قَالَ: ﴿غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ﴾ فَقُولُوا: آمِينَ، يُجِبْكُمُ اللَّهُ، فَإِذَا كَبَّرَ وَرَكَعَ فَكَبِّرُوا وَارْكَعُوا، فَإِنَّ الْإِمَامَ يَرْكَعُ قَبْلَكُمْ وَيَرْفَعُ قَبْلَكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): فَتِلْكَ بِتِلْكَ، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، فَقُولُوا: اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، يَسْمَعُ اللَّهُ لَكُمْ، فَإِنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَالَ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّهِ (ﷺ): سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، وَإِذَا كَبَّرَ وَسَجَدَ فَكَبِّرُوا وَاسْجُدُوا، فَإِنَّ الْإِمَامَ يَسْجُدُ قَبْلَكُمْ، وَيَرْفَعُ قَبْلَكُمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): فَتِلْكَ بِتِلْكَ، وَإِذَا كَانَ عِنْدَ الْقَعْدَةِ فَلْيَكُنْ مِنْ أَوَّلِ قَوْلِ أَحَدِكُمْ: التَّحِيَّاتُ الطَّيِّبَاتُ الصَّلَوَاتُ لِلَّهِ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللَّهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)).

((حطـان)كـوری (عبـدالله الرقاشـی) دەڵـێ: لەگـەڵ (ابـو موسـی الاشـعری)دا نوێژێکم کرد، کاتێ کاتی دانیشتن هات پیاوێك لەو خەڵکە وتـی: نوێـژ کراوە بەهاوتای چاکەو زەکات. دەڵێ: کاتێ (ابوموسی) لەنوێژەکەی بوویەوە سەلامی دایەوە ، وتی: کێتان بوو قسەیەکی ئاواوئاوای‌کرد؟ خەڵکەکە هـەموو بێدەنگ بوون کەس وەڵامی نەدایـەوە، ئینجا وتـی: کێتـان بـوو قسەیەکی ئاواو ئاوای کرد؟ خەڵکەکە بێدەنگ بوون‌و کەس وەڵامی نەدایەوە بۆیە وتـی: ئـەی (حطـان) لەوانەیە تۆ وتبێتت؟ وتی: نەموتووە ، دەترسام سەرزەنشتم بکەیت.

پیاوێك لەو خەڵکە وتـی: مـن بووم وتم ، مەبەستیشم تـەنها خێر بوو، (ابـو موسـی) وتـی: نـازانم لەنوێـژەکانتانا چـی دەڵـێن، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) وتـاری بۆداین‌و سـوننەتەکانی بۆ ڕوون کردینـەوە، نوێـژەکانی فێرکـردین‌و فـەرمووی: ((ئەگەر نوێژتان کرد ریزەکانتان ڕێك بکەن، ئەگەر وتی: ((غیر المغضوب علـیهم ولا الضـالین)بڵێن: امین ، خوای گەورە نزاتـان گیرادەکات. ئەگـەر تـەکبیری کـرد تـەکبیر بکـەن‌و رکـوع ببـەن، ئیمـام لـەپێش ئێـوەوە رکـوع دەبـات‌و لـەپێش ئێوەشـــەوە بەرزدەبێتـــەوە فـــەرمووی: ئەمـــە یـــان بـــەوە (ئـــەم پێـــشکەوتنە بەودواکەوتنە)* ئەگەر وتـی: (سمع الله لمن حمده) بڵێن: (اللهم ربنا لـك الحمـد) خـوا لێتـان دەبیـستێ، چـونکە خـوای گـەورە لەسـەرزمانی پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) فەرموویەتی: (سمع الله لمن حمده) ئینجا ئەگەر تەکبیری کردو سوجدەی برد، ئێـوەش تـەکبیر بکـەن‌و سـوجدە ببـەن، چـونکە ئیمـام لـەپێش ئێـوەوە سـوجدە دەبات، لەپێش ئێوەشەوە بەرزدەبێتەوە، ئینجا پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئەمەشیان بەوە، ئینجـا ئەگـەر لەدانیشتنا بـوو بایەکـەم قسەی هەریـەکێکتان : (التحیات لله والصلوات لله، السلام علیك أیها النبي ورحمة الله وبرکاته ، السلام علینا وعلی عباد الله الصـالحین ،، اشـهد أن لا الـه الا الله واشـهد أن محمـدا عبـده ورسوله).

٢٩٩-﴿عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُعَلِّمُنَـا التَّشَهُّدَ كَمَـا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ، فَكَانَ يَقُولُ: ((التَّحِيَّاتُ الْمُبَارَكَاتُ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَـاتُ لِلَّهِ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللَّهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلَامُ عَلَيْنَـا وَعَلَـى عِبَـادِ اللَّـهِ

* ئەوەندەی ئیمام پێشدەکەوێت نوێژکەرەکان دوادەکەون لەهەڵسو کەوتا.

الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)). وَفِي رِوَايَةِ ابْنِ رُمْحٍ: كَمَا يُعَلِّمُنَا الْقُرْآنَ﴾.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەحیاتی فێردەکردین وەکو فێری سوورەتێ قورئانمان بکات، دەیفەرموو: (التحيات المباركات والصلوات الطيبات لله، السلام عليك أيها النبي ورحمة الله وبركاته ، السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين ، أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله) .

(١٠٤) لەنوێژا پەنا لەچی دەگیرێت

٣٠٠ــ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَدْعُو فِي الصَّلَاةِ: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ)). قَالَتْ: فَقَالَ لَهُ قَائِلٌ: مَا أَكْثَرَ مَا تَسْتَعِيذُ مِنَ الْمَغْرَمِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: ((إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا غَرِمَ حَدَّثَ فَكَذَبَ، وَوَعَدَ فَأَخْلَفَ)). [بخاري/ صفة الصلاة / الدعاء قبل السلام/ ٧٩٨].

(عائشه) (ر.ض)هاوسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەنوێژا دەپاڕایەوە : خوایە من پەنادەگرم بەتۆ لەسزای گۆڕو لەفیتنەی جەجاڵو، پەنادەگرم بەتۆ لە فیتنەی ژیانو مردن، خوایە پەنادەگرم بەتۆ لەهەرشتێ تووشی گوناهم بکات، لەقەرزێك کەنادرێتەوە عائیشە دەڵێ: یەکێ وتی (ئەی پێغەمبەری خوا) بۆ ئەوەندە پەنا دەگری لەقەرزاری؟ فەرمووی: ((پیاو ئەگەر قەرزاربوو قسەدەکاتو درۆدەکات، بەڵێن دەداتو نایباتە سەر)).

(١٠٥) نزا لەنوێژدا

٣٠١. عَنْ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ): أَنَّهُ قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): عَلِّمْنِي دُعَاءً أَدْعُو بِهِ فِي صَلَاتِي. فَقَالَ: ((قُلِ: اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَبِيرًا ــ وَقَالَ قُتَيْبَةُ: كَثِيرًا ــ وَلَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي، إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)). [بخاري/ قوله تعالى: ﴿ وكان الله سميعاً بصيرا ﴾ ٦٩٥٣].

(ابــوبکر) (ﷺ) دەڵــێ: وتم بەپێغەمبــەری خــوا(ﷺ) نزایــەکم فێربکــە لەنوێژەکانما بیڵێم، ئەویش فەرمووی: (اللهم اني ظلمت نفسي ظلماً كبيراً ــ قتيبە دەڵێ : ــ كثيراً ولا يغفر الذنوب الا انت ، فاغفر لي مغفرة من عندك ، وارحمني ، انك أنت الغفور الرحيم) واتە: خوایە گیان من ستەمێکی زۆرو

گەورەم لەخۆم کردووە کەسیش لەگوناه خۆشنابێت جگە لەتۆ ، دە خۆت لێم خۆش ببەو بەزەییت پێما بێتەوە ، تەنها تۆ لێبوردەو میهرەبانی).

(١٠٦) نەفرین کردن لەشەیتان لەنوێژاو پەناگرتن بەخوا لێی

٣٠٢ـ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (ﷺ) قَالَ: قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَمِعْنَاهُ يَقُولُ: ((أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ)). ثُمَّ قَالَ: ((أَلْعَنُكَ بِلَعْنَةِ اللَّهِ)). ثَلَاثًا وَبَسَطَ يَدَهُ كَأَنَّهُ يَتَنَاوَلُ شَيْئًا، فَلَمَّا فَرَغَ مِنَ الصَّلَاةِ، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَدْ سَمِعْنَاكَ تَقُولُ فِي الصَّلَاةِ شَيْئًا لَمْ نَسْمَعْكَ تَقُولُهُ قَبْلَ ذَلِكَ؟ وَرَأَيْنَاكَ بَسَطْتَ يَدَكَ. قَالَ: ((إِنَّ عَدُوَّ اللَّهِ إِبْلِيسَ جَاءَ بِشِهَابٍ مِنْ نَارٍ لِيَجْعَلَهُ فِي وَجْهِي، فَقُلْتُ: أَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْكَ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ قُلْتُ: أَلْعَنُكَ بِلَعْنَةِ اللَّهِ التَّامَّةِ، فَلَمْ يَسْتَأْخِرْ، ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ أَرَدْتُ أَخْذَهُ، وَاللَّهِ لَوْلَا دَعْوَةُ أَخِينَا سُلَيْمَانَ لَأَصْبَحَ مُوثَقًا يَلْعَبُ بِهِ وِلْدَانُ أَهْلِ الْمَدِينَةِ)).

(ابودرداء)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەستا دەستی کرد بەنوێژکردن گوێمان لێ بوو دەیفەرموو: (اعوذ بالله منك) پەنادەگرم بەخوا لەتۆ ، ئینجا سێجار فەرمووی: ((نەفرینت لێدەکەم بەنەفرینی خوا.(سێجار) دەستیشی درێژکرد وەکو شتێك بگرێت، کاتێ لەنوێژ بوویەوە، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێمان لێ بوو لەنوێژەکەتدا شتێکت دەفەرموو کەپێشتر لێمان نەبیستبووی؟ چاویشمان لێ بوو دەستت درێژدەکرد، فەرمووی: ((ئیبلیس دوژمنی خوا سەرە بزوتکێکی هێنابوو دەیویست بیدات بەسەروچاوما، منیش سێجار وتم: پەنادەگرم بەخوا لەتۆ، ئینجا سێجار وتم: نەفرینت لێدەکەم بەنەفرینە تەواوەکانی خوا بەڵام نەچووە دواوە، پاشان ویستم بیگرم سوێند بەخوا ئەگەر پاڕانەوەکەی سلێمانی برام نەبوایە ئەبەسترایەوەو منداڵانی خەڵکی مەدینە گەمەیان پێدەکرد)).

(١٠٧) سڵاوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)

٣٠٣ـعَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: أَتَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ فِي مَجْلِسِ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ، فَقَالَ لَهُ بَشِيرُ بْنُ سَعْدٍ: أَمَرَنَا اللَّهُ تَعَالَى أَنْ نُصَلِّيَ عَلَيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَكَيْفَ نُصَلِّي عَلَيْكَ؟ قَالَ: فَسَكَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى تَمَنَّيْنَا أَنَّهُ لَمْ يَسْأَلْهُ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قُولُوا: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى ﴿آلِ﴾ إِبْرَاهِيمَ. وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ، وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ فِي الْعَالَمِينَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ. وَالسَّلَامُ كَمَا قَدْ عَلِمْتُمْ)).

(ابـو مـسعود الانـصاری) (ﷺ) دەڵـێ: ئێمـه لـەلای (سـەعد) کـوری (عبـادە) دانیشتبووین ، پێغەمبەری خوا(ﷺ) هات بۆ ناومان ، (بشر) کوری (سعد) پێی وت: خوایگـەورە فـەرمانی پێکـردووین کەسـڵاوات لەسـەر بـدەین ئـەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، چۆن سلاوات لەسەر بدەین؟ پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو، ئەوەندەی پێ چوو خۆزگەمان دەخواست کە ئەو پرسیارەی لێنەکرایا ئینجا فەرمووی : (بڵێن : اللهم صلی علی محمد وعلی ال محمد ، کما صلیت علی ابراهیم وبارك علی محمد ، وعلی ال محمد کمابارکت علی ال ابراهیم في العالمین انك حمید مجید والسلام کما قد علمتم).

(١٠٨) سەلام دانەوە لەنوێژا

٣٠٤ـ عَنْ عَامِرِ ابْنِ سَعْدٍ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَرَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ يَسَارِهِ، حَتَّى أَرَى بَيَاضَ خَدِّهِ.

(عامر) کوری (سعد) (ﷺ) دەڵێ: من دەمبینی پێغەمبەری خوا(ﷺ) سـەلامی دەدایەوە بەلای راستیو بەلای چەپیدا هەتا سپیایی روومەتیم دەبینی.

(١٠٩) کەراهەتی ئاماژە کردن بەدەست لەکاتی سەلام دانەوەدا

٣٠٥. عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا إِذَا صَلَّيْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قُلْنَا: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللَّهِ، وَأَشَارَ بِيَدِهِ إِلَى الْجَانِبَيْنِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَلَامَ تُومِئُونَ بِأَيْدِيكُمْ كَأَنَّهَا أَذْنَابُ خَيْلٍ شُمْسٍ؟ إِنَّمَا يَكْفِي أَحَدَكُمْ أَنْ يَضَعَ يَدَهُ عَلَى فَخِذِهِ، ثُمَّ يُسَلِّمُ عَلَى أَخِيهِ مَنْ عَلَى يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ)).

(جابر) کوری (سمره) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە ئەگەر لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (نوێژمان بکردایە، دەمانوت: السلام علیکم ورحمه الله ، السلام علیکم ورحمه الله ، بەدەست ئاماژەی بۆ هەردو لاکەی کرد، پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((بۆچی بەدەست ئاماژە دەکەی هەر دەڵێی کلکی ئەسپی (تۆرە) ئەوەندە بەسە بۆ یەکێکتان کەدەستی بخاتە سەر رانیی، ئینجا سەلام بکات لەبراکەی لەلای راستیەوەو لەلای چەپەوە)).

(١١٠) چی دەوترێت دوای سەلام دانەوە لەنوێژ

٣٠٦ـ عَنْ وَرَّادٍ مَوْلَى الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (ﷺ) قَالَ: كَتَبَ الْمُغِيرَةُ بْنُ شُعْبَةَ إِلَى مُعَاوِيَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا فَرَغَ مِنَ الصَّلَاةِ وَسَلَّمَ قَالَ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا

اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ)). [بخاري/ صفة الصلاة/ الذكر بعد الصلاة / ٨٠٦].

(وراد) كاگوزارى (المغيره) كورى (شعبه) (ﷺ) دەڵێ: (مغيره) كورى(شعبه) نووسى بۆ (معاويه) (ﷺ) كاتێ پێغەمبەرى خوا(ﷺ) لەنوێژ دەبوويەوەو سەلامى دەدايەوە، دەيفەرموو: (لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شي قدير، اللهم لا مانع لما اعطيت ولا معطي لما منعت ولاينفع ذالجد منك الجد) واتە: هيچ خوايەك نييە جگە لە(الله) تاكو تەنيايەو بێ شەريكە، موڵك هەمووى هى ئەوە سوپاس تەنيا بۆئەوە ، ئەويش دەسەڵاتى بەسەر هەموو شتێكدا هەيە، ئەى خوايە، ئەوەى تۆ دەيبەخشيت بەرى لێ ناگيرێت. ئەوەى تۆ نەيبەخشيت كەس ناتوانێ بيبەخشێت، خاوەن سامانەكان سوود لەسامانو دەسەڵاتيان وەرناگرن لەلاى تۆ)).

(١١١) تەكبير لەدواى نوێژ

٣٠٧. عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نَعْرِفُ انْقِضَاءَ صَلَاةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالتَّكْبِيرِ. [بخاري/ صفة الصلاة / الذكر بعد الصلاة /٨٠٦]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە بە تەكبير دەمانزانى پێغەمبەرى خوا(ﷺ) لەنوێژ بۆتەوە [مەبەست لە زكرى دواى نوێژە].

(١١٢) سبحان الله والحمد لله والله اكبر دواى نوێژ

٣٠٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ سَبَّحَ اللَّهَ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَحَمِدَ اللَّهَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَكَبَّرَ اللَّهَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، فَتْلِكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ، وَقَالَ تَمَامَ الْمِائَةِ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. غُفِرَتْ خَطَايَاهُ، وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ)).

(ابوهريرة) (ﷺ) لەپێغەمبەرى خواوە بۆمان دەگێڕێتەوە كە فەرموويەتى: ((هەركەس لەدواى هەموو نوێژێك سىوسىێجار (سبحان الله)و سىوسىێجار(الحمد لله)و سىوسىێجار(الله اكبر) بكات كە دەكاتە نەوەدو نۆ، بۆ تەواوكردنى سەدەكەش بڵێ: (لا اله الا الله وحده لاشريك له له الملك وله الحمد وهو على كل

شـیء قـدیر)خـوا لەگوناهـەکانی دەبووریـت ئەگـەر بەئەنـدازەی کـەفی دەریـاش بێت.

(١١٣) ڕۆیشتن دوای نوێژ بەلای ڕاستو چەپدا

٣٠٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّه بن مسعودٍ (ﷺ) قَالَ: لَا يَجْعَلَنَّ أَحَدُكُمْ لِلشَّيْطَانِ مِنْ نَفْسِه جُزْءًا: لَا يَرَى إِلَّا أَنَّ حَقًّا عَلَيْهِ أَنْ لَا يَنْصَرِفَ إِلَّا عَنْ يَمِينِه، أَكْثَرُ مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَنْصَرِفُ عَنْ شِمَالِه. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٨١٤]

(عبـدالله) کـوری (مـسعود) (ﷺ) دەڵـێ: باکەسـتان شـەیتان زاڵ نـەکات لـەدەروونی خۆیـدا بـەوەی: وابزانێـت کـە ئـەرکی سەرشـانیەتی کـاتێ لەنوێـژ دەبێتەوە دەبێ هەر بەلای ڕاستا هەستێو بڕوات، چونکە من زۆرترینی کات، دیومە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەلەدوای نوێژ هەستاوەو بەلای چەپدا ڕۆیشتووە.

(١١٤) کێ شیاوترە بۆ ئیمامەت

٣١٠ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللَّه، فَإِنْ كَانُوا فِي الْقِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّةِ، فَإِنْ كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً، فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِلْمًا. وَلَا يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِه، وَلَا يَقْعُدْ فِي بَيْتِه عَلَى تَكْرِمَتِه إِلَّا بِإِذْنِه)).

(ابـو مـسعود الانـصاری) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی : ((ئەوەی ئیمامەت دەکات بۆ خەڵك با شارەزاترینیان بێت لەخوێنـدنی قورئانـدا، ئەگـەر لـەقورئان خوێنـدنـدا یەکسان بـوون، شـارەزاترینیان لەسـوننەتدا، ئەگـەر لەسـوننەتی پێغەمبەریـشدا یەکـسان بـوون لەپێـشتریان لـەکۆچ کردنـدا،ئەگـەر لەوەشدا یەکسان بوون لەموسڵمان بووندا . نابێ ببێ بە ئیمام پیاوێ لەشوێنی دەسەڵاتی پیاوێکیتردا، لەسەر جێگەکەشی نابێ دابنیشێت بەرەزامەندی خۆی نەبێ)).

(١١٥) شوێنکەوتن و هەڵسوکەوت لەدوای ئیمام

٣١١ـ عـن الْبَـرَاءُ (ﷺ): أَنَّهُـمْ كَـانُوا يُـصَلُّونَ مَـعَ رَسُـولِ اللَّـه (ﷺ)، فَـإِذَا رَكَـعَ رَكَعُوا، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ فَقَالَ: ((سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ)) لَمْ نَـزَلْ قِيَامًـا حَتَّى نَرَاهُ قَدْ وَضَعَ وَجْهَهُ فِي الْأَرْضِ ثُمَّ نَتَّبِعُهُ. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٧٨]

(براء) (ﷺ) دەڵێ: هاوەڵان لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) نوێژیان دەکرد،کاتێ ڕکوعی دەبرد ، ئەوانیش ڕکوعیان دەبرد، کاتێ سەری بەرز دەکردەوە لەڕکوع

دەیفەرموو (سمع الله لمن حمده) ئێمە هەر بەپێوە دەماینەوە هەتا دەمانبینی [پێغەمبەر(ﷺ)] ناوچاوی لەسەر زەوییە ئینجا شوێنی دەکەوتین.

(١١٦) فەرمانی کرد بەئیمامەکان کە نوێژەکانیان کورت و تەواوبێت

٣١٢- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: إِنِّي لَأَتَأَخَّرُ عَنْ صَلَاةِ الصُّبْحِ مِنْ أَجْلِ فُلَانٍ مِمَّا يُطِيلُ بِنَا. فَمَا رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) غَضِبَ فِي مَوْعِظَةٍ قَطُّ أَشَدَّ مِمَّا غَضِبَ يَوْمَئِذٍ، فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ مِنْكُمْ مُنَفِّرِينَ، فَأَيُّكُمْ أَمَّ النَّاسَ فَلْيُوجِزْ، فَإِنَّ مِنْ وَرَائِهِ الْكَبِيرَ وَالضَّعِيفَ وَذَا الْحَاجَةِ)). [بخاري/ الاحكام / ٦٧٤٠].

(ابو مسعود الانصاری) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتی: من لەنوێژی بەیانیاندا دوادەکەوم بەهۆی فلانەکەسەوە کەدرێژی دەکاتەوە، پێغەمبەر(ﷺ) تووڕەبوو تووڕە بوونێك کە هەرگیز نەماندیبوو لەئامۆژگاریدا پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەندە تووڕە بوبێت وەکو ئەو ڕۆژە، ئینجا فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە کەسانێکتان خەڵك ڕاودەنێن ئەوەی ئیمامەت بۆ خەڵکی دەکات، باکورتی بکاتەوە، چونکە پیرو لاوازو خاوەن کار لەپشتیەوەن)).

(١١٧) جێگردانانی ئیمام ئەگەر نەخۆش کەوت

٣١٣- عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ) فَقُلْتُ لَهَا: أَلَا تُحَدِّثِينِي عَنْ مَرَضِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَتْ: بَلَى، ثَقُلَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَصَلَّى النَّاسُ)). قُلْنَا: لَا، هُمْ يَنْتَظِرُونَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((ضَعُوا لِي مَاءً فِي الْمِخْضَبِ)). فَفَعَلْنَا، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ ذَهَبَ لِيَنُوءَ فَأُغْمِيَ عَلَيْهِ، ثُمَّ أَفَاقَ، فَقَالَ: ((أَصَلَّى النَّاسُ)). قُلْنَا: لَا، وَهُمْ يَنْتَظِرُونَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((ضَعُوا لِي مَاءً فِي الْمِخْضَبِ)). فَفَعَلْنَا، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ ذَهَبَ لِيَنُوءَ، فَأُغْمِيَ عَلَيْهِ، ثُمَّ أَفَاقَ، فَقَالَ: ((أَصَلَّى النَّاسُ)). قُلْنَا: لَا، وَهُمْ يَنْتَظِرُونَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((ضَعُوا لِي مَاءً فِي الْمِخْضَبِ)). فَفَعَلْنَا، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ ذَهَبَ لِيَنُوءَ، فَأُغْمِيَ عَلَيْهِ، ثُمَّ أَفَاقَ، فَقَالَ: ((أَصَلَّى النَّاسُ)). فَقُلْنَا: لَا، وَهُمْ يَنْتَظِرُونَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَتْ: وَالنَّاسُ عُكُوفٌ فِي الْمَسْجِدِ، يَنْتَظِرُونَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لِصَلَاةِ الْعِشَاءِ الْآخِرَةِ، قَالَتْ: فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى أَبِي بَكْرٍ (ﷺ) أَنْ يُصَلِّيَ بِالنَّاسِ، فَأَتَاهُ الرَّسُولُ فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَأْمُرُكَ أَنْ تُصَلِّيَ بِالنَّاسِ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) وَكَانَ رَجُلًا رَقِيقًا: يَا عُمَرُ صَلِّ بِالنَّاسِ، فَقَالَ عُمَرُ (ﷺ): أَنْتَ أَحَقُّ بِذَلِكَ. قَالَتْ: فَصَلَّى

بِهِمْ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) تِلْكَ الْأَيَّامَ، ثُمَّ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَجَدَ مِنْ نَفْسِهِ خِفَّةً، فَخَرَجَ بَيْنَ رَجُلَيْنِ -أَحَدُهُمَا الْعَبَّاسُ (ﷺ)- لِصَلَاةِ الظُّهْرِ، وَأَبُو بَكْرٍ يُصَلِّي بِالنَّاسِ، فَلَمَّا رَآهُ أَبُو بَكْرٍ ذَهَبَ لِيَتَأَخَّرَ، فَأَوْمَأَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ) أَنْ لَا يَتَأَخَّرَ، وَقَالَ لَهُمَا: ((أَجْلِسَانِي إِلَى جَنْبِهِ)) فَأَجْلَسَاهُ إِلَى جَنْبِ أَبِي بَكْرٍ، وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) يُصَلِّي وَهُوَ قَائِمٌ بِصَلَاةِ النَّبِيِّ (ﷺ) وَالنَّاسُ يُصَلُّونَ بِصَلَاةِ أَبِي بَكْرٍ، وَالنَّبِيُّ (ﷺ) قَاعِدٌ. قَالَ عُبَيْدُ اللَّهِ: فَدَخَلْتُ عَلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ فَقُلْتُ لَهُ: أَلَا أَعْرِضُ عَلَيْكَ مَا حَدَّثَتْنِي عَائِشَةُ عَنْ مَرَضِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَقَالَ: هَاتِ. فَعَرَضْتُ حَدِيثَهَا عَلَيْهِ، فَمَا أَنْكَرَ مِنْهُ شَيْئًا، غَيْرَ أَنَّهُ قَالَ: أَسَمَّتْ لَكَ الرَّجُلَ الَّذِي كَانَ مَعَ الْعَبَّاسِ؟ قُلْتُ: لَا قَالَ هُوَ عَلِيٌّ، (ﷺ). [بخاري/ الجماعة والامامة/٦٥٥].

(عبيدالله) کوری(عبدالله) دەڵێ: چوومەماڵی (عائشه) (ر.ض)پێموت: ئایا باسی نەخۆشیەکەی پێغەمبەری خوام(ﷺ) بۆ ناکەیت؟ وتی: بەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) لەشی قورس بووبوو فەرمووی: (ئایا خەڵکەکە نوێژیان کرد) وتمان: نەخێر ، ئەوان چاوەڕێی بەڕێزتانن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ئاوم بۆ بکەنە کاسەکەوە)) ئاومان تێکردوو دەستنوێژی گرت، ئینجا ویستی هەستێ، بەڵام لەهۆش خۆی چوو، کاتێ کە هاتەوە هۆش خۆی فەرمووی: ((ئایا نوێژیان کرد) وتمان: نەخێر، چاوەڕێی بەڕێزتانن ئەی پێغمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئاوم بۆ بکەنە کاسەکەوە) ئاومان تێکردوو دەستنوێژی گرتو ویستی هەستێ، بەڵام لەهۆش خۆی چوو، کاتێ هاتەوە هۆش خۆی فەرمووی: ((ئایا خەڵکەکە نوێژیان کرد)) وتمان: نەخێر چاوەڕێی بەڕێزتانن ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئاوم بۆ بکەنە کاسەکەوە. ئاومان تێکردو دەستنوێژیگرتو ویستی هەستێ بۆ نوێژ، بەڵام لەهۆش خۆی چوو، کاتێ هاتەوە هۆش خۆی، فەرمووی: (ئایا خەڵکەکە نوێژیان کرد) وتمان: نەخێر، ئەوان چاوەڕێی بەڕێزتانن ئەی پێغمبەری خوا(ﷺ) (عائشه) (ﷺ) وتی: خەڵکەکە لەمزگەوت مابوونەوە، چاوەڕێی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بوون بۆ نوێژی خەوتنان ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بەدوای ابوبکردا (ﷺ) کە نوێژ بۆ خەڵکەکە بکات، نێرراوەکە چوو بۆ لای ابوبکرو وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمانت پێدەکات کەنوێژ بۆ خەڵکەکە بکەیت (ابوبکر)(ﷺ) کەپیاوێکی زۆر دڵ ناسك بوو وتی: ئەی (عمر) نوێژ بۆ ئەو خەڵکە بکە. (عمر) (ﷺ) وتی: تۆشیاوتری بەوە، ئینجا

(ابوبكر) ئەو چەند ڕۆژە نوێـژی بۆكردن پاشان پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) دەرچـوو لـەنێوان دوپیـاودا كەیـەكێكیان عباس بـوو(هاتـە دەرەوە بـۆ نوێـژی نیـوەڕۆ لەوكاتەدا (ابوبكر) نوێژی بۆ خەڵكەكە دەكرد، كـاتێ (ابوبكر) چاوی كەوت بە پێغەمبەر(ﷺ) ویستی بێتە دواوە، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی بۆ كرد كەنەچێتە دواوە، بــەدوو كەســەكەی فــەرموو: ((لەتەنیــشتیا دامنیــشێنن لەتەنیــشت (ابــوبكر)ەوە دایاننــا، (ابــوبكر) بــەپێوە بەنوێژەكــەی پێغەمبــەر(ﷺ) نوێــژی دەكـردوو، خەڵكەكـەش بەنوێژەكـەی (ابـوبكر) نوێـژیان دەكـرد. پێغەمبـەر(ﷺ) دلنیشتبوو (عبیـد الله) وتـی: چـوومە ژوورەوە بـۆلای (عبـدالله) كـوری (عبـاس) پێموت: ئایا ئەوەی عائشە لـەبارەی نەخۆشیەكەی پێغەمبـەرەوە (ﷺ) پێـی وتم: بۆت نەگێڕمەوە؟ وتی: بلَێ: منیش بۆم گێڕایەوە، هیچی لێ ڕەت نەكردەوە بەڵام وتی: ناوی ئەو پیاوەی پێ وتی: كەلەگەڵ (عباس)دا بوو؟ وتـی: نەخێر، وتـی: ئەوە علی (ﷺ) بوو.

(١١٨) ئەگەر ئیمام دواكەوت كەسێكیتر دەخرێتە پێشەوە

٣١٤ــعن الْمُغِيرَةَ ابْنَ شُعْبَةَ (ﷺ): أَنَّهُ غَزَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) تَبُوكَ، قَالَ الْمُغِيرَةُ: فَتَبَرَّزَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قِبَلَ الْغَائِطِ، فَحَمَلْتُ مَعَهُ إِدَاوَةً، قَبْلَ صَلَاةِ الْفَجْرِ، فَلَمَّا رَجَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَيَّ أَخَذْتُ أُهَرِيقُ عَلَى يَدَيْهِ مِنَ الْإِدَاوَةِ، وَغَسَلَ يَدَيْهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ، ثُمَّ ذَهَبَ يُخْرِجُ جُبَّتَهُ عَنْ ذِرَاعَيْهِ، فَضَاقَ كُمَّا جُبَّتِهِ، فَأَدْخَلَ يَدَيْهِ فِي الْجُبَّةِ، حَتَّى أَخْرَجَ ذِرَاعَيْهِ مِنْ أَسْفَلِ الْجُبَّةِ، وَغَسَلَ ذِرَاعَيْهِ إِلَى الْمِرْفَقَيْنِ، ثُمَّ تَوَضَّأَ عَلَى خُفَّيْهِ، ثُمَّ أَقْبَلَ، قَالَ الْمُغِيرَةُ: فَأَقْبَلْتُ مَعَهُ حَتَّى نَجِدُ النَّاسَ قَدْ قَدَّمُوا عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ عَوْفٍ (ﷺ) فَصَلَّى لَهُمْ، فَأَدْرَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِحْدَى الرَّكْعَتَيْنِ، فَصَلَّى مَعَ النَّاسِ الرَّكْعَةَ الْآخِرَةَ، فَلَمَّا سَلَّمَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ (ﷺ) قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُتِمُّ صَلَاتَهُ، فَأَفْزَعَ ذَلِكَ الْمُسْلِمِينَ، فَأَكْثَرُوا التَّسْبِيحَ، فَلَمَّا قَضَى النَّبِيُّ (ﷺ) صَلَاتَهُ أَقْبَلَ عَلَيْهِمْ، ثُمَّ قَالَ: ((أَحْسَنْتُمْ)) أَوْ قَالَ: ((قَدْ أَصَبْتُمْ)) يَغْبِطُهُمْ أَنْ صَلَّوْا الصَّلَاةَ لِوَقْتِهَا. [بخاري/ الضوء/١٨٠].

(مغـیرە) كـوری(شـعبە) (ﷺ) دەڵـێ: لەغـەزای تەبوكـدا لەخزمـەت پێغەمبـەری خوادا(ﷺ) بووم، پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) چووە دەرەوە بۆ دەسـت بەئاو گەیاندن، منـیش مەسـینەیەك ئـاوم بـۆ هــەڵگرت پـێش نوێـژی بـەیانی بـوو، كـاتێ پێغەمبـەر(ﷺ) گەڕایـەوە، بـۆلام ئـاوم كـرد بەدەسـتیاو سـێجار دەسـتی شـۆرد،

ئینجا دەموچاوی شۆرد، ئینجا ویستی قۆڵی لەجبەکەیەوە دەربهێنێ بەڵام تەسك بوو ناچار دەستی لەخوارەوە لەژێر جبەکەیەوە دەرهێناو هەردوو قۆڵی هەتا ئەنیشکی شۆرد ، ئینجا مەسحی کاڵەو پێتاوەکان(خوفەکان)ی‌کرد، ئینجا هاتەوە ، مغیرە دەڵێ: منیش لەخزمەتیا هاتمەوە هەتا دیمان خەڵکەکە (عبدالرحمن) کوری(عوف) یان (ﷺ) خستۆتە پێشەوە نوێژیان بۆ دەکات، پێغەمبەر (ﷺ) گەیشت بەرکاتێکا لەگەڵ خەڵکەکەدا دوا رکاتی کرد، کاتێ (عبدالرحمن) سەلامی دایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هەڵسایەوە نوێژەکەی تەواو کرد، ئەو چاوەڕێ نەکردنەی پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانەکانی ترساند، زۆر (سبحان الله) یان دەکرد، کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) لەنوێژەکەی بوویەوە ، رووی تێکردن، فەرمووی: ((چاکتان کرد)) یا فەرمووی: ((پێکاتان)) دڵخۆشی دەربڕی بەوەی کەلەکاتی خۆیدا نوێژەکەیان کردووە.

(١١٩) ئەوەی گوێی لەبانگە پێویستە بێت بۆ مزگەوت

٣١٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) رَجُلٌ أَعْمَى فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّه، إِنَّهُ لَيْسَ لِي قَائِدٌ يَقُودُنِي إِلَى الْمَسْجِدِ، فَسَأَلَ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) أَنْ يُرَخِّصَ لَهُ فَيُصَلِّيَ فِي بَيْتِهِ، فَرَخَّصَ لَهُ، فَلَمَّا وَلَّى دَعَاهُ فَقَالَ: ((هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلَاةِ)). قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: ((فَأَجِبْ)).

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێکی نابینا هاتە خزمەت پێغمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەسم نییە دەستم بگرێت بۆ مزگەوت، داوای کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) کە مۆڵەتی بدات لەماڵەوە نوێژ بکات، مۆڵەتی‌دا، کاتێ پیاوەکە رۆیشت، بانگی کردەوە فەرمووی: (ئایا گوێت لەبانگە؟) وتی: بەڵێ. فەرمووی: (دە وەڵامی بدەرەوە) [واتە: وەرە بۆ مزگەوت بۆ نوێژ].

(١٢٠) خێری جەماعەت

٣١٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((صَلَاةُ الْجَمَاعَةِ أَفْضَلُ مِنْ صَلَاةِ أَحَدِكُمْ وَحْدَهُ بِخَمْسَةٍ وَعِشْرِينَ جُزْءًا)). [بخاري/ الجماعة والامامة / ٦٢١].

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((نوێژی جەماعەت بیست و پێنج ئەوەندەی نوێژی یەکێکتان بەتاك خێری زیاترە)).

(١٢١) نوێژی جەماعەت ڕێگای هیدایەتە

٣١٧ـ عن عَبْدُ اللَّه بن مسعودٍ (ﷺ) قال: لَقَدْ رَأَيْتُنَا وَمَا يَتَخَلَّفُ عَنِ الصَّلَاةِ إِلَّا مُنَافِقٌ قَدْ عُلِمَ نِفَاقُهُ أَوْ مَرِيضٌ، إِنْ كَانَ الْمَرِيضُ لَيَمْشِي بَيْنَ رَجُلَيْنِ حَتَّى يَأْتِيَ الصَّلَاةَ. وَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَلَّمَنَا سُنَنَ الْهُدَى، وَإِنَّ مِنْ سُنَنِ الْهُدَى الصَّلَاةَ فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي يُؤَذَّنُ فِيهِ. [بخاري/ المساجد/ ٤٦٥]

(عبدالله) کوری (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە خۆمانم وادیوە کەس لەنوێژ دوانەدەکەوت مەگەر مونافیقێ کە نیفاقەکەی زانرابێ، یان نەخۆش، ئەگەر نەخۆشیش بوایا دوو پیاو دەستیان دەگرت تابێت بۆ نوێژ ئنجا وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێگای هیدایەتی فێرکردین، یەکێك لە ڕێگاکانی هیدایەت نوێژکردنە لەو مزگەوتەی بانگی تێدا دەدرێت.

(١٢٢) چاوەڕێکردن بۆ نوێژو خێری جەماعەت

٣١٨ـ[1] عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صَلَاةُ الرَّجُلِ فِي جَمَاعَةٍ تَزِيدُ عَلَى صَلَاتِهِ فِي بَيْتِهِ وَصَلَاتِهِ فِي سُوقِهِ بِضْعًا وَعِشْرِينَ دَرَجَةً، وَذَلِكَ أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ أَتَى الْمَسْجِدَ -لَا يَنْهَزُهُ إِلَّا الصَّلَاةُ، لَا يُرِيدُ إِلَّا الصَّلَاةَ- فَلَمْ يَخْطُ خَطْوَةً إِلَّا رُفِعَ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ، وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ، حَتَّى يَدْخُلَ الْمَسْجِدَ، فَإِذَا دَخَلَ الْمَسْجِدَ كَانَ فِي الصَّلَاةِ مَا كَانَتِ الصَّلَاةُ هِيَ تَحْبِسُهُ، وَالْمَلَائِكَةُ يُصَلُّونَ عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مَجْلِسِهِ الَّذِي صَلَّى فِيهِ، يَقُولُونَ: اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ، اللَّهُمَّ تُبْ عَلَيْهِ، مَا لَمْ يُؤْذِ فِيهِ، مَا لَمْ يُحْدِثْ فِيهِ)).

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: نوێژی پیاوێك لەجەماعەتدا خێرترە لەنوێژەکەی لەماڵەوە یان لەبازاڕ بەبیستو ئەوەندە پلە، ئەوەش بەوە دەبێت ئەگەر کەسێکتان دەستنوێژی گرتو، دەستنوێژێکی باشی گرت، ئینجا هات بۆ مزگەوت، هیچ شتێ هانی نەدابێت جگە لەنوێژەکە، هیچ مەبەستێکی نەبێ نوێژەکەنەبێ . هەر هەنگاوێکی کەناویەتی، پلەیەك پێی بەرزبۆتەوەو گوناهێکیشی لەکۆڵ بۆتەوە، هەتا دەگاتە مزگەوتەکە، ئەگەر چووە مزگەوتەکە ئەوە لەنوێژدایە، مادام نوێژەکە گیری دابێت فریشتەکانیش

[1] ئەم ژمارەیە لە کتێبەکەشدا دووبارەیە

دەپارێنـەوە بـۆ ئـەو کەسـەتان مـادام لـەو کـۆڕەدا بێـت کـە نوێـژی تیـاکردووە، دەڵێن: خوایە بەزەییت پێدا بێتەوە ، خوایە لێی خۆش ببە، خوایە تەوبەی لێ وەربگرە، ئەگەر ئازاری کەسی نەدابێو دەستنوێژی نەشکابێت).

(١٢٣) خێری نوێژی خەوتنان و بەیانی بەجەماعەت

٣١٩ـ عـن عَبْدُ الـرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي عَمْـرَةَ قَـالَ: دَخَـلَ عُثْمَـانُ ﴿بْنُ عَفَّـانَ﴾ (ﷺ) الْمَسْجِدَ بَعْدَ صَلَاةِ الْمَغْرِبِ، فَقَعَدَ وَحْدَهُ، فَقَعَدْتُ إِلَيْهِ. فَقَالَ: يَا ابْنَ أَخِي، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا قَامَ نِصْفَ اللَّيْلِ، وَمَنْ صَلَّى الصُّبْحَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ)).

(عبدالرحمن) کوری (ابی عمره) دەڵێ: (عثمان) کوری (عفان) (ﷺ) لـەدوای نوێژی شێوان هات بۆ مزگەوت، بەتەنها دانیشت، منیش لەلای دانیشتم: وتـی: ئـەی بـرازا بیـستوومە لەپێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئـەوەی نوێـژی خـەوتنی بەجەماعـەت کـرد، وەکـو ئـەوە وایـە نیـوەی شـەوەکە شـەو نوێـژی کردبێت، ئەوەی نوێژی بەیانیش بەجەماعەت بکات وەکو ئەوە وایە کە هـەموو شەوەکە شەو نوێژی کردبێت)).

(١٢٤) هەڕەشە کردن لەدواکەوتن لە نوێژی جەماعەتی خەوتنانو بەیانیان

٣٢٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلَاةِ فَتُقَامَ، ثُمَّ آمُرَ رَجُلًا فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ، ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ –مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ– إِلَى قَوْمٍ لَا يَشْهَدُونَ الصَّلَاةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ)). ﴿زاد في رواية: ((ولـو علـم أحـدهم أنـه يجدُ عظمـاً سميناً لشهدها))﴾. [بخاري / الجماعة والامامة / ٦٢٦].

(ابـوهريره) (دەڵـێ: پێغەبمـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: ((قورسـترین نوێـژ لەسـەر مونـافیق نوێـژی خـەوتنانو بەیانیـە، ئەگـەر بیانزانیایـە چ پاداشـتێکیان تێدایـە ئەگەر بەگاگۆڵکێش بوایە دەهاتن، نیازم وابوو فەرمان بکەم کە قامـەت بکـەن بـۆ نوێژو فـەرمان بکـەم بـەپیاوێك نوێژەکـەیان بـۆ بکـات، ئینجا خـۆم لەگـەڵ چـەند پیاوێکدا دەرچم . چەند باوەشێ داریـان پـێ بێـت ـ بـۆ سـەرئەوانەی نایـەن بـۆ نوێژ ، خانوەکانیـان بەسـەردا بسووتێنم))﴿لەریوایەتێکدا ئەمـەش زیـادکراوە:

((ئەگەر یەکێکیان بیزانیایە ئێسقانێکی گۆشتنی دەست دەکەوێت دەهات بۆ نوێژەکە))﴾.

٣٢١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ لِقَوْمٍ يَتَخَلَّفُونَ عَنِ الْجُمُعَةِ: ((لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ رَجُلًا يُصَلِّي بِالنَّاسِ، ثُمَّ أُحَرِّقَ عَلَى رِجَالٍ يَتَخَلَّفُونَ عَنِ الْجُمُعَةِ بُيُوتَهُمْ)).

(عبدالله) کوری(مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) بەخەڵکانێکی فەرموو کەلە جومعە دوادەکەون: ((بەدڵما هات فەرمان بکەم بەپیاوێك پێشنوێژی خەڵکەکە بکات ئینجا خانووەکان بسوتێنم بەسەر ئەوانەدا کەلەنوێژی جومعە دوادەکەون.

(١٢٥) مۆڵەت دان بەدواکەوتن لەجەماعەت بەبیانوو

سەیری ﴿فەرموودەی ژمارە ١٤﴾بکە .

(١٢٦) بەجوانی نوێژکردن

٣٢٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمًا ثُمَّ انْصَرَفَ فَقَالَ: ((يَا فُلَانُ أَلَا تُحْسِنُ صَلَاتَكَ؟ أَلَا يَنْظُرُ الْمُصَلِّي إِذَا صَلَّى كَيْفَ يُصَلِّي؟ فَإِنَّمَا يُصَلِّي لِنَفْسِهِ، إِنِّي وَاللَّهِ لَأُبْصِرُ مِنْ وَرَائِي كَمَا أُبْصِرُ مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ)).

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) نوێژی کردو کەسەلامی دایەوە فەرمووی: ((ئەی فلان ئایا نازانی بەباشی نوێژەکەت بکەیت؟ ئایا نوێژگەر نابێ بروانێ کاتێ نوێژدەکات چۆن دەیکات؟ بەراستی ئەو نوێژ بۆ خۆی دەکات ، سوێند بەخوا ئەوەی لەپشتمەوەیە ئەیبینم چۆن ئەوەی پێشەوە ئەبینم)).

(١٢٧) چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ)

٣٢٣ـ عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (ﷺ) قَالَ: رَمَقْتُ الصَّلَاةَ مَعَ مُحَمَّدٍ (ﷺ) فَوَجَدْتُ قِيَامَهُ، فَرَكْعَتَهُ، فَاعْتِدَالَهُ بَعْدَ رُكُوعِهِ، فَسَجْدَتَهُ، فَجَلْسَتَهُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ، فَسَجْدَتَهُ، فَجَلْسَتَهُ مَا بَيْنَ التَّسْلِيمِ وَالِانْصِرَافِ، قَرِيبًا مِنَ السَّوَاءِ. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٥٩]

(براء) کوری(عازب) (ﷺ) دەڵێ: سەرنجی نوێژی موحەمەدم(ﷺ) دا وەستانەکەیم دی، رکوعەکەیم دی، هەڵسانەوەی دوای رکوعم دی ، سوجدەکەی

، دانیشتنی نێوان سوجدەکان ، سوجدەکەی تریش ، دانیشتنی نێوان سەلام دانەوەو ڕۆیشتنی هەموویان نزیك بوون لەیەکەوە.

٣٢٤ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: إِنِّي لَا آلُو أَنْ أُصَلِّيَ بِكُمْ كَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي بِنَا. قَالَ: فَكَانَ أَنَسٌ يَصْنَعُ شَيْئًا لَا أَرَاكُمْ تَصْنَعُونَهُ، كَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرُّكُوعِ انْتَصَبَ قَائِمًا حَتَّى يَقُولَ الْقَائِلُ قَدْ نَسِيَ، وَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السَّجْدَةِ مَكَثَ حَتَّى يَقُولَ الْقَائِلُ قَدْ نَسِيَ. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٨٦]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: من کەمتەرخەمی ناکەم ئەگەر نوێژتان بۆ بکەم وەکو چۆن دیومە پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بۆ دەکرین، دەڵێ: (انس) شتێکی دەکرد نابینم ئێوە بیکەن، هەرکاتێ سەری لەرکوع بەرزدەکردەوە بەپێوە ڕادەوەستا هەتا لەوانەبوو کەسێك بیوتایە لەبیری چووە[کەسوجدە ببات] کاتێ سەریشی لەسوجدە بەرز دەکردەوە دەمایەوە [بەدانیشتنەوە]هەتا لەوانە بوو کەسێك بیوتایە لەبیری چووە.

(١٢٨) باشترین نوێژ زۆروەستانە تێیدا

٣٢٥ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَيُّ الصَّلَاةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: ((طُولُ الْقُنُوتِ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پرسیارکرا لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) باشترین نوێژ کامەیە؟ فەرمووی: ((زۆر وەستانە)).

(١٢٩) نەجوڵان لەنوێژدا

٣٢٦ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((مَا لِي أَرَاكُمْ رَافِعِي أَيْدِيكُمْ كَأَنَّهَا أَذْنَابُ خَيْلٍ شُمْسٍ؟ اسْكُنُوا فِي الصَّلَاةِ)). قَالَ: ثُمَّ خَرَجَ عَلَيْنَا فَرَآنَا حَلَقًا فَقَالَ: ((مَالِي أَرَاكُمْ عِزِينَ)). قَالَ: ثُمَّ خَرَجَ عَلَيْنَا فَقَالَ: ((أَلَا تَصُفُّونَ كَمَا تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا)). فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ تَصُفُّ الْمَلَائِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَا؟ قَالَ: ((يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الْأُوَلَ، وَيَتَرَاصُّونَ فِي الصَّفِّ)).

(جابر کوری(سمره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە ناومان و فەرمووی : ((چیە دەتانبینم دەستەکانتان بەرزکردۆتەوە ئەڵێی کلکی ئەسپی تۆرە لەنوێژا ئینجا هاتە ناومان و بینی ئێمە کۆمەڵ کۆمەڵین فەرمووی: چیە دەتانبینم چەند کۆمەڵێکی جیاجیان دەڵێ: ئینجا هاتەوەو فەرمووی: ئایا ریز

نـابن وەکـو فریـشتەکان چـۆن لەخزمـەت پـەروەردگارا ریـزدەبن) وتمـان: ئـەی پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فریـشتەکان چـۆن لەخزمـەت پـەروەردگارا ریـز دەبـن؟ فەرمووی: ریزی یەکەم تەواو دەکەن و پاڵدەدەن بەیەکەوە لەریزەکەدا)).

(١٣٠) ئاماژە بەوەلامی سەلام لەنوێژا

٣٢٧- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَنِي لِحَاجَةٍ، ثُمَّ أَدْرَكْتُهُ وَهُوَ يَسِيرُ -قَالَ قُتَيْبَةُ: يُصَلِّي- فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ فَأَشَارَ إِلَيَّ، فَلَمَّا فَرَغَ دَعَانِي، فَقَالَ: ((إِنَّكَ سَلَّمْتَ آنِفًا وَأَنَا أُصَلِّي)). وَهُوَ مُوَجِّهٌ حِينَئِذٍ قِبَلَ الْمَشْرِقِ. [بخاری / العمل اصالح/ ١١٥٩]

(جـابر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نـاردمی بـۆ ئیـشێك، دوایـی گەیشتمەوە پێی رێی دەکرد قوتەیبە دەڵێ: نوێژی دەکرد . سەلامم لێکرد ئاماژەیـەکی بـۆ کـردم، کـاتێ لێبویـەوە بـانگی کـردم فـەرمووی: (پێـشتر کـەتۆ سەلامت کرد من نوێژم دەکرد)*.

(١٣١) قەدەغەکردنی قسەکردن لەنوێژدا

٣٢٨- عَنْ مُعَاوِيَةَ ابْنِ الْحَكَمِ السُّلَمِيِّ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَا أَنَا أُصَلِّي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ عَطَسَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ. فَقُلْتُ: يَرْحَمُكَ اللَّهُ، فَرَمَانِي الْقَوْمُ بِأَبْصَارِهِمْ، فَقُلْتُ: وَا ثُكْلَ أُمِّيَاهْ، مَا شَأْنُكُمْ تَنْظُرُونَ إِلَيَّ؟ فَجَعَلُوا يَضْرِبُونَ بِأَيْدِيهِمْ عَلَى أَفْخَاذِهِمْ، فَلَمَّا رَأَيْتُهُمْ يُصَمِّتُونَنِي، لَكِنِّي سَكَتُّ، فَلَمَّا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) – فَبِأَبِي هُوَ وَأُمِّي، مَا رَأَيْتُ مُعَلِّمًا قَبْلَهُ وَلَا بَعْدَهُ أَحْسَنَ تَعْلِيمًا مِنْهُ- فَوَاللَّهِ مَا كَهَرَنِي، وَلَا ضَرَبَنِي، وَلَا شَتَمَنِي، ثم قَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ الصَّلَاةَ لَا يَصْلُحُ فِيهَا شَيْءٌ مِنْ كَلَامِ النَّاسِ، إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ)). أَوْ كَمَا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي حَدِيثُ عَهْدٍ بِجَاهِلِيَّةٍ، وَقَدْ جَاءَ اللَّهُ بِالْإِسْلَامِ، وَإِنَّ مِنَّا رِجَالًا يَأْتُونَ الْكُهَّانَ. قَالَ: ((فَلَا تَأْتِهِمْ)). قَالَ: وَمِنَّا رِجَالٌ يَتَطَيَّرُونَ. قَالَ: ((ذَاكَ شَيْءٌ يَجِدُونَهُ فِي صُدُورِهِمْ فَلَا يَصُدَّنَّهُمْ)). قَالَ ابْنُ الصَّبَّاحِ: ((فَلَا يَصُدَّنَّكُمْ)). قَالَ: قُلْتُ: وَمِنَّا رِجَالٌ يَخُطُّونَ. قَالَ: ((كَانَ نَبِيٌّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ يَخُطُّ، فَمَنْ وَافَقَ خَطَّهُ فَذَاكَ)). قَالَ: وَكَانَتْ لِي جَارِيَةٌ تَرْعَى غَنَمًا لِي قِبَلَ أُحُدٍ

---

* لەسـەرولاغەکەی بـووەو بەسـەریەوە نوێـژی سـوننەتی کـردووە لەوکاتـەدا رووی لەقیبلـە نـەبووە . دروسـتە بەسـەر پـشتی ولاخەکەوە لەرۆیـشتنا نوێژبکـەیت و تـەنها کـاتی نوێژەکـە دادەبەستێ رووی لەقیبلە بێت، دوای ئەوە قەیناکا).

وَالْجَوَّانِيَّةِ، فَاطَّلَعْتُ ذَاتَ يَوْمٍ، فَإِذَا الذِّيبُ قَدْ ذَهَبَ بِشَاةٍ مِنْ غَنَمِهَا، وَأَنَا رَجُلٌ مِنْ بَنِي آدَمَ آسَفُ كَمَا يَأْسَفُونَ، لَكِنِّي صَكَكْتُهَا صَكَّةً ،فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَعَظَّمَ ذَلِكَ عَلَيَّ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلَا أُعْتِقُهَا؟ قَالَ: ((ائْتِنِي بِهَا)). فَأَتَيْتُهُ بِهَا فَقَالَ لَهَا: ((أَيْنَ اللَّهُ)). قَالَتْ: فِي السَّمَاءِ، قَالَ: ((مَنْ أَنَا)). قَالَتْ: أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ. قَالَ: ((أَعْتِقْهَا فَإِنَّهَا مُؤْمِنَةٌ)).

(معاويـه)ی کـوری (الحکـم الـسلمی) (ﷺ) دەڵـێ: لـەکاتێکا لەخزمـەت پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) نوێـژم دەکـرد، پیاوێـك پـژمی ، وتم: خوارەحمـت پـێ بکـات، خەڵکەکـە هـەموو چاویان تێبڕیم، وتم: لەباری دایکم بچم، چیتانەوا هـەموتان بـۆم دەڕوانـن؟ هـەموو دەسـتیان دەکێشا بـەرانیانا، هەرکـە بینـیمن دەیانویـست بێـدەنگم کـەن، منـیش بێـدەنگ بـووم، کـاتێ پێغەمبـەر(ﷺ) لەنوێژەکـەی بوویـەوە . باوكو دایکم بـەقوربانی بـێ هـەرگیز مامۆسـتای وام نەلـەپێش ئەوداو نـە لـەدوای ئـەو نەدیووە لەپـەروەردەدا لەوباشتربێت. سوێند بەخوا نە سەر زەنشتی کردم، نەلێیدام، نەقسەی پێوەتم، بەڵکو فەرمووی: ((ئەم نوێـژە بـۆ ئـەوە ناشـێت کەقـسەی خـەڵکی تێکـەڵ ببێـت، بـەڵکو بریتیـە لە(تسبیح)و (تکبیر)و خوێندنی قورئان)). وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) مـن نـزیکم لەسـەردەمی نەفامیـەوە، خـوای گـەورە ئیـسلامی هێنـا ، لـەناو ئێمـەدا کەسانێك دەچوونە لای فاڵچیەکان، فەرمووی: ((تۆ مەچۆ بۆلایـان)). دەڵێ: وتم : کەسانێکمان هەبوو ڕەشبین دەبوون بەفرینی باڵندە . فەرمووی: ((ئەوەشتێك بـوو لەدڵیانـدا دروسـت دەبـوو بـەلام ڕێـی نـەدەگرت لـەوکارەی دەیانویـست بیکـەن))، لەریوایـەتی (ابـن الـصباح) دا دەڵـێ: بارێتـان لێنـەگرێت. دەڵێ وتم: کەسانێکی تریشمان هەبوو هێڵیان لەزەویدا دەکێشا، فەرمووی: ((پێغەمبـەرێك لەپێغەمبـەرانی خـوا، هێڵـی دەکێـشا هەرکـەس لەگـەڵ هێڵەکەیـدا یـەك بگرێـت ئەوەچاکە)). .* (بەلام ئێستا کاری وا باش نیە).

وتـی: کـەنیزەکێکم هـەبوو شـوانی مـەڕەکانم بـوو، ڕۆژێکیـان چـووم کـەدیم گورگێك مەرێکی لەرانەکەی فراند، منیش پیـاوێکم لـە ئادەمیزادەکـان ، خەمـدە خـۆم وەکـو خـەڵکیتر خەمـدە خـۆن، بۆیـە زلەیـەکم پیاکێشا، ئینجا هـاتم بـۆ

* ئەم فەرموودە رای زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەیە کە ئەمرۆ حەرامە ئێمە پەنابەرین بۆ ئەو هێڵکاریە .

خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش ئەو کارەی زۆر لەسەر گەورەکردم وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا ئازادی بکەم؟ فەرمووی: بیهێنە بۆلام ، بۆم هێنا پێی فەرموو: خوا لە کوێیە وتی: لەئاسماندایە ، فەرمووی : من کێم وتی: تۆ پێغەمبەری خوای (ﷺ) فەرمووی: ئازادی بکە چونکە ئیمانداره.

٣٢٩- عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نَتَكَلَّمُ فِي الصَّلَاةِ، يُكَلِّمُ الرَّجُلُ صَاحِبَهُ وَهُوَ إِلَى جَنْبِهِ فِي الصَّلَاةِ، حَتَّى نَزَلَتْ: ﴿وَقُومُوا لِلَّهِ قَانِتِينَ﴾ فَأُمِرْنَا بِالسُّكُوتِ، وَنُهِينَا عَنِ الْكَلَامِ. [بخاري/ العمل في الصلاة /١١٤٢]

(زيد) کوری (ارقم) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لەنوێژدا قسەمان دەکرد، پیاوێك قسەی لەگەڵ هاوڕێکەی دەکرد کەلەتەنیشتیەوە نوێژی دەکرد، هەتا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە:﴿وقوموا لله قانتين﴾ ئینجا فەرمانمان پێکرا بەبێدەنگیو ڕێگای قسەکردنمان لێگیرا.

(١٣٢) (سبحان الله) کردن لەنوێژدا بۆکاری پێویست

٣٣٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((التَّسْبِيحُ لِلرِّجَالِ، وَالتَّصْفِيقُ لِلنِّسَاءِ)). وفي رواية: ((فِي الصَّلَاةِ)). [بخاري/ العمل في الصلاة/ ١١٤٥]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((بۆ پیاوان (سبحان الله) بۆ ئافرەتانیش چەپڵە لێدان.(بەشێوەی بەری دەست لەپشتی دەست دان)).

(١٣٣) ڕێگری لەچاو بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان لەنوێژدا

٣٣١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ رَفْعِهِمْ أَبْصَارَهُمْ عِنْدَ الدُّعَاءِ فِي الصَّلَاةِ إِلَى السَّمَاءِ، أَوْ لَتُخْطَفَنَّ أَبْصَارُهُمْ)). [اقتران النيرين / بخاري/ ٢٢٣٣ ب٦ل ٢١١].

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((ئەو خەڵکانە یان دەبێ وازبێنن لەچاو بەرزکردنەوەو بۆئاسمان لەکاتی دۆعاکردنی نوێژدا، یان چاویان دەفڕێنرێت)) ﴿واتە کوێردەبن﴾.

(١٣٤) هاتووچۆ بەبەردەم نوێژگەردا

٣٣٢- عَنْ بُسْرِ بْنِ سَعِيدٍ: أَنَّ زَيْدَ بْنَ خَالِدٍ الْجُهَنِيَّ (ﷺ) أَرْسَلَهُ إِلَى أَبِي جُهَيْمٍ يَسْأَلُهُ: مَاذَا سَمِعَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْمَارِّ بَيْنَ يَدَيِ الْمُصَلِّي؟ قَالَ أَبُو جُهَيْمٍ (ﷺ) قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَوْ يَعْلَمُ الْمَارُّ بَيْنَ يَدَيِ الْمُصَلِّي مَاذَا عَلَيْهِ لَكَانَ: أَنْ

یَقِفَ أَرْبَعِينَ خَيْرًا لَهُ مِنْ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ)). قَالَ أَبُو النَّضْرِ: لَا أَدْرِي قَالَ: أَرْبَعِينَ يَوْمًا، أَوْ شَهْرًا، أَوْ سَنَةً. [بخاري/ سترة المصلي/ ٤٤٨]

(بن)کوری(سعید) دەڵێ: (زید) کوری (خالد الجهنی) (ﷺ) ناردی بۆ لای (ابو جهم) تاڵێی بپرسێ چی بیستووە لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبارەی هاتووچۆ بەبەردەم نوێژگەردا؟ (ابوجهم) (ﷺ) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر ئەوکەسەی بەبەردەم نوێژگەردا تێدەپەڕێت بیزانیایە چەند گوناهی تووش دەبێت گەر چل... بوەستایا باشترە بۆی لەوەی بەبەردەمیا تێبپەڕێت (ابو النضر)دەڵێ: نازانم فەرموویەتی چل ڕۆژ یا چل مانگ یا چل ساڵ.

(١٣٥) قەدەغەکردنی هاتووچۆ بەبەردەمی نوێژگەردا

٣٣٣- عن أَبِي صَالِحٍ السَّمَّانُ قَالَ: بَيْنَمَا أَنَا مَعَ أَبِي سَعِيدٍ ﴿الْخُدْرِيِّ﴾ (ﷺ) يُصَلِّي يَوْمَ الْجُمُعَةِ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ، إِذْ جَاءَ رَجُلٌ شَابٌّ مِنْ بَنِي أَبِي مُعَيْطٍ، أَرَادَ أَنْ يَجْتَازَ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَدَفَعَ فِي نَحْرِهِ، فَنَظَرَ فَلَمْ يَجِدْ مَسَاغًا إِلَّا بَيْنَ يَدَيْ أَبِي سَعِيدٍ، فَعَادَ، فَدَفَعَ فِي نَحْرِهِ أَشَدَّ مِنَ الدَّفْعَةِ الْأُولَى، فَمَثَلَ قَائِمًا، فَنَالَ مِنْ أَبِي سَعِيدٍ، ثُمَّ زَاحَمَ النَّاسَ فَخَرَجَ، فَدَخَلَ عَلَى مَرْوَانَ، فَشَكَا إِلَيْهِ مَا لَقِيَ، قَالَ: وَدَخَلَ أَبُو سَعِيدٍ عَلَى مَرْوَانَ، فَقَالَ لَهُ مَرْوَانُ: مَا لَكَ وَلِابْنِ أَخِيكَ؟ جَاءَ يَشْكُوكَ. فَقَالَ أَبُو سَعِيدٍ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ، فَأَرَادَ أَحَدٌ أَنْ يَجْتَازَ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلْيَدْفَعْ فِي نَحْرِهِ، فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ، فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ)). [بخاري/ سترة المصلي/ ٤٨٨]

(ابوصالح السمان) دەڵێ: لەکاتێکا من لەگەڵ ﴿ابو سعید الخدری﴾(ﷺ) بووم، (ابو سعید) لەڕۆژی جومعەدا نوێژی دەکرد شتێك لەبەردەمیا هەبوو کەبەربەست دوست بکات لەخەڵك، کوڕێکی گەنج لەنەوەی (ابی معیط) ویستی بەبەردەمیا تێپەڕێت، پاڵی نا بەملیەوە، ئەویش سەیری کرد هیچ ڕێگایەکیتری نییە جگە لەبەردەم (ابو سعید) دووبارە هاتەوە، ئەمیش پاڵێکی بەهێزتری نا بەملیەوە ئەویش ڕاوەستاو دەستی کرد بەقسە پێوتنی ئینجا بەناو خەڵکەکەدا چووە دەرەوە، چوو بۆلای مەروان، سکاڵای بردە لای لەوەی کەتووشی هاتووە ئەڵێ: (ابو سعید چووە لای (مراوان) (مروان) پێی وت:چیتانە تۆو برازاکەت هاتووە سکاڵا دەکات لەدەستت ؟ (ابو سعید) وتی: بیستوومە لەپێغەمبەریخوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئەگەر یەکێکتان نوێژی دەرکرد بەرامبەر بەبەربەستێك

لەنێوان خۆی و خەڵکیدا ، ئەگەر کەسێك ویستی بەبەردەمیدا تێپەڕێت پاڵ بنێ بەگەردنیەوە، ئەگەر رازی نەبوو بابجەنگێ لەگەڵیا، چونکە ئەوە شەیتانە).

(١٣٦) بەربەستی نوێژگەر

٣٣٤ـ عن طَلْحَةَ بمن عبيد الله (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نُصَلِّي وَالدَّوَابُّ تَمُرُّ بَيْنَ أَيْدِينَا، فَذَكَرْنَا ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((مِثْلُ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ، تَكُونُ بَيْنَ يَدَيْ أَحَدِكُمْ، ثُمَّ لَا يَضُرُّهُ مَا مَرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ)).

(طلحە)کوری (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە نوێژمان دەکردو ولاغەکەمان بەبەردەمماندا تێدەپەڕین، ئەوەمان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) گێڕایەوە فەرمووی: ئەگەر بەقەدەر پاڵپشتی کۆپانی وشتر لەبەردەمی یەکێکتانا بێت کە نوێژ دەکات، ئەوکاتە زیانی نییە هەرچی بەبەردەمیا تێپەڕ بکات).

(١٣٧) نوێژ بەرامبەر بەنێزە

٣٣٥ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا خَرَجَ يَوْمَ الْعِيدِ أَمَرَ بِالْحَرْبَةِ فَتُوضَعُ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَيُصَلِّي إِلَيْهَا وَالنَّاسُ وَرَاءَهُ، وَكَانَ يَفْعَلُ ذَلِكَ فِي السَّفَرِ، فَمِنْ ثَمَّ اتَّخَذَهَا الْأُمَرَاءُ. [بخاري/ سترة المصلي/ ٤٨٥]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر لەرۆژی جەژنا بچوایەتە دەرەوە، بۆ نوێژ، فەرمانی دەکرد نێزەیەکیان لەبەردەمیا دادەنا، بەرامبەری نوێژی دکردوو ، خەڵکەکەش لەدوایەوە، ئەمکارەی لەسەفەریشدا ئەنجام دەدا، لەدوایشدا کاربەدەستان ئەمکارەیان کردبوو بەباو.

(١٣٨) نوێژ بەرامبەر بەولاخ

٣٣٦ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَعْرِضُ رَاحِلَتَهُ، وَهُوَ يُصَلِّي إِلَيْهَا. [بخاري/ سترة المصلي/ ٤٨٥].

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) ولاخەکەی رادەوەستانو، بەرامبەری نوێژی دەکرد [واتە ولاخەکەی دەکرد بەبەربەست].

(١٣٩)رۆیشتن بەبەردەم نوێژگەردا لە پشت بەربەستەوە

٣٣٧ـ عن عَوْنُ بْنُ أَبِي جُحَيْفَةَ: أَنَّ أَبَاهُ (ﷺ) رَأَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي قُبَّةٍ حَمْرَاءَ مِنْ أَدَمٍ، وَرَأَيْتُ بِلَالًا أَخْرَجَ وَضُوءًا، فَرَأَيْتُ النَّاسَ يَبْتَدِرُونَ ذَلِكَ الْوَضُوءَ، فَمَنْ أَصَابَ مِنْهُ شَيْئًا تَمَسَّحَ بِهِ، وَمَنْ لَمْ يُصِبْ مِنْهُ أَخَذَ مِنْ بَلَلِ يَدِ صَاحِبِهِ، ثُمَّ رَأَيْتُ بِلَالًا أَخْرَجَ عَنَزَةً فَرَكَزَهَا، وَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي حُلَّةٍ حَمْرَاءَ مُشَمِّرًا،

فَصَلَّى إِلَى الْعَنَزَةِ بِالنَّاسِ رَكْعَتَيْنِ، وَرَأَيْتُ النَّاسَ وَالدَّوَابَّ يَمُرُّونَ بَيْنَ يَدَيِ الْعَنَزَةِ. [بخاري/ الصلاة في الثياب/ ٣٦٩]

(عون) کوڕی(ابو جحیفه) دەڵـێ: باوکی(ﷺ) لەچادرێکی سووری لەچەرم دروستکراودا پێغەمبەری خوای (ﷺ) دیـووە، منـیش بـیلالم بینـی ئـاوی دەستنوێژی هێنایە دەرەوە، بینیم خەڵکی پێشبڕکێیان بوو بۆ دەست تەڕکردن بەو ئاوی دەستنوێژەو هێناویانە بەسەرو چاویاندا بۆ پیرۆزیی ، ئەو کەسەش کەئاوی دەست نەکەوتبێ لەتەڕیی دەستی هاوەڵەکەی وەرگرتووە، ئینجا بیلالم بینـی دارێکـی هێنـاوە و چەقاندوویەتی، پاشـان پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) هاتۆتـە دەرەوە لەدەسـتیێ جلی سووردا خۆی هـەڵکردبوو. دووڕکـات نوێـژی کـرد بـۆ خەڵکەکە بەرامبەر بەدارەکە، ئینجا خەڵك و ئاژەڵم دیـووە لەپـشتی دارەکەوە هاتوچۆیان دەکرد.

(١٤٠) ڕێگریی لەدەست خستنە سەرکەلەکە لەنوێژدا

٣٣٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِـيِّ (ﷺ): أَنَّـهُ نَهَـى أَنْ يُـصَلِّيَ الرَّجُـلُ مُخْتَصِرًا. [بخاري/ العمل في الصلاة/ ١١٦٢]

(ابـوهریرە)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ڕێگریـی کـردووە لـەوەی کەنوێژگەر دەستی لەسەر کەلەکەی دابنێت.

(١٤١) ڕێگری لەتف کردنە بەردەم لەنوێژدا

٣٣٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَأَى نُخَامَةً فِي قِبْلَةِ الْمَسْجِدِ، فَأَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: ((مَا بَالُ أَحَدِكُمْ يَقُومُ مُسْتَقْبِلَ رَبِّهِ، فَيَتَنَخَّعُ أَمَامَهُ؟ أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يُسْتَقْبَلَ فَيُتَنَخَّعَ فِي وَجْهِهِ؟ فَإِذَا تَنَخَّعَ أَحَدُكُمْ فَلْيَتَنَخَّعْ عَنْ يَسَارِهِ تَحْتَ قَدَمِهِ، فَإِنْ لَمْ يَجِدْ فَلْيَقُلْ هَكَذَا)). وَوَصَفَ الْقَاسِمُ: فَتَفَلَ فِي ثَوْبِهِ، ثُمَّ مَسَحَ بَعْضَهُ عَلَى بَعْضٍ. [بخاري/ المساجد/ ٤٠٠]

(ابـوهریرە)(دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) چـاوی کـەوت بەبەڵغـەمێك لەپێشەوەی مزگەوتدا، ڕووی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: ((چیتانە وا یەکێکتان وەستاوە ڕووەو پەروەرگاریی، کەچی بەڵغەم فڕێ دەداتە بەردەمی خۆی؟ ئایا کەسێکتان پێـی خۆشە کـاتێ پێشوازی لێـدەکرێت لەوکاتـەدا بەڵغـەمێك فـڕێ بدرێت بەسەروچاویدا؟ ئەگەر یەکێکتان بەڵغەمی فڕێدا بابەلای چەپیداو لەژێر پێیـدا فڕێـی بـدات. ئەگـەر ڕێگـای نـەبوو بـەم شـێوەیە تـف بکاتـەوە))، قاسم

شـێوەکەی پیـشاندابن تفـی کـردە سـەر سوچـێکی جلـەکانی لاکـەی تـری دایەوەبەسەریدا)).

(١٤٢) باوێشك نەدان لەنوێژدا

٣٤٠- عَنِ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا تَثَاوَبَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلَاةِ فَلْيَكْظِمْ مَا اسْتَطَاعَ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَدْخُلُ)). ﴿وفي الرواية: ((فليمسك بيده على فيه، فإن الشَّيطانَ يدخُلُ))﴾.

(ابو سعيد الخدری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێکتان لەنوێژدا باوێشکیدا باچەندە دەتوانێ خۆی بگرێتو دەمی داخات، چونکە شەیتان دەچێتە ناودەمی) ﴿لەریوایەتێکدا (با دەستی بگرێت بەسەردەمیا چونکە شەیتان دەچێتە ناودەمی))﴾.

(١٤٣) هەڵگرتنی منداڵ لەنوێژدا

٣٤١- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَؤُمُّ النَّاسَ وَأُمَامَةُ بِنْتُ أَبِي الْعَاصِ -وَهِيَ ابْنَةُ زَيْنَبَ بِنْتِ النَّبِيِّ (ﷺ)- عَلَى عَاتِقِهِ، فَإِذَا رَكَعَ وَضَعَهَا، وَإِذَا رَفَعَ مِنَ السُّجُودِ أَعَادَهَا. [بخاري/ سترة المصلي/ ٤٩٤]

(ابو قتادە الانصاری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەریخوام(ﷺ) دیووە ئیمامەتی کردووە بۆ خەڵکیو (امامە) کچی (ابوالعاص) کەکچی زەینەبی کچی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بووە بەسەرملیەوە بووە، کاتێ رکوعی دەبرد، دایدەنا، کاتێ لەسجود بەرزدەبوویەوە هەڵی دەگرتەوە.

(١٤٤) تەخت کردنی چەو لەنوێژدا

٣٤٢- عَنْ مُعَيْقِيبٍ (ﷺ) قَالَ: ذَكَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) الْمَسْحَ فِي الْمَسْجِدِ، يَعْنِي الْحَصَى. قَالَ: ((إِنْ كُنْتَ لَا بُدَّ فَاعِلًا فَوَاحِدَةً)). [بخاري/ العمل في الصلاة/ ١١٤٩]

(معیقیب)(ﷺ) دەڵێ: ((باسی تەخت کردنی چەویان دەکرد لەمزگەوتا واتە تەخت کردنی چەوەکە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر چارت نەبوو یەکجار بیکە)).

(١٤٥) نەعل خشاندن بەبەڵغەمدا

٣٤٣- عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الشِّخِّيرِ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَرَأَيْتُهُ تَنَخَّعَ، فَدَلَكَهَا بِنَعْلِهِ.

(عبـدالله) كـوری(شـخیر)(دەڵـێ: لەخزمـەت پێغەمبـەری خـوادا(ﷺ) نوێـژم دەكرد، چاوم لێبوو بەڵغەمی فرێداو نەعلەكەی لێخشاند ﴿واتە كردی بەژێر خۆڵەوە﴾.

(١٤٦) قژبەستن لەنوێژدا

٣٤٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّهُ رَأَى عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الْحَارِثِ يُصَلِّي وَرَأْسُهُ مَعْقُوصٌ مِنْ وَرَائِهِ، فَقَامَ فَجَعَلَ يَحُلُّهُ، فَلَمَّا انْصَرَفَ أَقْبَلَ إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ فَقَالَ: مَا لَكَ وَرَأْسِي؟ فَقَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّمَا مَثَلُ هَذَا مَثَلُ الَّذِي يُصَلِّي وَهُوَ مَكْتُوفٌ)).

(عبـدالله) كـوری (عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: (عبـدالله) كـوری (حـارث) ی دیـووە نوێـژی كـردووە، قـژی لـەدواوە بەسـترابوو، هەسـتاوە قـژی بۆكردۆتـەوە، كاتێ لەنوێژەكەی بۆتەوە، رووی كردۆتە(ابن عباس) وتوویەتی: كارت چییە بەسەری منـەوە؟ ئـەویش وتویـەتی: مـن لەپێغەمبـەری خـوا(ﷺ) بیـستووە فەرموویـەتی: ((وێنەی ئەوە وەكو كەسێك وایە بەدەست بەستراوی نوێژ بكات)).

(١٤٧) نوێژ لەكاتێكدا خواردن ئامادەبێت

٣٤٥ـ عـن أَنَـسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا قُرِّبَ الْعَشَاءُ وَحَضَرَتِ الصَّلَاةُ فَابْدَءُوا بِهِ قَبْلَ أَنْ تُصَلُّوا صَلَاةَ الْمَغْرِبِ، وَلَا تَعْجَلُوا عَنْ عَشَائِكُمْ)). [بخاري/ الجماعة و الإمامة/ ٦٤١]

(انس) كوڕی(مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگـەر شێو ئامادەكرا كاتی نوێژ هات پێش ئەوەی نوێژی شێوان بكەن، شێوەكەتان بخۆن، لەشێوەكەشدا پەلەمەكەن)).

(١٤٨) فەرمان بەسوجدەی سەهو

٣٤٦ـ عَنْ أَبِـي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((إِذَا شَكَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِهِ، فَلَمْ يَدْرِ كَمْ صَلَّى ثَلَاثًا أَمْ أَرْبَعًا، فَلْيَطْرَحِ الشَّكَّ وَلْيَبْنِ عَلَى مَا اسْتَيْقَنَ، ثُمَّ يَسْجُدُ سَجْدَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يُسَلِّمَ، فَإِنْ كَانَ صَلَّى خَمْسًا شَفَعْنَ لَهُ صَلَاتَهُ، وَإِنْ كَانَ صَلَّى إِتْمَامًا لِأَرْبَعٍ كَانَتَا تَرْغِيمًا لِلشَّيْطَانِ)).

(ابو سعید الخدری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگـەر یەكێكتان لەنوێژەكەیدا گومانی بۆ دروست بوو،نەیزانی ئایا سێركاتی كردووە یان چوار، باگومانەكە فرێبداتو لای كەمی هەڵبژێرێت، چونكە دڵنیایە لێی

﴿ئینجا رکاتەکەی تریش تەواو بکاتو﴾دوایی پێش سەلام دانەوە دوو سوجدە ببات، ئەگەر پێنج رکاتیشی کردبێت﴿لەگەڵ پێنجەمدا دەبێتە جووتو سوننەتێکی بۆ دادەنرێت ﴾ئەگەر چوارەکەشی تەواو کردبێت ئەوملی بەشەیتان کەچ کردووە)).

٣٤٧ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِحْدَى صَلَاتَيِ الْعَشِيِّ: إِمَّا الظُّهْرَ وَإِمَّا الْعَصْرَ، فَسَلَّمَ فِي رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ أَتَى جِذْعًا فِي قِبْلَةِ الْمَسْجِدِ فَاسْتَنَدَ إِلَيْهَا مُغْضَبًا. وَفِي الْقَوْمِ أَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ (ﷺ)، فَهَابَا أَنْ يَتَكَلَّمَا، وَخَرَجَ سَرَعَانُ النَّاسِ: قُصِرَتِ الصَّلَاةُ، فَقَامَ ذُو الْيَدَيْنِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَقُصِرَتِ الصَّلَاةُ أَمْ نَسِيتَ؟ فَنَظَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَمِينًا وَشِمَالًا فَقَالَ: ((مَا يَقُولُ ذُو الْيَدَيْنِ)). قَالُوا: صَدَقَ لَمْ تُصَلِّ إِلَّا رَكْعَتَيْنِ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ وَسَلَّمَ، ثُمَّ كَبَّرَ ثُمَّ سَجَدَ، ثُمَّ كَبَّرَ فَرَفَعَ، ثُمَّ كَبَّرَ وَسَجَدَ، ثُمَّ كَبَّرَ وَرَفَعَ. قَالَ: وَأُخْبِرْتُ عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ أَنَّهُ قَالَ: وَسَلَّمَ. [بخاري/ المساجد/ ٤٦٨]

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) نوێژێکی تاقی دوانیوەڕۆی بۆ کردین، یا نیوەڕۆبوو یا عەسر، لەدووەم رکاتا سەلامیدایەوە، ئینجا چووە لای بنەدارێکەوە کەلەرووگەی مزگەوتەکەدابوو، پاڵی پێوەدا تووڕە دیاربوو، لەناو ئەو خەڵکەشدا (ابوبکر)و(عمر)ی لێبوو نەیان وێراهیچ بڵێن پەلەپەلەکەرەکان راپەرینو وتیان: نوێژ کورت کراوەتەوە (ذو الیدین)هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئایا نوێژ کورت بۆتەوە، یان لەبیرت چوو؟ پێغەمبەری(ﷺ) سەیرێکی ئەملاو ئەولای خۆیکردو فەرمووی: (ذو الیدین چی دەڵێت) وتیان: راست دەکات، تەنها دوورکاتت کرد، ئینجا دوورکاتیتری کردوو سەلامیدایەوە، ئینجا تەکبیری کردوو سوجدەی بردو تەکبیری کردوو سەریبەرز کردەوە، دووبارە تەکبیری کردوو سوجدەی برد، پاشان تەکبیری کردوو سەری بەرزکردەوە راوی دەڵێ: (عمران) کوری(حصین) هەواڵیدامیکە سەلامیشی داوەتەوە.

(١٤٩) سوجدەی قورئان خوێندن

٣٤٨ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ، فَيَقْرَأُ سُورَةً فِيهَا سَجْدَةٌ فَيَسْجُدُ وَنَسْجُدُ مَعَهُ، حَتَّى مَا يَجِدُ بَعْضُنَا مَوْضِعًا لِمَكَانِ جَبْهَتِهِ. [بخاري/ سجود القرآن/ ١٠٢٥]

(ابـن عمـر)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) کـەقورئانی دەخوێنـد کـاتێ سوورەتێکی دەخوێند سوجدەی تێدا بوایە سوجدەی دەبرد، ئێمەش لەگەڵیا سوجدەمان دەبرد، هەتا هەندێکمان شوێنی دەست نەدەکەوت بۆ سوجدەکەی.

٣٤٩- عَنْ أَبِي رَافِعٍ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) صَلَاةَ الْعَتَمَةِ فَقَرَأَ: ﴿إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ﴾ فَسَجَدَ فِيهَا، فَقُلْتُ لَهُ: مَا هَذِهِ السَّجْدَةُ؟ فَقَالَ: سَجَدْتُ بِهَا خَلْفَ أَبِي الْقَاسِمِ (ﷺ) فَلَا أَزَالُ أَسْجُدُ بِهَا حَتَّى أَلْقَاهُ. [بخاري/ صفة الصلاة/ ٧٣٢]

(ابو رافع) دەڵێ: لەگەڵ (ابوهريره) نوێژی شێوانم کرد، (اذا السماء انشقت) ی خوێنـد سـوجدەی تێـدابرد" منـیش پـێم وت: ئـەم سـوجدەیە چـییە؟ وتـی: لەپشت(ابوالقاسم)ەوە ئەم سوجدەیەم بردووە، بەردەوام ئەم سوجدەیە دەبەم تادەگەم بەخزمەتی.

(١٥٠) قنوت لەنوێژی بەیانیدا

٣٥٠- عـن أَبِـي هُرَيْـرَةَ (ﷺ) قـال: كَـانَ رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ) يَقُـولُ حِـينَ يَفْـرُغُ مِـنْ صَلَاةِ الْفَجْرِ مِنَ الْقِرَاءَةِ وَيُكَبِّرُ، وَيَرْفَعُ رَأْسَهُ: ((سَمِعَ اللَّـهُ لِمَـنْ حَمِـدَهُ رَبَّنَـا وَلَـكَ الْحَمْـدُ)). ثُـمَّ يَقُـولُ وَهُـوَ قَـائِمٌ: ((اللَّهُـمَّ أَنْـجِ الْوَلِيـدَ بْـنَ الْوَلِيـدِ وَسَـلَمَةَ بْـنَ هِـشَامٍ وَعَيَّـاشَ بْـنَ أَبِـي رَبِيعَـةَ، وَالْمُسْتَـضْعَفِينَ مِـنَ الْمُـؤْمِنِينَ، اللَّهُـمَّ اشْـدُدْ وَطْأَتَـكَ عَلَـى مُضَرَ، وَاجْعَلْهَا عَلَيْهِمْ كَسِنِي يُوسُفَ، اللَّهُمَّ الْعَنْ لِحْيَـانَ وَرِعْلًـا وَذَكْـوَانَ وَعُـصَيَّةَ، عَصَتِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)). ثُمَّ بَلَغَنَا أَنَّهُ تَرَكَ ذَلِكَ لَمَّا أُنْزِلَ: ﴿لَيْسَ لَكَ مِنَ الْأَمْرِ شَـيْءٌ أَوْ يَتُـوبَ عَلَيْهِمْ أَوْ يُعَـذِّبَهُمْ فَإِنَّهُمْ ظَـالِمُونَ﴾ ﴿آلعمـران﴾. [بخـاري/ صـفة الـصلاة/ ٧٧٠]

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ)کاتێ لەنوێژی بەیانیـدا لـەقورئان خوێندن دەبوویەوە تەکبیری دەکردو سەری بەرزدەکردەوە (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد)ی دەکرد ئینجا بەپێوە دەیفەرموو: ((خوایە گیان وەلیدی کوری وەلیـدو سـەلمەی کوریهیـشامو غەیاسـی کـوری ئـەبو رەبیعـەو بـاوەڕدارە چەوسـاوەکان رزگاربکە، ئەی خوایە تۆڵـەت قورس بکە لەسـەر هـۆزی(مـضر)و سـاڵەکانیان بکـە بەسـاڵەگرانیەکانی(یوسـف) ئـەی خوایـە نـەفرین بکـە لـەهۆزەکانی(لحیـان)و (رعـل)و (ذکـوان)و(عـصیە) کەلـەخواو پێغەمبـەر یـاخی بـوون)) پاشـان پێمـان گەیـشت کـەوازی لـەو دوعایـە هێنـاوە کـاتێ ئـەم ئایەتـە دابەزی کەواتاکەی دەفەرموێت: ((تۆ هیچت بەدەست نیە لـەکاروباری بەنـدەکان

ئەگـەر تەوبـەیان لێوەربگرێـت یاسـزاو ئازاریـان بـدات، لەبـەر ئـەوەی ئەوانـە ستەمکارن)).

(١٥١) قنوت لەنیوەڕۆو نوێژەکانیتردا

٣٥١ـ عن أَبِي هُرَيْـرَةَ (ﷺ) قَالَ: وَاللّـه لَـأُقَرِّبَنَّ بِكُمْ صَلَاةَ رَسُولِ اللّـهِ (ﷺ). فَكَـانَ أَبُـو هُرَيْـرَةَ يَقْنُـتُ فِـي الظُّهْـرِ وَالْعِـشَاءِ الْـآخِرَةِ وَصَـلَاةِ الـصُّبْحِ، وَيَـدْعُو لِلْمُؤْمِنِينَ، وَيَلْعَنُ الْكُفَّارَ.

(ابـوهریرە)(ﷺ) دەڵـێ: سـوێند بـەخوا ئێـستا نوێـژی پێغەمبـەری خواتـان لێنزیك دەکەمـەوە (ابوهریرە) لـەنیوەڕۆو خـەوتنانو بەیانیـدا قنـوتی دەخوێنـد، دەپاڕایەوە بۆ ئیمانداران، نەفرینی لەکافران دەکرد.

(١٥٢) قنوت لە شێواندا

٣٥٢ـ عن الْبَـرَاءُ بْنُ عَـازِبٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّـهِ (ﷺ) كَـانَ يَقْنُـتُ فِـي الـصُّبْحِ وَالْمَغْرِبِ.

(براء) کوری(عازب) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەنوێژی بەیانیان و شێواندا قنوتی دەخوێند.

(١٥٣) دوورکاتی بەیانی

٣٥٣ـ عَنْ حَفْصَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللّـهِ (ﷺ) إِذَا طَلَعَ الْفَجْرُ لَـا يُـصَلِّي إِلَّا رَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ. [بخاري/ الأذان/ ٥٩٣]

(حفــصە) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا(ﷺ) کــاتێ ســپێدەی بــەیان دەردەکەوت،نوێژی نەدەکرد جگە لەدوورکاتی سووك .

(١٥٤) خێری سوننەتی بەیانی

٣٥٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا)).

(عائشە)(رضـی اللە عنهـا) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((دوو ڕکاتی سپێدەی بەیان خێرترە لەدنیاو هەرچیش لەدنیادایە)).

(١٥٥) خوێندن لەسوننەتی بەیانیدا

٣٥٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّـهِ (ﷺ) قَرَأَ فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ: ﴿قُلْ يَـا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ وَ ﴿قُلْ هُوَ اللّـهُ أَحَدٌ﴾.

(ابوهریره)(ﷺ) دەڵـیٚ: پیٚغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـەدوو رکاتەکـەی سـپیٚدەکەی بەیانیدا ﴿قل یا ایها الکافرون ﴾و ﴿قل هو الله احد﴾ی دەخویٚند.

(١٥٦) راکشان دوای سوننەتی بەیانی

٣٥٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا صَلَّى رَكْعَتَي الْفَجْرِ: فَإِنْ كُنْتُ مُسْتَيْقِظَةً حَدَّثَنِي، وَإِلَّا اضْطَجَعَ. [بخاري/ التطوع/ ١١١٥]

(عائـشه)(رضـی الله عنهـا) دەڵـیٚ: کـاتیٚ پیٚغەمبـەریخوا(ﷺ) دوورکـاتی سوننەتی بەیانی دەکرد ئەگەر من بەئاگابوومایە قسەی لەگەڵ دەکردم، ئەگـەرنا رادەکشا .

(١٥٧) دانیشتن لەسەر جیٚنویٚژ دوای نویٚژی بەیانی

٣٥٧ـ عَنْ سِمَاكِ بْنِ حَرْبٍ قَالَ: قُلْتُ لِجَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ): أَكُنْتَ تُجَالِسُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ: نَعَمْ، كَثِيرًا. كَانَ لَا يَقُومُ مِنْ مُصَلَّاهُ الَّذِي يُصَلِّي فِيهِ الصُّبْحَ -أَوِ الْغَدَاةَ- حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، فَإِذَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ قَامَ، وَكَانُوا يَتَحَدَّثُونَ، فَيَأْخُذُونَ فِي أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ، فَيَضْحَكُونَ وَيَتَبَسَّمُ.

(سماك) کوری(حرب) دەڵیٚ: بە(جابر) کوری(سمـرة)م (وت: ئایا لەخزمـەت پیٚغەمبـەردا(ﷺ) دانیـشتوویت؟ وتـی: بـەڵیٚ زۆر جار، عـادەتی وابوو لەشـویٚنی نویٚژەکـەی کەنویـٚژی بـەیانی لیٚـدەکرد ـ هەڵنەدەسـتا هـەتا خۆردەکـەوت کـاتیٚ خۆردەکەوت هەڵدەستاو لەوماوەیەدا قسەیان دەکرد، باسی سەردەمی نەفامیان دەوکردو پیٚدەکەنین پیٚغەمبەریش(ﷺ) زەردەخەنە دەیگرت.

(١٥٨) نویٚژی چیٚشتەنگاو

٣٥٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي سُبْحَةَ الضُّحَى قَطُّ وَإِنِّي لَأُسَبِّحُهَا، وَإِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (□)لَيَدَعُ الْعَمَلَ وَهُوَ يُحِبُّ أَنْ يَعْمَلَ بِهِ، خَشْيَةَ أَنْ يَعْمَلَ بِهِ النَّاسُ فَيُفْرَضَ عَلَيْهِمْ. [بخاري/ التهجد/ ١٠٧٦]

(عائـشه) (ﷺ) دەڵـیٚ: هــەرگیز نــەم دیــوە پیٚغەمبــەری خــوا(ﷺ) نویـٚـژی چیـٚشتەنگاو بکـات، مـن زۆر حـەزی لیٚدەکـەم ، ئەگەرچـی پیٚغەمبــەری خــوا

ھەندێکاری نەدەکرد، حەزیشی کردووە بیکات، لەترسی ئەوەی نەك خەڵکەکە بیکەن و لەسەریان فەرز ببێت *.

(١٥٩) نوێژی چێشتەنگاو دوورکات

٣٥٩ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلَامَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنَ الضُّحَى)).

(ابوذر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ھەرچی جومگە لەشی ھەریەکێکتاندا ھەیە خێرێکی لەسەرە ھەر (سبحان الله)یە خێرێکە، ھەر(الحمد لله) یە خێرێکە، ھەر (لا الە الا الله)یە خێرێکە ھەر (الله اکبر) یێك خێرێکە، فەرمان کردن بەچاکە خێرێکە رێگری لەخراپە خێرێکە، دوورکاتی چێشتەنگاو جێی ئەمانە ھەموو دەگرێتەوە.

(١٦٠) نوێژی چێشتەنگاو چوار رکات

٣٦٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي الضُّحَى أَرْبَعًا، وَيَزِيدُ مَا شَاءَ اللَّهُ.

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) چوار رکات نوێژی چێشتەنگاوی دەکردو، چەندیش بیویستایا زیادی دەکرد.

(١٦١) ھەشت رکات نوێژی چێشتەنگاو

٣٦١ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ الْحَارِثِ بْنِ نَوْفَلٍ قَالَ: سَأَلْتُ وَحَرَصْتُ عَلَى أَنْ أَجِدَ أَحَدًا مِنَ النَّاسِ يُخْبِرُنِي: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سَبَّحَ سُبْحَةَ الضُّحَى، فَلَمْ أَجِدْ أَحَدًا يُحَدِّثُنِي ذَلِكَ، غَيْرَ أَنَّ أُمَّ هَانِئٍ بِنْتَ أَبِي طَالِبٍ أَخْبَرَتْنِي: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَتَى بَعْدَ مَا ارْتَفَعَ النَّهَارُ يَوْمَ الْفَتْحِ، فَأُتِيَ بِثَوْبٍ فَسُتِرَ عَلَيْهِ، فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ قَامَ، فَرَكَعَ ثَمَانِيَ رَكَعَاتٍ، لَا أَدْرِي: أَقِيَامُهُ فِيهَا أَطْوَلُ أَمْ رُكُوعُهُ أَمْ سُجُودُهُ، كُلُّ ذَلِكَ مِنْهُ مُتَقَارِبٌ، قَالَتْ: فَلَمْ أَرَهُ سَبَّحَهَا قَبْلُ وَلَا بَعْدُ. [بخارس/ الصلاة في الثياب/ ٣٥٠]

---

* زانایان دەڵێن: ئەمە ئەوە رەت ناکاتەوە کەنوێژی چێشتەنگاوی کردبێ، چونکە ھەموو رۆژێك لەماڵی عائیشە نەماوەتەوە.

(عبدالله) کوری(حارث) کوری(نوفل) دەڵێ: پرسیارم کردوو بەپەرۆش بووم بۆئـەوەی کەسـێك بدۆزمـەوە ئاگـادارم بکـات کەپێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی سوننەتی چێشتەنگاوی کردووە، بەڵام کەسم نەدۆزیەوە باسی ئەوەم بۆ بکات، بەڵام(ام هانی) کچی(ابو طالب) ئاگاداری کردم کە، پێغمبەریخوا(ﷺ) لەرۆژی فـەتحا دوای ئـەوەی خـۆر بەرزبۆتـەوە هـاتووە، جلێکیـان هێنـاوەو کردوویانـە بەپەردە بۆی خۆی شۆردووە، ئینجا هەستاوە هەشت رکات نوێژی کردووە، نازانم وەستانەکەی درێژتربووە یا رکوعەکەی یا سجودەکەی ئەمانە هەموویان نزیك بوون لەیەکەوە، وتی:ئیتر نەمدیووە نەلەپێش ئەوەو نەلەدوای ئەوەش ئەو نوێژەی کردبێت.

(١٦٢) راسپاردن بۆ نوێژی چێشتەنگاو

٣٦٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أَوْصَانِي خَلِيلِي (ﷺ) بِثَلَاثٍ: بِصِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى، وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَرْقُدَ. ﴿بخاري/ التطوع/ ١١٢٤﴾

(ابوهریرە)(ﷺ) دەڵـێ: خۆشەویستەکەم رایسپاردوم بۆسـێ شـت: بەگرتنی سـێ رۆژ رۆژو لەهـەموو مانگێکـدا ، دوورکـاتی چێـشتەنگاو هـەروەها پـێش ئەوەی بخەوم نوێژی وەتر بکەم.

(١٦٣) نوێژی (اوابین)

٣٦٣ـ عَنِ الْقَاسِمِ الشَّيْبَانِيِّ: أَنَّ زَيْدَ ابْنَ أَرْقَمَ (ﷺ) رَأَى قَوْمًا يُصَلُّونَ مِنَ الضُّحَى، فَقَالَ: أَمَا لَقَدْ عَلِمُوا أَنَّ الصَّلَاةَ فِي غَيْرِ هَذِهِ السَّاعَةِ أَفْضَلُ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((صَلَاةُ الْأَوَّابِينَ حِينَ تَرْمَضُ الْفِصَالُ)).

(قاسم الـشیبانی) دەڵـێ: (زیـد) کـوری(ارقـم)(ﷺ) خـەڵکێکی دی کەنوێـژی چێـشتەنگاویان دەکـردو کاتەکـە زووبـوو بۆیـە وتـی: ئایـا نەیانـدەزانی نوێـژ لەغەیری ئەم کاتەدا خێرترە چونکە پێغەمبەریخوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((نوێـژی ئەوابین لەکاتێکایە کەبەچکەوشتر لەگەرمای زەوی بێتاقەت دەبێـت) [واتـەکاتی خۆر بەرزبوونەوە].

(١٦٤) بەهەشت بۆکەسێکە سوجدە بۆ خواببات

٣٦٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي، يَقُولُ: يَا وَيْلَهُ -وَفِي رِوَايَةِ أَبِي كُرَيْبٍ: يَا

وێلی- أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ، وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ)).

(ابـوهريره)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگـەر ئادەمیزاد ئەو ئایەتەی خوێند کە (سوجدە)ی تێدایەو سوجدەی برد شەیتان دووردەکەوێتەوەو دەگری ، دەڵێ ئای قوڕت بەسەر ـ لەریوایەتی(ابی کریب) قوڕبەسەرم فەرمان کرا بەئادەمیزاد سوجدە ببات، سوجدەی بردو بەهەشت بۆ ئەوە ، منیش فەرمانم پێکرا کەسوجدە ببەم، رازی نەبووم ئاگر بۆ منە).

(١٦٥) خێری ئەوەی لەشەووڕۆژێکدا دوانزە رکات نوێژ دەکات

٣٦٥- عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ (ﷺ) ﴿زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)﴾: أَنَّهَا سَمِعَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ، يُصَلِّي لِلَّهِ كُلَّ يَوْمٍ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعًا غَيْرَ فَرِيضَةٍ، إِلَّا بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ. أَوْ: إِلَّا بُنِيَ لَهُ بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ)). قَالَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ: فَمَا بَرِحْتُ أُصَلِّيهِنَّ بَعْدُ. و قَالَ عَمْرٌو -يعني ابنَ أوسٍ- مَا بَرِحْتُ أُصَلِّيهِنَّ بَعْدُ، و قَالَ النُّعْمَانُ -يعني ابن سالمٍ- مِثْلَ ذَلِكَ. وفي روايةٍ: ((في يومٍ وليلةٍ)).

(ام حبیبـــه) (ﷺ) ﴿هاوســـەری پێغەمبـــەر(ﷺ) دەڵـــێ: گـــوێی لێبـــووە پێغەمبـەر(ﷺ) فەرموویـەتی: (هیـچ بەندەیـەکی موسـڵمان نییـە، کەدوانزە رکات نوێژی سوننەت بکات بۆ خوا جگە لەفەرزەکان ، ئیللا خوا ماڵێکی لەبەهەشتا بۆ دەکاتەوە، یا ماڵێکی بۆکراوە لەبەهەشتا).

(ام حبیبە) دەڵێ: لەدوای ئەوە من بەردەوام ئەو نوێژەم دەکرد هەروەها (ابن اوس) و (ابن سالم)یش هەمان نوێژیان کردووە *.

(١٦٦) لەنێوان هەردوو بانگدا نوێژ هەیە

٣٦٦- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابْنِ مُغَفَّلٍ الْمُزَنِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلَاةٌ)) قَالَهَا ثَلَاثًا، قَالَ فِي الثَّالِثَةِ: ((لِمَنْ شَاءَ)). [بخاري/ الأذان/ ٦٠١]

(عبداللـه) کـوڕی(مغفـل المزنـی)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) سـێجار فەرموویـەتی: ((لـەنێوان هـەردوو بانگـدا نوێـژێك هەیـە، لەسـێیەم جاریـشدا فەرموویەتی: بۆکەسێك بیەوێت)[واتە لەنێوان بانگو قامەتدا].

* ئەو دوانزە رکاتەش ئەمانەیە: دوورکاتی پێش نوێژی بەیانی، چوار رکات پێش نیوەڕۆ، دوورکات دوای نوەڕۆ، دوورکات دوای شێوان، دوو رکات دوای خەوتنان).

(١٦٧) سوننەتی پێش نوێژو دوای نوێژ

٣٦٧ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَبْلَ الظُّهْرِ سَجْدَتَيْنِ، وَبَعْدَهَا سَجْدَتَيْنِ، وَبَعْدَ الْمَغْرِبِ سَجْدَتَيْنِ، وَبَعْدَ الْعِشَاءِ سَجْدَتَيْنِ، وَبَعْدَ الْجُمُعَةِ سَجْدَتَيْنِ، فَأَمَّا الْمَغْرِبُ وَالْعِشَاءُ وَالْجُمُعَةُ، فَصَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي بَيْتِهِ. [البخاري/ التطوع/ ١١١٩]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لەپێش نیوەڕۆدا دوو سوجدەمان بردووە، دوای نیوەڕۆش دوو سوجدە، دوای شێوانیش دوو سوجدە، لەدوای خەوتنانیش دوو سوجدە، لەدوای جومعەیش دووسوجدە، بەلاّم شێوان و خەوتنان و جومعە لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) لەماڵەوە نوێژم کرد[دوو سوجدە واتە دوورکات] .

(١٦٨) سوننەت بەشەوو ڕۆژ

٣٦٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شَقِيقٍ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ تَطَوُّعِهِ، فَقَالَتْ: كَانَ يُصَلِّي فِي بَيْتِي قَبْلَ الظُّهْرِ أَرْبَعًا ثُمَّ يَخْرُجُ، فَيُصَلِّي بِالنَّاسِ ثُمَّ يَدْخُلُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، وَكَانَ يُصَلِّي بِالنَّاسِ الْمَغْرِبَ ثُمَّ يَدْخُلُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، وَيُصَلِّي بِالنَّاسِ الْعِشَاءَ وَيَدْخُلُ بَيْتِي فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ، وَكَانَ يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ تِسْعَ رَكَعَاتٍ فِيهِنَّ الْوِتْرُ، وَكَانَ يُصَلِّي لَيْلًا طَوِيلًا قَائِمًا وَلَيْلًا طَوِيلًا قَاعِدًا، وَكَانَ إِذَا قَرَأَ وَهُوَ قَائِمٌ رَكَعَ وَسَجَدَ وَهُوَ قَائِمٌ، وَإِذَا قَرَأَ قَاعِدًا رَكَعَ وَسَجَدَ وَهُوَ قَاعِدٌ، وَكَانَ إِذَا طَلَعَ الْفَجْرُ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ. [بخاري/ التطوع/ ١١٢٧]

(عبدالله) کوڕی(شقیق) (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە(عائشه)(رضی الله عنها)کرد لەبارەی نوێژی سوننەتی پێغەمبەری خواوە(ﷺ) وتی: لەماڵەوە لەپێش نیوەڕۆدا چوار ڕکاتی دەکرد، ئینجا لەماڵی دەردەچوو نوێژی بۆ خەڵکەکەش دەکرد، ئینجا دەهاتەوە ماڵەوە دوورکاتی دەکرد، نوێژی شێوانی بەخەڵکەکە دەکرد، ئینجا دەهاتە ماڵەوە دوورکاتی دەکرد، نوێژی خەوتنانی بەخەڵکەکە دەکرد، دەهاتە ماڵەکەی من دوورکاتی دەکرد، لەشەودا نۆرکاتی دەکرد وەتریشی تێدابوو، هەروەها شەوێك بەپێوە نوێژی دەکرد، شەوێکی درێژیش بەدانیشتنەوە کاتێ بەپێوە نوێژی دەکرد لەحاڵەتی وەستانەوە دەچووە (ڕکوع)و (سجود) ، کاتێکیش بەدانیشتنەوە نوێژی دەکرد لەحاڵەتی

دانیشتنەوە(رکوع)و (سجود)ی دەبرد. کاتێکیش سپێدە دەردەکەوت دوورکاتی دەکرد.

(١٦٩) نوێژی سوننەت لەمزگەوتا

٣٦٩ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (ﷺ) قَالَ: احْتَجَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حُجَيْرَةً بِخَصَفَةٍ أَوْ حَصِيرٍ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي فِيهَا، قَالَ: فَتَتَبَّعَ إِلَيْهِ رِجَالٌ، وَجَاءُوا يُصَلُّونَ بِصَلَاتِهِ، قَالَ: ثُمَّ جَاءُوا لَيْلَةً، فَحَضَرُوا وَأَبْطَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْهُمْ، قَالَ: فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ، فَرَفَعُوا أَصْوَاتَهُمْ، وَحَصَبُوا الْبَابَ، فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُغْضَبًا، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا زَالَ بِكُمْ صَنِيعُكُمْ حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُكْتَبُ عَلَيْكُمْ، فَعَلَيْكُمْ بِالصَّلَاةِ فِي بُيُوتِكُمْ، فَإِنَّ خَيْرَ صَلَاةِ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا الصَّلَاةَ الْمَكْتُوبَةَ)). وفي روايـة: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) اتَّخَذَ حُجْرَةً فِي الْمَسْجِدِ مِنْ حَصِيرٍ. [بخاري/ الجماعة و الإمامة/ ٦٩٨]

(زیـد) کـوری(ثابـت)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ژورێکـی بـچکۆڵەی بەحەسیر دروست کـرد جارێکیان پێغەمبـەر(ﷺ) دەرچـوو نوێـژی تێـدابکات، چـەند پیاوێـك بەشـوێنیدا رۆشـتن، هـاتن لەدوایـەوە نوێـژ بکـەن، هـەروەها شەوێکیتر هاتن و ئامادەبوون، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) دواکـەوت، نـەهات بۆ لایـان، ئینجا دەنگیـان بـەرزکردەوەو زیخیـان دەکێشا بەدەرگاکـەدا، ئینجا پێغەمبـەری خوا(ﷺ) هاتە دەرەوەو تورەیی پێوە دیاربوو، فـەرموی: ((لەسـەر کردارەکـەتان [واتـە: نوێـژکردنی سـوننەت بەبـەردەوامی لەمزگەوتـدا] ئەوەنـدە بـەردەوامن، گومان دەبەم لەسەرتان فەرزبکرێت، کەواتە لەماڵی خۆتاندا نوێژەکانتان [(واتە: سوننەتەکان)] بکەن، خێرترین نوێـژی مـرۆڤ ئەوەیـە کەلەماڵـەوە بیکـات، جگـە لەنوێژی فەرز)).

(١٧٠) نوێژی سوننەت لەماڵەوە

٣٧٠ـ عَنْ جَابِرٍ ﴿بن عبد الله﴾ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا قَضَى أَحَدُكُمُ الصَّلَاةَ فِي مَسْجِدِهِ، فَلْيَجْعَلْ لِبَيْتِهِ نَصِيبًا مِنْ صَلَاتِهِ، فَإِنَّ اللَّهَ جَاعِلٌ فِي بَيْتِهِ مِنْ صَلَاتِهِ خَيْرًا.

(جابر) کـوری(عبدالله)(دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگـەر یەکێکتان لەمزگەوت لەنوێژ بویەوە، بابەشی ماڵەوەش نوێـژ بهێڵێتـەوە چونکە خوای گەورە خێری داناوە بۆ نوێژەکانی ماڵەوەیش)).

(١٧١) هەریەك لەئێوە با بەچالاكی نوێژ بكات، ئەگەر ماندوبوو بادابنیشێت

٣٧١- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَسْجِدَ، وَحَبْلٌ مَمْدُودٌ بَيْنَ سَارِيَتَيْنِ، فَقَالَ: ((مَا هَذَا)). قَالُوا: لِزَيْنَبَ تُصَلِّي، فَإِذَا كَسِلَتْ أَوْ فَتَرَتْ أَمْسَكَتْ بِهِ. فَقَالَ: ((حُلُّوهُ، لِيُصَلِّ أَحَدُكُمْ نَشَاطَهُ، فَإِذَا كَسِلَ أَوْ فَتَرَ قَعَدَ)). [بخاري/ التهجد/ ١٠٩٩]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) چووە مزگەوت، گوریسێك لەنێوان دوو كۆڵەكەدا بەسترابوو، فەرمووی: ((ئەمە چییە)) وتیان: هی زەینەبە نوێژدەكات، كاتێ هیلاك دەبێت یان بێهێز دەبێت دەستی پێوە دەگرێت، ئەویش(ﷺ) فەرمووی: ((بیكەنەوە، هەریەكێكتان چەند توانای بوو نوێژ بكات، ئەگەر نەیتوانی یان هیلاك بوو بادابنیشێت)).

(١٧٢) خۆشەویستترین كار لای خوا بەردەوامترینیانە

٣٧٢- عَنْ عَلْقَمَةَ قَالَ: سَأَلْتُ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ عَائِشَةَ (ﷺ)، قَالَ: قُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، كَيْفَ كَانَ عَمَلُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، هَلْ كَانَ يَخُصُّ شَيْئًا مِنَ الْأَيَّامِ؟ قَالَتْ: لَا، كَانَ عَمَلُهُ دِيمَةً، وَأَيُّكُمْ يَسْتَطِيعُ مَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَسْتَطِيعُ؟ [بخاري/ الرقاق/ ٦١٠١]

(علقمه)(ﷺ) دەڵێ: (لەعائشە) (ﷺ) دایكی ئیمانداارانم پرسی: ئەی دایكی ئیمانداران كاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن بوو، ئایا هەندێك لەرۆژەكانی تایبەت دەكرد؟ وتی: نەخێر كاری بەردەوام بووە ئایا كێتان دەتوانێ ئەوەی كەپێغەمبەری خوا(ﷺ) توانیویەتی؟

(١٧٣) چەند دەتوانن ئەوەندە كاربكەن

٣٧٣- عن عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ الْحَوْلَاءَ بِنْتَ تُوَيْتِ بْنِ حَبِيبِ بْنِ أَسَدِ ابْنِ عَبْدِ الْعُزَّى مَرَّتْ بِهَا وَعِنْدَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَقُلْتُ: هَذِهِ الْحَوْلَاءُ بِنْتُ تُوَيْتٍ، وَزَعَمُوا أَنَّهَا لَا تَنَامُ اللَّيْلَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَنَامُ اللَّيْلَ؟ خُذُوا مِنَ الْعَمَلِ مَا تُطِيقُونَ، فَوَاللَّهِ لَا يَسْأَمُ اللَّهُ حَتَّى تَسْأَمُوا)). [بخاري/ الإيمان/ ٤٣]

(عائشە) (ﷺ) هاوسەری پێغەمبەر(ﷺ) دەڵێ: (حولاء) كچی (تویت) بەلایدا تێپەری، پێغەمبەری خوای(ﷺ) لەلا بوو ، وتم: ئەمە حولاء كچی(تویت)ە كەدەڵێن گوایە بەشەو ناخەوێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((شەوناخەوێ؟ چەند

دەتوانن ئەوەندە کاربکەن، سوێند بەخوا، خوا ماندوو نابێت [لەپاداشت بۆ نوسینتان] هەتا ئێوە [لەکارکردن]ماندوو دەبن.

(١٧٤) شەونوێژی پێغەمبەرو(ﷺ) پاڕانەوەکانی

٣٧٤- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهما) قَالَ: بِتُّ لَيْلَةً عِنْدَ خَالَتِي مَيْمُونَةَ، فَقَامَ النَّبِيُّ (ﷺ) مِنَ اللَّيْلِ فَأَتَى حَاجَتَهُ، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ، ثُمَّ نَامَ، ثُمَّ قَامَ، فَأَتَى الْقِرْبَةَ فَأَطْلَقَ شِنَاقَهَا، ثُمَّ تَوَضَّأَ وُضُوءًا بَيْنَ الْوُضُوءَيْنِ وَلَمْ يُكْثِرْ، وَقَدْ أَبْلَغَ، ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى، فَقُمْتُ فَتَمَطَّيْتُ، كَرَاهِيَةَ أَنْ يَرَى أَنِّي كُنْتُ أَنْتَبِهُ لَهُ، فَتَوَضَّأْتُ، فَقَامَ فَصَلَّى، فَقُمْتُ عَنْ يَسَارِهِ، فَأَخَذَ بِيَدِي فَأَدَارَنِي عَنْ يَمِينِهِ، فَتَتَامَّتْ صَلَاةُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنَ اللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، ثُمَّ اضْطَجَعَ فَنَامَ حَتَّى نَفَخَ (ﷺ)، وَكَانَ إِذَا نَامَ نَفَخَ، فَأَتَاهُ بِلَالٌ فَآذَنَهُ بِالصَّلَاةِ، فَقَامَ فَصَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ، وَكَانَ فِي دُعَائِهِ: ((اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا، وَفِي بَصَرِي نُورًا، وَفِي سَمْعِي نُورًا، وَعَنْ يَمِينِي نُورًا، وَعَنْ يَسَارِي نُورًا، وَفَوْقِي نُورًا، وَتَحْتِي نُورًا، وَأَمَامِي نُورًا، وَخَلْفِي نُورًا، وَعَظِّمْ لِي نُورًا)). قَالَ كُرَيْبٌ: وَسَبْعًا فِي التَّابُوتِ. فَلَقِيتُ بَعْضَ وَلَدِ الْعَبَّاسِ، فَحَدَّثَنِي بِهِنَّ فَذَكَرَ: ((عَصَبِي وَلَحْمِي وَدَمِي وَشَعْرِي وَبَشَرِي)) وَذَكَرَ خَصْلَتَيْنِ.
[بخاري/ الدعوات/ ٥٩٥٧]

(ابـن عبـاس)(رضي الله عنهما) دەڵـێ: شـەوێکیان لای پـووره(میمونـه)م مامـەوه، شـەو پێغەمبـەر(ﷺ) هەسـتا چـووه دەرەوه بۆسـەرئاو، ئینجـا دەسـتو دەموچـاوی شـۆردو هاتـەوه خەوتـەوه، ئینجـا هەسـتایەوه، هاتـە لای کونـەی ئاوەکـەوه دەستنوێژێکی مام ناوەندی گرت کەزۆر پێیەوه خەریك نەبوو، بەڵام تەواویش بوو ، ئنجا هەستاو دەستیکرد بە نوێژکردن ، منیش هەستامو خۆم کێشایەوه ﴿وەکو ئێستا بەئاگاهاتبمەوه﴾ بۆئەوەی ئەو وانەزانێ کەمن بەئاگابوومو ئاگام لێی بووه، دەستنوێژم گرت، ئەوهەستایەوه بۆ نوێژ ، منیش لەلای چەپییەوه راوەستام، بەڵام دەستی گرتمو خستمیە لای راستییەوه نوێژی ئەو شەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بەسیانزه رکات تەواو بوو، پاشان راکشاو نوست هەتا پرخەی لێوەهات پێغەمبەر کەدەخەوت پرخەی دەهات، ئینجا بلال هات ئاگاداری کرد کەکاتی نوێژه، هەستاودەستیکرد بەنوێژکردنو دەستنوێژی نەگرت.﴿پاشان لەخوا پاڕایەوەو﴾ لەپاڕانەوەکەشیدا ئەمە هەبوو: ((خوایە گیان (نور)و روونـاکی بخـەره دڵمـەوه، روونـاکی بخـەرەوه بینینمـەوه، رونـاکی بخـەره

بیـستنمەوە، رووناکی بخـەرە لای راسـتمەوە، رووناکی بخـەرە لای چـەپمەوە، رووناکی لەسـەرمەوە رووناکی لەژێرمـەوە ، رووناکی لەبـەردەمما ، رووناکی لەپشتمەوە، ڕووناکی گەورەو فراوان بکەی بۆم.

(کریب) دەڵـێ: حـەوت شوێنیتریشی وت لەلاشـەی ئادەمیزاد (مـن لـەبیرم چوون) بەڵام گەیشتم بە یـەکێ لەنەوەی عباس باسـی ئـەو حەوتـەی بۆکردم کەئەمانەن: دەمارەکانم، گۆشتم، خوێنم، مووەکانم، پێستم، دووشتی تریشی وت: ﴿لەبیرم نەماون﴾ .

٣٧٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ لِيُصَلِّيَ، افْتَتَحَ صَلَاتَهُ بِرَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ.

عائشە (ﷺ) دەڵێ:پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە لەشەودا هەڵدەستا بۆ نوێژکردن، بەدوو ڕکاتی سووك دەستی پێدەکرد.

(١٧٥) پاڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەکاتی شەو نوێژدا

٣٧٦ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلَاةِ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ: ((اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ قَيَّامُ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ رَبُّ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، أَنْتَ الْحَقُّ، وَوَعْدُكَ الْحَقُّ، وَقَوْلُكَ الْحَقُّ، وَلِقَاؤُكَ حَقٌّ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ، وَالنَّارُ حَقٌّ، وَالسَّاعَةُ حَقٌّ. اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ، وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ. فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَأَخَّرْتُ، وَ ﴿ما﴾ أَسْرَرْتُ وَأَعْلَنْتُ، أَنْتَ إِلَهِي، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ)). [بخاري/ التوحيد/ ٧٠٦٠]

(ابـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) ئەگـەر لـەقوڵایی شـەودا هەسـتابایە بـۆ نوێـژکردن دەیفـەرموو: ((خوایـەگیان، سـوپاس بـۆ تۆیـە ، تـۆ رووناکی ئاسمانـەکان و زەویـت، سـوپاس بـۆ تـۆ ، تـۆ راگـری ئاسمانـەکان و زەویـت، سـوپاس بـۆ تـۆ، پـەروەردگاری ئاسمانـەکان و زەوی و ئـەوەی لەناویاندایـە، تـۆ راسـتیت بەڵێنەکـەت راسـتە، قسەکانت راسـتن، بەدیـدار گەیشتنت راستە، بەهەشت راستە، ئاگر راستە، ڕۆژی قیامەت راستە، خوایە، تەنها خۆم بەتۆ سپاردووە، ئیمانم بەتۆ هێناوە، تەنها پشتم بەتۆ بەستووە، بۆلای تۆ دەگەڕێمەوە، لەپێناو تۆداو بەپشتیوانی تۆ دژایەتی ﴿بێباوەران﴾م کـردووە، تـەنها بـۆلای شـەرعەکەی تـۆ دەگەڕێمـەوە، دە خـۆش ببـە لەگوناهـە

پێشوەکان و دواییـەکانم، لەوانـەش کەشـاردومنەتەوەو لەوانـەش کەئاشـکرام کـردوون، تـۆ فریـادڕەس و فـەرمانڕەوای منـی هـیچ فریـادڕەس و فـەرمانڕەوایـەك نییە جگە لەتۆ)).

(١٧٦) چۆنیەتی شەونوێژو ژمارەی ركاتەكانی

٣٧٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُوتِرُ مِنْ ذَلِكَ بِخَمْسٍ، لَا يَجْلِسُ فِي شَيْءٍ إِلَّا فِي آخِرِهَا.

(عائشە) (رضي الله عنها) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەشـەودا سـیانزە ركـات نوێـژی دەكرد، لەوانە پێنج ركاتی بەسەریەكەوە دەكرد، دانەدەنیشت ، [واتە:تەحیاتی نەدەخوێند]تا دوا ركات واتە ئەو پێنج ركاتەی بەیەك تحیات كردووە﴾.

(١٧٧) شەونوێژ دوودووەو وەتریش یەك ركاتە لەكۆتایی شەودا

٣٧٨ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ صَلَاةِ اللَّيْلِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صَلَاةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خَشِيَ أَحَدُكُمُ الصُّبْحَ صَلَّى رَكْعَةً وَاحِدَةً تُوتِرُ لَهُ مَا قَدْ صَلَّى)). [بخاري/ الوتر/ ٩٤٦]

(ابن عمر)(رضي الله عنه) دەڵـێ: پیاوێك پرسیاری لەپێغەمبەری خـوا(ﷺ) كـرد لـەبارەی شــەونوێژەوە؟ پێغەمبــەر(ﷺ)فــەرمووی: ((نوێــژی شــەو دوو دووە، ئەگــەر یەكێكتان ترسا رۆژ ببێتەوە، بابە تاكە ركاتێك ئەو نوێژانەی كردوونـی تاكیان بكاتەوە)).

(١٧٨) شەونوێژ بە پێوەو بەدانیشتنەوە

٣٧٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقْرَأُ فِي شَيْءٍ مِنْ صَلَاةِ اللَّيْلِ جَالِسًا، حَتَّى إِذَا كَبِرَ قَرَأَ جَالِسًا، حَتَّى إِذَا بَقِيَ عَلَيْهِ مِنَ السُّورَةِ ثَلَاثُونَ أَوْ أَرْبَعُونَ آيَةً قَامَ فَقَرَأَهُنَّ، ثُمَّ رَكَعَ. [بخاري/ التهجد/ ١٠٩٣]

(عائشە) (رضي الله عنها) دەڵـێ: نەمدیوە پێغەمبـەر(ﷺ) بەدانیـشتنەوە قورئـان بخوێنـێ لەنوێژدا، هەتا بەساڵاچوو، كەبەساڵاچوو ئینجا بەدانیشتنەوە دەیخوێند، هـەتا لەسوورەتێكا سی چل ئایـەتی دەما ئینجا هەڵدەستایەوە بـەپێوە دەیخوێنـد ، ئینجا ركوعی دەبرد).

(١٧٩) کەراهەتیهەیە
پیاو هەموو شەوەکە بخەوێو نوێژی تێدا نەکات

٣٨٠- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) قَالَ: ذُكِرَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلٌ نَامَ لَيْلَةً حَتَّى أَصْبَحَ، قَالَ: ((ذَاكَ رَجُلٌ بَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنَيْهِ)) أَوْ قَالَ: ((فِي أُذُنِهِ)). [بخاري/ التهجد/ ١٠٩٣]

(عبدالله) کوری(مسعود) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) باسی پیاوێکیان کرد کە شەوێکیان هەتا نوێژی بەیانی خەوتووە، فەرموی: ((ئەوەپیاوێکە شەیتان میزی کردۆتە گوێکانیەوە)) یافەرمووی ((گوییەوە)).

(١٨٠) ئەگەر کەسێك لەنوێژدا وەنەوزیدا باراکشێت

٣٨١- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا نَعَسَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلَاةِ فَلْيَرْقُدْ حَتَّى يَذْهَبَ عَنْهُ النَّوْمُ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا صَلَّى وَهُوَ نَاعِسٌ، لَعَلَّهُ يَذْهَبُ يَسْتَغْفِرُ فَيَسُبُّ نَفْسَهُ)). [بخاري/ الوضوء/ ٢٠٩]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێکتان لەنوێژا خەوەنوچکە بردیەوە، باراکشێت، تاخەوەکەی دەڕوات، چونکە ئەگەر بەخەوالویی نوێژ بکات لەوانەیە لەباتی ئەوەی داوای لێخۆشبوون بکات قسە بەخۆی بڵێت)).

(١٨١) ئەوەی گرێکانی شەیتان دەکاتەوە

٣٨٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ)- قَالَ: ((يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ ثَلَاثَ عُقَدٍ إِذَا نَامَ، بِكُلِّ عُقْدَةٍ يَضْرِبُ: عَلَيْكَ لَيْلًا طَوِيلًا، فَإِذَا اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ ﴿ﷻ﴾ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، وَإِذَا تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عَنْهُ عُقْدَتَانِ، فَإِذَا صَلَّى انْحَلَّتِ الْعُقَدُ، فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ، وَإِلَّا أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلَانَ)). [بخاري/ التجهد/ ١٠٩١]

لە(ابوهریرە)وە (ﷺ) کەدەیگەیاندە پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێکتان خەوت شەیتان سێ گرێ دەدات لەپشتی سەری، لەهەر گرێیەکیدا دەڵێ: لەشەوێکی درێژدا بخەوە، بەڵام ئەگەر هەستاو ناوی خوای هێنا ﴿ عزوجل ﴾گرێیەکیان دەکرێتەوە، ئەگەر دەستنوێژی گرت دووەمیشیان دەکرێتەوە، ئینجا ئەگەر نوێژی کرد هەرسێکیان دەکرێنەوە، ئینجا چالاکو دەروون ئاسودە دەبێت، ئەگەر وانەکات دڵپیس و تەمەڵ دەبێت)).

(١٨٢) لەشەودا ساتێك هەیە كە دۆعای تێدا وەردەگیرێت

٣٨٣- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ فِي اللَّيْلِ لَسَاعَةً، لَا يُوَافِقُهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ يَسْأَلُ اللَّهَ خَيْرًا مِنْ أَمْرِ الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ إِلَّا أَعْطَاهُ، إِيَّاهُ وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: بیستوومە لەپێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((لەشەودا ساتێك هەیە ئەگەر موسڵمان رێكەوتی بكات لەكاتێكا لەخوا دەپارێتەوە بۆ كاری خێری دنیاو قیامەت ئەوا داواكاریەكەی بۆ دابین دەكات، ئەوساتەش لەهەموو شەوێكدا هەیە)).

(١٨٣) هاندان بۆ پارانەوەو یادی خوا لەكۆتایی شەودا

٣٨٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أن رَسُولِ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((يَنْزِلُ اللَّهُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا كُلَّ لَيْلَةٍ، حِينَ يَمْضِي ثُلُثُ اللَّيْلِ الْأَوَّلُ، فَيَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ أَنَا الْمَلِكُ. مَنْ ذَا الَّذِي يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ؟ مَنْ ذَا الَّذِي يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ؟ مَنْ ذَا الَّذِي يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ، فَلَا يَزَالُ كَذَلِكَ حَتَّى يُضِيءَ الْفَجْرُ)).

(ابوهریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەموو شەوێك كاتێ سێیەكی شەو تێدەپەڕێت ،خوایگەورە دادەبەزێتە ئاسمانی یەكەمی دنیاو دەفەرموێت: (من پادشام، من پادشام، كێ داخوازی هەیە لێم باوەڵامی بدەمەوە، كێیە داواكاری لێم هەیە تابیدەمێ؟ كێیە داوای لێخۆشبوونم لێدەكات تالێی خۆشبم ، هەر بەوشێوەیە دەبێ هەتا بەرەبەیان ڕووندەبێتەوە)).

(١٨٤) پوختەی باسی شەونوێژو
كەسێ نەیكرد لەبەر خەویا لەبەر نەخۆشی

٣٨٥- عَنْ زُرَارَةَ: أَنَّ سَعْدَ بْنَ هِشَامِ ابْنِ عَامِرٍ أَرَادَ أَنْ يَغْزُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ (ﷻ)، فَقَدِمَ الْمَدِينَةَ، فَأَرَادَ أَنْ يَبِيعَ عَقَارًا ﴿لَهُ﴾ بِهَا، فَيَجْعَلَهُ فِي السِّلَاحِ وَالْكُرَاعِ، وَيُجَاهِدَ الرُّومَ حَتَّى يَمُوتَ، فَلَمَّا قَدِمَ الْمَدِينَةَ لَقِيَ أُنَاسًا مِنْ أَهْلِ الْمَدِينَةِ، فَنَهَوْهُ عَنْ ذَلِكَ، وَأَخْبَرُوهُ: أَنَّ رَهْطًا سِتَّةً أَرَادُوا ذَلِكَ فِي حَيَاةِ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ)، فَنَهَاهُمْ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالَ: ((أَلَيْسَ لَكُمْ فِيَّ أُسْوَةٌ)). فَلَمَّا حَدَّثُوهُ بِذَلِكَ رَاجَعَ امْرَأَتَهُ وَقَدْ كَانَ طَلَّقَهَا، وَأَشْهَدَ عَلَى رَجْعَتِهَا، فَأَتَى ابْنَ عَبَّاسٍ فَسَأَلَهُ عَنْ وِتْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: أَلَا أَدُلُّكَ عَلَى أَعْلَمِ أَهْلِ الْأَرْضِ بِوِتْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ: مَنْ؟ قَالَ: عَائِشَةُ (ﷺ)، فَأْتِهَا فَاسْأَلْهَا، ثُمَّ ائْتِنِي فَأَخْبِرْنِي بِرَدِّهَا عَلَيْكَ.

فَانْطَلَقْتُ إِلَيْهَا، فَأَتَيْتُ عَلَى حَكِيمِ بْنِ أَفْلَحَ، فَاسْتَلْحَقْتُهُ إِلَيْهَا، فَقَالَ: مَا أَنَا بِقَارِبِهَا، لِأَنِّي نَهَيْتُهَا أَنْ تَقُولَ فِي هَاتَيْنِ الشِّيعَتَيْنِ شَيْئًا، فَأَبَتْ فِيهِمَا إِلَّا مُضِيًّا. قَالَ: فَأَقْسَمْتُ عَلَيْهِ فَجَاءَ، فَانْطَلَقْنَا إِلَى عَائِشَةَ (ﷺ) فَاسْتَأْذَنَّا عَلَيْهَا، فَأَذِنَتْ لَنَا، فَدَخَلْنَا عَلَيْهَا، فَقَالَتْ: أَحَكِيمٌ؟ فَعَرَفَتْهُ، فَقَالَ: نَعَمْ. فَقَالَتْ: مَنْ مَعَكَ؟ قَالَ: سَعْدُ بْنُ هِشَامٍ، قَالَتْ: مَنْ هِشَامٌ؟ قَالَ: ابْنُ عَامِرٍ، فَتَرَحَّمَتْ عَلَيْهِ، وَقَالَتْ خَيْرًا –قَالَ قَتَادَةُ: وَكَانَ أُصِيبَ يَوْمَ أُحُدٍ– فَقُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَنْبِئِينِي عَنْ خُلُقِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَتْ: فَإِنَّ خُلُقَ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ الْقُرْآنَ، قَالَ: فَهَمَمْتُ أَنْ أَقُومَ وَلَا أَسْأَلَ أَحَدًا عَنْ شَيْءٍ حَتَّى أَمُوتَ، ثُمَّ بَدَا لِي فَقُلْتُ: أَنْبِئِينِي عَنْ قِيَامِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَقَالَتْ: أَلَسْتَ تَقْرَأُ: ﴿يَا أَيُّهَا الْمُزَّمِّلُ﴾؟ قُلْتُ: بَلَى، قَالَتْ: فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ افْتَرَضَ قِيَامَ اللَّيْلِ فِي أَوَّلِ هَذِهِ السُّورَةِ، فَقَامَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابُهُ حَوْلًا، وَأَمْسَكَ اللَّهُ خَاتِمَتَهَا اثْنَيْ عَشَرَ شَهْرًا فِي السَّمَاءِ حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ فِي آخِرِ هَذِهِ السُّورَةِ التَّخْفِيفَ، فَصَارَ قِيَامُ اللَّيْلِ تَطَوُّعًا بَعْدَ فَرِيضَةٍ. قَالَ: قُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ أَنْبِئِينِي عَنْ وِتْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَقَالَتْ: كُنَّا نُعِدُّ لَهُ سِوَاكَهُ وَطَهُورَهُ، فَيَبْعَثُهُ اللَّهُ مَا شَاءَ أَنْ يَبْعَثَهُ مِنَ اللَّيْلِ، فَيَتَسَوَّكُ وَيَتَوَضَّأُ وَيُصَلِّي تِسْعَ رَكَعَاتٍ، لَا يَجْلِسُ فِيهَا إِلَّا فِي الثَّامِنَةِ، فَيَذْكُرُ اللَّهَ وَيَحْمَدُهُ وَيَدْعُوهُ، ثُمَّ يَنْهَضُ وَلَا يُسَلِّمُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيُصَلِّ التَّاسِعَةَ، ثُمَّ يَقْعُدُ فَيَذْكُرُ اللَّهَ وَيَحْمَدُهُ وَيَدْعُوهُ، ثُمَّ يُسَلِّمُ تَسْلِيمًا يُسْمِعُنَا، ثُمَّ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ بَعْدَ مَا يُسَلِّمُ وَهُوَ قَاعِدٌ، وَتِلْكَ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً يَا بُنَيَّ، فَلَمَّا سَنَّ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) وَأَخَذَهُ اللَّحْمُ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ، وَصَنَعَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ مِثْلَ صَنِيعِهِ الْأَوَّلِ، فَتِلْكَ تِسْعٌ يَا بُنَيَّ، وَكَانَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا صَلَّى صَلَاةً أَحَبَّ أَنْ يُدَاوِمَ عَلَيْهَا، وَكَانَ إِذَا غَلَبَهُ نَوْمٌ أَوْ وَجَعٌ عَنْ قِيَامِ اللَّيْلِ صَلَّى مِنَ النَّهَارِ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً، وَلَا أَعْلَمُ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) قَرَأَ الْقُرْآنَ كُلَّهُ فِي لَيْلَةٍ، وَلَا صَلَّى لَيْلَةً إِلَى الصُّبْحِ، وَلَا صَامَ شَهْرًا كَامِلًا غَيْرَ رَمَضَانَ. قَالَ: فَانْطَلَقْتُ إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ فَحَدَّثْتُهُ بِحَدِيثِهَا، فَقَالَ: صَدَقَتْ لَوْ كُنْتُ أَقْرَبُهَا أَوْ أَدْخُلُ عَلَيْهَا لَأَتَيْتُهَا حَتَّى تُشَافِهَنِي بِهِ. قَالَ: قُلْتُ: لَوْ عَلِمْتُ أَنَّكَ لَا تَدْخُلُ عَلَيْهَا مَا حَدَّثْتُكَ.

(زرارة)دەڵێ: (سعد) کوڕی(هشام) کوڕی(عامر) (ﷺ) ویستی غەزابکات لەڕێی خوا(عزوجل) هات بۆ مەدینە، ویستی ئەو زەوییەی لەمەدینە هەیبوو بیفرۆشێت، بیدات بەچەك و تفاقی جەنگی، بۆئەوەی تا ئەمرێت غەزای ڕومی

ڕێبکات، کەهاتەمەدینـە گەیشت بەچەند کەسێك لەخـەڵکی مەدینـە، ڕێگایـان نەدا ئەوکارە بکات، پێیان ڕاگەیاند کە لەسـەردەمی پێغەمبـەردا(ﷺ) کۆمەڵێکی شەش کەسی ویستیان ئـەو کارە بکـەن، بەڵام پێغەمبـەر(ﷺ) ڕێگای پێنـەدان و پێی فەرموون: ((ئایا لەمنا پێشەنگیو سەر مەشقی نابینن؟)) کاتێ ئەوەیان بۆسەعد گێڕایەوە، سـەعد ژنەکـەی گێڕایـەوە ژێرسایەی خۆی کەپێشتر تـەڵاقی دابـوو، شایەتیـشی لەسـەر گێڕانـەوەی ژنەکـەی گـرت، ئینجـا سـەعد هاتـە خزمەت(ابن عباس). پرسیاری وەتری پێغەمبەری(ﷺ) لێکرد، ئەویش پێی وت: بۆ کەسێکت نیشان نەدەم کەلەخەڵکی سەرزەویدا لەهەموو کەس شارەزاترە بە وەتری پێغەمبەری خوا(؟ وتی: کێیە؟ وتی(عائیشه) (رضی الله عنها). بچۆ بۆ لای، لێـی بپرسـەو، لەدواییـدا هەواڵەکـەش بـۆ مـن بهێنـەرەوە. ﴿سـەعد دەڵێ﴾کەوتمـە ڕێ بـۆ لای (عائـشه) ، لـەرێگادا چـووم بـۆ لای (حکیم) کـوڕی (افلح) داوام لێکرد کەلەگەڵما بێت وتی: من نایەم بۆلای، چونکە ئاگادارم کـرد کە لـەناکۆکی نێوان ئـەو دوو کۆمەڵـە(علیو معاویـه)دا هـیچ نـەڵێ، بـەڵام گـوێی نەدایێو قسەی تێداکرد. سەعد وتـی: سوێندم خـوارد کـەبێت (حەکیم) ئینجا هاتو چووین بۆ لای عائیشه، داوایمۆڵـەتمان لێکـرد، ئـەویش مۆڵـەتی دایـن ، چووینە ژوورەوە، عائیشه وتـی: تـۆ حـەکیمی ؟ ناسیی ، وتـی: بـەڵێ، ئـەویش وتـی: کێـت لەگەڵدایـە؟ وتـی: (سـەعد کـوڕی هیـشام) وتـی: کـام هیـشام؟ وتـی: کوڕی(عامر) دۆعای خێری بۆکردو نـاوی بەچـاك بـرد. (قتـاده) دەڵـێ:عـامر(ﷺ) لەجەنگی (احد) شەهیدبوو.

سـەعد دەڵـێ: بەعائیـشەم وت: ئـەی دایکـی ئیمانـداران، ئاگـادارم بکـە لەرەوشـتی پێغەمبـەر(ﷺ) وتـی: ئایـا تـۆ قورئـان نـاخوێنی؟ وتم: بـەڵێ،وتـی: رەوشتی پێغەمبـەر(ﷺ) قورئـان بـووە ، ویـستم هەسـتمو هـەتا مـاوم هـیچ شـتێ لەکـەس نەپرسـم، دوایـی بـیرم کـردەوە وتم: ئاگـادارم بکـە لـەبارەی هەسـتانی شـەوی بـۆ شـەونوێژ، ئـەویش وتـی: ئایـا ﴿ یـا ایهـا المزمـل ﴾نـاخوێنی؟ وتم: بەڵێ. وتی: خـوای گـەورە لەسـەرەتای ئـەم سـوورەتەدا شـەونوێژی فـەرزکرد هـەتا ساڵێك پێغەمبەرو (ﷺ) هاوەڵانی کردیان، خـوای گـەورە کۆتـایی ئـەم سـوورەتەی دوانزە مانگ لەئاسمانا هێشتەوەو نەینارده خـوارەوە، لەدوای ساڵێك لـەکۆتایی

ئــەم ســوورەتەدا ئاســانكاریی نــاردە خــوارەوەو كــردی بەســوونەت. دوای فەرزبوونی.

سەعد دەڵـێ: پرسیم لەعائیشەو وتم: ئەی دایكی ئیمانداران ئاگادارم بكە لەوەتری پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش وتـی: سیواكو ئاوی دەستنوێژمان بۆ ئامادە دەكـرد ئەوەنـدەی خواویـستی لەسـەر بوایـە لەشـەوودا بێـداری دەكـردەوەو سـیواكی دەكـردو، دەستنوێژی دەشـتو نۆ ركاتی دەكرد، لـەركاتی هەشـتەما نـەبێ لەهیـچیاندا دانەدەنیـشت، كەدادەنیـشت یـادو سوپاسـی خوای‌دەكردو دۆعـای دەكـرد، سـەلامی نەدەدایـەوە هەڵدەسـتایەوە ركـاتی نۆیـەكی دەكـرد، لەپاشـا دادەنیـشتو یـادو سوپاسـی خـواو دۆعـای دەكـردو ئینجـا سـەلامی دەدایەوە دەیدا بەگوێماندا.

ئینجا دووركاتی بەدانیشتنەوەدەكرد ئەوە یانزە ركات ئەی كوری شیرینم كاتێ پیربوو، گۆشتی گـرت حـەوت ركـات وەتـری دەكـرد، هەرچۆن دووركـاتی بەدانیـشتنەوە لـەدوای نۆركاتەكـە دەكـرد، لـەدوای حەوتەكـەش دووركاتەكـەی بەدانیـشتنەوە دەكـرد ئـەوەنۆركات ئـەی كوری‌شیرینم ، پێغەمبـەر(ﷺ) هـەر نوێژێكی بكردایە حەزی دەكرد كەبەردەوام بێت لەسەری. هـەركاتییێكیش خـەو یـا ئـازار زۆری بـۆ بهێنایـەو نەیتوانیایـە شـەو هەسـتێ بـەرۆژدا دوانـزە ركـاتی دەكـرد. هــەرگیز ئاگــادارنیم كەپێغەمبــەر(ﷺ) لەشــەوێكدا هــەموو قورئــانی خوێنــدبێت، هــیچ شــەوێك هەتابــەیانی نوێــژی نــەكردووە جگــە لەلــەمانگی رەمەزانیش هیچ مانگێك بەتەواوی بەرۆژو نەبووە.

سەعد دەڵـێ: چووم بۆلای (ابـن عبـاس) (ﷺ) وەلآمەكـەی (عائیـشە)م (رضـی الله عنهـا) بـۆ بـردەوە ئـەویش وتـی: راسـتی وتـووە، ئەگـەر مـن بـچومایە بۆلای‌و سەردانم بكردایە، ئەچووم بۆئەوەی لەدەمی خۆی ئەمەم ببیستایە سەعد وتـی: ئەگـەر بمزانیایـە كـەتۆ لێـی دڵگرانی‌و سـەردانی ناكـەیت ، فەرمووەدەكـەیم بـۆ نەدەگێرایتەوە.

(١٨٥) نوێژی وتر

٣٨٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: مِنْ كُلِّ اللَّيْلِ قَدْ أَوْتَـرَ رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ)،مِـن أول الليل، وأوسطه، وآخره، فَانْتَهَى وِتْرُهُ إِلَى السَّحَرِ. [بخاري/ الوتر/ ٩٥١]

عائیشه(رضی الله عنها) دەڵێ: لەهەموو کاتەکانی شەودا پێغەمبەر(وەتری کـردووە، لەسـەرتای شـەوداو لەناوەراسـتی شـەوداو، لـەکۆتایی شـەودا، ﴿لەکۆتایی تەمەنیدا ﴾وەترەکەی بردۆتە کاتی پارشێو.

(١٨٦) لەوەترو دوورکاتی بەرەبەیاندا

٣٨٧- عَنْ أَنَسِ بْنِ سِيرِينَ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عُمَرَ، قُلْتُ: أَرَأَيْتَ الرَّكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلَاةِ الْغَدَاةِ أُطِيلُ فِيهِمَا الْقِرَاءَةَ؟ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى وَيُوتِرُ بِرَكْعَةٍ. قَالَ: قُلْتُ: إِنِّي لَسْتُ عَنْ هَذَا أَسْأَلُكَ. قَالَ: إِنَّكَ لَضَخْمٌ، أَلَا تَدَعُنِي أَسْتَقْرِئُ لَكَ الْحَدِيثَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، وَيُوتِرُ بِرَكْعَةٍ، وَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الْغَدَاةِ كَأَنَّ الْأَذَانَ بِأُذُنَيْهِ. [بخاري/ الوتر/ ٩٤٦]

(انس) کوری(سیرین) (ﷺ) دەڵێ: لە(ابن عمر) پرسی وتم: ئایا ئاگاداری لەدوورکاتی پێش نوێژی بەیانی ئایا خویندنی بەدرێژی تیا دەخوێنند؟ وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لەشەودا دوورکات نوێژی دەکردو وەتریشی بەیەك رکات ، وتم من ئەوەت لێ ناپرسم، وتی: تۆ زلی [واتە گێلی] ئایا ناهێڵی هەموو فەرمودەکەت بۆ بخوێنمەوە : پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەشەودا جوت جوت نوێژی دەکرد، بەیەك رکاتیش دوایی دەهێنا، دوورکاتیشی دەکرد پێش نوێژی بەیانی وەکو بانگەکە [مەبەستی قامەتە] لەگوێیدا بزرنگێتەوە [واتە: دوورکاتی کورتی دەکرد].

(١٨٧) ئەوەی دەترسێ لەکۆتایی شەودا بەئاگانەیەتەوە با لەسەرەتاوە وەتر بکات

٣٨٨- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ خَافَ أَنْ لَا يَقُومَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ فَلْيُوتِرْ أَوَّلَهُ، وَمَنْ طَمِعَ أَنْ يَقُومَ آخِرَهُ فَلْيُوتِرْ آخِرَ اللَّيْلِ، فَإِنَّ صَلَاةَ آخِرِ اللَّيْلِ مَشْهُودَةٌ، وَذَلِكَ أَفْضَلُ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئەوەی دەترسێ لـەکۆتایی شـەودا بەئاگانەیەتـەوە بالەسـەرەتای شـەوەوە وەترەکـەی بکـات، ئەوکەسـەیش کـە بەتەمایـە لـەکۆتایی شـەودا هەسـتێ بـا لـەکۆتایی شـەودا وەترەکەی بکات، چونکە نوێژی کۆتایی شەو فریشتەکان شایەتی بۆ دەدەن ، ئەمەشیان باشترە).

(١٨٨) وەتر بكەن پێش ئەوەی رۆژ بێتەوە

٣٨٩ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخدري (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((أَوْتِرُوا قَبْلَ أَنْ تُصْبِحُوا)).

(ابو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (وەتربكەن پێش ئەوەی رۆژبێتەوە).

(١٨٩) خێری قورئان خوێندن لەنوێژدا

٣٩٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِه أَنْ يَجِدَ فِيه ثَلَاثَ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ)). قُلْنَا: نَعَمْ. قَالَ: ((فَثَلَاثُ آيَاتٍ يَقْرَأُ بِهِنَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلَاتِه خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلَاثِ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ئایا یەکێکتان پێی خۆشە کاتێ گەڕایەوە بۆ ماڵەوەیان، لەوێ سێ وشتری ئاوسی گەورەی قەڵەو لەماڵیان بێت) وتمان: بەڵێ فەرمووی: دە هەرکەسێکتان لەنوێژەکەیدا سێ ئایەت بخوێنێ باشترە بۆی لەسێ وشتری ئاوسی گەورەی قەڵەو).

(١٩٠) سوورەتەکانی (المفصل)[1]

٣٩١ـ عَنْ أَبِي وَائِلٍ (ﷺ) قَالَ: غَدَوْنَا عَلَى عَبْدِ اللَّه ابْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) يَوْمًا بَعْدَ مَا صَلَّيْنَا الْغَدَاةَ، فَسَلَّمْنَا بِالْبَابِ فَأَذِنَ لَنَا، قَالَ: فَمَكَثْنَا بِالْبَابِ هُنَيَّةً. قَالَ: فَخَرَجَتِ الْجَارِيَةُ فَقَالَتْ: أَلَا تَدْخُلُونَ؟ فَدَخَلْنَا فَإِذَا هُوَ جَالِسٌ يُسَبِّحُ، فَقَالَ: مَا مَنَعَكُمْ أَنْ تَدْخُلُوا وَقَدْ أُذِنَ لَكُمْ؟ فَقُلْنَا: لَا، إِلَّا أَنَّا ظَنَنَّا أَنَّ بَعْضَ أَهْلِ الْبَيْتِ نَائِمٌ. قَالَ: ظَنَنْتُمْ بِآلِ ابْنِ أُمِّ عَبْدٍ غَفْلَةً؟ قَالَ: ثُمَّ أَقْبَلَ يُسَبِّحُ حَتَّى ظَنَّ أَنَّ الشَّمْسَ قَدْ طَلَعَتْ، فَقَالَ: يَا جَارِيَةُ انْظُرِي هَلْ طَلَعَتْ؟ قَالَ: فَنَظَرَتْ فَإِذَا هِيَ لَمْ تَطْلُعْ؟ فَأَقْبَلَ يُسَبِّحُ، حَتَّى ﴿إِذَا﴾ ظَنَّ أَنَّ الشَّمْسَ قَدْ طَلَعَتْ، قَالَ: يَا جَارِيَةُ انْظُرِي هَلْ طَلَعَتْ؟ فَنَظَرَتْ فَإِذَا هِيَ قَدْ طَلَعَتْ. فَقَالَ: الْحَمْدُ لِلَّه الَّذِي أَقَالَنَا يَوْمَنَا هَذَا. فَقَالَ مَهْدِيٌّ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ: وَلَمْ يُهْلِكْنَا بِذُنُوبِنَا. قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: قَرَأْتُ الْمُفَصَّلَ الْبَارِحَةَ كُلَّهُ. قَالَ: فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: هَذًّا كَهَذِّ الشِّعْرِ، إِنَّا لَقَدْ سَمِعْنَا الْقَرَائِنَ، وَإِنِّي

[1] المفصل: بەشی کۆتایی قورئانە کە سوورەتەکانی کورتن‌و ئایەتەکانیش کورتن لەسوورەتی الحجراتەوە دەست پێدەکەن هەندێك رای جیاوازیش هەیە.

لأَحْفَظُ الْقَرَائِنَ الَّتِي كَانَ يَقْرَؤُهُنَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ثَمَانِيَةَ عَشَرَ مِنَ الْمُفَصَّلِ، وَسُورَتَيْنِ مِنْ آلِ ﴿حم﴾. [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٥٦]

(ابووائل) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێکیان لەبەرەبەیاندا دوای نوێژی بەیانی چووین بۆ لای (عبداللە) کوری(مسعود) (ﷺ) لەدەرگادرا سەلامەمان کرد، ئەویش فەرمووی لێکردین، دەڵێ: کەمێك لەدەرگاکەدا وەستاین کە هاتە دەرەوەو وتی: ئایا نایەنە ژوورەوە؟ چووینە ژوورەوە دەبینین دانیشتووە تەزبیحات دەکات، وتی: چی ڕێی لێگرتن نەیەنە ژوورەوە خۆ فەرمووتان لێکرا؟ وتمان: ئێمە گومانمان وابوو کەخێزانی ماڵ نوستوون ، وتی: ئایاگومان وادەبەن بەکەسوکاری (ابن ام عبداللە) کەبێئاگابن؟ ئینجا دەستی کردەوەو بەتەزبیحات هەتا وای گومان برد کەخۆر کەوتووە، وتی: ئەی کەنیزەك تەماشا بکە بزانە خۆر کەوتووە کەئەویش تەماشای کرد هێشتا خۆرنەکەوتبوو، وتی: ئەی کەنیزەك : تەماشا بکە بزانە خۆر کەوتووە؟ تەماشای کرد خۆرنەکەوتبوو ئەویش فەرمووی: سوپاس بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان کە ئەمرۆیش بەگوناهەکانمان نەیگرتین، پیاوێك لەخەڵکەکە وتی: ئەمشەوی ڕابوردوو هەمو سوورەتەکانی (المفصل)م گشت خوێندەوە، (عبداللە) وتی: دیارە بەپەلە وەك شیعر خوێندووتە، ئاگاداربە کەمن (قرائن)ەکانم بیستووە لەپێغەمبەری خوا(ﷺ)و لەبەریشمن ئەوانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیخوێندەوە کە هەژدە سوورتن لە • المفصل)و دوو سوورەتیش لەگروپی حامیمەکان.

(١٩١) ئەوەی لەبارەی نوێژی ڕەمەزاندا هاتووە

٣٩٢ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَرَجَ مِنْ جَوْفِ اللَّيْلِ، فَصَلَّى فِي الْمَسْجِدِ، فَصَلَّى رِجَالٌ بِصَلَاتِهِ، فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَتَحَدَّثُونَ بِذَلِكَ، فَاجْتَمَعَ أَكْثَرُ مِنْهُمْ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي اللَّيْلَةِ الثَّانِيَةِ فَصَلَّوْا بِصَلَاتِهِ، فَأَصْبَحَ النَّاسُ يَذْكُرُونَ ذَلِكَ، فَكَثُرَ أَهْلُ الْمَسْجِدِ مِنَ اللَّيْلَةِ الثَّالِثَةِ، فَخَرَجَ فَصَلَّوْا بِصَلَاتِهِ، فَلَمَّا كَانَتِ اللَّيْلَةُ الرَّابِعَةُ عَجَزَ الْمَسْجِدُ عَنْ أَهْلِهِ، فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَطَفِقَ رِجَالٌ مِنْهُمْ يَقُولُونَ: الصَّلَاةَ، فَلَمْ يَخْرُجْ إِلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى خَرَجَ لِصَلَاةِ الْفَجْرِ، فَلَمَّا قَضَى الْفَجْرَ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ ثُمَّ تَشَهَّدَ، فَقَالَ: ((أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّهُ لَمْ يَخْفَ عَلَيَّ شَأْنُكُمُ اللَّيْلَةَ، وَلَكِنِّي خَشِيتُ أَنْ تُفْرَضَ عَلَيْكُمْ صَلَاةُ اللَّيْلِ فَتَعْجِزُوا عَنْهَا)). وفي رواية: ذلك في رمضان. [بخاري/ الجمعة/ ٨٨٢]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) شەوێکیان چووە مزگەوت نوێژی کرد، چەند پیاوێك نوێژیان لەگەڵدا کرد ، *خەڵکی بۆ سبەینێ باسی ئەو* نوێژەیان کرد ، خەڵك زۆرتر کۆبوویەوەو لەدوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) نوێژیان کرد ، بۆ سبەینێ باس لەونوێژەکرا، لەشەوی سێیەمدا ئامادبووانی مزگەوت زۆرتربوون ، کاتێ هاتە دەرەوە بۆ مزگەوت نوێژیان لەگەڵداکرد، کاتێ شەوی چوارەم هات مزگەوتەکە کەسی تری نەدەگرت، پێغەمبەر(ﷺ) ئەو شەوە نەچوو بۆ مزگەوت کەنوێژیان بۆ بکات، بۆیە کەسانێك دەستیان کرد بەقسەکردن و دەیانوت: نوێژ، بەڵام پێغەمبەر ئەو شەوە نەچوو بۆ مزگەوت کەنوێژیان بۆ بکات، هەتا کاتی نوێژی بەیانی هات، کاتێ نوێژی بەیانی کۆتایی هات رووی کردە خەڵکەکە، ئینجا شایەتومانێکی هێناو فەرمووی: ((کاروباری ئەمشەوی ئێوە بەمن شاراوە نەبوو لەوەترسام کەنوێژی شەو فەرز بکرێت لەسەرتان ئێوەش نەتوانن بیکەن)) لەریوایەتێکیشا : ئەوە لەرەمەزاندابوو.

(١٩٢) هاندان بۆ شەونوێژی رەمەزان

٢٩٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُرَغِّبُ فِي قِيَامِ رَمَضَانَ مِنْ غَيْرِ أَنْ يَأْمُرَهُمْ فِيهِ بِعَزِيمَةٍ، فَيَقُولُ: ((مَنْ قَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)). فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَالْأَمْرُ عَلَى ذَلِكَ، ثُمَّ كَانَ الْأَمْرُ عَلَى ذَلِكَ فِي خِلَافَةِ أَبِي بَكْرٍ، وَصَدْرًا مِنْ خِلَافَةِ عُمَرَ (ﷺ) عَلَى ذَلِكَ. [بخاري/ الإيمان/ ٣٧]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) هانی دەدا بۆشەونوێژی رەمەزان بەبێئەوەی فەرمانیان پێبکات، دەیفەرموو: ((هەرکەس لەرەمەزاندا بەبروای تەواوو بەهیوای پاداشتەوە شەونوێژ بکات، خوا لەگوناهە پێشوەکانی خۆش دەبێت)) هەتا پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کردو کار بەم شێوەیە بوو ، لەسەردەمی ابوبکرو سەرەتای خەلافەتی عمریشدا (ﷺ) هەر بەو شێوەیە بوو [مەبەست لەنوێژی تەراویحە].

(٦) بەشەكانی جومعە

(١) ڕێنمایی ئەم ئوممەتە بۆ دۆزینەوەی ڕۆژی جومعە

٣٩٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((نَحْنُ الْآخِرُونَ الْأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَنَحْنُ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا، وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ، فَاخْتَلَفُوا، فَهَدَانَا اللَّهُ لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ، فَهَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي اخْتَلَفُوا فِيهِ هَدَانَا اللَّهُ لَهُ -قَالَ: يَوْمُ الْجُمُعَةِ- فَالْيَوْمَ لَنَا، وَغَدًا لِلْيَهُودِ، وَبَعْدَ غَدٍ لِلنَّصَارَى)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٣٦]

(ابوهريره)(دەڵـێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (ئێمە دوایـن ئوممەتین [لەدنیادا] لەقیامەتا یەكەمین، ئێمە یەكەمین لەچوونە بەهەشتا، ئەگەرچی ئەوان لەپێش ئێمەوە كتێبیان بۆ هاتووە ، ئێمە لەدوای ئەوان بۆمان هاتووە ئەوان جیاوازیان تێكەوت ، خوا ڕێنمای ئێمەی كرد لەو جیاوازیەی ئەوانی تێكەوت، ئەمە ئەو ڕۆژەیە كە ئەوان جیاوازیان هەبوو لەسەری خوارێنمایی ئێمەی كرد بۆی ئەمرۆ بۆ ئێمەیە، سبەینێ بۆ جوولەكە، دووسبەی بۆ مەسیحی).

(٢) گەورەیی جومعە

٣٩٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا، وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ)).

(ابوهريره)(ﷺ) دەڵـێ: پیغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((چاكترین ڕۆژێ كەخۆری تێدا هەڵهاتبێت ڕۆژی جومعەیە لەوڕۆژەدا ئادەم دروست كراوە، لەوڕۆژەدا خراوەتە بەهەشتەوە ، لەوڕۆژەشدا لەبەهەشت دەركرا، ڕۆژی قیامەتیش نایەت لەڕۆژی جومعەدا نەبێ)).

(٣) ساتێك لەڕۆژی جمعەدایە

٣٩٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ أَبُو الْقَاسِمِ (ﷺ) ((إِنَّ فِي الْجُمُعَةِ لَسَاعَةً، لَا يُوَافِقُهَا مُسْلِمٌ قَائِمٌ يُصَلِّي، يَسْأَلُ اللَّهَ خَيْرًا إِلَّا أَعْطَاهُ إِيَّاهُ)). وَقَالَ بِيَدِهِ يُقَلِّلُهَا: يُزَهِّدُهَا. [بخاري/ الجمعة/ ٨٩٣]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵی: (ابو اقاسم)(ﷺ) فەرموویەتی: ((بەراستی لەرۆژی جومعەدا کاتێك هەیە، ئەگەر موسڵمان رێکەوتی بکات لەنوێژابێتو، لەخوابپارێتەوە بۆشتی خێر، دەیداتی)) [راوی دەڵێ: بەدەست ئامارەی بۆ ئەوە دەکرد کەکاتەکە کوورتە].

٣٩٧- عَنْ أَبِي بُرْدَةَ بْنِ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ قَالَ: قَالَ لِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ (ﷺ): أَسَمِعْتَ أَبَاكَ يُحَدِّثُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي شَأْنِ سَاعَةِ الْجُمُعَةِ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ، سَمِعْتُهُ يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((هِيَ مَا بَيْنَ أَنْ يَجْلِسَ الْإِمَامُ إِلَى أَنْ تُقْضَى الصَّلَاةُ)).

(ابو برده) کوری(ابو موسی الاشعری) دەڵێ: (عبدالله) کوری(عمر) (ﷺ) پێی وتم: ئایا بیستوتە لەباوکت باسی ئەوکاتەی رۆژی جومعە بکات؟ دەڵێ: وتم ، بەڵێ ، بیستوومە لێی دەیووت: لەپێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرمو: ئەوکاتەیە کەئیمام دادەنیشێ ﴿لەسەر دوانگە﴾هەتا نوێژ تەواو دەبێت).

(٤) ئەوەی لەنوێژی بەیانی جومعەدا دەخوێنرێت

٣٩٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْفَجْرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ: ﴿الم تَنْزِيلُ..﴾ السَّجْدَةَ، وَ﴿هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنْسَانِ حِينٌ مِنَ الدَّهْرِ﴾. وَأَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْجُمُعَةِ سُورَةَ الْجُمُعَةِ وَالْمُنَافِقِينَ.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) لەنوێژی بەیانیی رۆژی جومعەدا ئەمانەی دەخوێند : ﴿الم تنزيل ...﴾ السجدة و ﴿هل اتى على الانسان حين من الدهر﴾ هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) لەنوێژی جمعەدا سوورەتی(الجمعە)و (المنافقين)ی دەخوێند.

(٥) خۆشۆردن لەجومعەدا

٣٩٩- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) يَخْطُبُ النَّاسَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، إِذْ دَخَلَ عُثْمَانُ ابْنُ عَفَّانَ فَعَرَّضَ بِهِ عُمَرُ (ﷺ) فَقَالَ: مَا بَالُ رِجَالٍ يَتَأَخَّرُونَ بَعْدَ النِّدَاءِ؟ فَقَالَ عُثْمَانُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، مَا زِدْتُ حِينَ سَمِعْتُ النِّدَاءَ أَنْ تَوَضَّأْتُ ثُمَّ أَقْبَلْتُ. فَقَالَ عُمَرُ: وَالْوُضُوءَ أَيْضًا؟ أَلَمْ تَسْمَعُوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْجُمُعَةِ فَلْيَغْتَسِلْ)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٣٨]

(ابـوهريره) (ﷺ) دەڵـێ: لـەكاتێكا (عمـر) كـوڕى(خطـاب) وتـارى ڕۆژى جومعەى دەدا، (عثمان) كوڕى(عفان) هاتە ژوورەوەو (عمر) ئامۆژگاريەكى بۆ كرد(ﷺ) وتـى: هـۆى چـىيە پياوانێـك دوادەكـەون دواى بـانگ؟ عثمـان وتـى: ئـەى ئەميرى ئيمانداران ، هيچم نەكرد هەر كە گوێم لەبانگ بوو دەستنوێژم شت و هـاتم، عمـر وتـى: دەسـتنوێژيش؟ ئايـا نەتانبيـستووە كەپێغەمبـەرى خـوا(ﷺ) فەرموويەتى: ((ئەگەر كەسێكتان هات بۆ نوێژى جومعە باخۆى بشووات)).

(٦) بۆنى خۆش و سيواك لەجومعەدا

٤٠٠ـ عـن أَبِـي سَـعِيدٍ الْخُـدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُـولَ اللَّـهِ (ﷺ) قَـالَ: ((غُـسْلُ يَـوْمِ الْجُمُعَـةِ عَلَـى كُـلِّ مُحْـتَلِمٍ، وَسِـوَاكٌ، وَيَمَـسُّ مِـنَ الطِّيـبِ مَـا قَـدَرَ عَلَيْـهِ)). [بخـاري/ الجمعة/ ٨٤٠]

(ابو سعيد الخدرى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا(ﷺ) فەرموويەتى: (خۆشتنى ڕۆژى جومعە لەسەر هەركەسێكى باڵغە لەگەڵ سيواك كردن و چەنديش بتوانێت بۆنى خۆش لەخۆى بدات).

(٧) خێرى زووهاتن بۆ مزگەوت لەڕۆژى جومعەدا

٤٠١ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((إِذَا كَـانَ يَـوْمُ الْجُمُعَـةِ كَانَ عَلَى كُلِّ بَابٍ مِنْ أَبْوَابِ الْمَسْجِدِ مَلَائِكَةٌ يَكْتُبُونَ الْأَوَّلَ فَالْأَوَّلَ، فَإِذَا جَلَسَ الْإِمَامُ طَوَوْا الصُّحُفَ، وَجَاءُوا يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ. وَمَثَلُ الْمُهَجِّرِ كَمَثَلِ الَّذِي يُهْدِي الْبَدَنَـةَ، ثُـمَّ كَالَّـذِي يُهْـدِي بَقَـرَةً، ثُـمَّ كَالَّـذِي يُهْـدِي الْكَـبْشَ، ثُـمَّ كَالَّـذِي يُهْـدِي الدَّجَاجَةَ، ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الْبَيْضَةَ)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٨٧]

(ابـوهريره)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەرى خـوا(ﷺ) فەرموويـەتى: ((ئەگـەر ڕۆژى جومعـە بـوو، لەسـەر هەردەرگايـە لـەدەرگاكانى مزگـەوت فريـشتە ڕادەوەسـتن و ئەوكەسانە دەنووسن كەيەك لەدواى يـەك لـەپێش خەڵكيـەوە دێـن بۆ مزگـەوت ، كاتى ئيمام دێت و دادەنيشێت تۆمارەكانيان دەپێچنەوە، دێن گوێ لـەزيكرەكان دەگـرن، نموونـەى ئەوكەسـەى زوو دێـن بـۆ مزگـەوت وەكـو كەسـێك وايـە كـە وشترێكى كردبێ بەخێر پاش ئەو وەكو كەسێك وايە مانگايەكى كردبێ بەخێر، پـاش ئـەويش وەكـو كەسێك وايـە مـەڕێكى كردبـێ بـەخێر، پـاش ئـەويش وەكـو كەسێك كەمريشكێكى كردبـێ بـەخێر، پـاش ئـەويش وەكـو كەسـێك هێلكەيـەكى كردبێ بەخێر)).

(٨) نوێژی جومعە لەکاتی نیوەڕۆدایە

٤٠٢ـ عن سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نُجَمِّعُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ، ثُمَّ نَرْجِعُ نَتَتَبَّعُ الْفَيْءَ. [المغازي/ ٣٩٣٥]

(سلمەی کوڕی ئەکوەع) دەڵێ: کاتێ خۆر لایدەدا ﴿لەناوەڕاستی ئاسمان﴾لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) نوێژی هەینیمان دەکرد، پاشان بەبن سێبەرەکاندا دەگەڕاینەوە.

(٩) دانانی دوانگە(مینبەر) بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) و نوێژکردن لەسەری

٤٠٣ـ عن أَبِي حَازِمٍ: أَنَّ نَفَرًا جَاءُوا إِلَى سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) قَدْ تَمَارَوْا فِي الْمِنْبَرِ مِنْ أَيِّ عُودٍ هُوَ؟ فَقَالَ: أَمَا وَاللَّهِ، إِنِّي لَأَعْرِفُ مِنْ أَيِّ عُودٍ هُوَ؟ وَمَنْ عَمِلَهُ؟ وَرَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَوَّلَ يَوْمٍ جَلَسَ عَلَيْهِ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ، يَا أَبَا عَبَّاسٍ فَحَدِّثْنَا، قَالَ: أَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى امْرَأَةٍ –قَالَ أَبُو حَازِمٍ: إِنَّهُ لَيُسَمِّهَا يَوْمَئِذٍ–: ((انْظُرِي غُلَامَكِ النَّجَّارَ يَعْمَلْ لِي أَعْوَادًا أُكَلِّمُ النَّاسَ عَلَيْهَا)). فَعَمِلَ هَذِهِ الثَّلَاثَ دَرَجَاتٍ، ثُمَّ أَمَرَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَوُضِعَتْ هَذَا الْمَوْضِعَ، فَهِيَ مِنْ طَرْفَاءِ الْغَابَةِ، وَلَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَامَ عَلَيْهِ فَكَبَّرَ وَكَبَّرَ النَّاسُ وَرَاءَهُ، وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ، ثُمَّ رَفَعَ فَنَزَلَ الْقَهْقَرَى حَتَّى سَجَدَ فِي أَصْلِ الْمِنْبَرِ، ثُمَّ عَادَ حَتَّى فَرَغَ مِنْ آخِرِ صَلَاتِهِ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ، ﴿إِنِّي﴾ إنما صَنَعْتُ هَذَا لِتَأْتَمُّوا بِي، وَلِتَعَلَّمُوا صَلَاتِي)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٧٥]

(ابو حازم) دەڵێ: چەند کەسێك هاتن بۆ لای (سهل) کوری(سعد) (وتوێژیان بوو لەسەر دوانگە کەئاخۆ لە چ دارێکە ؟ وتی: بەخوا من دەزانم لەچ دارێك دروستکراوە، کێش دروستی کردووە؟

یەکەم جاریش کەپێغەمبەر(ﷺ) لەسەری دانیشت چاوم لێی بووە دەڵێ پێم وت: ئەی (ابن عباس) قسەمان بۆ بکە، ئەویش وتی: پێغەمبەر(ﷺ) ناردی بۆلای ئافرەتێك (ابو حازم) دەڵێ: لەوڕۆژەدا ناوی بردووە: پێی فەرمووە: ((بەغولامە دارتاشەکەت بڵێ چەند دارێکم بۆ بتەنێ کەبچمەسەری‌و قسە بۆ خەڵکی بکەم)) ئەویش ئەم سێ پلەیەی بۆ دروست کردووە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانیکرد لەم جێگایەدا دانرا، ئەودارەش دارگەزەکانی دارستانەکەی [نزیك مەدینەبوو]چاویشم لێبوو کەپێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەرەکە بەپشتا دابەزی‌و لەبنی مینبەرەکەدا سوجدەی برد، ئینجا گەڕایەوە

سەر مینبەرەكە هەتا لەهەموو نوێژەكەی بوویەوە ، ئینجا رووی‌كردە خەڵكەكەو فەرمووی: ئەی خەڵكینە [من]بۆیە ئەمەم دروستكردووە كەلەنوێژەكاندا شوێنم بكەون‌و چاوتان لێم بێ لەنوێژە كەمدا چی‌دەكەم[1].

(١٠) سەرەتای وتار

٤٠٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ ضِمَادًا قَدِمَ مَكَّةَ: وَكَانَ مِنْ أَزْدِ شَنُوءَةَ، وَكَانَ يَرْقِي مِنْ هَذِهِ الرِّيحِ، فَسَمِعَ سُفَهَاءَ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ يَقُولُونَ: إِنَّ مُحَمَّدًا مَجْنُونٌ، فَقَالَ: لَوْ أَنِّي رَأَيْتُ هَذَا الرَّجُلَ، لَعَلَّ اللَّهَ يَشْفِيهِ عَلَى يَدَيَّ. قَالَ: فَلَقِيَهُ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ إِنِّي أَرْقِي مِنْ هَذِهِ الرِّيحِ، وَإِنَّ اللَّهَ يَشْفِي عَلَى يَدِي مَنْ شَاءَ، فَهَلْ لَكَ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ الْحَمْدَ لِلَّهِ، نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، مَنْ يَهْدِهِ اللَّهُ فَلَا مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَا هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، أَمَّا بَعْدُ)). قَالَ: فَقَالَ أَعِدْ عَلَيَّ كَلِمَاتِكَ هَؤُلَاءِ. فَأَعَادَهُنَّ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، قَالَ: فَقَالَ: لَقَدْ سَمِعْتُ قَوْلَ الْكَهَنَةِ، وَقَوْلَ السَّحَرَةِ، وَقَوْلَ الشُّعَرَاءِ، فَمَا سَمِعْتُ مِثْلَ كَلِمَاتِكَ هَؤُلَاءِ، وَلَقَدْ بَلَغْنَ نَاعُوسَ الْبَحْرِ. قَالَ: فَقَالَ: هَاتِ يَدَكَ أُبَايِعْكَ عَلَى الْإِسْلَامِ، قَالَ: فَبَايَعَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَعَلَى قَوْمِكَ)). قَالَ: وَعَلَى قَوْمِي، قَالَ: فَبَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَرِيَّةً فَمَرُّوا بِقَوْمِهِ، فَقَالَ صَاحِبُ السَّرِيَّةِ لِلْجَيْشِ: هَلْ أَصَبْتُمْ مِنْ هَؤُلَاءِ شَيْئًا؟ فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: أَصَبْتُ مِنْهُمْ مِطْهَرَةً، فَقَالَ: رُدُّوهَا فَإِنَّ هَؤُلَاءِ قَوْمُ ضِمَادٍ.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ (ضماد) كە لەخێڵی (ازد شنوءة) بوو هات بۆ مەككە، نوشتەی شێتی‌و دەست لێوەشاندنی جنۆكەی دەكرد، ، بیستی لەگەمژەكانی خەڵكی مەككە كە محمد شێتە، ئەویش وتی: ئەگەر ئەوپیاوەم بدیایە ، بەڵكو خوا لەسەردەستی مندا چاكی بكاتەوە، وتی: گەیشت بەپێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی محمد من نوشتە بۆ ئەو بایە[مەبەستی شێتی بووە] دەكەم، خوای گەورەش هەركەسێك بیەوێ لەسەردەستی مندا چاكی دەكاتەوە، ئەی بۆ تۆیشی نەكەم؟ پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((سوپاس بۆ خوا،

[1] (عەسقەلانی لەراڤەی بوخاریدا لەسەر ئەم فەرموودەیە دەڵێ: بۆیە بەپشتا هاتۆتە خوارەوە تارووی لەقیبلە وەرنەچەرخێت، چونكە لەسەرەوە جێگای سوجدەی نەبووە ، لەبەر ئەوەش لەسەر مینبەرەكە نوێژی كردووە هەتا نوێژگەران چاویان لەهەڵسوكەوتی بێت فێربین)

سوپاسی دەکەین پشتی پێدەبەستین، هەرکەس خوا ڕێنمایی بکات کەس ڕێی لێون ناکات، هەرکەسیش خوارێی لێون بکات، ڕێ نیشاندەری نییە، شایەتی دەدەم کەجگە لە(الله) هیچ خوایەك نییە، و موحەمەدیش بەندەو ڕەوانەکراوی ئەوە، دوای ئەمە ضماد وتی: ئەو وشانەم بۆ بلێرەوە، پێغمبەر(ﷺ) سێجار بۆی وتەوە، وتی: من قسەی کاهنەکانم بیستووە، قسەی جادوو گەرانیش ، قسەی شاعیرانیش ، بەلاَم قسەی وەك ئەمانەی تۆم نەبیستووە، ئەمانە گەیشتوونە قولاَیی دەریا، ئینجا وتی: دەستت بێنە با موسلَمان ببم وتی: بەیعەتی پێکردو پێغەمبەریش بەیعەتی لێوەرگرت و فەرمووی: ئەمە بۆ قەومەکەیشت وتی(بەلَیْ) بۆ قەومەکەیشم، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) دەستەیەکی ناردوو چوون بۆلای قەومەکەی ، سەردەستەکە بە سوپاکەی وت: ئایاهیچتان لەم خەلَکە سەندووە؟ پیاوێك لەقەومەکەی وتی: یەك مەتارەم دەستکەوتووە لێیان ، ئەویش وتی بێگێڕەوە بۆیان ئەمانە قەومی(ضماد)ن.

(١١) دەنگ بەرزکردنەوە لەوتاردا

٤٠٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا خَطَبَ احْمَرَّتْ عَيْنَاهُ وَعَلَا صَوْتُهُ، وَاشْتَدَّ غَضَبُهُ، حَتَّى كَأَنَّهُ مُنْذِرُ جَيْشٍ، يَقُولُ: صَبَّحَكُمْ وَمَسَّاكُمْ، وَيَقُولُ: ((بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةَ كَهَاتَيْنِ)). وَيَقْرُنُ بَيْنَ إِصْبَعَيْهِ: السَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى، وَيَقُولُ: ((أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ، وَخَيْرُ الْهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ (ﷺ)، وَشَرُّ الْأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ)). ثُمَّ يَقُولُ: ((أَنَا أَوْلَى بِكُلِّ مُؤْمِنٍ مِنْ نَفْسِهِ، مَنْ تَرَكَ مَالًا فَلِأَهْلِهِ، وَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيَاعًا فَإِلَيَّ وَعَلَيَّ)).

(جابر) کوڕی(عبدالله) (ﷺ) دەلَیْ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ وتاری دەخوێندەوە هەردوو چاوی سووردەبوویەوە دەنگی بەرز دەبوویەوە، تووڕە دەبوو، هەر دەتگوت ئاگادارکەرەوەیە لەهاتنی لەشکرێك دەیفەرموو: ((ئەو سوپایە لەوانەیە بەیانی یا ئێوارە بدات بەسەرتاندا)). هەروەها دەیفەرموو: ((من و ڕۆژی قیامەت وەکو ئەم دوانە نێراوین) دوو پەنجەی شایەتومان و ناوەراستی پێکەوە جووت دەکرد ، [واتە پەنجەی شایەتومان چەندی زیاترە لەپەنجەی ناوەراست، هاتنی من و ڕۆژی قیامەت ئەوەندەیان بەینە] ئینجا فەرمووی: ((پاشان ، باشترین وتە کتێبی خوایە، باشترین ڕێنماییش ڕێنمایی

محمـدە(ﷺ) خـراپترین کـاریش داهێنراوەکانیانــە، هــەموو داهێنــراوێکیش گومراییـە)) ئینجـا فـەرموی: ((مـن بـۆ هـەموو ئیمانـدارێك لـەخۆی [بـۆ خـۆی] لەپێشترم، هەرکەس سامانی بەجێهێشت بۆ خێزانەکەی هەرکەسیش قەرزاریی یا مندالّی وردی بەجێهێشت بۆ منو لەسەرمنە)).

(١٢) کوورتی وتار

٤٠٦ـ عن أَبُو وَائِلٍ (ﷺ) قالَ: خَطَبَنَا عَمَّارٌ (ﷺ) فَأَوْجَزَ وَأَبْلَغَ، فَلَمَّا نَزَلَ قُلْنَا: يَا أَبَا الْيَقْظَانِ، لَقَدْ أَبْلَغْتَ وَأَوْجَزْتَ، فَلَوْ كُنْتَ تَنَفَّسْتَ. فَقَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ طُولَ صَلَاةِ الرَّجُلِ وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ، فَأَطِيلُوا الصَّلَاةَ وَاقْصُرُوا الْخُطْبَةَ، وَإِنَّ مِنَ الْبَيَانِ سِحْرًا)).

(ابووائل) (ﷺ) دەلّێ: (عمار)(ﷺ) وتارێکی بۆ خوێندینەوە کورتو رەوان، کاتێ دابەزی وتمان: ئەی (ابو یقظان) وتارێکی کورتو رەوانت بۆداین ئەگەر هەناسەیەکت بدایە [واتە درێژتر بوایە]، ئەویش وتی: من لەپێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە، فەرموویەتی: ((لەراستیدا درێژیی نوێژی پیاوو کورتیی وتاری‌نیشانەی شارەزاییەتی لەئاینیا، نوێژەکانتان درێژ بکەنەوەو وتارەکانتان کورت، قسەی رەوان کاریگەریی جادووی هەیە)).

(١٣) ئەوەی کەلابردنی لەوتاردا دروست نییە

٤٠٧ـ عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا خَطَبَ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: مَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ رَشَدَ، وَمَنْ يَعْصِهِمَا فَقَدْ غَوَى. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بِئْسَ الْخَطِيبُ أَنْتَ، قُلْ: وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)). قَالَ ابْنُ نُمَيْرٍ: فَقَدْ غَوِيَ.

(عدی) کوری(حاتم) (ﷺ) دەلّێ: پیاوێك لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) وتاریکی خوێندەوە وتی: هەرکەس گوێرایەلّی خواو پێغەمبەربێت، ئەوە رێی راستی دۆزیوەتەوە، هەر کەسیش لێیان یاخی بێت ئەوە سەر لێشواوە ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ((وتاربێژێکی خراپی، بلّێ: هەرکەس لەخواو پێغەمبەرەکەی یاخی ببێ)).

(١٤) ئامارژە بە پە نجە لەوتاردا

٤٠٨ـ عَنْ أُمِّ هِشَامٍ بِنْتِ حَارِثَةَ بْنِ النُّعْمَانِ (ﷺ) قَالَتْ: لَقَدْ كَانَ تَنُّورُنَا وَتَنُّورُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَاحِدًا سَنَتَيْنِ أَوْ سَنَةً وَبَعْضَ سَنَةٍ، وَمَا أَخَذْتُ ﴿ق وَالْقُرْآنِ

الْمَجِيدِ﴾ إِلَّا عَنْ لِسَانِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، يَقْرَؤُهَا كُلَّ يَوْمِ جُمُعَةٍ عَلَى الْمِنْبَرِ إِذَا خَطَبَ النَّاسَ.

(ام هشام) کچی (حارثة) کوری(نعمان) (رضي الله عنها)دەڵێ: ماوەی دووساڵ یا ساڵێكو چەند مانگێ تەنووری ئێمەو پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەك تەنور بوو ، من (ق والقران المجيد) م تەنها لەزمانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ﴿نەبێ لەکەسی ترم وەرنەگرتووە﴾ کە هەموو جومعەیەك لەسەر مینبەر وتاری بۆ خەڵکەکە دەدا دەیخوێندەوە.

(١٥) خوێندنی قورئان لەوتاردا لەسەر مینبەر

٤٠٩- عَنْ حُصَيْنٍ، عَنْ عُمَارَةَ بْنِ رُؤَيْبَةَ (ﷺ) قَالَ: رَأَى بِشْرَ بْنَ مَرْوَانَ عَلَى الْمِنْبَرِ رَافِعًا يَدَيْهِ، فَقَالَ: قَبَّحَ اللَّهُ هَاتَيْنِ الْيَدَيْنِ، لَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَا يَزِيدُ عَلَى أَنْ يَقُولَ بِيَدِهِ هَكَذَا وَأَشَارَ بِإِصْبَعِهِ الْمُسَبِّحَةِ.

(حصين) لە(عمار) کوری(رۆیبە) وە بۆمان دەگێرێتەوە دەڵێ: (بشری) کوری (مروان) ی دیووە لەسەر مینبەر هەردوو دەستی بەرزدەکردەوە، ئەویش وتی: خوا ئەو دوو دەستە نابووت کات، چونکە من پێغەمبەرم(ﷺ) دیووە ئاماژەی تەنها بەپەنجەی شایەتومانی دەکرد.

(١٦) لەبارەی ئایەتی

﴿ واذا رأوا تجارة او لهواً انفضوا اليها وتركوك قائماً ﴾

٤١٠- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَخْطُبُ قَائِمًا يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فَجَاءَتْ عِيرٌ مِنَ الشَّامِ، فَانْفَتَلَ النَّاسُ إِلَيْهَا، حَتَّى لَمْ يَبْقَ إِلَّا اثْنَا عَشَرَ رَجُلًا، فَأُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ الَّتِي فِي الْجُمُعَةِ: ﴿وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انْفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا﴾ الآية. [بخاري/ الجمعة/ ٨٩٤]

(جابر) کوری(عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) رۆژی جومعە بەپێوە وتاری دەخوێندەوە، کاروانێك لەشامەوە هات، خەڵکی ناومزگەوتەکە چوون بەدەم کاروانەکەوەو تەنها دوانزە کەسیان مایەوە، بۆیە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە لەجومعەدا ﴿ واذا رأوا تجارة أو لهواً انفضوا اليها وتركوك قائماً ﴾ واتە: هەرکاتێ بازرگانیەك یا یاریەکیان دی بەرەو رووی دەرۆن و بەپێوە تۆ بەجێ دەهێڵن).

(١٧) چی لەنوێژی جومعەدا دەخوێنرێت

٤١١ـ عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْرَأُ فِي الْعِيدَيْنِ وَفِي الْجُمُعَةِ بِـ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى﴾ وَ ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ قَالَ وَإِذَا اجْتَمَعَ الْعِيدُ وَالْجُمُعَةُ فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ يَقْرَأُ بِهِمَا أَيْضًا فِي الصَّلَاتَيْنِ

(نعمان) کوری (بشير)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەهەردوو جەژنەکەو لەجومعەدا ﴿ سبح اسم ربك الاعلى ﴾ و ﴿ هل اتاك حديث الغاشية ﴾ ی دەخوێند ، دەڵێ: ئەگەر جەژن و جومعەش لەیەك رۆژدا بونایە لەهەردوو نوێژەکەدا دەیخوێندن.

(١٨) فێرکردن لەکاتی وتاردا

٤١٢ـ عن أَبِي رِفَاعَةَ (ﷺ) قال: انْتَهَيْتُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ يَخْطُبُ، قَالَ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، رَجُلٌ غَرِيبٌ جَاءَ يَسْأَلُ عَنْ دِينِهِ، لَا يَدْرِي مَا دِينُهُ؟ قَالَ: فَأَقْبَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَتَرَكَ خُطْبَتَهُ حَتَّى انْتَهَى إِلَيَّ، فَأُتِيَ بِكُرْسِيٍّ حَسِبْتُ قَوَائِمَهُ حَدِيدًا، قَالَ: فَقَعَدَ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَجَعَلَ يُعَلِّمُنِي مِمَّا عَلَّمَهُ اللَّهُ، ثُمَّ أَتَى خُطْبَتَهُ فَأَتَمَّ آخِرَهَا.

(ابو رفاعه) دەڵێ: گەیشتینە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دەخوێندەو، دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) غەریبێك هاتووە پرسیار لەئاینەکەی دەکات، نازانێ ئاینەکەی چییە؟ دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) وازی لەوتارەکەی هێناو رووی کردەوە من کورسیەکی هێنا وابزانم قاچەکانی ئاسن بوو ، لەسەری دانیشت و لەوەی خوافێری کردبوو فێری دەکردم ، ئینجا دەستی کردەوە بەوتارەکەی هەتا تەواوی کرد.

(١٩) دانیشتنی نێوان دوو وتاری جومعە

٤١٣ـ عن جَابِرُ بْنُ سَمُرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَخْطُبُ قَائِمًا ثُمَّ يَجْلِسُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيَخْطُبُ قَائِمًا. فَمَنْ نَبَّأَكَ أَنَّهُ كَانَ يَخْطُبُ جَالِسًا فَقَدْ كَذَبَ، فَقَدْ وَاللَّهِ صَلَّيْتُ مَعَهُ أَكْثَرَ مِنْ أَلْفَيْ صَلَاةٍ.

(جابر) کوری(سمره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەپێوە وتاری دەدا، ئینجا دادەنیشت پاشان هەڵدەستایەوە بەپێوە وتاری دووەمی دەدا ، هەرکەس پێت بڵێ کەبەدانیشتنەوە وتاری دەدا درۆی کردووە، سوێندە بەخوا من زیاتر لەدوو هەزار نوێژم لەخزمەتیا کردووە.

(٢٠) کورتکردنەوەی نوێژو وتار

٤١٤ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أُصَلِّي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَكَانَتْ صَلَاتُهُ قَصْدًا وَخُطْبَتُهُ قَصْدًا.

(جابر) کوری(سمره) (ﷺ) دەڵێ: من لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) نوێژم دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) نوێژەکەی و وتارەکەیشی مام ناوەندی بوو ﴿نەکورت و نەدرێژ﴾.

(٢١) هەرکەس لەکاتی وتار خوێندنەوەدا هاتە ژوورەوە بادوو رکات نوێژ بکات

٤١٥ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ سُلَيْكٌ الْغَطَفَانِيُّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَاعِدٌ عَلَى الْمِنْبَرِ، فَقَعَدَ سُلَيْكٌ قَبْلَ أَنْ يُصَلِّيَ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَرَكَعْتَ رَكْعَتَيْنِ)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((قُمْ فَارْكَعْهُمَا)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٨٨]

(جابر) کوری (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: رۆژی جومعە (سليك الغطفاني) هات پێغەمبەری خوا(ﷺ) لەمینبەردا دانیشتبوو، سلیك پێش ئەوەی نوێژ بکات دانیشت ، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو ((ئایا دوورکات نوێژت کرد)) وتی: نەخێر ، فەرمووی: ((دەهەستە بیانکە)).

(٢٢) گوێگرتن بۆ وتار

٤١٦ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ أَنْصِتْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَالْإِمَامُ يَخْطُبُ، فَقَدْ لَغَوْتَ)). [بخاري/ الجمعة/ ٨٩٢]

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بەهاوەڵەکەتت وت گوێ بگرە لەرۆژی جومعەدا ، ئیمام وتاری دەخوێندەوە، ئەوە قرەقرت کردووە)).

(٢٣) خێری ئەوەی بێدەنگ گوێدەگرێت لەجومعەدا

٤١٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنِ اغْتَسَلَ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ، فَصَلَّى مَا قُدِّرَ لَهُ، ثُمَّ أَنْصَتَ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ خُطْبَتِهِ، ثُمَّ يُصَلِّي مَعَهُ، غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الْأُخْرَى، وَفَضْلُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس خۆی شۆردو هات بۆ نوێژی جومعەو ئەوەندەی لەچارەی نوسراوە نوێژی کرد، ئینجا

گویٚ بیست بوو هەتا لەوتارەكەی دەبێتەوە، ئینجا نوێژی لەگەڵ ئیمام كرد خوا لەگوناهی نێوان ئەم جومعەو جومعەكەی تری خۆشدەبێت و سێ ڕۆژی تریش)).

(٢٤) نوێژ لەدوای نوێژی جومعە لەمزگەوتا

٤١٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا صَلَّيْتُمْ بَعْدَ الْجُمُعَةِ فَصَلُّوا أَرْبَعًا)). و فِي رِوَايَةٍ قَالَ سُهَيْلٌ: ((فَإِنْ عَجِلَ بِكَ شَيْءٌ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ فِي الْمَسْجِدِ، وَرَكْعَتَيْنِ إِذَا رَجَعْتَ)).

(ابوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر دوای نوێژی جومعە نوێژتان كرد چوار ركات بكەن، لەریوایەتێكیشا دەفەرموێت: ((ئەگەر بەهۆی شتێكەوە پەلەت بوو دوو ركات لەمزگەوت بكەو كە گەرایتەوە ماڵەوەش دووركات بكە)).

(٢٥) نوێژ دوای جومعە لەماڵەوە

٤١٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ إِذَا صَلَّى الْجُمُعَةَ انْصَرَفَ فَسَجَدَ سَجْدَتَيْنِ فِي بَيْتِهِ، ثُمَّ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصْنَعُ ذَلِكَ.

(عبدالله) كوڕی(عمر) (ﷺ) دەڵێ: كاتێ نوێژی جومعەی دەكرد دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە دوو ركاتی دەكرد، ئینجا دەیوت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) وایدەكرد.

(٢٦) ڕاستەوخۆ نوێژ ناكرێت دوای جومعە

٤٢٠ـ عن عُمَرُ بْنُ عَطَاءٍ: أَنَّ نَافِعَ ابْنَ جُبَيْرٍ أَرْسَلَهُ إِلَى السَّائِبِ ابْنِ أُخْتِ نَمِرٍ، يَسْأَلُهُ عَنْ شَيْءٍ رَآهُ مِنْهُ مُعَاوِيَةُ (ﷺ) فِي الصَّلَاةِ، فَقَالَ: نَعَمْ، صَلَّيْتُ مَعَهُ الْجُمُعَةَ فِي الْمَقْصُورَةِ، فَلَمَّا سَلَّمَ الْإِمَامُ قُمْتُ فِي مَقَامِي فَصَلَّيْتُ، فَلَمَّا دَخَلَ أَرْسَلَ إِلَيَّ، فَقَالَ: لَا تَعُدْ لِمَا فَعَلْتَ. إِذَا صَلَّيْتَ الْجُمُعَةَ فَلَا تَصِلْهَا بِصَلَاةٍ حَتَّى تَكَلَّمَ أَوْ تَخْرُجَ، فَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَنَا بِذَلِكَ: أَنْ لَا تُوصَلَ صَلَاةٌ بِصَلَاةٍ حَتَّى نَتَكَلَّمَ أَوْ نَخْرُجَ.

(عمر) كوڕی(عطاء) دەڵێ: (نافع) كوڕی(جبير) ناردی بۆلای (سائب) خوشكەزای (نمير) پرسیاری شتێكی لێكرد كەمعاویە لەوی دیووە لەنوێژدا ، ئەویش وتی: بەڵێ، من لە(مقصورە) نوێژم لەگەڵ كردووە كاتێ ئیمام سەلامی دایەوە، لەجێگای خۆم هەستامو نوێژم كرد، كاتێ چووە ژوورەوە ناردی بەدواماو وتی: ئەوەی كردت مەیكەرەوە كاتێ نوێژی جومعەت كرد نوێژی

بەدوادامەكـە هـەتا قـسەدەكەیت یـان دەچـیتە دەرەوە، چـونكە پێغەمبـەری خوا(ﷺ) فەرمانی بەوەكردووە كە نوێـژ بەدوای نوێـژدا مەكەن هـەتا قسەدەكەن یان دەچنە دەرەوە.

(٢٧) هەرەشەكردن لەوازهێنان لەجومعە

٤٢١ـ عن الْحَكَمُ بْنُ مِينَاءَ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ وَأَبَا هُرَيْرَةَ (ﷺ) حَدَّثَاهُ: أَنَّهُمَا سَمِعَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ عَلَى أَعْوَادِ مِنْبَرِهِ، ((لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ وَدْعِهِمُ الْجُمُعَاتِ أَوْ لَيَخْتِمَنَّ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ، ثُمَّ لَيَكُونُنَّ مِنَ الْغَافِلِينَ)).

(حكم) كوری(مینا)ی‌ە دەڵێ: (عبدالله) كوری (عمر) (ابوهریره)(ﷺ) قسەیان بـۆ كـردووە: ئـەوان بیـستوویانە لەپێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لەسـەر مینبەرەكـەی دەیفەرموو: ((ئەوانەی نوێژی جومعە ناكەن باواز لەو رەفتارەیان بهێنن یان خوا مۆری رەش دەنێت بەسەر دڵیانداو پاشان دەچنە ریزی غافلانەوە)).

(٧) جەژنەکان

(١) وازهێنان لەبانگو قامەت لەجەژنەکاندا

٤٢٢ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الْعِيدَيْنِ غَيْرَ مَرَّةٍ وَلَا مَرَّتَيْنِ، بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلَا إِقَامَةٍ.

(جـابر) کـوری(سمـره)(ﷺ) دەڵـێ: لەخزمـەت پێغەمبـەری خـوادا نوێـژی دووجەژنەکەم کردووە زیاتر لەجارو دووجار بەبێ بانگو قامەت.

(٢) نوێژی جەژنەکان لە پێش وتاردا

٤٢٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: شَهِدْتُ صَلَاةَ الْفِطْرِ مَعَ نَبِيِّ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ وَعُثْمَانَ (ﷺ)، فَكُلُّهُمْ يُصَلِّيهَا قَبْلَ الْخُطْبَةِ ثُمَّ يَخْطُبُ، قَالَ: فَنَزَلَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَيْهِ حِينَ يُجَلِّسُ الرِّجَالَ بِيَدِهِ، ثُمَّ أَقْبَلَ يَشُقُّهُمْ حَتَّى جَاءَ النِّسَاءَ وَمَعَهُ بِلَالٌ، فَقَالَ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لَا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا﴾ فَتَلَا هَذِهِ الْآيَةَ حَتَّى فَرَغَ مِنْهَا، ثُمَّ قَالَ حِينَ فَرَغَ مِنْهَا: ((أَنْتُنَّ عَلَى ذَلِكِ)). فَقَالَتِ امْرَأَةٌ وَاحِدَةٌ لَمْ يُجِبْهُ غَيْرُهَا مِنْهُنَّ: نَعَمْ يَا نَبِيَّ اللَّهِ، لَا يُدْرَى حِينَئِذٍ مَنْ هِيَ. قَالَ: ((فَتَصَدَّقْنَ)). فَبَسَطَ بِلَالٌ ثَوْبَهُ، ثُمَّ قَالَ: ((هَلُمَّ فِدًى لَكُنَّ أَبِي وَأُمِّي)). فَجَعَلْنَ يُلْقِينَ الْفَتَخَ وَالْخَوَاتِمَ فِي ثَوْبِ بِلَالٍ. [بخاري/ العيدين/ ٩٣٦]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵـێ: ئامـادەی نوێـژی جـەژنی ڕەمـەزان بووم، لەخزمـەت پێغەمبـەری خـواو(ﷺ) هـەروەها لەخزمـەت (ابـوبکر)و (عمـر)و (عثمـان) (ڕەزای خوایان لێبێت) هەموویان لەپێش وتاردا نوێژیان دەکرد ئینجا وتاریـان دەدا، وتی: پێغەمبەر(ﷺ) دابەزی هەردەڵێی چاوم لێیەتی کاتێ بەدەستی پیاوەکانی دادەنیشانەوە،ئینجا ڕیزەکانی دەبڕی هـەتا گەیشتە نـاو ئافرەتەکانەوە بیلالی لەگەڵدابوو، فەرمووی: ﴿یا ایها النبي اذا جاءك المؤمنات یبایعنك علی أنلا یشرکن بالله شیئاً﴾ ئەم ئایەتەی خوێندەوە هەتا تەواوی کرد، ئینجا فەرمووی: ((ئایا ئێوەلەسەر ئەم بەڵێنەن)) کـەس وەڵامـی نەدایـەوە جگە لەیـەك ئافرەتیان وتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کاتە نەزانرا کێبوو، فەرمووی: ((دەخێر بکـەن)) بیلالـیش جلەکـەی خـۆی ڕاسـخت و، وتـی: بهێـنن بـاوك و دایکـم

بـەقوربانیاتان بێـت) ئینجـا ئافرەتـەكان ئەموسـتیلەی گـەورە گـەورەو ئەڵقـەیان دەخستە ناو جلەكەی بیلالەوە.

(٣) ئەوەی لەنوێژی جەژنەكاندا دەخوێنرێ

٤٢٤ـ عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ: أَنَّ عُمَرَ ابْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) سَأَلَ أَبَا وَاقِدٍ اللَّيْثِيَّ: مَا كَانَ يَقْرَأُ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الْأَضْحَى وَالْفِطْرِ؟ فَقَالَ: كَانَ يَقْرَأُ فِيهِمَا بِـ ﴿ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ﴾ وَ ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ﴾.

(عبیدالله) كوری(عبـدالله) دەڵـێ: (عمـر) كـوری(خطـاب) (ﷺ) پرسـیاریكرد لە(ابو واقد الليثي)، ئایا پێغەمبـەری خـوا لەنوێـژی جـەژنی قوربـانو رەمەزانـدا چی خوێند؟ ئەویش وتـی: لـەو دوو نوێـژەدا ﴿ق و القـران المجیـد﴾ و ﴿اقتربـت الساعة وانشق القمر﴾ی دەخوێند .

(٤) پێش نوێژی جەژن و دوای نوێژی جەژن سوننەت ناكرێت

٤٢٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَرَجَ يَوْمَ أَضْحَى أَوْ فِطْرٍ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ، لَمْ يُصَلِّ قَبْلَهَا وَلَا بَعْدَهَا. ثُمَّ أَتَى النِّسَاءَ وَمَعَهُ بِلَالٌ، فَأَمَرَهُنَّ بِالصَّدَقَةِ، فَجَعَلَتِ الْمَرْأَةُ تُلْقِي خُرْصَهَا وَتُلْقِي سِخَابَهَا. [بخاري/ العلم/ ٩٨]

(ابن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) لـەرۆژی جـەژنی قوربانـدا یـا رەمەزاندا لەماڵ چووە دەرەوە دووركات نوێژی كـرد، نەلەپێشیەوە نوێـژی كـرد نەلەدوایەوە، ئینجـا هاتـە نـاو ئافرەتـەكان بـیلالی لەگەڵدابوو، فـەرمانی پێكـردن كەخێربكـەن، ئینجـا هەرژنـە ملوانكەو ئەڵقـەی ئاڵتونیـان دەهاویـشتە سـەر ئـەو جلەی بیلال رایخستبوو.

(٥) چوونی ئافرەتان بۆ نوێژی جەژن

٤٢٦ـ عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (ﷺ) قَالَتْ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ نُخْرِجَهُنَّ فِي الْفِطْرِ وَالْأَضْحَى: الْعَوَاتِقَ وَالْحُيَّضَ وَذَوَاتِ الْخُدُورِ، فَأَمَّا الْحُيَّضُ فَيَعْتَزِلْنَ الصَّلَاةَ، وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ: إِحْدَانَا لَا يَكُونُ لَهَا جِلْبَابٌ؟ قَالَ: لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا)). [بخاري/ الحيض/ ٣١٨]

(ام عطیة) (رضی الله عنها) دەڵێ : پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمانی پێكردین كەئافرەتان بنێرین بۆ نوێژی جەژنی رەمەزانو قوربان [لەوانەش] كچە عازەب ، ئەوانـــەی لەحـــەیزدان، ئەوانـــەش كـــەخۆیان دەرنەدەخـــست حـــەیزدارەكان كەنارگیردەبوون بەڵام ئامادەی خێرو دۆعـای موسڵمانەكان دەبوون، وتم: ئەی

پێغەمبەری خوا(ﷺ) یەكێكمان بالاَ پۆشی نییە ؟ فەرمووی: ((باخوشكەكەی بیخاتە ژێر عەباكەی خۆیەوە)).

(٦) كەنیزەكەكان چی دەڵێن لەجەژندا

٤٢٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَعِنْدِي جَارِيَتَانِ تُغَنِّيَانِ بِغِنَاءِ بُعَاثٍ، فَاضْطَجَعَ عَلَى الْفِرَاشِ وَحَوَّلَ وَجْهَهُ، فَدَخَلَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) فَانْتَهَرَنِي وَقَالَ: مِزْمَارُ الشَّيْطَانِ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَأَقْبَلَ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((دَعْهُمَا)). فَلَمَّا غَفَلَ غَمَزْتُهُمَا فَخَرَجَتَا وَكَانَ يَوْمَ عِيدٍ، يَلْعَبُ السُّودَانُ بِالدَّرَقِ وَالْحِرَابِ، فَإِمَّا سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَإِمَّا قَالَ: ((تَشْتَهِينَ تَنْظُرِينَ))؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، فَأَقَامَنِي وَرَاءَهُ، خَدِّي عَلَى خَدِّهِ، وَهُوَ يَقُولُ: ((دُونَكُمْ يَا بَنِي أَرْفِدَةَ)). حَتَّى إِذَا مَلِلْتُ قَالَ: ((حَسْبُكِ)). قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: ((فَاذْهَبِي)). [بخاري/ العيدين/ ٩٠٧]

عائشە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ژوورەوەو دوو كەنیزەك لەلای من گۆرانی قەڵای (بعاث) یان دەوت، لەسەر جێگاكە راكشاو رووی وەرگێرا، لەوكاتەدا (ابوبكر) هاتە ژوورەوە لێم توورەبوو وتی: جوزەلەی شەیتان لەلای پێغەمبەری خوادا(ﷺ) ؟ پێغەمبەر(ﷺ) رووی‌كردە ئەبوبەكرو فەرمووی: ((وازیان لێ بێنە)) كاتێ پێغەمبەر(ﷺ) چاوی لێی نەبوو بەچاو ئاماژەی بۆ كردن‌و چوونە دەرەوە، ئەو رۆژە رۆژی جەژن بوو، دووڕەشپێست بەسەرنێزە و قەڵغان یاریان دەكرد، منیش خۆم داوامكرد لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) یان ئەو فەرمووی حەزدەكەیت سەیر بكەیت وتم: بەڵێ: ئەویش خستمیە دوای خۆیەوە، رومەتم لەسەر روومەتی بوو سەری خستبووە سەرشانم دەیفەرموو: ((بەردەوام بن ئەی نەوەی ئەرفیدە)) هەتا بێ‌تاقەت بووم ئینجا فەرمووی: ((بەستە)) وتم : بەڵێ فەرمووی: ((دەبڕۆ)).

(٨) نوێژی ڕێبوار

(١) كورتكردنەوەی نوێژی ڕێبوار لەكاتی ئاسایشدا

٤٢٨ـ عَنْ يَعْلَى بْنِ أُمَيَّةَ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ): ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلَاةِ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا﴾ ﴿النساء ١٠١﴾ فَقَدْ أَمِنَ النَّاسُ؟ فَقَالَ: عَجِبْتُ مِمَّا عَجِبْتَ مِنْهُ، فَسَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: ((صَدَقَةٌ تَصَدَّقَ اللَّهُ بِهَا عَلَيْكُمْ، فَاقْبَلُوا صَدَقَتَهُ)).

(يعلى) كوری (اميه) (ﷺ) دەڵێ: بە(عمر) كوری (خطاب)م (ﷺ) وت (خوا لەقورئاندا فەرموویەتی: ﴿ ليس عليكم جناح ان تقصروا من الصلاة ، ان خفتم أن يفتنكم الذين كفروا ﴾ ﴿النا‌ء:١٠١﴾واتە: ئەگەر ترستان هەبوو كەكافرەكان تووشی گێچەڵتان بكەن نوێژەكانتان كورت بكەنەوە قەیناكا. بەڵام ئێستا خەڵكی لەئاسایشدان؟ عمر وتی: منیش وەكو تۆ سەرم سوورمابو، بۆیە پرسیارم كرد لەپێغەمبەری خوا(ﷺ) لەبارەیەوە، ئەویش فەرمووی: ((خەڵاتێكە خوا بەئێوەی بەخشیووە، ئێوەش وەری بگرن)).

٤٢٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: فَرَضَ اللَّهُ الصَّلَاةَ عَلَى لِسَانِ نَبِيِّكُمْ (ﷺ) فِي الْحَضَرِ أَرْبَعًا وَفِي السَّفَرِ رَكْعَتَيْنِ، وَفِي الْخَوْفِ رَكْعَةً.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەتان (ﷺ) نوێژی لەسەر ئێوە فەرزكردووە، چوار ركات لەجێداو دووركاتیش لەسەفەردا ، لەكاتی ترسیشدا یەك ركات [مەبەست ئەوەیە یەك ركات لەگەڵ ئیمامدا دوایی خۆیشی ركاتێ بكات] [اقتران ٦/٤٢٣]

(٢) لەچ سەفەرێكدا نوێژ كورت دەكرێتەوە

٤٣٠ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) الظُّهْرَ بِالْمَدِينَةِ أَرْبَعًا، وَصَلَّيْتُ مَعَهُ الْعَصْرَ بِذِي الْحُلَيْفَةِ رَكْعَتَيْنِ.

(انس) كوری (مالك) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لەمەدینە نوێژی نیوەڕۆم كردووە، چوار ركات، هەروەها نوێژی عەسرم لە (ذي الحليفة) لەخزمەتیا كردووە، دووركات.

(٣) كورتكردنەوەی نوێژ لەحەجدا

٤٣١ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنَ الْمَدِينَةِ إِلَى مَكَّةَ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ رَكْعَتَيْنِ حَتَّى رَجَعَ. قُلْتُ: كَمْ أَقَامَ بِمَكَّةَ؟ قَالَ: عَشْرًا. وفي الرواية: خَرَجْنَا مِنَ الْمَدِينَةِ إِلَى الْحَجِّ.

(انس) كوری(مالك) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) لەمەدینە بەرەو مەككە دەرچووین، دوركات دووركات نوێژی كرد هەتا گەراینەوە ، وتم: چەندە لەمەككەمایەوە؟ وتی: دەرۆژ ، لەریوایەتێكیشا دەڵێ: لەمەدینە دەرچووین بۆ حەج.

(٤) كورتكردنەوەی نوێژ لەمینا

٤٣٢ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى النَّبِيُّ (ﷺ) بِمِنًى صَلَاةَ الْمُسَافِرِ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ وَعُثْمَانُ (ﷺ) ثَمَانِيَ سِنِينَ، أَوْ قَالَ: سِتَّ سِنِينَ، قَالَ حَفْصٌ -يعني ابن عاصم- وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يُصَلِّي بِمِنًى رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ يَأْتِي فِرَاشَهُ، فَقُلْتُ: أَيْ عَمِّ لَوْ صَلَّيْتَ بَعْدَهَا رَكْعَتَيْنِ؟ قَالَ: لَوْ فَعَلْتُ لَأَتْمَمْتُ الصَّلَاةَ.

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) لە(مینا) نوێژی سەفەری كردو، (ابوبكر)و (عمر)و (عثمان)یش (رەزای خوایان لێبێت) بەهەمان شێوە هەشت ساڵ ، یا وتی: شەش ساڵ كردیان " (حفص) واتە (ابن عاصم) دەڵێ: (ابن عمر) لەمینا دووركات نوێژی دەكردو دەهاتە سەر جێگاكەی ، منیش وتم: ئەی مامە ئەگەر دووركاتی تریشت بكردایە؟ ئەگەر بمكردایە هەر نوێژەكەم بەتەواوی دەكرد.

(٥) كۆكردنەوەی دوونوێژ لەسەفەردا

٤٣٣ـ عَنْ أَنَسِ بن مالك (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): إِذَا عَجِلَ عَلَيْهِ السَّفَرُ يُؤَخِّرُ الظُّهْرَ إِلَى أَوَّلِ وَقْتِ الْعَصْرِ فَيَجْمَعُ بَيْنَهُمَا، وَيُؤَخِّرُ الْمَغْرِبَ حَتَّى يَجْمَعَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ الْعِشَاءِ، حِينَ يَغِيبُ الشَّفَقُ.

لە(انس) كوری(مالك)(ﷺ) لەپێغەمبەرەوە(ﷺ) هەركات پەلەی بوایە لەرۆیشتنیان نوێژی نیوەرۆی دوادەخست بۆ سەرەتای كاتی نوێژی عەسرو پێكەوە كۆی دەكردنەوە نوێژی شێوانیشی دوادەخست هەتا لەكاتی ئاوابوونی ئاسۆدا لەگەڵ خەوتناندا كۆی دەكردەوە.

(٦) كۆكردنەوەی دوو نوێژ لەنیشتنگادا

٤٣٤ـ عَنْ ابْنِ عَبَاسٍ (ﷺ) قَالَ: جَمَعَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) بَيْنَ الظُهْرِ وَالعَصْرِ ، وَالمَغْرِبِ وَالعِشَاء ، بالمَدِينَة فِي غَيْرِ خَوْفٍ ولاَ مَطَر. فِي حَدِيث وَكِيعٍ قَالَ: قُلْتُ لأبنِ عَبَاسٍ : لِمَ فَعَلَ ذَلِكَ؟ قَالَ: كيْلاَ يُحْرَجَ أُمّتَهُ. وَفِي حَدِيث أبِي مُعَاوِيَة: قِيلَ لأبْنِ عَبَاسٍ: مَا أرادَ الَى ذَلكَ؟ قَالَ: أرادَ أن لا يَحْرَجَ أمّتَهُ.

(ابـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) نوێـژی نیـوەڕۆو عەسـرو، نوێژی شێوان و خەوتنانی لەمەدینەدا بەبێ ترس‌و بەبێ باران كۆكردۆتەوە، لە فەرموودەی وكیعدا دەڵێ: بە (ابن عباس)م وت: بۆچی وای كردووە؟ لەوەڵامدا وتی: بۆئەوەی ئوممەتەكەی نارەحەت نەكات لەفەرموودەی (ابو معاویە)یەشدا بە(ابن عباس) وتراوە: مەبەستی چی بووە لەو كارەی؟ وتویەتی: ویستویەتی ئوممەتەكەی نارەحەت نەبن.

(٧) نوێژ لەهەوارگەدا لەكاتی باراندا

٤٣٥. عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّهُ نَادَى بِالصَّلَاةِ فِي لَيْلَةٍ ذَاتِ بَرْدٍ وَرِيحٍ وَمَطَرٍ، فَقَالَ فِي آخِرِ نِدَائِهِ: أَلَا صَلُّوا فِي رِحَالِكُمْ، أَلَا صَلُّوا فِي الرِّحَالِ. ثُمَّ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَأْمُرُ الْمُؤَذِّنَ إِذَا كَانَتْ لَيْلَةٌ بَارِدَةٌ أَوْ ذَاتُ مَطَرٍ فِي السَّفَرِ أَنْ يَقُولَ: ((أَلَا صَلُّوا فِي رِحَالِكُمْ)).

لـە(ابـن عمـر) ەوە (ﷺ) لەشـەوێكی سـاردو بارانـدا بـانگی كـرد بـۆ نوێـژ لەكۆتایی بانگكردنەكەیدا وتی: لە جێگەو ڕێگەی خۆتاندا (لەهەوارگەدا نوێـژ بكـەن) ئینجـا وتـی: پێغەمبـەری خـوا(ﷺ) فـەرمانی دەكـرد بەبانگـدەر ئەگـەر شـەوێكی سـاردیان بـاران بوایـە لەكاروانـدا كەبڵێت ((نوێـژ بكـەن لـەجێ‌و ڕێـی خۆتاندا)).

پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەگەر شەوێك باران یا سەرمابوا یا فەرمانی دەركرد بەبانگ بێژەكە كە بڵێت: ئاگاداربن لەهەوارگەی خۆتاندا نوێژەكانتان بكەن).

(٨) سوننەت نەكردن لەسەفەردا

٤٣٦ـ عن حَفْصِ بْنِ عَاصِمٍ قَالَ: صَحِبْتُ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) فِي طَرِيقِ مَكَّةَ، قَالَ: فَصَلَّى لَنَا الظُّهْرَ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ أَقْبَلَ وَأَقْبَلْنَا مَعَهُ حَتَّى جَاءَ رَحْلَهُ، وَجَلَسَ وَجَلَسْنَا مَعَهُ، فَحَانَتْ مِنْهُ الْتِفَاتَةٌ نَحْوَ حَيْثُ صَلَّى، فَرَأَى نَاسًا قِيَامًا، فَقَالَ: مَا يَصْنَعُ هَؤُلَاءِ؟ قُلْتُ: يُسَبِّحُونَ، قَالَ لَوْ كُنْتُ مُسَبِّحًا لَأَتْمَمْتُ صَلَاتِي، يَا ابْنَ أَخِي إِنِّي

صَحِبْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) فِي السَّفَرِ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللّٰهُ، وَصَحِبْتُ أَبَا بَكْرٍ (ﷺ) فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللّٰهُ، وَصَحِبْتُ عُمَرَ (ﷺ) فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللّٰهُ، ثُمَّ صَحِبْتُ عُثْمَانَ فَلَمْ يَزِدْ عَلَى رَكْعَتَيْنِ حَتَّى قَبَضَهُ اللّٰهُ، وَقَدْ قَالَ اللّٰهُ تعالى: ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللّٰهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ ﴿الأحزاب:٢١﴾.

(حفص) كوری(عاصم) دەڵێ: بووم بەهاوڕێی (ابن عمر) (ﷺ) لەرێگای مەككەدا وتی: نوێژی نیوەڕۆی بەدووركات بۆ كردین ، ئینجا هەستاو ئێمەش لەگەڵیا هەستاین هەتا گەیشتە، بارگەكەی، دانیشتو ئێمەیش لەگەڵیا دانیشتین، ئینجا لای كردەوە بەلای ئەو شوێنەدا كەنوێژی لێ كردبوو ، بینی كەسانێك بەپێوەن، وتی: ئەگەر سوننەتم بكردایە نوێژەكەم بەتەواوی دەكرد، ئەی برازام من لەكارواندا، لەخزمەت پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بووم لەدوو ركات زیاتری نەكردووە هەتا خوابردیەوە بۆ لای خۆی، هەروەها هاوڕێیەتی ابوبكرم (ﷺ) كردووە لەدووركات زیاتری نەكردووە هەتا خوا بردوویەتەوە بۆ لای خۆی، هەروەها هاوڕێیەتی (عمر)م (ﷺ) كردووە ئەویش لەدوو ركات زیاتری نەكردووە هەتا خوا بردویەتەوە بۆ لای خۆی، ئینجا هاوڕێیەتی عثمان م كردووە لەدووركات زیاتری نەكردووە هەتا خوابردیەوە بۆ لای خوا، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿لقد كان لكم في رسول الله اسوة حسنة﴾

(٩) نوێژی سوننەت بەسەر ولاغەوە لەكارواندا

٤٣٧- عن ابن عمر (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ) يُسَبِّحُ عَلَى الرَّاحِلَةِ قِبَلَ أَيِّ وَجْهٍ تَوَجَّهَ، وَيُوتِرُ عَلَيْهَا، غَيْرَ أَنَّهُ لَا يُصَلِّي عَلَيْهَا الْمَكْتُوبَةَ.

(ابن عمر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، نوێژی سوننەتی بەسەرولاغەوە دەكرد رووی لەهەر شوێنێك بوایە، نوێژی وەتریشی بەسەرەوە دەكرد، بەلام نوێژی فەرزی بەسەرەوە نەدەكرد.

(١٠) ئەگەر لەكاروان بهاتایەتەوە لەمزگەوت دووركاتی دەكرد

٤٣٨- عَنْ جَابِرِ ابْنِ عَبْدِ اللّٰهِ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْتُ مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (ﷺ) فِي غَزَاةٍ، فَأَبْطَأَ بِي جَمَلِي وَأَعْيَا، ثُمَّ قَدِمَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ) قَبْلِي وَقَدِمْتُ بِالْغَدَاةِ، فَجِئْتُ الْمَسْجِدَ، فَوَجَدْتُهُ عَلَى بَابِ الْمَسْجِدِ، قَالَ: ((الْآنَ حِينَ قَدِمْتَ)). قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ:

((فَدَعْ جَمَلَكَ، وَادْخُلْ فَصَلِّ رَكْعَتَيْنِ)). قَالَ: فَدَخَلْتُ فَصَلَّيْتُ ثُمَّ رَجَعْتُ. [بخاري/ الوتر/ ٩٥٥].

(جابر) كوری(عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەغەزایەكدا دەرچووم وشترەكەم ماندو بوو، دوای خستم ، پێغەمبەر (ﷺ) لەپێش مندا گەیشتبوو، من لەپێش نیوەڕۆدا گەیشتم هاتم بۆ مزگەوت، پێغەمبەرم (ﷺ) لەدەرگای مزگەوتەكەدا تووش بوو فەرمووی: ((ئائێستا دەگەیت؟)) وتم: بەڵێ : فەرمووی: ((واز لەوشترەكەت بێنە بچۆرە ژوورەوە دوورکات نوێژ بکە)) وتی: چوومە ژوورەوە دوو ركاتم كردو گەڕامەوە).

(١١) لەبارەی نوێژی ترسەوە

٤٣٩ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَوْمًا مِنْ جُهَيْنَةَ، فَقَاتَلُونَا قِتَالًا شَدِيدًا، فَلَمَّا صَلَّيْنَا الظُّهْرَ قَالَ الْمُشْرِكُونَ: لَوْ مِلْنَا عَلَيْهِمْ مَيْلَةً لَاقْتَطَعْنَاهُمْ. فَأَخْبَرَ جِبْرِيلُ (عليه السلام) رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) ذَلِكَ، فَذَكَرَ ذَلِكَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: وَقَالُوا إِنَّهُ سَتَأْتِيهِمْ صَلَاةٌ هِيَ أَحَبُّ إِلَيْهِمْ مِنَ الْأَوْلَادِ. فَلَمَّا حَضَرَتِ الْعَصْرُ، قَالَ صَفَّنَا صَفَّيْنِ، وَالْمُشْرِكُونَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ. قَالَ: فَكَبَّرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَكَبَّرْنَا، وَرَكَعَ فَرَكَعْنَا، ثُمَّ سَجَدَ وَسَجَدَ مَعَهُ الصَّفُّ الْأَوَّلُ، فَلَمَّا قَامُوا سَجَدَ الصَّفُّ الثَّانِي، ثُمَّ تَأَخَّرَ الصَّفُّ الْأَوَّلُ وَتَقَدَّمَ الصَّفُّ الثَّانِي فَقَامُوا مَقَامَ الْأَوَّلِ، فَكَبَّرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَكَبَّرْنَا، وَرَكَعَ فَرَكَعْنَا، ثُمَّ سَجَدَ مَعَهُ الصَّفُّ الْأَوَّلُ وَقَامَ الثَّانِي، فَلَمَّا سَجَدَ الصَّفُّ الثَّانِي ثُمَّ جَلَسُوا جَمِيعًا سَلَّمَ عَلَيْهِمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ أَبُو الزُّبَيْرِ: ثُمَّ خَصَّ جَابِرٌ أَنْ قَالَ: كَمَا يُصَلِّي أُمَرَاؤُكُمْ هَؤُلَاءِ. [بخاري/ البيوع/ ١٩٩١]

(جابر) كوری (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) غەزامان كرد لەگەڵ تیرەیەكدا لە(جوهەینە)، جەنگێكی سەختیان لەگەڵدا كردین، كاتێ نوێژی نیوەڕۆمان كرد، موشریكەكان وتیان: ئەگەر هێرشێكی بەهێز بكەینە سەریان لەرەگوریشە دەریان دەهێنین جوبرەئیل (علیه السلام) ئەو هەواڵەی گەیاندە پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەریش (ﷺ) ئاگاداری ئێمەی كرد، راوی دەڵێ: ئەوان كاتی نوێژ كردنیان دێت، كەلەمنداڵەكانیان خۆشتریان دەوێت، كاتێ كاتی عەسرهات كردینی بەدوو ریزەوە ، موشریكەكان لەنێوان ئێمەو قیبلەدابوون، وتی: پێغەمبەر(ﷺ) تەكبیری كردو ئێمەش تەكبیرمان كرد،

ركوعی برد ئێمەش ركوعمان برد، ئینجا سوجدەی برد ریزی یەكەم لەگەڵیا سوجدەیان برد كاتێ ئەوان هەستانەوە ریزی دووەم سوجدەیان برد ، ئینجا ریزی یەكەم دواكەوتن لە ئیمام ریزی دووەم پێشكەوتن وەك ریزی یەكەم، پێغەمبەر (ﷺ) تەكبیری كرد ئێمە تەكبیرمان كرد، ركوعی برد ئێمەیش ركوعمان برد، ئینجا سوجدەی برد ریزییەكەم لەگەڵیا سوجدەی برد، دووەم بەپێوەمانەوە كاتێ ریزی دووەم سوجدەی برد ئینجا هەمووپێكەوە دانیشتن پێغەمبەر(ﷺ) سەلامی دایەوە.

(١٢) لەبارەی نوێژی رۆژگیرانەوە

٤٤٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (﵂) قَالَتْ: خَسَفَتِ الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّه (ﷺ)، فَقَامَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) يُصَلِّي، فَأَطَالَ الْقِيَامَ جِدًّا، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ جِدًّا، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَأَطَالَ الْقِيَامَ جِدًّا، وَهُوَ دُونَ الْقِيَامِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ جِدًّا وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ سَجَدَ، ثُمَّ قَامَ فَأَطَالَ الْقِيَامَ وَهُوَ دُونَ الْقِيَامِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَقَامَ، فَأَطَالَ الْقِيَامَ وَهُوَ دُونَ الْقِيَامِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ وَهُوَ دُونَ الرُّكُوعِ الْأَوَّلِ، ثُمَّ سَجَدَ، ثُمَّ انْصَرَفَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) وَقَدْ تَجَلَّتِ الشَّمْسُ، فَخَطَبَ النَّاسَ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ مِنْ آيَاتِ اللَّه، وَإِنَّهُمَا لَا يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلَا لِحَيَاتِه، فَإِذَا رَأَيْتُمُوهُمَا فَكَبِّرُوا، وَادْعُوا اللَّهَ وَصَلُّوا وَتَصَدَّقُوا. يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ، إِنْ مِنْ أَحَدٍ أَغْيَرَ مِنَ اللَّه أَنْ يَزْنِيَ عَبْدُهُ أَوْ تَزْنِيَ أَمَتُهُ. يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ، وَاللَّه لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا وَلَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا، أَلَا هَلْ بَلَّغْتُ)).

(عائشە) دەڵێت: لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) خۆرگیرا، پێغەمبەر (ﷺ) هەستاو دەستیكرد بە نوێژكردن، زۆر بەپێوە راوەستاو درێژەی پێدا، پاشان ركوعی بردوو لەمیشدا زۆرمایەوە ، ئینجا هەڵسایەوە لێرەشدا زۆرمایەوە، بەڵام بەقەدەر وەستانی یەكەم نەبوو، ئینجا ركوعی بردەوە درێژەی بەمیشدا، بەڵام بەقەدەر ركوعی یەكەم نەمایەوە، پاشان سوجدەی برد، ئینجا هەستایەوەو درێژەیدا بەوەستان، بەڵام بەقەدەر وەستانی یەكەم نەمایەوە، پاشان ركوعی برد درێژەیدا بەركوع بەڵام بەقەدەر ركوعی یەكەم نەمایەوە، ئینجا سەری بەرزكردەوە زۆرمایەوە بەپێوە بەڵام بەقەدەر وەستانی یەكەم نەبوو، ئینجا سجودی برد، پاشان سەلامی دایەوە، لەوكاتەدا خۆر بەربووبوو،

ئینجا وتارێکی بۆ خەڵکەکەدا. سوپاسی خوای کردو فەرمووی: ((خۆرومانگ دوونیشانەی خوان بۆ مردنی هیچ کەس ناگیرێن یا بۆ ژیانی ، ئەگەر دیتان گیران تەکبیر بکەن لەخوا بپارێنەوە، نوێژ بکەن ، خێرو خێرات بکەن ، ئەی ئوممەتی محەمەد ، کەس نییە بەقەدەر خوا بەغیرەت بێت لەوەی کەبەندەیەکی زینا بکات، ئەی ئوممەتی محەمەد، سوێند بەخوا ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتانزانیایە، زۆر دەگریان و کەم پێدەکەنین، ئایا پێم ڕاگەیاندن)).

٤٤١ ـ عَنْ ابْنِ عَبَاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: صَلَى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) حِينَ كُسِفَتِ الشَمْسُ ثَمَانيِ رَكَعَاتٍ فِي أرْبَعِ سَجَدَاتَ.

(ابن عباس) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا(ﷺ) کاتێ خۆرگیرا هەشت رکوعی برد لەگەڵ چوار سوجدەدا [واتە: لەهەر کاتێکدا چوار رکوع و دوو سوجدە].

(١٣) لەبارەی نوێژە بارانەوە

٤٤٢ . عَنْ عَبْدُاللهِ بنُ زَيْدٍ الأنْصَارِيٍّ (رضي الله عنه) : أنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) خَرَجَ الَى المُصَلَى يَسْتَسْقِي ، وَأنَّهُ لَمَا أراد أن يَدْعُوَ اسْتَقْبَلَ القِبْلَةَ وَحَولَّ رِدَاءَهُ. وَفِي رِوَايَةٍ: فَجَعَلَ الَى النَّاسِ ظَهْرَةً يَدْعُو اللهَ ، واسْتَقْبَلَ القِبْلَةَ، وَحَوَّلَ رِدَاءهُ ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْن.

(عبدالله)ی کوڕی (زید الانصاری) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) چووە دەرەوە بۆ نوێژەبارانە، هەروەها کاتێ ویستی لەخوا بپارێتەوە ڕوویکردە قیبلەو چاکەتەکەی هەڵگێڕایەوە، لەریوایەتێکیشدا : پشتی کردە خەڵکەکەو لەخوا دەپاڕایەوە ، ڕویشی کردبووە قیبلەو چاکەتەکەی هەڵگێڕایەوە دوو رکات نوێژی کرد.

(١٤) لەبارەی فەرو خێری بارانەوە

٤٤٣ ـ عَنْ أنَسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: أصَابَنَا وَنَحْنُ مَعَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) مَطَرٌ. قَالَ: فَحَسَرَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) ثَوْبَهُ حَتَى أصَابَهُ مِنَ المَطَرِ ، فَقُلْنَا : يَا رَسُولَ اللهِ لِمَ صَنَعْتَ هَذَا ؟ قَالَ: ((لأنَّهُ حَدِيثُ عَهْدٍ بِرَبِهِ)).

(انس) (رضي الله عنه) دەڵێ: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا(ﷺ) بووین ، بارانمان لێباری ، پێغەمبەر (ﷺ) بەشێکی کراسەکەی لادا تاباران لەشی تەڕکرد، وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆچی واتکرد ؟ فەرمووی: ((چونکە تازە لەلای پەروەردگاریەوە هاتووە)).

(١٥)پەناگرتن بەخوا لەکاتی باوبۆراندا.

٤٤٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (﵂) أَنَّهَا قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (ﷺ) إِذَا عَصَفَتِ الرِّيحُ قَالَ: ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا فِيهَا، وَخَيْرَ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا، وَشَرِّ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ)). قَالَتْ: وَإِذَا تَخَيَّلَتِ السَّمَاءُ تَغَيَّرَ لَوْنُهُ، وَخَرَجَ وَدَخَلَ، وَأَقْبَلَ وَأَدْبَرَ، فَإِذَا مَطَرَتْ سُرِّيَ عَنْهُ فَعَرَفْتُ ذَلِكَ فِي وَجْهِهِ، قَالَتْ عَائِشَةَ (﵂): فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ: ((لَعَلَّهُ يَا عَائِشَةُ كَمَا قَالَ قَوْمُ عَادٍ: ﴿فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا﴾ [الاحقاف: ٢٤]. [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٣٤]

عائشە (﵂) دەڵێ: هەرکاتێ باهەڵی بکردایە پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو ((خوایە گیان خێری ئەم بایەو خێری ئەوەش کە تیایەتی خێری ئەوەش کە بۆی ڕەوانەکراوە لەتۆ داواکارم، پەنادەگرم بەتۆ لە خراپەی ئەم بایەو خراپەی ئەوەی کە تیایەتی و خراپەی ئەوەش کە بۆی ڕەوانەکراوە)). هەروەها وتویەتی: هەرکاتێ ئاسمان هەور بوایە پێغەمبەر (ﷺ) ڕەنگی دەگۆڕا، دەهات و دەچوو، کە باران دەباری ئینجا ئاسایی دەبووەوە، من ئەوەم بەڕوخساریدا دەزانی، بۆیە لێم پرسی: ئەویش فەرموی: ((ئەی عائشە لەوانەیە هەر وەکو حاڵەتەکەی قەومی عاد بێت (کە خوای گەورە لە ئایەتێکدا لەسەر زمانیان دەفەرموێت: ﴿کاتێ هەورەکەیان دی ڕوو بە شیو ودۆڵەکانیان دێت، وتیان: ئەمە هەورێکە بارانمان بۆ دەبارێنێ﴾ بەڵام ئەوە بوو هەور و سزای خوایی بوو).

(١٦) بای ڕۆژهەلآت و بای ڕۆژئاوا

٤٤٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (﵄) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((نُصِرْتُ بِالصَّبَا، وَأُهْلِكَتْ عَادٌ بِالدَّبُورِ)). [بخاري/ الاستسقاء/ ٩٨٨٤]

(ابن عباس) (﵄) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((من بەهۆی بای ڕۆژهەلآتەوە پشتیوانیم لێ کراوە، قەومی عاد بەبای خۆرئاوا تیاچوون)).

بەشی مردن و جەنازە

(١) سەردانی نەخۆش

٤٤٦ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ جَاءَهُ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ، فَسَلَّمَ عَلَيْهِ، ثُمَّ أَدْبَرَ الْأَنْصَارِيُّ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا أَخَا الْأَنْصَارِ، كَيْفَ أَخِي سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ)). فَقَالَ: صَالِحٌ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ يَعُودُهُ مِنْكُمْ)). فَقَامَ وَقُمْنَا مَعَهُ، وَنَحْنُ بِضْعَةَ عَشَرَ مَا عَلَيْنَا نِعَالٌ وَلَا خِفَافٌ وَلَا قَلَانِسُ وَلَا قُمُصٌ، نَمْشِي فِي تِلْكَ السِّبَاخِ حَتَّى جِئْنَاهُ، فَاسْتَأْخَرَ قَوْمُهُ مِنْ حَوْلِهِ، حَتَّى دَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَصْحَابُهُ الَّذِينَ مَعَهُ.

(عبدالله ی کوڕی عومەر (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دانیشتبوین پیاوێك لە پشتیوانان هات بۆ خزمەتی و سەلامی لێ کرد، پاشان پشتی هەڵکرد و ڕۆی. پێغەمبەر (ﷺ) پرسی: ((ئەی برای (انصار)ی براکەم (سعدی کوڕی عبادە) چۆنە؟)) ئەویش وتی: چاکە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کێ دەیەوێت بچێ بۆ سەردانی)) ئینجا ئەو هەستاو ئێمەش هەستاین دەپانزە کەسێك دەبووین، نەنەعل و نەخوف و نەپێڵاومان لە پێدانەبوو، کڵاو و کراسیشمان لەبەردا نەبوو، بەسەر زەویەکی شۆردا ڕۆیشتین تا گەیشتینە لای، هەندێ لە خزمانی کەلەدەوری بوون، چونە دواوە بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هاوەڵانیدا لێی نزیك ببنەوە.

(٢) چی دەوترێت لای نەخۆش و لای مردوو

٤٤٧ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَرِيضَ أَوِ الْمَيِّتَ فَقُولُوا خَيْرًا، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ)). قَالَتْ: فَلَمَّا مَاتَ أَبُو سَلَمَةَ أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أَبَا سَلَمَةَ قَدْ مَاتَ، قَالَ: ((قُولِي: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَلَهُ، وَأَعْقِبْنِي مِنْهُ عُقْبَى حَسَنَةً)). قَالَتْ: فَقُلْتُ، فَأَعْقَبَنِي اللَّهُ مَنْ هُوَ خَيْرٌ لِي مِنْهُ مُحَمَّدًا (ﷺ).

(أم سلمە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: کاتێك چوونە لای نەخۆش یان مردوو، شتی چاك بڵێن، چونکە فریشتەکان ئامین بۆنزاکانتان دەکەن، وتی: کاتێ کە (ابو سلمە) وەفاتی کرد، چوم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) ، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ابو سلمە) کۆچی دوایی کرد، ئەویش

فەرمووی، بڵێ: ((خوایە لەمنیش و لەویش خۆش ببە و عاقیبەتێکی باش بەدوایدابێنە)). (ام سلمه) (﵂) دەڵێ: منیش ئەوەم وت، ئەوەتە خوا لەو چاکتری پێ بەخشیم کە (محمد)ە (ﷺ).

(٣) لاالەالاالله بدرێت بەگوێی ئەو کەسانەدا کەلە سەرەمەرگدان

٤٤٨ـ عن أبي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ)).

(ابو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی:

((لاالەالاالله بدەن بەگوێی مردووەکانتاندا)). واتە: ئەوانەی کەلە سەرەمەرگدان.

(٤) هەرکەسێ حەزبەدیداری خوا بکات خواش حەزبە دیداری ئەو دەکات

٤٤٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللَّهِ أَحَبَّ اللَّهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللَّهِ كَرِهَ اللَّهُ لِقَاءَهُ)). فَقُلْتُ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، أَكَرَاهِيَةُ الْمَوْتِ؟ فَكُلُّنَا نَكْرَهُ الْمَوْتَ. فَقَالَ: ((لَيْسَ كَذَلِك، وَلَكِنَّ الْمُؤْمِنَ إِذَا بُشِّرَ بِرَحْمَةِ اللَّهِ وَرِضْوَانِهِ وَجَنَّتِهِ أَحَبَّ لِقَاءَ اللَّهِ، فَأَحَبَّ اللَّهُ لِقَاءَهُ. وَإِنَّ الْكَافِرَ إِذَا بُشِّرَ بِعَذَابِ اللَّهِ وَسَخَطِهِ، كَرِهَ لِقَاءَ اللَّهِ وَكَرِهَ اللَّهُ لِقَاءَهُ)).

[وَفِي رواية عَنْ شُرَيْحِ بْنِ هَانِئٍ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللَّهِ أَحَبَّ اللَّهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللَّهِ، كَرِهَ اللَّهُ لِقَاءَهُ)). قَالَ: فَأَتَيْتُ عَائِشَةَ فَقُلْتُ: يَا أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ، سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ يَذْكُرُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حَدِيثًا، إِنْ كَانَ كَذَلِكَ فَقَدْ هَلَكْنَا. فَقَالَتْ: إِنَّ الْهَالِكَ مَنْ هَلَكَ بِقَوْلِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَمَا ذَاكَ؟ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللَّهِ أَحَبَّ اللَّهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللَّهِ كَرِهَ اللَّهُ لِقَاءَهُ)) وَلَيْسَ مِنَّا أَحَدٌ إِلَّا وَهُوَ يَكْرَهُ الْمَوْتَ؟ فَقَالَتْ: قَدْ قَالَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَلَيْسَ بِالَّذِي تَذْهَبُ إِلَيْهِ، وَلَكِنْ إِذَا شَخَصَ الْبَصَرُ، وَحَشْرَجَ الصَّدْرُ، وَاقْشَعَرَّ الْجِلْدُ، وَتَشَنَّجَتِ الْأَصَابِعُ، فَعِنْدَ ذَلِكَ مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللَّهِ أَحَبَّ اللَّهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللَّهِ كَرِهَ اللَّهُ لِقَاءَهُ]. [بخاري/ الرقاق/ ٦١٤٢]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: ((پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (هەرکەس حەزبە دیداری خوا بکات خوایش حەزبە دیداری ئەو دەکات، هەرکەسیش حەزبە دیداری خوا نەکات، خواش حەز بەدیداری ناکات)). منیش وتم: باشە ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا حەزنەکردن لە مردن ئەوە دەگەیەنیت؟ کەسمان حەز لەمردن ناکەین؟

فەرموی: ((ئەوە، وانیە، بەڵکو کاتێك ئیماندار مژدەی ڕەحمەت و ڕەزامەندی و بەهەشتی خوایی پێ دەدرێت، حەز بەدیداری خوا دەکات، خواش حەز بەدیداری ئەو دەکات، کافریش کاتێ مژدەی سزا و قینی خوای دەدرێتێ حەزبە دیداری خوا ناکات و خواش چارەی ئەوی ناوێت)). لەڕیوایەتی (شریح ی کوڕی هانی)دا هاتووە کە (ابو هریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەوەی حەزبەدیداری خوا بکات خواش حەزبەدیداری دەکات، ئەوەش حەز بەدیداری ناکات، خواش حەزبە دیداری ئەو ناکات)). (شریح) دەڵێت: (منیش چووم بۆلای عائشە و پێم وت: ئەی دایکی ئیمانداران گوێم لە (ابوهریرە) وە بوو فەرمودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕایەوە، جا ئەگەر وابێت، ئەوە هەمومان تیاچووین، ئەویش ووتی: تیاچوو ئەو کەسەیە کەبە گوفتاری پێغەمبەر (ﷺ) تیابچێت.

-ئەو گوفتارە کامەیە؟ (شریح) دەڵێ: ((ئەوەی حەزبەدیداری خوا بکات خواش حەزبەدیداری دەکات، ئەوەش حەز بەدیداری ناکات، خواش حەزبە دیداری ناکات)) کەسیشمان نیە ڕقی لەمردن نەبێت. عائشە وتی: ڕاستە پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی فەرمووە، بەلام بەو شێوەیە نیە تۆبۆی دەچیت، بەڵکو ئەمە ئەو کاتەیە کەچاو ئەبڵەق دەبێت، هەناسە سوار دەبێت، موچرکە بە پێستدا دێت، پەنجەکان گرژ دەبن، ئالەو کاتەدا، ئەوەی حەزبە دیداری خوا دەکات، خواش حەز بەدیداری دەکات، ئەوەش حەز بەدیداری ناکات خواش حەزبە دیداری ناکات.

(٥)گومانباشی بەخوای گەورە لەسەرە مەرگدا

٤٥٠ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) قَبْلَ وَفَاتِهِ بِثَلَاثٍ يَقُولُ: ((لَا يَمُوتَنَّ أَحَدُكُمْ إِلَّا وَهُوَ يُحْسِنُ بِاللَّهِ الظَّنَّ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: سێ ڕۆژ پێش وەفاتی لەپێغەمبەرم بیست (ﷺ) دەیفەرموو: ((باهەرکەسێکتان دەمرێت گومانی باش بەخوای گەورە ببات)).

(٦) چاولێکنانی مردوو.. نزاکردن بۆی لەکاتی سەرەمەرگدا.

٤٥١ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) قَالَتْ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى أَبِي سَلَمَةَ وَقَدْ شَقَّ بَصَرُهُ فَأَغْمَضَهُ. ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ)). فَضَجَّ نَاسٌ مِنْ أَهْلِهِ، فَقَالَ: ((لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلَّا بِخَيْرٍ، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا

تَقُولُونَ، ثُمَّ قَالَ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي سَلَمَةَ، وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ، وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ الْعَالَمِينَ، وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ)).

(ام سلمه) (﵂) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلای (ابوسلمه) چاوی کرابۆوە، چاوەکانی لێکنان و فەرموی: ((کاتێ گیان دەردەچێت چاو لەدوای دەڕوانێت)). هەندێ لە خزمانی دەنگی (گریانیان) لێ بەرزبویەوە، فەرمووی: ((نزای خێر نەبێت لە خۆتانی مەکەن چونکە فریشتەکان آمین بۆ نزاکانتان دەکەن)). ئینجا فەرمووی: ((خوایە لە (ابوسلمه) خۆش ببە، پلەو پایەی لە ریزی هیدایەتدراواندا بەرز بکەرەوە، خۆت سەرپەرشتی ئەو نەوانەی بکە کە لەدوای بەجێ ماون، لە ئێمەش و لەویش خۆش ببە ئەی پەروەردگاری جیهانەکان، گۆڕەکەشی بۆ فراوان و گوشاد و ڕوناك بکە)).

(٧) داپۆشینی مردوو

٤٥٢- عن عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ (﵂) قَالَتْ: سُجِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ مَاتَ بِثَوْبٍ حِبَرَةٍ. [بخاري/ اللباس/ ٤٧٧]

عائشه (﵂) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد بە پارچە قوماشێکی سەوز داپۆشرا.

٨-گیانی باوەڕداران و گیانی بێ باوەڕان

٤٥٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: إِذَا خَرَجَتْ رُوحُ الْمُؤْمِنِ تَلَقَّاهَا مَلَكَانِ يُصْعِدَانِهَا، قَالَ حَمَّادٌ: فَذَكَرَ مِنْ طِيبِ رِيحِهَا وَذَكَرَ الْمِسْكَ، قَالَ: وَيَقُولُ أَهْلُ السَّمَاءِ: رُوحٌ طَيِّبَةٌ، جَاءَتْ مِنْ قِبَلِ الْأَرْضِ، صَلَّى اللَّهُ عَلَيْكِ وَعَلَى جَسَدٍ كُنْتِ تَعْمُرِينَهُ. فَيُنْطَلَقُ بِهِ إِلَى رَبِّهِ عَزَّ وَجَلَّ. ثُمَّ يَقُولُ: انْطَلِقُوا بِهِ إِلَى آخِرِ الْأَجَلِ. قَالَ: وَإِنَّ الْكَافِرَ إِذَا خَرَجَتْ رُوحُهُ، قَالَ حَمَّادٌ: وَذَكَرَ مِنْ نَتْنِهَا وَذَكَرَ لَعْنًا، وَيَقُولُ أَهْلُ السَّمَاءِ: رُوحٌ خَبِيثَةٌ جَاءَتْ مِنْ قِبَلِ الْأَرْضِ، قَالَ: فَيُقَالُ: انْطَلِقُوا بِهِ إِلَى آخِرِ الْأَجَلِ، قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: فَرَدَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَيْطَةً كَانَتْ عَلَيْهِ عَلَى أَنْفِهِ هَكَذَا.

(ابوهریره) ﷺ دەڵێ: کاتێ گیانی ئیماندار دەردەچێت، دوو فریشتە پێشوازی لێ دەکەن و بەرزی دەکەنەوە (حماد کە یەکێکە لە ڕاویەکان) دەڵێ: جا باسی بۆنخۆشی و باسی میسکی کرد (کەلەو گیان و ڕۆحە پاکەوە دەبیسرێت) بۆیە نیشتەجێکانی ئاسمان دەڵێن: گیانێکی پاك و چاکە و لە

زەویەوە هاتووە. دەك ڕەحمەتی خوات لێ بێت، لەسەر ئەو لاشەیەش كە بەتۆ ئاوەدان بوو. ئەوسا دەبرێت بۆ لای پەروەردگاری ئەویش دەفەرموێت: ((بیبەن بۆ ئەوپەڕی شوێنی دیاری كراوی خۆی)). كافریش كە گیانی دەردەچێت (حماد) دەڵێت (ابوهریرە) باسی بۆگەنی كردو نەفرینیشی لێ كرد، خەڵكی ئاسمان دەڵێن: گیانێكی پیسە لە زەویەوە هاتووە، ئینجا فەرمان دەدرێت: بیبەن بۆ ئەوپەڕی ئەو شوێنەی كە بۆی دیاری كراوە. جا (ابوهریرە) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پارچە قوماشێكی بەسەر شانەوە بوو لوتی خۆی پێ گرت.

(٩) دان بەخۆداگرتن لەسەرەتای بەڵاوە

٤٥٤- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَتَى عَلَى امْرَأَةٍ تَبْكِي عَلَى صَبِيٍّ لَهَا، فَقَالَ لَهَا: ((اتَّقِي اللَّهَ وَاصْبِرِي)). فَقَالَتْ: وَمَا تُبَالِي بِمُصِيبَتِي. فَلَمَّا ذَهَبَ قِيلَ لَهَا: إِنَّهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَخَذَهَا مِثْلُ الْمَوْتِ، فَأَتَتْ بَابَهُ فَلَمْ تَجِدْ عَلَى بَابِهِ بَوَّابِينَ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لَمْ أَعْرِفْكَ، فَقَالَ: ((إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ أَوَّلِ صَدْمَةٍ)). أَوْ قَالَ: ((عِنْدَ أَوَّلِ الصَّدْمَةِ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٢٣]

(انس ی كوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتێكی بینی بەسەر منداڵەكەیدا دەگریا، پێی فەرموو: ((لەخوا بترسە و دان بەخۆتدا بگرە)). ژنەكە وتی: دیارە تۆ لێقەومانەكەی منت لا گرنگ نییە!!، كە پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆیشت پێیان وت: ئەوە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ). ئافرەتەكە لەهۆش خۆی چوو وەك مردووی لێهات، پاشان خۆی گەیاندە دەرگاكەی، دەرگاوانی لەدەرگاكەیدا نەبینی وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نەمناسیت.. ئەویش فەرموی: ((دان بەخۆدا گرتن دەبێ لەسەرەتای بەڵاوە بێت)).

(١٠) پاداشتی ئەو كەسەی كە منداڵی دەمرێت و بەتەمای پاداشتی خوایە.

٤٥٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ لِنِسْوَةٍ مِنَ الْأَنْصَارِ: لَا يَمُوتُ لِإِحْدَاكُنَّ ثَلَاثَةٌ مِنَ الْوَلَدِ، فَتَحْتَسِبَهُ، إِلَّا دَخَلَتِ الْجَنَّةَ)). فَقَالَتِ امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ: أَوِ اثْنَيْنِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((أَوِ اثْنَيْنِ)). [وبإسناد آخر عنه مرفوعاً: ((لا يموت لأحد من المسلمين ثلاثة من الولد فتمسه النار، إلاّ تَحِلَة القسم))]. [بخاري/ الجنائز/ ١١٩٣،١١٩٢]

(ابو هریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەهەندێ لە ئافرەتانی (انصار)ی فەرموو ((هەرکەسێك لە ئێوە سێ منداڵی بمرێت و ڕازی بێت بەفەرمانی خوا و بەئومێدی پاداشت بێت دەچێتە بەهەشتەوە)). ئافرەتێکیان وتی: ئەی ئەگەر دوانیش بن ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرمووی: ((بادوانیش بن)). لەرێگەیەکی ترەوە هەر (ابوهریرە) دەیگەیەنێ بە پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرمویەتی: ((هیچ موسڵمانێك نییە سێ منداڵی بمرێت و ئاگری بەرکەوێت مەگەر بۆ ناوی سوێند)) [کە مەبەست ئەم ئایەتەیە]... ﴿وان منكم الاواردها﴾ مریم/١٧. واتە: هیچ کەسێك لەئێوە نییە کە ئاگری دۆزەخ نەبینێت و بەسەریا تێنەپەڕێت.

(١١) لەکاتی لێقەوماندا چی دەوترێت

٤٥٦ـ عن أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) قالت: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ تُصِيبُهُ مُصِيبَةٌ فَيَقُولُ: إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ، اللَّهُمَّ أْجُرْنِي فِي مُصِيبَتِي، وَأَخْلِفْ لِي خَيْرًا مِنْهَا، إِلَّا أَجَرَهُ اللَّهُ فِي مُصِيبَتِهِ وَأَخْلَفَ لَهُ خَيْرًا مِنْهَا)). قَالَتْ: فَلَمَّا تُوُفِّيَ أَبُو سَلَمَةَ قُلْتُ كَمَا أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْلَفَ اللَّهُ لِي خَيْرًا مِنْهُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ).

(ام سلمە) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو: ((هەرکەسێك توشی بەڵایەك بێت و بڵێت: (انا لله وانا اليه راجعون)). ﴿ئێمە هەر خوا خاوەنمانە و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە﴾. خوایە پاداشتم بدەرەوە لەسەر ئەو بەڵایەی توشم هاتوە و چاکتر لەوەی لێت سەندوم پێم ببەخشە، خوا پاداشتی چاکتری دەداتەوە و چاکتری پێ دەبەخشێت (ام سلمە) دەڵێت: کاتێ (ابوسلمە) وەفاتی کرد، من ئەوەم وت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدام، ئیتر ئەوە بوو خوای گەورە هاوسەری لەو چاکتری یێ بەخشیم کە پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

(١٢) گریان لەسەر مردوو

٤٥٧ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: اشْتَكَى سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ شَكْوَى لَهُ فَأَتَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَعُودُهُ مَعَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ وَسَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ)، فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ وَجَدَهُ فِي غَشِيَّةٍ فَقَالَ: ((أَقَدْ قَضَى)). قَالُوا: لَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَبَكَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا رَأَى الْقَوْمُ بُكَاءَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)

بَكَوْا، فَقَالَ: ((أَلَا تَسْمَعُونَ؟ إِنَّ اللَّهَ لَا يُعَذِّبُ بِدَمْعِ الْعَيْنِ، وَلَا بِحُزْنِ الْقَلْبِ، وَلَكِنْ يُعَذِّبُ بِهَذَا –وَأَشَارَ إِلَى لِسَانِهِ– أَوْ يَرْحَمُ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٤٢]

(عبدالله کوڕی عمر) (ﷺ) دەڵێ: (سعدی کوڕی عبادە) ناساغیەکی هەبوو پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ (عبدالرحمن کوڕی عوف و سعدی کوڕی ابی وقاص و عبدالله ی کوڕی مەسعود) (ﷺ)، چون بۆ سەردانی، کاتێ کە چونە ژورەوە بۆلای لەهۆش خۆی چووبوو، فەرمووی: ((ئایا تەوابوو)) وتیان: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ). پێغەمبەر (ﷺ) دەستی کرد بەگریان ، کاتێ خەڵکەکە گریانی پێغەمبەری خوایان بینی، هەمو دەستیان کرد بە گریان پاشان فەرموی: ((ئایا نەتان بیستووە کە خوا سزا نادات لەسەر فرمێسکی چاو، لەسەر غەمباری دڵ، بەڵکو بەهۆی ئەمەوە سزا دەدات –ئامازەی بۆ زمانی کرد– یان ڕەحم دەکات)).

(١٣) هەڕەشە لەسەر شین و شەپۆڕ

٤٥٨- عن أَبي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيَّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ، لَا يَتْرُكُونَهُنَّ: الْفَخْرُ فِي الْأَحْسَابِ، وَالطَّعْنُ فِي الْأَنْسَابِ، وَالْاسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ، وَالنِّيَاحَةُ. وَقَالَ: النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا، تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ)).

(ابو مالك الاشعری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((چوار شت لەناو ئوممەتمدا هەیە لەکرداری سەردەمی نەفامین و (ئافرەتان) دەست بەرداری نابن: خۆ هەڵکێشان بەڕەچەڵەك و بنەماڵە، تانە و تەشەر لە تیرە و تایفە، بەتەمابوونی باران بە هۆی ئەستێرەکانەوە، شین و شەپۆڕ لەکاتی لێقەوماندا.

هەروەها فەرمویەتی: ((ئەو ژنەی دەلاوێتەوە ئەگەر پێش مەرگی تەوبە نەکات لە ڕۆژی قیامەتدا کە زیندوو دەکرێتەوە، کراسێکی قەتران و گەڕ لەشی دادەپۆشێت وەك زرێپۆشی لەبەردا بێت)).

(١٤) لەئێمە نییە ئەوەی یەخەی خۆی دەدڕێ و لە ڕومەتی خۆی دەدا و..

٤٥٩ـ عَنْ عَبْدِ اللهِ بنِ مسعود (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ، أَوْ شَقَّ الْجُيُوبَ، أَوْ دَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ)). وفي لفظ: ((وَشَقَّ... وَدَعَا)) بِغَيْرِ أَلِفٍ. [بخاري/ الجنائز/ ١٢٣٥]

(عبدالله ی کوڕی مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((لە ئێمە نییە ئەوەی لە ڕومەتی خۆی دەدا یان یەخەی خۆی دادەڕێت، یاخود دەنگ و هاواری لێ بەرز دەبێتەوە وەك سەردەمی نەفامی)).

(١٥) مردوو ئازار دەدرێت بەهۆی گریانی زیندووانەوە

٤٦٠ـ عَنْ عَمْرَةَ بِنْتِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ (ﷺ): أَنَّهَا سَمِعَتْ عَائِشَةَ (ﷺ) -وَذُكِرَ لَهَا أَنَّ عَبْدَ اللهِ بْنَ عُمَرَ يَقُولُ: إِنَّ الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ الْحَيِّ- فَقَالَتْ عَائِشَةُ: يَغْفِرُ اللهُ لِأَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ، أَمَا إِنَّهُ لَمْ يَكْذِبْ، وَلَكِنَّهُ نَسِيَ أَوْ أَخْطَأَ، إِنَّمَا مَرَّ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَلَى يَهُودِيَّةٍ يُبْكَى عَلَيْهَا، فَقَالَ: ((إِنَّهُمْ لَيَبْكُونَ عَلَيْهَا، وَإِنَّهَا لَتُعَذَّبُ فِي قَبْرِهَا)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٢٧]

(عەمرەی کچی عبدالرحمن) بیستویەتی لە عائشە، کە بۆیان باس کردوە کە (عبدالله ی کوڕی عومەر) وتویەتی : مردوو سزادەدرێت بەگریانی زیندو عائشە وتی: خوا لە (ابوعبدالرحمن) خۆش بێت، خۆ درۆشی نەکردوە بەڵکو یان بیری چووە، یان هەڵەی کردووە، ئەگینا پێغەمبەر (ﷺ) بەلای [گۆڕی] ژنە جولەکەیەکدا تێپەڕیوە، بەسەریەوە دەگریان، بۆیە فەرمووی ((ئەوانە دەگرین لەسەری، لە حاڵێکدا ئەو لە گۆڕەکەیدا سزا دەدرێت)).

(١٦) مردوو، یان خۆی ئاسودە دەبێت یان..

٤٦١ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ بْنِ رِبْعِيٍّ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ يُحَدِّثُ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) مُرَّ عَلَيْهِ بِجَنَازَةٍ، فَقَالَ: ((مُسْتَرِيحٌ وَمُسْتَرَاحٌ مِنْهُ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ، مَا الْمُسْتَرِيحُ وَالْمُسْتَرَاحُ مِنْهُ؟ فَقَالَ: ((الْعَبْدُ الْمُؤْمِنُ يَسْتَرِيحُ مِنْ نَصَبِ الدُّنْيَا، وَالْعَبْدُ الْفَاجِرُ يَسْتَرِيحُ مِنْهُ الْعِبَادُ وَالْبِلَادُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٤٧]

(ابو قتادەی کوڕی ڕوبعی) (ﷺ) باسی ئەوەی کردووە کە: جارێکیان جەنازەیەك بەلای پێغەمبەردا (ﷺ) برا، فەرموی: ((ئەوە ئاسودەیە و ئاسودەن

لەدەستی)).. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) : ئاسودەیە و ئاسودەن لەدەستی یانی چی؟!

فەرموی: ((بەندەی ئیماندار لەدەست کێشەو ناخۆشیەکانی دنیا ڕزگاری دەبێت و ئاسودیە، بەندەی تاوانکاریش خەڵکی وولات و دار و درەخت و ئاژەڵ لەدەستی ئاسودە دەبن)).

(١٧) شۆردنی مردوو

٤٦٢- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (ﷺ) قَالَتْ: لَمَّا مَاتَتْ زَيْنَبُ بِنْتُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اغْسِلْنَهَا وِتْرًا: ثَلَاثًا أَوْ خَمْسًا، وَاجْعَلْنَ فِي الْخَامِسَةِ كَافُورًا، أَوْ: شَيْئًا مِنْ كَافُورٍ، فَإِذَا غَسَلْتُنَّهَا فَأَعْلِمْنَنِي)). قَالَتْ: فَأَعْلَمْنَاهُ، فَأَعْطَانَا حَقْوَهُ وَقَالَ: ((أَشْعِرْنَهَا إِيَّاهُ)). [بخاري/ الجنائز/ ١١٩٥]

((ام عطيه)) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ (زينب)ی کچی پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) پێی وتین: ((باشتنەکەی تاك بێت سێ، یان پێنج جار، لە پێنجەمدا کافور لەسەر لاشەی دانێن، یان کەمێك کافور، جاکاتی لەشتنی بونەوە ئاگادارم بکەن)). (ام عطيه) دەڵێ :ئێمەش ئاگادارمان کرد، ئەویش پەشتە ماڵێکی داینێ و فەرموی: (لەشی پێ داپۆشن).

(١٨) کفنی مردوو

٤٦٣- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كُفِّنَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي ثَلَاثَةِ أَثْوَابٍ بِيضٍ، سَحُولِيَّةٍ مِنْ كُرْسُفٍ، لَيْسَ فِيهَا قَمِيصٌ وَلَا عِمَامَةٌ، أَمَّا الْحُلَّةُ فَإِنَّمَا شُبِّهَ عَلَى النَّاسِ فِيهَا أَنَّهَا اشْتُرِيَتْ لَهُ لِيُكَفَّنَ فِيهَا، فَتُرِكَتِ الْحُلَّةُ، وَكُفِّنَ فِي ثَلَاثَةِ أَثْوَابٍ بِيضٍ سَحُولِيَّةٍ، فَأَخَذَهَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي بَكْرٍ، فَقَالَ: لَأَحْبِسَنَّهَا حَتَّى أُكَفِّنَ فِيهَا نَفْسِي، ثُمَّ قَالَ: لَوْ رَضِيَهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لِنَبِيِّهِ (ﷺ) لَكَفَّنَهُ فِيهَا، فَبَاعَهَا وَتَصَدَّقَ بِثَمَنِهَا. [بخاري/ الجنائز/ ١٢٠٥]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەسێ بەرگی سپی کفنی بەبالاَبڕا کە لە لۆکە دروست کرابوون، نەکراس و نەمێزەری تیا نەبوو، ئەودوو پارچە قوماشەش کە لەیەك دەچن و خەڵکی مردووی خۆیانی پێ کفن دەکەن، ئەویشیان بۆ کڕی تا کفن بکرێت تێیدا، بەڵام لەوەدا کفن نەکرا، بەڵکو لەسێ بەرگە سپیەدا کفن کرا کە لە لۆکە دوست کرابوو، ئیتر دوپارچە قوماشەکە (عەبدوڵڵای کوڕی ابوبکر) هەڵی گرت و وتی: ئەمە هەڵدەگرم بۆ خۆم تاتیایدا

کفن بکرێم، پاشانیش وتی ئەگەر خوا ڕازی لەسەر بوایە کە بۆ پێغەمبەرەکەی بێت، ئەوە تیایدا کفن دەکرا، ئیتر فرۆشتی و پارەکەی کرد بەخێر.

(١٩) کفن دەبێ بەتەواوی بکرێت

٤٦٤ـ عن جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللّه (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) خَطَبَ يَوْمًا، فَذَكَرَ رَجُلًا مِنْ أَصْحَابِهِ قُبِضَ فَكُفِّنَ فِي كَفَنٍ غَيْرِ طَائِلٍ، وَقُبِرَ لَيْلًا، فَزَجَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَنْ يُقْبَرَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ حَتَّى يُصَلَّى عَلَيْهِ، إِلَّا أَنْ يُضْطَرَّ إِنْسَانٌ إِلَى ذَلِكَ، وَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِذَا كَفَّنَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُحَسِّنْ كَفَنَهُ)).

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك وتاری داو باسی پیاوێك لە هاوەڵانی کردکە وەفاتی کردووە و کفنێکی ناتەواوی بۆ کراوە و لەشەودا نێژراوە، پێغەمبەر (ﷺ) بەتوندی قەدەغەی ئەوەی کردوو فەرموی: ((نابێت هیچ کەسێك بەشەو بنێژرێت، تا نوێژی لەسەر دەکرێت، مەگەر کەسێك ناچاربێت)) هەروەها فەرمویەتی: ((ئەگەر کەسێك لە ئێوە کفنی بۆ براکەی ئامادەکرد، بابەچاکی و تێر و تەواوی بیکات)).

(٢٠) پەلەکردن لە بەڕێ کردنی تەرمدا

٤٦٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((أَسْرِعُوا بِالْجَنَازَةِ، فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ -[لَعَلَّهُ قَالَ] تُقَدِّمُونَهَا عَلَيْهِ، وَإِنْ تَكُ غَيْرَ ذَلِكَ فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٥٢]

(ابو هریرە) ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((پەلەبکەن لەبردنی جەنازەدا، ئەگەر چاك و خواناس بێت، ئەوە زوو بەخۆشی و شادی دەگەیەنن، بەڵام ئەگەر وانەبوو، ئەوە شەڕ و خراپەیەکە لە کۆڵی خۆتانی دەکەنەوە)).

(٢١) قەدەغەکردنی ئافرەتان لە شوێنکەوتنی جەنازە

٤٦٦ـ عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (ﷺ) قالت: كُنَّا نُنْهَى عَنِ اتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ، وَلَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا. [بخاري/ الجنائز/ ١٢١٩]

(ام عطیە) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە ڕێگریمان لێ دەکرا لە شوێنکەوتنی جەنازە بەڵام زۆر جەختیشی لەسەر نەدەکرا.

(٢٢) هەستان لەبەر جەنازە

٤٦٧ ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: مَرَّتْ جَنَازَةٌ، فَقَامَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقُمْنَا مَعَهُ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهَا يَهُودِيَّةٌ! فَقَالَ: ((إِنَّ الْمَوْتَ فَزَعٌ، فَإِذَا رَأَيْتُمُ الْجَنَازَةَ فَقُومُوا لَهَا)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٤٩]

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: جەنازەیەك تێپەڕی، پێغەمبەر (ﷺ) هەستا لەبەری و ئێمەش هەستاین و وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە ئافرەتێکی جولەکەیە، فەرمووی: ((بەڕاستی مردن سامناکە، ئەگەر جەنازەتان بینی هەستن لەبەری)).

(٢٣) سڕینەوەی هەڵسان بۆ جەنازە

٤٦٨ـ عن عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَامَ فَقُمْنَا، وَقَعَدَ فَقَعَدْنَا. يَعْنِي فِي الْجَنَازَةِ.

(علی) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە بینیمان پێغەمبەر (ﷺ) هەڵدەستا، ئێمەش هەڵدەستاین، دادەنیشت، ئێمەش دادەنیشتین بۆ جەنازە.

(٢٤) جێگەی وەستانی (امام) لە نوێژی مردودا

٤٦٩ـ عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّيْتُ خَلْفَ النَّبِيِّ (ﷺ) وَصَلَّى عَلَى أُمِّ كَعْبٍ، مَاتَتْ وَهِيَ نُفَسَاءُ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِلصَّلَاةِ عَلَيْهَا وَسَطَهَا. [بخاري/ / الجنائز/ ١٢٦٧]

(سمرەی کوڕی جندب) (ﷺ) دەڵێ: لەپشت پێغەمبەرەوە (ﷺ) نوێژم کرد لەکاتێکدا کە نوێژی لەسەر (ام کعب) کرد کە بەسەر منداڵەوە وەفاتی کردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی نوێژەکەدا لەناوەڕاستی جەنازەکەدا وەستا.

(٢٥) (تکبیر) لەسەر جەنازە

٤٧٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَعَى لِلنَّاسِ النَّجَاشِيَّ فِي الْيَوْمِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ، فَخَرَجَ بِهِمْ إِلَى الْمُصَلَّى، وَكَبَّرَ أَرْبَعَ تَكْبِيرَاتٍ. [بخاري/ الجنائز/ ١٢٦٨]

(ابو هریره) (ﷺ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەواڵی مەرگی نەجاشی ڕاگەیاند لەو ڕۆژەدا کە تیایدا مردبوو، خەڵکەکەی برد بۆ جێ نوێژەکە و چوارجار (الله اکبر)ی فەرموو.

(٢٦) (الله اكبر) پێنج جاریش هاتووە

٤٧١ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي لَيْلَى قَالَ: كَانَ زَيْدٌ (ﷺ) يُكَبِّرُ عَلَى جَنَائِزِنَا أَرْبَعًا، وَإِنَّهُ كَبَّرَ عَلَى جَنَازَةٍ خَمْسًا، فَسَأَلْتُهُ؟ فَقَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُكَبِّرُهَا.

(عبدالرحمن ی کوڕی ابو لیلی) دەڵێ: (زید) (ﷺ) چوارجار لەسەر جەنازەی ئێمە (الله اكبر)ی دەكرد، جارێكیان لەسەر جەنازەیەك پێنج جار (الله اكبر)ی كرد، منیش پرسیارم لێ كرد، لە وەڵامدا وتی: پێغەمبەر (ﷺ) دەیكردن.

(٢٧) نزا بۆ مردوو

٤٧٢ـ عن عَوْفَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى جَنَازَةٍ، فَحَفِظْتُ مِنْ دُعَائِهِ وَهُوَ يَقُولُ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ، وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ، وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الْأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ، وَأَهْلًا خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ. وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، و مِنْ عَذَابِ النَّارِ)). قَالَ حَتَّى تَمَنَّيْتُ أَنْ أَكُونَ أَنَا ذَلِكَ الْمَيِّتَ.

(عوف ی كوڕی مالك) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر تەرمێك نوێژی كردو نزای كرد، منیش لە نزاكەی ئەمەم لەبەر كرد: ((خوایە گیان لێی خۆش ببە و ڕەحمی پێ بكە، ئاسودەی بكە و چاوپۆشی لێ بكە، ڕێزی بگرەو شوێنی فراوانی پێ ببەخشە، بە ئاو و بەفر و تەرزە بیشۆ، لە گوناه پاكی بكەرەوە هەروەكو چۆن پۆشاكی سپی پاك ئەبێتەوە لە چڵك و پیسی، ماڵ و حاڵێكی چاكتر لەوەی خۆی پێ ببەخشە، كەس و كارێكی چاكتریش لەكەس و كارەكەی، هاوسەرێكی چاكتریش لە هاوسەرەكەی، بیخەرەبەهەشتیشەوە، پەناشی بدە لە سزای گۆڕ و سزای ئاگر)). ئالەو كاتەدا پڕ بەدڵ ئاواتم دەخواست [خۆزگە] ئەو مردوە من بومایە.

(٢٨) نوێژی جەنازە لە مزگەوتدا

٤٧٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّهَا لَمَّا تُوُفِّيَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) أَرْسَلَ أَزْوَاجُ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنْ يَمُرُّوا بِجَنَازَتِهِ فِي الْمَسْجِدِ، فَيُصَلِّينَ عَلَيْهِ، فَفَعَلُوا. فَوُقِفَ بِهِ عَلَى حُجَرِهِنَّ، يُصَلِّينَ عَلَيْهِ، أُخْرِجَ بِهِ مِنْ بَابِ الْجَنَائِزِ الَّذِي كَانَ إِلَى الْمَقَاعِدِ، فَبَلَغَهُنَّ أَنَّ النَّاسَ عَابُوا ذَلِكَ، وَقَالُوا: مَا كَانَتِ الْجَنَائِزُ يُدْخَلُ بِهَا الْمَسْجِدَ! فَبَلَغَ ذَلِكَ عَائِشَةَ، فَقَالَتْ: مَا أَسْرَعَ النَّاسَ إِلَى أَنْ يَعِيبُوا مَا لَا عِلْمَ لَهُمْ بِهِ! عَابُوا عَلَيْنَا أَنْ

يُمَرَّ بِجَنَازَةٍ فِي الْمَسْجِدِ، وَمَا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى سُهَيْلِ بْنِ بَيْضَاءَ إِلَّا فِي جَوْفِ الْمَسْجِدِ.

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ (سعدی کوڕی ابو وقاص) وەفاتی کرد هاوسەرانی پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵیان نارد کە حەزدەکەن سەری جەنازەکەی بدەن و نوێژی لەسەر بکەن، خەڵکەکە ڕێیان پێدان و بردیان لەبەردەم ژوورەکانیاندا [کە دەروازەی لەسەر مزگەوت بوو]. جەنازەکە لەبەردەم ژووری هاوسەراندا وەستێنرا، هاوسەرانی پێغەمبەریش نوێژیان کرد لەسەری، پاشان لە دەرگای تەرم کردنە دەرەوە جەنازەکەیان بردە شوێنێ پێیان دەوت (مقاعد) کە خەڵکی تیایدا دائەنیشتن بۆ ئەنجامدانی کاروباری خۆیان و دەست نوێژ گرتن. هەواڵ گەیشت بە هاوسەران کە خەڵکی ئەمەیان پێ باش نەبوو، وتیان: جاران تەرم بەوجۆرە نەدەبرایە ناو مزگەوت. ئەم هەواڵە گەیشتە عائشة، بۆیە وتی: خەڵکی چەندە پەلە دەکەن لە شتێکدا کە لێی نازانن و عەیبداری دەکەن. ڕەخنەیان لێگرتین کە تەرمێ برایە مزگەوت: لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا لەناو مزگەوتا نوێژی کرد لەسەر سوهەیلی کوڕی بیضاء.

(٢٩) نوێژی مردوو لەسەر گۆڕ

٤٧٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ امْرَأَةً سَوْدَاءَ كَانَتْ تَقُمُّ الْمَسْجِدَ -أَوْ شَابًّا- فَفَقَدَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلَ عَنْهَا -أَوْ عَنْهُ- فَقَالُوا: مَاتَ، [ماتت] قَالَ: ((أَفَلَا كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي)). قَالَ: فَكَأَنَّهُمْ صَغَّرُوا أَمْرَهَا أَوْ أَمْرَهُ، فَقَالَ: ((دُلُّونِي عَلَى [قبرها] قَبْرِهِ)). فَدَلُّوهُ فَصَلَّى عَلَيْهَا، ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ الْقُبُورَ مَمْلُوءَةٌ ظُلْمَةً عَلَى أَهْلِهَا، وَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُنَوِّرُهَا لَهُمْ بِصَلَاتِي عَلَيْهِمْ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٧٢]

(ابو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێکی ڕەش پێست، یا لاوێك گسکی مزگەوتی دەدا، پێغەمبەر (ﷺ) چاوی بۆ گێڕا، دیار نەبو، هەواڵی پرسی، وتیان: مرد. پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((نەدەبوو ئاگادارتان بکردمایە؟)). پێدەچوو ئەوان بەکەمیان زانیبێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((گۆڕەکەیم نیشان بدەن)) ئەوانیش نیشانیان دا، ئەویش نوێژی لەسەر کرد و فەرموی: ((ئەم گۆڕانە پڕن لە تاریکی بۆ نیشتەجێکانی، بێگومان خوای گەورە بە نوێژ کردنی من لەسەریان بۆیان ڕوناك دەکاتەوە)).

(٣٠) خۆکوژیی

٤٧٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: أُتِيَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِرَجُلٍ قَتَلَ نَفْسَهُ بِمَشَاقِصَ، فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْهِ.

(جابری کوڕی سمره) (ﷺ) دەڵێ: جارێك [تەرمی] پیاوێکیان هێنا بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) کە بەتیرێکی دەم پان خۆی کوشتبوو، بەڵام نوێژی لەسەر نەکرد.

(٣١) خێری نوێژی جەنازە و شوێنکەوتنی

٤٧٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ شَهِدَ الْجَنَازَةَ حَتَّى يُصَلِّي عَلَيْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ، وَمَنْ شَهِدَهَا حَتَّى تُدْفَنَ فَلَهُ قِيرَاطَانِ)). قِيلَ وَمَا الْقِيرَاطَانِ؟ قَالَ: ((مِثْلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَيْنِ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٦١]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەوەی بەدیار جەنازەیەکەوە بێت هەتا نوێژی لەسەر دەکرێت قیراتێکی دەست دەکەوێت، ئەوەش شوێنی دەکەوێت هەتا دەینێژن ئەوە دوو قیراتی دەست دەکەوێت)) پرسیاریان کرد: دووقیرات چین؟!. فەرموی: ((وەك دووکەژی گەورە وایە)) [لەسامان و پاداشت]

(٣٢) ئەوەی سەدکەس نوێژی لەسەر بکات

٤٧٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَا مِنْ مَيِّتٍ تُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ مِائَةً -كُلُّهُمْ يَشْفَعُونَ لَهُ- إِلَّا شُفِّعُوا فِيهِ)).

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((هەر مردوویەك سەدکەس نوێژی لەسەر بکەن و هەمووشیان بۆی بپاڕێنەوە-تکایان بۆی گیرا دەبێت)).

(٣٣) ئەوەی چل کەس نوێژی لەسەر بکات

٤٧٨ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّهُ مَاتَ ابْنٌ لَهُ بِقُدَيْدٍ أَوْ بِعُسْفَانَ، فَقَالَ: يَا كُرَيْبُ، انْظُرْ مَا اجْتَمَعَ لَهُ مِنَ النَّاسِ، قَالَ: فَخَرَجْتُ، فَإِذَا نَاسٌ قَدِ اجْتَمَعُوا لَهُ، فَأَخْبَرْتُهُ. فَقَالَ: تَقُولُ: هُمْ أَرْبَعُونَ؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: أَخْرِجُوهُ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلًا، لَا يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا، إِلَّا شَفَّعَهُمُ اللَّهُ فِيهِ)).

(ابن عباس) (ﷺ) کوڕێکی لە (قدید) یان (عسفان)[1] مرد، وتی: (کریب) سەیرکە" بزانە چەند کەس کۆبونەتەوە لەسەری، منیش چووم بینیم خەڵکێك کۆبونەتەوە لەدەوری هەواڵەکەم بۆ بردەوە وتی: تۆ دەڵێی چل کەسێك دەبن؟

وتم: بەڵێ، وتی: بیهێنە دەرەوە، چونکە من لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە کە فەرمویەتی: ((هەرکەسێکی موسڵمان بمرێت و چل کەس ئامادەی کفن کردن و ناشتنی بن و نوێژی لەسەر بکەن لەوانەی کە هیچ هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار نادەن، خوای گەورە تکایان گیرا دەکات بۆی)).

(٣٤) باسی چاکەو خراپەی مردوو.

٤٧٩ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: مُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا خَيْرًا، فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ)). وَمُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا شَرًّا، فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ)). قَالَ عُمَرُ: فِدًى لَكَ أَبِي وَأُمِّي، مُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا خَيْرٌ، فَقُلْتَ: وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ. وَمُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأُثْنِيَ عَلَيْهَا شَرٌّ، فَقُلْتَ: وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ خَيْرًا وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ، وَمَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ شَرًّا وَجَبَتْ لَهُ النَّارُ. أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ، أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللَّهِ فِي الْأَرْضِ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٣٠١]

(انس ی کوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: جەنازەیەك برا (ئیمانداران) بەباشی ناویان هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو))، جەنازەیەکی تریشیان برد (ئیمانداران) بەباشی ناویان نەهێنا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو)) (عمر) (ﷺ) وتی: دایك و باوکم بەقوربانت بێت: جەنازەیەك براو بەباشی ناوی برا فەرمووت: مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو. جەنازەیەکی تر هێنرا بە خراپی ناوی برا، فەرموت: مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو، مسۆگەر بوو. پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئەوەی ئێوە بەچاکی ناوی ببەن ئەوە بەهەشتی بۆ مسۆگەرە، ئەوەش وەسفی بەخراپە دەکەن، ئەوە دۆزەخی بۆ مسۆگەرە، ئێوە شایەتی خوای گەورەن لە زەویدا)).

---

[1] دووشوێنن لە نێوان مەککە و مەدینەدا..

(٣٥) بەسواریی ڕۆشتن لەگەڵ جەنازەدا

٤٨٠ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى ابْنِ الدَّحْدَاحِ، ثُمَّ أُتِيَ بِفَرَسٍ عُرْيٍ، فَعَقَلَهُ رَجُلٌ فَرَكِبَهُ، فَجَعَلَ يَتَوَقَّصُ بِهِ وَنَحْنُ نَتَّبِعُهُ نَسْعَى خَلْفَهُ، قَالَ: فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((كَمْ مِنْ عِذْقٍ مُعَلَّقٍ أَوْ مُدَلًّى فِي الْجَنَّةِ لِابْنِ الدَّحْدَاحِ)).

(جابری کوڕی سمره) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی کرد لەسەر (ابن الدحداح) پاشان ئەسپێکی پشت ڕووت هێنرا و پیاوێك جڵەوی گرت، پێغەمبەر (ﷺ) سواری ئەسپەکە بوو، ئەسپەکەش لۆقەی دەکرد، ئێمەش بە شوێنیەوە بوین و بەپەلە بەدوایدا دەڕۆیشتین (جابر) دەڵێ: یەکێك لەو خەڵکە وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((چەندەها هێشوی هەڵواسراوو شۆڕبۆوە لە بەهەشتدا بۆ (ابن الدحداح) [ئامادەیە].

(٣٦) قەیفە لەناو قەبردانان

٤٨١ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: جُعِلَ فِي قَبْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَطِيفَةٌ حَمْرَاءُ.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: لەناو ئارامگاکەی پێغەمبەردا (ﷺ) قەیفەیەکی سور دانرا.

(٣٧) کەندر و خشت هەڵچنین لەسەر مردوو

٤٨٢ـ عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدٍ: أَنَّ سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ فِي مَرَضِهِ الَّذِي هَلَكَ فِيهِ: الْحَدُوا لِي لَحْدًا، وَانْصِبُوا عَلَيَّ اللَّبِنَ نَصْبًا، كَمَا صُنِعَ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ).

(عامری کوڕی سعد) دەڵێ: (سعدی کوڕی ابو وقاص) لەکاتی ئەو نەخۆشیەیدا کە وەفاتی تیاکرد وتی: کەندرێکم بۆ لێ بدەن و خشتم لەسەر دابنێن، هەروەکو چۆن بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرا.

(٣٨) فەرمان کردن بەتەخت کردنی گۆڕ

٤٨٣ـ عَنْ أَبِي الْهَيَّاجِ الْأَسَدِيِّ قَالَ: قَالَ لِي عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ): ((أَلَا أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): أَنْ لَا تَدَعَ تِمْثَالًا إِلَّا طَمَسْتَهُ، وَلَا قَبْرًا مُشْرِفًا إِلَّا سَوَّيْتَهُ.

(ابو هیاج الاسدی) دەڵێ: (علی کوڕی ابو طالب) (ﷺ) پێی وتم: ئایا نەتنێرم بۆ کارێك کە پێغەمبەر (ﷺ) منی بۆ نارد؟ هیچ پەیکەرێك مەهێڵە و

هەمووی تەفر و تونا بکە، هەرچی گۆڕی قوت کراوەش هەیە، هەمووی تەخت بکە.

(٣٩) ناپەسەندی بینا لەسەر گۆڕ و گەچکاری کردنی گۆڕ.

٤٨٤- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يُجَصَّصَ الْقَبْرُ وَأَنْ يُقْعَدَ عَلَيْهِ، وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهِ.

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی ئەوەی کرد کە گۆڕ گەچکاری بکرێت و لەسەری دابنیشن و بینای لەسەر بکرێت.

(٤٠) حاڵی مردوو لە ئێواران و بەیانیاندا

٤٨٥- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا مَاتَ عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ: إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَمِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ، وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَمِنْ أَهْلِ النَّارِ، يُقَالُ: هَذَا مَقْعَدُكَ حَتَّى يَبْعَثَكَ اللَّهُ إِلَيْهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٣١٣]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەس لە ئێوە کە دەمرێت شوێنەکەی لەبەیانیان و ئێواراندا نیشان دەدرێت، ئەگەر لەخەڵکی بەهەشت بێ، ئەوە خەڵکی بەهەشتە، خۆ ئەگەر خەڵکی دۆزەخ بێت، ئەوە خەڵکی دۆزەخە، ئینجا پێی دەوترێت: ئەمە جێگەی تۆیە هەتا ڕۆژی قیامەت خوای گەورە زیندوت دەکاتەوە بۆلای خۆی)).

(٤١) پرسیاری دووفریشتەکە لەکاتی خستنە گۆڕدا.

٤٨٦- عن أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ، وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ، إِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ. [زادَ في الرواية: إذا انصرفوا]. قَالَ: يَأْتِيهِ مَلَكَانِ فَيُقْعِدَانِهِ، فَيَقُولَانِ لَهُ: مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ؟ قَالَ: فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ. قَالَ: فَيُقَالُ لَهُ: ((انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ قَدْ أَبْدَلَكَ اللَّهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الْجَنَّةِ. قَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا)). قَالَ قَتَادَةُ: وَذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ يُفْسَحُ لَهُ فِي قَبْرِهِ سَبْعُونَ ذِرَاعًا، وَيُمْلَأُ عَلَيْهِ خَضِرًا إِلَى يَوْمِ يُبْعَثُونَ. [بخاري/ الجنائز/ ١٢٧٣]

(انس کوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((کاتێ ئادەمیزاد دادەنرێت لە گۆڕەکەیدا و هاوەڵانی بەجێی دەهێڵن، ئەو دەنگی پێڵاوەکانیان دەبیسێت... دووفریشتە دێن و دایدەنیشێنن و دەڵێن: تۆ کاتی

خۆی دەربارەی ئەم پیاوە چیت دەوت؟ ئیماندار دەڵێت: من شایەتی دەدەم کە ئەو بەندە و پێغەمبەری خودایە، ئەوسا پێی دەوترێت: تەماشای جێگەی خۆت بکە لەدۆزەخ دا، خوای گەورە بۆی گۆڕیویت بە جێگەیەکی تر لە بەهەشتدا)). جا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((هەردوکیان دەبینێت)). (قتادە) دەڵێ: بۆمان باسکرا کە گۆڕەکەی بۆ فراوان دەکرێت بە ئەندازەی حەفتا باڵ و بۆی پڕدەکرێت لە سەوزایی تا ئەو ڕۆژەی زیندوو دەکرێتەوە.

(٤٢) دەربارەی ئایەتی (يثبت الله الذين امنوا..)

٤٨٧- عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ﴾ [فَقَالَ]: نَزَلَتْ فِي عَذَابِ الْقَبْرِ، فَيُقَالُ لَهُ: مَنْ رَبُّكَ؟ فَيَقُولُ: رَبِّيَ اللَّهُ، وَنَبِيِّي مُحَمَّدٌ (ﷺ)، فَذَلِكَ قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الْآخِرَةِ﴾ [إبراهيم: ٢٧]. [بخاري/ الجنائز/ ١٣٠٣]

(بەرائی کوڕی عازب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((﴿يثبت الله الذين امنوا بالقول الثابت...﴾ دەربارەی سزای ناوگۆڕ دابەزیوە...کاتێك پێی دەوترێت پەروەردگارت کێیە؟ دەڵێت: پەروەردگارم الله یە و محمدیش (ﷺ) پێغەمبەرمە، جا ئائەوەیە کە خوای گەورە دەربارەی فەرمویەتی ﴿يثبت الله الذين امنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا وفي الاخرة﴾)). ابراهیم٢٧. واتە: خوا ئیماندار پابەند و پایەدار دەکات لەسەر بەڵێن و گوفتاری دامەزراو و پایەدار لە ژیانی دونیا ولە قیامەتیشدا..

(٤٣) پەناگرتن لە سزای گۆڕ

٤٨٨- عن زَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا النَّبِيُّ (ﷺ) فِي حَائِطٍ لِبَنِي النَّجَّارِ عَلَى بَغْلَةٍ لَهُ، وَنَحْنُ مَعَهُ، إِذْ حَادَتْ بِهِ فَكَادَتْ تُلْقِيهِ، وَإِذَا أَقْبُرٌ سِتَّةٌ أَوْ خَمْسَةٌ أَوْ أَرْبَعَةٌ -قَالَ: كَذَا كَانَ يَقُولُ الْجُرَيْرِيُّ- فَقَالَ: ((مَنْ يَعْرِفُ أَصْحَابَ هَذِهِ الْأَقْبُرِ)). فَقَالَ رَجُلٌ: أَنَا، قَالَ: ((فَمَتَى مَاتَ هَؤُلَاءِ)). قَالَ: مَاتُوا فِي الْإِشْرَاكِ. فَقَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ الْأُمَّةَ تُبْتَلَى فِي قُبُورِهَا، فَلَوْلَا أَنْ لَا تَدَافَنُوا لَدَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُسْمِعَكُمْ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ الَّذِي أَسْمَعُ مِنْهُ)). ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ فَقَالَ: ((تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ النَّارِ)). قَالُوا: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ النَّارِ. فَقَالَ: ((تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ)). قَالُوا: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ. قَالَ: ((تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنَ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ

مِنْهَا وَمَا بَطَنَ)). قَالُوا: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنَ الْفِتَنِ، مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ. قَالَ: ((تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ)). قَالُوا: نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ.

(زید کوڕی ثابت) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) لەباخەکەی (بنو نجاردا) بەسەر هێسترەکەیەوە بوو، ئێمەش لە خزمەتیدا بووین لە پڕ هێسترەکەی سڵەمیەوەو خەریك بوو بیخاتە خوارەوە، سەیرمان کرد شەش یان پێنج یان چوار قەبر [لەو ناوەدابوون]، پێغەمبەر (ﷺ) پرسی ((کێ مردووی ئەم گۆڕانە دەناسێ؟)).

پیاوێك وتی: من.. پێغەمبەر پرسی: ((کەی ئەوانە مردون ؟)) کابرا وتی: لەسەردەمی شیرکدا مردون.. پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((بەڕاستی ئەم خەڵکە توشی سەختی و ناخۆشی دەبن لە گۆڕەکانیاندا، ئەگەرلەبەرئەوە نەبێت کە نەوەکو یەکتر نەنێژن، لەخوا دەپاڕامەوە کەدەنگی سزای ناو گۆڕ وەك من ببیستن)).

پاشان پێغەمبەر (ﷺ) ڕوی تێکردین و فەرموی: ((پەنا بگرن بەخوا لە سزای ئاگر)) هەموو وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لە سزای ئاگر، ئیجا فەرموی: ((پەنا بگرن بەخوا لە سزای ناوگۆڕ)) هەموو وتیان: پەنا دەگرین بە خوا لە سزای ناوگۆڕ، پاشان فەرموی: ((پەنا بگرن بەخوا لە فیتنەی ئاشکرا و پەنهان)). هەموو وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنەی ئاشکرا و پەنهان، لەوەودوا فەرموی: ((پەنا بگرن بەخوا لە فیتنە و ئاشوبی دەجال)) هەموو وتیان: پەنا دەگرین بەخوا لە فیتنە و ئاشوبی دەجال.

(٤٤) سزادانی جوو لە گۆڕەکانیاندا

٤٨٩- عَنْ أَبِي أَيُّوبَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ مَا غَرَبَتِ الشَّمْسُ، فَسَمِعَ صَوْتًا، فَقَالَ: ((يَهُودُ تُعَذَّبُ فِي قُبُورِهَا)). [بخاري/ الجنائز/ ١٣٠٩]

(ابو ایوب) (ﷺ) دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) دوای خۆرئاوابوون چوە دەرەوە گوێی لەدەنگێك بوو، فەرموی: ((ئەوە جولەکەکانن لە گۆڕەکانیاندا سزا دەدرێن)).

(٤٥) دەربارەی سەردانی گۆڕستان و دوعای لێخۆش بوون بۆیان

٤٩٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: زَارَ النَّبِيُّ (ﷺ) قَبْرَ أُمِّهِ، فَبَكَى وَأَبْكَى مَنْ حَوْلَهُ، فَقَالَ (ﷺ): ((اسْتَأْذَنْتُ رَبِّي فِي أَنْ أَسْتَغْفِرَ لَهَا، فَلَمْ يُؤْذَنْ لِي. وَاسْتَأْذَنْتُهُ فِي أَنْ أَزُورَ قَبْرَهَا فَأُذِنَ لِي، فَزُورُوا الْقُبُورَ، فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الْمَوْتَ)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی گۆڕی دایکی کرد، گریا و دەوروبەری گشت کردە گریان، دوایی فەرمووی: ((داوام لە پەروەردگارم کرد کە مۆڵەتم بدات تا داوای لێ خۆشبوون بۆ دایکم بکەم، بەڵام مۆڵەت نەدرام، ئینجا داوای سەردانی گۆڕەکەیم کرد بۆ ئەوە مۆڵەت درام.. جا ئێوەش سەردانی گۆڕستان بکەن، چونکە مردنتان بیردەخاتەوە)).

٤٩١ـ عَنْ بُرَيْدَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (([كنت] نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا، وَنَهَيْتُكُمْ عَنْ لُحُومِ الْأَضَاحِيِّ فَوْقَ ثَلَاثٍ فَأَمْسِكُوا مَا بَدَا لَكُمْ، وَنَهَيْتُكُمْ عَنِ النَّبِيذِ إِلَّا فِي سِقَاءٍ، فَاشْرَبُوا فِي الْأَسْقِيَةِ كُلِّهَا، وَلَا تَشْرَبُوا مُسْكِرًا)).

(بريده) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((من سەردانی گۆڕستانم لێ قەدەغە کردبوون، ئێستە سەردانی بکەن، هەروەها قەدەغەی هەڵگرتنی گۆشتی قوربانیم لێ کردبوون زیاتر لە سێ ڕۆژ، بەڵام ئێستا چەند دەتانەوێ هەڵیبگرن، قەدەغەی [خواردنەوەی] شەربەت و خۆشاوم لێ کردبوون لە کوندەدا نەبێت، ئێستا بۆتان هەیە لە هەموو دەفرێکدا بیخۆن، هیچ شتێکی سەرخۆشکەریش مەخۆنەوە)).

(٤٦) سەلام کردن لە خەڵکی گۆڕستان و دوعا بۆکردنیان.

٤٩٢ـ عن مُحَمَّدَ بْنَ قَيْسٍ أَنَّهُ قَالَ يَوْمًا: أَلَا أُخبِرُكُمْ عَنِّي وَعَنْ أُمِّي؟ قَالَ: فَظَنَنَّا أَنَّهُ يُرِيدُ أُمَّهُ الَّتِي وَلَدَتْهُ، قَالَ: قَالَتْ عَائِشَةُ: أَلَا أُحَدِّثُكُمْ عَنِّي وَعَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ قُلْنَا: بَلَى، قَالَ: قَالَتْ: لَمَّا كَانَتْ لَيْلَتِي الَّتِي [كَانَ] النَّبِيُّ (ﷺ) فِيهَا عِنْدِي انْقَلَبَ فَوَضَعَ رِدَاءَهُ، وَخَلَعَ نَعْلَيْهِ فَوَضَعَهُمَا عِنْدَ رِجْلَيْهِ، وَبَسَطَ طَرَفَ إِزَارِهِ عَلَى فِرَاشِهِ فَاضْطَجَعَ، فَلَمْ يَلْبَثْ إِلَّا رَيْثَمَا ظَنَّ أَنْ قَدْ رَقَدْتُ، فَأَخَذَ رِدَاءَهُ رُوَيْدًا، وَانْتَعَلَ رُوَيْدًا، وَفَتَحَ الْبَابَ [رُوَيْدًا] فَخَرَجَ ثُمَّ أَجَافَهُ رُوَيْدًا، فَجَعَلْتُ دِرْعِي فِي رَأْسِي، وَاخْتَمَرْتُ، وَتَقَنَّعْتُ إِزَارِي، ثُمَّ انْطَلَقْتُ عَلَى إِثْرِهِ، حَتَّى جَاءَ الْبَقِيعَ، فَقَامَ فَأَطَالَ الْقِيَامَ، ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ انْحَرَفَ، فَانْحَرَفْتُ، فَأَسْرَعَ فَأَسْرَعْتُ،

فَهَرْوَلَ فَهَرْوَلْتُ، فَأَحْضَرَ فَأَحْضَرْتُ فَسَبَقْتُهُ، فَدَخَلْتُ، فَلَيْسَ إِلَّا أَنِ اضْطَجَعْتُ، فَدَخَلَ فَقَالَ: ((مَا لَكِ يَا عَائِشُ حَشْيَا رَابِيَةً)). قَالَتْ: قُلْتُ: لَا شَيْءَ، قَالَ: ((لَتُخْبِرِينِي أَوْ لَيُخْبِرَنِّي اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ)). قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي، فَأَخْبَرْتُهُ، قَالَ: ((فَأَنْتِ السَّوَادُ الَّذِي رَأَيْتُ أَمَامِي)). قُلْتُ: نَعَمْ، فَلَهَدَنِي فِي صَدْرِي لَهْدَةً أَوْجَعَتْنِي، ثُمَّ قَالَ: ((أَظَنَنْتِ أَنْ يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْكِ وَرَسُولُهُ)). قَالَتْ: مَهْمَا يَكْتُمِ النَّاسُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ، نَعَمْ. قَالَ: ((فَإِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي حِينَ رَأَيْتِ فَنَادَانِي فَأَخْفَاهُ مِنْكِ، فَأَجَبْتُهُ فَأَخْفَيْتُهُ مِنْكِ، وَلَمْ يَكُنْ يَدْخُلُ عَلَيْكِ وَقَدْ وَضَعْتِ ثِيَابَكِ، وَظَنَنْتُ أَنْ قَدْ رَقَدْتِ فَكَرِهْتُ أَنْ أُوقِظَكِ، وَخَشِيتُ أَنْ تَسْتَوْحِشِي، فَقَالَ: إِنَّ رَبَّكَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَأْتِيَ أَهْلَ الْبَقِيعِ، فَتَسْتَغْفِرَ لَهُمْ)). قَالَتْ: قُلْتُ: كَيْفَ أَقُولُ لَهُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((السَّلَامُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ، وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلَاحِقُونَ)).

ڕۆژێك (محمدی کوڕی قیس) وتی: ئایا دەربارەی خۆم و دایکم شتێکتان بۆ بگێڕمەوە، ئەوانیش وتیان، وامانزانی ئەو دایکە دەڵێت کە لێی بووە.. بەڵام وتی (عائشە) (ﷺ) بۆی گێڕاینەوەو وتی: حەزدەکەن ڕوداوێکی نێوان خۆم و پێغەمبەرتان (ﷺ) بۆ باس بکەم؟ هەموو وتمان: بەڵێ... ئەویش وتی: ئەو شەوەی کە نۆرەم بوو پێغەمبەر (ﷺ) لام بمێنێتەوە هات و عەباکەی داناو نەعلەکانی داکەند و لای قاچی داینا لایەکی کراسەکەی ڕاخست و ڕاکشا، زۆری پێنەچوو وای زانی خەوم لێ کەوتوە، بەهێواشی عەباکەی کۆکردەوە و نەعلەکانی لەپێ کردو لەسەر خۆ دەرگاکەی کردەوە و چووە دەرەوە و لەسەر خۆ دایخست، منیش کراسەکەم لەبەر کرد و پەشتە ماڵەکەم کردە ڕوپۆش و شوێنی کەوتم هەتا گەیشتە (بقیع)، ئەوسا بینیم وەستا و زۆریش وەستا، سێ جار دەستەکانی بەرزکردەوە ئینجا ئەو لایدا، منیش لامدا، ئەو پەلەی کرد، منیش پەلەم کرد، ئەو زیاتر پێی هەڵگرت منیش زیاتر پێم هەڵگرت، ئەو ڕایکردو منیش ڕام کردو پێشی کەوتم و چومە ژورەوە و خێرا ڕاکشام، ئەویش هاتە ژورەوە و فەرموی: ((ئەوە چیتە عائشە وا هەناسە بڕکێتە)) منیش وتم: هیچم نییە. فەرموی: ((یان پێم دەڵێیت، یان زاتی لطیف و ئاگا پێم دەڵێت)). منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا... ئەی خۆشەویست تر لە باوك و دایکم. ئیتر هەموشتێکم بۆگێڕایەوە. ئەویش فەرموی: ((کەواتە ئەوتارماییەی کەلە

پێشمەوە دەمبینی تۆبویت؟)) وتم:بەڵێ. ئەوسا هەردوو دەستی مالی بەسنگمداوئێشی پێ گەیاندم،ئینجا فەرمووی: ((بۆچی وات زانی خواو پێغەمبەرەکەی ستەمت لێ دەکەن؟)) منیش وتم: هەرچەندە خەڵکی نهێنییەکانیان بشارنەوە خوا ئاگای لێیەتی.. ئینجا فەرموی: ((جوبرەئیل علیه السلام هاتەلام، بانگی لێ کردم، لەتۆی شاردەوە، منیش وەڵامم دایەوە و لەتۆم شاردەوە، ئەو نەدەکرا بێتە ژورەوە چونکە تۆ پۆشاکەکانت دانابوو، من وامزانی تۆ خەوتویت، حەزم نەکرد خەبەرت بکەمەوە و ترسام لەوەی کە (بەتەنهایی) بترسیت.. جوبرئیل پێی وتم: پەروەردگارت فەرمانت پێ دەدات کە بچیت بۆلای خەڵکی (بقیع) و داوای لێ خۆشبونیان بۆبکەیت)). عائشە وتی: ئەی من چیان پێ بڵێم ئەی پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرمووی: ((بڵێ: سڵاوتان لێ بێت ئەی خەڵکی ئەم شوێنە لە ئیمانداران و موسڵمانان، خوا ڕەحم بکات بەوانەمان کە زوو مردون و ڕۆیشتون، بەوانەشمان کە هێشتا ماون، بێ گومان ئێمەش هەرکاتێك خوا ویستی لەسەر بێت بەئێوە دەگەین)).

(٤٧) دانیشتن لەسەر گۆڕ و نوێژ کردن لەسەری

٤٩٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَأَنْ يَجْلِسَ أَحَدُكُمْ عَلَى جَمْرَةٍ، فَتُحْرِقَ ثِيَابَهُ فَتَخْلُصَ إِلَى جِلْدِهِ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَجْلِسَ عَلَى قَبْرٍ)).

(ابو هريرە) (ﷺ) دەڵێ:پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر کەسێك لە ئێوە لەسەر پشکۆیەك دابنیشێت هەتا پۆشاکەکەی دەسوتێت و دەگاتە پێستی، هێشتا ئەوەی چاکترە لەوەی لەسەر گۆڕێك دابنیشێت)).

٤٩٤- عَنْ أَبِي مَرْثَدٍ الْغَنَوِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَجْلِسُوا عَلَى الْقُبُورِ، وَلَا تُصَلُّوا إِلَيْهَا)).

(ابو مرثد الغنوي) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەسەر گۆڕ دامەنیشن و لە نوێژدا ڕوی تێ مەکەن)).

(٤٨) باسی چاکەی چاکەکار

٤٩٥- عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: قِيلَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَرَأَيْتَ الرَّجُلَ يَعْمَلُ الْعَمَلَ مِنَ الْخَيْرِ وَيَحْمَدُهُ النَّاسُ عَلَيْهِ؟ قَالَ: ((تِلْكَ عَاجِلُ بُشْرَى الْمُؤْمِنِ)).

(ابو ذر) ﷺ دەڵێ: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (ﷺ): ڕای جەنابت چۆنە دەربارەی ئەو کەسەی چاکە دەکات و خەڵکی سوپاسی دەکەن؟ فەرمووی: ((ئەوە مژدەی پێشەکییە بۆ ئیمانداران)).

(١٠) بەشی زەكات

(١) باسی فەرزبوونی زكات

٤٩٦ . عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ أَنَّ مُعَاذًا قَالَ بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّكَ تَأْتِي قَوْمًا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ، فَادْعُهُمْ إِلَى شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ: فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ خَمْسَ صَلَوَاتٍ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، فَإِنْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ: فَأَعْلِمْهُمْ أَنَّ اللَّهَ افْتَرَضَ عَلَيْهِمْ صَدَقَةً تُؤْخَذُ مِنْ أَغْنِيَائِهِمْ فَتُرَدُّ فِي فُقَرَائِهِمْ، فَإِنْ هُمْ أَطَاعُوا لِذَلِكَ: فَإِيَّاكَ وَكَرَائِمَ أَمْوَالِهِمْ، وَاتَّقِ دَعْوَةَ الْمَظْلُومِ، فَإِنَّهُ لَيْسَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللَّهِ حِجَابٌ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٢٥]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵـێ: (معاذ) وتویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) بەڕێی كردم و فەرمووی: ((تـۆ دەگـەیت بەكەسـانێك لـەخاوەن كتێبـەكان بانگیـان بكـە بـۆ شایەتمان (ان لا الـه الا الله وانـی رسـول الله). جا ئەگەر ئەوان ملكەچ بوون بۆ ئەوە، تێیان بگەیەنە كە خوا لەشەوو ڕۆژێكدا پێنج جار نوێژی لەسەر فەرز كردوون، ئەگەر ملكەچ بوون بۆ ئەوەش، ئەوە تێیان بگەیەنە كە خوا زەكاتێكی لەسـەر فـەرزكردون كـە لـە دەوڵەمەنـدەكانیان وەردەگیرێـت و دەدرێـت بـە هەژارەكانیان، جا ئەگەر ملكەچ بوون بۆ ئەوەش، ئەوە نەكەیت ماڵە بەنرخ و گران بەهاكانیان لێوەربگریت، خۆشت لە نزای ستەم لێكرا و بپارێزە، چونكە بەڕاستی لەنێوان ئەو و خوای گەورەدا هیچ پەردەیەك نییە.

(٢) زەكات لەچی دەردەكرێت؟

٤٩٧ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَيْسَ فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ، صَدَقَةٌ وَلَا فِيمَا دُونَ خَمْسِ ذَوْدٍ صَدَقَةٌ، وَلَا فِيمَا دُونَ خَمْسِ أَوَاقٍ صَدَقَةٌ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٤٠]

(ابـو سـعیدی خـدری) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((لـە دانەوێڵەو خورمادا زەكات نییە تا دەگاتە پێنج (اوسق) [كە بەرامبـەرە بـە ٦٥٣ كغـم]؛ لە پێنج سـەر حوشتریش كـەمتر زەكـات نییـە، لە پێنج (ئوقیـە) زیـویش كەمتر زەكاتی ناكەوێت)).

(٣) دە یەك و بیست یەك

٤٩٨ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((فِيمَا سَقَتِ الْأَنْهَارُ وَالْغَيْمُ الْعُشُورُ، وَفِيمَا سُقِيَ بِالسَّانِيَةِ نِصْفُ الْعُشْرِ)).

(جابری كوڕی عبدالله) دەڵـێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئەوەی بەباران یـان بەئاوی ڕوبـار پـێ دەگـات ئـەوە زەكاتەكـەی دە یەكـە ئـەوەش بەوشـترو (كەرەستەی تر) ئاو دەدرێت ئەوە زەكاتەكەی نیوەی دەیەكە [واتە بیست یەك].

(٤) پێشخستنی زەكات یان دەرنەكردنی زەكات.

٤٩٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عُمَرَ عَلَى الصَّدَقَةِ، فَقِيلَ: مَنَعَ ابْنُ جَمِيلٍ وَخَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ وَالْعَبَّاسُ عَمُّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا يَنْقِمُ ابْنُ جَمِيلٍ إِلَّا أَنَّهُ كَانَ فَقِيرًا فَأَغْنَاهُ اللَّهُ، وَأَمَّا خَالِدٌ فَإِنَّكُمْ تَظْلِمُونَ خَالِدًا، قَدِ احْتَبَسَ أَدْرَاعَهُ وَأَعْتَادَهُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأَمَّا الْعَبَّاسُ فَهِيَ عَلَيَّ وَمِثْلُهَا مَعَهَا)). ثُمَّ قَالَ: ((يَا عُمَرُ، أَمَا شَعَرْتَ أَنَّ عَمَّ الرَّجُلِ صِنْوُ أَبِيهِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٩٩]

(ابـو هریـرە) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) (عومـەری كـوڕی خطـاب)ی نـارد بـۆ كۆكردنەوەی زەكات..وتیان: (ابن جمیل) و (خالدی كوڕی وەلید) و (عـەباس)ی مـامی پێغەمبــەر (ﷺ) زەكاتیــان نــەداوە. پێغەمبــەر (ﷺ) كــە هــەواڵی پێــدرا فەرموی: ((ابن جمیل لەوە ڕقی هەستاوە كە هەژار بوو خوا دەوڵەمەندی كرد!!، بـەڵام خالـد ئێـوە سـتەمی لـێ دەكـەن، چـونكە ئـەو زرێپـۆش و تفـاقی جـەنگی لەرێگەی خوادا داناوە ، (عەباس)یش هەرچی دەكەوێت لەسـەر مـن بـۆی دەدەم و ئەوەنـدەی تریشی دەخەمـە سـەر، پاشـان فـەرموی ئـەی عومـەر نـازانی مـامی هەركەسێك لەجێی باوكیەتی)).

(٥) زەكات نەدەر

٥٠٠ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: انْتَهَيْتُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ جَالِسٌ فِي ظِلِّ الْكَعْبَةِ، فَلَمَّا رَآنِي قَالَ: ((الْأَخْسَرُونَ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ)). قَالَ: فَجِئْتُ حَتَّى جَلَسْتُ، فَلَمْ أَتَقَارَّ أَنْ قُمْتُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فِدَاكَ أَبِي وَأُمِّي، مَنْ هُمْ؟ قَالَ: ((هُمُ الْأَكْثَرُونَ أَمْوَالًا، إِلَّا مَنْ قَالَ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا –مِنْ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِ وَعَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ– وَقَلِيلٌ مَا هُمْ. مَا مِنْ صَاحِبِ إِبِلٍ وَلَا بَقَرٍ وَلَا غَنَمٍ، لَا يُؤَدِّي زَكَاتَهَا، إِلَّا جَاءَتْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْظَمَ مَا كَانَتْ وَأَسْمَنَهُ، تَنْطَحُهُ بِقُرُونِهَا، وَتَطَؤُهُ

بِأَظْلَافِهَا، كُلَّمَا نَفِدَتْ أُخْرَاهَا عَادَتْ عَلَيْهِ أُولَاهَا، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ)).
[بخاري/ الزكاة/ ١٣٩١]

(ابو ذر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە سێبەری كەعبەدا دانیشتبو، چومە خزمەتی كاتێ منی بینی فەرموی: ((بەخاوەنی كەعبە ئەوانە زۆر خەسارۆمەندن)). ئۆقرەم نەگرت هەستام و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دایك و باوكم بەقوربانت بێ، كێن ئەوانە؟ فەرموی: ((ئەوانەی كە ماڵ و دارایییان زۆرە، مەگەر كەسێ بڵێ: ها، ها، ها، لەبەردەم و لەپشتەوە و بەڕاست و بە چەپدا ببەخشێ، ئەوانەش كەمن، هیچ خاوەن وشترو گاگەل و مەڕو ماڵاتێك نیە زەكاتی لێدابن لە ڕۆژی قیامەتدا بۆیان دەهێنرێتە مەیدان، هەمو گەورەتر و قەڵەوتریشن بەشاخ دەدەن لەخاوەنەكەیان و دەیانخەنە ژێر سمیانەوە، كاتێ سەرەی هەمویان تەواو دەبێت سەرلەنوێ دەست پێ دەكەنەوە هەتا لێپرسینەوە لەناو خەڵكیدا تەواو دەبێت.

٥٠١- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا مِنْ صَاحِبِ ذَهَبٍ وَلَا فِضَّةٍ، لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا، إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ صُفِّحَتْ لَهُ صَفَائِحَ مِنْ نَارٍ، فَأُحْمِيَ عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ، فَيُكْوَى بِهَا جَنْبُهُ وَجَبِينُهُ وَظَهْرُهُ، كُلَّمَا بَرَدَتْ أُعِيدَتْ لَهُ، فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ، فَيَرَى سَبِيلَهُ: إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ، وَإِمَّا إِلَى النَّارِ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَالْإِبِلُ؟ قَالَ: ((وَلَا صَاحِبُ إِبِلٍ لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا، وَمِنْ حَقِّهَا حَلَبُهَا يَوْمَ وِرْدِهَا، إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ، أَوْفَرَ مَا كَانَتْ، لَا يَفْقِدُ مِنْهَا فَصِيلًا وَاحِدًا، تَطَؤُهُ بِأَخْفَافِهَا وَتَعَضُّهُ بِأَفْوَاهِهَا، كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولَاهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا، فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ، فَيَرَى سَبِيلَهُ: إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَالْبَقَرُ وَالْغَنَمُ؟ قَالَ: ((وَلَا صَاحِبُ بَقَرٍ وَلَا غَنَمٍ لَا يُؤَدِّي مِنْهَا حَقَّهَا، إِلَّا إِذَا كَانَ يَوْمُ الْقِيَامَةِ بُطِحَ لَهَا بِقَاعٍ قَرْقَرٍ، لَا يَفْقِدُ مِنْهَا شَيْئًا، لَيْسَ فِيهَا عَقْصَاءُ وَلَا جَلْحَاءُ وَلَا عَضْبَاءُ، تَنْطَحُهُ بِقُرُونِهَا وَتَطَؤُهُ بِأَظْلَافِهَا، كُلَّمَا مَرَّ عَلَيْهِ أُولَاهَا رُدَّ عَلَيْهِ أُخْرَاهَا، فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، حَتَّى يُقْضَى بَيْنَ الْعِبَادِ، فَيَرَى سَبِيلَهُ: إِمَّا إِلَى الْجَنَّةِ وَإِمَّا إِلَى النَّارِ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَالْخَيْلُ؟ قَالَ: ((الْخَيْلُ ثَلَاثَةٌ: هِيَ لِرَجُلٍ وِزْرٌ، وَهِيَ لِرَجُلٍ سِتْرٌ، وَهِيَ لِرَجُلٍ أَجْرٌ، فَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ وِزْرٌ: فَرَجُلٌ رَبَطَهَا رِيَاءً وَفَخْرًا وَنِوَاءً

عَلَى أَهْلِ الْإِسْلَامِ، فَهِيَ لَهُ وِزْرٌ. وَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ سِتْرٌ. فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ لَمْ يَنْسَ حَقَّ اللَّهِ فِي ظُهُورِهَا وَلَا رِقَابِهَا، فَهِيَ لَهُ سِتْرٌ. وَأَمَّا الَّتِي هِيَ لَهُ أَجْرٌ فَرَجُلٌ رَبَطَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لِأَهْلِ الْإِسْلَامِ، فِي مَرْجٍ وَرَوْضَةٍ، فَمَا أَكَلَتْ مِنْ ذَلِكَ الْمَرْجِ أَوِ الرَّوْضَةِ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا كُتِبَ [الله] لَهُ عَدَدَ مَا أَكَلَتْ حَسَنَاتٌ، وَكُتِبَ لَهُ عَدَدَ أَرْوَاثِهَا وَأَبْوَالِهَا حَسَنَاتٌ، وَلَا تَقْطَعُ طِوَلَهَا فَاسْتَنَّتْ شَرَفًا أَوْ شَرَفَيْنِ، إِلَّا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ عَدَدَ آثَارِهَا وَأَرْوَاثِهَا حَسَنَاتٍ، وَلَا مَرَّ بِهَا صَاحِبُهَا عَلَى نَهْرٍ فَشَرِبَتْ مِنْهُ، وَلَا يُرِيدُ أَنْ يَسْقِيَهَا، إِلَّا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ عَدَدَ مَا شَرِبَتْ حَسَنَاتٍ)). قِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَالْحُمُرُ؟ قَالَ: ((مَا أُنْزِلَ عَلَيَّ فِي الْحُمُرِ شَيْءٌ إِلَّا هَذِهِ الْآيَةَ الْفَاذَّةُ الْجَامِعَةُ: ﴿فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ، وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ﴾ [الزلزلة: ٧-٨]. [بخاري/ الزكاة/ ١٣٣٨،١٣٣٧]

(ابـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((هـیچ خـاوەن زێـڕ و زیوێـك نی‌یـە كـە حەقەكـەی (زەكاتەكـەی) نـەدات لـە ڕۆژی قیامەتـدا، پلێتـی ئاگرینی بۆ ئامادە دەكرێت كە لە ئاگری دۆزەخدا سوور كراوەتەوە، لاتەنیشت و ناوچاوو پـشتی پـیْ داخ دەكرێـت، هـەر كاتێـك سـارد بوویـەوە بـۆی تـازە دەكرێتـەوە، لـە ڕۆژێكدا كەماوەكـەی پـەنجا هەزارسـاڵە، هـەتا دادوەری لـەنێوان هـەموو بەندەكانـدا تـەواو دەكرێـت، پاشـان ڕێگـەی نیـشان دەدرێـت یـان بـۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ)). وتـرا: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەی حوشتر؟ فەرمووی: ((خاوەنی حوشتریش هەندیْ لەمافەكەی ئەوەیە لەڕۆژی هێنانیدا بۆ سەرئاو بدۆشریْ و بەشی نەدارانی لیْ بدرێت، ئەگەرنا لە ڕۆژی قیامەتدا لە دەشتێكی كاكی بەكاكی تەختدا دێت و قەڵەوترو گەورەترە تەنانەت بەچكەكەشیان لیْ ون نی‌یە، خاوەنەكانیان دەخەنە ژێر پێیانەوە و گازیان لێدەگرن، كاتیْ سـەرەتاكان تـەواودەبن و دێنـە كۆتـایی سـەرلەنویْ دەسـت پـیْ دەكەنـەوە، لـە ڕۆژێكـدا كـە ماوەكـەی پـەنجا هـەزار سـاڵە هـەتا دادوەری لـەنێوان هـەموو بەندەكانـدا تـەواو دەكرێـت، پاشـان ڕێگـەی خـۆی نیـشان دەدرێـت، یـان بـۆ بەهەشـت یـان بـۆ دۆزەخ)).وتـرا:ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ)ئـەی گاگـەل و مـالآت؟ فـەرمووی: ((خـاوەنی گاگـەل ومـالآتیش ئـەوەی كـە لەسـەری پێویـستە نەیبەخشێت،كەڕۆژی قیامـەت هات دەشتێكی فراوانی سەختی بۆ ساز دەكرێت،هیچیان لێون نـەبووە.هیـچیان شـاخ كەوانـەیی،یان كوڵ،یـان شـاخ شكاونین،بەشـۆق لەخاوەنەكانیانـدەدەن،

سمیـان پیـادەنێن، کـاتێ سـەرەتاكانیان تـەواودەبێ و دێنـە كۆتـایی سـەرلەنوێ دەست پێ دەكەنەوە لـە ڕۆژێکدا كەماوەكەی پـەنجا هـەزار سـاڵە هـەتا دادوەری لەنێوان هەموو بەندەكاندا تەواو دەكرێت، پاشان ڕێگەی خۆی نیشان دەدرێت، یان بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ)). وتـرا: ئـەی پێغەمبـەر ئـەی ئەسپ؟ فەرمووی: ((ئەسپ سێ جۆرە بۆ هەندێ كەس هۆی توشبونی تاوانە، بۆ هەندێكیش هۆی پاراستن و پۆشینە بۆ هەندێ كەسی تریش دەستكەوت و پاداشتە، جا ئـەوەی كەتاوانـە بـۆی، پیاوێكـە، بـۆ خۆدەرخستن و شـانازی و دژایـەتی موسـڵمانان ڕایگرتووە، ئەوە بۆ ئـەو تاوانـە، ئـەوەش بـۆی دەبێـە قـەڵغان لـە ئاگر، كەسێكە لەبەرخوا ڕایگرتبێت، حەقی خوا فەرامۆش نەكات لەبەكارهێنانیدا بۆ سواری و بەخشینی بۆ جیهـاد، ئـەوە بـۆی دەبێـە قـەڵغان، بـەڵام ئـەوەی كـە بـووە هـۆی پاداشــت، ئــەوە كەســێكە بۆخــوا ڕایگرتبێــت بــۆ بەرژەوەنــدی موســڵمانان، لەدەشتێكی فراوانـی سـەوزەڵانیدا، هـەموو ئـەو گژوگیایانـەی كـە لـەو دەشـتە فراوانـە سـەوزەدا دەیخـوات بـۆی دەنووسـرێ بـە چـاكە بەئەنـدازەی ئـەوەی خواردوویـــەتی، تەنانـــەت هـــەموو پاشـــەڕۆ و میزەكەشـــی بـــە چـــاكە بـــۆی دەنووسرێت، ئەگەر پەتەكەی بپچڕێت تەپۆڵكەیەك یان دوو تەپۆڵكە سـەركەوت خوابەقــەدەر جــێ پێكــانی و پاشــەڕۆكانی چــاكەیبۆ تۆماردەكــات، كــاتێ خاوەنەكـەی دەیباتـە سـەر هـەر چـەم و ڕوبارێـك بـۆ ئـەوەی ئـاوی بـدات، خـوا بەئەندازەی ئەو ئاوەی دەیخواتـەوە چاكەی بۆ دەنوسێت)). ئینجـا وتـرا: ئـەی گوێ درێـژ؟ فـەرمووی: ((دەربارەی گوێ درێـژ هیـچم بۆ دانەبەزیوە مەگـەر ئـەم ئایەتە ناوازە و گشتگیرە: ﴿فمن یعمل مثقال ذرة خیراً یره ومن یعمل مثقال ذرة شراً یره﴾)) [الزلزال٨،٧].

(٦) هەڕەشە لەوانەی ماڵ و سامان قـایم دەكەن

٥٠٢- عَنِ الْأَحْنَفِ بْنِ قَيْسٍ قَالَ: كُنْتُ فِي نَفَرٍ مِنْ قُرَيْشٍ فَمَرَّ أَبُو ذَرّ (ﷺ) وَهُوَ يَقُولُ: بَشِّرِ الْكَانِزِينَ بِكَيٍّ فِي ظُهُورِهِمْ يَخْرُجُ مِنْ جُنُوبِهِمْ، وَبِكَيٍّ مِنْ قِبَلِ أَقْفَائِهِمْ يَخْرُجُ مِنْ جِبَاهِهِمْ، قَالَ: ثُمَّ تَنَحَّى فَقَعَدَ، قَالَ: قُلْتُ: مَنْ هَذَا؟ قَالُوا: هَذَا أَبُو ذَرّ. قَالَ: فَقُمْتُ إِلَيْهِ فَقُلْتُ: مَا شَيْءٌ سَمِعْتُكَ تَقُولُ قُبَيْلُ؟ قَالَ: مَا قُلْتُ إِلَّا شَيْئًا قَدْ سَمِعْتُهُ مِنْ نَبِيِّهِمْ (ﷺ)، قَالَ: قُلْتُ: مَا تَقُولُ فِي هَذَا الْعَطَاءِ؟ قَالَ: خُذْهُ، فَإِنَّ فِيهِ الْيَوْمَ مَعُونَةً، فَإِذَا كَانَ ثَمَنًا لِدِينِكَ فَدَعْهُ.

(احنف ی كوڕی قیس) دەگێڕێتەوە: لەگەڵ دەستەیەك لە قوڕەیشیەكاندا بوم (ابو ذر) (ﷺ) تێپەڕی، بەدەم ڕۆیشتنەوە دەیوت: مژدە بدە بەو كەسانەی كە سامان قایم دەكەن بەداخ كردنێك كە دەنرێت بەپشتیانەوە و لەلاتەنیشتیانەوە دەردەچێت، وە بە داخێكی تریش بەپشت سەریاندا و لەناچاوانیانەوە دەردەچێت.. پاشان كەناری گرت و دانیشت. پرسیم ئەمە كێیە؟ وتیان: (ابو ذر)ە. منیش چوم بۆلای و وتم: ئەوە چی بوو تاوێك لەمەوپێش لێم بیستی، وتی:شتێكم ووت كە لە پێغەمبەرەكەیانم بیستووە... منیش وتم: ئەی دەربارەی ئەوەی كە پێمان دەبەخشرێت ڕات چۆنە.وتی: وەری بگرە چونكە ئەمڕۆ بەكەڵكت دێت، بەلام ئەگەر بووبە هۆی فرۆشتنی ئاینەكەت وازی لێ بهێنە.

(٧) فەرمان بە ڕازی كردنی كۆكەرەوانی زەكات

٥٠٣ـ عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ نَاسٌ مِنَ الْأَعْرَابِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالُوا: إِنَّ نَاسًا مِنَ الْمُصَدِّقِينَ يَأْتُونَنَا فَيَظْلِمُونَنَا، قَالَ: فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَرْضُوا مُصَدِّقِيكُمْ)). قَالَ جَرِيرٌ: مَا صَدَرَ عَنِّي مُصَدِّقٌ مُنْذُ سَمِعْتُ هَذَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَّا وَهُوَ عَنِّي رَاضٍ.

(جریری كوڕی عبدالله) (ﷺ) وتی: خەڵكێكی بیابان نشین هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: كەسانێك لە كارمەندانی كۆكردنەوەی زەكات دێن بۆ لامان و ستەممان لێ دكەن- پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئەو كەسانە ڕازی بكەن كە زەكاتتان لێ وەردەگرن)). (جریر) دەڵێ: لەو كاتەوە ئەو فەرمودەیەم لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە، هیچ زەكات كۆكەرەوەیەك لەلام نەڕۆیشتوە لێم ڕازی نەبوبێت.

(٨) نزا بۆ زەكات هێنەر

٥٠٤ـ عن عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي أَوْفَى (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَتَاهُ قَوْمٌ بِصَدَقَتِهِمْ قَالَ: ((اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَيْهِمْ)). فَأَتَاهُ أَبِي أَبُو أَوْفَى بِصَدَقَتِهِ، فَقَالَ: ((اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى آلِ أَبِي أَوْفَى)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٢٦]

(عبدالله كوڕی ابو اوفی) (ﷺ) دەگێڕێتەوە... پێغەمبەر (ﷺ) هەركاتێ هۆزێك زەكاتیان بۆ بهێنایە دەیفەرموو: ((خوایە ڕەحمەت و میهرەبانی خۆت بە سەریاندا بڕێژە)). ڕۆژێك باوكم (ابو اوفی) زەكاتەكەی بۆ هێنا... پێغەمبەر

(ﷺ) فـەرموی: ((خوایـە ڕەحمـەت و میهرەبانی خـۆت بڕێـژە بەسـەر مـاڵی (ابو اوفی)دا)).

(٩) زەکاتدان بەباوەڕ دانەمەزراو

٥٠٥ـ عن سَعْدٍ بن ابي وقاص (ﷺ) قَالَ: قَسَمَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) قَسْمًا. فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَعْطِ فُلَانًا فَإِنَّهُ مُؤْمِنٌ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَوْ مُسْلِمٌ)). أَقُولُهَا ثَلَاثًا وَيُرَدِّدُهَا عَلَيَّ ثَلَاثًا: ((أَوْ مُسْلِمٌ)). ثُمَّ قَالَ: ((إِنِّي لَأُعْطِي الرَّجُلَ، وَغَيْرُهُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْهُ، مَخَافَةَ أَنْ يَكُبَّهُ اللَّهُ فِي النَّارِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٠٨]

(سـعدی کـوڕی ابـو وقـاص) (ﷺ) دەگێڕێتـەوە- پێغەمبـەر (ﷺ) هەنـدێ زەکـاتی دابـەش کـرد، وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بەشـی فـلان بـدە، خـۆ بـروادارە... پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرموی: ((یـان موسڵمانە)). مـن سـێ جـار ئەمـەم وت، ئـەویش سـێ جـار دوبارەی کـردەوە، پاشـان فـەرموی: مـن جـاری واهەیـە بەشـی کەسـێك دەدەم، بـەڵام کەسـی تـر هەیـە لـەو خۆشـترم دەوێـت کەچـی بەشیشی نادەم، چونکە دەترسم خوای گەورە بەڕودا بیخاتە دۆزەخەوە.

(١٠) زەکاتدان بە نۆ موسڵمان

٥٠٦ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا كَانَ يَوْمُ حُنَيْنٍ أَقْبَلَتْ هَوَازِنُ وَغَطَفَانُ وَغَيْرُهُمْ بِذَرَارِيِّهِمْ وَنَعَمِهِمْ، وَمَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) يَوْمَئِذٍ عَشَرَةُ آلَافٍ وَمَعَهُ الطُّلَقَاءُ، فَأَدْبَرُوا عَنْهُ حَتَّى بَقِيَ وَحْدَهُ، قَالَ: فَنَادَى يَوْمَئِذٍ نِدَاءَيْنِ لَمْ يَخْلِطْ بَيْنَهُمَا شَيْئًا، قَالَ: فَالْتَفَتَ عَنْ يَمِينِهِ فَقَالَ: ((يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ)). فَقَالُوا: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَبْشِرْ نَحْنُ مَعَكَ. قَالَ: ثُمَّ الْتَفَتَ عَنْ يَسَارِهِ فَقَالَ: ((يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ)). قَالُوا: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَبْشِرْ نَحْنُ مَعَكَ. قَالَ: وَهُوَ عَلَى بَغْلَةٍ بَيْضَاءَ، فَنَزَلَ، فَقَالَ: ((أَنَا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)). فَانْهَزَمَ الْمُشْرِكُونَ، وَأَصَابَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَنَائِمَ كَثِيرَةً، فَقَسَمَ فِي الْمُهَاجِرِينَ وَالطُّلَقَاءِ، وَلَمْ يُعْطِ الْأَنْصَارَ شَيْئًا، فَقَالَتِ الْأَنْصَارُ: إِذَا كَانَتِ الشِّدَّةُ فَنَحْنُ نُدْعَى، وَتُعْطَى الْغَنَائِمُ غَيْرَنَا، فَبَلَغَهُ ذَلِكَ فَجَمَعَهُمْ فِي قُبَّةٍ، فَقَالَ: ((يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ، مَا حَدِيثٌ بَلَغَنِي عَنْكُمْ)). فَسَكَتُوا، فَقَالَ: ((يَا مَعْشَرَ الْأَنْصَارِ أَمَا تَرْضَوْنَ أَنْ يَذْهَبَ النَّاسُ بِالدُّنْيَا، وَتَذْهَبُونَ بِمُحَمَّدٍ (ﷺ) تَحُوزُونَهُ إِلَى بُيُوتِكُمْ)). قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ رَضِينَا. قَالَ: فَقَالَ: ((لَوْ سَلَكَ النَّاسُ وَادِيًا، وَسَلَكَتِ الْأَنْصَارُ شِعْبًا، لَأَخَذْتُ شِعْبَ الْأَنْصَارِ)). قَالَ هِشَامٌ -يعني ابن

زيد بن أنس بن مالك- فَقُلْتُ: يَا أَبَا حَمْزَةَ، أَنْتَ شَاهِدٌ ذَاكَ؟ قَالَ: وَأَيْنَ أَغِيبُ عَنْهُ. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٧٨]

(انس كوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژی غەزای (حنين) تیرەی (هوازن و غطفان) وئەوانی تر هاتن بە خۆیان و ماڵ و منداڵ و ماڵاتیانەوە، ئەو ڕۆژە پێغەمبەر (ﷺ) دەهەزار کەسی لە خزمەتدا بوو جگە لەوانەی کە لەڕزگار کردنی مەککەدا ئازادی کردن، کەچی هەموو پشتیان هەڵکرد و هەڵاتن تەنها خۆی مایەوە، بۆیە ئەو ڕۆژە دوو جار بانگی کرد نێوانیشیان ئەوەندە نەبوو... ڕوی کردە لای ڕاست و فەرمووی: ((ئەی دەستەی پشتیوانان))... ئەوانیش خێرا وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مژدەبێ ئێمە هەموو لە خزمەتداین، ئەوسا ڕوی کردە لای چەپ و فەرمووی: ((ئەی دەستەی پشتیوانان)) ئەوانیش خێرا وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ) مژدەبێ ئێمە هەموو لە خزمەتداین، جا پێغەمبەر (ﷺ) بەسەر پشتی هێسترێکی سپییەوە بوو دابەزی و فەرمووی: ((من بەندە و پێغەمبەری خوام)). ئەوسا بێ باوەڕان تێك شکان، پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوتێکی زۆری بەدەست هێناو دابەشی کرد لەنێوان کۆچبەران و ئازادکراواندا، بەڵام هیچی نەدا بە پشتیوانان، بۆیە پشتیوانان وتیان: لەکاتی تەنگانەدا ئێمە بانگ دەکرێین، کەچی دەستکەوتیش دەدرێ بەکەسانی تر، جا ئەم قسەیە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) بۆیە هەموویانی لە ژێر دەوارێکی گومەزیدا کۆکردەوە، ئینجا فەرمووی: ((ئەی کۆمەڵی پشتیوانان، ئەو قسەو باسە چییە کەلای ئێوەوە پێم گەیشتووە؟)). هەموو بێ دەنگ بوون، فەرمووی: ((ئەی کوڕی پشتیوانان، ئایا حەز دەکەن خەڵکی دنیا بەرێت، بەڵام ئێوە محمد (ﷺ) بەرنەوە بۆ ناو ماڵەکانتان)). هەموو وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە بەوە ڕازین. ئینجا فەرمووی: ((ئەگەر خەڵکی ڕێگەی دۆڵێك بگرنەبەر و پشتیوانان ڕێگەیەکی تر، من ڕێگەی پشتیوانان دەگرمە بەر)). جا بە (هیشام ی کوڕی زەید)م وت: ئەی (ابو حمزە) تۆ شایەت و ئامادەی ئەو ڕوداوە بویت؟ لەوەلامدا وتی: بەڵێ، ئەی چۆن لەوێ نابم؟

٥٠٧- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (ﷺ) قال: بَعَثَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنَ الْيَمَنِ بِذَهَبَةٍ فِي أَدِيمٍ مَقْرُوظٍ، لَمْ تُحَصَّلْ مِنْ تُرَابِهَا، قَالَ: فَقَسَمَهَا بَيْنَ أَرْبَعَةِ نَفَرٍ: بَيْنَ عُيَيْنَةَ بْنِ حِصْنٍ وَالْأَقْرَعِ بْنِ حَابِسٍ وَزَيْدِ الْخَيْلِ،

وَالرَّابِعُ: إِمَّا عَلْقَمَةُ بْنُ عُلَاثَةَ، وَإِمَّا عَامِرُ بْنُ الطُّفَيْلِ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ: كُنَّا نَحْنُ أَحَقَّ بِهَذَا مِنْ هَؤُلَاءِ، قَالَ: فَبَلَغَ ذَلِكَ النَّبِيَّ (ﷺ)، فَقَالَ: ((أَلَا تَأْمَنُونِي وَأَنَا أَمِينُ مَنْ فِي السَّمَاءِ، يَأْتِينِي خَبَرُ السَّمَاءِ صَبَاحًا وَمَسَاءً)). قَالَ: فَقَامَ رَجُلٌ غَائِرُ الْعَيْنَيْنِ، مُشْرِفُ الْوَجْنَتَيْنِ، نَاشِزُ الْجَبْهَةِ، كَثُّ اللِّحْيَةِ، مَحْلُوقُ الرَّأْسِ، مُشَمَّرُ الْإِزَارِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اتَّقِ اللَّهَ. فَقَالَ: ((وَيْلَكَ أَوَلَسْتُ أَحَقَّ أَهْلِ الْأَرْضِ أَنْ يَتَّقِيَ اللَّهَ)). قَالَ: ثُمَّ وَلَّى الرَّجُلُ، فَقَالَ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلَا أَضْرِبُ عُنُقَهُ؟ فَقَالَ: ((لَا، لَعَلَّهُ أَنْ يَكُونَ يُصَلِّي)). قَالَ خَالِدٌ: وَكَمْ مِنْ مُصَلٍّ يَقُولُ بِلِسَانِهِ مَا لَيْسَ فِي قَلْبِهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي لَمْ أُومَرْ أَنْ أَنْقُبَ عَنْ قُلُوبِ النَّاسِ، وَلَا أَشُقَّ بُطُونَهُمْ)). قَالَ: ثُمَّ نَظَرَ إِلَيْهِ وَهُوَ مُقَفٍّ، فَقَالَ: ((إِنَّهُ يَخْرُجُ مِنْ ضِئْضِئِ هَذَا قَوْمٌ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ رَطْبًا، لَا يُجَاوِزُ حَنَاجِرَهُمْ، يَمْرُقُونَ مِنَ الدِّينِ كَمَا يَمْرُقُ السَّهْمُ مِنَ الرَّمِيَّةِ)). قَالَ: أَظُنُّهُ قَالَ: ((لَئِنْ أَدْرَكْتُهُمْ لَأَقْتُلَنَّهُمْ قَتْلَ ثَمُودَ)). [بخاري/ اغلمغازي/ ٤٠٩٤]

(ابو سعيد الخدري) (ﷺ) دەڵێ: (عەلی کوڕی ابوطالب) لەیەمەنەوە پارچە ئاڵتونێکی لە پارچە چەرمێکی خۆشکراو بەجەوت ڕەوانە کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کەهێشتا پاڵفتە نەکرابوو لە خۆڵەکەی ئەویش بەشی کرد لەنێوان چوار کەسدا (عینەی کوڕی بدر، اقرع ی کوڕی حابس، زید الخیل) چوارەمەکەشیان یان (علقمەی کوڕی علانە، یان عامری کوڕی طفیل) بوو یەکێك لە هاوەڵان ووتی: ئێمە لە پێشتر بووین ئابەوە تا ئەوانە... ئەو قسەیە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) بۆیە فەرمووی: ((باشە، ئێوە متمانە بەمن ناکەن، لەکاتێکدا من متمانەپێکراوی ئەو زاتەم کە لەسەروو ئاسمانەکانەوەیە، بەیانیان و ئێواران هەواڵم لە ئاسمانەوە بۆ دێت)). کەچی پیاوێکی چاوبەقوڵاچووی دەموچاو قوپاوی ناوچاو قۆقزی ڕیش پڕی سەرتاشراوی چاك هەڵکراو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خوا بترسە!! فەرمووی: ((واوەیلا بۆ تۆ، مەگەر من لە هەموو دانیشتوانی سەرزەوی لەپێشتر نیم بۆ ئەوەی لە خوابترسم؟)). کابرا ڕوی وەرگێڕاو ڕۆیشت...(خالیدی کوڕی وەلید) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە ملی نەپەڕێنم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر، چونکە لەوانەیە نوێژ بکات)). خالد وتی: چەندەها نوێژگەر هەیە کەبەزمان شتێك دەڵێن کەلە دڵیاندا نیە... پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((من فەرمانم پێ نەدراوە دڵی خەڵکی

بکەمەوە و سکیان هەڵبدڕم))، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) سەیری کابری کرد کە ڕوی وەرچەرخان و ڕۆی. فەرموی: ((لەنەوەی ئەمە کەسانێك دەبن کە زمانیان پاراوە بە دەورکردنەوەی قورئان، بەلاّم لە گەرویان ناترازێت، لەدین دەردەچن وەك چۆن تیر لەکەوانەکەی دەردەچێ)). وابزانم فەرمووشی: ((ئەگەر پێیان گەیشتم وەکو قەومی (ثمود) هەمویان لەناو دەبەم)).

(١١) زەکات حەلاڵ نییە بۆ پێغەمبەر و بنەماڵەکەی

٥٠٨- عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أَخَذَ الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ (ﷺ) تَمْرَةً مِنْ تَمْرِ الصَّدَقَةِ، فَجَعَلَهَا فِي فِيهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كِخْ كِخْ، ارْمِ بِهَا، أَمَا عَلِمْتَ أَنَّا لَا نَأْكُلُ الصَّدَقَةَ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٢٠]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: (حسن کوڕی عەلی) (ﷺ) دەنکە خورمایەکی لە خورمای زەکات هەڵگرت و نایەدەمی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کخە، کخە، فڕێی بدە، ئەی نازانی ئێمە زەکات ناخۆین ؟)).

(١٢) نابێ ئال و بەیتی پێغەمبەر (ﷺ) کارمەندی کۆکردنەوەی زەکات بن.

٥٠٩- عن عَبْدَ الْمُطَّلِبِ بْنَ رَبِيعَةَ بْنِ الْحَارِثِ قَالَ: اجْتَمَعَ رَبِيعَةُ بْنُ الْحَارِثِ وَالْعَبَّاسُ بْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ فَقَالَا: وَاللَّهِ لَوْ بَعَثْنَا هَذَيْنِ الْغُلَامَيْنِ -قَالَ: لِي وَلِلْفَضْلِ بْنِ عَبَّاسٍ- إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَكَلَّمَاهُ، فَأَمَّرَهُمَا عَلَى هَذِهِ الصَّدَقَاتِ، فَأَدَّيَا مَا يُؤَدِّي النَّاسُ وَأَصَابَا مِمَّا يُصِيبُ النَّاسُ، قَالَ: فَبَيْنَمَا هُمَا فِي ذَلِكَ جَاءَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ فَوَقَفَ عَلَيْهِمَا، فَذَكَرَا لَهُ ذَلِكَ فَقَالَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ): لَا تَفْعَلَا، فَوَاللَّهِ مَا هُوَ بِفَاعِلٍ. فَانْتَحَاهُ رَبِيعَةُ بْنُ الْحَارِثِ فَقَالَ: وَاللَّهِ مَا تَصْنَعُ هَذَا إِلَّا نَفَاسَةً مِنْكَ عَلَيْنَا، فَوَاللَّهِ لَقَدْ نِلْتَ صِهْرَ رَسُولِ اللَّهِ (؟)فَمَا نَفِسْنَاهُ عَلَيْكَ. قَالَ عَلِيٌّ: أَرْسِلُوهُمَا. فَانْطَلَقَا، وَاضْطَجَعَ عَلِيٌّ (ﷺ)، قَالَ: فَلَمَّا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الظُّهْرَ سَبَقْنَاهُ إِلَى الْحُجْرَةِ، فَقُمْنَا عِنْدَهَا حَتَّى جَاءَ، فَأَخَذَ بِآذَانِنَا، ثُمَّ قَالَ: ((أَخْرِجَا مَا تُصَرِّرَانِ)). ثُمَّ دَخَلَ وَدَخَلْنَا عَلَيْهِ، وَهُوَ يَوْمَئِذٍ عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ. قَالَ: فَتَوَاكَلْنَا الْكَلَامَ، ثُمَّ تَكَلَّمَ أَحَدُنَا فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنْتَ أَبَرُّ النَّاسِ وَأَوْصَلُ النَّاسِ، وَقَدْ بَلَغْنَا النِّكَاحَ، فَجِئْنَا لِتُؤَمِّرَنَا عَلَى بَعْضِ هَذِهِ الصَّدَقَاتِ، فَنُؤَدِّيَ إِلَيْكَ كَمَا يُؤَدِّي النَّاسُ، وَنُصِيبَ كَمَا يُصِيبُونَ. قَالَ: فَسَكَتَ طَوِيلًا حَتَّى أَرَدْنَا أَنْ نُكَلِّمَهُ، قَالَ: وَجَعَلَتْ زَيْنَبُ تُلْمِعُ عَلَيْنَا مِنْ وَرَاءِ الْحِجَابِ: أَنْ لَا تُكَلِّمَاهُ،

قَالَ: ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ الصَّدَقَةَ لَا تَنْبَغِي لِآلِ مُحَمَّدٍ، إِنَّمَا هِيَ أَوْسَاخُ النَّاسِ، ادْعُوا لِي مَحْمِيَةَ -وَكَانَ عَلَى الْخُمُسِ- وَنَوْفَلَ بْنَ الْحَارِثِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ)). قَالَ: فَجَاءَاهُ، فَقَالَ لِمَحْمِيَةَ: ((أَنْكِحْ هَذَا الْغُلَامَ ابْنَتَكَ)) -لِلْفَضْلِ بْنِ عَبَّاسٍ- فَأَنْكَحَهُ، وَقَالَ لِنَوْفَلِ بْنِ الْحَارِثِ: ((أَنْكِحْ هَذَا الْغُلَامَ ابْنَتَكَ)) -لِي- فَأَنْكَحَنِي، وَقَالَ لِمَحْمِيَةَ: ((أَصْدِقْ عَنْهُمَا مِنَ الْخُمُسِ كَذَا وَكَذَا)). قَالَ الزُّهْرِيُّ: وَلَمْ يُسَمِّهِ لِي.

(عبدالمطلب) ی كوڕی (ربیعە)ی كوڕی (حارث) دەڵێ: (ربیعەی كوڕی حارث) و (العباس)ی كوڕی (عبدالمطلب) كۆبونەوە، وتیان بەخوا گەر ئێمەش ئەو دوو كوڕە بنێرین: -من و فەضلی كوڕی عباس- بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) قسەی لەگەڵ بكەن، بەڵكو بیانكات بە كارمەندی زەكات و خەڵكی چی دەكات ئەوانیش بیكەن و خەڵك چی دەست دەكەوێت ئەوانیش دەستیان بكەوێت، لەو كاتەدا ئەوان لەو گفتوگۆیەدا بوون علی كوڕی ابو طالب (ﷺ) هاتە لایان وەستا، ئەوانیش ئەم ڕاز و نیازەیان بۆ باسكرد، وتی: كاری وا مەكەن بەخوا شتی واناكات، (ربیعە)ی كوڕی حارث لەڕویدا وەستا و وتی: تۆ بۆیە وادەكەیت حەسودی بە ئێمە دەبەیت، سوێند بەخوا تۆ بویت بە زاوای پێغەمبەر (ﷺ) ئێمە حەسودیمان بەتۆ نەبرد. عەلی وتی: بیاننێرن، ئەوان ڕۆیشتن و عەلیش ڕاكشا (ﷺ)، عبدالمطلب دەڵێ: كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی كرد پێشی كەوتین و لای حوجرەكەیدا وەستاین، هەتا هات، گوێی گرتین و فەرمووی: ((چی لە دڵتاندایە دەری بڕن)). ئەو چوە ژورەوە و ئێمەش بەدوایدا، لەو ڕۆژەدا لای زەینەبی كچی (جحش) بوو، ئێمەش هەریەكەمان بەتەما بوو ئەوی تر قسە بكات، دواجار یەكێكمان هاتەگۆ و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تۆ چاكترین كەس و، خزمدۆست ترین كەسی، ئێمەیش گەورەبوین و كاتی ژنهێنانمان هاتووە، هاتوین بمانكەیت بە كارمەندی هەندێ لەم خێر و زەكاتە، خەڵك چیت بۆ دەكات ئێمەش دەیكەین و، خەڵك چی دەست بكەوێت، ئێمەش دەستمان بكەوێت.. پێغەمبەر (ﷺ) ماوەیەكی زۆر بێ دەنگ بوو هەتا ویستمان قسەی لەگەڵ بكەینەوە، زەینەبیش لەپشتی پەردەكەوە ئاماژەی بۆ دەكردین: قسەی لەگەڵ مەكەن، لە دوایدا فەرموی: ((زەكات ناگونجێ بۆ بنەماڵەی محمد چونكە چڵكی [سامانی] خەڵكییە (محمیە) و (نوفل)ی كوڕی (حارث)ی (كوڕی عبدالمطلب)م بۆ بانگ كەن كەلەو ڕۆژەدا

(محمية) كارمەندی پێنج یەكی دەستكەوتەكانی جەنگ بووە دەڵێ: هـەردوكیان هاتن بۆ خزمەتی، بە (محمية)ی فەرمو: ((كچكەت مارە بكە لـەم كوڕە)) واتـە لـە فضلی كوڕی عباس بە (نوفل ی كوڕی حارث)یشی فەرموو: ((كچەكەت مارە بكە لەم كوڕە)). واتە لەمن، لێی مارەكردم ئینجا بە (محمية)ی فەرموو: لەپێنج یـەك ئەوەنـدەو ئەوەنـدە مـارەیی بـدە لـە بـری هـەردوكیان (زهـری راوی) دەڵـێ: ئەندازەكەی بۆ باس نەكردم.

(١٣) دیاریی بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) حەلاڵە

٥١٠- عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: أَهْدَتْ بَرِيرَةُ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) لَحْمًا تُصُدِّقَ بِهِ عَلَيْهَا، فَقَالَ: ((هُوَ لَهَا صَدَقَةٌ وَلَنَا هَدِيَّةٌ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٢٣،١٤٢٤]

(أنس ی كوڕی مالك) دەڵـێ: (بریـرە) ئـەو گۆشـتەی كەبەخێر بۆی هـاتبوو بەدیاری بردی بۆ پێغەمبەر ﷺ، ئەویش فەرمووی: ((ئەو گۆشتە بۆ ئـەو خێـرە، بەلاّم بۆ ئێمە دیارییە)).

٥١١- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (ﷺ) قَالَتْ: بَعَثَ إِلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِشَاةٍ مِنَ الصَّدَقَةِ، فَبَعَثْتُ إِلَى عَائِشَةَ (ﷺ) مِنْهَا بِشَيْءٍ، فَلَمَّا جَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى عَائِشَةَ قَالَ: ((هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ)). قَالَتْ: لَا، إِلَّا أَنَّ نُسَيْبَةَ بَعَثَتْ إِلَيْنَا مِنَ الشَّاةِ الَّتِي بَعَثْتُمْ بِهَا إِلَيْهَا. قَالَ: ((إِنَّهَا قَدْ بَلَغَتْ مَحِلَّهَا)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٢٣،١٤٢٤]

(أم عطيـة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) مـەڕێكی زەكـاتی بـۆ نـاردم، منـیش هەندێكیم لێنـارد بـۆ عائشە (ﷺ). كـە پێغەمبـەر (ﷺ) سـەردانی عائشەی كرد فـەرمووی: ((ئـەوە هیـچتان لایـە؟)) وتـی: نـەخێر، ئـەوە نـەبێ كـە (نسیبە) بـۆی نـاردوین لـەو مـەڕەی كـەتۆ بـۆت نـاردبوو. فـەرمووی: ((ئـەو مـەڕە گەیـشتۆتە شوێنی شیاوی خۆی)).

[واتە ئێمە وەكو دیاریەك وەرمان گرتووە]

(١٤) پێغەمبەر (ﷺ) زەكاتی وەرنەگرتووە

٥١٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ إِذَا أُتِيَ بِطَعَامٍ سَأَلَ عَنْهُ، فَإِنْ قِيلَ: هَدِيَّةٌ، أَكَلَ مِنْهَا. وَإِنْ قِيلَ: صَدَقَةٌ، لَمْ يَأْكُلْ مِنْهَا. [بخاري/ الهبة/ ٢٤٣٧]

(أبـو هریـرە) (ﷺ) دەڵـێ: ئەگـەر پێغەمبـەر (ﷺ) خـواردنێكی بـۆ بهاتایـە پرسیاری دەكرد، ئەگەر بوترایە دیارییـە، ئـەوە لێـی دەخـوارد، ئەگـەر بوترایـە: خێرو زەكاتە لێی نەدەخوارد.

(١٥) سەرفترە لەخورماو جۆ

٥١٣ـ عَنْ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَرَضَ زَكَاةَ الْفِطْرِ مِنْ رَمَضَانَ عَلَى النَّاسِ: صَاعًا مِنْ تَمْرٍ، أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ، عَلَى كُلِّ حُرٍّ أَوْ عَبْدٍ، ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى مِنَ الْمُسْلِمِينَ. [بخاري/ صدقة الفطر/ ١٤٣٧]

(عبدالله ی كوڕی عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) زەكاتی سەرفترەی فەرزكرد لەڕەمەزاندا لەسەر خەڵكی، مەنێك خورما، یان مەنێك جۆ، لەسەر هەموو كەسێكی ئازاد یان بەندە، نێر بێت یان مێ لەموسڵمانان.

(١٦) سەرفترە لەخۆراك و كەشك و مێوژ

٥١٤ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نُخْرِجُ إِذْ كَانَ فِينَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) زَكَاةَ الْفِطْرِ عَنْ كُلِّ صَغِيرٍ وَكَبِيرٍ، حُرٍّ أَوْ مَمْلُوكٍ، صَاعًا مِنْ طَعَامٍ، أَوْ صَاعًا مِنْ أَقِطٍ، أَوْ صَاعًا مِنْ شَعِيرٍ، أَوْ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ، أَوْ صَاعًا مِنْ زَبِيبٍ، فَلَمْ نَزَلْ نُخْرِجُهُ حَتَّى قَدِمَ عَلَيْنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ أَبِي سُفْيَانَ حَاجًّا أَوْ مُعْتَمِرًا، فَكَلَّمَ النَّاسَ عَلَى الْمِنْبَرِ، فَكَانَ فِيمَا كَلَّمَ بِهِ النَّاسَ أَنْ قَالَ: إِنِّي أَرَى أَنَّ مُدَّيْنِ مِنْ سَمْرَاءِ الشَّامِ تَعْدِلُ صَاعًا مِنْ تَمْرٍ. فَأَخَذَ النَّاسُ بِذَلِكَ. قَالَ أَبُو سَعِيدٍ: فَأَمَّا أَنَا فَلَا أَزَالُ أُخْرِجُهُ كَمَا كُنْتُ أُخْرِجُهُ أَبَدًا مَا عِشْتُ. [بخاري/ صدقة الفطر/ ١٤٣٧]

(أبو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: لەكاتێكدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەناوماندا بوو سەرفترەمان دەردەكرد بۆ هەموو كەسێكی بچوك و گەورە، ئازاد یان كۆیلە، مەنێك لەخۆراك، یان مەنێك لەكەشك، یان مەنێك لەجۆ، یان مەنێك لەخورما، یان مەنێك لەمێوژ. بەم شێوەیە دەرمان دەكرد هەتا (معاویەی كوڕی أبو سوفیان) هات بۆ ناومان بۆ حەج یان عەمرە، چووە سەر دوانگەو قسەی بۆ خەڵك كرد، یەكێك لەقسەكانی ئەوە بوو وتی: من پێم وایە دوو مشت گەنمی شام یەكسانە لەگەڵ مەنێك خورمادا، دوای ئەوە ئیتر خەڵك بەقسەی ئەویان كرد، (أبو سعيد) دەڵێ: بەلأم من هەمیشە سەرفترە دەردەكەم وەك ئەوسا هەتا لەژیاندام.

(١٧) دەركردنی سەفیترە پێش نوێژی جەژن

٥١٥ـ عَنْ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَ بِزَكَاةِ الْفِطْرِ أَنْ تُؤَدَّى قَبْلَ خُرُوجِ النَّاسِ إِلَى الصَّلَاةِ. [بخاري/ صدقة الفطر/ ١٤٣٨]

(عبـدالله كـوڕی عمـر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرمانی‌ـدا بەبەخشینی زەكاتی سەرفترە پێش ئەوەی خەڵك دەربچن بۆ نوێژی جەژن.

(١٨) هاندان بۆ خێركردن

٥١٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَا يَسُرُّنِي أَنَّ لِي أُحُدًا ذَهَبًا، تَأْتِي عَلَيَّ ثَالِثَةٌ وَعِنْدِي مِنْهُ دِينَارٌ، إِلَّا دِينَارٌ أَرْصُدُهُ لِدَيْنٍ عَلَيَّ)).

(ابـوهريره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((پـێم خـۆش نی‌یـە بەئەندازەی كێوی (أحد) ئاڵتونم لابێـت، سـێ ڕۆژ بەسەرمدا بێت و دینارێكم لا مابێت، مەگەر ئەو دینارەی كەبۆ قەرزێكم دانابێ كەلەسەرمە)).

(١٩) هاندان بۆ بەخشین

٥١٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ)- قَالَ: ((قَالَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: يَا ابْنَ آدَمَ أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْكَ. وَقَالَ: يَمِينُ اللَّهِ مَلْأَى -وَقَالَ ابْنُ نُمَيْرٍ: مَلْآنُ -سَحَّاءُ لَا يَغِيضُهَا شَيْءٌ، اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٤٠٧]

(ابـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((خـوای گـەورە دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم تۆ ببەخشە منیش پێت دەبەخشم)) هـەروەها فەرمویەتی: ((دەستی ڕاستی [بەخشندەیی] خوای میهرەبان هەمیشە پڕە)).

(إبن نمير) دەڵێ: پڕەو بەخوڕەمیش لەشەوو ڕۆژدا دەبارێت و هیچ شتێك كەمی ناكاتەوە.

(٢٠) ڕۆژێك دێت كەس خێرو زەكات وەرناگرێت

٥١٨ـ عن حَارِثَةَ بْنَ وَهْبٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((تَصَدَّقُوا، فَيُوشِكُ الرَّجُلُ يَمْشِي بِصَدَقَتِهِ، فَيَقُولُ الَّذِي أُعْطِيَهَا: لَوْ جِئْتَنَا بِهَا بِالْأَمْسِ قَبِلْتُهَا، فَأَمَّا الْآنَ فَلَا حَاجَةَ لِي بِهَا، فَلَا يَجِدُ مَنْ يَقْبَلُهَا)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٤٥]

(حارثـە ی كـوڕی وهـب) دەڵـێ: گـوێم لـە پێغەمبـەری خـوا بـوو (ﷺ) دەیفەرموو: ((خێر بكەن نزیكە كەسێك بگەڕێت تا خێرەكەی بدات بەكەسێك، كەچی ئەو كەسەی دەیەوێت پێی بدات دەڵێ: ئەگەر دوێنێ بتهێنایە وەرم دەگرت، بەڵام ئێستە پێویستم پێی نی‌یە. ئیتر كەسی دەست ناكەوێت لێی وەربگرێت))

٥١٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((تَقِيءُ الْأَرْضُ أَفْلَاذَ كَبِدِهَا أَمْثَالَ الْأُسْطُوَانِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، فَيَجِيءُ الْقَاتِلُ فَيَقُولُ: فِي هَذَا قَتَلْتُ، وَيَجِيءُ الْقَاطِعُ فَيَقُولُ: فِي هَذَا قَطَعْتُ رَحِمِي، وَيَجِيءُ السَّارِقُ فَيَقُولُ: فِي هَذَا قُطِعَتْ يَدِي، ثُمَّ يَدَعُونَهُ، فَلَا يَأْخُذُونَ مِنْهُ شَيْئًا)).

(ابـو هريـرە) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمويـەتی: ((زەوی پارچـەکانی جەرگی خۆی بەوێنەی ستونی ئاڵتون و زیو دەخاتە دەرەوە، پیاو کوژ دێت و دەڵێت: لەسەر ئەمە کوشتارم کردووە، خزمی خراپ دێت و دەڵێت: لەسەر ئەمە خزمایەتیم پـچڕاندووە، دز دێـت و دەڵێـت: لەسـەر ئەمـە دەسـتم بـڕاوە، ئەوسا هەمویان وازی لێ دەهێنن و هیچی لێ نابەن)).

(٢١) خێر بەخشین بەمێردو منداڵ

٥٢٠ـ عَنْ زَيْنَبَ امْرَأَةِ عَبْدِ اللَّه (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((تَصَدَّقْنَ يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ وَلَوْ مِنْ حُلِيِّكُنَّ)). قَالَتْ: فَرَجَعْتُ إِلَى عَبْدِ اللَّه فَقُلْتُ: إِنَّكَ رَجُلٌ خَفِيفُ ذَاتِ الْيَدِ، وَإِنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَدْ أَمَرَنَا بِالصَّدَقَةِ، فَأْتِه فَاسْأَلْهُ، فَإِنْ كَانَ ذَلِكَ يَجْزِي عَنِّي، وَإِلَّا صَرَفْتُهَا إِلَى غَيْرِكُمْ. قَالَتْ: فَقَالَ لِي عَبْدُ اللَّه: بَلِ ائْتِيهِ أَنْتِ قَالَتْ: فَانْطَلَقْتُ فَإِذَا امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ بِبَابِ رَسُولِ اللَّه (؟)حَاجَتِي حَاجَتُهَا، قَالَتْ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) قَدْ أُلْقِيَتْ عَلَيْهِ الْمَهَابَةُ، قَالَتْ: فَخَرَجَ عَلَيْنَا بِلَالٌ، فَقُلْنَا لَهُ: ائْتِ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) فَأَخْبِرْهُ أَنَّ امْرَأَتَيْنِ بِالْبَابِ تَسْأَلَانِكَ: أَتُجْزِئُ الصَّدَقَةُ عَنْهُمَا عَلَى أَزْوَاجِهِمَا وَعَلَى أَيْتَامٍ فِي حُجُورِهِمَا؟ وَلَا تُخْبِرْهُ مَنْ نَحْنُ، قَالَتْ: فَدَخَلَ بِلَالٌ عَلَى رَسُولِ اللَّه (ﷺ) فَسَأَلَهُ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((مَنْ هُمَا)). فَقَالَ: امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ وَزَيْنَبُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أَيُّ الزَّيَانِبِ)). قَالَ: امْرَأَةُ عَبْدِ اللَّه، فَقَالَ [لَهُ] رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((لَهُمَا أَجْرَانِ: أَجْرُ الْقَرَابَةِ، وَأَجْرُ الصَّدَقَةِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٩٧]

(زینـب) هاوسـەری (عبـدالله ی کـوڕی مـسعود) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموی: ((ئەی دەستەی ژنان خێر بکەن بالەخشڵی تایبەتی خۆیشتان بێت)). دەڵێـت: گەڕامـەوە بـۆ لای (عبـدالله) و پـێم ووت: تـۆ پیـاوێکی کـەم دەسـتی پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی پێداوین کەخێر بکەین بچۆ لێی بپرسە: ئەگەر بەئێوەی بدەم دەبێت؟ ئەگەر نا بابیدەم بەکەسی تر، عبدالله پێی وتم خۆت بچۆ، منیش چووم، سەیرم کرد ئافرەتێکی (انصاری) لەبەر قاپی ماڵی پێغەمبەردا

(ﷺ) وەسـتاوە بـۆ هـەمان مەبەسـت، پێغەمبـەریش (ﷺ) سـام و هەیبـەتێکی تایبەتی هەبوو، بیلال هاتە دەرەوە بۆلامان و پێمان وت: بچۆ بە پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: دوو ئافرەت لەبەر دەرگان و هاتوون پرسیاریان هەیە: ئایا ئەو خێرەی دەیبەخـشن بـەمێردەکانیان و بـەو هەتیوانـەی کەلـەژێر سـایەی ئەوانـدان جێ دەگرێت بۆیـان؟ پێـشی مـەڵێ ئێمـە کێین؟ بـلال چـوو بـۆلای پێغەمبـەر ، پێغەمبەر (ﷺ) پرسـی کێن ئەو ئافرەتانە؟ بلال وتـی: ئافرەتێکی (أنصاری) و زەینەبیشە، پێغەمبەر (ﷺ) پرسی: ((کام زەینەبە)) بلال وتی: خێزانـی (عبـدالله ی کـوڕی مـسعود) پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((ئـەو ئافرەتانـە دوو جـار پاداشتیان هەیە، پاداشتی خزمایەتی و پاداشتی خێرەکەش)).

(٢٢) خێر بۆ خوێش

٥٢١ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قالَ: كَانَ أَبُو طَلْحَةَ أَكْثَرَ أَنْصَارِيٍّ بِالْمَدِينَةِ مَالًا، وَكَانَ أَحَبُّ أَمْوَالِهِ إِلَيْهِ بَيْرَحَى، وَكَانَتْ مُسْتَقْبِلَةَ الْمَسْجِدِ، وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدْخُلُهَا وَيَشْرَبُ مِنْ مَاءٍ فِيهَا طَيِّبٍ، قَالَ أَنَسٌ: فَلَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ [ال‌عمران: ٩٢] قَامَ أَبُو طَلْحَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ يَقُولُ فِي كِتَابِهِ ﴿لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾ وَإِنَّ أَحَبَّ أَمْوَالِي إِلَيَّ بَيْرَحَى ،وَإِنَّهَا صَدَقَةٌ لِلَّهِ (ﷻ)، أَرْجُو بِرَّهَا وَذُخْرَهَا عِنْدَ اللَّهِ (ﷻ)، فَضَعْهَا يَا رَسُولَ اللَّهِ حَيْثُ شِئْتَ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بَخْ، ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ، ذَلِكَ مَالٌ رَابِحٌ، قَدْ سَمِعْتُ مَا قُلْتَ فِيهَا، وَإِنِّي أَرَى أَنْ تَجْعَلَهَا فِي الْأَقْرَبِينَ)). فَقَسَمَهَا أَبُو طَلْحَةَ فِي أَقَارِبِهِ وَبَنِي عَمِّهِ. [بخاري/ الزكاة/ ١٣٩٢]

(أنس ی کوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: (أبو طلحة) دەوڵەمەندترین (أنصاری) بوو لەمەدینەدا، خۆشەویستترین ماڵی بەلایەوە (بَیرحی) بوو (ناوی باخچەکەیەتی)، بەرامبـــەر مزگـــەوت، پێغەمبـــەر (ﷺ) دەچـــوو لـــەئاوە ســـازگارەکەی دەخواردەوە(أنس) دەڵێ: کاتێ ئەو ئایەتە دابەزی ﴿هەرگیز خێرو پاداشتان دەست ناکەوێت هەتا لەوە نەبەخشن کەخۆشتان دەوێت﴾ آل عمران /٩٢.(أبو طلحة) چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتـی:خـوای گەورە دەفەرمێت:﴿هەرگیز خێرو پاداشتان دەست ناکەوێت هەتا لەوە نەبەخشن کەخۆشتان دەوێت﴾ منیش خۆشەویستترین سامانم (بَیرحی) یە، ئەوا ئەیبەخشم بەخوای گەورە بەئومێدی ئـەوەی چاکەو پاداشـتم لای خـوای گـەورە بـۆ تۆمـار بکرێـت،

جـاتۆ ئـەی پێغەمبـەری خـوا چـی لێ دەكـەیت سەربەسـتی. پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((بەهـ، بەهـ، بەراستی سامانێكی بەقازانجە، سامانێكی بەسوودە. گوێم لێ بوو دەربارەی باخەكە چیت وت: من پێم باشە، دابەشی بكەیت بەسەر خزمەكانتدا)) ئەویش دابەشی كرد بەسەر خزم و ئامۆزاكانیدا.

(٢٣) خێر بۆ خاڵوان

٥٢٢ـ عَنْ مَيْمُونَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ (ﷺ): أَنَّهَا أَعْتَقَتْ وَلِيدَةً فِي زَمَانِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَذَكَرَتْ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((لَوْ أَعْطَيْتِهَا أَخْوَالَكِ كَانَ أَعْظَمَ لِأَجْرِكِ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٥٢]

(میمونەی كچی حارث) (ﷺ) دەڵێ: كچۆڵەیەكی ئازاد كردووە لەسەردەمی پێغەمبـەر (ﷺ)، جائـەوەی بـۆ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) باسـكردووە، ئـەویش فەرموویـەتی: ((ئەگـەر بتبەخـشیایە بـەخاڵوانت" ئـەوە پاداشـتەكەت زۆرتـر دەبوو)).

(٢٤) چاكە لەگەڵ دایكی موشریكدا

٥٢٣ـ عَنْ أَسْمَاءَ (ﷺ) قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أُمِّي قَدِمَتْ عَلَيَّ، وَهِيَ رَاغِبَةٌ -أَوْ: رَاهِبَةٌ- أَفَأَصِلُهَا؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٧٧]

(أسماء كچی ابوبكر) (ﷺ) دەڵـێ: ووتم ئەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، دایكم هاتووە بۆ لام، حەز لە سەردانم ئەكات، یان دەترسێ پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێنم، یـان پێـشوازی نەكـەم، ئایـا سـیلەی ڕەحمـی لەگـەڵ بكـەم و پێـشوازی بكـەم؟ فەرموی: ((بەڵێ)).

(٢٥) خێركردن بۆ دایكی كۆچكردوو

٥٢٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أُمِّيَ افْتُلِتَتْ نَفْسَهَا وَلَمْ تُوصِ، وَأَظُنُّهَا لَوْ تَكَلَّمَتْ تَصَدَّقَتْ، أَفَلَهَا أَجْرٌ إِنْ تَصَدَّقْتُ عَنْهَا؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). [بخاري/ الجنائز/ ١٣٢٢]

(عائشە) (ﷺ) دەڵـێ: پیاوێـك هـات بـۆ خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ) وتـی: ئـەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، دایكم كتوپڕ مردوو وەسێتی نەكرد، وابزانم ئەگەر فریای قسە بكەوتایە وەسێتی بـەخێر كـردن دەكـرد، ئایـا ئەگـەر مـن خێـری بـۆ بكـەم پاداشتی دەست ئەكەوێت؟ فەرموی: ((بەڵێ)).

(٢٦) خێركردن بەهەژاران

٥٢٥ـ عن جَرِيرِ بن عبدالله (ﷺ) قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي صَدْرِ النَّهَارِ، قَالَ: فَجَاءَهُ قَوْمٌ حُفَاةٌ عُرَاةٌ مُجْتَابِي النِّمَارِ -أَوِ الْعَبَاءِ- مُتَقَلِّدِي السُّيُوفِ، عَامَّتُهُمْ مِنْ مُضَرَ، بَلْ كُلُّهُمْ مِنْ مُضَرَ، فَتَمَعَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِمَا رَأَى بِهِمْ مِنَ الْفَاقَةِ، فَدَخَلَ ثُمَّ خَرَجَ، فَأَمَرَ بِلَالًا فَأَذَّنَ وَأَقَامَ، فَصَلَّى، ثُمَّ خَطَبَ فَقَالَ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ ﴿إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا﴾. وَالْآيَةَ الَّتِي فِي الْحَشْرِ [١٨]﴿يَا أَيُّهَا الذين آمنوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾. تَصَدَّقَ رَجُلٌ مِنْ دِينَارِهِ، مِنْ دِرْهَمِهِ، مِنْ ثَوْبِهِ، مِنْ صَاعِ بُرِّهِ، مِنْ صَاعِ تَمْرِهِ، حَتَّى قَالَ: وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ)). قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ مِنَ الْأَنْصَارِ بِصُرَّةٍ كَادَتْ كَفُّهُ تَعْجِزُ عَنْهَا، بَلْ قَدْ عَجَزَتْ، قَالَ: ثُمَّ تَتَابَعَ النَّاسُ، حَتَّى رَأَيْتُ كَوْمَيْنِ مِنْ طَعَامٍ وَثِيَابٍ، حَتَّى رَأَيْتُ وَجْهَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) يَتَهَلَّلُ كَأَنَّهُ مُذْهَبَةٌ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ سَنَّ فِي الْإِسْلَامِ سُنَّةً حَسَنَةً فَلَهُ أَجْرُهَا وَأَجْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ، مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْءٌ. وَمَنْ سَنَّ [فِي الْإِسْلَامِ] سُنَّةً سَيِّئَةً كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا، وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ، مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْءٌ)).

(جريری كوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: ئێمە لەسەرەتای ڕۆژدا لەخزمەت پێغەمبەری خوادا بووین، خەڵكێكی پێپەتی و ڕەش و ڕووت هاتن عەباكانیان كون كردبوو سەریان لێ دەرهێنا بوو، شمشێر بەدەستیش بوون، زوربەیان بەڵكو هەموویان لەتیرەی (مضر) بوون، كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) بینینی ئەوەندە ڕەش و ڕەجاڵن دڵگرانی لەڕوخساری پیرۆزیدا بەدی دەكرا، ئەوسا چووە ژوورەوەو هاتەوە دەرەوە، بەبیلالی فەرموو: كەبانگ بدات و قامەت بكات، ئینجا نوێژی كردو پاشان وتارێكی پێشكەش كردو فەرموی: ((﴿ ئەی خەڵكینە لەپەروەردگارتان بترسن كەئێوەی لەتاكە كەسێك بەدی هێناوە، لەویش هاوسەرەكەی دروست كردووە، لەوانیشەوە پیاوان و ژنانێكی زۆری بەدی هێناوە، جالەو خوایە بترسن كەسوێندی پێ دەخۆن و لەو داوای پێویستیەكانتان بكەن، هەروەها پەیوەندی خزمایەتیش بپارێزن و مافی خزمان پێشێل مەكەن، چونكە بەراستی خوا چاودێرە بەسەرتانەوە﴾ النساء /١))، هەروەها ئەو ئایاتەی سورەتی (الحشر)یشی خوێندەوە كە دەفەرموێت: ((﴿

ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە لەخوا بترسن و هەر كەس باسەرنج بدات و بڕوانێت چی دەستپێشكەری كردووە بۆ سبەینێ ...﴾ الحشر /١٨ دەبا هەركەس خێر بكات لەدینارەكەی، لەدرهەمەكەی، لەپۆشاكەكەی، لەگەنمەكەی لەخورماكەی، هەتا فەرمووی بالەتە خورمایەكیش بێت)). پیاوێكی (أنصاری) هات یەك كیسە دراوی هێنا خەریك بوو دەستی نەیدەگرت بەڵكو نەیشی گرت، ئینجا خەڵكی بەشوێن یەكدا هاتن، هەتا دوو كۆمەڵی گەورە خۆراك و پۆشاكم بینی، هەروەها بینیم ڕوخساری پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەشایەوە، دەتووت بەئاڵتوون نەخشێنراوە... فەرمووی: ((ئەوەی لەئیسلامدا سوننەت و كارێكی چاك دابهێنێت ئەوە پاداشتی خۆی و هەموو ئەوانەی كەشوێنی دەكەون و دەیكەن بۆی تۆمار دەكرێت بێ ئەوەی لەپاداشتیان كەم بێتەوە، ئەوەش كەشتێكی ناباش دادەهێنێت، ئەوە خۆی گوناهبار دەبێت و گوناهی هەموو ئەوانەشی لەسەر كەڵەكە دەبێت كەدوای خۆی دێن و پەیڕەوی دەكەن، بێ ئەوەی لەگوناهیان كەم بێتەوە)).

(٢٧) خێر بەهەژارو ڕێبوار

٥٢٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((بَيْنَا رَجُلٌ بِفَلَاةٍ مِنَ الْأَرْضِ، فَسَمِعَ صَوْتًا فِي سَحَابَةٍ: اسْقِ حَدِيقَةَ فُلَانٍ، فَتَنَحَّى ذَلِكَ السَّحَابُ فَأَفْرَغَ مَاءَهُ فِي حَرَّةٍ، فَإِذَا شَرْجَةٌ مِنْ تِلْكَ الشِّرَاجِ قَدِ اسْتَوْعَبَتْ ذَلِكَ الْمَاءَ كُلَّهُ، فَتَتَبَّعَ الْمَاءَ، فَإِذَا رَجُلٌ قَائِمٌ فِي حَدِيقَتِهِ يُحَوِّلُ الْمَاءَ بِمِسْحَاتِهِ، فَقَالَ لَهُ: يَا عَبْدَ اللَّهِ مَا اسْمُكَ؟ قَالَ: فُلَانٌ، لِلِاسْمِ الَّذِي سَمِعَ فِي السَّحَابَةِ، فَقَالَ لَهُ: يَا عَبْدَ اللَّهِ لِمَ تَسْأَلُنِي عَنِ اسْمِي؟ فَقَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ صَوْتًا فِي السَّحَابِ الَّذِي هَذَا مَاؤُهُ يَقُولُ: اسْقِ حَدِيقَةَ فُلَانٍ، لِاسْمِكَ، فَمَا تَصْنَعُ فِيهَا؟ قَالَ: أَمَّا إِذْ قُلْتَ هَذَا: فَإِنِّي أَنْظُرُ إِلَى مَا يَخْرُجُ مِنْهَا فَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثِهِ، وَآكُلُ أَنَا وَعِيَالِي ثُلُثًا، وَأَرُدُّ فِيهَا ثُلُثَهُ)). وفي رواية: ((وَأَجْعَلُ ثُلُثَهُ فِي الْمَسَاكِينِ وَالسَّائِلِينَ وَابْنِ السَّبِيلِ)).

(أبو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەكاتێكدا كابرایەك لەدەشتێكدا وەدەركەوت، گوێی لەدەنگێك بوو بەهەورێكی دەوت، بڕۆ باخچەی فلأن ئاو بدە!! هەورەكەش لایداو هەموو ئاوەكەی كرد بەسەر زەوییەكی بەردەلأنی ڕەشدا، سەیری كرد ئاودڕێك لەو ئاودڕانە هەموو ئاوەكەی گرتەخۆ، كەبەشوێنیدا ڕۆیشت، بینی كابرایەك بەپێوە وەستاوە لەباخچەكەیداو

بەبێڵەكەی ئاودێری دەكات، پێی وت: ئەی بەندەی خوا ناوت چیە؟ كابرا وتی: فلان، هەر ئەو ناوە بوو كەلە هەورەكەوە بیستی، ئەویش پێی وت: ئەی بەنـدەی خـوا تـۆ بـۆ لـەناوی مـن دەپرسـی؟ كـابرا وتـی: لەڕاسـتیدا گـوێم لەدەنگێكەوە بـوو لـەو هـەورەوە دەهـات كەئەمـە ئاوەكەیـەتی دەیـوت: باخـچەی فلانەكـەس ئـاو بـدە، نـاوی تـۆی هێنـا، باشـە ئـەوە تـۆ چـی لـە (بـەروبومی) باخـچەكەت دەكـەیت؟ باخەوانەكـە وتـی: جـا مـادەم تـۆ وا دەڵێیـت، ئـەوە مـن چاوەڕێی بەروبومەكەی دەكەم، سێیەكی لێدەبەخشم، سێیەكی ماڵ و منداڵم دەیخـۆن، سێیەكیـشی دێڵمـــەوە بـــۆ بنـــە تۆوبنـــەكان)) لەڕیوایـــەتێكی تردا..((سێیەكی بۆ هەژاران و داواكاران و ڕێبواران دادەنێم)).

(٢٨) خۆپاراستن لەئاگری دۆزەخ

٥٢٧ـ عَنْ عَدِيِّ بْنِ حَاتِمٍ (ﷺ) قَالَ: ذَكَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) النَّارَ، فَأَعْرَضَ وَأَشَاحَ، ثُمَّ قَالَ: ((اتَّقُوا النَّارَ)). ثُمَّ أَعْرَضَ وَأَشَاحَ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ كَأَنَّمَا يَنْظُرُ إِلَيْهَا ثُمَّ قَالَ اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ. [بخاري/ الزكاة/ ١٣٤٧]

(عدی كوڕی حاتـەم)دەڵێ: پێغەمبـەر (ﷺ) باسـی ئاگری دۆزەخـی دەكرد، لای دەكـردەوەو ڕووی وەردەگێـڕا، پاشـان فـەرموی: خۆتـان لـەئاگری دۆزەخ بپارێزن، دیسانەوە لای دەكردەوەو ڕووی وەردەگێڕا بەشێوەیەك وامان دەزانی كەلەبەرچاویەتی و تەماشای دەكات، پاشان فەرموی: خۆتان لەئاگر بپارێزن ئەگەر بەلەتە خورمایەكیش بووە، ئەوەش كەنیەتی بەگوفتارێكی جوان.

(٢٩) هاندان بۆ خێر لە شتی بەخشراودا

٥٢٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) –يَبْلُغُ بِهِ [إلى انبي (ﷺ)]-: ((أَلَا رَجُلٌ يَمْنَحُ أَهْلَ بَيْتٍ نَاقَةً، تَغْدُو بِعُسٍّ وَتَرُوحُ بِعُسٍّ، إِنَّ أَجْرَهَا لَعَظِيمٌ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٨٦]

(أبـو هریـرە)دەیگەیەنێتـە پێغەمبـەر (ﷺ) ((ئـای بـۆ كەسـێك وشـترێك بەئەمانەت بدا بەماڵێك بەیانیان دۆلكەیەكی گەورە شیریان بداتێ و ئێوارانیش دۆلكەیەك بەڕاستی پاداشتی زۆر گەورەیە)).

(٣٠) شاردنەوەی خێر

٥٢٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لَا ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ: الْإِمَامُ الْعَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ بِعِبَادَةِ اللَّهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي

الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلَانِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ، اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ، فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا، حَتَّى لَا تَعْلَمَ يَمِينُهُ مَا تُنْفِقُ شِمَالُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)).
[بخاري/ الجماعة و الإمامة/ ٦٢٩٤]

(أبوهريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((حەوت جۆر کەس هەن کەخوا دەیانخاتە ژێر سایەو سێبەری خۆیەوە لەو ڕۆژەدا کەهیچ سایەو سێبەرێك نیە جگە لەسایەو سێبەری ئەو زاتە: پێشەوایەکی دادپەروەر، لاوێکە کەلەسەر خواپەرستی گەورە بوبێت، کەسێکە کەدڵی پەیوەستی مزگەوت بێت، دوو کەس کەلەبەر خوا یەکتریان خۆش بوێت و لەسەر ئەو بنچینەیە بەیەك گەیشتبن، دوای دور کەوتنەوەو جیابونەوەشیان لەیەکتر خۆشەویستیان بەردەوام بێت، کەسێك کەئافرەتێکی جوان و ناودار بانگی بکات، ئەویش بڵێت : بەڕاستی من لەخوا دەترسم، کەسێکە کەخێر دەکات و دەیشارێتەوە، هەتا دەستی ڕاستی نازانێت دەستی چەپی چی بەخشیوە، کەسێکە بەتەنهایی یادی خوا بکات و چاوەکانی ئەسرینیان لێ ببارێت)).

(٣١) خێری گەورە

٥٣٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الصَّدَقَةِ أَعْظَمُ؟ فَقَالَ: ((أَنْ تَصَدَّقَ وَأَنْتَ صَحِيحٌ شَحِيحٌ، تَخْشَى الْفَقْرَ وَتَأْمُلُ الْغِنَى، وَلَا تُمْهِلَ حَتَّى إِذَا بَلَغَتِ الْحُلْقُومَ قُلْتَ: لِفُلَانٍ كَذَا، وَلِفُلَانٍ كَذَا، أَلَا وَقَدْ كَانَ لِفُلَانٍ)).

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): کام خێر پاداشتی گەورەو زۆرە؟ فەرموی: ((ئەوەیە کەخێر بکەیت لەکاتێکدا لەشت ساغ بێت و ماڵەکەت خۆش بوێت و ڕژد بیت، بترسی لەهەژاری و بەهیوای دەوڵەمەندی بیت، نەك ئەو خێرەی کەدوای دەخەیت هەتا گیان دەگاتە گەروو ئەوسا بڵێیت: ئەوە بۆ فلان و ئەوە بۆ فیسار، ئاگادار بە، ئەو ماڵە هەر بۆ فلان و فیسار دەبێت)) [﴿واتە لەدەست تۆ دەرچوو﴾].

(٣٢) خێر لەماڵی حەڵاڵ

٥٣١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَتَصَدَّقُ أَحَدٌ بِتَمْرَةٍ مِنْ كَسْبٍ طَيِّبٍ إِلَّا أَخَذَهَا اللَّهُ بِيَمِينِهِ، فَيُرَبِّيهَا كَمَا يُرَبِّي أَحَدُكُمْ فَلُوَّهُ أَوْ قَلُوصَهُ، حَتَّى تَكُونَ مِثْلَ الْجَبَلِ أَوْ أَعْظَمَ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٤٤]

(أبو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر كەسێك دەنكە خورمایەك كەبەحەڵاڵی پەیدای كردووە بیكات بەخێر، خوا بەدەستی ڕاستی قودرەتی لێی وەردەگرێت و نەش و نمای پێدەكات، هەروەك چۆن كەسێك لەئێوە، جوانوەكەی یان بەچكە حوشترەكەی پەروەردە دەكات، هەتا وای لێ دێت وەكو كێوێكی لێ دەكات یان مەزنتریش)).

٥٣٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّ اللَّهَ (ﷻ) طَيِّبٌ، لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا، وَإِنَّ اللَّهَ أَمَرَ الْمُؤْمِنِينَ بِمَا أَمَرَ بِهِ الْمُرْسَلِينَ، فَقَالَ: ﴿يَا أَيُّهَا الرُّسُلُ كُلُوا مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَاعْمَلُوا صَالِحًا إِنِّي بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ﴾ [المؤمنون: ٥١]. وَقَالَ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُلُوا مِنْ طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ﴾ [البقرة: ١٧٢]. ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ: يَا رَبِّ يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ)).

(أبو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەی خەڵكینە، بەڕاستی پەروەردگاری پایە بڵند چاك و پاك و بێگەردە، شتی چاك و پاك و بێگەرد نەبێت لای ئەو پەسەند نییە، ئەو زاتە هەمان ئەو فەرمانەی كەداویەتی بەپێغەمبەران، هەمان ئەو فەرمانەشی داوە بە ئیمانداران: [ئەی پێغەمبەران، لەرزق و ڕۆزیە چاكەكان بخۆن، كارو كردەوەی چاكیش ئەنجام بدەن، بەڕاستی من زانام بەو كارو كردەوانەی كەدەیكەن]. هەروەها فەرمویەتی: [ئەی ئەو كەسانەی كەباوەڕتان هێناوە لەو رزق و ڕۆزیە چاكانە بخۆن كەپێمان بەخشیون]. ئینجا باسی ئەو پیاوەی كرد كە((سەفەری تولانی دەكات، قژ بژو تۆزاوی، دەستەكانی بەرزدەكاتەوە بۆ ئاسمان و [دەڵێت] پەروەردگارا، پەروەردگارا، لەكاتێكدا خۆراكی حەرامە، خواردنەوەی حەرامە، پۆشاكی حەرامە، بەحەرام گەورە بووە، ئیتر چۆن نزای گیرایە؟)).

(٣٣) بەکەم زانینی خێری کەم!

٥٣٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ: ((يَا نِسَاءَ الْمُسْلِمَاتِ، لَا تَحْقِرَنَّ جَارَةٌ لِجَارَتِهَا، وَلَوْ فِرْسِنَ شَاةٍ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٢٧]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەی ئافرەتە موسڵمانەکان، باهیچ دراوسێیەك خێری ئافرەتە دراوسێکەی بەکەم نەزانێت، با ئەو خێرە بە ئەندازەی ئێسقانی باڵە مەڕێکیش بێت)).

(٣٤) ئەوانەی ڕەخنە لە بەخششی ئیمانداران دەگرن

٥٣٤ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ (ﷺ) قَالَ: أُمِرْنَا بِالصَّدَقَةِ، قَالَ: كُنَّا نُحَامِلُ، قَالَ: فَتَصَدَّقَ أَبُو عَقِيلٍ بِنِصْفِ صَاعٍ. قَالَ: وَجَاءَ إِنْسَانٌ بِشَيْءٍ أَكْثَرَ مِنْهُ، فَقَالَ الْمُنَافِقُونَ: إِنَّ اللَّهَ لَغَنِيٌّ عَنْ صَدَقَةِ هَذَا، وَمَا فَعَلَ هَذَا الْآخَرُ إِلَّا رِيَاءً، فَنَزَلَتْ: ﴿الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ﴾ [التوبة: ٧٩]. [بخاري/ الزكاة/ ١٣٤٩]

(أبو مسعود) (ﷺ) دەڵێ: فەرمانمان پێدرا کەخێر بکەین، ئێمەش کۆڵبەریمان دەکرد [بۆ ئەوەی خێری لێ بکەین] (أبو عقيل) نیو مەن خۆراکی هێنا، کەسێکی تر نەختێك لەو زیاتری هێنا، دووڕووەکان وتیان: خوا پێویستی بەخێری ئەمە نەبوو، ئەوی تریش بۆ ڕیابازی هێنای!! ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ئەوانەی لۆمەی خێرخوازو خێر بەخشەکان دەکەن لەخێرو بەخششەکەیاندا، هەروەها لۆمەی ئەوانەش دەکەن کەتەنها دەتوانن بەخۆماندوکردن بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەستن، ئەوانە خوا سزایان دەدا...﴾.

(٣٥) خێرو کردەوەی چاك

٥٣٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ أَنْفَقَ زَوْجَيْنِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ نُودِيَ فِي الْجَنَّةِ. يَا عَبْدَ اللَّهِ هَذَا خَيْرٌ، فَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصَّلَاةِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّلَاةِ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجِهَادِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الْجِهَادِ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصَّدَقَةِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّدَقَةِ، وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصِّيَامِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الرَّيَّانِ)). قَالَ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ (ﷺ): مَا عَلَى أَحَدٍ يُدْعَى مِنْ تِلْكَ الْأَبْوَابِ مِنْ ضَرُورَةٍ، فَهَلْ يُدْعَى أَحَدٌ مِنْ تِلْكَ الْأَبْوَابِ كُلِّهَا؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((نَعَمْ، وَأَرْجُو أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ)). [بخاري/ الصوم/ ١٧٩٨]

(أبـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ:پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((ئـەوەی دوو جـۆر چاکەی هەبێت لەپێناوی خوادا، لەبەهەشتەوە بانگی لێ دەکرێت: ئەی بەنـدەی خوا، وەرە لێرەوە بچۆ بەهەشتەوە چاکترە، جا ئـەوەی نوێـژ خـوێنێکی چـاك بوبێـت لـەدەروازەی نوێـژەوە بـانگی لێ دەکرێـت، ئـەوەی موجاهیـدو تێکۆشـەر بوبێت لەدەروازەی جیهادو تێکۆشانەوە بانگی لێ دەکرێت، ئەوەی خێرخـوازو خێربـەخش بوبێت، لـەدەروازەی خێرو بەخشینەوە بانگی لێ دەکرێـت، ئـەوەی ڕۆژووی زۆر بوبێـت لـە دەروازەی (الريـان)ەوە بـانگی لێ دەکرێـت)). (أبـوبکر الـصديق) (ﷺ) وتـی: بەڕاسـتی ئـەوەی لەهـەموو ئـەو دەروازانـەوە بـانگی لێ بکرێت، ئەوە هیچ زیانێك ڕووی تێ ناکات و [بەختەوەرە]، ئاخۆ کەسێك هەبێت لەهەموو ئەو دەروازانەوە بانگی لێ بکرێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((بەڵێ، مـن ئومێدەوارم کەتۆ لەوانە بيت)).

٥٣٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَصْبَحَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ صَائِمًا)). قَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): أَنَا، قَالَ: ((فَمَنْ تَبِعَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ جَنَازَةً)). قَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): أَنَا، قَالَ: ((فَمَنْ أَطْعَمَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مِسْكِينًا)). قَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): أَنَا، قَالَ: ((فَمَنْ عَادَ مِنْكُمُ الْيَوْمَ مَرِيضًا)). قَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): أَنَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا اجْتَمَعْنَ فِي امْرِئٍ إِلَّا دَخَلَ الْجَنَّةَ)).

(أبـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((کـێ لـەئێوە ئـەمڕۆ بـەڕۆژووە؟)) أبـوبکر: وتـی: مـن، فـەرموی: ((ئـەی کـێ لـەئێوە ئـەمڕۆ شـوێنی جەنازەیـەك کـەوتووە؟)) أبـوبکر: وتـی: مـن، فـەرموی: ((کـێ لـە ئێـوە ئـەمڕۆ خـواردنی هەژاری‌داوە؟)) ئـەبو بـەکر فـەرمووی: مـن. فـەرمووی: ((کـێ لـەئێوە ئەمڕۆ سـەردانی نەخۆشێکی کردووە؟)) أبوبکر: وتـی: من، ..ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فـەرموی: ئـەم ﴿کـردەوە چـاکانە﴾ لەهـەر کەسێکدا کـۆ ببێتـەوە دەچێتە بەهەشتەوە.

(٣٦) هەموو چاکەیەك خێرە

٥٣٧- عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((كُلُّ مَعْرُوفٍ صَدَقَةٌ)).

(حذيفة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((هەموو کردەوەیەکی چاك خێرە)).

(٣٧) تەسبیحات و لا إله إلا الله

٥٣٨ـ عَنْ أَبِي ذَرّ (ﷺ): أَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالُوا لِلنَّبِيِّ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالْأُجُورِ، يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي، وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ، وَيَتَصَدَّقُونَ بِفُضُولِ أَمْوَالِهِمْ. قَالَ: ((أَوَ لَيْسَ قَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ مَا تَصَّدَّقُونَ؟ إِنَّ بِكُلِّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةً، وَكُلِّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةً، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنْ مُنْكَرٍ صَدَقَةٌ، وَفِي بُضْعِ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَأتِي أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ، وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: ((أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِي حَرَامٍ، أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ؟ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِي الْحَلَالِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ)).

(ابــو ذر) (ﷺ) دەگێڕێتـــەوە كەهەنـــدێك لـــەهاوەڵانی پێغەمبـــەر (ﷺ) بەپێغەمبـەریان وت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ(ﷺ) دەوڵەمەنـدەكان هەرچـی پاداشت هەیە بردویانە بۆ خۆیان، وەكو ئێمە نوێـژ دەكەن، وەكو ئێمە ڕۆژوو دەگـرن، هەنـدێ لەپارەكانیـشیان دەكـەن بـەخێر. پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرموی: ((باشە مەگەر خوای گەورە شتی بەئێوە نەبەخشیوە تا بیكەن بەخێر؟ دڵنیا بن كەهـەموو (سبحان الله) وتنێك خێرێكە، هـەموو (الله أكبر)ێك خێرێكە، هـەموو (الحمد لله) یـەك خێرێكـە، هـەموو (لا إلـە إلا الله)یـەك خێرێكـە، فـەرمان بەچاكە خێرە، قەدەغە لەخراپە خێرە، جوتبوون لەگەڵ هاوسەردا خێرە))

وتیان ئەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئایا كەسێك لەئێمە ئارەزووی خۆی تێر بكات پاداشتی هەیە؟ فەرموی: ((باشە ئەگەر ئەو ئارەزووەی لەحەرامدا دانێت، ئایا گوناهی ناگـات؟ هـەر ئاوایش ئەگـەر بەحـەلاڵی ئـەنجامی بـدات پاداشـتی هەیە)).

(٣٨) خێركردن بۆ جومگەكان

٥٣٩ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ): إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّهُ خُلِقَ كُلُّ إِنْسَانٍ مِنْ بَنِي آدَمَ عَلَى سِتِّينَ وَثَلَاثِ مِائَةِ مَفْصِلٍ، فَمَنْ كَبَّرَ اللَّهَ، وَحَمِدَ اللَّهَ، وَهَلَّلَ اللَّهَ، وَسَبَّحَ اللَّهَ، وَاسْتَغْفَرَ اللَّهَ، وَعَزَلَ حَجَرًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ شَوْكَةً أَوْ عَظْمًا عَنْ طَرِيقِ النَّاسِ، وَأَمَرَ بِمَعْرُوفٍ، أَوْ نَهَى عَنْ مُنْكَرٍ، عَدَدَ تِلْكَ السِّتِّينَ وَالثَّلَاثِ مِائَةِ السُّلَامَى، فَإِنَّهُ يَمْشِي يَوْمَئِذٍ وَقَدْ زَحْزَحَ نَفْسَهُ عَنِ النَّارِ)). قَالَ أَبُو تَوْبَةَ: وَرُبَّمَا قَالَ: ((يُمْسِي)).

(عائـشة) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((ئـادەمیزاد لـە ٣٦٠ جومگە پێكهاتووە، هەركەس، الله أكبر والحمد لله و لا إله إلا الله و سبحان الله و استغفر الله بكات .. یاخود بەردێك، یان دڕكێك یان ئیشێك لەسەر ڕێی خەڵكی لا ببات، فەرمان بەچاكە بكات، یان قەدەغەی خراپە بكات، بەقەدەر ئەو ٣٦٠ جومگانە، ئەوە ئەو ڕۆژە خۆی لەئاگری دۆزەخ لاداوە)).

(٣٩) خێر بەناشایستە..!!

٥٤٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((قَالَ رَجُلٌ: لَأَتَصَدَّقَنَّ اللَّيْلَةَ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ زَانِيَةٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ: تُصُدِّقَ اللَّيْلَةَ عَلَى زَانِيَةٍ قَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ عَلَى زَانِيَةٍ؟ لَأَتَصَدَّقَنَّ بِصَدَقَةٍ فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ فَوَضَعَهَا فِي يَدِ غَنِيٍّ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ: تُصُدِّقَ عَلَى غَنِيٍّ. قَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ، عَلَى غَنِيٍّ؟ لَأَتَصَدَّقَنَّ بِصَدَقَةٍ، فَخَرَجَ بِصَدَقَتِهِ، فَوَضَعَهَا فِي يَدِ سَارِقٍ، فَأَصْبَحُوا يَتَحَدَّثُونَ: تُصُدِّقَ عَلَى سَارِقٍ. فَقَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ: عَلَى زَانِيَةٍ وَعَلَى غَنِيٍّ وَعَلَى سَارِقٍ؟ فَأُتِيَ فَقِيلَ لَهُ: أَمَّا صَدَقَتُكَ فَقَدْ قُبِلَتْ، أَمَّا الزَّانِيَةُ فَلَعَلَّهَا تَسْتَعِفُّ بِهَا عَنْ زِنَاهَا، وَلَعَلَّ الْغَنِيَّ يَعْتَبِرُ فَيُنْفِقُ مِمَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ، وَلَعَلَّ السَّارِقَ يَسْتَعِفُّ بِهَا عَنْ سَرِقَتِهِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٥٥]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((پیاوێك وتـی: ئەمشەو دەبێ خێرێك بكەم، چووە دەرەوەو خێرەكەی نایە دەستی ئافرەتێكی داوێن پیسەوە، بەیانی خەڵك دەیانوت: ئەمشەو خێر بەئافرەتێكی داوێن پیس كراوە، كابرا وتـی: خوایە سوپاس بۆ تۆ [ئاخۆ بۆچی] من خێرەكەم بەداوێن پیس داوە؟! پاشان وتـی: دەبێ خێرێكی تر بكەم، چووە دەرەوەو خێرەكەی نایە مستی دەوڵەمەندێكەوە، بەیانی خەڵك وتیان: خێر بەدەوڵەمەندێك كراوە!!.. كابرا وتـی: خوایە سوپاس بۆ تۆ، ئەمەش دەوڵەمەند بوو؟!.. كەواتە دەبێ خێرێكی تر بكەم، چووە دەرەوەو خێرەكەی نایە مستی دزێك، خەڵكی وتیان: خێر بەدز كراوە!! كابرا وتـی: خوایە سوپاس بۆ تۆ لەسەر ئەوە كە وایلێهات خێر بە دامێن پیسێك و دەوڵەمەندو دزێك بكەم!! ئینجا لەخەوا پێی وترا: خێرەكانت هەموویان جێی خۆی گرتووەو وەرگیراوە، ئافرەتە داوێن پیسەكە لەوانەیە بەو خێرە دەست لەداوێن پیسی هەڵبگرێت، دەوڵەمەندەكەش لەوانەیە

سودی لێ وەربگرێت و هاندەرێك بێت بۆی تائەویش لەوەی کەخوا پێی بەخشیوە ببەخشێت، دزەکەش لەوانەیە بەو خێرەی تۆ واز لەدزی بهێنێت)).

(٤٠) خێرخوازو دەست نوقاو

٥٤١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَثَلُ الْبَخِيلِ وَالْمُتَصَدِّقِ مَثَلُ رَجُلَيْنِ عَلَيْهِمَا جُنَّتَانِ مِنْ حَدِيدٍ: إِذَا هَمَّ الْمُتَصَدِّقُ بِصَدَقَةٍ اتَّسَعَتْ عَلَيْهِ حَتَّى تُعَفِّيَ أَثَرَهُ، وَإِذَا هَمَّ الْبَخِيلُ بِصَدَقَةٍ تَقَلَّصَتْ عَلَيْهِ وَانْضَمَّتْ يَدَاهُ إِلَى تَرَاقِيهِ، وَانْقَبَضَتْ كُلُّ حَلْقَةٍ إِلَى صَاحِبَتِهَا)). قَالَ: فَسَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((فَيَجْهَدُ أَنْ يُوَسِّعَهَا فَلَا يَسْتَطِيعُ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٧٥]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((نمونەی دەست نوقاوو خێرخواز وەك دووکەس وایە کەهەر یەکەیان ئەڵقەیەکی ئاسن دەورەی دابێت، کاتێ کەخێرخوازەکە دەیەوێت خێرێك بکات ئەڵقەکە بۆی فراوان دەبێت و شوێن پێکانی [گوناهەکانی] دەسڕێتەوە، کاتێکیش دەست نوقاوەکە دەیەوێت خێرێك بکات ئەڵقەکەی دێتەوەیەك و دەستەکانی بەرز دەکاتەوە تاگەردنی، ئەڵقەکانی هەموو دێنەوە یەك)) جاگوێم لێ بوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((زۆر هەوڵ دەدات کەفراوانی بکات بەلاَم ناتوانێت)). مەبەست ئەوەیەکە ڕەزیل دەستی ناچێتە ماڵ و سامانی بۆ خێرکردن.

(٤١) بەخشین و دەست گرتنەوە

٥٤٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلَّا مَلَكَانِ يَنْزِلَانِ، فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا: اللَّهُمَّ أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا، وَيَقُولُ الْآخَرُ: اللَّهُمَّ أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٧٤]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((هەر ڕۆژێك دادێت لەسەر بەندەکان دوو فریشتە دادەبەزن و یەکێکیان دەڵێت: خوایە ئەوەی خێر دەکات بۆی پڕبکەرەوە، ئەوی تریان دەڵێت: خوایە ئەوەی دەست تەنگەو خێر ناکات [سامانەکەی] لەناو ببە)).

(٤٢) خەزنەداری دەستپاك

٥٤٣- عَنْ أَبِي مُوسَى [الأشعري (ﷺ)] عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْخَازِنَ الْمُسْلِمَ الْأَمِينَ، الَّذِي يُنْفِذُ -وَرُبَّمَا قَالَ: يُعْطِي- مَا أُمِرَ بِهِ، فَيُعْطِيهِ كَامِلًا مُوَفَّرًا

طَيِّبَةً بِهِ نَفْسُهُ، فَيَدْفَعُهُ إِلَى الَّذِي أُمِرَ لَهُ بِهِ، أَحَدُ الْمُتَصَدِّقَيْنِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٧١]

(ابو موسى الأشعري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((بەڕاستی خەزنەداری موسڵمانی دەستپاك كە [فەرمان] جێبەجێ دەكات و بەتەواوی پێی خۆشنوودەو دەیدات بەو كەسەی كەفەرمانی پێدراوە، بەیەكێك لەخێرخوازان دەدرێتە قەڵەم)).

(٤٣) ببەخشەو دەست مەگرەوە و كۆی مەكەرەوە

٥٤٤ـ عَنْ أَسْمَاءَ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ الصديق (ﷺ) : أَنَّهَا جَاءَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، لَيْسَ [لِي] شَيْءٌ إِلَّا مَا أَدْخَلَ عَلَيَّ الزُّبَيْرُ، فَهَلْ عَلَيَّ جُنَاحٌ أَنْ أَرْضَخَ مِمَّا يُدْخِلُ عَلَيَّ؟ فَقَالَ: ((ارْضَخِي مَا اسْتَطَعْتِ، وَلَا تُوعِي فَيُوعِيَ اللَّهُ عَلَيْكِ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٥٠]

(أسماء كچی ابوبكر الصدیق) (ﷺ) هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا: من هیچم نیيە جگە لەوەی كە (زبیر) پەیدای دەكات، ئایا گوناهم دەگات كەهەندێ لەوە ببەخشم كەدەهێنرێت بۆم؟ فەرموی: چەندە دەتوانی ببەخشە، دەست مەگرەوە با خوا دەستت لێ نەگرێتەوە)).

(٤٤) ئەگەر ژن لەماڵی مێردی ببەخشێت

٥٤٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا أَنْفَقَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ طَعَامِ بَيْتِهَا، غَيْرَ مُفْسِدَةٍ، كَانَ لَهَا أَجْرُهَا بِمَا أَنْفَقَتْ، وَلِزَوْجِهَا أَجْرُهُ بِمَا كَسَبَ، وَلِلْخَازِنِ مِثْلُ ذَلِكَ، لَا يَنْقُصُ بَعْضُهُمْ أَجْرَ بَعْضٍ شَيْئًا)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٥٩]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەگەر ژن لەخۆراكی ماڵەكەی ببەخشێت و زیادەڕەوی نەكات، ئەوە پاداشتی ئەو بەخشینەی دەست دەكەوێت، مێردەكەشی پاداشتی پەیداكردنەكەی، خەزنەداریش بەهەمان شێوە، كەسیان لەپاداشتی كەسیان كەم ناكەنەوە)).

(٤٥) ماڵ بەخشینی بەندە

٥٤٦ـ عن عُمَيْرًا مَوْلَى آبِي اللَّحْمِ (ﷺ) قَالَ: أَمَرَنِي مَوْلَايَ أَنْ أُقَدِّدَ لَحْمًا، فَجَاءَنِي مِسْكِينٌ، فَأَطْعَمْتُهُ مِنْهُ، فَعَلِمَ بِذَلِكَ مَوْلَايَ فَضَرَبَنِي، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لَهُ، فَدَعَاهُ فَقَالَ: ((لِمَ ضَرَبْتَهُ)). فَقَالَ: يُعْطِي طَعَامِي بِغَيْرِ أَنْ آمُرَهُ، فَقَالَ: ((الْأَجْرُ بَيْنَكُمَا)).

(عمير) كارگوزاری (آبي اللحم) (ﷺ) دەڵێ: ئاغام داوای لێکردم کەگۆشتی بۆ وشك بکەمەوە، هەژارێك هات بۆ لام، منیش هەندێکم بەش دا، ئاغام پێی زانیم و لێیدام، منیش چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) باسم بۆ کرد، ئەویش بانگی کردو فەرمووی: ((ئەوە بۆ لێت داوە)) [ئاغام] وتی: بێ ئەوەی من فەرمانی پێبدەم لەخۆراکەکەم دەبەخشێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((پاداشتەکەی والەنێوان هەردوکتاندا)).

٥٤٧- عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَصُمِ الْمَرْأَةُ وَبَعْلُهَا شَاهِدٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ، وَلَا تَأْذَنْ فِي بَيْتِهِ وَهُوَ شَاهِدٌ إِلَّا بِإِذْنِهِ، وَمَا أَنْفَقَتْ مِنْ كَسْبِهِ مِنْ غَيْرِ أَمْرِهِ فَإِنَّ نِصْفَ أَجْرِهِ لَهُ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٩٩]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ژن نابێت بەڕۆژوو بێت [مەبەست ڕۆژووی سوننەتە] لەکاتێکدا مێردەکەی لەماڵە مەگەر بەڕەزامەندی ئەو، مۆڵەتی کەسیش نابێ بدات [بێتەماڵەکەی] ئەگەر ڕەزامەندی ئەوی لەسەر نەبێت، هەرچیەکیش دەبەخشێت بەبێ فەرمان و ڕەزامەندی ئەو، ئەوە نیوەی پاداشتەکەی بۆ ئەوە)) (واتە بۆ مێردەکەیەتی).

(٤٦) پاکێتی و خۆگریی

٥٤٨- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ نَاسًا مِنَ الْأَنْصَارِ سَأَلُوا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأَعْطَاهُمْ، ثُمَّ سَأَلُوهُ فَأَعْطَاهُمْ، حَتَّى إِذَا نَفِدَ مَا عِنْدَهُ قَالَ: ((مَا يَكُنْ عِنْدِي مِنْ خَيْرٍ فَلَنْ أَدَّخِرَهُ عَنْكُمْ، وَمَنْ يَسْتَعْفِفْ يُعِفَّهُ اللَّهُ، وَمَنْ يَسْتَغْنِ يُغْنِهِ اللَّهُ، وَمَنْ يَصْبِرْ يُصَبِّرْهُ اللَّهُ، وَمَا أُعْطِيَ أَحَدٌ مِنْ عَطَاءٍ خَيْرٌ وَأَوْسَعُ مِنَ الصَّبْرِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٠٠]

(أبو سعيد الخدري) (ﷺ) دەگێڕێتەوە: کەسانێك لە (أنصار) داوای (پارەو شتیان کرد) لە پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش [هەندێکی] دانێ، پاشان داوای تریان کرد، هەربەشیدان، هەتا هیچی لا نەما، ئەوسا فەرمووی: ((هەرچی خێرو بێرێکم لابێ لەئێوەی ناگرمەوە، هەرکەسیش پاك و [نەفس بەرز] بێت، خوای گەورە دەوڵەمەندی دەکات، ئەوەی بێنیازی لە خەڵکی دەرخا، خوا دەوڵەمەندی دەکات، ئەوەش خۆی بگرێت خوا ئارامیی پێ دەبەخشێت، بەهیچ کەس هیچ بەخششێك نەدراوە کەلەخۆگری گەورەترو خێردارتر بێت)).

(٤٧) بەشی کەم و قەناعەت

٥٤٩ـ عَنْ عَبْدِ اللّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّهِ (ﷺ) قَالَ: ((قَدْ أَفْلَحَ مَنْ أَسْلَمَ وَرُزِقَ كَفَافًا، وَقَنَّعَهُ اللّهُ بِمَا آتَاهُ)).

(عبداللـــەی کـــوڕی عمـــرو کـــوڕی عـــاص) (ﷺ) دەڵـــێ: پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((بەڕاستی ئـەو کەسـە سـەرفرازە کەموسـڵمان بـووەو ئەوەنـدەی هەیە کەبەشی دەکات، خوایش ڕازی کردووە بەو بەشەی کەپێی داوە)).

(٤٨) داوانەکردن

٥٥٠ـ عَنْ مُعَاوِيَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ): ((لَا تُلْحِفُوا فِي الْمَسْأَلَةِ، فَوَاللّهِ لَا يَسْأَلُنِي أَحَدٌ مِنْكُمْ شَيْئًا، فَتُخْرِجَ لَهُ مَسْأَلَتُهُ مِنِّي شَيْئًا وَأَنَا لَهُ كَارِهٌ، فَيُبَارَكَ لَهُ فِيمَا أَعْطَيْتُهُ)).

(معاویـە) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((لەسـەر داواکردنـی [سـامان و پـارە] زۆر مـەڕۆن، سـوێند بـەخوا هیـچکام لـەئێوە داوای شـتێکم لێ بکـات منـیش بەنابـەدڵی بیـدەمێ، خـوا ئـەو شـتەی لێ پـیرۆز ناکـات کـەپێم بەخشیووە)).

(٤٩) ناپەسەندی سواڵ

٥٥١ـ عن عَبْدِ اللّهِ بن عمر (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَزَالُ الْمَسْأَلَةُ بِأَحَدِكُمْ حَتَّى يَلْقَى اللّهَ وَلَيْسَ فِي وَجْهِهِ مُزْعَةُ لَحْمٍ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٠٥]

(عبداللەی کوڕی عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((کەسـانی واتان هەیە ئەوەندە سواڵ دەکات و داوا دەکات، کاتێ بەخزمەت خوای گەورە دەگات دەم و چاوی تۆزقاڵێ گۆشتی پێوە نییە)).

٥٥٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ (ﷺ) يَقُولُ: " ((لَأَنْ يَغْدُوَ أَحَدُكُمْ فَيَحْطِبَ عَلَى ظَهْرِهِ، فَيَتَصَدَّقَ بِهِ وَيَسْتَغْنِيَ بِهِ مِنَ النَّاسِ، خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ رَجُلًا، أَعْطَاهُ أَوْ مَنَعَهُ ذَلِكَ، فَإِنَّ الْيَدَ الْعُلْيَا أَفْضَلُ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى، وَابْدَأْ بِمَنْ تَعُولُ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٠١]

(أبـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگـەر کەسێکتان بـەیانی زوو بـچێت بـۆ دارهێنـان بـەکۆڵی خـۆی و بیکـات بـەخێر و خـۆی دوور بگرێت لەداواکردن لەخەڵکی چاکترە لەوەی داوا لەکەسێك بکات، یان دەیداتێ،

یان نایداتێ، چونکە بەڕاستی دەستی سەرەوەی بەخشندە چاکترە لەدەستی خوارەوەی داواکار، بەوەش دەست پێبکە کەبەخێوکردنی لەسەرتە)).

(٥٠) دەستی سەرەوە چاکترە لەدەستی خوارەوە

٥٥٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ، وَهُوَ يَذْكُرُ الصَّدَقَةَ وَالتَّعَفُّفَ عَنِ الْمَسْأَلَةِ: ((الْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى، وَالْيَدُ الْعُلْيَا الْمُنْفِقَةُ وَالسُّفْلَى السَّائِلَةُ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٦٢]

(عبداللەی کوڕی عمر) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتێکدا لەسەر مینبەر بوو، باسی خێر و دووری گرتن لە سواڵکردنی دەکرد و هانی [خەڵکی] دەدابۆ دورە پەرێزی لەسواڵکردن دەیفەرموو: ((دەستی سەرەوە چاکترە لەدەستی خوارەوە، دەستی سەرەوەی بەخشندە، دەستی خوارەوەی داواکار)).

٥٥٤ـ عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ (ﷺ) قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَعْطَانِي، ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَأَعْطَانِي، ثُمَّ سَأَلْتُهُ فَأَعْطَانِي، ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ هَذَا الْمَالَ خَضِرَةٌ حُلْوَةٌ، فَمَنْ أَخَذَهُ بِطِيبِ نَفْسٍ بُورِكَ لَهُ فِيهِ، وَمَنْ أَخَذَهُ بِإِشْرَافِ نَفْسٍ لَمْ يُبَارَكْ لَهُ فِيهِ، وَكَانَ كَالَّذِي يَأْكُلُ وَلَا يَشْبَعُ، وَالْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٠٣]

(حکیم کوڕی حزام) (ﷺ) دەڵێ: داوای [هەندێ پارەو سامانم] لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، ئەویش بەشی دام، پاشان داوای هەندێکی ترم لێکرد، هەر بەشیدام، دواتر داوایهەندێکی ترم لێکرد هەر بەشی دام و فەرموی: ((ئەم ماڵ و سامانە شیرین و ڕازاوەیە، ئەوەی بەڕەزامەندی و بێ داواکردن بیدرێتێ، بەرەکەتی بۆی تێدەکەوێت، ئەوەش هەر حەزی لێ بکات و چاوی تێر نەبێت، بەرەکەتی تێناکەوێت بۆی، وەکو ئەو کەسەی لێ دێت کەهەر دەخوات و تێریش نابێت.. دەستی سەرەوەش چاکترە لەدەستی خوارەوە)).

(٥١) ئەو هەژارەی نیەتی و داواش ناکات

٥٥٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَيْسَ الْمِسْكِينُ بِهَذَا الطَّوَّافِ الَّذِي يَطُوفُ عَلَى النَّاسِ، فَتَرُدُّهُ اللُّقْمَةُ وَاللُّقْمَتَانِ، وَالتَّمْرَةُ وَالتَّمْرَتَانِ)). قَالُوا: فَمَا الْمِسْكِينُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الَّذِي لَا يَجِدُ غِنًى يُغْنِيهِ، وَلَا يُفْطَنُ لَهُ فَيُتَصَدَّقَ عَلَيْهِ، وَلَا يَسْأَلُ النَّاسَ شَيْئًا)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤٠٩]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((هەژار ئەو کەسە نیە کەدەگەڕێت بەناو خەڵکداو بەپارویەك یان دوو پارو، یان خورمایەك و

دوخورما ڕازیـیە)) وتیان ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی هەژار كێیە؟ فەرموی: ((ئەو كەسـەیە كەئەوەنـدەی دەسـت ناكـەوێت بێنیـاز بێـت، خـەڵكیش نایناسـن تـا خێری پێ بكەن، خۆیشی داوای هیچ لەخەڵكی ناكات)).

(٥٢) دەوڵەمەندی بەشتی زۆر نییە

٥٥٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَيْسَ الْغِنَى عَنْ كَثْرَةِ الْعَرَضِ، وَلَكِنَّ الْغِنَى غِنَى النَّفْسِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦٠٨١]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((دەوڵەمەندی بە شتی زۆر نیە، بەڵكو دەوڵەمەندیی ئەوەیە كەدڵ و دەرون دەوڵەمەندبێت)).

(٥٣) ڕەوشی ئادەمیزاد..

٥٥٧ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَهْرَمُ ابْنُ آدَمَ وَتَشِبُّ مِنْهُ اثْنَتَانِ، الْحِرْصُ عَلَى الْمَالِ. وَالْحِرْصُ عَلَى الْعُمُرِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦٠٥٨]

(أنس ی كوڕی مالك) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((ئادەمیزاد پـیر دەبێـت، كەچـی دوو شـت تێیـدا هـەر گەنجـە: پەرۆشـی بـۆ مـاڵ و سـامان، پەرۆشی تەمەن درێژی)).

(٥٤) ئەگەر ئادەمیزاد دوو دۆڵ سامانی هەبێت...

٥٥٨ـ عَنْ أَبِي الْأَسْوَدِ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: بَعَثَ أَبُو مُوسَى [الْأَشْعَرِيُّ (ﷺ)] إِلَى قُرَّاءِ أَهْلِ الْبَصْرَةِ، فَدَخَلَ عَلَيْهِ ثَلَاثُ مِائَةِ رَجُلٍ قَدْ قَرَءُوا الْقُرْآنَ، فَقَالَ: أَنْتُمْ خِيَارُ أَهْلِ الْبَصْرَةِ وَقُرَّاؤُهُمْ، فَاتْلُوهُ، وَلَا يَطُولَنَّ عَلَيْكُمُ الْأَمَدُ فَتَقْسُوَ قُلُوبُكُمْ كَمَا قَسَتْ قُلُوبُ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، وَإِنَّا كُنَّا نَقْرَأُ سُورَةً كُنَّا نُشَبِّهُهَا فِي الطُّولِ وَالشِّدَّةِ بِـ ﴿بَرَاءَةَ﴾ فَأُنْسِيتُهَا، غَيْرَ أَنِّي قَدْ حَفِظْتُ مِنْهَا: ((لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ مَالٍ لَابْتَغَى وَادِيًا ثَالِثًا، وَلَا يَمْلَأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا التُّرَابُ)). وَكُنَّا نَقْرَأُ سُورَةً [كُنَّا] نُشَبِّهُهَا بِإِحْدَى الْمُسَبِّحَاتِ فَأُنْسِيتُهَا، غَيْرَ أَنِّي حَفِظْتُ مِنْهَا: [((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ]، فَتُكْتَبُ شَهَادَةً فِي أَعْنَاقِكُمْ، فَتُسْأَلُونَ عَنْهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(أبـو الأسـود) دەڵـێ: (أبـو موسـی الأشـعري) (ﷺ) نـاردی بەشـوێن قورئـان خوێنەكانی بەسرەدا، سێسەد كەس ئامادە بوو لەوانـەی كەقورئانیان ئەزانی و خـەتمیان كردبـوو، پێـی ووتـن: ئێـوە چـاكترین دانیـشتوانی بەسـرەو قورئـان خوێنـەكانیانن، داواكـارم بـەردەوام دەوری بكەنـەوە، نەكـەن لـەو كەسـانە بـن

كـەزەمان تێپـەڕی بەسـەریاندا و درێـژەی كێـشا دڵیـان ڕەق ببێـت وەكـو دڵـی ئەوانەی پێش ئێوە، ئێمە جاران سورەتێكمان دەخوێند لەتۆكمەیی و درێژیدا بەقەدەر (براءة) دەبوو، لەبیرم نەماوە كامە بوو، بەڵام هەندێكم لەبیرماوە. ئەگەر ئادەمیزاد پڕی دوو دۆڵ سامانی هەبێت حەز لەدۆڵی سێیەم دەكات، چاوی ئادەمیزاد مەگەر خۆڵ پڕی بكات. [بێ گومان ئەمە ئایەتی قورئان نیە]..!! هەروەها سورەتێكمان دەخوێند لەوانەی كە بە (سبح) دەست پێدەكات، لەوەش ئەوەم لەیادە: ﴿ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە بۆچی شتێك دەڵێن و ئـەنجامی نـادەن، بـۆ گوفتـار و كردارتـان جیـاوازە؟!﴾ ئـەویش شایەتیەكەلەگەردنتانداو لەقیامەتدا بەرپرسیارن لێی.

(٥٥) گوڵزاری دنیا

٥٥٩- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَخَطَبَ النَّاسَ فَقَالَ: ((لَا وَاللَّهِ مَا أَخْشَى عَلَيْكُمْ أَيُّهَا النَّاسُ إِلَّا مَا يُخْرِجُ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ زَهْرَةِ الدُّنْيَا)). فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَأْتِي الْخَيْرُ بِالشَّرِّ؟ فَصَمَتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَاعَةً ثُمَّ قَالَ: ((كَيْفَ قُلْتَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيَأْتِي الْخَيْرُ بِالشَّرِّ؟ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ الْخَيْرَ لَا يَأْتِي إِلَّا بِخَيْرٍ. [ثم قال]: أَوَ خَيْرٌ هُوَ؟ إِنَّ كُلَّ مَا يُنْبِتُ الرَّبِيعُ يَقْتُلُ حَبَطًا أَوْ يُلِمُّ، إِلَّا آكِلَةَ الْخَضِرِ، أَكَلَتْ حَتَّى إِذَا امْتَلَأَتْ خَاصِرَتَاهَا اسْتَقْبَلَتِ الشَّمْسَ ثَلَطَتْ أَوْ بَالَتْ، ثُمَّ اجْتَرَّتْ فَعَادَتْ فَأَكَلَتْ، فَمَنْ يَأْخُذْ مَالًا بِحَقِّهِ يُبَارَكْ لَهُ فِيهِ، وَمَنْ يَأْخُذْ مَالًا بِغَيْرِ حَقِّهِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ الَّذِي يَأْكُلُ وَلَا يَشْبَعُ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٣٩٦]

(أبو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژێك پێغەمبەر (ﷺ) هەستاو وتاریداو فـەرمووی: ((خەڵكینـە مـن لـەوە دەترسـم [كـەئالودەی هـەر ئـەوە بـبن] كـەخوا لەگوڵزارو ڕازاوەیی دنیا بۆتان فەراهەم دەهێنێ)) پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خـوا: ئایـا خێـر شـەڕ دەهێنێـت؟! پێغەمبـەر (ﷺ) تاوێـك بێـدەنگ بـوو پاشـان فـەرمووی: ((ئـەوە چیـت وت))؟ پیاوەكە وتـی: وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، ئایـا خێـر شـەڕ دەهێنێـت؟! پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((لەڕاسـتیدا خێـر هـەر خێـر دەهێنێـت، پاشـان فـەرمووی: بـەڵام ئایا ئـەوە خێـرە؟ [ئایـا نـابینن]، هەرچیش لەبەهاردا بەرهەم دێت یاخود چەم و چۆڵ دەیهێنێت یان سك دەئاوسێنێت یـان خەریكە [بخۆرەكەی] تیا بەرێت، مەگەر گژوگیای هـاوین، كـەئاژەڵ دەیخـوات

سکی خۆی لێ پڕ دەکات، پاشان خۆی دەداتە بەرخۆرو سەنێر دەکات و میز دەکات، ئینجا کاوێژ دەکات و دەیخوات.. جا ئەوەی سامانی ڕەوای دەست بکەوێت بەرەکەتی بۆ تێدەکەوێت، ئەوەش بەناحەق و ناڕەوا سامان بەدەست بهێنێ، وەکو ئەو کەسە وایە کەهەر دەخوات و تێر نابێت)).

(٥٦) وەرگرتن دروستە بێ داوا

٥٦٠ـ عن ابن عمر (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يُعْطِي عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) الْعَطَاءَ، فَيَقُولُ لَهُ عُمَرُ (ﷺ): أَعْطِهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفْقَرَ إِلَيْهِ مِنِّي، فَقَالَ [لَهُ] رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((خُذْهُ فَتَمَوَّلْهُ أَوْ تَصَدَّقْ بِهِ، وَمَا جَاءَكَ مِنْ هَذَا الْمَالِ وَأَنْتَ غَيْرُ مُشْرِفٍ وَلَا سَائِلٍ فَخُذْهُ، وَمَا لَا فَلَا تُتْبِعْهُ نَفْسَكَ)). قَالَ سَالِمٌ: فَمِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَانَ ابْنُ عُمَرَ لَا يَسْأَلُ أَحَدًا شَيْئًا، وَلَا يَرُدُّ شَيْئًا أُعْطِيَهُ. [بخاري/ الأحكام/ ٦٧٤٤]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) شتی دەبەخشی بە (عمری کوڕی خطاب) عمریش دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیبەخشە بەوکەسەی لەمن هەژارترە، پێغەمبەریش (ﷺ) دەیفەرموو: ((وەری بگرە بۆ خۆت یان بیکە بەخێر، هەرچیت دەست دەکەوێت لەماڵ و سامان بەمەرجێ خۆت چاوت تێنەبڕیبێ و داوات نەکردبێ وەری بگرە، ئەگەر نا خۆتی بۆ ماندوو مەکە و بەدوایدا مەچۆ)). (سالم)ی کوڕی دەڵێ: لەبەر ئەوە (عمر) داوای شتی لەکەس نەکردوەوهەرچیشی پێبدرایە دەستی پێوە نەدەنا..

(٥٧) سواڵ بۆ کێ دروستە؟

٥٦١ـ عَنْ قَبِيصَةَ بْنِ مُخَارِقٍ الْهِلَالِيِّ (ﷺ) قَالَ: تَحَمَّلْتُ حَمَالَةً، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَسْأَلُهُ فِيهَا، فَقَالَ: ((أَقِمْ حَتَّى تَأْتِيَنَا الصَّدَقَةُ، فَنَأْمُرَ لَكَ بِهَا)). ثُمَّ قَالَ: ((يَا قَبِيصَةُ إِنَّ الْمَسْأَلَةَ لَا تَحِلُّ إِلَّا لِأَحَدِ ثَلَاثَةٍ: رَجُلٍ تَحَمَّلَ حَمَالَةً، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَهَا ثُمَّ يُمْسِكُ. وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ اجْتَاحَتْ مَالَهُ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْشٍ، أَوْ قَالَ: سِدَادًا مِنْ عَيْشٍ. وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ فَاقَةٌ حَتَّى يَقُومَ ثَلَاثَةٌ مِنْ ذَوِي الْحِجَا مِنْ قَوْمِهِ: لَقَدْ أَصَابَتْ فُلَانًا فَاقَةٌ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْشٍ، أَوْ قَالَ: سِدَادًا مِنْ عَيْشٍ. فَمَا سِوَاهُنَّ مِنَ الْمَسْأَلَةِ يَا قَبِيصَةُ سُحْتٌ يَأْكُلُهَا صَاحِبُهَا سُحْتًا)).

(قبیصەی کوڕی مخارق ی هلالی) (ﷺ) دەڵێ: کۆڵێکم گرتە ئەستۆی خۆم، ئینجا چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) تا داوا لەو بکەم، ئەویش فەرموی:

((چاوەڕێ بکە تا زەکاتمان بۆ دێت، فەرمان دەدەین بەشت بدەن)) پاشان فەرمووی: ((ئەی (قبیصە) داوا کردن بۆ سێ کەس دروستە: ئەو کەسەی قەرزێکی گرتبێتە ئەستۆ بۆ چارەسەری کێشەی نێوان خەڵکی، ئەوە بۆی هەیە هەوڵی بۆ بدات تا پەیدای دەکات، ئیتر واز بێنێ، هەروەها کەسێك بەڵایەکی بەسەر بێت و سەروەت و سامانی نەمێنێت، ئەویش بۆی دروستە هەتا پێویستی خۆی دابین دەکات. کەسێك کەهەژاری و نەداری یەخەی گرتبێت [ئەویش بڕوای پێ ناکرێت] هەتا سێ کەس لەکەسانی عاقڵ و شارەزای قەومەکەی شایەتی دەدەن کەفلاّنکەس توشی هەژاری و نەداری بووەو دروستە سواڵ بکات، ئەویش تائەو کاتەی کەژیانی باش دەبێت، ئیتر بێجگە لەوە هەر داواکارییەك ئەی (قبیصە)ماڵێکی حەرامە هەرکەس بەدەستی بێنێت)).

(٥٨) بەشی ئەوەش بدرێت کەبەڕەقی داوا دەکات

٥٦٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَعَلَيْهِ رِدَاءٌ نَجْرَانِيٌّ غَلِيظُ الْحَاشِيَةِ، فَأَدْرَكَهُ أَعْرَابِيٌّ فَجَبَذَهُ بِرِدَائِهِ جَبْذَةً شَدِيدَةً، نَظَرْتُ إِلَى صَفْحَةِ عُنُقِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَقَدْ أَثَّرَتْ بِهَا حَاشِيَةُ الرِّدَاءِ مِنْ شِدَّةِ جَبْذَتِهِ، ثُمَّ قَالَ: يَا مُحَمَّدُ، مُرْ لِي مِنْ مَالِ اللَّهِ الَّذِي عِنْدَكَ. فَالْتَفَتَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَضَحِكَ ثُمَّ أَمَرَ لَهُ بِعَطَاءٍ. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٨٠]

(انس ی کوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەڕۆیشتم عەبایەکی نەجرانی بەسەر شانەوە بوو قەراغەکەی زۆر زبر بوو، عەرەبێکی دەشتەکی خۆی گەیاندێ و عەباکەی بەتوندی ڕاکێشا، کەسەیرم کرد قەراغی عەباکە کاری کردبووە سەر لاملی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوەندە بەتوندی ڕایکێشا بوو، ئینجا وتیشی: ئەی محمد فەرمان بدە بالەو ماڵی خوایەی کەلای تۆیە بەشم بدەن، پێغەمبەر (ﷺ) ئاوڕی لێ دایەوەو پێکەنی، پاشان فەرمانی‌دا کەبەشی بدەن.

٥٦٣ـ عَنِ الْمِسْوَرِ بْنِ مَخْرَمَةَ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: قَسَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَقْبِيَةً وَلَمْ يُعْطِ مَخْرَمَةَ شَيْئًا، فَقَالَ مَخْرَمَةُ: يَا بُنَيَّ، انْطَلِقْ بِنَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَانْطَلَقْتُ مَعَهُ، قَالَ: ادْخُلْ فَادْعُهُ لِي، قَالَ: فَدَعَوْتُهُ لَهُ فَخَرَجَ إِلَيْهِ وَعَلَيْهِ قَبَاءٌ مِنْهَا، فَقَالَ: ((خَبَأْتُ هَذَا لَكَ)). قَالَ: فَنَظَرَ إِلَيْهِ، فَقَالَ: ((رَضِيَ مَخْرَمَةُ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٥٩]

(میسوری كوڕی مخرمە) (ﷺ) دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر (ﷺ) چەند پاڵتۆیەكی بەش كردوو بەشی مخرمەی نەدا، ئینجا مخرمە بەكوڕەكەی وت: كوڕم بابچین بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، میسور دەڵێ: منیش لەگەڵیدا چووم، پێی وتم: بچۆ ژوورەوە بۆ خزمەتی و بۆم بانگ بكە، منیش چووم و بۆم بانگ كرد، ئەویش تەشریفی هێنایە دەرەوەو یەكێك لەو پاڵتۆیانەی لەبەردا بوو، فەرموی: ((ئەمەم شاردۆتەوە بۆ تۆ)) ئینجا مخرمە سەیری كردوو وتی: ئیتر مخرمە ڕازییە..

رۆژوو

(١) گرنگیی رۆژوو

٥٦٤ـ عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ اللّهِ (ﷺ): ((قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدمَ لَهُ، إِلَّا الصِّيَامَ فَإِنَّهُ لِي وَأَنَا أَجْزِي بِهِ، وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ، فَإِذَا كَانَ يَوْمُ صَوْمِ أَحَدِكُمْ فَلَا يَرْفُثْ يَوْمَئِذٍ وَلَا يَسْخَبْ، فَإِنْ سَابَّهُ أَحَدٌ أَوْ قَاتَلَهُ فَلْيَقُلْ: إِنِّي امْرُؤٌ صَائِمٌ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ، وَلِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ يَفْرَحُهُمَا: إِذَا أَفْطَرَ فَرِحَ بِفِطْرِهِ، وَإِذَا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَوْمِهِ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٠٥]

(أبـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((خـوای گـەورە دەفەرموێت: هـەموو کردەوەکانی ئادەمیزاد بـۆ خۆیـەتی جگـە لـەڕۆژوو، ئـەوە بەڕاستی بۆ منەو هەر خۆشم پاداشتی دەدەمەوە، هەروەها ڕۆژو قەڵغانە، ئەگەر ڕۆژێـك کەسـێکتان بـەڕۆژو بـوو بـا ئـەو ڕۆژە قسەی ناشـیرین و هـات و هـاوار نـەکات، خـۆ ئەگـەر کەسـێك جنێـوی پێـداو شـەڕی پـێ فرۆشـت بابڵێـت: مـن کەسێکی بەڕۆژوم، سوێند بەوکەسەی گیـانی محمـدی بەدەسـتە بـۆنی دەمـی ڕۆژوەوان لـەڕۆژی قیامەتـدا لای خـوا لـەبۆنی میـسك خۆشـترە، هـەروەها دوو خۆشـی هەیـە بـۆ ڕۆژوەوان، کاتێـك بـەربانگ دەکاتـەوە دڵخۆشـە بـەڕۆژو شـکاندنەکەی، کـاتێکیش بەدیـداری پـەروەردگاری شـاد دەبێـت دڵخۆشـە بەڕۆژوەکەی)).

(٢) ڕێزی مانگی رەمەزان

٥٦٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا جَاءَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الْجَنَّةِ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ النَّارِ، وَصُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٠٠]

(أبـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموويـەتی: ((کـاتێ کەڕەمـەزان دێـت دەروازەکـانی بەهەشـت دەکرێنـەوەو قاپیـەکانی دۆزەخ دادەخـرێن و شەیتانەکان کۆت دەکرێن)).

(٣) یەك دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان ڕۆژوو دروست نییە

٥٦٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَقَدَّمُوا رَمَضَانَ بِصَوْمِ يَوْمٍ وَلَا يَوْمَيْنِ، إِلَّا رَجُلٌ كَانَ يَصُومُ صَوْمًا فَلْيَصُمْهُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨١٥]

(ابـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((پـێش ڕەمـەزان بـەڕۆژێك یـان دوو ڕۆژ بەڕۆژومـەبن، مەگـەر كەسـێك وەكـو عـادەت ئـەو ڕۆژەی گرتبێ با بەڕۆژوو بێت)).

(٤) ڕۆژوگرتن بە بینینی مانگ

٥٦٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: ذَكَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْهِلَالَ فَقَالَ: ((إِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَصُومُوا، وَإِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَأَفْطِرُوا، فَإِنْ أُغْمِيَ عَلَيْكُمْ فَعُدُّوا ثَلَاثِينَ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨١٠]

(ابو هريره) (ﷺ) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر (ﷺ) باسی مانگی یەك شەوەی كرد و فەرمووی:((ئەگەر بینیتان ئەوە بەڕۆژو بن، ئەگەر بینیشتانەوە بیشكێنن و (بیكەن بە جەژن) ئەگەر هەور بەرچاوی گرتن ئەوە سی ڕۆژی شەعبان تەواو بكەن)).

(٥) مانگ [جاری واهەیە] ٢٩ ڕۆژە.

٥٦٨ـ عن أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) حَلَفَ أَنْ لَا يَدْخُلَ عَلَى بَعْضِ أَهْلِهِ شَهْرًا، فَلَمَّا مَضَى تِسْعَةٌ وَعِشْرُونَ يَوْمًا غَدَا عَلَيْهِمْ أَوْ رَاحَ، فَقِيلَ لَهُ: حَلَفْتَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَنْ لَا تَدْخُلَ عَلَيْنَا شَهْرًا؟ قَالَ: ((إِنَّ الشَّهْرَ يَكُونُ تِسْعَةً وَعِشْرِينَ [يَوْمًا])). [بخاري/ الصوم/ ١٨١١]

(ام سلمه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی خوارد یەك مانگ نەچێتە ماڵی هەندێ لە هاوسەرانی كەچی دوای ٢٩ ڕۆژ بەیانیەك یان ئێوارەیەك چووە ماڵیان ...پێی وترا:ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ سوێندت خوارد كە تایەك مانگ نەیەیتە ماڵمان. ئەویش فەرمووی: ((مانگ جاری واهەیە ٢٩ ڕۆژە)).

٥٦٩ـ عن ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ، لَا نَكْتُبُ وَلَا نَحْسُبُ، الشَّهْرُ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا -وَعَقَدَ الْإِبْهَامَ فِي الثَّالِثَةِ- وَالشَّهْرُ هَكَذَا وَهَكَذَا وَهَكَذَا)) يَعْنِي تَمَامَ ثَلَاثِينَ. [بخاري/ الصوم/ ١٨١٤]

(ابـــن عمـــر) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبـــەر (ﷺ) فـــەرمووی: ((ئێمـــە گـــەلێکی نەخوێندەوارین نانوسین، حساب ناکەین، مانگ ئەوەندە و ئەوەندە و ئەوەندەیە لە سێهەمیاندا پەنجە گەورەی نوشتانەوە... مانگیش هەیە ئەوەندە و ئەوەندە و ئەوەندەیە ، واتە سی ڕۆژی تەواوە)).

(٦) درەنگ ئاوابونی مانگ

٥٧٠ـ عَنْ أَبِي الْبَخْتَرِيِّ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا لِلْعُمْرَةِ، فَلَمَّا نَزَلْنَا بِبَطْنِ نَخْلَةَ، قَالَ: تَرَاءَيْنَا الْهِلَالَ، فَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: هُوَ ابْنُ ثَلَاثٍ. وَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: هُوَ ابْنُ لَيْلَتَيْنِ. قَالَ: فَلَقِينَا ابْنَ عَبَّاسٍ فَقُلْنَا: إِنَّا رَأَيْنَا الْهِلَالَ، فَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: هُوَ ابْنُ ثَلَاثٍ، وَقَالَ بَعْضُ الْقَوْمِ: هُوَ ابْنُ لَيْلَتَيْنِ. فَقَالَ: أَيَّ لَيْلَةٍ رَأَيْتُمُوهُ؟ قَالَ: فَقُلْنَا: لَيْلَةَ كَذَا وَكَذَا، فَقَالَ إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ مَدَّهُ لِلرُّؤْيَةِ، فَهُوَ لِلَيْلَةٍ رَأَيْتُمُوهُ)).

(ابو البحتری) (ﷺ) دەڵێ: چوین بۆ عـەمرە کاتێ گەیشتینە (بطن نخلة) [شـوێنێکە]، بەشـوێن مانگـدا گـەڕاین هەنـدێ کـەس وتیـان، سـێ شـەوەیە، هەنـدێکیتر وتیـان: دوشـەوەیە، گەیـشتن بـە (ابـن عبـاس) (ﷺ) وتمـان: ئێمـە مانگمـان بینـی، هەنـدێ کـەس وتیـان: سـێ شـەوەیە هەنـدێکی تـر وتیان:دوشەوەیە ئەویش وتی: کام شەو بینیتان؟ وتمان: فلان و فیسار، (ابن عباس) وتـی: پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: (((خـوای گـەورە هێـشتیەوە تـا ببینرێت)، ئەو ئێوارەیە یەك شەوە بوو کە بینیتان)).

(٧) هەر وولاتێك بینینی خۆی هەیە

٥٧١ـ عَنْ كُرَيْبٍ: أَنَّ أُمَّ الْفَضْلِ بِنْتَ الْحَارِثِ بَعَثَتْهُ إِلَى مُعَاوِيَةَ (ﷺ) بِالشَّامِ، قَالَ: فَقَدِمْتُ الشَّامَ فَقَضَيْتُ حَاجَتَهَا، وَاسْتُهِلَّ عَلَيَّ رَمَضَانُ وَأَنَا بِالشَّامِ، فَرَأَيْتُ الْهِلَالَ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ، ثُمَّ قَدِمْتُ الْمَدِينَةَ فِي آخِرِ الشَّهْرِ، فَسَأَلَنِي عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، ثُمَّ ذَكَرَ الْهِلَالَ فَقَالَ: مَتَى رَأَيْتُمُ الْهِلَالَ؟ فَقُلْتُ: رَأَيْنَاهُ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ. فَقَالَ: أَنْتَ رَأَيْتَهُ؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ، وَرَآهُ النَّاسُ، وَصَامُوا وَصَامَ مُعَاوِيَةُ. فَقَالَ: لَكِنَّا رَأَيْنَاهُ لَيْلَةَ السَّبْتِ، فَلَا نَزَالُ نَصُومُ حَتَّى نُكْمِلَ ثَلَاثِينَ، أَوْ نَرَاهُ. فَقُلْتُ: أَوَ لَا تَكْتَفِي بِرُؤْيَةِ مُعَاوِيَةَ وَصِيَامِهِ؟ فَقَالَ: لَا، هَكَذَا أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). وَشَكَّ يَحْيَى بْنُ يَحْيَى فِي (نَكْتَفِي) أَوْ (تَكْتَفِي).

(کریب) لەلایەن (ام الفضل بنت حارث)ەوە ڕەوانە کراوە بۆلای (معاویە) (ﷺ) لەشام، ئەویش دەڵێ: گەیشتمە شام و کارەکەیم ئەنجامدا.. ڕەمەزان هات و من لە شام بووم.. شەوی جومعە مانگم بینی پاشان لە کۆتایی مانگدا گەڕامەوە بۆ مەدینە، (عبدالله ی کوڕی عباس) باسی مانگی کردو لێی پرسیم: کەی مانگتان بینی؟ وتم: شەوی جومعە بینیمان، وتی: تۆ خۆت بینیت؟ وتم: بەڵێ، خەڵکیش بینیان، هەمووشیان بەڕۆژووبوون، (معاویە)ش بەڕۆژو بوو.. وتی: بەلام ئێمە شەوی شەممە بینیمان، بەردەوامیش بەڕۆژو دەبین هەتا سیەکە تەواو دەکەین، یان مانگ دەبینین، منیش وتم: باشە بینینی معاویەو ڕۆژو گرتنی بەس نییە؟ وتی: نەخێر پێغەمبەر (ﷺ) ئاوا فەرمانی پێداوین.

(٨) دومانگەکەی جەژن

٥٧٢ـ عن أَبِي بَكْرَةَ (ﷺ) عَنْ أَبِيهِ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((شَهْرَا عِيدٍ لَا يَنْقُصَانِ، رَمَضَانُ وَذُو الْحِجَّةِ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨١٣]

(ابوبکرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ڕەمەزان و ذوالحجة دوو مانگن کەم ناکەن)) [لەپاداشتدا ئەگەر ٢٩ڕۆژیش بن].

(٩) پارشێوکردن

٥٧٣ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السُّحُورِ بَرَكَةً)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٢٣]

(انس) (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((پارشێو بکەن چونکە لە پارشێودا بەرەکەت هەیە)).

(١٠) دواختسنی پارشێو

٥٧٤ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (ﷺ) قَالَ: تَسَحَّرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ثُمَّ قُمْنَا إِلَى الصَّلَاةِ، قُلْتُ: كَمْ كَانَ قَدْرُ مَا بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: خَمْسِينَ آيَةً. [بخاري/ الصوم/ ١٨٢١]

(زیدی کوڕی ثابت) (ﷺ) دەڵێ: پارشێومان کرد لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ)، پاشان هەستاین بۆ نوێژ، منیش وتم: چەند نێوانیان بوو؟ وتی: پەنجا ئایەت. [واتە خوێندنەوەی ٥٠ ئایەتی مامناوەندی بەلەسەر خۆیی]

(١١) دەستگرتنەوە لە خواردن

٥٧٥- عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَغُرَّنَّكُمْ مِنْ سَحُورِكُمْ أَذَانُ بِلَالٍ، وَلَا بَيَاضُ الْأُفُقِ الْمُسْتَطِيلُ هَكَذَا، حَتَّى يَسْتَطِيرَ هَكَذَا)). وَحَكَاهُ حَمَّادٌ بِيَدَيْهِ، قَالَ: يَعْنِي مُعْتَرِضًا.

(سمرەی کوڕی جندب) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەبانگەکەی بلال دەست مەگرنەوە لە خواردن... هەروەها ئەو سپیایی‌یەش کەبەرەو ئاسمان درێژ بۆتەوە هەتا بەکەناری ئاسۆدا سپیایی بڵاودەبێتەوە)) حماد بەهەردووپەلی بەڕاست و چەپدا ئاماژەی پێکرد.

(١٢) گوتەی پەروردگار

﴿حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ﴾

٥٧٦- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: [لَمَّا] نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ﴾ [البقرة: ١٨٧] قَالَ: فَكَانَ الرَّجُلُ إِذَا أَرَادَ الصَّوْمَ رَبَطَ أَحَدُهُمْ فِي رِجْلَيْهِ الْخَيْطَ الْأَسْوَدَ وَالْخَيْطَ الْأَبْيَضَ، فَلَا يَزَالُ يَأْكُلُ وَيَشْرَبُ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُ رِئْيُهُمَا، فَأَنْزَلَ اللَّهُ بَعْدَ ذَلِكَ: ﴿مِنَ الْفَجْرِ﴾ فَعَلِمُوا أَنَّمَا يَعْنِي بِذَلِكَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ. [بخاري/ الصوم/ ١٨١٨]

(سهلی کوڕی سعد) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ ئەم ئایەتە دابەزی کە ئەمە واتاکەیەتی: (بخۆن و بخۆنەوە هەتا تاڵی سپی لەتاڵی ڕەش جیادەکەنەوە) البقرە/١٨٧ پیاوی واهەبوو کە ئەیوسیت بەڕۆژو بێ پەتێکی ڕەش و پەتێکی سپی دەبەست بە قاچیەوە، خواردن و خواردنەوەی دەخوارد هەتا بۆی دەردەکەوت (کامیان ڕەشە و کامیان سپی‌یە)، پاشان خوای گەورە ﴿لەبەرەبەیان﴾ی دابەزان، ئەو کاتە زانیان مەبەست شەو و ڕۆژە.

(١٣) بانگی بیلال

٥٧٧- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مُؤَذِّنَانِ: بِلَالٌ، وَابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ الْأَعْمَى، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ بِلَالًا يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُؤَذِّنَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ)). قَالَ: وَلَمْ يَكُنْ بَيْنَهُمَا إِلَّا أَنْ يَنْزِلَ هَذَا وَيَرْقَى هَذَا. [بخاري/ الأذان/ ٥٩٢]

(عبدالله ی کوڕی عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) دوو بانگوێژی هەبوو...(بلال وابن ام مکتوم)ی نابینا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بلال

لەشەودا بانگ دەدا، بخۆن و بخۆنەوە هەتا ابن ام مكتوم بانگ دەدات)). عبدالله دەڵێ: نێوانیان هەر ئەوەندە بوو کە ئەمیان دابەزێ و ئەویان سەرکەوێت.

(١٤) ڕۆژوی ئەو کەسەی لەشی گرانە

٥٧٨ـ عَنْ عَائِشَةَ وَأُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) زَوْجَيِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُمَا قَالَتَا: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَيُصْبِحُ جُنُبًا –مِنْ جِمَاعٍ غَيْرِ احْتِلَامٍ– فِي رَمَضَانَ، ثُمَّ يَصُومُ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٣٠]

(عائشه و ام سلمه) (ﷺ) دوهاوسەرەکەی پێغەمبەر (ﷺ) وتویانە: (جاری واهەبوو) پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی لێ دەبۆوە لەشی گران بوو–بەهۆی چونە لای هاوسەرەوە– لە ڕەمەزاندا کەچی بەردەوامیش دەبوو لەسەر ڕۆژوەکەی.

٥٧٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) يَسْتَفْتِيهِ وَهِيَ تَسْمَعُ مِنْ وَرَاءِ الْبَابِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ تُدْرِكُنِي الصَّلَاةُ وَأَنَا جُنُبٌ، أَفَأَصُومُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَأَنَا تُدْرِكُنِي الصَّلَاةُ وَأَنَا جُنُبٌ فَأَصُومُ)). فَقَالَ: لَسْتَ مِثْلَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَدْ غَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ. فَقَالَ: ((وَاللَّهِ إِنِّي لَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَخْشَاكُمْ لِلَّهِ، وَأَعْلَمَكُمْ بِمَا أَتَّقِي)).

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێ دەکرد ئەویش لەپشتی دەرگاکەوە گوێی لێ بوو، پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا جاری واهەیە کاتی نوێژ دێت و من لەشم گرانە، ئایا بەڕۆژوبم؟ پێغەمبەریش (ﷺ) لەوەلامیدا فەرمووی: ((منیش [جاری وا هەیە] کاتی نوێژ دێت و لەشم گرانەو کەچی بەڕۆژوش دەبم... [پیاوەکە] وتی: ئەی پێغەمبەری خوا: تۆ وەکو ئێمە نیت!! چونکە تۆ خوا لە گوناهانی سەرەتا و کۆتایت خۆش بووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((سوێند بەخوا، من هیوام وایە لەهەموتان زیاتر لەخوا ترس بم و شارەزاتر بم کەچۆن خۆم بپارێزم لە سزای خوا)).

(١٥) ڕۆژوەوان و لە بیرچوون

٥٨٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ نَسِيَ وَهُوَ صَائِمٌ، فَأَكَلَ أَوْ شَرِبَ، فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ، فَإِنَّمَا أَطْعَمَهُ اللَّهُ وَسَقَاهُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٣١]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوەی لەبیری نەبوو کە بەڕۆژوە و خواردن یان خواردنەوەی خوارد باڕۆژوەکەی تەواوبکات، چونکە ئەوە خوا خواردن و خواردنەوەی داوەتی)).

(١٦) ڕۆژووەوان و دەعوەت

٥٨١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى طَعَامٍ، وَهُوَ صَائِمٌ، فَلْيَقُلْ: إِنِّي صَائِمٌ)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر کەسێکتان دەعوەت کرا بۆنان خواردن و بەڕۆژو بوو بابڵێ: من بەڕۆژوم)).

(١٧) کەفارەتی سەرجێیی لەڕەمەزاندا

٥٨٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: هَلَكْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((وَمَا أَهْلَكَكَ)). قَالَ: وَقَعْتُ عَلَى امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ، قَالَ: ((هَلْ تَجِدُ مَا تُعْتِقُ رَقَبَةً)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((فَهَلْ تَسْتَطِيعُ أَنْ تَصُومَ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((فَهَلْ تَجِدُ مَا تُطْعِمُ سِتِّينَ مِسْكِينًا)). قَالَ: لَا، قَالَ: ثُمَّ جَلَسَ فَأُتِيَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِعَرَقٍ فِيهِ تَمْرٌ، فَقَالَ: ((تَصَدَّقْ بِهَذَا)). قَالَ: أَفْقَرَ مِنَّا؟ فَمَا بَيْنَ لَابَتَيْهَا أَهْلُ بَيْتٍ أَحْوَجُ إِلَيْهِ مِنَّا. فَضَحِكَ النَّبِيُّ (ﷺ) حَتَّى بَدَتْ أَنْيَابُهُ، ثُمَّ قَالَ: ((اذْهَبْ فَأَطْعِمْهُ أَهْلَكَ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٣٤]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر وتی: تیاچووم ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش فەرمووی: ((چی تۆی تیا بردووە؟!)). کابرا وتی: لەڕەمەزاندا سەرجێیم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا کردوە... ئەویش فەرمووی: ((ئایا دەتوانیت بەندەیەك ئازاد بکەیت؟)) کابرا وتی: نەخێر، فەرمووی: ((ئایا دەتوانیت دومانگ لەسەر یەك بەڕۆژوبیت؟)) کابرا وتی: نەخێر، فەرموی: ((ئەی دەتوانیت نانی شەست هەژار بدەیت؟)). کابرا وتی: نەخێر، ئینجا کابرا دانیشت، پێغەمبەر (ﷺ) زەمبیلەیەك خورمای بۆهات و فەرمووی: ((ئائەمە بکە بەخێر))، کابرا وتی: جا بۆ لەخۆمان هەژارتر هەیە؟ ئەم پەڕ و ئەوپەڕی شار لە ئێمە هەژارتری تیا نییە کە پێویستی بەوە بێت!! ئەوسا پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی تا دانە پیرۆزەکانی دەرکەوت، پاشان فەرمووی: ((دەی بچۆ خێزانەکەتی پێ تێربکە)).

٥٨٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: احْتَرَقْتُ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لِمَ)). قَالَ: وَطِئْتُ امْرَأَتِي فِي رَمَضَانَ نَهَارًا، قَالَ: ((تَصَدَّقْ تَصَدَّقْ)). قَالَ: مَا عِنْدِي شَيْءٌ، فَأَمَرَهُ أَنْ يَجْلِسَ، فَجَاءَهُ عَرَقَانِ فِيهِمَا طَعَامٌ، فَأَمَرَهُ [رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)] أَنْ يَتَصَدَّقَ بِهِ. [بخاري/ المحاربين/ ٦٤٣٦]

(دایکە عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: سوتام!! پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی: ((بۆچی؟!)) کابرا وتی: لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لەگەڵ هاوسەرەکەمدا تێکەڵ بووم.. ئەویش فەرمووی: ((خێربکە، خێربکە)).. کابرا وتی: جانیمە.. ئینجا فەرمانی پێدا کە دابنیشێت، دوزەمبیلە خۆراکی بۆهات، پێغەمبەر (ﷺ) پێی بەخشی و فەرمووی: ((بڕۆ بیکە بەخێر)).

(١٨) ماچ کردن بۆ ڕۆژووەوان

٥٨٤- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يُقَبِّلُ وَهُوَ صَائِمٌ، وَيُبَاشِرُ وَهُوَ صَائِمٌ، وَلَكِنَّهُ أَمْلَكُكُمْ لِإِرْبِهِ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٢٦]

(دایکە عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ماچی دەکرد، لەکاتێکدا بەڕۆژو بوو... پێستی بە پێستیان دەکەوت وبەڕۆژوو بوو بەڵام لەهەمووتان ویستی بەهێزتر و خۆگرتر بوو.

(١٩) کەخۆرئاوا بوو ڕۆژودەشکێنرێت

٥٨٥- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي أَوْفَى (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ، فَلَمَّا غَابَتِ الشَّمْسُ قَالَ: ((يَا فُلَانُ انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ عَلَيْكَ نَهَارًا. قَالَ: ((انْزِلْ فَاجْدَحْ لَنَا)). قَالَ: فَنَزَلَ فَجَدَحَ، فَأَتَاهُ بِهِ فَشَرِبَ النَّبِيُّ (ﷺ) ثُمَّ قَالَ بِيَدِهِ: ((إِذَا غَابَتِ الشَّمْسُ مِنْ هَا هُنَا، وَجَاءَ اللَّيْلُ مِنْ هَا هُنَا فَقَدْ أَفْطَرَ الصَّائِمُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٣٩]

(عبداللە ی کوڕی ابو اوفی) دەڵێ: لەسەفەرێکدا لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوین لە مانگی ڕەمەزاندا کاتی خۆرئاوابوون فەرمووی: ((فلان کەس دابەزە و خۆراکمان بۆ ئامادەبکە)) کابرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێشتا ڕۆژی ماوە، فەرمووی: ((دابەزە و خۆراکمان بۆ دروست بکە)) ئەویش هێنای و پێغەمبەر (ﷺ) لێی خواردەوە، پاشان بەدەست ئاماژەی کردو فەرمووی: ئەگەر خۆر لەوێوە ئاوابوو، شەو ئالەوێوە داهات ئەوە ئیتر ڕۆژوەوان ڕۆژو دەشکێنێ.

(٢٠) رۆژو شكاندن

٥٨٦ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيْرٍ مَا عَجَّلُوا الْفِطْرَ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٥٦]

(سهل ى كوڕى سعد) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خەڵكی لە خێری بەردەوامدان هەتا پەلە بكەن لەرۆژو شكاندا)) (واتە: دوای نەخەن لەكاتی خۆی).

٥٨٧ـ عَنْ أَبِي عَطِيَّةَ قَالَ: دَخَلْتُ أَنَا وَمَسْرُوقٌ عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ)، فَقَالَ لَهَا مَسْرُوقٌ: رَجُلَانِ مِنْ أَصْحَابِ مُحَمَّدٍ (ﷺ) كِلَاهُمَا لَا يَأْلُو عَنِ الْخَيْرِ، أَحَدُهُمَا يُعَجِّلُ الْمَغْرِبَ وَالْإِفْطَارَ، وَالْآخَرُ يُؤَخِّرُ الْمَغْرِبَ وَالْإِفْطَارَ؟ فَقَالَتْ: مَنْ يُعَجِّلُ الْمَغْرِبَ وَالْإِفْطَارَ؟ قَالَ: [قلنا] عَبْدُ اللَّهِ فَقَالَتْ: هَكَذَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصْنَعُ.

(ابن عطية) دەڵێ: لەگەڵ (مسروق)دا سەردانی (دایكە عائشە) (ر.ض)یان كردوە. (مسروق) پێی وت: دوكەس هەیە لە هاوەڵانی محمد (ﷺ) كە هەردوكیان كەمتەرخەم نین لە چاكەكاریدا، یەكێكیان پەلەدەكات لە كاتی خۆرئاوابوندا و پەلەیەتی زوو بەربانگ بكاتەوە، ئەوی تریان، درەنگ نوێژەكەی دەكات و درەنگیش بەربانگ دەكاتەوە؟. (عائشە) وتی: كامیان بەپەلەیە بۆ كاتی خۆرئاوابون و بەربانگ كردنەوە، وتمان (عبدالله ى كوڕى مسعود) ئەویش وتی: پێغەمبەریش (ﷺ) هەروای دەكرد.

(٢١) قەدەغەی دانەدەمی شەو رۆژ بۆ رۆژوگرتن

٥٨٨ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْوِصَالِ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ: فَإِنَّكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ تُوَاصِلُ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((وَأَيُّكُمْ مِثْلِي؟ إِنِّي أَبِيتُ يُطْعِمُنِي رَبِّي وَيَسْقِينِي)). فَلَمَّا أَبَوْا أَنْ يَنْتَهُوا عَنِ الْوِصَالِ وَاصَلَ بِهِمْ يَوْمًا ثُمَّ يَوْمًا، ثُمَّ رَأَوُا الْهِلَالَ، فَقَالَ: ((لَوْ تَأَخَّرَ الْهِلَالُ لَزِدْتُكُمْ)) كَالْمُنَكِّلِ لَهُمْ حِينَ أَبَوْا أَنْ يَنْتَهُوا. [بخاري/ الصوم/ ١٨٦٤]

(ابو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی دانەدەمی شەو و رۆژی كردوە لە رۆژوگرتندا، پیاوێك لە موسڵمانان وتی: خۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) شەو رۆژ دەدەیتە دەم یەك.. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((جاكێتان وەكو منە؟ من شەوگار دەبەمە سەر و پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم پێ

دەبەخشێ)). بـەڵام کـاتێ کـە کۆڵیـان نـەدا مۆڵـەتی دان کـە ڕۆژ و شـەوێك نەیشکێنن، ئینجا کە مانگی یەکشەوەیان بینی فەرمووی: ((ئەگەر دوا بکەوتایە بۆ ئەو ئەندازەیەش بۆم زیاد دەکردن)) وەکو سزایەك بۆیان کاتێ کە کۆڵیان نەدەدا لە ڕۆژو شکاندن.

(٢٢) ڕۆژوگرتن یان شکاندن لەسەفەردا

٥٨٩- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: سَافَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي رَمَضَانَ، فَصَامَ حَتَّى بَلَغَ عُسْفَانَ، ثُمَّ دَعَا بِإِنَاءٍ فِيهِ شَرَابٌ فَشَرِبَهُ نَهَارًا لِيَرَاهُ النَّاسُ، ثُمَّ أَفْطَرَ حَتَّى دَخَلَ مَكَّةَ. قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ): فَصَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَفْطَرَ، فَمَنْ شَاءَ صَامَ، وَمَنْ شَاءَ أَفْطَرَ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٤٦]

(ابـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) لەڕەمەزانـدا سـەفەری کـرد و بەڕۆژویش بوو هەتا گەیشتە (عەسفان) ئەوسا داوای جامۆڵەکەیەکی کرد کە خواردنەوەیـەکی تێـدا بـوو، بـە ئاشـکرا و لـە ڕۆژدا خواردیـەوە تـا خـەڵکی بیبینێـت، پاشـان هـەر ڕۆژوی نـەگرت هـەتا گەیـشتە مەککە ئەوسا پێغەمبـەر بەڕۆژو دەبوو [یان] دەیشکاند، [خـەڵکیش] ئـەوەی بیویـستایە بـەڕۆژو دەبـوو، ئەوەی بیوسیتایە دەیشکاند...

٥٩٠- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَرَجَ عَامَ الْفَتْحِ إِلَى مَكَّةَ فِي رَمَضَانَ، فَصَامَ حَتَّى بَلَغَ كُرَاعَ الْغَمِيمِ فَصَامَ النَّاسُ، ثُمَّ دَعَا بِقَدَحٍ مِنْ مَاءٍ فَرَفَعَهُ حَتَّى نَظَرَ النَّاسُ إِلَيْهِ، ثُمَّ شَرِبَ، فَقِيلَ لَهُ بَعْدَ ذَلِكَ: إِنَّ بَعْضَ النَّاسِ قَدْ صَامَ، فَقَالَ: ((أُولَئِكَ الْعُصَاةُ، أُولَئِكَ الْعُصَاةُ)).

(جـابری کـوڕی عبـدالله) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) سـاڵی ڕزگـار کردنـی مەککـە لـە ڕەمەزانـدا کەوتـەڕێ، ڕۆژوەکـەی بـەردەوام بـوو، تـا گەیـشتە (کـراع الغمـیم) خـەڵکیش بـەڕۆژو بـوون ئەوسـا داوای پـەرداخێك ئـاوی کـرد و بـەرزی کـردەوە هـەتا هـەموو خـەڵکی تەماشـایان کـرد ئینجـا خواردیـەوە.. دوای ئـەوە عـەرزیان کـرد: هەنـدێ کـەس هـەر بـەڕۆژون، ئـەویش فـەرموی: ئائەوانـە یاخیەکانن، ئائەوانە یاخیەکانن!!

(٢٣) چاك نیيە لە سەفەردا ڕۆژوگرتن

٥٩١- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي سَفَرٍ، فَرَأَى رَجُلًا قَدِ اجْتَمَعَ النَّاسُ عَلَيْهِ، وَقَدْ ظُلِّلَ عَلَيْهِ، فَقَالَ: ((مَا لَهُ))؟ قَالُوا: رَجُلٌ صَائِمٌ،

فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَيْسَ الْبِرِّ أَنْ تَصُومُوا فِي السَّفَرِ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٤٤]

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: جارێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لەسەفەرێکدا بوو، پیاوێکی بینی خەڵکی لەسەری کۆبونەتەوە و سێبەریان لەسەر کردوە، پێغەمبەر (ﷺ) پرسی: ((ئەوە چیەتی؟)) وتیان: پیاوێکە بەڕۆژوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ڕۆژو گرتن لە سەفەردا لەکارە چاکەکان نییە)).

(٢٤) ڕەخنەگرتن لەوەی بەڕۆژو دەبێ یان دەیشکێنێ

٥٩٢- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِسِتَّ عَشْرَةَ مَضَتْ مِنْ رَمَضَانَ، فَمِنَّا مَنْ صَامَ وَمِنَّا مَنْ أَفْطَرَ، فَلَمْ يَعِبِ الصَّائِمُ عَلَى الْمُفْطِرِ وَلَا الْمُفْطِرُ عَلَى الصَّائِمِ.

(ابی سعید الخدری) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەردا چوین بۆ غەزا ١٦ڕۆژ لەڕەمەزان تێپەڕیبو، هەمان بوو، بەڕۆژوبوو، هەشمان بوو شکاندبوی، جا نەڕۆژوەوانەکە ڕەخنەی گرت لەوەی شکاندویەتی، نەئەویش ڕەخنەی گرت لە ڕۆژوەوانەکە.

(٢٥) پاداشتی ڕۆژونەگر زیاترە لە سەفەردا ئەگەر بە ئەرکی سەرشانی هەستێ

٥٩٣- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي السَّفَرِ، فَمِنَّا الصَّائِمُ وَمِنَّا الْمُفْطِرُ، قَالَ: فَنَزَلْنَا مَنْزِلًا فِي يَوْمٍ حَارٍّ، أَكْثَرُنَا ظِلًّا صَاحِبُ الْكِسَاءِ، وَمِنَّا مَنْ يَتَّقِي الشَّمْسَ بِيَدِهِ، قَالَ: فَسَقَطَ الصُّوَّامُ وَقَامَ الْمُفْطِرُونَ، فَضَرَبُوا الْأَبْنِيَةَ وَسَقَوُا الرِّكَابَ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ذَهَبَ الْمُفْطِرُونَ الْيَوْمَ بِالْأَجْرِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٣٣]

(انس) (ﷺ) دەڵێت: لە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) دا بووین لەسەفەرێکدا، هەمان بوو، بەڕۆژوبوو، هەشمان بوو شکاندبوی، لەڕۆژێکی گەرمادا بارمان خست ئەوەمان کە زۆر سێبەری هەبوو ئەوەمان بوو کە جلەکانی کردبوو بە سێبەر، هەمان بوو بەدەستی بەری خۆری دەگرت، ئیتر ئەوانەی بەڕۆژو بون بۆی دانیشتن، [هیچ کارێکیان پێ نەدەکرا] ئەوانەی بەڕۆژو نەبوون دەستیان کرد بە دەوار هەڵدان و ئاودانی وشترەکان، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ئەمڕۆ ئەوانەی بەڕۆژو نەبوون پاداشتەکەیان بۆ خۆیان دەستەبەرکرد.

(٢٦) ڕۆژو شكاندن بۆ بەرگەگرتنی بەرەنگاری دوژمن

٥٩٤. عن قَزَعَةُ قَالَ: أَتَيْتُ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (ﷺ) وَهُوَ مَكْثُورٌ عَلَيْهِ، فَلَمَّا تَفَرَّقَ النَّاسُ عَنْهُ قُلْتُ: إِنِّي لَا أَسْأَلُكَ عَمَّا يَسْأَلُكَ هَؤُلَاءِ عَنْهُ، سَأَلْتُهُ عَنِ الصَّوْمِ فِي السَّفَرِ، فَقَالَ: سَافَرْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى مَكَّةَ وَنَحْنُ صِيَامٌ، قَالَ: فَنَزَلْنَا مَنْزِلًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّكُمْ قَدْ دَنَوْتُمْ مِنْ عَدُوِّكُمْ، وَالْفِطْرُ أَقْوَى لَكُمْ)). فَكَانَتْ رُخْصَةً، فَمِنَّا مَنْ صَامَ وَمِنَّا مَنْ أَفْطَرَ، ثُمَّ نَزَلْنَا مَنْزِلًا آخَرَ، فَقَالَ: ((إِنَّكُمْ مُصَبِّحُو عَدُوِّكُمْ، وَالْفِطْرُ أَقْوَى لَكُمْ، فَأَفْطِرُوا)). وَكَانَتْ عَزْمَةً، فَأَفْطَرْنَا، ثُمَّ [قَالَ]: لَقَدْ رَأَيْتُنَا نَصُومُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بَعْدَ ذَلِكَ فِي السَّفَرِ.

(قزعه) دەڵێ: چووم بۆلای (ابو سعيد الخدری) (ﷺ) بينيم خەڵكێكی زۆر دەوری داوە، كاتێ خەڵكی بلاوەيان كرد پێموت: من لەو پرسيارانەت لێناكەم كەئەو خەڵكە دەيان پرسی، جا پرسيارم لێكرد دەربارەی ڕۆژو لەسەفەردا، ئەويش وتی: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەسەفەرێكدا بوين بۆ مەككە ، هەمووشمان بەڕۆژوبوين كە گەيشتينە شوێنێك فەرمووی: ((بێگومان ئێوە لە دوژمنەكەتان نزيك بونەتەوە، ڕۆژو بشكێنن گوڕ و تينە بۆتان)) ئيتر ئەوە مۆڵەتێك بوو، جا هەمانبوو بەڕۆژو بوو، هەمانبوو ڕۆژوەكەی شكاند، پاشان گواستمانەوە بۆ شوێنێكی تر، فەرموی: ((ئێوە بەيانی دەگەنە سەردوژمنتان، ڕۆژو شكاندن گوڕ و تينە بۆتان، كەواتە بيشكێنن)) ئەوە ئيتر فەرمان بوو ئێمەش ڕۆژومان شكاند، پاش ئەوە وا دەبوو لە سەفەردا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەڕۆژوو دەبوين.

(٢٧) سەرپشك بوون لە ڕۆژو گرتن يان نەگرتن لەكاتی سەفەردا

٥٩٥ـ عَنْ حَمْزَةَ بْنِ عَمْرٍو الْأَسْلَمِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَجِدُ بِي قُوَّةً عَلَى الصِّيَامِ فِي السَّفَرِ، فَهَلْ عَلَيَّ جُنَاحٌ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هِيَ رُخْصَةٌ مِنَ اللَّهِ، فَمَنْ أَخَذَ بِهَا فَحَسَنٌ، وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يَصُومَ فَلَا جُنَاحَ)).

(حمزەی كوڕی عمرو) (ﷺ) بە پێغەمبەری خوای وتووە: ئەی پێغەمبەری خوا من دەتوانم لەسەفەردا بەڕۆژو بم، ئايا هيچ گوناهم ناگات؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە مۆڵەتێكە لەلايەن خوای گەورەوە، ئەوەی سودی لێوەربگرێت ئەوە چاكە ئەوەش حەزدەكات بەڕۆژو بێت ئەوە گوناهی ناگات)).

٥٩٦ـ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي شَهْرِ رَمَضَانَ فِي حَرٍّ شَدِيدٍ، حَتَّى إِنْ كَانَ أَحَدُنَا لَيَضَعُ يَدَهُ عَلَى رَأْسِهِ مِنْ شِدَّةِ الْحَرِّ، وَمَا فِينَا صَائِمٌ إِلَّا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَعَبْدُ اللَّهِ ابْنُ رَوَاحَةَ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٤٣]

(ابو درداء) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا لەمانگی ڕەمەزاندا کە زۆر گەرما بوو دەرچووین هەتا کەسانی وامان هەبوو کە دەستی دەنایە سەرسەری لەبەر تینی گەرما کەسمان بەڕۆژو نەبوین جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و (عبداللە ی کوڕی ڕەواحە).

(٢٨) گێڕانەوەی ڕەمەزان لە شەعباندا

٥٩٧ـ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: سَمِعْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) تَقُولُ: كَانَ يَكُونُ عَلَيَّ الصَّوْمُ مِنْ رَمَضَانَ، فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَقْضِيَهُ إِلَّا فِي شَعْبَانَ، الشُّغْلُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، أَوْ: بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ الصوم/ ١٨٤٩]

(ابو سلمە) بیستویەتی لە عائشە (ﷺ) دەیوت: جاری واهەبوو کەمن قەرزاری ڕۆژوی ڕەمەزان دەبووم نەم دەتوانی بیگێڕمەوە لە مانگی شەعباندا نەبێت، چونکە سەرگەرم دەبوم بۆ ئەوەی [دڵی] پێغەمبەری خوا (ﷺ) [لەخۆم ڕازی بکەم] .

(٢٩) ڕۆژوگرتنەوە لەبری مردو

٥٩٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ مَاتَ وَعَلَيْهِ صِيَامٌ صَامَ عَنْهُ وَلِيُّهُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٥١]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((هەر کەس مردو قەرزاری ڕۆژو بوو با خزمە نزیکەکەی بۆی بگرێتەوە)).

٥٩٩ـ عن بُرَيْدَةَ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَا أَنَا جَالِسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِذْ أَتَتْهُ امْرَأَةٌ فَقَالَتْ: إِنِّي تَصَدَّقْتُ عَلَى أُمِّي بِجَارِيَةٍ، وَإِنَّهَا مَاتَتْ، قَالَ: فَقَالَ: ((وَجَبَ أَجْرُكِ، وَرَدَّهَا عَلَيْكِ الْمِيرَاثُ)). قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ كَانَ عَلَيْهَا صَوْمُ شَهْرٍ، أَفَأَصُومُ عَنْهَا؟ قَالَ: ((صُومِي عَنْهَا)). قَالَتْ: إِنَّهَا لَمْ تَحُجَّ قَطُّ، أَفَأَحُجُّ عَنْهَا؟ قَالَ: ((حُجِّي عَنْهَا)).

(بریدە) (ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبوم ئافرەتێك هات و وتی: من کەنیزەکێکم بەخشیوە بەدایکم، دایکیشم مرد... فەرموی: پاداشتەکەت دەستکەوت و بەیاسای میراتیش کە نێزەکەکەت بۆ

گەڕایەوە، ئینجا پرسی دایکم ڕۆژوی مانگێك قەرزارە،ئایا لە بری ئەو بەڕۆژو بم؟ فەرموی: بەڕۆژوبە بۆی، وتی: هەرگیز حەجیشی نەکردبو ئایا حەجی بۆ بکەم؟ فەرمووی: حەجیشی بۆ بکە.

(٣٠) ئەوانەی ڕۆژوناگرن دەبێ فیدیە بدەن

٦٠٠- عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الْأَكْوَعِ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا نَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ [البقرة: ١٨٤] كَانَ مَنْ أَرَادَ أَنْ يُفْطِرَ وَيَفْتَدِيَ، حَتَّى نَزَلَتِ الْآيَةُ الَّتِي بَعْدَهَا فَنَسَخَتْهَا. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٣٧٤]

(سلمەی کوڕی الاکوع) (ﷺ) دەڵێ: کاتێ کەئەم ئایەتە دابەزی ﴿ئەوانەی کەناتوانن بەڕۆژو بن باخۆراکی هەژارێك بدەن﴾ البقرة/١٨٤ ئەوسا هەرکەس بیویستایە دەیشکاندو فیدیەی دەدا، هەتا ئایەتی دواتر دابەزی کە حوکمی ئەوی سڕیەوە.

(٣١) ڕۆژوگرتن و نەگرتن لە مانگەکاندا

٦٠١- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شَقِيقٍ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ لِعَائِشَةَ: أَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصُومُ شَهْرًا كُلَّهُ؟ قَالَتْ: مَا عَلِمْتُهُ صَامَ شَهْرًا كُلَّهُ إِلَّا رَمَضَانَ، وَلَا أَفْطَرَهُ كُلَّهُ حَتَّى يَصُومَ مِنْهُ، حَتَّى مَضَى لِسَبِيلِهِ (ﷺ). [بخاري/ الصوم/ ١٨٦٨]

(عبدالله ی کوڕی شقیق) لە (عائشە)ی (ﷺ) پرسیوە: ئایا پێغەمبەر لە هیچ مانگێکدا بەتەواوەتی بەڕۆژو بووە؟ وتی: ئاگادار نیم هیچ مانگێك بەتەواوی بەڕۆژو بوبێت جگە لە ڕەمەزان، هەروەها هیچ مانگێکیش نەبوومکە تیایدا بەڕۆژوو نەبوبێت، هەندێکی هەر لێ گرتووە، هەتا کۆچی دوایی کرد.

(٣٢) ڕۆژو لەڕێی خوادا

٦٠٢- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَصُومُ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ، إِلَّا بَاعَدَ اللَّهُ بِذَلِكَ الْيَوْمِ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٦٨٥]

(ابو سعید الخدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر بەندەیەك ڕۆژێك لەڕێی خوادا بەڕۆژو بێت خوای گەورە بەوهۆیە حەفتا پایز ڕوخساری لە ئاگری دۆزەخ بەدور دەگرێت)).

(٣٣) گەورەیی رۆژی محرّم

٦٠٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللّهِ الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلَاةُ اللَّيْلِ)).

(ابو هريره) (رضي الله عنه) دەڵێت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: ((گەورەترین ڕۆژو دوای ڕەمەزان ڕۆژووی مانگی (محرم)ە کەپێی دەوترێت (شهرالله المحرم) گەورەترین نوێژیش لەدوای نوێژەفەڕزەکان شەونوێژە.

(٣٤) رۆژوی عاشورا

٦٠٤ـ عن عَائِشَةَ (رضي الله عنها): أَنَّ قُرَيْشًا كَانَتْ تَصُومُ عَاشُورَاءَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، ثُمَّ أَمَرَ رَسُولُ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم) بِصِيَامِهِ حَتَّى فُرِضَ رَمَضَانُ، فَقَالَ رَسُولُ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((مَنْ شَاءَ فَلْيَصُمْهُ، وَمَنْ شَاءَ فَلْيُفْطِرْهُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٧٩٤]

(دایکەعائیشە) (رضي الله عنها) دەڵێ: قورەیش لەسەردەمی نەفامیدا لەعاشورا بەڕۆژو دەبوو، پاشان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی دا (کەئیمانداران) تێیدا بەڕۆژوبن تاڕەمەزان تێیدا فەرز کرا، ئەوسا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((ئەوەی دەیەوێت باعاشورا بگرێت ئەوەش دەیەوێت با نەیگرێت)).

(٣٥) کام رۆژ بەڕۆژوبین لەعاشورادا

٦٠٥ـ عَنِ الْحَكَمِ بْنِ الْأَعْرَجِ قَالَ: انْتَهَيْتُ إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) وَهُوَ مُتَوَسِّدٌ رِدَاءَهُ فِي زَمْزَمَ، فَقُلْتُ لَهُ: أَخْبِرْنِي عَنْ صَوْمِ عَاشُورَاءَ؟ فَقَالَ: إِذَا رَأَيْتَ هِلَالَ الْمُحَرَّمِ فَاعْدُدْ وَأَصْبِحْ يَوْمَ التَّاسِعِ صَائِمًا. قُلْتُ: هَكَذَا كَانَ رَسُولُ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم) يَصُومُهُ؟ قَالَ نَعَمْ.

(حكم بن الاعرج) دەڵێت چووم بۆ لای (ابن عباس) (رضي الله عنه) کەعەباکەی کردبوو بەسەرین لای زەمزەمدا پێم وت :هەواڵم بدەرێ دەربارەی ڕۆژی عاشورا، ئەویش وتی: هەرکات مانگی (محرم)ت دی بیژمێرە و ڕۆژی نۆهەم بەڕۆژوبە....منیش وتم: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوڕۆژە بەڕۆژوو دەبوو؟ وتی:بەڵێ.

(٣٦) گەورەیی رۆژوی عاشورا

٦٠٦ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَدِمَ الْمَدِينَةَ، فَوَجَدَ الْيَهُودَ صِيَامًا يَوْمَ عَاشُورَاءَ، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((مَا هَذَا الْيَوْمُ الَّذِي تَصُومُونَهُ)). فَقَالُوا: هَذَا يَوْمٌ عَظِيمٌ أَنْجَى اللّهُ فِيهِ مُوسَى وَقَوْمَهُ، وَغَرَّقَ فِرْعَوْنَ وَقَوْمَهُ، فَصَامَهُ مُوسَى شُكْرًا، فَنَحْنُ نَصُومُهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((فَنَحْنُ

أَحَقُّ وَأَوْلَى بِمُوسَى)). مِنْكُمْ فَصَامَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَمَرَ بِصِيَامِهِ. [بخاري/ الصوم/ ١٩٠٢، ١٩٠٠]

(ابن عباس) (رضي الله عنه) دەڵێ كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە مەدینە بینی جولەكە بەڕۆژوون لەڕۆژی عاشورادا، پێی فەرموون : ((ئەم ڕۆژەچیيە واتێیدا بەڕۆژوودەبن؟)) وتیان :ئەمەڕۆژێكی گەورەو گرنگە، خوای گەورەموساوگەلەكەیتێدا ڕزگاركردووە، فیرعەون و داروودەستەكەی تێدا غەرق كرد، ئیتر موسا بۆسوپاس گوزاری تێیدا بەڕۆژوبووە، ئێمەش بەڕۆژو دەبین. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئێمە لەپێش ترین بۆموسا تائێوە)). ئیتر ئەوە بوو پێغەمبەر (ﷺ) تێیدا بەڕۆژو بوو وە فەرمانی دا كە[ئیماندارانیش] تێیدا بەڕۆژوبن.

٦٠٧- عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي يَزِيدَ: سَمِعَ ابْنَ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) وَسُئِلَ عَنْ صِيَامِ يَوْمِ عَاشُورَاءَ، فَقَالَ: مَا عَلِمْتُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) صَامَ يَوْمًا يَطْلُبُ فَضْلَهُ عَلَى الْأَيَّامِ إِلَّا هَذَا الْيَوْمَ، وَلَا شَهْرًا إِلَّا هَذَا الشَّهْرَ. يَعْنِي رَمَضَانَ. [بخاري/ الصوم/ ١٩٠٢، ١٩٠٠]

(عبدالله ی كوڕی یزید) دەڵێ: گوێی لە(ابن عباس) (رضي الله عنه) بووە كاتێ پرسیاریلێكراوە دەربارەی ڕۆژوگرتن لەعاشوردا، وتویەتی: نەم زانیوەو نەم بیستوە كەپێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێك بەڕۆژو بوبێت و بەتەمای ئەوە بوبێت ئەو ڕۆژە لەڕۆژەكانی تر گەورەتربێ جگە لەئەمڕۆ، یان مانگێك جگە لەم مانگە [مەبەست ڕەمەزان بووە].

(٣٧) ئەوەی لەعاشورادا شتی خوارد

٦٠٨- عَنِ الرُّبَيِّعِ بِنْتِ مُعَوِّذِ بْنِ عَفْرَاءَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: أَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) غَدَاةَ عَاشُورَاءَ إِلَى قُرَى الْأَنْصَارِ الَّتِي حَوْلَ الْمَدِينَةِ: ((مَنْ كَانَ أَصْبَحَ صَائِمًا فَلْيُتِمَّ صَوْمَهُ، وَمَنْ كَانَ أَصْبَحَ مُفْطِرًا فَلْيُتِمَّ بَقِيَّةَ يَوْمِهِ)). فَكُنَّا بَعْدَ ذَلِكَ نَصُومُهُ وَنُصَوِّمُ صِبْيَانَنَا الصِّغَارَ مِنْهُمْ إِنْ شَاءَ اللَّهُ تعالى، وَنَذْهَبُ إِلَى الْمَسْجِدِ فَنَجْعَلُ لَهُمُ اللُّعْبَةَ مِنَ الْعِهْنِ، فَإِذَا بَكَى أَحَدُهُمْ عَلَى الطَّعَامِ أَعْطَيْنَاهَا إِيَّاهُ عِنْدَ الْإِفْطَارِ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٥٩]

(ربيع ی كچی معوذی كوڕی عفراء) (رضي الله عنها) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەرەبەیانی ڕۆژی عاشورا خەڵكێكی ناردبۆدێهاتەكانی دەوری مەدینە (فەرمویی كەبڵێن)

:((ئەوەی بەڕۆژوە باڕۆژوەکەی تەواوبکات، ئەوەی بەڕۆژوونیە باهیچ نەخوات، تائێوارە، ئیتر ئێمە دوای ئەوە ئەو ڕۆژەمان دەگرت منالە وردەکانیشمان بەڕۆژو دەکرد ئەوەیان کەخوا بیویستایە. ئەوسا دەچوین بۆ مزگەوت و [تۆپ] و یاریمان لەخوری بۆ دروست دەکردن ئەگەر یەکێکیان بۆ خواردن بگریایە ئەوە تۆپەکەمان دەدایە تا کاتی بەربانگ.

(٣٨) ڕۆژو لەشەعباندا

٦٠٩ـ عَنْ أَبِي سَلَمَةَ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنْ صِيَامِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: كَانَ يَصُومُ حَتَّى نَقُولَ: قَدْ صَامَ، وَيُفْطِرُ حَتَّى نَقُولَ: قَدْ أَفْطَرَ، وَلَمْ أَرَهُ صَائِمًا مِنْ شَهْرٍ قَطُّ أَكْثَرَ مِنْ صِيَامِهِ مِنْ شَعْبَانَ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ كُلَّهُ، كَانَ يَصُومُ شَعْبَانَ إِلَّا قَلِيلًا. [بخاري/ الصوم/ ١٨٦٨]

(ابی سلمه) دەڵێ: پرسیارم کردلە(عائیشە) (ﷺ) دەربارەی ڕۆژوی پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش وتی: [ساڵی وا هەبوو] ئەوەندە بەڕۆژو دەبوو هەتا دەمانوت ئەم مانگە نایشکێنێ، [ساڵی واش هەبوو] بەڕۆژوو نەدەبوو،هەتادەمانووت ئیتر ڕۆژوناگرێت. نەشم بینیوە هیچ مانگێك زۆر بەڕۆژو بوبێت، [ساڵی واش هەبوو] شەعبانی هەموو دەگرت مەگەر کەمێکی نەبێت.

(٣٩) ڕۆژوی ناوەڕاستی شەعبان

٦١٠ـ عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ لَهُ أَوْ لِآخَرَ: ((أَصُمْتَ مِنْ سُرَرِ شَعْبَانَ)). قَالَ: لَا. قَالَ: ((فَإِذَا أَفْطَرْتَ فَصُمْ يَوْمَيْنِ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٨٢]

(عمرانی کوڕی حصین) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەوی فەرموو یان بەکەسێکی تر: ئایا ناوەڕاستی شەعبان هیچ بەڕۆژوو بویت؟ ووتی: نەخێر فەرموی: ((هەرکات ڕۆژوی مانگی [ڕەمەزانت] تەواو کرد، دووڕۆژ بەڕۆژوبە لەبری ئەوەی لە شەعبان نەتگرتووە)).

(٤٠) بەڕۆژوبوونی شەش ڕۆژ لەشەوال

٦١١ـ عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ صَامَ رَمَضَانَ، ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ)).

(ابـو ایـوب الانـصاری) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئـەوەی ڕەمەزان بەڕۆژوبێت و ،پاشان شەش ڕۆژی (شەوال)یش بـەڕۆژو بێت بەدوایدا، ئەوە وەکو بەڕۆژو بونی هەموو ساڵەکە وەهایە)).

(٤١) نەگرتنی (نۆمینەی حاجیان)

٦١٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) صَائِمًا فِي الْعَشْرِ قَطُّ.

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: هەرگیز نەمبینیوە پێغەمبەر (ﷺ) لەو دەڕۆژەدا [واتـە: دەڕۆژی یەکەمی مانگی ذی الحجّة] بەڕۆژو بوبێت.

(٤٢) ڕۆژوی عـارفە

٦١٣ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ): رَجُلٌ أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: كَيْفَ تَصُومُ؟ فَغَضِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ قوله، فَلَمَّا رَأَى عُمَرُ (ﷺ) غَضَبَهُ، قَالَ: رَضِينَا بِاللَّهِ رَبًّا وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا، نَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ غَضَبِ اللَّهِ وَغَضَبِ رَسُولِهِ. فَجَعَلَ عُمَرُ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يُرَدِّدُ هَذَا الْكَلَامَ حَتَّى سَكَنَ غَضَبُهُ، فَقَالَ عُمَرُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، كَيْفَ بِمَنْ يَصُومُ الدَّهْرَ كُلَّهُ؟ قَالَ: ((لَا صَامَ وَلَا أَفْطَرَ)) أَوْ قَالَ: ((لَمْ يَصُمْ وَلَمْ يُفْطِرْ)). قَالَ: كَيْفَ مَنْ يَصُومُ يَوْمَيْنِ وَيُفْطِرُ يَوْمًا؟ قَالَ: ((وَيُطِيقُ ذَلِكَ أَحَدٌ)). قَالَ: كَيْفَ مَنْ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا؟ قَالَ: ((ذَاكَ صَوْمُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَامُ)). قَالَ: كَيْفَ مَنْ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمَيْنِ؟ قَالَ: ((وَدِدْتُ أَنِّي طُوِّقْتُ ذَلِكَ)). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ(ﷺ): ((ثَلَاثٌ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، فَهَذَا صِيَامُ الدَّهْرِ كُلِّهِ. صِيَامُ يَوْمِ عَرَفَةَ: أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ وَالسَّنَةَ الَّتِي بَعْدَهُ، وَصِيَامُ يَوْمِ عَاشُورَاءَ: أَحْتَسِبُ عَلَى اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ الَّتِي قَبْلَهُ)).

(ابو قتادە) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) لێی پرسی؟ ئەوە چۆن بەڕۆژو دەبیت؟! پێغەمبەر (ﷺ) لەقسەکەی پەست بوو، کە(عمر)ئەوەی بینی وتی: ئێمە ڕازین کەخوا پەروەردگارمانە و ئیسلام ئاینمانە و محمدیش پێغەمبەرمانە، پەنادەگرین بەخوا لەناڕەزایی و توڕەیی خواو پێغەمبەرەکەی، جا (عمر)چەند جارێك ئەوەی دووبارە کردەوە هەتا پێغەمبەر ڕقەکەی نیشتەوە، ئینجا عمر ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا کەسێك هەموو کات بەڕۆژو بێت پێت چۆنە.؟ ئەویش فەرمووی: ئەوە نەڕۆژوی بۆ حسابە، نەشکاندوشێتی، عمر ووتی: ئەی ئەوەی دوو ڕۆژ بگرێت و ڕۆژێك نەگرێت؟ جاکەس دەتوانێت ئەوە

بکات؟ عمر وتی: ئەوەی ڕۆژە ناڕۆژێك بەڕۆژودەبێت؟ فەرمووی ئەوە ڕۆژوی (داود)ە سەلامی خوای لەسەر بێت، عمر وتی: ئەی ئەوە چۆنە ڕۆژێك بەڕۆژو بێت و دوو ڕۆژ بەڕۆژو نەبێت؟ فەرمووی: ئاواتەخوازم ئەو توانایەم پیٚ بدرایە. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: سیٚ ڕۆژ لەهەموو مانگێکدا ڕەمەزانیش بۆ ڕەمەزان ئەوەڕۆژوی هەموو ساڵەکەیە. ڕۆژوی ڕۆژی عەرەفەش ئومێدم وایە بەخوا کەببێت بەکەفارەتی ساڵی ڕابردوو ساڵی داهاتووش. ڕۆژوی عاشوراش ئومێدم وایە بەخوا کەببێت بە کەفارەتی ساڵی ڕابردوو.[1]

(٤٣) نەگرتنی ڕۆژوی عارفە بۆ حاجیان

٦١٤ـ عَنْ أُمِّ الْفَضْلِ بِنْتِ الْحَارِثِ (رضي الله عنها): أَنَّ نَاسًا تَمَارَوْا عِنْدَهَا يَوْمَ عَرَفَةَ فِي صِيَامِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: هُوَ صَائِمٌ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَيْسَ بِصَائِمٍ، فَأَرْسَلْتُ إِلَيْهِ بِقَدَحِ لَبَنٍ وَهُوَ وَاقِفٌ عَلَى بَعِيرِهِ بِعَرَفَةَ، فَشَرِبَهُ. [بخاري/ الحج/ ١٥٧٨]

(ام الفضل بنت الحارث) (رضي الله عنها) دەڵیٚ: خەڵکێك لەلای ئەو گفتوگۆیان بوو دەربارەی بەڕۆژوبوونی پێغەمبەر (ﷺ): لەڕۆژی عارفەدا، هەندێکیان وتیان بەڕۆژووە، هەندێکی تریان وتیان نەخێر بەڕۆژو نییە، ئەوسا پەرداخێك شیری بۆ پێغەمبەر (ﷺ) نارد لەکاتێکدا بەسەر ووشترەکەیەوە بوو لەعارفەدا، ئەویش خواردیەوە.

(٤٤) ڕۆژوو نەگرتن لە جەژنەکاندا

٦١٥ـ عَنْ أَبِي عُبَيْدٍ مَوْلَى ابْنِ أَزْهَرَ أَنَّهُ قَالَ: شَهِدْتُ الْعِيدَ مَعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) فَجَاءَ فَصَلَّى، ثُمَّ انْصَرَفَ، فَخَطَبَ النَّاسَ فَقَالَ: إِنَّ هَذَيْنِ يَوْمَانِ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ صِيَامِهِمَا: يَوْمُ فِطْرِكُمْ مِنْ صِيَامِكُمْ، وَالْآخَرُ يَوْمٌ تَأْكُلُونَ فِيهِ مِنْ نُسُكِكُمْ. [بخاري/ الصوم/ ١٨٨٩]

(ابوعبيد)کارگوزاری (ابن ازهار) دەڵیٚ: جەژنمان کرد لەگەڵ (عمری کوڕی خطاب) (رضي الله عنه) هات و نوێژی کردوو ڕۆیشت و وتاری بۆ خەڵك داو وتی: ئەم دوو ڕۆژە پێغەمبەر (ﷺ): ڕێگری کردووە ڕۆژوی تێدا بگیرێت، ئەو ڕۆژەی ڕۆژو

---

[1] ئەم فەرموودەیە پێچەوانەی فەرموودەی پێشووی (عائشة) نیە چونکە نەبینینی ئەو بەڵگە نیە لەسەر ئەوە پێغەمبەر بەڕۆژوو نەبووبێت لە عارفەدا، ئەکریٚ ئەو ڕۆژە لەماڵی ئەودا نەبوبێت.

دەشـكێنن دوای مـانگی ڕەمـەزان [واتـە جـەژنی ڕەمـەزان] هـەروەها ئـەوڕۆژەی كەقوربانی حەجی تێدا دەخۆن (ڕۆژەكانی جەژنی قوربان).

(٤٥) ڕۆژانی (ايام التشريق)

٦١٦ـ عَنْ نُبَيْشَةَ الْهُذَلِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَيَّامُ التَّشْرِيقِ أَيَّامُ أَكْلٍ وَشُرْبٍ –وفي رواية– وَذِكْرٍ لِلَّهِ)).

(نبيشه الهذلي) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ): فەرموویـەتی: ((سـێ ڕۆژەی دوای جـەژنی قوربـان ڕۆژانـی خـواردن و خواردنـەوەن)) لەڕیوایـەتێكی تـردا هـاتووە ((یادكردنی خوای گەورەشن)).

(٤٦) ڕۆژی دووشەمووان

٦١٧ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سُئِلَ عَنْ صَوْمِ الِاثْنَيْنِ، فَقَالَ: ((فِيهِ وُلِدْتُ، وَفِيهِ أُنْزِلَ عَلَيَّ)).

(ابوقتاده) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ): كاتێك دەربارەی ڕۆژوی دووشەموان لێیان پرسیوە ، فەرموویەتی: ((من لەڕۆژەدا لەدایك بووم، لەو ڕۆژەشـدا قورئـان دابەزێنراوەتە سەرم)). [واتە: بیگرن باشە]

(٤٧) بەڕۆژبوونی ڕۆژانی هەینی بەتەنها پەسەندنییە

٦١٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَصُومُ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ إِلَّا أَنْ يَصُومَ قَبْلَهُ أَوْ يَصُومَ بَعْدَهُ)). [بخاري/ الصوم/ ١٨٨٤]

(ابوهریره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەر (ﷺ): فەرموویـەتی: ((باكەسـتان ڕۆژانـی هەینی بەڕۆژونەبێت مەگەر ڕۆژێك لەپێشەوە یانلەدواوە [لەگەڵیدا] بەڕۆژوبێت.

٦١٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَخْتَصُّوا لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ بِقِيَامٍ مِنْ بَيْنِ اللَّيَالِي، وَلَا تَخُصُّوا يَوْمَ الْجُمُعَةِ بِصِيَامٍ مِنْ بَيْنِ الْأَيَّامِ، إِلَّا أَنْ يَكُونَ فِي صَوْمٍ يَصُومُهُ أَحَدُكُمْ)).

(ابـوهریره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ): فەرموویـەتی: ((شـەوی هـەینی تایبـەت مەكەن بەشـەو نوێـژو ڕۆژی هـەینی لـەناو ڕۆژەكـانی تـر تایبـەت مەكـەن بەڕۆژووەوە، مەگەر ئەو ڕۆژە بەرعادەتی ڕۆژوگرتنی یەكێكتان بكەوێت.

(٤٨) ڕۆژوی سێ ڕۆژ لەهەرمانگێكدا

٦٢٠ـ عن مُعَاذَةُ الْعَدَوِيَّةُ أَنَّهَا قَالَتْ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ): أَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصُومُ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. فَقُلْتُ لَهَا: مِنْ أَيِّ أَيَّامِ الشَّهْرِ كَانَ يَصُومُ؟ قَالَتْ: لَمْ يَكُنْ يُبَالِي مِنْ أَيِّ أَيَّامِ الشَّهْرِ يَصُومُ.

(خاتوو معاذة العدوية)دەڵێ: پرسیومە لەعائیشەی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ): کەئایا پێغەمبەری خوا لەهەر مانگیکدا سێ ڕۆژ بەڕۆژودەبوو؟ وتی: بەڵێ، وتم: لەچ ڕۆژانێکی مانگدا بەڕۆژوو دەبوو؟ وتی: گوێی نەدەدایە لەکام ڕۆژ لەڕۆژەکانی مانگ بەڕۆژووبێت.

(٤٩) ڕۆژوی بەردەوام پەسەند نییە

٦٢١ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: بَلَغَ النَّبِيَّ (ﷺ) أَنِّي أَصُومُ أَسْرُدُ، وَأُصَلِّي اللَّيْلَ، فَإِمَّا أَرْسَلَ إِلَيَّ وَإِمَّا لَقِيتُهُ، فَقَالَ: ((أَلَمْ أُخْبَرْ أَنَّكَ تَصُومُ وَلَا تُفْطِرُ وَتُصَلِّي اللَّيْلَ؟ فَلَا تَفْعَلْ، فَإِنَّ لِعَيْنِكَ حَظًّا، وَلِنَفْسِكَ حَظًّا، وَلِأَهْلِكَ حَظًّا، فَصُمْ وَأَفْطِرْ، وَصَلِّ وَنَمْ وَصُمْ مِنْ كُلِّ عَشْرَةِ أَيَّامٍ يَوْمًا، وَلَكَ أَجْرُ تِسْعَةٍ)). قَالَ: إِنِّي أَجِدُنِي أَقْوَى مِنْ ذَلِكَ يَا نَبِيَّ اللَّهِ، قَالَ: ((فَصُمْ صِيَامَ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَام)). قَالَ: وَكَيْفَ كَانَ دَاوُدُ يَصُومُ يَا نَبِيَّ اللَّهِ؟ قَالَ: ((كَانَ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا، وَلَا يَفِرُّ إِذَا لَاقَى)). قَالَ: مَنْ لِي بِهَذِهِ يَا نَبِيَّ اللَّهِ؟ قَالَ عَطَاءٌ: فَلَا أَدْرِي كَيْفَ ذَكَرَ صِيَامَ الْأَبَدِ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَا صَامَ مَنْ صَامَ الْأَبَدَ، لَا صَامَ مَنْ صَامَ الْأَبَدَ لَا صَامَ مَنْ صَامَ الْأَبَدَ)). [بخاري/ الصوم ١٨٧٦]

(عبدالله ی کوڕی عمرو کوڕی عاص) (ﷺ) دەڵێ: هەواڵ گەیشتەوە پێغەمبەر (ﷺ): کەمن بەردەوام بەڕۆژوم وبەشەویش نوێژدەکەم، جا نازانم ناردی بەشوێنمدا یان خۆم بەخزمەتی گەیشتم. فەرمووی: ((بیستومە کەتۆ بەردەوام بەڕۆژو دەبیت و ڕۆژو ناشکێنیت، بەردەوامیش شەونوێژ دەکەیت؟ وامەکە.. چونکە چاوت مافی هەیە خۆیشت مافت هەیە ، خێزانت مافی هەیە، تۆ بەڕۆژوببەو مەشبە، شەونوێژ بکەو بشخەوە، لەدەڕۆژدا ڕۆژێك بەڕۆژو ببە. پاداشتی نۆ ڕۆژەکەی تری هەیە (عبدالله) وتی: من لەوە زیاتر دەتوانم ئەی پێغەمبەر (ﷺ): فەرمووی: ((کەواتە ڕۆژو بگرە وەك بەڕۆژو بوونی (داود) سەلامی خوای لێبێت. وتم : (داود) چۆن بەڕۆژو دەبوو ئەی پێغەمبەر (ﷺ): فەرمووی: ((ڕۆژێك بەڕۆژو دەبو ڕۆژێك دەیشکاند. کاتێکیش بەرەنگاری

دوژمنیش بووایەتەوە ڕای نەدەکرد)) وتم جاکێ ئەوەی بۆ دەلوێ ئەی پێغەمبەر (ﷺ)؟ عطـاء دەڵـێ: ئـیتر نـازانم چـۆن باســی ڕۆژوی بـەردەوام هاتـە پێـشەوە، پێغەمبەر (ﷺ): فەرمووی: ((ئەوە ڕۆژوی نەگرتووە کەبەردەوام بەڕۆژو دەبێت، ئـەوە ڕۆژوی نـەگرتووە کـە بـەردەوام بـەڕۆژو دەبێـت [واتـە: خێـری ناگـاتو نادروستە]

(٥٠) چاکترین ڕۆژو ڕۆژوی (داود)ە، ڕۆژ نارۆژێك

٦٢٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَحَبَّ الصِّيَامِ إِلَى اللَّهِ صِيَامُ دَاوُدَ، وَأَحَبَّ الصَّلَاةِ إِلَى اللَّهِ صَلَاةُ دَاوُدَ عَلَيْهِ السَّلَام: كَانَ يَنَامُ نِصْفَ اللَّيْلِ، وَيَقُومُ ثُلُثَهُ، وَيَنَامُ سُدُسَهُ. وَكَانَ يَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا)). [بخاري/ التجهد/ ١٠٧٩]

(عبـــدالله ی کـــوڕی عمـــرو) (ﷺ) دەڵـــێ: پێغەمبـــەر (ﷺ) فەرموویـــەتی: ((پەســـەندترین ڕۆژو لای خـــوای گـــەورە ڕۆژوی (داود)ە، پەســـەندترین شـەونوێژیش لای خـوای گـەورە هـەر شـەونوێژی داودە. نیـوەی کـاتی شـەو دەخەوت سێیەکەی تری شەونوێژی دەکرد، شەش یەکی دەخەوتەوە، هـەروەها ڕۆژێك بەڕۆژودەبوو، ڕۆژێکیش بەڕووژونەدەبوو)).

(٥١) ئەوەی ڕۆژوی سونەت بگرێت پاشان بیشکێنێت

٦٢٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ النَّبِيُّ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ فَقَالَ: ((هَلْ عِنْدَكُمْ شَيْءٌ)). فَقُلْنَا: لَا. قَالَ: ((فَإِنِّي إِذَنْ صَائِمٌ)). ثُمَّ أَتَانَا يَوْمًا آخَرَ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُهْدِيَ لَنَا حَيْسٌ، فَقَالَ: ((أَرِينِيهِ فَلَقَدْ أَصْبَحْتُ صَائِمًا)). فَأَكَلَ.

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ): ڕۆژێك هات بۆلام فەرمووی: ((هیـچتان لەلاهەیە؟)) وتمان نەخێر: فەرمووی: ((کەواتە بەڕۆژو دەبم))، ڕۆژێکـی تـر هـات بۆ لامان. وتمـان: ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ): خورمـاو ڕۆن و کەشـکمان بـەدیاری بـۆ هـاتووە، فـەرمووی: ((پیـشانم بـدە، هەرچـەندە ئـەم بەیانیـیە نیـازی ڕۆژوم هەبوو)) ئیتر دەستی کرد بەخواردنی.

(١٢) مانەوە لەمزگەوتدا (اعتكاف)

(١)ئەوەی دەیەوێت لەمزگەوت بمێنێتەوە کەی دەست بەکاربێت

٦٢٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (﵂) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَرَادَ أَنْ يَعْتَكِفَ صَلَّى الْفَجْرَ ثُمَّ دَخَلَ مُعْتَكَفَهُ، وَإِنَّهُ أَمَرَ بِخِبَائِهِ فَضُرِبَ، أَرَادَ الاعْتِكَافَ فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ، فَأَمَرَتْ زَيْنَبُ بِخِبَائِهَا فَضُرِبَ، وَأَمَرَ غَيْرُهَا مِنْ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ (ﷺ) بِخِبَائِهِ فَضُرِبَ، فَلَمَّا صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْفَجْرَ، نَظَرَ فَإِذَا الْأَخْبِيَةُ، فَقَالَ: ((آلْبِرَّ تُرِدْنَ)). فَأَمَرَ بِخِبَائِهِ فَقُوِّضَ، وَتَرَكَ الاعْتِكَافَ فِي شَهْرِ رَمَضَانَ، حَتَّى اعْتَكَفَ فِي الْعَشْرِ الْأَوَّلِ مِنْ شَوَّالٍ. [بخاري/ الاعتكاف/ ١٩٢٨]

(عائشە) (﵂) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) : کاتێ دەیویست لەمزگەوتدا بمێنێتەوە، نوێژی بەیانی دەکردو ئەوسا دەچووە ئەو شوێنەی کە تێیدا دەمایەوە، جارێکیان فەرمانی دا چادرێکی بۆ هەڵدرا، دەیویست دەڕۆژی کۆتایی ڕەمەزان بمێنێتەوە، زەینەبیش فەرمانی داچادری بۆ هەڵدرا، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی بەیانی کرد، سەیری کرد چەندەها چادر هەیە فەرموی: ((دەیانەوێت خێرو چاکەیان دەست بکەوێت))؟ ئینجا فەرمانی دا چادرەکەی خۆی لابرێ، وازی لە اعتکاف هێنا لەو ڕەمەزانەداو، دەی یەکەمی شەوال اعتکافی کرد.

(٢) مانەوە لەدەشەوی یەکەم و دەشەوی ناوەڕاست دا.

٦٢٥. عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) اعْتَكَفَ الْعَشْرَ الْأَوَّلَ مِنْ رَمَضَانَ، ثُمَّ اعْتَكَفَ الْعَشْرَ الْأَوْسَطَ فِي قُبَّةٍ تُرْكِيَّةٍ عَلَى سُدَّتِهَا حَصِيرٌ. قَالَ: فَأَخَذَ الْحَصِيرَ بِيَدِهِ فَنَحَّاهَا فِي نَاحِيَةِ الْقُبَّةِ، ثُمَّ أَطْلَعَ رَأْسَهُ فَكَلَّمَ النَّاسَ فَدَنَوْا مِنْهُ، فَقَالَ: ((إِنِّي اعْتَكَفْتُ الْعَشْرَ الْأَوَّلَ، أَلْتَمِسُ هَذِهِ اللَّيْلَةَ، ثُمَّ اعْتَكَفْتُ الْعَشْرَ الْأَوْسَطَ، ثُمَّ أُتِيتُ فَقِيلَ لِي: إِنَّهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ، فَمَنْ أَحَبَّ مِنْكُمْ أَنْ يَعْتَكِفَ، فَلْيَعْتَكِفْ)). فَاعْتَكَفَ النَّاسُ مَعَهُ، قَالَ: ((وَإِنِّي أُرِيتُهَا لَيْلَةَ وِتْرٍ، وَإِنِّي أَسْجُدُ صَبِيحَتَهَا فِي طِينٍ وَمَاءٍ)). فَأَصْبَحَ مِنْ لَيْلَةِ إِحْدَى وَعِشْرِينَ، وَقَدْ قَامَ إِلَى الصُّبْحِ، فَمَطَرَتِ السَّمَاءُ، فَوَكَفَ الْمَسْجِدُ، فَأَبْصَرْتُ الطِّينَ وَالْمَاءَ، فَخَرَجَ حِينَ فَرَغَ مِنْ صَلَاةِ الصُّبْحِ، وَجَبِينُهُ وَرَوْثَةُ أَنْفِهِ فِيهِمَا الطِّينُ وَالْمَاءُ، وَإِذَا هِيَ لَيْلَةُ إِحْدَى وَعِشْرِينَ مِنَ الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ. [بخاري/ صلاة التراويح/ ١٩١٤]

(ابوسعيد الخدري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ): لەدەشەوی سەرەتای ڕەمەزاندا (اعتكاف)ی کرد، پاشان لەدەشەوی ناوەڕاستا (اعتكاف)ی کرد لەچادرێکی گومەزی تورکیدا، چەتری بەردەرگاکەی حەسیرێك بوو، حەسیرەکەی بەدەستی پیرۆزی لابردو خستیە سوچێکی چادرەکەوە، ئینجا سەری دەرهێناو قسەی بۆ خەڵکی کرد، ئەوانیش لێی نزیك بوونەوەو فەرمووی: ((من دە شەوی یەکەم اعتکافم کرد و بەتەمای ئەو شەوە بووم [شەوی قەدر]، پاشان دەشەوی ناوەڕاست مامەوە دوای ئەوە هاتن بۆ لام و پێم وترا: ئەو شەوە لەدە شەوی کۆتاییدایە، هەرکەس لە ئێوە پێی خۆشە بمێنێتەوە بابمێنێتەوە) خەڵك لەخزمەتیدا مانەوە. ئینجا فەرمووی (من وام دیوە لەخەوندا کەشەوێکی تاك بێت، لەو خەونەمدا وام دی کە بەیانیەکەی لەقوڕاودا سوجدەم دەبرد،) جا بەیانی بیست و یەك هەستا بۆ نوێژی بەیانی باران باری بوو. مزگەوت دڵۆپەی کردبوو، قوڕاوەکەی دی کاتێ لێبۆوە ناوچەوان و سەری لووتی قوڕاویان پێوە بوو. ئەوشەوە شەوی بیست و یەك بوو لەدەی کۆتایی.

(٣) مانەوە لەمزگەوتدا لەدەشەوی کۆتایی ڕەمەزاندا

٦٢٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَعْتَكِفُ الْعَشْرَ الْأَوَاخِرَ مِنْ رَمَضَانَ حَتَّى تَوَفَّاهُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ، ثُمَّ اعْتَكَفَ أَزْوَاجُهُ مِنْ بَعْدِهِ. [بخاري/ الاعتكاف/١٩٢٢].

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ): دەشەوی کۆتای ڕەمەزان لەمزگەوتدا دەمایەوە هەتا خوای گەورە بردیەوە بۆ لای خۆی، پاشان هاوسەرەکانی دوای خۆی ئەوکارەیان کرد.

(٤) خۆماندووکردن لەدەشەوی کۆتای ڕەمەزاندا

٦٢٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ أَحْيَا اللَّيْلَ وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ، وَجَدَّ، وَشَدَّ الْمِئْزَرَ. [بخاري/ صلاة التراويح/ ١٩٢٠]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ): کاتێ گەیشتە دەشەوی کۆتایی [ڕەمەزان] شەوگاری (بەخوا پەرستی) دەبردەسەرو، خێزانەکانی هەڵ دەسان و خۆی ماندودەکردو پشتوێنی لێ قایم دەکرد.

(٥) گەڕان بەدوای شەوی قەدرا

٦٢٨ـ عن ابْنَ عُمَرَ (رضي الله عنه) قالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّه (صلى الله عليه وسلم): ((الْتَمِسُوهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ –يَعْنِي لَيْلَةَ الْقَدْرِ– فَإِنْ ضَعُفَ أَحَدُكُمْ أَوْ عَجَزَ فَلَا يُغْلَبَنَّ عَلَى السَّبْعِ الْبَوَاقِي)). [بخاري/ صلاة التراويح/ ١٩١١]

(ابن عمر) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم): فەرمویەتی: ((بگەڕێن بەشوێنی دە شەوی کۆتایدا–واتە شەوی قەدر– ئەگەر کەسێکتان بێ هێز بوو یان نەیتوانی با حەوتەکەی کۆتای لەدەست خۆی نەدات.

*/شەوی قەدر شەوی بیست و یەکە ... سەیری فەرموودەی ژمارە ٦٢٥ بکە.

(٦) شەوی قەدر شەوی بیست و یەکە

قَد تقدم حديث أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) في ذلك [رقم: ٦٢٥].

پێشتر ئەم فەرموودەیە باس کرا لەژمارە (٦٢٥)دا.

(٧) شەوی قەدر شەوی بیست و سێیە.

٦٢٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُنَيْسٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: ((أُرِيتُ لَيْلَةَ الْقَدْرِ ثُمَّ أُنْسِيتُهَا، وَأَرَانِي صُبْحَهَا أَسْجُدُ فِي مَاءٍ وَطِينٍ)). قَالَ: فَمُطِرْنَا لَيْلَةَ ثَلَاثٍ وَعِشْرِينَ، فَصَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) فَانْصَرَفَ وَإِنَّ أَثَرَ الْمَاءِ وَالطِّينِ عَلَى جَبْهَتِهِ وَأَنْفِهِ. قَالَ: وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُنَيْسٍ يَقُولُ: ثَلَاثٍ وَعِشْرِينَ.

(عبدالله ی کوڕی انیس) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: ((شەوی قەدرم نیشان درا و پاشان بیرم برایەوە، لەخەونم دابینم سوجدەم دەبرد لە قوڕاودا)). دەڵێ: شەوی بیست و سێ بارانمان بۆ باری، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نوێژی بۆ کردین و ئەمجا ڕۆیی، شوێنەواری قوڕاوەکە لەسەر ناوچەوان و لووتی دیار بوو... ڕاوی دەڵێ: (عبدالله کوڕی انیس) دەیوت: شەوی بیست و سێبوو.

(٨) لە نۆ و حەوت و پێنجدا هەوڵی بۆ بدە.

٦٣٠ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: اعْتَكَفَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) الْعَشْرَ الْأَوْسَطَ مِنْ رَمَضَانَ، يَلْتَمِسُ لَيْلَةَ الْقَدْرِ قَبْلَ أَنْ تُبَانَ لَهُ، فَلَمَّا انْقَضَيْنَ أَمَرَ بِالْبِنَاءِ فَقُوِّضَ، ثُمَّ أُبِينَتْ لَهُ أَنَّهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ، فَأَمَرَ بِالْبِنَاءِ فَأُعِيدَ، ثُمَّ خَرَجَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّهَا كَانَتْ أُبِينَتْ لِي لَيْلَةُ الْقَدْرِ، وَإِنِّي خَرَجْتُ

لأُخْبِرَكُمْ بِهَا، فَجَاءَ رَجُلَانِ يَحْتَقَّانِ مَعَهُمَا الشَّيْطَانُ، فَنُسِّيتُهَا، فَالْتَمِسُوهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ، الْتَمِسُوهَا فِي التَّاسِعَةِ وَالسَّابِعَةِ وَالْخَامِسَةِ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا أَبَا سَعِيدٍ إِنَّكُمْ أَعْلَمُ بِالْعَدَدِ مِنَّا. قَالَ: أَجَلْ نَحْنُ أَحَقُّ بِذَلِكَ مِنْكُمْ. قَالَ: قُلْتُ: مَا التَّاسِعَةُ وَالسَّابِعَةُ وَالْخَامِسَةُ؟ قَالَ: إِذَا مَضَتْ وَاحِدَةٌ وَعِشْرُونَ فَالَّتِي تَلِيهَا ثِنْتَيْنِ وَعِشْرِينَ، وَهِيَ التَّاسِعَةُ. فَإِذَا مَضَتْ ثَلَاثٌ وَعِشْرُونَ فَالَّتِي تَلِيهَا السَّابِعَةُ، فَإِذَا مَضَى خَمْسٌ وَعِشْرُونَ فَالَّتِي تَلِيهَا الْخَامِسَةُ. [بخاري/ صلاة التراويح/ ١٩١٢]

(ابو سعيد الخدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە دە شەوی ناوەڕاستی ڕەمەزاندا لە مزگەوت مایەوە بۆ ئەوەی ڕێی لەشەوی قەدر بکەوێت، کاتێ کەدەشەوەکە تەواو بوو ئەو شوێنەی کە دروستی کردبوو هەڵی وەشان، پاشان بۆی دەرکەوت کە لەدەشەوی کۆتاییدایە، فەرمانیدا کە شوێنەکە دروست بکرێتەوە، ئینجا چوە ناو خەڵکی و فەرموی: ((خەڵکینە من شەوی قەدرم بۆ دەردەکەوت و دەرچووم کە پێتان بڵێم، دوپیاوهاتن کێشەیان هەبوو هەریەکەیان خۆی بە خاوەنی حەق دەزانی و شەیتانیشیان لەگەڵدابوو، ئیتر لەبیرم برایەوە، جالە دەشەوی کۆتایی ڕەمەزاندا بۆی بگەڕێن هەوڵی بۆ بدەن لە نۆهەم و حەوت و پێنجەمدا، منیش وتم :ئەی (ابو سعید) ئێوە لەژمارە شارەزا ترن لە ئێمە، وتی: بەڵێ ئێمە زیاتر خاوەن حەقین لەوەدا.. وتم: نۆهەم و حەوتەم و پێنجەم چییە؟ وتی: کاتێ بیست و یەك تێپەڕی بەشوێنیدا کاتێ بیست و دوو دێت ئەوە نۆهەمە، کاتێ بیست و سێ تێپەڕی، ئەوەی بە شوێنیدا دێت ئەوە حەوتەمە، ئەگەر بیست و پێنج تێپەڕی ئەوەی بە شوێنیدا دێت پێنجەمە.

(٩) شەوی قەدر بیست و حەوتە

٦٣١- عن زِرِّ بْنَ حُبَيْشٍ (ﷺ) قالَ: سَأَلْتُ أُبَيَّ بْنَ كَعْبٍ (ﷺ) فَقُلْتُ: إِنَّ أَخَاكَ ابْنَ مَسْعُودٍ يَقُولُ: مَنْ يَقُمِ الْحَوْلَ يُصِبْ لَيْلَةَ الْقَدْرِ، فَقَالَ: رَحِمَهُ اللَّهُ، أَرَادَ أَنْ لَا يَتَّكِلَ النَّاسُ، أَمَا إِنَّهُ قَدْ عَلِمَ أَنَّهَا فِي رَمَضَانَ، وَأَنَّهَا فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ، وَأَنَّهَا لَيْلَةُ سَبْعٍ وَعِشْرِينَ، ثُمَّ حَلَفَ -لَا يَسْتَثْنِي- أَنَّهَا لَيْلَةُ سَبْعٍ وَعِشْرِينَ. فَقُلْتُ: بِأَيِّ شَيْءٍ تَقُولُ ذَلِكَ يَا أَبَا الْمُنْذِرِ؟ قَالَ: بِالْعَلَامَةِ -أَوْ بِالْآيَةِ- الَّتِي أَخْبَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهَا تَطْلُعُ يَوْمَئِذٍ لَا شُعَاعَ لَهَا.

(زر بن حبيش) (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە (أُبي کوڕی سعد) (ﷺ) و وتم (مسعود)ی برات دەڵێت: ئەوەی بەدرێژای ساڵ شەو و ڕۆژ شەو نوێژ بکات بەشەوی قەدر دەگات، دیارە ڕەحمەتی خوای لێ بێ ویستویەتی خەڵکی پاڵ نەدەنەوە، چونکە ئەو چاك دەزانێت کەلەڕەمەزاندایە، وە لە دە شەوی کۆتایشدایە و شەوی بیست و حەوتیشە، پاشان سوێندی خوارد بەبێ دودڵی کە شەوی بیست و حەوتە، منیش ووتم: بەچ شتێك [بەڵگەیەك] ئەوە دەڵێیت ئەی [ابو منذر]؟ ووتی بەو نیشانەو بەڵگەیەی کە پێغەمبەر (ﷺ) باسی فەرمووە، کە ئەویش ئەوەیە کاتێ خۆر هەڵدێت تیشکی نییە.

بەشی حــــــەج

(١) حەج یەکجار فەرزە لەتەمەندا

٦٣٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: خَطَبَنَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) فَقَالَ: ((أَيُّهَا النَّاسُ، قَدْ فَرَضَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ الْحَجَّ، فَحُجُّوا)). فَقَالَ رَجُلٌ: أَكُلَّ عَامٍ يَا رَسُولَ اللَّه؟ فَسَكَتَ، حَتَّى قَالَهَا ثَلَاثًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((لَوْ قُلْتُ نَعَمْ لَوَجَبَتْ، وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ)). ثُمَّ قَالَ: ((ذَرُونِي مَا تَرَكْتُكُمْ، فَإِنَّمَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ، وَاخْتِلَافِهِمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ، فَإِذَا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ، وَإِذَا نَهَيْتُكُمْ عَنْ شَيْءٍ فَدَعُوهُ)). [بخاري/ الاعتصام بالكتاب و السنة]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتاری بۆ داین و فەرمووی: ((خەڵکینە، خوای گەورە حەجی لەسەر فەرزکردوون، حەج بکەن))، کابرایەك وتی: هەموو ساڵێك ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، هەتا کابرا سێ جار دووبارەی کردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بموتایە بەڵێ، فەرز دەبوو لەسەرتان و، نەشتان دەتوانی ئەنجامی بدەن)). پاشان فەرمووی: ((وازم لێبێنن ئەوەندە لەشت مەکۆڵنەوە، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە تیاچوون بەهۆی پرسیار زۆرکردن و لە فەرمان دەرچوونی پێغەمبەرانیانەوەبووە، ئەگەر فەرمانی شتێکم پێکردن چەندەتان توانی ئەنجامی بدەن، ئەگەر رێگری شتێکم لێکردن دەستبەرداری ببن و وازی لێبهێنن)).

(٢) پاداشتی حەج و عەمرە

٦٣٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ ((الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلَّا الْجَنَّةُ)). [بخاري/ العمرة/ ١٦٨٣]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((لە عەمرەیەکەوە بۆ عەمرەیەکی تر کەفارەتی گوناهی نێوانیانە، حەجی وەرگیراویش پاداشتی تەنها بەهەشتە))

٦٣٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَتَى هَذَا الْبَيْتَ، فَلَمْ يَرْفُثْ وَلَمْ يَفْسُقْ، رَجَعَ كَمَا وَلَدَتْهُ أُمُّهُ)). [بخاري/ الإحصارو جزاء الصيد/ ١٧٢٣]

(ابو هريره) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوەی بێت بۆ ئەم ماڵە [واتە کەعبە] ڕەفتار و گوفتاری نابەجێ نەکات، گوناه و تاوان ئەنجام نەدات، دەگەڕێتەوە ئەو دۆخەی وەکو تازە لە دایك بوبێت...))

(٣) گەورەترین حەج

٦٣٥ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَنِي أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ (ﷺ) -فِي الْحَجَّةِ الَّتِي أَمَّرَهُ عَلَيْهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَبْلَ حَجَّةِ الْوَدَاعِ- فِي رَهْطٍ يُؤَذِّنُونَ فِي النَّاسِ يَوْمَ النَّحْرِ: لَا يَحُجُّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ، وَلَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ. قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَكَانَ حُمَيْدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ يَقُولُ: يَوْمُ النَّحْرِ يَوْمُ الْحَجِّ الْأَكْبَرِ، مِنْ أَجْلِ حَدِيثِ أَبِي هُرَيْرَةَ. [بخاري/ الصلاة في الثياب/ ٣٦٢]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: (ابو بكر الصديق) (ﷺ) ناردمی لەو حەجەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) کردبوی بە ئەمیری پێش حەجیماڵئاوایی لەگەڵ دەستەیەکدا تا بانگەواز بکەین لەناو خەڵکیدا لەڕۆژی جەژنی قوربان‌دا، کە ئەمساڵ بەدواوە هیچ موشرکێك نابێ حەج بکات، هیچ کەس بەڕوتی نابێ تەوافی کەعبە بکات. (ابن مشهاب) دەڵێ: (حمیدی کوڕی عبدالرحمن) دەیوت ڕۆژی جەژنی قوربان ڕۆژی گەورەترین حەجە. لەبەر ئەم ڕیوایەتەی (ابو هريره).

(٤) گەورەیی ڕۆژی عەرەفە

٦٣٦ـ عن عَائِشَةُ (ﷺ): إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَا مِنْ يَوْمٍ أَكْثَرَ مِنْ أَنْ يُعْتِقَ اللَّهُ فِيهِ عَبْدًا مِنَ النَّارِ مِنْ يَوْمِ عَرَفَةَ، وَإِنَّهُ لَيَدْنُو، ثُمَّ يُبَاهِي بِهِمُ الْمَلَائِكَةَ فَيَقُولُ: مَا أَرَادَ هَؤُلَاءِ)).

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: هیچ ڕۆژێك نیە ئەوەندەی ڕۆژی عەرەفەخوای گەورە بەندەی تیادا ئازاد بکات لە ئاگری دۆزەخ، لەو ڕۆژەدا خوای گەورە نزیك دەبێتەوە و شانازی دەکات بەوانەوە لای فریشتەکان و دەفەرموێت: ئەوانە چییان دەوێت [بێجگە لە ڕەزامەندی من] !!.

(٥) دوعای سواربونی (هۆکاری سەفەر)

٦٣٧ـ عن عَلِيٍّ الْأَزْدِيَّ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) عَلَّمَهُمْ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا اسْتَوَى عَلَى بَعِيرِهِ خَارِجًا إِلَى سَفَرٍ كَبَّرَ ثَلَاثًا، ثُمَّ قَالَ: ((سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا

هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ. وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنْقَلِبُونَ. اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا الْبِرَّ وَالتَّقْوَى، وَمِنَ الْعَمَلِ مَا تَرْضَى. اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنَا هَذَا، وَاطْوِ عَنَّا بُعْدَهُ. اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالْخَلِيفَةُ فِي الْأَهْلِ. اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ الْمَنْظَرِ، وَسُوءِ الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ وَالْأَهْلِ)). وَإِذَا رَجَعَ قَالَهُنَّ، وَزَادَ فِيهِنَّ: ((آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ)).

(علی الازدی) (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە (إبن عمر) (ﷺ) فێری کردین: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) سواری وشترەکەی دەبوو، بۆ هەر سەفەرێك سێ جار (الله اکبر)ی دەکرد و دەیفەموو ﴿سبحان الذی سخر لنا هذا وما کنا لە مقرنین وانا الی ربنا لمنقلبون...﴾ واتە: (پاکی و بێ گەردی بۆ ئەو زاتەی کەئەمەی بۆ ڕام هێناوین، خۆ ئەگەر ئەو بۆی ڕام نەکردینایە هەرگیز ئێمە نەماندەتوانی ڕامی بهێنین و بەکاریان بهێنین، گەڕانەوەشمان هەر بۆلای پەروەردگارمانە). خوایە گیان ئێمە لەم سەفەرەماندا داوای پارێزگاریت لێ دەکەین، هەروەها کارێکیش کە تۆی پێ ڕازی بیت، خوایە گیان ئەم سەفەرەمان بۆ ئاسان بکەیت و دوریەکەیمان بۆ نزیك بکەیتەوە، خوایە هەرتۆ هاوەڵی سەفەرمانی، هەرتۆش جێ نشین و چاودێری ماڵ و خێزانمانیت، خوایە من پەنادەگرم بە تۆ لە نارەحەتی و ماندوبونی سەفەر، لەبینینی ئەو دیمەنانەی کە دڵتەنگمان دەکات، هەروەها بمانپارێزی لە بینینی دیمەنی خراپ کاتێ گەڕاینەوە)). کاتێکیش کە دەگەڕاینەوە .. ئەو نزایەی دووبارە دەکردەوە و ئەمەشی بۆ زیاد دەکرد: ((گەڕاینەوە، تەوبەکارین، خواپەرستین و سوپاسگوزاری پەروەدگاری خۆمانین)).

(٦) سەفەری ئافرەت بۆ حەج دەبێ لەگەڵ مەحرەمدا بێت

٦٣٨- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ أَنْ تُسَافِرَ سَفَرًا يَكُونُ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ فَصَاعِدًا، إِلَّا وَمَعَهَا أَبُوهَا، أَوِ ابْنُهَا، أَوْ زَوْجُهَا، أَوْ أَخُوهَا، أَوْ ذُو مَحْرَمٍ مِنْهَا)). [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٦٥]

(ابو سعید الخدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((بۆ هیچ ئافرەتێك دروست نیيە کە باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوایی هەبێت، سەفەربکات

لـە سـێ ڕۆژ بـەرەوژور، بـاوکی یـان کـوڕی یـان هاوسـەری، یـان بـرای لەگەڵـدا نەبێت)).

٦٣٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ تُسَافِرُ مَسِيرَةَ يَوْمٍ إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ)). [بخاري/ تقصير الصلاة/ ١٠٣٨]

(ابـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویـەتی: ((بـۆ هـیچ ئافرەتێك نییە باوەڕی بەخوا و ڕۆژی دوایی هەبێت، ڕۆژە ڕێیەك بەبێ مەحرەم بڕوات)).

٦٤٠ـ عَنِ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَخْطُبُ يَقُولُ: ((لَا يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلَّا وَمَعَهَا ذُو مَحْرَمٍ، وَلَا تُسَافِرِ الْمَرْأَةُ إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ)). فَقَامَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ امْرَأَتِي خَرَجَتْ حَاجَّةً، وَإِنِّي اكْتُتِبْتُ فِي غَزْوَةِ كَذَا وَكَذَا. قَالَ: ((انْطَلِقْ فَحُجَّ مَعَ امْرَأَتِكَ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٤٤]

(ابـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: گـوێم لـێ بـوو پێغەمبـەر (ﷺ) وتـاری دەدا و دەیفەرموو: ((نابێت هیچ پیاوێك تەنیا بکەوێت لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا، مەگەر مەحرەمی لەگەڵدا بێـت، هەروەها ئـافرەت نابێـت سـەفەر بکـات مەگـەر لەگـەڵ مەحرەمدا)). پیاوێك هەستا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنەکەم چووە بۆ حەج و منیش ناونوس کراوم بۆ فلان غەزا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بڕۆ لەگەڵ ژنەکەتدا حەج بکە)).

(٧) حەجی منداڵ و پاداشتی ئەوکەسەی حەجی بۆ دەکات

٦٤١ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): لَقِيَ رَكْبًا بِالرَّوْحَاءِ، فَقَالَ: ((مَنِ الْقَوْمُ)). قَالُوا: الْمُسْلِمُونَ. فَقَالُوا: مَنْ أَنْتَ؟ قَالَ: ((رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ))). فَرَفَعَتْ إِلَيْهِ امْرَأَةٌ صَبِيًّا فَقَالَتْ: أَلِهَذَا حَجٌّ؟ قَالَ: ((نَعَمْ وَلَكِ أَجْرٌ)).

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لە (ڕەوحاء) بەکاروانێك گەیشت و فەرمووی: ((ئێوە کێن))، ئەوانیش وتیان: مسڵمانین، ئەوان پرسیان: ئەی ئێوە کـێن ؟! ئـەویش فـەرمووی: ((پێغەمبـەری خـوام))، ئافرەتێـك منداڵەکـەی بەرزکردەوە و وتی: ئایا حەج بۆ ئەمە هەیە؟ فەرمووی: ((بەڵێ، تۆش پاداشتت هەیە)).

(٨) حەج بۆ ئەو کەسەی ناتوانێت بچێت

٦٤٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: كَانَ الْفَضْلُ بْنُ عَبَّاسٍ رَدِيفَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَجَاءَتْهُ امْرَأَةٌ مِنْ خَثْعَمَ تَسْتَفْتِيهِ، فَجَعَلَ الْفَضْلُ يَنْظُرُ إِلَيْهَا

وَتَنْظُرُ إِلَيْهِ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَصْرِفُ وَجْهَ الْفَضْلِ إِلَى الشِّقِّ الْآخَرِ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ فَرِيضَةَ اللَّهِ عَلَى عِبَادِهِ فِي الْحَجِّ أَدْرَكَتْ أَبِي شَيْخًا كَبِيرًا، لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يَثْبُتَ عَلَى الرَّاحِلَةِ، أَفَأَحُجُّ عَنْهُ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). وَذَلِكَ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ. [بخاري/ الحج/ ١٤٤٢]

(عبدالله ی کوڕی عباس) (ﷺ) دەڵێ ((فضل ی کوڕی عباس)) لە پاشکۆی پێغەمبەردا سواری ولاْخێك بوو، ئافرەتێك (خشعمي) هات و پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، فضل تەماشای ئافرەتەکەی دەکرد و ئەویش تەماشای ئەوی دەکرد، پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی فضل ی وەرچەرخان بۆلایەکی تر، ئینجا ئافرەتەکە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەج کەفەرزی خوایە لەسەر بەندەکانی کاتێ لەسەر باوکم فەرزبووە، کە پیرەو خۆی بەسەر ولاْخەوە ناگرێ، ئایا من حەجی بۆ بکەم؟. فەرموی: ((بەڵێ)) ئەمەش لە حەجی ماڵئاوایی‌دا بوو.

(٩) ئیحرامی حەیزدار و زەیسان

٦٤٣- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: نُفِسَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ بِمُحَمَّدِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ بِالشَّجَرَةِ، فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَبَا بَكْرٍ يَأْمُرُهَا أَنْ تَغْتَسِلَ وَتُهِلَّ.

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: ((أسماء ی کچی عمیس)) لە (شجرة) [کەشوێنێکە نزیك مەدینە] (محمدی کوڕی ابوبکری) بوو.. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دابە ابوبکر کە فەرمان بدا بە ئافرەتەکە، خۆی بشوات و ئیحرام ببەستێ.

(١٠) شوێنی ئیحرام بەستن

٦٤٤- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: وَقَّتَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَهْلِ الْمَدِينَةِ ذَا الْحُلَيْفَةِ، وَلِأَهْلِ الشَّامِ الْجُحْفَةَ، وَلِأَهْلِ نَجْدٍ: قَرْناً، وَلِأَهْلِ الْيَمَنِ: يَلَمْلَمَ، قَالَ: ((فَهُنَّ لَهُنَّ وَلِمَنْ أَتَى عَلَيْهِنَّ مِنْ غَيْرِ أَهْلِهِنَّ، مِمَّنْ أَرَادَ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ، فَمَنْ كَانَ دُونَهُنَّ فَمِنْ أَهْلِهِ، وَكَذَا فَكَذَلِكَ، حَتَّى أَهْلُ مَكَّةَ يُهِلُّونَ مِنْهَا)). [بخاري/ الحج/ ١٤٥٢]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خەڵکی مەدینە بۆ ئیحرام بەستن (ذوالحليفة)ی دیاری کرد، بۆ خەڵکی شام (الجحفه)، بۆ خەڵکی نجد (قرن)، بۆ خەڵکی یەمەن (يَلَمْلَم) و فەرموی: ((ئەوە بۆ خەڵکی ئەو ولاْتانەیە بۆ ئەو کەسانەش کەبەسەریاندا دێن، با خەڵکی ئەوێش نەبن، هەر کەس دەیەوێت حەج و عەمرە بکات ئەوانەی لەو شوێنانە نزیکترە ئەوە لە شوێنی خۆیەوە

ئیحرام دەبەستیٚ هەروا بەو شیٚوەیە دەبیٚت، هەتا خەڵکی مەککە خۆیان هەر لە مەککەوە ئیحرام دەبەستن)).

٦٤٥ـ عن أَبي الزُّبَيْرِ: أَنَّهُ سَمِعَ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) يُسْأَلُ عَنِ الْمُهَلِّ؟ فَقَالَ: سَمِعْتُ أَحْسَبُهُ رَفَعَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) -فَقَالَ: ((مُهَلُّ أَهْلِ الْمَدِينَةِ مِنْ ذِي الْحُلَيْفَةِ، وَالطَّرِيقُ الآخَرُ الْجُحْفَةُ، وَمُهَلُّ أَهْلِ الْعِرَاقِ مِنْ ذَاتِ عِرْقٍ، وَمُهَلُّ أَهْلِ نَجْدٍ مِنْ قَرْنٍ، وَمُهَلُّ أَهْلِ الْيَمَنِ مِنْ يَلَمْلَمَ)).

(ابن الزبیر) دەڵیٚ: گویٚم لە (جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) بوو دەربارەی شویٚنی ئیحرام بەستن پرسیاری لیٚ دەکرا ئەویش وتی: گویٚم لیٚ بوو-وابزانم گەیاندیشیە پیٚغەمبەر (ﷺ) کە فەرمویەتی: ((شویٚنی ئیحرام بەستنی خەڵکی مەدینە (ذو الحلیفة) بەڕیٚگەیەکی تریش (جحفە)یە شویٚنی ئیحرام بەستنی خەڵکی عیٚراق (ذات عرق)ە شویٚنی خەڵکی نەجد لە (قرن) دایە، شویٚنی خەڵکی یەمەنیش لە (یلملم) دایە.

(١١) بۆنی خۆش بۆ ئیحرام پۆش

٦٤٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: طَيَّبْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِي لِحُرْمِهِ حِينَ أَحْرَمَ، وَلِحِلِّهِ حِينَ حَلَّ، قَبْلَ أَنْ يَطُوفَ بِالْبَيْتِ. [بخاري/ الحج/ ١٤٦٥]

(عائشە) هاوسەری پیٚغەمبەر (ﷺ) .دەڵیٚ: بەدەستی خۆم بۆنی خۆشم دا لە پیٚغەمبەر (ﷺ) پیٚش ئیحرام بەستن، لەدوای ئەوەش کە ئیحرامی شکاند، پیٚش ئەوەی تەواف بکات بەدەوری بیت دا.

٦٤٧ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى وَبِيصِ الْمِسْكِ فِي مَفْرِقِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ مُحْرِمٌ. [بخاري/ الغسل/ ٢٦٨]

(عائشە) (ﷺ) دەڵیٚ: هەر دەتوت چاوم لە بریقەی میسکە لە ناوچەوانی پیٚغەمبەر (ﷺ)، لەئیحرامیشدا بوو.

(١٢) بۆنی میسك لەهەموو بۆنیٚ خۆشترە

٦٤٨ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) ذَكَرَ امْرَأَةً مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ حَشَتْ خَاتَمَهَا مِسْكًا، وَالْمِسْكُ أَطْيَبُ الطِّيبِ.

(ابو سعد الخدری) (ﷺ) دەڵیٚ: پیٚغەمبەر (ﷺ) باسی ئافرەتیٚکی لەنەوەی ئیسرائیل کرد مورخەوانەی ئەموستیلەکەی پڕ کردبوو لە میسك ((میسکیش چاکترین بۆنی خۆشە)).

(١٣) دارعود و کافور

٦٤٩ـ عَنْ نَافِعٍ قَالَ: كَانَ ابْنُ عُمَرَ (ﷺ) إِذَا اسْتَجْمَرَ اسْتَجْمَرَ بِالْأَلُوَّةِ غَيْرَ مُطَرَّاةٍ، وَبِكَافُورٍ يَطْرَحُهُ مَعَ الْأَلُوَّةِ، ثُمَّ قَالَ: هَكَذَا كَانَ يَسْتَجْمِرُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ).

(نافع) دەڵێ: (ابن عمر) (ﷺ) کاتێ خۆی بۆن خۆش دەکرد، خۆی بۆنخۆش دەکرد بە داری عود بێ تێکەڵی شتی تر، جاری واهەبوو کافوری تێکەڵی داری عود دەکرد پاشان دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) ئاوا خۆی بۆنخۆش دەکرد.

(١٤) ڕەیحانە

٦٥٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ عُرِضَ عَلَيْهِ رَيْحَانٌ فَلَا يَرُدُّهُ، فَإِنَّهُ خَفِيفُ الْمَحْمِلِ طَيِّبُ الرِّيحِ)).

(ابو هریره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەوەی ڕەیحانەی بەش درا با دەستی پێوە نەنێ، چونکە هەڵگرتنی ئاسانە و بۆنیشی خۆشە)).

(١٥) ئیحرام لە مزگەوتی (ذو الحلیفة)

٦٥١ـ عَنْ سَالِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ أَنَّهُ سَمِعَ أَبَاهُ (ﷺ) يَقُولُ: بَيْدَاؤُكُمْ هَذِهِ الَّتِي تَكْذِبُونَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِيهَا، مَا أَهَلَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَّا مِنْ عِنْدِ الْمَسْجِدِ. يَعْنِي ذَا الْحُلَيْفَةِ. [بخاري/ الحج/ ١٤٦٧]

(سالم ی کوڕی عبدالله) دەڵێ: گوێم لەباوکم بوو دەیوت: ئەو تەپۆلکەیە کە ئێوە وادەزانن پێغەمبەر (ﷺ) لێرەدا ئیحرامی بەستوە، نەخێر پێغەمبەر (ﷺ) ئیحرامی نەبەستوە لای مزگەوتەکەیدا نەبێ واتە (ذو الحلیفة).

(١٦) کاتی ئیحرام پۆشین

٦٥٢ـ عَنْ عُبَيْدِ بْنِ جُرَيْجٍ أَنَّهُ قَالَ لِعَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، رَأَيْتُكَ تَصْنَعُ أَرْبَعًا لَمْ أَرَ أَحَدًا مِنْ أَصْحَابِكَ يَصْنَعُهَا. قَالَ: مَا هُنَّ يَا ابْنَ جُرَيْجٍ؟ قَالَ: رَأَيْتُكَ لَا تَمَسُّ مِنَ الْأَرْكَانِ إِلَّا الْيَمَانِيَيْنِ، وَرَأَيْتُكَ تَلْبَسُ النِّعَالَ السِّبْتِيَّةَ، وَرَأَيْتُكَ تَصْبُغُ بِالصُّفْرَةِ، وَرَأَيْتُكَ إِذَا كُنْتَ بِمَكَّةَ أَهَلَّ النَّاسُ إِذَا رَأَوُا الْهِلَالَ، وَلَمْ تُهْلِلْ أَنْتَ حَتَّى يَكُونَ يَوْمُ التَّرْوِيَةِ. فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ: أَمَّا الْأَرْكَانُ: فَإِنِّي لَمْ أَرَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَمَسُّ إِلَّا الْيَمَانِيَيْنِ. وَأَمَّا النِّعَالُ السِّبْتِيَّةُ: فَإِنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَلْبَسُ النِّعَالَ الَّتِي لَيْسَ فِيهَا شَعَرٌ وَيَتَوَضَّأُ فِيهَا، فَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أَلْبَسَهَا. وَأَمَّا الصُّفْرَةُ: فَإِنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَصْبُغُ بِهَا، فَأَنَا أُحِبُّ أَنْ أَصْبُغَ بِهَا.

وَأَمَّا الْإِهْلَالُ: فَإِنِّي لَمْ أَرَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يُهِلُّ حَتَّى تَنْبَعِثَ بِهِ رَاحِلَتُهُ. [بخاري/ الوضوء/ ١٦٤]

(عبیدی کوڕی جریج) دەڵێ: کە بە (عبدالله ی کوڕی عمر)ی وت: ئەی (أبو عبدالرحمن) چوار شتم لێ بینیت، نەم دی هیچکام لە هاوڕێیانت بیکەن، وتی: ئەوانە چین ئەی (ابن جریج) وتی: بینیم کە دەستت نادەیت لە سوچەکانی [کعبە] جگە لەدوو سوچە یەمەنیەکە. هەروەها بینیم نەعلی بێ موت لە پێ دەکرد، بینیم بۆیەی زەردت دەکرد، بینیم کاتێ کەلە مەککە بویت خەڵك ئیحرامی دەپۆشی کاتێ مانگی نوێیان دەبینی، بەلاّم تۆ لەڕۆژی هەشتەمدا ئحرامت پۆشی... (عبدالله کوڕی عمر) وتی: دەربارەی سوچەکانی [کەعبە] من نەمبینی پێغەمبەر (ﷺ) دەست لە سوچەکانی بدات جگە لە دوسوچە یەمەنیەکە، دەربارەی نەعلە بێ موەکانیش، من بینیومە پێغەمبەر (ﷺ) نەعلێکی لە پێ دەکرد کە موی پێوە نەبوایە و دەست نوێژی بەوە دەگرت، بۆیە منیش حەزدەکەم لە پێی بکەم، بەنیسبەت بۆیەی زەردیشەوە من بینیومە پێغەمبەر (ﷺ) بۆیەی بەوە دەکرد، بۆیە پێم خۆشە بۆیە بەوە بکەم. دەربارەی ئیحرام پۆشینیش، من بینیم پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ ئیحرامی دەپۆشی کە وشترەکەی ئامادەی کەوتنە ڕێ دەبوو [واتە ڕۆژی هەشتەم].

(١٧) ئیحرام پۆشین لە مەککەوە

٦٥٣ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: أَقْبَلْنَا مُهِلِّينَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِحَجٍّ مُفْرَدٍ، وَأَقْبَلَتْ عَائِشَةُ (ﷺ) بِعُمْرَةٍ، حَتَّى إِذَا كُنَّا بِسَرِفَ عَرَكَتْ [عائشة] حَتَّى إِذَا قَدِمْنَا طُفْنَا بِالْكَعْبَةِ وَالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، فَأَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يَحِلَّ مِنَّا مَنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ هَدْيٌ، قَالَ: فَقُلْنَا: حِلُّ مَاذَا؟ قَالَ: ((الْحِلُّ كُلُّهُ)). فَوَاقَعْنَا النِّسَاءَ، وَتَطَيَّبْنَا بِالطِّيبِ، وَلَبِسْنَا ثِيَابَنَا، وَلَيْسَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ عَرَفَةَ إِلَّا أَرْبَعُ لَيَالٍ. ثُمَّ أَهْلَلْنَا يَوْمَ التَّرْوِيَةِ، ثُمَّ دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى عَائِشَةَ (ﷺ) فَوَجَدَهَا تَبْكِي، فَقَالَ: ((مَا شَأْنُكِ)). قَالَتْ: شَأْنِي أَنِّي قَدْ حِضْتُ وَقَدْ حَلَّ النَّاسُ وَلَمْ أَحْلِلْ، وَلَمْ أَطُفْ بِالْبَيْتِ، وَالنَّاسُ يَذْهَبُونَ إِلَى الْحَجِّ الْآنَ. فَقَالَ: ((إِنَّ هَذَا أَمْرٌ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَى بَنَاتِ آدَمَ، فَاغْتَسِلِي ثُمَّ أَهِلِّي بِالْحَجِّ)). فَفَعَلَتْ، وَوَقَفَتِ الْمَوَاقِفَ، حَتَّى إِذَا طَهَرَتْ طَافَتْ بِالْكَعْبَةِ وَالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، ثُمَّ قَالَ: ((قَدْ حَلَلْتِ مِنْ حَجِّكِ وَعُمْرَتِكِ جَمِيعًا)). فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَجِدُ فِي نَفْسِي أَنِّي لَمْ أَطُفْ بِالْبَيْتِ حَتَّى حَجَجْتُ.

قَالَ: ((فَاذْهَبْ بِهَا يَا عَبْدَ الرَّحْمَنِ فَأَعْمِرْهَا مِنَ التَّنْعِيمِ)). وَذَلِكَ لَيْلَةَ الحَصْبَةِ. [بخاري/ العمرة/ ١٦٩٣]

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) هاتین بە ئیحرامەوە بۆ حەجێکی تاك، عائشە بە نیەتی عەمرە هاتبوو هەتا گەیشتینە شوێنێك پێی دەوترا (سرف) عائشە کەوتە عادەوە، کاتێ گەیشتین تەوافی کەعبە و صەفاو مەروەمان کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێداین، ئەو کەسەی قوربانی پێ نییە با ئیحرام بشکێنێ... وتمان: ئیحرام شکاندن لەچی؟. فەرمووی: ((بۆ هەرشتێك)) ئێمەش چوینە لای هاوسەرەکانمان، خۆمان بۆنخۆش کرد و پۆشاکمان پۆشی تەنها چوار شەویشی مابوو بۆ عەرەفە، لە ڕۆژی (ترويه)دا کە (٨ ذوالحجة)یە ئیحراممان بەستەوە، پێغەمبەر (ﷺ) چو بۆلای عائشە بینی دەگری، فەرمووی: ((ئەوە چیتە)) وتی: کەوتمە حەیزەوە، خەڵك ئیحرامی شکاند من نەمشکاند، تەوافی بەیتیشم نەکردوە، وا ئێستە خەڵك بۆ حەج دەچن، فەرمووی: ((ئەمە حاڵەتێکە خوا نوسیویەتی لەسەر کچەکانی ئادەم، خۆت بشۆ و نیەتی حەج بهێنە)) عائشە بەقسەی کرد و ئەرکەکانی بەجێ هێنا، کاتێ پاك بۆوە تەوافی کەعبەو صەفاو مەرواشی کرد، ئینجا پێی فەرموو: ((ئیتر تۆ لە حەج و عومرەش هەردوکیان بویتەوە)). عائشە وتی: من ئەوە لەدڵمدا دروست بووە کە تەوافی کەعبەم نەکردوە بۆ حەج نەبێ، بۆیە فەرمووی: ئەی (عبدالرحمن)، عائشە ببە لە (تنعيم) عومرەی پێ بکە: ئەویش لەشەوی مانەوەی (حصبه)دا کە شوێنێکە لەدەرەوەی مەککە [لەگەڵمدا هات].

(١٨) لبيك اللهم لبيك

٦٥٤ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا اسْتَوَتْ بِهِ رَاحِلَتُهُ قَائِمَةً عِنْدَ مَسْجِدِ ذِي الْحُلَيْفَةِ أَهَلَّ، فَقَالَ: ((لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ، لَا شَرِيكَ لَكَ)). قَالُوا: وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ [بْنُ عُمَرَ] (ﷺ) يَقُولُ: [هَذِهِ] تَلْبِيَةُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ نَافِعٌ: كَانَ عَبْدُ اللَّهِ (ﷺ) يَزِيدُ مَعَ هَذَا: لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ، وَالْخَيْرُ بِيَدَيْكَ، لَبَّيْكَ وَالرَّغْبَاءُ إِلَيْكَ وَالْعَمَلُ. [بخاري/ الحج/ ١٤٧٤]

(عبدالله ی کوڕی عومەر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ بەسواریی کەوتەڕێ لەلای مزگەوتی (ذو الحليفة) بەئیحرامەوە نیەتی هێناو فەرمووی:

[لبيك اللهم لبيك، لبيك لاشريك لك لبيك ان الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك] جا وتيان ئەمە شێوەی (لبيك) كردنی پێغەمبەر بووە (ﷺ). (نافع) دەڵێ: عبدالله لەگەڵ ئەوەدا ئەمەشی دەوت: لبيك لبيك، لبيك وسعديك، والخير بيديك، لبيك والرغباء اليك والعمل.

(١٩) گرێدانی حەج و عمرە پێكەوە (القران)

٦٥٥- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أهلَّ بهما جميعاً: ((لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا، لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا)). [بخاري/ المغازي/ ٤٠٩٦]

(انس) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو نیەتی هێنا بۆ عومرە و حەج پێكەوە و فەرموی: ((لبيك عُمْرَة وحجا، لبيك عمرة وحجا)).

٦٥٦- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَيُهِلَّنَّ ابْنُ مَرْيَمَ بِفَجِّ الرَّوْحَاءِ، حَاجًّا أَوْ مُعْتَمِرًا، أَوْ لَيَثْنِيَنَّهُمَا)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((سوێندم بەو زاتەی كە گیانی منی بەدەستە كوڕەكەی مەریەم (واتە عیسی پێغەمبەر علیه الصلاه والسلام) لەڕێگەی روحاء ئیحرام دەبەستێ بەحەج یان عومرە یان هەردوكیان پێكەوە دەكات)).

(٢٠) حەج بەتەنها

٦٥٧- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: أَهْلَلْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالْحَجِّ مُفْرَدًا. وَفِي رِوَايَةٍ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَهَلَّ بِالْحَجِّ مُفْرَدًا. [بخاري/ المغازي/ ٤٠٩٦]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئیحرامـمان بەستوە بەحەج ی تەنها، لە ڕیوایەتێكی تردا هاتوە كە پێغەمبەر (ﷺ) ئیحرامی تەنها بۆ حەج بەستوە.

٦٥٨- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَفْرَدَ الْحَجَّ.

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) حەجی تەنهای ئەنجام داوە.

(٢١) حەج و عەمرە پێكەوە

٦٥٩- عَنْ بَكْرِ بن عبدالله، عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يُلَبِّي بِالْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ جَمِيعًا. قَالَ بَكْرٌ: فَحَدَّثْتُ بِذَلِكَ ابْنَ عُمَرَ، فَقَالَ: لَبَّى بِالْحَجِّ وَحْدَهُ. فَلَقِيتُ أَنَسًا فَحَدَّثْتُهُ بِقَوْلِ ابْنِ عُمَرَ، فَقَالَ أَنَسٌ: مَا تَعُدُّونَنَا إِلَّا صِبْيَانًا، سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَبَّيْكَ عُمْرَةً وَحَجًّا)).

(بکری کوڕی عبدالله) لە (انس)ەوە، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە (لبیك)ی فەرموو بۆ حەج و عومرە پێکەوە جا (بکر) دەڵێ من ئەمەم باس کرد لای (عبدالله ی کوڕی عمر)، کەچی ئەو وتی هەر بۆ حەجی تەنها بوو، ئەوسا بە (انس) گەیشتمەوەو قسەکەی (عبدالله ی کوڕی عمر)م بۆ گێڕایەوە، بەڵام (انس) وتی: وا دەزانن ئێمە منداڵین، من خۆم گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو (لبیك عمرة و حجاً)

(٢٢) گۆڕینی حەج بۆ عمرە

٦٦٠- عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رضي الله عنه) قَالَ: تَمَتَّعْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَلَمْ يَنْزِلْ فِيهِ الْقُرْآنُ، قَالَ رَجُلٌ بِرَأْيِهِ مَا شَاءَ. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٤٦]

(عمران کوڕی حصین) (رضي الله عنه) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوین نیەتی حەجمان گۆڕی بە عەمرەو [ئیحرامان شکاند] لەو بارەوە قورئان نازڵ نەبوو، ئیتر هەرکەس بەڕای خۆی چی دەڵێ با بڵێ.

٦٦١- عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رضي الله عنه) قَالَ: تَمَتَّعَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) وَتَمَتَّعْنَا مَعَهُ.

(عمران کوڕی حصین) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ئیحرامی حەجی شکان و کردی بە عەمرە، ئێمەش وامان کرد لە خزمەتیدا.

٦٦٢- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رضي الله عنه) قَالَ: قَدِمْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ نَقُولُ: لَبَّيْكَ بِالْحَجِّ فَأَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ نَجْعَلَهَا عُمْرَةً. [بخاري/ الحج/ ١٤٩٣]

(جابری کوڕی عبدالله) (رضي الله عنه) دەڵێ لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) هاتین و دەمانوت: (لبیك بالحج) کەچی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێداین کە بیکەین بە عەمرە.

(٢٣) ئەوەی ئیحرام بەحەج ببەستێ و قوربانی پێ بێت.

٦٦٣- عن مُوسَى بْنُ نَافِعٍ قَالَ: قَدِمْتُ مَكَّةَ مُتَمَتِّعًا بِعُمْرَةٍ قَبْلَ التَّرْوِيَةِ بِأَرْبَعَةِ أَيَّامٍ، فَقَالَ النَّاسُ: تَصِيرُ حَجَّتُكَ الْآنَ مَكِّيَّةً، فَدَخَلْتُ عَلَى عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ فَاسْتَفْتَيْتُهُ، فَقَالَ عَطَاءٌ: حَدَّثَنِي جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيُّ (رضي الله عنه): أَنَّهُ حَجَّ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَامَ سَاقَ الْهَدْيَ مَعَهُ، وَقَدْ أَهَلُّوا بِالْحَجِّ مُفْرَدًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَحِلُّوا مِنْ إِحْرَامِكُمْ، فَطُوفُوا بِالْبَيْتِ وَبَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ وَقَصِّرُوا، وَأَقِيمُوا حَلَالًا، حَتَّى إِذَا كَانَ يَوْمُ التَّرْوِيَةِ فَأَهِلُّوا بِالْحَجِّ، وَاجْعَلُوا الَّتِي قَدِمْتُمْ بِهَا مُتْعَةً)). قَالُوا: كَيْفَ نَجْعَلُهَا مُتْعَةً وَقَدْ سَمَّيْنَا الْحَجَّ؟ قَالَ: ((افْعَلُوا مَا آمُرُكُمْ بِهِ،

فَإِنِّي لَوْلَا أَنِّي سُقْتُ الْهَدْيَ لَفَعَلْتُ مِثْلَ الَّذِي أَمَرْتُكُمْ بِهِ، وَلَكِنْ لَا يَحِلُّ مِنِّي حَرَامٌ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ)). فَفَعَلُوا. [بخاري/ الحج/ ١٤٩٣]

(موسی کوڕی نافع) دەڵێ چووم بۆ مەکە نیەتی عەمرەم هێنابوو چوار ڕۆژ پێش (ترويه) خەڵکی وتیان حەجەکەت حەجێکی مەکیت کردووە، چووم بۆلای (عطاء ی کوڕی رباح). پرسیارم لێکرد، عطاء وتی: (جابری کوڕی عبداللەی انصاری) بۆی گێڕامەوە، کە لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) حەجی کردووە ئەو ساڵەی کە قوربانیەکەی بە دیاری هێناوە ئیحرامیشیان تەنها بۆ حەج بەستبو.. پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((ئیحرامەکانتان بشکێنن دوای ئەوەی تەوافی کەعبەو صەفا و مەروە دەکەن و موی سەرتان کورت بکەنەوە ئیحرام داکەنن تاڕۆژی (ترويه) ئەو کاتە ئیحرام ببەسنەوە بۆ حەج، ئەوەی بۆی هاتبوون [کەحەجە] بیگۆڕن [بەعەمرە])) وتیان: چۆن ئیحرام بشکێنین، خۆ ئێمە ناوی حەجمان بردووە؟ فەرمووی: ((ئەوەی من فەرمانتان پێدەکەم، بیکەن منیش ئەگەر قوربانیم نەهێنایە ئەوەم دەکرد کە فەرمانم پێداون، بەلام حەرام بۆ من حەلال نابێ تا ئەم قوربانیە نەگاتە کات و شوێنی خۆی)) ئەوانیش بە قسەیان کرد.

(٢٤) سڕینەوەی ئیحرام شکاندنی حەج

٦٦٤- عَنْ أَبِي مُوسَى (ﷺ) قَالَ: قَدِمْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ [مُنِيخٌ] بِالْبَطْحَاءِ فَقَالَ: ((بِمَ أَهْلَلْتَ)). قَالَ: قُلْتُ: أَهْلَلْتُ بِإِهْلَالِ النَّبِيِّ (ﷺ). قَالَ: ((هَلْ سُقْتَ مِنْ هَدْيٍ)). قُلْتُ: لَا. قَالَ: ((فَطُفْ بِالْبَيْتِ وَبِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، ثُمَّ حِلَّ)). فَطُفْتُ بِالْبَيْتِ وَبِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، ثُمَّ أَتَيْتُ امْرَأَةً مِنْ قَوْمِي فَمَشَطَتْنِي وَغَسَلَتْ رَأْسِي، فَكُنْتُ أُفْتِي النَّاسَ بِذَلِكَ فِي إِمَارَةِ أَبِي بَكْرٍ وَإِمَارَةِ عُمَرَ (ﷺ)، فَإِنِّي لَقَائِمٌ بِالْمَوْسِمِ إِذْ جَاءَنِي رَجُلٌ فَقَالَ: إِنَّكَ لَا تَدْرِي مَا أَحْدَثَ أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ فِي شَأْنِ النُّسُكِ، فَقُلْتُ: أَيُّهَا النَّاسُ مَنْ كُنَّا أَفْتَيْنَاهُ بِشَيْءٍ فَلْيَتَّئِدْ، فَهَذَا أَمِيرُ الْمُؤْمِنِينَ قَادِمٌ عَلَيْكُمْ، فَبِهِ فَأْتَمُّوا. فَلَمَّا قَدِمَ قُلْتُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ مَا هَذَا الَّذِي أَحْدَثْتَ فِي شَأْنِ النُّسُكِ؟ قَالَ: إِنْ نَأْخُذْ بِكِتَابِ اللَّهِ، فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ قَالَ: ﴿وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ﴾ [البقرة: ١٩٦]. وَإِنْ نَأْخُذْ بِسُنَّةِ نَبِيِّنَا عَلَيْهِ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام فَإِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَمْ يَحِلَّ حَتَّى نَحَرَ الْهَدْيَ. [بخاري/ الحج/ ١٦٣٧]

(ابو موسی) (ﷺ) دەڵێ: چوومە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە کاتێکدا کە لە (بطحاء) باری خستبوو فەرمووی: ((بەچی ئیحرامت بەستووە)) منیش وتم: پێغەمبەر (ﷺ) بەچی ئیحرامی بەستووە منیش بەوە، فەرمووی: ((ئایا قوربانیت هێناوە)) وتم: نەخێر.. فەرمووی: ((دەبچۆ تەوافی بەیت و صەفاو مەروە بکە پاشان ئیحرام بشکێنە)) منیش چووم و تەوافی صەفاو مەروەم کرد، پاشان چوومە لای ئافرەتێکی [مەحرەم]ی خزمم سەری بۆ شۆردم و بۆشی داهێنام ... بۆیە من فەتوام دەدا بۆ خەڵکی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (ابوبکر و عمر) دا (ﷺ).. جارۆژێك لەحەج بوم پیاوێك هات بۆ لام و وتی: تۆ نازانی کە ئەمیری ئیمانداران [عمر (ﷺ)] لە بارەی ئەرکەکانی حەجەوە چی داهێناوە، منیش وتم: خەڵکینە، ئەوەی پێشتر فەتوامان بۆ دابوو، با ڕایبگرێ، ئەوەتە ئەمیری ئیمانداران دێت بۆ لاتان و بیکەنە پێشەواتان و [فەتوای ئەو وەرگرن]. کاتێ کەهات پێموت: ئەی ئەمیری ئیمانداران، ئەو شتانە چییە کە لەبارەی ئەرکەکانی حەجەوە بڕیارت لەسەرداوە؟ ئەویش وتی ئەگەر بەقسەی قورئان بکەن ئەوەتە دەفەرموێت: ﴿واتموا الحج والعمره لله﴾ البقره/١٩٦، ئەگەر لەسەر سونەتی پێغەمبەریشمان محمد (ﷺ) بڕۆین، پێغەمبەر (ﷺ) ئیحرامی نەشکان هەتا قوربانیەکەی سەربڕی.

٦٦٥ـ عَنْ أَبِي ذَرٍّ (ﷺ) قَالَ: كَانَتِ الْمُتْعَةُ فِي الْحَجِّ لِأَصْحَابِ مُحَمَّدٍ (ﷺ) خَاصَّةً.

(ابو ذر) (ﷺ) دەڵێ: ئیحرام شکاندنی حەج و گۆڕینی بۆ عەمرە، تایبەت بووە بە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە (ﷺ).

(٢٥) گرێدانی حەج و عومرە پێکەوە و سەربڕینی دیاری لەنێوانیاندا

٦٦٦ـ عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) خَرَجَ فِي الْفِتْنَةِ مُعْتَمِرًا، وَقَالَ: إِنْ صُدِدْتُ عَنِ الْبَيْتِ صَنَعْنَا كَمَا صَنَعْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَخَرَجَ فَأَهَلَّ بِعُمْرَةٍ، وَسَارَ حَتَّى إِذَا ظَهَرَ عَلَى الْبَيْدَاءِ الْتَفَتَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ: مَا أَمْرُهُمَا إِلَّا وَاحِدٌ، أُشْهِدُكُمْ أَنِّي قَدْ أَوْجَبْتُ الْحَجَّ مَعَ الْعُمْرَةِ. فَخَرَجَ حَتَّى إِذَا جَاءَ الْبَيْتَ طَافَ بِهِ سَبْعًا وَبَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ سَبْعًا، لَمْ يَزِدْ عَلَيْهِ، وَرَأَى أَنَّهُ مُجْزِئٌ عَنْهُ، وَأَهْدَى.
[بخاري/ الحج/ ١٥٥٨]

نافع دەڵێ: (عبدالله ی کوڕی عمر) ﷺ لەسەردەمی ئاشوبەکەدا [ئەو ساڵەی حەجاج هات بۆ شەڕ کردن دژی عبدالله ی کوڕی زبیر] چوو بۆ عەمرە و وتی: ئەگەر ڕێگەم لەچوون بۆ ماڵی خوا لێگیرا. ئەوە دەکەم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردی، ئەوە بوو کە دەرچوو ئیحرامی بە عەمرە بەست و ڕۆیشت هەتا سەرکەوتنە سەر (بیداء)، ئەوسا ئاوڕی دایەوە لە هاوەڵانی و فەرمووی: ((هەردوو ئەرکەکە یەکێکە، بەشایەت بن کە من بڕیارم داوە حەج و عەمرە پێکەوە بکەم)). ئینجا (عبدالله) ڕۆیشت هەتا گەیشتە (بیت) حەوت جار تەوافی بەدەوردا کرد هەروەها حەوت جاریش لە نێوان صەفاو مەروادا، لەوە زیاتری نەکرد. بڕواشی وابوو کە بۆی دروستە و قوربانیەکەشی کرد [مەبەست ئەوەیە کەیەك جار طەوافی (بیت) و صەفا و مەروەی کردووە بۆ حەج و عەمرە].

(٢٦) قوربانی

٦٦٧ـ عَنْ سَالِمِ ابْنِ عَبْدِ اللَّهِ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: تَمَتَّعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ وَأَهْدَى، فَسَاقَ مَعَهُ الْهَدْيَ مِنْ ذِي الْحُلَيْفَةِ، وَبَدَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَأَهَلَّ بِالْعُمْرَةِ، ثُمَّ أَهَلَّ بِالْحَجِّ، وَتَمَتَّعَ النَّاسُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ، فَكَانَ مِنَ النَّاسِ مَنْ أَهْدَى فَسَاقَ الْهَدْيَ، وَمِنْهُمْ مَنْ لَمْ يُهْدِ، فَلَمَّا قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَكَّةَ قَالَ لِلنَّاسِ: ((مَنْ كَانَ مِنْكُمْ أَهْدَى فَإِنَّهُ لَا يَحِلُّ مِنْ شَيْءٍ حَرُمَ مِنْهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَجَّهُ، وَمَنْ لَمْ يَكُنْ مِنْكُمْ أَهْدَى فَلْيَطُفْ بِالْبَيْتِ وَبِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، وَلْيُقَصِّرْ وَلْيَحْلِلْ، ثُمَّ لِيُهِلَّ بِالْحَجِّ، وَلْيُهْدِ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ هَدْيًا فَلْيَصُمْ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ، وَسَبْعَةً إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ)). وَطَافَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ قَدِمَ مَكَّةَ فَاسْتَلَمَ الرُّكْنَ أَوَّلَ شَيْءٍ، ثُمَّ خَبَّ ثَلَاثَةَ أَطْوَافٍ مِنَ السَّبْعِ، وَمَشَى أَرْبَعَةَ أَطْوَافٍ، ثُمَّ رَكَعَ حِينَ قَضَى طَوَافَهُ بِالْبَيْتِ عِنْدَ الْمَقَامِ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ سَلَّمَ فَانْصَرَفَ فَأَتَى الصَّفَا فَطَافَ بِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ سَبْعَةَ أَطْوَافٍ، ثُمَّ لَمْ يَحْلِلْ مِنْ شَيْءٍ حَرُمَ مِنْهُ حَتَّى قَضَى حَجَّهُ، وَنَحَرَ هَدْيَهُ يَوْمَ النَّحْرِ، وَأَفَاضَ فَطَافَ بِالْبَيْتِ، ثُمَّ حَلَّ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ حَرُمَ مِنْهُ، وَفَعَلَ مِثْلَ مَا فَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَنْ أَهْدَى وَسَاقَ الْهَدْيَ مِنَ النَّاسِ. [بخاري/ الحج/ ١٦٠٦]

(سالم کوڕی عبدالله) دەڵێ: (عبدالله ی کوڕی عمر) وتویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) لە حەجی ماڵئاوایی‌دا لە پێشدا بۆ عەمرە ئیحرامی بەست و دوایی ئیحرامی بەست بۆ حەج ، مەڕێکی کردە فیدیە لە (ذوالحلیفة)ەوە ئەو

حەیوانەی لەگەڵ خۆی هێنابوو سەرەتا پێغەمبەر (ﷺ) بەعەمرە دەستی پێ کرد پاشان خەڵکیش لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) ئیحرامیان شکاند لە نێوان عەمرە بۆ حەج، جا هەبوو لەو خەڵکە فیدیەی هێنابوو، هەیش بوو نەیهێنابوو کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گەیشتە مەککە بە خەڵکەکەی فەرموو: ((ئەوەتان کە فیدیەی هێناوە ئەوە هیچ شتێك لەو شتانەی کە لێی حەرام کراوە بۆی حەڵاڵ نابێت هەتا حەجەکەی دەکات.. ئەوەش کە فیدیەی پێ نییە بابچێ تەوافی (بیت) و صەفا و مەروە بکات و موی سەری کورت بکاتەوە و ئیحرام بشکێنێ، پاشان ئیحرام ببەستێتەوە بۆحەج و لەوەو دوا فیدیەی بدات، ئەوەش توانای فیدیەی نییە با سێ ڕۆژ لەحەجدا بەڕۆژوبێت حەوتیش کە گەڕایەوە ناو کەس و کاری)). جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتێ گەیشتە مەککە یەکجار دەستیدا لە سوچەکە (واتە حجر الاسود) پاشان سێ سووڕ لە حەوتەکەی بەهەروەلە کرد چواریشیان بەڕۆیشتن بوو، دوای تەوافیش لای مەقامدا دوڕکات نوێژی کرد و سەلامی دایەوە و ڕۆیشت بۆ صەفاو حەوت جار لە نێوان صەفاو مەڕوەدا گەڕا ..دوای ئەوە ئیحرامی نەشکان لەو شتانەی لێی حەرام کرابوو هەتا حەجەکەی تەواوکرد و قوربانیەکەی لە ڕۆژی جەژندا سەربڕی، ئینجا لە مینا هاتە خوارەوە و تەوافی (بیت)ی کرد و ئەوسا ئیحرامی شکاند لەهەموو ئەو شتانەی لێی حەرام بوو، هەرکەسیش قوربانی هێنابوو هەرەکو پێغەمبەری خوای کرد (ﷺ).

(٢٧) تێهەڵکێش کردنی حەج بەدوای عەمرەدا

٦٦٨ـ عَنْ عَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَامَ حَجَّةِ الْوَدَاعِ، فَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِعُمْرَةٍ وَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِحَجٍّ، حَتَّى قَدِمْنَا مَكَّةَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَحْرَمَ بِعُمْرَةٍ وَلَمْ يُهْدِ فَلْيَحْلِلْ، وَمَنْ أَحْرَمَ بِعُمْرَةٍ وَأَهْدَى فَلَا يَحِلُّ حَتَّى يَنْحَرَ هَدْيَهُ، وَمَنْ أَهَلَّ بِحَجٍّ فَلْيُتِمَّ حَجَّهُ)). قَالَتْ عَائِشَةُ (ﷺ): فَحِضْتُ، فَلَمْ أَزَلْ حَائِضًا حَتَّى كَانَ يَوْمُ عَرَفَةَ، وَلَمْ أُهْلِلْ إِلَّا بِعُمْرَةٍ، فَأَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ أَنْقُضَ رَأْسِي، وَأَمْتَشِطَ، وَأُهِلَّ بِحَجٍّ، وَأَتْرُكَ الْعُمْرَةَ. قَالَتْ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ، حَتَّى إِذَا قَضَيْتُ حَجَّتِي بَعَثَ مَعِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ أَبِي بَكْرٍ، وَأَمَرَنِي أَنْ أَعْتَمِرَ مِنَ التَّنْعِيمِ مَكَانَ عُمْرَتِي الَّتِي أَدْرَكَنِي الْحَجُّ وَلَمْ أَحْلِلْ مِنْهَا. [بخاري/ الحيض/ ٣١٣]

عائشه دەڵێ: له خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) له ساڵی حەجیماڵئاواییدا دەرچووین، هەمان بوو ئیحرامی بە عەمرە بەستبوو، هەمان بوو بەحەج هەتا گەیشتینە مەککە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوەی ئیحرامی بۆ عەمرە بەستوە و قوربانی نەهێناوە با ئیحرامەکەی بشکێنێ، ئەوەش ئیحرامی بۆ حەج بەستوە باحەجەکەی تەواو بکات)) عائشە دەڵێ من کەوتمە بێ نوێژیەوە و بەو حاڵەوە مامەوە هەتا ڕۆژی عەرەفە نیەتی تەنها عەمرەشم هێنابوو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدام کە پەلکەکانم بکەمەوە و قژم دابهێنم، پاشان نیەتی حەج بێنم و واز له عەمرە بێنم .. منیش ئەوەم کرد، کاتێ کە حەجەکەم تەواوکرد پێغەمبەر (ﷺ) عبدالرحمن ی کوڕی ابوبکری [برامی] لەگەڵ ناردم و فەرمانی پێدام کە عەمرە بکەم لە (تنغیم)ەوە [ئێستا پێی دەوترێت مزگەوتی عائشە] لەو شوێنەوە کە نیەتی حەجم هێنا و عەمرەکەشم تەواو نەکردبوو.

(٢٨) مەرج دانان بۆ حەج و عەمرە

٦٦٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ ضُبَاعَةَ بِنْتَ الزُّبَيْرِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ أَتَتْ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) فَقَالَتْ: إِنِّي امْرَأَةٌ ثَقِيلَةٌ، وَإِنِّي أُرِيدُ الْحَجَّ، فَمَا تَأْمُرُنِي؟ قَالَ: ((أَهِلِّي بِالْحَجِّ وَاشْتَرِطِي أَنَّ مَحِلِّي حَيْثُ تَحْبِسُنِي)). قَالَ: فَأَدْرَكَتْ.

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: (ضباعە ی کچی زبیر) هات بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من ئافرەتێکی ناساغم، دەشمەوێ حەج بکەم، فەرمانت بە چییە؟ ئەویش فەرمووی: ((ئیحرام بە حەج ببەستە، بەمەرجی بگرە شوێنی ئیحرامەکەم ئەو شوێنەیە کە پەکم دەکەوێ)) ڕاوی دەڵێ: حەجەکەی بۆ کرا.

(٢٩) بۆنی خۆش بە پۆشاکی ئیحرامەوە

٦٧٠ـ عن يَعْلَى بْنِ أُمَيَّةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ بِالْجِعْرَانَةِ عَلَيْهِ جُبَّةٌ وَعَلَيْهَا خَلُوقٌ، أَوْ قَالَ: أَثَرُ صُفْرَةٍ، فَقَالَ: كَيْفَ تَأْمُرُنِي أَنْ أَصْنَعَ فِي عُمْرَتِي؟ قَالَ: وَأُنْزِلَ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) الْوَحْيُ، فَسُتِرَ بِثَوْبٍ، وَكَانَ يَعْلَى يَقُولُ: وَدِدْتُ أَنِّي أَرَى النَّبِيَّ (ﷺ) وَقَدْ نَزَلَ عَلَيْهِ الْوَحْيُ، قَالَ: فَقَالَ: أَيَسُرُّكَ أَنْ تَنْظُرَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَقَدْ أُنْزِلَ عَلَيْهِ الْوَحْيُ؟ قَالَ: فَرَفَعَ عُمَرُ طَرَفَ الثَّوْبِ فَنَظَرْتُ إِلَيْهِ لَهُ غَطِيطٌ، قَالَ: وَأَحْسَبُهُ قَالَ: كَغَطِيطِ الْبَكْرِ. قَالَ: فَلَمَّا سُرِّيَ عَنْهُ قَالَ: ((أَيْنَ السَّائِلُ عَنِ الْعُمْرَةِ؟ اغْسِلْ عَنْكَ أَثَرَ الصُّفْرَةِ -أَوْ قَالَ: أَثَرَ الْخَلُوقِ- وَاخْلَعْ عَنْكَ جُبَّتَكَ، وَاصْنَعْ فِي عُمْرَتِكَ مَا أَنْتَ صَانِعٌ فِي حَجِّكَ)). [بخاري/ الحج/ ١٤٦٣]

(یعلی کوڕی منیه) (ﷺ) دەڵێت پیاوێك هات بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (جعرانه)و جبەیەکی بۆنخۆشی لەبەردا بوو یاخود زەردی زەعفەرانی پێوە بوو، وتی: چ فەرمانێکم پێ دەکەی لەعەمرەکەم دا بیکەم؟ جا لەوکاتەدا وەحی دابەزی بۆ سەر پێغەمبەر (ﷺ) بەپۆشاکێك داپۆشرا (یعلی) دەڵێ: پێم خۆش بوو پێغەمبەر (ﷺ) ببینم کاتێ وەحی بۆ دادەبەزێ.. کابرا وتی: حەزدەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ببینی کاتێ وەحی بۆ دادەبەزێ؟ لەو کاتەدا عمر لایەکی ئەو پۆشاکەی بەرزکردەوە، سەیرم کرد پێغەمبەر (ﷺ) پرخەی دێت... کاتێ هاتەوە سەرخۆی فەرموی: ((کوا ئەو کەسەی دەربارەی عەمرە پرسیاری هەبوو؟ شوێنەواری ئەو زەردیە یان ئەو بۆنە بشۆ جبەکەشت دابکەنە، چیت کردووە لە حەجەکەتدا لە عەمرەکەیشتا بیکە)).

(٣٠) ئیحرام پۆش چی لەبەردەکات

٦٧١ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): مَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ مِنَ الثِّيَابِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَلْبَسُوا الْقُمُصَ، وَلَا الْعَمَائِمَ، وَلَا السَّرَاوِيلَاتِ، وَلَا الْبَرَانِسَ وَلَا الْخِفَافَ، إِلَّا أَحَدٌ لَا يَجِدُ النَّعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسِ الْخُفَّيْنِ، وَلْيَقْطَعْهُمَا أَسْفَلَ مِنَ الْكَعْبَيْنِ، وَلَا تَلْبَسُوا مِنَ الثِّيَابِ شَيْئًا مَسَّهُ الزَّعْفَرَانُ وَلَا الْوَرْسُ)). [بخاري/ الحج/ ١٤٦٨]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی پۆشاکی ئیحرام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کراس لەبەرمەکەن، مێزەر لەسەر مەکەن، شەرواڵ لەپێ مەکەن، کڵاو لەسەر مەکەن، مەگەر کەسێك نەعلی دەست نەکەوێت باکاڵە و پێتاوەکانی لە پێ بکات، بەڵام پاژنەکانی تاخوار قولە پێکانی ببڕێت، جلێك لەبەر مەکەن کە زەعفەران و وەرس [دوو گیای بۆنخۆشن]ی بەرکەوتبێ.

٦٧٢ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ يَخْطُبُ يَقُولُ: ((السَّرَاوِيلُ لِمَنْ لَمْ يَجِدِ الْإِزَارَ، وَالْخُفَّانِ لِمَنْ لَمْ يَجِدِ النَّعْلَيْنِ)). يَعْنِي الْمُحْرِمَ. [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٤٤]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) وتاری دەدا و دەیفەرموو ((شەرواڵ بۆ کەسێکە پەشتەماڵی دەست نەکەوێت، کاڵەو پێتاویش بۆ کەسێکە نەعلی دەست نەکەوێت)).

(٣١) نێچیر بۆ ئیحرامپۆش

٦٧٣ـ عَنِ الصَّعْبِ بْنِ جَثَّامَةَ اللَّيْثِيِّ (ﷺ): أَنَّهُ أَهْدَى لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حِمَارًا وَحْشِيًّا، وَهُوَ بِالْأَبْوَاءِ أَوْ بِوَدَّانَ، فَرَدَّهُ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ: فَلَمَّا أَنْ رَأَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَا فِي وَجْهِي قَالَ: ((إِنَّا لَمْ نَرُدَّهُ عَلَيْكَ إِلَّا أَنَّا حُرُمٌ)). [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٢٩]

(صعب كوڕی جثامة) (ﷺ) دەڵێ: گوێدرێژێكی كێوی بەدیاری پێشكەش كرا بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە كاتێكدا لە (ابواء، یان لە ودان) بوو كەچی وەری نەگرت، بەڵام كاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕوخسارمدا هەستی كرد پێم ناخۆشە فەرموی: ((ئێمە بۆیە وەری ناگرین، چونكە لە ئیحرامداین)).

٦٧٤ـ عَنْ طَاوُسٍ –عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ)– قَالَ: قَدِمَ زَيْدُ بْنُ أَرْقَمَ، فَقَالَ لَهُ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ) يَسْتَذْكِرُهُ: كَيْفَ أَخْبَرْتَنِي عَنْ لَحْمِ صَيْدٍ أُهْدِيَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ حَرَامٌ؟ قَالَ: قَالَ: أُهْدِيَ لَهُ عُضْوٌ مِنْ لَحْمِ صَيْدٍ، فَرَدَّهُ فَقَالَ: ((إِنَّا لَا نَأْكُلُهُ، إِنَّا حُرُمٌ)).

طاوس لە (ابن عباس)ەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (زەیدی كوڕی ارقم) هات و (عبدالله ی كوڕی عباس) بیری خستەوە پێی وت: ئەوە چۆن باسی ئەو پارچە گۆشتی ڕاوەت كرد، كە بەدیاری هێنرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەویش لە ئیحرامدا بوو؟ وتی: پارچە گۆشتێك بوو لە نێچیرێك وەری نەگرت و فەرمووی: ((ئێمە نایخۆین، ئێمە لە ئیحرامداین)).

(٣٢) گۆشتی نێچیر بۆ ئیحرامپۆش

٦٧٥ـ عن أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَاجًّا وَخَرَجْنَا مَعَهُ، قَالَ: فَصَرَفَ مِنْ أَصْحَابِهِ فِيهِمْ أَبُو قَتَادَةَ، فَقَالَ: ((خُذُوا سَاحِلَ الْبَحْرِ حَتَّى تَلْقَوْنِي)). قَالَ فَأَخَذُوا سَاحِلَ الْبَحْرِ، فَلَمَّا انْصَرَفُوا قِبَلَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَحْرَمُوا كُلُّهُمْ إِلَّا أَبَا قَتَادَةَ فَإِنَّهُ لَمْ يُحْرِمْ، فَبَيْنَمَا هُمْ يَسِيرُونَ إِذْ رَأَوْا حُمُرَ وَحْشٍ، فَحَمَلَ عَلَيْهَا أَبُو قَتَادَةَ فَعَقَرَ مِنْهَا أَتَانًا، فَنَزَلُوا فَأَكَلُوا مِنْ لَحْمِهَا، قَالَ: فَقَالُوا: أَكَلْنَا لَحْمًا وَنَحْنُ مُحْرِمُونَ؟ قَالَ: فَحَمَلُوا مَا بَقِيَ مِنْ لَحْمِ الْأَتَانِ، فَلَمَّا أَتَوْا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا كُنَّا أَحْرَمْنَا، وَكَانَ أَبُو قَتَادَةَ لَمْ يُحْرِمْ، فَرَأَيْنَا حُمُرَ وَحْشٍ، فَحَمَلَ عَلَيْهَا أَبُو قَتَادَةَ فَعَقَرَ مِنْهَا أَتَانًا، فَنَزَلْنَا فَأَكَلْنَا مِنْ لَحْمِهَا، فَقُلْنَا: نَأْكُلُ لَحْمَ صَيْدٍ وَنَحْنُ مُحْرِمُونَ؟ فَحَمَلْنَا مَا بَقِيَ مِنْ لَحْمِهَا، فَقَالَ: ((هَلْ مِنْكُمْ أَحَدٌ

أَمَرَهُ أَوْ أَشَارَ إِلَيْهِ بِشَيْءٍ)). [قَالَ]: قَالُوا: لَا. قَالَ: ((فَكُلُوا مَا بَقِيَ مِنْ لَحْمِهَا)). [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/١٧٢٨]

(ابـو قتـادە) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) کەوتـەڕێ بـۆ حـەج و ئێمـەش لـە خزمـەتیا بـووین، هەندێ لـە هـاوەڵانی جیاکردەوە کـە (ابو قتـادە) یـان تێدابوو پێی فەرمون: ((بەکەناری دەریادا بڕۆن هـەتا پێم دەگەنـەوە)) ئەوانیش کـەناری دەریایـان گرتەبەرو ڕۆیـشتن، هـەموو ئیحرامیـان بەسـت جگەلـە (ابـو قتـادە) کـە ئیحرامی نەبەست، کاتێ بە ڕێگەدا دەڕۆیشتن چاویان کەوت بە ژمارەیەك گوێ درێژی کێوی، (ابو قتادة) هێرشی بۆ بردن، مێنگەیەکی ڕاوکرد، ئەوانیش لایان داو لـە گۆشـتەکەیان خـوارد، دوایـی وتیـان ئێمـە گۆشـتمان خـوارد و لـە ئیحرامیـشداین؟ ئەوسا چی مابوو لەگۆشتەکە هـەڵیان گرت و کـاتێ گەیشتنە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە ئیحرامەمان بەستبوو، (ابو قتادە) ئیحرامی نەبەستبوو، چاومان کەوت بەگوێدرێژی کێوی، (ابو قتادە) هێرشی کردە سەریان و مێنگەیەکی لێ سەربڕین، ئێمـەش لاماندا و لـە گۆشـتەکەیمان خـوارد، پاشـان وتمـان: ئێمـە لـە گۆشـتی ڕاومـان خـوارد لەکاتێکدا کە لەئیحرامدا بووین، ئەوەتا ئەوەشی ماوە لە گۆشتەکە هێناومانـە، فەرموی: ((ئایا کەسێك لە ئێوە فەرمانی پێدا یان ئامـاژەی بۆ کـرد؟)) وتیـان: نەخێر. فەرمووی: ((ئەوەشی ماوە لە گۆشتەکە بیخۆن)).

(٣٣) ئیحرامپۆش پێویستەچی بکوژێت

٦٧٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((خَمْسٌ فَوَاسِقُ يُقْتَلْنَ فِي الْحِلِّ وَالْحَرَمِ الْحَيَّةُ، وَالْغُرَابُ الْأَبْقَعُ، وَالْفَأْرَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ، وَالْحُدَيَّا)). [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/١٧٣٢،١٧٣١]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەر (ﷺ): فەرمویەتی: ((پێـنج جانـەوەری زیـان بـەخش هەیـە لەمەککـەو سـنووری دەورو بـەری مەککـە دەکـوژرێن. ((مـار، قەلەڕەشی بازو، مشك، سەگی هار، کۆلارە))

٦٧٧ـ عَنْ ابن عمر (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((خَمْسٌ لَا جُنَاحَ عَلَى مَنْ قَتَلَهُنَّ فِي الْحَرَمِ وَالْإِحْرَامِ: الْفَأْرَةُ، وَالْعَقْرَبُ، وَالْغُرَابُ، وَالْحِدَأَةُ، وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ)). [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/١٧٣٢،١٧٣١]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((پێنج گیانەوەر هەیە هەرکەس بیانکوژێت گوناهی ناگات، لەسنووری مەککەو لەکاتی ئیحرامیشدا (مشك، دووپشك، قەلەڕەش، کۆلارە، سەگیهار)).

(٣٤) کەڵە شاخ بۆ ئیحرامپۆش

٦٧٨ـ عَنِ ابْنِ بُحَيْنَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) احْتَجَمَ بِطَرِيقِ مَكَّةَ وَهُوَ مُحْرِمٌ، وَسَطَ رَأْسِهِ. [بخاري/ الطب/ ٥٣٧٣]

(ابن بحينە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کەڵە شاخی لەناوەڕاستی سەری گرت لەڕێگەی مەککەداو لەکاتی ئیحرامدا.

(٣٥) تیماری چاوی ئیحرامپۆش

٦٧٩ـ عَنْ نُبَيْهِ بْنِ وَهْبٍ قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ، حَتَّى إِذَا كُنَّا بِمَلَلٍ اشْتَكَى عُمَرُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ عَيْنَيْهِ، فَلَمَّا كُنَّا بِالرَّوْحَاءِ اشْتَدَّ وَجَعُهُ، فَأَرْسَلَ إِلَى أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ يَسْأَلُهُ؟ فَأَرْسَلَ إِلَيْهِ أَنِ اضْمِدْهُمَا بِالصَّبِرِ، فَإِنَّ عُثْمَانَ (ﷺ) حَدَّثَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي الرَّجُلِ إِذَا اشْتَكَى عَيْنَيْهِ وَهُوَ مُحْرِمٌ: ((ضَمَّدَهُمَا بِالصَّبِرِ)).

(نبیەی کوڕی وهب) (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ (ابان کوڕی عثمان)دا ڕۆیشتین هەتا گەیشتینە (ملل) (عمری کوڕی عبیدالله) چاوی هاتە ئێش، کاتێ گەیشتە (روحاء) ئازارەکەی زۆر بوو ئەویش هەواڵی نارد بۆ (ابان کوڕی عثمان) و پرسیاری لێکرد ئەویش وتی: بەتاڵی شاری چارەسەری بکە ، چونکە (عثمان): بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر کەسێك چاوەکانی ئێشان و لەئیحرامدا بوو بابە تاڵی شاری چارەسەری بکات) [تاڵی شاری: دەرمانێکی تاڵە پێشینان بەکاریان هێناوە بۆ چاو ئێشە].

(٣٦) سەر شۆردنی ئیحرامپۆش

٦٨٠ـ عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ حُنَيْنٍ، عَنْ أَبِيهِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبَّاسٍ وَالْمِسْوَرِ بْنِ مَخْرَمَةَ (ﷺ): أَنَّهُمَا اخْتَلَفَا بِالْأَبْوَاءِ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ: يَغْسِلُ الْمُحْرِمُ رَأْسَهُ، وَقَالَ الْمِسْوَرُ: لَا يَغْسِلُ الْمُحْرِمُ رَأْسَهُ، فَأَرْسَلَنِي ابْنُ عَبَّاسٍ إِلَى أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) أَسْأَلُهُ عَنْ ذَلِكَ، فَوَجَدْتُهُ يَغْتَسِلُ بَيْنَ الْقَرْنَيْنِ وَهُوَ يَسْتَتِرُ بِثَوْبٍ، قَالَ: فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، فَقَالَ: مَنْ هَذَا؟ فَقُلْتُ: أَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ حُنَيْنٍ، أَرْسَلَنِي إِلَيْكَ

عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبَّاسٍ أَسْأَلُكَ: كَيْفَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَغْسِلُ رَأْسَهُ وَهُوَ مُحْرِمٌ؟ فَوَضَعَ أَبُو أَيُّوبَ (□)يَدَهُ عَلَى الثَّوْبِ فَطَأْطَأَهُ حَتَّى بَدَا لِي رَأْسُهُ، ثُمَّ قَالَ لِإِنْسَانٍ يَصُبُّ: [اصْبُبْ] فَصَبَّ عَلَى رَأْسِهِ، ثُمَّ حَرَّكَ رَأْسَهُ بِيَدَيْهِ فَأَقْبَلَ بِهِمَا وَأَدْبَرَ، ثُمَّ قَالَ: هَكَذَا رَأَيْتُهُ (ﷺ) يَفْعَلُ. [بخاري/ [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٤٣]

(عبدالله ی کوڕی حنین) دەڵێ: کە (عبدالله ی کوڕی عباس ومیسوری کوڕی مەخرەمە) (ﷺ) لە(ابواء) ڕایان جیاواز بوو، (عبدالله ی کوڕی عباس) دەیوت: ئیحرامپۆش دروستە سەری بشوات،(میسور) دەیوت: نابێت ئیحرامپۆش سەری بشوات. عبد الله ی کوڕی حنین دەڵێ: (ابن عباس) ناردمی بۆ لای (ابو ایوب ی انصاری) (ﷺ) تا لەو بارەیەوەپرسیاری لێبکەن بینیم لەنیوان دوودیواردا خۆی دەشوات و پەردەی گێڕاوە منیش سەلامم لێکرد، وتی ئەوە کێیە وتم (عبدالله ی کوڕی حنین)ە، (عبدالله ی کوڕی عباس) ناردوومی بۆ لات تا پرسیارت لێبکەم کە پێغەمبەر (ﷺ) چۆن سەری دەشۆرد لەکاتی ئیحرامدا،(ابو ایوب) دەستی خستە سەر پەردەکەوەدای نەواند، سەری لێم دەرکەوت بەکەسێکی‌وت ئاوبکە بەسەرمدا ئەویش کردی بەسەریدا، ئینجا هەڵی‌گلۆفت بەهەردوو دەستی پێشو دوای سەری شۆرد ئینجا وتی: من پێغەمبەر (ﷺ)م دیوە ئاوا سەری دەشۆرد.

(٣٧) فیدیەی ئیحرامپۆش

٦٨١ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَعْقِلٍ قَالَ: قَعَدْتُ إِلَى كَعْبٍ (□)وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ، فَسَأَلْتُهُ عَنْ هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾ [البقرة: ١٩٦]. فَقَالَ كَعْبٌ: نَزَلَتْ فِيَّ، كَانَ بِي أَذًى مِنْ رَأْسِي، فَحُمِلْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَالْقَمْلُ يَتَنَاثَرُ عَلَى وَجْهِي، فَقَالَ: ((مَا كُنْتُ أُرَى أَنَّ الْجَهْدَ بَلَغَ مِنْكَ مَا أَرَى، أَتَجِدُ شَاةً)). فَقُلْتُ: لَا، فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ﴾. قَالَ: ((صَوْمُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ، أَوْ إِطْعَامُ سِتَّةِ مَسَاكِينَ، نِصْفَ صَاعٍ طَعَامًا لِكُلِّ مِسْكِينٍ)). قَالَ: فَنَزَلَتْ فِيَّ خَاصَّةً، وَهِيَ لَكُمْ عَامَّةً. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٤٥]

(عبدالله ی کوڕی معقل) دەڵێ: چوم لای(کعب) دانیشتم لەمزگەوتدا پرسیارم دەربارەی ئەم ئایەتە لێکرد (ففدیة من صیام او صدقة او نسك) البقرة/١٩٦ (کعب) وتی: ئەوە لەسەر من دابەزی سەرم برینی پێوە بوو. بردیانم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئەسپێ دەهاتە سەر دەم و چاوم، فەرمووی:

((نەمزانیوە ئاوا ماندویت باشە مەڕێکت پێ هەڵ ناسوڕێ)) وتم: نەخێر: ئیتر ئەو ئایەتە دابەزی ﴿ففدية من صيام او صدقة او نسك﴾ فەرمووی: ((سێ ڕۆژ بەڕۆژو، یان نانی شەش هەژار بدە بۆ هەر هەژارێك نیو مەن خواردن)) جا ئەو ئایەتە بەتایبەت بۆ من دابەزی بۆ ئێوەشە بەگشتی.

(٣٨) مردنی ئیحرامپۆش

٦٨٢ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) -عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)- قَالَ: خَرَّ رَجُلٌ مِنْ بَعِيرِهِ فَوُقِصَ، فَمَاتَ. فَقَالَ: ((اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْهِ، وَلَا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ، فَإِنَّ اللَّهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا)). [بخاري/ الجنائز/ ١٢٠٦]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لەوشترەکەی بەربۆوەو ملی شکاو مرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەئاوو سیدر بیشۆن و لەهەردوو پۆشاکەکەی خۆیدا کفنی بکەن، سەری دامەپۆشن، چونکە لەڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە بەدەم (لبیك) وتنەوەوە زیندووی دەکاتەوە)).

(٣٩) مانەوە لە(ذي طوى)

٦٨٣ـ عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) كَانَ لَا يَقْدَمُ مَكَّةَ إِلَّا بَاتَ بِذِي طَوًى حَتَّى يُصْبِحَ وَيَغْتَسِلَ، ثُمَّ يَدْخُلُ مَكَّةَ نَهَارًا، وَيَذْكُرُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ فَعَلَهُ. [بخاري/ الحج/ ١٤٩٩]

نافع دەڵێ: -(ابن عمر) نەدەهاتە مەکە هەتا لە (ذیطوی) شەوی نەبردایەتە سەر، کە ڕۆژبۆوە خۆی دەشت و دەچووە مەککەو دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) وای دەکرد.

(٤٠) چوونەناو مەککەو مەدینە

٦٨٤ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَخْرُجُ مِنْ طَرِيقِ الشَّجَرَةِ وَيَدْخُلُ مِنْ طَرِيقِ الْمُعَرَّسِ، وَإِذَا دَخَلَ مَكَّةَ دَخَلَ مِنَ الثَّنِيَّةِ الْعُلْيَا، وَيَخْرُجُ مِنَ الثَّنِيَّةِ السُّفْلَى. [بخاري/ الحج/ ١٥٠٠]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەڕێگەی (الشجرە)وە دەردەچوو لەمەدینەولەڕێگەی (معرس)وە دەگەڕایەوەبۆی، کە دەچوو بۆ مەککەش لە(ثنية العليا)وە دەچوو لە(ثنية السفلی)وە لێی دەردەچوو.

(٤١) دابەزین لەمەککە

٦٨٥- عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ [بْنِ حَارِثَةَ] (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَتَنْزِلُ فِي دَارِكَ بِمَكَّةَ؟ فَقَالَ: ((وَهَلْ تَرَكَ لَنَا عَقِيلٌ مِنْ رِبَاعٍ أَوْ دُورٍ)). وَكَانَ عَقِيلٌ وَرِثَ أَبَا طَالِبٍ هُوَ وَطَالِبٌ، وَلَمْ يَرِثْهُ جَعْفَرٌ وَلَا عَلِيٌّ شَيْئًا لِأَنَّهُمَا كَانَا مُسْلِمَيْنِ، وَكَانَ عَقِيلٌ وَطَالِبٌ كَافِرَيْنِ. [بخاري/ الحج/ ١٥١١]

(اسامەی کوڕی زید) (ﷺ) وتویەتی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئایا دەچیتە ماڵی خۆتان لەمەککە؟ فەرموی: ((بۆ [عقیل] شوێن و ماڵی بۆ هێشتوین؟)) (عقیل)بەمیراتی بە(ابو طالب)ەوە لەگەڵ (طالب)ی برایدا بۆیان مابۆوە. نە(جعفر)و نە(علی) کەموسوڵمان بوون هیچ میراتیەکیان لەباوکیان وەرنەگرت، (عقیل و طالب)کە کافر بوون هەموو میراتیەکە بۆ ئەوان بووە.

(٤٢) ڕاکردن لەتەواف و هاتووچۆی صەفاو مەروەدا

٦٨٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ إِذَا طَافَ فِي الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ أَوَّلَ مَا يَقْدَمُ: فَإِنَّهُ يَسْعَى ثَلَاثَةَ أَطْوَافٍ بِالْبَيْتِ، ثُمَّ يَمْشِي أَرْبَعَةً، ثُمَّ يُصَلِّي سَجْدَتَيْنِ، ثُمَّ يَطُوفُ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٣٧]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کەتەوافی دەکرد لەحەج و عەمرەدا لەسەرەتای هاتندا، سێ تەوافی بەڕاکردن بەدەوری (بیت)دا دەکرد،چوار تەوافیشی بەڕۆیشتن بەدەوریدا دەکرد، ئینجا دوو رکات نوێژی دەکرد. پاشان هات وچۆی صەفاو مەروای دەکرد.

٦٨٧- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَمَلَ مِنَ الْحَجَرِ الْأَسْوَدِ حَتَّى انْتَهَى إِلَيْهِ ثَلَاثَةَ أَطْوَافٍ.

(جابری کوڕی عبدالله) دەڵێ: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی بەڕاکردن لە (حجر الأسود)ەوە دەستی کرد بە(طواف)، سێ (طواف)ی کردو گەیشتەوە ئەوێ.

٦٨٨- عَنْ أَبِي الطُّفَيْلِ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَرَأَيْتَ هَذَا الرَّمَلَ بِالْبَيْتِ ثَلَاثَةَ أَطْوَافٍ وَمَشْيَ أَرْبَعَةِ أَطْوَافٍ، أَسُنَّةٌ هُوَ، فَإِنَّ قَوْمَكَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُ سُنَّةٌ؟ قَالَ: فَقَالَ: صَدَقُوا وَكَذَبُوا. قَالَ: قُلْتُ: مَا قَوْلُكَ صَدَقُوا وَكَذَبُوا؟ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدِمَ مَكَّةَ، فَقَالَ الْمُشْرِكُونَ: إِنَّ مُحَمَّدًا وَأَصْحَابَهُ لَا يَسْتَطِيعُونَ أَنْ يَطُوفُوا بِالْبَيْتِ مِنَ الْهُزَالِ، وَكَانُوا يَحْسُدُونَهُ، قَالَ: فَأَمَرَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يَرْمُلُوا

ثَلَاثًا وَيَمْشُوا أَرْبَعًا: قَالَ: قُلْتُ لَهُ: أَخْبِرْنِي عَنِ الطَّوَافِ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ رَاكِبًا -أَسُنَّةٌ هُوَ، فَإِنَّ قَوْمَكَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُ سُنَّةٌ؟ قَالَ: صَدَقُوا وَكَذَبُوا، قَالَ: قُلْتُ: وَمَا قَوْلُكَ صَدَقُوا وَكَذَبُوا؟ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَثُرَ عَلَيْهِ النَّاسُ، يَقُولُونَ: هَذَا مُحَمَّدٌ هَذَا مُحَمَّدٌ -(ﷺ)- حَتَّى خَرَجَ الْعَوَاتِقُ مِنَ الْبُيُوتِ، قَالَ: وَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لَا يُضْرَبُ النَّاسُ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَلَمَّا كَثُرَ عَلَيْهِ رَكِبَ، وَالْمَشْيُ وَالسَّعْيُ أَفْضَلُ.

(ابن طفيل)دەڵێ: بە (ابن عباس) (ﷺ) م وت: تۆ دەڵێیت ئەم سێ جار ڕاکردنە لەتەواف داو دوایی چوار جار تەوافی ئاسایی سوننەتە، خزمەکانت دەڵێن سوننەتە:؟ وتی: ڕاست دەکەن و ڕاستیش ناکەن؟! وتی پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ مەککە، موشریکەکان وتیان: محمدو هاوەڵانی ناتوانن لەبەر لاوازی تەواف بەدەوری (بیت)دا بکەن. حەسادەتیان پێ دەبرد. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان کەسێ جار (طواف) بەڕاکردن بکەن و چواریش بەڕۆیشتن، پێم وت: هات و چۆی صەفاومەڕوە بەسواری، سوننەتە چونکە خزمەکانت دەڵێن سوننەتە؟

دووبارە وتی: ڕاست دەکەن و ڕاستیش ناکەن... وتم: ئەو قسەیەت یەعنی چی ڕاست دەکەن و ڕاستیش ناکەن؟ وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ﴿ئەو ڕۆژە﴾ خەڵکێکیزۆر دەوریان داو دەیانوت: ئەوە (محمد)ە ئەوە (محمد)ە (ﷺ) هەتا گەورە کچەکان لەماڵەکان هاتنە دەرەوە.. پێغەمبەر (ﷺ) وانەبوو کەکەس لەبەردەمیدا پاڵی پێوە بنرێ و لێی بدرێ، کاتێ خەڵکەکە زۆریان بۆ هێنا، سوار بوو، هەرچەندە ڕۆیشتن و ڕاکردن چاکترە.

(٤٣) ماچکردنی بەردە ڕەشەکە

٦٨٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَرْجِسَ قَالَ: رَأَيْتُ الْأَصْلَعَ -يَعْنِي عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ)- يُقَبِّلُ الْحَجَرَ وَيَقُولُ: وَاللَّهِ إِنِّي لَأُقَبِّلُكَ، وَإِنِّي أَعْلَمُ أَنَّكَ حَجَرٌ، وَأَنَّكَ لَا تَضُرُّ وَلَا تَنْفَعُ، وَلَوْلَا أَنِّي رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَبَّلَكَ مَا قَبَّلْتُكَ. [بخاري/ الحج/ ١٥٢٠]

(عبدالله ی کوڕی سرجس) دەڵێ: (عمر) (ﷺ)م بینی ماچی بەردە ڕەشەکە دەکات و دەڵێت: بەخوا خۆ من ماچت دەکەم و دەشزانم کەتۆ بەردێکیت و زیان و قازانجت نییە، ئەگەر پێغەمبەری خوام (ﷺ) نەبینیایە ماچی دەکردی، منیش ماچم نەدەکردی.

(٤٤) دەست دان لەسوچەکانی کەعبە

٦٩٠ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: مَا تَرَكْتُ اسْتِلَامَ هَذَيْنِ الرُّكْنَيْنِ -الْيَمَانِيَ وَالْحَجَرَ- مُذْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَسْتَلِمُهُمَا، فِي شِدَّةٍ وَلَا رَخَاءٍ. [بخاري/ الحج/ ١٥٢٩]

(عبدالله ی کوڕی عمر) (ﷺ) دەڵێ: من وازم لەدەست دان لەم دوو گۆشەیە نەهێناوە -یەمانی و بەردەکە- لەوکاتەوە کە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینیوە دەستیان لێ دەدا لەکاتی قەڵەباڵغی یان لەکاتی ئاسایی‌دا.

٦٩١ـ عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: لَمْ أَرَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَسْتَلِمُ غَيْرَ الرُّكْنَيْنِ الْيَمَانِيَيْنِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٣١]

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: نەمبینیوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەست بدات لەهیچ شوێنێك جگە لە دوو گۆشە یەمانیەکە.

(٤٥) تەواف بەسواری

٦٩٢ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: طَافَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِالْبَيْتِ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ عَلَى رَاحِلَتِهِ، يَسْتَلِمُ الْحَجَرَ بِمِحْجَنِهِ، لِأَنْ يَرَاهُ النَّاسُ وَلِيُشْرِفَ وَلِيَسْأَلُوهُ، فَإِنَّ النَّاسَ غَشُوهُ.

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەحەجیماڵئاواییدا بەسەر ولاغەکەیەوە تەوافی کرد بەدەوری کەعبەدا بە گۆچانەکەی دەیدا لە بەردەڕەشەکە، بۆ ئەوەی خەڵکی بیبینن و چاوی لێیان بێت و پرسیاری لێ بکەن، چونکە خەڵکی قەڵەباڵغی زۆریان لەسەر کرد.

(٤٦) تەواف بەسواری بۆ خەڵکی تر

٦٩٣ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: شَكَوْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنِّي أَشْتَكِي، فَقَالَ: ((طُوفِي مِنْ وَرَاءِ النَّاسِ وَأَنْتِ رَاكِبَةٌ)). قَالَتْ: فَطُفْتُ وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَئِذٍ يُصَلِّي إِلَى جَنْبِ الْبَيْتِ، وَهُوَ يَقْرَأُ بِـ﴿الطُّورِ وَكِتَابٍ مَسْطُورٍ﴾. [بخاري/ المساجد/ ٤٥٢]

(أم سلمە) (ﷺ) بەپێغەمبەری (ﷺ) ڕایگەیاند کەماندووم و ناساغم، فەرمووی: ((لەدوای خەڵکەکەوە بەسواری تەوافی خۆت بکە)) منیش تەوافم کرد، ئەوکاتە پێغەمبەر (ﷺ) لەپاڵ کەعبەدا نوێژی دەکردو ﴿والطور، وكتاب مسطور﴾ی دەخوێند.

(٤٧) تەوافی سەفاو مەروە

٦٩٤ـ عن عُرْوَةَ قَالَ: قُلْتُ لِعَائِشَةَ (ﷺ): مَا أَرَى عَلَيَّ جُنَاحًا أَنْ لَا أَتَطَوَّفَ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ. قَالَتْ: لِمَ؟ قُلْتُ: لِأَنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَقُولُ: ﴿إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ الْآيَةَ. فَقَالَتْ: لَوْ كَانَ كَمَا تَقُولُ لَكَانَ: فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِ أَنْ لَا يَطَّوَّفَ بِهِمَا. إِنَّمَا أُنْزِلَ هَذَا فِي أُنَاسٍ مِنَ الْأَنْصَارِ، كَانُوا إِذَا أَهَلُّوا أَهَلُّوا لِمَنَاةَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَلَا يَحِلُّ لَهُمْ أَنْ يَطَّوَّفُوا بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، فَلَمَّا قَدِمُوا مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) لِلْحَجِّ ذَكَرُوا ذَلِكَ لَهُ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى هَذِهِ الْآيَةَ، فَلَعَمْرِي مَا أَتَمَّ اللَّهُ حَجَّ مَنْ لَمْ يَطُفْ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ. وفي رواية: ما أتم الله حج امرئ ولا عمرته لم يطف بين الصفا والمروة. [بخاري/ العمرة/ ١٦٩٨]

(عـروه) دەڵـێ: بـە(عائـشە)م (ﷺ) وت: مـن وانـازانم گونـاهم بگـات ئەگـەر تەواف لەنێوان سەفاو مەروەدا بکەم.. وتـی: بۆچـی؟ وتم: چونکە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿بێگومـان سـەفاو مـەروە لەدروشـمـەکانی خـوای گـەورەن﴾. عائـشە (ﷺ) وتـی: ئەگـەر وابوایـە کـەتۆ دەڵێـی ئایەتەکـە بـەم شـێوەیە دەبـوو: ﴿ئـەوە گونـاهی ناگـات ئەگـەر تـەوافیان نـەکات﴾. لەڕاسـتیدا ئـەوە دەربـارەی کەسـانێك لـە(ئـنصار) دابـەزیوە کـە ئیحرامیـان لەسـەردەمی نەفامیـدا بـۆ (مناة) دەبەست، بۆیان دروست نەبوو تەواف لەنێوان سەفاو مـەروەدا بکـەن. جاکاتێ لەخزمـەتی پێغەمبـەردا (ﷺ) هـاتن بـۆ حـەج و باسـی ئـەوەیان بـۆ کـرد، خـوای گـەورە ئـەو ئایەتـەی دابەزانـد، بـەگیانی خـۆم خـوای گـەورە ئـەو حەجـە بەتـەواو دانانێـت کەتەوافی نێوان سەفاو مەروەی تێدا نەبێت، لەڕیوایـەتێکی تـردا: خـوای گـەورە حەجی کەسێك یان عەمرەکەی بەتـەواو دانانێـت ئەگـەر تـەوافی سـەفاو مـەروەی نەکردبێت.

(٤٨) تەوافی سەفاو مەروە

٦٩٥ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: لَمْ يَطُفِ النَّبِيُّ (ﷺ) وَلَا أَصْحَابُهُ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ إِلَّا طَوَافًا وَاحِدًا.

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) و هـاوەڵانی لەیـەك جار تەواف [(حەوت جار هاتوچۆ)] زیاتریان لەنێوان سەفاو مەروەدا نەدەکرد.

(٤٩) ئەوەی ئیحرام بۆ حەج دەبەستێ

٦٩٦ـ عَنْ وَبَرَةَ -يعني ابن عبدالرحمن- قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا عِنْدَ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ)، فَجَاءَهُ رَجُلٌ فَقَالَ: أَيَصْلُحُ لِي أَنْ أَطُوفَ بِالْبَيْتِ قَبْلَ أَنْ آتِيَ الْمَوْقِفَ؟ فَقَالَ: نَعَمْ، فَقَالَ: فَإِنَّ ابْنَ عَبَّاسٍ يَقُولُ: لَا تَطُفْ بِالْبَيْتِ حَتَّى تَأْتِيَ الْمَوْقِفَ، فَقَالَ ابْنُ عُمَرَ: فَقَدْ حَجَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَطَافَ بِالْبَيْتِ قَبْلَ أَنْ يَأْتِيَ الْمَوْقِفَ، فَبِقَوْلِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَحَقُّ أَنْ تَأْخُذَ أَوْ بِقَوْلِ ابْنِ عَبَّاسٍ إِنْ كُنْتَ صَادِقًا؟ وفي رواية قَالَ: رأينا رسول (ﷺ) أَحْرَمَ بِالْحَجِّ وَطَافَ بِالْبَيْتِ وَسَعَى بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ.

(وبرە)، کوڕەکەی (عبدالرحمن) دەڵێ: دانیشتبووم لەلای (إبن عمر) (ﷺ) پیاوێك هات و وتی: ئایا دروستە بۆم تەوافی کەعبە بکەم پێش ئەوەی بچم بۆ وەستانی عەرەفە؟ وتی: بەڵێ، کابرا وتی خۆ (إبن عباس) دەیوت: تەوافی کەعبە مەکە هەتا دەچیتە عەرەفە، (إبن عمر) وتی: پێغەمبەر (ﷺ) حەجی کردو تەوافی بەدەوری کەعبەشدا کرد پێش ئەوەی بچێتە عەرەفە، ئایا بەقسەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەین یان بەقسەی (إبن عباس) ئەگەر ڕاست دەکەیت؟ لەڕیوایەتێکی تردا دەڵێ: پێغەمبەری خوامان بینی ئیحرامی بەست بۆ حەج و تەوافی کەعبەی کردو هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروەشی کرد.

٦٩٧ـ عَنْ عَمْرِو بْنِ دِينَارٍ قَالَ: سَأَلْنَا ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) عَنْ رَجُلٍ قَدِمَ بِعُمْرَةٍ، فَطَافَ بِالْبَيْتِ وَلَمْ يَطُفْ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ، أَيَأْتِي امْرَأَتَهُ؟ فَقَالَ: قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَطَافَ بِالْبَيْتِ سَبْعًا، وَصَلَّى خَلْفَ الْمَقَامِ رَكْعَتَيْنِ، وَبَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ سَبْعًا [جميعاً]، وَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ. [بخاري/ الصلاة/ ٣٨٧]

(عمرو کوڕی دینار) دەڵێ: پرسیارمان لە (إبن عباس) (ﷺ) کرد دەربارەی پیاوێك دێت بۆ عەمرەو تەوافی کەعبە دەکات و هێشتا هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروەی نەکردووە، ئایا دەکرێت سەرجێیی لەگەڵ ژنەکەیدا بکات؟ ئەویش وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هات و حەوت جار تەوافی کەعبەی کرد، لەپشتی شوێنی ئیبراهیمەوە دوو ڕکات نوێژی کرد، حەوت جاریش هاتوچۆی کرد لەنێوان سەفاو مەروەدا بێگومان لە پێغەمبەری خوادا چاکترین پێشەوایەتی و ڕابەری هەیە

(٥٠) چونە ناو کەعبە

٦٩٨- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ الْفَتْحِ فَنَزَلَ بِفِنَاءِ الْكَعْبَةِ، وَأَرْسَلَ إِلَى عُثْمَانَ بْنِ طَلْحَةَ فَجَاءَ بِالْمِفْتَحِ فَفَتَحَ الْبَابَ، قَالَ: ثُمَّ دَخَلَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَبِلَالٌ وَأُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ وَعُثْمَانُ بْنُ طَلْحَةَ (ﷺ) وَأَمَرَ بِالْبَابِ فَأُغْلِقَ، فَلَبِثُوا فِيهِ مَلِيًّا، ثُمَّ فَتَحَ الْبَابَ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: فَبَادَرْتُ النَّاسَ فَتَلَقَّيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَارِجًا، وَبِلَالٌ عَلَى إِثْرِهِ، فَقُلْتُ لِبِلَالٍ: هَلْ صَلَّى فِيهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ: نَعَمْ، قُلْتُ: أَيْنَ؟ قَالَ: بَيْنَ الْعَمُودَيْنِ تِلْقَاءَ وَجْهِهِ، قَالَ: وَنَسِيتُ أَنْ أَسْأَلَهُ كَمْ صَلَّى. [بخاري/ الصلاة/ ٤٨٣]

(ابـن عمـر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) ڕۆژی ئـازادکردنی مەککـە هـات و چووە حەوشەی کەعبەوە، ناردی بەشوێن (عثمان ی کوڕی طلحة)داو کلیلی بۆ هێناو دەرگاکەی کردەوە، پاشان پێغەمبـەر (ﷺ) لەگەڵ (بـلال و أسامەی کوڕی زیـد و عثمـان ی کـوڕی طلحـة) (ر.ض) چـوونە ژورەوە، فەرمانی‌ـدا کەدەرگاکـە دابخرێت، ماوەیەك تیا مانەوە، پاشان دەرگاکەی کردەوە، (عبـدالله) دەڵـێ: مـن پـێش خەڵکەکـە گەیـشتمە خزمـەتی پێغەمبـەر (ﷺ) لەکاتێکدا دەهاتـە دەرەوە، (بـلال)ی بەشـوێنەوە بـوو، وتم بـە(بـلال) ئایـا پێغەمبـەر (ﷺ) نوێـژی تێـدا کـرد، وتـی: بـەڵێ.. وتم: لەکوێـدا؟ وتـی: لـەنێوان هـەردوو کۆڵەکەکـەدا کەڕووبـەڕوی بوون.ئیتر بیرم چوو لێی بپرسم: چەند نوێژی کرد؟

٦٩٩- عن ابْنُ جُرَيْجٍ قَالَ: قُلْتُ لِعَطَاءٍ: أَسَمِعْتَ ابْنَ عَبَّاسٍ يَقُولُ: إِنَّمَا أُمِرْتُمْ بِالطَّوَافِ، وَلَمْ تُؤْمَرُوا بِدُخُولِهِ؟ قَالَ: لَمْ يَكُنْ يَنْهَى عَنْ دُخُولِهِ، وَلَكِنِّي سَمِعْتُهُ يَقُولُ: أَخْبَرَنِي أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَمَّا دَخَلَ الْبَيْتَ دَعَا فِي نَوَاحِيهِ كُلِّهَا، وَلَمْ يُصَلِّ فِيهِ حَتَّى خَرَجَ، فَلَمَّا خَرَجَ رَكَعَ فِي قُبُلِ الْبَيْتِ رَكْعَتَيْنِ، وَقَالَ: (هَذِهِ الْقِبْلَةُ)). قُلْتُ لَهُ: مَا نَوَاحِيهَا أَفِي زَوَايَاهَا؟ قَالَ: بَلْ فِي كُلِّ قِبْلَةٍ مِنَ الْبَيْتِ. [بخاري/ الصلاة/ ٣٨٩]

(إبن جريج) دەڵێ: بە(عطاء)م وت: بیستوتە (إبن عباس) دەڵێ: فەرمانتان پێدراوە کەتەواف بکەن، نەك بچنە ناو کەعبەوە، پاشان ڕێگری لەچونەژورەوەی نەکرا، بەڵام گوێم لێبوو دەیوت: (أسامەی کوڕی زید) هـەواڵی داومـەتێ کـاتێ پێغەمبەر (ﷺ) چۆتە نـاو کەعبـەوە لەهـەموو گۆشـەیەکیدا نـزای کـردوە، نوێـژی تێـدا نـەکردووە هـەتا هاتۆتـە دەرەوە، کـاتێ کەدەرچـوو لەپێـشی کەعبـەوە،

دوڕکات نوێژی کردوەو فەرمویەتی: ((ئەمە قیبلەیە)) منیش پێم وت: لاکانی کەعبە کامەیە، ئایا مەبەست گۆشەکانیەتی؟ وتی: بەڵکو هەموو بەشەکانی کەعبە [دەگرێتەوە].

(٥١) چۆنیەتی حەجەکەی پێغەمبەر (ﷺ)

٧٠٠- عَنْ جَعْفَرِ بْنِ مُحَمَّدٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ)، فَسَأَلَ عَنِ الْقَوْمِ حَتَّى انْتَهَى إِلَيَّ، فَقُلْتُ: أَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَلِيِّ بْنِ حُسَيْنٍ، فَأَهْوَى بِيَدِهِ إِلَى رَأْسِي فَنَزَعَ زِرِّي الْأَعْلَى، ثُمَّ نَزَعَ زِرِّي الْأَسْفَلَ، ثُمَّ وَضَعَ كَفَّهُ بَيْنَ ثَدْيَيَّ، وَأَنَا يَوْمَئِذٍ غُلَامٌ شَابٌّ، فَقَالَ: مَرْحَبًا بِكَ يَا ابْنَ أَخِي، سَلْ عَمَّا شِئْتَ. فَسَأَلْتُهُ وَهُوَ أَعْمَى، وَحَضَرَ وَقْتُ الصَّلَاةِ فَقَامَ فِي نِسَاجَةٍ مُلْتَحِفًا بِهَا، كُلَّمَا وَضَعَهَا عَلَى مَنْكِبِهِ رَجَعَ طَرَفَاهَا إِلَيْهِ مِنْ صِغَرِهَا، وَرِدَاؤُهُ إِلَى جَنْبِهِ عَلَى الْمِشْجَبِ، فَصَلَّى بِنَا. فَقُلْتُ: أَخْبِرْنِي عَنْ حَجَّةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ بِيَدِهِ، فَعَقَدَ تِسْعًا، فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَكَثَ تِسْعَ سِنِينَ لَمْ يَحُجَّ، ثُمَّ أَذَّنَ فِي النَّاسِ فِي الْعَاشِرَةِ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَاجٌّ فَقَدِمَ الْمَدِينَةَ بَشَرٌ كَثِيرٌ، كُلُّهُمْ يَلْتَمِسُ أَنْ يَأْتَمَّ بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَيَعْمَلَ مِثْلَ عَمَلِهِ فَخَرَجْنَا مَعَهُ حَتَّى أَتَيْنَا ذَا الْحُلَيْفَةِ، فَوَلَدَتْ أَسْمَاءُ بِنْتُ عُمَيْسٍ مُحَمَّدَ بْنَ أَبِي بَكْرٍ (ﷺ)، فَأَرْسَلَتْ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): كَيْفَ أَصْنَعُ؟ قَالَ: ((اغْتَسِلِي وَاسْتَثْفِرِي بِثَوْبٍ وَأَحْرِمِي)). فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَكْعَتَيْنِ فِي الْمَسْجِدِ ثُمَّ رَكِبَ الْقَصْوَاءَ، حَتَّى إِذَا اسْتَوَتْ بِهِ نَاقَتُهُ عَلَى الْبَيْدَاءِ نَظَرْتُ إِلَى مَدِّ بَصَرِي بَيْنَ يَدَيْهِ مِنْ رَاكِبٍ وَمَاشٍ، وَعَنْ يَمِينِهِ مِثْلَ ذَلِكَ، وَعَنْ يَسَارِهِ مِثْلَ ذَلِكَ، وَمِنْ خَلْفِهِ مِثْلَ ذَلِكَ، وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ أَظْهُرِنَا وَعَلَيْهِ يَنْزِلُ الْقُرْآنُ، وَهُوَ يَعْرِفُ تَأْوِيلَهُ، وَمَا عَمِلَ بِهِ مِنْ شَيْءٍ عَمِلْنَا بِهِ، فَأَهَلَّ بِالتَّوْحِيدِ: ((لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لَكَ وَالْمُلْكَ، لَا شَرِيكَ لَكَ)). وَأَهَلَّ النَّاسُ بِهَذَا الَّذِي يُهِلُّونَ بِهِ، فَلَمْ يَرُدَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَيْهِمْ شَيْئًا مِنْهُ، وَلَزِمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) تَلْبِيَتَهُ. قَالَ جَابِرٌ (ﷺ): لَسْنَا نَنْوِي إِلَّا الْحَجَّ، لَسْنَا نَعْرِفُ الْعُمْرَةَ، حَتَّى إِذَا أَتَيْنَا الْبَيْتَ مَعَهُ، اسْتَلَمَ الرُّكْنَ، فَرَمَلَ ثَلَاثًا وَمَشَى أَرْبَعًا، ثُمَّ نَفَذَ إِلَى مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ عَلَيْهِ السَّلَام فَقَرَأَ: ﴿وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى﴾ [البقرة: ١٢٥] فَجَعَلَ الْمَقَامَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْبَيْتِ. فَكَانَ أَبِي يَقُولُ –وَلَا أَعْلَمُهُ ذَكَرَهُ إِلَّا عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)– كَانَ يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ﴾ وَ ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾. ثُمَّ رَجَعَ إِلَى الرُّكْنِ فَاسْتَلَمَهُ، ثُمَّ خَرَجَ مِنَ الْبَابِ إِلَى الصَّفَا، فَلَمَّا دَنَا

منَ الصَّفَا قَرَأَ: ﴿إِنَّ الصَّفَا والْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّهِ﴾ [البقرة: ١٥٨] ((أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللَّهُ بِهِ)) فَبَدَأَ بِالصَّفَا فَرَقِيَ عَلَيْهِ حَتَّى رَأَى الْبَيْتَ، فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ، فَوَحَّدَ اللَّهَ وَكَبَّرَهُ، وَقَالَ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ)). ثُمَّ دَعَا بَيْنَ ذَلِكَ قَالَ مِثْلَ هَذَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ. ثُمَّ نَزَلَ إِلَى الْمَرْوَةِ، حَتَّى إِذَا انْصَبَّتْ قَدَمَاهُ فِي بَطْنِ الْوَادِي سَعَى، حَتَّى إِذَا صَعِدَتَا مَشَى حَتَّى أَتَى الْمَرْوَةَ، فَفَعَلَ عَلَى الْمَرْوَةِ كَمَا فَعَلَ عَلَى الصَّفَا، حَتَّى إِذَا كَانَ آخِرُ طَوَافِهِ عَلَى الْمَرْوَةِ فَقَالَ: ((لَوْ أَنِّي اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ لَمْ أَسُقِ الْهَدْيَ، وَجَعَلْتُهَا عُمْرَةً، فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ لَيْسَ مَعَهُ هَدْيٌ فَلْيَحِلَّ، وَلْيَجْعَلْهَا عُمْرَةً)). فَقَامَ سُرَاقَةُ بْنُ مَالِكِ بْنِ جُعْشُمٍ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَلِعَامِنَا هَذَا أَمْ لِأَبَدٍ؟ فَشَبَّكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَصَابِعَهُ وَاحِدَةً فِي الْأُخْرَى وَقَالَ: ((دَخَلَتِ الْعُمْرَةُ فِي الْحَجِّ -مَرَّتَيْنِ- لَا بَلْ لِأَبَدِ [أَبَدٍ])). وَقَدِمَ عَلِيٌّ (ﷺ) مِنَ الْيَمَنِ بِبُدْنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَوَجَدَ فَاطِمَةَ (ﷺ) مِمَّنْ حَلَّ وَلَبِسَتْ ثِيَابًا صَبِيغًا وَاكْتَحَلَتْ، فَأَنْكَرَ ذَلِكَ عَلَيْهَا، فَقَالَتْ [إِنَّ] أَبِي أَمَرَنِي بِهَذَا، قَالَ: فَكَانَ عَلِيٌّ (ﷺ) يَقُولُ بِالْعِرَاقِ: فَذَهَبْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مُحَرِّشًا عَلَى فَاطِمَةَ لِلَّذِي صَنَعَتْ، مُسْتَفْتِيًا لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِيمَا ذَكَرَتْ عَنْهُ، فَأَخْبَرْتُهُ أَنِّي أَنْكَرْتُ ذَلِكَ عَلَيْهَا، فَقَالَ: ((صَدَقَتْ صَدَقَتْ، مَاذَا قُلْتَ حِينَ فَرَضْتَ الْحَجَّ)). قَالَ: قُلْتُ: اللَّهُمَّ إِنِّي أُهِلُّ بِمَا أَهَلَّ بِهِ رَسُولُكَ، قَالَ: ((فَإِنَّ مَعِيَ الْهَدْيَ، فَلَا تَحِلُّ)). قَالَ. فَكَانَ جَمَاعَةُ الْهَدْيِ الَّذِي قَدِمَ بِهِ عَلِيٌّ مِنَ الْيَمَنِ، وَالَّذِي أَتَى بِهِ النَّبِيُّ (ﷺ) مِائَةً. قَالَ: فَحَلَّ النَّاسُ كُلُّهُمْ وَقَصَّرُوا، إِلَّا النَّبِيَّ (ﷺ) وَمَنْ كَانَ مَعَهُ هَدْيٌ. فَلَمَّا كَانَ يَوْمُ التَّرْوِيَةِ تَوَجَّهُوا إِلَى مِنًى، فَأَهَلُّوا بِالْحَجِّ وَرَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَصَلَّى بِهَا الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ وَالْفَجْرَ، ثُمَّ مَكَثَ قَلِيلًا حَتَّى طَلَعَتِ الشَّمْسُ، وَأَمَرَ بِقُبَّةٍ مِنْ شَعَرٍ تُضْرَبُ لَهُ بِنَمِرَةَ. فَسَارَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَلَا تَشُكُّ قُرَيْشٌ إِلَّا أَنَّهُ وَاقِفٌ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ، كَمَا كَانَتْ قُرَيْشٌ تَصْنَعُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَأَجَازَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى أَتَى عَرَفَةَ، فَوَجَدَ الْقُبَّةَ قَدْ ضُرِبَتْ لَهُ بِنَمِرَةَ، فَنَزَلَ بِهَا، حَتَّى إِذَا زَاغَتِ الشَّمْسُ أَمَرَ بِالْقَصْوَاءِ فَرُحِلَتْ لَهُ، فَأَتَى بَطْنَ الْوَادِي، فَخَطَبَ النَّاسَ وَقَالَ: ((إِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ حَرَامٌ عَلَيْكُمْ، كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ هَذَا، فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، أَلَا كُلُّ شَيْءٍ مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ تَحْتَ قَدَمَيَّ مَوْضُوعٌ، وَدِمَاءُ الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعَةٌ، وَإِنَّ أَوَّلَ دَمٍ أَضَعُ مِنْ دِمَائِنَا دَمُ ابْنِ رَبِيعَةَ بْنِ الْحَارِثِ -كَانَ

مسترضعًا في بَنِي سَعْدٍ فَقَتَلَتْهُ هُذَيْلٌ- وَرِبَا الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعٌ، وَأَوَّلُ رِبًا أَضَعُ [رِبَانَا] رِبَا عَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَإِنَّهُ مَوْضُوعٌ كُلُّهُ، فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي النِّسَاءِ، فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ، وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ، وَلَكُمْ عَلَيْهِنَّ أَنْ لَا يُوطِئْنَ فُرُشَكُمْ أَحَدًا تَكْرَهُونَهُ، فَإِنْ فَعَلْنَ ذَلِكَ فَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غَيْرَ مُبَرِّحٍ، وَلَهُنَّ عَلَيْكُمْ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ، وَقَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا لَنْ تَضِلُّوا بَعْدَهُ إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ: كِتَابُ اللَّهِ، وَأَنْتُمْ تُسْأَلُونَ عَنِّي فَمَا أَنْتُمْ قَائِلُونَ)) قَالُوا: نَشْهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَلَّغْتَ وَأَدَّيْتَ وَنَصَحْتَ، فَقَالَ بِإِصْبَعِهِ السَّبَّابَةِ يَرْفَعُهَا إِلَى السَّمَاءِ وَيَنْكُتُهَا إِلَى النَّاسِ: ((اللَّهُمَّ اشْهَدْ، اللَّهُمَّ اشْهَدْ)) ثَلَاثَ مَرَّاتٍ. ثُمَّ أَذَّنَ ثُمَّ أَقَامَ، فَصَلَّى الظُّهْرَ، ثُمَّ أَقَامَ فَصَلَّى الْعَصْرَ، وَلَمْ يُصَلِّ بَيْنَهُمَا شَيْئًا. ثُمَّ رَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى أَتَى الْمَوْقِفَ فَجَعَلَ بَطْنَ نَاقَتِهِ الْقَصْوَاءِ إِلَى الصَّخَرَاتِ وَجَعَلَ حَبْلَ الْمُشَاةِ بَيْنَ يَدَيْهِ، وَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ، فَلَمْ يَزَلْ وَاقِفًا حَتَّى غَرَبَتِ الشَّمْسُ، وَذَهَبَتِ الصُّفْرَةُ قَلِيلًا حَتَّى غَابَ الْقُرْصُ، وَأَرْدَفَ أُسَامَةَ خَلْفَهُ، وَدَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقَدْ شَنَقَ لِلْقَصْوَاءِ الزِّمَامَ حَتَّى إِنَّ رَأْسَهَا لَيُصِيبُ مَوْرِكَ رَحْلِهِ، وَيَقُولُ بِيَدِهِ الْيُمْنَى: ((أَيُّهَا النَّاسُ، السَّكِينَةَ السَّكِينَةَ)). كُلَّمَا أَتَى حَبْلًا مِنَ الْحِبَالِ أَرْخَى لَهَا قَلِيلًا حَتَّى تَصْعَدَ حَتَّى أَتَى الْمُزْدَلِفَةَ، فَصَلَّى بِهَا الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ، بِأَذَانٍ وَاحِدٍ وَإِقَامَتَيْنِ، وَلَمْ يُسَبِّحْ بَيْنَهُمَا شَيْئًا، ثُمَّ اضْطَجَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، وَصَلَّى الْفَجْرَ حِينَ تَبَيَّنَ لَهُ الصُّبْحُ بِأَذَانٍ وَإِقَامَةٍ، ثُمَّ رَكِبَ الْقَصْوَاءَ حَتَّى أَتَى الْمَشْعَرَ الْحَرَامَ، فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ، فَدَعَاهُ، وَكَبَّرَهُ، وَهَلَّلَهُ، وَوَحَّدَهُ، فَلَمْ يَزَلْ وَاقِفًا حَتَّى أَسْفَرَ جِدًّا، فَدَفَعَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ، وَأَرْدَفَ الْفَضْلَ بْنَ عَبَّاسٍ -وَكَانَ رَجُلًا حَسَنَ الشَّعْرِ أَبْيَضَ وَسِيمًا- فَلَمَّا دَفَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَرَّتْ بِهِ ظُعُنٌ يَجْرِينَ، فَطَفِقَ الْفَضْلُ يَنْظُرُ إِلَيْهِنَّ، فَوَضَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ عَلَى وَجْهِ الْفَضْلِ فَحَوَّلَ الْفَضْلُ وَجْهَهُ إِلَى الشِّقِّ الْآخَرِ يَنْظُرُ، فَحَوَّلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَدَهُ مِنَ الشِّقِّ الْآخَرِ عَلَى وَجْهِ الْفَضْلِ يَصْرِفُ وَجْهَهُ مِنَ الشِّقِّ الْآخَرِ يَنْظُرُ، حَتَّى أَتَى بَطْنَ مُحَسِّرٍ فَحَرَّكَ قَلِيلًا، ثُمَّ سَلَكَ الطَّرِيقَ الْوُسْطَى الَّتِي تَخْرُجُ عَلَى الْجَمْرَةِ الْكُبْرَى، حَتَّى أَتَى الْجَمْرَةَ الَّتِي عِنْدَ الشَّجَرَةِ فَرَمَاهَا بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ، يُكَبِّرُ مَعَ كُلِّ حَصَاةٍ مِنْهَا، [مِثْلِ] حَصَى الْخَذْفِ، رَمَى مِنْ بَطْنِ الْوَادِي، ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَى الْمَنْحَرِ فَنَحَرَ ثَلَاثًا وَسِتِّينَ بِيَدِهِ، ثُمَّ أَعْطَى عَلِيًّا (ﷺ) فَنَحَرَ مَا غَبَرَ وَأَشْرَكَهُ فِي هَدْيِهِ، ثُمَّ أَمَرَ مِنْ كُلِّ بَدَنَةٍ بِبَضْعَةٍ فَجُعِلَتْ فِي قِدْرٍ فَطُبِخَتْ، فَأَكَلَا مِنْ لَحْمِهَا، وَشَرِبَا مِنْ مَرَقِهَا. ثُمَّ

رَكِبَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَأَفَاضَ إِلَى الْبَيْتِ. فَصَلَّى بِمَكَّةَ الظُّهْرَ، فَأَتَى بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ يَسْقُونَ عَلَى زَمْزَمَ، فَقَالَ: ((انْزِعُوا بَنِي عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، فَلَوْلَا أَنْ يَغْلِبَكُمُ النَّاسُ عَلَى سِقَايَتِكُمْ لَنَزَعْتُ مَعَكُمْ)). فَنَاوَلُوهُ دَلْوًا فَشَرِبَ مِنْهُ.

(جعفری کوڕی محمد) لەباوکیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: چووینە لای (جابری کوڕی عبداللە) (ﷺ) کەلەو کاتەدا کوێر بووبوو پێم وت: هەواڵم بدەرێ دەربارەی حەجەکەی پێغەمبەر (ﷺ) .. ئامـاژەی کرد بەپەنجەکانی و وتی: پێغەمبەر (ﷺ) (٩) نۆ ساڵ ﴿مایەوە لەمەدینەداو﴾ حەجی نەکرد" پاشان لەساڵی دەهەمدا بانگەوازی کرد لەناو خەڵکدا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ﴿ئەمساڵ﴾ دەچێ بۆ حەج. بۆیە خەڵکێکی زۆر ڕویان کردە مەدینەو هەریەکەیان دەیویست پێغەمبەر (ﷺ) پێشەوایی بکات و ئەو چی دەکات ئەمیش وا بکات، ئەوسا لەخزمەتیدا دەرچووین هەتا گەیشتینە (ذوالحلیفة)، ئەو کاتە (أسماءی کچی عمیس)، (محمدی کوڕی أبوبکر)ی بوو، کەسێکی نارد بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) کەچی بکات؟ ئەویش فەرمووی: ((باخۆی بشوات و بەپەڕۆیەك خۆی قایم بكات و ئیحرام ببەستێ)) ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) دوو ڕکات نوێژی لەمزگەوتەکەدا کردو پاشان سواری وشترەکەی بوو کەناوی (قصواء) بوو ڕۆیشت هەتا گەیشتە (بیداء) کەسەیرم کرد هەتا چاو بڕکات لەبەردەمیەوەو لەلای ڕاستیەوەو لەلای چەپیەوەو، لەپشتیەوە خەڵکی بەسواری و بەپیادە دەڕۆیشتن، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەنێوانمانا بوو قورئان دادەبەزیە سەری، ئەو چاك لێی تێدەگەیی ئەو هەرچیەکی دەکرد ئێمەش دەمانکرد، ئیحرامی بەست بەدەم بانگەوازی یەکتاپەرستیەوەو فەرمووی: ((لبیك اللهم لبیك، لبیك لا شریك لك لبیك، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شریك لك)) خەڵکیش هەموو ئیحرامیان بەست بەدەم هەمان سرودەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی نەبڕین بەڵکو بەردەوام بوو لەسەری .. جابر دەڵێ: ئێمە نیەتمان تەنها حەج بوو، عەمرەمان نەدەزانی، ڕۆیشتین هەتا لەخزمەتیا گەیشتینە (بیت) ئەوسا دەستی دا لەبەردە ڕەشەکەو بەهەروەلە سێ جار تەوافی کردو بەڕۆیشتنی [ئاسایی] چوار جار. ئینجا چووە سەر شوێنی إبراهیم (علیه السلام)و، ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿واتخذوا من مقام إبراهیم مصلی﴾ البقرة ١٢٥، ئینجا مەقامی (ابراهیم)ی خستە نێوان خۆی و (بیت)ەوە دوو ڕکات

نوێـژی دابەسـت، لـەڕكاتی یەكەمـدا ﴿قـل هـو الله احـد﴾ی خوێنـدو لـەڕكاتی دوهەمیـشدا ﴿قـل یاأیهـا الكـافرون﴾ پاشـان گەڕایـەوە بـۆ سوچـەكەی (بیـت) و دەستی لێداو لەدەرگاوە دەرچوو بەرەو (صفا) كاتیٚ كەنزیك بووەوە لە (صفا) ئـەو ئایەتـەی خوێنـدەوە ﴿إنَّ الـصفا والمـروة مـن شـعائر الله﴾ البقـرة ١٥٨" فەرمووی: ((دەست پێدەكەم لەوێوە كەخوا دەستی پێكردووە)). ئینجا چووە سـەر (صـفا) هـەتا لـەوێوە (بیـت)ی لیٚ دیـار بـوو، ئینجـا ڕوی كـردە قیبلـەو فەرمووی: ﴿لا إله إلا الله وحده لا شـريك لـه، لـه الملكُ ولـه الحمدُ وَهـو علـى كُل شيءٍ قَدير، لا إله إلا الله وحده، انجز وَعده وَنَصرَ عَبدَه، وَهَزَمَ الأحزابَ وحده﴾سیٚ جار ئەمەی دوبارە كردەوەو لەنێوانیشیاندا دەپاڕایەوە، پاشان دابەزی بەرەو (مروة) هەتا گەیشتە قولاٚیی دۆڵەكە، ئەوسا كەوتە ڕاكردن تا سەركەوتین ئینجـا كەوتـەوە ڕۆیـشتن تاگەیـشتەوە (مـروة) لەسـەر (مـروة)ش ئـەوەی كـرد كەلەسەر (صـفا) كـردی، تـا لـەدوا تەوافـدا لەسـەر (مـروة) فـەرمووی: ((ئەگـەر ئەوسا بیری ئێستام هەبووایە مەڕو مالاٚتی قوربانیم نـەدەهێناو ئەمـەم دەكردە عـەمرە، جـا ئـەوەتان كەمـەڕو مـالاٚتی قوربـانی نـەهێناوە، بـا ئیحـرام بـشكێنیٚ و بیكاتە عەمرە)).

(سراقەی كوڕی مالك) هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هـەر بـۆ ئـەم سـاڵە یـان بـۆ هەمیـشە؟ پێغەمبـەر (ﷺ) پەنجـەكانی تێهـەڵكێش كـردو دوو جـار فەرمووی: ((عەمرەو حەج بۆ هەتا هەتایە)).

پاشان (علی) (ﷺ) قوربانیـیەكانی پێغەمبەری (ﷺ) لەیەمەنەوە هێنا، بینـی (فاطمـة) (ر.ض) ئیحرامـی شـكاندوەو پۆشـاكی ڕەنگـاو ڕەنگـی لەبـەركردوەو چاوی ڕشتووە، ئەویش ناڕەزایی دەربڕی (فاطمة)، وتی: باوكم فەرمانی ئەمەی پێداوم، جا (علی) (ﷺ) لەعێراق دەیـووت: چووم بـۆ خزمـەتی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) و نـاڕەزایم دەربـڕی دەربـارەی ئـەوەی (فاطمـة) كردبـووی،داوای ڕای پێغەمبـەری خـوام (ﷺ) كـرد كەئـەو وتـی دەربـارەی، وتیـشم مـن نـاڕەزاییم دەربڕیـوە لـەوەی كەئـەو كردبـووی ئـیتر ئـەوەبوو فـەرمووی: ((ڕاسـت دەكـات، ڕاسـت دەكـات، باشـە تـۆ چیت وت كـاتیٚ كەنیـەتی حـەجت هێنـا؟)) علـی وتـی: وتم: ئـەی خوایـە ئیحـرام دەبەسـتم بـەوەی كەپێغەمبەرەكـەت ئیحرامـی بـۆ

بەستووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((من قوربانیم هێناوەو تۆیش ئیحرام مەشکێنە))

کۆی ئەو قوربانیانەی کە (علی) لەیەمەنەوە هێنابوی ئەوەیش کە پێغەمبەر (ﷺ) هێنابوی سەد سەر بوون. ئینجا خەڵکی هەموو ئیحرامیان شکاندو سەریان کورت کردەوە، جگە لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەوانەی کەقوربانیان پێ بوو، کەڕۆژی (ترویە) هاتە پێشەوە ئیحرامیان بەست و (لبیك) یان بۆ حەج کردو ڕویان کردە مینا، لەوێ نوێژی نیوەڕۆو عەسرو شێوان و خەوتنان و بەیانیان کرد، کەمێك مانەوە تا خۆر هەڵهات، فەرمانیدا کەدەوارێکی مووی بۆ هەڵبدرێ لە (نمرە) ئینجا کەوتەڕێ.

قورەیش گومانی وابوو کەلە (مشعر الحرام) دەوەستێ، هەروەك قورەیش خۆی لەسەردەمی نەفامیدا دەیکرد، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ئەوێی بەجێ هێشت و ڕۆیشت هەتا گەیشتە (عرفة) بینی دەوارەکەی بۆ هەڵدراوە لە(نمرە) ئیتر لەوێ دابەزی هەتا ڕۆژ لەنیوەی ئاسمان لایدا، ئینجا (قصواء)ی بۆ ئامادەکرا هەتا چووە ناوجەرگەی دۆڵەکەوە، لەوێ وتارێکی بۆ خەڵکیداو فەرموی: ((لەڕاستیدا خوێن و ماڵتان لەیەکتر حەرامە، وەکو حەرامی ئەم ڕۆژەتان لەم مانگەتان و لەم شارەتاندا، ئاگادار بن هەموو شتێکی سەردەمی نەفامیم خستۆتە ژێر پێمەوە، خوێن ڕشتنی سەردەمی نەفامی بەفیڕۆ چوەو داوا ناکرێ ، یەکەم خوێنێك کەکۆتایی پێ دەهێنم خوێنی (إبن ربیعه بن الحارث)ە، سووی سەردەمی نەفامیش پوچەڵ کراوەتەوە، یەکەم سوویەکیش کەلای دەبەم سووەکەی (عباس ی کوڕی عبدالمطلب)ە، هەمووی پوچەڵ بۆتەوە، لەخوا بترسن بەرامبەر بەئافرەتان چونکە ئەوان سپاردەی خوان لەلای ئێوە، بەوشەی خوا حەڵاڵتان کردوون، مافی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە کەسێك نەهێننە ماڵتان کەپێتان ناخۆش بێت، ئەگەر ئەمەیان کرد ئەوە بەلێدانێکی سووك تەمێیان بکەن، مافی ئەوانیش لەسەر ئێوە ئەوەیە کەڕۆزی و پۆشاکیان دادپەروەرانە بۆ دابین بکەن، بێگومان من شتێکم لەناو ئێوەدا بەجێ هێشتووە ئەگەر پابەندی بن هەرگیز گومڕا نابن، ئەویش پەیامی خوایە [کەقورئانە] هەروەها ئێوە پرسیارتان لێ دەکرێ دەربارەی من، ئێوە چی دەڵێن؟)) هەموو وتیان: شایەتی دەدەین کەبەڕاستی تۆ پەیامەکەت گەیاند، ئەرکی سەرشانی خۆت بەجێهێنا، دڵسۆزیت نواند.. ئینجا ئەویش پەنجەی شایەتمانی بەرزکردەوە بۆ ئاسمان و

پاشان ئاماژەی پێکرد بۆ خەڵکەکەو ﴿فەرموی﴾ خوایە تۆ بەشایەت بە خوایە تۆ بەشایەت بە، سێ جار ئینجا بانگ دراو قامەت کراو نوێژی نیوەڕۆو عەسریشی کرد لەنێوانیاندا هیچ نوێژێکی تری نەکرد، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوار بوو هەتا گەیشتە شوێنی تایبەتی وەستان، سکی وشترەکەی کردە بەردەکان و جڵەوەکەشی لەبەردەم خۆیدا داناو، ڕووی کردە قیبلە، بەوشێوەیە مایەوە هەتا خۆر ئاوا بوو، زەردایی نەما، ئینجا ئوسامەی خستە پاشکۆی خۆیو پێغەمبەر (ﷺ) جڵەوی (قصواء)ی توند کردبوو هەتا سەری دەیدا لەبەردەمی کۆپانەکەی، بەردەوام بەدەستی ڕاستی ئاماژەی دەکردو دەیفەرموو: خەڵکینە لەسەرخۆیی، لەسەرخۆیی، هەرکە دەگەیشتە تەپۆڵکەیەکی لم جڵەوی بۆ شل دەکرد تا بەئاسانی سەربکەوێت هەتا گەیشتە (مزدلفە) ئەوسا نوێژی شێوان و خەوتنانیان کرد بەبانگێك و دوو قامەت تەسبیحاتیان لەنێواندا نەکرد، پاشان پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕاکشا هەتا بەرەبەیان، ئینجا کاتێ کەزانی بەیانییە بەبانگ و قامەتێك نوێژی بەیانییان کرد، دیسانەوە سواری (قصواء) بۆوە هەتا گەیشتە (مشعر الحرام) لەوێ ڕوی کردە قیبلەو، دوعاو نزای کرد (الله اکبر، لا إله إلا الله وحده)ی وت" هەر وەستا هەتا بەتەواوی دنیا ڕوناك بۆوە، پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ وشترەکەی لێ خوڕی.. (فضل ی کوڕی عباس) لەنزیکیەوە بوو، پیاوێکی سەروسیما جوان و سپیکەلانە بوو، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) دەڕۆیشت کۆمەڵە ئافرەتێك لەکەژاوەدا بوون تێپەڕین بەلایدا، (فضل) سەیری دەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) بەدەستی بەرچاوی گرت، کەچی فضل ڕوی بەلایەکی تردا وەرچەرخان و هەر تەماشای دەکردن، پێغەمبەر (ﷺ) ئەولاشی لێگرت کەچی هەر کوڵی نەدا" پاشان ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە دۆڵی (محسّر) لەوێش نەختێك جولاو ڕێگەی ناوەڕاستی گرتەبەر کەئەوسەری لە (جمرة الکبری)وە [ڕەمزی شەیتانی گەورە] دەردەچێت، کەگەیشتنە (جمرة)کە، لەلای درەختەکەدا، لەقولایی شیوەکەوە حەوت بەردی تێگرت، کە هەر بەردێك بەئەندازەی دەنکە پاقلەیەك دەبوون، لەگەڵ هەر بەردێکدا ﴿الله اکبر﴾ی دەفەرموو، ئەوسا چوو بەرەو شوێنی سەربڕین قوربانی و [٦٣] سەر وشتری سەربڕی، پاشان [چەقۆکەی] دایە دەستی (علي) ﷺ ئەویش ئەوانی تری سەربڕی و کردیە هاوبەشی لەقوربانیەکەیدا، ئینجا فەرمانی دا لەهەر وشترێك پارچەیەکی لێ کرایەوەو لەمەنجەڵێکدا کوڵێنرا، ئەوانیش لەگۆشتەکەیان

خواردوو لەگۆشتاوەکەیان خواردەوە، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) سواری وشترەکەی بوو لێیخوڕی هەتا (بیت) نوێژی نیوەڕۆی لەمەککە کرد، ئینجا چوو بۆلای [بني عبدالمطلب] کەئاویان دەگێڕا لەسەر زەمزەم فەرمووی: ئاو ببەخشن ئەی نەوەی عبدالمطلب، خۆ ئەگەر نەبومایەتە هۆی قەرەباڵغی لەسەرتان –منیش لەگەڵ ئێوەدا ئاوم بەخەڵکی دەدا– ئینجا دۆلکەیەکیان دایە دەستی و لێی خواردەوە..

(٥٢) (لبيك) و (الله أكبر) وتن لەبەرەبەیاندا لە(مینا)وە بۆ (عرفه)

٧٠١- عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: غَدَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ مِنًى إِلَى عَرَفَاتٍ، مِنَّا الْمُلَبِّي وَمِنَّا الْمُكَبِّرُ.

(عبدالله کوڕی عمر (رضي الله عنه) دەڵێ: لەبەیانیدا لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) لەميناوە دەچووین بۆ (عرفە) هەمانبوو ﴿لبيك اللهم لبيك﴾ی دەووت، هەمانبوو ﴿الله اكبر﴾ی دەکرد.

٧٠٢- عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ الثَّقَفِيِّ (رضي الله عنه): أَنَّهُ سَأَلَ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (رضي الله عنه) – وَهُمَا غَادِيَانِ مِنْ مِنًى إِلَى عَرَفَةَ– كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ فِي هَذَا الْيَوْمِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَقَالَ: كَانَ يُهِلُّ الْمُهِلُّ مِنَّا فَلَا يُنْكَرُ عَلَيْهِ، وَيُكَبِّرُ الْمُكَبِّرُ مِنَّا فَلَا يُنْكَرُ عَلَيْهِ. [بخاري/ العيدين/ ٩٢٧]

(محمد کوڕی أبوبكر ثقفي) (رضي الله عنه) دەڵێ: پرسیارم لە (انس کوڕی مالك) (رضي الله عنه) کردوە لەکاتێکدا هەردوکیان لەبەیانیدا لەميناوە دەچوون بۆ عەرەفە: چیتان دەکرد کاتێك لەوڕۆژەدا لەخزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بوون؟ ئەویش وتی: هەبوو ﴿لا إله إلا الله﴾ی دەووت کەس ڕەخنەی لێ نەدەگرت، هەبوو ﴿الله اكبر﴾ ی دەکرد، ئەویش کەس ڕەخنەی لێ نەدەگرت.

(٥٣) ﴿ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس﴾

٧٠٣- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: كَانَ قُرَيْشٌ وَمَنْ دَانَ دِينَهَا يَقِفُونَ بِالْمُزْدَلِفَةِ، وَكَانُوا يُسَمَّوْنَ الْحُمْسَ، وَكَانَ سَائِرُ الْعَرَبِ يَقِفُونَ بِعَرَفَةَ، فَلَمَّا جَاءَ الْإِسْلَامُ أَمَرَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ نَبِيَّهُ (ﷺ) أَنْ يَأْتِيَ عَرَفَاتٍ فَيَقِفَ بِهَا، ثُمَّ يُفِيضَ مِنْهَا، فَذَلِكَ قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ﴾ [البقرة: ١٩٩]. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٤٨]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: قورەیش و ئەوانەی لەسەر دینی ئەو بوون لە (مزدلفه) دەوەسـتان، پێیـان دەوتـن (حمـس) واتـە: [شـوێنی سەرسـەختەکان] بـەڵام عەرەبەکانی تر لە (عرفه) دەوەستان، کاتێ ئیسلام هات خوای گەورە فەرمانیدا بەپێغەمبەرەکـەی کەبـچێت لـە (عەرەفـە) بوەسـتێت و پاشـان لـەوێوە دابـەزێت، ئەمـەیان مانـای فـەرمودەی خوایـە ﴿خـەڵکی لـەکوێوە دابـەزین ئێـوەش لـەوێوە دابەزن﴾.

٧٠٤- عن جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ (ﷺ) قَالَ: أَضْلَلْتُ بَعِيرًا لِي، فَذَهَبْتُ أَطْلُبُهُ يَوْمَ عَرَفَةَ، فَرَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَاقِفًا مَعَ النَّاسِ بِعَرَفَةَ، فَقُلْتُ: وَاللَّهِ إِنَّ هَذَا لَمِنَ الْحُمْسِ فَمَا شَأْنُهُ هَاهُنَا؟ وَكَانَتْ قُرَيْشٌ تُعَدُّ مِنَ الْحُمْسِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٨١]

(جـبیری کـوڕی مطعـم) (ﷺ) دەڵـێ: وشـترێکم ون کردبـوو، ڕۆژی عەرەفـە بەدوایـدا دەگـەڕام، پێغەمبـەری خـوام (ﷺ) بینـی لەعەرەفـەدا لەگـەڵ خەڵکیـدا وەستا بـوو، وتم بـەخوا ئەمـە لـە (حمـس)ە چـی دەکات لێرە، چونکە قورەیش کۆمەڵی (حمس) بوون.

(٥٤) بەجێهێشتنی (عەرەفە) و نوێژکردن لە (مزدلفه)

٧٠٥- عن كُرَيْبٌ: أَنَّهُ سَأَلَ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ (ﷺ): كَيْفَ صَنَعْتُمْ حِينَ رَدِفْتَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَشِيَّةَ عَرَفَةَ؟ فَقَالَ: جِئْنَا الشِّعْبَ الَّذِي يُنِيخُ النَّاسُ فِيهِ لِلْمَغْرِبِ، فَأَنَاخَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) نَاقَتَهُ وَبَالَ -وَمَا قَالَ أَهَرَاقَ الْمَاءَ- ثُمَّ دَعَا بِالْوَضُوءِ فَتَوَضَّأَ وُضُوءًا لَيْسَ بِالْبَالِغِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ الصَّلَاةَ؟ فَقَالَ: ((الصَّلَاةُ أَمَامَكَ)). فَرَكِبَ حَتَّى جِئْنَا الْمُزْدَلِفَةَ فَأَقَامَ الْمَغْرِبَ، ثُمَّ أَنَاخَ النَّاسُ فِي مَنَازِلِهِمْ وَلَمْ يَحُلُّوا حَتَّى أَقَامَ الْعِشَاءَ الْآخِرَةَ فَصَلَّى، ثُمَّ حَلُّوا، قُلْتُ: فَكَيْفَ فَعَلْتُمْ حِينَ أَصْبَحْتُمْ؟ قَالَ: رَدِفَهُ الْفَضْلُ بْنُ عَبَّاسٍ، وَانْطَلَقْتُ أَنَا فِي سُبَّاقِ قُرَيْشٍ عَلَى رِجْلَيَّ. [بخاري/ الوضوء/ ١٣٩]

(کریـب) پرسـیاری لـە (أسـامەی کـوڕی زەیـد) (ﷺ) کـرد: ئێـوارەی عەرەفـە کەلەپاشکۆی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بویت چیتان کرد؟ ئەویش وتی: چوین بۆ ئـەو دەربەنـدەی کەخـەڵکی لێ دادەبـەزێت بـۆ نوێـژی شـێوان، پێغەمبـەر (ﷺ) وشـترەکەی یـخ داو دەسـتی بـەئاو گەیانـد، ئینجـا داوای ئـاوی کـردو دەسـت نوێـژێکی گـرت و ئـاوی کـەم بەکارهێنا، منیش وتم ئەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نوێـژ بکـەین، ئـەویش فـەرمووی نوێـژ لەبەردەمتایـە، ئینجـا سـوار بـوو هـەتا

گەیشتینە (مزدلفە) قامەت کرا بۆ نوێژی شێوان لەوەودوا خەڵکی لەشوێنەکانی خۆیاندا وشترەکانیان یخ دا بەلاّم بارەکانیان لێ نەکردنەوە هەتا قامەت بۆ نوێژی خەوتنان کراو نوێژی کرد، ئینجا بارەکانیان داگرت، پرسیم: ئەی کاتێ کەبەیانیتان ئێهات چیتان کرد؟ وتی: (فضل ی کوڕی عباس) چووە پاشکۆی و منیش لەپێشەنگی قورەیش دا بەپێ ڕۆیشتم.

(٥٥) گەڕانەوە لە(عەرەفە)

٧٠٦ـ عَنْ عروة قَالَ: سُئِلَ أُسَامَةُ وَأَنَا شَاهِدٌ -أَوْ قَالَ: سَأَلْتُ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ (ﷺ)- وكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَرْدَفَهُ مِنْ عَرَفَاتٍ: قُلْتُ كَيْفَ كَانَ يَسِيرُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ أَفَاضَ مِنْ عَرَفَةَ؟ قَالَ: كَانَ يَسِيرُ الْعَنَقَ، فَإِذَا وَجَدَ فَجْوَةً نَصَّ. [بخاري/ الحج/ ١٥٨٣]

(عروە) دەڵێ: پرسیار کراوە لە (أسامە) کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی خستبووە پاشکۆی خۆی -من خۆم شایەت بووم- پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەعەرەفات دا چۆن دەڕۆی کاتێ عەرەفەی بەجێهێشت ؟ وتی: مام ناوەندی دەڕۆیشت ئەگەر بوارێکی بەدی بکردایە خێراتر دەبوو.

(٥٦) نوێژی مەغریب و عیشا لە (مزدلفە)

٧٠٧ـ عن ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: جَمَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ، بِجَمْعٍ، لَيْسَ بَيْنَهُمَا سَجْدَةٌ. وَصَلَّى الْمَغْرِبَ ثَلَاثَ رَكَعَاتٍ، وَصَلَّى الْعِشَاءَ رَكْعَتَيْنِ. فَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ يُصَلِّي بِجَمْعٍ كَذَلِكَ حَتَّى لَحِقَ بِاللَّهِ تَعَالَى. [بخاري/ الحج/ ١٥٨٩]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی مەغریب و عیشای کۆکردەوە بەکۆکردنەوەیەك لەنێوانیاندا نوێژی تری نەکرد، سێ ڕکات نوێژی شێوان و دوو ڕکات نوێژی خەوتنانیشی کرد، جا (عبدالله) لە (مزدلفە)دا هەر ئاوای دەکرد تاگەیشتەوە لای خوا.

(٥٧) نوێژی مەغریب و عیشا بەقامەتێك

٧٠٨ـ عن سَعِيدُ بْنُ جُبَيْرٍ قالَ: أَفَضْنَا مَعَ ابْنِ عُمَرَ حَتَّى أَتَيْنَا جَمْعًا، فَصَلَّى بِنَا الْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ بِإِقَامَةٍ وَاحِدَةٍ، ثُمَّ انْصَرَفَ فَقَالَ: هَكَذَا صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي هَذَا الْمَكَانِ.

(سعیدی کوڕی جبیر) دەڵـێ: لەگەڵ (إبن عمر)دا لە(عرفات)ەوە هاتین بۆ (مزدلفە)، نوێـژی شـێوان و خـەوتنانی بەقامـەتێك بـۆ کـردین، ئینجا ڕۆیشت و وتی: هەر ئاوا پێغەمبەر (ﷺ) لەم شوێنەدا نوێژی بۆ کردین.

(٥٨) نوێژی بەیانی لە(مزدلفە)

٧٠٩ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) صَلَّى صَلَاةً إِلَّا لِمِيقَاتِهَا إِلَّا صَلَاتَيْنِ: صَلَاةَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِجَمْعٍ، وَصَلَّى الْفَجْرَ يَوْمَئِذٍ قَبْلَ مِيقَاتِهَا. [بخاري/ الحج/ ١٥٩٨]

(عبدالله کوڕی مسعود) دەڵێ: پێغەمبەرم (ﷺ) نەدیوە نوێژێك بکات لەکاتی خۆیدا نەبێ جگە لەنوێـژی شـێوان و خـەوتنان لـە (مزدلفە)، نوێـژی بەیانیشی پێش ئەو کاتەی جارانی کرد.

(٥٩) دابەزین لە(مزدلفە)وە بۆ ئافرەتی کەم ڕەو

٧١٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: اسْتَأْذَنَتْ سَوْدَةُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَيْلَةَ الْمُزْدَلِفَةِ تَدْفَعُ قَبْلَهُ، وَقَبْلَ حَطْمَةِ النَّاسِ، وَكَانَتِ [امْرَأَةً] ثَبِطَةً -يَقُولُ الْقَاسِمُ: وَالثَّبِطَةُ الثَّقِيلَةُ- قَالَ: فَأَذِنَ لَهَا، فَخَرَجَتْ قَبْلَ دَفْعِهِ، وَحَبَسَنَا حَتَّى أَصْبَحْنَا فَدَفَعْنَا بِدَفْعِهِ، وَلَأَنْ أَكُونَ اسْتَأْذَنْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَمَا اسْتَأْذَنَتْهُ سَوْدَةُ، فَأَكُونَ أَدْفَعُ بِإِذْنِهِ، أَحَبُّ إِلَيَّ مِنْ مَفْرُوحٍ بِهِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٩٦]

(عائشە) (ﷺ) دەڵـێ: (سـودە) (ﷺ) مۆڵـەتی خواسـت لـە پێغەمبـەر (ﷺ) لەشەوی (مزدلفە)دا تا پێش ئەو بڕوات، پێش ئەوەی خەڵکی قەڵەبالغی بکەن چـونکە ئـافرەتێکی کـەمڕەو بـوو، ئـەویش مۆڵەتی‌دا، ئـیتر هـەتا بـەیانی ئـەو کەوتـەڕێ خۆ ئەگەر منیش مۆڵـەتم بخواستایە لە پێغەمبـەر (ﷺ) وەك (سـودە) بڕۆشتایەم لەهەموو شت لام خۆشتر بوو.

(٦٠) پێشخستنی ئافرەت لە مزدلفە

٧١١ـ عن عَبْدُ اللَّهِ مَوْلَى أَسْمَاءَ قَالَ: قَالَتْ لِي أَسْمَاءُ (ﷺ) وَهِيَ عِنْدَ دَارِ الْمُزْدَلِفَةِ: هَلْ غَابَ الْقَمَرُ؟ قُلْتُ: لَا، فَصَلَّتْ سَاعَةً، ثُمَّ قَالَتْ: يَا بُنَيَّ هَلْ غَابَ الْقَمَرُ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَتْ: ارْحَلْ بِي، فَارْتَحَلْنَا حَتَّى رَمَتِ الْجَمْرَةَ، ثُمَّ صَلَّتْ فِي مَنْزِلِهَا، فَقُلْتُ لَهَا: أَيْ هَنْتَاهْ لَقَدْ غَلَّسْنَا، قَالَتْ: كَلَّا أَيْ بُنَيَّ، إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَذِنَ لِلظُّعُنِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٩٥]

(عبدالله) كارگوزاری (أسماء) دەڵێ: (أسماء) (ﷺ) لەمزدلفە وە پێی وتم: ئایا مانگ ئاوا بووە؟ وتم: نەخێر، ساتێك نوێژی كرد، ئینجا وتی: ئەی كوڕی شیرینم مانگ ئاوا بووە؟ وتم: بەڵێ: وتی: كۆچم پێ بكە، كۆچمان كرد تاگەیشتینە مینا، ئەوسا بەرد بارانی (جمرە)ی كرد، پاشان نوێژی كرد لەشوێنەكەی خۆیدا.. پێم وت: پوری بەتاریكی هاتین... فەرموی: نەخێر، ئەی كوڕم، پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی داوە بەئافرەتان.

(٦١) پێشخستنی پیرو پەككەوتە

٧١٢- عن ابْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قالَ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي الثَّقَلِ -أَوْ قَالَ: فِي الضَّعَفَةِ- مِنْ جَمْعٍ بِلَيْلٍ. [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٥٧]

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) منی نارد لە (مزدلفە) وە لەشەودا لەناو كەم ڕەوو پەككەوتەكاندا.

٧١٣- عن سَالِمَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) كَانَ يُقَدِّمُ ضَعَفَةَ أَهْلِهِ، فَيَقِفُونَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ بِالْمُزْدَلِفَةِ بِاللَّيْلِ، فَيَذْكُرُونَ اللَّهَ مَا بَدَا لَهُمْ، ثُمَّ يَدْفَعُونَ قَبْلَ أَنْ يَقِفَ الْإِمَامُ وَقَبْلَ أَنْ يَدْفَعَ، فَمِنْهُمْ مَنْ يَقْدَمُ مِنًى لِصَلَاةِ الْفَجْرِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَقْدَمُ بَعْدَ ذَلِكَ، فَإِذَا قَدِمُوا رَمَوْا الْجَمْرَةَ، وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَقُولُ: أَرْخَصَ فِي أُولَئِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ الحج/ ١٥٩٢]

(سالم ی كوڕی عبدالله) دەڵێ: (عبدالله ی كوڕی عمر) (ﷺ) هەمیشە خزم وكەسی لاوازو پەككەوتەی پێش خۆی دەخست، بەشێك لەشەو لە(مشعر الحرام، لە مزدلفە) دەمانەوەو یادی خوایان دەكرد ئەوەندەی بۆیان بگونجایە، پێش ئەوەی ئیمام هەستێو بكەوێتەڕێ ئەوان دەڕۆیشتن هەیان بوو پێش نوێژی بەیانی دەگەیشتە مینا هەیان بوو دواتر، هەركات گەیشتبن (جمرە)یان بەرد باران دەكرد، جا (إبن عمر) دەیوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی ئەمانەی داوە.

(٦٢) (لبيك) وتنی حاجی تاكاتی بەردبارانی (جمره العقبه) یە

٧١٤- عن ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَرْدَفَ الْفَضْلَ (ﷺ) مِنْ جَمْعٍ، قَالَ: فَأَخْبَرَنِي ابْنُ عَبَّاسٍ: أَنَّ الْفَضْلَ أَخْبَرَهُ: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَمْ يَزَلْ يُلَبِّي حَتَّى رَمَى جَمْرَةَ الْعَقَبَةِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٨٦]

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) (فضل)ی خستە پاشکۆی خۆی لە مزدلفە، پاشان (فضل) هەواڵی دایە کە: پێغەمبەر (ﷺ) بەردەوام (لبیك)ی دەووت هەتا (جمرة العقبة)ی بەرد باران کرد.

٧١٥ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ يَزِيدَ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ لَبَّى حِينَ أَفَاضَ مِنْ جَمْعٍ، فَقِيلَ: أَعْرَابِيٌّ هَذَا؟ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: أَنَسِيَ النَّاسُ أَمْ ضَلُّوا؟ سَمِعْتُ الَّذِي أُنْزِلَتْ عَلَيْهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ يَقُولُ فِي هَذَا الْمَكَانِ: ((لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ)).

(عبدالرحمن ی کوڕی زەید) (ﷺ) دەڵێ: (عبدالله)، (لبیك)ی وت کاتێ کەلە (مزدلفە) دەرچوو، وتیان: ئەمە: عەرەبی بیابان نشینە؟ عبدالله وتی: خەڵکی بیریان چووە یان سەریان لێ شێواوە؟ من گوێم لەو کەسە بوو کەسورەتی (البقرة)ی بۆ دابەزی لەم شوێنەدا دەیفەرموو: (لبیك اللهم لبیك).

(٦٣) بەرد بارانی (جمرە)

٧١٦ـ عَنِ الْأَعْمَشِ قَالَ: سَمِعْتُ الْحَجَّاجَ بْنَ يُوسُفَ يَقُولُ وَهُوَ يَخْطُبُ عَلَى الْمِنْبَرِ: أَلِّفُوا الْقُرْآنَ كَمَا أَلَّفَهُ جِبْرِيلُ: السُّورَةُ الَّتِي يُذْكَرُ فِيهَا الْبَقَرَةُ، وَالسُّورَةُ الَّتِي يُذْكَرُ فِيهَا النِّسَاءُ، وَالسُّورَةُ الَّتِي يُذْكَرُ فِيهَا آلُ عِمْرَانَ، قَالَ: فَلَقِيتُ إِبْرَاهِيمَ فَأَخْبَرْتُهُ بِقَوْلِهِ، فَسَبَّهُ وَقَالَ: حَدَّثَنِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ يَزِيدَ: أَنَّهُ كَانَ مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ (ﷺ) فَأَتَى جَمْرَةَ الْعَقَبَةِ فَاسْتَبْطَنَ الْوَادِي، فَاسْتَعْرَضَهَا فَرَمَاهَا مِنْ بَطْنِ الْوَادِي بِسَبْعِ حَصَيَاتٍ يُكَبِّرُ مَعَ كُلِّ حَصَاةٍ، قَالَ: فَقُلْتُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ، إِنَّ النَّاسَ يَرْمُونَهَا مِنْ فَوْقِهَا؟ فَقَالَ: هَذَا –وَالَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ– مَقَامُ الَّذِي أُنْزِلَتْ عَلَيْهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ. [بخاري/ الحج/ ١٦٦٣]

لە (أعمش)ەوە ئەویش لە (إبراهیم)ەوە دەڵێ: (عبدالرحمن کوڕی یزید) بۆی گێڕامەوە کەلەگەڵ (عبدالله ی کوڕی مسعود) (ﷺ) دا بوو بەرەو (جمرە العقبە) شۆڕ بۆوە بۆ ناوەڕاستی دۆڵەکە، لەوێوە حەوت بەردی گرتە (جمرە)و لەگەڵ هەر بەردێکدا (الله أکبر)ی دەکرد، وتم: ئەی (أبو عبدالرحمن) خەڵکی لەسەرەوە بەردی تێدەگرن؟ وتی: سوێند بەو زاتەی جگە لەو خوایەکی تر نییە، ئەم شوێنە شوێنی ئەو کەسەیە کە سورەتی (البقرة)ی نازڵ بۆتە سەر.

(٦٤) بەردبارانی (جمرە) بەسواریی

٧١٧ـ عن جَابِر (ﷺ) قالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَرْمِي عَلَى رَاحِلَتِهِ يَوْمَ النَّحْرِ، وَيَقُولُ: ((لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ، فَإِنِّي لَا أَدْرِي لَعَلِّي لَا أَحُجُّ بَعْدَ حَجَّتِي هَذِهِ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرم (ﷺ) بینی لەسەر وشترەکەیەوە لەڕۆژی جەژن دا بەرد بارانی (جمرە)ی دەکردو دەیفەرموو: دروشمەکانی حەجتان لەمن وەربگرن، چونکە نازانم، لەوانەیە دوای ئەم حەجەم حەجێکی تر نەکەم.

(٦٥) قەبارەی بەردەکان

٧١٨- عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) رَمَى الْجَمْرَةَ بِمِثْلِ حَصَى الْخَذْفِ.

(جابری کوڕی عبدالله) دەڵێ: پێغەمبەرم بینی (ﷺ) بەردبارانی (جمرە)ی دەکرد بەوردە چەوێك کەبەدوو پەنجە بهاوێژرێ و بەئەندازەی پاقلەیەك.

(٦٦) کاتی بەردباران کردن

٧١٩- عَنْ جَابِرِ بْنَ عبدالله (ﷺ) قَالَ: رَمَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْجَمْرَةَ يَوْمَ النَّحْرِ ضُحًى، وَأَمَّا بَعْدُ فَإِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ.

(جابری کوڕی عبدالله) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەردبارانی (جمرە)ی کرد لەڕۆژی جەژنی قوربانـدا کاتی چێشتەنگاو بەڵام ڕۆژانی تر کاتی نیوەڕۆ بەدواوە.

(٦٧) بەرد باران تاکە

٧٢٠- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((الاسْتِجْمَارُ تَوٌّ، وَرَمْيُ الْجِمَارِ تَوٌّ، وَالسَّعْيُ بَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ تَوٌّ، وَالطَّوَافُ تَوٌّ، وَإِذَا اسْتَجْمَرَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَجْمِرْ بِتَوٍّ)).

(جابر) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: تارەت گرتن بەبەرد تاکە، بەرد بارانی (جمرە)کان تاکە، ڕاکردنی نێوان صەفاو مەروە تاکە، تەواف تاکە... ئەگەر کەسێکتان بەبەرد خۆی پاك کردەوە با بەتاك خۆی پاك بکاتەوە.

(٦٨) سەرتاشینی پێغەمبەر (ﷺ)

٧٢١- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَلَقَ رَأْسَهُ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ.
[بخاري/ الحج/ ١٦٤١،١٦٣٩]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەحەجیماڵئاواییدا سەری خۆی تاشی.

(٦٩) تاشین و کورتکردنەوە

٧٢٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِينَ)). قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلِلْمُقَصِّرِينَ. قَالَ: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِينَ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلِلْمُقَصِّرِينَ. قَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِلْمُحَلِّقِينَ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلِلْمُقَصِّرِينَ. قَالَ: ((وَلِلْمُقَصِّرِينَ)). [بخاري/ الحج/ ١٦٤١،١٦٣٩]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوایە لەوانە خۆش ببە کەسەریان تاشیوە)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەوانەی کورتیان کردۆتەوە.. فەرمووی: ((خوایە لەوانە خۆش ببە کەسەریان تاشیوە)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەوانەی کورتیان کردۆتەوە.. فەرمووی: ((خوایە لەوانە خۆش ببە کەسەریان تاشیوە)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەی ئەوانەی کورتیان کردۆتەوە.. ئینجا فەرمووی: ((لەوانەش کەکورتیان کردۆتەوە)).

(٧٠) ڕەجم و قوربانیی و سەرتاشین

٧٢٣ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَمَى جَمْرَةَ الْعَقَبَةِ ثُمَّ انْصَرَفَ إِلَى الْبُدْنِ فَنَحَرَهَا، وَالْحَجَّامُ جَالِسٌ، وَقَالَ بِيَدِهِ عَنْ رَأْسِهِ فَحَلَقَ شِقَّهُ الْأَيْمَنَ فَقَسَمَهُ فِيمَنْ يَلِيهِ، ثُمَّ قَالَ: ((احْلِقِ الشِّقَّ الْآخَرَ)). فَقَالَ: ((أَيْنَ أَبُو طَلْحَةَ)). فَأَعْطَاهُ إِيَّاهُ. [بخاري/ الوضوء/ ١٦٩]

(أنس ی کوڕی مالك) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرد بارانی (جمره العقبه)ی کردو ئینجا تەشریفی برد بۆ لای قوربانیەکەی و سەری بڕی، کەڵەشاخ گرەکە دانیشتبوو ﴿کەسەرتاشینیشی دەکرد﴾ بەدەست ئامازەی فەرموو کەلای ڕاستی سەری بتاشێ و کردی بەدوو بەشەوە (کەلای ڕاستی تەواو کرد) فەرمووی: ((ئەو لاشی بتاشە)).

(٧١) ئەوەی پێش قوربانیی سەری بتاشێ

٧٢٤ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: وَقَفَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى رَاحِلَتِهِ، فَطَفِقَ نَاسٌ يَسْأَلُونَهُ، فَيَقُولُ الْقَائِلُ مِنْهُمْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي لَمْ أَكُنْ أَشْعُرُ أَنَّ الرَّمْيَ قَبْلَ النَّحْرِ، فَنَحَرْتُ قَبْلَ الرَّمْيِ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَارْمِ وَلَا حَرَجَ)). قَالَ: وَطَفِقَ آخَرُ يَقُولُ: إِنِّي لَمْ أَشْعُرْ أَنَّ النَّحْرَ قَبْلَ الْحَلْقِ، فَحَلَقْتُ قَبْلَ أن أنحر؟ فَيَقُول: ((انحر ولا حرج)). قَالَ: فما سمعته يُسْأَلُ يَوْمَئِذٍ عَنْ أَمْرٍ مِمَّا

يَنْسَى الْمَرْءُ وَيَجْهَلُ -مِنْ تَقْدِيمِ بَعْضِ الْأُمُورِ قَبْلَ بَعْضٍ وَأَشْبَاهِهَا- إِلَّا قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((افْعَلُوا ذَلِكَ وَلَا حَرَجَ)). [بخاري/ العلم/ ٨٣]

(عبدالله ی کوڕی عمرو ی کوڕی عاص) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر وڵاغەکەی وەستا بوو خەڵکی دەچوون پرسیاریان لێ دەکرد، یەیکێکیان دەیوت: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من نەمزانی کەبەردباران کردن پێش قوربانی کردنە، قوربانیم کرد پێش بەرد باران کردن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئێستا بەرد بارانەکەت بکەو قەیناکا)) یەکێکی تر وتی: من نەمزانی کە قوربانی پێش سەرتاشینە، سەرم تاشی پێش قوربانی کردن، فەرموی: ((قوربانییەکەت بکەو قەیناکات)).. ئەوڕۆژە نەمبیست کەسێك پرسیار بکات لەوانەی کە نەیاندەزانی یان بیریان چوو بوو، هەندێ شتیان پێش هەندێکی تر کردبو، پێغەمبەر (ﷺ) هەر دەیفەرموو: ((ئەوە بکەو قەیناکات)).

٧٢٥- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَأَتَاهُ رَجُلٌ يَوْمَ النَّحْرِ وَهُوَ وَاقِفٌ عِنْدَ الْجَمْرَةِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي حَلَقْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ فَقَالَ: ((ارْمِ وَلَا حَرَجَ)). وَأَتَاهُ آخَرُ فَقَالَ: إِنِّي ذَبَحْتُ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ قَالَ: ((ارْمِ وَلَا حَرَجَ)). وَأَتَاهُ آخَرُ فَقَالَ: إِنِّي أَفَضْتُ إِلَى الْبَيْتِ قَبْلَ أَنْ أَرْمِيَ؟ قَالَ: ((ارْمِ وَلَا حَرَجَ)). [قَالَ]: فَمَا رَأَيْتُهُ سُئِلَ يَوْمَئِذٍ عَنْ شَيْءٍ إِلَّا قَالَ: ((افْعَلُوا وَلَا حَرَجَ)). [بخاري/ العلم/ ٨٣]

(عبدالله ی کوڕی عمرو ی کوڕی عاص) (ﷺ) دەڵێ:گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو پیاوێك هات بۆ خزمەتی لەڕۆژی قوربانیدا، ئەو لەنزیکی (جمرە العقبە)دا بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من سەرم تاشی پێش ئەوەی بەرد باران بکەم؟ فەرموی: ((بەرد باران بکەو قەیناکات)) یەکێکی تر هات و وتی: من قوربانیەکەمم سەربڕیوە پێش ئەوەی بەرد باران بکەم؟ فەرموی: ((ئێستە بەرد باران بکەو قەیناکات)) یەکێکی تر هات و وتی: من چوم بۆ تەوافی (إفاضة) پێش ئەوەی بەرد باران بکەم؟ فەرموی: ((ئێستە بەرد باران بکەو قەیناکات)).. ئەو ڕۆژە نەمدی هیچ پرسیارێکی لێ بکرێت و نەفەرمێت: ((ئەوە بکەو قەیناکات)).

(٧٢) دیاری کردنی قوزبانیی

٧٢٦ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الظُّهْرَ بِذِي الْحُلَيْفَةِ، ثُمَّ دَعَا بِنَاقَتِهِ فَأَشْعَرَهَا فِي صَفْحَةِ سَنَامِهَا الْأَيْمَنِ وَسَلَتَ الدَّمَ، وَقَلَّدَهَا نَعْلَيْنِ، ثُمَّ رَكِبَ رَاحِلَتَهُ، فَلَمَّا اسْتَوَتْ بِهِ عَلَى الْبَيْدَاءِ أَهَلَّ بِالْحَجِّ.

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی نیوەڕۆی کرد لە (ذوالحليفة) ئەوسا داوای وشترەکەی کردو نیشانەیەکی نا بەلای ڕاستی کۆپارەکەیداو خوێنەکەی سڕی و دووتاك نەعلی کردە ملی، ئینجا سواری وشترەکەی بوو کاتێ گەیشتە (بيداء) ئیحرامی بۆ حەج بەست.

(٧٣) قوربانیی دیاری کردن

٧٢٧ـ عَنْ عَمْرَةَ بِنْتِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَنَّ زِيَاداً كَتَبَ إِلَى عَائِشَةَ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: مَنْ أَهْدَى هَدْيًا حَرُمَ عَلَيْهِ مَا يَحْرُمُ عَلَى الْحَاجِّ حَتَّى يُنْحَرَ الْهَدْيُ، وَقَدْ بَعَثْتُ بِهَدْيِي، فَاكْتُبِي إِلَيَّ بِأَمْرِكِ. قَالَتْ عَمْرَةُ: قَالَتْ عَائِشَةُ: لَيْسَ كَمَا قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ، أَنَا فَتَلْتُ قَلَائِدَ هَدْيِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدَيَّ، ثُمَّ قَلَّدَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِيَدِهِ، ثُمَّ بَعَثَ بِهَا مَعَ أَبِي، فَلَمْ يَحْرُمْ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) شَيْءٌ أَحَلَّهُ اللَّهُ لَهُ حَتَّى نُحِرَ الْهَدْيُ. [بخاري/ الحج/ ١٦١٣]

(عمره کچی عبدالرحمن) (ﷺ) دەڵێ: زیاد نامەی نوسی بۆ عائشە کە(عبدالله ی کوڕی عباس) (ﷺ) وتویەتی: ئەوەی قوربانییەك بڕیار بدات، چی بۆ حاجی حەرامە بۆ ئەویش حەرامە هەتا قوربانییەکە سەردەبڕێ، جا منیش قوربانیم ناردووە، وەڵامم بدەرەوە.. (عمره) دەڵێ: (عائشە) وتی: بەو شێوەیە نییە کە (إبن عباس) دەڵێ، من خۆم ملوانکەی قوربانییەکانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) هۆنیوەتەوە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بەدەستی خۆی کردونیە ملیان و لەگەڵ باوکمدا هەموویانی نارد، کەچی هیچ شتێك لەوانەی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەڵاڵ بوو، خوای گەورە لەسەری حەرام نەکرد.

(٧٤) سواربوونی وشتری قوربانیی

٧٢٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: أَهْدَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَرَّةً إِلَى الْبَيْتِ غَنَمًا فَقَلَّدَهَا. [بخاري/ الحج/ ١٦١٧،١٦١٤]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) جارێکیان قوربانیی نارد بۆ (بيت) و ملوانکەشی کردە ملی.

٧٢٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) رَأَى رَجُلًا يَسُوقُ بَدَنَةً، فَقَالَ: ((ارْكَبْهَا)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّه، إِنَّهَا بَدَنَةٌ؟ فَقَالَ: ((ارْكَبْهَا وَيْلَكَ)) فِي الثَّانِيَةِ أَوْ فِي الثَّالِثَةِ. [بخاري/ الحج/ ١٦٠٤]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوێکی بینی وشترێکی قوربانی دابووە پێش خۆی، فەرمووی: ((سواری ببە)) کابرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ قوربانییە، فەرمووی: ((سوار ببە داماو)).

٧٣٠- عن أَبُو الزُّبَيْرِ قَالَ: سَمِعْتُ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّه (ﷺ) سُئِلَ عَنْ رُكُوبِ الْهَدْيِ، فَقَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((ارْكَبْهَا بِالْمَعْرُوفِ إِذَا أُلْجِئْتَ إِلَيْهَا، حَتَّى تَجِدَ ظَهْرًا)).

(ابو زبیر) دەڵێ: گوێم لە (جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) بوو کەپرسیاری لەسوار بوونی ولاغی قوربانی لێ کرا، ئەویش وتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: ئەگەر ناچار بویت دوور لەماندو کردن و هیلاك کردن بەکاری بهێنە، تاولاغێکی سواریت دەست دەکەوێت.

(٧٥) یەك کەوتنی مالآتی قوربانی

٧٣١- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ ذُؤَيْبًا أَبَا قَبِيصَةَ حَدَّثَهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) كَانَ يَبْعَثُ مَعَهُ بِالْبُدْنِ، ثُمَّ يَقُولُ: ((إِنْ عَطِبَ مِنْهَا شَيْءٌ، فَخَشِيتَ عَلَيْهِ مَوْتًا، فَانْحَرْهَا ثُمَّ اغْمِسْ نَعْلَهَا فِي دَمِهَا، ثُمَّ اضْرِبْ بِهِ صَفْحَتَهَا، وَلَا تَطْعَمْهَا أَنْتَ وَلَا أَحَدٌ مِنْ أَهْلِ رُفْقَتِكَ)).

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: (ذؤیبی ابو قمیصه) بۆی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وشتری قوربانی ڕەوانە دەکردوو دەیفەرموو: ((ئەگەر یەکێکیان پەکی کەوت و ترسای مردار بێتەوە سەری ببڕە، ئینجا نەعلەکەی ملی لەخوێنەکەی هەڵکێشەو بیماڵە بەلایەکیدا [وەك نیشانەیەك]، نەخۆت و نەهیچ کەس لەهاوەڵانت لێی نەخۆن)) [بۆ ئەوەی بۆ ڕێبواران و هەژاران بێت]

(٧٦) بەشداری لەقوربانی دا

٧٣٢- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّه (ﷺ) مُهِلِّينَ بِالْحَجِّ، فَأَمَرَنَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) أَنْ نَشْتَرِكَ فِي الْإِبِلِ وَالْبَقَرِ، كُلُّ سَبْعَةٍ مِنَّا فِي بَدَنَةٍ.

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) ئیحراممان بەست بۆ حەج، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێداین کەبەشداری لە(حوشترو گا)دا بکەین، هەر حەوتمان لەقوربانییەکدا.

(٧٧) قوربانی ڕەشەوڵاخ

٧٣٣- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: ذَبَحَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ عَائِشَةَ بَقَرَةً يَوْمَ النَّحْرِ. [بخاري/ الحج/ ١٦٢٣]

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەجیاتی عائشە مانگایەکی لەجەژنی قورباندا سەربڕی.

(٧٨) چۆنیەتی سەربڕینی ووشتر

٧٣٤- عَنْ زِيَادِ بْنِ جُبَيْرٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) أَتَى عَلَى رَجُلٍ وَهُوَ يَنْحَرُ بَدَنَتَهُ بَارِكَةً، فَقَالَ: ابْعَثْهَا قِيَامًا مُقَيَّدَةً، سُنَّةَ نَبِيِّكُمْ (ﷺ). [بخاري/ الحج/ ١٦٢٧]

(زیادی کوڕی جبر) (ﷺ) دەڵێ: کە (ابن عمر) (ﷺ) پیاوێکی بینی وشترەکەی بەچۆکا خستووەو خەریکە سەری دەبڕی، پێی وت: هەڵیسێنە سەرپێو دەستی ڕاستی ببەستەو ئینجا سەری ببڕە، سوننەتی پێغەمبەرەکەتانە (ﷺ).

(٧٩) بەخشینی گۆشتی قوربانی...

٧٣٥- عَنْ عَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: أَمَرَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ أَقُومَ عَلَى بُدْنِهِ، وَأَنْ أَتَصَدَّقَ بِلَحْمِهَا وَجُلُودِهَا وَأَجِلَّتِهَا، وَأَنْ لَا أُعْطِيَ الْجَزَّارَ مِنْهَا، قَالَ: ((نَحْنُ نُعْطِيهِ مِنْ عِنْدِنَا)). [بخاري/ الحج/ ١٦٣٠]

(علي) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێدام کەسەرپەرشتی قوربانییەك بکەم و گۆشتەکەی و پێستەکەی و سەرجلەکەی ببەخشمەوە، هیچی نەدەم بەقەسابەکەو فەرمووی: ((ئێمە خۆمان حەقەکەی دەدەین)).

(٨٠) تەوافی (إفاضة) لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانداية

٧٣٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَفَاضَ يَوْمَ النَّحْرِ، ثُمَّ رَجَعَ فَصَلَّى الظُّهْرَ بِمِنًى. قَالَ نَافِعٌ: فَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يُفِيضُ يَوْمَ النَّحْرِ، ثُمَّ يَرْجِعُ فَيُصَلِّي الظُّهْرَ بِمِنًى، وَيَذْكُرُ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) فَعَلَهُ. [بخاري/ الحج/ ١٦٤٥]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەوافی (إفاضة)ی کردووە لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قورباندا، پاشان گەڕاوەتەوەو نوێژی نیوەڕۆی کردووە لە

(مینا)، (نافع) دەڵێ: إبن عمر [هەموو جار] یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربان تەوافی (إفاضة)ی دەکردو پاشان دەگەڕایەوە نوێژی نیوەڕۆی لە(مینا) دەکردو دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) ئاوای کردووە.

(٨١) ئەوەی تەواف بکات ئیحرامی شکاندووە

٧٣٧ـ عن [ابْنُ جُرَيْجٍ: أَخْبَرَنِي] عَطَاءٌ قَالَ: كَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ) يَقُولُ: لَا يَطُوفُ بِالْبَيْتِ حَاجٌّ وَلَا غَيْرُ حَاجٍّ إِلَّا حَلَّ. قُلْتُ لِعَطَاءٍ: مِنْ أَيْنَ يَقُولُ ذَلِكَ؟ قَالَ: مِنْ قَوْلِ اللَّهِ تَعَالَى: ﴿ثُمَّ مَحِلُّهَا إِلَى الْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ [الحج: ٣٣]. قَالَ: قُلْتُ: فَإِنَّ ذَلِكَ بَعْدَ الْمُعَرَّفِ. فَقَالَ: كَانَ ابْنُ عَبَّاسٍ [(ﷺ)] يَقُولُ: هُوَ بَعْدَ الْمُعَرَّفِ وَقَبْلَهُ، وَكَانَ يَأْخُذُ ذَلِكَ مِنْ أَمْرِ النَّبِيِّ (ﷺ) حِينَ أَمَرَهُمْ أَنْ يَحِلُّوا فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ. [بخاري/ المغازي/ ٤١٣٥]

(إبن جريج) دەڵێ: (عطاء) هەواڵی پێدام و وتی: (إبن عباس) (ﷺ) دەیوت: هەرکەس تەواف بکات حاجی بێت یان نا ئەوە لە ئیحرام بۆتەوە، بە (عطاء)م وت: بەڵگەی چییە بۆ ئەو کارە؟ ئەویش وتی: بەڵگەی ئەم ئایەتەیە ﴿پاشان شوێنەکەی بۆ ماڵە دێرینەکەیە﴾ ﴿مەبەست کەعبەیە﴾ وتم: جائەوە دوای عەرەفەیە؟ وتی: (إبن عباس) دەیوت عەرەفەو پێش عەرەفەشە، ئەوەش لەفەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرتووە، کاتێ لەحەجی ماڵئاواییدا فەرمانی پێدان بەئیحرام شکاندن.

(٨٢) ئەوەی نیەتی حەج و عەمرەی پێکەوە هێنابێت یەك تەوافی بەسە

٧٣٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّهَا حَاضَتْ بِسَرِفَ وَتَطَهَّرَتْ بِعَرَفَةَ، فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُجْزِئُ عَنْكِ طَوَافُكِ بِالصَّفَا وَالْمَرْوَةِ عَنْ حَجِّكِ وَعُمْرَتِكِ)). [بخاري/ العمرة/ ١٦٩٦]

(عائشە) (ﷺ) دەڵێ: [لەکاتی حەجەکەیدا] لەسەرف [شوێنێکە نزیك مەککە] عادەی مانگانەی بەسەردا هاتووەو لەعەرەفات پاك بۆتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمووە: تەوافەکەی (صفاو مروة)ت بەسە بۆ حەج و عەمرەکەت.

(٨٣) ئەوەی ئیحرام بە حەج و عەمرە ببەستێ کەی دەیشکێنێ؟

٧٣٩ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَامَ حَجَّةِ الْوَدَاعِ، فَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِعُمْرَةٍ، وَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِحَجٍّ وَعُمْرَةٍ، وَمِنَّا مَنْ أَهَلَّ بِالْحَجِّ،

وَأَهَلَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بِالْحَجِّ، فَأَمَّا مَنْ أَهَلَّ بِعُمْرَةٍ فَحَلَّ، وَأَمَّا مَنْ أَهَلَّ بِحَجٍّ أَوْ جَمَعَ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ فَلَمْ يَحِلُّوا حَتَّى كَانَ يَوْمُ النَّحْرِ. [بخاري/ الحج/ ١٤٨٧]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) بووم لەساڵی حەجی ماڵئاواییدا چووین بۆ حەج، هەمانبوو نیەتی عەمرەی هێنا بوو، هەمانبوو نیەتی حەج و عەمرەی هێنا بوو، هەمانبوو تەنها نیەتی حەجی هێنا بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) نیەتی حەجی هێنا بوو، جائەوەی نیەتی بەعەمرە هێنا بوو ﴿پاش بەجێهێنانی عەمرەکە﴾ ئیحرامی شکاند، بەڵام ئەوەی نیەتی بەحەج یان نیەتی حەج و عەمرەی هێنا بوو ئیحرامیان نەشکاند، هەتا ڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان.

(٨٤) گەڕانەوە لە مەککە

٧٤٠- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) وَأَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ (ﷺ) كَانُوا يَنْزِلُونَ الْأَبْطَحَ.

(إبن عمر) ﷺ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ و ابوبکرو عمر لە (ابطح) لایان دەدا ﴿بۆ نوێژ﴾.

٧٤١- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: نُزُولُ الْأَبْطَحِ لَيْسَ بِسُنَّةٍ، إِنَّمَا نَزَلَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِأَنَّهُ كَانَ أَسْمَحَ لِخُرُوجِهِ إِذَا خَرَجَ. [بخاري/ الحج/ ١٦٧٦]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: دابەزین لە (ابطح) سوننەت نیيە، پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیو لایدا چونکە لەوێوە دەرچوونی ئاسانتر بوو.

٧٤٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَنَحْنُ بِمِنًى: ((نَحْنُ نَازِلُونَ غَدًا بِخَيْفِ بَنِي كِنَانَةَ حَيْثُ تَقَاسَمُوا عَلَى الْكُفْرِ)) وَذَلِكَ إِنَّ قُرَيْشًا وَبَنِي كِنَانَةَ تَحَالَفَتْ عَلَى بَنِي هَاشِمٍ وَبَنِي الْمُطَّلِبِ: أَنْ لَا يُنَاكِحُوهُمْ وَلَا يُبَايِعُوهُمْ حَتَّى يُسْلِمُوا إِلَيْهِمْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، يَعْنِي بِذَلِكَ الْمُحَصَّبَ. [بخاري/ الحج/ ١٥١٣]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (مینا) پێی وتین ئێمە سبەینێ لە(طیف)ی (بنو کنانە) لادەدەین، لەو شوێنەدا کەلەسەر کوفرو دژایەتی پەیمانیان بەست، ئەویش بەوەی کە قورەیش و (بنو کنانە) پەیمانیان بەست دژی (بنو هاشم) و (بنو عبدالمطلب) کەژن و ژنخوازی و کڕین و فرۆشتنیان لەگەڵ نەکەن هەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەسلیم نەکەن.

(٨٥) مانەوە بۆ ئاوگێڕان لە مەککەدا

٧٤٣ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ الْعَبَّاسَ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ (ﷺ) اسْتَأْذَنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يَبِيتَ بِمَكَّةَ لَيَالِي مِنًى مِنْ أَجْلِ سِقَايَتِهِ، فَأَذِنَ لَهُ. [بخاري/ الحج/ ١٥٥٣]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: (عباس ی کوڕی عبدالمطلب) مۆڵەتی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەرگرت کەئەو شەوانەی حاجی لە(مینا)یە ئەو لە مەککە بێت لەبەر ئاوگێڕانەکەی، ئەویش مۆڵەتی دا.

٧٤٤ـ عَنْ بَكْرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْمُزَنِيِّ قَالَ: كُنْتُ جَالِسًا مَعَ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) عِنْدَ الْكَعْبَةِ، فَأَتَاهُ أَعْرَابِيٌّ فَقَالَ: مَا لِي أَرَى بَنِي عَمِّكُمْ يَسْقُونَ الْعَسَلَ وَاللَّبَنَ وَأَنْتُمْ تَسْقُونَ النَّبِيذَ؟ أَمِنْ حَاجَةٍ بِكُمْ، أَمْ مِنْ بُخْلٍ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: الْحَمْدُ لِلَّهِ، مَا بِنَا مِنْ حَاجَةٍ، وَلَا بُخْلٍ، قَدِمَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَلَى رَاحِلَتِهِ وَخَلْفَهُ أُسَامَةُ، فَاسْتَسْقَى فَأَتَيْنَاهُ بِإِنَاءٍ مِنْ نَبِيذٍ، فَشَرِبَ، وَسَقَى فَضْلَهُ أُسَامَةَ وَقَالَ: ((أَحْسَنْتُمْ وَأَجْمَلْتُمْ، كَذَا فَاصْنَعُوا)). فَلَا نُرِيدُ تَغْيِيرَ مَا أَمَرَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ).

(بکری کوڕی عبدالله) دەڵێ: من دانیشتبووم لەگەڵ (إبن عباس) (ﷺ) دا لەپاڵ کەعبەدا، عەرەبێکی دەشتەکی هات و وتی: من جاران ئامۆزاکانی ئێوەم دەبینی هەنگوین و شیریان دەدا بەخەڵکی، کەچی ئێوە خۆشاو دەگێڕن، ئایا هەژار کەوتون یان ڕەزیلی دەکەن؟ (إبن عباس) وتی: الحمد لله، نەهەژارین و نەڕەزیل، پێغەمبەر (ﷺ) بەسواری هات و ئوسامەشی بەشوێنەوە بوو داوای خواردنەوەی کرد، ئێمەش خۆشاومان پێشکەش کرد، ئەویش لێی خواردەوەو ئەوەی لێی مایەوە دای بەئوسامەو فەرموی: ((چاکتان کردو جوانتان کردو هەر ئاوا بکەن)) ئێمەش نامانەوێ ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێداوە بیگۆڕین.

(٨٦) مانەوەی حاجی لەمەککە دوای حەج و عەمرە

٧٤٥ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ حُمَيْدٍ قَالَ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ عَبْدِ الْعَزِيزِ يَقُولُ لِجُلَسَائِهِ: مَا سَمِعْتُمْ فِي سُكْنَى مَكَّةَ؟ فَقَالَ السَّائِبُ بْنُ يَزِيدَ: سَمِعْتُ الْعَلَاءَ -أَوْ قَالَ: الْعَلَاءَ بْنَ الْحَضْرَمِيِّ- قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يُقِيمُ الْمُهَاجِرُ بِمَكَّةَ بَعْدَ قَضَاءِ نُسُكِهِ ثَلَاثًا)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٧١٨]

(عبدالرحمن كوڕی حُميد) دەڵێ: گوێم لە (عمری كوڕی عبدالعزيز) بوو بەهاونشينانی خۆی دەوت: چيتان بيستووە دەربارەی مانەوە لەمەككەدا؟ (سائبی كوڕی يزيد) لەوەڵامدا وتی: بيستومە لە (علاء ی كوڕی حضرمي) كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموويەتی: حاجی دوای بەجێهێنانی سروتەكانی (مناسك) حەج سێ ڕۆژ دەمێنێتەوە.

(٨٧) تەوافی خواحافيزيی

٧٤٦- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ النَّاسُ يَنْصَرِفُونَ فِي كُلِّ وَجْهٍ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَنْفِرَنَّ أَحَدٌ، حَتَّى يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِ بِالْبَيْتِ)).

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: خەڵكی بەهەموو لايەكدا (دوای حەج) بڵاوەيان كرد بۆيە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((كەس بڵاوەی لێ نەكات هەتا دوا كاری دەبێتە ئەوەی كەتەواف بەدەوری كەعبەدا بكات)).

(٨٨) ئەو ئافرەتەی دەكەوێتە بێنوێژی پێش تەوافی خواحافيزی

٧٤٧- عن عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: حَاضَتْ صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيٍّ (ﷺ) بَعْدَ مَا أَفَاضَتْ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَذَكَرْتُ حِيضَتَهَا لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَحَابِسَتُنَا هِيَ)). قَالَتْ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهَا قَدْ كَانَتْ أَفَاضَتْ وَطَافَتْ بِالْبَيْتِ، ثُمَّ حَاضَتْ بَعْدَ الْإِفَاضَةِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَلْتَنْفِرْ)). [بخاري/ الحج/ ١٦٤٦]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: (صفيه كچی حيی) دوای تەوافی (إفاضة) كەوتە بێنوێژيەوە، عائشه دەڵێ: منيش باسی بێ نوێژيەكەيم گێڕايەوە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: تۆ بڵێی گيرمان نەدا منيش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەوافی (إفاضة)ی كردووە، تەوافی (بيت)ی كردووە دوای ئەوە كەوتۆتە بێنوێژيەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((كەواتە بابڕوات)).

٧٤٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: أُمِرَ النَّاسُ أَنْ يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِمْ بِالْبَيْتِ، إِلَّا أَنَّهُ خُفِّفَ عَنِ الْمَرْأَةِ الْحَائِضِ. [بخاري/ الحج/ ١٦٦٨]

(إبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: فەرمان درا بەخەڵكی كەدوا سروتيان تەوافی (كەعبە) بێت، بەڵام مۆڵەت دراوە بەئافرەتی بێ نوێژ.

(٨٩) عەمرە دروستە لەمانگەکانی حەج دا

٧٤٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانُوا يَرَوْنَ أَنَّ الْعُمْرَةَ فِي أَشْهُرِ الْحَجِّ مِنْ أَفْجَرِ الْفُجُورِ فِي الْأَرْضِ، وَيَجْعَلُونَ الْمُحَرَّمَ صَفَرًا، وَيَقُولُونَ: إِذَا بَرَأَ الدَّبَرْ، وَعَفَا الْأَثَرْ. وَانْسَلَخَ صَفَرْ، حَلَّتِ الْعُمْرَةُ لِمَنِ اعْتَمَرْ. فَقَدِمَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَأَصْحَابُهُ صَبِيحَةَ رَابِعَةٍ مُهِلِّينَ بِالْحَجِّ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ يَجْعَلُوهَا عُمْرَةً، فَتَعَاظَمَ ذَلِكَ عِنْدَهُمْ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ: أَيُّ الْحِلِّ؟ قَالَ: ((الْحِلُّ كُلُّهُ)). [بخاري/ الحج/ ١٤٨٩]

(إبـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: [قـورەیش] عـەمرەیان لەمانگـەکانی حـەج دا بەگوناهێکی گەورە لەسەر زەویدا دەدایە قەڵەم، مانگی (محرم)یان دەکرد بە (صفر)و دەیانووت: ئەگەر زامی پشتی وشترەکان چاك بۆوەو ئاسەواری نەماو (صفر) تێپەڕی، عەمرە دروستە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت عەمرە بکات، بەڵام پێغەمبـەر (ﷺ) و هـاوەڵانی هـاتن و سـەرلەبەیانی چـوارەمی (ذیالحجـة) ئیحرامیان بۆ حەج بەست، کەچی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدان کەبیکەن بەعەمرە [قورەیش] ئەمەیان زۆر بە [داهێنراوێکی] گەورە زانی، بۆیە وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چیمان بۆ حەڵاڵ دەبێت بەم ئیحرام شکاندنە؟ فەرموی: ((هەموو شتێکتان بۆ حەڵاڵە)).

(٩٠) خێری عەمرە لەڕەمەزاندا

٧٥٠ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ لِامْرَأَةٍ مِنَ الْأَنْصَارِ يُقَالُ لَهَا أُمُّ سِنَانٍ: ((مَا مَنَعَكِ أَنْ تَكُونِي حَجَجْتِ مَعَنَا)). قَالَتْ: نَاضِحَانِ كَانَا لِأَبِي فُلَانٍ – زَوْجِهَا– حَجَّ هُوَ وَابْنُهُ عَلَى أَحَدِهِمَا، وَكَانَ الْآخَرُ يَسْقِي عَلَيْهِ غُلَامُنَا نَخْلًا لَنَا. قَالَ: ((فَعُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَقْضِي حَجَّةً أَوْ حَجَّةً مَعِي)). [بخاري/ العمرة/ ١٦٩٠]

(إبـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبەر (ﷺ) بەئافرەتێکی (انصار)ی کەپێی دەوترا (أم سنان) فەرمووی: ((چی ڕێی لێ گرتی کەحەجت نەکرد لەگەڵماندا؟)) ئەویش وتی: دوو وشترە ئاوکێشەکەی باوکی فڵانەکەس –مەبەستی مێردەکەی بوو– چونکە ئەو خۆی و کوڕەکەی بەسواری یەکێکیان حەجیان کرد، ئەوی تریش کارگوزارەکەمان ئاوی دارخورماکانی پێدەدا، فەرمووی: ((عەمرەیەك لەڕەمەزاندا جێی حەجێك یاخود حەجێك لەگەڵ مندا دەگرێتەوە)).

(٩١) پێغەمبەر (ﷺ) چەند حەجی کردووە

٧٥١ـ عَنْ أَبِي إِسْحَقَ قَالَ: سَأَلْتُ زَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ: كَمْ غَزَوْتَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ: سَبْعَ عَشْرَةَ. قَالَ: وَحَدَّثَنِي زَيْدُ بْنُ أَرْقَمَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) غَزَا تِسْعَ عَشْرَةَ، وَأَنَّهُ حَجَّ بَعْدَ مَا هَاجَرَ حَجَّةً وَاحِدَةً حَجَّةَ الْوَدَاعِ. قَالَ أَبُو إِسْحَقَ: وَبِمَكَّةَ أُخْرَى. [بخاري/ المغازي/ ٤١٤٢]

(أبو إسحاق) دەڵێ: پرسیارم لەزەیدی کوڕی أرقم کرد: چەند غەزات لەخزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە؟ ئەویش وتی: حەڤدە، ئینجا زەید وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نۆزدە غەزای کردووەو دوای هیجرەتیش تەنها حەجێکی کردووە ئەویش حەجیماڵئاواییە.

(٩٢) پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەند عەمرەی کردووە

٧٥٢ـ عَن أَنَس (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) اعْتَمَرَ أَرْبَعَ عُمَرٍ كُلُّهُنَّ فِي ذِي الْقَعْدَةِ، إِلَّا الَّتِي مَعَ حَجَّتِهِ: عُمْرَةً مِنَ الْحُدَيْبِيَةِ -أَوْ: زَمَنَ الْحُدَيْبِيَةِ- فِي ذِي الْقَعْدَةِ، وَعُمْرَةً مِنَ الْعَامِ الْمُقْبِلِ فِي ذِي الْقَعْدَةِ، وَعُمْرَةً مِنْ جِعْرَانَةَ حَيْثُ قَسَمَ غَنَائِمَ حُنَيْنٍ فِي ذِي الْقَعْدَةِ، وَعُمْرَةً مَعَ حَجَّتِهِ. [بخاري/ العمرة/ ١٦٨٨]

(أنس) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) چوار عەمرەی کردووەو هەموویان لە (ذو العقدة)دا بووە، جگە لەوەی کەلەگەڵ حەجەکەیدا بوو، عەمرەیەك لەحودەیبییەوە، عەمرەیەك لەساڵی دواتر، عەمرەی (جعرانە)ش کاتێ کە دەستکەوتەکانی دابەش کرد، عەمرەیەکیش لەگەڵ حەجەکەیدا.

(٩٣) سەر کورتکردنەوە لەعەمرەدا

٧٥٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: أَنَّ مُعَاوِيَةَ بْنَ أَبِي سُفْيَانَ (رضي الله عنه) أَخْبَرَهُ قَالَ: قَصَّرْتُ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِمِشْقَصٍ وَهُوَ عَلَى الْمَرْوَةِ. أَوْ: رَأَيْتُهُ يُقَصَّرُ عَنْهُ بِمِشْقَصٍ وَهُوَ عَلَى الْمَرْوَةِ. [بخاري/ الحج/ ١٦٤٣]

(إبن عباس) (رضي الله عنه) دەڵێ: معاویەی کوڕی أبو سفیان (رضي الله عنه) هەواڵی داوە کە: بەمقەست هەندێ مووم بڕی لەسەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە (مروە)دا.

(٩٤) ئافرەتی بێ نوێژ عەمرە دەگێڕێتەوە

٧٥٤ـ عَنْ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، يَصْدُرُ النَّاسُ بِنُسُكَيْنِ، وَأَصْدُرُ بِنُسُكٍ وَاحِدٍ؟ قَالَ: ((انْتَظِرِي، فَإِذَا طَهُرْتِ فَاخْرُجِي إِلَى

التَّنْعِيمِ فَأَهِلِّي مِنْهُ، ثُمَّ الْقَيْنَا عِنْدَ كَذَا وَكَذَا -قَالَ: أَظُنُّهُ قَالَ: غَدًا- وَلَكِنَّهَا عَلَى قَدْرِ نَصَبِكِ، أَوْ قَالَ: نَفَقَتِكِ)). [بخاري/ العمرة/ ١٦٩٥]

دایکی ئیمانداران (ﷺ) دەڵێ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خەڵك گەڕانەوەو دوو فەرزیان بەجێ هێنا، بەڵام من دەگەڕێمەوەو تەنها یەك فەرزم بەجێهێنا؟ فەرمووی: ((چاوەڕێ بکە، هەرکات پاك بویتەوە، بچۆ بۆ (تنعیم)و لەوێوە ئیحرام ببەستە پاشان پێمان بگە لە فلان شوێن، بەڵام پاداشت بەگوێرەی ماندوو بوون یان فەرمووی: بەگوێرەی پارە خەرج کردنەکەتە)).

(٩٥) نزای گەڕانەوە لە سەفەر

٧٥٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا قَفَلَ مِنَ الْجُيُوشِ، أَوِ السَّرَايَا أَوِ الْحَجِّ أَوِ الْعُمْرَةِ، إِذَا أَوْفَى عَلَى ثَنِيَّةٍ أَوْ فَدْفَدٍ كَبَّرَ ثَلَاثًا، ثُمَّ قَالَ: ((لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. آيِبُونَ تَائِبُونَ عَابِدُونَ سَاجِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ، صَدَقَ اللَّهُ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ)). [بخاري/ العمرة/ ١٧٠٣]

(عبدالله کوڕی عومەر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کاتی لەگەڵ لەشکر، یان پۆلێك جەنگاوەر، یان لەحەج، یان عەمرە دەگەڕایەوە دەگەیشتە سەربەرزیەك یان تەپۆڵکەیەك سێ جار الله اكبری دەکرد و دەیفەرموو: ((لا اله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، آيبون، تائبون، عابدون، ساجدون، لربنا حامدون، صدق الله وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده)) واتا: هیچ خوایەك نیە جگە لە الله، تاك و تەنهایە، خاوەنداریەتی هەر بۆ ئەوە، سوپاس و ستایش هەر شایستەی ئەوە، هەر ئەو زاتە دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، گەڕاینەوە بەتەوبەکاری و بەندایەتی و سوژدەوە. لەبۆ پەروەردگاریشمان سوپاس گوزارین، خوای گەورە بەڵێنی خۆی بەڕاست و دروست بردەسەر، بەندەی خۆی سەرخست، هەرخۆیشی هەموو دەستە و گروپ و تاقمەکانی لەناوبرد.

(٩٦) دابەزین و نوێژ کردن لە ﴿ذو الحليفة﴾

٧٥٦ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَنَاخَ بِالْبَطْحَاءِ الَّتِي بِذِي الْحُلَيْفَةِ فَصَلَّى بِهَا. وَكَانَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ يَفْعَلُ ذَلِكَ. [بخاري/ الحج/ ١٤٥٩]

(عبدالله ی کوڕی عومەر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لـە (بطحاء) ی (ذو الحليفة) لایداو نوێژی لێ کرد، ڕاوی دەڵێ: (ابن عمر)یش ئەمەی کرد.

٧٥٧- عَنْ نَافِعٍ أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ) كَانَ إِذَا صَدَرَ مِنَ الْحَجِّ أَوِ الْعُمْرَةِ أَنَاخَ بِالْبَطْحَاءِ الَّتِي بِذِي الْحُلَيْفَةِ، الَّتِي كَانَ يُنِيخُ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ).

(نافع) دەڵـێ: (عبدالله ی کوڕی عمر) (ﷺ) ئەگەر بگەڕایەتەوە لەحەج یان عەمرە لە (بطحاء) ی (ذو الحليفة) لایدەدا، ئەو شوێنەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لایدەدا.

٧٥٨- عن ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أُتِيَ وَهُوَ فِي مُعَرَّسِهِ مِنْ ذِي الْحُلَيْفَةِ فِي بَطْنِ الْوَادِي، فَقِيلَ: إِنَّكَ بِبَطْحَاءَ مُبَارَكَةٍ. قَالَ مُوسَى: وَقَدْ أَنَاخَ بِنَا سَالِمٌ بِالْمُنَاخِ مِنَ الْمَسْجِدِ الَّذِي كَانَ عَبْدُ اللَّهِ يُنِيخُ بِهِ، يَتَحَرَّى مُعَرَّسَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَهُوَ أَسْفَلُ مِنَ الْمَسْجِدِ الَّذِي بِبَطْنِ الْوَادِي، بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ وَسَطًا مِنْ ذَلِكَ. [بخاري/ الحج/ ١٤٦٢]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵـێ: هەندێك هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتێکدا ئەو لەهەوارگەکەیدا بوو لەشیوی (ذوالحليفة) پێی وترا: تۆ لە -بطحاء-یەکی پیرۆزدایت (موسی ی ڕاوی) دەڵێ: سالم دایبەزاندین لەو شوێنەدا کە ﴿عبدالله﴾ تیایدا دادەبەزی، دەگەڕا بەشوێن هەوارگەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) کەلەخوار مزگەوتەکەوە بوو کەلەناو شیوەکەدابوو لەنێوان مزگەوت و قیبلەکەدا ناوەندێك هەبوو.

(٩٧) ڕاو و داربڕین حەرامە لە مەککەدا

٧٥٩- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: لَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مَكَّةَ، قَامَ فِي النَّاسِ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ حَبَسَ عَنْ مَكَّةَ الْفِيلَ، وَسَلَّطَ عَلَيْهَا رَسُولَهُ (ﷺ) وَالْمُؤْمِنِينَ، وَإِنَّهَا لَنْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ كَانَ قَبْلِي، وَإِنَّهَا أُحِلَّتْ لِي سَاعَةً مِنْ نَهَارٍ، وَإِنَّهَا لَنْ تَحِلَّ لِأَحَدٍ بَعْدِي، فَلَا يُنَفَّرُ صَيْدُهَا، وَلَا يُخْتَلَى شَوْكُهَا، وَلَا تَحِلُّ سَاقِطَتُهَا إِلَّا لِمُنْشِدٍ، وَمَنْ قُتِلَ لَهُ قَتِيلٌ فَهُوَ بِخَيْرِ النَّظَرَيْنِ: إِمَّا أَنْ يُفْدَى وَإِمَّا أَنْ يُقْتَلَ)). فَقَالَ الْعَبَّاسُ: إِلَّا الْإِذْخِرَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَإِنَّا نَجْعَلُهُ فِي قُبُورِنَا وَبُيُوتِنَا. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((إِلَّا الْإِذْخِرَ)). فَقَامَ أَبُو شَاهٍ -رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ الْيَمَنِ- فَقَالَ: اكْتُبُوا لِي يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اكْتُبُوا لِأَبِي شَاهٍ)). قَالَ الْوَلِيدُ: فَقُلْتُ لِلْأَوْزَاعِيِّ: مَا قَوْلُهُ: اكْتُبُوا لِي يَا

رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: هَذِهِ الْخُطْبَةَ الَّتِي سَمِعَهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). [بخاري/ اللقطة/ ٢٣٠٢]

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: کاتێك خوای گەورە ڕزگارکردنی مەککەی بەخشی بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هەستایە سەرپێ لەناو خەڵکیدا و سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد و پاشان فەرمووی: ((خوای گەورە فیلەکانی گرتەوە لەمەککە پێغەمبەرەکەی و ئیماندارانی دەستەڵاتدار کرد بەسەریدا بێ گومان بۆ هیچ کەس پێش من حەڵاڵ نەبووە بجەنگێ تیایدا بەڵام لەساتێکی ڕۆژدا جەنگاندن بۆ من حەلاڵە ، لەدوای منیش بۆ کەس حەلاڵ نابێ، نێچیری ناترسێنێ ، دڕکی هەڵناکەنرێ، هەرچیەکەوتووە بۆ کەس حەلاڵ نییە هەڵی بگرێ مەگەر بیەوێ لەدوای خاوەنی بگەڕێ هەرکەس لێی کوژرا دوو ڕێگایە: یتان خوێن دەدا، یان دەکوژرێتەوە ، عباس وتی: جگە لەگژوگیا کەئێمە لەگۆڕو لەماڵە کانمانا بەکاری دێنین پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : جگە لەگژوگیا...)).

٧٦٠- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا يَحِلُّ لِأَحَدِكُمْ أَنْ يَحْمِلَ بِمَكَّةَ السِّلَاحَ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((بۆ کەستان دورست نیە کەچەك هەڵگرن لە مەککەدا)).

(٩٨) چوونە ناو شاری مەککە بێ ئیحرام بەستن

٧٦١- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) دَخَلَ مَكَّةَ -وَقَالَ قُتَيْبَةُ: دَخَلَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ- وَعَلَيْهِ عِمَامَةٌ سَوْدَاءُ بِغَيْرِ إِحْرَامٍ.

(جابری کوڕی عبدالله ی الانصاری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) چووە شاری مەککە (قتیبە) دەڵێ: چووە مەککەوە ڕۆژی سەرکەوتن، مێزەرێکی ڕەشی بەسەرەوە بوو ئیحرامی نەبەستبوو.

(٩٩) [حجری ئیسماعیل] و دەرگای کەعبە

٧٦٢- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْجَدْرِ، أَمِنَ الْبَيْتِ هُوَ؟ قَالَ: ((نَعَمْ)). قُلْتُ: فَلِمَ لَمْ يُدْخِلُوهُ فِي الْبَيْتِ؟ قَالَ: ((إِنَّ قَوْمَكِ قَصَّرَتْ بِهِمُ النَّفَقَةُ)). قُلْتُ: فَمَا شَأْنُ بَابِهِ مُرْتَفِعًا؟ قَالَ: ((فَعَلَ ذَلِكِ قَوْمُكِ لِيُدْخِلُوا مَنْ شَاءُوا وَيَمْنَعُوا مَنْ شَاءُوا، وَلَوْلَا أَنَّ قَوْمَكِ حَدِيثٌ عَهْدُهُمْ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَأَخَافُ أَنْ تُنْكِرَ

قُلُوبُهُمْ، لَنَظَرْتُ أَنْ أُدْخِلَ الْجَدْرَ فِي الْبَيْتِ، وَأَنْ أُلْزِقَ بَابَهُ بِالْأَرْضِ)). [بخاري/ الحج/ ١٥٠٧]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) ئایا (حجری ئیسماعیل) بەشێکە لە (بیت)؟ فەرمووی: ((بەڵێ)) وتم: ئەی بۆ نەیانخستۆتە سەر (بیت)؟ فەرمووی: ((ئەوە خزمەکانت وایان کردووە تا کێیان بوێ بیکەنە ژوورەوە، کێیان بوێ نەیەڵن، جا ئەگەر خزمەکانت لەسەردەمی نەفامیەوە نزیک نەبونایە کە دەترسم پێیان ناخۆش بێت لەوانە بوو دیوارەکە بخەمە سەر (بیت) دەرگاکەشی ڕێکی زەوی بکەم)).

(١٠٠) دەربارەی دروستکردنەوەی کەعبە

٧٦٣- عَنْ عَطَاءٍ قَالَ: لَمَّا احْتَرَقَ الْبَيْتُ زَمَنَ يَزِيدَ بْنِ مُعَاوِيَةَ حِينَ غَزَاهَا أَهْلُ الشَّامِ، فَكَانَ مِنْ أَمْرِهِ مَا كَانَ، تَرَكَهُ ابْنُ الزُّبَيْرِ حَتَّى قَدِمَ النَّاسُ الْمَوْسِمَ يُرِيدُ أَنْ يُجَرِّئَهُمْ -أَوْ يُحَرِّبَهُمْ- عَلَى أَهْلِ الشَّامِ، فَلَمَّا صَدَرَ النَّاسُ قَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ أَشِيرُوا عَلَيَّ فِي الْكَعْبَةِ، أَنْقُضُهَا ثُمَّ أَبْنِي بِنَاءَهَا، أَوْ أُصْلِحُ مَا وَهَى مِنْهَا؟ قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: فَإِنِّي قَدْ فُرِقَ لِي رَأْيٌ فِيهَا، أَرَى أَنْ تُصْلِحَ مَا وَهَى مِنْهَا، وَتَدَعَ بَيْتًا أَسْلَمَ النَّاسُ عَلَيْهِ، وَأَحْجَارًا أَسْلَمَ النَّاسُ عَلَيْهَا، وَبُعِثَ عَلَيْهَا النَّبِيُّ (ﷺ). فَقَالَ ابْنُ الزُّبَيْرِ: لَوْ كَانَ أَحَدُكُمُ احْتَرَقَ بَيْتُهُ مَا رَضِيَ حَتَّى يُجِدَّهُ، فَكَيْفَ بَيْتُ رَبِّكُمْ؟ إِنِّي مُسْتَخِيرٌ رَبِّي ثَلَاثًا، ثُمَّ عَازِمٌ عَلَى أَمْرِي. فَلَمَّا مَضَى الثَّلَاثُ أَجْمَعَ رَأْيَهُ عَلَى أَنْ يَنْقُضَهَا، فَتَحَامَاهُ النَّاسُ أَنْ يَنْزِلَ بِأَوَّلِ النَّاسِ يَصْعَدُ فِيهِ أَمْرٌ مِنَ السَّمَاءِ، حَتَّى صَعِدَهُ رَجُلٌ، فَأَلْقَى مِنْهُ حِجَارَةً، فَلَمَّا لَمْ يَرَهُ النَّاسُ أَصَابَهُ شَيْءٌ تَتَابَعُوا فَنَقَضُوهُ حَتَّى بَلَغُوا بِهِ الْأَرْضَ، فَجَعَلَ ابْنُ الزُّبَيْرِ أَعْمِدَةً فَسَتَّرَ عَلَيْهَا السُّتُورَ حَتَّى ارْتَفَعَ بِنَاؤُهُ. وَقَالَ ابْنُ الزُّبَيْرِ: إِنِّي سَمِعْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) تَقُولُ: إِنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْلَا أَنَّ النَّاسَ حَدِيثٌ عَهْدُهُمْ بِكُفْرٍ، وَلَيْسَ عِنْدِي مِنَ النَّفَقَةِ مَا يُقَوِّي عَلَى بِنَائِهِ، لَكُنْتُ أَدْخَلْتُ فِيهِ مِنَ الْحِجْرِ خَمْسَ أَذْرُعٍ، وَلَجَعَلْتُ لَهَا بَابًا يَدْخُلُ النَّاسُ مِنْهُ، وَبَابًا يَخْرُجُونَ مِنْهُ)). قَالَ: فَأَنَا الْيَوْمَ أَجِدُ مَا أُنْفِقُ، وَلَسْتُ أَخَافُ النَّاسَ. قَالَ: فَزَادَ فِيهِ خَمْسَ أَذْرُعٍ مِنَ الْحِجْرِ حَتَّى أَبْدَى أُسًّا نَظَرَ النَّاسُ إِلَيْهِ، فَبَنَى عَلَيْهِ الْبِنَاءَ، وَكَانَ طُولُ الْكَعْبَةِ ثَمَانِيَ عَشْرَةَ ذِرَاعًا، فَلَمَّا زَادَ فِيهِ اسْتَقْصَرَهُ، فَزَادَ فِي طُولِهِ عَشْرَ أَذْرُعٍ، وَجَعَلَ لَهُ بَابَيْنِ، أَحَدُهُمَا يُدْخَلُ مِنْهُ وَالْآخَرُ يُخْرَجُ مِنْهُ، فَلَمَّا قُتِلَ ابْنُ الزُّبَيْرِ كَتَبَ الْحَجَّاجُ إِلَى عَبْدِ الْمَلِكِ بْنِ مَرْوَانَ

يُخْبِرُهُ بِذَلِكَ، وَيُخْبِرُهُ أَنَّ ابْنَ الزُّبَيْرِ قَدْ وَضَعَ الْبِنَاءَ عَلَى أُسٍّ نَظَرَ إِلَيْهِ الْعُدُولُ مِنْ أَهْلِ مَكَّةَ، فَكَتَبَ إِلَيْهِ عَبْدُ الْمَلِكِ: إِنَّا لَسْنَا مِنْ تَلْطِيخِ ابْنِ الزُّبَيْرِ فِي شَيْءٍ، أَمَّا مَا زَادَ فِي طُولِهِ فَأَقِرَّهُ، وَأَمَّا مَا زَادَ فِيهِ مِنَ الْحِجْرِ فَرُدَّهُ إِلَى بِنَائِهِ، وَسُدَّ الْبَابَ الَّذِي فَتَحَهُ. فَنَقَضَهُ وَأَعَادَهُ إِلَى بِنَائِهِ. [بخاري/ الحج/ ١٥٠٩]

(عطاء) دەڵێ: کاتێ خەڵکی شام هێرشیان کردەسەر (بیت) لەسەردەمی یەزیدی کوڕی معاویەدا سوتا و ئەوەی بەسەر هات، کەبەسەری هات، (ابن الزبير) وازی هێنا هەتا خەڵکی هاتن بۆ حەج دەیویست هانیان بدات بۆ ئەوەی بجەنگن دژی خەڵکی شام، کاتێ خەڵکی ویستیان بگەڕێنەوە وتی: خەڵکینە چی بکەین بۆ کەعبە ئایا تێکی بدەم و پاشان دروستی بکەمەوە، یان ئەوەی ڕوخاوە چاکی بکەمەوە؟ (ابن عباس) وتی: من ڕایەکم هەیە لەو کارەدا، من وای بەباش دەزانم کەئەوەی ڕوخاوە چاکی بکەیتەوە واز لە (بیت) و ئەو بەردانە بێنی کە خەڵکی لەسەر مسڵمان بووە پێغەمبەری (ﷺ) لەسەر رەوانەکراوە، (ابن الزبير) وتی: ئەگەر کەسێکتان ماڵی بسوتێ بە تازە کردنەوەی نەبێت ڕازی نابێت، خۆئەمە ماڵی پەروەردگاریشتانە من سێ ڕۆژ لەسەر یەك (استخاره) دەکەم ئەوسا بڕیاری خۆم دەدەم. کاتێ سێ ڕۆژ تێپەڕی بڕیاریدا کە تێکی بدات، خەڵکی خۆیان پاراست و ترسان لەوەی یەکەم کەس دەچێتە سەر کەعبە، بەلایەکی لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێت، هەتا پیاوێك سەرکەوتە سەری و بەردێکی لێ فرێدا، کاتێ خەڵکی بینیان هیچی لێ نەهات بەشوێن یەکدا دەست بەکاربون هەتا تەختیان کرد لەگەڵ زەویدا، (ابن الزبير) کۆڵەکەی هێنا و پەردەی پیادان هەتا دیوارەکانی بەرزبۆوە، (ابن الزبير) دەڵێ: من بیستومە لە عائشە (ﷺ) دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((ئەگەر خەڵکی لە کوفرەوە نزیك نەبونایە، ئەوەندەش پارەم نییە بۆ ئەم ڕۆژەم کە پێی دروست بکەمەوە، ئەگینا پێنج باڵم لەلای (حجر)ەوە دەخستە سەری، دەرگایەکم بۆ دروست دەکرد کە خەڵکی لێوەی بچنە ژورەوە و دەرگایەکیش کە لێی بچنەدەرەوە)) ئینجا وتی: من ئەمڕۆ ئەوەندەم هەیە خەرجی بکەم، لە خەڵکیش ناترسم ئیتر پێنج باڵی لە (حجر)ی ئیسماعیل خستە سەری وهەڵی کەند هەتا بناغەی دەرکەوت، خەڵك بینیان و لەسەر ئەوە دیواری درست کرد،درێژی کەعبە ١٨ گەزبوو، کاتێ پانتاییەکەی زیاد کرد بەرزیەکەی بەکەم دەهاتە پێش چاو بۆیە

١٠ گەزی خستەسەر بەرزیەکەی. دودەرگاشی بۆ کرد یەکێکیان بۆ چونە ژورەوە و ئەوی تریان بۆ چونە دەرەوە، کاتێ کە (ابن الزبیر) شەهید کرا (حجاج) نوسی بۆ (عبدالملك ی کوڕی مروان) و هەواڵی دایەو پێی وت کە (ابن الزبیر) بناغەی (بیت) ی داناوە و پرس و ڕای کردوە بە پیاوماقوڵانی مەککە.. (عبدالملك) وتی: ئێمە لەگەڵ کاری نادروستی (ابن الزبیر)دا نین ئەوەی لە بەرزیەکەی خستویەتە سەری ئەوە بڕیاری لەسەر بدە ئەوەش کەلە (حجر) خستویەتە سەری وەکو خۆی لێ بکەرەوە، ئەو دەرگایەش داخە کە کردویەتیەوە، ئیتر (حجاج) هەڵی وەشاندەوە و وەکو خۆی لێ کردەوە.

٧٦٤- عَنْ أَبِي قَزَعَةَ: أَنَّ عَبْدَ الْمَلِكِ بْنَ مَرْوَانَ بَيْنَمَا هُوَ يَطُوفُ بِالْبَيْتِ إِذْ قَالَ: قَاتَلَ اللَّهُ ابْنَ الزُّبَيْرِ حَيْثُ يَكْذِبُ عَلَى أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ، يَقُولُ: سَمِعْتُهَا تَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا عَائِشَةُ، لَوْلَا حِدْثَانُ قَوْمِكِ بِالْكُفْرِ لَنَقَضْتُ الْبَيْتَ حَتَّى أَزِيدَ فِيهِ مِنَ الْحِجْرِ، فَإِنَّ قَوْمَكِ قَصَّرُوا فِي الْبِنَاءِ)). فَقَالَ الْحَارِثُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي رَبِيعَةَ: لَا تَقُلْ هَذَا يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، فَأَنَا سَمِعْتُ أُمَّ الْمُؤْمِنِينَ تُحَدِّثُ هَذَا. قَالَ: لَوْ كُنْتُ سَمِعْتُهُ قَبْلَ أَنْ أَهْدِمَهُ لَتَرَكْتُهُ عَلَى مَا بَنَى ابْنُ الزُّبَيْرِ.

(ابو قزعه) دەڵێ: کاتێ (عبدالملك کوڕی مروان) تەوافی بەدەروی (بیت) دا دەکرد وتی: خوا (ابن الزبیر) بکوژێ کە درۆی بەدەم دایکی ئیماندارانەوە کردوەو دەڵێ لێم بیستوە وتویەتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەی عائشە، ئەگەر خزمانت لە کوفرەوە نزیك نەبونایە (بیت)م تێك دەدا و (حجر)ی ئیسماعیلم دەخستە سەری، چونکە خزمانت بیناکەیان بەتەواوی دروست نەکردوە)).. (حارث کوڕی عبدالله) (ﷺ) وتی: وامەڵێ ئەی ئەمیری ئیمانداران من خۆم ئەو فەرمودەیەم لە دایکی ئیماندارانەوە بیستوە. (عبدالملك) وتی: ئەگەر پێش تێکدانی ئەو فەرمودەیەم ببیستایە (ابن االزبیر) چۆنی دروست کردوە وەك خۆی دەم هێشتەوە.

(١٠١) ڕێزداریی مەدینە

٧٦٥- عن عَبْدِ اللَّهِ بْنِ زَيْدِ بْنِ عَاصِمٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ إِبْرَاهِيمَ حَرَّمَ مَكَّةَ وَدَعَا لِأَهْلِهَا، وَإِنِّي حَرَّمْتُ الْمَدِينَةَ كَمَا حَرَّمَ إِبْرَاهِيمُ مَكَّةَ، وَإِنِّي دَعَوْتُ فِي صَاعِهَا وَمُدِّهَا بِمِثْلَيْ مَا دَعَا بِهِ إِبْرَاهِيمُ لِأَهْلِ مَكَّةَ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠٢٢]

(عبدالله ی کوڕی زید) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بێ گومان ابراهیم شەڕ و ئاشوبی لە مەککەدا حەرام کرد و نزای خێری بۆ خەڵکەکەی کرد منیش جەنگ و ئاشوب لە مەدینەدا حەرام دەکەم وەك چۆن ابراهیم لە مەککەدا حەرامی کرد، دەپاڕێمەوە بۆ مەن و شتی [کێشان و پێوانی] دوئەوەندەی ابراهیم کەدەپاڕایەوە بۆ خەڵکی مەککە)).

٧٦٦ـ عن سَعْدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنِّي أُحَرِّمُ مَا بَيْنَ لَابَتَيِ الْمَدِينَةِ: أَنْ يُقْطَعَ عِضَاهُهَا، أَوْ يُقْتَلَ صَيْدُهَا، وَقَالَ: الْمَدِينَةُ خَيْرٌ لَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ، لَا يَدَعُهَا أَحَدٌ رَغْبَةً عَنْهَا إِلَّا أَبْدَلَ اللَّهُ فِيهَا مَنْ هُوَ خَيْرٌ مِنْهُ، وَلَا يَثْبُتُ أَحَدٌ عَلَى لَأْوَائِهَا وَجَهْدِهَا إِلَّا كُنْتُ لَهُ شَفِيعًا -أَوْ: شَهِيدًا- يَوْمَ الْقِيَامَةِ)).

(سعدی کوڕی ابی وقاص) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((من حەرامم کردووە لەم سەر بۆ ئەوسەری مەدینە کە درەختە سروشتییەکانی ببڕدرێت، یان نێچیرەکانی بکوژرێت، مەدینە چاکترە بۆیان ئەگەر هەرکەس مەدینە جێ بهێڵێ و حەزی پێ نەکات خوای گەورە کەسێکی چاکتر لەو دەخاتە شوێنی، هەرکەس خۆی بگرێت لەسەر نارەحەتی و ماندوبونی مەدینە من تکا کاری، یان شایەتی دەبم، لەڕۆژی قیامەتدا)).

٧٦٧ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اللَّهُمَّ اجْعَلْ بِالْمَدِينَةِ ضِعْفَيْ مَا بِمَكَّةَ مِنَ الْبَرَكَةِ)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٨٦]

(انس ی کوڕی مالیك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((...ئەی خوایە دوئەوەندەی مەککە بەرەکەت بڕژێنە بەسەر مەدینەدا)).

٧٦٨ـ عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: خَطَبَنَا عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ) فَقَالَ: مَنْ زَعَمَ أَنَّ عِنْدَنَا شَيْئًا نَقْرَؤُهُ إِلَّا كِتَابَ اللَّهِ وَهَذِهِ الصَّحِيفَةَ -قَالَ: وَصَحِيفَةٌ مُعَلَّقَةٌ فِي قِرَابِ سَيْفِهِ- فَقَدْ كَذَبَ، فِيهَا أَسْنَانُ الْإِبِلِ وَأَشْيَاءُ مِنَ الْجِرَاحَاتِ، وَفِيهَا: قَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((الْمَدِينَةُ حَرَمٌ مَا بَيْنَ عَيْرٍ إِلَى ثَوْرٍ، فَمَنْ أَحْدَثَ فِيهَا حَدَثًا، أَوْ آوَى مُحْدِثًا، فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لَا يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلَا عَدْلًا. وَذِمَّةُ الْمُسْلِمِينَ وَاحِدَةٌ، يَسْعَى بِهَا أَدْنَاهُمْ. وَمَنِ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ، أَوِ انْتَمَى إِلَى غَيْرِ مَوَالِيهِ، فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ، لَا يَقْبَلُ اللَّهُ مِنْهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ صَرْفًا وَلَا عَدْلًا)).
[بخاري/ الاعتصام ابالكتاب و السنة/ ٦٨٧٠]

(ابـراهيم التيمـى) لەباوكيـەوە دەگێڕێتـەوە: (عـەلى كـوڕى ابـو طالـب) (ﷺ) وتـارى بـۆ دايـن و وتـى: هەركـەس وا گومـان بـەرێت كـە ئێمـە شـتێكمان لايـە دەيخوێنينەوە جگەلە قورئانەكەى خوا و ئەم پەڕەيـەش -كەپەڕيـەك بـوو پێچرا بوو بە كێلانى شمشێرەكەيەوە-ئەوە درۆ دەكات، ئەو پەڕەيەش باسـى تەمـەنى وشـترى لـە خوێنـدا دراوو خـوێنى هەنـدێ بـرين دەكـات، تيايـشا هـاتووە كـە پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێ: ((مەدينـە حەرامـە [جـەنگ و ئـاژاوە تيايـدا] لـە (عـير)ەوە بـۆ (ثـور) [دوو چـيان لـەملاو لاولاى مەدينـەدا] ئـەوەى كـارێكى نادروستى تێدا بكات، يان جێگەى كەسێكى خراپى تيا بكاتەوە ئەوە نەفرينى خوا و فريشتەكان و هەموو خەڵكى لەسەر بێت، خواى گەورە توبەو فيديەى لێ وەرناگرێت، موسڵمانان هەموو يەك پارچەن، كەمترينيان ڕێزدارە لاى هـەمويان و خاوەنى بڕيارە، هەركـەس خۆى بكات بەكوڕى كەسێكى تـر جگـە لـە باوكى يان پاڵ بدات بە هۆزێكى ترەوە جگە لە هۆزەكەى خۆى. ئـەويش نـەفرينى خـوا و فريشتەكان و هەموو خەڵكى لەسەرە، لەڕۆژى قيامەتدا پەشيمانى و فيديـەى لێ وەرناگيرێت)).

٧٦٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يُؤْتَى بِأَوَّلِ الثَّمَرِ فَيَقُولُ: ((اللَّهُمَّ بَارِكْ لَنَـا فِـي مَدِينَتِنَا وَفِـي ثِمَارِنَـا، [وَفِـي مُدِّنَا] وَفِـي صَاعِنَا، بَرَكَةً مَعَ بَرَكَةٍ)). ثُمَّ يُعْطِيهِ أَصْغَرَ مَنْ يَحْضُرُهُ مِنَ الْوِلْدَانِ.

(ابو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: نۆبەرەى هەر بەروبومێك پێ بگەيشتايە دەيان هێنا بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەويش دەيفـەرموو: ((خوايـە بەرەكـەت بـڕژە بەسـەر شـارەكەمان و بەروبومەكەمانـدا [بەسـەر مـشت و مەنەكەمانـدا] بەرەكـەت لەگـەڵ بەرەكەتدا)) پاشان ئەو نۆبەرەى دەبەخشى بە بچوكترينى ئەومندالأنـەى كـە لـە خزمەتيدا بوون.

(١٠٢) هاندان بۆ نيشتەجێ بونى مەدينە

٧٧٠- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ مَوْلَى الْمَهْرِيِّ: أَنَّـهُ جَـاءَ أَبَـا سَـعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (ﷺ) لَيَـالِيَ الْحَـرَّةِ، فَاسْتَـشَارَهُ فِـي الْجَلَـاءِ مِـنَ الْمَدِينَـةِ، وَشَـكَا إِلَيْـهِ أَسْعَارَهَا وَكَثْـرَةَ عِيَالِـهِ، وَأَخْبَرَهُ أَنْ لَا صَبْرَ لَهُ عَلَى جَهْدِ الْمَدِينَةِ وَلَأْوَائِهَا، فَقَالَ [لَهُ: وَيْحَكَ لَا آمُرُكَ بِذَلِكَ] إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا يَصْبِرُ أَحَدٌ عَلَى لَأْوَائِهَا فَيَمُوتَ إِلَّا كُنْـتُ لَهُ شَفِيعًا)) -أَوْ: شَهِيدًا- يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِذَا كَانَ مُسْلِمًا)).

(ابو سعيد كارگوزاری مهری) دەڵێ: (ابو سعيد خدری) هات بۆ مەدینە لە شەوانی ئاشوبدا، ڕاوێژی پێ کرد بۆ بەجێهێشتنی مەدینە، باسی گرانی و منداڵ زۆری خۆی بۆ کرد، هەروەها ئەوەی کەناتوانێ خۆی بگرێ لەسەر ئاشوبی مەدینە، ئەویش پێی وت: کۆستت کەوێ من ڕێگای ئەوەت نادەم چونکە لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە: ((هەرکەسێ خۆی بگرێ لەسەر ئەشکەنجەو ئازاری مەدینە و بمرێت من دەبمە تکاکار یان -شایەت- بۆی لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەگەر موسڵمان بێت)).

٧٧١- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ وَهِيَ وَبِيئَةٌ، فَاشْتَكَى أَبُو بَكْرٍ وَاشْتَكَى بِلَالٌ، فَلَمَّا رَأَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) شَكْوَى أَصْحَابِهِ قَالَ: ((اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الْمَدِينَةَ كَمَا حَبَّبْتَ مَكَّةَ أَوْ أَشَدَّ، وَصَحِّحْهَا، وَبَارِكْ لَنَا فِي صَاعِهَا وَمُدِّهَا، وَحَوِّلْ حُمَّاهَا إِلَى الْجُحْفَةِ)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٩٠]

(عائشه) (رضي الله عنها) دەڵێ: هاتینە مەدینە نەخۆشی تیا بڵاوبوو، ابوبكرو بلال سکاڵایان کرد، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای هاوەڵەکانی بینی فەرمووی: ((خوایە گیان مەدینەمان لا شیرین بکە وەك چۆن مەککەت لا شیرین کردوین، یان زیاتریش، هەروەها بۆمان پاك بکەرەوە لە نەخۆشیو بەرەکەت بخەرە ناو مەن و مشتییەوە بۆمان، بەلاکەشی بگوێزەرەوە بۆ "جحفە")).

(١٠٣) تاعون و دەجال ناچنە مەدینە

٧٧٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((عَلَى أَنْقَابِ الْمَدِينَةِ مَلَائِكَةٌ، لَا يَدْخُلُهَا الطَّاعُونُ وَلَا الدَّجَّالُ)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٨١]

(ابو هريره) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەسەر ڕێگاکانی مەدینە چەندەها فریشتە هەن، بۆیە تاعون و دەجال ڕووی تێ ناکەن)).

(١٠٤) مەدینە ناپوختەکانی ناوی دەردەکات

٧٧٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ يَدْعُو الرَّجُلُ ابْنَ عَمِّهِ وَقَرِيبَهُ: هَلُمَّ إِلَى الرَّخَاءِ هَلُمَّ إِلَى الرَّخَاءِ، وَالْمَدِينَةُ خَيْرٌ لَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَا يَخْرُجُ مِنْهُمْ أَحَدٌ -رَغْبَةً عَنْهَا- إِلَّا أَخْلَفَ اللَّهُ فِيهَا خَيْرًا مِنْهُ. أَلَا إِنَّ الْمَدِينَةَ كَالْكِيرِ تُخْرِجُ الْخَبِيثَ، لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَنْفِيَ الْمَدِينَةُ شِرَارَهَا كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ)).

(ابوهریره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ڕۆژێك دێت پیاو ئامۆزاکەی وخزمەکەی بانگ دەکات ودەڵێ: وەرن بۆ هەرزانی، وەرن بۆ هەرزانی، بەڵام مەدینە بۆیان باشترە ئەگەر بیانزانیایە، سوێند بەوکەسەی کەگیانی منی بەدەستە،هەرکەس لە مەدینە دەرچێت و-حەزی پێنەکات- خوای گەورە لەو چاکتر دەخاتە شوێنی، ئاگاداربن مەدینە وەك کورەی ئاسنگەر وایە ناپوخت دەردەکات، ڕۆژی قیامەت نایەت هەتا مەدینە هەموو ناپوختەکانی دەرنەکات، وەك چۆن کووره خەڵتەی ئاسن لادەبات)).

٧٧٤ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى سَمَّى الْمَدِينَةَ طَابَةَ)).

(جابری کوڕی سمره) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو ((خوای گەورە مەدینەی ناوناوە طابة)).

(١٠٥) ئەوەی پیلان دژی مەدینە بگێڕێت

٧٧٥ـ عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ أَرَادَ أَهْلَهَا بِسُوءٍ -يُرِيدُ الْمَدِينَةَ- أَذَابَهُ اللَّهُ كَمَا يَذُوبُ الْمِلْحُ فِي الْمَاءِ)).

(ابو هریره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ((هەرکەسێ بیەوێت زیان بگەیەنێت بەدانیشتوانی -مەبەستی مەدینە بوو- خوای گەورە دەیتوێنێتەوە، هەروەك چۆن خوێ لەئاودا دەتوێتەوە)).

(١٠٦) هاندان بۆ مانەوە لەمەدینەدا

٧٧٦ـ عَنْ سُفْيَانَ بْنِ أَبِي زُهَيْرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((يُفْتَحُ الْيَمَنُ، فَيَأْتِي قَوْمٌ يَبُسُّونَ، فَيَتَحَمَّلُونَ بِأَهْلِيهِمْ وَمَنْ أَطَاعَهُمْ، وَالْمَدِينَةُ خَيْرٌ لَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ. ثُمَّ يُفْتَحُ الشَّامُ، فَيَأْتِي قَوْمٌ يَبُسُّونَ، فَيَتَحَمَّلُونَ بِأَهْلِيهِمْ وَمَنْ أَطَاعَهُمْ، وَالْمَدِينَةُ خَيْرٌ لَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ. ثُمَّ يُفْتَحُ الْعِرَاقُ، فَيَأْتِي قَوْمٌ يَبُسُّونَ، فَيَتَحَمَّلُونَ بِأَهْلِيهِمْ وَمَنْ أَطَاعَهُمْ، وَالْمَدِينَةُ خَيْرٌ لَهُمْ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٧٦]

(سفیانی کوڕی زهیر) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: ((یەمەن ئازاد دەکرێت، خەڵکێك لەمەدینە کۆچ دەکەن بەوشترو ئاژەڵەکانیان و کەس و کاریان، هەرکەس بەقسەیان بکات دەیبەن لەگەڵ خۆیان، مەدینە چاکترە بۆیان ئەگەر بزانن ، پاشان شام ئازاد دەکرێت،

خەڵکێکی تر وشترو ئاژەڵەکانیان دەدەنە بەرو کەس و کارو هەرکەس بەگوێیان بکات دەیبەن لەگەڵ خۆیان، مەدینە چاکترە بۆیان ئەگەر بیانزانیایە، دوای ئەوە عێراق ئازاد دەکرێت، خەڵکێکی تر وشترو ئاژەڵەکانیان دەدەنە بەرو کەس و کارو هەرکەس بەقسەیان بکات ئەیبەن لەگەڵ خۆیان، مەدینە چاکترە بۆیان ئەگەر بیانزانیایە))

(١٠٧) کاتێ مەدینە چۆڵ دەبێت

٧٧٧- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((يَتْرُكُونَ الْمَدِينَةَ عَلَى خَيْرِ مَا كَانَتْ، لَا يَغْشَاهَا إِلَّا الْعَوَافِي -يُرِيدُ عَوَافِيَ السِّبَاعِ وَالطَّيْرِ- ثُمَّ يَخْرُجُ رَاعِيَانِ مِنْ مُزَيْنَةَ يُرِيدَانِ الْمَدِينَةَ، يَنْعِقَانِ بِغَنَمِهِمَا فَيَجِدَانِهَا وَحْشًا، حَتَّى إِذَا بَلَغَا ثَنِيَّةَ الْوَدَاعِ خَرَّا عَلَى وُجُوهِهِمَا)). [بخاري/ فضائل المدينة/ ١٧٧٥]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: بیستومە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) دەیفەرموو: خەڵکی مەدینە جێدەهێڵن لەچاکترین بارودۆخیدا، کەس ڕووی تێناکات – مەگەر دڕندەو باڵندە نەبێت- پاشان دوو شوانی هۆزی مزینە بەهات و هاوار مەڕەکانیان دەدەنە بەرو بەرەو مەدینە دەڕۆن، دەبینن چۆڵ و هۆڵە، کاتێ دەگەنە (ثنية الوداع) دەکەون بەڕوداو دەمرن)).

(١٠٨) نێوان ئارامگاو مینبەر باخچەیەکە لەباخچەکانی بەهەشت

٧٧٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَا بَيْنَ بَيْتِي وَمِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الْجَنَّةِ، وَمِنْبَرِي عَلَى حَوْضِي)). [بخاري/ التوع/ ١١٣٨]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((نێوان ماڵەکەم و مینبەرەکەم باخچەیەکە لەباخچەکانی بەهەشت، مینبەرەکەشم لەسەر حەوزەکەمە)).

(١٠٩) (أحد) کەژێکە خۆشی دەوێین و خۆشمان دەوێت

٧٧٩- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ) قَالَ: نَظَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى أُحُدٍ فَقَالَ: ((إِنَّ أُحُدًا جَبَلٌ يُحِبُّنَا وَنُحِبُّهُ)).

(انس ی کوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: [ڕۆژێك]پێغەمبەر (ﷺ) سەیرێکی (احد)ی کردو فەرموی: ((بەڕاستی (احد) چیاو کەژێکە ئێمەی خۆش دەوێت و ئێمەش ئەومان خۆش دەوێت)).

(١١٠) بنەو بارگە مە پێچنەوە بۆ سێ مزگەوت نەبێت

٧٨٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) -يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ (ﷺ)- قَالَ: ((لَا تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلَّا إِلَى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِي هَذَا، وَمَسْجِدِ الْحَرَامِ، وَمَسْجِدِ الْأَقْصَى)). [بخاري/ التطوع/ ١١٣٢]

(أبو هريره) (ﷺ) دەیگەیەنێ بە پێغەمبەرە (ﷺ) کە فەرمویەتی: ((بۆ سێ مزگەوت نەبێت بنەوبارگە ناپێچرێتەوە، ئەم مزگەوتەی من، مزگەوتی حەرام، مزگەوتی ئەقصا)).

(١١١) گەورەیی نوێژ لەدوو مزگەوتە پیرۆزەکەدا

٧٨١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صَلَاةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِي غَيْرِهِ مِنَ الْمَسَاجِدِ، إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ)).

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((نوێژێك لەم مزگەوتەی من دا خێرترە لەهەزار نوێژ لە مزگەوتەکانی تردا، جگە لەمزگەوتی حەرام)).

(١١٢) ئەو مزگەوتەی لەسەر (تقوى) دروستکراوە

٧٨٢- عن أَبِي سَلَمَةَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ: مَرَّ بِي عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ، قَالَ: قُلْتُ لَهُ: كَيْفَ سَمِعْتَ أَبَاكَ يَذْكُرُ فِي الْمَسْجِدِ الَّذِي أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى؟ قَالَ: قَالَ أَبِي: دَخَلْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي بَيْتِ بَعْضِ نِسَائِهِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُّ الْمَسْجِدَيْنِ الَّذِي أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى؟ قَالَ: فَأَخَذَ كَفًّا مِنْ حَصْبَاءَ فَضَرَبَ بِهِ الْأَرْضَ ثُمَّ قَالَ: ((هُوَ مَسْجِدُكُمْ هَذَا)) لِمَسْجِدِ الْمَدِينَةِ. قَالَ: فَقُلْتُ: أَشْهَدُ أَنِّي سَمِعْتُ أَبَاكَ هَكَذَا يَذْكُرُهُ.

(ابو سلمه کوڕی عبدالرحمن) (ﷺ) دەڵێ: (عبدالرحمن ی کوڕی ابو سعید الخدری) بەلامدا تێپەڕی و پێم وت: چیت بیستووە لەباوکت دەربارەی ئەو مزگەوتەی لەسەر (تقوى) دروست کراوە؟ وتی: باوکم پێی وتم: چووم بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەماڵی یەکێ لەخێزانەکانیدا بوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کام لەم دوو مزگەوتە لەسەر (تقوى) دروستکراوە؟

ئەویش مشتێ چەوی هەڵگرت و دای بەزەویدا لەمزگەوتی مەدینەداو فەرمووی: ((ئەوە ئەم مزگەوتەی ئێوەیە)) (ابو سلمە) دەڵێ: منیش شایەتم کەلەباوکم بیستووە ئەمەی باس کردووە.

(١١٣) ڕێزی مزگەوتی (قباء)

٧٨٣ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْتِي مَسْجِدَ قُبَاءٍ، رَاكِبًا وَمَاشِيًا، فَيُصَلِّي فِيهِ رَكْعَتَيْنِ. [بخاري/ التطوع/ ١١٣٦،١١٣٥]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەردەچوو بۆ مزگەوتی (قباء)، بەسواری یان بەپێ و دوو ڕکات نوێژی تێدا کرد.

٧٨٤ـ عن ابْنَ عُمَرَ (ﷺ): كَانَ يَأْتِي قُبَاءً كُلَّ سَبْتٍ، وَكَانَ يَقُولُ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَأْتِيهِ كُلَّ سَبْتٍ. [بخاري/ التطوع/ ١١٣٦،١١٣٥]

(إبن عمر) (ﷺ) هەموو شەممەیەك دەردەچوو بۆ مزگەوتی (قباء)و دەیوت: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینیوە هەموو شەممەیەك دەهات بۆ ئێرە.

١٤-بەشی هاوسەرگیریی

(١) هاندان بۆ هاوسەرگیریی

٧٨٥- عَنْ عَلْقَمَةَ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ أَمْشِي مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بِمِنًى فَلَقِيَهُ عُثْمَانُ (ﷺ)، فَقَامَ مَعَهُ يُحَدِّثُهُ، فَقَالَ لَهُ عُثْمَانُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ: أَلَا نُزَوِّجُكَ جَارِيَةً شَابَّةً؟ لَعَلَّهَا تُذَكِّرُكَ بَعْضَ مَا مَضَى مِنْ زَمَانِكَ. قَالَ: فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَئِنْ قُلْتَ ذَاكَ لَقَدْ قَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)).[بخاری/ النكاح / ٤٧٧٨]

علقمە (ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ عبدالله دا لە (مینا)دەگەڕاین، (لقمان)ی (ﷺ) پێگەیشت، دەستیان کرد بە گفتوگۆ، عثمان پێی وت: ئەرێ عبدالرحمن بۆچی کچێکی گەنجت بۆ نەهێنین، سا بەڵکو ئەو ڕۆژگارانەت بهێنێتەوە یاد کە لە دەستت چوون؟ عبدالله وتی: ئەگەر تۆ ئەوە بڵێیت، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووین: ((هەر کەس لە ئێوە توانای هەیە، با ژن بهێنێت، چونکە ژن هێنان باشترین هۆکارە بۆ چاوپارێزی و داوێن پارێزی، هەر کەسێکیش ناتوانێ با ڕۆژوو بگرێت، چونکە بۆی دەبێتە قەڵغان)).

٧٨٦- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ نَفَرًا مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) سَأَلُوا أَزْوَاجَ النَّبِيِّ (ﷺ) عَنْ عَمَلِهِ فِي السِّرِّ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا أَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا آكُلُ اللَّحْمَ، وَقَالَ بَعْضُهُمْ: لَا أَنَامُ عَلَى فِرَاشٍ. فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، فَقَالَ: ((مَا بَالُ أَقْوَامٍ قَالُوا كَذَا وَكَذَا؟ لَكِنِّي أُصَلِّي وَأَنَامُ، وَأَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي)).﴿ بخاری/ النكاح / ٤٧٨٦ ﴾

(انس)(ﷺ) دەڵێ: هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) لە بارەی کاری پەنامەکی پێغەمبەرەوە (ﷺ) پرسیاریان لە هاوسەرەکانی کرد: یەکێکیان وتی: ئیدی من ژن ناهێنم، یەکێکی تریان وتی: منیش گۆشت ناخۆم، یەکێکی تریشیان وتی: منیش لە مەودوا لەسەرجێگە ناخەوم، [پێغەمبەر (ﷺ) ئەمەی بیستەوە] لە وەڵامیاندا سوپاس و ستایشی خوای کرد و فەرمووی: ((ئەوە چیە هەندێ کەس وا دەڵێن و وادەڵێن؟ بەڵام من نوێژ دەکەم و دەشخەوم و

ڕۆژو دەگرم و [هەندێ ڕۆژیش] دەیشکێنم، ژنیش دەهێنم، هەر کەسێکیش پشت لە سوونەتی من بکات لە من نیە، [واتە ڕێگەی منی بەتەواوی نەگرتووە].

٧٨٧- عن سَعْدَ بْنَ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قالَ: أَرَادَ عُثْمَانُ بْنُ مَظْعُونٍ -(ﷺ)- أَنْ يَتَبَتَّلَ، فَنَهَاهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَلَوْ أَجَازَ لَهُ ذَلِكَ لَاخْتَصَيْنَا. [بخاری / النكاح/ ٤٧٨٦]

(سعدی کوڕی ابی وقاص) (ﷺ) دەڵێ: (عثمانی کوڕی مظعون)(ﷺ) ویستی واز لە ژن هێنان بهێنێ، پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەی پێنەدا، خۆ ئەگەر ڕێگەی بەو بدایە، ئێمەش خۆمان دەخەساند.

٧٨٨- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ)).

(عبدالله ی کوڕی عمرو) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((دنیا خێرو خۆشیە، چاکترین خێر و خۆشی دنیاش ئافرەتیچاکە)).

(٣) خواستنی ئافرەتی دیندار

٧٨٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَلِجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ تَرِبَتْ يَدَاكَ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٠٢]

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەبەر چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت: یان بۆ ماڵ و سامانەکەی، یان لەبەر بنەماڵەکەی، یان لەبەر جوانیەکەی، یان لەبەر دینداریەکەی، جا تۆ ئافرەتی دیندار بهێنە، تا دەست پڕ بەرەکەت بیت)).

٧٩٠- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ هَلَكَ وَتَرَكَ تِسْعَ بَنَاتٍ -أَوْ قَالَ: سَبْعَ [بنات]- فَتَزَوَّجْتُ امْرَأَةً ثَيِّبًا، فَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا جَابِرُ تَزَوَّجْتَ)). قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ. قَالَ: ((فَبِكْرٌ أَمْ ثَيِّبٌ)). قَالَ: قُلْتُ: بَلْ ثَيِّبٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَهَلَّا جَارِيَةً تُلَاعِبُهَا وَتُلَاعِبُكَ، أَوْ قَالَ: تُضَاحِكُهَا وَتُضَاحِكُكَ)). قَالَ: قُلْتُ لَهُ: إِنَّ عَبْدَ اللَّهِ هَلَكَ وَتَرَكَ تِسْعَ بَنَاتٍ -أَوْ: سَبْعَ [بنات]- وَإِنِّي كَرِهْتُ أَنْ آتِيَهُنَّ -أَوْ: أَجِيئَهُنَّ- بِمِثْلِهِنَّ، فَأَحْبَبْتُ أَنْ أَجِيءَ بِامْرَأَةٍ تَقُومُ عَلَيْهِنَّ وَتُصْلِحُهُنَّ. قَالَ: ((فَبَارَكَ اللَّهُ لَكَ)). أَوْ: قَالَ لِي خَيْرًا. [بخاري/ النفقات/ ٥٠٥٢]

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: (عبدالله)ی باوکم مرد و نۆ کچی لەدوا بەجێما، یان حەوت کچ، منیش بێوەژنێکم مارە کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی پێم: ((ئەرێ جابر ژنت هێنا؟)) وتم: بەڵێ، فەرمووی: ((کچە یان بێوەژن؟)) وتم: بێوە ژنە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی نەدەکرا کچێك بێت گەمەی لەگەڵدا بکەیت و گەمەت لەگەڵ بکات؟)) یان فەرمووی: ((لەگەڵت پێکەنی و لەگەڵی پیکەنیت؟)) عەرزم کرد: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (عبدالله)ی باوکم مردوو نۆ کچی لەدوا بەجێماوە -یان حەوت کچ-، منیش پێم ناخۆشبوو کچێکی وەك خۆیان بهێنمە لایان، حەزم کرد ژنێك بهێنم سەروکاری و پەروەردەیان بکات. فەرمووی: ((خوا بەرەکەت برژێنێ بەسەرتا)). یان دوعایەکی خێری بۆ کردم.

(٥) کەس خوازبێنی بەسەر خەوازبێنی براکەیدا نەکات

٧٩١- عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ ابْنِ شِمَاسَةَ: أَنَّهُ سَمِعَ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ (ﷺ) عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((الْمُؤْمِنُ أَخُو الْمُؤْمِنِ، فَلَا يَحِلُّ لِلْمُؤْمِنِ أَنْ يَبْتَاعَ عَلَى بَيْعِ أَخِيهِ، وَلَا يَخْطُبَ عَلَى خِطْبَةِ أَخِيهِ حَتَّى يَذَرَ)).

(عبدالرحمنی کو شماسە) دەڵێ: کە گوێی لە (عقبە) بووە لەسەر مینبەر وتویەتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ((ئیماندار برای ئیماندارە، حەڵاڵ نیە بۆ ئیماندار مامەڵە بەسەر مامەڵەی براکەیدا بکات وەبا خوازبێنی بەسەر خوازبێنی براکەیدا نەکات، هەتا ئەو واز دەهێنێت)).

(٦) سەیرکردنی ئەو ئافرەتەی مارە دەکرێت

٧٩٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً مِنَ الْأَنْصَارِ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((هَلْ نَظَرْتَ إِلَيْهَا؟ فَإِنَّ فِي عُيُونِ الْأَنْصَارِ شَيْئًا)). قَالَ: قَدْ نَظَرْتُ إِلَيْهَا، قَالَ: ((عَلَى كَمْ تَزَوَّجْتَهَا)). قَالَ: عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((عَلَى أَرْبَعِ أَوَاقٍ؟ كَأَنَّمَا تَنْحِتُونَ الْفِضَّةَ مِنْ عُرْضِ هَذَا الْجَبَلِ. مَا عِنْدَنَا مَا نُعْطِيكَ، وَلَكِنْ عَسَى أَنْ نَبْعَثَكَ فِي بَعْثٍ تُصِيبُ مِنْهُ)). قَالَ: فَبَعَثَ بَعْثًا إِلَى بَنِي عَبْسٍ، بَعَثَ ذَلِكَ الرَّجُلَ فِيهِمْ.

(أبو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من ژنە ئەنصارێکم مارە بڕیوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((ئایا بینیوتە؟! چونکە چاوی ئەنصاریەکان شتێکی تێدایە)). وتی: سەیرم کردووە، فەرموی: ((لەسەر چەند مارەت بڕیوە؟)) وتی: لەسەر چوار هۆقە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی:

((لەسەر چوار هۆقە؟! دەڵێی لەو شاخە زیودادەتاشن، ئێمە هیچی ئەو تۆمان نیە پێت بدەین، بەڵام بەڵکو لەگەڵ لەشکرێکدا بتنێرین و شتێکت دەستکەوێت)). أبو هريرە دەڵێ: دواتر کاتێ لەشکرێکی نارد بۆ تیرەی (بنی عبس) ئەم پیاوەشی لەگەڵ ناردن.

(٧) مۆڵەت خواستن لە بێوەژن و کچ

٧٩٣- عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) قَالَ: ((لَا تُنْكَحُ الْأَيِّمُ حَتَّى تُسْتَأْمَرَ، وَلَا تُنْكَحُ الْبِكْرُ حَتَّى تُسْتَأْذَنَ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّه: وَكَيْفَ إِذْنُهَا؟ قَالَ: ((أَنْ تَسْكُتَ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٤٣]

(أبو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: ((بێوەژن مارە ناکرێت هەتا قەسەی لەدەم وەرنەگیرێت، کچیش مارەناکرێت هەتا مۆڵەتی لێوەرنەگیرێت)) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەت وەرگرتن لە کچ چۆنە؟ فەرموی: ((ئەوەیە کە بێدەنگ بێت)).

٧٩٤- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((الْأَيِّمُ أَحَقُّ بِنَفْسِهَا مِنْ وَلِيِّهَا، وَالْبِكْرُ تُسْتَأْذَنُ فِي نَفْسِهَا، وَإِذْنُهَا صُمَاتُهَا)).

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بێوەژن خۆی مافی زیاترە لەسەرپەرشتیارەکەی، کچیش مۆڵەتی لێوەردەگیرێت دەربارەی خۆی، مۆڵەتەکەشی بێدەنگ بونیەتی)).

(٨) ئەو مەرجانەی سەرجێیی پێ حەلاڵ دەکرێت

٧٩٥- عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَحَقَّ الشَّرْطِ أَنْ يُوفَى بِهِ مَا اسْتَحْلَلْتُمْ بِهِ الْفُرُوجَ)). [بخاري/ الشروط/ ٢٥٢٧]

(عقبەی کوڕی عامر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لە پێشترین مەرجێك کە پێویست بێت وەفای پێبکرێت ئەو مەرجانەیە کە سەرجێیی پێ حەلاڵ دەکرێ)). [وەك: مارەیی و نەفەقە و ڕەوشت چاکی لەگەڵ هاوسەر و... هتد].

(٩) سڕینەوەی کاتیی و حەرامکردنی ژنهێنانی کاتی

٧٩٦- عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ مُتْعَةِ النِّسَاءِ يَوْمَ خَيْبَرَ، وَعَنْ أَكْلِ لُحُومِ الْحُمُرِ الْإِنْسِيَّةِ. [بخاري/ المغازي/ ٣٩٧٩]

(علی کوڕی ابو طالب)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕۆژی غەزای (خەیبەر) ژنهێنانی کاتی و خواردنی گۆشتیگوێدرێژی ماڵی حەرام کرد.

٧٩٧- عن سَبْرَةَ الْجُهَنِيُّ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ، إِنِّي قَدْ كُنْتُ أَذِنْتُ لَكُمْ فِي الِاسْتِمْتَاعِ مِنَ النِّسَاءِ، وَإِنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَ ذَلِكَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ، فَمَنْ كَانَ عِنْدَهُ مِنْهُنَّ شَيْءٌ فَلْيُخَلِّ سَبِيلَهُ، وَلَا تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا)).

(سبرە)ی (جهنی)(ﷺ) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا بووم (ﷺ) کە فەرمووی خەڵکینە، من پێشتر ڕێگەی ژنهێنانی کاتیم بە ئێوە دابوو، لەڕاستیدا [لەئێستە بەدواوە] خوای گەورە تاڕۆژیقیامەت حەرامی کردووە، هەر کەسێ ژنێ لەوانەی لایە بادەست بەرداری ببێت و هەرچیتان پێداون لێیان مەسێننەوە.

٧٩٨- عَنْ نُبَيْهِ بْنِ وَهْبٍ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ عُبَيْدِ اللَّهِ أَرَادَ أَنْ يُزَوِّجَ طَلْحَةَ بْنَ عُمَرَ بِنْتَ شَيْبَةَ بْنِ جُبَيْرٍ، فَأَرْسَلَ إِلَى أَبَانَ بْنِ عُثْمَانَ يَحْضُرُ ذَلِكَ، وَهُوَ أَمِيرُ الْحَجِّ، فَقَالَ أَبَانُ: سَمِعْتُ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ (ﷺ) يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَنْكِحُ الْمُحْرِمُ وَلَا يُنْكَحُ، وَلَا يَخْطُبُ)).

(نبیە)ی کوڕی (وهب) (ﷺ) دەڵێ: (عمر)ی کوڕی (عبیدالله) ویستی کچەکەی (شیبەی کوڕی جبیر) مارە بکات لە (طلحةی کوڕی عمر)، ناردیشی بە شوێن (ابان ی کوڕی عثمان)دا کەمیری حەج بوو، ئامادەی ئەو بۆنەیە بێت، (ابان) وتی: بیستومە لە (عثمان ی کوڕی عفان) (ﷺ) دەیوت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ئیحرامپۆش ژن مارە ناکات بۆخۆی، مارەیشی نابڕێ لەکەس، خوازبێنیش ناکات.

٧٩٩- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ [(ﷺ)] أَنَّهُ قَالَ: تَزَوَّجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مَيْمُونَةَ وَهُوَ مُحْرِمٌ. [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٤٠]

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) (میمونە)ی مارە کرد لەکاتێکدا ئیحرامی لەبەردا بوو.

٨٠٠- عَنْ يَزِيدَ بْنِ الْأَصَمِّ (ﷺ) قَالَ: حَدَّثَتْنِي مَيْمُونَةُ بِنْتُ الْحَارِثِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَزَوَّجَهَا وَهُوَ حَلَالٌ، قَالَ: وَكَانَتْ خَالَتِي وَخَالَةَ ابْنِ عَبَّاسٍ.

(یزیدی کوڕی اصم)دەڵێ: (میمونە)ی کچی (حارث) پێی وتم: کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) مارەی کردووە لە ئیحرامدا نەبووە[1] جا (میمونە) پوری من و (ابن عباس) یش بوو.

(١٠) کۆکردنەوەی هاوسەر لەگەڵ پورەکەیدا حەرامە

٨٠١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ أَرْبَعِ نِسْوَةٍ أَنْ يُجْمَعَ بَيْنَهُنَّ: الْمَرْأَةِ وَعَمَّتِهَا، وَالْمَرْأَةِ وَخَالَتِهَا. [بخاري/ النكاح/ ٤٨٢٠]

(ابو هريرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە کۆکردنەوەی ژن و پورەکەی ئیتر خوشکی دایکی بێت یان باوکی.

(١١) مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ)

٨٠٢- عَنْ أَبِي سَلَمَةَ ابْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ أَنَّهُ قَالَ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ) زَوْجَ النَّبِيِّ (ﷺ): كَمْ كَانَ صَدَاقُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَتْ: كَانَ صَدَاقُهُ لِأَزْوَاجِهِ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ أُوقِيَّةً وَنَشًّا، قَالَتْ: أَتَدْرِي مَا النَّشُّ؟ قَالَ: قُلْتُ: لَا. قَالَتْ: نِصْفُ أُوقِيَّةٍ، فَتِلْكَ خَمْسُ مِائَةِ دِرْهَمٍ، فَهَذَا صَدَاقُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِأَزْوَاجِهِ.

(ابوسلمة ی کوڕی عبدالرحمن) (ﷺ) دەڵێ: پرسیارم کرد لە (عائشة)(ﷺ) ی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ): ئایا مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر چەند بوو؟ (عائشة)(ﷺ) وتی: دوانزە (اقیة)و نیو بوو. کە نیو ئۆقیەکە پێنج سەد درهەم زیو، ئەوە مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.

(١٢) مارەبڕین لەسەر گۆیەکی ئاڵتون

٨٠٣- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) رَأَى عَلَى عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ (ﷺ) أَثَرَ صُفْرَةٍ. فَقَالَ: ((مَا هَذَا). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي تَزَوَّجْتُ امْرَأَةً عَلَى وَزْنِ نَوَاةٍ مِنْ ذَهَبٍ، قَالَ: ((فَبَارَكَ اللَّهُ لَكَ أَوْلِمْ وَلَوْ بِشَاةٍ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٦٠]

(أنس ی کوڕی مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕەنگی زەردی (زەعفەران) و بۆنی خۆشی بە (عبدالرحمن ی کوڕی عوف)ەوە بینی، فەرموی: ((ئەمە چیە؟)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ژنێکم لەسەر گۆیەکی ئاڵتون مارە کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((خوالێت پیرۆز بکات، کەواتە خواردن بکە بابە تاکە مەڕێکیش بێت)).

---

[1] لێرەدا حساب بۆ قسەکەی مەیمونە دەکرێ، چونکە باسی خۆیەتی

(١٣) مارە بڕین لەسەر فێرکردنی قورئان

٨٠٤ـ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ (ﷺ) قَالَ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ جِئْتُ أَهَبُ لَكَ نَفْسِي، فَنَظَرَ إِلَيْهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَصَعَّدَ النَّظَرَ فِيهَا وَصَوَّبَهُ، ثُمَّ طَأْطَأَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) رَأْسَهُ. فَلَمَّا رَأَتِ الْمَرْأَةُ أَنَّهُ لَمْ يَقْضِ فِيهَا شَيْئًا جَلَسَتْ، فَقَامَ رَجُلٌ مِنْ أَصْحَابِهِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنْ لَمْ يَكُنْ لَكَ بِهَا حَاجَةٌ فَزَوِّجْنِيهَا. فَقَالَ: ((فَهَلْ عِنْدَكَ مِنْ شَيْءٍ)).. فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: ((اذْهَبْ إِلَى أَهْلِكَ فَانْظُرْ هَلْ تَجِدُ شَيْئًا)). فَذَهَبَ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ مَا وَجَدْتُ شَيْئًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((انْظُرْ وَلَوْ خَاتَمًا مِنْ حَدِيدٍ)). فَذَهَبَ ثُمَّ رَجَعَ فَقَالَ: لَا وَاللَّهِ [يَا رَسُولَ اللَّهِ] وَلَا خَاتَمًا مِنْ حَدِيدٍ، وَلَكِنْ هَذَا إِزَارِي –قَالَ سَهْلٌ: مَا لَهُ رِدَاءٌ– فَلَهَا نِصْفُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا تَصْنَعُ بِإِزَارِكَ؟ إِنْ لَبِسْتَهُ لَمْ يَكُنْ عَلَيْهَا مِنْهُ شَيْءٌ، وَإِنْ لَبِسَتْهُ لَمْ يَكُنْ عَلَيْكَ مِنْهُ شَيْءٌ)). فَجَلَسَ الرَّجُلُ حَتَّى إِذَا طَالَ مَجْلِسُهُ قَامَ، فَرَآهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُوَلِّيًا، فَأَمَرَ بِهِ فَدُعِيَ، فَلَمَّا جَاءَ قَالَ: ((مَاذَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ)). قَالَ: مَعِي سُورَةُ كَذَا وَسُورَةُ كَذَا، عَدَّدَهَا فَقَالَ: ((تَقْرَؤُهُنَّ عَنْ ظَهْرِ قَلْبِكَ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((اذْهَبْ فَقَدْ مُلِّكْتَهَا بِمَا مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ)). [بخاري/ فضائل القرآن/ ٤٧٤٢]

(سهل ی کوڕی سعدی ساعدی)(ﷺ) دەڵێ: ژنێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، هاتووم خۆمت پێشکەش بکەم، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیری کرد و باش ورد بووەوە، پاشان سەری داخست، کە ژنەکە بینی پێغەمبەر (ﷺ) شتێکی لەبارەیەوە نەفەرموو، دانیشت، یەکێك لە هاوەڵەکانی هەستا و، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر تۆ داخوازی نیت بۆ منی مارە بکە فەرمووی: ((ئایا هیچت هەیە بیکەیت بە مارەیی؟)) وتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەر، فەرمووی: ((بڕۆماڵەوە بزانە هیچت دەست دەکەوێت؟)). ڕۆیشت و هاتەوە، وتی: نەبەخوا هیچم دەست نەکەوت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەوڵ بدە با ئەڵقەیەکی ئاسنیش بێت))، کابرا چوو هاتەوە. وتی: نەبەخوا ئەی پێغەمبەر، ئەڵقەیەکی ئاسنیشم دەست نەکەوت. بەڵام ئەوە پۆشاکەکەمە هەر باشە [نیوەی بۆ ئەو] سهیل وتی: ئەو پیاوە پۆشاکی تری نەیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((چی دەکەی لەو تەنها پۆشاکەت؟ تۆ لەبەری بکەیت هیچ بۆ ئەو نابێت، ئەویش لەبەری بکات هیچیبۆ تۆ نابێت)) کابرا

دانیشت، دانیشتنەکەی درێژەی کێشا، ئینجا هەستا، پێغەمبەری خوا بینی کابرا ڕۆیشت، فەرمانی دا بانگکرایەوە، کە هاتەوە، پێی فەرموو: ((چەندە قورئانت لەبەرە)) وتی": فلاًنە سورەت و فلاًنە سورەت. ژمارەی کردن. فەرمووی: ((لەبەر دەیانخوێنیت؟)) وتی: بەڵێ. فەرموی: ((بڕۆ ئەوە لێم مارەکردیت بەو ئەندازە قورئانەی لەبەرتە)).

(١٤) سەبارەت بە ئایەتی ﴿ترجي من تشاء منهن..﴾

٨٠٥ ـعَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: كُنْتُ أَغَارُ عَلَى اللَّاتِي وَهَبْنَ أَنْفُسَهُنَّ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَقُولُ: [وتَهَبُ الْمَرْأَةُ نَفْسَهَا؟ فَلَمَّا أَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿تُرْجِي مَنْ تَشَاءُ مِنْهُنَّ وَتُؤْوِي إِلَيْكَ مَنْ تَشَاءُ وَمَنِ ابْتَغَيْتَ مِمَّنْ عَزَلْتَ﴾ [الأحزاب: ٥١]. قَالَتْ: قُلْتُ: وَاللَّهِ مَا أَرَى رَبَّكَ إِلَّا يُسَارِعُ لَكَ فِي هَوَاكَ. [بخاري/ التفسير/ ٤٥١٠]

(عائشه)(ﷺ) دەڵێ: من ئیرەیم دەبرد کە هەندێ ئافرەت خۆیان دەبەخشی بە پێغەمبەر (ﷺ)، دەموت: ئایا دەشێ ئافرەت خۆی ببەخشێ؟ کە خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە دەڵێ: بە پێغەمبەرم وت:وادێنە بەرچاوم کە پەروەردگارت بە دڵی تۆ دەکات.

(١٥) ژن گواستنەوە لە مانگی شەوالدا

٨٠٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: تَزَوَّجَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي شَوَّالٍ، وَبَنَى بِي فِي شَوَّالٍ، فَأَيُّ نِسَاءِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ أَحْظَى عِنْدَهُ مِنِّي؟ قَالَ: وَكَانَتْ عَائِشَةُ تَسْتَحِبُّ أَنْ تُدْخِلَ نِسَاءَهَا فِي شَوَّالٍ.

(عائشه)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) منی لە مانگی (شەوال)دا مارەکرد و هەر لە مانگی (شەوال)یشدا گواستمیەوە، چ ژنێ لە هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەمن خۆشبەختتر بووە؟ (ڕاوی) دەڵێ: (عائشه)(ﷺ) حەزی دەکرد ئافرەتانی خزمی لە مانگی (شەوال)دا بگوێزرێنەوە.

(١٦) نانی شایی

٨٠٧ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: مَا أَوْلَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى امْرَأَةٍ مِنْ نِسَائِهِ أَكْثَرَ أَوْ أَفْضَلَ مِمَّا أَوْلَمَ عَلَى زَيْنَبَ. فَقَالَ ثَابِتٌ الْبُنَانِيُّ: بِمَا أَوْلَمَ؟ قَالَ: أَطْعَمَهُمْ خُبْزًا وَلَحْمًا حَتَّى تَرَكُوهُ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٦٨، ٤٨٧٣]

(أنس ی کوڕی مالك)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هیچ ژنێکی بە ئەندازەی (زەینەب)نانی شایی ئامادەنەکردبوو، (ثابت البناني) بە (أنس)ی وت: نانە شاییەکەی (زینب)چی بوو؟ (أنس) وتی: نانی شاییەکە نان و گۆشت بوو، خەڵکی ئەوەندەیان خوارد تا لێیان مایەوە.

٨٠٨. عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: تَزَوَّجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَدَخَلَ بِأَهْلِهِ، قَالَ: فَصَنَعَتْ أُمِّي أُمُّ سُلَيْمٍ حَيْسًا، فَجَعَلَتْهُ فِي تَوْرٍ، فَقَالَتْ: يَا أَنَسُ اذْهَبْ بِهَذَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْ: بَعَثَتْ بِهَذَا إِلَيْكَ أُمِّي وَهِيَ تُقْرِئُكَ السَّلَامَ، وَتَقُولُ: إِنَّ هَذَا لَكَ مِنَّا قَلِيلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: فَذَهَبْتُ بِهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقُلْتُ: إِنَّ أُمِّي تُقْرِئُكَ السَّلَامَ، وَتَقُولُ إِنَّ هَذَا لَكَ مِنَّا قَلِيلٌ [يَا رَسُولَ اللَّهِ]. فَقَالَ: ((ضَعْهُ)). ثُمَّ قَالَ: اذْهَبْ فَادْعُ لِي فُلَانًا وَفُلَانًا وَفُلَانًا وَمَنْ لَقِيتَ)). وَسَمَّى رِجَالًا، قَالَ: فَدَعَوْتُ مَنْ سَمَّى وَمَنْ لَقِيتُ. قَالَ: قُلْتُ لِأَنَسٍ: عَدَدَ كَمْ كَانُوا؟ قَالَ: زُهَاءَ ثَلَاثِ مِائَةٍ، وَقَالَ لِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا أَنَسُ هَاتِ التَّوْرَ)). قَالَ: فَدَخَلُوا حَتَّى امْتَلَأَتِ الصُّفَّةُ وَالْحُجْرَةُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لِيَتَحَلَّقْ عَشَرَةٌ عَشَرَةٌ، وَلْيَأْكُلْ كُلُّ إِنْسَانٍ مِمَّا يَلِيهِ)). قَالَ: فَأَكَلُوا حَتَّى شَبِعُوا، قَالَ: فَخَرَجَتْ طَائِفَةٌ وَدَخَلَتْ طَائِفَةٌ حَتَّى أَكَلُوا كُلُّهُمْ، فَقَالَ لِي: ((يَا أَنَسُ ارْفَعْ)). قَالَ: فَرَفَعْتُ، فَمَا أَدْرِي حِينَ وَضَعْتُ كَانَ أَكْثَرَ أَمْ حِينَ رَفَعْتُ؟ قَالَ: وَجَلَسَ طَوَائِفُ مِنْهُمْ يَتَحَدَّثُونَ فِي بَيْتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَرَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) جَالِسٌ، وَزَوْجَتُهُ مُوَلِّيَةٌ وَجْهَهَا إِلَى الْحَائِطِ. فَثَقُلُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَسَلَّمَ عَلَى نِسَائِهِ ثُمَّ رَجَعَ، فَلَمَّا رَأَوْا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ رَجَعَ ظَنُّوا أَنَّهُمْ قَدْ ثَقُلُوا عَلَيْهِ، قَالَ: فَابْتَدَرُوا الْبَابَ فَخَرَجُوا كُلُّهُمْ، وَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى أَرْخَى السِّتْرَ، وَدَخَلَ وَأَنَا جَالِسٌ فِي الْحُجْرَةِ، فَلَمْ يَلْبَثْ إِلَّا يَسِيرًا حَتَّى خَرَجَ عَلَيَّ وَأُنْزِلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ، فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقَرَأَهُنَّ عَلَى النَّاسِ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتَ النَّبِيِّ إِلَّا أَنْ يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَى طَعَامٍ غَيْرَ نَاظِرِينَ إِنَاهُ وَلَكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَادْخُلُوا فَإِذَا طَعِمْتُمْ فَانْتَشِرُوا وَلَا مُسْتَأْنِسِينَ لِحَدِيثٍ إِنَّ ذَلِكُمْ كَانَ يُؤْذِي النَّبِيَّ﴾ إِلَى آخِرِ الْآيَةِ [الأحزاب: ٥٣]. قَالَ الْجَعْدُ: قَالَ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ: أَنَا أَحْدَثُ النَّاسِ عَهْدًا بِهَذِهِ الْآيَاتِ، وَحُجِبْنَ نِسَاءُ النَّبِيِّ (ﷺ).[بخاري/ النكاح/ ٤٨٦٨، ٤٨٧٣]

(أنس ی کوڕی مالك) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی گواستەوە، دەڵێ: (أم سليم)ی دایکم حەڵوای دروست کرد و کردیەقازانێکی گەورەی مسەوە و

پێی‌وتم: (أنس)ئەم حەڵوایە ببە بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێی بڵێ دایکم ئەمەی بۆ ناردویت و سڵاویشی لێدەکردی، و دەیوت: ئەمە بۆ بەڕێزتان لەلایەن ئێمەوە، شتێکی کەمیشە، منیش بردم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) پێم وت: دایکم سڵاوت لێدەکات و دەڵێ: ئەمە بۆ بەڕێزتان لە ئێمەوە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەمیشە، فەرموی: ((داینێ)) پاشان فەرموی: ((بڕۆ، فڵانە کەس و فڵان و فڵان و هەرکەسێکی ترت پێگەیشت بانگیان بکە)) ناوی چەند پیاوێکی تریشی برد، دەڵێ: ئەوانەی ناوی بردن و هەرکەسێکی تریش پێم گەیشت بانگم کرد، (ڕاوی) دەڵێ: پرسیم لە (انس): ژمارەیان چەند کەس بوو؟ وتی: نزیکەی سێ‌سەد کەس، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئەی (أنس)قازانە گەورەکە بێنە)). خەڵکەکە چوونە ژوورەوە تا هەیوانی مزگەوت و ژوورەوەش پڕبوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئادەی دە کەس دە کەس ئەڵقە ببەستن با هەرکەسی لە لای خۆیەوە بخوات)). ئیتر هەموویان نانیان خوارد هەتا تێر بوون، کۆمەڵێ دەچوونە ژوورەوە و کۆمەڵێ دەهاتنە دەرەوە، هەتا هەموویان تێر بون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئادەی (أنس) قازانەکە لا ببە)). (أنس) دەڵێ: قازانەکەم لابرد نەمدەزانی ئەو کاتەی دامنا زۆرتری تێدابوو یان ئەو کاتەی هەڵمگرت؟ دەڵێ: چەند کەسێکیان لەماڵی پێغەمبەردا مانەوە و، دەستیان کرد بە قسەکردن.. پێغەمبەریش دانیشتبوو، هاوسەرەکەشی ڕووی کردبووە دیوارەکە، ئەو حاڵەیان گران بوو لەسەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ). پێغەمبەری خوا (ﷺ) سڵاوی لەخێزانەکانی کردو گەڕایەوە هەستیان کرد لەسەردڵی قورس بوو، (انس) دەڵێ: بەخێرایی ڕوویان کردە دەرگاکە و هەموویان چوونە دەرەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) هات و پەردەکەی دادایەوە، هاتە ژوورەوە. من لە ژوورێکدا دانیشتبووم، زۆری پێنەچوو تەشریفی هاتە دەرەوە. لای من بوو ئەم ئایەتە نازڵ بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووە دەرەوە و ئایەتەکەی خوێندەوە بۆ خەڵکەکە کە ئەمەماناکەیەتی: ﴿ئەی گرۆی ئیمانداران، مەڕۆنە ماڵەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) مەگەر مۆڵەتتان پێ بدرێ بۆ نان خواردنێك، بێ ئەوەی چاوەڕوانی پێگەیشتنی بن، بەڵام ئەگەر بانگهێشت کران بڕۆنە ژوورەوە ئەگەر نانتان خوارد بڵاوەی لێبکەن و بەدیار قسەو باسەوە دامەنیشن، چونکە ئەو کارەتان ئازاری دڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەدات جا شەرمیشتان لێدەکات، بەڵام خوا

شەرم لە حەق و ڕەوا ناکات، ئەگەر داوای کەل و پەلیشتان لە هاوسەرانی پێغەمبەر کرد ئەوە لە پشتی پەردەوە داوای بکەن...﴾.

(١٧) بەدەمەوە چوونی دەعوەتی زەماوەند

٨٠٩- عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((إِذَا دَعَا أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُجِبْ، عُرْسًا كَانَ أَوْ نَحْوَهُ)). [البخاري/ النكاح/ ٤٨٨٤]

(نافع) دەڵێ: (ابن عمر) (ﷺ) لەپێغەمبەرەوە دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە بانگهێشتی براکەی کرد بۆ شایی یان بۆ هەر بۆنەیەکی لەوبابەتە دەبێت بچێت بەدەمیەوە)).

٨١٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ فَلْيُجِبْ، فَإِنْ كَانَ صَائِمًا فَلْيُصَلِّ، وَإِنْ كَانَ مُفْطِرًا فَلْيَطْعَمْ)).

(أبو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر یەکێ لە ئێوە دەعوەت کرا باپروات بەدەمیەوە، ئەگەر بەڕۆژوو بوو نوێژ بکات، ئەگەر بەڕۆژووش نەبوو با نان بخوات)).

٨١١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((شَرُّ الطَّعَامِ طَعَامُ الْوَلِيمَةِ، يُمْنَعُهَا مَنْ يَأْتِيهَا، وَيُدْعَى إِلَيْهَا مَنْ يَأْبَاهَا، وَمَنْ لَمْ يُجِبِ الدَّعْوَةَ فَقَدْ عَصَى اللَّهَ وَرَسُولَهُ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٨٢]

(أبو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خراپترین خۆراك خۆراکی شاییە ئەوەی کە دێت بانگ ناکرێت و ئەوەی کە نایەت بانگ دەکرێت ، هەرکەس وەڵامی ئەو دەعوەتانە نەداتەوە ، ئەوە لە خوا و پێغەمبەر یاخی بووە))[1].

(١٨) ئەوەی لەکاتی تێکەڵی ژن و مێرددا دەوترێ

٨١٢- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَوْ أَنَّ أَحَدَهُمْ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَأْتِيَ أَهْلَهُ قَالَ: بِاسْمِ اللَّهِ، اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبِ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا، فَإِنَّهُ إِنْ يُقَدَّرْ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ فِي ذَلِكَ لَمْ يَضُرَّهُ شَيْطَانٌ أَبَدًا)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨٧٠]

---

[1] مەبەست ئەوەیە زۆربەی کات لەو دەعوەتانەدا دەوڵەمەندان دەعوەت دەکرێن و هەژاران فەرامۆش دەکرێن.

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ((ئەگەر یەکێ لەکاتی دروست بوون لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بڵێ: بسم الله، خوایە شەیتانمان لێدووربخەرەوە و، لەنەوەکانیشمان بەدوری بگرە، ئەگەر لەو شەوەدا خودا هەر منداڵێکیان پێ ببخشێ هەرگیز شەیتان زیانی پێناگەیەنێت.

(١٩)سەبارەت بە ئایەتی ﴿نساؤكم حرث لكم﴾

٨١٣ـ عَنِ ابْنِ الْمُنْكَدِرِ: سَمِعَ جَابِرًا (ﷺ) يَقُولُ: كَانَتِ الْيَهُودُ تَقُولُ: إِذَا أَتَى الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ مِنْ دُبُرِهَا فِي قُبُلِهَا كَانَ الْوَلَدُ أَحْوَلَ، فَنَزَلَتْ: ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ فَأْتُوا حَرْثَكُمْ أَنَّى شِئْتُمْ﴾ [البقرة: ٢٢٣]. [بخاري/ التفسير/ ٤٢٥٤]

(ابن المنكدر) لە جابری بیستووە کە دەیوت: جولەکەکان دەیانوت: ئەگەر پیاو لە ڕووی دواوە لە شوێنی منداڵەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دروست بوو منداڵەکەیان خێل دەردەچێت، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ژنەکانتان کێڵگەی تۆوەکانی ئێوەن، بەهەر چۆنێك دەتانەوێ بڕۆنە لایان ﴾ [چۆنیەتیەکە گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لە شوێنی منداڵەوە بێت].

(٢٠) ئەو ژنەی لە جێگادا خۆی نادا بەدەستەوە

٨١٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ، فَلَمْ تَأْتِهِ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا، لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ)). [بخاري/ بدء الخلق/ ٣٠٦٥]

(أبو هريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر مێرد داوای سەرجێکەیی لە ژنەکەی کرد و ئەویش ملینەدا، مێرد بە توڕەییەوە سەری نایەوە، فریشتەکان تا بەرەبەیان نەفرین لەو ئافرەتە دەکەن)).

(٢١) درکاندنی نهێنی ژن

٨١٥ـ عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللَّهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ الرَّجُلَ يُفْضِي إِلَى امْرَأَتِهِ وَتُفْضِي إِلَيْهِ، ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا)).

(أبو سعيد الخدری)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((خراپترین کەس لای خوا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەو پیاوەیە کە سەرجێیی دەکات لەگەڵ خێزانیدا و دوایی نهێنیەکانی بڵاودەکاتەوە)).

(٢٢) دەربارەی پۆشینی گوناهی بەندە و ئاشكراكردنی لەلایەن خۆیەوە

٨١٦- عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((كُلُّ أُمَّتِي مُعَافَاةٌ إِلَّا الْمُجَاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ الْإِجْهَارِ أَنْ يَعْمَلَ الْعَبْدُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا، ثُمَّ يُصْبِحُ قَدْ سَتَرَهُ رَبُّهُ (ﷻ)، فَيَقُولُ: يَا فُلَانُ قَدْ عَمِلْتُ الْبَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، فَيَبِيتُ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ)).

(أبو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: بیستم لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەیفەرموو: ((هەموو ئوممەتم بەخشراون جگە لەوانەی [گوناه] ئاشكرا دەكەن. بەڕاستی ئەوە لە گوناه دەرخستنە كە كەسێك لەشەودا تاوانێك ئەنجام بداو، كە ڕۆژ دەبێتەوە پەروەردگاری پۆشیویەتی، بەڵام خۆی ئاشكرای ئەكاو ئەڵێ: فلان كەس! دوێنێ واو وامكرد، لەكاتێكدا شەو خوا پۆشیویەتی و بەردەوامیش ئەیپۆشێ، كەچی خۆی كە ڕۆژ بویەوە ئەوەی خوا پۆشیویەتی دەری دەخات)).

(٢٣) كاری [عزل] لەسەر جێیدا

عزل: مانای گرتنەوەی مەنیيە لەكاتی جوت بووندا بۆ ئەوەی نەڕژێتە مندالدانیەوە.

٨١٧- عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: ذُكِرَ الْعَزْلُ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: ((وَمَا ذَاكُمْ)). قَالُوا: الرَّجُلُ تَكُونُ لَهُ الْمَرْأَةُ تُرْضِعُ، فَيُصِيبُ مِنْهَا وَيَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ مِنْهُ. وَالرَّجُلُ تَكُونُ لَهُ الْأَمَةُ، فَيُصِيبُ مِنْهَا وَيَكْرَهُ أَنْ تَحْمِلَ مِنْهُ. قَالَ: ((فَلَا عَلَيْكُمْ أَنْ لَا تَفْعَلُوا ذَاكُمْ، فَإِنَّمَا هُوَ الْقَدَرُ)). قَالَ ابْنُ عَوْنٍ: فَحَدَّثْتُ بِهِ الْحَسَنَ فَقَالَ: وَاللَّهِ لَكَأَنَّ هَذَا زَجْرٌ. [بخاري/ المغازي/ ٣٩٠٧]

(أبو سعيد الخدری)(ﷺ) دەڵێ: لەخزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) باسی (عزل)كرا، فەرمووی: ((مەبەستتان لەو (عزل)ە چیيە؟ وتیان: جاری وا هەیە پیاو ژنی شیردەری هەیە كە دەچێتە لای نایەوێ سكی تر بكات، یان پیاوێك كەنیزەكێكی هەیە و دەچێتەلای حەزناكات سكی لێی پڕبێت. فەرمووی: ((هیچتان بۆنابێ گەر وانەكەن چونكە ئەوە قەزاو قەدەرە)) (ابن عون)دەڵێ: ئەمەم بۆ حەسەن باسكرد. وتی: بەخوا پێ‌دەچێ بۆ سەرزەنشت بێت.

٨١٨- عَنْ جَابِرٍ [بْنِ عَبْدِ اللَّهِ] (ﷺ) قَالَ: سَأَلَ رَجُلٌ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: ((إِنَّ عِنْدِي جَارِيَةً لِي، وَأَنَا أَعْزِلُ عَنْهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِنَّ ذَلِكَ لَنْ يَمْنَعَ شَيْئًا

أَرادَهُ اللَّهُ)). قَالَ: فَجَاءَ الرَّجُلُ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْجَارِيَةَ الَّتِي كُنْتُ ذَكَرْتُهَا لَكَ حَمَلَتْ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَنَا عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ)).

(جابری کوڕی عبدالله)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك پرسیاری کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من کەنیزەکێکم هەیە (عزل)ی لەگەڵ دەکەم [بۆ ئەوەی منداڵمان نەبێت]، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە ڕێ لەوشتەناگریت کە خوا ویستی لەسەر بێت)) جابر دەڵێ: کابرا هاتەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)کەنیزەکەی بۆم باس کردی دووگیانە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((من بەندە و پێغەمبەری خوام)).

(٢٤) دەربارەی نزیکی لەگەڵ ئافرەتی شیردەر یا شیردەری دووگیان

٨١٩- عَنْ جُدَامَةَ بِنْتِ وَهْبٍ [الأَسَدِيَّة] أُخْتِ عُكَّاشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: حَضَرْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي أُنَاسٍ وَهُوَ يَقُولُ: ((لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَنْهَى عَنِ الْغِيلَةِ، فَنَظَرْتُ فِي الرُّومِ وَفَارِسَ فَإِذَا هُمْ يُغِيلُونَ أَوْلَادَهُمْ، فَلَا يَضُرُّ أَوْلَادَهُمْ ذَلِكَ شَيْئًا)). ثُمَّ سَأَلُوهُ عَنِ الْعَزْلِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ذَلِكَ الْوَأْدُ الْخَفِيُّ)).

لە(جذامة)ی کچی (وهب)ی (اسدی)یەوە کە خوشکی (عکاشە)یە (ﷺ) وتی: لەکاتێکدا ئامادەی لای پێغەمبەر بووم، کەلەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکدا بوو، ئەیفەرموو: ((بەتەمابووم ڕێگری لە (غیلة)[1]بکەم، کەچی دەبینم فارس و ڕۆمەکان (غیلة)ش دەکەن و زیانیش ناگەیەنێ بە منداڵەکانیان)). پاشان لەبارەی (عزل)ەوە پرسیاریان لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد، فەرمووی: ((بەڕاستی (عزل) جۆرە زیندەبەچاڵ کردنێکی پەنامەکییە)).

(٢٥) سەرجێیی لەگەڵ ئافرەتی دووگیانی دیلدا

٨٢٠- عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): [أَنَّهُ] أَتَى بِامْرَأَةٍ مُجِحٍّ عَلَى بَابِ فُسْطَاطٍ، فَقَالَ: ((لَعَلَّهُ يُرِيدُ أَنْ يُلِمَّ بِهَا)). فَقَالُوا: نَعَمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَلْعَنَهُ لَعْنًا يَدْخُلُ مَعَهُ قَبْرَهُ، كَيْفَ يُوَرِّثُهُ وَهُوَ لَا يَحِلُّ لَهُ؟ كَيْفَ يَسْتَخْدِمُهُ وَهُوَ لَا يَحِلُّ لَهُ)).

---

[1] (غیلة) ئەوەیە پیاو بچێتە لای هاوسەرەکەی لەکاتی منداڵەبەریدا، هەندێکیش دەڵێن: بە ئافرەتی دووگیان دەوترێت کە شیر بدات بە منداڵ.

(أبو درداء) (ﷺ) دەڵێ: ئافرەتێکی دووگیانیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەبەردەرکی ڕەشماڵێکدا فەرمووی: ((وادیارە ویستویەتی سەرجێیی لەگەڵ بکات)). وتیان: بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خەریك بوو نەفرینێك لەو کابرایە بکەم کە لەگەڵیا بچێتە گۆڕەوە، چۆن ئەو سکە دەکاتە میراتبەری خۆی لەکاتێکدا ئەو میراتە بۆ ئەو حەڵاڵ نیە، یان چۆن ئەو سکە دەکاتە بەندە و خزمەتکاری خۆی لەکاتێکدا بۆی حەڵاڵ نیە)). [واتە: دەگونجێ منداڵەکە لەخۆی نەبێ و ئەم کابرایە بەهی خۆی بزانێ، یاخود منداڵی خۆی بێت و ئەم بە بەندەی بزانێت، [بڕوانە شەرحی ئیمامی نەوەوی لەسەر ئەم فەرموودەیە].

٨٢١ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ حُنَيْنٍ بَعَثَ جَيْشًا إِلَى أَوْطَاسَ فَلَقُوا عَدُوًّا، فَقَاتَلُوهُمْ فَظَهَرُوا عَلَيْهِمْ، وَأَصَابُوا لَهُمْ سَبَايَا، فَكَأَنَّ نَاسًا مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) تَحَرَّجُوا مِنْ غِشْيَانِهِنَّ، مِنْ أَجْلِ أَزْوَاجِهِنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ فِي ذَلِكَ: ﴿وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ﴾ [النساء: ٢٤] أَيْ فَهُنَّ لَكُمْ حَلَالٌ إِذَا انْقَضَتْ عِدَّتُهُنَّ.

(أبو سعيد الخدري)(ﷺ) دەڵێ: لە ڕۆژی جەنگی (حنين)دا پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوپایەکی نارد بۆ (أوطاس)، لەوێ بە دوژمن گەیشتن، شەڕیان لەگەڵدا کردن و بەسەریاندا زاڵ بوون، چەندین ژنیان لێبەدیل گرتن، چەند کەسێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە گوناهیان دەزانی بچنە لایان، لەبەر ئەوەی مێردی موشریکیان هەبوو، خوای مەزن ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە کە ئەمە ماناکەیتی: ﴿هەمو ژنانی هاوسەردار بۆ ئێوە حەرامن، مەگەر کەنیزك﴾ [واتە ئەوانە پاش تێپەڕبوونی عیددەیان بۆتان حەڵاڵ دەبن].

(٢٦) شەو مانەوە لای (کچ) و بێوەژن

٨٢٢ـ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمَّا تَزَوَّجَ أُمَّ سَلَمَةَ أَقَامَ عِنْدَهَا ثَلَاثًا، وَقَالَ: ((إِنَّهُ لَيْسَ بِكِ عَلَى أَهْلِكِ هَوَانٌ، إِنْ شِئْتِ سَبَّعْتُ لَكِ، وَإِنْ سَبَّعْتُ لَكِ سَبَّعْتُ لِنِسَائِي)).

(أم سلمه)(ﷺ) دەگێڕێتەوە: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) خواستی و گوێزرایەوە سێ شەو لای مایەوە و، پێی فەرموو: ((تۆ لای مێردەکەت کەم نرخ نیت، گەر دەتەوێ بۆت دەکەم بە حەوت شەو، گەر بۆ تۆم کرد بە حەوت بۆ ژنەکانی تریشم دەیکەم بە حەوت)).

٨٢٣ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: إِذَا تَزَوَّجَ الْبِكْرَ عَلَى الثَّيِّبِ أَقَامَ عِنْدَهَا سَبْعًا، وَإِذَا تَزَوَّجَ الثَّيِّبَ عَلَى الْبِكْرِ أَقَامَ عِنْدَهَا ثَلَاثًا. قَالَ خَالِدٌ: وَلَوْ قُلْتُ إِنَّهُ رَفَعَهُ لَصَدَقْتُ، وَلَكِنَّهُ قَالَ: السُّنَّةُ كَذَلِكَ. [بخاري/ النكاح/ ٤٩٦١]

(أنس)(ﷺ) دەڵێ: ئەگەر کچی مارە بکردایە بەسەر بێوەژندا حەوت شەو لای دەمایەوە (خالد کە یەکێکە لە ڕاویەکان) دەڵێ: گەر بڵێم ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەرەوە ڕوایەت کردووە، ڕاست دەکەم، بەڵام ئەو وتی: سوننەت وایە.

٨٢٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ امْرَأَةً أَحَبَّ إِلَيَّ أَنْ أَكُونَ فِي مِسْلَاخِهَا مِنْ سَوْدَةَ بِنْتِ زَمْعَةَ، مِنِ امْرَأَةٍ فِيهَا حِدَّةٌ، قَالَتْ: فَلَمَّا كَبِرَتْ جَعَلَتْ يَوْمَهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لِعَائِشَةَ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ جَعَلْتُ يَوْمِي مِنْكَ لِعَائِشَةَ، فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَقْسِمُ لِعَائِشَةَ يَوْمَيْنِ، يَوْمَهَا وَيَوْمَ سَوْدَةَ.

(عائشە)(ﷺ) دەڵێ: هیچ ژنێکم نەدیوە بەدڵ حەزبکەم وەکو ئەو وابم بە ئەندازەی (سودە ی کچی زمعة)، ژنێکی ئازاو دەرون قایم بوو، کە چوو بەساڵدا نۆرەکەی خۆی بەخشی بە (عائشە) دوای ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دوو شەو لای (عائشە) دەمایەوە، شەوەکەی خۆی و شەوەکەی (سودە)ش.

(٢٧) وازهێنان لەسەرەی هەندێ هاوسەر

٨٢٥ـ عن عَطَاءٌ قَالَ: حَضَرْنَا مَعَ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) جَنَازَةَ مَيْمُونَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ) بِسَرِفَ، فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: هَذِهِ زَوْجُ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَإِذَا رَفَعْتُمْ نَعْشَهَا فَلَا تُزَعْزِعُوا وَلَا تُزَلْزِلُوا وَارْفُقُوا، فَإِنَّهُ كَانَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) تِسْعٌ، فَكَانَ يَقْسِمُ لِثَمَانٍ وَلَا يَقْسِمُ لِوَاحِدَةٍ. قَالَ عَطَاءٌ: الَّتِي لَا يَقْسِمُ لَهَا صَفِيَّةُ بِنْتُ حُيَيِّ بْنِ أَخْطَبَ. [بخاري/ النكاح/ ٤٧٨٠]

(عطاء)دەڵێ: لەگەڵ (ابن عباس)دا (ﷺ) لەناوچەی (سَرِف) -کە شوێنێکە لە دەرەوەی (مەککە)- ئامادەی تەرمی (میمونە)ی هاوسەری پێغەمبەر بووین (ﷺ). (ابن عباس)(ﷺ) وتی: ئەمە هاوسەری پێغەمبەرە (ﷺ) کاتێ تەرمەکەیتان بەرزکردەوە بە هێمنی لەسەرخۆ بیبەن، پێغەمبەر (ﷺ) نۆ هاوسەری هەبوو، سەرەبەشیدەدا بە هەشتیان و نەیدەدا بە یەکێکیان. (عطاء) دەڵێ: ئەو یەکەیان کەسەرەی نەبوو، (صفیەی کچی حییی کوڕی أخطب)بوو. [بەڵام زانایان ئەڵێن: ئەمە گومانە و ڕاستیەکەی ئەوەیە هەر (سودە)بووە کە خۆی وازی لەسەرە بەشی خۆی هێناوە بۆ عائشە (ﷺ)].

(٢٨) لەگەڵ ژن دا هەڵکردن و ڕاسپاردە لەبارەیانەوە

٨٢٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَإِذَا شَهِدَ أَمْرًا فَلْيَتَكَلَّمْ بِخَيْرٍ أَوْ لِيَسْكُتْ. وَاسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ، فَإِنَّ الْمَرْأَةَ خُلِقَتْ مِنْ ضِلَعٍ، وَإِنَّ أَعْوَجَ شَيْءٍ فِي الضِّلَعِ أَعْلَاهُ، إِنْ ذَهَبْتَ تُقِيمُهُ كَسَرْتَهُ، وَإِنْ تَرَكْتَهُ لَمْ يَزَلْ أَعْوَجَ، اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا)). [بخاري/ النكاح/ ٣٨٩٠]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کەفەرموویەتی: ((هەرکەسێ باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەیە، هەرشتێکی بینی یان چاك بڵێت یان بێدەنگ بێت، ئامۆژگاری وەرگرن و چاك بن لەگەڵ ژنان، چونکە لەپەراسوو دروست کراون، لارترین بەشی پەراسووش لای سەرەوەیەتی، ئەگەر هەوڵی ڕاست کردنەوەی بدەیت دەیشکێنیت، ئەگەر وازیشی لێبهێنیت بەلاری دەمێنێتەوە، ئامۆژگاری چاکەم وەربگرن دەربارەی ژنان.

(٢٩) باهیچ پیاوێکی ئیماندار هاوسەرە ئیماندارەکەی نەبوغزێنێ

٨٢٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا يَفْرَكْ مُؤْمِنٌ مُؤْمِنَةً، إِنْ كَرِهَ مِنْهَا خُلُقًا رَضِيَ مِنْهَا آخَرَ)) أَوْ قَالَ: ((غَيْرَهُ)).

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((باهیچ پیاوێکی ئیماندار هاوسەرە ئیماندارەکەی نەبوغزێنێ، چونکە ئەگەر ڕەوشتێکی ئەوی بەدڵ نەبێ، شتێکی تری هەر بەدڵ دەبێت)).

(٣٠) هەرپیاوێك لەسەفەر هاتەوە با خێرا خۆی نەکاتەوە بەماڵدا تا هاوسەرەکەی خۆی بۆ ڕێك دەخات

٨٢٨- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي غَزَاةٍ، فَلَمَّا أَقْبَلْنَا تَعَجَّلْتُ عَلَى بَعِيرٍ لِي قَطُوفٍ، فَلَحِقَنِي رَاكِبٌ خَلْفِي فَنَخَسَ بَعِيرِي بِعَنَزَةٍ كَانَتْ مَعَهُ، فَانْطَلَقَ بَعِيرِي كَأَجْوَدِ مَا أَنْتَ رَاءٍ مِنَ الْإِبِلِ، فَالْتَفَتُّ فَإِذَا أَنَا بِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ). فَقَالَ: ((مَا يُعْجِلُكَ يَا جَابِرُ)). قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي حَدِيثُ عَهْدٍ بِعُرْسٍ، فَقَالَ: ((أَبِكْرًا تَزَوَّجْتَهَا أَمْ ثَيِّبًا)). قَالَ: قُلْتُ: بَلْ ثَيِّبًا. قَالَ: ((هَلَّا جَارِيَةً تُلَاعِبُهَا وَتُلَاعِبُكَ)). قَالَ: فَلَمَّا قَدِمْنَا الْمَدِينَةَ، ذَهَبْنَا لِنَدْخُلَ فَقَالَ: ((أَمْهِلُوا حَتَّى نَدْخُلَ لَيْلًا -أَيْ عِشَاءً- كَيْ تَمْتَشِطَ الشَّعِثَةُ، وَتَسْتَحِدَّ الْمُغِيبَةُ)). قَالَ: وَقَالَ: ((إِذَا قَدِمْتَ فَالْكَيْسَ الْكَيْسَ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٩٤٧]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لەغەزایەکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووم (ﷺ)، بە سواری وشترێکی خاوەوە، کاتێ نزیک بووینەوە پەلەم دەکرد، سوارێك لەدواوە پێم گەیشت و بە نەقیزەیەك ژەندی لە وشترەکەمەوە، ئیتر وشترەکەم کەوتە غار، وەکو چاکترین وشترکە تۆ دیبێتت، کەلام کردەوە پێغەمبەر بوو (ﷺ)، فەرمووی: ((پەلەت چییە ئەی (جابر)؟ وتم: ئەی پێغەمبەر! تازە ژنم گواستۆتەوە، فەرمووی: ((کچەیان بێوەژن؟)) وتم: بێوە ژنە. -پێغەمبەری خوا فەرموی: ((نەدەکرا کچێك بێنیت پێکەوە گەمە و گاڵتە بکەن)) کە گەیشتینەوە ناو مەدینە، ویستمان بڕۆین بەرەومالّ، فەرمووی: ((بوەستن تاشەو، ئەوسا دەچینە ماڵەوە، هەتا ژنە قژگژوبژەکان پرچیان شانەدەکەن و خۆیان ساز و ئامادە دەکەن- ئینجا فەرمووی: ((کاتێ گەیشتن ژیرانە و لەسەر خۆ بچنە ماڵەوە)).

(١٥) بەشی تەلاق

(١) ئەو پیاوەی لەکاتی (بێنوێژی)دا ژنەکەی تەلاق دەدات

٨٢٩ـ عَنْ نَافِعٍ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) طَلَّقَ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ، فَسَأَلَ عُمَرُ النَّبِيَّ (ﷺ) فَأَمَرَهُ أَنْ يَرْجِعَهَا ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً أُخْرَى، ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ يُطَلِّقَهَا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا، فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ يُطَلَّقَ لَهَا النِّسَاءُ. قَالَ: فَكَانَ ابْنُ عُمَرَ إِذَا سُئِلَ عَنِ الرَّجُلِ يُطَلِّقُ امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ يَقُولُ: أَمَّا أَنْتَ طَلَّقْتَهَا وَاحِدَةً أَوِ اثْنَتَيْنِ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) أَمَرَهُ أَنْ يَرْجِعَهَا ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَحِيضَ حَيْضَةً أُخْرَى، ثُمَّ يُمْهِلَهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ يُطَلِّقَهَا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا. وَأَمَّا أَنْتَ طَلَّقْتَهَا ثَلَاثًا، فَقَدْ عَصَيْتَ رَبَّكَ فِيمَا أَمَرَكَ بِهِ مِنْ طَلَاقِ امْرَأَتِكَ، وَبَانَتْ مِنْكَ. [بخاري/ التفسير/ ٤٦٢٥]

(نافع) دەڵێ: (ابن عمر) (ﷺ) لەکاتی بێنوێژیدا ژنەکەی تەلاق دا. (عمر) پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد. ئەویش فەرمانی پێدا کە بیهێنێتەوە و مۆڵەتێکی تری بدا هەتا دەکەوێتە بێنوێژییەکیترەوە، پاشان لەسەری بوەستێ تاپاك دەبێتەوە، ئینجا پێش چوونەلای، تەلاقی بدات. ئەمە ئەو چەند ڕۆژە دیاریکراوەیە کە خوای مەزن فەرمانی داوە کە ژنی تێدا تەلاق بدرێت.. بۆیە (ابن عمر) ئەگەر پرسیاری لێبکرایا دەربارەی ئەو پیاوەی کەژنەکەی لەکاتی بێنوێژیدا تەلاق دەدات، دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی داوە بیهێنیتەوە و دەرفەتی بدات ئەگەر تۆ یەك تەلاق یان دوو تەلاقت داوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردووە کە بیگێرێتەوە و مۆڵەتی بدات هەتا حەیزێکی تر دەبینێ و پاکدەبێتەوە و ئینجا تەلاقی بدات پێش ئەوەی بچێتە لای ، ئەگەر تۆ سێبەسێ تەلاقتداوە ئەوە لێت جیابۆتەوە و فەرمانی پەروەردگاریشت شکاندووە لە تەلاقدانی ژنەکەتدا.

٨٣٠ـ عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: مَكَثْتُ عِشْرِينَ سَنَةً يُحَدِّثُنِي مَنْ لَا أَتَّهِمُ: أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) طَلَّقَ امْرَأَتَهُ ثَلَاثًا وَهِيَ حَائِضٌ، فَأُمِرَ أَنْ يُرَاجِعَهَا، فَجَعَلْتُ لَا أَتَّهِمُهُمْ وَلَا أَعْرِفُ الْحَدِيثَ، حَتَّى لَقِيتُ أَبَا غَلَّابٍ يُونُسَ بْنَ جُبَيْرٍ الْبَاهِلِيَّ، وَكَانَ ذَا ثَبَتٍ، فَحَدَّثَنِي أَنَّهُ سَأَلَ ابْنَ عُمَرَ فَحَدَّثَهُ: أَنَّهُ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ تَطْلِيقَةً وَهِيَ حَائِضٌ فَأُمِرَ أَنْ

يَرْجِعهَا، قَالَ: قُلْتُ: أَفَحُسِبَتْ عَلَيهِ؟ قَالَ: فَمَهْ، أَوَ إِنْ عَجَزَ وَاسْتَحْمَقَ؟ [بخاري/ الطلاق/ ٤٩٥٨]

(ابن سيرين)دەڵێ: بۆ ماوەی بیست ساڵ کەسێك کە جێی متمانەم بوو بۆی دەگێڕامەوە کە (ابن عمر)(ﷺ) لەکاتی بێنوێژیدا ژنەکەی سێبەسێ تەلاقدا، فەرمانی پێدرا کە بیگێڕێتەوە، منیش هیچ دوودڵ نەبووم لەوتەکەیان و ئاگام لە فەرموودەکەش نەبوو، تا گەیشتمە (یونس ی کوڕی جبیری باهلی) (أبو غلاب) کە پیاوێکی دەمڕاست بوو، بۆی گێڕامەوە، کە ئەو پرسیاری لە (ابن عمر) کردووە و ئەویش فەرموودەکەی بۆ گێڕاوەتەوە کە ژنەکەی تەلاقداوە بەیەك تەلاق لەکاتی بێنوێژیدا، فەرمانی پێکراوە کە بیگێڕێتەوە وتم: ئایا ئەو تەلاقەی لەسەر حساب کرا؟ وتی: بێدەنگ بە، ئەی بۆنا؟ مەگەر لەبەر ئەوەی کاری ناژیرانەی کرد و نەیتوانیوە چاوەڕێ بکات لەسەرەتای پاکیدا تەلاقیبدات؟

(٢) تەلاقی سێبەسێ لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

٨٣١ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَ الطَّلَاقُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَبِي بَكْرٍ وَسَنَتَيْنِ مِنْ خِلَافَةِ عُمَرَ (ﷺ) طَلَاقُ الثَّلَاثِ وَاحِدَةً، فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: إِنَّ النَّاسَ قَدِ اسْتَعْجَلُوا فِي أَمْرٍ قَدْ كَانَتْ لَهُمْ فِيهِ أَنَاةٌ، فَلَوْ أَمْضَيْنَاهُ عَلَيْهِمْ؟ فَأَمْضَاهُ عَلَيْهِمْ.

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) و (أبو بكر) (ﷺ) و دوو ساڵی جێنشینی (عمر)یشدا (ﷺ) تەلاقی سێ بەسێ بەیەك تەلاق دەچوو، (عمر ی کوڕی خطاب) وتی: خەڵکی پەلەیان کرد لەمەسەلەیەکدا کە دەبوا خۆگربونایە تیایدا [دەڵێن چی] ئەگەر بیچەسپێنین لەسەریان؟! ئەوە بوو چەسپاندی بەسەریاندا.

(٣) ژنی تەلاق دراو، گەرشووی کردەوە

٨٣٢ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رِفَاعَةَ الْقُرَظِيَّ طَلَّقَ امْرَأَتَهُ فَبَتَّ طَلَاقَهَا، فَتَزَوَّجَتْ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزَّبِيرِ، فَجَاءَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهَا كَانَتْ تَحْتَ رِفَاعَةَ، فَطَلَّقَهَا آخِرَ ثَلَاثِ تَطْلِيقَاتٍ، فَتَزَوَّجْتُ بَعْدَهُ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الزَّبِيرِ، وَإِنَّهُ وَاللَّهِ مَا مَعَهُ إِلَّا مِثْلُ الْهُدْبَةِ. وَأَخَذَتْ بِهُدْبَةٍ مِنْ جِلْبَابِهَا، قَالَ: فَتَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ضَاحِكًا، فَقَالَ: ((لَعَلَّكِ تُرِيدِينَ أَنْ تَرْجِعِي إِلَى رِفَاعَةَ؟ لَا، حَتَّى يَذُوقَ

عُسَيْلَتَك، وَتَذُوقِي عُسَيْلَتَهُ)). وَأَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ (ﷺ) جَالِسٌ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَخَالِدُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ الْعَاصِ جَالِسٌ بِبَابِ الْحُجْرَةِ لَمْ يُؤْذَنْ لَهُ، قَالَ: فَطَفِقَ خَالِدٌ يُنَادِي: أَبَا بَكْرٍ، أَلَا تَزْجُرُ هَذِهِ عَمَّا تَجْهَرُ بِهِ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ [بخاري/ الشهادات/ ٢٤٩٦]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: (رفاعة القرظي) سێبەسێ ژنەکەی تەڵاقدا، دوای ئەوە، شووی کردەوە بە (عبدالرحمن ی کوڕی الزبير)، ژنەکە هاتەلای پێغەمبەر (ﷺ)، عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من پێشتر خێزانی (رفاعة)بووم، ئاخرین سێ تەڵاقەی دام، پاشان شووم کرد بە (عبدالرحمن)ی کوڕی (الزبير)، ئافرەتەکە چمکێکی کراسەکەی خۆی گرت و وتی: سوێندبەخوا کوڕی (الزبير) لەپیاوەتی کەوتووە و، وەکو ئەم پەڕۆیەوایە، پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی و فەرمووی: ((پێدەچێ حەز بکەیت بگەڕێیتەوە بۆلای (رفاعة)؟ نەخێر نابێ، نابێ هەتا ئەو چێژ لەتۆ وەردەگرێت و تۆش چێژ لەو وەردەگریت)) لەو کاتەدا (أبوبكر الصديق)یش (ﷺ) لە خزمەتیدا دانیشتبوو، (خالدی کوڕی سعدی کوڕی عاص)یش (ﷺ) لەدەرکی ژورەکەدا بوو، مۆڵەتی نەدرا بێتە ژوورەوە، (ڕاوی)دەڵێ: (خالد) هاواری کرد: ئەرێ (أبو بكر) بۆ هەڵناشاخێیت بەو ژنەدا، کەبەو ڕوهەڵماڵراوییە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) قسە دەکات؟.

(٤) لەبارەی ئایەتی ﴿يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾

٨٣٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: إِذَا حَرَّمَ الرَّجُلُ عَلَيْهِ امْرَأَتَهُ فَهِيَ يَمِينٌ يُكَفِّرُهَا، لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ. [بخاري/ التفسير/ ٤٦٢٧]

(ابن عباس)(ﷺ) دەڵێ: هەرکەسێ ژنەکەی لەخۆی حەرام کرد، ئەوە سوێندەو کەفارەتی بدات، پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئێوە چاکترین پێشەنگە.

٨٣٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَمْكُثُ عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ فَيَشْرَبُ عِنْدَهَا عَسَلًا، قَالَتْ: فَتَوَاطَيْتُ أَنَا وَحَفْصَةُ: أَنَّ أَيَّتَنَا مَا دَخَلَ عَلَيْهَا النَّبِيُّ (ﷺ) فَلْتَقُلْ: إِنِّي أَجِدُ مِنْكَ رِيحَ مَغَافِيرَ، أَكَلْتَ مَغَافِيرَ؟ فَدَخَلَ عَلَى إِحْدَاهُمَا فَقَالَتْ ذَلِكَ لَهُ. فَقَالَ: ((بَلْ شَرِبْتُ عَسَلًا عِنْدَ زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ، وَلَنْ أَعُودَ لَهُ)). فَنَزَلَ: ﴿لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾ إِلَى قَوْلِهِ: ﴿إِنْ تَتُوبَا﴾ لِعَائِشَةَ وَحَفْصَةَ ﴿وَإِذْ أَسَرَّ النَّبِيُّ إِلَى بَعْضِ أَزْوَاجِهِ حَدِيثًا﴾ [التحريم: ١-٣] لِقَوْلِهِ: ((بَلْ شَرِبْتُ عَسَلًا)). [بخاري/ الطلاق/ ٤٩٦٦، ٤٩٦٧]

لـە(عائـشە)ەوە (ﷺ) دەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـەرجارێ لای (زینب)ی کچی (جحش) دەمایەوە هەنگوینی لەلا دەخوارد، عائشە (ﷺ) دەڵـێ: لەگەڵ (حفصە)دا ڕێککەوتم کە پێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هێنا بۆلای هەرکاممان پێی‌بڵـێین: بـۆنی (مغـافیر)ت لێـدێت -(مغـافیر) شـیلەیەکی شـیرینی بـۆن ناخۆشە- ئەرێ (مغافیر)ت خواردووە؟ ئەوەبوو پێغەمبـەر (ﷺ) تەشـریفی برد بـۆلای یـەکێکیان و ئـەوەی پـێوت. ئـەویش فـەرمووی: ((نـەخێر بـەڵکو لای (زینـب)ی کـچی _جحـش) هـەنگوینم خـواردووە، ئیـدی جـارێکی تـر نـایخۆم)) ئایەت هاتە خوارەوە ﴿یَاأَیُّهَا النَّبِیُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ..﴾ هـەتا ئایـەتی ﴿إِنْ تَتُوبَا إِلَـى اللَّهِ﴾ کـە ڕووبـەڕوی (عائشە) و (حفصة)یـە هـەروەها ئایـەتی: ﴿وَإِذْ أَسَـرَّ النَّبِـيُّ إِلَـى بَعْـضِ أَزْوَاجِـهِ حَـدِيثًا﴾ [التحـريم: ١-٣] سـەبارەت بـە خواردنی هەنگوینەکەیـە کـە ئەمـە واتاکەیـەتی: ﴿ئەی پێغەمبـەر بۆچی تۆ ئـەو شتانە لە خۆت حەرام دەکەیت کە خوا بۆی حەلاڵ کردویت، دەتەوێ ڕەزامەندی هاوسەرانت بەدەست بهێنیت؟ لەکاتێکدا خوا لێخۆشبوو و میهرەبانـە. بێگومـان ئـەو خوایـە مۆڵـەتی داوە کـەفارەتی سـوێندەکانتان بـدەن، هـەرخوایش پشتیوانتانە و هـەر ئـەویش زانـا و دانایـە، کاتێـك پێغەمبـەر باسێکی گێڕایـەوە بۆیـەکێ لـە هاوسـەرانی و هەواڵەکـەی پێداوخوایش هـەموو شـتێکی بـۆڕوون کـردەوە، هەنـدێکی بـاس کـرد و لەهەنـدێکی خـۆی بـوارد، جـا کاتێـك بـۆ ئـەو هاوسەرەی باس کرد، ئەویش پرسی: ئەی پێغەمبەر: کێ ئەم هەواڵـەی پێدای، ئەویش وتی: ئەوزاتەی کە هەمیشە زانا و ئاگادارە هەواڵی پێدام﴾.

(٥) سەرپشك کردنی پیاو بۆ ژنەکەی

٨٣٥ـ عَـنْ جَـابِرِ بْـنِ عَبْـدِ اللَّـهِ (ﷺ) قَـالَ: دَخَـلَ أَبُـو بَكْـرٍ (ﷺ) يَـسْتَأْذِنُ عَلَـى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَوَجَدَ النَّاسَ جُلُوسًا بِبَابِهِ، لَمْ يُؤْذَنْ لِأَحَدٍ مِنْهُمْ. قَالَ: فَأُذِنَ لِأَبِي بَكْرٍ (ﷺ) فَدَخَلَ، ثُمَّ أَقْبَلَ عُمَرُ (ﷺ) فَاسْتَأْذَنَ فَأُذِنَ لَهُ، فَوَجَدَ النَّبِـيَّ (ﷺ) جَالِسًا حَوْلَهُ نِسَاؤُهُ وَاجِمًا سَاكِتًا. قَالَ: فَقَالَ: لَأَقُولَنَّ شَيْئًا أُضْحِكُ النَّبِـيَّ (ﷺ). فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ رَأَيْتَ بِنْتَ خَارِجَةَ سَأَلَتْنِي النَّفَقَةَ، فَقُمْتُ إِلَيْهَا فَوَجَأْتُ عُنُقَهَا. فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَقَالَ: ((هُنَّ حَوْلِي كَمَا تَرَى يَسْأَلْنَنِي النَّفَقَةَ)). فَقَامَ أَبُو بَكْرٍ إِلَـى عَائِشَةَ يَجَأُ عُنُقَهَا، فَقَامَ عُمَـرُ إِلَـى حَفْصَةَ يَجَأُ عُنُقَهَا، كِلَاهُمَـا يَقُولُ: تَسْأَلْنَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) مَـا لَـيْسَ عِنْـدَهُ؟ فَقُلْـنَ: وَاللَّـهِ لَـا نَـسْأَلُ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ)

شَيْئًا أَبَدًا لَيسَ عِنْدَهُ، ثُمَّ اعْتَزَلَهُنَّ شَهْرًا أَوْ تِسعًا وَعِشْرِينَ، ثُمَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ﴾ حَتَّى بَلَغَ ﴿لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ [الأحزاب: ٢٨-٢٩]. قَالَ: فَبَدَأَ بِعَائِشَةَ فَقَالَ: ((يَا عَائِشَةُ، إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَعْرِضَ عَلَيْكِ أَمْرًا، أُحِبُّ أَنْ لَا تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَشِيرِي أَبَوَيْكِ)). قَالَتْ: وَمَا هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَتَلَا عَلَيْهَا الْآيَةَ. قَالَتْ: أَفِيكَ يَا رَسُولَ اللهِ أَسْتَشِيرُ أَبَوَيَّ؟ بَلْ أَخْتَارُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الْآخِرَةَ، وَأَسْأَلُكَ أَنْ لَا تُخْبِرَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِكَ بِالَّذِي قُلْتُ. قَالَ: ((لَا تَسْأَلُنِي امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ إِلَّا أَخْبَرْتُهَا، إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَبْعَثْنِي مُعَنِّتًا وَلَا مُتَعَنِّتًا، وَلَكِنْ بَعَثَنِي مُعَلِّمًا مُيَسِّرًا)).

(جابری)كوڕی (عبدالله)(ﷺ) دەڵێ: (ابو بكر (ﷺ) هات مۆڵەتی هاتنە ژوورەوە لە پێغەمبەری خوا وەرگرێت، بینی كۆمەڵێ خەڵك لەبەر دەرگاكەیدا دانیشتون و مۆڵەت بە كەسیان نەدراوە، مۆڵەتی دابە (ابوبكر)(ﷺ) چووە ژوورەوە، پاشان (عمر)(ﷺ) هات، داوای مۆڵەتی كرد، مۆڵەتی بەویشدا، بینی وا پێغەمبەر (ﷺ) مات و بێدەنگ دانیشتووە و خێزانەكانی بەدەوریدان، عمر وتی: ئێستا شتێك دەڵێم پێغەمبەر دەهێنمە پێكەنین، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): گەر چاوت لێبوایە كچەكەی خارجە [كە خێزانی بووە] داوای خەرجی لێكردم، منیش بۆی هەستام و میرازێكی باشم كرد، پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستی كرد بە پێكەنین و فەرموی: ((ئەوەتا ئەوانیش بە چواردەورمدا دانیشتوون و داوای خەرجیم لێدەكەن)). (ابو بكر)(ﷺ) هەستا بۆ (عائشە)، (عمر)یش (ﷺ) هەستا بۆ (حفصە) لێیدات، هەردووكیان بەدەم تووڕەبوونەوە دەیانووت: داوای خەرجی لە پێغەمبەر (ﷺ) دەكەن كە نیەتی؟ ئەوانیش وتیان: واللهی قەت داوای شتێكی لێناكەین كە نەیبێت، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ماوەی مانگێك یان (٢٩)ڕۆژ لێیان دووركەوتەوە، پاشان ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە كە ئەمە واتاكەیەتی: ﴿ئەی پێغەمبەر بە هاوسەرەكانت بڵێ: ئەگەر ئێوە تەنها ژیانی دنیا و ڕازاوەییەكەیتان دەوێت وەرن با هەندێكتان پێببەخشم و پاشان بەشێوەیەكی جوان ئازادتتان بكەم. خۆ ئەگەر خوا و پێغەمبەرەكەیی و بەهەشتی ئەو جیهانەتان مەبەستە ئەوە خوای میهرەبان پاداشتی زۆر گەورە و بێسنووری بۆ چاكە خوازەكانتان ئامادەكردووە)). ئینجا لە (عائشە)وە دەستی پێكرد و فەرمووی: ((عائشە: دەمەوێ شتێك

بخەمە بەردەستت، حەز دەکەم پەلەنەکەیت، تا پرسی دایك و باوك دەکەیت)).
(عائشە) (ﷺ) وتی: ئەو شتە چییە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ پێغەمبەریش ئایەتەکانی بۆ خوێندەوە. (عائشە)(ﷺ) وتی: سەبارەت بەتۆ پرسی دایك و باوکم بکەم؟!! نەخێر، من خواو پێغەمبەرەکەی و ژیانی ئاخیرەت هەڵدەبژێرم. داوات لێدەکەم لەبارەی ئەم قەسەیەی منەوە هەواڵ نەدەیت بە هیچ یەکێ لە ژنەکانی تر. فەرمووی: ((هەرژنێکیان پرسیارم لێبکات هەواڵی دەدەمێ، خوای مەزن منی نەناردووە بێزارکەری خەڵك بم یا ببمە هۆی ئەوە خەڵکی بێزاری دەربرێ بەڵکو منی ناردووە مامۆستا و ئاسانکاربم)).

٨٣٦ـ عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: مَا أُبَالِي خَيَّرْتُ امْرَأَتِي وَاحِدَةً أَوْ مِائَةً أَوْ أَلْفًا، بَعْدَ أَنْ تَخْتَارَنِي، وَلَقَدْ سَأَلْتُ عَائِشَةَ (ﷺ)، فَقَالَتْ: قَدْ خَيَّرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، أَفَكَانَ طَلَاقًا؟ [بخاري/ الطلاق/ ٤٩٦٢- ٤٩٦٣]

(مسروق)(ﷺ) دەڵێ: من باکم نییە جارێك یان سەدجار یان هەزار جار ژنەکەم سەرپشك بکەم، پاش ئەوەی کە من هەڵبـژێرێ، چونکە من پرسیارم کردوە لە (عائشە) (ﷺ) وتوویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمەی سەرپشك کرد، ئایا ئەوە تەلاق بوو؟ [مەبەستی ئەوەیە ئەم سەرپشك کردنە بە تەلاق حیساب ناکرێ].

(٦) سەبارەت بە ئایەتی ﴿وإن تظاهرا عليه﴾

٨٣٧ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: مَكَثْتُ سَنَةً وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) عَنْ آيَةٍ، فَمَا أَسْتَطِيعُ أَنْ أَسْأَلَهُ هَيْبَةً لَهُ، حَتَّى خَرَجَ حَاجًّا فَخَرَجْتُ مَعَهُ، فَلَمَّا رَجَعَ فَكُنَّا بِبَعْضِ الطَّرِيقِ، عَدَلَ إِلَى الْأَرَاكِ لِحَاجَةٍ لَهُ، فَوَقَفْتُ لَهُ حَتَّى فَرَغَ ثُمَّ سِرْتُ مَعَهُ، فَقُلْتُ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، مَنِ اللَّتَانِ تَظَاهَرَتَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ أَزْوَاجِهِ؟ فَقَالَ: تِلْكَ حَفْصَةُ وَعَائِشَةُ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: وَاللَّهِ إِنْ كُنْتُ لَأُرِيدُ أَنْ أَسْأَلَكَ عَنْ هَذَا مُنْذُ سَنَةٍ، فَمَا أَسْتَطِيعُ هَيْبَةً لَكَ. قَالَ: فَلَا تَفْعَلْ، مَا ظَنَنْتَ أَنَّ عِنْدِي مِنْ عِلْمٍ فَسَلْنِي عَنْهُ، فَإِنْ كُنْتُ أَعْلَمُهُ أَخْبَرْتُكَ، قَالَ: وَقَالَ عُمَرُ: وَاللَّهِ إِنْ كُنَّا فِي الْجَاهِلِيَّةِ مَا نَعُدُّ لِلنِّسَاءِ أَمْرًا، حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى فِيهِنَّ مَا أَنْزَلَ، وَقَسَمَ لَهُنَّ مَا قَسَمَ، قَالَ: فَبَيْنَمَا أَنَا فِي أَمْرٍ أَأْتَمِرُهُ إِذْ قَالَتْ لِي امْرَأَتِي: لَوْ صَنَعْتَ كَذَا وَكَذَا، فَقُلْتُ لَهَا: وَمَا لَكِ أَنْتِ وَلِمَا هَاهُنَا، وَمَا تَكَلُّفُكِ فِي أَمْرٍ أُرِيدُهُ؟ فَقَالَتْ لِي: عَجَبًا لَكَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ، مَا تُرِيدُ أَنْ تُرَاجَعَ أَنْتَ، وَإِنَّ ابْنَتَكَ لَتُرَاجِعُ

رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى يَظَلَّ يَوْمَهُ غَضْبَانَ. قَالَ عُمَرُ: فَآخُذُ رِدَائِي، ثُمَّ أَخْرُجُ مَكَانِي حَتَّى أَدْخُلَ عَلَى حَفْصَةَ، فَقُلْتُ لَهَا يَا بُنَيَّةُ إِنَّكِ لَتُرَاجِعِينَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) حَتَّى يَظَلَّ يَوْمَهُ غَضْبَانَ؟ فَقَالَتْ حَفْصَةُ: وَاللَّهِ إِنَّا لَنُرَاجِعُهُ، فَقُلْتُ: تَعْلَمِينَ أَنِّي أُحَذِّرُكِ عُقُوبَةَ اللَّهِ وَغَضَبَ رَسُولِهِ (ﷺ)، يَا بُنَيَّةُ، لَا يَغُرَّنَّكِ هَذِهِ الَّتِي قَدْ أَعْجَبَهَا حُسْنُهَا، وَحُبُّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِيَّاهَا. ثُمَّ خَرَجْتُ حَتَّى أَدْخُلَ عَلَى أُمِّ سَلَمَةَ لِقَرَابَتِي مِنْهَا، فَكَلَّمْتُهَا، فَقَالَتْ لِي أُمُّ سَلَمَةَ: عَجَبًا لَكَ يَا ابْنَ الْخَطَّابِ، قَدْ دَخَلْتَ فِي كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى تَبْتَغِيَ أَنْ تَدْخُلَ بَيْنَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَأَزْوَاجِهِ؟ قَالَ: فَأَخَذَتْنِي أَخْذًا كَسَرَتْنِي عَنْ بَعْضِ مَا كُنْتُ أَجِدُ، فَخَرَجْتُ مِنْ عِنْدِهَا، وَكَانَ لِي صَاحِبٌ مِنَ الْأَنْصَارِ إِذَا غِبْتُ أَتَانِي بِالْخَبَرِ، وَإِذَا غَابَ كُنْتُ أَنَا آتِيهِ بِالْخَبَرِ، وَنَحْنُ حِينَئِذٍ نَتَخَوَّفُ مَلِكًا مِنْ مُلُوكِ غَسَّانَ، ذُكِرَ لَنَا أَنَّهُ يُرِيدُ أَنْ يَسِيرَ إِلَيْنَا، فَقَدِ امْتَلَأَتْ صُدُورُنَا مِنْهُ. فَأَتَى صَاحِبِي الْأَنْصَارِيُّ يَدُقُّ الْبَابَ وَقَالَ: افْتَحِ افْتَحْ، فَقُلْتُ: جَاءَ الْغَسَّانِيُّ؟ فَقَالَ: أَشَدُّ مِنْ ذَلِكَ، اعْتَزَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَزْوَاجَهُ. فَقُلْتُ: رَغِمَ أَنْفُ حَفْصَةَ وَعَائِشَةَ، ثُمَّ آخُذُ ثَوْبِي فَأَخْرُجُ حَتَّى جِئْتُ، فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فِي مَشْرُبَةٍ لَهُ يُرْتَقَى إِلَيْهَا بِعَجَلَةٍ، وَغُلَامٌ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَسْوَدُ عَلَى رَأْسِ الدَّرَجَةِ، فَقُلْتُ: هَذَا عُمَرُ، فَأَذِنَ لِي. قَالَ عُمَرُ: فَقَصَصْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) هَذَا الْحَدِيثَ، فَلَمَّا بَلَغْتُ حَدِيثَ أُمِّ سَلَمَةَ تَبَسَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَإِنَّهُ لَعَلَى حَصِيرٍ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ شَيْءٌ، وَتَحْتَ رَأْسِهِ وِسَادَةٌ مِنْ أَدَمٍ حَشْوُهَا لِيفٌ، وَإِنَّ عِنْدَ رِجْلَيْهِ قَرَظًا مَضْبُورًا، وَعِنْدَ رَأْسِهِ أُهُبًا مُعَلَّقَةً، فَرَأَيْتُ أَثَرَ الْحَصِيرِ فِي جَنْبِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَبَكَيْتُ، فَقَالَ: ((مَا يُبْكِيكَ يا عمر)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ كِسْرَى وَقَيْصَرَ فِيمَا هُمَا فِيهِ، وَأَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَمَا تَرْضَى أَنْ تَكُونَ لَهُمَا الدُّنْيَا وَلَكَ الْآخِرَةُ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٦٢٩]

(عبدالله)ی کوڕی (عباس) (ﷺ) دەڵێ: ماوەی یەك ساڵ دەمویست پرسیار لە (عمر)ی کوڕی (خطاب)(ﷺ) بکەم لەبارەی ئایەتێکەوە کەچی نەمدەوێرا لەبەر ئەوەی سامم دەکرد، هەتا ڕۆژێك چوو بۆ حەج، لەگەڵیدا ڕۆیشتم، کە گەڕایەوە لەڕێگەدا بووین، (عمر)(ﷺ) لایدا بۆ ژێر سێبەری درەختێکی (أراك) بۆ پێویستی خۆی، بەدیاریەوە وەستام هەتا لێبویەوە، پاشان لەگەڵیدا کەوتمە ڕێ، وتم: ئەی ئەمیری ئیمانداران! ئەو دوو هاوسەرەی پێغەمبەر (ﷺ) کێ بوون کە پشتی یەکتریان گرت بەسەر پێغەمبەردا (ﷺ)؟ وتی: (حفصە) و

(عائشه)بوون پێم وت: بەخوایەك ساڵە دەمەوێ ئەو پرسیارەت لێبکەم بەڵام نەمدەوێرا، عمر وتی: جارێکی تر وامەکە، هەرچی زانیت من دەیزانم پرسیارم لێبکە، ئەگەر زانیم وەڵامت دەدەمەوە. بەڵێ: (عمر)(ﷺ) وتی: بەخوا ئێمە لەسەردەمی نەفامیدا پلەوپایەمان بۆ ژن دانەدەنا. هەتا ئەوە بوو خودا ئایەتی لەبارەیانەوە ناردە خوارەوە، مافی خۆیانی پێدان، (عمر (ﷺ) دەڵێ: جارێکیان سەبارەت بە مەسەلەیەك پرسوڕای خۆمم دەکرد، ژنەکەم پێی ووتم: ئەگەر ئاواو ئاوا بکەیت چۆنە؟ منیش پێم وت: تۆ چیت داوە لەوەی لە دڵی مندایە؟ هەر چیم لە دڵدا بێت تۆ چیت لە دەست دێت؟ ژنەکەم وتی: ئەرێ من سەیرم لە تۆ دێ (ابن خطاب)، تۆ ناتەوێت کەس قسەوباست لەگەڵدا بکات؟ لەکاتێکدا کە کچەکەت (واتە حفصە) ئەوەندە سەر دەخاتە سەر پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ڕۆژە تا ئێوارە تووڕەی دەکات، (عمر) دەڵێ: منیش عەباکەم دابەشانمدا و، پاشان ڕۆیشتم هەتا گەیشتمە لای (حفصە) و چوومە ژوورەوە بۆلای، پێم وت: کچێ! ئەرێ ڕاستە تۆ ئەوەندە قسە لەگەڵ پێغەمبەردا دەکەیت (ﷺ) ئەو ڕۆژە تا ئێوارە تووڕەی دەکەیت؟ (حفصە) وتی: بەخوا ئێمە قسەی زۆری لەڕوودا دەکەین. منیش وتم: وریابە! بەر سزای خوای گەورە و تووڕەیی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەکەویت. کچێ" نەکەی بخەڵەتێی بەو ژنەی کەبە جوانی خۆی و خۆشەویستی پێغەمبەردا (ﷺ) دەنازێ. پاشان چوومە دەرەوە تا چووم بۆلای (أم سلمة)چونکە خزمی نزیکم بوو، قسەم لەگەڵیدا کرد، (أم سلمة)وتی: (ابن الخطاب)! سەیرم لە تۆدێ: خۆت لە هەموو شتێکدا هەڵدەقورتێنی، هەتا گەیشتە ئەوەی بکەویتە نێوان پێغەمبەر (ﷺ) و هاوسەرەکانیشی؟ عمر دەڵێ: ئەوەندە وەڵامەکەی سەخت بوو، وازم لەهەندێ شتی تریش هێنا کە بۆی هاتبووم، لای ئەو هاتمە دەرەوە، برادەرێکی ئەنصاریم هەبوو ئەگەر دیار نەبومایە هەواڵی بۆ دەهێنام، ئەگەر ئەویش دیار نەبوایە من هەواڵم بۆ دەبرد، لەو کاتەشدا مەترسی هێرشی پادشای غەسانیمان لەسەر بوو، هەواڵمان بۆ هاتبوو کە پێدەچێ هێرشی بکاتە سەرمان، لێی پڕبوبوین.

جارێکیان ئەو برادەرە ئەنصاریەم تەقەی لەدەرگایماڵەکەم داو وتی: بیکەرەوە.. بیکەرەوە. وتم: ئایا (غەسسانی)ی هات، وتی: نەخێر، لەوەش خراپتر ڕووی داوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هاوسەرەکانی دوورکەوتۆتەوە.

وتم: (حفـصه)و (عائـشه) بـه قوڕاچـن.. پاشـان عەباكـەم دا بەسەرشـانمدا و گەڕامەوە بۆ ئـەو شـوێنەی لێوەی هـاتبووم.. بينيم پێغەمبـەر (ﷺ) لـەژوورێكی بـچووكدا دانيـشتووە كــه بەپليكانەيــەكی دارخورمــا بــۆی ســەردەكەوتن، خزمەتنكارەكەشی لەسەر پليكانەكه بوو، وتم: مـن (عمـر)م ڕێگـەی دام چوومه ژوورەوە. (عمـر) دەڵـێ: ئـەو بەسـەرهاتەم بـۆ پێغەمبـەر (ﷺ) گێڕايـەوە، كـه گەيـشتمە قـسەكەی (أم سـلمة) پێغەمبـەر (ﷺ) زەردەخەنەيـەكی كـرد، لەسـەر پارچە حەسيرێك دانيشتبوو هيچی تری لەسەر نەبوو، سەرينێكی چەرمی لەژێر سـەردا بـوو، ناوەكـەی بـه ڕيـشوی دارخورمـا ئـاخنرابوو، لای قاچـی پيرۆزيـەوە هەنـدێ گـەڵای پێسته خۆشـكردن دانرابوو، لای ژوور سەريشيەوە چەند پارچه پێـــستەيەكی خۆشــــەنەكراو هەڵواســــرابوو، لا تەنيــــشتی پێغەمبــــەر (ﷺ) شـوێنەواری حەسـيرەكەی پێـوە ديـاربوو، منـيش [كـه ئـەوەم دی] گريـام، فـەرمووی: ((عمـر، بۆچـی دەگريـت؟)) وتم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا، ئـەوە حـاڵی كيسراو قەيـسەرە ئـەوان لـه چ حاڵێكـدان و، تـۆيش پێغەمبـەری خوايـت، ئـەوە حاڵته، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: ((ئايا ڕازی نابی كه دنيا بۆ ئەوان بێت و قيامەت بۆ تۆ بێت؟)).

(١٦) بەشی (عیددە)

(١) ئەو ژنەی دوای مردنی مێردەکەی منداڵی دەبێت

٨٣٨ـ عن عُبَيْدُ اللَّه بْنُ عَبْد اللَّه بْنِ عُتْبَةَ: أَنَّ أَبَاهُ كَتَبَ إِلَى عُمَرَ بْنِ عَبْد اللَّه بْنِ الْأَرْقَمِ الزُّهْرِيِّ، يَأْمُرُهُ أَنْ يَدْخُلَ عَلَى سُبَيْعَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ الْأَسْلَمِيَّةِ، فَيَسْأَلَهَا عَنْ حَدِيثِهَا وَعَمَّا قَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) حِينَ اسْتَفْتَتْهُ. فَكَتَبَ عُمَرُ بْنُ عَبْد اللَّه إِلَى عَبْد اللَّه بْنِ عُتْبَةَ يُخْبِرُهُ: أَنَّ سُبَيْعَةَ أَخْبَرَتْهُ أَنَّهَا كَانَتْ تَحْتَ سَعْد بْنِ خَوْلَةَ، وَهُوَ فِي بَنِي عَامِرِ بْنِ لُؤَيٍّ، وَكَانَ مِمَّنْ شَهِدَ بَدْرًا، فَتُوُفِّيَ عَنْهَا فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ وَهِيَ حَامِلٌ، فَلَمْ تَنْشَبْ أَنْ وَضَعَتْ حَمْلَهَا بَعْدَ وَفَاتِه، فَلَمَّا تَعَلَّتْ مِنْ نِفَاسِهَا تَجَمَّلَتْ لِلْخُطَّابِ، فَدَخَلَ عَلَيْهَا أَبُو السَّنَابِلِ بْنُ بَعْكَكٍ –رَجُلٌ مِنْ بَنِي عَبْدِ الدَّارِ– فَقَالَ لَهَا: مَا لِي أَرَاكِ مُتَجَمِّلَةً، لَعَلَّكِ تَرْجِينَ النِّكَاحَ؟ إِنَّكِ وَاللَّهِ مَا أَنْتِ بِنَاكِحٍ حَتَّى تَمُرَّ عَلَيْكِ أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشْرٌ. قَالَتْ سُبَيْعَةُ: فَلَمَّا قَالَ لِي ذَلِكَ جَمَعْتُ عَلَيَّ ثِيَابِي حِينَ أَمْسَيْتُ، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) فَسَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ؟ فَأَفْتَانِي بِأَنِّي قَدْ حَلَلْتُ حِينَ وَضَعْتُ حَمْلِي، وَأَمَرَنِي بِالتَّزَوُّجِ إِنْ بَدَا لِي. قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَلَا أَرَى بَأْسًا أَنْ تَتَزَوَّجَ حِينَ وَضَعَتْ وَإِنْ كَانَتْ فِي دَمِهَا، غَيْرَ أَنَّ لَا يَقْرَبُهَا زَوْجُهَا حَتَّى تَطْهُرَ. [بخاري/ المغازي/ ٣٧٧٠]

(عبيدالله)ی کە (عبدالله)ی کوڕی (عتبـة): کەباوکی نامەیەك دەنوسێت بۆ (عمر)ی کوڕی (عبـدالله)ی کوڕی (أرقـم الزهـري) تیایـدا داوای لێدەکات بڕوات بـۆلای (سـبيعة)ی کـچی (الحـارث الاسـلمية) پرسـیاری لێبکـات دەربـارەی بەسەرهاتێکی کـە پرسیاری کردووە لـە پێغەمبـەر (ﷺ) ئـەویش وەڵامنامەکەی (عبداللـه ی کـوڕی عتبـە) دەنووسـێ و دەڵـێ: ((سـبيعة وەڵامـی پێـدام کاتـێ هاوسـەری (سـعد ی کـوڕی خولـة)بووە و لـەناو خێڵـی (بنـی عـامر بن لـؤي)کـە یـەکێك بـووە لەوانـەی ئامـادەی (بـەدر)بووە، لـە حـەجی مـاڵ ئاوایيـدا وەفـات دەکات، لەکاتێکدا کە ئەو دووگیان بووە، دوای وەفاتی مێردەکەی، منداڵەکـەی دەبێـت. کاتێـك لـە زەیـسانی پـاك دەبێتـەوە خـۆی دەڕازێنێتـەوە بـۆ خـوازبێنی کاران، (أبو سنابل)کوڕی (بعكك) –کەپیاوێکی خێڵی (بنی عبدالدار) بوو– چوو بۆلای، پێی ووت: چیە دەتبينـم خۆتـت ڕازاندۆتـەوە؟ دەڵێـی بەتـەمای شوويت؟ سـوێند بـەخوا نـاتوانی شـوو بکـەیت، هـەتا چـوار مـانگ و دەڕۆژ بەسـەرتا

نـەگوزەرێ. (سـبيعە)ش ووتـی: کـە ئەمـەی پـێ وتم، لـەئێوارەدا خـۆم کـۆکردەوە چوومە خزمـەت پێغەمبـەر لەوبارەيـەوە پرسـيارم لێکرد. ئەويش فـەتوای بـۆدام کەلەگـەڵ لـەدايك بـوونی منداڵەکەمـدا (عيـددە)م تـەواو بـووە. فـەرمانی پـێدام کەشـوو بکـەم، ئەگـەر بەلامـەوە چاك بێـت -أبـی شـهاب دەڵـێ: بـەگوناهی نـازانم ئـافرەت شـو بکات دوای دانـانی منداڵەکـەی، بـا خوێنيشی مابێـت بـەڵام مێـردە تازەکەی نابێت نزيکی بکەوێت تا پاك دەبێتەوە.

(٢) ئەگەر ژنی تەڵاق دراو خورما چنی بکات

٨٣٩- عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قالَ: طُلِّقَتْ خَالَتِي، فَأَرَادَتْ أَنْ تَجُدَّ نَخْلَهَا، فَزَجَرَهَا رَجُلٌ أَنْ تَخْرُجَ، فَأَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فقَالَ: ((بَلَى، فَجُدِّي نَخْلَكِ، فَإِنَّكِ عَسَى أَنْ تَصَدَّقِي أَوْ تَفْعَلِي مَعْرُوفًا)).

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پورم تەڵاق درا ويستی بڕوات بـەری دارخورماکەی بچنێتەوە، کابرايەك پيايدا هەڵشاخا کە نەڕواتە دەرەوە، پوريشم چـووە خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ) پرسـياری لێکـرد. فـەرمووی: ((بـەڵێ بـڕۆ بـەری دارخورماکەت بچنەوە سا بەڵکو صەدەقە و خێريشی لێبکەيت)).

(٣) دەرنەچوونی ژنی تەڵاق دراو لە ماڵەکەی خۆی ئەگەر ترسا

٨٤٠- عَنْ فَاطِمَةَ بِنْتِ قَيْسٍ (ﷺ) قَالَتْ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، زَوْجِي طَلَّقَنِي ثَلَاثًا، وَأَخَافُ أَنْ يُقْتَحَمَ عَلَيَّ. قَالَ: فَأَمَرَهَا فَتَحَوَّلَتْ.

(فاطمـة)ی کـچی (قـيس) (ﷺ) دەڵـێ: وتم ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) مێردەکەم سێ بەسێ تەڵاقیداوم، لـەوە دەترسـم يـەکێ بێتـە سـەرم. پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکرد، ئەويش ماڵەکەی گوێزايەوە بۆ شوێنێکی تر.

٨٤١- عن أَبِي سَلَمَةَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ [بْنِ عَوْفٍ]: أَخْبَرَهُ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ قَيْسٍ أَخْبَرَتْهُ: أَنَّهَا كَانَتْ تَحْتَ أَبِي عَمْرِو بْنِ حَفْصِ بْنِ الْمُغِيرَةِ، فَطَلَّقَهَا آخِرَ ثَلَاثِ تَطْلِيقَاتٍ، فَزَعَمَتْ أَنَّهَا جَاءَتْ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) تَسْتَفْتِيهِ فِي خُرُوجِهَا مِنْ بَيْتِهَا، فَأَمَرَهَا أَنْ تَنْتَقِلَ إِلَى ابْنِ أُمِّ مَكْتُومٍ الْأَعْمَى، فَأَبَى مَرْوَانُ أَنْ يُصَدِّقَهُ فِي خُرُوجِ الْمُطَلَّقَةِ مِنْ بَيْتِهَا. و قَالَ عُرْوَةُ: إِنَّ عَائِشَةَ أَنْكَرَتْ ذَلِكَ عَلَى فَاطِمَةَ بِنْتِ قَيْسٍ.

(أبـي سـلمة)کـوڕی (عبـدالرحمن)ی کـوڕی (عـوف)(ﷺ)، (فاطمـة)ی کـچی (قيس) بۆی گێڕاوەتەوە کە ژنی (ابن عمرو) ی کوڕی (حفص)ی کوڕی (مغيره) بـوو، دوا سـێيەمين تەڵاقی‌دا دەڵـێ: چـووە خزمـەت پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) کـە

مۆڵـەتی بـدات لـە ماڵەکـەی بـچێتە دەرەوە. پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمانی پـێدا کـە بگوازێتـەوە مـاڵی (ابـن أم مکتـوم)ی نابینـا. (مـروان) بـاوەڕی پـێ نـەکرد کـە تەڵاقـدراو لـەماڵ بـچێتە دەرەوە، (عـروە)ش دەڵـێ: (عائـشە)یـش ئـەم قـسەیەی (فاطمة)ی کچی (قیس)ی لا پەسەند نەبوو.

(٤) بەشودانی تەڵاقدراو پاش تەواو بوونی (عیددە)

٨٤٢ـ عـن فَاطمَةَ بِنْـتَ قَيْسٍ (ﷺ): إِنَّ زَوْجَهَا طَلَّقَهَا ثَلَاثًـا، فَلَـمْ يَجْعَلْ لَهَـا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سُكْنَى وَلَا نَفَقَةً، قَالَـتْ: قَالَ لِـي رَسُولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((إِذَا حَلَلْـتِ فَآذِنِينِي)). فَآذَنْتُهُ، فَخَطَبَهَا مُعَاوِيَةُ وَأَبُو جَهْمٍ وَأُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ (ﷺ)، فَقَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ (ﷺ): ((أَمَّـا مُعَاوِيَـةُ فَرَجُـلٌ تَـرِبٌ لَـا مَـالَ لَـهُ، وَأَمَّـا أَبُـو جَهْـمٍ فَرَجُـلٌ ضَـرَّابٌ لِلنِّسَاءِ وَلَكِنْ أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ)). فَقَالَتْ بِيَدِهَا هَكَذَا: أُسَامَةُ أُسَامَةُ. فَقَالَ لَهَا رَسُـولُ اللَّهِ (ﷺ): ((طَاعَةُ اللَّهِ وَطَاعَةُ رَسُولِهِ خَيْرٌ لَكِ)). [قَالَتْ]: فَتَزَوَّجْتُهُ فَاغْتَبَطْتُ.

(فاطمة ی کـچی قـیس) (ﷺ) دەڵـێ: مێردەکـەی سـێ تەڵاقـەی دا. پێغەمبـەر (ﷺ) نەخانە و لانـەو نەخـەرجی بـۆ دابـین نـەکرد. (فاطمـة)وتـی: پێغەمبـەر (ﷺ) پێـی فـەرمووم: ((ئەگـەر عیدەکـەت بەسـەر چـوو ئاگـادارم بکـە)). کـە عیددەکـەی بەسـەر چـوو ئاگـاداری کـردەوە لەوکاتـەدا (معاویـە) و (أبـو جهـم) و (أسـامە)ی کـوڕی (زیـد) (ﷺ) خوازبێنیـان کـرد، پێغەمبـەر فـەرمووی: ((معاویـە کابرایـەکی دەسـت کورتـە، (ابـو جهـم)یـش زۆر لـە ژن دەدات، بـەڵام ئوسـامەی کـوڕی زیـد گونجـاوە)) (فاطمــة) نــاڕەزایی نیــشاندا بەدەســتی و وتــی: ئوســامە ئوســامە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((بەگوێ کردنـی خـواو پێغەمبەرەکـەی بۆتـۆ چــاکترە)). (فاطمــة) دەڵــێ: کــە شــووم پــێکرد بەختــەوەر بــووم، خــەڵکی شادەکامیان پێ دەبردم.

(٥) تەعزیەباری و چاونەڕشتن لە (پرسە)دا

٨٤٣ـ عَـنْ حُمَيْـدِ بْـنِ نَـافِعٍ، عَـنْ زَيْنَـبَ بِنْـتِ أَبِـي سَـلَمَةَ: أَنَّهَـا أَخْبَرَتْـهُ هَـذِهِ الْأَحَادِيثَ الثَّلَاثَةَ، قَالَ: قَالَتْ زَيْنَبُ: دَخَلْتُ عَلَى أُمِّ حَبِيبَةَ زَوْجِ النَّبِـيِّ (ﷺ) حِينَ تُـوُفِّيَ أَبُوهَـا أَبُـو سُـفْيَانَ، فَـدَعَتْ أُمُّ حَبِيبَـةَ بِطِيـبٍ فِيـهِ صُـفْرَةٌ، خَلُـوقٌ أَوْ غَيْـرُهُ، فَدَهَنَتْ مِنْهُ جَارِيَةً ثُمَّ مَسَّتْ بِعَارِضَيْهَا، ثُمَّ قَالَتْ: وَاللَّهِ مَا لِي بِالطِّيبِ مِنْ حَاجَةٍ، غَيْرَ أَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ [عَلَى الْمِنْبَرِ]: ((لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ تُحِدُّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا)). قَالَـتْ

زَيْنَبُ: ثُمَّ دَخَلْتُ عَلَى زَيْنَبَ بِنْتِ جَحْشٍ حِينَ تُوُفِّيَ أَخُوهَا، فَدَعَتْ بِطِيبٍ فَمَسَّتْ مِنْهُ، ثُمَّ قَالَتْ: وَاللَّهِ مَا لِي بِالطِّيبِ مِنْ حَاجَةٍ، غَيْرَ أَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ عَلَى الْمِنْبَرِ: ((لَا يَحِلُّ لِامْرَأَةٍ تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ تُحِدُّ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا)). قَالَتْ زَيْنَبُ: سَمِعْتُ أُمِّي أُمَّ سَلَمَةَ تَقُولُ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ ابْنَتِي تُوُفِّيَ عَنْهَا زَوْجُهَا وَقَدِ اشْتَكَتْ عَيْنُهَا، أَفَنَكْحُلُهَا؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا)). مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا، كُلَّ ذَلِكَ يَقُولُ: ((لَا)). ثُمَّ قَالَ: ((إِنَّمَا هِيَ أَرْبَعَةُ أَشْهُرٍ وَعَشْرٌ، وَقَدْ كَانَتْ إِحْدَاكُنَّ فِي الْجَاهِلِيَّةِ تَرْمِي بِالْبَعْرَةِ عَلَى رَأْسِ الْحَوْلِ)). قَالَ حُمَيْدٌ: قُلْتُ لِزَيْنَبَ: وَمَا تَرْمِي بِالْبَعْرَةِ عَلَى رَأْسِ الْحَوْلِ؟ فَقَالَتْ زَيْنَبُ: كَانَتِ الْمَرْأَةُ إِذَا تُوُفِّيَ عَنْهَا زَوْجُهَا دَخَلَتْ حِفْشًا، وَلَبِسَتْ شَرَّ ثِيَابِهَا، وَلَمْ تَمَسَّ طِيبًا وَلَا شَيْئًا حَتَّى تَمُرَّ بِهَا سَنَةٌ، ثُمَّ تُؤْتَى بِدَابَّةٍ -حِمَارٍ أَوْ شَاةٍ أَوْ طَيْرٍ- فَتَفْتَضُّ بِهِ، فَقَلَّمَا تَفْتَضُّ بِشَيْءٍ إِلَّا مَاتَ، ثُمَّ تَخْرُجُ، فَتُعْطَى بَعْرَةً فَتَرْمِي بِهَا، ثُمَّ تُرَاجِعُ بَعْدُ مَا شَاءَتْ مِنْ طِيبٍ أَوْ غَيْرِهِ)). [بخاري/ الطلاق/ ٥٠٢٤]

(حميد کوڕی نافع) ئەویش لە (زینب کچی ابی سلمة)وە کە ئەم سێ فەرموودەیەی دواوەی پێگەیاندوە: (زینب) وتی: کاتێ کە (ابو سفیان)ی باوکی (أم حبیبە)ی هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کرد چووم بۆلای (أم حبیبە) ئەویش داوای ڕەنگ و بۆیە و بۆنی خۆشی کرد لە جۆری (خلوق)یا جۆرێکی دیکە بوو بۆیان هێناو کیژۆڵەیەکی پێ بۆنخۆش کرد و دەستیشی هێنابە دەم و چاوو ڕومەتیدا، پاشان (أم حبیبە)وتی: من پێویستم بە بۆن نیە، بەڵام لە پێغەمبەرم بیستووە کە لەسەر مینبەر فەرموویەتی: ((حەڵاڵ نیە هیچ ژنێك باوەڕی بە خواو ڕۆژیدوایی هەبێ، زیاتر لەسێ ڕۆژ ماتەمینی بگرێت بۆ مردوو، مەگەر بۆ مێردی کە چوار مانگ و دە ڕۆژە. (زینب کچی ابو سلمة) دەڵێ: دیسانەوە چووم بۆلای (زینب کچی جحش)، کاتێ براکەی وەفاتی کرد، داوای کرد بۆنی خۆشیان بۆ هێنا و لەخۆیدا، پاشان وتی: بەخوا من هیچ پێویستم بەبۆنی خۆش نیە، بەڵام ئەوەندە هەیە گوێم لێبووە کە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەر فەرمووی: ((حەڵاڵ نیە بۆ هیچ ئافرەتێك کە باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوایی هەبێ، زیاتر لە سێ ڕۆژ ماتەمینی بگرێ بۆ مردووەکەی، مەگەر بۆ مێرد کە چوار مانگ و دە ڕۆژە. (زینب) دەڵێ: لە (أم

سلمة)ی دایکم بیستوە، دەیوت: ژنێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، مێردی کچەکەم وەفاتی کردووە، کچەکەم تووشی چاو ئێشە بووە، ئایا دروستە چاوی بە کل بۆ بڕێژین؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نەخێر)). ئەمەی دووجار یان سێجار دووبارە کردەوە. لەهەموو جارێکیشدا دەیفەرموو: ((نەخێر))، ماوەکەی چوار مانگ و دە ڕۆژە. خۆ جاران یەکێ لەئێوە لەسەردەمی نەفامیدا دوای تەواو بونی سالێك پشقلەکەی فڕێ دەدا)).
(حمید) دەڵێ: بە (زینب)م وت: مەبەستی چی بوو دوای تەواو بونی سالێك پشقلەکەی فڕێ دەدا؟ (زینب) وتی: لەسەردەمی نەفامیدا ئەگەر ژن مێردەکەی بمردایە دەچووە زنجێکی پیس و پۆخڵی بچووکەوە، خراپترین جلی لەبەردەکرد. نەبۆنی خۆش و نەهیچی تری بەجێ نەئەهێنا تا سالێك. ئینجا گیاندارێکیان دەهێنا گوێدرێژ یان مەڕ یان باڵندەیەك. داوێن و گیانی خۆی پێدا هەڵدەسوو، کەمجار ئەو شتەی ئەو خۆی پێدەسری نەدەمرد[1]، ئینجا لە زنجەکەی دەهاتە دەرەوە، پشقلێکی دەدرایە دەست و ئەویش فڕێی دەدا، ئیتر ئەوکاتە ئاوی بە خۆیدا دەکرد و بۆنی خۆشی لەخۆی دەدا.

(٦) وازهێنان لەبۆنی خۆش و جلی ڕەنگاوڕەنگ

٨٤٤- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تُحِدُّ امْرَأَةٌ عَلَى مَيِّتٍ فَوْقَ ثَلَاثٍ، إِلَّا عَلَى زَوْجٍ أَرْبَعَةَ أَشْهُرٍ وَعَشْرًا، وَلَا تَلْبَسُ ثَوْبًا مَصْبُوغًا إِلَّا ثَوْبَ عَصْبٍ، وَلَا تَكْتَحِلُ وَلَا تَمَسُّ طِيبًا، إِلَّا إِذَا طَهُرَتْ نُبْذَةً مِنْ قُسْطٍ أَوْ أَظْفَارٍ)).
[بخاري/ الحيض/ ٣٠٧]

(أم عطية)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هیچ ژنێك بۆ مردوو زیاتر لەسێ ڕۆژ ماتەمینی نابێ بکات، مەگەر بۆ مێردی کە بۆ ماوەی چوار مانگ و دە ڕۆژە، لەوکاتانەدا جگە لەپەڕۆی خۆ بەستنەکەی نابێ جلی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردابێت، چاونارێژێت و بۆن لەخۆی نادات، مەگەر پاش پاکبوونەوە، کە ئەتوانێت کەمێك بۆنی (قسط) و (أضفار) [کە دوو جۆر بۆنی ئەو سەردەمە بوون] لەخۆی بدات.

---

[1] [مەبەست ئەوەیە کە لاشەی ئەو ئافرەتە ئەوەندە پیس ئەبوو، کە زۆر جار ئەو گیاندارەی دەکوشت کە لێی نزیك دەکرایەوە].

(١٧) بەشی نەفرین کردن (اللّعان)

(١) ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا پیاوێکی دی دەبینێت

٨٤٥ـ عن سَهْلَ بْنَ سَعْدٍ السَّاعِدِيَّ: أَنَّ عُوَيْمِرًا الْعَجْلَانِيَّ جَاءَ إِلَى عَاصِمِ بْنِ عَدِيٍّ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) فَقَالَ لَهُ: أَرَأَيْتَ يَا عَاصِمُ لَوْ أَنَّ رَجُلًا وَجَدَ مَعَ امْرَأَتِهِ رَجُلًا، أَيَقْتُلُهُ فَتَقْتُلُونَهُ، أَمْ كَيْفَ يَفْعَلُ؟ فَسَلْ لِي عَنْ ذَلِكَ يَا عَاصِمُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَسَأَلَ عَاصِمٌ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، فَكَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَسَائِلَ وَعَابَهَا، حَتَّى كَبُرَ عَلَى عَاصِمٍ مَا سَمِعَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا رَجَعَ عَاصِمٌ إِلَى أَهْلِهِ جَاءَهُ عُوَيْمِرٌ فَقَالَ: يَا عَاصِمُ، مَاذَا قَالَ لَكَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)؟ قَالَ عَاصِمٌ لِعُوَيْمِرٍ: لَمْ تَأْتِنِي بِخَيْرٍ قَدْ كَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْمَسْأَلَةَ الَّتِي سَأَلْتُهُ عَنْهَا. قَالَ عُوَيْمِرٌ: وَاللَّهِ لَا أَنْتَهِي حَتَّى أَسْأَلَهُ عَنْهَا. فَأَقْبَلَ عُوَيْمِرٌ حَتَّى أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَسَطَ النَّاسِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ رَجُلًا وَجَدَ مَعَ امْرَأَتِهِ رَجُلًا، أَيَقْتُلُهُ فَتَقْتُلُونَهُ أَمْ كَيْفَ يَفْعَلُ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((قَدْ نَزَلَ فِيكَ وَفِي صَاحِبَتِكَ، فَاذْهَبْ فَأْتِ بِهَا)). قَالَ سَهْلٌ: فَتَلَاعَنَا وَأَنَا مَعَ النَّاسِ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمَّا فَرَغَا قَالَ عُوَيْمِرٌ: كَذَبْتُ عَلَيْهَا يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنْ أَمْسَكْتُهَا. فَطَلَّقَهَا ثَلَاثًا قَبْلَ أَنْ يَأْمُرَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ). قَالَ ابْنُ شِهَابٍ: فَكَانَتْ سُنَّةَ الْمُتَلَاعِنَيْنِ. [بخاري/ الطلاق/ ٤٩٥٩]

لە(سهل ی کوڕی سعدی ساعدیەوە) دەڵێ: جاریکیان (عویمری عجلانی) هات بۆلای (عاصم ی کوڕی عدی أنصاری)(ﷺ) پێی وت: ئەرێ (عاصم) ئەگەر پیاوێك لەگەڵ ژنەکەیدا پیاوێکی بینی، بیکوژێت و ئێوەش بیکوژنەوە؟! یان چیبکات باشە؟ (عویمر) وتی بە (عاصم): تکات لێدەکەم لەم بارەیەوە پرسیار لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکە.. (عاصم)یش پرسیاری کرد.. پێغەمبەر (ﷺ) بەم جۆرە پرسیارانە ناڕەحەت دەبوو، تاوای لێهات (عاصم) ئەو حاڵەتەی لەسەر دڵ گران بوو، کە (عاصم) گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، جارێکی دی (عویمر) هاتەوە بۆلای وتی: پێغەمبەر (ﷺ) چی پێوتی؟ عاصم وتی: خێرت بەناوچەوانەوە نەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) باسی ئەو مەسەلەیەی بەلاوە گران بوو، (عویمر) وتی: بەخوا وازناهێنم تا خۆم پرسیاری لێنەکەم، ئیتر چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لەناو کۆمەڵێ خەڵکدا دانیشتبوو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): چی دەفەرموویت لەبارەی پیاوێکەوە لەناو جێگەدا پیاوێکی تر لەگەڵ ژنەکەیدا

ببینێ؟ ئایا بیکوژێ و ئێوەش بیکوژنەوە، یان چی بکات باشە؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەبارەی تۆو هاوسەرەکەتەوە ئایەت هاتۆتە خوارەوە، بڕۆ بیهێنە)) (سهل) دەڵێ: (عویمر) و هاوسەرەکەی لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) بەرنامەی (لعان)یان ئەنجامدا، منیش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا دانیشتبوم، کاتێ لێبونەوە (عویمر) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر بیهێنمەوە مانای وایە بۆختانم بۆ کردووە، بۆیە پێش ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمان بدات، (عویمر) سێ بەسێ تەڵاقیدا. (ابن شهاب) دەڵێ: ئیتر ئەوە بووە بەرنامەی (لعان) لەبەینی ژن و مێردا.

﴿لەفەرموودەی ژمارە (٨٤٧)دا باسی چۆنیەتی (لعان) هاتووە﴾.

٨٤٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ وَجَدْتُ مَعَ أَهْلِي رَجُلًا لَمْ أَمَسَّهُ حَتَّى آتِيَ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((نَعَمْ)). قَالَ: كَلَّا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ، إِنْ كُنْتُ لَأُعَاجِلُهُ بِالسَّيْفِ قَبْلَ ذَلِكَ. قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((اسْمَعُوا إِلَى مَا يَقُولُ سَيِّدُكُمْ، إِنَّهُ لَغَيُورٌ، وَأَنَا أَغْيَرُ مِنْهُ، وَاللَّهُ أَغْيَرُ مِنِّي)).

(ابو هریره) (ﷺ) دەڵێ: (سعد ی کوڕی عبادة) (ﷺ) وتویەتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ): ئەگەر لەناو جێگەدا لەگەڵ ژنەکەمدا پیاوێکم گرت، دەستیان لێنەوەشتێنم تا چوار شایەت نەهێنم؟! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ)).. سعد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) سوێندم بەو زاتەی تۆی بە هەق ناردوە، پێش ئەوەی بێمە خزمەتت بەشمشێر دەیکوژم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خەڵکینە وەرن گوێبکرن گەورەتان چی دەڵێ، بەڕاستی زۆر بە غیرەتە، بێگومان من لەویش بەغیرەت ترم خوای گەورەش لە من بەغیرەتترە)).

٨٤٧- عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: سُئِلْتُ عَنِ الْمُتَلَاعِنَيْنِ فِي إِمْرَةِ مُصْعَبٍ: أَيُفَرَّقُ بَيْنَهُمَا. [قَالَ]: فَمَا دَرَيْتُ مَا أَقُولُ، فَمَضَيْتُ إِلَى مَنْزِلِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) بِمَكَّةَ، فَقُلْتُ لِلْغُلَامِ: اسْتَأْذِنْ لِي، قَالَ: إِنَّهُ قَائِلٌ، فَسَمِعَ صَوْتِي، قَالَ: ابْنُ جُبَيْرٍ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: ادْخُلْ، فَوَاللَّهِ مَا جَاءَ بِكَ هَذِهِ السَّاعَةَ إِلَّا حَاجَةٌ، فَدَخَلْتُ، فَإِذَا هُوَ مُفْتَرِشٌ بَرْذَعَةً، مُتَوَسِّدٌ وِسَادَةً حَشْوُهَا لِيفٌ، قُلْتُ: أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْمُتَلَاعِنَانِ أَيُفَرَّقُ بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ! نَعَمْ، إِنَّ أَوَّلَ مَنْ سَأَلَ عَنْ ذَلِكَ فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ، قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ أَنْ لَوْ وَجَدَ أَحَدُنَا امْرَأَتَهُ عَلَى فَاحِشَةٍ، كَيْفَ يَصْنَعُ؟ إِنْ

تَكَلَّمَ تَكَلَّمَ بِأَمْرٍ عَظِيمٍ، وَإِنْ سَكَتَ سَكَتَ عَلَى مِثْلِ ذَلِكَ. قَالَ: فَسَكَتَ النَّبِيُّ (ﷺ) فَلَمْ يُجِبْهُ، فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ ذَلِكَ أَتَاهُ فَقَالَ: إِنَّ الَّذِي سَأَلْتُكَ عَنْهُ قَد ابْتُلِيتُ بِهِ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ هَؤُلَاءِ الْآيَاتِ فِي سُورَةِ النُّورِ: ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ﴾ فَتَلَاهُنَّ عَلَيْهِ، وَوَعَظَهُ وَذَكَّرَهُ، وَأَخْبَرَهُ أَنَّ عَذَابَ الدُّنْيَا أَهْوَنُ مِنْ عَذَابِ الْآخِرَةِ، قَالَ: لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا كَذَبْتُ عَلَيْهَا. ثُمَّ دَعَاهَا فَوَعَظَهَا وَذَكَّرَهَا. وَأَخْبَرَهَا أَنَّ عَذَابَ الدُّنْيَا أَهْوَنُ مِنْ عَذَابِ الْآخِرَةِ، قَالَتْ: لَا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنَّهُ لَكَاذِبٌ. فَبَدَأَ بِالرَّجُلِ فَشَهِدَ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَيْهِ إِنْ كَانَ مِنَ الْكَاذِبِينَ، ثُمَّ ثَنَّى بِالْمَرْأَةِ فَشَهِدَتْ أَرْبَعَ شَهَادَاتٍ بِاللَّهِ إِنَّهُ لَمِنَ الْكَاذِبِينَ، وَالْخَامِسَةُ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيْهَا إِنْ كَانَ مِنَ الصَّادِقِينَ. ثُمَّ فَرَّقَ بَيْنَهُمَا.
[بخاري/ الطلاق/ ٥٠٠٥- ٥٠٠٩]

(سعيد کوڕی جبير) دەڵێ: لەکاتێکدا کە (مصعب) میر بوو پرسیارم لێکرا دەربارەی ئەو پیاوو ژنەی کە (لعّان) دەکەن، ئایا جیا دەکرێنەوە لەیەك؟ نەم دەزانـی چ وەڵامێـك بدەمـەوە. چـووم بـۆ مـاڵی (ابـن عمـر) (ﷺ) لـە مەککـە و بەخزمەتکارەکـەیم وت: مۆڵـەتم بـۆ وەربگـرە، وتـی: خـەوتووە، (ابـن عمـر) لـە ژوورەوە گوێی لـەدەنگم بـوو، وتـی: ئـەوە (ابـن جبير)ە؟ وتم: بـەڵێ، وتـی: وەرە ژوورەوە، سـوێندبێ لـەم کاتـەدا پێویـستیەك تـۆی هێنـاوە.. (سـعيد) دەڵـێ: چوومە ژوورەوە، لەسەر سەرجلی ولاغێك دانیشتبوو، پشتیەکی پڕ لە ریشووی دارخورمـای لـەژێر شـاندابوو.. وتم: (أبو عبـدالرحمن) ئایـا ژن و پیاوێـك (لعـان) چوو بە بەینیاندا جیا دەکرێنەوە؟ وتی: (سبحان الله) بەڵێ، لەڕاستیشدا یەکەم کەسیش ئەو پرسیارەی لە پێغەمبەری خوا کرد (ﷺ) فلانـی کـوڕی فلان بـوو پێـی وت: ئـەی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ): تۆچـی دەفـەرموویت ئەگـەر یـەکێکمان ژنەکەی خۆی لەحاڵەتی فاحیشەدا بینی چی بکات؟ ئەگەر قسە دەکات باس لە شـتێکی زۆر گـەورە دەکات، ئەگـەر بێـدەنگیش بێت لە شـتێکی گـەروە بێـدەنگ بووە. پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە.

دوای ئـەوەی بابـای (پرسـیارکەر) هاتـەوە خزمـەت پێغەمبـەر (ﷺ) و عـەرزی کرد: قوربـان ئـەو پرسـیارەی کـە پێـشتر عـەرزم کـردی تووشـی خـۆم بـووە، ئیتر خـوای گـەورە ئـەم چـەند ئایەتـەی لەسـورەتی (النـور) نـاردەخوارەوە ﴿وَالَّذِينَ يَرْمُونَ أَزْوَاجَهُمْ..﴾ پێغەمبەر (ﷺ) ئایەتەکانی بەسەردا خوێندەوە، ترسی خودا

و باسی قیامەتی بیر خستەوە، پێشی فەرموو: ((کەسزای دنیا گەلێك سوکترە لە سزای قیامەت)) کابرا وتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بەحەق ناردووە، بوختانم بۆ نەکردووە. پاشان پێغەمبەر (ﷺ) هاوسەرەکەشی بانگکرد، بەهەمان شێوە ترسی خودا و باسی قیامەتی بیر خستەوە، بەویشی فەرموو: ((سزای دنیا گەڵ سوکترە لە سزای قیامەت)). ژنەکە وتی: نەخێر، سوێندم بەو کەسەی تۆی بە حەق ناردووە، ئەو پیاوەم درۆ دەکات. ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) لەکابراوە دەستی پێکرد، ئەویش چوار جار سوێندی خوارد کەخۆی ڕاستگۆیە، لەسوێندی پێنجەمیشدا وتی: نەفرەتی خوام لێبێ ئەگەر درۆزن بم. پاشان ژنەکە چوار جار سوێندی خوارد. کە پیاوەکەی لە درۆزنانە، لەسوێندی پێنجەمیشدا وتی: خەشم و قینی خوام لەسەربێت ئەگەر ئەو مێردەم لەڕاستگۆیان بێت. ئیتر پاش ئەم سوێند و نەفرەتە جیای کردنەوە لەیەك.

٨٤٨ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِلْمُتَلَاعِنَيْنِ: ((حِسَابُكُمَا عَلَى اللَّهِ، أَحَدُكُمَا كَاذِبٌ، لَا سَبِيلَ لَكَ عَلَيْهَا)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَالِي؟ قَالَ: ((لَا مَالَ لَكَ، إِنْ كُنْتَ صَدَقْتَ عَلَيْهَا فَهُوَ بِمَا اسْتَحْلَلْتَ مِنْ فَرْجِهَا، وَإِنْ كُنْتَ كَذَبْتَ عَلَيْهَا فَذَاكَ أَبْعَدُ لَكَ مِنْهَا)).

(ابن عمر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بەو ژن و مێردەی کە (لعان)یان کرد: ((ئێوە لێپرسینەوەتان لای خوایە، یەکێکتان درۆ دەکەن)) بە پیاوەکەشی وت: ((تۆ هیچ دەستەڵاتێکت بەسەر ئەو ژنەدا نەماوە)) وتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەی ماڵەکەم؟ فەرمووی: ماڵت نییە، ئەگەر مارەیت پێدابێت ئەوە لەبەرامبەری دا ئەو ژنەت بۆخۆت حەلاڵ کردووە، خۆ ئەگەر درۆت بۆ هەڵبەستبێ ئەوە زیاتر لێی دووریت و هیچت ناکەوێت.

٨٤٩ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا لَاعَنَ امْرَأَتَهُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَفَرَّقَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَهُمَا وَأَلْحَقَ الْوَلَدَ بِأُمِّهِ. [بخاري/ الطلاق/ ٥٠٠٥– ٥٠٠٩]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) پیاوێك (لعان)ی کرد لەگەڵ ژنەکەی، پێغەمبەریش (ﷺ) لەیەکتر جیای کردنەوە و منداڵەکەشی دابە دایکی.

٨٥٠ـ عَنْ مُحَمَّدٍ –هو ابن سيرين– قَالَ: سَأَلْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ)، وَأَنَا أُرَى أَنَّ عِنْدَهُ مِنْهُ عِلْمًا، فَقَالَ: إِنَّ هِلَالَ بْنَ أُمَيَّةَ قَذَفَ امْرَأَتَهُ بِشَرِيكِ ابْنِ سَحْمَاءَ، وَكَانَ

أَخَا الْبَرَاءِ بْنِ مَالِكٍ لِأُمِّهِ، وَكَانَ أَوَّلَ رَجُلٍ لَاعَنَ فِي الْإِسْلَامِ، قَالَ: فَلَاعَنَهَا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَبْصِرُوهَا، فَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَبْيَضَ سَبِطًا قَضِيءَ الْعَيْنَيْنِ فَهُوَ لِهِلَالِ بْنِ أُمَيَّةَ، وَإِنْ جَاءَتْ بِهِ أَكْحَلَ جَعْدًا حَمْشَ السَّاقَيْنِ فَهُوَ لِشَرِيكِ ابْنِ سَحْمَاءَ)). قَالَ: فَأُنْبِئْتُ أَنَّهَا جَاءَتْ بِهِ أَكْحَلَ جَعْدًا، حَمْشَ السَّاقَيْنِ.

(محمد) کە (ابن سیرین)ە دەڵێ: پرسیارم لە (انس ی کوڕی مالك) کرد، وامزانی کە ئەو لەو بارەیەوە زانیارییەکی پێیە، وتی: (هیلالی کوڕی ئومەییە) تۆمەتی زینای دایە پاڵ ژنەکەی لەگەڵ (شریك ی کوڕی سمحاء)دا ئەم (شریك)ەبرای دایکی (براءة ی کوڕی مالك)بوو، هیلالیش یەکەم کەس بوو لە ئیسلامدا کە (لعان)ی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((چاوەڕوانی دانانی منداڵەکەی بن، کەلە دایك بوو سەیری بکەن، ئەگەر قژخاوێکیچاوسوور بوو ئەوە هی هیلالی کوڕی ئومەییە بەڵام چاو ڕەشێکی قژ گژوبژ و قاچ باریك بوو، ئەوە منداڵی (شریك ی کوڕی سمحاء)ە (انس) دەڵێ: هەواڵم بۆ هات کە ژنەکە منداڵێکی چاوڕەش و قژ گژوبژ قاچ باریکێ بووە.

(٢) منداڵ و ڕەچەڵەك

٨٥١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ أَعْرَابِيًّا أَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ امْرَأَتِي وَلَدَتْ غُلَامًا أَسْوَدَ، وَإِنِّي أَنْكَرْتُهُ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((هَلْ لَكَ مِنْ إِبِلٍ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: ((مَا أَلْوَانُهَا)). قَالَ: حُمْرٌ. قَالَ: ((فَهَلْ فِيهَا مِنْ أَوْرَقَ)). قَالَ: نَعَمْ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَأَنَّى هُوَ)). قَالَ: لَعَلَّهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ يَكُونُ نَزَعَهُ عِرْقٌ لَهُ. فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((وَهَذَا لَعَلَّهُ يَكُونُ نَزَعَهُ عِرْقٌ لَهُ)). [بخاري/ الطلاق/ ٤٩٩٩]

(ابو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: کابرایەکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنەکەم منداڵێکی ڕەش پێستی بووە، منیش حاشام لێکردووە کە منداڵی من بێت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا تۆ گەلە وشترت هەیە؟)) وتی: بەڵێ. فەرمووی: ((ڕەنگەکانیان چییەو چۆنە؟)) کابرا وتی: سوورن، فەرمووی: ((ئایا ڕەنگ خۆڵەمێشیان تیایە؟)) کابرا وتی: بەڵێ، پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((بۆچی وایە؟)) کابرا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، لەوانەیە لە ڕەچەڵەکی [باوانێکەوە] هاتبێ. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەوانەیە ئەمەش لەڕەچەڵەکی باوانێکیەوە هاتبێ)).

(٣) منالّ هی ناوجێیە

٨٥٢ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: اخْتَصَمَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ، وَعَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ فِي غُلَامٍ، فَقَالَ سَعْدٌ: هَذَا -يَا رَسُولَ اللَّهِ- ابْنُ أَخِي عُتْبَةَ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ، عَهِدَ إِلَيَّ أَنَّهُ ابْنُهُ، انْظُرْ إِلَى شَبَهِهِ. وَقَالَ عَبْدُ بْنُ زَمْعَةَ: هَذَا أَخِي يَا رَسُولَ اللَّهِ، وُلِدَ عَلَى فِرَاشِ أَبِي مِنْ وَلِيدَتِهِ. فَنَظَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى شَبَهِهِ فَرَأَى شَبَهًا بَيِّنًا بِعُتْبَةَ. فَقَالَ: ((هُوَ لَكَ يَا عَبْدُ، الْوَلَدُ لِلْفِرَاشِ، وَلِلْعَاهِرِ الْحَجَرُ، وَاحْتَجِبِي مِنْهُ يَا سَوْدَةُ بِنْتَ زَمْعَةَ)). قَالَتْ: فَلَمْ يَرَ سَوْدَةَ قَطُّ. [بخاري/ البيوع/ ٢١٠٥]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: جارێکیان [سعد ی کوڕی أبی وقاص و عەبدی کوڕی زەمعە] لەبارەی منالێکەوە بوو بە مشت ومڕیان، (سعد)وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەم منالە برازامە، منالی (عتبە)ی کوڕی (ابی وقاص)ە، وەسیەتی بۆ کردووم، کەلای من داینـاوە، وتویەتی: ئەمە کوڕمە. سەیری شێوەی بفەرموو. (عبد)ی کوڕی (زمعە)ش وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم کوڕە برای منە، لەباوکی خۆمە، (بەڵام دایکمان جیایە) ئەو لە کەنیزەکەکەیەتی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەیرێکی منالەکەی کرد، بینی بەئاشکرا لە (عتبە) دەچێ، فەرمووی: ((عبد ئەم منالە هی تۆیە، چونکە منالّ ڕۆڵەی تێکەڵی باوك و دایکە. مرۆڤی داوێن پیسیش جگە لە پەشیمانی و ڕەنج خەساری هیچی تری دیکەی دەست ناکەوێ)) ئینجا بە (سودە)ی کچی (زمعە)ی فەرموو: ((سودە! ئیتر تۆ نامەحرەمی بەو کوڕە))، ئیتر ئەو کوڕە (سودە)ی نەدەبینی.

(٤) وەرگرتنی قسەی ڕەچەڵەك ناس بۆ ناسینی منالّ

٨٥٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ذَاتَ يَوْمٍ مَسْرُورًا، فَقَالَ: ((يَا عَائِشَةُ، أَلَمْ تَرَيْ أَنَّ مُجَزِّزًا الْمُدْلِجِيَّ دَخَلَ عَلَيَّ، فَرَأَى أُسَامَةَ وَزَيْدًا وَعَلَيْهِمَا قَطِيفَةٌ، قَدْ غَطَّيَا رُءُوسَهُمَا وَبَدَتْ أَقْدَامُهُمَا، فَقَالَ: ((إِنَّ هَذِهِ الْأَقْدَامَ بَعْضُهَا مِنْ بَعْضٍ)). [بخاري/ الفرائض/ ٦٣٨٩]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: جارێکیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دڵخۆشیەوە تەشریفی هاتە ژوورەوە بۆلام، فەرمووی: ((ئەی (عائشە)، ئەرێ نەتبینی (مجزِّز)ی (مدلجی) هاتەلام. کە هاتە ژوورەوە (أسامە) و (زید)ی لەژێریەك بەتانی قەیفەدا بینی، سەریان داپۆشیبوو تەنها قاچیان دیار بوو، وتی: ئەم قاچانە لەیەك ئەچن.

(١٨) بەشی شیردان

(١) ئەوەی لەرێی لەدایکبوونەوە حەرامە لەرێی شیردانیشەوە حەرامە

٨٥٤ـ عن عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) كَانَ عِنْدَهَا، وَإِنَّهَا سَمِعَتْ صَوْتَ رَجُلٍ يَسْتَأْذِنُ فِي بَيْتِ حَفْصَةَ، قَالَتْ عَائِشَةُ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، هَذَا رَجُلٌ يَسْتَأْذِنُ فِي بَيْتِكَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((أُرَاهُ فُلَانًا)) لِعَمِّ حَفْصَةَ مِنَ الرَّضَاعَةِ، فَقَالَتْ عَائِشَةُ: [قلت]: يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ كَانَ فُلَانٌ حَيًّا -لِعَمِّهَا مِنَ الرَّضَاعَةِ- دَخَلَ عَلَيَّ؟ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) ((نَعَمْ، إِنَّ الرَّضَاعَةَ تُحَرِّمُ مَا تُحَرِّمُ الْوِلَادَةُ)). [بخاري/ الشهادات/ ٢٥٠٣]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەلای بووە، عائشە گوێی لە دەنگی پیاوێك بوو، مۆڵەتی دەخواست بۆ ماڵەکەی (حفصە). (عائشە) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەوە پیاوێکە مۆڵەت دەخوازێ بۆ هاتنە ژوورەوەی ماڵەکەت. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((وابزانم فلان کەسە)) مەبەستی مامی شیری حفصە بوو. (عائشە)(ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەگەر فلان کەس زیندوو بوایە، -کەمامی شیری بووە- مەحرەم بوو بەمن؟ ئەیتوانی بێتە ماڵم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ هەرچی لەرێگەی لەدایك بوونەوە ببێتە مەحرەم، بەشیرخواردنیش دەبێتە مەحرەم)).

(٢) کاریگەریی شیردان

٨٥٥ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: جَاءَ عَمِّي مِنَ الرَّضَاعَةِ يَسْتَأْذِنُ عَلَيَّ، فَأَبَيْتُ أَنْ آذَنَ لَهُ حَتَّى أَسْتَأْمِرَ رَسُولَ اللَّه (ﷺ)، فَلَمَّا جَاءَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) قُلْتُ: إِنَّ عَمِّي مِنَ الرَّضَاعَةِ اسْتَأْذَنَ عَلَيَّ فَأَبَيْتُ أَنْ آذَنَ لَهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) ((فَلْيَلِجْ عَلَيْكِ عَمُّكِ)). قُلْتُ: إِنَّمَا أَرْضَعَتْنِي الْمَرْأَةُ وَلَمْ يُرْضِعْنِي الرَّجُلُ؟ قَالَ: ((إِنَّهُ عَمُّكِ، فَلْيَلِجْ عَلَيْكِ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٩٤١]

(عائشە)(ﷺ) دەڵێ: مامە شیریەکەم هات و مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست. منیش رێگەم نەدا تا پرسێك بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکەم، کەپێغەمبەر (ﷺ) تەشریفی هێنا، وتم: مامی شیریم مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی خواست، منیش رێگەم نەدا، پێغەمبەر فەرمووی: رێگەی بدە، با مامت بێتە ژورەوە بۆلات)). وتم: خۆمن ژنەکەی شیری پێداوم، نەك پیاوەکە، فەرمووی: ((ئەوە مامی تۆیە بابێتە ژوورەوە)).

(٣) حەرام بوونی برازای شیری

٨٥٦ـ عَنْ عَلِيّ (ﷺ) قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، مَا لَكَ تَنَوَّقُ فِي قُرَيْشٍ وَتَدَعُنَا؟ فَقَالَ: ((وَعِنْدَكُمْ شَيْءٌ)). قُلْتُ: نَعَمْ، بِنْتُ حَمْزَةَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ): ((إِنَّهَا لَا تَحِلُّ لِي، إِنَّهَا ابْنَةُ أَخِي مِنَ الرَّضَاعَةِ)).

(على)(ﷺ) دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، هۆکەی چىيە؟ بۆ ژن لەناو قورەیشدا هەڵدەبژێریت و، واز لەئێمە دەهێنیت؟ فەرموی: ((جا ئێوە کێتان هەیە؟)) وتم: کچەکەی حەمزە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((کچەکەی حەمزە بۆمن ناشێت، چونکە برازای شیریمە)).

(٤) حەرامبونی زڕ کچ و ژن خوشك

٨٥٧. عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ بِنْتِ أَبِي سُفْيَانَ (ﷺ) قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) فَقُلْتُ لَهُ: هَلْ لَكَ فِي أُخْتِي بِنْتِ أَبِي سُفْيَانَ؟ فَقَالَ: ((أَفْعَلُ مَاذَا)). قُلْتُ: تَنْكِحُهَا، قَالَ: ((أَوَ تُحِبِّينَ ذَلِكِ)). قُلْتُ: لَسْتُ لَكَ بِمُخْلِيَةٍ، وَأَحَبُّ مَنْ شَرِكَنِي فِي الْخَيْرِ أُخْتِي، قَالَ: ((فَإِنَّهَا لَا تَحِلُّ لِي)). قُلْتُ: فَإِنِّي أُخْبِرْتُ أَنَّكَ تَخْطُبُ دُرَّةَ بِنْتَ أَبِي سَلَمَةَ. قَالَ: ((بِنْتَ أُمِّ سَلَمَةَ)). قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: ((لَوْ أَنَّهَا لَمْ تَكُنْ رَبِيبَتِي فِي حِجْرِي مَا حَلَّتْ لِي، إِنَّهَا ابْنَةُ أَخِي مِنَ الرَّضَاعَةِ، أَرْضَعَتْنِي وَأَبَاهَا ثُوَيْبَةُ، فَلَا تَعْرِضْنَ عَلَيَّ بَنَاتِكُنَّ وَلَا أَخَوَاتِكُنَّ)). [بخاري/ النكاح/ ٤٨١٧]

(أم حبيبه)ی کچی (ابو سفیان) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلام، پێم وت: ڕات چۆنە بەرامبەر بە خوشکەکەم، کچی (ابو سفیان)؟ فەرمووی: ((چیبکەم؟)) وتم: بیخوازیت. فەرمووی: ((تۆ پێت خۆشە؟)) وتم: خۆ بەتەنها من هاوسەرت نیم، خۆشەویسترین کەس کە حەز بکەم لەم خێرەدا بەشداربێت، خوشکەکەمە، فەرمووی: ((ئەو بۆمن حەڵاڵ نىيە)). وتم: من هەواڵم پێگەیشتووە کە تۆ دەتەوێ (درة)ی کچی (ابو سلمه) بخوازیت. فەرمووی: ((کچی (أم سلمه)؟)) وتم: بەڵێ، فەرمووی: ((جا ئەو زڕ کچیشم نەبوایە کە دایکی حەڵاڵی خۆمە هەر بۆم حەڵاڵ نەبوو، چونکە ئەو برازای شیریمە. (ثویبة)شیری داوە بەمن و باوکی، هیچ کامێکتان باسی کچ و خوشکی خۆتانم لەوبارەیەوە بۆ مەکەن)).

(٥) شیرخواردن، جارو دووجار

٨٥٨- عَنْ أُمِّ الْفَضْلِ (ﷺ) قَالَتْ: دَخَلَ أَعْرَابِيٌّ عَلَى نَبِيِّ اللَّه (ﷺ) وَهُوَ فِي بَيْتِي، فَقَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، إِنِّي كَانَتْ لِي امْرَأَةٌ فَتَزَوَّجْتُ عَلَيْهَا أُخْرَى، فَزَعَمَتِ امْرَأَتِي الْأُولَى أَنَّهَا أَرْضَعَتِ امْرَأَتِي الْحُدْثَى رَضْعَةً أَوْ رَضْعَتَيْنِ؟ فَقَالَ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تُحَرِّمُ الْإِمْلَاجَةُ وَالْإِمْلَاجَتَانِ)).

(أم الفضل)(ﷺ) دەڵێ کاتێ کە پێغەمبەر (ﷺ) لای من بوو، کابرایەکی دەشتەکی هات بۆلای، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، من ژنێکم هەبوو، ژنێکی ترم بەسەردا هێنا، ژنە کۆنەکەم دەڵێ: کە بەمناڵی قومێ یان دوو قوم شیرم داوە بەو ژنە نوێیەت؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((یەکجار مژین و دووجار مژین نابێتە هۆی حەرام بوون)).

(٦) پێنج جار شیرخواردن

٨٥٩- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) أَنَّهَا قَالَتْ: كَانَ فِيمَا أُنْزِلَ مِنَ الْقُرْآنِ: (عَشْرُ رَضَعَاتٍ مَعْلُومَاتٍ يُحَرِّمْنَ) ثُمَّ نُسِخْنَ بِخَمْسٍ مَعْلُومَاتٍ، فَتُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَهُنَّ فِيمَا يُقْرَأُ مِنَ الْقُرْآنِ.

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: پێشتر ئەمە ئایەتێك بو لە قورئاندا﴿عشر مرضعاتٍ معلوماتٍ يُحَرِّمنَ﴾ پاشان بە پێنج شیرخواردنی ئاشکرا سڕرایەوە. کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد هێشتا هەندێ کەس ئەو ئایەتەیان دەخوێندەوە [بەقورئانیان دەزانی چونکە نەسخەکەیان پێنەگەیشتبوو].

(١٩) بەشی خەرجییەکان (النفقات)

(١) لەخۆوە دەسپێکردن و پاشان خێزان و خزمان

٨٦٠- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: أَعْتَقَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي عُذْرَةَ عَبْدًا لَهُ عَنْ دُبُرٍ، فَبَلَغَ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَلَكَ مَالٌ غَيْرُهُ)). فَقَالَ: لَا، فَقَالَ: ((مَنْ يَشْتَرِيهِ مِنِّي)). فَاشْتَرَاهُ نُعَيْمُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ الْعَدَوِيُّ بِثَمَانِ مِائَةِ دِرْهَمٍ، فَجَاءَ بِهَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَدَفَعَهَا إِلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: ((ابْدَأْ بِنَفْسِكَ فَتَصَدَّقْ عَلَيْهَا، فَإِنْ فَضَلَ شَيْءٌ فَلِأَهْلِكَ، فَإِنْ فَضَلَ عَنْ أَهْلِكَ شَيْءٌ فَلِذِي قَرَابَتِكَ، فَإِنْ فَضَلَ عَنْ ذِي قَرَابَتِكَ شَيْءٌ فَهَكَذَا وَهَكَذَا)). يَقُولُ: فَبَيْنَ يَدَيْكَ، وَعَنْ يَمِينِكَ، وَعَنْ شِمالك. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٣٤]

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: کابرایەکی خێڵی (بني عذرة) بەمەرجی دوای مردنی خۆی، کۆیلەیەکی ئازاد کرد، هەواڵەکە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەکابرا: ((تۆ ماڵی ترت هەیە؟)) کابرا وتی: نەخێر، هەر ئەو کۆیلەیەم هەیە، جا فەرمووی: ((کێ لێم دەکڕێتەوە؟)) (نُعیم ی کوڕی عبدالله ی عدوی) بە هەشت سەد درهەم کڕییەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پارەکەی دایە دەست پیاوەکە و فەرمووی: ((لەخۆتەوە دەست پێبکە و چاکە لەگەڵ خۆتدا بکەو، ئەگەر شتێك زیاد بوو بیدە بە ژن و منداڵەکەت، چی لەوانیش زیادبوو بیدە بە خزمانت، چیلەوانیش زیاد بوو ئاوا و ئاوا بیبەخشە)).

ڕاوی دەڵێ: مەبەستی لای ڕاست و و چەپی بوو.

(٢) خەرجی ڕەعیەت و گوناهی ئەو کەسەی خەرجیان ناداتێ

٨٦١- عَنْ خَيْثَمَةَ قَالَ: كُنَّا جُلُوسًا مَعَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) إِذْ جَاءَهُ قَهْرَمَانٌ لَهُ فَدَخَلَ، فَقَالَ: أَعْطَيْتَ الرَّقِيقَ قُوتَهُمْ؟ قَالَ: لَا، قَالَ: فَانْطَلِقْ فَأَعْطِهِمْ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((كَفَى بِالْمَرْءِ إِثْمًا أَنْ يَحْبِسَ عَمَّنْ يَمْلِكُ قُوتَهُ)).

(خیثمة) دەڵێ: لەگەڵ (عبیدالله ی کوڕی عمرو)دا (ﷺ) دانیشتبووین ئەمیندارێکی هەبوو هاتە ژوورەوە، پێی وت: ئەرێ خواردنەکەت دابە کۆیلەکان؟ وتی: نەخێر، (خیثمة) وتی: بڕۆ بیاندەرێ، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەسە بۆ گوناهباری مرۆڤ کەنانی ئەو کەسە ببڕێ کەلە ژێر سایەیدایە)).

(٣) چاكەی خەرجیكێشانی ژن و منداڵ

٨٦٢ـ عَنْ ثَوْبَانَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَفْضَلُ دِينَارٍ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ دِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى عِيَالِهِ، وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ الرَّجُلُ عَلَى دَابَّتِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَدِينَارٌ يُنْفِقُهُ عَلَى أَصْحَابِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)). قَالَ أَبُو قِلَابَةَ: وَبَدَأَ بِالْعِيَالِ. ثُمَّ قَالَ أَبُو قِلَابَةَ: وَأَيُّ رَجُلٍ أَعْظَمُ أَجْرًا مِنْ رَجُلٍ يُنْفِقُ عَلَى عِيَالٍ صِغَارٍ يُعِفُّهُمْ، أَوْ يَنْفَعُهُمُ اللَّهُ بِهِ وَيُغْنِيهِمْ.

(ثوبان)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((باشترین پارە، پارەیەكە كە مرۆڤ بۆ ماڵ و منداڵەكانی خەرجی دەكات، هەروەها ئەو پارەیەیە كە مرۆڤ خەرجی دەكات لە وڵاخەكەیدا بۆ تێكۆشان لەپێناوی خوادا، هەروەها ئەوەی كە لەپێناوی خوادا بۆ هاوەڵەكانی خەرجی دەكات. (أبو قلابة) دەڵێ: لەپێشدا بەژن و منداڵ دەستی پێكرد، پاشان (أبو قلابة) وتی: پاداشتی كێ لەو پیاوە گەورەترە كە خەرجی كۆمەڵێ منداڵی بچوك دەكێشێ، تا چاویان لەدەستی كەســەوە نــەبێت؟ یــان بــەهۆی ئــەوەوە خــودا ســودیان پــێ بگەیــەنێت و دەوڵەمەندیان بكات؟

٨٦٣ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْبَدْرِيِّ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا أَنْفَقَ عَلَى أَهْلِهِ نَفَقَةً -وَهُوَ يَحْتَسِبُهَا- كَانَتْ لَهُ صَدَقَةً)). [بخاري/ النفقات/ ٥٠٣٦]

(أبـو مسعودی بـدری)(ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئەگـەر موسڵمان خەرجیەك بۆ خێزانەكەی بكێشێ (هەرچەند واجبە لەسەری) بەڵام ئەگەر -مەبەستی ڕەزامەندی خوابێ- بەخێر بۆی دەنوسرێ)).

(٤) ژن بۆی هەیە لەسامانی مێردەكەی لەڕێگەی چاكەدا خەرجی منداڵەكانی بكێشێ

٨٦٤ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: جَاءَتْ هِنْدٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَاللَّهِ مَا كَانَ عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَهْلُ خِبَاءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ يُذِلَّهُمُ اللَّهُ مِنْ أَهْلِ خِبَائِكَ، وَمَا عَلَى ظَهْرِ الْأَرْضِ أَهْلُ خِبَاءٍ أَحَبَّ إِلَيَّ مِنْ أَنْ يُعِزَّهُمُ اللَّهُ مِنْ أَهْلِ خِبَائِكَ. فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((وَأَيْضًا، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ)). ثُمَّ قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ أَبَا سُفْيَانَ رَجُلٌ مُمْسِكٌ، فَهَلْ عَلَيَّ حَرَجٌ أَنْ أُنْفِقَ عَلَى عِيَالِهِ مِنْ مَالِهِ بِغَيْرِ إِذْنِهِ؟ فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((لَا حَرَجَ عَلَيْكِ أَنْ تُنْفِقِي عَلَيْهِمْ بِالْمَعْرُوفِ)). [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٣١]

(عائشه) (ﷺ) دەڵێ: (هند) هاته خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا لەسەر زەوی خوادا بنەماڵەیەك نەبوە پێمان خۆشبێ خوا توشی نەهامەتی بكات زیاتر لە بنەماڵەكەی تۆ. ئێستاش هیچ بنەماڵەیەك نییە لەسەر زەوی زیاتر لە بنەماڵەكەی تۆ حەز بەسەربەرزی بكەین بۆی. پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی: ((سوێند بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە، منیش هەروەها)). پاشان (هند) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ابو سفیان) پیاوێكی چروكە، ئایا گوناهم دەگات ئەگەر بەبێ ئیزنی ئەو لەماڵەكەی خەرجی منالەكان بكێشم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((گوناهبار نابیت ئەگەر بەخێویان بكەیت بەپێی پێویست و بەچاكی [واتە بێ لە سنور دەرچوون].

(٥) ژنی سێبەسێ تەلاق دراو، خەرجی لەسەر ناكرێ

٨٦٥ـ عَنْ فَاطِمَةَ بِنْتِ قَيْسٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي الْمُطَلَّقَةِ ثَلَاثًا قَالَ: ((لَيْسَ لَهَا سُكْنَى، وَلَا نَفَقَةٌ)).

(فاطمة)ی كچی (قیس) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەی ژنی سێبەسێ تەلاقدراوەوە فەرمووی: ((نەجێگای پێ دەدرێ و نە خەرجی)).

٨٦٦ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّهَا قَالَتْ: مَا لِفَاطِمَةَ خَيْرٌ أَنْ تَذْكُرَ هَذَا. تَعْنِي قَوْلَهَا: لَا سُكْنَى وَلَا نَفَقَةَ. [بخاري/ الطلاق/ ٥٠١٥- ٥٠١٧]

(عائشه)(ﷺ) دەڵێ: (فاطمة) هیچ بەرژەوەندیەكی نەبوو لە باسكردنی ئەو فەرموودەیەدا كە نەجێگای پێدەدرێ و نە خەرجی.

٨٦٧ـ عَنْ أَبِي إِسْحَقَ قَالَ: كُنْتُ مَعَ الْأَسْوَدِ ابْنِ يَزِيدَ جَالِسًا فِي الْمَسْجِدِ الْأَعْظَمِ وَمَعَنَا الشَّعْبِيُّ، فَحَدَّثَ الشَّعْبِيُّ بِحَدِيثِ فَاطِمَةَ بِنْتِ قَيْسٍ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) لَمْ يَجْعَلْ لَهَا سُكْنَى وَلَا نَفَقَةً. ثُمَّ أَخَذَ الْأَسْوَدُ كَفًّا مِنْ حَصًى فَحَصَبَهُ بِهِ، فَقَالَ: وَيْلَكَ، تُحَدِّثُ بِمِثْلِ هَذَا؟ قَالَ عُمَرُ (ﷺ): لَا نَتْرُكُ كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّةَ نَبِيِّنَا (ﷺ) لِقَوْلِ امْرَأَةٍ، لَا نَدْرِي لَعَلَّهَا حَفِظَتْ أَوْ نَسِيَتْ، لَهَا السُّكْنَى وَالنَّفَقَةُ، قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنْ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ﴾ [الطلاق: ١].

(أبو اسحاق)دەڵێ: لە مزگەوتی گەورەدا لەگەڵ (اسود)ی كوڕی (زبیر)دا دانیشتبووم. (شعبی)یشمان لەگەڵدا بوو، (شعبی) باسی فەرموودەكەی (فاطمة)ی كچی (قیس)ی كرد كە پێغەمبەر (ﷺ) نەجێگای پێداوەو نەخەرجی.

پاشان (أسود) مشتێ وەردەبەردی هەڵگرت و کردی بەڕویدا و وتی: کۆستت کەوێت فەرمووەدەی وا دەگێڕیتەوە؟! [عمر (ﷺ)] وتی: قورئانەکەی خواو سونەتی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) واز لێناهێنن بۆ قسەی ژنێك، نازانین باش لەبەری کردووە یان لەبیری چۆتەوە. ژنی تەلاق دراو ماڵیشی هەیە و خەرجیش. خوای گەورە دەفەرموێ کە ئەمە ماناکەیتی: ﴿دەریان مەکەن لە ماڵەکانیان و خۆشیان بادەرنەچن مەگەر بەگوناهێکی ئاشکرا هەستابن﴾.

(٢٠) بەشی کڕین و فرۆشتن

(١) فرۆشتنی خۆراك بە خۆراك، دەبێ وەکو یەك بێ

٨٦٨ـ عَنْ مَعْمَرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ: أَنَّهُ أَرْسَلَ غُلَامَهُ بِصَاعِ قَمْحٍ فَقَالَ: بِعْهُ ثُمَّ اشْتَرِ بِهِ شَعِيرًا. فَذَهَبَ الْغُلَامُ فَأَخَذَ صَاعًا وَزِيَادَةَ بَعْضِ صَاعٍ، فَلَمَّا جَاءَ مَعْمَرًا أَخْبَرَهُ بِذَلِكَ، فَقَالَ لَهُ مَعْمَرٌ: لِمَ فَعَلْتَ ذَلِكَ؟ انْطَلِقْ فَرُدَّهُ، وَلَا تَأْخُذَنَّ إِلَّا مِثْلًا بِمِثْلٍ، فَإِنِّي كُنْتُ أَسْمَعُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((الطَّعَامُ بِالطَّعَامِ مِثْلًا بِمِثْلٍ)). قَالَ: وَكَانَ طَعَامُنَا يَوْمَئِذٍ الشَّعِيرَ. قِيلَ لَهُ: فَإِنَّهُ لَيْسَ بِمِثْلِهِ. قَالَ: إِنِّي أَخَافُ أَنْ يُضَارِعَ.

(معمر)ی کوڕی (عبدالله) دەڵێ: جارێکیان مەنێ گەنمی بەغولامەکەیدا نارد و پێی وت: بیفرۆشە و بەنرخەکەی جۆ بکڕە، غولامەکەی چوو دای بەمەنێك و هەندێکیش زیاتری جۆ، کە گەڕایەوە هەواڵی دا بە (معمر)، (معمر) پێی وت: بۆچی وات کرد؟ بڕۆ بیگێڕەوە، وەکویەك نەبێ وەری نەگریت، چونکە گوێم لێبوو پێغەمبەر (ﷺ) دەیفەرموو: ((خۆراك بە خۆراك، دەبێ وەکو یەك بێت)) خۆراکی ئەو کاتەشمان تەنها جۆ بوو، پێی وترا: خۆ ئەو دووانە وەکویەك نین، وتی: دەترسم لەو بچێت.

(٢) ڕێگریی لە فرۆشتنی خۆراك پێش وەرگرتنی

٨٦٩ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنِ ابْتَاعَ طَعَامًا فَلَا يَبِعْهُ حَتَّى يَسْتَوْفِيَهُ)). قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: وَأَحْسِبُ كُلَّ شَيْءٍ مِثْلَهُ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٢٩]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەسێك خۆراکێکی کڕی تا وەری نەگرێت نەیفرۆشێتەوە)) (ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێم وایە هەموو مامەڵەیەك دەبێ بەم شێوەیە بێت.

٨٧٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّهُ قَالَ لِمَرْوَانَ: أَحْلَلْتَ بَيْعَ الرِّبَا؟ فَقَالَ مَرْوَانُ: مَا فَعَلْتُ فَقَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: أَحْلَلْتَ بَيْعَ الصِّكَاكِ، وَقَدْ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ الطَّعَامِ حَتَّى يُسْتَوْفَى؟ قَالَ: فَخَطَبَ مَرْوَانُ النَّاسَ فَنَهَى عَنْ بَيْعِهَا. قَالَ سُلَيْمَانُ: فَنَظَرْتُ إِلَى حَرَسٍ يَأْخُذُونَهَا مِنْ أَيْدِي النَّاسِ.

(أبو هريره)(ﷺ) وتی بە (مروان): ئەرێ دەڵێی سووت حەڵاڵ کردووە؟ (مروان) وتی: شتی وەهام نەکردووە. (أبو هريره) وتی: تۆ کڕین و فرۆشتنی

چەکی پارەت حەڵاڵ کردووە، لەکاتێکدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردووە لە فرۆشتنی خۆراك تا وەرنەگیرێت، دوای ئەوە (مروان) وتاری دا بۆ خەڵك و ڕێگری کرد لە فرۆشتنی چەك. (سلیمان) دەڵێ: چاوم لێبوو چەن پاسەوانێك خەریکی وەرگرتنەوەی ئەو چەکانە بوون لەدەستی خەڵك.

(٣) گواستنەوەی خۆراك ئەگەر بە گۆترە فرۆشرا

٨٧١- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنِ اشْتَرَى طَعَامًا فَلَا يَبِعْهُ حَتَّى يَسْتَوْفِيَهُ)). قَالَ: وَكُنَّا نَشْتَرِي الطَّعَامَ مِنَ الرُّكْبَانِ جِزَافًا، فَنَهَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ نَبِيعَهُ حَتَّى نَنْقُلَهُ مِنْ مَكَانِهِ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠١٧]

(ابن عمر)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەسێ خۆراکێ بکڕێت با نەیفرۆشێتەوە هەتاکو وەری دەگرێت)) (راوی) دەڵێ: ئێمە خۆراکمان دەکڕی لەکاروانچیەکان بەگۆترە، پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردین کە بیفرۆشینەوە تا نەیگوێزینەوە لە شوێنەکەی خۆی.

٤-فرۆشتنی خۆراکی پێوانەکراو بە گۆترە

٨٧٢. عَن ابن عُمَر (رضي الله عنه) قَالَ: نَهَى نَهَى رَسُولُ الله (ﷺ) عَنِ المُزابَنَة : أن يَبِيعَ ثَمَرُ حَائِطِه انْ كَانَتْ نَخَلاً بِتَمْرٍ كَيْلاً، وَانْ كَانَ كَرماً انْ يُبِيعَهُ بِزَبِيبٍ كَيلاً ، وَانْ كَانَ زَرْعاً انْ يُبِعَهُ بِكَيْلِ طَعَامٍ ، نَهَى عَنْ ذَلكَ كُلِّهُ.[بخاري/ البيوع/ ٢٠٦٣]

(ابن عمر)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) کرین و فرۆشتنی (مزابنە)ی قەدەغە کردوە [بۆ نمونە] ئەگەر بەروبومی باخەکەی خورما بوو، بیفرۆشێت بە خورمای وشکی پێوراو، ئەگەر باخەکە تریێ بوو بیفرۆشێ بە مێوژ بە پێوراوی یان کشتوکاڵ بوو بیفرۆشێ بە خۆراك بە پێوانە. پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لە هەموو ئەمانە کردووە﴿ مزابنە: کرینی بەروبووم پێش ئەوەی پێ بگات بە دارەکەوە ﴾ .

(٥) فرۆشتنی خورما بە خورما وەکو یەك

٨٧٣- عن أَبِي هُرَيْرَةَ وَأَبِي سَعِيدٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ أَخَا بَنِي عَدِيٍّ الْأَنْصَارِيَّ فَاسْتَعْمَلَهُ عَلَى خَيْبَرَ، فَقَدِمَ بِتَمْرٍ جَنِيبٍ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((أَكُلُّ تَمْرِ خَيْبَرَ هَكَذَا)). قَالَ: لَا وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّا لَنَشْتَرِي الصَّاعَ بِالصَّاعَيْنِ مِنَ الْجَمْعِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تَفْعَلُوا، وَلَكِنْ مِثْلًا بِمِثْلٍ، أَوْ بِيعُوا هَذَا وَاشْتَرُوا بِثَمَنِهِ مِنْ هَذَا، وَكَذَلِكَ الْمِيزَانُ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠٨٩]

(أبو هريره) و (أبو سعيد) (ﷺ) دەڵێن: پێغەمبەر (ﷺ) براکەی (بنی عدی الانصاری) ناردو کردیە میری خەیبەر، بەخورمایەکی باشەوە هاتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((ئەرێ هەموو خورمای خەیبەر بەم شێوەیە جوانە؟ وتی: نەخێر، ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە یەك مەن لەم خورمایە بە دوو مەنی خراپ دەکڕین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((شتی وەها مەکەن، خورما بە خورما لە جۆری خۆی بگۆڕنەوە یان ئەمەیان بفرۆشن و بە نرخەکەی لەو جۆرەی تریان بکڕنەوە، کێشانەش هەر بەو شێوەیە دەبێت)).

(٦) فرۆشتنی خەرمانێك لە خورما

٨٧٤ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّه (ﷺ) قال: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ الصُّبْرَةِ مِنَ التَّمْرِ -لَا يُعْلَمُ مَكِيلَتُهَا- بِالْكَيْلِ الْمُسَمَّى مِنَ التَّمْرِ.

(جابری کوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردوە لە فرۆشتنی خەرمانە خورمایەك -کە نەزانرێ پێوانەکەی چەندە- بە خورمایەکی پێوانەکراو.

(٧) بەروبوم نافرۆشرێت هەتا پێدەگات

٨٧٥ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى -أَوْ نَهَانَا- رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ الثَّمَرِ حَتَّى يَطِيبَ. [بخاري/ الزكاة/ ١٤١٦]

(جابر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردووە -یان ڕێگری لێکردوین- لە فرۆشتنی بەروبووم تا تەواو پێ نەگات.

٨٧٦ـ عَنْ أَبِي الْبَخْتَرِيِّ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ عَنْ بَيْعِ النَّخْلِ؟ فَقَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ النَّخْلِ حَتَّى يَأْكُلَ مِنْهُ، أَوْ يُؤْكَلَ، وَحَتَّى يُوزَنَ. قَالَ: فَقُلْتُ: مَا يُوزَنُ؟ فَقَالَ رَجُلٌ عِنْدَهُ: حَتَّى يُحْزَرَ. [بخاري/ السلم/ ٢١٣٠]

(أبو البحتری) دەڵێ: لەبارەی فرۆشتنی خورماوە پرسیارم لە (أبن عباس) کرد وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فرۆشتنی خورمای قەدەغەکرد هەتا ئەوکاتەی پێ دەگات، لێی دەخوات، یان لێی دەخورێت و کێشانە دەکرێت، وتم: چی کێشانە بکرێت؟! پیاوێك کەلەلای بوو وتی: واتە هەتا نەخەمڵێنرێت.

(٨) ڕێگریی لە فرۆشتنی بەروبوم هەتا تەواو پێدەگات

٨٧٧- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ بَيْعِ النَّخْلِ حَتَّى يَزْهُوَ، وَعَنِ السُّنْبُلِ حَتَّى يَبْيَضَّ وَيَأْمَنَ الْعَاهَةَ، نَهَى الْبَائِعَ وَالْمُشْتَرِيَ. [بخاري/ السلم/ ٢١٣١]

(ابن عباس)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگەی نەداوە خورما بفرۆشرێت هەتاکو سوورباو یان زەردباو نەبێت، هەروەها فرۆشتنی گوڵەگەنم تا سپی دەبێتەوە و لەدەرد ڕزگاری دەبێ، ڕێگری کردووە لە فرۆشیار و کڕیار.

(٩) سەوداگەریی (مزابنة)

٨٧٨- عن بُشَيْرُ بْنُ يَسَارٍ مَوْلَى بَنِي حَارِثَةَ: أَنَّ رَافِعَ بْنَ خَدِيجٍ وَسَهْلَ بْنَ أَبِي حَثْمَةَ حَدَّثَاهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْمُزَابَنَةِ: الثَّمَرِ بِالتَّمْرِ، إِلَّا أَصْحَابَ الْعَرَايَا فَإِنَّهُ قَدْ أَذِنَ لَهُم. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٧٩]

(بشير کوڕی یسار) کە خزمەتگوزاری (بني حارثة)یە دەڵێ: (ڕافع) کوڕی (خدیج) و(سهل)ی کوڕی (ابو حثمة) پێیان وتووە: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردووە لە کڕین و فرۆشتنی جۆری (مزابنة) واتە بەرووبوم بە خورمای وشك، مەگەر ئەوانەی مامەڵەی (عرایا) دەکەن، بۆ ئەوانە مۆڵەتی داوە.

[عرایا: ئەو مامەڵەیەیە کە لەسنووری (٥) (وسق)دا دەکرێت واتە (٧٠٠کغم) ئەمەیش لەبەر دابینکردنی پێویستی خواردنی ماڵ و منداڵ بۆ ماوەی ساڵێك].

(١٠) فرۆشتنی بەروبووم بە خورما بە پێی کێشانەی خۆی

٨٧٩- عن زَيْدَ بْنَ ثَابِتٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَخَّصَ فِي الْعَرِيَّةِ، يَأْخُذُهَا أَهْلُ الْبَيْتِ بِخَرْصِهَا تَمْرًا، يَأْكُلُونَهَا رُطَبًا. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٧٢]

(زیدی کوڕی ثابت)(رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی داوە مامەڵەی (العریة)، ئەویش ئەوەیە خێزانێك خورمای تەڕ وەردەگرن و دەیخەمڵێنن بە خورمای وشك، بۆ ئەوەی بە تەڕی بیخۆن.

(١١) دەربارەی ئەندازەی دروستیی مامەڵە لە جۆری (العرایا)

٨٨٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) رَخَّصَ فِي بَيْعِ الْعَرَايَا، بِخَرْصِهَا فِيمَا دُونَ خَمْسَةِ أَوْسُقٍ، أَوْ: فِي خَمْسَةِ. يَشُكُّ دَاوُدُ: قَالَ خَمْسَةٌ أَوْ دُونَ خَمْسَةٍ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٧٨]

(أبو هريره) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) مۆڵەتی دا لە مامەڵەی (عرايا)، لەوەی كەوا لە پێنج وسق (واتە ٧٠٠ كغم) زیاتر نەبێت.

(١٢) دەرد لەبەرووبووم دا

٨٨١ـ عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَوْ بِعْتَ مِنْ أَخِيكَ ثَمَرًا فَأَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ، فَلَا يَحِلُّ لَكَ أَنْ تَأْخُذَ مِنْهُ شَيْئًا. بِمَ تَأْخُذُ مَالَ أَخِيكَ بِغَيْرِ حَقٍّ)).

(جابری كوڕی عبدالله)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر بەروبوومێكت فرۆشت بە براكەت [پێش ئەوەی بچنرێتەوە] دەردێكی تووش ببێت، بۆت ڕەوا نییە هیچی لێوەربگریت. بەچ حەقێك ماڵی براكەت بە ناحەق وەردەگریت؟

(١٣) خاوەن قەرز ئەوەی هەیە دەیبات

٨٨٢ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: أُصِيبَ رَجُلٌ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فِي ثِمَارٍ ابْتَاعَهَا، فَكَثُرَ دَيْنُهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تَصَدَّقُوا عَلَيْهِ)). فَتَصَدَّقَ النَّاسُ عَلَيْهِ فَلَمْ يَبْلُغْ ذَلِكَ وَفَاءَ دَيْنِهِ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِغُرَمَائِهِ: ((خُذُوا مَا وَجَدْتُمْ، وَلَيْسَ لَكُمْ إِلَّا ذَلِكَ)).

(أبو سعيد الخدری)(ﷺ) دەڵێ: كابرایەك بەروبوومێكی كڕیبوو، دەردی تێكەوت و بوو بەژێر قەرزێكی زۆرەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خێری پێبكەن)) خەڵكی خێریان پێكرد، بەڵام نەگەیشتە ئاستی بژاردنی قەرزەكەی، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی بەخاوەن قەرزەكان: ((ئەوەی هەیە وەری بگرن، جگە لەوە مافی شتێكی ترتان نییە)).

(١٤) ئەو كەسەی باخە خورمای بەردار بفرۆشێت

٨٨٣ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنِ ابْتَاعَ نَخْلًا بَعْدَ أَنْ تُؤَبَّرَ فَثَمَرَتُهَا لِلَّذِي بَاعَهَا، إِلَّا أَنْ يَشْتَرِطَ الْمُبْتَاعُ. وَمَنِ ابْتَاعَ عَبْدًا فَمَالُهُ لِلَّذِي بَاعَهُ، إِلَّا أَنْ يَشْتَرِطَ الْمُبْتَاعُ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠٩٠]

(عبدالله ی كوڕی عمر) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەیفەرموو: ((ئەو كەسەی باخە خورمایەك بكڕێت دوای پێوەن كردنی، ئەوە بەروبوومەكەی بۆ ئەو كەسەیە كە فرۆشتویەتی، مەگەر كڕیار بەمەرجی

گرتبێت.. هەرکەسێکیش بەندەیەك بكڕێ ماڵەکەی بۆ ئەو کەسەیە کە فرۆشتویەتی، مەگەر کڕیار بەمەرجی گرتبێت)).

(١٥) مامەڵەی [مخابرة] و [محاقلة]

٨٨٤ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ أَبِي أُنَيْسَةَ قَالَ: حَدَّثَنَا أَبُو الْوَلِيدِ الْمَكِّيُّ، وَهُوَ جَالِسٌ عِنْدَ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْمُحَاقَلَةِ وَالْمُزَابَنَةِ وَالْمُخَابَرَةِ، وَأَنْ تُشْتَرَى النَّخْلُ حَتَّى تُشْقِهَ، وَالْإِشْقَاهُ: أَنْ يَحْمَرَّ أَوْ يَصْفَرَّ أَوْ يُؤْكَلَ مِنْهُ شَيْءٌ، وَالْمُحَاقَلَةُ: أَنْ يُبَاعَ الْحَقْلُ بِكَيْلٍ مِنَ الطَّعَامِ مَعْلُومٍ، وَالْمُزَابَنَةُ: أَنْ يُبَاعَ النَّخْلُ بِأَوْسَاقٍ مِنَ التَّمْرِ، وَالْمُخَابَرَةُ: الثُّلُثُ وَالرُّبُعُ وَأَشْبَاهُ ذَلِكَ. قَالَ زَيْدٌ: قُلْتُ لِعَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ: أَسَمِعْتَ جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ يَذْكُرُ هَذَا عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: نَعَمْ. [بخاري/ المساقاة (الشرب)/ ٢٢٥٢]

(زیدی کوڕی أبی أنیسه) دەڵێ: (أبو ولید المکی) لەکاتێکدا کە لەلای (عطاء)ی کوڕی (أبو رباح) دانیشتبوو لە (جابری کوڕی عبدالله)وە (ﷺ) بۆی گێڕاینەوە: پێغەمبەر (ﷺ) کڕین و فرۆشتنی [محاقلة] و[مزانبة] و [مخابرة]ی قەدەغەکرد. هەروەها ڕێگەی نەداوە خورما بکڕێت هەتا سووربێ یان زەردباو دەبێت، یان لێی دەخورێت.

[محاقلة]: کێڵگە فرۆشتنە بە خۆراکێکی دیاری کراو [مزابنة] فرۆشتنی دارخورمایە بە چەند ویسقێك لە خورمای وشك. [مخابرة] بریتییە لەڕێژەی سێیەك و چواریەك و شتی لەو جۆرە، (زید) دەڵێ: بە [عطاء ی کوڕی رباح]م وت: گوێت لێبوو کە (جابر) بڵێت: ئەم فەرموودەیەم لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) وەرگرتووە؟! وتی: بەڵێ.

(١٦) مامەڵەی [معاومة]

٨٨٥ـ عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ وَسَعِيدِ بْنِ مِينَاءَ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الْمُحَاقَلَةِ، وَالْمُزَابَنَةِ، وَالْمُعَاوَمَةِ، وَالْمُخَابَرَةِ -قَالَ أَحَدُهُمَا: بَيْعُ السِّنِينَ هِيَ الْمُعَاوَمَةُ- وَعَنِ الثُّنْيَا، وَرَخَّصَ فِي الْعَرَايَا.

(أبو زبیر) و (سعید)ی کوڕی (میناء) دەگێڕنەوە لە (جابری کوڕی عبدالله)وە (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کڕین و فرۆشتنی (محاقلة) و (مزابنة)و (معاومة)و (مخابرة)ی قەدەغەکرد -یەکێکیان وتی: (معاومه) مامەڵەیە بۆ چەند ساڵێك هەروەها مامەڵەی [ثُنْیا]ی قەدەغەکردوە [ثنیا: ئەوەیە هەندێ لە

فرۆشـراوەكە جیابكاتـەوە بـێ ئـەوەی دیـاری بكـات]، بـەڵام مۆڵـەتی داوە بـۆ مامەڵەی (عرایا) [پێشتر باس كرا].

٨٨٦- عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ السِّنِينَ. وَفِي رِوَايَةِ ابْنِ أَبِي شَيْبَةَ: عَنْ بَيْعِ الثَّمَرِ سِنِينَ.

(جـابر) (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) رێگـری كـردووە لەمامەڵـە بـۆ چـەند ساڵێك. لە ریوایەتی (ابن أبو شيبة) دا رێگری كردوە لە فرۆشتنی بەروبووم بۆ چەند ساڵێك.

(١٧) قەدەغەكردنی كرِین و فرۆشتنی ئاژەڵی گوان بەستراو

٨٨٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) :أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((مَنِ ابْتَاعَ شَاةً مُصَرَّاةً فَهُوَ فِيهَا بِالْخِيَارِ ثَلَاثَةَ أَيَّامٍ، إِنْ شَاءَ أَمْسَكَهَا، وَإِنْ شَاءَ رَدَّهَا وَرَدَّ مَعَهَا صَاعًا مِنْ تَمْرٍ)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمووی: ((هـەر كەسێك مـەڕێكی گـوان بەسـراو بكڕێـت[1]، تامـاوەی سـێ ڕۆژ سەربەسـتە ئەگـەر ویـستی هـەڵی دەگرێـت ئەگـەر نەیویـست دەیگێڕێتـەوە و مـەنێ خورماشـی لەگـەڵدا دەنێرێتەوە)).

(١٨) شتێك گۆشتی حەرام بێت فرۆشتنیشی حەرامە

٨٨٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: بَلَغَ عُمَرَ أَنَّ سَمُرَةَ (ﷺ) بَاعَ خَمْرًا، فَقَالَ: قَاتَلَ اللَّهُ سَمُرَةَ، أَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَعَنَ اللَّهُ الْيَهُودَ، حُرِّمَتْ عَلَيْهِمُ الشُّحُومُ، فَجَمَلُوهَا فَبَاعُوهَا)). [بخاري/ البيوع/ ٢١١٠]

(ابـن عبـاس) (ﷺ) دەڵـێ: هـەواڵ گەیـشت بـە (عمـر) (ﷺ) كـە (سمـرة)(ﷺ) عەرەقی فرۆشتووە، (عمر)(ﷺ) وتی:خوا(سمره) بكوژێت، ئەی نازانێ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوا! نـەفرەتی كـردووە لـە جولەكە، كاتـێ كـە پیویـان لەسـەر حەرام كرابوو، دەچوون دەیانتوانەوە و دەیانفرۆشت)).

(١٩) حەرامكردنی فرۆشتنی عەرەق

٨٨٩- عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ وَعْلَةَ السَّبَإِيِّ -مِنْ أَهْلِ مِصْرَ- أَنَّهُ سَأَلَ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) عَمَّا يُعْصَرُ مِنَ الْعِنَبِ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: إِنَّ رَجُلًا أَهْدَى لِرَسُولِ

---

[1] گوان بەستنی حەیوان فێڵێكە دەكرێت بۆ ئەوەی وا دەركەوێ كە شیری زۆرە.

اللَّهِ (ﷺ) رَاوِيَةَ خَمْرٍ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((هَلْ عَلِمْتَ أَنَّ اللَّهَ قَدْ حَرَّمَهَا)). قَالَ: لَا. فَسَارَّ إِنْسَانًا، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((بِمَ سَارَرْتَهُ)). فَقَالَ: أَمَرْتُهُ بِبَيْعِهَا، فَقَالَ: ((إِنَّ الَّذِي حَرَّمَ شُرْبَهَا حَرَّمَ بَيْعَهَا)). قَالَ: فَفَتَحَ الْمَزَادَةَ حَتَّى ذَهَبَ مَا فِيهَا.

(عبدالرحمن ی كوڕی وعلة ی سبئی) -خەڵكی میسر- دەڵێ: لەبارەی شەرابی (ترێ)وە پرسیارم لە (ابن عباس) (ﷺ) كرد؟ (ابن عباس)(ﷺ) لەوەڵامدا -جارێكیان كابرایەك شەربەیەك عەرەقی هێنا بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((تۆ دەزانیت كەخوای گەورە عەرەقی حەرامكردوە؟)) كابرا وتی: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئینجا كابرا چپاندی بە گوێی یەكێ لەئامادەبواندا، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((چیت چپاند بە گوێی برادەرەكەتدا؟)) كابرا وتی: پێم وت كە بڕوا بیفرۆشێت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەو زاتەی خواردنەوەكەیی حەرامكردووە فرۆشتنیشی حەرام كردوە)). دەڵێ: شەربە عەرەقەكەی قلْپ كردەوە، تا هەرچی تیابوو ڕژا.

(٢٠) حەرامكردنی مردارەوە بوو و بت وبەراز

٨٩٠ . عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ عَامَ الْفَتْحِ وَهُوَ بِمَكَّةَ: ((إِنَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ حَرَّمَ بَيْعَ الْخَمْرِ وَالْمَيْتَةِ وَالْخِنْزِيرِ وَالْأَصْنَامِ)). فَقِيلَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَرَأَيْتَ شُحُومَ الْمَيْتَةِ فَإِنَّهُ يُطْلَى بِهَا السُّفُنُ وَيُدْهَنُ بِهَا الْجُلُودُ وَيَسْتَصْبِحُ بِهَا النَّاسُ؟ فَقَالَ: ((لَا، هُوَ حَرَامٌ)). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عِنْدَ ذَلِكَ: ((قَاتَلَ اللَّهُ الْيَهُودَ، إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ لَمَّا حَرَّمَ عَلَيْهِمْ شُحُومَهَا أَجْمَلُوهُ، ثُمَّ بَاعُوهُ فَأَكَلُوا ثَمَنَهُ)). [بخاري/ البيوع/ ٢١٢١]

(جابری كوڕی عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا (ﷺ) ساڵی ڕزگاركردنی مەككە، لەناو مەككەدا فەرمووی: ((خوداو پێغەمبەرەكەی مەی و مردارەوەبوو بەراز و بتیان حەرامكردوە)) وترا: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕات چی‌یە لەبارەی پیوی مردارەوە بوو، دیواری كەشتی پێ سواغ دەدرێت و، پێستەی پێ چەور دەكرێت و،خەڵكی بەكاری دێنن بۆ چرا؟ فەرمووی: ((نەخێر ئەوە حەرامە)). پاشان لەوێدا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خوا جولەكەكان بكوژێت، لەكاتێكدا خوای گەورە پیوی مردارەوەبووی لێ حەرام كردبوون، ئەوان دەیانتوانەوە و دەیانفرۆشت وپارەكەیان دەخوارد)).

(٢١) قەدەغەکردنی نرخی سەگ و کرێی ئافرەتی داوێن پیس و فاڵچی

٨٩١ـ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ، وَمَهْرِ الْبَغِيِّ، وَحُلْوَانِ الْكَاهِنِ. [بخاري/ البيوع/ ٢١٢٢]

(أبو مسعود الانصاری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) نرخی سەگ و کرێی ئافرەتی داوێن پیس و کرێی فاڵچی و کتێب گرەوەی قەدەغە کردوە.

(٢٢) قەدەغەکردنی وەرگرتنی نرخی پشیلە

٨٩٢ـ عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ قَالَ: سَأَلْتُ جَابِرًا (ﷺ) عَنْ ثَمَنِ الْكَلْبِ وَالسِّنَّوْرِ، قَالَ: زَجَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ.

(أبو الزبير) (ﷺ) دەڵێ: لەبارەی وەرگرتنی نرخی سەگ و پشیلەوە پرسیارم لە (جابر)کرد (ﷺ) وتی: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردوە لە کرێی ئەو شتانە.

(٢٣) دەستکەوتی کەڵەشاخگر پیسە

٨٩٣ـ عن رَافِعُ بْنُ خَدِيجٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((ثَمَنُ الْكَلْبِ خَبِيثٌ، وَمَهْرُ الْبَغِيِّ خَبِيثٌ، وَكَسْبُ الْحَجَّامِ خَبِيثٌ)).

(رافع ی کوڕی خدیج) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((نرخی سەگ پیسە، کرێی داوێن پیس پیسە، دەستکەوتی کەڵە شاخگر پیسە)).

(٢٤) حەڵاڵکردنی کرێی کەڵە شاخگر

٨٩٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: حَجَمَ النَّبِيَّ (ﷺ) عَبْدٌ لِبَنِي بَيَاضَةَ، فَأَعْطَاهُ النَّبِيُّ (ﷺ) أَجْرَهُ، وَكَلَّمَ سَيِّدَهُ فَخَفَّفَ عَنْهُ مِنْ ضَرِيبَتِهِ، وَلَوْ كَانَ سُحْتًا لَمْ يُعْطِهِ النَّبِيُّ (ﷺ). [بخاري/ البيوع/ ١٩٩٧]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: کۆیلەیەك لە (هۆزی بني بياضة) کەڵەشاخێکی بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گرت، پێغەمبەری خوا (ﷺ) کرێی داپێی، قسەی لەگەڵ گەورەکەشی داکرد و باجەکەی لەسەر کەم کردەوە، خۆ ئەگەر ئەوە حەرامبووایە پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەیدەدا پێی.

٨٩٥ـ عَنْ حُمَيْدٍ قَالَ: سُئِلَ أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ (ﷺ) عَنْ كَسْبِ الْحَجَّامِ، فَقَالَ: احْتَجَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، حَجَمَهُ أَبُو طَيْبَةَ، فَأَمَرَ لَهُ بِصَاعَيْنِ مِنْ طَعَامٍ، وَكَلَّمَ أَهْلَهُ فَوَضَعُوا عَنْهُ مِنْ خَرَاجِهِ، وَقَالَ: ((إِنَّ أَفْضَلَ مَا تَدَاوَيْتُمْ بِهِ الْحِجَامَةُ. أَوْ: هُوَ مِنْ أَمْثَلِ دَوَائِكُمْ)). [بخاري/ البيوع/ ١٩٩٦]

(حميد)دەڵێ: (انس کوڕی مالك) (ﷺ) پرسیاری لێکرا لەبارەی دەستکەوتی کەڵەشاخگرەوە، وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کەڵەشاخی گرتووە (أبو طيبة) کەڵەشاخی بۆ گرت، فەرمانیدا دوومەن خۆراکیان پێدا، قسەی لەگەڵ خاوەنەکەشی کرد باجەکەیان لەسەر سوك کرد، پاشان فەرمووی: ((کەڵەشاخگرتن باشترین دەرمانە خۆتانی پێ چارەسەر بکەن، یان فەرمووی: باشترین داوو دەرمانی ئێوەیە)).

(٢٥) قەدەغەکردنی فرۆشتنی سکی سك

٨٩٦. عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ [أَهْلُ] الْجَاهِلِيَّةِ يَتَبَايَعُونَ لَحْمَ الْجَزُورِ إِلَى حَبَلِ الْحَبَلَةِ: وَحَبَلُ الْحَبَلَةِ أَنْ تُنْتَجَ النَّاقَةُ، ثُمَّ تَحْمِلَ الَّتِي نُتِجَتْ، فَنَهَاهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٣٦]

(ابن عمر (ﷺ) دەڵێ: خەڵکی لەسەردەمی نەفامیدا گۆشتی وشتری سەربڕاویان دەفرۆشت، بۆ ئەوکاتەی ئەو سکە سکی دەبێ [واتە بۆ ئەو کاتەی وشترەکە سکەکەی دادەنێ و سکەکەشی گەورە دەبێ و سکی دەبێ]. پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەی ئەوەی لێکردن.

(٢٦) قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی (ملامسة) و (منابذة)

٨٩٧- عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: نَهَانَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ بَيْعَتَيْنِ وَلِبْسَتَيْنِ، نَهَى عَنِ الْمُلَامَسَةِ وَالْمُنَابَذَةِ فِي الْبَيْعِ، وَالْمُلَامَسَةُ: لَمْسُ الرَّجُلِ ثَوْبَ الْآخَرِ بِيَدِهِ بِاللَّيْلِ أَوْ بِالنَّهَارِ، وَلَا يَقْلِبُهُ إِلَّا بِذَلِكَ. وَالْمُنَابَذَةُ: أَنْ يَنْبِذَ الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ بِثَوْبِهِ، وَيَنْبِذَ الْآخَرُ إِلَيْهِ ثَوْبَهُ، وَيَكُونُ ذَلِكَ بَيْعَهُمَا، مِنْ غَيْرِ نَظَرٍ وَلَا تَرَاضٍ. [بخاري/ اللباس/ ٥٤٨٢]

(أبو سعيدی خدری) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری لێکردین لەدوو جۆر مامەڵە و دوو جۆر پۆشین. کە بریتی بوون لە (ملامسة) و (منابذة).

[ملامسة: ئەوەیە کە کەسێك بەڕۆژ یان بەشەو دەست بدا لە پۆشاکی کەسێکی ترو دەست لێدانەکەی لەجێی کڕین بێت و بۆی نەبێت تەماشای بکات].

[منابذة: ئەوەیە کە دوو کەس هەریەك جلی خۆی فڕی بدا بۆ ئەوی تر، ئەو فڕێدانە لەجێی فرۆشتن بێت وبواری تەماشاکردن و ڕەزامەندی تیا نەبێت].

(٢٧) کڕین و فرۆشتنی گۆترەکاری

٨٩٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ الْحَصَاةِ، وَعَنْ بَيْعِ الْغَرَرِ.

(ابو هريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردووە لە کڕین و فرۆشتنی بەردهاوێژی و گۆترەکاری [بەردهاوێژی (بیع الحصاة) ئەوەیە بەردێك بهاوێژرێ بۆ کۆمەڵە شتێك بڵێی ئەم بەردە کەوتە سەر کامیان ئەوەم پێ بفرۆشی] (غرر)یش ئەوەیە کە چاوپۆشنی تیا نەبێ و مەترسی تێدابێت (واتە گۆترەکاری).

(٢٨) قەدەغەکردنی زەمکاریی بە نیازی فێڵ

٨٩٩- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) نَهَى عَنِ النَّجْشِ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٣٥]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردوە لە زەمکاری بە نیازی فێڵ [ئەویش ئەوەیە کەسێکی تر بێ ئەوەی نیازی کڕینی شمەکێکی هەبێ زەم بکات و نرخی شمەکەکە بەرز بکاتەوە بۆ چەواشەکردنی کڕیار].

(٢٩) مامەڵە بەسەر مامەڵەی برادا

فيه حديث عقبة، وقد تقدم في كتاب النكاح..

لەبەشی نکاح دا لەم بارەیەوە پێشتر باس کراوە.

(٣٠) قەدەغەکردنی بە پیرەوەچوونی شمەك

٩٠٠ -عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَلَقَّوُا الْجَلَبَ، فَمَنْ تَلَقَّاهُ فَاشْتَرَى مِنْهُ فَإِذَا أَتَى سَيِّدُهُ السُّوقَ فَهُوَ بِالْخِيَارِ)).

(ابو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەپیر کاروانی شمەکەوە مەچن، هەر کەسێك چوو بە پیریەوە و شتی لێ کڕی. هەرکات خاوەنەکەی هاتە بازاڕ ئەوا سەربەستە [یانی دەتوانێ پەشیمان بێتەوە].

(٣١) پێویستە شارنشین شت بە لادێ نشین نەفرۆشێت

٩٠١- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ تُتَلَقَّى الرُّكْبَانُ، وَأَنْ يَبِيعَ حَاضِرٌ لِبَادٍ. قَالَ [طاوس]: فَقُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ: مَا قَوْلُهُ حَاضِرٌ لِبَادٍ؟ قَالَ: لَا يَكُنْ لَهُ سِمْسَارًا. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٥٠]

(أبن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری کردوە لە بەدەمەوە چوونی کاروان، هەروەها ڕێگری کردوە لەوەی کە شارنشینێك شت وەك بفرۆشێت بە گوند نشینێك. (طاوس) دەڵێ: بە (ابن عباس)م وت مەبەست چ‌یە لەم ئایەتە؟ وتی: مەبەست ئەوەیە کە خۆی نەکا بە دەلاّل و چاوساغی.

(٣٢) قەدەغەکردنی پاوان کردن (احتکار)

٩٠٢ـ عن مَعْمَرًا (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنِ احْتَكَرَ فَهُوَ خَاطِئٌ)). فَقِيلَ لِسَعِيدٍ [ابن المسيب]: فَإِنَّكَ تَحْتَكِرُ؟ قَالَ سَعِيدٌ: إِنَّ مَعْمَرًا الَّذِي كَانَ يُحَدِّثُ هَذَا الْحَدِيثَ كَانَ يَحْتَكِرُ.

(معمر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: [((هەرکەسێك (احتكار بکات وشمەك بشارێتەوە بە هەڵەداچووە))] بە (سعید ی کوڕی مسیب) وترا: تۆ شمەك دەشاریتەوە؟ (سعید) وتی: (معمر) کە ئەم فەرموودەیە دەگێڕێتەوە شمەکی دەشاردەوە.

[شاردنەوەی خۆراك حەرامە] دەگونجێ (معمر) و(سعید)یش غەیری خۆراکیان شاردبێتەوە.

(٣٣) فرۆشتن بەخواستە

٩٠٣ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِذَا تَبَايَعَ الرَّجُلَانِ فَكُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا بِالْخِيَارِ، مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا وَكَانَا جَمِيعًا، أَوْ يُخَيِّرُ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ، فَإِنْ خَيَّرَ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ فَتَبَايَعَا عَلَى ذَلِكَ فَقَدْ وَجَبَ الْبَيْعُ، وَإِنْ تَفَرَّقَا بَعْدَ أَنْ تَبَايَعَا، وَلَمْ يَتْرُكْ وَاحِدٌ مِنْهُمَا الْبَيْعَ فَقَدْ وَجَبَ الْبَيْعُ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠٠٦]

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر دوو کەس کڕین و فرۆشتنیان کرد، هەردووکیان بۆیان هەیە پەشیمان ببنەوە هەتا جیا دەبنەوە، یان یەکێکیان بەوی تریان بلێ من ڕازیم و تۆیش کەیفی خۆتە، ئەگەر بەرامبەرەکەشی وتی: منیش ڕازیم ئیتر ئەو مامەڵەیە گرێبەندە بووە، ئەگەر دوای ئەو مامەڵە هیچ لایەکیان پەشیمان نەبونەوە، جیا بونەوە ئەوە مامەڵەکە دامەزراوە)).

(٣٤) ڕاستگۆیی لە کڕین و فرۆشتن دا

٩٠٤ . عَنْ حَكِيمِ بْنِ حِزَامٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((الْبَيِّعَانِ بِالْخِيَارِ مَا لَمْ يَتَفَرَّقَا، فَإِنْ صَدَقَا وَبَيَّنَا بُورِكَ لَهُمَا فِي بَيْعِهِمَا، وَإِنْ كَذَبَا وَكَتَمَا مُحِقَ بَرَكَةُ بَيْعِهِمَا)). [بخاري/ البيوع/ ١٩٧٣]

(حكيم) کوڕی (حزام) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((کڕیارو فرۆشیار خواستیان ئازادە، پێش ئەوەی لەیەك جیا ببنەوە، جا ئەگەر لەگەڵ یەکتری‌دا ڕاستگۆبن و لەکە و عەیبەکان بۆیەکتری ڕون بکەنەوە، بەرەکەت دەکەوێتە کڕین و فرۆشتنەکەیان، خۆ ئەگەر درۆیان لەگەڵ یەکتری‌دا کردو لەکەو عەیبەکانیان شاردەوە، ئەوا بەرەکەت لەسەر کڕین و فرۆشتنەکەیان نامێنێت.

(٣٥) کەسێك لەمامەڵەدا فێڵی لێبکرێت

٩٠٥- عن ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) قال: ذَكَرَ رَجُلٌ لِرَسُولِ (ﷺ) أَنَّهُ يُخْدَعُ فِي الْبُيُوعِ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ بَايَعْتَ فَقُلْ: لَا خِلَابَةَ)). فَكَانَ إِذَا بَايَعَ يَقُولُ: لَا خِيَابَةَ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠١١]

(ابن عمر)دەڵێ: پیاوێك لە خزمەت پێغەمبەدا (ﷺ) باسی ئەوەی کرد کە لە مامەڵە و کڕین و فرۆشتندا دەیخەڵەتێنن، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((لەگەڵ هەر کەس مامەڵەت کرد بڵێ: لاخلابة)) واتا بۆت ڕەوانیە بمخەڵەتێنی ئیتر ئەو پیاوە لەوەولا هەرکات مامەڵەی بکردایە لەبری ئەوەی بڵێ (لاخلابة) ئەیووت (لاخیابە) }چونکە زمانی تەواو نەبوو{.

(٣٦) هەرکەس گزی بکات لە من نییە

٩٠٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) مَرَّ عَلَى صُبْرَةِ طَعَامٍ فَأَدْخَلَ يَدَهُ فِيهَا، فَنَالَتْ أَصَابِعُهُ بَلَلًا، فَقَالَ: ((مَا هَذَا يَا صَاحِبَ الطَّعَامِ)). فَقَالَ: أَصَابَتْهُ السَّمَاءُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((أَفَلَا جَعَلْتَهُ فَوْقَ الطَّعَامِ كَيْ يَرَاهُ النَّاسُ؟ مَنْ غَشَّ فَلَيْسَ مِنِّي)).

لە (ابو هريرة)وە دەگێڕنەوە کە: پێغەمبەر (ﷺ) ڕابورد بەلای کۆمەڵێك خواردەمەنیدا دەستی تێ‌خست و پەنجەکانی تەڕبوون، فەرمووی: ((ئەمە چییە ئەی خاوەنی خۆراك)) ئەویش وتی: باران لێی داوە ئەی پێغەمبەری خوا،

فەرمووی: ((ئەی نە ئەبوو تەڕەکەت بخستایەتە سەرەوە تا خەڵکی بیبینێت؟ هەر کەس گزی بکات لە من نییە)).

(٣٧) پارە گۆڕینەوە و فرۆشتنی پارەی زێڕ بە زیو

٩٠٧- عَنْ مَالِك بْنِ أَوْسِ ابْنِ الْحَدَثَانِ أَنَّهُ قَالَ: أَقْبَلْتُ أَقُولُ: مَنْ يَصْطَرِفُ الدَّرَاهِمَ؟ فَقَالَ طَلْحَةُ بْنُ عُبَيْدِ اللَّهِ، وَهُوَ عِنْدَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ، (ﷺ): أَرِنَا ذَهَبَكَ ثُمَّ ائْتِنَا، إِذَا جَاءَ خَادِمُنَا نُعْطِكَ وَرِقَكَ. فَقَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: كَلَّا وَاللَّهِ لَتُعْطِيَنَّهُ وَرِقَهُ أَوْ لَتَرُدَّنَّ إِلَيْهِ ذَهَبَهُ. فَإِنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((الْوَرِقُ بِالذَّهَبِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ، والتمر بالتمر رِبًا إِلَّا هَاءَ وَهَاءَ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠٦٥]

(مالك)ی کوڕی (أوس)ی کوڕی (الحدثان) دەڵێ: ڕۆژێ ڕووم کردە [بازاڕ] و ئەموت: کێ پارە دەگۆڕێتەوە؟ (طلحة)ی کوڕی (عبیدالله) کە لای (عمر)ی کوڕی (الخطاب)بوو (ﷺ) وتی: پارە زێڕەکەتمان پێنیشان بدە و پاشان وەرە بۆلامان هەرکات خزمەت کارەکەمان هاتەوە ئینجا زیوەکەت دەدەینێ. (عمر)ی کوڕی (الخطاب)وتی: ناسوێند بە خوا دەبێ یائێستا زیوەکەی بدەیتێ یا دەبێ زێڕەکەی بۆ بگێڕیتەوە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((گۆڕینەوەی زیو بەزێڕ سووە مەگەر دەست بەدەست [لەیەك كات وشوێندا] و گۆڕینەوەی گەنم بە گەنم سووە مەگەر دەست بە دەست، گۆڕینەوەی جۆ بەجۆ سووە مەگەر دەست بە دەست، گۆڕینەوەی خورما بە خورما سووە مەگەر دەست بە دەست)).

(٣٨) گۆڕینەوەی ئاڵتون و زیوو و خۆراك

٩٠٨- عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ، وَالْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ، وَالْبُرُّ بِالْبُرِّ، وَالشَّعِيرُ بِالشَّعِيرِ، وَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ، وَالْمِلْحُ بِالْمِلْحِ. مِثْلًا بِمِثْلٍ، سَوَاءً بِسَوَاءٍ، يَدًا بِيَدٍ، فَإِذَا اخْتَلَفَتْ هَذِهِ الْأَصْنَافُ فَبِيعُوا كَيْفَ شِئْتُمْ، إِذَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ)).

(عبادة)ی کوڕی (الصامت)دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((زێڕ بە زێڕ و، زیو بە زیوو، گەنم بە گەنم، و جۆ بەجۆ، خورما بە خورما، خوێ بە خوێ. بەئەندازەی یەك بن و یەکسان بن و دەست بە دەست، جا ئەگەر ئەم جۆرانە

جیاواز بوون ئەوا چۆنتان ویست بیفرۆشن، ئەگەر هات و دەست بەدەست بوو)).

(٣٩) ڕێگریی لە فرۆشتنی زێڕ و زیو، بە قەرز

٩٠٩- عَنْ أَبِي الْمِنْهَالِ قَالَ: بَاعَ شَرِيكٌ لِي وَرِقًا بِنَسِيئَةٍ إِلَى الْمَوْسِمِ -أَوْ إِلَى الْحَجِّ- فَجَاءَ إِلَيَّ فَأَخْبَرَنِي، فَقُلْتُ: هَذَا أَمْرٌ لَا يَصْلُحُ، قَالَ: قَدْ بِعْتُهُ فِي السُّوقِ فَلَمْ يُنْكِرْ ذَلِكَ عَلَيَّ أَحَدٌ، فَأَتَيْتُ الْبَرَاءَ بْنَ عَازِبٍ فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ: قَدِمَ النَّبِيُّ (ﷺ) الْمَدِينَةَ وَنَحْنُ نَبِيعُ هَذَا الْبَيْعَ، فَقَالَ: ((مَا كَانَ يَدًا بِيَدٍ فَلَا بَأْسَ بِهِ، وَمَا كَانَ نَسِيئَةً فَهُوَ رِبًا)) وَائْتِ زَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ، فَإِنَّهُ أَعْظَمُ تِجَارَةً مِنِّي. فَأَتَيْتُهُ فَسَأَلْتُهُ، فَقَالَ مِثْلَ ذَلِكَ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٧٢٤]

(ابو منهال) دەڵێ: شەریکێکم هەبوو زیوێکی فرۆشت بە قەرز تا وەرزی حەج لە دوایدا هات بۆلام و ئەمەی بۆ گێڕامەوە منیش وتم: ئەمە کارێکی نەشیاوە، وتی: لەبازاڕ فرۆشتوومە و کەسیش نکوڵی لێنەکردووە منیش هاتم بۆلای (البراء)ی کوڕی (عازب) پرسیارم لێکرد ئەویش وتی: کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) هاتە مەدینە ئێمە ئەم جۆرە سەودایەمان دەکرد فەرمووی: ((ئەوەی دەست بە دەست بێت، قەیناکات بەڵام هەرچی بە دواخستن [قەرز] بێت ئەوە سووە))، بیشچۆ بۆلای زەیدی کوڕی (ارقم) چونکە ئەو بازرگانێکی گەورەترە لە من، منیش چووم بۆلای پرسیارم لێکرد وئەویش هەمان شێوەی پێ وتم.

(٤٠) دینارێ بە دوو دینار و درهەمێك بە دوو درهەم مەفرۆشن

٩١٠- عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((لَا تَبِيعُوا الدِّينَارَ بِالدِّينَارَيْنِ، وَلَا الدِّرْهَمَ بِالدِّرْهَمَيْنِ)).

لە (عثمان)ی کوڕی (عفان)ەوە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دینارێ بە دوو دینار و درهەمێك بە دوو درهەم مەفرۆشن)).

(٤١) فرۆشتنی ملوانکەی تێکەڵ بە زێڕ و مووروو بە زێڕ

٩١١- عن فَضَالَةَ بْنَ عُبَيْدٍ الْأَنْصَارِيَّ (ﷺ) قَالَ: أُتِيَ رَسُولُ (ﷺ) وَهُوَ بِخَيْبَرَ بِقِلَادَةٍ فِيهَا خَرَزٌ وَذَهَبٌ، وَهِيَ مِنَ الْمَغَانِمِ، تُبَاعُ، فَأَمَرَ رَسُولُ (ﷺ) بِالذَّهَبِ الَّذِي فِي الْقِلَادَةِ فَنُزِعَ وَحْدَهُ، ثُمَّ قَالَ لَهُمْ رَسُولُ (ﷺ): ((الذَّهَبُ بِالذَّهَبِ، وَزْنًا بِوَزْنٍ)).

(فضالة)ی کوڕی (عبيد الانصاری) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) لە خەیبەر بوو ملوانکەیەکیان هێنا کە تێکەڵ بوو لە ئاڵتون و مووروو دەستکەوتی جەنگ

بـوو، دەیـان فرۆشـت پێغەمبــەر (ﷺ) فـەرمانی دا، ئاڵتونەکـەی لێجیاکرایـەوە، لەپاشا پێغەمبەر (ﷺ) پێیفەرموو: ((ئاڵتون بە ئاڵتون دەبێت هاوسەنگ بن)).

(٤٢) سوو لەدواخستندایە

٩١٢ـ عن عَطَاءُ بْنُ أَبِي رَبَاحٍ: أَنَّ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ لَقِيَ ابْنَ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) فَقَالَ لَهُ: أَرَأَيْتَ قَوْلَكَ فِي الصَّرْفِ، أَشَيْئًا سَمِعْتَهُ مِنْ رَسُولِ (ﷺ) أَمْ شَيْئًا وَجَدْتَهُ فِي كِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: كَلَّا لَا أَقُولُ، أَمَّا رَسُولُ الله (ﷺ) فَأَنْتُمْ أَعْلَمُ بِهِ، وَأَمَّا كِتَابُ اللَّهِ فَلَا أَعْلَمُهُ، وَلَكِنْ حَدَّثَنِي أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ الله (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا إِنَّمَا الرِّبَا فِي النَّسِيئَةِ)). [بخاري/ البيوع/ ٢٠٦٩]

(عطاء)ی کوڕی (أبو رباح) دەڵێ: (أبو سعيد الخدري)(رضي الله عنه) دەگات بە (ابن عباس)(رضي الله عنه) پێی دەڵێ: ئایا خۆت دەزانی چی دەڵێی لە بارەی پارە گۆڕینـەوە؟ [ئایـا ئـەم فتوایـە کـە دەیـدەیت] شـتێکە لـە پێغەمبـەری خـوات بیـستووە یـا لەقورئاندا بینیوتە؟ (ابن عباس)یش دەڵێ: ناهەرگیز واناڵێم ئەوەی تایبەتە بە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەوە ئێوە زاناترن پێی، ئەوەیش تایبەتە بە قورئان ئەوە من نایزانم بەڵام من (أسامه)ی کوڕی (زید) قسەی بۆ کردووم کە پێغەمبـەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ((ئاگـادارین سـوو لـە دواخـستندایە)) [واتـا دواخـستنی پارەکە یان شتەکە].

٩١٣ـ عَنْ أَبِي نَضْرَةَ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عُمَرَ وَابْنَ عَبَّاسٍ (رضي الله عنهم) عَنِ الصَّرْفِ، فَلَمْ يَرَيَا بِهِ بَأْسًا، فَإِنِّي لَقَاعِدٌ عِنْدَ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ فَسَأَلْتُهُ عَنِ الصَّرْفِ، فَقَالَ مَا زَادَ فَهُوَ رِبًا، فَأَنْكَرْتُ ذَلِكَ لِقَوْلِهِمَا، فَقَالَ: لَا أُحَدِّثُكَ إِلَّا مَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ (ﷺ)، جَاءَهُ صَاحِبُ نَخْلِهِ بِصَاعٍ مِنْ تَمْرٍ طَيِّبٍ، وَكَانَ تَمْرُ النَّبِيِّ (ﷺ) هَذَا اللَّوْنَ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((أَنَّى لَكَ هَذَا)). قَالَ: انْطَلَقْتُ بِصَاعَيْنِ فَاشْتَرَيْتُ بِهِ هَذَا الصَّاعَ، فَإِنَّ سِعْرَ هَذَا فِي السُّوقِ كَذَا وَسِعْرَ هَذَا كَذَا، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): [وَيْلَكَ] أَرْبَيْتَ، إِذَا أَرَدْتَ ذَلِكَ فَبِعْ تَمْرَكَ بِسِلْعَةٍ، ثُمَّ اشْتَرِ بِسِلْعَتِكَ أَيَّ تَمْرٍ شِئْتَ)). قَالَ أَبُو سَعِيدٍ: فَالتَّمْرُ بِالتَّمْرِ أَحَقُّ أَنْ يَكُونَ رِبًا أَمِ الْفِضَّةُ بِالْفِضَّةِ؟ قَالَ: فَأَتَيْتُ ابْنَ عُمَرَ بَعْدُ فَنَهَانِي، وَلَمْ آتِ ابْنَ عَبَّاسٍ. قَالَ: فَحَدَّثَنِي أَبُو الصَّهْبَاءِ أَنَّهُ سَأَلَ ابْنَ عَبَّاسٍ عَنْهُ بِمَكَّةَ، فَكَرِهَهُ.

(أبو نضرة)دەڵێ: پرسیارم لە (ابن عمر) و (ابن عباس) کرد (رضي الله عنهم) دەربارەی پارە گۆڕینەوە بەخراپ نەهاتە پێش چاویان، لە کاتێکیشدا کەلای (أبو سعید

الخدری) (ﷺ) دانیشتبووم پرسیاری پارە گۆڕینەوەم لێکرد. وتی: ئەوەی زیاد بکا سووە، منیش نکوولّیم لەوەکرد لەبەر قسەی (أبن عمر) و (أبن عباس) ئەویش وتی: هیچت بۆ باس ناکەم جگە لەوەی لە پێغەمبەر (ﷺ) م بیستووە، جارێك باخەوانی دار خورماکەی دێتەوە بۆلای بە مەنێ خورمای چاکەوە – خورمای پێغەمبەریش (ﷺ) لەجۆرێکی تر بوو بۆیە فەرمووی: ((ئەمەت لە کوێ بوو)) ئەویش وتی: دوو مەنم بردووە ئەم مەنەم پێکڕیوە، نرخی ئەمەیان لە بازاڕ ئەمەندەیە و نرخی ئەوەیشیان ئەمەندەیە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: (({کۆستت کەوێ{ ناشێ سووکاریت کردبێ؟ ئەگەر کاتێ ویستت ئەوە بکەیت خورماکەت بە شتێك بفرۆشەو، بەو شتە چ خورمایەکت ویست پێی بکڕە)) (أبو سعید)دەڵێ: جا باشە خورما بە خورما لەبەر ترە بەوەی کە سووی تێبکەوێت یا زیو بە زیو؟ دەڵێ: پاشان هاتم بۆلای (ابن عمر) ئەویش ڕێگری لێکردم بەلام نەچووم بۆلای (أبن عباس) دەڵێ: پاشتر (أبو الصهباء) قسەی بۆ کردم کەلە (مەککە) (أبن عباس)ی بینیوە و لەو بارەوە پرسیاری لێکردووە ئەویش حەزی پێنەکردووە.

(٤٣) نەفرین کردن لە سووخۆر و سوودەر

٩١٤ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: لَعَنَ رَسُولُ (ﷺ) آكِلَ الرِّبَا وَمُؤْكِلَهُ وَكَاتِبَهُ وَشَاهِدَيْهِ، وَقَالَ: ((هُمْ سَوَاءٌ)).

(جابر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەفرینی کردوە لە سووخۆر و سوودەر و نوسەرەکەی و هەردوو شایەتەکەشی، فەرموویەتی: ((ئەوانە هەموو وەك یەکن)).

(٤٤) وەرگرتنی حەلاڵی ڕوون و وازهێنان لە شتی گوماناوی

٩١٥ـعَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ –وَأَهْوَى النُّعْمَانُ بِإِصْبَعَيْهِ إِلَى أُذُنَيْهِ–: ((إِنَّ الْحَلَالَ بَيِّنٌ وَإِنَّ الْحَرَامَ بَيِّنٌ وَبَيْنَهُمَا مُشْتَبِهَاتٌ، لَا يَعْلَمُهُنَّ كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ، فَمَنِ اتَّقَى الشُّبُهَاتِ اسْتَبْرَأَ لِدِينِهِ وَعِرْضِهِ، وَمَنْ وَقَعَ فِي الشُّبُهَاتِ وَقَعَ فِي الْحَرَامِ، كَالرَّاعِي يَرْعَى حَوْلَ الْحِمَى يُوشِكُ أَنْ يَرْتَعَ فِيهِ، أَلَا وَإِنَّ لِكُلِّ مَلِكٍ حِمًى، أَلَا وَإِنَّ حِمَى اللَّهِ مَحَارِمُهُ، أَلَا وَإِنَّ فِي الْجَسَدِ مُضْغَةً إِذَا صَلَحَتْ صَلَحَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، وَإِذَا فَسَدَتْ فَسَدَ الْجَسَدُ كُلُّهُ، أَلَا وَهِيَ الْقَلْبُ)). [بخاري/ الإيمان/ ٥٢]

(نعمان)ی کوڕی (بشیر)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو-لەم کاتەدا (نعمان) دەستی برد بۆ هەردوو گوێی- ((بێگومان حەڵاڵ ئاشکرایەو حەرامیش ئاشکرایە و لە نێوانیاندا چەند شتێکی گوماناوی هەن، زۆر لە خەڵکی نایان زانن، هەرکەس خۆی لە گومان بپارێزێ ئەوە خۆی و ئاینەکەی پاراستووە لە تانە و تاوان، هەرکەسیش بکەوێتە ناو شتی گوماناویەوە ئەوە کەوتۆتە ناو شتی حەرامەوە، وەك چۆن شوانێك }ئاژەڵەکانی{ لە دەوروبەری قەدەغەکراوێ دەلەوەڕێنێ دوور نیە تێی بکەوێت، چاك بزانن هەموو پادشایەك قەدەغە کراوێکی }تایبەت بە خۆی{ هەیە، چاك بزانن قەدەغەکراوی خوا هەر ئەو شتانەیە کە حەرامی کردووە، بزانن کەلە لەشدا پارچە گۆشتێك هەیە ئەگەر چاك بێت هەموو لەش چاك دەبێت ئەگەر خراپیش بوو هەموو لەش خراپ دەبێت چاك بزانن ئەو پارچەیەش دڵە))

(٤٥) قەرزدانەوە بە چاکتر لەخۆی

٩١٦ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ لِرَجُلٍ عَلَى رَسُولِ (ﷺ) حَقٌّ، فَأَغْلَظَ لَهُ، فَهَمَّ بِهِ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((إِنَّ لِصَاحِبِ الْحَقِّ مَقَالًا)). فَقَالَ لَهُمْ: ((اشْتَرُوا لَهُ سِنًّا فَأَعْطُوهُ إِيَّاهُ)). فَقَالُوا: إِنَّا لَا نَجِدُ إِلَّا سِنًّا هُوَ خَيْرٌ مِنْ سِنِّهِ، قَالَ: ((فَاشْتَرُوهُ فَأَعْطُوهُ إِيَّاهُ، فَإِنَّ مِنْ خَيْرِكُمْ -أَوْ: خَيْرَكُمْ- أَحْسَنُكُمْ قَضَاءً)). [بخاري/ الوكالة/ ٢١٨٣]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك حەقێکی لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) هەبوو زبر بێژی لە خزمەتدا نواند، هاوەڵەکانی ویستیان تەمێی بکەن، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((خاوەن حەق بەڵگەی بەدەستە)). ئینجا فەرمووی: ((بڕۆن حوشترێکی هاوتەمەنی حوشترەکەی خۆی بۆ بکڕنو پێی بدەنەوە)) وتیان: ئێمە هەر حوشترێکمان لادەست دەکەوێت کەلە حوشترەکەی ئەو باشترە فەرمووی: ((بۆی بکڕن و پێی بدەنەوە چاکترین کەستان ئەوەتانە چاکتر قەرز ببژێرێت)).

(٤٦) ڕێگری لە سوێند خواردن لە مامەڵەدا

٩١٧ـعَنْ أَبِي قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِيَّاكُمْ وَكَثْرَةَ الْحَلِفِ فِي الْبَيْعِ، فَإِنَّهُ يُنَفِّقُ ثُمَّ يَمْحَقُ)).

(أبو قتادة)ی (الانصاري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((نەکەن زۆر سوێند بخۆن لەمامەڵەدا، چونکە سوێن خواردن برەو بەشتەکە دەدات بەڵام فەڕ و بەرەکەتی لێهەڵدەگرێت)).

٩١٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((ثَلَاثٌ لَا يُكَلِّمُهُمُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا يَنْظُرُ إِلَيْهِمْ وَلَا يُزَكِّيهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ: رَجُلٌ عَلَى فَضْلِ مَاءٍ بِالْفَلَاةِ يَمْنَعُهُ مِنِ ابْنِ السَّبِيلِ. وَرَجُلٌ بَايَعَ رَجُلًا بِسِلْعَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ، فَحَلَفَ لَهُ بِاللَّهِ لَأَخَذَهَا بِكَذَا وَكَذَا، فَصَدَّقَهُ وَهُوَ عَلَى غَيْرِ ذَلِكَ. وَرَجُلٌ بَايَعَ إِمَامًا لَا يُبَايِعُهُ إِلَّا لِدُنْيَا، فَإِنْ أَعْطَاهُ مِنْهَا وَفَى، وَإِنْ لَمْ يُعْطِهِ مِنْهَا لَمْ يَفِ)). [بخاري/ المساقاة/ ٢٢٣]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((سێ کەس هەن خوا گفت و گۆیان لەگەڵ ناکات و تەماشایان ناکات و خاوێنیان ناکاتەوە لەگوناهوتاوان و سزایەکی بەسوێیان بۆ هەیە: پیاوێك لەسەر ئاوێك بێت لە دەشتێکدا زیاد بێت لە خۆی کە چی لە ڕێبوارانی قەدەغە بکات، پیاوێکیش شتێك بفرۆشێت بە پیاوێکی تر پاش عەسر سوێندی بۆ بخوات بەخوا کە ئەمەندە و ئەمەندەی پێدراوە ئەویش باوەڕی پێ بکات کەچی ئەمەندەشی پێنەدابێت، پیاوێکیش پەیمان بدات بە پێشەوایەك بەڵام پەیمانەکەی هەر لەبەر بەرژەوەندی دونیایی بێت، ئەگەر بەشی لێبدات پەیمانەکەی بەرێتە سەر، ئەگەر نا نەیباتە سەر)).

(٤٧) فرۆشتنی حوشتر بەدەر لەسواربوون و بار پێهەڵگرتنی

٩١٩- عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: غَزَوْتُ مَعَ رَسُولِ (ﷺ) فَتَلَاحَقَ بِي وَتَحْتِي نَاضِحٌ لِي قَدْ أَعْيَا وَلَا يَكَادُ يَسِيرُ، قَالَ: فَقَالَ لِي: ((مَا لِبَعِيرِكَ)). قَالَ: قُلْتُ: عَلِيلٌ. قَالَ: فَتَخَلَّفَ رَسُولُ (ﷺ) فَزَجَرَهُ وَدَعَا لَهُ، فَمَا زَالَ بَيْنَ يَدَيِ الْإِبِلِ قُدَّامَهَا يَسِيرُ، قَالَ: فَقَالَ لِي: ((كَيْفَ تَرَى بَعِيرَكَ)). قَالَ: قُلْتُ: بِخَيْرٍ، قَدْ أَصَابَتْهُ بَرَكَتُكَ. قَالَ: ((أَفَتَبِيعُنِيهِ)). فَاسْتَحْيَيْتُ، وَلَمْ يَكُنْ لَنَا نَاضِحٌ غَيْرُهُ، قَالَ: فَقُلْتُ: نَعَمْ، فَبِعْتُهُ إِيَّاهُ عَلَى أَنَّ لِي فَقَارَ ظَهْرِهِ حَتَّى أَبْلُغَ الْمَدِينَةَ، قَالَ: فَقُلْتُ لَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي عَرُوسٌ، فَاسْتَأْذَنْتُهُ فَأَذِنَ لِي، فَتَقَدَّمْتُ النَّاسَ إِلَى الْمَدِينَةِ، حَتَّى انْتَهَيْتُ فَلَقِيَنِي خَالِي، فَسَأَلَنِي عَنِ الْبَعِيرِ؟ فَأَخْبَرْتُهُ بِمَا صَنَعْتُ فِيهِ، فَلَامَنِي فِيهِ، قَالَ: وَقَدْ كَانَ رَسُولُ (ﷺ) قَالَ لِي حِينَ اسْتَأْذَنْتُهُ: ((مَا تَزَوَّجْتَ، أَبِكْرًا أَمْ ثَيِّبًا)). فَقُلْتُ لَهُ: تَزَوَّجْتُ ثَيِّبًا، قَالَ: ((أَفَلَا تَزَوَّجْتَ بِكْرًا تُلَاعِبُكَ وَتُلَاعِبُهَا)). فَقُلْتُ لَهُ: يَا

رَسُولَ اللَّه، تُوُفِّيَ وَالِدِي -أَو اسْتُشْهِدَ- وَلِي أَخَوَاتٌ صِغَارٌ، فَكَرِهْتُ أَنْ أَتَزَوَّجَ إِلَيْهِنَّ مِثْلَهُنَّ فَلَا تُؤَدِّبُهُنَّ، وَلَا تَقُومُ عَلَيْهِنَّ، فَتَزَوَّجْتُ ثَيِّبًا لِتَقُومَ عَلَيْهِنَّ وَتُؤَدِّبَهُنَّ. قَالَ: فَلَمَّا قَدِمَ رَسُولُ الله (ﷺ) الْمَدِينَةَ غَدَوْتُ إِلَيْهِ بِالْبَعِيرِ، فَأَعْطَانِي ثَمَنَهُ وَرَدَّهُ عَلَيَّ. [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٠٥]

(جابر)كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) غەزام دەكرد لە ڕێگە پێم گەیشتەوە كە من حوشترێكی ئاوكێشی خۆمم لە ژێر دابوو كە پەكی كەوتبوو بەتەواوەتی نەیدەتوانی بڕوات، دەڵێ: پێی فەرمووم: ((حوشترەكەت چییەتی؟)) وتم: نەخۆشە، پێغەمبەر (ﷺ) لێی دواكەوت و تێی خوڕی‌و دۆعای بۆكرد. تاوای لێهات بەردەوام لە پێش حوشترەكانی ترەوە دەڕۆیشت. پاشان پێی فەرمووم: ((ئێستە حوشترەكەت چۆن دەبینی)) وتم: باشە، فەڕو بەرەكەتی جەنابتی بەركەوت. فەرمووی: ((پێمی دەفرۆشی)) منیش شەرمم كرد جگە لەوە حوشتری لەو جۆرەمان نەبوو، وتم: بەڵێ و پێم فرۆشت بەمەرجێك خۆم سواری بم تا دەگەڕێمەوە مەدینە، دەڵێ: پێم وت ئەی پێغەمبەری خوا من تازە زاوایشم. هەربۆیە داوای مۆڵەتم ل‌ێكرد ئەویش مۆڵەتی‌دام، منیش لەپێش خەڵكی‌یەوە گەڕامەوە بۆ مەدینە، كاتێ هاتمەوە خاڵم پ‌ێگەیشت پرسیاری حوشترەكەی ل‌ێكردم، منیش بۆم باس كرد كە چیم ل‌ێكردووە، ئەویش حەزی نەكرد سەرزەنشتی كردم لەو بارەوە، دەڵێ: لەو كاتەدا كە مۆڵەتم لە پێغەمبەر (ﷺ) وەرگرت پێی فەرمووم: ((چیت هێناوە كچ یا بێوەژن)) منیش وتم: بێوەژن، فەرمووی: ((ئەی بۆ كچێكت نەهێنا گەمەو سوعبەتی لەگەڵ بكەیت و گەمەو سوعبەتت لەگەڵ بكا)). منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا باوكم وەفاتی كرد-یاشەهید بوو- منیش چەند خوشكێكی بچووكم هەیە حەزم نەكرد كەسێكی وەك خۆیانیان بۆ بێنم كە نەتوانێت پەروەردەیان بكات و خزمەتیان بكات، بۆیە بێوەژنم هێناوە تا بتوانێت پەروەردەیان بكات و خزمەتیان بكات. دەڵێ: كاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە بۆ مەدینە سەر لەبەیان بە حوشترەكەوە چوومە خزمەتی ئەویش نرخی حوشترەكەی پێدام و حوشترەكەیشی بۆ گەڕانمەوە.

(٤٨) دەربارەی قەرز داشکاندن

٩٢٠ـعن كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّهُ تَقَاضَى ابْنَ أَبِي حَدْرَدٍ دَيْنًا كَانَ لَهُ عَلَيْهِ فِي عَهْدِ رَسُولِ (ﷺ) فِي الْمَسْجِدِ، فَارْتَفَعَتْ أَصْوَاتُهُمَا حَتَّى سَمِعَهَا رَسُولُ (ﷺ) وَهُوَ فِي بَيْتِهِ، فَخَرَجَ إِلَيْهِمَا رَسُولُ الله (ﷺ) حَتَّى كَشَفَ سِجْفَ حُجْرَتِهِ، وَنَادَى كَعْبَ بْنَ مَالِكٍ فَقَالَ: ((يَا كَعْبُ)). فَقَالَ: لَبَّيْكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَأَشَارَ إِلَيْهِ بِيَدِهِ: أَنْ ضَعِ الشَّطْرَ مِنْ دَيْنِكَ، قَالَ كَعْبٌ: قَدْ فَعَلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((قُمْ فَاقْضِهِ)). [بخاري/ المساجد/ ٤٤٥]

(كعب)ی کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: داوای قەرزێکی خۆم لە (ابن ابی حَدْرَد) کرد لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لە مزگەوتا تا دەنگمان بەرزبوویەوە پێغەمبەر (ﷺ) لەماڵەوە گوێی لێبوو، پێغەمبەریش (ﷺ) دەرچووبەرەولایان پەردەی ژورەکەی لاداو بانگی (كعب)ی کوڕی (مالك)ی کرد و فەرمووی: ((ئەی کعب)) ئەویش وتی: لە خزمەتت دام ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش بەدەستی ئاماژەی کرد کە نیوەی قەرزەکەت داشکێنە. کعب یش وتی: ئەوا دامشکاند ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەریش (ﷺ) بە قەرزدارەکەی فەرموو: ((دە هەستە بیدەرەوە)).

(٤٩) قەرز کوێریی دەوڵەمەند ستەمە

٩٢١ـعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((مَطْلُ الْغَنِيِّ ظُلْمٌ، وَإِذَا أُتْبِعَ أَحَدُكُمْ عَلَى مَلِيءٍ فَلْيَتْبَعْ)). [بخاري/ الحوالات/ ٢١٦٦]

(ابو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((سستی کردنی دەوڵەمەند لە دانەوەی قەرزێك کەلە سەری بێت ستەمە، جا گەر یەکێك لە ئێوە حەواڵەکرا بۆلای دەوڵەمەندێك کە قەرزەکەی بداتەوە با بچێت[1])).

(٥٠) پەلە نەکردن لە قەرزاری هەژار و لێبوردنی

٩٢٢ـ عَنْ حُذَيْفَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): ((أَنَّ رَجُلًا مَاتَ فَدَخَلَ الْجَنَّةَ، فَقِيلَ لَهُ: مَا كُنْتَ تَعْمَلُ؟ -قَالَ: فَإِمَّا ذَكَرَ، وَإِمَّا ذُكِّرَ- فَقَالَ: إِنِّي كُنْتُ أُبَايِعُ النَّاسَ،

---

[1] حەواڵە ئەوەیە کە قەرزێك خاوەن قەرزەکەی خۆی بنێرێت بۆلای قەرزێکی ئەم تا قەرزەکەی لەو وەرگرێتەوە.

فَكُنْتُ أُنْظِرُ الْمُعْسِرَ وَأَتَجَوَّزُ فِي السِّكَّةِ -أَوْ فِي النَّقْدِ- فَغُفِرَ لَهُ)). فَقَالَ أَبُو مَسْعُودٍ: وَأَنَا سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ (ﷺ). [بخاري/ البيوع/ ١٩٧١]

(حذيفة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((پیاوێك دەمرێت و دەچێتە بەهەشت پێی دەوترێت: تۆ کارت چیبوو لە دونیادا؟ دەڵێ: یابیری کەوتەوە- یا بیری خرایەوە- وتی: من شتومەکم بە خەڵکی دەفرۆشت و مۆڵەتی نەدارم دەداو چاوپۆشیم لەکەم وکوڕی نرخ و مافی خۆم دەکرد، بۆیە خوا لێی خۆش بوو)) (أبو مسعود)یش دەڵێ: ئەمەم لە پێغەمبەر (ﷺ) بیستووە.

٩٢٣- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي قَتَادَةَ: أَنَّ أَبَا قَتَادَةَ (ﷺ) طَلَبَ غَرِيمًا لَهُ فَتَوَارَى عَنْهُ ثُمَّ وَجَدَهُ، فَقَالَ: إِنِّي مُعْسِرٌ، فَقَالَ: آللَّهِ؟ قَالَ: آللَّهِ، قَالَ: فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُنْجِيَهُ اللَّهُ مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلْيُنَفِّسْ عَنْ مُعْسِرٍ، أَوْ يَضَعْ عَنْهُ)).

لە(عبدالله)ی کوڕی (أبي قتادة)ەوە دەگێڕنەوە: کە (أبو قتادة) بەشوێن قەرزارێکی خۆیدا دەگەڕا ئەویش خۆی شاردەوە پاشان دۆزیەوە، قەرزارەکە وتی: کەمدەستم، ئەویش وتی: سوێندت ئەدەم بەخوا [ڕاستەکەی]؟ ئەویش وتی: سوێند بەخوا وتی: من لە پێغەمبەری‌خوام (ﷺ) بیستووە کە دەیفەرموو: ((هەرکەس حەزدەکات خوا لە کۆسپ و تەگەرەکانی ڕۆژی قیامەت ڕزگاری بکات باپەلە لەقەرزداری نەدار نەکات، با یالەقەرزەکەی ببورێت یالێی داشکێنێت)).

(٥١) کەسێك ماڵێکی‌خۆی لای کەسێکی نەدار ببینێتەوە

٩٢٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا أَفْلَسَ الرَّجُلُ، فَوَجَدَ الرَّجُلُ مَتَاعَهُ بِعَيْنِهَا فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ)). [بخاري/ الاتقراض/ ٢٢٧٢]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر پیاوێکی نەدار قەرزارکەوت و هیچی نەبوو خاوەن قەرزیش ماڵەکەی خۆی لەلای ئەو وەك خۆی بینیەوە ئەوا ئەو شایستە ترە پێی)).

(٥٢) فرۆشتن و بارمتە

٩٢٥- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) اشْتَرَى مِنْ يَهُودِيٍّ طَعَامًا إِلَى أَجَلٍ، وَرَهَنَهُ دِرْعًا لَهُ مِنْ حَدِيدٍ. [بخاري/ البيوع/ ١٩٦٢]

(عائشة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) خواردنێك لە جولەكەیەك بە قەرز دەكڕێت بۆ ماوەیەك، زرێكەیشی كەلە ئاسن بوو ئەكات بە بارمتەی.

(٥٣) سەلەم لە بەروبومدا

٩٢٦ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) قَالَ: قَدِمَ النَّبِيُّ (ﷺ) الْمَدِينَةَ وَهُمْ يُسْلِفُونَ فِي الثِّمَارِ السَّنَةَ وَالسَّنَتَيْنِ، فَقَالَ: ((مَنْ أَسْلَفَ فِي تَمْرٍ فَلْيُسْلِفْ فِي كَيْلٍ مَعْلُومٍ، وَوَزْنٍ مَعْلُومٍ، إِلَى أَجَلٍ مَعْلُومٍ)). [بخاري/ السلم/ ٢١٢٤]

(أبن عباس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) كەهاتە مەدینە خەڵكی سەلەمیان دەكرد لەبەروبومدا بۆ ساڵێك و بۆ دووساڵ ئەویش فەرمووی: ((هەركەس سەلەمی لە خورمادا كرد باسەلەم بكات لە پێوانەیەكی دیاری و كێشێكی دیاریداو بۆ ماوەیەكی دیاری)).

(٥٤) دەربارەی هەڵگرتنەوە(شوفعە)

٩٢٧ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَضَى رَسُولُ (ﷺ) بِالشُّفْعَةِ فِي كُلِّ شِرْكَةٍ لَمْ تُقْسَمْ، رَبْعَةٍ أَوْ حَائِطٍ، لَا يَحِلُّ لَهُ أَنْ يَبِيعَ حَتَّى يُؤْذِنَ شَرِيكَهُ، فَإِنْ شَاءَ أَخَذَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ، فَإِذَا بَاعَ وَلَمْ يُؤْذِنْهُ فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ. [بخاري/ البيوع/ ٢٠٩٩]

(جابر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) حوكمی بەهەڵگرتنەوە كردووە لە هەر ماڵێكدا كە چەند كەسێك بەشداربن تیایدا و بەشیش نەكرێت، ئیتر ئەو ماڵە خانوو و زەوی بێت یاباخ و باخات ڕەوا نیە بۆی كە بیفرۆشێت هەتا شەریكەكەی مۆڵەتی نەدات، جا ئەگەر ویستی با هەڵیگرێتەوە ئەگەر نەیشی ویست با وازی لێبێنێت، ئەگەر فرۆشتیشی و پرسی پێنەكرد ئەوا ئەو شایستەترە پێی.﴿واتە شەریكەكەی﴾

(٥٥) دارخستنە سەر دیواری دراوسێ

٩٢٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَمْنَعْ أَحَدُكُمْ جَارَهُ أَنْ يَغْرِزَ خَشَبَةً فِي جِدَارِهِ)). قَالَ: ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: مَا لِي أَرَاكُمْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ؟ وَاللَّهِ لَأَرْمِيَنَّ بِهَا بَيْنَ أَكْتَافِكُمْ. [بخاري/ المظالم/ ٢٣٣١]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((با هیچ كەس لە ئێوە بەرهەڵستی دراوسێكەی نەكات لەوەی كە تیرگەیەك بخاتە سەر دیوارەكەی)) پاشان (أبو هريرة)وتی: چیە ئەبینم پێتان ناخۆشە؟ بەخوا ئەگەر حەزی پێنەكەن لە سەرشانیشتان بێت هەردایدەنێم.

(٥٦) هەركەس بستێك زەوی داگیر بكات

٩٢٩ـعن عُرْوَةَ بن الزبير (ﷺ): أَنَّ أَرْوَى بِنْتَ أُوَيْسٍ ادَّعَتْ عَلَى سَعِيدِ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ): أَنَّهُ أَخَذَ شَيْئًا مِنْ أَرْضِهَا، فَخَاصَمَتْهُ إِلَى مَرْوَانَ بْنِ الْحَكَمِ، فَقَالَ سَعِيدٌ: أَنَا كُنْتُ آخُذُ مِنْ أَرْضِهَا شَيْئًا بَعْدَ الَّذِي سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ (ﷺ)؟ قَالَ: وَمَا سَمِعْتَ مِنْ رَسُولِ (ﷺ)؟ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((مَنْ أَخَذَ شِبْرًا مِنَ الْأَرْضِ ظُلْمًا طُوِّقَهُ إِلَى سَبْعِ أَرَضِينَ)). فَقَالَ لَهُ مَرْوَانُ: لَا أَسْأَلُكَ بَيِّنَةً بَعْدَ هَذَا، فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنْ كَانَتْ كَاذِبَةً فَعَمِّ بَصَرَهَا، وَاقْتُلْهَا فِي أَرْضِهَا. قَالَ فَمَا مَاتَتْ حَتَّى ذَهَبَ بَصَرُهَا. ثُمَّ بَيْنَا هِيَ تَمْشِي فِي أَرْضِهَا إِذْ وَقَعَتْ فِي حُفْرَةٍ فَمَاتَتْ. [بخاري/ المظالم/ ٢٣٢٩]

له (عروة)ی كوڕی (الزبیر) دەگێڕنەوە كە (اروی)ی كچی (أویس)لافی ئەوە لێئەدات كە (سعید)ی كوڕی (زید) بەشێكی زەویەكەی داگیركردووە. هەر بۆیە ڕاپێچی دەكات بۆلای (مروان)ی كوڕی (الحكم) (سعید)یش دەڵێ: من چۆن زەوی ئەو داگیردەكەم پاش ئەوەی كە لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە؟ دەڵێ: چیت لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیستووە؟ دەڵێ: لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە كە دەیفەرموو: ((هەركەس بستێك زەوی داگیربكات تا حەوت تەبەقەی زەوییەكە دەكرێتە گەردنی)) (مروان) وتی: لە دوای ئەو فەرموودەیە داوای شایەتت لێناكەم، لە دواییدا (سعید) وتی: خوایە ئەگەر درۆ دەكات چاوی كوێر كەو هەر لەزەویەكەی خۆیدا بیكوژە، ئیتر ئەو ئافرەتە نەمرد تا كوێر بوو، پاشان لە دوای ئەوە ڕۆژێ بە ناو زەویەكەیدا دەڕۆیشت كەوتە چاڵێكەوە و مرد.

(٥٧) كێشەی ڕێگە و بان

٩٣٠ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا اخْتَلَفْتُمْ فِي الطَّرِيقِ جُعِلَ عَرْضُهُ سَبْعَ أَذْرُعٍ)). [بخاري/ المظالم/ ٢٣٤١]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر لەسەر ڕێگەی شەقام ناكۆكیتان تێكەوت ئەوا پانی ڕێگەكە بە حەوت باڵ مەزەندە دەكرێت)).

(٢١) بەشی کشتوکاڵ

(١) ڕێگریی لە بەکرێدانی زەوی

٩٣١- عن جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ كَانَتْ لَهُ أَرْضٌ فَلْيَزْرَعْهَا أَوْ لِيُزْرِعْهَا أَخَاهُ، وَلَا يُكْرِهَا)). [بخاري/ المزارعة/ ٢٢١٤، ٢٢١٥، ٢٢١٨]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((هەرکەس لە ئێوە زەویەکی هەیە با یاخۆی دایچێنێت یا بیدات بە براکەی با ئەو بۆخۆی دایچێنێت، نەیدات بە کرێ)).

(٢) بەکرێدانی زەوی بە خۆراك

٩٣٢- عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ (ﷺ) قَالَ: كُنَّا نُحَاقِلُ الْأَرْضَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ (ﷺ)، فَنُكْرِيهَا بِالثُّلُثِ وَالرُّبُعِ وَالطَّعَامِ الْمُسَمَّى، فَجَاءَنَا ذَاتَ يَوْمٍ رَجُلٌ مِنْ عُمُومَتِي فَقَالَ: نَهَانَا رَسُولُ (ﷺ) عَنْ أَمْرٍ كَانَ لَنَا نَافِعًا، وَطَوَاعِيَةُ اللَّهِ وَرَسُولِهِ (ﷺ) أَنْفَعُ لَنَا، نَهَانَا أَنْ نُحَاقِلَ بِالْأَرْضِ فَنُكْرِيَهَا عَلَى الثُّلُثِ وَالرُّبُعِ وَالطَّعَامِ الْمُسَمَّى، وَأَمَرَ رَبَّ الْأَرْضِ أَنْ يَزْرَعَهَا أَوْ يُزْرِعَهَا، وَكَرِهَ كِرَاءَهَا وَمَا سِوَى ذَلِكَ.

(رافع)ی کوڕی (خدیج) دەڵێ: ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زەویمان دەدا بە سێ یەك و چواریەك و خواردەمەنییەکی دیاری، تا ڕۆژێ لە ڕۆژان پیاوێك لە ئامۆزاکانم هات بۆلامان وتی: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێکردین لە شتێك کە سوودیبۆمان هەبوو، بەڵام گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەر (ﷺ) بە سودترە بۆمان ڕێگری کردین لەوەی کە زەوی بدەین بەسێیەك و چواریەك یا خواردەمەنییەکی دیاری و فەرمانی کردووە بە خاوەن زەوی یا زەویەکەی خۆی دایچێنێت یا بیبەخشێ بە کەسێکی دیکە تاوەکو ئەو بۆ خۆی دایچێنێت، حەزی لەبەکرێدانی زەوی یابە موڵکانەدانی زەوی نەکردووە)).

(٣) بەکرێدانی زەوی بە زێڕو زیو

٩٣٣- عن حَنْظَلَةُ بْنُ قَيْسٍ الْأَنْصَارِيُّ قَالَ: سَأَلْتُ رَافِعَ بْنَ خَدِيجٍ (ﷺ) عَنْ كِرَاءِ الْأَرْضِ بِالذَّهَبِ وَالْوَرِقِ، فَقَالَ: لَا بَأْسَ بِهِ، إِنَّمَا كَانَ النَّاسُ يُؤَاجِرُونَ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) عَلَى الْمَاذِيَانَاتِ وَأَقْبَالِ الْجَدَاوِلِ، وَأَشْيَاءَ مِنَ الزَّرْعِ، فَيَهْلِكُ هَذَا وَيَسْلَمُ هَذَا، وَيَسْلَمُ هَذَا وَيَهْلِكُ هَذَا، فَلَمْ يَكُنْ لِلنَّاسِ كِرَاءٌ إِلَّا هَذَا، فَلِذَلِكَ زُجِرَ عَنْهُ، فَأَمَّا شَيْءٌ مَعْلُومٌ مَضْمُونٌ فَلَا بَأْسَ بِهِ. [بخاري/ المزارعة/ ٢٢١٤، ٢٢١٥، ٢٢١٨]

(حنظلة)ی کوڕی (قیس)ی (الانصاري)دەڵێ: پرسیارم لە (رافع)ی کوڕی (خدیج)کرد سەبارەت بەبەکرێدانی زەوی بە زێڕ و زیو، ئەویش وتی: قەیناکات، خەڵکی لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زەویان بەکرێ ئەدا لەسەر هەندێ کشتوکاڵ، ئیتر جاری واهەبوو ئەمەیان دەفەوتاو ئەوەیان دەهاتەبەر یا ئەمیان دەهاتەبەر و ئەویان دەفەوتا خەڵکیش کرێکەیان تەنها ئەوەبوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لێکرد، بەڵام بەرامبەر بەکرێیەکی دیاری و دابینکراو قەیناکات،

(٤) بەکرێدانی زەوی

٩٣٤- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ السَّائِبِ قَالَ: دَخَلْنَا عَلَى عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَعْقِلٍ فَسَأَلْنَاهُ عَنِ الْمُزَارَعَةِ؟ فَقَالَ: زَعَمَ ثَابِتٌ أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْمُزَارَعَةِ وَأَمَرَ بِالْمُؤَاجَرَةِ، وَقَالَ: ((لَا بَأْسَ بِهَا)).

(عبدالله)ی کوڕی (السائب)دەڵێ: چوین بۆلای (عبدالله)ی کوڕی (معقل) پرسیارمان لێکرد دەربارەی (المزارعە) وتی: (ثابت)وا ئەزانێ کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە (المزارعة)* و فەرمانی کردووە بە بەکرێدان (المؤاجرة) فەرموویەتی: ((خراپ نییە)).

(٥) بەخشینی زەوی

٩٣٥- عَنْ طَاوُسٍ أَنَّهُ كَانَ يُخَابِرُ، قَالَ عَمْرٌو فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ لَوْ تَرَكْتَ هَذِهِ الْمُخَابَرَةَ، فَإِنَّهُمْ يَزْعُمُونَ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) نَهَى عَنِ الْمُخَابَرَةِ، فَقَالَ: أَيْ عَمْرُو، أَخْبَرَنِي أَعْلَمُهُمْ بِذَلِكَ -يَعْنِي ابْنَ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه)- أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) لَمْ يَنْهَ عَنْهَا، إِنَّمَا قَالَ: ((يَمْنَحُ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَأْخُذَ عَلَيْهَا خَرْجًا مَعْلُومًا)).
[بخاري/ المزارعة/ ٢٢٠٤]

لە(طاوس)ەوە دەگێڕنەوە کە مامەڵەی بە (المخابرە)دەکرد [کە بریتیەلەبەکرێدانی زەوی لەسەر هەندێك لەبەروبومەکەی بەڵام تۆوەکە لە جوتیارەوە دەبێت]. (عمر)دەڵێ: منیش پێم وت: ئەی (ابو عبدالرحمن)ئەگەر وازت لەم جۆرە مامەڵیە بهێنایە باشتر نەبوو چونکە خەڵکی وا دەزانن کە

* المزارعة: بریتیە لەبەکرێدانی زەوی لەسەر ڕێژەیەك لەبەروبومەکەی بەمەرجێك تۆوەکە لە خاوەن زەویەوە بێت.

پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگریی لێکردووە. ئەویش وتی: ئەی (عمر) زاناتر لەوان خەبەری پێداوم مەبەستی (أبن عباس)ە کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگریی لێنەکردووە بەڵکو فەرموویەتی: ((ئەگەر یەکێ لە ئێوە ئەو پارچە زەویەی کە هەیەتی ببیەخشێ بە برا موسڵمانەکەی باشترە لەوەی کە کرێیەکی دیاری لەسەر وەرگرێت)).

(٦) ئاودێریی زەوی و زار بەرامبەر بە نیوەی بەرهەمەکەی

٩٣٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: أَعْطَى رَسُولُ (ﷺ) خَيْبَرَ بِشَطْرِ مَا يَخْرُجُ مِنْ ثَمَرٍ أَوْ زَرْعٍ، فَكَانَ يُعْطِي أَزْوَاجَهُ كُلَّ سَنَةٍ مِائَةَ وَسْقٍ، ثَمَانِينَ وَسْقًا مِنْ تَمْرٍ وَعِشْرِينَ وَسْقًا مِنْ شَعِيرٍ، قَالَ: فَلَمَّا وَلِيَ عُمَرُ (رضي الله عنه) قَسَمَ خَيْبَرَ، خَيَّرَ أَزْوَاجَ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنْ يُقْطِعَ لَهُنَّ الْأَرْضَ وَالْمَاءَ، أَوْ يَضْمَنَ لَهُنَّ الْأَوْسَاقَ كُلَّ عَامٍ، فَاخْتَلَفْنَ، فَمِنْهُنَّ مَنِ اخْتَارَ الْأَرْضَ وَالْمَاءَ، وَمِنْهُنَّ مَنِ اخْتَارَ الْأَوْسَاقَ كُلَّ عَامٍ، فَكَانَتْ عَائِشَةُ وَحَفْصَةُ (رضي الله عنهما) مِمَّنِ اخْتَارَتَا الْأَرْضَ وَالْمَاءَ. [بخاري/ المزارعة/ ٢٢٠٣]

(ابن عمر) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) زەوییەکانی خەیبەری دایەوە دەست دانیشتوانی بەرانبەر نیوەی بەرهەمەکەی، لەو بەرهەمەی هەموو ساڵێك صەد (وەسق)ی لێئەدابە خێزانەکانی، هەشتا (وەسق) لە خورما و بیستیش لە جۆ، دەڵێ: کاتێ (عمر) بوویە خەلیفە، خاکی خەیبەری بەش کرد و خێزانەکانی پێغەمبەری (ﷺ) سەرپشك کرد لەوەی کە زەوی و ئاوەکەیان بۆ دابڕێت، یا وەك جاران ساڵانە وەسقەکانیان بۆ مسۆگەر بکات و بیداتەوە پێیان، ئەوانیش جیاواز بوون، هەیانبوو زەوی و ئاوەکەی هەڵگرتەوە، هەشیان بوو ساڵانە وەسقەکانیان هەڵئەگرتەوە، (حفصە) و (عائشە) لەوانە بوون کە زەوی و ئاوەکەیان هەڵبژارد.

(٧) کەسێك درەختێك بڕوێنێت

٩٣٧- عَنْ جَابِرٍ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَغْرِسُ غَرْسًا إِلَّا كَانَ مَا أُكِلَ مِنْهُ لَهُ صَدَقَةً، وَمَا سُرِقَ مِنْهُ لَهُ صَدَقَةٌ، وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ مِنْهُ فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ، وَمَا أَكَلَتِ الطَّيْرُ فَهُوَ لَهُ صَدَقَةٌ، وَلَا يَرْزَؤُهُ أَحَدٌ إِلَّا كَانَ لَهُ صَدَقَةٌ)).

(جابر) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر موسڵمانێك درەختێك بڕوێنێت، ئەوا ئەوەی لێی دەخورێت بۆی دەبێت بە خێر، ئەویشی

لێی بدزرێت هەر بۆی دەبێت بە خێر و ئەوەیشی پەلەوەر و باڵندە لێی بخوات هەر بۆی دەبێت بە خێر و هەرکەسیش لێی ببات هەر بۆی دەبێت بە خێر)).

(٨) فرۆشتنی ئاوی زیادە

٩٣٨ـ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ (ﷺ) عَنْ بَيْعِ فَضْلِ الْمَاءِ.

(جابر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لە فرۆشتنی ئاوی زیادە،

(٩) قەدەغە کردنی ئاوی زیادە و لەوەڕ

٩٣٩ـعن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((لَا تَمْنَعُوا فَضْلَ الْمَاءِ لِتَمْنَعُوا بِهِ الْكَلَأَ)). ٤ببخ المساقاة/ ٢٢٢٦]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((زیادەی ئاو قەدەغە مەکەن تا نەبێتە هۆی قەدەغەکردنی لەوەڕیش)).

(٢٢) بەشی وەسێت و خێر و خێرات و بەخشین

(١) هاندان بۆ وەسیەت کردن سەبارەت بەوشتانەی پێویستن

٩٤٠- [عَنْ سَالِمٍ] عَنْ ابن عمر (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، لَهُ شَيْءٌ يُوصِي فِيهِ، يَبِيتُ ثَلَاثَ لَيَالٍ إِلَّا وَوَصِيَّتُهُ عِنْدَهُ مَكْتُوبَةٌ)). قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ: مَا مَرَّتْ عَلَيَّ لَيْلَةٌ مُنْذُ سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ ذَلِكَ إِلَّا وَعِنْدِي وَصِيَّتِي. [بخاري/ الوصايا/ ٢٥٨٧]

لە(سالم)ەوە ئەویش لە (ابن عمر)ەوە: کە لە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە فەرموویەتی: ((هەق نىیە بە هیچ موسوڵمانێك کە شتێکی هەبێت پێویستی بەوەسێت بێت سێ شەوی بەسەردا تێپەڕێت، مەگەر وەسێتی لای خۆی نووسیبێت)) (ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: لەوکاتەوە ئەمەم بیستووە لە پێغەمبەر (ﷺ) هیچ شەوێکم بەسەردا تێنەپەڕیوە مەگەر وەسێتەکەم لای خۆم دانابێت.

(٢) وەسێت لەسێیەك تێنا پەڕێت

٩٤١- عن سَعْدِ أَبِي وقاص (ﷺ) قَالَ: عَادَنِي رَسُولُ (ﷺ) فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ مِنْ وَجَعٍ أَشْفَيْتُ مِنْهُ عَلَى الْمَوْتِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، بَلَغَنِي مَا تَرَى مِنَ الْوَجَعِ، وَأَنَا ذُو مَالٍ، وَلَا يَرِثُنِي إِلَّا ابْنَةٌ لِي وَاحِدَةٌ، أَفَأَتَصَدَّقُ بِثُلُثَيْ مَالِي؟ قَالَ: ((لَا)). قَالَ: قُلْتُ: أَفَأَتَصَدَّقُ بِشَطْرِهِ؟ قَالَ: ((لَا، الثُّلُثُ وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ، إِنَّكَ أَنْ تَذَرَ وَرَثَتَكَ أَغْنِيَاءَ خَيْرٌ مِنْ أَنْ تَذَرَهُمْ عَالَةً يَتَكَفَّفُونَ النَّاسَ، وَلَسْتَ تُنْفِقُ نَفَقَةً تَبْتَغِي بِهَا وَجْهَ اللَّهِ [تعالى] إِلَّا أُجِرْتَ بِهَا، حَتَّى اللُّقْمَةُ تَجْعَلُهَا فِي فِي امْرَأَتِكَ)). قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُخَلَّفُ بَعْدَ أَصْحَابِي؟ قَالَ: ((إِنَّكَ لَنْ تُخَلَّفَ، فَتَعْمَلَ عَمَلًا تَبْتَغِي بِهِ وَجْهَ اللَّهِ [تعالى] إِلَّا ازْدَدْتَ بِهِ دَرَجَةً وَرِفْعَةً، وَلَعَلَّكَ تُخَلَّفُ حَتَّى يُنْفَعَ بِكَ أَقْوَامٌ وَيُضَرَّ بِكَ آخَرُونَ. اللَّهُمَّ أَمْضِ لِأَصْحَابِي هِجْرَتَهُمْ، وَلَا تَرُدَّهُمْ عَلَى أَعْقَابِهِمْ، لَكِنِ الْبَائِسُ سَعْدُ بْنُ خَوْلَةَ)). قَالَ: رَثَى لَهُ رَسُولُ (ﷺ) مِنْ أَنْ تُوُفِّيَ بِمَكَّةَ. [بخاري/ الجنائز/ ١٢٣٣]

(سعد)ی کوڕی (ابی وقاص) (ﷺ) دەڵێ: لەحەجیماڵئاوایدا نەخۆش کەوتم خەریك بوو بمرم. پێغەمبەر (ﷺ) سەردانی کردم، پێم وت: ئەی پێغەمبەری خوا: خۆت ئەبینی چەندە نەخۆشم، منیش کەسێکی دەوڵەمەندم کەسیش نىیە میراتم لێبگرێت جگەلە تاقە کچێك، ئایا دروستە دوو سێیەکی

ماڵەکەم بکەم بەخێر، فەرمووی: ((نەخێر)) وتم: ئەی نیوەی بکەم بەخێر؟ فەرمووی: ((نەخێر)) سێ یەکی بکە و سێ یەکیشی زۆرە، تۆ ئەگەر پاش خۆت منداڵت بە دەوڵەمەندی بەجێبێڵی باشترە لەوەی بەهەژاری جێیان بێڵی و دەست لە خەڵکی پان بکەنەوە تۆ هیچ خەرجیەك ناکێشیت کە مەبەستت پێی ڕەزامەندی خوا بێت مەگەر خوا پاداشتت ئەداتەوە لەسەری تەنانەت ئەو پاروەش کە ئەیکەیت بە دەمی خێزانەکەتەوە)) دەڵێ: وتم:ئەی پێغەمبەری خوا ئایا هاوەڵانم من لە مەککە بەجێدێڵن؟ فەرمووی: ((ئەگەر تۆ بەجێیش بمێنی و هەر کارێك ئەنجام بدەیت لە بەر ڕەزامەندی خوا ئەواپلەو پایەت بەرز دەبێتەوە، نزیکیشە بەجێبمێنی تاوەکو سودت هەبێت. بۆ خەڵکانێك زیانیشت هەبێ بۆ خەڵکانێکی تر. خوایە کۆچی هاوەڵانم بۆ بەپایان بگەیەنە و بەرەودوا مەیان گەڕێنەوە بەڵام داماو (سعد)ی کوڕی (خولە)ەیە)) دەڵێن پێغەمبەر (ﷺ) دڵی بۆی تەنگ بوو }لاواندیەوە{ چونکە لەمەککە وەفاتی کرد.

٩٤٢- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) قَالَ: لَوْ أَنَّ النَّاسَ غَضُّوا مِنَ الثُّلُثِ إِلَى الرُّبُعِ، فَإِنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((الثُّلُثُ، وَالثُّلُثُ كَثِيرٌ)). [بخاري/ الوصايا/ ٢٥٩٢]

((أبن عباس)(رضي الله عنه) دەڵێ: خۆزگە خەڵکی لەسێیەکەوە دابەزینایە بۆ چواریەك، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((سێیەك و سێیەکیش زۆرە)).

(٣) وەسێتی پێغەمبەر (ﷺ) بە پابەندبوون بە قورئانەوە

٩٤٣- عَنْ طَلْحَةَ بْنِ مُصَرِّفٍ قَالَ: سَأَلْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أَبِي أَوْفَى (رضي الله عنه): هَلْ أَوْصَى رَسُولُ (ﷺ)؟ فَقَالَ: لَا، قُلْتُ: فَلِمَ كُتِبَ عَلَى الْمُسْلِمِينَ الْوَصِيَّةُ، أَوْ: فَلِمَ أُمِرُوا بِالْوَصِيَّةِ؟ قَالَ: أَوْصَى بِكِتَابِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ. [بخاري/ الوصايا/ ٢٥٨٩]

(طلحة)ی کوڕی (مصرف)دەڵێ: پرسیارم لە (عبدالله) ی کوڕی (أبی أوفى)کرد: ئایا پێغەمبەر (ﷺ) وەسێتی کردووە؟ وتی: نەخێر، وتم: ئەی بۆچ وەسێت لەسەر موسڵمانان دانراوە؟ وتی: وەسێتی کردووە بە پابەندبوون بە قورئانەوە.

٩٤٤- عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: مَا تَرَكَ رَسُولُ (ﷺ) دِينَارًا وَلَا دِرْهَمًا، وَلَا شَاةً وَلَا بَعِيرًا، وَلَا أَوْصَى بِشَيْءٍ.

عائـشە (ﷺ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (ﷺ) پـاش خـۆی هیـچی بەجێنەهێـشتووە نـەدینار و نەدرهـەم، نەمـەڕومالات و نەحوشتر، وەسیێتیـشی بـەهیچ شتێکیش نەکردووە.

٩٤٥ـ عَنِ الْأَسْوَدِ بْنِ يَزِيدَ قَالَ: ذَكَرُوا عِنْدَ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ عَلِيًّا (ﷺ) كَانَ وَصِيًّا، فَقَالَتْ: مَتَى أَوْصَى إِلَيْهِ؟ فَقَدْ كُنْتُ مُسْنِدَتَهُ إِلَى صَدْرِي -أَوْ قَالَتْ: حَجْرِي- فَدَعَا بِالطَّسْتِ، فَلَقَدِ انْخَنَثَ فِي حَجْرِي، وَمَا شَعَرْتُ أَنَّهُ مَاتَ، فَمَتَى أَوْصَى إِلَيْهِ؟. [بخري/ الوصايا/ ٢٥٩٠]

(الاسود)ی کوڕی (یزید) دەڵێ: لای (عائشة) باسی ئەوەیان کرد کە (علی) وەسیێتی بۆ کراوە [کە پاش پێغەمبەر (ﷺ) ببێتە جێنشینی ئەو] ئەویش وتـی: ئـەم وەسـێتەی کـەی بـۆ کـراوە؟ مـن خـۆم پێغەمبـەرم (ﷺ) نـابوو بـە سنگمەوە یـاخود وتـی: بەباوەشمـەوە [لـەکاتی وەفاتیـا] کـە داوای تەشتێ ئـاوی کـرد، لەباوەشـی منـداهات بـەلاداو هەسـتم نـەکرد کـە مـردووە، ئیتر ئەوەکـەی ئـەم وەسیەتەی بۆ کرد؟

(٤) ئامۆژگاری پێغەمبەر (ﷺ) بەدەرکردنی موشریکەکان

٩٤٦ـ عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ (ﷺ): يَوْمُ الْخَمِيسِ وَمَا يَوْمُ الْخَمِيسِ، ثُمَّ بَكَى حَتَّى بَلَّ دَمْعُهُ الْحَصَى، فَقُلْتُ: يَا ابْنَ عَبَّاسٍ وَمَا يَوْمُ الْخَمِيسِ؟ قَالَ: اشْتَدَّ بِرَسُولِ (ﷺ) وَجَعُهُ فَقَالَ: ((ائْتُونِي أَكْتُبْ لَكُمْ كِتَابًا لَا تَضِلُّوا بَعْدِي)). فَتَنَازَعُوا، وَمَا يَنْبَغِي عِنْدَ نَبِيٍّ تَنَازُعٌ، وَقَالُوا: مَا شَأْنُهُ أَهَجَرَ؟ اسْتَفْهِمُوهُ، قَالَ: ((دَعُونِي، فَالَّذِي أَنَا فِيهِ خَيْرٌ، أُوصِيكُمْ بِثَلَاثٍ: أَخْرِجُوا الْمُشْرِكِينَ مِنْ جَزِيرَةِ الْعَرَبِ، وَأَجِيزُوا الْوَفْدَ بِنَحْوِ مَا كُنْتُ أُجِيزُهُمْ)). قَالَ: وَسَكَتَ عَنِ الثَّالِثَةِ، أَوْ قَالَهَا فَأُنْسِيتُهَا. [بخاري/ الجهاد/ ٢٨٨٨]

(سـعید)ی کـوڕی (جـبیر) (ﷺ) دەڵـێ: (ابـن عبـاس) (ﷺ) وتـی: ڕۆژی پێـنج شـەممە ئـای چ ڕۆژێك بـوو ئـەو ڕۆژە، پاشـان دای لـە پرمـەی گریـان تـاوەکو بـە فرمێسکی چەوەکەی تەڕکرد، وتم: ئەی (ابن عباس) ڕۆژی پێنج شەممە. وتـی: لـەو ڕۆژەدا پێغەمبـەر (ﷺ) نەخۆشـیەکەی تـاوی سـەند، فـەرمووی: ((بـێن بـا نوسـراوێکتان بـۆ بنوسـم کـەپاش خـۆم سـەرتان لێنەشێوێت)) بـەلام خـەڵکی نـاکۆکی وکێشمەکێشیان تێکـەوت، ناشـبێت لـە خزمـەت هـیچ پێغەمبەرێکدا دەمـەدەمێ بکرێـت. وتیـان: ئـەوە چـییەتی؟ بڵێـی بـەهۆی تاکەیـەوە قـسە

بپرزکێنێ. داوای ڕوون کردنەوەیان لێکرد فەرمووی: ((وازم لێبێنن ئەو وەزعەی منی تێدام باشە. وەسیێتان بۆ دەکەم بەسێ شت: بە دەرکردنی (مشرك)ەکان لە دوورگەی عەرەبی، و داواتان لێدەکەم کە خەڵات و بەراتی نوێنەری هۆزەکان بکەن و ڕێزیان بگرن هەروەك من چۆن وام دەکرد. دەڵێ: لە سێهەم بێدەنگ بوو یا دەڵێت: لەبیرم چوویەوە.

(٥) پەشیمان بوونەوە لە خێر و بەخشین

٩٤٧- عن عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) قَالَ: حَمَلْتُ عَلَى فَرَسٍ عَتِيقٍ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَأَضَاعَهُ صَاحِبُهُ، فَظَنَنْتُ أَنَّهُ بَائِعُهُ بِرُخْصٍ، فَسَأَلْتُ رَسُولَ (ﷺ) عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: ((لَا تَبْتَعْهُ، وَلَا تَعُدْ فِي صَدَقَتِكَ، فَإِنَّ الْعَائِدَ فِي صَدَقَتِهِ كَالْكَلْبِ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ)). [بخاري/ الزكاة/ ١٤١٩]

(عمر)ی کوڕی (الخطاب)(ﷺ) دەڵێ: ئەسپێکی ڕەسەنی چاکم بەخشیبە زەلامێك تالەڕێگەی خوادا بەکاری بهێنێ. کەچی خاوەنەکەی وەکو پێویست گوێی پێنەدا، منیش وام زانی کە تالان فرۆشی کردووە. هەر بۆیە پرسیارم لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد لەو بارەوە ئەویش فەرمووی: ((مەیکڕەوە لە خێرەکەیشت پاشگەز مەبەرەوە چونکە ئەوەی لە خێرێك بگەڕێتەوە کە کردوویەتی وەك سەگ وایە بگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی.

٩٤٨- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((العائد فِي هبته كالْكَلْبِ يَقِيءُ ثُمَّ يَعُودُ فِي قَيْئِهِ)).

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەوەی لەبەخشین پەشیمان بێتەوە وەك سەگ وایە بڕشێتەوە و پاشان بگەڕێتەوە سەر ڕشانەوەکەی)).

(٦) کەسێ هەندێ لە منداڵەکانی خەڵات بکات بەدەر لەوانی تر

٩٤٩- عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: تَصَدَّقَ عَلَيَّ أَبِي بِبَعْضِ مَالِهِ، فَقَالَتْ أُمِّي عَمْرَةُ بِنْتُ رَوَاحَةَ، لَا أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ (ﷺ). فَانْطَلَقَ أَبِي إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) لِيُشْهِدَهُ عَلَى صَدَقَتِي، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ (ﷺ): ((أَفَعَلْتَ هَذَا بِوَلَدِكَ كُلِّهِمْ)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((اتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا فِي أَوْلَادِكُمْ)). فَرَجَعَ أَبِي فَرَدَّ تِلْكَ الصَّدَقَةَ. [بخاري/ الهبة/ ٢٤٤٧]

(النعمان)ی کوڕی (بشیر)(ﷺ) وتوویەتی: ((باوکم هەندێ لە ماڵەکەیی پێ خەڵات کردم، بەڵام دایکم (عمرة)ی کچی (رواحە) وتی: ڕازی نابم هەتا پێغەمبەر (ﷺ) نەزانێ، باوکم لەگەڵ خۆی بردمی بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ئەوەی بیکات بە شایەت لەسەر ئەو خەڵاتەی پێشکەشمی کردووە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((ئایا ئەمەت لەگەڵ هەموو منداڵەکانی ترت کردووە؟ ئەویش وتی: نەخێر، ئەویش فەرمووی: ((لە خوا بترسن و دادگەربن لە نێو منداڵەکانتانا)). ئیتر باوکم گەڕایەوە و لەو خەڵاتە پاشگەز بوویەوە.

٩٥٠- عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: انْطَلَقَ بِي أَبِي يَحْمِلُنِي إِلَى رَسُولِ (ﷺ)، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اشْهَدْ أَنِّي قَدْ نَحَلْتُ النُّعْمَانَ كَذَا وَكَذَا مِنْ مَالِي. فَقَالَ: ((أَكُلَّ بَنِيكَ قَدْ نَحَلْتَ مِثْلَ مَا نَحَلْتَ النُّعْمَانَ)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((فَأَشْهِدْ عَلَى هَذَا غَيْرِي)). ثُمَّ قَالَ: ((أَيَسُرُّكَ أَنْ يَكُونُوا إِلَيْكَ فِي الْبِرِّ سَوَاءً)). قَالَ: بَلَى، قَالَ: ((فَلَا إِذًا)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٤٧]

(النعمان)ی کوڕی (بشیر)(ﷺ) دەڵێ: باوکم لەگەڵ خۆی هەڵی گرتم و بردمی بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەشایەت بە کەمن ئەوە و ئەوەم لەماڵی خۆم خەڵات کردووە بە (النعمان) ئەویش فەرمووی: ((ئایا ئەوەی خەڵاتت کردووە بە (النعمان) بە هەموو کوڕەکانی ترت داوە؟)). وتی: نەخێر، فەرمووی: ((دەبڕۆ کەسێکی دیکە جگە لە من بکە بەشایەت)). پاشان فەرمووی: ((ئەی تۆ پێت خۆش نییە لە چاکە کردن لەگەڵتا هەموو وەك یەك بن)) وتی: بەڵێ فەرمووی: ((کەوابوو نا)).

(٧) کەسێك ماڵێك بدات بە کەسێك تا لەژیاندا بێت

٩٥١- عن جَابِرَ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ الْأَنْصَارِيَّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((أَيُّمَا رَجُلٍ أَعْمَرَ رَجُلًا عُمْرَى لَهُ وَلِعَقِبِهِ، فَقَالَ: قَدْ أَعْطَيْتُكَهَا وَعَقِبَكَ مَا بَقِيَ مِنْكُمْ أَحَدٌ، فَإِنَّهَا لِمَنْ أُعْطِيَهَا وعَقِبِهِ، وَإِنَّهَا لَا تَرْجِعُ إِلَى صَاحِبِهَا، مِنْ أَجْلِ أَنَّهُ أَعْطَى عَطَاءً وَقَعَتْ فِيهِ الْمَوَارِيثُ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٨٢، ٢٤٨٣]

لە(جابر)ەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر پیاوێك ماڵێك بدات بە پیاوێکی دیکە بۆخۆی و نەوەکانی بۆ ماوەی هەموو تەمەنی پێی بڵێ: ئەوا ئەو ماڵە م بەخشی بەخۆت و نەوەکانت تاوەکو یەك کەستان لەژیاندا مابێت. ئەوا ئەو ماڵە دەبێتە موڵکی ئەو کەسە و نەوەکانی، و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ

خاوەنی، چونکە ئەو کەسە خەلاّتێکی پێ خەلاّت کردوون کە تازە بەشی میرات گرانی تێکەوتووە)).

٩٥٢ـ عَنْ جَابِرٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((أَمْسِكُوا عَلَيْكُمْ أَمْوَالَكُمْ وَلَا تُفْسِدُوهَا، فَإِنَّهُ مَنْ أَعْمَرَ عُمْرَى فَهِيَ لِلَّذِي أُعْمِرَهَا حَيًّا وَمَيِّتًا وَلِعَقِبِهِ)). [بخاري/ الهبة/ ٢٤٨٢، ٢٤٨٣]

(جابر)ی کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((دەست بەماڵ و سامانی خۆتانەوە بگرن و لەناوی مەدەن، چونکە هەرکەسێك ماڵێك ببەخشێت بە کەسێك بۆ ماوەی هەموو تەمەنی ئەوا ئەو ماڵە دەبێتە موڵکی ئەو کەسەی کە پێی داوە بە زیندوویی و بەمردوویی وە بۆ نەوەکانیشی)).

(٢٣) بەشی میرات

(١) موسڵمان میرات لە كافر نابات و كافریش لە موسڵمان

٩٥٣ عَنْ أُسَامَةَ بْنِ زَيْدٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَرِثُ الْمُسْلِمُ الْكَافِرَ، وَلَا يَرِثُ الْكَافِرُ الْمُسْلِمَ)). [بخاري/ الفرائض/ ٦٣٨٣]

لە (أسامة)ی كوڕی (زيد)(ﷺ) وە: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((نە موسڵمان میرات لە كافر دەبات نەكافریش لە موسڵمان)).

(٢) میرات بدەن بە شایستەو خاوەنەكانی

٩٥٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((أَلْحِقُوا الْفَرَائِضَ بِأَهْلِهَا، فَمَا تَرَكَتِ الْفَرَائِضُ فَلِأَوْلَى رَجُلٍ ذَكَرٍ)). [بخاري/ الفرائض/ ٦٣٥١]

(ابن عباس) (ﷺ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی: (میرات بدەن بە شایستەو خاوەنەكانی ، ئەوەی بەجێدەمێنێت بۆ یەكەم پیاوی نێرینەیە)).

(٣) میراتی (كلاله)

٩٥٥ـ عَنْ جَابِرِ بْنَ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: دَخَلَ عَلَيَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَأَنَا مَرِيضٌ لَا أَعْقِلُ، فَتَوَضَّأَ، فَصَبُّوا عَلَيَّ مِنْ وَضُوئِهِ فَعَقَلْتُ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّمَا يَرِثُنِي كَلَالَةٌ، فَنَزَلَتْ آيَةُ الْمِيرَاثِ، فَقُلْتُ لِمُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ: ﴿يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ﴾ [النساء: ١٧٦]؟ قَالَ: هَكَذَا أُنْزِلَتْ. [بخاري/ الوضوء/ ١٩١]

(جابر)ی كوڕی (عبدالله) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانم كە من نەخۆش بووم هۆشم نەبوو، دەست نوێژی گرت لە ئاوی دەست نوێژەكەیان پرژاند بەسەرما منیش هۆشم كردەوە. وتم: ئەی پێغەمبەری خوا من میراتگرانم (كلاله)ن }واتا:كور و باوك { ئیتر ئایەتی میرات هاتە خوارەوە، بە (محمد)ی كوڕی (المنكدر)م وت: ﴿يستفتونك قل الله يفتيكم في الكلالة﴾ النساء: ١٧٦. وتی: هەروا دابەزیوە.

٩٥٦ـ عَنْ مَعْدَانَ بْنِ أَبِي طَلْحَةَ: أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) خَطَبَ يَوْمَ جُمُعَةٍ، فَذَكَرَ نَبِيَّ (ﷺ) وَذَكَرَ أَبَا بَكْرٍ، ثُمَّ قَالَ: إِنِّي لَا أَدَعُ بَعْدِي شَيْئًا أَهَمَّ عِنْدِي مِنَ الْكَلَالَةِ، مَا رَاجَعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) فِي شَيْءٍ مَا رَاجَعْتُهُ فِي الْكَلَالَةِ، وَمَا أَغْلَظَ لِي فِي شَيْءٍ مَا أَغْلَظَ لِي فِيهِ، حَتَّى طَعَنَ بِإِصْبَعِهِ فِي صَدْرِي، وَقَالَ: ((يَا عُمَرُ، أَلَا

تَكْفِيكَ آيَةُ الصَّيْفِ الَّتِي فِي آخِرِ [سُورَةِ] النِّسَاءِ)). وَإِنِّي إِنْ أَعِشْ أَقْضِ فِيهَا بِقَضِيَّةٍ يَقْضِي بِهَا مَنْ يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَمَنْ لَا يَقْرَأُ الْقُرْآنَ.

لە(معدان)ی کوڕی (أبي طلحة)وە: کە (عمر)ی کوڕی (الخطاب)لە ڕۆژی جومعەدا وتاریداو باسی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبو بەکری کرد، پاشان وتی: من هیچ شتێك پاش خۆم بەجێناهێڵم گرنگتربێت لە لام لە (کلالە) هیچ کاتێك مشت ومڕم لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نەکردووە ئەمەندەی کە لە (کلالە)ەدا کردوومە، هیچ کاتێك ئەویش لەگەڵم توندوتیژ نەبووە ئەوەندەی لەوەدا توندوتیژبووە، تاوەکوو جارێکیان پەنجەی کوتایە سنگم و و فەرمووی: ((ئەی عومەر ئەرێ ئایەتە هاوینەکەت بەس نیيە کە لە کۆتایی سورەتی (النساء)دایە [بۆیە پێی ئەوترێت ئایەتی هاوینە چونکە لە هاویندا هاتۆتە خوارەوە]. من ئەگەر عومر باقی بێ بڕیارێکی ئەو تۆی لەبارەوە ئەدەم کە کەسێك قورئان خوێن بێت و کەسێکیش قورئان خوێن نەبێت پەیڕەوی بکات.

(٤) دواهەمین ئایەتێك دابەزیوە ئایەتی (الكلالە)ەیە

٩٥٧- عَنِ الْبَرَاءِ (ﷺ): أَنَّ آخِرَ سُورَةٍ أُنْزِلَتْ تَامَّةً سُورَةُ التَّوْبَةِ، وَأَنَّ آخِرَ آيَةٍ أُنْزِلَتْ آيَةُ الْكَلَالَةِ. بخ المغازي/ ٤١٠٥]

لە (البراء)ی کوڕی (عازب)ەوە دەگێڕنەوە: کە دواهەمین سورەت کە بەتەواوەتی دابەزیووە سورەتی (التوبة)ەیە، وە دواهەمین ئایەتیش کە دابەزیووە ئایەتی (الکلالە)ەیە.

(٥) هەر کەس ماڵ و داراییەکی جێهێشت بۆ میرات گرەکانێتی

٩٥٨. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) كَانَ يُؤْتَى بِالرَّجُلِ الْمَيِّتِ عَلَيْهِ الدَّيْنُ، فَيَسْأَلُ: ((هَلْ تَرَكَ لِدَيْنِهِ مِنْ قَضَاءٍ)). فَإِنْ حُدِّثَ أَنَّهُ تَرَكَ وَفَاءً صَلَّى عَلَيْهِ، وَإِلَّا قَالَ: ((صَلُّوا عَلَى صَاحِبِكُمْ)). فَلَمَّا فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ الْفُتُوحَ قَالَ: ((أَنَا أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ، فَمَنْ تُوُفِّيَ وَعَلَيْهِ دَيْنٌ فَعَلَيَّ قَضَاؤُهُ، وَمَنْ تَرَكَ مَالًا فَهُوَ لِوَرَثَتِهِ)). [بخاري/ الكفالة/ ٢١٧٦]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پیاوی مردوویان دەهێنایە خزمەتی کە قەرزی لەسەربووایە پرسیاری دەکرد ((ئایا بەشی قەرزەکەیی جێهێشتووە)) ئەگەر پێیان بوتایە بەشی دانەوەی قەرزەکەی جێهێشتووە نوێژی لەسەر دەکرد، ئەگەر نا دەیفەرموو: ((نوێژ لەسەر هاوەڵەکەتان بکەن)). هەتا کاتێ خوا دەرووی خێری لێکردەوە. فەرمووی: ((من لە پێشترم بۆ موسڵمانان لە خۆیان هەر کەسێك مردوو قەرزی لەسەربوو ئەوە دانەوەی لەسەر منە، هەرکەسیش ماڵ و سامانێکی جێهێشت ئەوە بۆ میراتگرەکانی دەبێت)).

(٢٤) بەشی وەقف

(١) وەقف بۆ بنەڕەتی شتەکەیە و بەروبوومەکەی خێرە

٩٥٩- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رضي الله عنه) قَالَ: أَصَابَ عُمَرُ (رضي الله عنه) أَرْضًا بِخَيْبَرَ، فَأَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) يَسْتَأْمِرُهُ فِيهَا، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي أَصَبْتُ أَرْضًا بِخَيْبَرَ، لَمْ أُصِبْ مَالًا قَطُّ هُوَ أَنْفَسُ عِنْدِي مِنْهُ، فَمَا تَأْمُرُنِي بِهِ؟ قَالَ: ((إِنْ شِئْتَ حَبَسْتَ أَصْلَهَا، وَتَصَدَّقْتَ بِهَا)). [قَالَ]: فَتَصَدَّقَ بِهَا عُمَرُ: أَنَّهُ لَا يُبَاعُ أَصْلُهَا وَلَا يُبْتَاعُ، وَلَا يُورَثُ وَلَا يُوهَبُ. قَالَ: فَتَصَدَّقَ عُمَرُ فِي الْفُقَرَاءِ، وَفِي الْقُرْبَى، وَفِي الرِّقَابِ، وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ، وَابْنِ السَّبِيلِ، وَالضَّيْفِ، لَا جُنَاحَ عَلَى مَنْ وَلِيَهَا أَنْ يَأْكُلَ مِنْهَا بِالْمَعْرُوفِ، أَوْ يُطْعِمَ صَدِيقًا، غَيْرَ مُتَمَوِّلٍ فِيهِ. [بخاري/ الشروط/ ٢٥٨٦]

(ابن عمر) دەڵێ: (عمر) (رضي الله عنه) پارچە زەویەکی لە (خەیبەر) دەست کەوت و هات بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پرسی پێکرد دەربارەی و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) من پارچە زەویەکم لە (خەیبەر) دەست کەوتووە، هەرگیزماڵی ئاوا بە نرخم دەست نەکەوتووە، فەرمانت بەچییە؟ فەرمووی: ((ئەگەر ئەتەوێت ئەسڵەکەی گل دەرەوە و بیکە بەخێر (وقف) (عمر)یش کردی بەخێر بە مەرجێك خودی زەوییەکە نەفرۆشرێت و نەکڕدرێت و بە میرات نەبرێت و نەبەخشرێت دەڵێ: ئیتر عومەر کردی بەخێر بۆ هەژاران و خزمان و کۆیلەکان و لە ڕێگەی خوا و ڕێبواران و میواندا. بەو شێوەی کە گوناه و تاوان نەبێت لەسەر هەر کەسێك کە سەرپەرشتی بکات بە گوێرەی توانا لێی بخوات و بەشی دۆست و برادەریشی لێبدات بەمەرجێ لێی قایم نەکات.

(٢) مرۆڤ پاش مردنی چی پێدەگات

٩٦٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ: إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)).

(ابو هريرة) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((کاتێ کەسێك مرد دەست بەرداری هەموو کردارێك دەبێت، جگە لە سێ شت: خێرێکی نەبڕاوە و بەردەوام، یا زانستێك کە سوودی لێببینرێت، یا منداڵێکی باشی هەبێت نزای خێری بۆ بکات)).

(٣) خێر کردن بۆ کەسێك بمرێت و وەسێتی نەکردبێت

لەم بارەوە فەرمودەی (عائشة) هەیە کەلە باسی زەکاتا ڕابورد.

(٢٥) بەشی نەزر کردن

(١) باسی وەفاکردن بەنەزر

٩٦١- عن ابْنَ عُمَرَ (رضي الله عنه): أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) سَأَلَ رَسُولَ (ﷺ) وَهُوَ بِالْجِعْرَانَةِ بَعْدَ أَنْ رَجَعَ مِنَ الطَّائِفِ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنِّي نَذَرْتُ فِي الْجَاهِلِيَّةِ أَنْ أَعْتَكِفَ يَوْمًا فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ، فَكَيْفَ تَرَى؟ قَالَ: ((اذْهَبْ فَاعْتَكِفْ يَوْمًا)). قَالَ: وَكَانَ رَسُولُ (ﷺ) قَدْ أَعْطَاهُ جَارِيَةً مِنَ الْخُمْسِ، فَلَمَّا أَعْتَقَ رَسُولُ (ﷺ) سَبَايَا النَّاسِ سَمِعَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه) أَصْوَاتَهُمْ يَقُولُونَ: أَعْتَقَنَا رَسُولُ (ﷺ) فَقَالَ: مَا هَذَا؟ فَقَالُوا: أَعْتَقَ رَسُولُ (ﷺ) سَبَايَا النَّاسِ. فَقَالَ عُمَرُ: يَا عَبْدَ اللَّهِ، اذْهَبْ إِلَى تِلْكَ الْجَارِيَةِ فَخَلِّ سَبِيلَهَا. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٧٥]

(ابن عمر) (رضي الله عنه) دەڵێ: (عمر)ی کوڕی (الخطاب) پرسیاری لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردووە لە کاتێکدا لە (طائف) گەڕایەوە و گەیشتبووە (الجعرانة) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من لەسەردەمی نەفامیدا نەزرم کردووە کە ڕۆژێك خەڵوەت بکێشم لە کەعبەدا بەلاتەوە چۆنە؟ فەرمووی: ((بڕۆ ڕۆژێك تیایدا بمێنەرەوە))، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) کەنیزەکێکی لە پێنج یەکی }دەستکەوتی جەنگ{ پێدابوو، ئەوە بوو کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) ژن و منداڵی بەدیل گیراوی خەڵکی ئازاد کرد (عمر)ی کوڕی (الخطاب)گوێی لە دەنگیان بوو کە ئەیان وت: پێغەمبەر (ﷺ) ئازادی کردین. ئەویش وتی: ئەمە چیە؟ ئەوانیش وتیان: پێغەمبەر (ﷺ) ژن و منداڵی دیل کراوی خەڵکی ئازاد کردو (عمر)یش وتی: ئەی (عبدالله) بڕۆ بۆ لای ئەو کەنیزەکە و ئازادی بکە.

(٢) قەزاکردنەوەی نەزر

٩٦٢- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) أَنَّهُ قَالَ: اسْتَفْتَى سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ رَسُولَ (ﷺ) فِي نَذْرٍ كَانَ عَلَى أُمِّهِ، تُوُفِّيَتْ قَبْلَ أَنْ تَقْضِيَهُ، قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((فَاقْضِهِ عَنْهَا)). [بخاري/ الوصايا/ ٢٦١٠]

(ابن عباس) (رضي الله عنه) دەڵێ: (سعد) ی کوڕی (عبادة)پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد سەبارەت بە نەزرێك کە لەسەر دایکی بووە و مردووە پێش ئەوەی بەجێی بێنێ، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((دەتۆ بۆی بەجێبهێنە)).

(٣) کەسێك نەزر بكات كە بە پێ بچێت بۆ (كعبە)

٩٦٣- عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) قَالَ: نَذَرَتْ أُخْتِي أَنْ تَمْشِيَ إِلَى بَيْتِ اللَّهِ حَافِيَةً، فَأَمَرَتْنِي أَنْ أَسْتَفْتِيَ لَهَا رَسُولَ (ﷺ)، فَاسْتَفْتَيْتُهُ فَقَالَ: ((لِتَمْشِ وَلْتَرْكَبْ)). [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٦٦، ١٧٦٧]

(عقبة)ی کوڕی (عامر) (ﷺ) دەڵێ: خوشکەزاکەم نەزری کرد بوو کە ئەبێت بەپێخاوسی بچێت بۆ کەعبە داوای لێکردم کە پرسیاری لە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ بکەم لەوبارەیەوە. منیش پرسیارم بۆ کرد ئەویش فەرمووی: ((با بڕوات بەپێ و بەسواریش)).

٩٦٤- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) رَأَى شَيْخًا يُهَادَى بَيْنَ ابْنَيْهِ، فَقَالَ: ((مَا بَالُ هَذَا)). قَالُوا: نَذَرَ أَنْ يَمْشِيَ، قَالَ: ((إِنَّ اللَّهَ (ﷻ) عَنْ تَعْذِيبِ هَذَا نَفْسَهُ لَغَنِيٌّ)). وَأَمَرَهُ أَنْ يَرْكَبَ. [بخاري/ الإحصار و جزاء الصيد/ ١٧٦٦، ١٧٦٧]

(أنس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پیرەمێردێکی بینی کە خۆی دابوو بەسەر شانی دوو کوڕیدا لە نێوانیاندا دەڕۆیی، فەرمووی: ((ئەمە چییە؟)) وتیان نەزری کردووە کە بەم شێوە بڕوات }بۆ کەعبە{ ئەویش فەرمووی: ((خوای بالأدەست پێویستی بەوەنیە ئەمە سزای خۆی بدات)) ئینجا فەرمانی پێکرد سوار بێت.

(٤) ڕێگری کردن لە نەزر

٩٦٥- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّهُ نَهَى عَنِ النَّذْرِ وَقَالَ: ((إِنَّهُ لَا يَأْتِي بِخَيْرٍ، وَإِنَّمَا يُسْتَخْرَجُ بِهِ مِنَ الْبَخِيلِ)). [بخاري/ القدر/ ٦٢٣٤، ٦٢٣٥]

لە(ابن عمر)ەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری لە نەزر کردن کردووە و فەرموویەتی: ((نەزر کردن هیچ خێرێك ناداتەوە، تەنها ئەوەندە هەیە بەهۆیەوە هەندێ شت لە چرووك دەسێنرێت.

٩٦٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((إِنَّ النَّذْرَ لَا يُقَرِّبُ مِنِ ابْنِ آدَمَ شَيْئًا لَمْ يَكُنِ اللَّهُ قَدَّرَهُ لَهُ، وَلَكِنِ النَّذْرُ يُوَافِقُ الْقَدَرَ، فَيُخْرَجُ بِذَلِكَ مِنَ الْبَخِيلِ مَا لَمْ يَكُنِ الْبَخِيلُ يُرِيدُ أَنْ يُخْرِجَ)). [بخاري/ القدر/ ٦٢٣٤، ٦٢٣٥]

لە (أبو هريرە)وە ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرمووی: ((دڵنیابن کە نەزر کردن هیچ شتێك لەئادەمی نزیك ناخاتەوە کە خوا بۆی بڕیار نەدابێت،

بەڵام }هەندێ جار{ نەزر هاوكات دەبێت لەگەڵ قەدەر و بڕیاری خوادا، ئیتر بەوشێوەیە شتێك لە دەستی چروك دەبێتەوە كە پێشتر نەیدەویست بیدات)).

(٥) وەفاناكرێت بە نەزرێك كە سەرپێچی خوای تێدابێت

٩٦٧ـ عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (ﷺ) قَالَ: كَانَتْ ثَقِيفُ حُلَفَاءَ لِبَنِي عُقَيْلٍ، فَأَسَرَتْ ثَقِيفُ رَجُلَيْنِ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ (ﷺ)، وَأَسَرَ أَصْحَابُ رَسُولِ (ﷺ) رَجُلًا مِنْ بَنِي عُقَيْلٍ، وَأَصَابُوا مَعَهُ الْعَضْبَاءَ، فَأَتَى عَلَيْهِ رَسُولُ (ﷺ) وَهُوَ فِي الْوَثَاقِ، قَالَ: يَا مُحَمَّدُ، فَأَتَاهُ فَقَالَ: ((مَا شَأْنُكَ)). فَقَالَ: بِمَ أَخَذْتَنِي وَبِمَ أَخَذْتَ سَابِقَةَ الْحَاجِّ؟ فَقَالَ –إِعْظَامًا لِذَلِكَ– : ((أَخَذْتُكَ بِجَرِيرَةِ حُلَفَائِكَ ثَقِيفَ)). ثُمَّ انْصَرَفَ عَنْهُ، فَنَادَاهُ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ، يَا مُحَمَّدُ، وَكَانَ رَسُولُ (ﷺ) رَحِيمًا رَقِيقًا، فَرَجَعَ إِلَيْهِ فَقَالَ: ((مَا شَأْنُكَ)). قَالَ: إِنِّي مُسْلِمٌ، قَالَ: ((لَوْ قُلْتَهَا وَأَنْتَ تَمْلِكُ أَمْرَكَ أَفْلَحْتَ كُلَّ الْفَلَاحِ)). ثُمَّ انْصَرَفَ، فَنَادَاهُ، فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ، يَا مُحَمَّدُ، فَأَتَاهُ فَقَالَ: ((مَا شَأْنُكَ)). قَالَ: إِنِّي جَائِعٌ فَأَطْعِمْنِي وَظَمْآنُ فَأَسْقِنِي، قَالَ: ((هَذِهِ حَاجَتُكَ)). فَفُدِيَ بِالرَّجُلَيْنِ. قَالَ: وَأُسِرَتِ امْرَأَةٌ مِنَ الْأَنْصَارِ وَأُصِيبَتِ الْعَضْبَاءُ، فَكَانَتِ الْمَرْأَةُ فِي الْوَثَاقِ، وَكَانَ الْقَوْمُ يُرِيحُونَ نَعَمَهُمْ بَيْنَ يَدَيْ بُيُوتِهِمْ، فَانْفَلَتَتْ ذَاتَ لَيْلَةٍ مِنَ الْوَثَاقِ فَأَتَتِ الْإِبِلَ، فَجَعَلَتْ إِذَا دَنَتْ مِنَ الْبَعِيرِ رَغَا، فَتَتْرُكُهُ، حَتَّى تَنْتَهِيَ إِلَى الْعَضْبَاءِ فَلَمْ تَرْغُ، قَالَ: وَنَاقَةٌ مُنَوَّقَةٌ، فَقَعَدَتْ فِي عَجُزِهَا، ثُمَّ زَجَرَتْهَا فَانْطَلَقَتْ، وَنَذِرُوا بِهَا، فَطَلَبُوهَا فَأَعْجَزَتْهُمْ، قَالَ: وَنَذَرَتْ لِلَّهِ إِنْ نَجَّاهَا اللَّهُ عَلَيْهَا لَتَنْحَرَنَّهَا، فَلَمَّا قَدِمَتِ الْمَدِينَةَ رَآهَا النَّاسُ، فَقَالُوا: الْعَضْبَاءُ نَاقَةُ رَسُولِ (ﷺ)، فَقَالَتْ: إِنَّهَا نَذَرَتْ إِنْ نَجَّاهَا اللَّهُ عَلَيْهَا لَتَنْحَرَنَّهَا. فَأَتَوْا رَسُولَ (ﷺ) فَذَكَرُوا ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ: ((سُبْحَانَ اللَّهِ، بِئْسَمَا جَزَتْهَا، نَذَرَتْ لِلَّهِ إِنْ نَجَّاهَا اللَّهُ عَلَيْهَا لَتَنْحَرَنَّهَا! لَا وَفَاءَ لِنَذْرٍ فِي مَعْصِيَةِ اللَّهِ، وَلَا فِيمَا لَا يَمْلِكُ الْعَبْدُ)).

(عمران)ی كوڕی (حصین) (ﷺ) دەڵێ: هۆزی (ثقیف) هاوپەیمانی هۆزی (بنو عقیل)بوون، هۆزی (ثقیف) دوو پیاویان لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە دیل گرت، هاوەڵانی پێغەمبەریش (ﷺ) پیاوێكیان لە هۆزی (بنو عقیل) بە دیل گرت، لەگەڵیدا حوشترێكیشیان بەناوی (العضباء)ەوە گرت لە كاتێكدا كە ئەو پیاوە بەند و كەلەپچەبەدەست بوو پێغەمبەر (ﷺ) تێپەڕی بەلایدا، ئەویش وتی: ئەی محمد، هات بۆلای و فەرمووی: ((چیت دەوێت؟)) وتی: بەچ تاوانێك منتان گرتووە و بە چ تاوانێكیش حوشترە تیژڕەوەكەی ڕێگای حەجت گرتووە؟ قسەكەی بەهەند وەرگرت و فەرمووی: ((تۆم بەتاوانی هاوپەیمانەكانت لە هۆزی (ثقیف) گرتووە))، ئینجا بەجێی هێشت، دیسانەوە بانگی كردەوە و وتی: ئەی محمد ، ئەی محمد پێغەمبەریش پیاوێكی دڵ نەرم و بەبەزەیی بوو،

گەڕایەوە بۆ لای و پێی فەرموو: ((چیت دەوێت؟)) ئەویش وتی: من موسوڵمانم، ئەویش فەرمووی: ((ئەگەر ئەمەی کە دەیڵێیت پێش ئەوەی دیل بکرێیت بتوتایە سەرفراز دەبوویت بە ئەو پەڕی سەرفرازی)) پاشان لێی داو ڕۆیشت، دیسان بانگی کردەوە: ئەی محمد ئەی محمد، دیسان هاتەوە بۆلای فەرمووی: ((چیت دەوێت؟)) وتی: برسیمە نانم بدەرێ و تینومە ئاوم بدەرێ، ئەویش فەرمووی: ((ئەمەیان پێویستیە)) }واتا ئەمەیانت بۆ جێبەجێ دەکەم{ ئەوجا دیل بە دیلی پێکرا بە دوو پیاوەکە. دەڵێ: ژنێکیش لە یاریدەدەران (الانصار) بە دیل گیرا و ئەو حوشترەیش کە بەناوی (العضباء)ەوە بوو گیرایەوە، لەکاتێکدا ژنەکە دەست و پێوەن کراو بوو هۆزەکەیش وشترەکانیان لە بەردەمماڵەکانیاندا ئێواران موڵدەدا، ژنەکە شەوێك خۆی لەکەلەبچەکەی کردەوە و ڕۆیشت بۆلای وشترەکان، هەرکە لە حوشترێك نزیك دەبوویەوە دەیبۆڕاند، ئەویش وازی لێدەهێنا، تا گەیشتە لای (العضباء)ئەو نەیبۆڕاند، چونکە حوشترێکی هێورو ڕاهێنراو بوو، سواری پاشکۆکەی بوو لێی خوڕی و کەوتە ڕێ هۆزەکەیش پێیان زانی وشوێنی کەوتن، پێی نەگەیشتنەوە ، ئافرەتەکەیش نەزری کرد ئەگەر خوای بالادەست بەسواری ئەو وشترەوە ڕزگاری کرد دەبێ ئەم وشترە سەر ببڕێت، کاتێ هاتەوە بۆ مەدینە و خەڵکی بینیان، وتیان: ئەوە (العضاء)ە حوشترەکەی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)، ئەوجا ژنەکە وتی: ئەو نەزری کردووە ئەگەر خوا بەسواری ئەم وشترەوە ڕزگاری بکات دەبێ سەری ببڕێت ئەوانیش هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و ئەمەیان بۆ باس کرد، ئەویش فەرمووی: ((پاکوخاوێنی هەر بۆ خوایە، چەند خراپ پاداشتی داوەتەوە، نەزری کردووە ئەگەر خوا بەسواری وشترەکە ڕزگاری بکات دەبێ سەری ببڕێت! نەخێر وەفا بەنەزرێك ناکرێت سەرپێچی فەرمانی خوای تیابێت، هەروەها لە شتێکدا کە موڵکی خۆی نەبێت.

(٦) دەربارەی کەفارەتی نەزر

٩٦٨ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ (ﷺ) قَالَ: ((كَفَّارَةُ النَّذْرِ كَفَّارَةُ الْيَمِينِ)).

لە(عقبة)ی کوڕی (عامر)ەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((کەفارەتی نەزر کەفارەتی سوێندە }واتا وەك ئەو وەهایە{)).

(٢٦) بەشی سوێندخواردن

(١) ڕێگریی لە سوێند خواردن بە باوبا پیران

٩٦٩- عن عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَنْهَاكُمْ أَنْ تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ)). قَالَ عُمَرُ: فَوَاللَّهِ مَا حَلَفْتُ بِهَا مُنْذُ سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) نَهَى عَنْهَا، ذَاكِرًا وَلَا آثِرًا. [بخاري/ الإيمان و النذور/ ٦٢٧٠، ٦٢٧٢]

(عمر)ی کوڕی (الخطاب)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای بالآدەست ڕێگریتان لێدەکات کە سوێن بە باوباپیران بخۆن)). عومەر دەڵێ: سا بەخوا لەوکاتەوە بیستوومە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگریی لێکردووە سوێندم پێ نەخواردووە نەبەزمانی خۆم و نە لەزمانی خەڵکیشەوە.

٩٧٠- عن ابْنَ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ كَانَ حَالِفًا فَلَا يَحْلِفْ إِلَّا بِاللَّهِ)). وَكَانَتْ قُرَيْشٌ تَحْلِفُ بِآبَائِهَا، فَقَالَ: لَا تَحْلِفُوا بِآبَائِكُمْ)). [بخاري/ الإيمان و النذور/ ٦٢٧٠، ٦٢٧٢]

لە(ابن عمر)ەوە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس سوێندی خوارد باسوێند نەخوات تەنها بەخوا نەبێت)) هۆزی (قورەیش) سوێندیان بەباوباپیرانیان دەخوارد، ئەویش فەرمووی: ((سوێند بەباوباپیرانتان نەخۆن)).

(٢) ڕێگریی لە سوێند خواردن بە بتەکان

٩٧١- عَنْ عبد الرحمن بن سمرة (ﷺ) قَالَ: قَالَ رسول الله (ﷺ): ((لا تحلفوا بالطواغي ولا بآبائكم)).

لە (عبدالرحمن)ی کوڕی (سمرە)ەوە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((نەسوێند بە بتەکان بخۆن و نەبەباو باپیرانتان)).

(٣) کەسێ سوێندی بە (لات) و (عزی) خوارد بابڵێ (لااله الا الله)

٩٧٢- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ حَلَفَ مِنْكُمْ فَقَالَ فِي حَلِفِهِ: بِاللَّاتِ، فَلْيَقُلْ: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَمَنْ قَالَ لِصَاحِبِهِ: تَعَالَ أُقَامِرْكَ، فَلْيَتَصَدَّقْ)). وفي رواية: ((مَنْ حَلَفَ بِاللَّاتِ وَالْعُزَّى)). [بخاري/ التفسير/ ٤٥٧٩]

(ابو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر کەسێ لە ئێوە سوێندی خوارد و لە سوێندەکەیا وتی: بە (لات)، ئەوا بابڵێ: لا اله الا الله، هەر کەسیش بە برادەرەکەی وت: وەرە با قومارت لەگەڵ بکەم، ئەوا با خێرێک

بکات)) لە ڕیوایەتێکی تردا بەم شێوەیە هاتووە: ((هەرکەس سوێندی بە (لات)و (عزى) خوارد)).

(٤) سوێند لەسەر نیەتی سوێنددەرە

٩٧٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((الْيَمِينُ عَلَى نِيَّةِ الْمُسْتَحْلِفِ)).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند لەسەر نیاز و نیەتی سوێند دەرە)).

(٥) کەسێ بە سوێند مافی کەسێکی موسڵمان زەوت کات شایستەی سزای دۆزەخ دەبێت

٩٧٤ـ عَنْ أَبِي أُمَامَةَ -يعني الحارثي- (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((مَنِ اقْتَطَعَ حَقَّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ بِيَمِينِهِ فَقَدْ أَوْجَبَ اللَّهُ لَهُ النَّارَ، وَحَرَّمَ عَلَيْهِ الْجَنَّةَ)). فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ: ، يَا رَسُولَ اللَّهِ وَإِنْ كَانَ شَيْئًا يَسِيرًا. قَالَ: ((وَإِنْ قَضِيبًا مِنْ أَرَاكٍ)).

(أبو أمامة)واته: (الحارث)ی (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەسێك بە سوێند مافی کەسێکی موسڵمان زەوت بکات ئەوا خوا سزای ئاگری لەسەر پێویست دەکات و بەهەشتی لەسەر حەرام دەکات)) پیاوێك پێی وت: باشتێکی کەمیش بێت ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((با چڵە دارسیواکێکیش بێت)).

٩٧٥ـ عن وَائِلٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ مِنْ حَضْرَمَوْتَ وَرَجُلٌ مِنْ كِنْدَةَ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ الْحَضْرَمِيُّ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ هَذَا قَدْ غَلَبَنِي عَلَى أَرْضٍ لِي، كَانَتْ لِأَبِي. فَقَالَ الْكِنْدِيُّ: هِيَ أَرْضِي فِي يَدِي أَزْرَعُهَا، لَيْسَ لَهُ فِيهَا حَقٌّ. فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) لِلْحَضْرَمِيِّ: ((أَلَكَ بَيِّنَةٌ)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((فَلَكَ يَمِينُهُ)). قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ الرَّجُلَ فَاجِرٌ، لَا يُبَالِي عَلَى مَا حَلَفَ عَلَيْهِ، وَلَيْسَ يَتَوَرَّعُ مِنْ شَيْءٍ. فَقَالَ: ((لَيْسَ لَكَ مِنْهُ إِلَّا ذَلِكَ)). فَانْطَلَقَ لِيَحْلِفَ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) لَمَّا أَدْبَرَ: ((أَمَا لَئِنْ حَلَفَ عَلَى مَالِهِ لِيَأْكُلَهُ ظُلْمًا لَيَلْقَيَنَّ اللَّهَ وَهُوَ عَنْهُ مُعْرِضٌ)).

(وائل)ی کوڕی (حجر)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە خەڵکی (حضرموت)و پیاوێکیش لە (کندة)ەوە هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) کابرای خەڵکی (حضرموت)وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم پیاوە گیری داوم لەسەر پارچەزەویەك کەهی خۆمە و لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە، کابرای خەڵکی

(کندة)ەیش وتی: زەوی زەوی خۆمە و لەدەستی خۆمایە و دەیچێنم مافی ئەوی تێدانییە. پێغەمبەر (ﷺ) بە کابرای خەڵکی (حضرموت)ی فەرموو: ((ئایا بەڵگە و شایەتت هەیە؟)) وتی: نەخێر، فەرمووی: ((کەوابوو بۆت هەیە سوێندی بەی)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو کابرا پیاو خراپە، گوێی لێی نییە هەر چۆنێك سوێند بخوات، لە هیچ سڵ ناکات. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((دەتۆ تەنها ئەوەندەت هەیە لەسەر ئەو)) کابرا ڕۆیشت سوێند بخوات، کاتێ گەڕایەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بەناهەق سەێند بخوات کە چووە خزمەت خوا خوا ڕووی لێوەردەگێڕێت)).

(٦) کەسێ سوێندی لەسەر شتێ خوارد و باشتر لەوی بینی باسوێندەکەی بخات و کەفارەتەکەی بدات ئەوە باشترە

٩٧٦- عَنْ أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ) قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) فِي رَهْطٍ مِنَ الْأَشْعَرِيِّينَ نَسْتَحْمِلُهُ، فَقَالَ: ((وَاللَّهِ لَا أَحْمِلُكُمْ، وَمَا عِنْدِي مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ)). قَالَ: فَلَبِثْنَا مَا شَاءَ اللَّهُ، ثُمَّ أُتِيَ بِإِبِلٍ فَأَمَرَ لَنَا بِثَلَاثِ ذَوْدٍ غُرِّ الذُّرَى، فَلَمَّا انْطَلَقْنَا، قُلْنَا- أَوْ: قَالَ بَعْضُنَا لِبَعْضٍ- :لَا يُبَارِكُ اللَّهُ لَنَا، أَتَيْنَا رَسُولَ (ﷺ) نَسْتَحْمِلُهُ، فَحَلَفَ أَنْ لَا يَحْمِلَنَا، ثُمَّ حَمَلَنَا. فَأَتَوْهُ فَأَخْبَرُوهُ، فَقَالَ: ((مَا أَنَا حَمَلْتُكُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ حَمَلَكُمْ، وَإِنِّي -وَاللَّهِ، إِنْ شَاءَ اللَّهُ- لَا أَحْلِفُ عَلَى يَمِينٍ، ثُمَّ أَرَى خَيْرًا مِنْهَا، إِلَّا كَفَّرْتُ [عَنْ] يَمِينِي وَأَتَيْتُ الَّذِي هُوَ خَيْرٌ)). [بخاري/ الخمس/ ٢٩٦٤]

(أبی موسی)ی (الاشعری)(ﷺ) دەڵێ: لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەشعەرییەکاندا هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) داوای ولاغی سواریمان لێکرد، ئەویش فەرمووی: ((بەخوا هەڵتان ناگرم، و هیچیشم لانییە هەڵتان گرم لەسەری)). دەڵێ: ئێمەیش هەرواماینەوە چەندێك خوا حەزکات، تاوەکو گەلە وشترێکی بۆهات، ئەوجا فەرمانی دەرکرد بەسێ حوشتری کۆپارەسپی قەڵەو، کاتێ دەرچووین وتمان -یا هەندێکمان بە هەندێکمانی وت-: خوا بەرەکەتی تێناخات بۆمان، هاتین بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) داوامان لێکرد هەڵمان گرێت، ئەویش سوێندی خوارد هەڵمان نەگرێت لەدوایشدا هەڵی گرتین. ئینجا هاتنەوە بۆ خزمەتی ئەمەیان بۆ باس کرد، ئەویش فەرمووی: ((من هەڵم نەگرتوون بەڵکو خوا هەڵی گرتوون - بەخوا، ئەگەر خوا حەزکات - من سوێند لەسەر شتێ

ناخۆم پاشان باشتر لەو ببینم ئیللا کەفارەتی سوێندەکەم دەدەم و ئەوە دەکەم کە باشترە)).

٩٧٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: أَعْتَمَ رَجُلٌ عِنْدَ النَّبِيِّ (ﷺ) ثُمَّ رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ فَوَجَدَ الصِّبْيَةَ قَدْ نَامُوا، فَأَتَاهُ أَهْلُهُ بِطَعَامِهِ، فَحَلَفَ لَا يَأْكُلُ مِنْ أَجْلِ صِبْيَتِهِ، ثُمَّ بَدَا لَهُ فَأَكَلَ، فَأَتَى رَسُولَ (ﷺ) فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ حَلَفَ عَلَى يَمِينٍ، فَرَأَى غَيْرَهَا خَيْرًا مِنْهَا، فَلْيَأْتِهَا وَلْيُكَفِّرْ عَنْ يَمِينِهِ)).

(أبـو هريـره) (ﷺ) دەڵـێ: پیاوێـك جارێكیـان لـە خزمـەت پێغەمبـەرا (ﷺ) درەنگ دەكەوێت تاریكایی شەوی بەسەردا دێت، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی ئەبینێ منداڵەكانی خەوتوون، ئەوجا خێزانەكەی خواردنەكەی بۆ دەهێنێ ئەویش سوێند دەخوات كە نابێت بیخوات لەبەر منداڵەكانی، پاشان وای پێباش بوو كەبیخوات، لە دواییدا دێتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و ئەمەی بۆ باس دەكات. ئەویش دەفەرموێت: ((هەر كەس سوێندی لەسەر شتێ خوارد و پاشان باشتر لەوی بینی با ئەو شتە بكات و سوێندەكەی بخات و كەفارەتی سوێندەكەی بدات)).

(٧) كەفارەتی سوێند

٩٧٨- عن أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قال: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((وَاللَّهِ، لَأَنْ يَلَجَّ أَحَدُكُمْ بِيَمِينِهِ فِي أَهْلِهِ آثَمُ لَهُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ أَنْ يُعْطِيَ كَفَّارَتَهُ الَّتِي فَرَضَ اللَّهُ)). [بخاري/ أوائل و الإيمان والنذور/ ٦٢٥٠]

لە(أبو هريرة)وە (ﷺ) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بەخوا ئەگەر یەكێ لە ئێوە سوور بێت لەسەر ئەو سوێندەی كە دەیخوات لەناو خێزانیدا و سوێندەكەی نەخات، تاوانی زیاترە لای خوا لەوەی سوێندەكەی بخات و ئەو كەفارەتەی خوا فەرزی كردووە بیدات)).

(٢٧) بەشی حەرامکردنی خوێنڕێژی

(١) حەرامکردنی خوێن و ماڵ و نامووس

٩٧٩- عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((إِنَّ الزَّمَانَ قَدِ اسْتَدَارَ كَهَيْئَتِهِ يَوْمَ خَلَقَ اللَّهُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ، السَّنَةُ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ، ثَلَاثَةٌ مُتَوَالِيَاتٌ: ذُو الْقَعْدَةِ، وَذُو الْحِجَّةِ، وَالْمُحَرَّمُ، وَرَجَبٌ، شَهْرُ مُضَرَ الَّذِي بَيْنَ جُمَادَى وَشَعْبَانَ)). ثُمَّ قَالَ: ((أَيُّ شَهْرٍ هَذَا)). قُلْنَا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: فَسَكَتَ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ سَيُسَمِّيهِ بِغَيْرِ اسْمِهِ، قَالَ: ((أَلَيْسَ ذَا الْحِجَّةِ)). قُلْنَا: بَلَى، قَالَ: ((فَأَيُّ بَلَدٍ هَذَا)). قُلْنَا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: فَسَكَتَ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ سَيُسَمِّيهِ بِغَيْرِ اسْمِهِ، قَالَ: ((أَلَيْسَ الْبَلْدَةَ)). قُلْنَا: بَلَى، قَالَ: ((فَأَيُّ يَوْمٍ هَذَا)). قُلْنَا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: فَسَكَتَ حَتَّى ظَنَنَّا أَنَّهُ سَيُسَمِّيهِ بِغَيْرِ اسْمِهِ، قَالَ: ((أَلَيْسَ يَوْمَ النَّحْرِ)). قُلْنَا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((فَإِنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ -قَالَ مُحَمَّدٌ: وَأَحْسِبُهُ قَالَ -وَأَعْرَاضَكُمْ، حَرَامٌ عَلَيْكُمْ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا، فِي بَلَدِكُمْ هَذَا، فِي شَهْرِكُمْ هَذَا، وَسَتَلْقَوْنَ رَبَّكُمْ فَيَسْأَلُكُمْ عَنْ أَعْمَالِكُمْ، فَلَا تَرْجِعُنَّ بَعْدِي كُفَّارًا -أَوْ: ضُلَّالًا- يَضْرِبُ بَعْضُكُمْ رِقَابَ بَعْضٍ، أَلَا لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ، فَلَعَلَّ بَعْضَ مَنْ يُبَلِّغُهُ يَكُونُ أَوْعَى لَهُ مِنْ بَعْضِ مَنْ سَمِعَهُ)) ثُمَّ قَالَ: ((أَلَا هَلْ بَلَّغْتُ)).
[بخ المغازي/ ٤١٤٤]

(أبو بكرة) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ڕۆژگار سوڕاوە و گەڕاوەتەوە دۆخی ئەو ڕۆژەی کە خوا ئاسمانەکان و زەوی تێدا دروست کردووە، ساڵ دوانزە مانگە، چواریان حەرام کراون [واتە: جەنگیان تێدا حەرامە] سیانیان بە شوێن یەکدا دێن: (ذو القعدة) و(ذو الحجة)و (محرم)و (رجب)یش مانگی (مضر)کە لە نێوان هەردوو جومادا و شەعبان دایە))، پاشان فەرمووی: ((ئەم مانگە چ مانگێکە)). وتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، ئینجا بێدەنگ بوو تاوەکو وا گومانمان برد بەناوێکی تر ناوی دەنێت، فەرمووی: ((ئایا (ذو الحجة)نییە)) وتمان: بەڵێ، فەرمووی: ((ئەی ئەمە چ وڵاتێکە؟)) وتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن، دەڵێ: بێدەنگ بوو، تاوەکو وا گومانمان برد بەناوێکی تر ناوی دەنێ، فەرمووی: ((ئەی ئەمە شاری مەککە نیە؟)) وتمان: بەڵێ،

فەرمووی: ((ئەی ئەمە چ ڕۆژێکە)) وتمان: خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن. لەمیش بێدەنگ بوو تاوەکو وا گومانمان برد بەناوێکی تر ناوی دەنێ، فەرمووی: ((ئایا ڕۆژی قوربانی نییە؟)). وتمان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی: ((دەچاك بزانن کە خوێنتان وماڵتان -ڕاوی دەڵێ: وا بزانم فەرموویشی- ناموسیشتان حەرامە لەسەرتان وەك حەرامی ئەم ڕۆژەتان، لەم شارەتاندا و لەم مانگەتاندا، لەمەودوا دەگەنەوە بەپەروەردگارتان پرسیاری کردەوەکانتان لێدەکات، دوای من کافر نەبنەوە -یان گومڕانەبنەوە- لەناو خۆتاندا هەندێکتان بدات لە گەردنی هەندێکتان، ئاگاداربن با ئەو کەسەی ئاگادارە و ئامادەیە بیگەیەنێت بەو کەسەی ئامادەنییە، کێ دەڵێ ڕەنگە هەندێك لەو کەسانەی ئەم ڕاسپاردانەیان پێدەگاتەوە باشتر لێی حاڵی ببن لە هەندێك لەو کەسانەی کە گوێیان لێیەتی)) پاشان فەرمووی: ((ئاگاداربن ئەوا پێم ڕاگەیاندن)).

(٢) یەکەم شت داوەریی لەسەر دەکرێت لە قیامەتدا خوێنە

٩٨٠- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((أَوَّلُ مَا يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي الدِّمَاءِ)). [بخاري/ الرقاق/ ٦١٦٨]

(عبدالله)ی کوڕی (مسعود) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((یەکەم شت لە ڕۆژی قیامەتدا داوەری لەسەر دەکرێت لەنێوان خەڵکیدا خوێنە)).

(٣) ئەو هۆیەی خوێنی کەسێکی موسڵمان حەلاڵ دەکات

٩٨١- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بن مسعود (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((لَا يَحِلُّ دَمُ [امْرِئٍ] مُسْلِمٍ -يَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ- إِلَّا بِإِحْدَى ثَلَاثٍ: الثَّيِّبُ الزَّانِي، وَالنَّفْسُ بِالنَّفْسِ وَالتَّارِكُ لِدِينِهِ الْمُفَارِقُ لِلْجَمَاعَةِ)). [بخاري/ الديات/ ٦٤٨٤]

لە(عبدالله)ی کوڕی (مسعود)ەوە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((حەلاڵ نییە خوێنی هیچ کەسێکی موسڵمان -کە شایەتی بدات بەوەی کە هیچ کەسێك شایانی پەرستن نییە جگە لە خواو، منیش پێغەمبەری خوام- مەگەر بەیەکێ لەم سیانە نەبێت: پیاوی ژن هاوردوو ژنی مێرد کردو کە زینابکەن، و گیان بە گیان [کەسێ کەسێ بە ناحەقی بکوژێ و لە تۆڵەیدا

دەکوژرێتەوە] و کەسێ پاشگەز بێتەوە لە ئاینی خۆی و لە کۆمەڵی موسڵمانان جیابێتەوە)).

(٤) تاوانی کەسێك کوشتنی داهێنا

٩٨٢- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لَا تُقْتَلُ نَفْسٌ ظُلْمًا إِلَّا كَانَ عَلَى ابْنِ آدَمَ الْأَوَّلِ كِفْلٌ مِنْ دَمِهَا، لِأَنَّهُ كَانَ أَوَّلَ مَنْ سَنَّ الْقَتْلَ)). [بخاري/ الأنبياء/ ٣١٥٧]

(عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەسێك بەستەم بکوژرێت ، یەکەم کوڕی ئادەم پشکی ئەو تاوانەی بەردەکەوێت ، چونکە یەکەم کەس بووە کوشتنی داهێناوە)).

(٥) ئەوەی بەهەر شتێك خۆی بکوژێت ئەوا لەقیامەتدا پێی ئەشکە نجە دەدرێت

٩٨٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ، يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ فِي نَارِ جَهَنَّمَ، خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا. وَمَنْ شَرِبَ سَمًّا فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَحَسَّاهُ فِي نَارِ جَهَنَّمَ، خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا، وَمَنْ تَرَدَّى مِنْ جَبَلٍ فَقَتَلَ نَفْسَهُ فَهُوَ يَتَرَدَّى فِي نَارِ جَهَنَّمَ، خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا)). [بخاري/ الطب/ ٥٤٤٢]

(أبي هريرة)دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس خۆی بەپارچە ئاسنێك بکوژێت. ئەوا پارچە ئاسنەکە لەدەستیا دەبێت ورگی خۆیی پێ ڕادەدات لەناو ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە بە هەتا هەتایی و، هەر کەس ژەهراو بخواتەوە و خۆی پێ‌بکوژێت ئەوە لەناو ئاگری دۆزەخدا قوم لە دوای قوم دەیخواتەوە بە هەتا هەتایی دەمێنێتەوە لەناو ئاگری دۆزەخدا، هەر کەس لەشاخێك خۆی بەرداتە خوارەوە و خۆی بکوژێت ئەوا بەردەوام لەناو ئاگر خۆی بەردەداتە خوارەوە و بۆهەتا هەتایی تێیدا دەمێنێتەوە [واتە: ئەگەر خۆ کوشتن بەحەڵاڵ بزانێ ئەگەر نا، مەبەست پێی زۆرمانەوەیە].

٩٨٤- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ السَّاعِدِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) الْتَقَى هُوَ وَالْمُشْرِكُونَ فَاقْتَتَلُوا، فَلَمَّا مَالَ رَسُولُ (ﷺ) إِلَى عَسْكَرِهِ، وَمَالَ الْآخَرُونَ إِلَى عَسْكَرِهِمْ، وَفِي أَصْحَابِ رَسُولِ (ﷺ) رَجُلٌ لَا يَدَعُ لَهُمْ شَاذَّةً [ولا فاذة] إِلَّا اتَّبَعَهَا يَضْرِبُهَا بِسَيْفِهِ، فَقَالُوا: مَا أَجْزَأَ مِنَّا الْيَوْمَ أَحَدٌ كَمَا أَجْزَأَ فُلَانٌ، فَقَالَ رَسُولُ

(ﷺ): ((أَمَا إِنَّهُ مِنْ أَهْلِ النَّارِ)). فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: أَنَا صَاحِبُهُ [أَبَدًا]. قَالَ: فَخَرَجَ مَعَهُ، كُلَّمَا وَقَفَ وَقَفَ مَعَهُ، وَإِذَا أَسْرَعَ أَسْرَعَ مَعَهُ، قَالَ: فَجُرِحَ الرَّجُلُ جُرْحًا شَدِيدًا، فَاسْتَعْجَلَ الْمَوْتَ، فَوَضَعَ نَصْلَ سَيْفِهِ بِالْأَرْضِ وَذُبَابَهُ بَيْنَ ثَدْيَيْهِ، ثُمَّ تَحَامَلَ عَلَى سَيْفِهِ فَقَتَلَ نَفْسَهُ، قَالَ: فَخَرَجَ الرَّجُلُ إِلَى رَسُولِ (ﷺ) فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنَّكَ رَسُولُ اللَّهِ، قَالَ: ((وَمَا ذَاكَ)). قَالَ: الرَّجُلُ الَّذِي ذَكَرْتَ آنِفًا أَنَّهُ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَأَعْظَمَ النَّاسُ ذَلِكَ. فَقُلْتُ: أَنَا لَكُمْ بِهِ، فَخَرَجْتُ فِي طَلَبِهِ حَتَّى جُرِحَ جُرْحًا شَدِيدًا، فَاسْتَعْجَلَ الْمَوْتَ، فَوَضَعَ نَصْلَ سَيْفِهِ بِالْأَرْضِ وَذُبَابَهُ بَيْنَ ثَدْيَيْهِ، ثُمَّ تَحَامَلَ عَلَيْهِ فَقَتَلَ نَفْسَهُ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) عِنْدَ ذَلِكَ: ((إِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الْجَنَّةِ، فِيمَا يَبْدُو لِلنَّاسِ، وَهُوَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ النَّارِ، فِيمَا يَبْدُو لِلنَّاسِ، وَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ)). [بخاري/ الجهاد/ ٢٧٢٤]

لە(سەهل)ی کوڕی (سعد الساعد)ییەوە (ﷺ) دەگێڕنەوە: کەلەشکری پێغەمبەر (ﷺ) و لەشکری موشریکەکان گەیشتن بەیەك و جەنگان، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە سەربازگەی خۆی و ئەوانی تریش گەڕانەوە سەربازگەی خۆیان، لەناو هاوەڵانی پێغەمبەردا (ﷺ) پیاوێك هەبوو هیچ کەسێکی لە دەست دەرنەئەچوو ئەگەر ڕایشی بکردایە شوێنی دەکەوت و بەشمشێرەکەی دای ئەگرتەوە، خەڵکی وتیان بەڕاستی هیچ کەس ئەمڕۆ فریامان نەکەوت وەك فلان کەس، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵام بابزانن ئەو لە ئاگردایە)) پیاوێك لە خەڵکەکە وتی: دەبێ لێی جیانەبمەوە }بزانم چی دەکات{ ئینجا لەگەڵی ڕۆیشت، هەرکات لە شوێنێکا بوەستایە لەگەڵی ئەوەستا، کاتێ تەکانی بدایە و بڕۆشتایە لەگەڵی ئەڕۆیشت، هەتا پیاوەکە بەسەختی بریندار کرا، خۆی نەگرت و پەلەی کرد بۆ مردن مشتووی شمشێرەکەی لەسەر زەوی دانا و دەمەکەیشی خستە نێوان مەمکەکانیەوە و خۆیدا بەسەریدا و خۆی کوشت، ئینجا پیاوەکە ڕۆیشتەوە بۆلای پێغەمبەری خواو وتی: شایەتی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت. فەرمووی: ((ئەوە بۆچ؟)) وتی: ئەو پیاوەی کەمێك لەمەو پێش باست کرد فەرمووت دۆزەخییەو خەڵکیش ئەوەیان بەلاوە شتێکی گران بوو، منیش پێم وتن: من چارەی ئەوەتان بۆ دەکەم بە شوێنی کەوتم تا کاتێ برینێکی خەستی لێکرا پەلەی لە مردنی خۆی کرد و خۆی نەگرت هات مشتووی شمشێرەکەی نایە سەر زەوی و

دەمی شمشێرەكەیشی خستە نێوان هەر دوو مەمكیەوە و پاشان خۆی‌دا بەسەریدا و خۆی كوشت. پێغەمبەریش (ﷺ) لەوكاتەدا فەرمووی: ((پیاو جاری واهەیە كرداری ئەهلی بەهەشت دەكات، وەك لەبەر چاوی خەڵكی وایە كەچی لە ئەهلی ئاگریشە، پیاو جاری وا هەیە كرداری ئەهلی ئاگر دەكات وەك لە پێش خەڵكی وایە كەچی بە هەشتیشە)).

(٦) كەسێك كەسێك بە بەردێك بكوژێت بە بەردێكی هەمان شێوە دەكوژرێتەوە

٩٨٥- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ جَارِيَةً وُجِدَ رَأْسُهَا قَدْ رُضَّ بَيْنَ حَجَرَيْنِ، فَسَأَلُوهَا مَنْ صَنَعَ هَذَا بِكِ؟ فُلَانٌ، فُلَانٌ، حَتَّى ذَكَرُوا يَهُودِيًّا، فَأَوْمَتْ بِرَأْسِهَا، فَأُخِذَ الْيَهُودِيُّ فَأَقَرَّ، فَأَمَرَ بِهِ رَسُولُ (ﷺ) أَنْ يُرَضَّ رَأْسُهُ بِالْحِجَارَةِ. [بخاري/ الخصومات/ ٢٢٨٣]

لە(أنس)ی كوڕی (مالك) ەوە دەگێڕنەوە كە كەنیزەكێك بینرا سەری لەنێوان دوو بەردا تێكشكێنرابوو، لێیان پرسی كێ وای پێكردووی؟ فلان كەس، فلان كەس، تاوەكو ناوی جوولەكەیەكیان برد ئەویش بەسەری ئاماژەی كرد، جوولەكەكە گیرا و دانی بە تاوانەكەی خۆیدا نا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی پێكرد كە سەری تێك بشكێ لە نێوان دووبەردا.

(٧) تۆڵەسەندنەوەی برین

٩٨٦- عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ أُخْتَ الرُّبَيِّعِ أُمَّ حَارِثَةَ جَرَحَتْ إِنْسَانًا، فَاخْتَصَمُوا إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((الْقِصَاصَ الْقِصَاصَ)). فَقَالَتْ أُمُّ الرَّبِيعِ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَيُقْتَصُّ مِنْ فُلَانَةَ؟ وَاللَّهِ لَا يُقْتَصُّ مِنْهَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((سُبْحَانَ اللَّهِ! يَا أُمَّ الرَّبِيعِ، الْقِصَاصُ كِتَابُ اللَّهِ)). قَالَتْ: لَا وَاللَّهِ لَا يُقْتَصُّ مِنْهَا أَبَدًا. قَالَ: فَمَا زَالَتْ حَتَّى قَبِلُوا الدِّيَةَ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((إِنَّ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ مَنْ لَوْ أَقْسَمَ عَلَى اللَّهِ لَأَبَرَّهُ)). [بخاري/ الصلح/ ٢٥٥٦]

لە(أنس)ەوە دەگێڕنەوە: كە خوشكی (الربیع) دایكی (حارثة)كەسێك بریندار دەكات، ئەوانیش دێن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) شكات دەكەن، پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرمووێت: ((تۆڵە سەندنەوە، تۆڵە سەندنەوە)) دایكی (الربیع)یش دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا، ئایا تۆڵە لە فلانە ئافرەت دەكرێتەوە بە خوا نابێت تۆڵەی لێبكرێتەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((سبحان الله!

ئەی دایکی ڕەبیع تۆڵە سەندنەوە فەرمانی خوایە)). ئەویش دەڵێت: نابەخوا نابێت هەرگیز تۆڵەی لێبکرێتەوە بەردەوام ئەو ژنە هەروای دەوت تاوەکو بە خوێن ڕازی بوون، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((لەناو بەندەکانی خوادا کەسی ئەوتۆ هەیە ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوات داواکەی بۆ جێبەجێ دەکات)).

(٨) کەسێ دان بنێبەوەدا کەسێکی دیکەی کوشتووە پاشان بدرێتەدەست خاوەن کوژراوەکەو ئەویش لێی خۆش بێت

٩٨٧ـ عن عَلْقَمَةَ بْنَ وَائِلٍ: أَنَّ أَبَاهُ (ﷺ) حَدَّثَهُ قَالَ: إِنِّي لَقَاعِدٌ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) إِذْ جَاءَ رَجُلٌ يَقُودُ آخَرَ بِنِسْعَةٍ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، هَذَا قَتَلَ أَخِي، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((أَقَتَلْتَهُ)). فَقَالَ: إِنَّهُ لَوْ لَمْ يَعْتَرِفْ أَقَمْتُ عَلَيْهِ الْبَيِّنَةَ. قَالَ: نَعَمْ، قَتَلْتُهُ. قَالَ: ((كَيْفَ قَتَلْتَهُ)). قَالَ: كُنْتُ أَنَا وَهُوَ نَخْتَبِطُ مِنْ شَجَرَةٍ، فَسَبَّنِي فَأَغْضَبَنِي، فَضَرَبْتُهُ بِالْفَأْسِ عَلَى قَرْنِهِ فَقَتَلْتُهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ): ((هَلْ لَكَ مِنْ شَيْءٍ تُؤَدِّيهِ عَنْ نَفْسِكَ)). قَالَ: مَا لِي مَالٌ إِلَّا كِسَائِي وَفَأْسِي، قَالَ: ((فَتَرَى قَوْمَكَ يَشْتَرُونَكَ)). قَالَ: أَنَا أَهْوَنُ عَلَى قَوْمِي مِنْ ذَاكَ. فَرَمَى إِلَيْهِ بِنِسْعَتِهِ وَقَالَ: ((دُونَكَ صَاحِبَكَ)). فَانْطَلَقَ بِهِ الرَّجُلُ، فَلَمَّا وَلَّى قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((إِنْ قَتَلَهُ فَهُوَ مِثْلُهُ)). فَرَجَعَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّهُ بَلَغَنِي أَنَّكَ قُلْتَ: ((إِنْ قَتَلَهُ فَهُوَ مِثْلُهُ)) وَأَخَذْتُهُ بِأَمْرِكَ؟ فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((أَمَا تُرِيدُ أَنْ يَبُوءَ بِإِثْمِكَ وَإِثْمِ صَاحِبِكَ)). قَالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ -لَعَلَّهُ قَالَ- بَلَى. قَالَ: ((فَإِنَّ ذَاكَ كَذَاكَ)). قَالَ: فَرَمَى بِنِسْعَتِهِ وَخَلَّى سَبِيلَهُ.

لە(علقمة)ی کوڕی (وائل)ەوە: کە باوکی قسەی بۆ کردووە وتوویەتی: من لە خزمەت پێغەمبەرا (ﷺ) دانیشتبووم کاتێکم زانی پیاوێك هات کە پیاوێکی دیکەی پەت کردبوو بەدوای خۆیدا کێشی دەکرد وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەمە براکەمی کوشتووە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا کوشتووتە؟)) خاوەن کوژراوەکە وتی ئەگەر دانی پێدانەنێت شایەتی لەسەر دەهێنم کابرا وتی: بەڵێ کوشتوومە. فەرمووی: ((چۆن کوشتووتە)) ئەویش وتی: من و ئەو پێکەوە گەڵامان لەدرەختێك ئەوەراند، جنێوێکی پێدام تووڕەی کردم، منیش تەورێکم دابە لاسەریدا و کوشتم پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((ئایا هیچ شتێکی وات بەدەستەوە هەیە لەتۆڵەی خۆتدا بیدەیت)) ئەویش وتی: ماڵم نیە تەنها

کراسەکەم و تەورەکەم نەبێت)). فەرمووی: ((ئەی وا ئەبینی خزم و کەس و کارەکەت بتکڕنەوە)) ئەویش وتی: من لەوە سوکترم لای خزم و کەس و کارەکەم کەشتی وام دەرهەق بکەن. پێغەمبەریش (ﷺ) پەتەکەیی بۆ فڕێ دەداتەوە و دەفەرموێت: ((ئەوە خۆت و برادەرەکەت)). کابرایش لەگەڵ خۆی کێشی کرد کاتێ پشتی هەڵکرد پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بیکوژێتەوە ئەویش وەکو ئەو وایە)). کابرا گەڕایەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، پێم گەیشتۆتەوە کە تۆ فەرمووتە: ((ئەگەر بیکوژێتەوە ئەویش وەکو ئەو وەهایە)) و منیش بە فەرمانی تۆ بردومە؟ پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((ئەی تۆ ناتەوێت تاوانی خۆت و تاوانی براکەیشت بکاتە گەردنی خۆی)) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا -وادەزانم وتی: بەڵێ- فەرمووی: ((دەی ئەوە وەهایە)) [واتە: لێبوردنت، دەبێتە هۆی لێخۆشبونی گوناهی خۆت و براکەت] کابرایش پەتەکەی فڕێدا و بەرەڵای کرد.

(٩) خوێنی ژنێکی دووگیان و کۆرپەکەی

٩٨٨- عن أَبي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: اقْتَتَلَتِ امْرَأَتَانِ مِنْ هُذَيْلٍ، فَرَمَتْ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى بِحَجَرٍ، فَقَتَلَتْهَا وَمَا فِي بَطْنِهَا، فَاخْتَصَمُوا إِلَى رَسُولِ (ﷺ)، فَقَضَى رَسُولُ اللهِ (ﷺ) أَنَّ دِيَةَ جَنِينِهَا غُرَّةٌ: عَبْدٌ أَوْ وَلِيدَةٌ، وَقَضَى بِدِيَةِ الْمَرْأَةِ عَلَى عَاقِلَتِهَا وَوَرَّثَهَا وَلَدَهَا وَمَنْ مَعَهُمْ، فَقَالَ حَمَلُ بْنُ النَّابِغَةِ الْهُذَلِيُّ: يَا رَسُولَ اللهِ (ﷺ)، كَيْفَ أَغْرَمُ مَنْ لَا شَرِبَ وَلَا أَكَلَ، وَلَا نَطَقَ وَلَا اسْتَهَلَّ، فَمِثْلُ ذَلِكَ يُطَلُّ. فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((إِنَّمَا هَذَا مِنْ إِخْوَانِ الْكُهَّانِ)) مِنْ أَجْلِ سَجْعِهِ الَّذِي سَجَعَ. [بخاري/ الطب/ ٥٤٢٦]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: دووژن لە هۆزی (هذیل) دەبێ بەشەڕیان، یەکێکیان بەردێك دەگرێتە ئەوی تریان دەیکوژێت لەگەڵ منداڵەکەی سکیدا، لای پێغەمبەر (ﷺ) شکات دەکەن، پێغەمبەریش (ﷺ) کێشەکە دەبڕێتەوە بەوەی کە خوێنی کۆرپەکەی دا ئەنێت بەبەندەیەك یا کەنیزەکێك کە نرخەکەی نرخی پێنج حوشتربێت واتا }نیوەی دەیەکی خوێنێکی تەواو{، خوێنی ژنەکەیش دائەنێت لەسەر خزم و کەس و کاری ژنە بکوژەکە، کوڕی ژنەکوژراوەکە و ئەوانەی لەگەڵیاندا کردنی بەمیراتگری ژنەکە. (حمل)ی کوڕی (نابعة)ی (هذلی)دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن خوێنی کەسێك ببژێرم کەنە ئاوی

خواردۆتــەوە و نــەنانی خــوارد وە نەقــسەی کــردووە و نــەهاواری کــردووە، نموونەی کەسێکی لەو شێوە خوێنی بەتاڵەو، بە هـەدەردەڕوات، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە لە برادەرانی کوڵەنانی و فاڵچیەکانە)) لەبەر ئەو بەیت و باڵۆرەی کە وتی.

(١٠) ئەو شتانەی کە بە هەدەر دەڕۆن

٩٨٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((البئر جَرْحُهَا جُبَارٌ، وَالْبِئْرُ جُبَارٌ، وَالْمَعْدِنُ جُبَارٌ، وَالْعَجْمَاءُجَرْحُهَا جُبَارٌ، وَفِي الرِّكَازِ الْخُمُسُ)).
[بخاري/ الزكاة/ ١٤٢٨]

لە(ابو هريرة)(ﷺ) ئەویش لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((بیر هەڵکەندن هەر زیانێکی لێبکەوێتەوە بە فیڕۆ دەڕوات، کانزا هەڵکەندنیش هەر زیانێکی لێبکەوێتەوە بە فیڕۆ دەڕوات، گیان لەبەری بێزمانیش هەر زیانێکی لێبکەوێتەوە بەهەدەر دەڕوات و گەنجینە شاراوەکانی }پێش ئیسلام{ پێنج یەکی زەکاتە.

(٢٨) بەشی سوێنخۆریی بە کۆمەڵ لەسەر کوشتن

(١) کێ سوێندی تێدا دەخوات

٩٩٠. عَنْ سَهْلِ بْنِ أَبِي حَثْمَةَ، أَنَّهُ عَنْ رِجَالٍ مِنْ كُبَرَاءِ قَوْمِهِ: أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ سَهْلٍ وَمُحَيِّصَةَ خَرَجَا إِلَى خَيْبَرَ مِنْ جَهْدٍ أَصَابَهُمْ، فَأَتَى مُحَيِّصَةُ فَأَخْبَرَ أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ سَهْلٍ قَدْ قُتِلَ وَطُرِحَ فِي عَيْنٍ أَوْ فَقِيرٍ، فَأَتَى يَهُودَ فَقَالَ: أَنْتُمْ وَاللَّهِ قَتَلْتُمُوهُ، قَالُوا: وَاللَّهِ مَا قَتَلْنَاهُ، ثُمَّ أَقْبَلَ حَتَّى قَدِمَ عَلَى قَوْمِهِ فَذَكَرَ لَهُمْ ذَلِكَ، ثُمَّ أَقْبَلَ هُوَ وَأَخُوهُ حُوَيِّصَةُ -وَهُوَ أَكْبَرُ مِنْهُ- وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ سَهْلٍ، فَذَهَبَ مُحَيِّصَةُ لِيَتَكَلَّمَ، وَهُوَ الَّذِي كَانَ بِخَيْبَرَ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) لِمُحَيِّصَةَ: ((كَبِّرْ كَبِّرْ)) يُرِيدُ السِّنَّ. فَتَكَلَّمَ حُوَيِّصَةُ، ثُمَّ تَكَلَّمَ مُحَيِّصَةُ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((إِمَّا أَنْ يَدُوا صَاحِبَكُمْ، وَإِمَّا أَنْ يُؤْذِنُوا بِحَرْبٍ)). فَكَتَبَ رَسُولُ (ﷺ) إِلَيْهِمْ فِي ذَلِكَ، فَكَتَبُوا: إِنَّا وَاللَّهِ مَا قَتَلْنَاهُ، فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ) لِحُوَيِّصَةَ وَمُحَيِّصَةَ وَعَبْدِ الرَّحْمَنِ: ((أَتَحْلِفُونَ وَتَسْتَحِقُّونَ دَمَ صَاحِبِكُمْ)). قَالُوا: لَا، قَالَ: ((فَتَحْلِفُ لَكُمْ يَهُودُ)). قَالُوا: لَيْسُوا بِمُسْلِمِينَ، فَوَادَاهُ رَسُولُ (ﷺ) مِنْ عِنْدِهِ، فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ رَسُولُ (ﷺ) مِائَةَ نَاقَةٍ حَتَّى أُدْخِلَتْ عَلَيْهِمُ الدَّارَ، فَقَالَ سَهْلٌ: فَلَقَدْ رَكَضَتْنِي مِنْهَا نَاقَةٌ حَمْرَاءُ. [بخاري/ الأحكام/ ٦٧٦٩]

لە(سهل)ی کوڕی (أبي حثمة)وە ئەویش لە چەند گەورە پیاوانێکی هۆزەکەیەوە دەگێڕێتەوە کە (عبدالله)ی کوڕی (سهل) و (مُحَیصة) دەرئەچن بۆ خەیبەر لەبەر نەبوونی و برسێتی کە تووشیان بوو بوو، لەوکاتەدا هەواڵ درا بە (محیّصة)کە (عبدالله)ی کوڕی (سهل) کوژراوە و فڕێ دراوەتە ناو کارێزێك یا بیرێکی دەم بلاوی نزیکەدەستەوە، هات بۆلای جوولەکەکان و پێی وتن: بەخوا ئێوە کوشتووتانە، ئەوانیش وتیان: بەخوا ئێمە نەمان کوشتووە، دوای ئەوە بەرێ دەکەوێت تادێتەوە بۆلای هۆزەکەی و ڕووداوەکەیان بۆ باس دەکات. پاشان ئەوو (حویصه)ی براگەورەی و (عبدالرحمن)ی کوڕی (سهل) دێن }بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ){ سەرەتا (محیصه) -ئەوەی کەلە خەیبەر بوو- ویستی قسە بکات، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((گەورەتر، گەورەتر)) مەبەستی تەمەن بوو [واتا با بەتەمەنتر لە تۆ قسە بکات] ئینجا (حویصة)دێتە گۆو دوای ئەو (محیصه)یش، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((یا ئەبێ جوولەکە. خوێنی

هاوەڵەکەتان بدەن، یادەبێت جەنگ ڕاگەیەنن)). پێغەمبەر (ﷺ) لەوبارەوە نامەی بۆ نووسین، ئەوانیش بۆیان نووسیەوە: کە بەخوا ئێمە نەمان کوشتووە پاشان پێغەمبەر (ﷺ) بە (حویصە)و (محیصە)و (عبدالرحمن)ی فەرموو: ((ئایا سوێند دەخۆن تا خوێنی هاوەڵەکەتان مسۆگەر بکەن)) وتیان: نەخێر، فەرمووی: ((ئەی جوولەکەکان سوێنتان بۆ بخۆن؟)) وتیان: ئەوان موسڵمان نین، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) لەلایەن خۆیەوە خوێنەکەی بۆدان و صەد حوشتری بۆ ناردن تا کرانە ژوورەوە بۆیان. (سهل) دەڵێ: وشترێکی سووریان لەقەیەکی لێدام.

(٢) هێشتنەوەی سوێندی بە کۆمەڵ (القسامە)[1] لەسەر شێوەی خۆی

٩٩١ـ عَنْ رَجُلٍ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ (ﷺ) مِنَ الْأَنْصَارِ: أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) أَقَرَّ الْقَسَامَةَ عَلَى مَا كَانَتْ عَلَيْهِ فِي الْجَاهِلِيَّةِ.

لە پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) کەلە یاریدەدەرانە دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) سوێندی بە کۆمەڵ (القسامة)ی هێشتەوە لەسەر شێوەی خۆی وەك سەردەمی نەفامی.

[1] القسامة: سوێندی بەکۆمەڵ ئەوەیە کەسێك لە گەرەکێك یان گوندێکدا بکوژرێت کە دوژمنی بووبن، نەزانرێ کێ کوشتویەتی، کەس و کاری کوژراوەکە پەنجا سوێن دەخۆن کە ئەوان کوشتوویانە و خوێنەکەی وەردەگرن. ئەگەر ئەمان سوێندیان نەخوارد گومانبارەکان پەنجا سوێند دەخۆن ئەوان نێن و نایشزانن کێیە، ئیتر سەرفراز دەبن

(٢٩) بەشی سنوورەکان (سزا شەرعیەکان)
سزای داوێن پیسی (الزنا)

(١) سزای کوڕ و کچ و ژن و پیاوی داوێن پیس

٩٩٢- عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ) قَالَ: كَانَ نَبِيُّ (ﷺ) إِذَا أُنْزِلَ عَلَيْهِ كُرِبَ لِذَلِكَ وَتَرَبَّدَ لَهُ وَجْهُهُ، قَالَ: فَأُنْزِلَ عَلَيْهِ ذَاتَ يَوْمٍ فَلُقِيَ كَذَلِكَ، فَلَمَّا سُرِّيَ عَنْهُ قَالَ: ((خُذُوا عَنِّي، فَقَدْ جَعَلَ اللَّهُ لَهُنَّ سَبِيلًا: الثَّيِّبُ بِالثَّيِّبِ، وَالْبِكْرُ بِالْبِكْرِ، الثَّيِّبُ جَلْدُ مِائَةٍ ثُمَّ رَجْمٌ بِالْحِجَارَةِ، وَالْبِكْرُ جَلْدُ مِائَةٍ ثُمَّ نَفْيُ سَنَةٍ)).

(عبادە)ی کوڕی (صامت) دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) (وحي) بۆ دەهات ناڕەحەت و سەغڵەت دەبوو ڕەنگی تێك دەچوو، ڕۆژێکیان (وەحی) دابەزییە سەری بەهەمان شێوە سەغڵەت بوو گۆڕا، کاتێ لەسەری لاچوو فەرمووی: ((لێمەوەرگرن خوا ڕێگە چارەی بۆ دانان، ژن و پیاوی داوێن پیس وەکو یەك و کچ و کوڕی داوێن پیسیش وەکو یەك، پیاوی ژن هاوردووی داوێن پیس و ژنی مێرد کردووی داوێن پیس سەد داریان لێبدرێت و پاشان بەردباران بکرێن، کوڕی ژن نەهاوردوو کچی شوونەکردویش سەد داریان لێبدرێت و ساڵێکیش دوور بخرێنەوە.

(٢) بەرد باران کردنی ژن و پیاوی داوێن پیس

٩٩٣- عن عُبَيْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُتْبَةَ: أَنَّهُ سَمِعَ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عَبَّاسٍ (ﷺ) يَقُولُ: قَالَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ)، وَهُوَ جَالِسٌ عَلَى مِنْبَرِ رَسُولِ (ﷺ): إِنَّ اللَّهَ قَدْ بَعَثَ مُحَمَّدًا (ﷺ) بِالْحَقِّ، وَأَنْزَلَ عَلَيْهِ الْكِتَابَ، فَكَانَ مِمَّا أُنْزِلَ عَلَيْهِ آيَةُ الرَّجْمِ، قَرَأْنَاهَا وَوَعَيْنَاهَا وَعَقَلْنَاهَا، فَرَجَمَ رَسُولُ (ﷺ) وَرَجَمْنَا بَعْدَهُ، فَأَخْشَى إِنْ طَالَ بِالنَّاسِ زَمَانٌ أَنْ يَقُولَ قَائِلٌ: مَا نَجِدُ الرَّجْمَ فِي كِتَابِ اللَّهِ تعالى،فَيَضِلُّوا بِتَرْكِ فَرِيضَةٍ أَنْزَلَهَا اللَّهُ، وَإِنَّ الرَّجْمَ فِي كِتَابِ اللَّهِ حَقٌّ عَلَى مَنْ زَنَى -إِذَا أَحْصَنَ- مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ، إِذَا قَامَتِ الْبَيِّنَةُ، أَوْ كَانَ الْحَبَلُ أَوِ الِاعْتِرَافُ. [بخاري/ المحاربين/ ٦٤٤٢]

لە(عبیدالله)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (عتبە)وە دەگێڕنەوە: کە لە (عبدالله)ی کوڕی (عباس)ی بیستووە دەیووت: (عمر)ی کوڕی (خطاب) لە کاتێکدا کە لە سەر دوانگەی پێغەمبەری خوا دانیشتووە وتویەتی: بێگومان

خوا -محمد-ی بە حەق ڕەوانە كردووە و قورئانی بۆ ناردووە، لەوەی كە خوا ناردبوویە سەری ئایەتی بەردە باران كردنی [داوێن پیس] بوو خوێند بوومانەوە ولێی حاڵی بووبوین‌و تێی گەشتبووین، پێغەمبەر (ﷺ) خۆی [پیاو و ژنی] داوێن پیسی بەرد باران كردوە و ئێمەیش پاش ئەو كردومانە، ئەترسم لەوەی گەر ڕۆژگار بە خەڵكی تێپەڕ بكات و درێژ بكێشێت كەسی ئەو تۆیان لێ‌ڕاست بێتەوە و بڵێ: لەنامەی خوای باڵادەستا بەردە باران كردنی تیا نیە ئینجا سەریان لێ‌بشێوێت و گومڕابن بەوازهێنان لە حوكمێك كە خوا دای بەزاندوە، بەڕاستی بەردەباران كردن لە قورئاندا حەقێكی‌نەگۆڕە لەسەر كەسێك كە زینای كردبێت، ئەگەر ژنی شووكردو یان پیاوی ژن هاوردو بێت بەو مەرجەی [چوار] شایەت هەبێت، یان سك پڕبوون، یان دان پیانان.

(٣) سزای كەسێك دان بنێ بە زینادا

٩٩٤- عن جَابِرِ بْنَ سَمُرَةَ (ﷺ) قَالَ: أُتِيَ رَسُولُ (ﷺ) بِرَجُلٍ قَصِيرٍ أَشْعَثَ ذِي عَضَلَاتٍ، عَلَيْهِ إِزَارٌ، وَقَدْ زَنَى، فَرَدَّهُ مَرَّتَيْنِ، ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَرُجِمَ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((كُلَّمَا نَفَرْنَا غَازِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ تَخَلَّفَ أَحَدُكُمْ يَنِبُّ نَبِيبَ التَّيْسِ، يَمْنَحُ إِحْدَاهُنَّ الْكُثْبَةَ، إِنَّ اللَّهَ لَا يُمْكِنِّي مِنْ أَحَدٍ مِنْهُمْ إِلَّا جَعَلْتُهُ نَكَالًا. أَوْ: نَكَّلْتُهُ)). قَالَ: فَحَدَّثْتُهُ سَعِيدَ بْنَ جُبَيْرٍ فَقَالَ: إِنَّهُ رَدَّهُ أَرْبَعَ مَرَّاتٍ. وَفِي رواية: فَرَدَّهُ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا.

(جابر)ی كوڕی (سمرة)ە دەڵێ: پیاوێكی كورتە باڵای سەروقژ ئاڵۆسكاوی بەهێز و بازوویان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) كە كراسێكی لەبەردابوو، زینای كردبوو، تا دوو جاریش پێغەمبەر (ﷺ) هەر گەڕانیەوە [بەڵام كابرا هەر دەیویست پاك بێتەوە] پاشان پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی كرد و بەردباران كرا، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((وا دەبێت هەر جارێك ئێمە دەرچووین بجەنگین لە ڕێگەی خوادا یەكێك لە ئێوە خۆی دەگرێتە دواوە، ئەپرمێنێ وەك پرمەی سابرین، شتێكی كەم بە ئەندازەی ژەمێك شیر دەدات بە یەكێك لەو ئافرەتانە، ئەگەر خوا دەستم بدات بەسەر یەكێكیاندا دەبێ بیكەم بەپەند بۆ خەلكی تر، یا پەندی دادەم))

(٤) بەردبارانكردنی زیناكەر دوای چوار جار دان پیانانی خۆی

٩٩٥- عَنْ بُرَيْدَةَ (ﷺ): أَنَّ مَاعِزَ بْنَ مَالِكٍ الْأَسْلَمِيَّ أَتَى رَسُولَ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّه، إِنِّي قَدْ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَزَنَيْتُ، وَإِنِّي أُرِيدُ أَنْ تُطَهِّرَنِي. فَرَدَّهُ، فَلَمَّا كَانَ مِنَ الْغَدِ أَتَاهُ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي قَدْ زَنَيْتُ، فَرَدَّهُ الثَّانِيَةَ: فَأَرْسَلَ رَسُولُ الله (ﷺ) إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ: ((أَتَعْلَمُونَ بِعَقْلِهِ بَأْسًا؟ تُنْكِرُونَ مِنْهُ شَيْئًا)). فَقَالُوا: مَا نَعْلَمُهُ إِلَّا وَفِيَّ الْعَقْلِ مِنْ صَالِحِينَا فِيمَا نُرَى. فَأَتَاهُ الثَّالِثَةَ: فَأَرْسَلَ إِلَيْهِمْ أَيْضًا فَسَأَلَ عَنْهُ، فَأَخْبَرُوهُ أَنَّهُ لَا بَأْسَ بِهِ وَلَا بِعَقْلِهِ، فَلَمَّا كَانَ الرَّابِعَةَ حَفَرَ لَهُ حُفْرَةً، ثُمَّ أَمَرَ بِهِ فَرُجِمَ. قَالَ: فَجَاءَتِ الْغَامِدِيَّةُ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي قَدْ زَنَيْتُ فَطَهِّرْنِي. وَإِنَّهُ رَدَّهَا. فَلَمَّا كَانَ الْغَدُ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لِمَ تَرُدُّنِي؟ لَعَلَّكَ أَنْ تَرُدَّنِي كَمَا رَدَدْتَ مَاعِزًا، فَوَاللَّهِ إِنِّي لَحُبْلَى. قَالَ: ((إِمَّا لَا فَاذْهَبِي حَتَّى تَلِدِي)). قَالَ: فَلَمَّا وَلَدَتْ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي خِرْقَةٍ قَالَتْ: هَذَا قَدْ وَلَدْتُهُ، قَالَ: ((اذْهَبِي فَأَرْضِعِيهِ حَتَّى تَفْطِمِيهِ)). فَلَمَّا فَطَمَتْهُ أَتَتْهُ بِالصَّبِيِّ فِي يَدِهِ كِسْرَةُ خُبْزٍ، فَقَالَتْ: هَذَا يَا نَبِيَّ اللَّهِ قَدْ فَطَمْتُهُ، وَقَدْ أَكَلَ الطَّعَامَ، فَدَفَعَ الصَّبِيَّ إِلَى رَجُلٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَحُفِرَ لَهَا إِلَى صَدْرِهَا، وَأَمَرَ النَّاسَ فَرَجَمُوهَا، فَيُقْبِلُ خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ بِحَجَرٍ فَرَمَى رَأْسَهَا، فَتَنَضَّحَ الدَّمُ عَلَى وَجْهِ خَالِدٍ، فَسَبَّهَا، فَسَمِعَ نَبِيُّ اللهِ (ﷺ) سَبَّهُ إِيَّاهَا فَقَالَ: ((مَهْلًا يَا خَالِدُ، فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَدْ تَابَتْ تَوْبَةً لَوْ تَابَهَا صَاحِبُ مَكْسٍ لَغُفِرَ لَهُ)). ثُمَّ أَمَرَ بِهَا فَصَلَّى عَلَيْهَا وَدُفِنَتْ.

لە(بریدە)ەوە دەگێڕنەوە كە پیاوێك بە ناوی (ماعز)ی كوڕی (مالك)ی (الاسلمی) هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، من ستەمم لە خۆم كردوە و زینام كردوە، ئەمەوێت پاكم كەیتەوە }لەو تاوانە{. پێغەمبەریش (ﷺ) گەڕاندیەوە، لە ڕۆژی دوایدا سەر لەبەیانی هاتەوەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بەڕاستی من زینام كردوە. ئەمجارەیشیان هەر گەڕانیەوە پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بۆلای كەس و كار و هۆزەكەی فەرمووی: ((ئایا لە عەقڵیدا هیچ عەیبێك ئەبینن، شتێكی وای لێبەدی دەكەن كە حەزی پێ نەكەن؟)) وتیان: نەخێر وای نازانین كە وابێت بەڵكو بەپیاوێكی عاقڵ و تەواوی دەزانین لە پیاو باشانی خۆمان دێتە پێش چاومان. بۆ جاری سێهەم هاتەوە بۆلای و، پاشان هەم دیسان ناردیەوە بۆلایان پرسیاری لێكردن دەربارەی، ئەوانیش دیسان خەبەریان پێدایەوە كە هیچ شك نابەین نەلە خۆی و نەلە

عەقڵیدا. كە جاری چوارەم هاتەوە چاڵێكی بۆ هەڵ كەنراو، پاشان فەرمانیدا بەرد بارانیان كرد. دەڵێ: ئینجا ئافرەتێكی هۆزی (غامیدی) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من زینام كردوە پاكم كەرەوە. دیسان ئەمیشی گەڕاندەوە، بۆ ڕۆژی دوایی هاتەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا بۆ دەمگەڕێنیتەوە؟ ڕەنگە بتەوێت وەك چۆن (ماعز)ت گەڕاندەوە منیش بگەڕێنیتەوە دەبەخوا من سكم پڕە فەرمووی: ((دەهەر نا كەواتە بڕۆتا منداڵەكەت دەبێت)) دەڵێ: كاتێك منداڵەكەی بوو هاتەوە بۆ لای منالەكەی مەلۆتكە كردبوو لە پارچە پەڕۆیەكدا. وتی: ئەمە منداڵەكەیە وابوومە، فەرمووی: ((دەبڕۆ شیری پێبدە تالە شیر دەیبڕیتەوە)). كاتێ لە شیری بڕیەوە بە منداڵەكەوە هاتەوە بۆ خزمەتی منداڵەكە پارچە نانێكی بەدەستەوە بوو، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە منداڵەكەیە وا لە شیر بڕیومەتەوە و نانەخۆرەیش بووە. ئیتر منداڵەكە دەداتە دەست پیاوێك لە موسڵمانەكان، پاشان فەرمان ئەكات چاڵێكی بۆ هەڵدەكەنرێت تا سەر سینگی، ئینجا فەرمانی كرد بە خەڵكی ڕەجمیان كرد ئا لەو كاتەدا خالدی كوڕی ولید بەردێكی تێدەگرێت دەیدا بەسەریدا و خوێن فیشقە دەكات بەسەروچاوی (خالد)دا، ئەویش جنێوی پێدەدات، پێغەمبەریش (ﷺ) گوێی لەجنێوەكەی دەبێت كە پێی دەدات و دەفەرموێت: هێور و لەسەر خۆ بە ئەی (خالد) سوێندبێت بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ئەم ئافرەتە تەوبەیەكی كرد ئەگەر پیاوی باجگریش ئەو تەوبەی بكردایە خوا لێی خۆش دەبوو، پاشان فەرمانی پێكرد نوێژی لەسەركرد و شاردیانەوە.

(٥) بەردباران كردنی جوولەكەی ژێر سایەی ئیسلام (أهل الذمة)

٩٩٦ـ عن عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) أُتِيَ بِيَهُودِيٍّ وَيَهُودِيَّةٍ قَدْ زَنَيَا، فَانْطَلَقَ رَسُولُ (ﷺ) حَتَّى جَاءَ يَهُودَ، فَقَالَ: ((مَا تَجِدُونَ فِي التَّوْرَاةِ عَلَى مَنْ زَنَى)). قَالُوا: نُسَوِّدُ وُجُوهَهُمَا وَنُحَمِّلُهُمَا، وَنُخَالِفُ بَيْنَ وُجُوهِهِمَا، وَيُطَافُ بِهِمَا. قَالَ: ((فَأْتُوا بِالتَّوْرَاةِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ)). فَجَاءُوا بِهَا فَقَرَءُوهَا، حَتَّى إِذَا مَرُّوا بِآيَةِ الرَّجْمِ وَضَعَ الْفَتَى الَّذِي يَقْرَأُ يَدَهُ عَلَى آيَةِ الرَّجْمِ، وَقَرَأَ مَا بَيْنَ يَدَيْهَا وَمَا وَرَاءَهَا، فَقَالَ لَهُ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلَامٍ وَهُوَ مَعَ رَسُولِ (ﷺ): مُرْهُ فَلْيَرْفَعْ يَدَهُ. فَرَفَعَهَا فَإِذَا تَحْتَهَا آيَةُ الرَّجْمِ، فَأَمَرَ بِهِمَا رَسُولُ (ﷺ) فَرُجِمَا، قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ

عُمَرَ (ﷺ): كُنْتُ فِيمَنْ رَجَمَهُمَا، فَلَقَدْ رَأَيْتُهُ يَقِيهَا مِنَ الْحِجَارَةِ بِنَفْسِهِ. [بخاري/ المناقب/ ٣٤٣٦]

لە(عبدالله)ی كوڕی (عمر)ەوە دەگێڕنەوە: كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پیاوو ژنێكی جولەكەیان هێنایە خزمەتی كە زینایان كردبوو، پێغەمبەریش (ﷺ) لێی‌دا ڕۆیشت تا هاتە لای جوولەكەكان فەرمووی: ((چی لە تەوراتدا ئەبینن دەربارەی كەسێك زینا بكات)). ئەوانیش وتیان: دەموچاوی هەردووكیان ڕەش دەكەین و هەردوكیان بەروپشت سواری حوشترێكیان دەكەین و ئەیان گەڕێنین. فەرمووی: ((دە تەورات بێنن ئەگەر ڕاست دەكەن)). ئەوانیش هێنایان و خوێندیانەوە، تا كاتێ ڕابوردن بەسەر ئایەتی بەردباران كردندا، ئەم سەر و ئەوسەری ئایەتەكەی دەخوێندەوە لەو كاتەدا (عبدالله)ی كوڕی (سلام)كە لەگەڵ پێغەمبەرابوو (ﷺ) وتی: پێی بڵێ با دەستی بەرزبكاتەوە. ئەویش كاتێ دەستی بەرز كردەوە دەبینن ئایەتی بەرد باران كردن لەژێر دەستیدایە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە هەردووكیان كرد، هەردووكیان بەردباران كران، (عبدالله)ی كوڕی (عمر) دەڵێ: من خۆم یەكێك بووم لەوانەی بەرد بارانیان كردن، بینیم پیاوەكە خۆی ئەدایە بەر بەردەكان و ژنەكەی ئەپاراست.

(٨) ڕێگری لە تكاكردن لە سزا شەرعیەكاندا

٩٩٧- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ)، زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ قُرَيْشًا أَهَمَّهُمْ شَأْنُ الْمَرْأَةِ الَّتِي سَرَقَتْ فِي عَهْدِ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي غَزْوَةِ الْفَتْحِ، فَقَالُوا: مَنْ يُكَلِّمُ فِيهَا رَسُولَ (ﷺ)؟ فَقَالُوا: وَمَنْ يَجْتَرِئُ عَلَيْهِ إِلَّا أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ حِبُّ رَسُولِ (ﷺ). فَأُتِيَ بِهَا رَسُولُ اللهِ (ﷺ) فَكَلَّمَهُ فِيهَا أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ، فَتَلَوَّنَ وَجْهُ رَسُولِ (ﷺ) فَقَالَ: ((أَتَشْفَعُ فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللَّهِ)). فَقَالَ: [لَهُ] أُسَامَةُ: اسْتَغْفِرْ لِي يَا رَسُولَ اللَّهِ فَلَمَّا كَانَ الْعَشِيُّ قَامَ رَسُولُ (ﷺ) فَاخْتَطَبَ، فَأَثْنَى عَلَى اللَّهِ [تعالى] بِمَا هُوَ أَهْلُهُ ثُمَّ قَالَ: ((أَمَّا بَعْدُ، فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ: أَنَّهُمْ كَانُوا إِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الشَّرِيفُ تَرَكُوهُ، وَإِذَا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعِيفُ أَقَامُوا عَلَيْهِ الْحَدَّ، وَإِنِّي وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتْ لَقَطَعْتُ يَدَهَا)). ثُمَّ أَمَرَ بِتِلْكَ الْمَرْأَةِ الَّتِي سَرَقَتْ فَقُطِعَتْ يَدُهَا، قَالَتْ عَائِشَةُ (ﷺ): فَحَسُنَتْ تَوْبَتُهَا بَعْدُ، وَتَزَوَّجَتْ، وَكَانَتْ تَأْتِينِي بَعْدَ ذَلِكَ فَأَرْفَعُ حَاجَتَهَا إِلَى رَسُولِ (ﷺ). [بخاري/ المغازي/ ٤٠٥٣]

لــەـ(عائــشة)ەوە، خێزانــی پێغەمبــەر (ﷺ) دەگێڕنــەوە: کــە هــۆزی (قــورەیش)مەســەلەی ئــەو ژنــە (مخزومیــة)ی کــە دزی کــرد بــوو لەســەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) زۆر نیگەران وبێتاقەتی کرد بوون، کە ئەمەیش لەکاتی گرتنی شاری مەکەدا بوو لەناو خۆیاندا وتیان: کێ بێت بتوانێت قسەی تیابکات لە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)؟ ئینجا وتیان: جا کێ بێ بتوانێت بوێرێ وا بکات لە خزمەتیدا مەگەر (أسامة)ی کوڕی (زید) نەبێت، خۆشەویستی پێغەمبەری خوایە، ئینجا ئەو ژنەیان هێنایە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) ئوسامەش چووە خزمەتی و قسەی لەسەر کرد، پێغەمبەر (ﷺ) ڕەنگ و ڕووی تێك چوو فەرمووی: ((ئایا بۆ لابردنی سزایەك لە سزاکانی خوا تکا دەکەیت؟)). (أسامە) وتی: جا کاتێ شەوداهات پێغەمبەر (ﷺ) هەستا وتارێکی فەرموو: ((لەڕاستیدا میللەتانی پێش ئێوە تەنها بەوە تیاچوون: ئەگەر پیاو ماقوڵێك لەناویاندا دزی بکردایە وازیان لێدەهێنا. بەڵام کاتێ کەسێکی گەدا و بێکەس دزی بکردایە سزایان بەسەردا جێبەجێ دەکرد. بەڵام سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر (فاطمة)ی کچی (محمد) دزی بکات دەستی دەبڕم)). (عائشة) دەڵێ: ئەو ئافرەتە ئیتر لەوەولا تەوبەیەکی جوانی کرد و شویشی کرد. لە دوای ئەوەوە ئەهات بۆ لام سەردانی دەکردم ئەگەر پێویستیەکی بوایە بەرزم دەکردەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).

سزای مەی خواردنەوە

(٩) سزای مە یخۆر چەند دارە؟

٩٩٨ـ عن حُضَيْنُ بْنُ الْمُنْذِرِ أَبُو سَاسَانَ قَالَ: شَهِدْتُ عُثْمَانَ [بْنَ عَفَّانَ] (ﷺ) وَأُتِيَ بِالْوَلِيدِ قَدْ صَلَّى الصُّبْحَ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ قَالَ: أَزِيدُكُمْ؟ فَشَهِدَ عَلَيْهِ رَجُلَانِ – أَحَدُهُمَا حُمْرَانُ– أَنَّهُ شَرِبَ الْخَمْرَ، وَشَهِدَ آخَرُ أَنَّهُ رَآهُ يَتَقَيَّأُ، فَقَالَ عُثْمَانُ: إِنَّهُ لَمْ يَتَقَيَّأْ حَتَّى شَرِبَهَا، فَقَالَ: يَا عَلِيُّ قُمْ فَاجْلِدْهُ، فَقَالَ عَلِيٌّ: قُمْ يَا حَسَنُ فَاجْلِدْهُ، فَقَالَ الْحَسَنُ: وَلِّ حَارَّهَا مَنْ تَوَلَّى قَارَّهَا. فَكَأَنَّهُ وَجَدَ عَلَيْهِ، فَقَالَ: يَا عَبْدَ اللَّهِ بْنَ جَعْفَرٍ قُمْ فَاجْلِدْهُ، فَجَلَدَهُ وَعَلِيٌّ (ﷺ) يَعُدُّ، حَتَّى بَلَغَ أَرْبَعِينَ، فَقَالَ: أَمْسِكْ، ثُمَّ قَالَ جَلَدَ النَّبِيُّ (ﷺ) أَرْبَعِينَ، وَجَلَدَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ) أَرْبَعِينَ، وَعُمَرُ (ﷺ) ثَمَانِينَ، وَكُلٌّ سُنَّةٌ، وَهَذَا أَحَبُّ إِلَيَّ.

(حضین)ی کوڕی (منذر أبو ساسان) دەڵێ: لەلای (عثمان)ی کوڕی (عفان) بووم کاتێك (ولید)یان هێنایە لای کە دووڕکات نوێژی بەیانی کردبوو پاشان وتبووی: بۆتان زیاد کەم؟ ئینجا دوو پیاو یەکێکیان (حمران) بوو شایەتیان لەسەردا کە عەرەقی خواردۆتەوە، ئەوی دیکەیشیان شایەتی لەسەردا کە بینیویێتی ئەڕشایەوە، (عثمان) وتی: تا نەخواتەوە ناڕشێتەوە پاشان وتی: ئەی (علي) هەستە دارکاریی بکە، ئەویش وتی: ئەی (حسن) تۆ هەستە دارکاریی بکە، (حسن)یش وتی: گەرمییەکەی بدە بەوەی فێنکیەکەی نۆش دەکات وەك ئەوەی حەزی پێنەکات، ئینجا وتی: ئەی (عبدالله)ی کوڕی (جعفر) تۆ هەستە دارکاریی بکە. ئەویش هەستا دارکاریی کرد، (علی)یش دەیژمارد، تا گەیشتە چل، وتی: دەسبگرەوە، پاشان وتی: پێغەمبەر (ﷺ) چل داری داوە [لە عەرەق خۆر] و (أبو بکر)یش چل و (عمر) هەشتا، هەر هەموویشی سوونەتە، من خۆم ئەمەیانم پێ خۆشترە [واتا چل دارەکە].

٩٩٩- عَنْ عَلِيٍ (ﷺ) قَالَ: مَا كُنْتُ أُقِيمُ عَلَى أَحَدٍ حَدًّا، فَيَمُوتَ فِيهِ، فَأَجِدَ مِنْهُ فِي نَفْسِي إِلَّا صَاحِبَ الْخَمْرِ، لِأَنَّهُ إِنْ مَاتَ وَدَيْتُهُ، لِأَنَّ رَسُولَ (ﷺ) لَمْ يَسُنَّهُ. [بخاري/ الحدود/ ٦٣٩٦]

لە(علي)یەوە (ﷺ) وتوویەتی من هیچ کاتێك نییە سزایەکی شەرعی بەسەر کەسێکدا جێبەجێ بکەم و لەژێر دەستمدا بمرێت و لەسەر دڵما ببێت بەگرێ و تووشی دڵەڕاوکێم بکات جگە لە عەرەق خۆر نەبێت، ئەگەر لەژێر دەستمدا بمرێت خوێنەکەی دەدەم چونکە پێغەمبەر (ﷺ) سزایەکی شەرعی دیاری بۆ دانەناوە.

(١٠) دارکاریی بۆ تەمێکردن (التعزیر)

١٠٠٠- عَنْ أَبِي بُرْدَةَ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا يُجْلَدُ أَحَدٌ فَوْقَ عَشَرَةِ أَسْوَاطٍ، إِلَّا فِي حَدٍّ مِنْ حُدُودِ اللهِ)).

لە(أبو هریرة)ی (الانصاری)یەوە کە لە پێغەمبەری (ﷺ) بیستووە دەیفەرموو: ((لە دەقامچی بەرەو زوور تر لە هیچ کەس نادرێت مەگەر لە سنورێك لە سنورەکانی خوادا نەبێت.

(١١) سزای شەرعی سڕینەوەی تاوانە

١٠٠١ـ عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ) قَالَ: أَخَذَ عَلَيْنَا رَسُولُ (ﷺ) كَمَا أَخَذَ عَلَى النِّسَاءِ: أَنْ لَا نُشْرِكَ بِاللَّهِ شَيْئًا، وَلَا نَسْرِقَ، وَلَا نَزْنِيَ، وَلَا نَقْتُلَ أَوْلَادَنَا، وَلَا يَعْضَهَ بَعْضُنَا بَعْضًا. ((فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ أَتَى مِنْكُمْ حَدًّا فَأُقِيمَ عَلَيْهِ فَهُوَ كَفَّارَتُهُ، وَمَنْ سَتَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ فَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ: إِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ، وَإِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ)). [بخاري/ الإيمان/ ١٨]

(عبادة)ی کوڕی (صامت) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پەیمانی لە ئێمەیش وەرگرت هەر وەك چۆن پەیمانی لە ئافرەتان وەرگرت: کە هیچ شتێك نەکەین بە هاوەڵ بۆ خوا، دزی نەکەین، داوێن پیسی نەکەین، منداڵەکانمان نەکوژین، درۆ و بوختان بۆ یەکتری نەکەین، ((جا هەر کەس لە ئێوە ئەم بەڵێنانەی بردە سەر ئەوە پاداشتی لەسەر خوایە، هەر کەسیش لە ئێوە تاوانێك ئەنجام بدات و سزا بدرێت ئەوە ئەبێتە مایەی سڕینەوەی تاوانەکەی. و هەرکەسیش خوا بۆی بپۆشێت و ئاشکرای نەکات ئەوە حەواڵەی خوا ئەکرێت ئەگەر ویستی سزای دەدات و ئەگەر ویستیشی لێی خۆش دەبێت)).

(٣٠) بەشی دادگایی و شایەتی

(١) داوەریی بەڕواڵەت دەکرێت

١٠٠٢ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رضي الله عنها)، زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) سَمِعَ جَلَبَةَ خَصْمٍ بِبَابِ حُجْرَتِهِ، فَخَرَجَ إِلَيْهِمْ، فَقَالَ: ((إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ، وَإِنَّهُ يَأْتِينِي الْخَصْمُ، فَلَعَلَّ بَعْضَهُمْ أَنْ يَكُونَ أَبْلَغَ مِنْ بَعْضٍ، فَأَحْسِبُ أَنَّهُ صَادِقٌ فَأَقْضِي لَهُ، فَمَنْ قَضَيْتُ لَهُ بِحَقِّ مُسْلِمٍ فَإِنَّمَا هِيَ قِطْعَةٌ مِنَ النَّارِ، فَلْيَحْمِلْهَا أَوْ يَذَرْهَا)). [بخاري/ المظالم/ ٢٣٢٦]

لە(أم سلمة)ەوە، خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) کە پێغەمبەر (ﷺ) گوێی لە قرەقرِی چەند کەسێکی ناکۆك بوو لە بەردەرگای ژوورەکەیدا، ئەویش هاتە دەرەوە بۆلایان و فەرمووی: ((دڵنیابن منیش هەر مرۆڤم کەسانی ناکۆك و کێشەدار دێن بۆلام، ڕەنگە هەندێکیان زمان پاراوتربن لە هەندێکیان، منیش بەڕاست گۆی بزانم و ماف بدەم بەو، جا هەرکەس بڕیارم بۆ داو مافی موسڵمانێکم دایێ ئەوە بادڵنیابێت کە من پارچەیەك لە ئاگری بۆ بڕیار دەدەم، دەبا هەڵی بگرێت یا وازی لێبێنێت)).

(٢) لاساری سەرسەخت

١٠٠٣ـ عَنْ عَائِشَةَ (رضي الله عنها) قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((إِنَّ أَبْغَضَ الرِّجَالِ إِلَى اللَّهِ الْأَلَدُّ الْخَصِمُ)). [بخاري/ المظالم/ ٢٣٢٥]

(عائشة) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((بێگومانم لەو پیاوانەی کە خوا لە هەموو پیاوێکی دیکە زیاتر ڕقی لێیانە، ئەو پیاوانەن کە لە هەمووان زیاتر لاسار و سەرسەختن.

(٣) سوێندانی داوا لەسەرکراو (المدعى عليه)

١٠٠٤ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((لَوْ يُعْطَى النَّاسُ بِدَعْوَاهُمْ لَادَّعَى نَاسٌ دِمَاءَ رِجَالٍ وَأَمْوَالَهُمْ، وَلَكِنَّ الْيَمِينَ عَلَى الْمُدَّعَى عَلَيْهِ)). [بخاري/ التفسير/ ٤٢٧٧]

لە(ابن عباس)ەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەگەر خەڵکی بەپێی داوای خۆیان بیاندرێتێ ئەوا کەسانی ئەو تۆ هەن لافی سامان و خوێنی کەسانێکی دیکە لێدەدەن [بە ناحەق] بەڵام سوێند لەسەرداوا لەسەر کراوە)).

(٤) دادگايى كردن بەسوێند و شايەت

١٠٠٥ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَضَى بِيَمِينٍ وَشَاهِدٍ.

(أبن عباس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) بە سوێندێك و شايەتێك دادگايى كردووە.

(٥) دادوەرنابێت دادوەرى بكات ئەگەر تووڕە بوو

١٠٠٦ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي بَكْرَةَ قَالَ: كَتَبَ أَبِي وَكَتَبْتُ لَهُ إِلَى عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ أَبِي بَكْرَةَ، وَهُوَ قَاضٍ بِسِجِسْتَانَ: أَنْ لَا تَحْكُمَ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَأَنْتَ غَضْبَانُ، فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا يَحْكُمْ أَحَدٌ بَيْنَ اثْنَيْنِ وَهُوَ غَضْبَانُ)). [بخاري/ الأحكام/ ٦٧٣٩]

(عبدالرحمن)ى كوڕى (ابو بكرة)دەڵێ: باوكم نامەى نووسى كەمن بۆم نووسى بۆ (عبيدالله ى كوڕى ابو بكره) قازى سجستان: لەكاتى توڕەييدا دادگايى دوو كەس مە كە چونكە من لە پێغەمبەرم (ﷺ) بيستووە فەرموويەتى: ((با كەس دادگايى دوو كەس نەكات ئەگەر تووڕە بوو)).

(٦) پاداشتى ئيجتهادى دادوەر بپێكێ يان نەيپێكێ

١٠٠٧ـ عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ (ﷺ) يقول: ((إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ فَلَهُ أَجْرٌ)).

(عمرو)ى كوڕى (عاص)(ﷺ) دەڵێ: لە پێغەمبەرم (ﷺ) بيستووە كە دەيفەرموو: ((ئەگەر دادوەر دادگايى كرد وتێكۆشا [بۆ دۆزينەوەى ڕاستى] پاشان پێكاى ئەوە دوو پاداشتى بۆ هەيە، بەڵام ئەگەر دادگايى كردو تێكۆشا و پاشان هەڵەى كرد ئەوە يەك پاداشتى بۆ هەيە)).

(٧) جياوازيى موجتەهيدەكان

١٠٠٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((بَيْنَمَا امْرَأَتَانِ مَعَهُمَا ابْنَاهُمَا جَاءَ الذِّئْبُ فَذَهَبَ بِابْنِ إِحْدَاهُمَا، فَقَالَتْ هَذِهِ لِصَاحِبَتِهَا: إِنَّمَا ذَهَبَ بِابْنِكِ أَنْتِ، وَقَالَتِ الْأُخْرَى: إِنَّمَا ذَهَبَ بِابْنِكِ، فَتَحَاكَمَتَا إِلَى دَاوُدَ فَقَضَى بِهِ لِلْكُبْرَى، فَخَرَجَتَا عَلَى سُلَيْمَانَ ابْنِ دَاوُدَ عَلَيْهِمَا السَّلَام فَأَخْبَرَتَاهُ، فَقَالَ: ائْتُونِي بِالسِّكِّينِ أَشُقُّهُ بَيْنَكُمَا، فَقَالَتِ الصُّغْرَى: لَا، يَرْحَمُكَ اللَّهُ، هُوَ ابْنُهَا. فَقَضَى بِهِ لِلصُّغْرَى)). قَالَ: قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: وَاللَّهِ إِنْ سَمِعْتُ بِالسِّكِّينِ قَطُّ إِلَّا يَوْمَئِذٍ، مَا كُنَّا نَقُولُ إِلَّا الْمُدْيَةَ.

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لەکاتێکدا دوو ژن کە هەریەکەیان کوڕێکی خۆیی لەگەڵ دەبێت گورگێك هات و کوڕی یەکێکیانی برد، ئەمەیان [کە کوڕەکەی براوە] بەوی تریانی وت: کوڕەکەی تۆی بردوە، ئەویش وتی: نەخێر کوڕەکەی تۆی بردوە، ئەویش وتی: نەخێر کوڕەکەی تۆی بردوە، ئینجا هەردووکیان کێشەکەیان بردە لای داود ئەویش منداڵەکەی دابە ژنە گەورەکەیان، ئینجا هەردووکیان چوون بۆ خزمەت (سليمان)ی کوڕی (داود) (عليه السلام) و بەسەرهاتی خۆیانیان بۆ گێڕایەوە، ئەویش فەرمووی: ((چەقۆیەکم بۆبێنن تا [ئەم منداڵەی کە ماوە] بیکەم بە دوو کەرتەوە لە نێوانتانا، ژنە بچکۆلەکە وتی: نەء، خوا رەحمت پێ بکا، ئەوە کوڕی ئەوە. ئیتر بڕیاری دا کە منداڵەکە بۆ ژنە بچوکەکە بێت)). دەڵێ: (أبو هريره) وتی: بەخوا ئەو ڕۆژە نەبێت نەمبیستووە کە بەچەقۆ [بە زمانی عەرەبی] بووترێت (سكين) ئێمە هەردەمان ووت: (مُدية).

(٨) دادوەر ناکۆکی لا دەبات

١٠٠٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((اشْتَرَى رَجُلٌ مِنْ رَجُلٍ عَقَارًا لَهُ، فَوَجَدَ الرَّجُلُ الَّذِي اشْتَرَى الْعَقَارَ فِي عَقَارِهِ جَرَّةً فِيهَا ذَهَبٌ، فَقَالَ لَهُ الَّذِي اشْتَرَى الْعَقَارَ: خُذْ ذَهَبَكَ مِنِّي، إِنَّمَا اشْتَرَيْتُ مِنْكَ الْأَرْضَ وَلَمْ أَبْتَعْ مِنْكَ الذَّهَبَ، فَقَالَ الَّذِي شَرَى الْأَرْضَ: إِنَّمَا بِعْتُكَ الْأَرْضَ وَمَا فِيهَا قَالَ: فَتَحَاكَمَا إِلَى رَجُلٍ، فَقَالَ الَّذِي تَحَاكَمَا إِلَيْهِ: أَلَكُمَا وَلَدٌ؟ فَقَالَ أَحَدُهُمَا: لِي غُلَامٌ، وَقَالَ الْآخَرُ: لِي جَارِيَةٌ، قَالَ: أَنْكِحُوا الْغُلَامَ الْجَارِيَةَ، وَأَنْفِقُوا عَلَى أَنْفُسِكُمَا مِنْهُ وَتَصَدَّقَا)).

لە(أبو هريرة)وە(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((پیاوێك زەویەکی لە پیاوێکی تر کڕی، لەزەویەکەدا کوپەیەك ئاڵتونی دۆزیەوە، ئەو پیاوەی زەویەکەی کڕی بوو بە فرۆشیارەکەی وت: وەرە ئاڵتوونەکەت بەرەوە چونکە من تەنها زەویەکەم لێکڕیوی نەك ئاڵتوون فرۆشیارەکەیش وتی: من زەوییەکە و ئەوەی کە تێیدایە پێم فرۆشتووی، ئینجا دێن بۆلای پیاوێك تا چارەیان بکات ئەویش پێیان دەڵێ: منداڵتان هەیە؟ یەکێکیان دەڵێت من کوڕێکم هەیە ئەوی تریشیان دەڵێت: منیش کچێکم هەیە، ئەویش دەڵێ: دە کچەکە بدەن بە کوڕەکە و لەو ماڵە خەرج کەن بۆ هەردوولاتان و خێریشی لێبکەن)).

١٠١٠- عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((أَلَا أُخْبِرُكُمْ بِخَيْرِ الشُّهَدَاءِ؟ الَّذِي يَأْتِي بِشَهَادَتِهِ قَبْلَ أَنْ يُسْأَلَهَا)).

لە(زید)ی کوڕی (خالد)ی (جهنی)یەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئایا پێتان بڵێم چاکترین شایەت کێیە؟ چاکترین شایەت ئەو کەسەیە کە شایەتیەکەی دەدات پێش ئەوەی داوای لێبکرێت)).

(٣١) بەشی هەڵگرتنەوەی شتی ونبوو

(١) حوکمی هەڵگرتنەوەی ونبوو

١٠١١. عن زَيْدَ بْنَ خَالِدٍ الْجُهَنِيَّ (ﷺ) صَاحِبَ رَسُولِ (ﷺ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ (ﷺ) عَنِ اللُّقَطَةِ: الذَّهَبِ أَوِ الْوَرِقِ؟ فَقَالَ: ((اعْرِفْ وِكَاءَهَا وَعِفَاصَهَا، ثُمَّ عَرِّفْهَا سَنَةً، فَإِنْ لَمْ تَعْرِفْ فَاسْتَنْفِقْهَا، وَلْتَكُنْ وَدِيعَةً عِنْدَكَ، فَإِنْ جَاءَ طَالِبُهَا يَوْمًا مِنَ الدَّهْرِ فَأَدِّهَا إِلَيْهِ)). وَسَأَلَهُ عَنْ ضَالَّةِ الإِبِلِ؟ فَقَالَ: ((مَا لَكَ وَلَهَا؟ دَعْهَا، فَإِنَّ مَعَهَا حِذَاءَهَا وَسِقَاءَهَا، تَرِدُ الْمَاءَ وَتَأْكُلُ الشَّجَرَ حَتَّى يَجِدَهَا رَبُّهَا)). وَسَأَلَهُ عَنِ الشَّاةِ؟ فَقَالَ: ((خُذْهَا، فَإِنَّمَا هِيَ لَكَ أَوْ لِأَخِيكَ أَوْ لِلذِّئْبِ)).

(زيد)ی کوڕی (خالد الجهنی)، هاوەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەڵێ: پرسیار لە پێغەمبەر (ﷺ) کرا سەبارەت بە هەڵگرتنەوەی شتی ون بوو: زێڕ یا زیو [مەبەست پارەیە]؟ ئەویش فەرمووی: ((سەیرکە بزانە دەمی توورەکەکەی بەچی بەستراوە و تورەکەکەیش چیە و چۆنە؟ پاشان تا ساڵێ جاڕی بۆ بدە، ئەگەر نەناسراو خاوەنی نەبوو خەرجی کە و ئەوە سپاردە بێت لای خۆت، جا ئەگەر خاوەنەکەی ڕۆژێ لە ڕۆژان هاتەوە بۆی بیدەرەوە)) ئینجا پرسیاری لێکرد سەبارەت بە حوشتری ون بوو؟ ئەویش فەرمووی: ((تۆ چیتە بەسەریەوە؟ وازی لێبێنە، پێڵاوی خۆی و جەوەندە ئاوی خۆیی پێیە خۆی دێتە سەر ئاو و درەخت دەخوا تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە)). ئینجا پرسیاری لێکرد دەربارەی مەڕ ومالاتی ون بوو؟ فەرمووی: ((بیگرە لای خۆت، چونکە یا بۆ تۆ دەبێت یا بۆ براکەت یا بۆ گورگ)).

(٢) دەربارەی هەڵگرتنەوەی شتی ونبووی حاجی } لەحەجدا {

١٠١٢ـ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عُثْمَانَ التَّيْمِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) نَهَى عَنْ لُقَطَةِ الْحَاجِّ.

لە(عبدالرحمن)ی کوڕی (عثمان)ی (التیمی)یەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ڕێگری کردووە لەوەی کە شتی ون بووی حاجی [لەحەجدا] هەڵبگیرێتەوە.

(٣) کەسێ ونبوویەك هەڵگرێتەوە ئەوە سەر لێشێواوە

١٠١٣ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((مَنْ آوَى ضَالَّةً فَهُوَ ضَالٌّ، مَا لَمْ يُعَرِّفْهَا)).

لە(زید)ی کوڕی (خالد)ی (جهنی)یەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی: ((هەر کەسێك شتێکی وون بوو هەڵگرێتەوە بۆ خۆی و جاڕی بۆ نەدات، ئەوە سەر لێشێواوە)).

(٤) ڕێگرکردن لە دۆشینی مەڕو ماڵاتی خەڵکی بەبێ ڕەزامەندی خۆیان

١٠١٤ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَحْلُبَنَّ أَحَدٌ مَاشِيَةَ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِهِ، أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ تُؤْتَى مَشْرُبَتُهُ فَتُكْسَرَ خِزَانَتُهُ، فَيُنْتَقَلَ طَعَامُهُ، إِنَّمَا تَخْزُنُ لَهُمْ ضُرُوعُ مَوَاشِيهِمْ أَطْعِمَتَهُمْ، فَلَا يَحْلُبَنَّ أَحَدٌ مَاشِيَةَ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذْنِهِ)).

(ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((با هیچ کەس مەڕ وماڵاتی هیچ کەس بەبێ ڕەزامەندی خۆی نەدۆشێت، ئایا کەسێك لە ئێوە پێــی خۆشــە بــچنە ژووری گەنجینەکــەی و گەنجینەکــەی بــشکێنرێت و خۆراکەکەی ببرێت، دە ئەوانیش گوانی مەڕو ماڵاتەکەیان، گەنجینەیە یانی خۆراکەکەیان بۆ هەڵدەگرێت، کەوابوو با هیچ کەس بێ ڕەزامەندی خاوەنەکەی مەڕ و ماڵاتی هیچ کەس نەدۆشێت)).

(٣٢) بەشی میوانداریی

(١) حوكمی كەسێك میوان ڕاگیر نەكات

١٠١٥ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّكَ تَبْعَثُنَا، فَنَنْزِلُ بِقَوْمٍ فَلَا يَقْرُونَنَا، فَمَا تَرَى؟ فَقَالَ لَنَا رَسُولُ الله (ﷺ): ((إِنْ نَزَلْتُمْ بِقَوْمٍ فَأَمَرُوا لَكُمْ بِمَا يَنْبَغِي لِلضَّيْفِ فَاقْبَلُوا، فَإِنْ لَمْ يَفْعَلُوا فَخُذُوا مِنْهُمْ حَقَّ الضَّيْفِ الَّذِي يَنْبَغِي لَهُمْ)).

(عقبە)ی كوڕی (عامر) دەڵێ: وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ }بەملاولاماندا{ دەنێریت، دێین بەسەر تیرەو هۆزی ئەو تۆدا كەچی میوانداریمان ناكەن، جا بەلاتەوە چۆنە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموین: ((ئەگەر دابەزین لەسەر تیرە و هۆزێك و میوانداریان كردن وەكو پێویست ئەوە ئێوەیش بچن بە دەمیانەوە، ئەگەر میوانداریشیان نەكردن و خوڵكیان نەكردن ئەوە ئەمەندەی كە پێویستە مافی میوانداری خۆتانیان لێوەرگرن }ئەگەر بەزۆریش بێت{)).

(٢) فەرمان بە میوانداریی

١٠١٦ـ عَنْ أَبِي شُرَيْحٍ الْخُزَاعِيِّ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((الضِّيَافَةُ ثَلَاثَةُ أَيَّامٍ، وَجَائِزَتُهُ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ، وَلَا يَحِلُّ لِرَجُلٍ مُسْلِمٍ أَنْ يُقِيمَ عِنْدَ أَخِيهِ حَتَّى يُؤْثِمَهُ)). قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ يُؤْثِمُهُ؟ قَالَ: ((يُقِيمُ عِنْدَهُ وَلَا شَيْءَ لَهُ يَقْرِيهِ بِهِ)).

لە(أبو شریح)ی (خزاعی)ییەوە دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((میوانداری سێ ڕۆژە، شەوو ڕۆژی یەكەم بایەخی زیاتری پێبدرێ، ڕەوانییە بۆ هیچ موسڵمانێك ئەمەندە لای برا موسڵمانەكەی بمێنێتەوە تاوەكو گوناهباری بكات. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا، چۆن گوناهباری دەكات؟ فەرمووی: ((لای بمێنێتەوە و هیچی وایش نەبێت میوانداری پێ بكات)).

(٣) دەربارەی دەست گرۆیی بەماڵی زیادە

١٠١٧ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ فِي سَفَرٍ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) إِذْ جَاءَ رَجُلٌ عَلَى رَاحِلَةٍ لَهُ، قَالَ: فَجَعَلَ يَصْرِفُ بَصَرَهُ يَمِينًا وَشِمَالًا، فَقَالَ

رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا ظَهْرَ لَهُ، وَمَنْ كَانَ لَهُ فَضْلٌ مِنْ زَادٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا زَادَ لَهُ)). قَالَ: فَذَكَرَ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ مَا ذَكَرَ، حَتَّى رَأَيْنَا أَنَّهُ لَا حَقَّ لِأَحَدٍ مِنَّا فِي فَضْلٍ.

(أبو سعيد)ی (الخدري)(ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا ئێمە لەسەفەرێکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بووین. ئەمەندەمان زانی پیاوێك بەسواری ووڵاغێکەوە هات، دەڵێ: کابرا هەر چاوە چاوی بوو بەلای ڕاست و چەپی خۆیدا ئەیڕوانی، لەو کاتەدا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس ولاخێکی سواری زیادەی هەیە با بیدات بە کەسێك کە پێی نیە، و هەر کەسێکیش توێشووی زیادەی پێیە با بیدات بە کەسێك پێی نیە)) دەڵێ: لە هەموو چەشنە ماڵێکی ئەوتۆی باس کرد کە ، تاوەکوو هاتینە سەر ئەو قەناعەتەی کە هیچ کام لە ئێمە مافی هەبوونی هیچ زیادەیەکی لە خۆی نەبێت)).

(٤) فەرمان کردن بە گرد کردنەوەی توێشووەکان لەکاتی تەنگانەدا

١٠١٨ـ عن إِيَاسُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فِي غَزْوَةٍ، فَأَصَابَنَا جَهْدٌ، حَتَّى هَمَمْنَا أَنْ نَنْحَرَ بَعْضَ ظَهْرِنَا، فَأَمَرَ نَبِيُّ (ﷺ) فَجَمَعْنَا مَزَاوِدَنَا، فَبَسَطْنَا لَهُ نِطَعًا. فَاجْتَمَعَ زَادُ الْقَوْمِ عَلَى النِّطَعِ، قَالَ: فَتَطَاوَلْتُ لِأَحْزِرَهُ كَمْ هُوَ؟ فَحَزَرْتُهُ كَرَبْضَةِ الْعَنْزِ، وَنَحْنُ أَرْبَعَ عَشْرَةَ مِائَةً، قَالَ: فَأَكَلْنَا حَتَّى شَبِعْنَا جَمِيعًا، ثُمَّ حَشَوْنَا جُرُبَنَا، فَقَالَ نَبِيُّ اللهِ (ﷺ): ((فَهَلْ مِنْ وَضُوءٍ)). قَالَ: فَجَاءَ رَجُلٌ بِإِدَاوَةٍ [لَهُ] فِيهَا نُطْفَةٌ، فَأَفْرَغَهَا فِي قَدَحٍ، فَتَوَضَّأْنَا كُلُّنَا نُدَغْفِقُهُ، دَغْفَقَةً أَرْبَعَ عَشْرَةَ مِائَةً، قَالَ: ثُمَّ جَاءَ بَعْدَ ذَلِكَ ثَمَانِيَةٌ، فَقَالُوا: هَلْ مِنْ طَهُورٍ؟ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((فَرِغَ الْوَضُوءُ)).

لە(أياس)ی کوڕی (سلمه)ەوە (ﷺ) ئەویش لە باوکیەوە، دەڵێ: لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) دەرچووین بۆ جەنگێك، تووشی برسێتی و فەلاکەتێك هاتین، تاوەکو خەریك بوو هەندێ لە ووڵاخی سواریەکانمان سەر بڕین، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمانی دەرکرد، ئێمەیش هەگبەی توێشووەکانمان کۆکردەوە و کەوڵێکمان }لە پێستی خۆشەکراو{ بۆڕاخست توێشووی خەڵکەکە لەسەر کەوڵەکە کۆکرایەوە دەڵێ: منیش خۆم درێژ کرد تا بزانم مەزەندەی بکەم چەندێك دەبێت؟ سەیرەکەم بەئەندازەی بزنێکە کە مۆڵگی خواردبێت. ئێمەیش هەزار و چوار صەد کەس بووین دەڵێ: کەچی هەر هەموویشمان تێرمان خوارد

و توێشە بەرەکانیشمان لێپڕکرد، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی ئاوی دەست نوێژ هەیە)) دەڵێ: پیاوێك لەولاوە بە جەوەندەیەکەوە هات کەمێك ئاوی تیا بوو ئەویش کردیە ناو دۆلکەیەکەوە، ئێمەیش دەستنوێژمان گرت هەر هەموو بە خوڕ لێمان دادەکرد کە ژمارەکەمان هەزار و چوارسەد کەس بوو، دەڵێ: پاش ئەوە هەشت کەس هاتن، ووتیان: ئاوی دەست نوێژماوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((ئاوی دەست نوێژ تەواو بوو)).

(٣٣) بەشى جيهاد

(١) لەبارەى فەرموودەى خواوە ((واگومان مەبەن ئەوانەى لەرێگەى خوادا کوژراون مردوون))

١٠١٩. عَنْ مَسْرُوقٍ قَالَ: سَأَلْنَا عَبْدَ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ هَذِهِ الْآيَةِ: ﴿وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتًا بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِمْ يُرْزَقُونَ﴾ [آل‌عمران:١٦٩]. قَالَ: أَمَا إِنَّا قَدْ سَأَلْنَا عَنْ ذَلِكَ، فَقَالَ: ((أَرْوَاحُهُمْ فِي جَوْفِ طَيْرٍ خُضْرٍ، لَهَا قَنَادِيلُ مُعَلَّقَةٌ بِالْعَرْشِ، تَسْرَحُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ شَاءَتْ، ثُمَّ تَأْوِي إِلَى تِلْكَ الْقَنَادِيلِ، فَاطَّلَعَ إِلَيْهِمْ رَبُّهُمُ اطِّلَاعَةً فَقَالَ: هَلْ تَشْتَهُونَ شَيْئًا؟ قَالُوا: أَيَّ شَيْءٍ نَشْتَهِي، وَنَحْنُ نَسْرَحُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ شِئْنَا؟ فَفَعَلَ ذَلِكَ بِهِمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، فَلَمَّا رَأَوْا أَنَّهُمْ لَنْ يُتْرَكُوا مِنْ أَنْ يُسْأَلُوا، قَالُوا: يَا رَبِّ، نُرِيدُ أَنْ تَرُدَّ أَرْوَاحَنَا فِي أَجْسَادِنَا، حَتَّى نُقْتَلَ فِي سَبِيلِكَ مَرَّةً أُخْرَى. فَلَمَّا رَأَى أَنْ لَيْسَ لَهُمْ حَاجَةٌ تُرِكُوا)).

(مسروق) دەڵێ: پرسیارمان لە (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)کرد دەربارەی ئەم ئایەتە کە ئەمە ماناکەیەتی ﴿گومان وامەبەن ئەوانەی کە لەرێگەی خوادا کوژراون مردوون بەڵکو زیندوون و لای پەروەردگاریان ڕۆزی دەدرێن﴾ ئەویش وتی: ئێمەش پرسیارمان لەپێغەمبەر (ﷺ) کرد ئەویش فەرمووی: ((گیانیان وا لەناو سکی باڵندەیەکی سەوزدا، خاوەنی چەند چرایەکی هەڵواسراو بە عەرشەوە، لەبەهەشتا چەندە بیانەوێ‌و بۆ هەرکوێ بیانەوێ دەگەڕێن پاشان دێنەوە بۆلای ئەو چرایانە، پەروەردگاریان تەماشایەکیان دەکات و دەفەرموێت: ((ئایا حەز لە هیچ دەکەن)) دەڵێن: حەز بەچی بکەین لە کاتێکدا ئێمە بەئارەزووی خۆمان بۆ کوێ بمانەوێ لەبەهەشتا دەگەڕێین؟ تا سێ جار ئەمەیان پێ دەفەرموێت، کاتێ دەبینن وازیان لێناهێنرێت تا داوای شتێك نەکەن، دەڵێن: پەروەردگار، داوات لێدەکەین کەجارێکی دیکە گیانمان بگەڕێتەوە بۆ لاشەمان تا جارێکیتر لە پێناوی تۆدا بکوژرێین کاتێ دەبینێ هیچ داوایەکیان نییە وازیان لێدەهێنرێت)).

(٢) دەرگاكانی بەهەشت لەژێر سێبەری شمشێرەكاندان

١٠٢٠ـ عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ قَيْسٍ، عَنْ أَبِيهِ قَالَ: سَمِعْتُ أَبِي وَهُوَ بِحَضْرَةِ الْعَدُوِّ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((إِنَّ أَبْوَابَ الْجَنَّةِ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ)). فَقَامَ رَجُلٌ رَثُّ الْهَيْئَةِ، فَقَالَ: يَا أَبَا مُوسَى آنْتَ سَمِعْتَ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ هَذَا؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَرَجَعَ إِلَى أَصْحَابِهِ فَقَالَ: أَقْرَأُ عَلَيْكُمُ السَّلَامَ، ثُمَّ كَسَرَ جَفْنَ سَيْفِهِ فَأَلْقَاهُ، ثُمَّ مَشَى بِسَيْفِهِ إِلَى الْعَدُوِّ فَضَرَبَ بِهِ حَتَّى قُتِلَ.

لە (ابو بكر)ی كوڕی (عبدالله)ی كوڕی (قیس) ئەویش لە باوكیەوە دەڵێ: گوێم لە باوكم بوو لە كاتێكدا ئامادەی جەنگ بوو ڕووبە دوژمن دەیوت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((لەڕاستیدا دەرگاكانی بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەكاندان)) پیاوێكی شڕۆڵ وتی: ئەی (ابو موسی) تۆ خۆت گوێت لە پێغەمبەر (ﷺ) بووە كە وابفەرمووێت؟ وتی: بەڵێ، دەڵێ: ئیتر گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵەكانی وتی: سەلامتان لێدەكەم [خوا حافیزی كرد] و پاشان كێلانی شمشێرەكەی شكاند و فڕێی داو بەرەو دوژمن ڕۆیشت هەر بەردەوام بە شمشێرەكەی لە دوژمنی ئەدا هەتا كوژرا.

(٣) هاندان بۆ جیهاد

١٠٢١ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((تَضَمَّنَ اللَّهُ لِمَنْ خَرَجَ فِي سَبِيلِهِ، لَا يُخْرِجُهُ إِلَّا جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَإِيمَانًا بِي وَتَصْدِيقًا بِرُسُلِي، فَهُوَ عَلَيَّ ضَامِنٌ أَنْ أُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ، أَوْ أَرْجِعَهُ إِلَى مَسْكَنِهِ الَّذِي خَرَجَ مِنْهُ، نَائِلًا مَا نَالَ مِنْ أَجْرٍ أَوْ غَنِيمَةٍ. وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، مَا مِنْ كَلْمٍ يُكْلَمُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ إِلَّا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَهَيْئَتِهِ حِينَ كُلِمَ، لَوْنُهُ لَوْنُ دَمٍ وَرِيحُهُ مِسْكٌ، وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَوْلَا أَنْ يَشُقَّ عَلَى الْمُسْلِمِينَ مَا قَعَدْتُ خِلَافَ سَرِيَّةٍ تَغْزُو فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَبَدًا، وَلَكِنْ لَا أَجِدُ سَعَةً فَأَحْمِلَهُمْ، وَلَا يَجِدُونَ سَعَةً، وَيَشُقُّ عَلَيْهِمْ أَنْ يَتَخَلَّفُوا عَنِّي. وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَوَدِدْتُ أَنِّي أَغْزُو فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَأُقْتَلُ، ثُمَّ أَغْزُو فَأُقْتَلُ، ثُمَّ أَغْزُو فَأُقْتَلُ)).

(ابو هريرە)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوای گەورە دەستە بەری ئەو كەسەی كردوە كە لە پێناوی ئەودا دەربچێت و فەرموویەتی: ((هەركەس دەرچوونەكەی تەنها لەڕێگەی مندا و باوەڕ بەمن و بەڕاست زانینی پێغەمبەرەكانمدا بێت ئەوە من زامنی ئەوەی بۆ دەكەم بیخەمە بەهەشت، یان

بیگێڕمــەوە بـۆ ئـەو ماڵــەی لێـی دەرچـووە لەگـەڵ ئـەوەی بەدەسـتی هێنـاوە لەپاداشـت و دەسـتکەوتی جـەنگ سـوێند بـەو کەسـەی گیـانمی بەدەسـتە هـیچ برینێك نییـە کەلەڕێگـەی خـوادا کرابێـت مەگـەر کاتێك [خاوەنەکەی] لـە ڕۆژی قیامـەت دێـت و زینـدوو دەبێتـەوە وەکـو خـۆی چـۆن برینـدار بـووە لـەو کاتـەدا برینـدار بـووە ڕەنگـی برینەکـەی ڕەنگـی خوێنـە وبۆنەکەیـشی بـۆنی میـسکە. سـوێند بـەو کەسـەی گیـانی محمـدی بەدەسـتە. ئەگـەر لەبـەر ئـەوە نـەبێ ببێتـە زەحمەت لەسەر موسڵمانان لەپاش هیچ لەشـکرێکەوە کە دەرچێت و بجەنگێت لــە ڕێگــەی خــوادا هــەرگیز دانەئەنیــشتم و نەئەمامــەوە، بــەڵام مــن ئەمەنــدەم لەدەسـتدا نییـە بتـوانم هـەڵیان گـرم و ئـەوانیش ئەمەنـدەیان لـە دەسـتدا نییـە. لایشیان نارەحەتە لـەمن دوا بکـەون، سـوێند بـەوەی گیـانی محەمـەدی بەدەسـتە مــن حەزدەکــەم لــە ڕێگــەی خــوادا بجــەنگم و بکــوژرێم، هەمدیــسان بجــەنگم و بکوژرێم دیسان بجەنگم و بکوژرێمەوە)).

(٤) بەرزکردنەوەی پلەوپایەی بەندەبە جیهاد

١٠٢٢- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: ((يَا أَبَا سَعِيدٍ، مَنْ رَضِيَ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا، وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ)). فَعَجِبَ لَهَا أَبُو سَعِيدٍ فَقَالَ: أَعِدْهَا عَلَيَّ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَفَعَلَ، ثُمَّ قَالَ: ((وَأُخْرَى يُرْفَعُ بِهَا الْعَبْدُ مِائَةَ دَرَجَةٍ فِي الْجَنَّةِ، مَا بَيْنَ كُلِّ دَرَجَتَيْنِ كَمَا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ)). قَالَ: وَمَا هِيَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)).

(أبو سعيد)ی (الخدري)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئەی (أبو سعيد) هـەر کـەس ڕازی بێـت بـەوەی خـوا پـەروەردگاری بێـت ئیـسلام ئـایینی بێتو محمدیش پێغەمبەری بێت، بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەبێت (أبو سعيد)یش سەری سوڕما وتی: بۆم دووبارە بکەرەوە ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش بۆی دووبارە کردەوە، پاشان فەرمووی: ((شتێکی دیکەیش کەبەندە تیایدا صەد پلە لە بەهەشتا پێی بەرز و بڵند دەبێتەوە، نێوان هەر دوو پلەش بە ئەندازەی نێوان ئاسمـان و زەوییـە)) وتـی: ئـەوە چـییە ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟. فـەرمووی: ((جیهاد کردنە لە ڕێگەی خوادا، جیهاد کردنە لە ڕێگەی خوادا)).

(٥) موجاهید چاکترینی خەڵکییە

١٠٢٣ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: أَيُّ النَّاسِ أَفْضَلُ؟ فَقَالَ: ((رَجُلٌ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ بِمَالِهِ وَنَفْسِهِ)). قَالَ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: ((مُؤْمِنٌ فِي شِعْبٍ مِنَ الشِّعَابِ يَعْبُدُ اللَّهَ رَبَّهُ، وَيَدَعُ النَّاسَ مِنْ شَرِّهِ)).

(أبو سعيد)ی (الخدری)(ﷺ) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: چاکترین کەس کێیە؟ ئەویش فەرمووی: ((پیاوێکە جیهاد بکات لەرێی خوادا بەماڵ و گیانی خۆی)) وتی: پاشان کێیە؟ فەرمووی: ((بڕوادارێکیش لە شیوێك لەشیوەکان [خۆی مەلاس بدات] و پەروەردگاری بپەرستێت و خەڵکی لەزیانی بە دوورگرێت)).

(٦) کەسێ بمرێت و نەجەنگێت [لەرێگەی خوادا] و بەخەیاڵیشیا نەیەت

١٠٢٤ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ)ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((مَنْ مَاتَ وَلَمْ يَغْزُ، وَلَمْ يُحَدِّثْ بِهِ نَفْسَهُ، مَاتَ عَلَى شُعْبَةٍ مِنْ نِفَاقٍ)). قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ الْمُبَارَكِ: فَنُرَى أَنَّ ذَلِكَ كَانَ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ (ﷺ).

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەرکەس بمرێت و جەنگی لەرێگەی خوادا نەکردبێت و بەدڵیشیدا نەهاتبێت کە بیکات، ئەوە لەسەر بەشێك لە دووڕوویی مردووە)) عبدالله)ی کوڕی (المبارك) دەڵێ: ئێمە وامان گومان دەبرد کە ئەوە لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا بووبێت.

(٧) خێری جیهاد لەدەریادا

١٠٢٥ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) كَانَ يَدْخُلُ عَلَى أُمِّ حَرَامٍ بِنْتِ مِلْحَانَ فَتُطْعِمُهُ، وَكَانَتْ أُمُّ حَرَامٍ تَحْتَ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (ﷺ)، فَدَخَلَ عَلَيْهَا رَسُولُ (ﷺ) يَوْمًا فَأَطْعَمَتْهُ، ثُمَّ جَلَسَتْ تَفْلِي رَأْسَهُ، فَنَامَ رَسُولُ (ﷺ)، ثُمَّ اسْتَيْقَظَ وَهُوَ يَضْحَكُ، قَالَتْ: فَقُلْتُ: مَا يُضْحِكُكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ، يَرْكَبُونَ ثَبَجَ هَذَا الْبَحْرِ مُلُوكًا عَلَى الْأَسِرَّةِ، أَوْ: مِثْلَ الْمُلُوكِ عَلَى الْأَسِرَّةِ)). يَشُكُّ أَيَّهُمَا قَالَ. قَالَتْ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنِي مِنْهُمْ. فَدَعَا لَهَا، ثُمَّ وَضَعَ رَأْسَهُ، فَنَامَ. ثُمَّ اسْتَيْقَظَ وَهُوَ يَضْحَكُ، قَالَتْ: فَقُلْتُ: مَا يُضْحِكُكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((نَاسٌ مِنْ أُمَّتِي عُرِضُوا عَلَيَّ غُزَاةً فِي سَبِيلِ اللَّهِ)). كَمَا قَالَ فِي الْأُولَى. قَالَتْ: فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ

اللَّـهَ أَنْ يَجْعَلَنِـي مِـنْهُمْ. قَـالَ: ((أَنْـتِ مِـنَ الْـأَوَّلِينَ)). فَرَكِبَـتْ أُمُّ حَـرَامٍ بِنْـتُ مِلْحَـانَ الْبَحْرَ فِي زَمَنِ مُعَاوِيَةَ، فَصُرِعَتْ عَنْ دَابَّتِهَا حِينَ خَرَجَتْ مِنَ الْبَحْرِ فَهَلَكَتْ.

لـە(أنـس)ی کـوڕی (مالـك)ەوە (ﷺ) دەگێڕنـەوە: کـە پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەچوو بۆ سەردانی (أم حرام)ی کچی (ملحان) و ئەویش خۆراکی پێدەدا (أم حرام) خێزانـی (عبادە)ی کوڕی (الصامت) بوو. ڕۆژێك پێغەمبـەر (ﷺ) چوو بۆلای ئەویش خۆراکی پێداو پاشان دانیشت سەری دەدۆزی، پێغەمبـەریش (ﷺ) خەوی لێکەوت پاشان بە پێکەنینـەوە خەبەری بوویەوە، (أم حرام)یش دەڵێ: بەچی پێدەکەنی ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش فەرمووی: ((کەسانێکم لە ئومەتەکەم پێنیشاندرا کە ئەجەنگان لە ڕێگەی خوادا، سواری ناوەڕاستی ئەم دەریا بووبوون پادشا بوون لەسەر تەخت، یا خوود وەك پادشا وابوون لەسەر تەخت)) دوودڵە کامیانی فەرموو: دەڵێ: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بپاڕێرەوە کە بمکات بە یەکێ لەوانە، ئەویش بۆی دەپاڕێتەوە، پاشان سەردەنێتەوە و خەوی لێدەکەوێتەوە، پاشتر دووبارە بە پێکەنینەوە خەبەری دەبێتەوە، دەڵێ: وتم: بەچـی پێدەکـەنی ئـەی پێغەمبـەری خـوا؟ فـەرمووی: ((کەسـانێکم لـە ئومەتەکەم پێنیشان درا لـە ڕێگـەی خـوادا دەجـەنگان)) وەك لـەجاری پێشودا فەرمووی. دەڵێ: منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا داوا لە خوا بکە کەبمکات بە یـەکێ لەوانـە. فـەرمووی: ((تـۆ لـە پێـشوەکانیت)) (أم حـرام) ئەمێنێتـەوە تـا لەسەردەمی (معاویە)دا سواری کەشتی دەبێت بەناو دەریـادا، کاتێ لەدەریاکە دەرچوو لەسەر وڵاخەکەی دەکەوێتە خوارەوە و تیا دەچێت.

(٨) خێری سەنگەرگیری لە ڕێگەی خوادا

١٠٢٦ـ عَنْ سَلْمَانَ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((رِبَاطُ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ خَيْرٌ مِنْ صِيَامِ شَهْرٍ وَقِيَامِهِ. وَإِنْ مَاتَ جَرَى عَلَيْهِ عَمَلُهُ الَّذِي كَانَ يَعْمَلُـهُ، وَأُجْرِيَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ، وَأَمِنَ الْفَتَّانَ)).

(سـلمان)(ﷺ) دەڵـێ: لـە پێغەمبـەرم (ﷺ) بیـست کـە دەیفـەرموو: ((سەنگەرگیری شەوو ڕۆژێك [لەڕێگەی خوادا] چاکترە لە ڕۆژووی [سونەتی] مانگێـك و شـەونوێژی [شـەوەکانی] ئەگـەر لـەو ماوەیەشـدا بمرێـت کـردەوە چـاکەکانی دونیـای هـەر بـە بـەردەوامی بـۆ دەمێنێتـەوە وڕزق و ڕۆزیەکـەی بەردەوام دەبێت و لەسزای گۆڕیش دڵنیا دەبێت.

(٩) سەر لەبەیانی یا سەر لە ئێوارە دەرچوونێك لەڕێگەی خوادا

١٠٢٧ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((لَغَدْوَةٌ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوْ رَوْحَةٌ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا)).

(أنس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سوێند بە خوا سەر لەبەیانی دەرچونێك لە ڕێگەی خوادا یا سەر لە ئێوارە دەرچونێك چاکترە لە دونیا و هەرچی وا لە دنیادا)).

(١٠) لەبارەی فەرموودەی خوا ﴿أجعلتم سقاية الحاج..﴾

١٠٢٨ـ عن النُّعْمَانُ بْنُ بَشِيرٍ (ﷺ) قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ مِنْبَرِ رَسُولِ الله (ﷺ)، فَقَالَ رَجُلٌ: مَا أُبَالِي أَنْ لَا أَعْمَلَ عَمَلًا بَعْدَ الْإِسْلَامِ إِلَّا أَنْ أُسْقِيَ الْحَاجَّ، وَقَالَ آخَرُ: مَا أُبَالِي أَنْ لَا أَعْمَلَ عَمَلًا بَعْدَ الْإِسْلَامِ إِلَّا أَنْ أَعْمُرَ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ، وَقَالَ آخَرُ: الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَفْضَلُ مِمَّا قُلْتُمْ، فَزَجَرَهُمْ عُمَرُ (ﷺ) وَقَالَ: لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ عِنْدَ مِنْبَرِ رَسُولِ (ﷺ) وَهُوَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، وَلَكِنْ إِذَا صَلَّيْتُ الْجُمُعَةَ دَخَلْتُ فَاسْتَفْتَيْتُهُ فِيمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ. فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿أَجَعَلْتُمْ سِقَايَةَ الْحَاجِّ وَعِمَارَةَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ كَمَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ..﴾ الْآيَةَ إِلَى آخِرِهَا.

(نعمان)ی کوڕی (بشیر)(ﷺ) دەڵێ: من لای دوانگەکەی پێغەمبەری خوا بووم (ﷺ) پیاوێك وتی: گوێم لێ نییە ئەگەر پاش ئیسلامەتی هیچ کردەوەیەکی چاکەم هەبێت جگە لە ئاودان بە حاجیان. پیاوێکی دیکەیش وتی: گوێم لێ نییە ئەگەر هیچ کردەوەیەکی چاکەم هەبێت پاش ئیسلامەتی جگە لە ئاوەدان کردنەوەی مزگەوتی (حەرام) پیاوێکی دیکە وتی: خەبات کردن لە ڕێگەی خوادا باشترە لەوەی کەوتتان، (عمر)یش (ﷺ) لێیان تورە بوو وتی: لای دوانگەی پێغەمبەری خوا دەنگتان بەرزمەکەنەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژی (جومعە) بوو کە نوێژی (جومعە)م کرد دەچمە خزمەتی و پرسیاری لێدەکەم دەربارەی ئەوەی کە جیاواز بوون تیایدا. ئیتر خوای باڵا دەست ئەم ئایەتەی نارد کە ئەمە ماناکەیەتی: ((ئایا ئاودان بە حاجیان و ئاوەدان کردنەوەی ماڵی خوا (المسجد الحرام)تان وەك کەسێك داناوە کە باوەڕی بەخوا و ڕۆژی دوایی هەبێت و..))

(١١) هاندان لەسەرداوا کردنی شەهیدیی

١٠٢٩ـ عن سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قَالَ: ((مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ اللَّهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ، وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ)).

لــە (ســهل)ی کــوڕی (حنیــف)ەوە (ﷺ) دەگێڕنـــەوە، کــە پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی: ((هــەر کــەس بەڕاســتی داوای شــەهید بــوون لــەخوا بکــات، خــوا دەیگەیێنێتە پلەی شەهیدان بالەسەر جێگەکەی خۆیشی بمرێت)).

(١٢) خێری شەهید بوون

١٠٣٠ـ عن أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: ((مَا مِنْ أَحَدٍ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ، يُحِبُّ أَنْ يَرْجِعَ إِلَى الدُّنْيَا وَأَنَّ لَهُ مَا عَلَى الْأَرْضِ مِنْ شَيْءٍ، غَيْرُ الشَّهِيدِ، فَإِنَّهُ يَتَمَنَّى أَنْ يَرْجِعَ فَيُقْتَلَ عَشْرَ مَرَّاتٍ، لِمَا يَرَى مِنَ الْكَرَامَةِ)).﴿ بخاری / الجهاد/ ٢٦٦٢﴾

(انس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((هیچ کەس نییە بچێتە بەهەشت و حەزکات بگەڕێتەوە بۆ دونیا با هەرچی لەسەر زەویشدا هەیە هی ئەوبێت جگە لە شەهید کە حەز دەکات بگەڕێتەوە و دەجار بمرێت، لەبەر ئەو ڕێز و شکۆیەی دەستی دەکەوێت و بەچاوی خۆی دەیبینێت)).

(١٣) نیەت لە کردەوەکاندا

١٠٣١ـ عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّةِ، وَإِنَّمَا لِامْرِئٍ مَا نَوَى، فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ، وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا، أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا، فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ))﴿ بخاری / بدءالوحی/ ١﴾.

(عمــر)ی کــوڕی (الخطــاب)(ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەر (ﷺ) فەرموویــەتی: ((کاروکردەوەکان هەر بەپێی نیەتن و هەر کەس بەپێی نیەتی خۆی. هەر کەس کۆچەکەی بۆلای خوا و پێغەمبەری خوا بێت. ئەوە کۆچەکەی بۆلای خوا و پێغەمبــەری خوایــە، هەرکەسیش کۆچــەکەی بــۆ }مــاڵێکی{ دونیــا بێــت کــە بەدەستی بهێنێت، یا ژنێك بێت کە مارەی بکات. ئەوا کۆچەکەی بۆلای ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە)).

(١٤) ڕەزامەندی خوا لە شەهیدان

١٠٣٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ نَاسٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) [فَقَالُوا]: أَنِ ابْعَثْ مَعَنَا رِجَالًا يُعَلِّمُونَا الْقُرْآنَ وَالسُّنَّةَ. فَبَعَثَ إِلَيْهِمْ سَبْعِينَ رَجُلًا مِنَ الْأَنْصَارِ يُقَالُ لَهُمُ الْقُرَّاءُ، فِيهِمْ خَالِي حَرَامٌ، يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ وَيَتَدَارَسُونَ بِاللَّيْلِ يَتَعَلَّمُونَ. وَكَانُوا بِالنَّهَارِ يَجِيئُونَ بِالْمَاءِ فَيَضَعُونَهُ فِي الْمَسْجِدِ، وَيَحْتَطِبُونَ فَيَبِيعُونَهُ

وَيَشْتَرُونَ بِهِ الطَّعَامَ لِأَهْلِ الصُّفَّةِ وَلِلْفُقَرَاءِ، فَبَعَثَهُمُ النَّبِيُّ (ﷺ) إِلَيْهِمْ فَعَرَضُوا لَهُمْ. فَقَتَلُوهُمْ قَبْلَ أَنْ يَبْلُغُوا الْمَكَانَ، فَقَالُوا: اللَّهُمَّ بَلِّغْ عَنَّا نَبِيَّنَا أَنَّا قَدْ لَقِينَاكَ فَرَضِينَا عَنْكَ وَرَضِيتَ عَنَّا. [قَالَ]: وَأَتَى رَجُلٌ حَرَامًا خَالَ أَنَسٍ مِنْ خَلْفِهِ فَطَعَنَهُ بِرُمْحٍ حَتَّى أَنْفَذَهُ، فَقَالَ حَرَامٌ: فُزْتُ وَرَبِّ الْكَعْبَةِ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ) لِأَصْحَابِهِ: ((إِنَّ إِخْوَانَكُمْ قَدْ قُتِلُوا، وَإِنَّهُمْ قَالُوا: اللَّهُمَّ بَلِّغْ عَنَّا نَبِيَّنَا أَنَّا قَدْ لَقِينَاكَ فَرَضِينَا عَنْكَ وَرَضِيتَ عَنَّا)). ﴿بخارى / الجهادم٢٦٤٧﴾

(أنس)ى كورِى (مالك) (ﷺ) دەڵێ: چەند كەسێك هاتنە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتیان: چەند پیاوێكمان لەگەڵ بنێرە تا قورئان و سوننەتمان فێر بكەن. پێغەمبەریش (ﷺ) حەفتا كەس لە یاریدەدەران (الانصار)ى بۆ ناردن كەپێیان دەوترا (قورئان خوێنەكان) (حرام)ى خاڵمیانى تێدا بوو. قورئانیان دەخوێند و بەشەو دەوریان دەكردەوە و فێرى دەبوون، بە ڕۆژیش ئاویان بۆ مزگەوت دەهێنا و دایان دەنا، داریان دەكرد و دەیان فرۆشت و خواردنیان پێ‌دەكڕى بۆ ئەهلى (صُفە) پێغەمبەریش (ﷺ) ناردنى و ئەوانیش ڕێگەیان پێگرتن و هەموویان كوشتن پێش ئەوەى بگەنە ئەو شوێنە، وتیان: خوایە بە پێغەمبەرەكەمان ڕاگەێنە كە ئێمە بە خزمەت تۆ شاد بووین و لێمان ڕازى بوویت ئێمەیش لە تۆ ڕازى بووین. [دەڵێت]: پیاوێك دێت بۆ (حرام) خاڵى (انس) لە پشتەوە لێیدەدا تاوەكو دیوەدەرى دەكات. ئینجا (حرام)دەڵێ: سوێند بە پەروەردگارى (كەعبە) بەختەوەر بووم. پێغەمبەریش (ﷺ) بە هاوەڵانى ڕادەگەێنێت و دەفەرمووێت ((براكانتان كوژرانو و تیان: خوایە بە پێغەمبەرەكەمان ڕاگەیەنە كە ئێمە بە خزمەت تۆ شاد بووین و لێمان ڕازى بوویت و ئێمەیش لەتۆ ڕازى بووین)).

(١٥) شەهیدان پێنجن

١٠٣٣ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ عَلَى الطَّرِيقِ فَأَخَّرَهُ، فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ، فَغَفَرَ لَهُ)). وَقَالَ: ((الشُّهَدَاءُ خَمْسَةٌ: الْمَطْعُونُ، وَالْمَبْطُونُ، وَالْغَرِقُ، وَصَاحِبُ الْهَدْمِ، وَالشَّهِيدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ [عَزَّ وَجَلَّ])). ﴿بخارى/الجماعة و الامامة/٦٢٤﴾

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) فەرموویەتى: (لەكاتێكدا پیاوێك بە ڕێگەیەكدا دەڕۆیشت و چڵە دڕكێك دەبینێ و لاى دەدات، ئینجا

سوپاسی‌خوادەكات و ، خـوایش لێـی قوبـوڵ دەكـات و لێـی خـۆش دەبێـت))و فـەرمووی: ((شـەهیدەكان پێـنجن، ئەوانـەی بـە دەردەكـولێرە و نەخۆشـینە درمەكان دەمرن، ئەوانەی بەدەردی سك دەمرن، ئەوەی دەخنكێت، ئەوەی شتی بەسەردا دەروخێنرێت و، ئەوەیش شەهید دەبێت لە ڕێگەی خوادا)).

(١٦) تاعون شەهادەتە بۆ هەموو موسڵمانێك

١٠٣٤ـ عَنْ حَفْصَةَ بِنْتِ سِيرِينَ قَالَتْ: قَالَ لِي أَنَسُ بْنُ مَالِكٍ: بِمَ مَاتَ يَحْيَى بْنُ أَبِي عَمْرَةَ (ﷺ)؟ قَالَتْ: قُلْتُ: بِالطَّاعُونِ، [قَالَتْ]: فَقَالَ: قَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((الطَّاعُونُ شَهَادَةٌ لِكُلِّ مُسْلِمٍ)).﴿بخاري/الجهاد/٢٦٧٥﴾

(حفصة)ی كچی (سيرين) دەڵێ: (أنس) ی كوڕی (مالك) پێی وتم: (يحيى)ی كوڕی (أبو عمره) بەچی مرد؟ دەڵێ: منیش وتم: بە (تاعون) مرد. ئەویش وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((تاعون شەهیدیيە بۆ هەموو موسڵمانێك)).

(١٧) خوا لە هەموو گوناهێكی شەهید خۆش دەبێت جگە لە قەرز

١٠٣٥ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ (ﷺ) قَالَ: ((يُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلُّ ذَنْبٍ إِلَّا الدَّيْنَ)).

(عبدالله)ی كوڕی (عمرو)ی كوڕی (العاص) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا لە هەموو گوناهێكی شەهید دەبورێت جگە لە قەرزاری)).

١٠٣٦ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ الله (ﷺ): أَنَّهُ قَامَ فِيهِمْ فَذَكَرَ لَهُمْ أَنَّ الْجِهَادَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالْإِيمَانَ بِاللَّهِ أَفْضَلُ الْأَعْمَالِ، فَقَامَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، [أَرَأَيْتَ] إِنْ قُتِلْتُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، تُكَفَّرُ عَنِّي خَطَايَايَ؟ فَقَالَ لَهُ رَسُولُ الله (ﷺ): ((نَعَمْ، إِنْ قُتِلْتَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ، مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ)). ثُمَّ قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((كَيْفَ قُلْتَ)). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قُتِلْتُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَتُكَفَّرُ عَنِّي خَطَايَايَ؟ فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((نَعَمْ، وَأَنْتَ صَابِرٌ مُحْتَسِبٌ، مُقْبِلٌ غَيْرُ مُدْبِرٍ إِلَّا الدَّيْنَ، فَإِنَّ جِبْرِيلَ عَلَيْهِ السَّلَام قَالَ لِي ذَلِكَ)).

(أبو قتادة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەناوماندا هەستا و باسی ئەوەی بۆ كردین كە جیهاد لەڕێگەی خوادا و باوەڕی [تەواو] بەخوا چاكترین كردەوەن، پیاوێك هەستا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا [پێم بڵێ] ئایا ئەگەر لەڕێگەی خوادا كوژرام تاوانەكانم دەسڕێتەوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ، ئەگەر بكوژرێیت لە ڕێگەی خوادا وبە ئارام بیت و چاوەڕێی پاداشتی

خـوا بیـت و ڕووبکەیتـە دوژمنـو پـشتی تێنەکـەیت)) پاشـان پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمووی: ((چۆنت وت)) وتـی: پێم بڵێ ئایا ئەگەر لە ڕێگەی خوادا بکوژرێم تاوانەکانم دەسڕێتەوە؟ پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((بەڵێ، ئەگەر بە ئارام و دڵسۆز بیت و بە تەمای پاداشت بیـت و ڕووبکەیتە دوژمن و پشتی تێنەکەیت جگە لە قەرزاری، چونکە (جبریل) سەلامی خوای لەسەر بێت ئەوەی پێ وتم)).

(١٨) هەرکەس لە پێناوی ماڵەکەیدا بکوژرێت شەهیدە

١٠٣٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللهِ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ: أَرَأَيْتَ إِنْ جَاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخْذَ مَالِي؟ قَالَ: ((فَلَا تُعْطِهِ مَالَكَ)). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَاتَلَنِي؟ قَالَ: ((قَاتِلْهُ)). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلَنِي؟ قَالَ: ((فَأَنْتَ شَهِيدٌ)). قَالَ: أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: ((هُوَ فِي النَّارِ)).

(ابـو هريـرة)(ﷺ) دەڵـێ: پیاوێك هاتە خزمەتی پێغەمبـەر (ﷺ) وتـی: ئـەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ ئەگەر پیاوێك هات و ویستی ماڵەکەمم لێ زەوت بکات؟ فەرمووی: ((ماڵەکەتی مەدەرێ)) وتی: پێم بڵێ ئەی ئەگەر ویستی شەڕم لەگەڵ بکات؟ فـەرمووی: ((تـۆیش شـەڕی لەگـەڵ بکـە)) وتـی: پـێم بڵـێ ئـەی ئەگـەر کوشتمی؟ فەرمووی: ((ئەوە تۆ شەهیدی)) وتـی: پێم بڵێ ئەی ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی: ((ئەو لە ئاگردایە)).

(١٩) لەبارەی فەرمووەی خوا ﴿رجال صدقوا ما عاهدوا الله عليه﴾

١٠٣٨ـ عَنْ ثَابِتٍ قَالَ: قَالَ أَنَسٌ (ﷺ): عَمِّي الَّذِي سُمِّيتُ بِهِ، لَمْ يَشْهَدْ مَعَ رَسُولِ (ﷺ) بَدْرًا، قَالَ: فَشَقَّ عَلَيْهِ، قَالَ: أَوَّلُ مَشْهَدٍ شَهِدَهُ رَسُولُ اللهِ (ﷺ) غُيِّبْتُ عَنْهُ، وَإِنْ أَرَانِي اللَّهُ مَشْهَدًا فِيمَا بَعْدُ مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ)، لَيَرَانِي اللَّهُ [تعالى] مَا أَصْنَعُ. قَالَ: فَهَابَ أَنْ يَقُولَ غَيْرَهَا، قَالَ: فَشَهِدَ مَعَ رَسُولِ اللهِ (ﷺ) يَوْمَ أُحُدٍ، قَالَ: فَاسْتَقْبَلَ سَعْدُ بْنُ مُعَاذٍ، فَقَالَ لَهُ أَنَسٌ: يَا أَبَا عَمْرٍو أَيْنَ؟ فَقَالَ: وَاهًا لِرِيحِ الْجَنَّةِ أَجِدُهُ دُونَ أُحُدٍ. قَالَ: فَقَاتَلَهُمْ حَتَّى قُتِلَ، قَالَ: فَوُجِدَ فِي جَسَدِهِ بِضْعٌ وَثَمَانُونَ مِنْ بَيْنِ ضَرْبَةٍ وَطَعْنَةٍ وَرَمْيَةٍ، قَالَ: فَقَالَتْ أُخْتُهُ عَمَّتِي الرُّبَيِّعُ بِنْتُ النَّضْرِ: فَمَا عَرَفْتُ أَخِي إِلَّا بِبَنَانِهِ. وَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ: ﴿رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلًا﴾ [الاحزاب: ٢٣] قَالَ: فَكَانُوا يُرَوْنَ أَنَّهَا نَزَلَتْ فِيهِ وَفِي أَصْحَابِهِ.﴿بخاری/الجهاد/٢٦٥١﴾

(ثابت)(ﷺ) دەڵێ: (أنس) وتی: ئەو مامەیەم کەمن بە ناویەوە ناونراوم ئامادەی جەنگی بەدر نەبوو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) دەڵێ: ئەویش ئەمەی لا زۆر زەحمەت بوو. وتی: یەکەم جەنگێك پێغەمبەر (ﷺ) ئامادەی بوو منی لێبێبەش بووم و ئامادەی نەبووم ئەگەر لەمەولا خوای گەورە دیمەنی جەنگێکی دیکەی نیشان دام لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) ئەوە خوا دەزانێت چی دەکەم، دەڵێ: ترسا کە شتێکی تر بڵێ. لە خزمەت پێغەمبەردا (ﷺ) لە جەنگی (أُحد)دا ئامادە بوو. لەو ڕۆژەدا (سعد)ی کوڕی (معاذ) بەرەو ڕووی دێت و (أنس) پێی دەڵێت: ئەی (أبا عمر) بەرەو کوێ؟ ئەویش دەڵێ: ئاه تامەزرۆی بۆنی بەهەشتم لە ڕووی کێوی (أُحد) دا هەستی پێدەکەم، ئیتر لەگەڵیان جەنگا تا کوژرا لە لەشیدا هەشتا و ئەمەندە برینی تێدابوو لە لێدانی ڕم و شیر و تیر. خوشکەکەی کە(ربیع)ی کچی (النضر)دەڵێ: براکەمم نەناسیەوە بەسەر پەنجەکانیدا نەبێت. ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿لە نێو بڕواداراندا پیاوانێك هەن لەسەر بەڵێنی خۆیان مردوون بە ئاکامی خۆیان گەیشتن و هەشیانە چاوەڕوان دەکات و بەڵێنی خۆیانیان نەگۆڕیووە﴾ دەڵێ: خەڵکی وای بۆ دەچوون کە ئەم ئایەتە لەشانی ئەوو هاوەڵەکانیاندا هاتبێتە خوارەوە.

(٢٠) ئەوەی بجەنگێ بۆ بڵند کردنەوەی فەرموودەی خوا

١٠٣٩ـ عن أَبِي مُوسَى الْأَشْعَرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَجُلًا أَعْرَابِيًّا أَتَى النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، الرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِلْمَغْنَمِ، وَالرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِيُذْكَرَ، وَالرَّجُلُ يُقَاتِلُ لِيُرَى مَكَانُهُ، فَمَنْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ؟ فَقَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((مَنْ قَاتَلَ لِتَكُونَ كَلِمَةُ اللَّهِ أَعْلَى فَهُوَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)). ﴿بخاری/الجهاد/٢٦٥٥﴾

(أبو موسى)ی (الاشعري) دەڵێ: پیاوێکی دەشتەکی هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا، پیاو هەیە دەجەنگێت بۆ دەستکەوت، پیاویش هەیە دەجەنگێت بۆ ناوو شۆرەت و پیاویش هەیە دەجەنگێت بۆ ئەوەی شوێن و پلەوپایەی لە نێو خەڵکیدا بناسرێ و ببینرێت، لەوانە کامیان لەڕێگەی خوادایە؟ ئەویش فەرمووی: ((هەر کەس بجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوا بەرز و بڵند بێت ئەوە لەڕێگەی خوادایە)).

(٢١) کەسێ بۆ ڕووپامایی و ناووشۆرەت بجەنگێ

١٠٤٠ـ عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ يَسَارٍ قَالَ: تَفَرَّقَ النَّاسُ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ)، فَقَالَ لَهُ نَاتِلُ أَهْلِ الشَّامِ: أَيُّهَا الشَّيْخُ، حَدِّثْنَا حَدِيثًا سَمِعْتَهُ مِنْ رَسُولِ اللهِ (ﷺ). قَالَ: نَعَمْ، سَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ، قَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لِأَنْ يُقَالَ جَرِيءٌ فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ، وَقَرَأَ الْقُرْآنَ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ، وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ، قَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ عَالِمٌ، وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ هُوَ قَارِئٌ، فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ، وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ، فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا، قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قَالَ مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا، إِلَّا أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ. قَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ: هُوَ جَوَادٌ، فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ)).

(سليمان)ی کوڕی (يسار) دەڵێ: خەڵکی دەوری (أبو هريرة)يان چۆل کرد، (ناتل) ناوێکی خەڵکی (شام) پێی وت: ئەی مامەی پیرەمێرد: شتێکمان بۆ باس بکە کەلە پێغەمبەرت بیستبێت. ئەویش وتی بەڵێ لە پێغەمبەرم بیستووە کە دەیفەرموو: ((یەکەمین کەسێ دادگایی دەکرێت لە ڕۆژی دواییدا پیاوێکە شەهید بووە، دەهێنرێت و خوای گەورەش ناز و نیعمەتەکانی خۆی پێ دەناسێنێ و ئەویش دانی پێدا دەنێ، دەفەرمووێت: دەی باشە چیت تێداکردووە؟ ئەویش دەڵێ: جەنگم کردووە لە پێناو تۆدا تاوەکو شەهید بووم. دەفەرمووێت: درۆ دەکەیت، بەڵکو تۆ بۆ ئەوە جەنگت کردووە پێت بڵێن ئازایە ئەوەیشت پێ وترا. ئینجا فەرمانی پێ دەدرێ دەمەوڕوو کێش دەکرێ وفڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە، هەروەها پیاوێکیش فێری جۆرە زانستێك بووە و خەڵکیشی فێرکردووە و قورئانی خوێندووە، ئەویش دەهێنرێت و باسی ناز و نیعمەتی خۆیی بۆ دەکات و پێی دەناسێنێ ئەویش دانی پێدا دەنێت، دەفەرموێت: دەی باشە چیت تێداکردووە؟ ئەویش دەڵێ: فێری زانست بووم و خەڵکیشم فێرکردووە و لەبەر خاتری تۆیش قورئانم خوێندوە، دەفەرموێت:

درۆت کرد بەڵکو بۆ ئەوە فێری بویت تا پێت بڵێن زانایە، قورئانیشت خوێندوە تا پێت بڵێن قورئان خوێنە ئەوەیشت [لەدونیادا] پێ وتراوە. پاشان فەرمان دەدات کێش دەکرێت دەمەو ڕوو فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرەوە. پیاوێکیش خوا دەرووی خێری لێکردۆتەوە و لەهەموو جۆرە ماڵێکی پێبەخشیوە، دەهێنرێت و ناز و نیعمەتی خۆی پێ دەناسێنێ و ئەویش دانی پێدادەنێ دەفەرموێت: ((باشە چیت کردووە؟ ئەویش دەڵێ: هیچ ڕێگەیەکم نەهێشتۆتەوە کە تۆ پێت خۆش بێت ماڵی تێدا بەخت بکرێت و نەم گرتبێتەبەر لە پێناوی تۆدا، ئەویش دەفەرموێت: درۆ دەکەیت. بەڵکو تۆ بۆیە وات کردووە تا پێت بڵێن: کەسێکی بەخشندەو نان بدەیە، ئەوەیشت پێ وتراوە، پاشان فەرمان دەکرێت دەمەو ڕوو کێش دەکرێت و فڕێ دەدرێتە ناوی ئاگرەوە.

(٢٢) زۆریی پاداشت لەسەر کوژران لە ڕێی خوادا

١٠٤١ـ عَنِ الْبَرَاءِ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ مِنْ بَنِي النَّبِيتِ –قَبِيلٍ مِنَ الْأَنْصَارِ– فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّكَ عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. ثُمَّ تَقَدَّمَ فَقَاتَلَ حَتَّى قُتِلَ، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): ((عَمِلَ هَذَا يَسِيرًا، وَأُجِرَ كَثِيرًا)).

(البراء) (ﷺ) دەڵێ: پیاوێك لە (بنی النبیت) کە بەرەیەکن لە یاریدەدەران. هات و وتی: شایەتی دەدەم کە هیچ کەس شایەنی پەرستن نییە جگە لەخوا نەبێت و تۆیش }ئەی محمد{ بەندە و پێغەمبەری خوایت، پاشان پێش کەوت و جەنگا تا کوژرا، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((ئەمە کەم ئیشی کرد و پاداشتی زۆر درایەوە)).

(٢٣) کەسێك بجەنگێت و بپێکرێت یان دەستکەوتی ببێت

١٠٤٢ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((مَا مِنْ غَازِيَةٍ أَوْ سَرِيَّةٍ تَغْزُو، فَتَغْنَمُ وَتَسْلَمُ، إِلَّا كَانُوا قَدْ تَعَجَّلُوا ثُلُثَيْ أُجُورِهِمْ. وَمَا مِنْ غَازِيَةٍ أَوْ سَرِيَّةٍ تُخْفِقُ وَتُصَابُ إِلَّا تَمَّ أُجُورُهُمْ)).

(عبدالله)ی کوڕی (عمرو) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کۆمەڵە جەنگاوەرێك یان لەشکرێك بجەنگن و سەربکەون و دەستکەوتیان ببێ ئەوە دوو سێیەکی پاداشتی خۆیان دەستکەوتووە، هەر کۆمەڵە جەنگاوەرێك یان لەشکرێك نییە بجەنگن و تێك بشکێن و بپێکرێن مەگەر هەر ئەوانە هەموو پاداشتی خۆیان بە تەواوەتی بەدەست دێنن)).

(٢٤) پاداشتى كەسێك تفاق بۆ جەنگاوەرێك دابين بكات

١٠٤٣ـ عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ الله (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: ((مَنْ جَهَّزَ غَازِيًا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَقَدْ غَزَا، وَمَنْ خَلَفَهُ فِي أَهْلِهِ بِخَيْرٍ فَقَدْ غَزَا)).﴿بخارى/الجهاد/١٠٩٢﴾

((زيد)ى كورِى (خالد الجهنى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموويەتى: ((هەر كەس تفاقى جەنگاوەرێك ساز بكات و بيخاتە سەر رێ ئەويش هەر غەزاى كردوە، هەر كەسيش بە جوانى خزمەتى ماڵ و منداڵى جەنگاوەرێك بكات ئەويش هەر غەزاى كردوە)).

(٢٥) كەسێك خۆى ساز بكات و نەخۆش كەوێت با تفاقەكەى بداتە كەسێك جەنگى پێوە بكات

١٠٤٤ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ فَتًى مِنْ أَسْلَمَ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أُرِيدُ الْغَزْوَ، وَلَيْسَ مَعِي مَا أَتَجَهَّزُ [به]. قَالَ: ((ائْتِ فُلَانًا، فَإِنَّهُ قَدْ كَانَ تَجَهَّزَ فَمَرِضَ)). فَأَتَاهُ فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ الله (ﷺ) يُقْرِئُكَ السَّلَامَ وَيَقُولُ: أَعْطِنِي الَّذِي تَجَهَّزْتَ بِهِ. قَالَ: يَا فُلَانَةُ أَعْطِيهِ الَّذِي تَجَهَّزْتُ بِهِ، وَلَا تَحْبِسِي عَنْهُ شَيْئًا، فَوَاللَّهِ لَا تَحْبِسِي مِنْهُ شَيْئًا فَيُبَارَكَ لَكِ فِيهِ.

(أنس) كورِى (مالك) (ﷺ) دەڵێ: گەنجێك لە هۆزى (أسلم) وتى: ئەى پێغەمبەرى خوا من نيازى جەنگم هەيە كەرەسە و تفاقى وايشم نييە كە پێى بجەنگم. فەرمووى: ((برِۆ بۆ لاى فلان كەس [كەرەسەكانى ئەو بێنە] چونكە ئەو خۆى ساز كردو نەخۆش كەوت)) ئەويش هات بۆ لاىو پێى وت: پێغەمبەرى خوا (ﷺ) سەلامت لێدەكات و دەفەرموێت: ئەو كەرەسەو تفاقەى خۆتت پێساز كردبوو بمدەرێ. ئەويش بە خێزانەكەى وت: ئەو تفاقەى كە خستبووم برۆ بيدەرێ و هيچى لێگل مەدەرەوە بەخوا هيچى لێ گلنادەيتەوە بۆ ئەوەى خوا بەرەكەتى تێبخات بۆت.

(٢٦) رێزگرتن لە خێزانى جەنگاوەرانى رێى خوا

١٠٤٥ـ عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((حُرْمَةُ نِسَاءِ الْمُجَاهِدِينَ عَلَى الْقَاعِدِينَ كَحُرْمَةِ أُمَّهَاتِهِمْ، وَمَا مِنْ رَجُلٍ مِنَ الْقَاعِدِينَ يَخْلُفُ رَجُلًا مِنَ الْمُجَاهِدِينَ فِي أَهْلِهِ فَيَخُونُهُ فِيهِمْ، إِلَّا وُقِفَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيَأْخُذُ مِنْ عَمَلِهِ مَا شَاءَ، فَمَا ظَنُّكُمْ)).

لە(سلیمان)ی کوڕی (بریدە)وە ئەویش لە باوکیەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ڕێز و حورمەت گرتن لە خێزانی جەنگاوەران لەسەر لێکەوتەکان [ئەوانەی لە غەزا دواکەوتون بەهۆی بەهانەیەکەوە] وەك ڕێز و حورمەتی دایکیان وەهایە،هەر پیاوێك لەلێکەوتەکان لەپاش هەر پیاوێك لە موجاهیدەکان بەجێ بمێنێ لەناو ماڵ و منداڵیدا وە خیانەتیان لێبکات لە ڕۆژی قیامەتدا بۆی دەوەستێنرێت و چەندی بوێ لە چاکەکانی دەیبات بۆ خۆی ئیتر گومانتان چۆنە)).

(٢٧) لەبارەی فەرموودەی ((تاقمێك لە ئوممەتەکەم تا قیامەت لەسەر حەق دەبن))

١٠٤٦- عَنْ ثَوْبَانَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): ((لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ وَهُمْ كَذَلِكَ)).﴿بخاری/المناقب/٣٤٤١، ٣٤٤٢﴾

(ثوبان)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەردەوام تاقمێك لە ئوممەتەکەم لەسەر حەق دەمێنن و نابەزن و کەسێك بیەوێت سەرشۆڕیان بکات ناتوانێت زیانیان لێبدات تاوەکو فەرمانی خوا بە مردنیان دێت و ئەوان هەروا دەبن)).

١٠٤٧- عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ شِمَاسَةَ الْمَهْرِيُّ قَالَ: كُنْتُ عِنْدَ مَسْلَمَةَ بْنِ مُخَلَّدٍ، وَعِنْدَهُ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرِو ابْنِ الْعَاصِ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: لَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا عَلَى شِرَارِ الْخَلْقِ، هُمْ شَرٌّ مِنْ أَهْلِ الْجَاهِلِيَّةِ، لَا يَدْعُونَ اللَّهَ بِشَيْءٍ إِلَّا رَدَّهُ عَلَيْهِمْ. فَبَيْنَمَا هُمْ عَلَى ذَلِكَ أَقْبَلَ عُقْبَةُ بْنُ عَامِرٍ (ﷺ)، فَقَالَ لَهُ مَسْلَمَةُ: يَا عُقْبَةُ اسْمَعْ مَا يَقُولُ عَبْدُ اللَّهِ، فَقَالَ عُقْبَةُ: هُوَ أَعْلَمُ، وَأَمَّا أَنَا فَسَمِعْتُ رَسُولَ (ﷺ) يَقُولُ: ((لَا تَزَالُ عِصَابَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى أَمْرِ اللَّهِ، قَاهِرِينَ لِعَدُوِّهِمْ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ، حَتَّى تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ وَهُمْ عَلَى ذَلِكَ)). فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: أَجَلْ. ((ثُمَّ يَبْعَثُ اللَّهُ رِيحًا كَرِيحِ الْمِسْكِ، مَسُّهَا مَسُّ الْحَرِيرِ، فَلَا تَتْرُكُ نَفْسًا فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةٍ مِنَ الْإِيمَانِ إِلَّا قَبَضَتْهُ، ثُمَّ يَبْقَى شِرَارُ النَّاسِ، عَلَيْهِمْ تَقُومُ السَّاعَةُ)).

(عبدالرحمن)ی کوڕی (شماسەالمهری) دەڵێ: لای (مسلمە)ی کوڕی (مخلد) بووم، (عبداللە)ی کوڕی (عمر)یشی لادانیشتبوو، (عبداللە)وتی: قیامەت هەڵناسێت مەگەر لەسەر خراپانی خەڵکی، کەلە خەڵکی سەردەمی نەفامی

خراپترن. هەر نزا و پارانەوەیەكیش بكەن خوا لێیان وەرناگرێت و دەیداتەوە بەسەریاندا. لە كاتێكدا ئەوان لەم قسە و باسانەدا دەبن (عقبە)ی كوڕی (عامر)یش بەرەولایان دێت (مسلمە)دەڵێ: ئەی (عقبە) گوێبگرە، لەوەی كە (عبدالله) دەیڵێت. (عقبە)یش دەڵێ: ئەو لە من زاناترە، بەلام من لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیستووە كە دیفەرموو: ((بەردەوام تاقمێك لە ئوممەتەكەم لەسەر فەرمانی خوا دەجەنگن دوژمنیان دەبەزێنن و نەیارانیان ناتوانێت زیانیان لێبدەن تاوەكو قیامەت دێت و ئەوان هەر لەسەر ئەو بارە دەبن)). (عبدالله) دەڵێ: بەڵێ وایە. ((پاشان خوا بۆنێكی وەك بۆنی میسك دەنێرێت بەركەوتنی لەسەر لەش وەك بەركەوتنی ئاوریشم وەهایە هیچ بەندەیەك ناهێڵێتەوە كەلە دڵیدا بە ئەندازەی كێشی دانەوێڵەیەك باوەڕ هەبێت ئەوا گیانی دەكێشێت، پاشان خراپانی خەڵكی دەمێنێتەوە قیامەت لەسەر ئەوان هەڵدەسێت)).

١٠٤٨- عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((لَا يَزَالُ أَهْلُ الْغَرْبِ ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ)).

(سعد)ی كوڕی (أبی وقاص) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەردەوام خاوەن دۆڵچە گەورەكان }مەبەست پێی خەڵكی عەرەبستانە یا شامە{ بەردەوام دەبن لەسەر حەق و پشتیوانی لێدەكەن تا قیامەت هەڵدەسێت)).

(٢٨) دووكەس یەكێكیان ئەوی تریان دەكوژێت

١٠٤٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((يَضْحَكُ اللَّهُ لِرَجُلَيْنِ، يَقْتُلُ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ، كِلَاهُمَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ)). قَالُوا: كَيْفَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((يُقْتَلُ هَذَا فَيَلِجُ الْجَنَّةَ، ثُمَّ يَتُوبُ اللَّهُ عَلَى الْآخَرِ، فَيَهْدِيهِ إِلَى الْإِسْلَامِ، ثُمَّ يُجَاهِدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَيُسْتَشْهَدُ))﴿بخاري/الجهاد/٢٦٧١﴾.

(ابو هریرە) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((خوا پێكەنینی بۆ دوو پیاو دێت [مەبەست لە پێكەنین نواندنی ڕەزامەندیە] یەكێكیان ئەوی تریان دەكوژێت و كەچی هەردووكیان دەچنە بەهەشت)) وتیان: چۆن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((ئەمەیان دەكوژرێت و دەچێتە بەهەشت، پاشان خوا تۆبە لەوەی تریشیان وەردەگرێت و ڕێنمایی دەكات بەرەو ئیسلامەتی و پاشان جیهاد دەكات لە ڕێگەی خواداو شەهید دەبێت)).

١٠٥٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (ﷺ): ((لَا يَجْتَمِعَانِ فِي النَّارِ اجْتِمَاعًا يَضُرُّ أَحَدُهُمَا الْآخَرَ)). قِيلَ: مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: ((مُؤْمِنٌ قَتَلَ كَافِرًا ثُمَّ سَدَّدَ)).

(أبو هريره)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((کۆنابنەوە لە ئاگردا بە جۆرە کۆبوونەوەیەك کەیەکێکیان زیان بەوی تریان بگەیەنێت)) وتیان: ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((باوەڕدارێك بێباوەڕێك بیکوژێت و پاشان بێباوەڕەکە بچێتەوە بەخۆیدا باش ببێت [باوەڕ بێنێت].

(٢٩) خێری کەسێك حوشترێ لەڕێگەی خوادا ببەخشێت

١٠٥١- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ بِنَاقَةٍ مَخْطُومَةٍ فَقَالَ: هَذِهِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، فَقَالَ رَسُولُ (ﷺ): ((لَكَ بِهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ سَبْعُ مِائَةِ نَاقَةٍ، كُلُّهَا مَخْطُومَةٌ)).

(أبو مسعود)ی (الانصاری) دەڵێ: پیاوێك حوشترێکی لغاوکراوی هێنا و وتی: ئەمە لە ڕێگەی خوادا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((لە ڕۆژی قیامەتدا (٧٠٠)حوشتری دەدرێتێ هەر هەمووی لغاو کراون)).

١٠٥٢- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْأَنْصَارِيِّ (ﷺ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: إِنِّي أُبْدِعَ بِي فَاحْمِلْنِي، فَقَالَ: ((مَا عِنْدِي)). فَقَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَنَا أَدُلُّهُ عَلَى مَنْ يَحْمِلُهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ)).

(أبو مسعود)ی (الانصاری) دەڵێ: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی: من وڵاغەکەم پەکی کەوتووە یا (تیاچووە) و وڵاغێکی سواریم پێ بدە و هەڵم گرە، ئەویش فەرمووی: ((لام نیە)) پیاوێك لەوێدا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا من ڕێبەری دەکەم بۆ لای کەسێك کە هەڵی بگرێت. پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: ((هەر کەس ڕێبەری خەڵکی بکات ئەوە بە ئەندازەی پاداشتی چاکە کارەکە خێری هەیە)).

(٣٠) لەبارەی فەرموودەی خوا ﴿وأعدوا لهم ماستطعتم من قوة﴾

١٠٥٣- عن عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ: ((﴿وَأَعِدُّوا لَهُمْ مَا اسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ﴾ [الأنفال: ٦٠] أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ، أَلَا إِنَّ الْقُوَّةَ الرَّمْيُ)) [قالها ثلاثاً].

(عقبە)ی کوڕی (عامر)(ﷺ) دەڵێ: لەکاتێکدا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەر بوو گوێم لێبوو دەیفەرموو: ((﴿چەند دەتوانن هێزیان بۆ ئامادە بکەن﴾ بزانن هێز بریتیەلە تیر ئەندازی، بزانن هێز بریتییە لە تیر ئەندازی، بزانن هێز بریتییە لە تیر ئەندازی)) سێ جار دووبارەی کردەوە.

١٠٥٤ـ عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّه (ﷺ) يَقُولُ: ((سَتُفْتَحُ عَلَيْكُمْ أَرَضُونَ وَيَكْفِيكُمُ اللَّهُ، فَلَا يَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَلْهُوَ بِأَسْهُمِهِ)).

(عقبە)ی کوڕی (عامر) دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو کە دەیفەرموو: ((لەمەولا چەند وڵاتێك بە ڕوتاندا دەکرێتەوە، تەنها خواشتان بەس دەبێ بۆ لەکۆڵ خستنی زیانی نەیاران، کەوابوو با لەوکاتەدا هیچ کام لە ئێوە سستی و تەمەڵی نەکات لەوەی کە بەتیرەکانی خۆیەوە خۆی خەریك بکات [واتە مەشقی لەسەر بکات])).

١٠٥٥ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ شِمَاسَةَ: أَنَّ فُقَيْمًا اللَّخْمِيَّ قَالَ لِعُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (ﷺ): تَخْتَلِفُ بَيْنَ هَذَيْنِ الْغَرَضَيْنِ، وَأَنْتَ كَبِيرٌ يَشُقُّ عَلَيْكَ؟ قَالَ عُقْبَةُ: لَوْلَا كَلَامٌ سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَمْ أُعَانِيهِ. قَالَ الْحَارِثُ: فَقُلْتُ لِابْنِ شِمَاسَةَ: وَمَا ذَاكَ؟ قَالَ: إِنَّهُ قَالَ: ((مَنْ عَلِمَ الرَّمْيَ ثُمَّ تَرَكَهُ فَلَيْسَ مِنَّا. أَوْ: قَدْ عَصَى)).

لە(عبدالرحمن)ی کوڕی (شماس)ەوە: کە (فقیمی اللخمی)بە (عقبە)ی کوڕی (عامر)ی وت: بۆچ هات و چۆتە لە نێوان ئەم دوو نیشانەدا ئەمبەر و ئەوبەر دەکەیت ئەمە زەحمەتە بۆت؟ (عقبە)یش وتی: ئەگەر فەرمایشتێك نەبوایە کە لە پێغەمبەر (ﷺ)م بیستوە ئاوا خۆمم زەحمەت نەئەدا، (الحارث)دەڵێ: بە (ابن شماس)ەم وت: ئەو فەرمایشتە چییە؟ وتی: ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر کەس فێری تیر ئەندازی بێت و پاشان وازی لێبێنێت ئەوە لە ئێمە نییە، یا سەرپێچی کردووە)).

(٣١) خێرو بێر بەناوچاوی ئەسپەوەیە هەتا ڕۆژی قیامەت

١٠٥٦ـ عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَلْوِي نَاصِيَةَ فَرَسٍ بِإِصْبَعِهِ وَهُوَ يَقُولُ: ((الْخَيْلُ مَعْقُودٌ بِنَوَاصِيهَا الْخَيْرُ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ: الْأَجْرُ وَالْغَنِيمَةُ)). ﴿بخاری/الجهاد/٢٦٩٧﴾

(جرير)ی كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوام (ﷺ) بینی دەستی بەنێو چاوانی ئەسپێكدا دەهێنا و دەیفەرموو: ((ئەسپ خێر و بێر بەناوچاوانیەوەیە هەتا ڕۆژی قیامەت. هەم پاداشت و هەم دەستكەوت)).

١٠٥٧ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْبَرَكَةُ فِي نَوَاصِي الْخَيْلِ)). ﴿بخاري/الجهاد/٢٦٩٧

(أنس)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((فەڕ و بەرەكەت لەناوچاوانی ئەسپ دایە)).

(٣٢) حەز نەكردن بە ئەسپی دەست و قاچ بازگ

١٠٥٨ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَكْرَهُ الشِّكَالَ مِنَ الْخَيْلِ. وفي رواية: وَالشِّكَالُ أَنْ يَكُونَ الْفَرَسُ فِي رِجْلِهِ الْيُمْنَى بَيَاضٌ وَفِي يَدِهِ الْيُسْرَى، أَوْ فِي يَدِهِ الْيُمْنَى وَرِجْلِهِ الْيُسْرَى.

(أبو هريره) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزی بە ئەسپی (الشكال) نەكردووە، لە ڕیوایەتێكدا (الشكال) بریتیە لە ئەسپێك دەستی چەپ و قاچی ڕاستی سپی بێت یاخود دەستی ڕاست و قاچی چەپی سپی بێت.

(٣٣) پێش بڕكێ كردن لە نێوان ئەسپ دا

١٠٥٩ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) سَابَقَ بِالْخَيْلِ الَّتِي قَدْ أُضْمِرَتْ مِنَ الْحَفْيَاءِ، وَكَانَ أَمَدُهَا ثَنِيَّةَ الْوَدَاعِ، وَسَابَقَ بَيْنَ الْخَيْلِ الَّتِي لَمْ تُضْمَرْ مِنَ الثَّنِيَّةِ إِلَى مَسْجِدِ بَنِي زُرَيْقٍ، وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ فِيمَنْ سَابَقَ بِهَا ﴿بخاري/المساجد/٤١٠﴾.

(ابن عمر)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) پێشبڕكێی دەكرد بەو ئەسپانەی كە دابەستە كرابوون لە شوێنێك كە ناوی (حفياء) بوو، كۆتاییەكەی لە (ثنية الوداع) بوو، هەروەها پێشبڕكێی دەكرد لە نێوان ئەو ئەسپانەی كە دابەستە نەكرابوون لە (ثنية)وە بۆ مزگەوتی بەنی زورەیق، (ابن عمر)یش یەكێك بوو لەوانەی لە پێشبڕكێكەدا بوون.

(٣٤) كەسانێك بڕوبەهانە یان هەبێت و لەجەنگ دوابكەون

١٠٦٠ـ عَنْ أَبِي إِسْحَقَ: أَنَّهُ سَمِعَ الْبَرَاءَ (ﷺ) يَقُولُا فِي هَذِهِ الْآيَةِ ﴿لَا يَسْتَوِي الْقَاعِدُونَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ... وَالْمُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ﴾ فَأَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) زَيْدًا فَجَاءَ بِكَتِفٍ يَكْتُبُهَا، فَشَكَا إِلَيْهِ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ ضَرَارَتَهُ، فَنَزَلَتْ: ﴿لَا يَسْتَوِي

الْقَاعِـــدُونَ مِـــنَ الْمُـــؤْمِنِينَ غَيْـــرُ أُولِـــي الـــضَّرَرِ﴾ [النـــساء: ٩٥﴾﴿بخاري/الجهاد/٢٦٧٦﴾

لـە (أبـو اسـحاق)وە کـەدەڵێ: گـوێی لـە (الـبراء)بـوو دەربـارەی ئـەم ئايـەتـە دەيـووت: ﴿لا يـستوى القاعـدون..﴾ ئينجـا پێغەمبـەرى خـوا (ﷺ) فـەرمانى بـە زەيد کرد دەفە شانێکى هێنا تا بينووسێت. لـەو کاتـەدا کوڕى (ابن أم مکتـوم) سکاڵاى نابينايانى خۆى لاکرد ئينجا ئەم ئايەتـە دابـەزى کە ئەمـە ماناکەيـەتى: ﴿ئـەو کەسـانەى کـە لێکـەوتوون لـە بڕواداران جگـە لـە زيـان لێکـەوتووان نـەبێت وەك يەك نين لەگەڵ ئەو کەسانەى جيهاد دەکەن لە ڕێگەى خوادا)).

(٣٥) کەسێك نەخۆشی گلیبداتەوە لە غەزا

١٠٦١ــ عَـنْ جَـابِرٍ (ﷺ) قَـالَ: كُنَّـا مَـعَ النَّبِـيِّ (ﷺ) فِـي غَـزَاةٍ، فَقَـالَ: ((إِنَّ بِالْمَدِينَـةِ لَرِجَالًـا، مَـا سِـرْتُمْ مَـسِيرًا وَلَـا قَطَعْـتُمْ وَادِيًـا إِلَّـا كَـانُوا مَعَكُـمْ، حَبَـسَهُمُ الْمَرَضُ)).

(جـابر)(ﷺ) دەڵـێ: ئێمـە لـە خزمـەت پێغەمبـەرى خـوادا بـووين (ﷺ) لـە جەنگێکدا فەرمووى: ((لەڕاستيدا لە مەدينەدا پياوانێك هەن ئێوە هـەر قۆناغێك ڕۆيـشتبن هـەر شـيوو دۆڵێکيـشتان بڕيبـێ ئەوانـە لەگـەڵتان دەبـوون، بـەڵام نەخۆشى گلى داونەتەوە)).

(٣٤) بەشی بەسەرهاتی جەنگەکان

(١) بۆ سەرکردەکانی سوپا و هێزەکان و ئامۆژگاری کردنیان بەوەی کە پێویستە

١٠٦٢ـ عن بُرَيْدَةَ (ﷺ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) إِذَا أَمَّرَ أَمِيرًا عَلَى جَيْشٍ أَوْ سَرِيَّةٍ أَوْصَاهُ فِي خَاصَّتِهِ بِتَقْوَى اللَّهِ (ﷻ)، وَمَنْ مَعَهُ مِنَ الْمُسْلِمِينَ خَيْرًا. ثُمَّ قَالَ: ((اغْزُوا بِاسْمِ اللَّهِ، فِي سَبِيلِ اللَّهِ، قَاتِلُوا مَنْ كَفَرَ بِاللَّهِ، اغْزُوا وَلَا تَغُلُّوا، وَلَا تَغْدِرُوا، وَلَا تَمْثُلُوا، وَلَا تَقْتُلُوا وَلِيدًا، وَإِذَا لَقِيتَ عَدُوَّكَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ فَادْعُهُمْ إِلَى ثَلَاثِ خِصَالٍ -أَوْ: خِلَالٍ- فَأَيَّتُهُنَّ مَا أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ. ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى الْإِسْلَامِ، فَإِنْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ، وَكُفَّ عَنْهُمْ، ثُمَّ ادْعُهُمْ إِلَى التَّحَوُّلِ مِنْ دَارِهِمْ إِلَى دَارِ الْمُهَاجِرِينَ، وَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ إِنْ فَعَلُوا ذَلِكَ فَلَهُمْ مَا لِلْمُهَاجِرِينَ وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُهَاجِرِينَ، فَإِنْ أَبَوْا أَنْ يَتَحَوَّلُوا مِنْهَا: فَأَخْبِرْهُمْ أَنَّهُمْ يَكُونُونَ كَأَعْرَابِ الْمُسْلِمِينَ، يَجْرِي عَلَيْهِمْ حُكْمُ اللَّهِ الَّذِي يَجْرِي عَلَى الْمُؤْمِنِينَ، وَلَا يَكُونُ لَهُمْ فِي الْغَنِيمَةِ وَالْفَيْءِ شَيْءٌ إِلَّا أَنْ يُجَاهِدُوا مَعَ الْمُسْلِمِينَ. فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَسَلْهُمُ الْجِزْيَةَ. فَإِنْ هُمْ أَجَابُوكَ فَاقْبَلْ مِنْهُمْ وَكُفَّ عَنْهُمْ. فَإِنْ هُمْ أَبَوْا فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ، وَقَاتِلْهُمْ. وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ، فَأَرَادُوكَ أَنْ تَجْعَلَ لَهُمْ ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ نَبِيِّهِ (ﷺ)، فَلَا تَجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّةَ اللَّهِ وَلَا ذِمَّةَ نَبِيِّهِ (ﷺ)، وَلَكِنِ اجْعَلْ لَهُمْ ذِمَّتَكَ وَذِمَّةَ أَصْحَابِكَ، فَإِنَّكُمْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَمَكُمْ وَذِمَمَ أَصْحَابِكُمْ أَهْوَنُ مِنْ أَنْ تُخْفِرُوا ذِمَّةَ اللَّهِ وَذِمَّةَ رَسُولِهِ (ﷺ). وَإِذَا حَاصَرْتَ أَهْلَ حِصْنٍ، فَأَرَادُوكَ أَنْ تُنْزِلَهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّهِ، فَلَا تُنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِ اللَّهِ، وَلَكِنْ أَنْزِلْهُمْ عَلَى حُكْمِكَ، فَإِنَّكَ لَا تَدْرِي أَتُصِيبُ حُكْمَ اللَّهِ فِيهِمْ أَمْ لَا)). قَالَ عَبْدُ الرَّحْمَنِ، يعني ابن مهدي: هَذَا أَوْ نَحْوَهُ.

(بُريدة) (ﷺ) دەڵێ: هەر کاتێ پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرکردەیەکی دابنایە لەسەر سوپایەك، یان هێزێکەوە، ئامۆژگاری تایبەتی دەکرد کە لە خوا(ﷻ) بترسێ و، چاك بێت لەگەڵ ئەو موسوڵمانانەش کە لەگەڵیدان، پاشان دەیفەرموو: ((بەناوی خواوە و لە پێناوی خوادا بجەنگن، بجەنگن لەگەڵ کەسێکدا کە باوەڕی بە خوانیە، بجەنگن و خیانەت لە دەستکەوتی شەڕ مەکەن تا دابەش نەکرێت، غەدر مەکەن، لاشەی کوژراوان مەشێوێنن، منداڵ مەکوژن، ئەگەر ڕووبەڕووی دوژمنە بێ باوەڕەکان بوونەوە بانگهێشتیان بکە بۆ سێ شت

-یان سێ سیفەت- لە هەرکامێکیاندا هاتن بە دەمتەوەلێیان وەربگرە و وازیان لێبهێنە، پاشان بانگهێشتیان بکە بۆ سەر ئاینی ئیسلام، ئەگەر وەڵامیان بە بەڵێ بوو لێیان وەربگرەو، وازیان لێ بهێنە، پاشان بانگهێشتیان بکە کە لە شوێنی خۆیانەوە بگوێزنەوە بۆ شوێنی کۆچکەران[1]، ئاگاداریان بکە کە ئەگەر ئەوەیان ئەنجام دا ئەوا هەر مافێ بۆ کۆچکەران هەیە بۆ ئەوانیش هەیە، وە هەرئەرکێ دەکەوێتە سەر شانیکۆچکەران دەکەوێتە سەر شانی ئەوانیش، جا ئەگەر ئەوەیان ڕەت کردەوە و شوێنی خۆیانیان بەجێنەهێشت، ئاگاداریان بکە کە ئەوانیش وەك عەرەبە موسوڵمانە دەشتەکیەکان وان، ئەو حوکمەی خوایان لە سەر پیادە دەکرێ کە لەسەر باوەڕداران پیادە دەکرێ. بەڵام لە دەستکەوتی جەنگ و دەستکەوتەکانی تریش (الغنيمة و الفيء) هیچیان نادرێتێ، مەگەر ئەوەی شان بەشانی موسڵمانان جیهاد بکەن ئەگەر ئەمەشیان ڕەت کردەوە ئەوا داوایان لێ بکە سەرانە بدەن، ئەگەر ڕازی بوون لێیان وەربگرە و وازیان لێبهێنە، ئەگەر ڕازی نەبوون داوای یارمەتی و پشتگیری خوا بکە و، لەگەڵیاندا بجەنگە و، ئەگەر گەمارۆی جێگیربوانی قەڵایەکت دا، داوایان لێکردی پەیمانی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەگەڵیاندا مۆرکەی ئەوا لەگەڵیاندا مۆرمەکە، بەڵکو خۆت و هاوەڵەکانت پەیمانی پارێزراوی خۆتانیان بدەنێ، چونکە ئەگەر ئێوە پەیمانی خۆتان و هاوەڵەکانتان بشکێنن، ئەوا ئاسانترە لەوە کە پەیمانی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بشکێنن، خۆ ئەگەر جێگیربووانی قەڵایەکت گەمارۆدا، داوایان لێکردی کە حوکمی خوایان بەسەردا جێبەجێبکەیت، ئەوەیان لەگەڵدا مەکە، بەڵکو حوکمی خۆتیان بەسەردا جێبەجێ بکە. چونکە تۆ نازانی، کە ئایا وەك پێویست ئەتوانی بڕیار و حوکمی ڕاستی خوایان لەسەر جێبەجێ بکەیت یان نا)).

(٢) فەرماندان بە نوێنەران بۆ ئاسانکاریی

١٠٦٣- عن أبي موسى (ﷺ): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) بَعَثَهُ وَمُعَاذًا إِلَى الْيَمَنِ فَقَالَ: ((يَسِّرَا وَلَا تُعَسِّرَا، وَبَشِّرَا وَلَا تُنَفِّرَا، وَتَطَاوَعَا وَلَا تَخْتَلِفَا)). [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٧٣]

---

[1] واتە بۆ وڵاتی ئیسلام

(أبو موسى) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) ئەو و (معاذ)ی نارد بۆ یەمەن و فەرمووی: ((ئاسانکاریی بکەن و شت قورس مەکەن، موژدە دەربن و خەڵکی دوور مەخەنەوە، گوێڕایەڵی یەکتربن و لەنێوخۆتاندا ناکۆك مەبن)).

(٣) ناردنی نوێنەران و پاداشتی کەسێ کە دەهێڵرێتەوە

١٠٦٤ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) بَعَثَ إِلَى بَنِي لَحْيَانَ: ((لِيَخْرُجْ مِنْ كُلِّ رَجُلَيْنِ رَجُلٌ)). ثُمَّ قَالَ لِلْقَاعِدِ: ((أَيُّكُمْ خَلَفَ الْخَارِجَ فِي أَهْلِهِ وَمَالِهِ بِخَيْرٍ كَانَ لَهُ مِثْلُ نِصْفِ أَجْرِ الْخَارِجِ)).

(أبو سعيد الخُدري) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردیە سەر (بني لحيان) کە: ((با هەر لە دوو کەستان، پیاوێك بڕوات)). پاشان بەو یەکەیانی فەرموو کە دەمێنێتەوە: ((هەر کەس لە ئێوە چاودێری ماڵ و منداڵی یەکێك لە ڕۆیشتوان بکات بەچاکە ئەوا بە ئەندازەی نیوەی پاداشتی ئەوی هەیە)).

(٤) سنووری تەمەنی نێوان بچووك و گەورە لە چوون بۆ جەنگ

١٠٦٥ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: عَرَضَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَوْمَ أُحُدٍ فِي الْقِتَالِ، وَأَنَا ابْنُ أَرْبَعَ عَشْرَةَ سَنَةً فَلَمْ يُجِزْنِي، وَعَرَضَنِي يَوْمَ الْخَنْدَقِ وَأَنَا ابْنُ خَمْسَ عَشْرَةَ سَنَةً فَأَجَازَنِي. قَالَ نَافِعٌ: فَقَدِمْتُ عَلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ (ﷺ) وَهُوَ يَوْمَئِذٍ خَلِيفَةٌ، فَحَدَّثْتُهُ هَذَا الْحَدِيثَ، فَقَالَ: إِنَّ هَذَا لَحَدٌّ بَيْنَ الصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ، فَكَتَبَ إِلَى عُمَّالِهِ أَنْ يَفْرِضُوا لِمَنْ كَانَ ابْنَ خَمْسَ عَشْرَةَ سَنَةً، وَمَنْ كَانَ دُونَ ذَلِكَ فَاجْعَلُوهُ فِي الْعِيَالِ. [البخاري/ الشهادات/٢٥٢١]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: لە ڕۆژی جەنگی (اُحد)دا چواردە ساڵ بووم پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە چاوی پێم کەوت مۆڵەتی نەدام، لە ڕۆژی (خندق) دا کە چاوی پێم کەوت تەمەنم پانزە ساڵ بوو، مۆڵەتیدام بجەنگم، (نافع) دەڵێ: هاتمە لای (عمر)ی کوڕی (عبدالعزيز) (ﷺ) کە ئەو کاتە جێنشین بوو، ئەم فەرموودەیەم بۆ گێڕایەوە، وتی: ئەوە سنوری نێوان بچووك و گەورەیە، نووسراوی نارد بۆ کاربەدەستانی کە مووچە بڕنەوە بۆ ئەو کەسەی تەمەنی پانزە ساڵە، هەرکەسیش لەوە خوارتربێت بیخەنە ڕیزی ئەو خێزانانەوە کە یارمەتی دەدرێن.

(٥) ڕێگریی لە هەڵگرتنی قورئان بۆ خاكی دوژمن

١٠٦٦- عن ابن عُمَرَ (ﷺ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): أَنَّهُ كَانَ يَنْهَى أَنْ يُسَافَرَ بِالْقُرْآنِ إِلَى أَرْضِ الْعَدُوِّ، مَخَافَةَ أَنْ يَنَالَهُ الْعَدُوُّ. [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٢٨]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری دەكرد لە هەڵگرتنی قورئان لە كاتی سەفەركردندا بۆ خاكی دوژمن، لەترسی ئەوەی نەبادا دوژمن دەست درێژی بكاتە سەر.

(٦) ڕێكردن بەناو لەوەڕگا و ڕووتەمەنی دا

١٠٦٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((إِذَا سَافَرْتُمْ فِي الْخِصْبِ فَأَعْطُوا الْإِبِلَ حَظَّهَا مِنَ الْأَرْضِ، وَإِذَا سَافَرْتُمْ فِي السَّنَةِ فَأَسْرِعُوا عَلَيْهَا السَّيْرَ، وَإِذَا عَرَّسْتُمْ بِاللَّيْلِ فَاجْتَنِبُوا الطَّرِيقَ، فَإِنَّهَا مَأْوَى الْهَوَامِّ بِاللَّيْلِ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەگەر بە ڕێبواری چوون بەناو لەوەڕگادا مافی حوشترەكان بدەن با بەشی خۆیان لەو زەویەدا بلەوەڕێن و، ئەگەر بە ڕێبواری چوون بەناو ڕووتەمەنیدا بەپەلە بەسەریدا بڕۆن، ئەگەر بەشەو كاروانتان خست (بۆ حەوانەوە) لەسەرە ڕێگە دوور بكەونەوە، چونكە سەرە ڕێگە بە شەودا شوێنگەی مێرووی زیان بەخشە)).

(٧) سەفەركردن بەشێكە لە سزا و ئازار

١٠٦٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((السَّفَرُ قِطْعَةٌ مِنَ الْعَذَابِ، يَمْنَعُ أَحَدَكُمْ نَوْمَهُ وَطَعَامَهُ وَشَرَابَهُ، فَإِذَا قَضَى أَحَدُكُمْ نَهْمَتَهُ مِنْ وَجْهِهِ فَلْيُعَجِّلْ إِلَى أَهْلِهِ)). [البخاري/ العمرة/ ١٧١٠]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((سەفەر بەشێكە لە سزا و ئازار، چونكە خەو وخواردن و خواردنەوە لەو كەسە قەدەغە دەكات، ئەگەر یەكێكتان لەسەفەرەكەیدا ئیشەكەی تەواو بوو، با پەلە بكات لە گەڕانەوە بۆ ناوماڵ و خێزانی)).

(٨) بەشەو گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵ باش نییە

١٠٦٩- عَنْ جَابِرِ بنِ عبد الله (ﷺ) قَالَ: نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) أَنْ يَطْرُقَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ لَيْلًا، يَتَخَوَّنُهُمْ أَوْ يَطْلُبُ عَثَرَاتِهِمْ.

(جابر) كوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگری كردوە كە بەشەو پیاو بگەڕێتەوە ناو ماڵ و خێزانی، بەنیازی خانە گومانی، یا بەدوای هەڵە و تاوانیاندا بگەڕێ.

١٠٧٠ـ عَنْ أَنَسِ ابْنِ مَالِكٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ لَا يَطْرُقُ أَهْلَهُ لَيْلًا، وَكَانَ يَأْتِيهِمْ غُدْوَةً أَوْ عَشِيَّةً. [البخاري/ العمرة/ ١٧٠٦]

(أنس)ی كوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەشەودا نەدەگەڕایەوە ناو ماڵ و خێزانی، بەڵكو لە كاتی بەیانیاندا یان دەمەو ئێوارە دەگەڕایەوە.

(٩) نزا و پارانەوە لە پێش دەستپێكردنی جەنگ

١٠٧١ـ عَنِ ابْنِ عَوْنٍ قَالَ: كَتَبْتُ إِلَى نَافِعٍ أَسْأَلُهُ عَنِ الدُّعَاءِ قَبْلَ الْقِتَالِ؟ قَالَ: فَكَتَبَ إِلَيَّ: إِنَّمَا كَانَ ذَلِكَ فِي أَوَّلِ الْإِسْلَامِ، قَدْ أَغَارَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَلَى بَنِي الْمُصْطَلِقِ وَهُمْ غَارُّونَ، وَأَنْعَامُهُمْ تُسْقَى عَلَى الْمَاءِ، فَقَتَلَ مُقَاتِلَتَهُمْ وَسَبَى سَبْيَهُمْ، وَأَصَابَ يَوْمَئِذٍ -قَالَ يَحْيَى: أَحْسِبُهُ قَالَ -جُوَيْرِيَةَ- أَوْ قَالَ الْبَتَّةَ- ابْنَةَ الْحَارِثِ. وَحَدَّثَنِي هَذَا الْحَدِيثَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ (ﷺ)، وَكَانَ فِي ذَلِكَ الْجَيْشِ. [البخاري/ العتق/ ٢٤٠٣]

(ابن عون) (ﷺ) دەڵێ: نامەم نارد بۆ (نافع) و پرسیاری پارانەوەی پێش جەنگم لێكرد؟ وتی: بۆی نووسیمەوە: ئەمە لەسەرەتای بڵاو بونەوەی ئیسلامەوە بوو، كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەرەو (بني المصطلح) ڕۆیشت، لەكاتێكا بێ ئاگا بوون، مەڕوماڵاتیان لە ئاو خواردنەوەدا بوون، جەنگا لەگەڵ جەنگاوەرانیاندا و ژن و منداڵی بەدیل گرتن، (یحیی) دەڵێ: (ابن عون) وتی: هەر لەو ڕۆژەدا وا گومان دەبەم كە (جویریة) یان بە دڵنیاییەوە كچەكەی (حارث)ی بە دیل گرت. ئەم فەرموودەیە (عبدالله)ی كوڕی (عمر) (ﷺ) بۆی گێڕامەوە كە لەناو سوپاكەدا بوو.

(١٠) نامەكانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ پادشاكان كەبانگهێشتی دەكردن بۆ خوا پەرستی

١٠٧٢ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ نَبِيَّ اللَّهِ (ﷺ) كَتَبَ إِلَى كِسْرَى وَإِلَى قَيْصَرَ وَإِلَى النَّجَاشِيِّ، وَإِلَى كُلِّ جَبَّارٍ، يَدْعُوهُمْ إِلَى اللَّهِ، تَعَالَى وَلَيْسَ بِالنَّجَاشِيِّ الَّذِي صَلَّى عَلَيْهِ النَّبِيُّ (ﷺ).[البخاري/ الجنائز/ ١١٨٨]

(أنــس) (ﷺ) دەڵــێ: پێغەمبــەری خــوا (ﷺ) نامــەی نووســی بــۆ لای (کیسرا) و (قیصر) و (نجاشی) و بۆ هەموو خاوەن دەسەڵاتێکی نا موسڵمانی بە زەبر، بانگهێشتی دەکردن باوەڕ بهێنن بە خوای گەورە، ئەم (نجاشی)یە ئەو (نجاشی)یە نییە کە موسڵمان بوو و، پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی جەنازەی غائبی لەسەر کرد.

(١١) نامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بۆ هەرقل و بانگ کردنی بۆ موسڵمان بوون

١٠٧٣ـ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ: أَنَّ أَبَا سُفْيَانَ (ﷺ) أَخْبَرَهُ مِنْ فِيهِ إِلَى فِيهِ قَالَ: انْطَلَقْتُ فِي الْمُدَّةِ الَّتِي كَانَتْ بَيْنِي وَبَيْنَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، قَالَ: فَبَيْنَا أَنَا بِالشَّأْمِ إِذْ جِيءَ بِكِتَابٍ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) إِلَى هِرَقْلَ، يَعْنِي عَظِيمَ الرُّومِ، قَالَ: وَكَانَ دَحْيَةُ الْكَلْبِيُّ جَاءَ بِهِ. فَدَفَعَهُ إِلَى عَظِيمِ بُصْرَى، فَدَفَعَهُ عَظِيمُ بُصْرَى إِلَى هِرَقْلَ، فَقَالَ هِرَقْلُ: هَلْ هَاهُنَا أَحَدٌ مِنْ قَوْمِ هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ؟ قَالُوا: نَعَمْ، قَالَ: فَدُعِيتُ فِي نَفَرٍ مِنْ قُرَيْشٍ، فَدَخَلْنَا عَلَى هِرَقْلَ، فَأَجْلَسَنَا بَيْنَ يَدَيْهِ، فَقَالَ: أَيُّكُمْ أَقْرَبُ نَسَبًا مِنْ هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ؟ فَقَالَ أَبُو سُفْيَانَ: فَقُلْتُ أَنَا، فَأَجْلَسُونِي بَيْنَ يَدَيْهِ، وَأَجْلَسُوا أَصْحَابِي خَلْفِي، ثُمَّ دَعَا بِتَرْجُمَانِهِ فَقَالَ [لَهُ]: قُلْ لَهُمْ: إِنِّي سَائِلٌ هَذَا عَنِ الرَّجُلِ الَّذِي يَزْعُمُ أَنَّهُ نَبِيٌّ، فَإِنْ كَذَبَنِي فَكَذِّبُوهُ، قَالَ: فَقَالَ أَبُو سُفْيَانَ: وَايْمُ اللَّهِ لَوْلَا مَخَافَةُ أَنْ يُؤْثَرَ عَلَيَّ الْكَذِبُ لَكَذَبْتُ، ثُمَّ قَالَ لِتَرْجُمَانِهِ: سَلْهُ كَيْفَ حَسَبُهُ فِيكُمْ؟ قَالَ: قُلْتُ: هُوَ فِينَا ذُو حَسَبٍ، قَالَ: فَهَلْ كَانَ مِنْ آبَائِهِ مَلِكٌ؟ قُلْتُ: لَا، قَالَ فَهَلْ كُنْتُمْ تَتَّهِمُونَهُ بِالْكَذِبِ قَبْلَ أَنْ يَقُولَ مَا قَالَ؟ قُلْتُ: لَا، قَالَ: وَمَنْ يَتَّبِعُهُ، أَشْرَافُ النَّاسِ أَمْ ضُعَفَاؤُهُمْ؟ قَالَ: قُلْتُ: بَلْ ضُعَفَاؤُهُمْ، قَالَ: أَيَزِيدُونَ أَمْ يَنْقُصُونَ؟ قَالَ: قُلْتُ: لَا، بَلْ يَزِيدُونَ، قَالَ: هَلْ يَرْتَدُّ أَحَدٌ مِنْهُمْ عَنْ دِينِهِ بَعْدَ أَنْ يَدْخُلَ فِيهِ سَخْطَةً لَهُ؟ قَالَ: قُلْتُ: لَا، قَالَ: فَهَلْ قَاتَلْتُمُوهُ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَكَيْفَ كَانَ قِتَالُكُمْ إِيَّاهُ؟ قَالَ: قُلْتُ: تَكُونُ الْحَرْبُ بَيْنَنَا وَبَيْنَهُ سِجَالًا: يُصِيبُ مِنَّا وَنُصِيبُ مِنْهُ، قَالَ: فَهَلْ يَغْدِرُ؟ قُلْتُ: لَا، وَنَحْنُ مِنْهُ فِي مُدَّةٍ لَا نَدْرِي مَا هُوَ صَانِعٌ فِيهَا، قَالَ: فَوَاللَّهِ مَا أَمْكَنَنِي مِنْ كَلِمَةٍ أُدْخِلُ فِيهَا شَيْئًا غَيْرَ هَذِهِ، قَالَ: فَهَلْ قَالَ هَذَا الْقَوْلَ أَحَدٌ قَبْلَهُ؟ قَالَ: قُلْتُ: لَا. قَالَ لِتَرْجُمَانِهِ: قُلْ لَهُ: إِنِّي سَأَلْتُكَ عَنْ حَسَبِهِ، فَزَعَمْتَ أَنَّهُ فِيكُمْ ذُو حَسَبٍ، وَكَذَلِكَ الرُّسُلُ تُبْعَثُ فِي أَحْسَابِ قَوْمِهَا. وَسَأَلْتُكَ هَلْ كَانَ فِي آبَائِهِ مَلِكٌ، فَزَعَمْتَ: أَنْ لَا، فَقُلْتُ: لَوْ كَانَ مِنْ

آبَائِهِ مَلِكٌ، قُلْتُ رَجُلٌ يَطْلُبُ مُلْكَ آبَائِهِ. وَسَأَلْتُكَ عَنْ أَتْبَاعِهِ أَضُعَفَاؤُهُمْ أَمْ أَشْرَافُهُمْ؟ فَقُلْتَ: بَلْ ضُعَفَاؤُهُمْ، وَهُمْ أَتْبَاعُ الرُّسُلِ. وَسَأَلْتُكَ: هَلْ كُنْتُمْ تَتَّهِمُونَهُ بِالْكَذِبِ قَبْلَ أَنْ يَقُولَ مَا قَالَ؟ فَزَعَمْتَ: أَنْ لَا، فَقَدْ عَرَفْتُ أَنَّهُ لَمْ يَكُنْ لِيَدَعَ الْكَذِبَ عَلَى النَّاسِ، ثُمَّ يَذْهَبَ فَيَكْذِبَ عَلَى اللَّهِ، وَسَأَلْتُكَ: هَلْ يَرْتَدُّ أَحَدٌ مِنْهُمْ عَنْ دِينِهِ –بَعْدَ أَنْ يَدْخُلَهُ– سَخْطَةً لَهُ؟ فَزَعَمْتَ: أَنْ لَا، وَكَذَلِكَ الْإِيمَانُ إِذَا خَالَطَ بَشَاشَةَ الْقُلُوبِ. وَسَأَلْتُكَ هَلْ يَزِيدُونَ أَوْ يَنْقُصُونَ؟ فَزَعَمْتَ أَنَّهُمْ يَزِيدُونَ، وَكَذَلِكَ الْإِيمَانُ حَتَّى يَتِمَّ. وَسَأَلْتُكَ هَلْ قَاتَلْتُمُوهُ؟ فَزَعَمْتَ: أَنَّكُمْ قَدْ قَاتَلْتُمُوهُ، فَتَكُونُ الْحَرْبُ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُ سِجَالًا: يَنَالُ مِنْكُمْ وَتَنَالُونَ مِنْهُ، وَكَذَلِكَ الرُّسُلُ تُبْتَلَى، ثُمَّ تَكُونُ لَهُمُ الْعَاقِبَةُ. وَسَأَلْتُكَ: هَلْ يَغْدِرُ؟ فَزَعَمْتَ أَنَّهُ لَا يَغْدِرُ، وَكَذَلِكَ الرُّسُلُ لَا تَغْدِرُ. وَسَأَلْتُكَ: هَلْ قَالَ هَذَا الْقَوْلَ أَحَدٌ قَبْلَهُ؟ فَزَعَمْتَ: أَنْ لَا، فَقُلْتُ: لَوْ قَالَ هَذَا الْقَوْلَ أَحَدٌ قَبْلَهُ، قُلْتُ: رَجُلٌ ائْتَمَّ بِقَوْلٍ قِيلَ قَبْلَهُ. [قَالَ]: ثُمَّ قَالَ: بِمَ يَأْمُرُكُمْ؟ قُلْتُ: يَأْمُرُنَا بِالصَّلَاةِ وَالزَّكَاةِ وَالصِّلَةِ وَالْعَفَافِ. قَالَ: إِنْ يَكُنْ مَا تَقُولُ فِيهِ حَقًّا فَإِنَّهُ نَبِيٌّ، وَقَدْ كُنْتُ أَعْلَمُ أَنَّهُ خَارِجٌ، وَلَمْ أَكُنْ أَظُنُّهُ مِنْكُمْ، وَلَوْ أَنِّي أَعْلَمُ أَنِّي أَخْلُصُ إِلَيْهِ لَأَحْبَبْتُ لِقَاءَهُ، وَلَوْ كُنْتُ عِنْدَهُ لَغَسَلْتُ عَنْ قَدَمَيْهِ، وَلَيَبْلُغَنَّ مُلْكُهُ مَا تَحْتَ قَدَمَيَّ. قَالَ: ثُمَّ دَعَا بِكِتَابِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَقَرَأَهُ، فَإِذَا فِيهِ: ((بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، مِنْ مُحَمَّدٍ رَسُولِ اللَّهِ إِلَى هِرَقْلَ عَظِيمِ الرُّومِ، سَلَامٌ عَلَى مَنِ اتَّبَعَ الْهُدَى. أَمَّا بَعْدُ: فَإِنِّي أَدْعُوكَ بِدِعَايَةِ الْإِسْلَامِ، أَسْلِمْ تَسْلَمْ، وَأَسْلِمْ يُؤْتِكَ اللَّهُ أَجْرَكَ مَرَّتَيْنِ، وَإِنْ تَوَلَّيْتَ فَإِنَّ عَلَيْكَ إِثْمَ الْأَرِيسِيِّينَ، وَ: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ﴾ [آل‌عمران: ٦٤]. فَلَمَّا فَرَغَ مِنْ قِرَاءَةِ الْكِتَابِ، ارْتَفَعَتِ الْأَصْوَاتُ عِنْدَهُ وَكَثُرَ اللَّغَطُ، وَأَمَرَ بِنَا فَأُخْرِجْنَا. قَالَ: فَقُلْتُ لِأَصْحَابِي حِينَ خَرَجْنَا: لَقَدْ أَمِرَ أَمْرُ ابْنِ أَبِي كَبْشَةَ، إِنَّهُ لَيَخَافُهُ مَلِكُ بَنِي الْأَصْفَرِ. قَالَ: فَمَا زِلْتُ مُوقِنًا بِأَمْرِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَنَّهُ سَيَظْهَرُ حَتَّى أَدْخَلَ اللَّهُ عَلَيَّ الْإِسْلَامَ.

(إبن عباس) دەڵێ: لەدەمی (أبو سفیان) دەماو دەم بیستم، وتی: لەماوەی پەیمانی (حودەیبیە) ی نێوان من و پێغەمبەری خوا (ﷺ) چووم بۆ سەفەر ، لەکاتێکدا کە لەشام بووم نامەیەك لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هێنرا بۆ (هرقل)، واتە گەورەی ڕۆم، کە (دحیة الكلبي) هێنابووی، دایە دەست گەورەی

(بُصْرى)، گەورەی (بُصْرى)یش دایە دەستی (هرقل)، (هرقل) وتی: ئایا لێرە کەسێ هەیە لە کەسوکاری ئەو پیاوەی وادادەنێ کەپێغەمبەرە؟ وتیان بەڵێ. (ابو سفیان دەڵێ: لەناو چەند قورەیشیەکدا بانگکرام و چووینە لای (هرقل) لەبەردەمیدا دایینیشاندین و وتی: کامتان بە خزمایەتی نزیکترە لەو پیاوەی وا گومان دەبا کە پێغەمبەرە؟ (أبو سفیان) وتی: وتم: من و پاشان لەبەردەمیدا دایان نیشاندم و هاوەڵەکانیشم لە دواوە. ئینجا تەرجومانەکەی داواکرد و پێی وت: پێیان بڵێ من پرسیار لەمە دەکەم لەبارەی ئەو پیاوەوە کە وادادەنێ پێغەمبەرە، ئەگەر درۆی لەگەڵ کردم بە درۆی بخەنەوە، (إبن عباس) دەڵێ: أبوسفیان وتی: سوێند بە خوا ئەگەر ترسی ئەوەم نەبوایە کە بە درۆم دەخەنەوە درۆم دەکرد، پاشان بە تەرجومانەکەی وت: لێی بپرسە کە بنەماڵەکەی چۆنە لەناوتاندا؟ وتم: ئەو لە نێوانماندا وەجاغ زادەیە. (هرقل) وتی: ئایا لە باووباپیرانیدا پادشا هەبووە؟ وتم: نەخێر، وتی: ئایا تۆمەتبارتان کردووە بە درۆ پێش ئەوەی ئەمە بڵێت؟ وتم: نەخێر. وتی: کێ شوێنی دەکەوێ، پیاوماقوڵ و بنەماڵەدار یان لاواز و بێدەسەڵاتەکان؟ وتم: خەڵکانی لاواز و بێدەسەڵاتەکان. وتی: ئایا زۆردەبن یان کەم دەکەن؟ وتم: نەخێر بەڵکو زۆر دەبن، وتی: ئایا کەسیان ڕقی لەو دینەدەبێتەوە و پاشگەز دەبێتەوە لە دوای چوونە ناوی؟ وتم: نەخێر. وتی ئایا جەنگتان لەگەڵدا کرد؟ وتم: بەڵێ. وتی ئەو شەڕەتان لەگەڵیدا چۆن شەڕێ بوو؟ وتم: شەڕ لە نێوانماندا هەر جارە جۆرێ بوو، جارێ ئەو سەردەکەوت و جارێ ئێمە، وتی: ئایا غەدر دەکا؟ (واتە پەیمانی دەشکاند) وتم: نەخێر، ئێستە ئێمە و ئەو پەیمانێکمان لە نێواندایە نازانین ئەو خەریکی چیە تیایدا، أبو سفیان وتی: سوێند بە خوا نەمتوانی تەنها یەك وشەی (زامدارکەر) بخەمە سەر قسەکانم لە (بەرانبەریدا) جگە لەم قسەیەی کە کردم لە دەرحەقی، وتی: ئایا کەسێکی تر لە پێش ئەمەوە ئەم قسەیەی کردوە، واتە لافی پێغەمبەری لێداوە؟ وتم: نەخێر. بە تەرجومانەکەی وت: پێی بڵێ من پرسیارم لێکردی دەربارەی وەجاغ زادەییەکەی، وتت کە ئەو لە نێوانتاندا وەجاغ زادەیە، هەر وەهایە پێغەمبەران لە وەجاغ زادە و بنەماڵەی قەومەکەی خۆیاندا نێردراون، پرسیارم لێکردی ئایا کەسێ لە باوباپیرانیدا پادشابووە، وتت: هەرگیز نەخێر دەڵێم: ئەگەر کەسێ لەباوباپیرانی

پادشابوایە، دەموت پیاوێکە داوای سامان و دەسەڵاتی باپیرانی دەکات پرسیارم لێکردی دەربارەی شوێنکەوتوانی، کە ئایا لاواز و بێدەسەڵاتەکانن، یان پیاوماقوڵ و بنەماڵەکانن؟ وتت: بەڵکو لاواز و بێدەسەڵاتەکانن. هەر ئەوانەیش شوێنکەوتەی پێغەمبەرانن.. پرسیارم لێکردی، ئایا لە پێش لاف لێدانی پێغەمبەرایەتیدا ئێوە تاوانبارتان دەکرد بە درۆکردن؟ وات دانا: کە هەرگیز نەخێر ، من لەوەوە زانیم کە ناگونجێ کەسێك درۆ لەگەڵ خەڵکیدا نەکات و بچێت درۆ بەدەم خواوە بکات. پرسیارم لێکردی: ئایا کەس لە ئاینەکەی پاشگەز دەبوویەوە –لەپاش ئەوەی کە دەچووە ناوی– بەهۆی ڕقلێبونیەوە؟ وتت: هەرگیز نەخێر ئەویش سروشتی باوەڕە، کاتێ تێکەڵاو بە سۆزەکانی دڵ بوو، پرسیارم لێکردی ئایا شوێنکەوتوانی زۆر دەبن یان کەم دەکەن؟ وات دانا زۆر دەبن، ئەوە سروشتی باوەڕە: تا دەگاتە ئەنجامی تەواوی خۆی و جێگیر دەبێ. پرسیارم لێکردی: ئایا جەنگتان کردووە لەگەڵیدا، وتت: کە ئێوە جەنگتان لەگەڵدا کردوە، شەڕ لە نێوانتاندا هەر جارە جۆرێك بووە، زیانی لێداون و زیانتان لێ داوە ، پێغەمبەران هەر وابوون کە تاقی دەکرێنەوە، بەڵام دەرئەنجام سەرکەوتن هەر بۆ ئەوانە ، وە پرسیارم لێکردی: ئایا غەدر دەکات؟ وات دانا کەغەدر ناکات، ئەوە ڕەوشتی پێغەمبەرانە کە غەدر ناکەن، پرسیارم لێکردی: ئایا کەس لە پێش ئەمەوە ئەم قسەیەی کردووە، واتە دەربارەی پێغەمبەرایەتی؟ وتت: هەرگیز نەخێر، وتم: ئەگەر کەسێ لە پێش ئەمەوە ئەم قسەیەی کردبێ، دەموت : پیاوێکە وتەیەك دووبارە دەکاتەوە کە پێش خۆی وترابێ. ئینجا (هرقل) وتی: فەرمانتان بە چی پێ دەدا؟ وتم: فەرمانمان پێ‌دەکات نوێژبکەین و زەکات بدەین و سیلەی ڕەحم بەجێ بهێنین و داوێن پاك بین، وتی: ئەگەر ڕاست بێ ئەو سیفەتانەی تێدابێ کە دەیانڵێیت ئەوا بە ڕاستی پێغەمبەرە. من ئەوەم دەزانی کە پێغەمبەرێکی وا پەیدا دەبێت، بەڵام گومانم وانەبوو کە لە ئێوەیە ئەگەر بمزانیایە کە دەتوانم بگەمە لای، حەزم دەکرد بە خزمەتی بگەم، ئەگەر لەلایدا بوومایە قاچەکانیم دەشۆرد.. بەدڵنیایی سنووری دەسەڵاتی دەگاتە ئەم شوێنەی کە لە ژێر پێی مندایە.. پاشان داوای نامەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) کرد و خوێندیەوە، ئەمەی تێدابوو: ((بسم الله الرحمن الرحيم، لە (محمد) پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆ (هرقل)ی گەورەی ڕۆم،

سڵاو لەو کەسەبێت کە شوێن ڕێگەی ڕاستی دەکەوێ، پاشان:من بانگهێشتت دەکەم بۆ سەر ئاینی ئیسلام، موسوڵمان ببە سەلامەت دەبی (لەهەردوو دنیا)، موسڵمان ببە خوای گەورە دوو قات پاداشتت دەداتەوە، ئەگەر ئەوەت ڕەت کردەوە ئەوە تاوانی ڕەعیەتەکەتت دەکەوێتە سەر، ئەم ئایەتەی خوێندەوە کەلە نامەکەدا هەبوو: ﴿يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَنْ لَا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ..﴾ ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ئەی ئەوانەی کتێبتان بۆ ڕەوانە کراوە، وەرن بەدەم بانگەواز و بەرنامەیەکەوە کە هاوبەش و هاوسەنگە لە نێوان ئێمەش و ئێوەشدا (ئەویش ئەمەیە): جگە لە (الله) کەسی تر نەپەرستین، هیچ جۆرە هاوەڵێکی بۆ بڕیارنەدەین، هیچ لایەکمان لاکەی ترمان (بەپیرۆز و فەرمان ڕەوا دانەنێین) و لە جیاتی ئەو زاتە کەسیتر نەپەرستین (خۆ ئەگەر لەم بانگەوازەدا) سەرپێچیان کرد و گوێیان پێنەدا، ئەوە پێیان بڵێ: کە ئێوە بەشایەت بن ئێمە موسوڵمانین و ملکەچی فەرمانی پەروەردگارین)﴾. کاتێ ابوسفیان لە خوێندنەوەی نامەکە، غەڵبە غەڵب و (دەنگە دەنگ) بەرزبوویەوە لە دەوروبەری کە نەدەزانرا چی دەوترێ، (هرقل) فەرمانیدا و ئێمە براینە دەرەوە. وتی: کاتێ چووینە دەرەوە بە هاوەڵەکانم وت: بە ڕاستی پلەوپایەی کوڕی (أبي كبشة)[1] گەورە بوو، ئەوەتا پادشای (بني الأصفر)[2] لێی دەترسێ.. لەوکاتەوە ئیتر من لەوە دڵنیابووم کە ئاینی پێغەمبەر (ﷺ) ئاشکرا دەبێ ، هەتا خوا ئیسلامی خستە دڵی خۆشمەوە.

(١٢) پاڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) و ئارامگرتنی لەسەر ئازاری دوو ڕووەکان

١٠٧٤ـ عَنْ أُسَامَةَ بْنَ زَيْدٍ (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) رَكِبَ حِمَارًا عَلَيْهِ إِكَافٌ، تَحْتَهُ قَطِيفَةٌ فَدَكِيَّةٌ، وَأَرْدَفَ وَرَاءَهُ أُسَامَةَ، وَهُوَ يَعُودُ سَعْدَ بْنَ عُبَادَةَ فِي بَنِي الْحَارِثِ بْنِ الْخَزْرَجِ، وَذَاكَ قَبْلَ وَقْعَةِ بَدْرٍ، حَتَّى مَرَّ بِمَجْلِسٍ فِيهِ أَخْلَاطٌ مِنَ

---

[1] (ابي كبشة) یەکێکە لە باپیرە ناودارەکانی پێغەمبەر (ﷺ)، یان مەبەست بە باوکی شیریەتی، تا لە پلەوپایەی کەم بکەنەوە.

[2] (بني الأصفر) مەبەست ڕۆمەکانە.

الْمُسْلِمِينَ وَالْمُشْرِكِينَ عَبَدَةِ الْأَوْثَانِ وَالْيَهُودِ، فِيهِمْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ وَفِي الْمَجْلِسِ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ رَوَاحَةَ، فَلَمَّا غَشِيَتِ الْمَجْلِسَ عَجَاجَةُ الدَّابَّةِ خَمَّرَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ أَنْفَهُ بِرِدَائِهِ، ثُمَّ قَالَ: لَا تُغَبِّرُوا عَلَيْنَا. فَسَلَّمَ عَلَيْهِمُ النَّبِيُّ (ﷺ)، ثُمَّ وَقَفَ فَنَزَلَ، فَدَعَاهُمْ إِلَى اللَّهِ وَقَرَأَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ، فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيٍّ: أَيُّهَا الْمَرْءُ، لَا أَحْسَنَ مِنْ هَذَا، إِنْ كَانَ مَا تَقُولُ حَقًّا فَلَا تُؤْذِنَا فِي مَجَالِسِنَا، وَارْجِعْ إِلَى رَحْلِكَ، فَمَنْ جَاءَكَ مِنَّا فَاقْصُصْ عَلَيْهِ. فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ رَوَاحَةَ (ﷺ): اغْشَنَا فِي مَجَالِسِنَا، فَإِنَّا نُحِبُّ ذَلِكَ. قَالَ: فَاسْتَبَّ الْمُسْلِمُونَ وَالْمُشْرِكُونَ وَالْيَهُودُ حَتَّى هَمُّوا أَنْ يَتَوَاثَبُوا، فَلَمْ يَزَلِ النَّبِيُّ (ﷺ) يُخَفِّضُهُمْ، ثُمَّ رَكِبَ دَابَّتَهُ حَتَّى دَخَلَ عَلَى سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ، فَقَالَ: ((أَيْ سَعْدُ أَلَمْ تَسْمَعْ إِلَى مَا قَالَ أَبُو حُبَابٍ -يُرِيدُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أُبَيٍّ- قَالَ: كَذَا وَكَذَا)). قَالَ: اعْفُ عَنْهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ وَاصْفَحْ، فَوَاللَّهِ لَقَدْ أَعْطَاكَ اللَّهُ الَّذِي أَعْطَاكَ، وَلَقَدِ اصْطَلَحَ أَهْلُ هَذِهِ الْبُحَيْرَةِ أَنْ يُتَوِّجُوهُ فَيُعَصِّبُوهُ بِالْعِصَابَةِ، فَلَمَّا رَدَّ اللَّهُ ذَلِكَ بِالْحَقِّ الَّذِي أَعْطَاكَهُ شَرِقَ بِذَلِكَ، فَذَلِكَ فَعَلَ بِهِ مَا رَأَيْتَ. فَعَفَا عَنْهُ النَّبِيُّ (ﷺ).[البخاري/ التفسير/ ٤٢٩٠]

(أسامة)ی كوڕی (زید) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەر (ﷺ) سواری گوێدرێژێك بوو بوو، كورتانێكی پێوەبوو. لە ژێر خۆیشیدا قەیفەیەكی (فَدَك)[٣]ی ڕاخستبوو، (أسامة)ی لە پشتیەوە سوار كردبوو سەردانی (سعد) كوڕی (عبادە)ی دەكرد كە نەخۆش بوو، لەناو (بنی الحارث)ی سەر بە (خزرج). ئەوەش لە پێش ڕووداوی بەدردا بوو، دای بەلای كۆڕێكدا كە هەمە جۆرە بوو لە موسڵمانان و بت پەرستان و جولەكە، (عبدالله) كوڕی (أُبي) لەناویاندا بوو، (عبدالله) كوڕی (ڕەواحە)ش لە كۆڕەكەدا بوو، هەر كە تەپ و تۆزی گوێدرێژەكە كەوتە سەر مەجلیسەكە، (عبدالله)ی كوڕی (ابي) بە پۆشاكەكەی لوتی خۆی داپۆشی، پاشان وتی: تۆز مەكە بەسەرماندا، پێغەمبەر (ﷺ) سڵاوی لێكردن. پاشان وەستا و دابەزی، بانگهێشتی كردن بۆ پەرستنی خوای گەورە و، قورئانی خوێند بەسەریاندا، ئینجا (عبدالله) كوڕی (اُبي) وتی: ئەی كابرا، قسەی لەمە باشتر نیە، ئەگەر ئەوەش ڕاستە كە دەیڵێیت، ئازاری مەجلیسەكەمان مەدە و بگەڕێرەوە بۆ ماڵی خۆت، هەر كەس لە ئێمە هاتەلات ئەوا لەوێ قسەی بۆ بكە،

[٣] فَدَك: شارۆچكەیەكە دوو قۆناغ لە مەدینەوە دوورە.

(عبدالله) کوڕی (رواحه) (ﷺ)وتی: بەڵکو سەرمان لێبدە لە کۆڕەکانماندا، ئێمە ئەوەمان پێخۆشە، پاشان موسڵمانەکان و بت پەرستەکان و جولەکە لەیەك توڕە بوون و بە مەبەستی شەڕکردن هەستانە سەر پێ بۆیەکتر، پێغەمبەر (ﷺ)بەردەوام دایدەمرکاندنەوە، پاشان سواری وڵاغەکەی بوویەوە تا چووە لای (سعد)کوڕی (عُبادة)، فەرمووی: ((ئەی (سعد) ئایا نەتبیست کە (أبو حباب) – مەبەستی (عبدالله) کوڕی (ابـي)– ئاوا و ئاوای وت؟)). (سعد) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لێی خۆش ببە و چاوپۆشی لێبکە، سوێند بە خوا ئەو پلەوپایەی خوا بە تۆی بەخشی لە کاتێکدا بوو کە خەڵکی ئەم شارە بڕیاریان دابوو کە تاجی لەسەرکەن و بیکەنە گەورەی خۆیان، کاتێ خوای گەورە ئەوەی لێسەندەوە بەو ڕاستیەی کە بە تۆی داوە زۆر نارەحەت و تەنگەتاو بوو، ئەوە بوو وای لێکرد کە ئەو هەڵوێستەی هەبێ کە بینیت، ئیتر پێغەمبەر (ﷺ) لێی خۆش بوو.

(١٣) ڕێگریی لە غەدر و ناپاکی

١٠٧٥ـ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((لِكُلِّ غَادِرٍ لِوَاءٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرْفَعُ لَهُ بِقَدْرِ غَدْرِهِ، أَلَا وَلَا غَادِرَ أَعْظَمُ غَدْرًا مِنْ أَمِيرِ عَامَّةٍ)).

(ابو سعيد) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((هەموو ستەمکارێك لە ڕۆژی قیامەتدا ئاڵایەکی هەیە، بەڕادەی غەدرەکەی بۆی بەرزدەکرێتەوە، ئاگاداربن کە هیچ ستەمکارێ نیە ستەمەکەی گەورەتربێ لە ستەمی (فەرمانڕەوایەکی) گشتی)) (واتە ستەمی فەرمانڕەوایان گەورە و گرانترە و زۆرتر حسابی بۆ ئەکرێ لە خەڵکی تر).

(١٤) وەفاکردن بە پەیمان

١٠٧٦ـ عَنْ حُذَيْفَةَ بْنِ الْيَمَانِ (ﷺ) قَالَ: مَا مَنَعَنِي أَنْ أَشْهَدَ بَدْرًا إِلَّا أَنِّي خَرَجْتُ أَنَا وَأَبِي حُسَيْلٌ، قَالَ: فَأَخَذَنَا كُفَّارُ قُرَيْشٍ، قَالُوا: إِنَّكُمْ تُرِيدُونَ مُحَمَّدًا، فَقُلْنَا: مَا نُرِيدُهُ، مَا نُرِيدُ إِلَّا الْمَدِينَةَ، فَأَخَذُوا مِنَّا عَهْدَ اللَّهِ وَمِيثَاقَهُ لَنَنْصَرِفَنَّ إِلَى الْمَدِينَةِ وَلَا نُقَاتِلُ مَعَهُ، فَأَتَيْنَا رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرْنَاهُ الْخَبَرَ، فَقَالَ: ((انْصَرِفَا، نَفِي لَهُمْ بِعَهْدِهِمْ وَنَسْتَعِينُ اللَّهَ عَلَيْهِمْ)).

(حذيفة) ی کوڕی (اليمان) (ﷺ) دەڵێ: هیچ شتێکی تر نەبوو کەمن دابڕێ لە بەشداریکردن لە جەنگی (بدر) ئەوە نەبێ کە من و (حُسيل)ی باوکم

دەرچووین، کافرەکانی قورەیش ئێمەیان گرت، وتیان: ئێوە دەتانەوێ بچن بۆلای محمد، وتمان: نەخێر نامانەوێ بچین بۆ لای، دەمانەوێ بچین بۆ مەدینە، ئەوانیش پەیمان و بەڵێنی خوایان لێوەرگرتین کە بچین بەرەو (مدینه) و شان بەشانی ئەو نەجەنگین، هاتینە خزمەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەواڵەکەمان پێدا، ئەویش فەرمووی: ((بڕۆن، ئێمە وەفادەکەین بە و پەیمانەی پێمان داون داوای یارمەتی لە خوای گەورە دەکەین کە سەرمان بخات بەسەریان دا)).

(١٥) خۆزگە نەخواستن بە ڕووبەڕوو بونەوەی دوژمن و، خۆڕاگری لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا

١٠٧٧ـ عَنْ أَبِي النَّضْرِ، عَنْ كِتَابِ رَجُلٍ مِنْ أَسْلَمَ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (ﷺ) يُقَالُ لَهُ: عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَبِي أَوْفَى، فَكَتَبَ إِلَى عُمَرَ بْنِ عُبَيْدِ اللَّهِ حِينَ سَارَ إِلَى الْحَرُورِيَّةِ يُخْبِرُهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ فِي بَعْضِ أَيَّامِهِ الَّتِي لَقِيَ فِيهَا الْعَدُوَّ يَنْتَظِرُ، حَتَّى إِذَا مَالَتِ الشَّمْسُ، قَامَ فِيهِمْ فَقَالَ: ((يَا أَيُّهَا النَّاسُ لَا تَتَمَنَّوْا لِقَاءَ الْعَدُوِّ وَاسْأَلُوا اللَّهَ الْعَافِيَةَ، فَإِذَا لَقِيتُمُوهُمْ فَاصْبِرُوا، وَاعْلَمُوا أَنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ ظِلَالِ السُّيُوفِ)). ثُمَّ قَامَ النَّبِيُّ (ﷺ) وَقَالَ: ((اللَّهُمَّ مُنْزِلَ الْكِتَابِ، وَمُجْرِيَ السَّحَابِ، وَهَازِمَ الْأَحْزَابِ اهْزِمْهُمْ وَانْصُرْنَا عَلَيْهِمْ)). [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٦١]

(أبو النضر) دەڵێ: لەنامەی پیاوێکەوە لە تیرەی (أسلم) و لە هاوەڵێکی پێغەمبەر (ﷺ) کە پێی دەوترا: (عبدالله) کوڕی (أوفی) کە نووسیبوی بۆ (عمر) کوڕی (عبیدالله) کاتێ ڕۆشتبوو بەرەو (الحرورية)(١) ئاگاداری دەکات: کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەیەکێ لە جەنگەکانیدا کە ڕووبەڕووی دوژمن بوویەوە، چاوەڕوانی کرد، هەتا خۆر بەرەو ئاوابوون چوو، ئینجا هەستاو فەرمووی: ((ئەی خەڵکینە خۆزگە مەخوازن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن، لەخوا بخوازن سەلامەت و پارێزراوبن، ئەگەر ڕووبەڕووشیان بوونەوە ئارامبگرن، ئەوەش بزانن کە بەهەشت لە ژێر سێبەری شمشێرەکاندایە)). دووبارە پێغەمبەر (ﷺ) هەستاو فەرمووی: ((ئەی خوایە، دابەزێنەری قورئان و هێنەری هەورەکان، ئەی ڕوخێنەری حیزب و تاقمە بێباوەڕەکان. تێکیان بشکێنە و سەرمان بخە بەسەریاندا)).

---

(٢) الحرورية: ناوچەیەکە (خەواریج)ی تێدابوو؟

(١٦) دۆعا کردن لە دوژمن

فيه حديث عبدالله بن أبي أوفى (ﷺ)، وقد تقدم في الباب قبله.

فەرمودەی پێشووی لەسەرە (عبدالله) کوڕی (أبو أوفى) (ﷺ) دەیگێڕێتەوە.

١٠٧٨ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) كَانَ يَقُولُ يَوْمَ أُحُدٍ: ((اللَّهُمَّ إِنَّكَ إِنْ تَشَأْ لَا تُعْبَدْ فِي الْأَرْضِ)).

(أنس) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕۆژی (أُحد)دا دەیفەرموو: ((ئەی خوایە، ئەگەر هۆکارەکانی سەرکەوتن بڕەخسێنی بۆ دوژمن ئەوا تۆ لەم سەرزەویەدا ناپەرسترێیت)).

(١٧) جەنگ فڕوفێڵە

١٠٧٩ـ جَابِرِ بن عبدالله (ﷺ) قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((الْحَرْبُ خُدْعَةٌ)).

(جابر(کوڕی (عبدالله) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((جەنگ فڕو فێڵە)) [واتە: لەجەنگدا دەکرێ بەمەبەستی زیان گەیاندن بە دوژمن فێڵ بکەیت. فێڵ (خدع) لە قورئاندا بە مانای ئەوەدێت کەکارێك دەرخەیت کە سەر لەدوژمن تێك بدەیت].

(١٨) بەشدار نەکردنی بت پەرستان لە جەنگدا

١٠٨٠ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) -زَوْجِ النَّبِيِّ (ﷺ)- أَنَّهَا قَالَتْ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قِبَلَ بَدْرٍ، فَلَمَّا كَانَ بِحَرَّةِ الْوَبَرَةِ أَدْرَكَهُ رَجُلٌ، قَدْ كَانَ يُذْكَرُ مِنْهُ جُرْأَةٌ وَنَجْدَةٌ، فَفَرِحَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) حِينَ رَأَوْهُ، فَلَمَّا أَدْرَكَهُ قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): جِئْتُ لِأَتَّبِعَكَ وَأُصِيبَ مَعَكَ، قَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ)). قَالَ: لَا، قَالَ: ((فَارْجِعْ، فَلَنْ أَسْتَعِينَ بِمُشْرِكٍ)). قَالَتْ: ثُمَّ مَضَى، حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالشَّجَرَةِ أَدْرَكَهُ الرَّجُلُ، فَقَالَ لَهُ كَمَا قَالَ أَوَّلَ مَرَّةٍ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ (ﷺ) كَمَا قَالَ أَوَّلَ مَرَّةٍ، قَالَ: ((فَارْجِعْ، فَلَنْ أَسْتَعِينَ بِمُشْرِكٍ)). قَالَ: ثُمَّ رَجَعَ فَأَدْرَكَهُ بِالْبَيْدَاءِ، فَقَالَ لَهُ كَمَا قَالَ أَوَّلَ مَرَّةٍ: ((تُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ)). قَالَ: نَعَمْ، فَقَالَ [لَهُ] رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَانْطَلِقْ)).

(عائشة)ی خێزانی پێغەمبەر (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕووەو (بدر) ڕۆیشت، کاتێ گەیشتە (حرة الوبرة)[٢] پیاوێك گەیشت پێی، وا باسی

---

[٢] حرة الوبرة: شوێنێکە لە دەرەوەی مەدینە.

ئەو پیاوە دەکرا کە بە غیرەتە و بە هانای هەرکەسێکەوە دێ کە هانای پێ ببات، هەرکە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بینیان دڵخۆش بوون، کاتێ گەیشتە لایان ، بەپێغەمبەری خوا (ﷺ)ی وت هاتووم لەگەڵتدا بم و بجەنگێم و شتێکم دەستکەوێ. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((باوەڕت بە خوا و بەپێغەمبەرەکەی هەیە؟)) وتی: نەخێر. فەرمووی: ((بگەڕێرەوە. من بت پەرست بەشدار ناکەم بۆ یارمەتی)) عائیشە وتی: دوای ئەوە ڕۆیشت، کاتێ ئێمە لە (الشجرة)[٣] بووین پیاوەکە گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) و هەمان قسەی یەکەمجاری لێدووبارە کردەوە، پێغەمبەریش (ﷺ) هەمان فەرموودەی جاری یەکەمی پێوتەوە، پاشان فەرمووی: ((بگەڕێرەوە من داوای یارمەتی لە بێباوەڕ ناکەم)) عائشە وتی: پاشان گەڕایەوە و دواتر لە (البیداء)[٤] گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) و پێغەمبەریش (ﷺ) هەمان فەرموودەی یەکەمین جاری لێ دووبارە کردەوە: ((باوەڕت بە خوا و بەپێغەمبەرەکەی هەیە؟)) وتی: بەڵێ. پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموو: ((دە بکەوەڕێ)).

(١٩) دەرچوونی ئافرەتان لەگەڵ جەنگاوەراندا

١٠٨١ـ عَنْ أَنَسٍ (ﷺ): أَنَّ أُمَّ سُلَيْمٍ (ﷺ) اتَّخَذَتْ يَوْمَ حُنَيْنٍ خِنْجَرًا، فَكَانَ مَعَهَا، فَرَآهَا أَبُو طَلْحَةَ، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذِهِ أُمُّ سُلَيْمٍ مَعَهَا خِنْجَرٌ، فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا هَذَا الْخِنْجَرُ)). قَالَتِ: اتَّخَذْتُهُ إِنْ دَنَا مِنِّي أَحَدٌ مِنَ الْمُشْرِكِينَ بَقَرْتُ بِهِ بَطْنَهُ، فَجَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَضْحَكُ، قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ اقْتُلْ مَنْ بَعْدَنَا مِنَ الطُّلَقَاءِ انْهَزَمُوا بِكَ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((يَا أُمَّ سُلَيْمٍ، إِنَّ اللَّهَ [(ﷻ)] قَدْ كَفَى وَأَحْسَنَ)).

(انس) (ﷺ) دەڵێ: (أمُّ سلیم) (ﷺ) لە ڕۆژی (حنین)دا خەنجەرێکی بەدەستەوە گرتبوو کە لەگەڵ خۆی هەڵی گرتبوو، (ابو طلحة) چاوی پێکەوت، وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوە (أم سلیم)ە خەنجەرێکی پێیە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە (أم سلیم)ی وت: ((ئەو خەنجەرە چییە؟)) وتی: هەڵم گرتووە تا ئەگەر یەکێ لە بێباوەڕان لێم نزیك بوویەوە سکی هەڵبدڕم پێی.

---

[٣] الشجرة: شوێنێکە لە دەرەوەی مەدینە.

[٤] البیداء: بیابان.

وایکرد کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێبکەنێ. (اُم سلیم) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو ئازاد کراوانەی (مەککە)ش بکوژە کەلە شەڕەکە هەڵهاتن و بوونە مایەی شکست هێنانت. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەی (اُم سلیم)، خوای گەورە پێویستی نەختستینە ئەوان و چاکەیشی لەگەڵ کردوون)).

١٠٨٢ـ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) قَالَ: لَمَّا كَانَ يَوْمُ أُحُدٍ انْهَزَمَ نَاسٌ مِنَ النَّاسِ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، وَأَبُو طَلْحَةَ بَيْنَ يَدَيِ النَّبِيِّ (ﷺ) مُجَوِّبٌ عَلَيْهِ بِحَجَفَةٍ، قَالَ: وَكَانَ أَبُو طَلْحَةَ رَجُلًا رَامِيًا شَدِيدَ النَّزْعِ، وَكَسَرَ يَوْمَئِذٍ قَوْسَيْنِ أَوْ ثَلَاثًا، قَالَ: فَكَانَ الرَّجُلُ يَمُرُّ مَعَهُ الْجَعْبَةُ مِنَ النَّبْلِ، فَيَقُولُ: ((انْثُرْهَا لِأَبِي طَلْحَةَ)). قَالَ: وَيُشْرِفُ نَبِيُّ اللَّهِ (ﷺ) يَنْظُرُ إِلَى الْقَوْمِ، فَيَقُولُ أَبُو طَلْحَةَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي لَا تُشْرِفْ، لَا يُصِبْكَ سَهْمٌ مِنْ سِهَامِ الْقَوْمِ، نَحْرِي دُونَ نَحْرِكَ. قَالَ: وَلَقَدْ رَأَيْتُ عَائِشَةَ بِنْتَ أَبِي بَكْرٍ وَأُمَّ سُلَيْمٍ -(رضي الله عنهما)- وَإِنَّهُمَا لَمُشَمِّرَتَانِ أَرَى خَدَمَ سُوقِهِمَا، تَنْقُلَانِ الْقِرَبَ عَلَى مُتُونِهِمَا، ثُمَّ تُفْرِغَانِهِ فِي أَفْوَاهِهِمْ، ثُمَّ تَرْجِعَانِ فَتَمْلَآنِهَا، ثُمَّ تَجِيئَانِ تُفْرِغَانِهِ فِي أَفْوَاهِ الْقَوْمِ، وَلَقَدْ وَقَعَ السَّيْفُ مِنْ يَدَيْ أَبِي طَلْحَةَ إِمَّا مَرَّتَيْنِ وَإِمَّا ثَلَاثًا، مِنَ النُّعَاسِ. [بخاري/ فضائل الصحابة/ ٣٦٠٠]

(أنس) کوڕی (مالك) (رضي الله عنه) دەڵێ: کاتێ کەلە ڕۆژی (اُحد) دا کەسانێ لە جەنگاوەران لە شەڕ هەڵهاتن و پێغەمبەریان بەجێهێشت، (ابو طلحة)یش لەبەردەمی پێغەمبەردا بوو (ﷺ) بە پارچەیەك پێست بەری گرتبوو لە پێغەمبەر و شێوە قەڵغانێکی بۆ دروست کردبوو، (انس)وتی: (ابو طلحة) پیاوێکی دەست ڕاست و تیر بەهێز بوو. لەو ڕۆژەدا دوو یاسێ کەوانی شکاند، هەر کە پیاوێ تێدەپەڕی بەلایدا و تیرخانی پێبووایە، پێغەمبەر دەیفەرموو: ((تیرەکانت دانێ بۆ (ابو طلحة))). پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە گۆشەیەکەوە دەیڕوانیە خەڵکەکە، (ابو طلحة) دەیووت: ئەی پێغەمبەری خوا، باوك و دایکم بە فیدات بن، دەرمەکەوە، نەبادا تیرێ لە تیرەکانی ئەو بێباوەڕانە بەرت بکەوێ، گیانم بە فیدای گیانت بێ. (انس)وتی: بینیم بەچاوی خۆم وا عائیشەی کچی ابو بکر و (أم سلیم) خۆیان هەڵکردوە بە جۆرێ کە خەڵخاڵی پێیانم دەبینی، کوندە ئاو لەسەر پشتیان بوو دەیانگواستەوە، پاشان کوندەکەیان خاڵی دەکردەوە لەدەمی جەنگاوەراندا، پاشان دەگەڕانەوە پڕیان دەکردەوە، دیسان

دەهاتنەوە خاڵیان دەكردەوە لەدەمی جەنگاوەراندا، دوو جار سێ جار شمشێر لەدەستی (أبو طلحة) كەوتە خوارەوە لەتاو ئەوە كە خەو زۆری بۆ هێنابوو.

١٠٨٣ـ عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ الْأَنْصَارِيَّةِ (ﷺ) قَالَتْ: غَزَوْتُ مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (ﷺ) سَبْعَ غَزَوَاتٍ، أَخْلُفُهُمْ فِي رِحَالِهِمْ، فَأَصْنَعُ لَهُمُ الطَّعَامَ، وَأُدَاوِي الْجَرْحَى، وَأَقُومُ عَلَى الْمَرْضَى. [البخاري –٣٦٠٠–مناقب ابي طلحة (ﷺ)]

(أم عطية الأنصارية) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) حەوت جار چووم بۆ غەزا لە شوێنی هەڵدانیان و سەربازگەی دواوە دەمامەوە خواردنم بۆ دروست دەكردن، زامدارەكانم تیمار دەكرد، چاودێری نەخۆشەكانم دەكرد.

(٢٠) ڕێگریی كردن لە كوشتنی ژنان و منداڵان لە جەنگدا

١٠٨٤ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: وُجِدَتِ امْرَأَةٌ مَقْتُولَةً فِي بَعْضِ تِلْكَ الْمَغَازِي، فَنَهَى رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ) عَنْ قَتْلِ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ. [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٥٢]

(عبدالله) كوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: لە غەزایەك لە غەزاكاندا ئافرەتێكی كوژراو بینرا، ئینجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕێگریی كرد لە كوشتنی ژنان و منداڵان.

(٢١) بڕینی دارخورماكانی دوژمن و سوتاندنیان

١٠٨٥ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (ﷺ) قَطَعَ نَخْلَ بَنِي النَّضِيرِ وَحَرَّقَ. وَلَهَا يَقُولُ حَسَّانُ (ﷺ):

وَهَانَ عَلَى سَرَاةِ بَنِي لُؤَيٍّ حَرِيقٌ بِالْبُوَيْرَةِ مُسْتَطِيرُ

وَفِي ذَلِكَ نَزَلَتْ: ﴿مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا﴾ الْآيَةَ. [البخاري/ المغازي/ ٢٩٨٤]

(عبدالله) كوڕی (ابن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دارخورماكانی (بنو النضیر) بڕی و سوتاندنیشی، لەم بارەیەوە حسان (شاعیری ئیسلام) (ﷺ) دەڵێ:

وهان على سراة بني لؤي حريق بالبويرة[1] مستطيرُ

بەلای گەورەكانی (بني لؤی) وە ئاسان بوو ئاگرێ لە (بويرة) بكەوێتەوە تەشەنەبكات. هەر لەم بارەیەوە ئەم ئایەتەی سەرەوە هاتە خوارەوە

[1] البويرة: ناوی شوێنێكە لە گەڕەك وبانی بنو النضیر

کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿هەر درەختێکی تەڕتان بڕیبێت یان وازتان لێهێنابێت و لەسەر بنجی خۆی مابێت (لەخەیبەردا) بە فەرمانی خوابووە و ویستی ئەوی لەسەرە، تا تاوانباران و لەسنوور دەرچووەکانی سەرشۆڕ و خەجاڵەت بکات﴾.

(٢٢) بردنی خواردن لە خاکی دوژمندا

١٠٨٦ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مُغَفَّلٍ (ﷺ) قَالَ: أَصَبْتُ جِرَابًا مِنْ شَحْمٍ يَوْمَ خَيْبَرَ، قَالَ: فَالْتَزَمْتُهُ، فَقُلْتُ: لَا أُعْطِي الْيَوْمَ أَحَدًا مِنْ هَذَا شَيْئًا، قَالَ: فَالْتَفَتُّ فَإِذَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُتَبَسِّمًا. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٨٤]

(عبدالله) کوڕی (مُغفَّل) (ﷺ) دەڵێ: ڕۆژی (خەیبەر) هیزەیەك بەزم دۆزیەوە" هەڵمگرت و وتم: ئەمرۆ لەمە هیچ بەشی کەس نادەم. وتی: کەلام کردەوە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بەزەردەخەنەوە بینی.

(٢٣) حەڵاڵکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ تایبەتە بەم ئوممەتەوە

١٠٨٧ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((غَزَا نَبِيٌّ مِنَ الْأَنْبِيَاءِ، فَقَالَ لِقَوْمِهِ: لَا يَتْبَعْنِي رَجُلٌ قَدْ مَلَكَ بُضْعَ امْرَأَةٍ، وَهُوَ يُرِيدُ أَنْ يَبْنِيَ بِهَا وَلَمَّا يَبْنِ. وَلَا آخَرُ قَدْ بَنَى بُنْيَانًا وَلَمَّا يَرْفَعْ سُقُفَهَا. وَلَا آخَرُ قَدِ اشْتَرَى غَنَمًا أَوْ خَلِفَاتٍ وَهُوَ مُنْتَظِرٌ وِلَادَهَا. قَالَ: فَغَزَا فَأَدْنَى لِلْقَرْيَةِ حِينَ صَلَاةِ الْعَصْرِ أَوْ قَرِيبًا مِنْ ذَلِكَ، فَقَالَ لِلشَّمْسِ: أَنْتِ مَأْمُورَةٌ وَأَنَا مَأْمُورٌ، اللَّهُمَّ احْبِسْهَا عَلَيَّ شَيْئًا، فَحُبِسَتْ عَلَيْهِ حَتَّى فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ، قَالَ: فَجَمَعُوا مَا غَنِمُوا، فَأَقْبَلَتِ النَّارُ لِتَأْكُلَهُ فَأَبَتْ أَنْ تَطْعَمَهُ، فَقَالَ: فِيكُمْ غُلُولٌ، فَلْيُبَايِعْنِي مِنْ كُلِّ قَبِيلَةٍ رَجُلٌ، فَبَايَعُوهُ فَلَصِقَتْ يَدُ رَجُلٍ بِيَدِهِ، فَقَالَ: فِيكُمُ الْغُلُولُ، فَلْتُبَايِعْنِي قَبِيلَتُكَ، فَبَايَعَتْهُ، قَالَ: فَلَصِقَتْ بِيَدِ رَجُلَيْنِ أَوْ ثَلَاثَةٍ، فَقَالَ: فِيكُمُ الْغُلُولُ، أَنْتُمْ غَلَلْتُمْ، قَالَ: فَأَخْرَجُوا لَهُ مِثْلَ رَأْسِ بَقَرَةٍ مِنْ ذَهَبٍ، قَالَ: فَوَضَعُوهُ فِي الْمَالِ، وَهُوَ بِالصَّعِيدِ، فَأَقْبَلَتِ النَّارُ فَأَكَلَتْهُ، فَلَمْ تَحِلَّ الْغَنَائِمُ لِأَحَدٍ مِنْ قَبْلِنَا، ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ تَبَارَكَ وَتَعَالَى رَأَى ضَعْفَنَا وَعَجْزَنَا، فَطَيَّبَهَا لَنَا)). [البخاري/ الخمس/ ٢٩٥٦]

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((پێغەمبەرێ لە پێغەمبەران غەزایەکی کرد و، بە ئوممەتەکەیی وت: با پیاوێ شوێنم نەکەوێ کە ئافرەتێکی مارەکردبێ و، ویستبێتی بیگوێزێتەوە و هێشتا نەیگواستبێتەوە، هەروەها کەسێکی تریش کە خانوویەکی کردبێتەوە وهێشتا سەری نەگرتبێ، یەکێکی تریش کە مەڕ یا حوشتری ئاوسی کڕی بێ و

چاوەڕێی بێ بەچکەی هەبێ، فەرمووی: غەزاکەی کرد و کات نوێژی عەسر یان دەوروبەری عەسر نزیکی گوندەکە بوبویەوە، بە خۆری فەرموو: تۆ فەرمانبەرداری و منیش فەرمانبەردارم، خوایە ماوەیەك ئەم خۆرە ڕاگرە بۆم. خۆرەکەی بۆ ڕاگیرا تاخوا سەری خست، فەرمووی: دەستکەوتە جەنگیەکەیانیان کۆکردەوە، ئاگر هات بۆ ئەوەی بیسوتێنێ کەچی نەیسوتاند، پێغەمبەرەکە فەرمووی: گزیکارتان تێدایە، با لە هەر هۆزێك کەسێ بێ پەیمانم بداتێ، پەیمانیان دایە، دەستی پیاوێك لکا بە دەستیەوە، فەرمووی: گزی کارتان تێدایە، با هۆزەکەت هەمووی پەیمانم بداتێ، ئینجا هۆزەکە پەیمانی دایە: دەستی لکابە دەستی دووسێ پیاوی هۆزەکەوە، فەرمووی: گزییەکە لە ئێوەدایە، ئێوە گزیتان کردوە، فەرمووی: بەقەبارەی سەرە مانگایەك ئاڵتونیان بۆ دەرهێنا و خستیانە ناو ئەو دەستکەوتەوە کەلە دەشتەکە دانرابوو، ئاگرەکە هات و سوتاندی، دەستکەوتەکانی شەڕ بۆ کەس حەڵاڵ نەکراوە لەپێش ئێمەوە، بەڵام چونکە خوای گەورە لاوازی و بێدەستەڵاتی ئێمەی بینیوە، بۆیە حەڵاڵی کردوە بۆ ئێمە)).

(٢٤) دەستکەوتەکانی جەنگ

١٠٨٨- عَنْ مصْعَب بنْ سَعْدٍ، عَن ابِيهِ قَالَ: نَزَلَتْ فِيَّ ارْبَع ايَاتٍ : اصَبْتُ سَيْفاً فَاتَى بِهِ النَبِيٍّ (ﷺ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله نَفِّلنِيهِ ، فَاقَالَ (ضَعْهُ) مِنْ حَيْثُ اخَذْتَهُ))]ثُمَّ قَامَ فَقَالَ: نَفِّلْنِيهِ يَا رَسُولَ الله ، فَقَالَ: ((ضَعْهُ)) .فَقَامَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ الله نَفِّلنِيهِ، اَجْعَل كَمَن لاَ غنَاءَ لَهُ؟ فَقَالَ [لَهُ] النَبِيٍّ(ﷺ): ((ضَعْهُ مِنْ حَيْثُ اخَذْتَهُ)). قَالَ: فَنَزَلَت هَذِهِ الايَةُ﴿يَسْأَلونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ﴾[(الأنفال: ١)].

(مُصعَب) كوڕی (سَعد) لەباوكییەوە دەڵێ: چوار ئایەت لەبارەمەوە دابەزیون، شمشێرێكم دۆزیەوە، هێنام بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا بیكەرە زیادەبەشم لە دەستكەوتی جەنگ، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: ((لەكوێ هەڵت گرتوە هەر لەوێ دایبنێرەوە)). پاشان هەستام عەرزم كرد: ئەی پێغەمبەری خوا بیكەرە زیادەبەشم لە دەستكەوتی جەنگ. فەمووی: ((داینێ)) دیسانەوە هەستام وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیكەرە (زیادەبەشم) لە دەستكەوتی جەنگی. ئایا هەروەك كەسێ سەیرم دەكرێكە هیچ

سودێکی نەبووە لە جەنگەکەدا؟ پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووی: ((لە کوێ هەڵت گرتووە هەر لەوێ دایبنێرەوە)). (مُصعب) دەڵێ: ئەم ئایەتەی سەرەوە هاتە خوارەوە: کە ئەمە ماناکەیەتی: ﴿ئەی محمد (ﷺ) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ئەو دەستکەوتانەی بەبێ شەڕ دەست ئەکەون، تۆ بڵێ هەموو دەستکەوتەکان هی خوا و پێغەمبەرن﴾. (الانفال: ١)

(٢٥) هێزەکان دەستکەوتی جەنگیان پێ دەدرێ

١٠٨٩ـ عَنِ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ) قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) سَرِيَّةً إِلَى نَجْدٍ، فَخَرَجْتُ فِيهَا، فَأَصَبْنَا إِبِلًا وَغَنَمًا، فَبَلَغَتْ سُهْمَانُنَا اثْنَيْ عَشَرَ بَعِيرًا، وَنَفَّلَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَعِيرًا بَعِيرًا. [البخاري/ الخمس/ ٢٩٦٥]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێزێکی نارد بۆ (نەجد)، منیش لە گەڵیاندا ڕۆیشتم، حوشتر و مەڕێکی زۆر بووە دەستکەوتمان، بە جۆرێ کە پشکی هەریەکەمان دوانزە حوشتر بوو، لەسەرووی ئەوەشەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەکی حوشترێکی تری پێداین.

(٢٦) دەستکەوتەکانی جەنگ دەکرێن بە پێنج پشك

١٠٩٠ـ عَنْ ابْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَدْ كَانَ يُنَفِّلُ بَعْضَ مَنْ يَبْعَثُ مِنَ السَّرَايَا لِأَنْفُسِهِمْ خَاصَّةً، سِوَى قَسْمِ عَامَّةِ الْجَيْشِ، وَالْخُمْسُ فِي ذَلِكَ وَاجِبٌ كُلِّهِ. [البخاري/ الخمس/ ٢٩٦٦]

(إبن عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستکەوتی جەنگی دەدا بە هەندێ لەو هێزانە کە دەینـاردن بۆ جەنگ ئەمە تایبەت بەو هێزانە بوو، جگە لەو بەشەی کەلە کۆی گشتی دەستکەوتی جەنگی سوپاکە بەریان دەکەوت، واجبە پێنج یەك لە هەموو ئەو دەستکەوتە دەربکرێت لە پێش دابەشکردنی ئەو بەخششە تایبەتەی پێغەمبەر (ﷺ) لەم پێنج یەکەنەبووە.

(٢٧) چەك وشمەکی کوژراو دەدرێ بە بکوژەکە

١٠٩١ـ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (ﷺ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَامَ حُنَيْنٍ، فَلَمَّا الْتَقَيْنَا كَانَتْ لِلْمُسْلِمِينَ جَوْلَةٌ، قَالَ: فَرَأَيْتُ رَجُلًا مِنَ الْمُشْرِكِينَ قَدْ عَلَا رَجُلًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ، فَاسْتَدَرْتُ إِلَيْهِ حَتَّى أَتَيْتُهُ مِنْ وَرَائِهِ فَضَرَبْتُهُ عَلَى حَبْلِ عَاتِقِهِ، وَأَقْبَلَ عَلَيَّ، فَضَمَّنِي ضَمَّةً وَجَدْتُ مِنْهَا رِيحَ الْمَوْتِ، ثُمَّ أَدْرَكَهُ الْمَوْتُ فَأَرْسَلَنِي، فَلَحِقْتُ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (ﷺ)، فَقَالَ: مَا لِلنَّاسِ؟ فَقُلْتُ: أَمْرُ اللَّهِ (ﷻ)، ثُمَّ إِنَّ النَّاسَ

رَجَعُوا، وَجَلَسَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((مَنْ قَتَلَ قَتِيلًا لَهُ عَلَيْهِ بَيِّنَةٌ فَلَهُ سَلَبُهُ)). قَالَ: فَقُمْتُ فَقُلْتُ: مَنْ يَشْهَدُ لِي؟ ثُمَّ جَلَسْتُ، ثُمَّ قَالَ مِثْلَ ذَلِكَ، فَقَالَ: فَقُمْتُ فَقُلْتُ: مَنْ يَشْهَدُ لِي؟ ثُمَّ جَلَسْتُ، ثُمَّ قَالَ ذَلِكَ الثَّالِثَةَ، فَقُمْتُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا لَكَ يَا أَبَا قَتَادَةَ)). فَقَصَصْتُ عَلَيْهِ الْقِصَّةَ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ: صَدَقَ يَا رَسُولَ اللَّهِ، سَلَبُ ذَلِكَ الْقَتِيلِ عِنْدِي، فَأَرْضِهِ مِنْ حَقِّهِ، وَقَالَ أَبُو بَكْرٍ الصِّدِّيقُ (ﷺ): لَا هَا اللَّهِ إِذًا، لَا يَعْمِدُ إِلَى أَسَدٍ مِنْ أُسُدِ اللَّهِ، يُقَاتِلُ عَنِ اللَّهِ وَعَنْ رَسُولِهِ (ﷺ)، فَيُعْطِيكَ سَلَبَهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((صَدَقَ، فَأَعْطِهِ إِيَّاهُ)). فَأَعْطَانِي، قَالَ: فَبِعْتُ الدِّرْعَ فَابْتَعْتُ بِهِ مَخْرَفًا فِي بَنِي سَلِمَةَ، فَإِنَّهُ لَأَوَّلُ مَالٍ تَأَثَّلْتُهُ فِي الْإِسْلَامِ. [بخاري/ الخمس/ ٢٩٧٣]

(أبو قتادة) (ﷺ) دەڵێ: ساڵی (حنين) لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) چووین بۆ جەنگ، کاتێ ڕووبەڕووی (دوژمنان) بووینەوە موسڵمانان توشی شڵەژانێ بوون، بینیم، وا پیاوێك لە بێباوەڕان زاڵ بووە بەسەر موسڵمانێکدا، منیش سوڕامەوە بەلایدا تا چوومە پشتیەوە و شمشێرێکم داڵە ڕەگی لاملی، ڕووی تێکردم و گوشیمی بە خۆیەوە، بۆنی مردنم لێ بەدی کرد، دوایی بەری‌دام و مرد، گەیشتمەوە بە (عمر)ی کوڕی (خطاب) و (ﷺ) وتی: ئەم خەڵکە بۆوای لێهات؟ وتم: فەرمانی خوای گەورەیە، پاشان خەڵکی گەڕانەوە، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) دانیشت و فەرمووی: ((هەرکەسێ کوژراوێکی کوشتبێ و بەڵگەیەکی هەبێ لەسەری ئەوا چەك و شمەکەکەی بۆ ئەو کەسەیە)) (أبو قتادة) دەڵێ: هەستام وتم: کێ شایەتیم بۆ دەدا؟ پاشان دانیشتم، دیسان پێغەمبەر (ﷺ) فەرموودەکەی دووبارە کردەوە. منیش هەستام و وتم: کێ شایەتیم بۆدەدا؟ دیسان دانیشتمەوە، بۆ جاری سێیەم پێغەمبەر (ﷺ) فەرموودەکەی دووبارە کردەوە. هەستامەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ئەوە چیتە (أبو قتادة)؟ داستانەکەم بۆ گێڕایەوە، یەکێ لەناو خەڵکەکەدا وتی: ڕاست دەکات ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) چەك و شمەکی ئەو کوژراوە لای منە، ڕازی بکە با بۆ من بێت. (أبو بكر الصديق) (ﷺ) وتی: هەرگیز نابێ ئەوە بێ، پێغەمبەر ئەوە ناکات کە شێرێ لە شێرانی خوا بجەنگێ لە پێناو خواو پێغەمبەرەکەیدا و ئێستە چەك و شمەکەکەی بدات بە تۆ. پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ڕاست دەکات بیدەرەوە)). ئەویش پێی دامەوە، (أبو قتادة) دەڵێ:

زرێکەم فرۆشت و بە پارەکەی باغێکم لە (بنی سلمة) کڕی. ئەوەیش یەکەم سامانێ بوو کە لە ئیسلامدا دەستم بکەوێ و کردبێتم بە موڵکی خۆم.

(٢٨) چەك و شمەکی کوژراو بە ئیجتهاد دەدرێ بە یەکێ لە بکوژان

١٠٩٢ـ عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: بَيْنَا أَنَا وَاقِفٌ فِي الصَّفِّ يَوْمَ بَدْرٍ، نَظَرْتُ عَنْ يَمِينِي [وَشِمَالِي] فَإِذَا أَنَا بَيْنَ غُلَامَيْنِ مِنَ الْأَنْصَارِ حَدِيثَةٍ أَسْنَانُهُمَا، تَمَنَّيْتُ لَوْ كُنْتُ بَيْنَ أَضْلَعَ مِنْهُمَا، فَغَمَزَنِي أَحَدُهُمَا فَقَالَ: يَا عَمِّ، هَلْ تَعْرِفُ أَبَا جَهْلٍ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ، وَمَا حَاجَتُكَ إِلَيْهِ يَا ابْنَ أَخِي؟ قَالَ: أُخْبِرْتُ أَنَّهُ يَسُبُّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَئِنْ رَأَيْتُهُ لَا يُفَارِقُ سَوَادِي سَوَادَهُ حَتَّى يَمُوتَ الْأَعْجَلُ مِنَّا. قَالَ: فَتَعَجَّبْتُ لِذَلِكَ، فَغَمَزَنِي الْآخَرُ، فَقَالَ مِثْلَهَا، قَالَ: فَلَمْ أَنْشَبْ أَنْ نَظَرْتُ إِلَى أَبِي جَهْلٍ يَزُولُ فِي النَّاسِ، فَقُلْتُ: أَلَا تَرَيَانِ؟ هَذَا صَاحِبُكُمَا الَّذِي تَسْأَلَانِ عَنْهُ، قَالَ: فَابْتَدَرَاهُ فَضَرَبَاهُ بِسَيْفَيْهِمَا حَتَّى قَتَلَاهُ، ثُمَّ انْصَرَفَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَأَخْبَرَاهُ، فَقَالَ: ((أَيُّكُمَا قَتَلَهُ)). فَقَالَ كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا: أَنَا قَتَلْتُ، فَقَالَ: ((هَلْ مَسَحْتُمَا سَيْفَيْكُمَا)). قَالَا: لَا، فَنَظَرَ فِي السَّيْفَيْنِ، فَقَالَ: ((كِلَاكُمَا قَتَلَهُ)). وَقَضَى بِسَلَبِهِ لِمُعَاذِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْجَمُوحِ، وَالرَّجُلَانِ: مُعَاذُ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْجَمُوحِ، وَمُعَاذُ بْنُ عَفْرَاءَ. [البخاري/الخمس/ ٢٩٧٢]

(عبدالرحمن) کوڕی (عوف) (ﷺ) دەڵێ: لە کاتێکدا کە من لە ڕۆژی بەدردا لەناو ڕیزی (جەنگاوەران)دا وەستابووم، بەلای ڕاست و چەپی خۆمدا سەیرم کرد خۆم بینیەوە لە نێوان دوو مێرد منداڵی ئەنصاری مەدینەییتازە لاودا وەستاوم، ئاواتم خواست کە لە نێوان دووانی لەوانە بەهێزتردا بومایە، یەکێکیان چاوی لێداگرتم و وتی: مامە ئایا تۆ (ابو جهل) دەناسی؟ وتم: بەڵێ کوڕی برام کارت چییە پێی؟ وتی: هەواڵم پێگەیشتوە کە جنێو بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدات سوێند بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر ببینم لاشەم لەلاشەی ناترازێ تا ئەو کەسەمان کە زووتر ئەجەلی هاتووە بمرێ. (عبد الرحمن) دەڵێ: لەو هەڵوێستە سەرم سوڕما. ئەوی تریشیان چاوی لێداگرتم و هەمان قسەی هاوەڵەکەی دووبارە کردەوە. زۆری نەخایاند تا سەیرم کرد وا (ابوجهل) لە نێو خەڵکەکەدا دێت و دەچێ و وتم: ئایا نایبینن؟ ئەوە ئەو کەسەیە کە هەواڵتان پرسی، (عبدالرحمن) دەڵێ: هەڵیانکوتایە سەری و (دەست پێشخەریان کرد) بە شمشێرەکانیان کەوتنە لێدانی تاکوشتیان، پاشان

گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەواڵەکەیان پێگەیاند، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ((کامتان کوشتی؟)) هەریەکەیان وتی: من کوشتم، ئینجا فەرمووی: ((ئایا شمشێرەکانتان سڕیوە؟)) وتیان: نەخێر، سەیری هەردوو شمشێرەکەی کرد، فەرمووی: ((بەڵێ، هەردووکتان کوشتوتانە)). فەرمانی دا چەك و شمەکەکەی أبو جهل بدرێ بە (معاذ) کوڕی (الجموح). دوو پیاوەکەش (معاذ) کوڕی (عمرو)ی کوڕی (الجموح) و (معاذ) کوڕی (عفراء) بوون.

(٢٩) پێبەش کردنی جەنگاوەر لە چەك و شمەکی کوژراوی دەستی خۆی بە ئیجتهادی سەرکردە

١٠٩٣ـ عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ (ﷺ) قَالَ: قَتَلَ رَجُلٌ مِنْ حِمْيَرَ رَجُلًا مِنَ الْعَدُوِّ، فَأَرَادَ سَلَبَهُ، فَمَنَعَهُ خَالِدُ ابْنُ الْوَلِيدِ (ﷺ)، وَكَانَ وَالِيًا عَلَيْهِمْ، فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) عَوْفُ بْنُ مَالِكٍ فَأَخْبَرَهُ، فَقَالَ لِخَالِدٍ: ((مَا مَنَعَكَ أَنْ تُعْطِيَهُ سَلَبَهُ)). قَالَ: اسْتَكْثَرْتُهُ يَا رَسُولَ اللَّهِ، قَالَ: ((ادْفَعْهُ إِلَيْهِ)). فَمَرَّ خَالِدٌ بِعَوْفٍ فَجَرَّ بِرِدَائِهِ، ثُمَّ قَالَ: هَلْ أَنْجَزْتُ لَكَ مَا ذَكَرْتُ لَكَ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)؟ فَسَمِعَهُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَاسْتُغْضِبَ فَقَالَ: ((لَا تُعْطِهِ يَا خَالِدُ، لَا تُعْطِهِ يَا خَالِدُ، هَلْ أَنْتُمْ تَارِكُونَ لِي أُمَرَائِي؟ إِنَّمَا مَثَلُكُمْ وَمَثَلُهُمْ كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتُرْعِيَ إِبِلًا أَوْ غَنَمًا، فَرَعَاهَا، ثُمَّ تَحَيَّنَ سَقْيَهَا فَأَوْرَدَهَا حَوْضًا فَشَرَعَتْ فِيهِ، فَشَرِبَتْ صَفْوَهُ وَتَرَكَتْ كَدْرَهُ، فَصَفْوُهُ لَكُمْ وَكَدْرُهُ عَلَيْهِمْ)).

(عوف) کوڕی (مالك) (ﷺ) دەڵێ: کەسێك لە هۆزی (حیمیَر) پیاوێکی لە دوژمن کوشت، ویستی چەك و شمەکەکەی ببات، (خالد)ی کوڕی (ولید) (ﷺ) کە سەرپەرشتیان بوو نەیدایە، (عوف)ی کوڕی (مالك) هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا و (ﷺ) هەواڵەکەی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) بە (خالد)ی فەرموو: ((چی وای لێکردی ئەو چەك و شمەکەی نەدەیتێ؟))، (خالد) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە زۆرم زانی، فەرمووی: ((بیدەرێ))، (خالد) دای بەلای (عوف)دا و (عوف) عەباکەی ڕاکێشا، پاشان وتی: ئایا بەڵێنەکەی خۆمم بردەسەر کەوتم لای پێغەمبەر (ﷺ) سکالات لە دەست دەکەم؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) گوێی لێ بوو، ڕقی هەڵساو فەرمووی: ((ئەی خالید مەیدەرێ، ئەی خالید مەیدەرێ، ئایا بۆ وازناهێنن لە سەردەستەی هێزەکانم؟ نموونەی ئێوە و ئەوان وەك پیاوێ وایە، کراوە بە شوانی برکەیەك حوشتر و مەڕ، ئەویش

دەیانلەوەڕێنێ تا کاتی ئاودانیان، ئینجا دەیانباتە سەر گۆماوێك ئاوە ڕوون و پاکەکە دەخۆنەوە و لیلاوەکەی جێ دێڵن، ڕوون و پاکەکەی بۆ ئێوەیە و لیڵەکەیشی بۆ سەرکردەکانە)).

(٣٠) هەموو چەك و شمەکی کوژراو دەدرێ بەو جەنگاوەرەی کوشتویەتی

١٠٩٤ـ عَنْ سَلَمَةَ بْنُ الْأَكْوَعِ (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) هَوَازِنَ، فَبَيْنَا نَحْنُ نَتَضَحَّى مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، إِذْ جَاءَ رَجُلٌ عَلَى جَمَلٍ أَحْمَرَ فَأَنَاخَهُ، ثُمَّ انْتَزَعَ طَلَقًا مِنْ حَقَبِهِ فَقَيَّدَ بِهِ الْجَمَلَ، ثُمَّ تَقَدَّمَ يَتَغَدَّى مَعَ الْقَوْمِ، وَجَعَلَ يَنْظُرُ، وَفِينَا ضَعْفَةٌ وَرِقَّةٌ فِي الظَّهْرِ وَبَعْضُنَا مُشَاةٌ، إِذْ خَرَجَ يَشْتَدُّ، فَأَتَى جَمَلَهُ فَأَطْلَقَ قَيْدَهُ، ثُمَّ أَنَاخَهُ وَقَعَدَ عَلَيْهِ فَأَثَارَهُ فَاشْتَدَّ بِهِ الْجَمَلُ، فَاتَّبَعَهُ رَجُلٌ عَلَى نَاقَةٍ وَرْقَاءَ، قَالَ سَلَمَةُ: وَخَرَجْتُ أَشْتَدُّ، فَكُنْتُ عِنْدَ وَرِكِ النَّاقَةِ، ثُمَّ تَقَدَّمْتُ حَتَّى كُنْتُ عِنْدَ وَرِكِ الْجَمَلِ، ثُمَّ تَقَدَّمْتُ حَتَّى أَخَذْتُ بِخِطَامِ الْجَمَلِ فَأَنَخْتُهُ، فَلَمَّا وَضَعَ رُكْبَتَهُ فِي الْأَرْضِ اخْتَرَطْتُ سَيْفِي فَضَرَبْتُ رَأْسَ الرَّجُلِ فَنَدَرَ، ثُمَّ جِئْتُ بِالْجَمَلِ أَقُودُهُ، عَلَيْهِ رَحْلُهُ وَسِلَاحُهُ، فَاسْتَقْبَلَنِي رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَالنَّاسُ مَعَهُ، فَقَالَ: ((مَنْ قَتَلَ الرَّجُلَ)). قَالُوا: ابْنُ الْأَكْوَعِ، قَالَ: ((لَهُ سَلَبُهُ أَجْمَعُ)). [البخاري/ الجهاد/ ٢٨٨٦]

(سَلَمة) کوڕی (الأکوع) (ﷺ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) جەنگی هەوازینمان کرد، کاتێ ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نانی چێشتنگاومان دەخوارد، پیاوێك[1] بەسەر حوشترێکی سورەوە هات و چۆکی بە حوشترەکەی دادا، پاشان سیرمەیەکی چەرمی لە پشتی خۆی دەرهێنا و حوشترەکەی پێ بەستەوە، ئینجا هاتە پێشەوە و دەستی کرد بە نان خواردن لەگەڵ مەجلیسەکەدا، کەوتە تەماشاکردن، ئێمەش جۆرە لاوازی و شەکەتیەکمان پێوە دیاربوو لەسواری ولاغ و لەبەپێ ڕۆیشتنی هەندێکیشمان، کابرا بە ڕاکردن ڕۆیشت و حوشترەکەی کردەوە، پاشان یەخی حوشترەکەی داو سواری بوو، بە توندی کەوتە لێخوڕینی و حوشترەکەش کەوتە غاردان، یەکێ لە پیاوەکان لەسەر پشتی حوشترێکی بۆری مێ دوای کەوت، (سَلَمة) دەڵێ: ئینجا منیش بە ڕاکردن شوێنی کەوتم، گەیشتمە کەفەڵی حوشترە بۆرە مێیەکە، پاشان گەیشتمە کەفەڵی حوشتری (کابراکە)، لێی چوومە پێش و لغاوی

[1] لە بخاریدا مەبەست بە پیاو، جەنگاوەرێکە بەبێ پەیمانی پاراستن بێتە وڵاتی ئیسلام.

حوشترەکەم گرت و یەخم دا، کاتێ ئەژنۆی خستە سەر زەوی، شمشێرەکەمم لە کێلان دەرهێنا و دام لەسەری پیاوەکە و سەری قرتا و کەوتە خوارێ، پاشان حوشترەکەم بە شوێنم دا ڕاکێشا، هەموو کەل و پەلی سەفەر و چەکەکەی لەسەر بوو، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێشوازی لێکردم خەڵکانێکیش لە خزمەتیدا بوون، فەرمووی: ((کێ ئەو پیاوەی کوشت))، وتیان: (إبن الآکوع)، فەرمووی: ((هەموو چەك و شمەکەکەی بۆ ئەوە)).

(٣١) زیادە بەخشیی لە دەستکەوتی جەنگدا و دیل بەدیل کردن

١٠٩٥- عَنْ إِيَاسُ بْنُ سَلَمَةَ، عَنْ أَبِيه (ﷺ) قَالَ: غَزَوْنَا فَزَارَةَ وَعَلَيْنَا أَبُو بَكْرٍ (ﷺ)، أَمَّرَهُ رَسُولُ اللَّه (ﷺ) عَلَيْنَا، فَلَمَّا كَانَ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْمَاءِ سَاعَةٌ أَمَرَنَا أَبُو بَكْرٍ فَعَرَّسْنَا، ثُمَّ شَنَّ الْغَارَةَ فَوَرَدَ الْمَاءَ، فَقَتَلَ مَنْ قَتَلَ عَلَيْهِ وَسَبَى، وَأَنْظُرُ إِلَى عُنُقٍ مِنَ النَّاسِ فِيهِمُ الذَّرَارِيُّ، فَخَشِيتُ أَنْ يَسْبِقُونِي إِلَى الْجَبَلِ، فَرَمَيْتُ بِسَهْمٍ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ الْجَبَلِ، فَلَمَّا رَأَوُا السَّهْمَ وَقَفُوا، فَجِئْتُ بِهِمْ أَسُوقُهُمْ وَفِيهِمُ امْرَأَةٌ مِنْ بَنِي فَزَارَةَ عَلَيْهَا قَشْعٌ مِنْ أَدَمٍ -قَالَ: الْقَشْعُ: النِّطَعُ- مَعَهَا ابْنَةٌ لَهَا مِنْ أَحْسَنِ الْعَرَبِ، فَسُقْتُهُمْ حَتَّى أَتَيْتُ بِهِمْ أَبَا بَكْرٍ (ﷺ)، فَنَفَّلَنِي أَبُو بَكْرٍ ابْنَتَهَا، فَقَدِمْنَا الْمَدِينَةَ وَمَا كَشَفْتُ لَهَا ثَوْبًا، فَلَقِيَنِي رَسُولُ اللَّه (ﷺ) فِي السُّوقِ، فَقَالَ: ((يَا سَلَمَةُ هَبْ لِيَ الْمَرْأَةَ)). فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّه، [وَاللَّه] لَقَدْ أَعْجَبَتْنِي وَمَا كَشَفْتُ لَهَا ثَوْبًا. ثُمَّ لَقِيَنِي رَسُولُ اللَّه (ﷺ) مِنَ الْغَدِ فِي السُّوقِ فَقَالَ لِي: ((يَا سَلَمَةُ، هَبْ لِيَ الْمَرْأَةَ لِلَّه أَبُوكَ)). فَقُلْتُ: هِيَ لَكَ يَا رَسُولَ اللَّه، فَوَاللَّه مَا كَشَفْتُ لَهَا ثَوْبًا، فَبَعَثَ بِهَا رَسُولُ اللَّه (ﷺ) إِلَى أَهْلِ مَكَّةَ، فَفَدَى بِهَا نَاسًا مِنَ الْمُسْلِمِينَ، كَانُوا أُسِرُوا بِمَكَّةَ.

(إياس) کوڕی (سَلَمة) لە باوکیەوە (ﷺ) دەڵێ: جەنگی (فزارة) مان کرد بە فەرماندەیی (أبو بکر) (ﷺ) کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردبوویە فەرماندەمان، کاتـژمێرێکمان مـابوو بگەینـە ئـاو، (أبـوبکر) فـەرمانی پێـداین دابـەزین بـۆ حەوانەوە، پاشان ابوبکر شاڵاوی برد و گەیشتە سەرئاوەکە، ئەوەی کوشتی کوشتی و هی تریش بە دیل گیران، سەیری کۆمەڵێ خەڵکم دەکرد کە ژمارەیەك ژن و منداڵیان تێدابوو، ترسی ئەوەم بوو ئەوان پێشم بکەون لە گەیشتن بە کەژەکە، تیرێکم خست بۆ نێوان ئەوان و کەژەکە، کاتێ تیرەکەیان بینی وەستان و هاتم و پێشی خۆمم دان، ژنێکیان تێدابوو لە (بني فزارة)، پۆشاکێکی چەرمی

لەبەردابوو، کچێکی خۆیشی لەگەڵدا بوو کە لە جوانترین کچانی عەرەب بوو، پێشی خۆمم دان تا گەیاندنمە لای (أبو بکر) (ﷺ)، (أبو بکر) کچەکەی پێ بەخشیم و هاتینەوە مەدینە بەبێ ئەوەی پۆشاکی لابدەمەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بازاڕدا پێم گەیشت و فەرمووی: ((ئەی (سَلَمة) ئەو ئافرەتە تەسلیمی من کە)) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەزم لێکردوە و پۆشاکم لەسەر لانەداوە، پاشان بۆ ڕۆژی دوایی لە بازاڕدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) گەیشت پێم، فەرمووی: ((ئەی سَلَمَە تو گیانی باوکت ئەو ئافرەتەم تەسلیم کە)) وتم: بۆ تۆ ئەی پێغەمبەری خوا، بەخوای گەورە پۆشاکیم لانەداوەتەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەو کچەی نارد بۆ خەڵکی مەککە، چەند کە سێکی لە موسڵمانان پێ ئازاد کرد، کە پێشتر لە مەککە بەدیل گیرابوون.

(٣٢) بەشەکان و پێنج یەکی دەستکەوتی جەنگ

١٠٩٦ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ (ﷺ): ((أَيُّمَا قَرْيَةٍ أَتَيْتُمُوهَا وَأَقَمْتُمْ فِيهَا فَسَهْمُكُمْ فِيهَا، وَأَيُّمَا قَرْيَةٍ عَصَتِ اللّٰهَ وَرَسُولَهُ فَإِنَّ خُمُسَهَا لِلّٰهِ وَلِرَسُولِهِ، ثُمَّ هِيَ لَكُمْ)).

(أبو هريرة) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((هەر گوندێ (یان شارێ) کە (بەبێ جەنگ بچنە ناوی و تیایدا نیشتەجێ ببن، ئەوا بەشتان تیایدا وەکو بەشی موسڵمانانی تر (فيء)[1] وایە. هەرگوندێکیش سەرپێچی فەرمانی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات (هەرکات ڕزگارتان کرد) ئەوا پێنج یەکی دەستکەوتەکانی بۆ خوا و پێغەمبەری خوا دەبێ، پاشان ئەوەی کە مایەوە (چوار بەشەکەی تری) هی ئێوەیە)).

(٣٣) چۆنێتی دابەشکردنی ئەو دەستکەوتەی کەبێ جەنگ دەست کەوتووە

١٠٩٧ـ عَنْ مَالِكَ بْنَ أَوْسٍ قَالَ: أَرْسَلَ إِلَيَّ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (ﷺ) فَجِئْتُهُ حِينَ تَعَالَى النَّهَارُ، قَالَ: فَوَجَدْتُهُ فِي بَيْتِهِ جَالِسًا عَلَى سَرِيرٍ مُفْضِيًا إِلَى رُمَالِهِ، مُتَّكِئًا عَلَى وِسَادَةٍ مِنْ أَدَمٍ، فَقَالَ لِي: يَا مَالُ، إِنَّهُ قَدْ دَفَّ أَهْلُ أَبْيَاتٍ مِنْ قَوْمِكَ، وَقَدْ

---

[1] فيء: ئەو دەستکەوتەیە کە دەست موسڵمانان دەکەوێ بە کشانەوەی دوژمن کەبەبێ شەڕ بەجێی دەهێڵن.

أَمَرْتُ فِيهِمْ بِرَضْخٍ، فَخُذْهُ فَاقْسِمْهُ بَيْنَهُمْ. قَالَ: قُلْتُ: لَوْ أَمَرْتَ بِهَذَا غَيْرِي. قَالَ: خُذْهُ يَا مَالُ. قَالَ: فَجَاءَ يَرْفَا فَقَالَ: هَلْ لَكَ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ فِي عُثْمَانَ وَعَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ وَالزُّبَيْرِ وَسَعْدٍ؟ فَقَالَ عُمَرُ: نَعَمْ، فَأَذِنَ لَهُمْ، فَدَخَلُوا، ثُمَّ جَاءَ فَقَالَ: هَلْ لَكَ فِي عَبَّاسٍ وَعَلِيٍّ (ﷺ) قَالَ: نَعَمْ. فَأَذِنَ لَهُمَا، فَقَالَ عَبَّاسٌ: يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ اقْضِ بَيْنِي وَبَيْنَ هَذَا –وذكر كلاماً– [قَالَ:] فَقَالَ الْقَوْمُ: أَجَلْ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، فَاقْضِ بَيْنَهُمْ وَارْحَمْهُمْ، فَقَالَ مَالِكُ بْنُ أَوْسٍ: يُخَيَّلُ إِلَيَّ أَنَّهُمْ قَدْ كَانُوا قَدَّمُوهُمْ لِذَلِكَ. فَقَالَ عُمَرُ: اتَّئِدَا، أَنْشُدُكُمْ بِاللَّهِ الَّذِي بِإِذْنِهِ تَقُومُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ: أَتَعْلَمُونَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَا صَدَقَةٌ))؟ قَالُوا: نَعَمْ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى الْعَبَّاسِ وَعَلِيٍّ (ﷺ) فَقَالَ: أَنْشُدُكُمَا بِاللَّهِ الَّذِي بِإِذْنِهِ تَقُومُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ: أَتَعْلَمَانِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَاهُ صَدَقَةٌ))؟ قَالَا: نَعَمْ، فَقَالَ عُمَرُ: إِنَّ اللَّهَ جَلَّ وَعَزَّ كَانَ خَصَّ رَسُولَهُ (ﷺ) بِخَاصَّةٍ لَمْ يُخَصِّصْ بِهَا أَحَدًا غَيْرَهُ، قَالَ: ﴿مَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ﴾ –مَا أَدْرِي هَلْ قَرَأَ الْآيَةَ الَّتِي قَبْلَهَا أَمْ لَا– قَالَ: فَقَسَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) بَيْنَكُمْ أَمْوَالَ بَنِي النَّضِيرِ، فَوَاللَّهِ مَا اسْتَأْثَرَ عَلَيْكُمْ وَلَا أَخَذَهَا دُونَكُمْ، حَتَّى بَقِيَ هَذَا الْمَالُ، فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَأْخُذُ مِنْهُ نَفَقَةَ سَنَةٍ، ثُمَّ يَجْعَلُ مَا بَقِيَ أُسْوَةَ الْمَالِ، ثُمَّ قَالَ: أَنْشُدُكُمْ بِاللَّهِ الَّذِي بِإِذْنِهِ تَقُومُ السَّمَاءُ وَالْأَرْضُ: أَتَعْلَمُونَ ذَلِكَ؟ قَالُوا: نَعَمْ، ثُمَّ نَشَدَ عَبَّاسًا وَعَلِيًّا بِمِثْلِ مَا نَشَدَ بِهِ الْقَوْمَ: أَتَعْلَمَانِ ذَلِكَ؟ قَالَا: نَعَمْ، قَالَ: فَلَمَّا تُوُفِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): أَنَا وَلِيُّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَجِئْتُمَا تَطْلُبُ مِيرَاثَكَ مِنِ ابْنِ أَخِيكَ، وَيَطْلُبُ هَذَا مِيرَاثَ امْرَأَتِهِ مِنْ أَبِيهَا. فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((مَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَاهُ صَدَقَةٌ)) فَرَأَيْتُمَاهُ كَاذِبًا آثِمًا غَادِرًا خَائِنًا، وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّهُ لَصَادِقٌ بَارٌّ رَاشِدٌ تَابِعٌ لِلْحَقِّ. ثُمَّ تُوُفِّيَ أَبُو بَكْرٍ وَأَنَا وَلِيُّ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَوَلِيُّ أَبِي بَكْرٍ، فَرَأَيْتُمَانِي كَاذِبًا آثِمًا غَادِرًا خَائِنًا، وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنِّي لَصَادِقٌ بَارٌّ [رَاشِدٌ] تَابِعٌ لِلْحَقِّ، فَوَلِيتُهَا ثُمَّ جِئْتَنِي أَنْتَ وَهَذَا، وَأَنْتُمَا جَمِيعٌ وَأَمْرُكُمَا وَاحِدٌ فَقُلْتُمَا: ادْفَعْهَا إِلَيْنَا، فَقُلْتُ: إِنْ شِئْتُمْ دَفَعْتُهَا إِلَيْكُمَا، عَلَى أَنَّ عَلَيْكُمَا عَهْدَ اللَّهِ أَنْ تَعْمَلَا فِيهَا بِالَّذِي كَانَ يَعْمَلُ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَأَخَذْتُمَاهَا بِذَلِكَ، قَالَ: أَكَذَلِكَ؟ قَالَا: نَعَمْ، قَالَ: ثُمَّ جِئْتُمَانِي لِأَقْضِيَ بَيْنَكُمَا؟ وَلَا وَاللَّهِ لَا أَقْضِي بَيْنَكُمَا بِغَيْرِ ذَلِكَ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ، فَإِنْ عَجَزْتُمَا عَنْهَا فَرُدَّاهَا إِلَيَّ.

[البخاري/ الخمس/ ٢٩٢٧]

(مالك) کوڕی (أوس) دەڵێ: (عمر) کوڕی (الخطاب) ناردبووی بە دوامدا، خۆر بەرزبویەوە هاتم بۆلای: بینیم وا لە ماڵەکەیدا لەسەر حەسیرێکی دارخورما دانیشتوە و شانی داداوە لەسەر سەرینێکی پێست، پێی وتم: ئەی مال و (واتە ئەی مالك): چەند ماڵێ لە قەومەکەت هاتبوون بۆ لام، فەرمانم دا شتێکی کەمیان بدەنێ، بیبە بۆیان بەشی بکە بەسەریاندا، (مالك) دەڵێ وتم: خۆزگە ئەو فەرمانەت بەسەر کەسێکی تردا بدایە، وتی: ئەی (مال) هەڵیگرە بیبە، (مالك) دەڵێ: لەوکاتەدا دەرگاوانەکەی هات و وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران، ئایا کارێکت هەیە بە (عثمان) و (عبدالرحمن) کوڕی (عوف) و (زبیر) و (سعد)؟ (عمر) وتی: بەڵێ، مۆڵەتی دان و هاتنە ژوورەوە، پاشان هاتەوە و وتی: ئایا ئیشت هەیە بە (عباس) و (علي)؟ عمر: وتی بەڵێ، مۆڵەتی دان، (عباس) وتی: ئەی پێشەوای باوەڕداران دادوەری بکە لە نێوان من و ئەمەدا –قسەیەکی کرد– خەڵکەکە وتیان بەڵێ ئەی پێشەوای باوەڕداران، دادوەریان بکە و ڕزگاریان بکە. (مالك) کوڕی (أوس) وتی: هات بەخەیاڵمدا کە ئەوانە بۆ ئەو مەبەستە هێنابوونیان. (عمر) وتی: لەسەر خۆ بن، سوێندتان دەدەم، بەو خوایەی کە ئاسمان و زەوی بە خواستی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێمە میراتیمان لێ نابرێ، ئەوەی لە پاش خۆمان بە جێی دێڵین دەکرێتە خێر))؟ هەموو وتیان: بەڵێ، پاشان ڕوویکردە (عباس) و (علي) و وتی:سوێندتان دەدەم بەو خوایەی کە ئاسمان و زەوی بە خواستی ئەو وەستاون، ئایا دەزانن کە پێغەمبەریخوا(ﷺ) فەرموویەتی :(ئێمە میراتیمان لێنابرێ، ئەوەی لە پاش خۆمان بەجێی دێڵین دەکرێتە خێر)). وتیان: بەڵێ، (عمر) وتی: خوای گەورە و بالادەست پێغەمبەری خوای(ﷺ) تایبەتمەند کردوە بە تایبەتمەندیەکەوە کە بەکەسی تری نەداوە، وتی: ئەم ئایەتانەی خوێندەوە کە ئەمە واتاکەیانە: ﴿ئەو دەستکەوتانەی، خوا بەخشی بە پێغەمبەرەکەی لە خەڵکی دێهات، ئەوە خوا بڕیاری لەسەرداوە کە بۆ خوا و بۆ پێغەمبەرە...)).

نازانم ئایا ئایەتەکەی پێش ئەم ئایەتەی خوێندەوە یان نا– وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) ماڵ و سامانی (بنو النضیر) ی دابەشکرد لە نێوانتاندا، بەخوا زۆڵمی لێنەکردوون و فەزڵی کەسی نەداوە بەسەرتاندا و بێ ئێوەش وەری نەگرتوە بۆ خۆی، بە جۆرێ کە ئەو سامانە لێی مایەوە، پێغەمبەری خوا

(ﷺ) بژێوی ساڵێکی لێهەڵدەگرت، پاشان ئەوەی کەمایەوە حیسابی هەموو سامان وماڵەکەی تری بۆ کرد، پاشان وتی: سویندتان دەدەم بەو خوایە کە ئاسمان و زەوی بە خواستی ئەو وەستاون ئایا ئەمە دەزانن؟ هەموو وتیان: بەڵێ. پاشان هەمان سوێندی (عباس) و (علي) دا کە بە خەڵکەکەی وت: ئایا ئەمە دەزانن؟ هەردووکیان وتیان: بەڵێ. (عمر) وتی: کاتێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وەفاتی کرد، (أبو بكر) (ﷺ) وتی: من جێگەداری پێغەمبەری خوام (ﷺ) ئێوە بە جووتە هاتن تۆ داوای میراتی برازاکەتت دەکرد، ئەویش هات و داوای میراتی ژنەکەیی دەکرد لە باوکی، (أبوبكر) وتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((ئێمە میراتیمان لێنابرێ، ئەوەی لە پاش خۆمان بەجێی دێڵین دەکرێتە خێر))، ئێوەش واتان زانی کە (أبو بكر) درۆزنە و تاوانبارە و ستەمکارێکی گزی کارە، خوا دەزانێ کە ئەو (أبوبكر)، ڕاستگۆ و بەوەفا و ژیر و دانا و شوێنکەوتەی ڕاستی بوو، پاشان (أبو بكر) کۆچی دوایی کرد و منیش جێگری پێغەمبەری خوا (ﷺ) و أبوبكر بووم، منیشتان بە درۆزن و تاوانبار و ستەمکارێکی گزی کار هاتە پێش چاو، خوا دەزانێ من ڕاستگۆ و بەوەفام و شوێنکەوتەی حەقم، بوومە جێگەدار پاشان تۆ و ئەمە هاتنە لام ئێوە یەك بوون و یەك ئیشتان هەبوو، وتتان: ئەو میراتە بدە بە ئێمە، وتم: ئەگەر بتانەوێ دەیدەم بە ئێوە، بەلاّم بە مەرجێ پەیمانی خوا بەسەرتانەوەبێ کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) چی لێکردووە، ئێوەش هەروای لێبکەن، لەسەر ئەو بەڵێنە وەرتان گرت، (عمر) وتی : ئایا وایە؟ بە جووتە وتیان: بەڵێ. وتی: ئێستە هاتوون بۆ لام دادوەری بکەم لە نێوانتاندا، نەبە خوای گەورە هەرگیز بەبێ ئەو پەیمان و بڕیارە دادوەریتان ناکەم تا ڕۆژی قیامەت دێ، ئەگەر ناتوانن ئەو بەڵێن و بڕیارە ببەنەسەر ئەو سامانە بگێڕنەوە بۆم.

١٠٩٨ـ عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ): أَنَّ فَاطِمَةَ (ﷺ) بِنْتَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَرْسَلَتْ إِلَى أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ (ﷺ) تَسْأَلُهُ مِيرَاثَهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، مِمَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَيْهِ بِالْمَدِينَةِ وَفَدَكٍ وَمَا بَقِيَ مِنْ خُمْسِ خَيْبَرَ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ (ﷺ): إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا نُورَثُ، مَا تَرَكْنَا صَدَقَةٌ، إِنَّمَا يَأْكُلُ آلُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) فِي هَذَا الْمَالِ)). وَإِنِّي وَاللَّهِ لَا أُغَيِّرُ شَيْئًا مِنْ صَدَقَةِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) عَنْ حَالِهَا الَّتِي كَانَتْ عَلَيْهَا فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَلَأَعْمَلَنَّ فِيهَا بِمَا عَمِلَ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ

(ﷺ). فَأَبَى أَبُو بَكْرٍ أَنْ يَدْفَعَ إِلَى فَاطِمَةَ (رضي الله عنها) شَيْئًا، فَوَجَدَتْ فَاطِمَةُ عَلَى أَبِي بَكْرٍ فِي ذَلِكَ، قَالَ: فَهَجَرَتْهُ فَلَمْ تُكَلِّمْهُ حَتَّى تُوُفِّيَتْ، وَعَاشَتْ بَعْدَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) سِتَّةَ أَشْهُرٍ، فَلَمَّا تُوُفِّيَتْ دَفَنَهَا زَوْجُهَا عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) لَيْلًا، وَلَمْ يُؤْذِنْ بِهَا أَبَا بَكْرٍ، وَصَلَّى عَلَيْهَا عَلِيٌّ، وَكَانَ لِعَلِيٍّ مِنَ النَّاسِ وِجْهَةٌ حَيَاةَ فَاطِمَةَ (رضي الله عنها)، فَلَمَّا تُوُفِّيَتِ اسْتَنْكَرَ عَلِيٌّ (رضي الله عنه) وُجُوهَ النَّاسِ، فَالْتَمَسَ مُصَالَحَةَ أَبِي بَكْرٍ (رضي الله عنه) وَمُبَايَعَتَهُ، وَلَمْ يَكُنْ بَايَعَ تِلْكَ الْأَشْهُرَ، فَأَرْسَلَ إِلَى أَبِي بَكْرٍ: أَنِ ائْتِنَا، وَلَا يَأْتِنَا مَعَكَ أَحَدٌ -كَرَاهِيَةَ مَحْضَرِ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رضي الله عنه)- فَقَالَ عُمَرُ لِأَبِي بَكْرٍ: وَاللَّهِ لَا تَدْخُلْ عَلَيْهِمْ وَحْدَكَ، فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ: وَمَا عَسَاهُمْ أَنْ يَفْعَلُوا بِي، [إِنِّي] وَاللَّهِ لَآتِيَنَّهُمْ. فَدَخَلَ عَلَيْهِمْ أَبُو بَكْرٍ فَتَشَهَّدَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّا قَدْ عَرَفْنَا يَا أَبَا بَكْرٍ فَضِيلَتَكَ وَمَا أَعْطَاكَ اللَّهُ، وَلَمْ نَنْفَسْ عَلَيْكَ خَيْرًا سَاقَهُ اللَّهُ إِلَيْكَ، وَلَكِنَّكَ اسْتَبْدَدْتَ عَلَيْنَا بِالْأَمْرِ، وَكُنَّا نَحْنُ نَرَى لَنَا حَقًّا لِقَرَابَتِنَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَلَمْ يَزَلْ يُكَلِّمُ أَبَا بَكْرٍ حَتَّى فَاضَتْ عَيْنَا أَبِي بَكْرٍ، فَلَمَّا تَكَلَّمَ أَبُو بَكْرٍ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَقَرَابَةُ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) أَحَبُّ إِلَيَّ أَنْ أَصِلَ مِنْ قَرَابَتِي، وَأَمَّا الَّذِي شَجَرَ بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ مِنْ هَذِهِ الْأَمْوَالِ فَإِنِّي لَمْ آلُ فِيهَا عَنِ الْحَقِّ، وَلَمْ أَتْرُكْ أَمْرًا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَصْنَعُهُ فِيهَا إِلَّا صَنَعْتُهُ. فَقَالَ عَلِيٌّ لِأَبِي بَكْرٍ: مَوْعِدُكَ الْعَشِيَّةُ لِلْبَيْعَةِ، فَلَمَّا صَلَّى أَبُو بَكْرٍ صَلَاةَ الظُّهْرِ رَقِيَ عَلَى الْمِنْبَرِ، فَتَشَهَّدَ، وَذَكَرَ شَأْنَ عَلِيٍّ (رضي الله عنه) وَتَخَلُّفَهُ عَنِ الْبَيْعَةِ، وَعُذْرَهُ بِالَّذِي اعْتَذَرَ إِلَيْهِ ثُمَّ اسْتَغْفَرَ. وَتَشَهَّدَ عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ (رضي الله عنه) فَعَظَّمَ حَقَّ أَبِي بَكْرٍ، وَأَنَّهُ لَمْ يَحْمِلْهُ عَلَى الَّذِي صَنَعَ نَفَاسَةً عَلَى أَبِي بَكْرٍ، وَلَا إِنْكَارًا لِلَّذِي فَضَّلَهُ اللَّهُ (عز وجل) بِهِ، وَلَكِنَّا كُنَّا نَرَى لَنَا فِي الْأَمْرِ نَصِيبًا فَاسْتُبِدَّ عَلَيْنَا بِهِ، فَوَجَدْنَا فِي أَنْفُسِنَا. فَسُرَّ بِذَلِكَ الْمُسْلِمُونَ، وَقَالُوا: أَصَبْتَ، فَكَانَ الْمُسْلِمُونَ إِلَى عَلِيٍّ (رضي الله عنه) قَرِيبًا حِينَ رَاجَعَ الْأَمْرَ بِالْمَعْرُوفِ.
[البخاري/ المغازي/ ٣٩٩٨]

(عائشة) (رضي الله عنها) دەڵێ: (فاطمة)ی (رضي الله عنها) کچی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ناردیە لای (أبو بكر الصديق) (رضي الله عنه) داوای بەشە میراتی خۆی دەکرد لەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەجێی هێشتووە، لەوە کە خوا کردبوویە دەستکەوتی لە مەدینە و (فَدَك) و ئەوەی لە پێنج یەکی (خیبر) مابوویەوە. (أبوبكر) (رضي الله عنه) وتی: پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: ((ئێمە میراتیمان لێناگیرێ، ئەوەی لە پاش خۆمان بەجێی‌دێڵین دەکرێت بەخێر))، بنەماڵەی محمد (ﷺ) لەو سامانە

دەخۆن (واتە بيت المال))) بە خوا منيش هيچ شتێ ناگۆڕم لە خێر و خێراتی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، لەسەردەمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەرچۆن بووە دەبێ هەروا بمێنێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) چۆنی بەش کردوە منيش هەروا بەشی دەکەم بۆيە (أبو بكر) (رضي الله عنه) هيچ شتێکی نەدا بە (فاطمة) ، لەسەر ئەوە (فاطمة) لە (أبو بكر) زوير بوو، قسەی لێدابڕی و هاتوو چۆی نەکرد تا کۆچی دوايی کرد. دوای پێغەمبەری خوايش (ﷺ) شەش مانگ ژيا، کاتێ کە کۆچی دوايی کرد (علي) کوڕی (أبو طالب)ی (رضي الله عنه) مێردی بەشەو ئەسپەردەی کرد، (أبو بكر)يشی ئاگادار نەکرد، (علي) خۆی نوێژی لەسەر کرد، (علي) جيا لە خەڵکی تر هۆکار و بيانوی خۆی هەبوو لە بەيعەت نەدان بە (أبو بكر) (رضي الله عنه) کە (فاطمة) بوو (رضي الله عنها)، کاتێ کە (فاطمة) (رضي الله عنها) کۆچی دوايی کرد، (علي) (رضي الله عنه) بينی کە ڕوخساری خەڵکی لە ئاستيدا گۆڕاوە، لە دوای ئەوەوە (علی) داوای ئاشتەوايی کرد لە (أبو بكر) (رضي الله عنه)بە بەيعەت پێدانی کە ئەو چەند مانگەی ژيانی (فاطمة) (رضي الله عنها) (علي) پەيمانی جێنشينی نەدابوو بە (أبو بكر) (رضي الله عنه)، ناردی بۆ لای (أبو بكر) کە: بێ بۆ لامان بەڵام کەسی ترت لەگەڵ نەبێ، حەزی نەدەکرد (عمر) کوڕی (خطاب) (رضي الله عنه) ئامادەبێ نەبادا دەرگای گلەيی بکرێتەوە، (عمر) بە (أبو بكر)ی وت: سوێند بە خوا بە تەنها ناچيت بۆ لايان، (أبو بكر) وتی: گوايا دەبێ چيم لەگەلا بکەن بە خوا دەچم بۆ لايان، (أبو بكر) چوو بۆ لايان (علي) کوڕی (أبو طالب) بە دروشمی شايەتوومان دەستی کرد بە گفتوگۆ و ئينجا وتی: ئەی (أبو بكر) ئێمە نەجيبی و ڕێزی تۆمان زانيوە ئەو بەهرەيەش کە خوا پێی بەخشيويت هەرگيز حەسوديمان پێنەبردويت لەسەر ئەوە کە خوا پێی داويت، بەڵام تۆ بەسەربەخۆ ئەم کارەت کرد، ئێمە لەبەر نزيکيمان لە (محمد) پێغەمبەری خواوە (ﷺ) وامان دەبينی کە مافێکمان هەيە، بەردەوام بوو لە قسەکردن لەگەڵ (أبو بكر) تاچاوانی (أبو بكر) پڕ بوو لە فرمێسك، کاتێ (أبو بكر) کەوتە قسە کردن ، وتی: سوێند بەوەی گيانی منی بەدەستە، دڵنەوايی کردنی خزمەکانی پێغەمبەری خوام (ﷺ) لامەبەست ترە تا خزمەکانی خۆم، بەڵام ئەو ناکۆکيەی کە لە نێوان من و ئێوەدا دروست بووە لەسەر ماڵ و سامانە لە ڕاستيدا من لەحەق لام نەداوە، هيچ فەرمانێکم پشت گوێ نەخستووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەو سامانەدا کردبێتی، بەڵکو منيش هەر ئەوەم داوە،

(علي) بە (أبو بكر)ی وت: کاتمان دوانیوەڕۆبێت بۆ پەیمان بەستن. کاتێ (أبو بكر) نوێژی نیوەڕۆی کرد چووە سەر دوانگە و شایەتوومانی هێنا و وتی(لااله الاّ الله محمد رسول الله). ئینجا باسی (علي) (ﷺ) کرد کە هۆی چی بوو، وا لە پەیمان دان دواکەوتووە، ئەو عوزرەی قوبوڵ کرد کە هێنایەوە و داوای لێخۆشبوونی گوناهی بۆ کرد. (علي) کوڕی (أبوطالب)یش (ﷺ) شایەتومانی هێنا و هاتە گۆ و ڕێزی تەواوی دانا بۆمافی (أبو بكر) (ﷺ) ، وتی ئەوەی کەوای لێکردین ئەوە هەڵوێستمان بێ حەسودی بردن نەبوو بە (أبو بكر) وەیان نکوڵی کردن نەبوو بەرانبەر بەوپلە و پایەیە کە خوای گەورە بە (أبو بكر)ی (ﷺ) داوە، بەڵام ئێمە وامان دەبینی کە بەشێکمان هەیە و ئەو بەسەربەخۆیی و بێپرسینەوە ئەم کارەی کرد، شتێك لە دڵماندا دروست بوو، موسوڵمانەکانیش دڵخۆش بوون بە هەڵوێستەکەی و وتیان: پێکاوتە، هەر کە (علي) (ﷺ) بە خۆیدا چوویەوە موسڵمانانیش ڕوویان تێکردەوە.

١٠٩٩ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَا يَقْتَسِمُ وَرَثَتِي دِينَارًا، مَا تَرَكْتُ بَعْدَ نَفَقَةِ نِسَائِي وَمَؤُونَةِ عَامِلِي فَهُوَ صَدَقَةٌ)). [البخاري/ الوصايا/ ٢٦٢٤]

(أبو هريرة)(ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((میرات گرانم تاکە دینارێ بەش ناکەن لە نێوانیاندا، ئەوەی بە جێم هێشتووە لە پاش بژێوی خێزانەکانم و ئەو کەسەیش کە ئیشوکاری بۆ کردووم دەکرێتە خێر بۆ موسڵمانان)).

(٣٤) پشکی سوار و پیادە

١١٠٠ـ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (ﷺ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَسَمَ فِي النَّفَلِ لِلْفَرَسِ سَهْمَيْنِ وَلِلرَّجُلِ سَهْمًا.

(عبدالله) کوڕی (عمر) (ﷺ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەستکەوتی جەنگی دابەش کرد، دوو پشك بۆ ئەسپ و یەك پشك بۆ پیادە.

(٣٥) پشکی ژنان " لە دەستکەوتی جەنگدا بێبەش نابن

١١٠١ـ عَنْ يَزِيدَ بْنِ هُرْمُزَ: أَنَّ نَجْدَةَ كَتَبَ إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ يَسْأَلُهُ عَنْ خَمْسِ خِلَالٍ؟ فَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: لَوْلَا أَنْ أَكْتُمَ عِلْمًا مَا كَتَبْتُ إِلَيْهِ، كَتَبَ إِلَيْهِ نَجْدَةُ: أَمَّا

بَعْدُ، فَأَخْبِرْنِي: هَلْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَغْزُو بِالنِّسَاءِ؟ وَهَلْ كَانَ يَضْرِبُ لَهُنَّ بِسَهْمٍ؟ وَهَلْ كَانَ يَقْتُلُ الصِّبْيَانَ؟ وَمَتَى يَنْقَضِي يُتْمُ الْيَتِيمِ؟ وَعَنِ الْخُمُسِ لِمَنْ هُوَ؟ فَكَتَبَ إِلَيْهِ ابْنُ عَبَّاسٍ: كَتَبْتَ تَسْأَلُنِي: هَلْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَغْزُو بِالنِّسَاءِ؟ وَقَدْ كَانَ يَغْزُو بِهِنَّ، فَيُدَاوِينَ الْجَرْحَى وَيُحْذَيْنَ مِنَ الْغَنِيمَةِ، وَأَمَّا بِسَهْمٍ فَلَمْ يَضْرِبْ لَهُنَّ. وَإِنَّ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) لَمْ يَكُنْ يَقْتُلُ الصِّبْيَانَ، فَلَا تَقْتُلِ الصِّبْيَانَ. وَكَتَبْتَ تَسْأَلُنِي: مَتَى يَنْقَضِي يُتْمُ الْيَتِيمِ؟ فَلَعَمْرِي إِنَّ الرَّجُلَ لَتَنْبُتُ لِحْيَتُهُ وَإِنَّهُ لَضَعِيفُ الْأَخْذِ لِنَفْسِهِ، ضَعِيفُ الْعَطَاءِ مِنْهَا، فَإِذَا أَخَذَ لِنَفْسِهِ مِنْ صَالِحِ مَا يَأْخُذُ النَّاسُ فَقَدْ ذَهَبَ عَنْهُ الْيُتْمُ. وَكَتَبْتَ تَسْأَلُنِي عَنِ الْخُمُسِ لِمَنْ هُوَ؟ وَإِنَّا كُنَّا نَقُولُ: هُوَ لَنَا، فَأَبَى عَلَيْنَا قَوْمُنَا ذَاكَ.

(يزيد) کوڕی (هرمز) دەڵێ: (نجدة) ناوێ نامەی نووسیبوو بۆ (ابن عباس) و پرسیاری پێنج شتی لێ کردبوو؟، (ابن عباس) دەڵێ: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە زانستێ دەشارمەوە وەڵامم بۆ نەدەنووسی، (نجدة) بۆی نووسیبوو: لە پاشان: ئاگادارم بکە، ئایا پێغەمبەری خوا (ﷺ) ژنی بەشداری جەنگ دەکرد؟ وە ئایا لەدەستکەوتی جەنگی پشکی دەدانێ؟ وە ئایا لە جەنگدا منداڵانی دەکوشت؟ وە کەی هەتیو لە هەتیوی دەکەوێت؟ وە پێنج یەك بۆ کێیە؟، (ابن عباس) بۆی نووسیەوە: نووسیوتە و دەپرسیت: کە ئایا پێغەمبەری خوا جەنگی دەکرد بە ژنان؟ بەڵێ جەنگی پێدەکردن، زامداریان تیماردەکرد و شتێکی کەمیشیان دەدرایە لە دەستکەوتی جەنگی، بەڵام بە پشك بۆی دانەنابوون، پێغەمبەری خوا هەرگیز منداڵانی نەدەکوشت، تۆیش منداڵان مەکوژە، دەپرسیت: کەی هەتیو لە هەتیوی دەکەوێ؟ بە گیانی خۆم هەندێ کات پیاو ریشیشی دەردێ و هێشتا هەر لاوازە ناتوانێ مافی خۆی بستێنێ و ناشتوانێ هیچ بەخشندەییەکی هەبێ، جا هەرکە توانی بەشی خۆی لە چاکە دەست بخات وەك ئەو خەڵکەی تر ئەوا هەتیویەکەی نامێنێ، دەپرسیت، پێنج یەك بۆ کێیە؟ جا ئەگەرچی ئێمەی (خزمانی پێغەمبەر) دەمانووت کە بۆ ئێمەیە، بەڵام قەومەکەمان ئەوەی پێنەداین و (وتیان بۆ بەرژەوەندی گشتییە).

(٣٦) ئازاد کردنی دیل

١١٠٢ـ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: بَعَثَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) خَيْلًا قِبَلَ نَجْدٍ، فَجَاءَتْ بِرَجُلٍ مِنْ بَنِي حَنِيفَةَ يُقَالُ لَهُ: ثُمَامَةُ بْنُ أُثَالٍ سَيِّدُ أَهْلِ الْيَمَامَةِ، فَرَبَطُوهُ بِسَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ. فَخَرَجَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، فَقَالَ لَهُ: ((مَاذَا عِنْدَكَ يَا ثُمَامَةُ)). فَقَالَ: عِنْدِي يَا مُحَمَّدُ خَيْرٌ، إِنْ تَقْتُلْ تَقْتُلْ ذَا دَمٍ، وَإِنْ تُنْعِمْ تُنْعِمْ عَلَى شَاكِرٍ، وَإِنْ كُنْتَ تُرِيدُ الْمَالَ فَسَلْ تُعْطَ مِنْهُ مَا شِئْتَ. فَتَرَكَهُ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) حَتَّى كَانَ بَعْدَ الْغَدِ، فَقَالَ: ((مَا عِنْدَكَ يَا ثُمَامَةُ)). قَالَ: مَا قُلْتُ لَكَ، إِنْ تُنْعِمْ تُنْعِمْ عَلَى شَاكِرٍ، وَإِنْ تَقْتُلْ تَقْتُلْ ذَا دَمٍ، [وَإِنْ كُنْتَ تُرِيدُ الْمَالَ فَسَلْ تُعْطَ مِنْهُ مَا شِئْتَ]. فَتَرَكَهُ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) حَتَّى كَانَ مِنَ الْغَدِ، فَقَالَ: ((مَاذَا عِنْدَكَ يَا ثُمَامَةُ)). فَقَالَ: عِنْدِي مَا قُلْتُ لَكَ: إِنْ تُنْعِمْ تُنْعِمْ عَلَى شَاكِرٍ، وَإِنْ تَقْتُلْ تَقْتُلْ ذَا دَمٍ، وَإِنْ كُنْتَ تُرِيدُ الْمَالَ فَسَلْ تُعْطَ مِنْهُ مَا شِئْتَ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): ((أَطْلِقُوا ثُمَامَةَ)). فَانْطَلَقَ إِلَى نَخْلٍ قَرِيبٍ مِنَ الْمَسْجِدِ فَاغْتَسَلَ، ثُمَّ دَخَلَ الْمَسْجِدَ فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، يَا مُحَمَّدُ، وَاللَّهِ مَا كَانَ عَلَى الْأَرْضِ [وَجْهٌ] أَبْغَضَ إِلَيَّ مِنْ وَجْهِكَ، فَقَدْ أَصْبَحَ وَجْهُكَ أَحَبَّ الْوُجُوهِ كُلِّهَا إِلَيَّ، وَاللَّهِ مَا كَانَ مِنْ دِينٍ أَبْغَضَ إِلَيَّ مِنْ دِينِكَ، فَأَصْبَحَ دِينُكَ أَحَبَّ الدِّينِ كُلِّهِ إِلَيَّ، وَاللَّهِ مَا كَانَ مِنْ بَلَدٍ أَبْغَضَ إِلَيَّ مِنْ بَلَدِكَ، فَأَصْبَحَ بَلَدُكَ أَحَبَّ الْبِلَادِ كُلِّهَا إِلَيَّ، وَإِنَّ خَيْلَكَ أَخَذَتْنِي وَأَنَا أُرِيدُ الْعُمْرَةَ، فَمَاذَا تَرَى؟ فَبَشَّرَهُ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) وَأَمَرَهُ أَنْ يَعْتَمِرَ، فَلَمَّا قَدِمَ مَكَّةَ، قَالَ لَهُ قَائِلٌ: أَصَبَوْتَ؟ فَقَالَ: لَا، وَلَكِنِّي أَسْلَمْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم)، وَلَا وَاللَّهِ لَا يَأْتِيكُمْ مِنَ الْيَمَامَةِ حَبَّةُ حِنْطَةٍ حَتَّى يَأْذَنَ فِيهَا رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم). [البخاري/ المغازي/ ٤١١٤]

(ابو هريرة) (رضي الله عنه) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، چەند سوارەیەکی نارد ڕووبە نەجد: پیاوێکیان لە تیرەی (بنی حنيفة) بەدیل هێنا پێی دەوترا: (ثمامة) کوڕی (أثال) گەورەی خەڵکی (يمامه) بوو بەستیانەوە بە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەکەوە، پێغەمبەرە خوا (صلى الله عليه وسلم) چوو بۆلای، پێی فەرموو: ((ئەی ثمامة چیت لاهەیە)). وتی: ئەی محمد (خێرم) لایە، ئەگەر بمکوژی بە حەق دەمکوژی، وە ئەگەر لێم خۆش ببی ئەوا لە کەسێکی سوپاسگوزار خۆش دەبیّ، ئەگەر ماڵ و سامانیشت دەویّ ئەوا داوابکە چەندت دەویّ پێت دەدریّ،

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەجێی هێشت تا ڕۆژی دوایی دووبارە فەرمووی: ((ئەی ثمامة چیت لا هەیە)) وتی: هەر ئەوەیە کە عەرزم کردوویت، ئەگەر لێم خۆش ببی ئەوا لە کەسێکی سوپاسگوزار خۆش دەبی، وە ئەگەر بمکوژی بە حەق دەمکوژی. (ئەگەر ماڵ و سامانیشت دەوێ ئەوا داوا بکە چەندت دەوێ پێت دەدرێ)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) (ئەو ڕۆژیش) بەجێی هێشت تا ڕۆژی سێیەم، (دووبارە) فەرمووی: ((ئەی ثمامة چیت لا هەیە)) وتی: هەر ئەوەم هەیە کە عەرزم کردویت. ئەگەر لێم خۆش ببی لە کەسێکی سوپاسگوزار خۆش دەبی، وە ئەگەر بمکوژی بە حەق دەمکوژی، وە ئەگەر ماڵ و سامانیشت دەوێ ئەوا داوابکە چەندت دەوێ پێت دەدرێ، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((ثمامة بەردەن)) بە پرتاو چوو بۆ ناو باخە خورمایەکی نزیك بە مزگەوتەکە و خۆی شۆرد، پاشان هاتە ناو مزگەوتەکەوە، وتی: (أشهد أن لا اله الاّ الله و أشهدُ أن محمداً عبده و رسوله)، ئەی (محمد) سوێند بە خوا لەم سەر زەویەدا ڕوخساری نەبوو لەلام بە ڕادەی ڕوخساری تۆ ڕقم لێی بێ. وا ئێستە ڕوخساری تۆ خۆشەویسترینی هەموو ڕوخسارەکانە لەلام، سوێند بە خوا هیچ ئاینێك نەبووە لەلام کە بەڕادەی ئایینەکەی تۆ ڕقم لێبێت، وا ئێستە ئاینەکەی تۆ لە هەموو ئاینێکی تر خۆشەویسترە لەلام. سوێند بە خوا هیچ شارێ نەبوە لەلام کە بە ڕادەی شارەکەی تۆ ڕقم لێی بێ، وا ئێستە شارەکەی تۆ بووەتە خۆشەویسترین شار لەلام، سوارەکانی تۆ منیان گرت لە کاتێکدا کە من دەمویست بچم بۆ عەمرە، فەرمانت بەچییە؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) موژدەی پێدا و فەرمانیشی پێکرد کە عەمرە بکات. کاتێ کە گەیشتەوە مەککە یەکێ پێی وت، ئایا لەدینەکەت هەڵگەڕایتەوە؟ وتی: نەخێر، بەڵام لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) موسڵمان بووم ، سوێند بە خوا جارێکی تر لە یەمامەوە دەنکە گەنمێکتان بۆ نایەت تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەتی پێنەدات.

(٣٧) دەرکردنی جوولەکە لە مەدینە

١١٠٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) أَنَّهُ قَالَ: بَيْنَا نَحْنُ فِي الْمَسْجِدِ إِذْ خَرَجَ إِلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَقَالَ: ((انْطَلِقُوا إِلَى يَهُودَ)). فَخَرَجْنَا مَعَهُ حَتَّى جِئْنَاهُمْ، فَقَامَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) فَنَادَاهُمْ، فَقَالَ: ((يَا مَعْشَرَ يَهُودَ أَسْلِمُوا تَسْلَمُوا)). فَقَالُوا: قَدْ بَلَّغْتَ يَا أَبَا الْقَاسِمِ. فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ذَلِكَ أُرِيدُ، أَسْلِمُوا تَسْلَمُوا)).

فَقَالُوا: قَدْ بَلَّغْتَ يَا أَبَا الْقَاسِمِ. فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((ذَلِكَ أُرِيدُ)). فَقَالَ لَهُمُ الثَّالِثَةَ، فَقَالَ: ((اعْلَمُوا أَنَّمَا الْأَرْضُ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ، وَأَنِّي أُرِيدُ أَنْ أُجْلِيَكُمْ مِنْ هَذِهِ الْأَرْضِ، فَمَنْ وَجَدَ مِنْكُمْ بِمَالِهِ شَيْئًا فَلْيَبِعْهُ، وَإِلَّا فَاعْلَمُوا أَنَّ الْأَرْضَ لِلَّهِ وَرَسُولِهِ)). [بخاري/ الإكراه: ٦٥٤٥]

(ابو هريرە) (ﷺ) دەڵێ : لەکاتێکا ئێمە لەمزگەوت دانیشتبووین پێغەمبەر (ﷺ) هاتە ناومانو فەرمووی: ((دەرچن بۆ جولەکە)) ئێمە لەخزمەتیان دەرچووین تاگەیشتینە لایان ، پێغەمبەر(ﷺ) بانگی کردن، فەرمووی: ((ئەی جەماوەری جولەکە! خۆتان بدەن بەدەستەوە سەلامەت دەبن)) جولەکەکان وتیان: راتگەیاند ئەی باوکی قاسم ، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمووی: ((منیش ئەوەم دەوێت)) بۆ سێیەم جار فەرمووی: ((باش بزانن زەوی هی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ) من دەمەوێت لەم زەویە دوورتان بخەمەوە ، هەرکەس شتێکی هەیە با بیفرۆشێت ، ئەگەر نا، باش بزانن زەوی هی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (ﷺ).

(٣٨) حوکمی کەسێ کە دەجەنگێ و پەیمان دەشکێنێ

١١٠٤- عَنْ عَائِشَةَ (ﷺ) قَالَتْ: أُصِيبَ سَعْدٌ (ﷺ) يَوْمَ الْخَنْدَقِ، رَمَاهُ رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ [يُقَالُ لَهُ] ابْنُ الْعَرِقَةِ، رَمَاهُ فِي الْأَكْحَلِ، فَضَرَبَ عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَيْمَةً فِي الْمَسْجِدِ يَعُودُهُ مِنْ قَرِيبٍ، فَلَمَّا رَجَعَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنَ الْخَنْدَقِ وَضَعَ السِّلَاحَ فَاغْتَسَلَ، فَأَتَاهُ جِبْرِيلُ وَهُوَ يَنْفُضُ رَأْسَهُ مِنَ الْغُبَارِ، فَقَالَ: وَضَعْتَ السِّلَاحَ؟ وَاللَّهِ مَا وَضَعْنَاهُ، اخْرُجْ إِلَيْهِمْ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): ((فَأَيْنَ)). فَأَشَارَ إِلَى بَنِي قُرَيْظَةَ، فَقَاتَلَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، فَنَزَلُوا عَلَى حُكْمِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، فَرَدَّ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) الْحُكْمَ فِيهِمْ إِلَى سَعْدٍ، قَالَ: فَإِنِّي أَحْكُمُ فِيهِمْ أَنْ تُقْتَلَ الْمُقَاتِلَةُ، وَأَنْ تُسْبَى الذُّرِّيَّةُ وَالنِّسَاءُ، وَتُقْسَمَ أَمْوَالُهُمْ. قَالَ هِشَامٌ: قَالَ أَبِي: فَأُخْبِرْتُ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) قَالَ: ((لَقَدْ حَكَمْتَ فِيهِمْ بِحُكْمِ اللهِ عَزَّوَجَلَّ)) وَفِي رِوَايَةٍ: ((حَكَمْتَ بِحُكْمِ اللهِ)). وَقَالَ مَرَّةً: ((لَقَدْ حَكَمْتَ بِحُكْمِ الْمَلِكِ)). [البخاري/ المغازي/ ٣٨٩٦]

(عائشة) (ﷺ) دەڵێ: (سعد) لە ڕۆژی خندق دا زامدار بوو، پیاوێکی قورەیشی تیری تێگرت کە پێیان دەوت (ابن العَرِقَةَ) ، تیرەکە شاڕەگی باڵی گرت. پێغەمبەری خوا (ﷺ) چادرێکی بۆ هەڵدا لەمزگەوتو زوو زوو سەردانی

دەکرد، کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) خۆی شۆرد جوبرەئیل هات سەری خۆی دەتەکان لەتۆز وتی: چەکت دانا؟ سوێند بەخوا ئێمە دامان نەنانەوە ، دەرچۆ بۆیان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: ((بۆ کوێ)) جبریل ئاماژەی کرد بۆ (بنو قريظة)، پێغەمبەری خوا (ﷺ) لەگەڵیاندا جەنگا، هاتنە سەر ئەوە کە ڕازی ببن بە حوکمی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێغەمبەری خوا (ﷺ)یش حوکمەکەی دایە دەستی (سعد)، (سعد) وتی: حوکمی من ئەوەیە جەنگاوەرەکانیان بکوژرێن، ژن و منداڵیان بە دیل ببرێ، وە ماڵ و سامانیان دابەش بکرێ، هشام دەڵێ: باوکم وتی: ئاگادارکرام، کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: ((بەڕاستی حوکمێکت لەسەریان دا کە حوکمی خوای گەورە و بالادەستە)).

پێڕستی بەرگی یەکەم

بابەت **لاپەڕە**

پێشەکی لیژنەی وەرگێڕ.......... ٣
بۆچی (صحیح مسلم)مان هەڵبژارد.......... ٤
لیژنەی وەرگێڕان.......... ٤
ئەوکارانەی لەپرۆژەی وەرگێڕاندا کراون.......... ٥
باشترین ڕێگا بۆ تێگەیشتن لەفەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ).......... ٦
پێشەکی‌ئامادەکار.......... ٩
پلانەکەم لەم کارەدا بەم شێوەیەیە.......... ١٠
پەروەردگارم، ئاسانکاریم بۆ بکەیت.......... ١٢

(١) بەشی ئیمانو باوەڕ

(٢) سەرەتای ئیمان ـ باوەڕ ـ.......... ١٣
(٢)فەرمانم پێکراوە بجەنگم لەگەڵ.......... ١٧
(٣)کەسێك پیاوێك لەکافرەکانی کوشت.......... ١٨
(٤) هەرکەس بەئیمانەوە گەڕایەوە بۆلای خوا.......... ٢١
(٥) ئیمان چییە؟ ڕوونکردنەوەی نیشانەکانی.......... ٢٧
(٦)فەرمانکردن بەئیمان، پەناگرتن بەخوا.......... ٢٩
(٧)لەبارەی ئیمان بەخواو بەردەوامی.......... ٢٩
(٨) بەڵگەکانی پێغەمبەرو (ﷺ) باوەڕهێنان پێی.......... ٣٠
(٩) سێ‌شت هەن لەهەرکەسدا هەبن شیرینی ئیمان دەچەژێ.......... ٣١
(١٠) ئەوکەسەی قایل بێت بەپەروەردگاریتی خوا.......... ٣٢
(١١) چوار شت هەن لەهەرکەسدا هەبن موونافیقە.......... ٣٣
(١٢) نموونەی ئیماندار وەکو کشتوکاڵ.......... ٣٣
(١٣) نموونەی موسڵمان وەکو دارخورمایە.......... ٣٤
(١٤) شەرمکردن بەشێکە لەئیمان.......... ٣٤
(١٥) دراوسێتی چاكو ڕێزی میوان بەشێکە لەباوەڕ.......... ٣٥
(١٦) هەرکەس دراوسێکەی لەشەڕی ئەمین بێت.......... ٣٦
(١٧)گۆڕینی خراپە بەدەستو بەزمانو بەدڵ.......... ٣٦
(١٨)عەلی خۆشناوێ ئیماندارنەبێ.......... ٣٧
(١٩) خۆشەویستی (انصار) نیشانەی ئیمانە.......... ٣٧
(٢٠) ئیمان پەنا دەباتەوە بۆ مەدینە.......... ٣٧
(٢١) ئیمانو حیکمەت یەمەنین.......... ٣٨

(٢٢) ئەوەی ئیمان نەهێنێ کرداری باشی بێ سوودە ٣٨
(٢٣) ناچنە بەهەشت تائیمان نەهێنن........ ٣٨
(٢٤)زیناکەر لەکاتی زینادا ئیمانی نییە ٣٩
(٢٥)ئیماندار دووجار لەیەك كونەوە ناگەزرێت........ ٣٩
(٢٦)وەسوەسە لەئیماندا ٣٩
(٢٧)گەورەترین گوناه هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردانە ٤٠
(٢٨) لەدوای من مەبنەوە بەكافر ٤١
(٢٩) لادان لەرشتەی باوك كوفرە ٤١
(٣٠) ئەوەی بەبراكەی بڵێ كافر........ ٤١
(٣١) كسێك بمرێ و شەریكی بۆ خوادانەنابێ........ ٤٢
(٣٢) ناچێتە بەهەشت ئەوەی بەقەد گەردێك خۆبەزلزانینی تیابێ........ ٤٣
(٣٣)تەشەردان لەرەچەڵەك و شین و شەپۆڕ لەكوفرە ٤٤
(٣٤) ئەوەی دەڵێ بەهۆی كەشوهەواوە بارانمان بۆ باری ٤٤
(٣٥)پشتیوانم خواو باوەڕدارە چاكەكانن........ ٤٤
(٣٦) پاداشتی چاكەی ئیماندار لەدنیاو لەقیامەتیشدا........ ٤٥
(٣٧) ئیسلام چییە ؟ رونكردنەوەی نیشانەكانی ٤٥
(٣٨) ئیسلام لەسەر پێنج شت بنیاتنراوە........ ٤٦
(٣٩) لەئیسلامدا چی خێرە........ ٤٦
(٤٠) ئیسلام پێش خۆی دەسڕێتەوە ٤٦
(٤١) جنێودان بەموسڵمان دەرچوونە لەهەق........ ٤٨
(٤٢)هەركەس لەئیسلامدا چاكە بكات ٤٨
(٤٣) ئەگەر كەسێكتان موسڵمانێكی باش بێت........ ٤٩
(٤٤) موسڵمان ئەوەیە موسڵمانان پارێزراوبێ لەزیانی ٥٠
(٤٥) هەركەس لەنەفامیدا چاكە بكات و دوایی ٥٠
(٤٦) وریاكردنەوە لەتاقیكردنەوە ٥٠
(٤٧) ئیسلام بەغەریبی سەری هەڵداو غەریبیش ٥١
(٤٨) وەحی بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ) چۆن دەستی پێكرد ٥١
(٤٩) زۆری وەحی و یەكلەدوای یەكبوونی ٥٤
(٥٠) شەوڕەوی بەپێغەمبەر(ﷺ) ٥٤
(٥١)پێغەمبەر(ﷺ) یادی پێغەمبەران(ﷺ) دەكات ٥٨
(٥٢) پێغەمبەر(ﷺ) باسی مەسیح (علیه السلام) و جەجاڵ دەكات........ ٥٩
(٥٣) پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بۆ پێغەمبەران (ﷺ)كرد........ ٦٠
(٥٤) لەبارەی ئەم ئایەتەوە﴿ فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى ﴾ ٦١

(٥٥) لەبارەی بینینی خوای گەورەوە ٦٢
(٥٦) دەرچوونی یەکتاپەرستان لەئاگر ٦٧
(٥٧) شەفاعەت ٧٣
(٥٨) من یەکەم کەسم لەبەهەشتا شەفاعەت دەکەم ٧٦
(٥٩) پێغەمەر(ﷺ) داوای کردنەوەی دەرگای بەهەشت دەکات ٧٦
(٦٠) هەر پێغەمبەرێك نزایەکی گیرای هەیە ٧٧
(٦١) پاڕانەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئوممەتەکەی ٧٧
(٦٢) لەبارەی ئایەتی ﴿وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ﴾ ٧٨
(٦٣) پێغەمبەر(ﷺ) فریای (ابوطالب)ناکەوێت ٧٩
(٦٤) حەفتا هەزار لەئوممەتم بەبێ لێپرسینەوە ٩٠
(٦٥) من خوازیارم کەنیوەی خەڵکی بەهەشت بن ٨١
(٦٦) فەرمانی خوا بۆ ئادەم لەهەزار کەس نۆسەدوو ٨٢

(٢) بەشی دەستنوێژ

(١) خوا نوێژی بێدەستنوێژی ناوێت ٨٤
(٢) دەست شۆردن لەکاتی لەخەوهەستاندا ٨٤
(٣) ڕێگریی لەپیسی کردن لەسەرە ڕێگادا ٨٤
(٤) پەناگای کاتی سەرئاو ٨٥
(٥) کەچویتە سەرئاو چی دەڵێیت ٨٥
(٦) لەکاتی سەرئاودا روومەکەرە قیبلە ٨٥
(٧) لەناوخانودا مۆڵەت دراوە ٨٥
(٨) ڕێگری لەمیزکردنە ئاوێك خۆتی پێ بشۆیت ٨٦
(٩) خۆپاراستن لەمیز ٨٦
(١٠) ڕێگریی لەخۆپاککردنەوە بەدەستی ڕاست ٨٧
(١١) خۆپاککردنەوە بەئاو ٨٧
(١٢) خۆپاککردنەوە بەبەرد بەتاك دەبێ ٨٧
(١٣) خۆپاککردنەوە بەبەردو قەدەغەکردنی بەتەرس ٨٨
(١٤) سوودوەرگرتن لەپێستی مردارەوەبوو ٨٨
(١٥) ئەگەر پێستە خۆشەکرا پاك دەبێتەوە ٨٨
(١٦) ئەگەر سەگێك دەمی خستە دەفرێ ٨٩
(١٧) گەورەیی دەستنوێژ ٨٩
(١٨) ڕۆیشتنی گوناە لەگەڵ ئاوی دەستنوێژ ٩٠
(١٩) لەبارەی سیواك لەکاتی دەستنوێژدا ٩٠
(٢٠) دەستپێکردن و دەستنوێژو شتیتر ٩١

(٢١) شێوەی دەستنوێژی پێغەمبەر(ﷺ)........................ ٩١
(٢٢) لووت پاککردنەوە ٩٢
(٢٣) ناوچاو جوانو دستو پیێ سپی ٩٢
(٢٤) ئەوەی بەباشی دەستنوێژ دەگرێت ٩٣
(٢٥) دەستنوێژی تەواو گرتن لەگەڵ ناڕەحەتیش ٩٥
(٢٦) جوانی دەگاتە ئەو شوێنەی ئاوی دەستنوێژی ٩٥
(٢٧) ئەوەی لەدەستنوێژدا شوێنێی شۆردن ٩٦
(٢٨) بڕی ئاو بۆ خۆشۆردنو دەستنوێژ ٩٦
(٢٩) مەسحی کاڵەو پێتاو ٩٦
(٣٠) ماوەدانان بۆ مەسحی کاڵەو پێتاو ٩٨
(٣١) مەسح لەسەر تەوێڵو مێزەر.................................. ٩٨
(٣٢) مەسح لەسەر مێزەر ٩٩
(٣٣) چەند نوێژێك بەیەك دەستنوێژ ٩٩
(٣٤) وتەی دوای نوێژ ٩٩
(٣٥) شۆردنی لینجاو ١٠٠
(٣٦) خەوی دانیشتوو دەستنوێژ ناشکێنێ ١٠٠
(٣٧) دەستنوێژ لەدوای خواردنی گۆشتی وشتر ١٠١
(٣٨) دەستنوێژ لەشتێ ئاگری بەرکەوتبێ.......................... ١٠١
(٣٩) هەڵوەشاندنەوەی دەستنوێژ لەوشتەی ئاگری ١٠١

(٣) بەشی خۆشۆردن

(١) ئاو لەئاوەوە پێویست دەبێت بۆ پیاوێك ١٠٣
(٢) هەڵوەشاندنەوەی فەرموودەی پێشوو ١٠٣
(٣) ئافرەت لەخەویا شتێك ببینێ کەپیاو دیویەتی ١٠٤
(٤) چۆنێتی خۆشۆردن لەلەشگرانیی.................................. ١٠٥
(٥) بڕی ئەو ئاوەی لەشگران خۆی پێ دەشوات ١٠٥
(٦) پەردەگێڕان بۆ خۆشۆردن ١٠٦
(٧) بەتەنها خۆشۆردنی پیاوو خۆ پەنادانی ١٠٦
(٨) ڕێگریی کراوە لەسەیرکردنی عەیبی پیاوو ئافرەت ١٠٧
(٩) خۆپەنادانو نابێ مرۆڤ بەرووتی ببینێرێت ١٠٧
(١٠) خۆشۆردنی ژنو پیاو لەیەك دەفردا ١٠٨
(١١) دەستنوێژی لەشگران ئەگەر بیەوێ بخەوێ.......................... ١٠٨
(١٢) خەوتنی لەشگران پێش خۆشۆردن ١٠٨
(١٣) هەرکەس چووە لای خێزانیو ویستی دووبارەی.......................... ١٠٩

(١٤) تەیەموم ١٠٩
(١٥) تەیەمومی لەشگران ١١٠
(١٦) تەیەموم بۆ وەڵامی سەلام ١١١
(١٧) ئیماندار پیس نابێت ١١١
(١٨) یادی خوا لەهەموو کاتێکدا ١١٢
(١٩) خواردن بەبێ دەستنوێژ ١١٢

(٤) بەشی حەیز

(١) ئایەتی ﴿وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ﴾ ١١٣
(٢) چۆنێتی خۆشۆردنی ئافرەت لەحەیزو لەشگرانیی ١١٤
(٣) پۆشاك وەرگرتن لەحەیزدار ١١٤
(٤) ئافرەتی حەیزدارو شۆردنی سەری پیاو ١١٥
(٥) پاڵدانەوە لەکۆشی حەیزدارو خوێندنەوە ١١٥
(٦) خەوتن لەیەك لێفەدا لەگەڵ حەیزدار ١١٥
(٧) گەمەکردن لەگەڵ ئافرەت لەحەیزا ١١٦
(٨) خواردنەوە لەگەڵ حەیزدار ١١٦
(٩) خۆشتن و نوێژی کاتی خوێنی نەخۆشی ١١٦
(١٠) حەیزدار نوێژ ناگێڕێتەوە ١١٧
(١١) پێنج شت لەسروشتی پاکن ١١٧
(١٢) دەشت لەسروشتی پاکن ١١٧
(١٣) سیواك دان بەکەسی گەورە ١١٨
(١٤) سمێڵ کورت بکەنەوە ١١٨
(١٥) شۆردنی میزی ناو مزگەوت ١١٨
(١٦) ئاوپرژاندن لەمیزی منداڵ ١١٩
(١٧) شۆردنی (مەنی) بەجلەوە ١١٩
(١٨) شۆردنی خوێنی حەیز بەجلەوە ١٢٠

(٥) بەشی نوێژ

(١) دەستپێکردنی بانگدان ١٢١
(٢) چۆنێتی بانگدان ١٢١
(٣) بانگدان جووتەو قامەتیش تاك ١٢٢
(٤) دانانی دوو بانگبێژ ١٢٢
(٥) دانانی بانگبێژی نابینا ١٢٢
(٦) خێری بانگدان ١٢٢
(٧) خێری بانگبێژان ١٢٣

(٨) وەڵامدانەوەی بانگبێژ ١٢٣
(٩) خێری وەڵامدانەوەی بانگ ١٢٤
(١٠) فەرزبوونی نوێژ ١٢٥
(١١) فەرزبوونی نوێژ دووڕکات دوو ڕکات ١٢٦
(١٢) پێنج نوێژەکە کەفارەتن بۆ گوناهی نێوانیان ١٢٦
(١٣) نوێژنەکردن کوفرە ١٢٧
(١٤) کۆکەرەوەی کاتەکان ١٢٧
(١٥) بەتاریکی نوێژی بەیانی کردن ١٢٨
(١٦) پارێزگاریی لەنوێژی بەیانی و عەسر ١٢٩
(١٧) ڕێگریی لەنوێژکردن لەکاتی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆردا ١٢٩
(١٨) نوێژی نیوەڕۆ لەسەرەتای کاتدا ١٣٠
(١٩) بەفێنکی نوێژکردن لەکاتی گەرمادا ١٣٠
(٢٠) سەرەتای کاتی نوێژی عەسر ١٣٠
(٢١) پارێزگاریی لەعەسرو ڕێگری لەنوێژ لەدوایەوە ١٣١
(٢٢) هەڕەشە لەوکەسەی نوێژی عەسری دەچێت ١٣١
(٢٣) لەبارەی نوێژی ناوەندەوە ١٣٢
(٢٤) ڕێگریی لەنوێژ دوای عەسرو دوای بەیانی ١٣٢
(٢٥) سێکات هەیە نەنوێژی تیادەکرێت ١٣٢
(٢٦) دووڕکات دوای عەسر ١٣٣
(٢٧) گێڕانەوەی نوێژی عەسر دوای شێوان ١٣٣
(٢٨) دووڕکات پێش شێوان ١٣٣
(٢٩) کاتی شێو ئەو کاتەیە خۆرئاوا دەبێ ١٣٣
(٣٠) کاتی نوێژی خەوتنان و دواخستنی ١٣٤
(٣١) ناوی نوێژی خەوتنان ١٣٤
(٣٢) ڕێگری لەدواخستنی نوێژ ١٣٥
(٣٣) چاکترین کار نوێژە لەکاتی خۆیدا ١٣٥
(٣٤) ئەوەی گەیشت بەرکاتێك گەیشتووە ١٣٥
(٣٥) هەرکەس خەوتبوو لەکاتی نوێژدا ١٣٦
(٣٦) نوێژ لەیەك پۆشاکدا ١٣٩
(٣٧) نوێژ لەپۆشاکی خەتخەتدا ١٣٩
(٣٨) نوێژ لەسەر حەسیر ١٤٠
(٣٩) نوێژ بەنەعلەوە ١٤٠
(٤٠) یەکەم مزگەوتی لەسەر زەویدا ١٤٠

(٤١) دروستكردنی مگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) ١٤١
(٤٢) لەبارەی ئەو مزگەوتەوە کەلەسەر تەقوا دامەزراوە ١٤٢
(٤٣) خێری نوێژ لەمزگەوتی مەدینەو مەککە ١٤٢
(٤٤) هاتن بۆ مزگەوتی (قباء)و نوێژکردن تێیدا ١٤٣
(٤٥) خێری ئەوەی مزگەوتێك بۆ خوا دروست دەکات ١٤٣
(٤٦) خێری مزگەوتەکان ١٤٣
(٤٧) خێری زۆری هەنگاوەکان بۆ مزگەوتەکان ١٤٤
(٤٨) رۆیشتن بۆ نوێژەکان گوناە دەسرێتەوە ١٤٤
(٤٩) بەئارامی هاتن بۆ نوێژو پەلەنەکردن ١٤٥
(٥٠) دەرچوونی ئافرەتان بۆ مزگەوتەکان ١٤٥
(٥١) رێگری لەدەرچوونی ئافرەتان ١٤٥
(٥٢) لەکاتی چوونە مزگەوتا چی دەوترێت ١٤٦
(٥٣) هەرکات چووە مزگەوت بادوو رکات نوێژ بکات ١٤٦
(٥٤) نەهی‌کراوە لەدەرچوون لەمزگەوت لەدوای بانگدان ١٤٦
(٥٥) کەفارەتی تف رۆکردن لەمزگەوت ١٤٧
(٥٦) کەراهەتی خواردنی سیرو هاتن بۆ مزگەوت ١٤٧
(٥٧) مەچنە مزگەوت لەکاتی خواردنی سیرو کەوەرو پیاز ١٤٧
(٥٨) دەرکردنی ئەوەی بۆنی پیازو سیری لێبێت
.... ١٤٧
(٥٩) رێگری کراوە لەبانگەوازکردن بۆ ونبوو لەمزگەوتا ١٤٩
(٦٠) رێگکردن لەکردنی گۆڕ بەمزگەوت ١٤٩
(٦١) رێگری لەدروستکردنی مزگەوت لەسەر گۆڕ ١٤٩
(٦٢) هەموو زەویم بۆکراوە بەمزگەوت ١٥٠
(٦٣) نزیکی لەبەربەستەوە.. ١٥٠
(٦٤) فەرمانکردن بەرووکردنە قیبلە ١٥٠
(٦٥) گۆڕینی قیبلە لەشامەوە بۆ مەککە ١٥٠
(٦٦) ئەگەر قامەت کرا هیچ نوێژێك ناکرێت جگە لەفەرز ١٥١
(٦٧) ئەگەر قامەتکرا کەی خەڵکی هەڵدەستن بۆ نوێژ ١٥١
(٦٨) قامەت کردن لەکاتێکا ئیمام دێتەدەرەوە ١٥٢
(٦٩) رۆیشتنی ئیمام بۆ خۆشۆردن لەدوای قامەت ١٥٢
(٧٠) رێککردنی ریزەکان ١٥٢
(٧١) خێری ریزی پێشەوە ١٥٣
(٧٢) سیواك کردن لەگەڵ هەموو نوێژێکدا ١٥٣

(٧٣) خێری (ذکر)لەگەڵ چوونە ناو نوێژ ١٥٤
(٧٤) دەست بەرزکردنەوە لەنوێژدا ١٥٤
(٧٥) بەچی نوێژ دەست پێدەکات ١٥٤
(٧٦) تەکبیر لەنوێژدا ١٥٥
(٧٧)رێگریی کردن لەوەی پێش ئیمام بکەوێ ١٥٦
(٧٨) دەبێ مەئموم شوێن ئیمام بکەوێت ١٥٦
(٧٩) لەنوێژدا دەستێك دەخرێتەسەر دەستەکەی‌تر........ ١٥٧
(٨٠) لەنێوان تەکبیرو فاتیحە خوێندندا ١٥٧
(٨١) ئاشکرانەکردنی (بسم الله الرحمن الرحيم) ١٥٨
(٨٢) لەبارەی (بسم الله الرحمن الرحيم)ەوە ١٥٩
(٨٣) (ام القران) واتە(فاتیحە) ١٥٩
(٨٤) چی دەتوانێ ئەوە بخوێنێ ١٦٠
(٨٥) خوێندن لەدوای ئیمامەوە ١٦١
(٨٦) (الحمد لله)و ئامین کردن ١٦١
(٨٧) خوێندن لەنوێژی بەیانیدا ١٦٢
(٨٨) خوێندنی قورئان لەنوێژی نیوەڕۆو عەسر ١٦٢
(٨٩) خوێندن لەنوێژی شێواندا ١٦٣
(٩٠) خوێندن لە نوێژی خەوتناندا ١٦٣
(٩١) رێگریی کراوە لەپێشکەوتن لەئیمام ١٦٤
(٩٢) رێگری لەسەربەرزکردنەوە لەپێش ئیمامەوە ١٦٤
(٩٣) دەست خستنە سەر ئەژنۆ و ١٦٥
(٩٤) ئەوەی لەرکوعو سجودا دەوترێت ١٦٥
(٩٥) رێگریی لەقورئان خوێندن لەرکوع‌و سجودا........ ١٦٥
(٩٦) کاتی هەستانەوە لەرکوع چی دەوترێت ١٦٦
(٩٧) خێری سوجدەو هاندان بۆ زۆر سوجدەبردن ١٦٦
(٩٨) پاڕانەوە لەسوجدەدا ١٦٧
(٩٩) لەسەر چەند ئەندام سوجدە دەبرێت ١٦٧
(١٠٠) رێکی لەسجووداو بەرزکردنەوەی ئەنیشك ١٦٧
(١٠١) دوورخستنەوەی قۆڵ لەلەش ١٦٧
(١٠٢)دانیشتن لەسەر هەردووپێ ١٦٨
(١٠٣) تەحیات لەنوێژدا ١٦٨
(١٠٤) لەنوێژدا پەنا لەچی دەگیرێت ١٧٠
(١٠٥) نزا لەنوێژدا ١٧٠

(١٠٦) نەفرین کردن لەشەیتان لەنوێژا ١٧١
(١٠٧) سڵاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) ١٧١
(١٠٨) سەلامدانەوە لەنوێژا ١٧٢
(١٠٩) کەراهەتی ئاماژەکردن بەدەست ١٧٢
(١١٠) چی دەوترێت دوای سەلامدانەوە ١٧٢
(١١١) تەکبیر لەدوای نوێژ ١٧٣
(١١٢) ویردی دوای نوێژ ١٧٣
(١١٣) ڕۆیشتن دوای نوێژ ١٧٤
(١١٤) کێ شیاوترە بۆ ئیمامەت ١٧٤
(١١٥) شوێنکەوتن و هەڵسوکەوت لەدوای ئیمام ١٧٤
(١١٦) فەرمان بەکورتکردنەوەی نوێژ ١٧٥
(١١٧) جێگردانان بۆ ئیمام ١٧٥
(١١٨) ئەگەر ئیمام دواکەوت کەسێکی‌تر ١٧٧
(١١٩) ئەوەی گوێی لەبانگەبێت بۆ مزگەوت ١٧٨
(١٢٠) خێری جەماعەت ١٧٨
(١٢١) نوێژی جەماعەت ڕێگای هیدایەتە............ ١٧٩
(١٢٢) چاوەڕێکردن بۆ نوێژو خێری جەماعەت ١٧٩
(١٢٣) خێری نوێژی خەوتنان و بەیانیان ١٨٠
(١٢٤) هەڕەشە لەدواکەوتن لەنوێژی جەماعەت ١٨٠
(١٢٥) مۆڵەت بەدواکەوتن لەجەماعەت ١٨١
(١٢٦) بەجوانی نوێژکردن ١٨١
(١٢٧) چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر(ﷺ) ١٨١
(١٢٨) باشترین نوێژ زۆر وەستانە تێیدا ١٨٢
(١٢٩) نەجوڵان لەنوێژا ١٨٢
(١٣٠) ئاماژە بەوەڵامی سەلام لەنوێژا ١٨٣
(١٣١) قەدەغەکردنی قسەکردن لەنوێژا ١٨٣
(١٣٢) (سبحان الله) کردن لەنوێژا بۆکاری پێویست ١٨٥
(١٣٣) ڕێگریی لەچاو بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان ١٨٥
(١٣٤) هاتووچۆ بەبەردەم نوێژگەردا ١٨٥
(١٣٥) قەدەغەکردنی هاتووچۆ بەبەردەمی نوێژدا ١٨٦
(١٣٦) بەربەستی نوێژگەر ١٨٧
(١٣٧) نوێژ بەرامبەر بەنێزە ١٨٧
(١٣٨) نوێژ بەرامبەر بەوڵاخ ١٨٧

(١٣٩) ڕۆیشتن بەبەردەم نوێژگەردا ١٨٧
(١٤٠) ڕێگریی لەدەست خستنە سەرکەلەکە ١٨٨
(١٤١) ڕێگریی لەتف کردنە بەردەم لەنوێژا ١٨٨
(١٤٢) باوێشك نەدان لەنوێژا ١٨٩
(١٤٣) هەڵگرتنی منداڵ لەنوێژا ١٨٩
(١٤٤) تەخت کردنی چەو لەنوێژدا ١٨٩
(١٤٥) نەعل خشاندن بەبەڵغەمدا ١٨٩
(١٤٦) قژبەستن لەنوێژا ١٩٠
(١٤٧) نوێژ لەکاتێکا خواردن ئامادەبێت ١٩٠
(١٤٨) فەرمان بەسوجدەی سەهو ١٩٠
(١٤٩) سوجدەی قورئان خوێندن ١٩١
(١٥٠) قنوت لەنوێژی بەیانیدا ١٩٢
(١٥١) قنوت لەنیوەڕۆو نوێژەکانی تردا ١٩٣
(١٥٢) قنوت لەشێواندا ١٩٣
(١٥٣) دوورکاتی بەیانی ١٩٣
(١٥٤) خێری سوننەتی بەیانی ١٩٣
(١٥٥) خوێندن لەسوننەتی بەیانیدا ١٩٣
(١٥٦) ڕاکشان دوای سوننەتی بەیانی ١٩٤
(١٥٧) دانیشتن لەسەرجێنوێژ ١٩٤
(١٥٨) نوێژی چێشتەنگاو ١٩٤
(١٥٩) نوێژی چێشتەنگاو دوورکات ١٩٥
(١٦٠) نوێژی چێشتەنگاو چوار ڕکات ١٩٥
(١٦١) هەشت ڕکات نوێژی چێشتەنگاو ١٩٥
(١٦٢) ڕاسپاردن بۆ نوێژی چێشتەنگاو ١٩٦
(١٦٣) نوێژی (ئەوابین) ١٩٦
(١٦٤) بەهەشت بۆ کەسێکە سوجدە بۆ خواببات ١٩٦
(١٦٥) خێری ئەوەی لەشەوو ڕۆژێکدا دوانزە ڕکات ١٩٧
(١٦٦) لەنێوان هەردوو بانگدا نوێژ هەیە ١٩٧
(١٦٧) سوننەتی پێش و دوای نوێژ ١٩٨
(١٦٨) سوننەت بەشەوو بەڕۆژ ١٩٨
(١٦٩) نوێژی سوننەت لەمزگەوتا ١٩٩
(١٧٠) نوێژی سوننەت لەماڵەوە ١٩٩
(١٧١) هەریەك لەئێوە بابەچالاکی نوێژ بکات ٢٠٠

(١٧٢) خۆشەویسترین کار لای خوا بەردەوامترینیانە ٢٠٠
(١٧٣) چەند دەتوانن ئەوەندە کاربکەن ٢٠٠
(١٧٤) شەونوێژی پێغەمبەر (ﷺ)و پاڕانەوەکانی ٢٠١
(١٧٥) پاڕانەوەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لەکاتی شەونوێژدا ٢٠٢
(١٧٦) چۆنیەتی شەونوێژو ژمارەی رکاتەکانی ٢٠٢
(١٧٧) شەونوێژ دوو دووە وەتریش یەك رکاتە ٢٠٣
(١٧٨) شەونوێژ بەپێوەوەو بەدانیشتنەوە ٢٠٣
(١٧٩) کەراهەتی خەوتنی هەموو شەو ٢٠٤
(١٨٠) ئەگەر کەسێك لەنوێژدا وەنەوزیدا ٢٠٤
(١٨١) ئەوەی گرێکانی شەیتان دەکاتەوە ٢٠٤
(١٨٢) لەشەودا ساتێك هەیە کەدۆعا تێیدا وەردەگیرێت ٢٠٥
(١٨٣) هاندان بۆ پاڕانەوەو یادی خوا لەکۆتایی شەودا ٢٠٥
(١٨٤) پوختەی باسی شەونوێژ کەسێ نەیکرد لەبەرخەو ٢٠٥
(١٨٥)نوێژی وەتر ٢٠٨
(١٨٦) لەوەترو دوورکاتی بەرەبەیاندا ٢٠٩
(١٨٧) ئەوەی دەترسێ لەکۆتایی شەودا بەئاگانایەتەوە ٢٠٩
(١٨٨) وەتر بکەن پێش ئەوەی رۆژ بێتەوە ٢١٠
(١٨٩) خێری قورئان خوێندن لەنوێژدا ٢١٠
(١٩٠) سورەتەکانی (الفصل) ٢١٠
(١٩١) ئەوەی لەبارەی نوێژی رەمەزاندا هاتووە ٢١١
(١٩٢) هاندان بۆ شەونوێژی رەمەزان ٢١٢

(٦) بەشەکانی جومعە

(١) رێنمایی ئەم ئوممەتە بۆ دۆزینەوەی رۆژی جومعە ٢١٣
(٢) گەورەیی جومعە ٢١٣
(٣) ساتێك لەرۆژی جومعەدا ٢١٣
(٤) ئەوەی لەنوێژی بەیانی جومعەدا دەخوێنرێت........................ ٢١٤
(٥)خۆشۆردن لەجومعەدا ٢١٤
(٦) بۆنی خۆش و سیواك لەجومعەدا ٢١٥
(٧)خێری زووهاتن بۆ مزگەوت ٢١٥
(٨)نوێژی جومعە لەکاتی نیوەڕۆدا ٢١٦
(٩) دانانی دوانگە بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)........................ ٢١٦
(١٠)سەرەتای وتار........................ ٢١٧
(١١)دەنگ بەرزکردنەوە لەوتاردا ٢١٨

(۱۲) کوورتیی وتار ۲۱۹
(۱۳)ئەوەی کەلابردنی لەوتاردا دروست نییە ۲۱۹
(١٤)ئاماژە بە پەنجە لەوتاردا.. ۲۱۹
(١٥) خوێندنی قورئان لەوتاردا....................................... ۲۲۰
(١٦) ئایەتی ﴿وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً ۲۲۰
(١٧) چی لەنوێژی جومعەدا دەخوێنرێت ۲۲۱
(١٨) فێرکردن لەکاتی وتاردا ۲۲۱
(١٩) دانیشتنی نێوان دوو وتاری جومعە.............................. ۲۲۱
(٢٠) کورتکردنەوەی نوێژو وتار ۲۲۲
(٢١) هەرکەس لەکاتی وتار خوێندنەوەدا هاتە ژوورەوە.............. ۲۲۲
(٢٢) گوێگرتن بۆ وتار ۲۲۲
(٢٣) خێری ئەوەی بێدەنگ گوێدەگرێت لەجومعەدا ۲۲۲
(٢٤) نوێژ لەدوای نوێژی جومعە لەمزگەوتا ۲۲۳
(٢٥) نوێژ دوای جومعە لەماڵەوە ۲۲۳
(٢٦) راستەوخۆ نوێژ ناکرێت دوای جومعە ۲۲۳
(٢٧) هەڕەشەکردن لەوازهێنان لەجومعە ۲۲٤

(٧) جەژنەکان

(١) وازهێنان لەبانگ‌وقامەت لەجەژنەکاندا........................... ۲۲٥
(٢) نوێژی جەژنەکان لەپێش وتاردا ۲۲٥
(٣) ئەوەی لەنوێژی جەژنەکاندا دەخوێنرێت ۲۲٦
(٤)پێش نوێژی جەژن‌و دوای نوێژی جەژن سوننەت ناکرێت.......... ۲۲٦
(٥) چوونی ئافرەتان بۆ نوێژی جەژن.................................. ۲۲٦
(٦) کەنیزەکەکان چی دەڵێن لەجەژندا.................................. ۲۲۷

(٨) نوێژی رێبوار

(١) کورتکردنەوەی نوێژی رێبوار ۲۲۸
(٢) لەچ سەفەرێکدا نوێژ کورت دەکرێتەوە ۲۲۸
(٣) کورتکردنەوەی نوێژ لەحەجدا ۲۲۹
(٤) کورتکردنەوەی نوێژ لەمینا ۲۲۹
(٥) کۆکردنەوەی دوو نوێژ لەسەفەردا.................................. ۲۲۹
(٦) کۆکردنەوەی دوونوێژ لەنیشتنگادا ۲۳۰
(٧) نوێژ لەهەوارگەدا لەکاتی باراندا.................................... ۲۳۰
(٨) سوننەت نەکردن لەسەفەردا ۲۳۰
(٩) نوێژی سوننەت بەسەر وڵاغەوە ۲۳۱

(۱۰) دوو ڕكات نوێژی دوای گەڕانەوە لەكاروان ۲۳۱
(۱۱) لەبارەی نوێژی دوای گەڕانەوە لەكاروان ۲۳۲
(۱۲) لەبارەی نوێژی ڕۆژگیرانەوە ۲۳۳
(۱۳) لەبارەی نوێژە بارانەوە ۲۳٤
(۱٤) لەبارەی فەڕوخێری بارانەوە ۲۳٤
(۱٥) پەناگرتن بەخوا لەكاتی باوبۆراندا ۲۳٥
(۱٦) بای ڕۆژهەڵاتو بای ڕۆژئاوا ۲۳٥

(۹) بەشی مردنو جەنازە

(۱) سەردانی نەخۆش ۲۳٦
(۲) چی دەوترێت لای نەخۆشو لای مردوو..................... ۲۳٦
(۳) (لا اله الا الله) بدرێت بەگوێی كەسێ لەسەرەمەرگدا بێت..................... ۲۳۷
(٤) هەركەس حەز بەدیداری خوا بكات خواش حەز بەدیداری دەكات ۲۳۷
(٥) گومانباشی بەخوای گەورە لەسەمەرگدا ۲۳۸
(٦) چاولێنانی مردوو.......نزاكردن بۆی لەكاتی سەرەمەرگدا..................... ۲۳۸
(۷) داپۆشینی مردوو ۲۳۹
(۸) گیانی باوەڕداران‌و گیانی بێباوەڕان ۲۳۹
(۹)دان بەخۆداگرتن لەسەرەتای بەڵاوە ۲٤۰
(۱۰) پاداشتی ئەوكەسەی كەمنداڵی دەمرێت..................... ۲٤۰
(۱۱) لەكاتی لێقەوماندا چی دەوترێت..................... ۲٤۱
(۱۲) گریان لەسەر مردوو..................... ۲٤۱
(۱۳) هەڕەشە لەسەر شینو شەپۆڕ ۲٤۲
(۱٤) لەئێمە نییە ئەوەی یەخەی خۆی دەدڕێ..................... ۲٤۳
(۱٥) مردوو ئازار دەدرێت ۲٤۳
(۱٦) مردوو، یان خۆی ئاسوودە دەبێت ۲٤۳
(۱۷) شۆردنی مردوو..................... ۲٤٤
(۱۸) كفنی مردوو ۲٤٤
(۱۹) كفن دەبێ بەتەواوی بكرێت ۲٤٥
(۲۰) پەلەكردن لەبەرێكردن تەرمدا ۲٤٥
(۲۱) قەدەغەكردنی ئافرەتان لەشوێنكەوتنی جەنازە ۲٤٥
(۲۲) هەستان لەبەر جەنازە ۲٤٦
(۲۳) سڕینەوەی هەڵسان بۆ جەنازە ۲٤٦
(۲٤) جێگەی وەستانی ئیمام لەنوێژی مردوودا..................... ۲٤٦
(۲٥) تەكبیر لەسەر جەنازە ۲٤٦

(٢٦) (الله اكبر) پێنج جار هاتووه ٢٤٧
(٢٧) نزا بۆ مردوو ٢٤٧
(٢٨) نوێژی جەنازە لەمزگەوتدا ٢٤٧
(٢٩) نوێژی مردوو لەسەر گۆڕ ٢٤٨
(٣٠) خۆکوژیی ٢٤٩
(٣١) خێری نوێژی جەنازەو شوێنکەوتوانی ٢٤٩
(٣٢) ئەوەی سەد کەس نوێژی لەسەر بکات ٢٤٩
(٣٣) ئەوەی چل کەس نوێژی لەسەر بکات ٢٤٩
(٣٤) باسی چاکەو خراپەی مردوو ٢٥٠
(٣٥) بەسواری رۆیشتن لەگەڵ جەنازەدا ٢٥١
(٣٦) قەیفە لەناو قەبر دانان ٢٥١
(٣٧) کەندرو خشت هەڵچنین لەسەر مردوو ٢٥١
(٣٨) فەرمانکردن بەتەخت کردنی گۆڕ ٢٥١
(٣٩) ناپەسەندیی بینا لەسەر گۆڕو گەچکاری کردنی ٢٥٢
(٤٠) حاڵی مردوو لەنێواران و بەیانیاندا ٢٥٢
(٤١) پرسیاری دوو فریشتەکە لەکاتی خستنە گۆڕدا ٢٥٢
(٤٢) ئایەتی ﴿يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ ٢٥٣
(٤٣) پەناگرتن لەسزای گۆڕ ٢٥٣
(٤٤) سزادانی جوولەکە لەگۆڕەکانیاندا ٢٥٤
(٤٥) سەردانی گۆڕستان دۆعاکردن بۆیان ٢٥٥
(٤٦) سەلام کردن لەخەڵکی گۆڕستان ٢٥٥
(٤٧) دانیشتن لەسەر گۆڕ ٢٥٧
(٤٨) باسی چاکەی چاکەکار ٢٥٧

(١٠) بەشی زەکات

(١) باسی فەرزبوونی زەکات ٢٥٨
(٢) زەکات لەچی دەردەکرێت ٢٥٨
(٣) دەیەك و بیست یەك ٢٥٩
(٤) پێشخستنی زەکات یان دەرنەکردنی ٢٥٩
(٥) زەکات نەدەر ٢٥٩
(٦) هەرەشە لەوانەی ماڵ و سامان قایم دەکەن ٢٦٢
(٧) رازی کردنی فەرمانبەرانی زەکات ٢٦٣
(٨) نزا بۆ زەکات هێنەر ٢٦٣
(٩) زەکاتدان بەباوەڕدانەمەزراو ٢٦٤

(١٠) زەکاتدان بەنۆ موسڵمان ٢٦٤
(١١) زەکاتدان حەڵاڵ نییە بۆ پێغەمبەرو بنەماڵەی ٢٦٧
(١٢) نابێ بنەماڵەی پێغەمبەر فەرمانبەری زەکات بن ٢٦٧
(١٣) دیاری بۆ بنەماڵەی پێغەمبەر (ﷺ) ٢٦٩
(١٤) پێغەمبەر (ﷺ) زەکاتی وەرنەگرتووە ٢٦٩
(١٥) سەرفترە لەخورماو جۆ ٢٧٠
(١٦) سەرفترە لەخۆراكو كەشكو مێوژ ٢٧٠
(١٧) دەركردنی سەرفترە پێش نوێژی جەژن ٢٧٠
(١٨) هاندان بۆ خێركردن ٢٧١
(١٩) هاندان بۆ بەخشین ٢٧١
(٢٠) رۆژێك دێت كەس خێرو زەكات وەرناگرێت ٢٧١
(٢١) خێربەخشین بەمێردو منداڵ ٢٧٢
(٢٢) خێر بۆ خوێش ٢٧٣
(٢٣) خێر بۆ خاڵوان ٢٧٣
(٢٤) چاكە لەگەڵ دایكێكی موشریكدا ٢٧٣
(٢٥) خێركردن بۆ دایكی كۆچكردوو ٢٧٣
(٢٦) خێركردن بەهەژاران ٢٧٥
(٢٧) خێر بەهەژارو رێبوار ٢٧٦
(٢٨) خۆپاراستن لەئاگری دۆزەخ ٢٧٧
(٢٩) هاندان بۆ خێر لەشتی بەخشراودا ٢٧٧
(٣٠) شاردنەوەی خێر ٢٧٧
(٣١) خێری گەورە ٢٧٨
(٣٢) خێر لەماڵی حەڵاڵ ٢٧٩
(٣٣) بەكەم زانینی خێری كەم ٢٨٠
(٣٤) ئەوانەی رەخنە لەبەخشش دەگرن ٢٨٠
(٣٥) خێرو كردەوەی چاك ٢٨٠
(٣٦) هەموو چاكەیەك خێرە ٢٨١
(٣٧) تەسبیحات ٢٨٢
(٣٨) خێركردن بۆ جومگەكانی ٢٨٢
(٣٩) خێر بەناشایستە ٢٨٣
(٤٠) خێرخوازو دەست نوقاو ٢٨٤
(٤١) بەخشینو دەست گرتنەوە ٢٨٤
(٤٢) خەزنەداری دەستپاك ٢٨٤

(٤٣) ببەخشەو دەست مەگرەوە ٢٨٥
(٤٤) ئەگەر ژن لەماڵی مێردی ببەخشێت ٢٨٥
(٤٥) ماڵ بەخشینی بەندە ٢٨٥
(٤٦) پاکێتیو خۆگریی ٢٨٦
(٤٧) بەشی کەمو قەناعەت ٢٨٧
(٤٨) داوانەکردن ٢٨٧
(٤٩) ناپەسەندیی سواڵ ٢٨٧
(٥٠) دەستی سەرەوە چاکترە لەدەستی خوارەوە ٢٨٨
(٥١) ئەو هەژارەی نیەتیو داواش ناکات ٢٨٨
(٥٢) دەوڵەمەندیی بەشتی زۆر نییە ٢٨٩
(٥٣) رەوشی ئادەمیزاد ٢٨٩
(٥٤) ئەگەر ئادەمیزاد دوو دۆڵ سامانی هەبێت ٢٨٩
(٥٥) گوڵزاری دنیا ٢٩٠
(٥٦) وەرگرتن دروستە بێداوا ٢٩١
(٥٧) سواڵ بۆ کێ دروستە ٢٩١
(٥٨) بەشی ئەوەش بدرێت کەبەرەقی داوا دەکات ٢٩٢

(١١) بەشی رۆژوو

(١)گرنگیی رۆژوو ٢٩٤
(٢) رێزی مانگی رەمەزان ٢٩٤
(٣) یەك دوورۆژ پێش رەمەزان رۆژوو دروست نییە ٢٩٥
(٤) رۆژو گرتن بەبینینی مانگ ٢٩٥
(٥) مانگ جاری وا هەیە ٢٩ رۆژە ٢٩٥
(٦) درەنگ ئاوابوونی مانگ ٢٩٦
(٧) هەر وڵاتێك بینینی خۆی هەیە ٢٩٦
(٨) دوومانگەکەی جەژن ٢٩٧
(٩) پارشێوکردن ٢٩٧
(١٠) دواخستنی پارشێو ٢٩٧
(١١) دەستگرتنەوە لەخواردن ٢٩٨
(١٢) ئایەتی ﴿حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ﴾ ٢٩٨
(١٣) بانگی بیلال ٢٩٨
(١٤) رۆژووی لەشگران ٢٩٩
(١٥) رۆژوەوان و لەبیرچوون ٢٩٩
(١٦) رۆژوەوان و دەعوەت ٣٠٠

(۱۷) کەفارەتی سەرجێی لەرەمەزاندا ۳۰۰
(۱۸) ماچکردن بۆ رۆژوەوان ۳۰۱
(۱۹) کەخۆرئاوابوو رۆژوو دەشکێنرێت ۳۰۱
(۲۰) رۆژوو شکاندن ۳۰۲
(۲۱) قەدەغەکردنی شەوو رۆژ پێکەوە گرتن ۳۰۲
(۲۲) رۆژو گرتن یان شکاندنی لەسەفەردا ۳۰۲
(۲۳) چاك نییە رۆژوگرتن لەسەفەردا ۳۰۳
(۲٤) رەخنەگرتن لەوەی بەرۆژوو دەبێ یان دەیشکێنێ ۳۰٤
(۲٥) پاداشتی رۆژو نەگر لەسەفەردا ۳۰۳
(۲٦) رۆژو شکاندن بۆ بەرەنگاریی دوژمن ۳۰٥
(۲۷) سەرپشك بوون لەرۆژو گرتن لەسەفەردا ۳۰٥
(۲۸) گێرانەوەی رەمەزان لەشەعباندا ۳۰٦
(۲۹) رۆژو گرتنەوە بۆ مردوو........................ ۳۰٦
(۳۰) رۆژو نەگر فیدیە دەدات ۳۰۷
(۳۱) رۆژوگرتن و نەگرتن لەمانگەکاندا........................ ۳۰۷
(۳۲) رۆژو لەرێی خوادا ۳۰۷
(۳۳) گەورەیی رۆژی محەرەم ۳۰۸
(۳٤) رۆژووی عاشورا ۳۰۸
(۳٥) کام رۆژ لەعاشورا بەرۆژوبین ۳۰۸
(۳٦) گەورەیی رۆژووی عاشورا ۳۰۸
(۳۷) ئەوەی لەعاشورادا شتی خوارد ۳۰۹
(۳۸) رۆژوو لەشەعباندا ۳۱۰
(۳۹) رۆژووی ناوەراستی شەعبان ۳۱۰
(٤۰) رۆژانی (ایام التشریق) ۳۱۰
(٤۱) نەگرتنی نۆمینەی حاجیان ۳۱۱
(٤۲) رۆژووی عارفە ۳۱۱
(٤۳) نەگرتنی رۆژووی عارفە بۆ حاجیان........................ ۳۱۲
(٤٤) رۆژوو نەگرتن لەجەژنەکاندا........................ ۳۱۲
(٤٥) رۆژانی (ایام التشریق) ۳۱۳
(٤٦) رۆژووی دووشەممان ۳۱۳
(٤۷) رۆژی هەینی بەتەنیا رۆژووی پەسەند نییە ۳۱۳
(٤۸) رۆژووی سێرۆژ لەمانگێکدا ۳۱٤
(٤۹) رۆژووی بەردەوام پەسەند نییە ۳۱٤

(٥٠) چاكترین ڕۆژووی ڕۆژووی داوده ٣١٥
(٥١) گرتنی ڕۆژووی سوننەتو شكاندنی ٣١٥

(١٢) بەشی مانەوە لەمزگەوت

(١) ئەوەی دەیەوێت لەمزگەوت بمێنێتەوە ٣١٦
(٢) مانەوەی دەشەوی یەكەمو ناوەڕاست ٣١٦
(٣) مانەوەی دەشەوی كۆتایی ٣١٧
(٤) خۆماندوكردن لەدەشەوی كۆتایی ٣١٧
(٥) گەڕان بەدوای شەوی قەدردا ٣١٨
(٦) شەوی قەدر بیستو یەكە..................... ٣١٨
(٧) شەوی قەدر شەوی بیستو سێیە ٣١٨
(٨) لەنۆو حەوتو پێنجدا هەوڵی بۆ بدە ٣١٨
(٩) شەوی قەدر بیستو حەوتە ٣١٩

(١٣) بەشی حەج

(١) حەج لەتەمەندا یەكجار فەرزە ٣٢١
(٢) پاداشتی حەجو عەمرە ٣٢١
(٣) گەورە حەج ٣٢٢
(٤) گەورەیی ڕۆژی عەرەفە ٣٢٢
(٥) دۆعای سواربوونی (هۆكاری سەفەر)..................... ٣٢٢
(٦) سەفەری ئافرەت بۆ حەج ٣٢٣
(٧) حەجی منداڵو پاداشتی ئەوەی حەجی بۆ دەكات ٣٢٤
(٨) حەج بۆ ئەوكەسەی ناتوانێت بچێت ٣٢٤
(٩) ئیحرامی حەیزدارو زەیستان ٣٢٥
(١٠) شوێنی ئیحرام بەستن ٣٢٥
(١١) بۆنی خۆش بۆ ئیحرامپۆش..................... ٣٢٦
(١٢) بۆنی میسك خۆشترە ٣٢٦
(١٣) دارعودو كافور ٣٢٧
(١٤) ڕەیحانە ٣٢٧
(١٥) ئیحرام لەمزگەوتی (ذو الحلیفە)..................... ٣٢٧
(١٦) كاتی ئیحرام پۆشین..................... ٣٢٧
(١٧) ئیحرام پۆشین لەمەككەوە ٣٢٨
(١٨) لبیك اللهم لبیك ٣٢٩
(١٩) گرێدانی حەجو عەمرە پێكەوە ٣٣٠
(٢٠) حەج بەتەنها..................... ٣٣٠

(٢١) حەج و عەمرە ٣٣٠
(٢٢)گۆڕینی حەج بۆ عەمرە ٣٣٠
(٢٣) ئەوەی ئیحرام بۆ حەج ببەستێ ٣٣١
(٢٤) سڕینەوەی ئیحرام شکاندنی حەج ٣٣٢
(٢٥) گرێدانی حەج و عەمرە ٣٣٣
(٢٦) قوربانی ٣٣٤
(٢٧) تێهەڵکێش کردنی حەج بەدوای عەمرەدا ٣٣٥
(٢٨) مەرج دانان بۆ حەج و عەمرە ٣٣٦
(٢٩) بۆنی خۆش بەپۆشاکی ئیحرامەوە ٣٣٦
(٣٠) ئیحرام پۆش چی لەبەردەکات ٣٣٧
(٣١) نێچیر بۆ ئیحرامپۆش ٣٣٨
(٣٢) گۆشتی نێچیر بۆ ئیحرامپۆش ٣٣٨
(٣٣) ئیحرامپۆش پێویستە چی بکوژێت ٣٣٩
(٣٤) کەڵەشاخ بۆ ئیحرامپۆش ٣٤٠
(٣٥) تیماری چاوی ئیحرامپۆش ٣٤٠
(٣٦) سەرشۆردنی ئیحرامپۆش ٣٤٠
(٣٧) فیدیەی ئیحرامپۆش ٣٤١
(٣٨) مردنی ئیحرامپۆش ٣٤٢
(٣٩) مانەوەی لە (ذي طوى) ٣٤٢
(٤٠) چوونە ناو مەککەو مەدینە ٣٤٢
(٤١) دابەزین لەمەککە ٣٤٣
(٤٢) راکردن لەتەواف و هاتووچۆی صەفاو مەروە ٣٤٣
(٤٣) ماچکردنی بەردە رەشەکە ٣٤٤
(٤٤) دەستدان لەسووچەکانی کەعبە ٣٤٥
(٤٥) تەواف بەسواریی ٣٤٥
(٤٦) تەواف بەسواری بۆ خەڵکیتر ٣٤٦
(٤٧) تەوافی سەفاو مەروە ٣٤٦
(٤٨) ئەوەی ئیحرام بۆ حەج دەبەستێ ٣٤٧
(٤٩) چوونە ناو کەعبە ٣٤٨
(٥٠) چۆنیەتی حەجەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٤٩
(٥١) (لبيك)و (الله اكبر) وتن لەبەرەبەیاندا ٣٥٦
(٥٢) ﴿ثُمَّ أَفِيضُوا مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ﴾ ٣٥٦
(٥٣) بەجێ هێشتنی عەرەفە ٣٥٧

(٥٤) گەڕانەوە لەعەرەفە ٣٥٨
(٥٥) نوێژی شێوان و خەوتنان لە (مزدلفە)........................ ٣٥٨
(٥٦) نوێژی شێوان و خەوتنان بەقامەتێك ٣٥٨
(٥٧) نوێژی بەیانی لە (مزدلفە)........................ ٣٥٨
(٥٨) دابەزین لە (مزدلفە)........................ ٣٥٩
(٥٩) پێشخستنی ئافرەت لە (مزدلفە)........................ ٣٥٩
(٦٠) (لبیك)وتنی حاجی ٣٥٩
(٦١) پێشخستنی پیرو پەککەوتە ٣٦٠
(٦٢) لبیك وتنی حاجی ٣٦٠
(٦٣) بەردبارانی (جمرە) ٣٦١
(٦٤) بەردبارانی (جمرە) بەسواریی........................ ٣٦١
(٦٥) قەبارەی بەردەکان ٣٦٢
(٦٦) کاتی بەردباران کردن ٣٦٢
(٦٧) بەردباران تاکە ٣٦٢
(٦٨) سەرتاشینی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٦٢
(٦٩) تاشین و کورتکردنەوە ٣٦٣
(٧٠) رەجم و قوربانی و سەرتاشین ٣٦٣
(٧١) ئەوەی پێش قوربانی سەری بتاشێ........................ ٣٦٣
(٧٢) دیاریکردنی قوربانی ٣٦٥
(٧٣) قوربانی دیاریکردن ٣٦٥
(٧٤) سورابوونی وشتری قوربانی ٣٦٥
(٧٥) پەککەوتنی ماڵاتی قوربانی ٣٦٦
(٧٦) بەشداریی لەقوربانیدا ٣٦٦
(٧٧) قوربانی رەشە وڵاغ........................ ٣٦٧
(٧٨) چۆنێتی سەربڕینی وشتر ٣٦٧
(٧٩) بەخشینی گۆشتی قوربانی ٣٦٧
(٨٠) تەوافی (افاضە)........................ ٣٦٧
(٨٠) ئەوەی تەواف بکات ٣٦٨
(٨١) ئەوەی نیەتی عەمرەی پێکەوە هێنا ٣٦٨
(٨٢) ئەوەی ئیحرام بەحەج و عەمرە ببەستێ........................ ٣٦٨
(٨٣) ئەوەی ئیحرام بەحەج و عەمرە ٣٦٨
(٨٤) گەڕانەوە لە مەککە........................ ٣٦٩
(٨٥) مانەوە بۆ ئاوگێڕان لەمەککە ٣٧٠

(٨٦) مانەوەی حاجی لەمەککە دوای حەج ٣٧٠
(٨٧) تەوافی خواحافیزیی ٣٧١
(٨٨) ئەو ئافرەتەی دەکەوێتە بێنوێژیی ٣٧١
(٨٩) عەمرە دروستە لەمانگەکانی حەجدا ٣٧٢
(٩٠) خێری عەمرە لەرەمەزاندا ٣٧٢
(٩١) پێغەمبەر (ﷺ) چەند حەجی کردووە ٣٧٣
(٩٢) پێغەمبەر (ﷺ) چەند عەمرەی کردووە ٣٧٣
(٩٣) سەرکورتکردنەوە لەعەمرەدا ٣٧٣
(٩٤) ئافرەتی بێنوێژ عەمرە دەگێڕێتەوە ٣٧٣
(٩٥) نزای گەڕانەوە لەسەفەر ٣٧٤
(٩٦) دابەزین و نوێژکردن لە (ذو الحليفه)..................... ٣٧٤
(٩٧) راووداربڕین حەرامە لەمەککە ٣٧٥
(٩٨) چوونە ناوشاری مەککە بێ ئیحرام ٣٧٦
(٩٩)(حجری اسماعیل) و دەرگای کەعبە ٣٧٦
(١٠٠) دەربارەی دروستکردنەوەی کەعبە ٣٧٧
(١٠١) رێزداریی مەدینە ٣٧٩
(١٠٢) هاندان بۆ نیشتەجێبوونی مەدینە ٣٨١
(١٠٣) تاعون و جەجاڵ ناچنە مەدینە ٣٨٢
(١٠٤) مەدینە ناپوختەکانی دەردەکات ٣٨٢
(١٠٥) ئەوەی پیلان دژی مەدینە بگێڕێت ٣٨٣
(١٠٦) هاندان بۆ مانەوە لەمەدینەدا ٣٨٣
(١٠٧) کاتێ مەدینە چۆڵ دەبێت ٣٨٤
(١٠٨) نێوان ئارامگاو مینبەر..................... ٣٨٤
(١٠٩) (احد) کەژێکە خۆشی دەوێین ٣٨٤
(١١٠) بنەوبارگە مەپێچنەوە بۆ سێ مزگەوت نەبێ ٣٨٥
(١١١) گەورەیی نوێژ لەدوو مزگەوتە پیرۆزەکەدا ٣٨٥
(١١٢) ئەو مزگەوتەی لەسەر تەقوا دروست کراوە ٣٨٥
(١١٣) رێزی مزگەوتی (قباء)..................... ٣٨٦

(١٤) بەشی هاوسەرگیریی

(١) هاندان بۆ هاوسەرگیریی ٣٨٧
(٢ ـ ٣) خواستنی ئافرەتی دیندار ٣٨٨
(٥ـ ٣) کەس خوازبێنی بەسەر خوازبێنی براکەیدا نەکات ٣٨٩
(٦ـ ٤) سەیرکردنی ئەو ئافرەتانەی مارە دەکرێت ٣٨٩

(٧ ـ ٥) مۆڵەت خواستن لەبێوەژن و کچ ٣٩٠
(٨ ـ ٦) ئەو مەرجانەی سەرجێی پێ حەڵاڵ دەکرێت ٣٩٠
(٩ ـ ٧) سڕینەوەی کاتیی و حەرامکردنی ژنهێنانی کاتی ٣٩٢
(١٠) کۆکردنەوەی هاوسەر لەگەڵ پورەکەیدا حەرامە ٣٩٢
(١١ ـ ٩) مارەیی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ٣٩٢
(١٢ ـ ١٠) مارەبڕین لەسەر گۆیەکی ئاڵتون ٣٩٢
(١٣ ـ ١١) مارەبڕین لەسەر فێرکردنی قورئان ٣٩٣
(١٣) مارەبڕین لەسەر فێرکردنی قورئان ٣٩٣
(١٤) سەبارەت بەئایەتی ﴿تُرْجِي مَنْ تَشَاءُ مِنْهُنَّ﴾ ٣٩٤
(١٥) ژن گواستنەوە لەمانگی شەوالدا ٣٩٤
(١٦) نانی شایی ٣٩٤
(١٧) بەدەمەوە چوونی دەعوەتی زەماوەند ٣٩٧
(١٨) ئەوەی لەکاتی تێکەڵی ژن و مێردا دەوترێ ٣٩٧
(١٩) سەبارەت بەئایەتی ﴿نِسَاؤُكُمْ حَرْثٌ لَكُمْ﴾ ٣٩٨
(٢٠) ئەو ژنەی لەجێگادا خۆی نادا بەدەستەوە ٣٩٨
(٢١) درکاندنی نهێنی ژن ٣٩٨
(٢٢) دەربارەی پۆشینی گوناهی بەندەو ئاشکراکردنی لەلایەن خۆیەوە ٣٩٩
(٢٣) کاری [عزل] لەسەرجێدا ٣٩٩
(٢٤) دەربارەی نزیکی لەگەڵ ئافرەتی شیردەر یا شیردەری دووگیان ٤٠٠
(٢٥) سەرجێیی لەگەڵ ئافرەتی دووگیانی دیلدا ٤٠٠
(٢٦) شەومانەوە لای کچ و بێوەژن ٤٠١
(٢٧) وازهێنان لەسەرەی هەندێ هاوسەر ٤٠٢
(٢٨) لەگەڵ ژندا هەڵکردن و ڕاسپاردە لەبارەیانەوە ٤٠٣
(٢٩) با هیچ پیاوێکی ئیماندار هاوسەرە ئیماندارەکەی نەبوغزێنێ ٤٠٣
(٣٠) هەر پیاوێك لەسەفەر هاتەوە باخێرا خۆی نەکاتەوە بەماڵدا تا هاوسەرەکەی خۆی بۆ ڕێك بخات ٤٠٣

(١٥) بەشی تەڵاق

(١) ئەو پیاوەی لەکاتی بێنوێژیدا ژنەکەی تەڵاق دەدات ٤٠٥
(٢) تەڵاقی سێبەسێ لەسەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) ٤٠٦
(٣) ژنی تەڵاقدراو گەر شووی کردەوە ٤٠٦
(٤) لەبارەی ئایەتی ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ﴾ ٤٠٧
(٥) سەرپشك کردنی پیاو بۆ ژنەکەی ٤٠٨
(٦) سەبارەت بەئایەتی ﴿ وَإِنْ تَظَاهَرَا عَلَيْهِ﴾ ٤١٠

(١٦) بەشی عیددە

(١) ئەو ژنەی دوای مردنی مێردەکەی منداڵی دەبێت ٤١٤
(٢) ئەگەر ژنی تەڵاقدراو خورماچنی بکات ٤١٥
(٣) دەرنەچوونی ژنی تەڵاقدراو لەماڵەکەی خۆی ئەگەر ترسا ٤١٥
(٤) بەشوودانی تەڵاقدراو پاش تەواوبوونی (عیددە) ٤١٦
(٥) تەعزیەباریو چاونەڕشتن لە (پرسەدا) ٤١٦
(٦) وازهێنان لەبۆنی خۆشو جلی ڕەنگاو ڕەنگ ٤١٨

(١٧) بەشی نەفرین کردن (اللعان)

(١) ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەیدا پیاوێکی دی ٤١٩
(٢) منداڵ و ڕەچەڵەك ٤٢٣
(٣) منداڵ هی ناو جێیە ٤٢٤
(٤) وەرگرتنی قسەی ڕەچەڵەك ناس بۆ ناسینی منداڵ ٤٢٤

(١٨) بەشی شیردان

(١) ئەوەی لەرێی لەدایکبوونەوە حەرامە ٤٢٥
(٢) کاریگەریی شیردان ٤١٥
(٣) حەرامبوونی برازای شیری ٤٢٦
(٤) حەرامبوونی زڕ کچو ژن خوشك ٤٢٦
(٥) شیرخواردن ، جارو دووجار ٤٢٧
(٦) پێنج جار شیرخواردن ٤٢٧

(١٩) بەشی خەرجییەکان (النفقات)

(١) لەخۆوە دەستپێکردنو پاشان خێزانو خزمان ٤٢٨
(٢) خەرجیە ڕەعیەت گوناهی ئەوکەسەی خەرجییان ناداتێ ٤٢٨
(٣) چاکەی خەرجیی کێشانی ژنو منداڵ ٤٢٩
(٤) ژن بۆی هەیە لەسامانی مێردەکەی لەرێگەی چاکەدا خەرجی منداڵەکەی بکێشێ ٤٢٩
(٥) ژنی سێ بەسێ تەڵاقدراو ، خەرجی لەسەر ناکرێت ٤٣٠

(٢٠) بەشی کڕینو فرۆشتن

(١) فرۆشتنی خۆراك بەخۆراك ، دبێ وەکو یەك بێ ٤٣٢
(٢) ڕێگریی لەفرۆشتنی خۆراك پێش وەرگرتنی ٤٣٢
(٣) گواستنەوەی خۆراك ئەگەر بەگۆترە فرۆشرا ٤٣٣
(٤) فرۆشتنی خۆراکی پێوانەکراو بەگۆترە ٤٣٣
(٥) فرۆشتنی خورما بەخورما وەکویەك ٤٣٣
(٦) فرۆشتنی خەرمانێك لەخورما ٤٣٤

(٧) بەروبووم نافرۆشرێت هەتا پێدەگات.......................... ٤٣٤
(٨) رێگریی لەفرۆشتنی بەروبووم هەتا تەواو پێدەگات.......................... ٤٣٥
(٩)سەوداگەریی (مزابنە).......................... ٤٣٥
(١٠) فرۆشتنی بەروبووم بەخورما بەپێی کێشانەی خۆی.......................... ٤٣٥
(١١) دەربارەی ئەندازەی دورستیی مامەڵە لەجۆری (العرایا).......................... ٤٣٥
(١٢) دەرد لەبەروبوومدا.......................... ٤٣٦
(١٣) خاوەن قەرز ئەوەی هەیە دەیبات.......................... ٤٣٦
(١٤) ئەوکەسەی باخە خورمای بەردار بفرۆشێت.......................... ٤٣٦
(١٥) مامەڵەی (مخابرە)و (محاقلە).......................... ٤٣٧
(١٦) مامەڵەی (معاومە).......................... ٤٣٧
(١٧) قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵی گوان بەستراو.......................... ٤٣٨
(١٨) شتێك گۆشتی حەرام بێت فرۆشتنیشی حەرامە.......................... ٤٣٨
(١٩) حەرامکردنی فرۆشتنی مەی.......................... ٤٣٨
(٢٠) حەرامکردنی مردارەوەو بوو بت و بەراز.......................... ٤٣٩
(٢١) قەدەغەکردنی نرخی سەگ و کرێی ئافرەتی داوێن پیس و فاڵچی.......................... ٤٤٠
(٢٢) قەدەغەکردنی وەرگرتنی نرخی پشیلە.......................... ٤٤٠
(٢٣) دەستکەوتی کەڵەشاخ پیسە.......................... ٤٤٠
(٢٤) حەڵاڵکردنی کرێی کەڵەشاخکر.......................... ٤٤٠
(٢٥) قەدەغەکردنی فرۆشتنی سکی سەگ.......................... ٤٤١
(٢٦) قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی (ملامسە)و (منابذە).......................... ٤٤١
(٢٧) کڕین و فرۆشتنی گۆترەکاریی.......................... ٤٤٢
(٢٨) قەدەغەکردنی زەمکاریی بەنیازی فێڵ.......................... ٤٤٢
(٢٩) مامەڵە بەسەر مامەڵەی برادا.......................... ٤٤٢
(٣٠) قەدەغەکردنی بەپیرەوەچوونی شمەك.......................... ٤٤٢
(٣١) پێویستە شارنشین شت بەلادێ نشین نەفرۆشێت.......................... ٤٤٢
(٣٢) قەدەغەکردنی پاوانکردن(احتکار).......................... ٤٤٣
(٣٣) فرۆشتن بەخواستە.......................... ٤٤٣
(٣٤) راستگۆیی لەکڕین و فرۆشتندا.......................... ٤٤٤
(٣٥) کەسێك لەمامەڵەدا فێڵی لێ بکرێت.......................... ٤٤٤
(٣٦) هەرکەس گزی بکات لەمن نییە.......................... ٤٤٤
(٣٧) پارە گۆڕینەوەو فرۆشتنی پارەی زێڕ بەزیو.......................... ٤٤٥
(٣٨) گۆڕینەوەی ئاڵتون و زیوو خۆراك.......................... ٤٤٥
(٣٩) رێگریی لەفرۆشتنی زێڕو زیو بەقەرز.......................... ٤٤٦

(٤٠) دیناریٚ بەدوو دینارو درهەمێك بەدوو درهەم مەفرۆشن ٤٤٦
(٤١) فرۆشتنی ملوانكەی تێكەڵ بەزێڕو مووروو بەزێڕ.......................... ٤٤٦
(٤٢) سووو لەدواخستندایە ٤٤٧
(٤٣) نەفرین كردن لەسووخۆرو سوودەر ٤٤٨
(٤٤) وەرگرتنی حەڵاڵی روون و وازهێنان لەشتی گوماناوی ٤٤٨
(٤٥) قەرزدانەوە بەچاكتر لەخۆی ٤٤٩
(٤٦) رێگریی لەسوێندخواردن لەمامەڵەدا ٤٤٩
(٤٧) فرۆشتنی حوشتر بەدەر لەسواربوون و بارپێهەڵگرتنی ٤٥٠
(٤٨) دەربارەی قەرزداشكاندن ٤٥٢
(٤٩) قەرزكوێریی دەوڵەمەند ستەمە ٤٥٢
(٥٠) پەلەنەكردن لەقەرزاری هەژارو لێبوردنی ٤٥٢
(٥١) كەسێك ماڵێكی خۆی لای كەسێكی نەدار ببینێتەوە ٤٥٣
(٥٢) فرۆشتن و بارمتە ٤٥٣
(٥٣) سەلەم لەبەروبومدا... ٤٥٤
(٥٤)دەربارەی هەڵگرتنەوەی (شوفعە)... ٤٥٤
(٥٥)دارخستنە سەر دیواری دراوسیٚ.. ٤٥٤
(٥٦)هەركەس بستێك زەوی داگیر بكات ٤٥٥
(٥٧)كێشەی رێگەوبان ٤٥٥

(٢١) بەشی كشتوكاڵ

(١) رێگریی لەبەكرێدانی زەوی ٤٥٦
(٢) بەكرێدانی زەوی بەخۆراك ٤٥٦
(٣)بەكرێدانی زەوی بەزێڕو زیو ٤٥٦
(٤) بەركێدانی زەوی ٤٥٧
(٥) بەخشینی زەوی ٤٥٧
(٦) ئاودێری زەوی‌وزار بەرامبەر بەنیوەی بەرهەمەكەی ٤٥٨
(٧) كەسێك درەختێك بروێنێت ٤٥٨
(٨) فرۆشتنی ئاوی زیادە ٤٥٩
(٩) قەدەغەكردنی ئاوی زیادەو لەوەڕ ٤٥٩

(٢٢) بەشی وەسیەت و خێرو خێرات و بەخشین

(١) هاندان بۆ وەسێت كردن ٤٦٠
(٢) وەسێت لەسێیەك تێناپەڕێت ٤٦٠
(٣) وەسێتی پێغەمبەر (ﷺ) بەپابەندبوون بەقورئانەوە ٤٦١
(٤) ئامۆژگاری پێغەمبەر (ﷺ) بەدەركردنی موشریكەكان ٤٦٢

(٥) پەشیمان بوونەوە لەخێرو بەخشین ٤٦٣
(٦) کەسێ هەندێ لەمنداڵەکانی خەڵات بکات بەدەر لەوانیتر ٤٦٣
(٧) کەسێك ماڵێك بدات بەکەسێك تالەژیاندا بێت ٤٦٤

(٢٣) بەشی میرات

(١) موسڵمان میرات لەکافر نابات و کافریش لەموسڵمان ٤٦٦
(٢) میرات بدەن بەشایستەو خاوەنەکانی ٤٦٦
(٣) میراتی (الکلالە) ٤٦٦
(٤) دواهەمین ئایەتێك دابەزیوە ئایەتی (الکلالە)یە ٤٦٧
(٥) هەرکەس ماڵ و دارایيەکی جێهێشت بۆ میراتگرەکانێتی ٤٦٧

(٢٤) بەشی وەقف

(١) وەقف بۆ بنەڕەتی شتەکەیەو بەروبوومەکەی خێرە ٤٦٨
(٢) مرۆڤ پاش مردنی چی پێدەگات ٤٦٨
(٣) خێرکردن بۆ کەسێك بمرێت و وەسێتی نەکردبێت ٤٦٨

(٢٥) بەشی نەزرکردن

(١) باسی وەفاکردن بەنەزر ٤٦٩
(٢) قەزاکردنەوەی نەزر ٤٦٩
(٣) کەسێك نەزر بکات کەبەپێ بچێت بۆ کەعبە ٤٧٠
(٤) ڕێگریی کردن لەنەزر ٤٧٠
(٥) وەفا ناکرێت بەنەزرێك کەسەرپێچی خوای تێدابێت ٤٧١
(٦) دەربارەی کەفارەتی نەزر ٤٧٢

(٢٦) بەشی سوێندخواردن

(١) ڕێگریی لەسوێند خواردن بەباوو باپیران ٤٧٣
(٢) ڕێگریی لەسوێندخواردن بەبتەکان ٤٧٣
(٣) کەسێ سوێندی بە(لات)و (عزی) خوارد با بڵێ (لا اله الا الله) ٤٧٣
(٤) سوێند لەسەر نیەتی سوێندەرە ٤٧٤
(٥) کەسێ بەسوێند مافی کەسێکی موسڵمان زەوت بکات شایستەی سزای دۆزەخ دەبێت ٤٧٤
(٦) کەسێ سوێندی لەسەر شتێ خواردو باشتر لەوی بینی باسوێندەکەی بخات و کەفارەتەکەی بدات ئەوە باشترە ٤٧٥
(٧) کەفارەتی سوێند ٤٧٦

(٢٧) بەشی حەرامکردنی خوێنڕێژی

(١) حەرامکردنی خوێن و ماڵ و ناموس ٤٧٧
(٢) یەکەم شت دادوەریی لەسەر دەکرێت ٤٧٨

(٣) ئەو هۆیەی خوێنی کەسێکی موسڵمان حەڵاڵ دەکات ٤٧٨
(٤) تاوانی کەسێك کوشتنی داهێنا ٤٧٩
(٥) ئەوەی بەهەر شتێك خۆی بکوژێت ٤٧٩
(٦) کەسێك کەسێك بەبەردێك بکوژێت ٤٨١
(٧) تۆڵەسەندنەوەی برین ٤٨١
(٨) کەسێك دان بنێت بەکوشتنی کەسێکدا ٤٨٢
(٩) خوێنی ژنێکی دووگیان و کۆرپەلەکەی ٤٨٣
(١٠) ئەوشتانەی کەبەهەدەر دەڕۆن ٤٨٤

(٢٨) بەشی سوێنخۆریی بەکۆمەڵ

(١) کێ سوێندی تێدا دەخوات ٤٨٥
(٢) هێشتنەوەی سوێندی بەکۆمەڵ (القسامه) ٤٨٦

(٢٩) بەشی سنوورەکان (سزا شەرعیەکان)
سزای داوێن پیسی (الزنا)

(١) سزای کوڕو کچ و ژن و پیاوی داوێن پیس ٤٨٧
(٢) بەردبارانکردنی ژن و پیاوی داوێن پیس ٤٨٧
(٣) سزای کەسێك دان بنێت بەزینادا ٤٨٨
(٤) بەردبارانکردنی زیناکەر دوای چوارجار دان پیانان ٤٨٩
(٥) بەردبارانکردنی جوولەکەی ژێر سایەی ئیسلام (اهل الذمه) ٤٩٠
(٨) ڕێگریی لەتکاکردن لەسزا شەرعیەکان ٤٩١
(٩) سزای مەیخۆر چەند دارە؟ ٤٩٢
(١٠) دارکاریی بۆ تەمێکردن ٤٩٣
(١١) سزای شەرعی سڕینەوەی تاوانە ٤٩٤

(٣٠) بەشی دادگایی و شایەتی

(١) دادوەریی بەڕواڵەت دەکرێت ٤٩٥
(٢) لاساری سەرسەخت ٤٩٥
(٣) سوێندانی داوا لەسەرکراو ٤٩٥
(٤) دادگایی‌کردن بەسوێندو شایەت
.... ٤٩٦
(٥) دادوەر نابێت دادوەریی بکات ئەگەر تووڕەبوو ٤٩٦
(٦) پاداشتی ئیجتهادی دادوەر ٤٩٦
(٧) جیاوازیی موجتەهیدەکان ٤٩٦
(٨) دادوەر ناکۆکی لا دەبات ٤٩٧

(٣١) بەشی هەڵگرتنەوەی ونبوو

(١) حوکمی هەڵگرتنەوەی ونبوو......٤٩٩
(٢) دەربارەی هەڵگرتنەوەی شتی ونبووی حاجی......٤٩٩
(٣) کەسێ ونبوویەك هەڵگرێتەوە......٥٠٠
(٤) رێگرکردن لەدۆشینی مەڕومالاتی خەڵکی......٥٠٠

(٣٢) بەشی میوانداریی

(١) حوکمی کەسێك میوان راگیر نەکات......٥٠١
(٢) فەرمان بەمیوانداریی......٥٠١
(٣) دەربارەی دەستگیرۆیی بەماڵی زیادە......٥٠١
(٤) فەرمانکردن بەکۆکردنەوەی توێشووەکان لەکاتی تەنگانەدا......٥٠٢

(٣٣) بەشی جیهاد

(١) فەرموودەی خوا (واگومان مەبەن ئەوانەی لەرێگەی خوادا کوژراون مردوون)......٥٠٤
(٢) دەرگاکانی بەهەشت لەژێرسایەی شمشێردایە......٥٠٥
(٣) هاندان بۆ جیهاد......٥٠٥
(٤) بەرزکردنەوەی پلەوپایەی بەندە بەجیهاد......٥٠٦
(٥) موجاهید چاکترینی خەڵکیە......٥٠٧
(٦) کەسێ بمرێت و نەجەنگێت......٥٠٧
(٧) خێری جیهاد لەدەریادا......٥٠٧
(٨) خێری سەنگەرگیریی لەرێگەی خوادا......٥٠٨
(٩) سەرلەبەیانی یا سەر لەئێوارە دەرچوونێك لەرێگای خوادا......٥٠٩
(١٠) لەبارەی فەرموودەی ﴿اجعلتم سقاية الحاج﴾......٥٠٩
(١١) هاندان لەسەرداواکردنی شەهیدیی......٥٠٩
(١٢) خێری شەهیدبوون......٥١٠
(١٣) نیەت لەکردەوەدا......٥١٠
(١٤) رەزامەندی خوا لەشەهیدان......٥١٠
(١٥) شەهیدان پێنجن......٥١١
(١٦) تاعون شەهادەتە بۆ موسوڵمان......٥١٢
(١٧) لێخۆشبوون لەهەموو گوناهێکی شەهید......٥١٢
(١٨) هەرکەس لەپێناویماڵەکەیدت بکوژرێت شەهیدە......٥١٣
(١٩) فەرموودەی خوا ﴿رجال صدقوا ماعاهدوا الله عليه﴾......٥١٣
(٢٠) جەنگان بۆ بڵندکردنەوەی فەرموودەی خوا......٥٢٠
(٢١) کەسێ بۆ رووپامایی ناووشۆرەت بجەنگێ......٥١٥
(٢٢) زۆریی پاداشت لەسەر کوژران لەرێی خوادا......٥١٦
(٢٣) کەسێك بجەنگێت و بپێکرێت......٥١٦

(٢٤) پاداشتی دابینکردنی تفاق بۆ جەنگاوەر ٥١٧
(٢٥) کەسێك خۆی ساز بکات و نەخۆش بکەوێت ٥١٧
(٢٦) رێزگرتن لەخێزانی جەنگاوەر ٥١٧
(٢٧) فەرموودەی (تاقمێك لەئوممەتەکەم تا قیامەت لەسەر هەقن) ٥١٨
(٢٨) دووکەس یەکێکیان ئەوی تریان دەکوژێت ٥١٩
(٢٩) خێری کەسێك حوشترێ لەرێگەی خوادا ببەخشێت ٥٢٠
(٣٠) فەرموودەی خوا ﴿واعدوا لهم ما استطعتم من قوة﴾ ٥٢٠
(٣١) خێرو بێر بەناوچاوی ئەسپەوەیە ٥٢١
(٣٢) حەزنەکردن بەئەسپی دەست و قاچ بازگ ٥٢١
(٣٣) پێشبڕکێ لەنێوان ئەسپدا ٥٢٢
(٣٤) کەسانێك بروبەهانەیان هەبێت و لەجەنگ دوا بکەون ٥٢٢
(٣٥) کەسێك نەخۆشی گلی بداتەوە لەغەزا ٥٢٣

(٣٤) بەشی بەسەرهاتی جەنگەکان

(١) ئامۆژگاری بۆ سەرکردەکانی سوپا و هێزەکان ٥٢٤
(٢) فەرماندان بەنوێنەران بۆ ئاسانکاریی ٥٢٥
(٣) ناردنی نوێنەران و پاداشتی کەسێ کەدەهێڵرێتەوە ٥٢٦
(٤) سنووری تەمەنی نێوان بچووك و گەورە بۆ چوون بۆ جەنگ ٥٢٦
(٥) رێگریی لەهەڵگرتنی قورئان بۆ خاکی دوژمن ٥٢٧
(٦) رێکردن بەناو لەوەڕگاو رووتەمەنیدا ٥٢٧
(٧) سەفەرکردن بەشێکە لەسزاو ئازار ٥٢٧
(٨) بەشەو گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵ ٥٢٧
(٩) نزاوپاڕانەوە لەپێش دەستپێکردنی جەنگ ٥٢٨
(١٠) نامەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ پادشاکان ٥٢٨
(١١) نامەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەرقل ٥٢٩
(١٢) پاڕانەوەی پێغەمبەر (ﷺ) ٥٣٣
(١٣) رێگریی لەغەدرو ناپاکیی ٥٣٥
(١٤) وەفاکردن بەپەیمان ٥٣٥
(١٥) خۆزگە نەخواستن بەرووبەرووبوونەوەی دوژمن ٥٣٦
(١٦) دۆعاکردن لەدوژمن ٥٣٧
(١٧) جەنگ فرۆفێڵە ٥٣٧
(١٨) بەشدارنەکردنی بتپەرستان لەجەنگدا ٥٣٧
(١٩) دەرچوونی ئافرەتان لەگەڵ جەنگاوەراندا ٥٣٨
(٢٠) رێگریی کردن لەکوشتنی ژنان و منداڵان لەجەنگدا ٥٤٠

(٢١) بڕینی دارخورماکانی دوژمن‌و سوتاندنیان ٥٤٠
(٢٢) بردنی خواردن لەخاکی دوژمندا ٥٤١
(٢٣) حەڵاڵکردنی دەستکەوتەکانی جەنگ ٥٤١
(٢٤) دەستکەوتەکانی جەنگ ٥٤٢
(٢٥) هێزەکان دەستکەوتی جەنگیان دەدرێتێ ٥٤٣
(٢٦) دەستکەوتەکانی جەنگ دەکرێن بەپێنج پشك ٥٤٣
(٢٧) چەك‌و شمەکی کوژراو دەدرێ بەبکوژەکە ٥٤٣
(٢٨) چەك‌و شمەکی کوژراو بە ئیجتهاد بۆیەکێ لەبکوژان ٥٤٥
(٢٩) بێبەشکردنی جەنگاوەر لەچەك‌و شمەکی کوژراوی دەستی خۆی ٥٤٦
(٣٠) هەموو چەك‌و شمەکی کوژراو دەدرێ بەجەنگاوەر ٥٤٧
(٣١) زیادە بەخشیی لەدەستکەوتی جەنگدا ٥٤٨
(٣٢) بەشەکان‌و پێنج یەکی دەستکەوتی جەنگ ٥٤٩
(٣٣) چۆنێتی دابەشکردنی دەستکەوتی بێ جەنگ ٥٤٩
(٣٤) پشکی سوارەو پیادە ٥٥٥
(٣٥) پشکی ژنان ٥٥٥
(٣٦) وازهێنان لەدیل ٥٥٧
(٣٧) دەرکردنی جوولەکە لەمەدینە ٥٥٨
(٣٨) حوکمی کەسێ کەدەجەنگێ‌و پەیمان دەشکێنێ ٥٥٩

له بلاوكراوه كانى كتيبخانه ى رؤشنبير
سليمانى - هه ولير

له بلاو كراوه كانى
كتيبخانه ى رو شنبير